# تیشک

تیشک | گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە | ژمارە ٥٥ | ساڵی بیستودووەم | بەهاری ٢٧٢٠




٢٣٨
پەروەردەی نەتەوەیی

تەوەری ئەم ژمارەیە:

## پەروەردەی نیشتمانی

٦٦
نەتەوەسازییەکی دیموکراتیک

٩٦
پەروەردە لە قۆناغی ڕاپەڕیندا

١٨٨
پەروەردەی نیئۆلیبراڵیسم

١٥٦
فەلسەفەی «خاک ـ ڕزگاری»ی کوردستان

نا، بۆ کوردێک کفرە ئێســـتا کوردســـتان وتن،
چەرچییەکانی ئیســـتعمارم لـــێ ئەبنە دوژمن!

گۆران

**گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسییە**

ژمارە ٥٥ • ساڵی بیست و دووەم • بەهاری ٢٧٢٠

سەرنووسەر:
ناسر مورادی

دەستەی نووسەران:
ئیدریس ئەحمەدی، سارۆ ئەردەڵان،
مەسعوود بابایی، بیریار ژاوەرۆیی، مانشت زاگرۆس
ئالان حەسەنیان، ئاگری ئیسماعیلنژاد، بابان ئەلیاسی

بەڕێوەبەری نووسین:
شەهاب خالیدی

بەڕێوەبەری وەرگێڕان:
سەربەست هەوراز، ژینۆ ڕۆژبەیان

زمانەوان:
کامیل نەجاڕی

دیزاین:
ڕێبوار



گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەدا
بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤارەکەوە بڵاو دەبنەوە



https://govartishk.com
https://t.me/govartishk
https://www.instagram.com/govartishk
https://twitter.com/govartishk
https://www.facebook.com/GovarTishk

# پێرست


سەروتار ● ناسر مورادی ٦

## سەکۆ

کاتێ لۆژیکی بازاڕ چۆک بە ژیان دادەدا ● شەماڵ کاوە ١٠

## تیۆری

ڕەچەڵەکناسیی ئاڵای کوردستان● سەعید شەمس ٣٠
نەتەوەسازییەکی دێموکراتیک ● بێهرووز شوجاعی ٦٦
«ئادیافۆریزاسیۆن»ی ئێرانی و «بێ پێگەیی»ی کورد ● خالید خەیاتی ٨٢
کەی و چۆن بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەتوانێ سەرکەوێ؟ ● ئیدریس ئەحمەدی ٨٨
پەروەردە لە قۆناغی ڕاپەڕیندا● سەرۆ شەمزینی ٩٦
فێرکردن و بارهێنان لە ژێر ڕکێفی ئایینی سیاسیدا ● بیریار ژاوەرۆیی ١٠٢
قۆناغەکانی گەشەی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ● بابان ئەلیاسی ١٠٨
دێموکراسیی ڕادیکاڵ و کوردایەتی ● سارۆ ئەردەڵان ١٢٤
ڕەوتی بەنەتەوەبوونی وەدرەنگخراو یان بنبەست؟ ● مەسعوود بابایی ١٤٤
فەلسەفەی «خاک-ڕزگاری»ی کوردستان ● شوعەیب دانش پەژوو ١٥٦
پەروەردەی ژینگەیی ● ئەفراسیاب گرامی ١٦٤
گرنگیی زمانی دایک ● جەواد دانش پەژوو ١٨٢
پەروەردەی نیئۆلیبرالیسم... ● وڵات زاگرۆس ١٨٨
خوێندنەوەی سیستمی پەروەردەی هێزی داگیرکەر لە کوردستاندا ● ماردین ڕەحیم نژاد ٢٠٠
دیالکتیک امرگذشته و انتقال ● زوزان قوچانی ٢١٦
برنامه موازی پنهان آموزشی ● هیوا ڕۆژهەلات ٢٢٤

## شیکاری

پەروەردەی نەتەوەیی ● ساماڵ بەهاری ٢٣٨
سڕینەوەی ڕێژیم و وڵامی خۆڕاهێنانی ئێمە ● مەلا حەسەن شیوەسەڵی ٢٤٤
دەسپێکێ بۆ خوێندنەوەی پرسی کوردایەتی ● کۆساڵان ئەحمەدی ٢٥٤
ژنان و پەروەردەی نیشتمانی ● خەزان هەورامی ٢٦٠
ئەسڵە بنەڕەتییەکانی خوێندن و پەروەردەی نیشتمانی... ● ئیبراهیم ساڵح ڕاد ٢٦٦
کورد، میدیا، ڕاگەیاندن ● ڕزگار بەهاری ٢٩٢
چەند سەرنجێک سەبارەت بە سیستەمی پەروەردەی وڵاتی سوئێد ● تاهیر عەلیار ٣٠٤
خوێندنەوەی سیستەمی پەروەردەی هێزی داگیرکەر... ● حەسەن ساڵحزادە ٣١٠
تایبەتمەندییەکانی سیستەمی پەروەردەی کوردستان ● نیشتمان کوردستانی ٣٢٠
پەروەردەی سەقەتی دۆگماتیسم و ئێلیناسیۆن ● ڕۆژبین بۆکانی ٣٣٠
دیاردەی بەکرێگیراو و ئاشتەوایی لە داهاتوودا ● کاوە حەسەن پوور ٣٣٨
نعل معکوس و خفیه میرانی ● مصطفی آبیار ٣٤٦
مەکتەبی قورئان، وردە گوتاری ڕکابەر ● ڕزگار موکری ٣٥٤

## ڕوانگە

کەلەبەری نێوان دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەی ● سەلاح مەجیدپوور ٣٦٤

## وتووێژ

هاشم ئەحمەدزادە ٣٧٠
ڕێبوار سیوەیلی ٣٩٦

## وەرگێران

هۆکار و ئاکامەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران... ٤٠٨
ایجاد هویتی کردستانی در دیاسپورا: مهاجران کرد در سوئد ٤٤٢
خۆراگریی ناتوندوتیژ لە کوردستانی ئێران ٤٤٦
شوناسی نەتەوەیی و نەتەوەکان لەسەردەمی ئینتێرنێت و ... ٤٦٨
پەروەردە و کۆلۆنیالیزمی نوێ ٤٧٨
بەکەمینەکردنی ئەوانی دیکە... ٤٨٤
سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و خوێندنی باڵا ٥١٢
چە زمانی یک ملت وجود دارد؟ ٥٢٠
روزنامەنگاری فراتر از مرزها ٥٣٠
ادبیات در مدارس کنیا ٥٤٦

## هەڵسەنگاندن

شیکاریی هەڵەکانی وتارێک سەبارەت بە شەرەفخان و شەرەفنامە ٥٥٤

# سەروتار

ناسر مورادی

بیرمەندی کورد، واتە ئەو کەسەی کەڵکەڵەی سەرەوەریی نەتەوەییی کوردی هەیە، دوو ئەرکی لەسەر شانە. یەکەم، «نەتەوەیی بوون» بە چەشنێک واتا و وێنا بکات کە سیستەمی پیشەسازیی کولتووری داگیرکەر، نەتوانێ تێیدا تەراتێن بکات و بیخاتە خزمەت خۆیەوە. دووهەم، دارشتنی سیستەمی گواستنەوەی ئەو واتایە بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان. ئەگەر لایەنە سیاسییەکانیش کەڵکەڵەی نەتەوەیی بوون و پەروەردەی نەتەوەییان هەیە، دەبێ لە ئێستاوە ئەو بەستێنە بۆ دوارۆژ ئامادە بکەن و بەرپرسیارێتییەکی هاوبەش لە نێوان خۆیان و بیرمەندان و پسپۆڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ساز بکەن.

لە بابەتی خەسارناسی و تێرامان لە دۆخی بندەستیی نەتەوەیی و دەربازنەبوون لە ستەمکاری و چەوساندنەوە، ڕەنگە هۆکارێکی سەرەکیی بگەڕێتەوە بۆ بزر بوونی سیستەمی مەعریفی بۆ واتا کردنی «کورد بوون» و سیستەمی پەروەردەی نەتەوەیی. بۆ خوێندەوار و دەستەبژێری کورد جێی پرسیار نییە بۆچی ڕێژیمی ئێران لە لایەکەوە ڕێگە بۆ سیاسیکاری بەرژەوەندیخواز دەکاتەوە تاکوو بەشداریی سیاسی نەتەوەی ژێردەست لە پرۆسە و کایەی سیاسیی سەردەستدا بسەلمێنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا لە قەڵاچۆکردنی تاکی کورد دەست ناپارێزێت؟ وەڵامەکەی روونە: داگیرکەر دەیهەوێ کوردبوون بە خێڵەکی بوون، سەرەتایی، کاڵفام، دەمارگرژ، بەناموس، ئیماندار، گوێڕایەڵی دەسەڵات و... پێناسە بکات. هەرکام لەم ڕەهەندگەلە بە جۆرێک دەسەڵاتی داگیرکەری لە کوردستاندا بنەجێ کردووە؛ ئێستا ئیتر داگیرکەر ناتوانێت نکۆڵی لە بوونی کورد بکات، بەڵام تەنیا ئەو ڕەهەندانەی کوردبوون وەردەگرێت کە لە ڕەهەندی سیاسی و بواری مافویستی و ڕزگاریخوازانەی بوونی کورد بەدوور بن. ڕەهەندێکی جەوهەری کە لە لایەکەوە داگیرکاریی داگیرکەر لە شەرعییەت دەخات و لە لایەکی ترەوە ڕەهەندەکانی تر لە خۆ دەگرێت و لە کۆمەڵگادا هێزی نەتەوەیی لە هونەرەوە تا سیاسەت ئاراستە و ڕێکدەخات. داگیرکەر خاوەنی گوتار و سیستەمی پەروەردەیە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی پەروەردەکردنی تاکی نەتەوەی ژێردەست دەدات بە گوێرەی جیهانبینیی ستەمکاری و باڵادەستی خۆی.

نەتەوەیی بوون، وەستانەوەیە بەرانبەر بە نکۆڵیی داگیرکەر لە بوونی سیاسیی کورد و ئەرک دەخاتە ئەستۆی تاکی کورد. نەتەوەیی بوون و پەروەردەی نەتەوەیی، سنووری مەعریفیی کوردبوون و کوردستانی بوون لە داگیرکەر جیا دەکاتەوە. ئەم ئەرکداربوونەوە، پرۆسەیە و بە هاواری سۆزدارانە و بە تاکەکەس و جیاکاری و بە ڕەشکردنی لایەنە سیاسییەکان (بە هەموو ڕەخنەکانەوە)ناگاتە ئەنجام.

کاتێک گوتارێکی نەتەوەییی بەهێز و ئەورۆیی لەگۆڕێدا بێ، تەنانەت ئەگەر دەزگا فەرمییەکانی پەروەردە و بارهێنانیش لەبەر دەستی ئێمەدا نەبن، ئەو گوتارە بە شێوەیەکی هەراو بەسەر کۆمەڵگادا بڵاو دەبێتەوە. بڵاو بوونەوەی ئەو دیسکۆرسە نەتەوایەتییە، لە حوکمی پەروەردەی نەتەوەییدایە. بە دەربڕینێکی دیکە، باسی پەروەردەی نەتەوەیی دەبێ دابەزێنین بۆ باسێکی بنەڕەتیی دیکە. خودی باسی پەروەردەی نەتەوەیی، باسێکی بنەڕەتی و ستراتێژیکە، بەڵام باسی تەنانەت بنەڕەتیتر و ستراتێژیکتر لەویش، بریتییە لە باسی بەرهەم هێنانی گوتاری نەتەوەیی. لەم ڕووەوە دەبێ بوار و پەیوەندییەکانی پەروەردەی نەتەوەیی و گوتاری نەتەوەیی، بە شێوەیەکی زانستی و بنیاتنەر چڕ بکرێنەوە.

هۆی تەرخانکردنی تەوەری ئەم ژمارەیەی گۆڤاری تیشک بۆ مژاری پەروەردەی نەتەوەیی، ئەم کەڵکەڵەیەیە و هیواداریـن بەرگوێی بیرمەندانی کورد و لایەنە سیاسییەکانی بکەوێ.

# "سەكۆ"

# کاتێ لۆژیکی بازاڕ چۆک بە ژیان دادەدا

## دەربارەی نیۆلیبراڵیزم و پەروەردە[1]

شەماڵ کاوە

سەکۆ لە وتارگەلێک پێک دێ کە پێگەی وتاری سەرنووسەر یاکوو دەستەی نووسەرانی هەیە، بەم جیاوازییەوە کە لە هەر ژمارەیەکدا کەسانی شارەزا لە دەرەوەی بازنەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری تیشک، نووسینەکەی دەگرنە ئەستۆ.ئامانج ئەوەیە کە جۆراوجۆریی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرپرسانە سەبارەت بە گوتاری نەتەوەیی لە سەکۆدا ڕەنگ بداتەوە.

## پێناسەی کەسی
شەماڵ کاوە (١٩٦٤) مێژووکاری هزر و زانستە (History of Science and Ideas) و لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە لە زانستگای ستۆکهۆڵم خەریکی وانەگوتنەوەیە. بواری سەرەکیی نووسینەکانی کاوە، فەلسەفەی سیاسیی هاوچەرخ، بەتایبەت فەلسەفەی سیاسیی میشێل فۆکۆ و هەروەها لیبرالیزم و نیۆلیبرالیزمە. کاوە تا ئێستا لە چەندان کتێبدا، وتاری دەربارەی ئەندیشەی بیرمەندانی وەک وەک میشێل فوکۆ، جۆرجۆ ئاگامبێن، سلاڤۆی ژیژەک، هاننا ئارێنت و هەروەها بابەت دەربارەی پرسگەلی وەک نیۆلیبرالیزم، دیمۆکراسی و پەروەردەوە نووسیوە.

## ئاماژە
لە ئەنجامی زاڵبوونی نیۆلیبراڵیزم، سیستەمی پەروەردە لە زۆر شوێندا، ملکەچی لۆژیکی بازاڕ و میکانیزمەکانی کێبڕکێ بووە. ئەمەش هاوتەریب بووە لەگەڵ بەرهەمهێنانی ویژمانی سامانی مرۆڤی، کە لە جەستەی سەوداگەردا بووە بە سووژەی ناوەندی نیۆلیبراڵیزم. دیارە نیۆلیبراڵیزم بەبێ پێداگۆژی و ویژمانێکی تایبەتیی پەروەردەیی و هەروەها کۆمایەک دامودەزگای پەروەردەیی، نەیدەتوانی وەک عەقڵانییەتێکی سیاسی ببێتە بەم هێژمۆنە زاڵە. لەناوەندی ئەم پرۆژە پەروەردەییانەدا، ڕوانینی نیۆلیبراڵیزم بە مرۆڤ وەک کۆبەندی وەبەرهێنان، توانیوێتی ببێتە ڕێژیمێکی هەقیقەت. لە هەمان کاتدا گرینگە کە سەرچاوەی هەموو گۆڕانکارییەکانی ئەم چەند دەیەی ڕابردوو، نەدەینە پاڵ نیۆلیبراڵیزم، بەڵکوو دەشێ مەرجە شیمانەییەکانی سەرکەوتوویی و، هەروەها شوێندانەریی نیۆلیبراڵیزم لە پاشخانی هەندێ گۆڕانکاری و وەرچەرخانی پێکهاتەییدا بخوێنینەوە و لێکدەینەوە.

*ئیتر لەمەدا هیچ گومانێک نییە کە ئێمرۆ خەبات لە دژی ئایدیۆلۆژی خۆی بووە بە ئایدیۆلۆژییەکی نوێ.*

*بێرتۆڵت برێشت*

## دەستپێک
بابەتی بەردەستتان، ئاماژەیەکە بە هەندێ شوێندانەریی نیۆلیبراڵیزم لەسەر سیستەمی پەروەردە لە ڕۆژئاوادا. دوای کورتەوەستانێک لەمەڕ پێناسەی نیۆلیبراڵیزم هەوڵ دەدەم بەبێ چوونە ناو وردەکارییەکان، دوو جەمسەری سەرەکیی کارتێکەری نیۆلیبراڵیزم لە ئاستێکی گشتیدا دەستنیشان بکەم. دواتر لە ڕێگەی «تیۆریی سامانی مرۆیی»یەوە،[٢] خۆم لە پرسی سۆبژێکتیڤیتی (سابجێکتیڤیتی)ی[٣] نیۆلیبراڵ نزیک دەکەمەوە، کە هەم کۆڵەکەیەکی سەرەکیی بیرۆکە و پراکتیکی ئەم پێکدێنێت و هەمیش بەتایبەت لە پەیکەری سەوداگەر[٤] وەک سووژەی نیۆلیبراڵ، دەورێکی بنجبڕانە لە ئاست پەروەردەدا دەگێڕێ.

زۆر جاران و بەتایبەت لە ئەدەبیاتی ڕۆژانەدا وا پێدەچێت کە «سامانی مرۆیی» و «سەوداگەر» زاراوەیەکی ئەرێنییان هەیە و دابڕاو لە ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژییان، وەک دوو چەمکی بێ لایەن و نیۆتراڵ[٥] باسیان لێ دەکرێ. واتە کەم هەیە، جەخت بکرێتە سەر لایەنی ئایدۆلۆژییانە و ناوەڕۆکی مەترسیداری ئەم چەمکانە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە، کە بەئابووریکردن و بازرگاندنی ژیانی جڤاکی و سیاسی لەم چەند دەیەی دواییدا، تا ڕادەیەکی زۆر لە سۆنگەی بەرهەمهێنانی ویژمانی سامانی مرۆیی و سەوداگەرییەوە مەیسەر بووە، سەیرە کە ئەم چەمکانە توانیویانە وا بە خشکە خۆ بخزێننە هوشیاریی کۆمەڵایەتیی ئێمەوە.

ئەمەش ڕەنگبێ هۆکارێکی دیکە بێت لە بژارەی ئەم چەمکانە. چونکو ئەم چەمکانە،

میکانیزمەکانی بە نیۆلیبراڵبوونی ئێمە لەقاودەدەن. نەک تەنیا ئێمە وەک تاک، بەڵکوو وەک بنەماڵە، وەک حیزبی سیاسی، وەک حکوومەت و دامودەزگا. لەم نێوەشدا، سیستەمی پەروەردە بە هەموو دامودەزگا و خوێندنگەکانییەوە، هەم بەرهەمهێنەرەوەی ئەم سووژەیەن و هەمیش لە ڕێگەی بەنۆرمالیزەکردنی ئەم سووژەیە و شاردنەوەی ڕووی ئایدیۆلۆژییانەی ئەم، بەردەوامی و بەرهەمهێنانەوەی هێژمۆنی نیۆلیبراڵی، دەستەبەر دەکەن.

## ئاڵۆزیی چەمکی نیۆلیبراڵیزم

نیۆلیبراڵیزم وەک چەمکێک کێشە و ئاڵۆزیی کەم نییە کە من لێرە دەرفەتی پەرژانە سەر وردەکارییەکانیم نییە. بەشێ لەم ئاڵۆزییە، لەوانەیە پەیوەندیی بەوەوە هەبێت کە لە ئاستی سیاسیدا ئەم چەمکە زۆر جاران (بەتایبەت لە لایەن چەپەکانەوە) وەک سووکایەتی بەکار دێت و ئەوانەی بە نیۆلیبراڵیزم تاوانبار دەکرێن، کەمیان هەن بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ ئەم چەمکە بۆ ناسنامەی خۆیان بەکار بێنن. هۆکارێکی دیکە پەیوەندیی بەم ڕاستییەوە هەیە کە وەک نیچە دەنووسێ، هەموو چەمکێکی خاوەن مێژوو، بارگران دەبن بە مانا و ڕاڤەی جیاواز. واتە تەنیا چەمکێک کە مێژووی نییە، دەتوانێ شەفاف و تاکواتە بێت، ئەگینا هەموو چەمکێکی خاوەنی مێژوو، مەیدانی شەڕی ڕاڤە و بۆچوونی جیاوازن.[۶] هۆیەکی دیکە، دەگەڕێتەوە سەر ئەو کارکردە فرە جیاوازانەی دەخرێنە پاڵ ئەم چەمکە. واتە هەندێک نیۆلیبراڵیزم وەک ئایدیۆلۆژییەکی سیاسی دەبینن کە نوێنەرایەتیی توێژێکی نوێی سەرمایەی ماڵی (فینانس) دەکات. کەسانێک هەن کە ئەم چەمکە بۆ کۆمەڵێک پرەنسیپی ئابووری بەکار دێنن و هەندێ لەم چەمکەدا، سازانێکی مێژوویی لە نێوان جەماوەری بەلاڕێداچوو و نوخبەی سەرمایەداردا دەبینن.[۷] بە بڕوای من هەمووی ئەو بۆچوونانە، کەم تا زۆر، هەندێ ڕەهەندی سەرەکیی نیۆلیبراڵیزم دەپێکن، بەڵام بێبەشن لە شیکردنەوەی چۆنیەتیی تەشەنەسەندنی نیۆلیبراڵیزم لە کۆمەڵگا فرە جیاوازەکاندا.

ئێمە کاتێک باسی نیۆلیبراڵیزم دەکەین، لەڕاستیدا باسی هێژمۆنییەک دەکەین کە لەم چەند دەیەی ڕابردوودا، نەتەنیا ڕەنگدانەوەی خەستی لەسەر ژیانی سیاسی، ئابوری و کولتوریی ئێمەدا هەبووە، بەڵکوو تەنانەت ڕەفتاری ڕۆژانە، پەیوەندییەکان و پێوایی و تێگەیشتنی ئێمە لە خودی تووشی گۆڕان کردووە. واتە لێرە باس، باسی ئەوە نییە کە چۆن حکوومەتە جیاوازەکان توانیوییانە، سیاسەتێکی نیۆلیبراڵ بەسەر سیستەمی ئابووری یان پەروەردەی وڵاتەکانیاندا بسەپێنن. نا، پرسیار ئەوەیە کە چۆن ئەم نیۆلیبراڵیزمە، توانیوێتی پەیوەندیی ئێمە لە خۆماندا، لەگەڵ نزیکترین کەسانمان و لەگەڵ ئەوانیتردا بگۆڕێ؟

بۆیە گرینگە ئێمە نیۆلیبراڵیزم و هێز و سەرکەوتوویی ئەم وەک هێژمۆنییەک، تەنیا لە شێوەی نەفی و نگەیشن[۸] یاخود لە سۆنگەی فاکتۆرە نەرێنییەکاندا نەبینین (وەک نەبوونی ئاڵترناتیڤی چەپ، قەیرانی ئابووری دەیەی هەفتا و ...)، بەڵکوو دەبێ هاوکات سەرنجی لایەن و هێزی بەرهەمهێنەرانە و داهێنەرانەی نیۆلیبراڵیزم بدەین و توانستی ئەم لە تەرجومەی بیرۆکەکانی خۆی بە مۆدێل، خەون و مەیلی ڕۆژانەی جەماوەریدا لەبیر نەکەین. ئەمە لە ڕاستیدا، ڕەگەزێکی گرینگی هەموو هێژمۆنییەکە بۆ ئەوەی، بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژیی فیزیکی، بتوانێ ڕوانگە و بۆچوونەکانی بکاتە جەماوەری، واتە ببێتە ڕێژیمێکی هەقیقەت یان ڕاستینە.[۹] هەموو هێژمۆنییەک، وەک ڕێژیمێکی زانیاری و هەقیقەت، هێز و توانستیان

لەوەدایــە کە بتوانن پەســندی کەســان و جەماوەر بەرەوخۆیان ڕابکێشن یاخود ڕوانگە و بۆچوونیان، وەک هەڵوێســتگەلی سروشتی و ژیرانــە بنوێنــن. بەکورتــی، هژمۆنییەکی سیاســی، بەبێ شــیوازێکی ســەرکەوتووی سوبژێکتیڤیتی نامەیسەرە. هەر ئەم خاڵەش، لای مــن ئاراســتەیەکی فرە ســەرکەوتوو و هەروەها مەترسیداری نیۆلیبراڵیزم دەردەخات کە نەتەنیا، جەستە و ڕۆحی کەسی ئورووپی و کــوردی داگرتــووە، بەڵکوو هــەروەک لە ســەرەتادا ئاماژەم پێ دا، لــە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵــگا، لە هەڵســوکەوتی حیزبــەکان و تێگەیشتنی ئەوان لە سیاسەت، لە پەیوەندیی ئێمە لە گەڵ خۆماندا، لە هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ دامــەزراوەی وەک بنەماڵە، پەروەردە، خۆشەویستی و حیزبایەتیدا، ڕەنگدانەوەیەکی زەقی هەیە.

با لێرەش بە خێرایی پەنجە بۆ دوو خاڵی گرینگ ڕابکێشــم. یەکەم، مــن لە دژی ئەم بۆچوونــە گشــتگیرانەم کــە نیۆلیبراڵیزم بە سەرچاوەی هەموو نەگبەتی و نەهامەتییەک دەزانن. ڕاستە نیۆلیبراڵیزم دەوری سەرەکیی لە قووڵبوونەوە و بەرفرەوانبوونەوەی نایەکسانیدا هەبووە و لە هێزکاریی ئەو لە وێرانی و نەهاتیی زۆر وڵاتان، جێگەی نکۆڵی نییە، ســەرەڕای ئەمەش، ئێمە نابێ تووشی ئەم ساکارییە بین کە پێمان وا بێ نیۆلیبراڵیزم لە پشتی هەموو نەهامەتییەکە و دەستی لە هەموو کێشەیەکدا شاراوەیە. لە شیکارییەکی بابەتییانەدا، پرسیار دەبێ ئەوە بێت کە چۆن ئەم نیۆلیبراڵیزمەی ئێمە بە حەق، بە هێمای نەهاتیی جەماوەری خەڵــک و دزێویــی دادەنێیــن، توانیویەتی ئــاوا بەرفــرەوان ڕا و ســەرنجی کۆمەڵانی خەڵــک بۆ لای خۆی ڕاکێشــێ؟ بۆیە دەبێ ئێمە مەرجەکانی شــیمانەیی ســەرهەڵدان و تەشــەنەی نیۆلیبراڵیــزم، هەرنــا لە یەک ڕووەوە، لە توانســتی فکری و قواســتنەوەی ئەوان لە فرســەتێکدا ببینین کە گۆڕانکارییە ســاختارییەکان هۆکاری بوون. فرســەتێک کە چــەپ و لیبراڵەکان یــان نەیانبینی یان نەیانتوانی بیقۆزنەوە.

دووەم، ئێمــە نابــێ نیۆلیبراڵیــزم وەک درێــژەی لیبراڵیــزم یــان وەک ڤێرژنێکــی پەڕگیرانــەی لیبراڵیزم ببینیــن. ئەم دووانە لــە هەنــدێ ڕووی گرینگەوە لێــک جیان، بەتایبــەت کە دێتە ســەر ڕوانینی ئەمان بۆ بازاڕ و کارکرد و سروشــتی بــازار، ڕوانینیان بۆ مرۆی ئابووری[١٠] و هەروەها هەڵوێســتیان سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان بازاڕ ودەوڵەت. ئەمــە گرینگــە بۆ ئــەوەی ئێمــە دەرک بە داپســان و وەرچەرخانی ئیپیستمۆلۆژییانەی نێوان لیبراڵیزم و نیۆلیبراڵیزم بکەین، ئەگینا دابڕینە بنەڕەتییــەکان و هەروەها جیاوازییە بەرچاوەکانی نێــوان لیبراڵیزم و نیۆلیبراڵیزم ون دەبــن. لێرەدا بەتایبــەت دوو ڕەهەندی گرینگ دەبێ ئاماژەیان پێ بکرێ. یەکەم، بازاڕ لای نیۆلیبراڵیزم دیاردەیەکی سروشتی نییە، بەڵکوو دەستکردە و پێویستی بە تەیارکردن و پێراگەیشتنە. ئەمە بە پێچەوانەی لیبراڵیزمی کلاســیکە کە پێیان وا بوو بازاڕ دیاردەیەکی سروشــتییە و خۆی دەتوانێ، بە وتەی ئەدام سمیت،[١١] لە ڕێگەی «دەستە نادیارە»کانییەوە، بەڕەی خۆی لە ئاو دەرکێشێ.

دووەم، لــە باری مێژووییەوە، کێشــەی لابالەکانــی لیبراڵیــزم لە ســەر ســنووری دەسەڵاتداری و ئۆتۆریتەی دەوڵەت و ڕادەی مافی خۆتێوەردانی ئەو لە کاروبار و کارکردی بازاڕ زۆر بووە. بەڵام ســەرەڕای هەموو کێشە و دژدەنگییــەک، ئەوان بەر لە ســەرهەڵدانی نیۆلیبراڵیزم، لەســەر ئــەوە هاودەنگ بوون کە لە دوایــن لێکدانەوەدا، دەوڵەت دەبێ لە بڕیارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا (تەنانەت زۆر جاران ئابووریشدا) دەستی باڵای هەبێت. بەڵام لای نیۆلیبراڵیزم، بە پێچەوانە، دەوڵەت و سیاســەت تەنیا کاتێ دەتوانن ڕەوایەتییان هەبێت کــە پەیڕەوی لۆژیکی ئابووری و بازاڕ

بن. نیۆلیبراڵیزم بەم جۆرە پەیوەندیی دەوڵەت و شارۆمەند دووبارە دادەڕێژێتەوە. لەم پەیوەندە نوێیەدا، دەوڵەت دەوری دابینکەر و دەستەبەرکەر دەگێڕێ و شارۆمەندیش دەبێتە بەرخۆری خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ڕێگەی بازاڕەوە دەفرۆشرێن.

لە کۆتاییدا، گرینگە سەرنجی ئەم خاڵەش بدەین کە مرۆڤ لای لیبراڵیزم تەنیا مرۆڤی ئابووری یان سووژەی ئابووری نییە، بەڵکوو مرۆڤی ئابووری، لایەنێکی ئەو پێکدێنێ. مرۆڤ لای لیبراڵیزم هاوکات هەم سووژەیەکی سیاسییە و هەمیش حقوقی. بەپێچەوانەوە لای نیۆلیبراڵیزم مرۆڤ تەنیا لە قەوارە و لە خانەی بازاڕ و چالاکییەکانی ناو بازاڕدا پێناسە دەکرێت.

### لە نێوان پێکهاتە و ئایدیۆلۆژیدا

لەم چەند دەیەی ڕابردوودا، سیستەمی پەروەردەی زۆرینەی وڵاتانی جیهان تووشی ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو هاتووە، بەچەشنێ کە دەکرێ باسی وەرچەرخانێک لە سیاسەتی پەروەردە[۱۲] یان وێژمانێکی نوێی پەروەردە بکەین. هەڵبەت ئەم وەرچەرخانە خۆی یەکێکە لە لێکەوتەکانی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی خۆشبژێو و نسکۆی بەرەی چەپ و لیبراڵی ڕۆژئاوا. هەرچەند ئەو گۆڕانکارییانە لە وڵاتە جیاوازەکاندا لە رووی خێرایی، پانتایی و قووڵاییدا وەک یەک نەبووە، بەڵام دەکرێ کۆمەڵێ ڕەهەند، ڕێکار و جەمسەری هاوبەش دەستنیشان بکەین، کە هۆکار و چاوگە هاوبەشەکانی ئەم گۆڕانکارییانە نیشان دەدەن. لە پاڵ ئەمەشدا، نابێ ئێمە دەوری بێوێنەی شۆڕشی زانیاری و تێکنۆلۆژیا لەبەرچاو دوور خەین کە گواستنەوەی ڕۆژئاوای لە سیستەمی فۆردیزم بۆ پۆستفۆردیزم مەیسەر کردوو و بەم چەشنەش گۆڕانکارییەکی قووڵی لە هوشیاری و تێگەیشتنی ئێمە لە دیاردەگەلێکی وەک شوێن، کات، کار، چین، تاک و پێناسە پێکهێنا.[۱۳] بەتایبەت ئاڵوگۆڕ لە ڕێکخستنی کار (کە تا ڕادەیەکی زۆر گرێدراوی گەشەسەندنی تێکنۆلۆژیای زانیاری و گەیاندنە[۱۴] لە بەرهەمهێناندا) لەگەڵ جێگیربوون و بەهێزبوونی کەرتی خزمەتگوزاری[۱۵]، بووەتە هۆی هەڵکشانی دەوری تێبەر (بخۆر) و داکشانی دەوری شارۆمەند. ئەم جێگۆڕکێیە لە پلە و گرینگیی تێبەر و شارۆمەند، هەم چاوەڕوانییەکی جیاواز لە هێزی کار و توانستەکانی ئەو دەخوازێ و هەمیش جۆرێکیتر لە ویست و داخوازی لە مەیدانی سیاسەت و حیزبیدا دەخوڵقێنێ.

کە وایە ئەو گۆڕانکارییە قووڵانەی لە کۆمەڵگا و لە سیستەمی پەروەردەدا ڕوویان داوە، لانی کەم دوو چاوگەی پێکهاتەیی (ساختاری) و سیاسیی جیاوازیان هەیە. یەکەمیان دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕەهەندە پێکهاتەییانەی کە لەو نیو سەدەیەدا، ڕوخساری کۆمەڵگاکانی ئێمەی تەواو گۆڕیوە. ئەم گۆڕینەش، تا ئاستێکی زۆر لە سۆنگەی گەشە و پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیا و مەرجە بنەماییەکانی ئابووری، زانیاری و گەیاندن بووە و کەمتر ئاراستەی ئایدیۆلۆژییانەی پێوە دیارە. سەرەڕای ئەمەش، ئەم ڕەوتە کارتێکەریی بەرچاوی هەبووە لە ڕەفتار و ڕوانینی ڕۆژانەی ئێمە سەبارەت بە کۆمەڵ، تاکێتی، کار، هەقیقەت، زانست و خود.

ئەم گۆڕانە پێکهاتەییە لە ئاستی پەروەردەشدا دەورێکی کاریگەری هەبووە لە هێنانە ئارای وێژمانی نوێ، کە نابێ تەنیا لە ئاستی فێرکارانەدا[۱۶] بەربەست کرێت. ئەمە تەنیا مەسەلەی هاتنی ئامراز و کەرەسەی نوێی دیجیتاڵ یان سەرچاوە و چاوگەی نوێی فێربوون نییە کە، بۆ وێنە، خوێندنگاکانی گۆڕیوە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا، ڕەوایەتی خوێندنگە و بەتایبەت مامۆستای خوێندنگەی لاواز و هەندێ جاریش، بەتەواوی تووشی تەنگژە کردووە.[۱۷] ئەمەش درێژەی

ڕەوتێکــــە، کە لەودا بڕوا بە هێزی ڕزگارکەری دامەزراوەکانـــی خوێندنگە و تەنانەت زانیاری فرە سست بووە و دامرکاوە.

لێکەوتەیەکی فـــرە گرینگی دیکەی ئەم ڕەوتە و بەتایبەت گواستنەوەی سەرمایەداری لـــە شـــێوە ڕێکخـــراوەی فۆردیـــزم بـــەرەو پۆســـتفۆردیزم و گواســـتنەوەی مرۆڤەکان لـــە کارخانـــەکان و کاری بەکۆمـــەڵ بەرەو کەرتـــی خزمەتگـــوزاری و کاری داهێنەرانە، سەرهەڵدانی تاکێکی تازە بوو کە وێکچوویی لەگەڵ تاکی لیبراڵ زۆر نەبوو. ئەم تاکە خۆی زیاتر پێ تاقانەیە[۱۸] تـــا تاکێک کە دەیەوێ وەک خۆی بێت. ســـەرهەڵدانی ئەم چەشنە تاکە یان ئەوەی پییەر ڕۆســـانڤالۆن،[۱۹] وەک کۆمەڵگای تاقانەکان[۲۰] یاخود، تاکســـالاریی نوێـــی تاقانە[۲۱] باســـی لـــێ دەکات.[۲۲] ئەم تاکە نوێیە، تەنانەت لە پرســـی نایەکسانیشدا، جیاوازییـــەکان لـــە ئاســـتێکی تاکەکانـــدا دەبینێـــت تا لە نیـــوان چینـــەکان و توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا. واتە تەنانەت نایەکسانیش دەبێتـــە ئەزموونێکی تاکیـــی تاقانە. ئەمەش ڕەنگبـــێ یەکێ لـــەو هۆکارانـــە بووبێت کە ڕێخۆشکەر بوو لە گەشەی سیاسەتی پێناسە. بـــە هەرحاڵ، ئـــەم تاکە تاقانەیـــە، نامۆیە بە سیســـتەمێکی پەروەردە کە لەودا، تاک دەبێ خۆی لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیدا بگونجێنێ. ئەم گۆڕانە لە ڕاســـتیدا ڕەهەندێکی جیددیی تەنگـــژەی ئێمرۆی خوێندنـــگا و پەروەردەیە کـــە لە بنەڕەت و لە پلەی یەکەمدا، ئەنجامی گۆڕانێکی ئایدیۆلۆژییانە نەبووە.

بەهەرحاڵ، من لەم باســـەمدا ناپەرێژیمە سەر ئەم لایەنە ئاڵۆز، فرەڕەهەند و لە هەمان کاتـــدا گرینگە. ئەم نموونانەم بۆیە هێناوە کە ئێمـــە خۆپارێز بین لە تێکەڵکردنی ئەم ڕەوتە جیاوازانـــە و تووشـــی ئەم هەڵە بـــاوە نەبین کـــە هەموو گۆڕانێک بخەینـــە گەردنی نەیار (لێرە نیۆلیبراڵیزم) و بەم چەشـــنە لە جیاتی خەریکبوون بە کاری شـــرۆڤە و شـــیکاری، بکەوینەی داوی تیۆریی پلانگێڕی.

دووەم چاوگە، تایبەتمەندییەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییانـــەی هەیە. ئەوە لەم ڕەوتەدایە کە نیۆلیبراڵیزم وەک هێزی سەرەکیی قووت دەبێتەوە و ئاڵای بەرەنگاری لەگەڵ سۆسیالیزم و هەروەهـــا کێنزیانیزم[۲۳] هەڵدەگرێ، کە لە ڕۆژئاوادا لە جەســـتەی دەوڵەتی خۆشبژێودا خـــۆی نواندبـــوو. هەڵبـــەت ســـەرهەڵدانی نیۆلیبراڵیـــزم دەگەڕێتەوە بـــۆ مەودای نێوان دوو شـــەڕی جیهانـــی و وەک بەرەنگارییەک لەگەڵ ئابووریی پلاندارێژراو و وەک وڵامێک بـــەو تەنگژەیەی ئەوســـا لەلایەن فاشـــیزم و سۆسیالیزمەوە بەرۆکی ئورووپای گرتبوو. فۆکۆ لەمبارەیەوە دەڵێ کـــە وێکچوونێک لە نێوان ئوردۆلیبراڵەکان[۲۴] و قوتابخانەی فرانکفۆرت هەیـــە. لە حاڵێکـــدا بیرکارانـــی قوتابخانەی فرانکفـــۆرت دەیانهەویســـت عەقڵانییەتێکی کۆمەڵایەتیی نوێ بدۆزنەوە کە بتوانێ پێش بە ناعەقڵانییەتی ئابووری بگرێت، وا جەماعەتی ئوردۆلیبراڵ بە پێچەوانەوە بەدوای ڕێگەیەکدا بوون کە عەقڵانییەتی ئابووریی سەرمایەداری بە شـــێوەیەک لە سەرڕاوە پێناسەبکەنەوە کە ناعەقڵانییەتـــی کۆمەڵایەتیی ســـەرمایەداری هەڵوەشـــێنێتەوە.[۲۵] واتە ماکێکی سەرەکیی نیۆلیبراڵیـــزم، پێدەچـــێ هەر لەســـەرەتاوە، دوژمنایەتـــی لەگەڵ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ناعەقڵانییەتـــی ئەو بێـــت و دەرمانی ئەمەش لای ئەوان مۆدێل و میکانیزمی بازاڕ بوو.

ئـــەوە لـــە حەفتـــاکان بەولاوەیـــە کـــە نیۆلیبراڵیـــزم بەشـــێوەیەکی بەرهەســـت، ئامادەییـــی مەیدانیی خۆی نیشـــان دەدات و لـــە ماوەیەکی کورتدا، دەســـەڵاتی لە دوو وڵاتـــی بەهێزی ڕۆژئاوا (بریتانیـــا و ئەمریکا) دەستەبەر دەکات. ئاراستەی هەرە سەرەکیی نیۆلیبراڵیزمیـــش لـــەم ماوەیەدا، بـــەدەر لە هەمـــوو جیاوازییەکانـــی، بەتایبەتکردن[۲۶] و تەفروتووناکردنی هەموو ئەو دامەزراوە و ڕاژە (خزمەتگوزارییە) گشتییانە[۲۷] بوو کە بەئاستەم

بۆنــی بەکۆمــەڵ،[٢٨] بەکۆمەڵبـــاوەڕی،[٢٩] و هاوبەســـتیی[٣٠] لێ دەهــات و بۆیەش لە هەمــوو شــوێنێک، یەکێتییە کرێــکاری و فەرمانبەرییەکان و دەوڵەتی ڕیفاهـ بەرپێکی ســـەرەکیی هێرشـــەکانی نیۆلیبراڵیزم بوون. سیستەمی پەروەردەش یەکێ لەو دامەزراوانە بـــوو کە بڕبڕەی پشـــتی دەوڵەتی ڕیفاهـ یان خۆشبژێویی پێکدێنا.

من لەم وتارەدا، مەبەستم پێکانی هەندێک تایبەتمەندی و ماکی ئەو ڕەوتە ئایدیۆلۆژی و سیاســـییەیە. خودی ئەم ڕەوتە، لقوپۆپی زۆر لـــێ دەبێتەوە و بە گوێرەی وڵات، لە بێچم و قەوارەی جیاوازدا دەردەکەوێ و بەدی دێت. کەچی دیسانیش دەکرێ لە ئاستێکی گشتیدا، باسی دوو گواســـتنەوەی هێمایی و سەرەکی بکەین کە دابڕانی سیستەمی پێشووی ڕۆژئاوا، لەگەڵ سیستەمی نیۆلیبراڵی ئێستادا پێشان دەدات و بە هەمان شێوەش داستانی کەوتنە ئاویلکەی پەروەردەی پێشڕەو[٣١] و سەرهەڵدان و گەشـــەی پەروەردەیەکی ســـەوداگەرانە[٣٢] نیگارکێش دەکات.

## داڕشتنەوەی[٣٣] سیستەمی پەروەردە

ئەم داڕشـــتنەوەیە پەیوەستە بە گواستنەوەی پـــەروەردە وەک کەرەســـەی بەرژەوەندیـــی گشـــتی، بـــۆ پـــەروەردە، وەک کەرەســـەی بەدیهێنانـــی پـــڕۆژەی کەســـێتی. واتـــە پرۆسەیەک کە پەروەردە وەک کەرەسەیەک بۆ چاکســـازی و گۆڕینی کۆمەڵـــگا بەرەبەرە بـــووە بـــە ســـەکۆیەک بـــۆ بەتاقیکردنەوە و بەدیهێنانـــی پـــڕۆژە شەخســـییەکانی تاک. پـــەروەردە لە وێژمانـــی مۆدێرنیتـــەدا، تەنیا ئەرکـــی فێرکاری و بەئابووریکردنی وزەی کار نەبوو، بەڵکوو ئەرکی سەرەکیی (لانی کەم لە تیۆریدا)، گۆشـــکردن و ڕاهێنانی شارۆمەند و هاووڵاتییەکی دێموکڕات بوو. واتە گۆشکردن و بارهێنانـــی تاکێـــک کـــە بەرژەوەندیـــی کۆمەڵـــگا لـــە ســـەرووی بەرژەوەندیی خۆی دادەنێ. لەم وێژمانەدا، جیاوازییەک لە نێوان پـــەروەردە و دێموکراســـیدا نەبوو و هەروەک جان دووئیی،[٣٤]فەیلەســـۆفی پراگماتیست و بەناوبانگتریـــن وتەبێژی پێداگۆژی پێشـــڕەو، دەڵـــێ: پـــەروەردە خـــۆی دێموکراســـییە و ئامانجی سەرەکیی پەروەردەش، ئامادەکردنی منداڵان بۆ بـــازاڕی کاری داهاتوو نییە، بەڵکوو پەرداخکردنیانە بۆ بەشداری لە کار و چالاکیی کۆمەڵایەتیـــدا.[٣٥] بۆیـــەش لـــەم ڕەوتەدا و بەتایبـــەت دوای پەنجـــاکان و ســـەرهەڵدان و گەشـــەی دەوڵەتی خۆشـــبژێو، سیستەمی پـــەروەردە نەتەنیـــا وەک کەرەســـەیەک بۆ چاکســـازیی کۆمەڵگا ســـەیری دەکرا، بەڵکوو هـــاوکات بەردێکـــی بناخـــەی سیســـتەمی سیاســـیی ڕۆژئـــاوا بوو، کە هەم ئەفســـانەی شایستەسالاری (مێریتۆکراسی)ی[٣٦] زیندوو ڕادەگرت و هەمیش بەرهەمهێنەرەوەی وێنەی شارۆمەند بوو. بۆیەش دەوڵەت خۆی بووە بە خاوەن و بەرپرس لە داڕشـــتن، بەجێگەیاندن و وەگەڕخســـتنی سیاســـەتی پەروەردە. بەم چەشـــنە دەوڵەت لە لایەکەوە پەروەردەی لە شـــکڵی کالا دەرخســـت و کردی بە چەشنە مافێکی کۆمەڵایەتی و لە لایەکی دیکەشەوە، بەڵێنـــی دەســـتەبەرکردنی جێگۆڕکێـــی کۆمەڵایەتی[٣٧] بە شارۆمەندانی خۆی دەدا.

پێ بە پێی بەهێزبوون و گەشەســـەندنی نیۆلیبراڵیـــزم، پەروەردە دووبـــارە کرایەوە بە کەرەســـەیەک لە خزمەت بەرژەوەندیی تاک و بەدیهێنانی پرۆژەکانی ژیانی تاکەکەسەکان. دەوڵەتیـــش لەپـــڕ لە هەموو شـــوێنێک یان ئاشـــبەتاڵی کرد و لە کردەوەدا، دەســـەڵاتی داڕشتن و گەڵاڵەکردنی سیاسەتی پەروەردەی ڕاست و ڕەوان پێشکەشی کۆمەڵێ ئەکتەری کەرتی تایبـــەت کرد، یانیش بووە بە ئامرازی بەڕێوەبردنی سیاســـەتی بازاڕ. ئەو ئەکتەرانە بەیەکـــەوە توانیویانـــە تۆڕێکـــی جیهانیـــی پـــەروەردە بخوڵقێنن کە لـــە ڕێگەی جیاواز وەک بەراوردکـــردن، ئامارگیری، ڕاوەرگرتن،

ڕیزبەندی و پلەبەندی، دەوری فرە بنجبڕیان هەبووە لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی پەروەردە لە جیهاندا. بەمجۆرە، پەروەردە دووبارە بووە بە کاڵایەک کە ئەم تۆڕە بە نرخی جیاواز لە بازاڕدا دەیفرۆشێ. ئەگەر پەروەردە وەک کەرەسەیەک بۆ بەرژەوەندیی گشتی، بەشێک بوو لە سیاسەتی نەتەوەییی هەر وڵاتێک، لە پڕ پەروەردە وەک کاڵایەک، بووە بە کەرەسەیەک بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی تاکەکەس و بەشێک لە پەروەردەیەکی گلۆباڵ. ئەم بەجیهانیبوونەی پەروەردە، ڕێخۆشکەر بووە لەوەی داڕشتنی سیاسەتی پەروەردە لە دەستی دەوڵەتەکان دەربێت و بخرێتە ئامێزی کۆمەڵێ ئەکتەری کەرتی تایبەت (لە قەوارەی زلەڕێکخراوی فرەنەتەوەیی و باننەتەوەییدا). ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی «بازاڕی بەجیهانیبووی پەروەردە» کە لە ئینگلیزیدا بە چەمکی (edu-business) ناوزەد بووە.[٣٨]

بەم جۆرە پەروەردە و زانیاری بووە بە کاڵایەکی هەناردە و لە چەشنی هەموو کاڵای دیکە، بە چۆنییەتیی جیاواز و نرخی جیاواز، دەفرۆشرێتە مشتەرییەکانی. دەوڵەتیش لەم بەینەدا، هەم دەوری مشتەری دەبینێ و هەمیش دەوری دابینکەر. نموونەیەکی هەرە زەقی ئەم چەشنە ڕێکخراوانە لە ڕۆژئاوادا پیسایە (PISA).[٣٩] «پیسا» کە لەلایەن ڕێکخراوی هەماهەنگیی هاوبەشی ئابووری و گەشەسەندنەوە (OECD) درووست کراوە، لە ماوەی ئەم چەند دەیەیەدا، بەتەواوی سیما و ئاراستەی پەروەردەی ڕۆژئاوا و تەنانەت بەشێکی گەورەی وڵاتانی جیهانی گۆڕیوە. کەرەسەی سەرەکیی ئەم ڕێکخراوەیەش، ڕووپێوان، نرخاندن و هەڵسەنگاندنی زانیاریی نێوان پەروەردەی وڵاتانی جیاوازە. بەم چەشنە ئەم ڕێکخراوەیە بازاڕێکی جیهانیی کردووەتەوە کە لە زۆر وڵاتان، حکوومەتەکان ناچار پەیڕەوی لە سیاسەت و ئامۆژگارییەکانی دەکەن. سیاسەتی گشتیی ئەم ڕێکخراوەیەش، لە وێنەی ڕێکخراوەکانی هاووێنەی وەک بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەییی پارە، گەشەی ئابوورییە لە سەر پرەنسیپە نیۆلیبراڵییەکان و مەرجەکانی بازاڕ.

بە کورتی، پەروەردە لە سایەی نیۆلیبراڵیزمدا، بەرەبەرە لە پرسێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و وەک کەرەسەی خێر و بەرژەوەندیی گشتییەوە[٤٠] بووە بە ئەمرێکی ئەهلی و ئامرازی خێری کەسێتی[٤١] و پرس و مافی بنەماڵەکان. بەم چەشنەش سازدان و پێکهێنانی شارۆمەند جێی داوەتە پرۆژەی سازکردنی سەوداگەر و بەرخۆر[٤٢]. لەم ڕوویەوە ڕەنگبێ زێدەڕەویی نەبێت ئەگەر بڵێین ئەمە بەدیهاتنی خەونی مارگرێت تاچێرە[٤٣] کە دەیگوت، «شتێک بەناوی کۆمەڵگا بوونی نییە، ئەوەی هەیە تاکی ژن و پیاو و بنەماڵەیە.»[٤٤]

## سەرهەڵدانی تاکێتیی تاقانە[٤٥] و ماڵئاوایی لە پێکهاتەکان

دوای پەنجاکان لە ڕۆژئاوا پرۆژەی دەوڵەتی خۆشبژێو خێرایی دەگرێ و دەبێتە پرۆژەیەکی سیاسیی هاوبەش. ستوونی ئەم دەوڵەتە لە سەر بنەمای کێنزیانیزم ڕاوەستاوە کە لەودا دەوڵەت دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ لە ئابووری و داڕشتنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی. یەکێ لە بنچینەکانی دەوڵەتی خۆشبژێو، بەکۆمەڵایەتیکردنی ریسکەکانە.[٤٦] واتە دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئاسوودە، سەرەڕای مەترسییەکانی وەک هەژاری، بێکاری، نەخۆشی، پەککەوتوویی و پیری. کەرەسەی ئەم کارەش سیستەمێکی گشتگیری بیمە لەلایەک و سیستەمێکی باجی هەڵکشاو یان پلەدار[٤٧] لە لایەکی دیکە بوو. لەم نێوەدا، دەوری پەروەردە لە چەند ڕووەوە، بەهای فرەی پێ دەدرا. لە لایەکەوە، پەروەردە ئەرکی کەم کردنەوەی کەلێن و قەڵشتی چینایەتیی

کەوتە ئەستۆ، هەم لە ڕێگەی جێگۆڕکێی کۆمەڵایەتی و هەمیش لە ڕێگەی چاکسازی لە مێنتالیتە و هوشیاریی کۆمەڵایەتی. لە لایەکی دیکەوە، بە سەقامگیربوونی سیستەمی خوێندنگەی هاوبەش (کچ و کوڕ، نەدار و دەڵەمەند)، دژبەرەکییەکانی کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەک سەرپۆشیان لێ نرا و زەمینە بۆ سازشێکی کۆمەڵایەتی و هاوبەستی کۆمەڵایەتی ساز بوو کە مەرجێک بوو بۆ مانەوە و پەسندکردنی دەوڵەتی خۆشبژێو و بەتایبەت سیستەمی باجی ئەم وڵاتانە.

بەڵام ئەوەی لەمانە گرینگتر بوو، سەرهەڵدان و گەرانەی پێکهاتە بوو وەک هۆکارێکی شیکارانە. ئەمە بە چ مانایە؟ سیستەمی پەروەردە لە ڕۆژئاوا تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر تاوی شیکاریی تاکێتی و دەروونناسی بوو کە لەودا، توانست و بەهرەی تاک لە ناوەندی بژارە و شرۆڤەی پەروەردەدا بوو. کاتێک ئەم سیستەمە نسکۆی هێنا یان هەر نا، نەیتوانی بە شێوەیەکی ڕزامەندانە گرێکوێرەکانی سیستەمی پەروەردەی ڕۆژئاوا تا پەنجاکان شی بکاتەوە، ئەوسا پەنا بردرا بەر ڕەخنە و چارەسەرە پێکهاتەییەکان. واتە هەم ڕەخنەیەکی پێکهاتەیی لە نایەکسانی (چۆنە منداڵی چینی کرێکار هەمیشە لە مناڵانی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان، لاوازتر و لە پاشترن؟) و هەمیش گەران بەدوای چارەسەری پێکهاتەیی، واتا پێشنیاز و چاکسازیی گرووپی، بەکۆمەڵ و لە ئاست توێژ و چینی کۆمەڵایەتیدا (سەرنجدان و چاکسازی لە هەلکێشانی قوتابییە لاوازەکان). ئەمەش مانای گەڕانەوەی دووبارە چەمکگەلێکن کە ئەم نایەکسانی و میکانیزمەکانی ئەو نایەکسانییە لە سەر بنەمای پێکهاتەییەوە شرۆڤە دەکەن. بۆیەش سەیر نییە کە لەم قۆناغەدا بیرمەندانی نیۆمارکسی و چەپ لە پڕ دەبنە پێشڕەو لە شیکاریی سیستەمی پەروەردە و پێشنیاز و ڕەخنەکانی ئەوان دەبێتە بەردی بنەمای کۆمەڵناسیی پەروەردە.[48]

ئەوەی لە ئەنجامی گەشەی نیۆلیبراڵیزمدا ڕوودەدات، گەرانەوەیەکی دووبارەیە تاک و تاکێتی (بەڵام ئەمجارەیان، هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، تاکێکی تاقانە) و دوورخستنەوەی هەموو چەشنە شیکارییەکی پێکهاتەییە، لە پلان و سیاسەتی چاکسازیی پەروەردەدا. لە بری ئەمانە، فشارێکی زۆر دەخرێتە سەر خوێندنگە گشتییەکان و لە ڕێگەی جیاوازەوە ڕێ خۆش دەکرێت بۆ بەتایبەتکردنی کەرتی پەروەردە. لەم نێوەشدا، پەروەردە لە مافی شارۆمەندییەوە دەبێتەوە مافی دایک و باوکان یان لە ڕاستیدا مافێک کە دایک وباوکان بە گوێرە وزەی کڕیاریان[49] دەتوانن بۆ مناڵەکانیان دەستەبەر بکەن. ئەمەش دووبارە، شیمانەی بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی بەرز دەکاتەوە. لە سیستەمێکی ئاوادا، هاوبەستی شوێنی نییە و هەر کەسە، هەوڵی ئەوە دەدات کە زیاترین کەڵک لە خوێندنگە وەربگرێت، بەڵام نەک بۆ فێربوون و بۆ یارمەتی بە بەرژەوەندیی گشتی، بەڵکوو بۆ سەرکەوتنی تاکەکەسی، بۆ پلەهاوێژی[50] و بۆ بەدیهێنای ئامانج و پڕۆژە شەخسییەکان. بەم چەشنە دووبارە تاک بووەوە بە ناوەند و ماکی شیکردنەوەی سەرکەوتوویی و نسکۆی کەسەکان.

ئەنجامێکی ئەم بیرۆکەیە، لاوازکردن و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵێک دامەزراوە بوو کە بە شێوەی جیاواز (بۆ وێنە لە شێوەی سیستەمی باجەوە گرتوویەتی تا سیستەمی بیمە و دەزگا گشتییەکانی خزمەتگوزاری) هاسانکاریی بۆ ئەندامانی بێ دەرەتان و هەژاری کۆمەڵگا دەکرد. بەو پێیە، هەموو ئەو گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییانەی پێشتر وەک ئەنجامی کۆمەڵێک پێکهاتەی نایەکسان و ناهاوسەنگ دەبیندران، ئێستا وەک ئەنجامی شایانێتیی کەسەکان و ڕادەی توانستی ئەوان، یان بەپێچەوانەوە، وەک ئەنجامی کەمتەرخەمی لە دەستپێشخەریی، نەرمێتی[51] و هوشیاریی

ئـــەوان لێکدەدرێنەوە. لەخـــۆڕا نییە کە لەم دواییانەدا، لـــە دامـــودەزگا دەوڵەتییەکانەوە گرتوویەتی تا مێدیاکان، هەموویان ستایشـــی دەوڵەمەندەکان دەکەن و کاری خێرداری بووە بـــە حەزی دەوڵەمەندەکانـــی وڵات و ڕۆژئاوا. ئەمانە وا دەنوێنن کە گۆیا هەژاری و نەداری هاومانان لە گەڵ تەمبەڵی و نەبوونی هەست بـــە بەرپرســـێتی، یان لە باشـــترین حاڵەتدا، بەدشانسی. بۆیەش خەونی بوون بە ئەستێرەی سـپۆرت یان موزیک، بووەتـە خەونێک کە بـــەردەوام لە لایەن مێدیاکانیشـــەوە بەرهەم دێتەوە.[٥٢]

بـــە کورتی ئـــەم دوو ڕەوتەی ســـەروو، ناوەرۆکی گواســـتنەوەیەک دەدرکێنن کە لە سۆنگە و لە ئەنجامی تەشەنەی نیۆلیبراڵیزمدا ڕوویـــان داوە و تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەســـتن بە ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئایدیۆلۆژییانەوە کـــە بەرەبەرە ڕوخســـاری ڕۆژئاوایان گۆڕیوە. هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان دەکـــرێ بەتەواوی لە لایەنە سیاســـی و ئایدیۆلۆژییەکان جیـــا بکرێنەوە، بەڵام بە بڕوای من ژیرانە ئەوەیە کە ئێمە ئەم دوو لایەنە تێکەڵ نەکەین. لە شـــێکارییەکی جیددیدا، دەبێ ئێمـــە بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن گۆڕانکارییـــە پێکهاتەییەکان، مەرجە شیمانەییەکانی[٥٣] سیاسەتیان گۆڕیوە؟ چۆن ئەم گۆڕانە پێکهاتەییانە، زەمینە ماددییەکانی گۆڕانکاریی ئایدۆلۆژی و سیاســـییان بەرهەم هێنـــاوە، یان لەبارخســـتووە؟ بەتایبەت ئێمە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە نیۆلیبراڵیزم، چۆن توانـــی بیرۆکەکانی خۆی ئـــاوا بەجەماوەری بکات؟ چۆن ئەمیان توانـــی لەم گۆڕانکارییە پێکهاتەییانەدا، ڕۆژەڤی سیاسیی بەرهەست و کۆنکرێت ساز بکات و پەسندی جەماوەری بەرەو خۆی ڕاکێشێ؟

## نیۆلیبراڵیزم لە گۆشەنیگایەکی فۆکۆیانەوە

لە ئەدەبیاتی سیاسیدا، نیۆلیبراڵیزم بە گشتی وەک ئایدیۆلۆژی و تیۆرییەکی سیاسی باسی لێ دەکرێت، کە خوازیـــاری کەم کردنەوەی دەســـەڵاتی دەوڵـــەت و کەرتـــی گشـــتییە. هاوکات، وێـــڕای دژایەتییەکی توند لەگەڵ یەکێتییەکانـــی کرێـــکاری و فەرمانبـــەری، داکۆکی بەبرشـــتانە لە مافـــی خاوەندارێتی و بەتایبـــەت خاوەندارێتیی تاکەکەســـی دەکا. هەروەهـــا هەوڵـــی بەئەهلـــی کردنـــی بیمە کۆمەڵایەتییەکان و هەموو ئەو ڕاژە گشتییانە دەدات کە ڕوویـــان لە هاووڵاتییانـــە. ئەمانە هەموو دەتوانن ڕاســـت بن، بەڵام وێنەیەکی تەواو لە نیۆلیبراڵیزم پێشـــان نادەن. بۆ وێنە گوتنی ئـــەوە کە نیۆلیبراڵیزم دژی دەوڵەت و خوازیاری کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتە، لە هەموو شـــوێنێک ڕاست نییە. ئەوە کافییە ســـەیری مامەڵەی دەوڵەتانێکی وەک ئەمریکا لـــە دوای قەیرانی ئابووریـــی ٢٠٠٨ لە گەڵ بانکەکاندا بکەین. یان ئێستا لە جەرگەی پەتای کۆرۆنا دەبینین کە دەوڵەت لە نیۆلیبراڵترین وڵاتەکانیشدا، خۆی لە حوکمداری نادزێتەوە. لە ڕاستیدا ڕەنگبێ ئەوە خودی دەوڵەت نەبێ کە نیۆلیبراڵیزم کێشەی لەگەڵدا هەیە، بەڵکوو کارکـــرد و ئاراســـتە و جـــۆری حوکمداریی دەوڵەتـــە کە بۆ ئـــەوان گرینگە. بۆیەش لەم بارەیـــەوە پێم وایـــە ڕوانگەیەکـــی فۆکۆیانی زیاتر یارمەتیمان بـــدات لە ئاڵۆزییەکانی ئەم دیاردەیە تێبگەین.

لـــەم دیـــدەوە، نیۆلیبراڵیـــزم لـــە پلەی یەکەمـــدا، وەک عەقڵانییەتێکی سیاســـی[٥٤] دەبینددرێ. مەبەست لە عەقڵانییەتی سیاسی، ئەو کردەوە و بیرۆکانەن دەربارەی باشترین و کەمگرترین شێوەی کارگێڕی و حوکمڕانیی خود و ئەوانی تر.[٥٥] فۆکۆ باسی نیۆلیبراڵیزم، چەشـــنی عەقڵانییەتێکی سیاسی لە ئاستی حوکمڕانێتیـــدا[٥٦] دەکات.[٥٧] ئـــەم چەمکە ئاماژەیـــە بە کۆمەڵـــێ کـــرد و پێداچوونەوە ســـەبارەت بە باشـــترین شـــێوەی شـــیاوی بەڕێوەبەرێتـــی و حوکمڕانێتی. بەم واتایەش

نیۆلیبراڵیزم بریتییە لە «کۆمەڵێ دامەزراوە، ڕێکار، لێکدانەوە، پێداچوونەوە، ژمێریاری (هەژماردن) و تاکتیک» کە شێوەیەکی تایبەت لە دەسەڵات و زانیاری مەیسەر دەکات.[٥٨] یەکێ لە مەبەستەکانی ئەم شێوە دەسەڵاتەش، دۆزینەوەی باشترین و باڵاترین شێوەی حوکمڕانییە بە کەمترین کەرەسەی مومکین و هەرزانترین شێوەی مومکین. بەم مانایە کە ئێمە چۆن دەتوانین خەڵک بەرەو مەبەست و ئامانجێکی تایبەت هان بدەین، بەبێ ئەوەی ئەوان هەست بەوە بکەن کە ئەمە بژاردەی ئەوان نییە. بۆ نیۆلیبراڵیزم بازاڕ باشترین و تاکە مۆدێلی ئەم چەشنە حوکمڕانییە پێک دێنێ.

بۆیەش نیۆلیبراڵیزم دەکرێ وەک شێوە دەسەڵاتدارییەک پێناسە بکرێت کە لە حوکمڕانیدا، بانگەشەی باڵادەستی و سەروەریی بازاڕ و لۆژیکی بازاڕ دەکات و، پێی وایە هەموو کەرت و بەستێنەکانی دیکە، لە کەرتی گشتی و تایبەتەوە گرتوویەتی تا بەستێنی (حوزە) سیاسی و کولتوری، دەبێ گوێڕایەڵی لۆژیک و پرەنسیپەکانی بازاڕ بن کە بریتین لە کێبڕکێ و کارایی و لە یاریی بەردەوامی نێوان خستنەڕوو و داوا.[٥٩] ئەمەش بەم هۆیە ساکارە کە بازاڕ و لۆژیکی بازاڕ، پێکهاتووە لە باشترینەی حوکمڕانی.[٦٠] بەم پێیە دەبێ کۆمەڵگا لە لایەکەوە بەگوێرەی پرینسیپەکانی بازاڕ و مۆدێلی ئابووری بەڕێوە بچێ و لە لایەکی دیکەشەوە، لۆژیکی بازاڕ دەبێ ببێتە پێوانەی ڕاستی و دروستی بۆ نرخاندنی توانست و ڕەوایەتیی دەسەڵاتی سیاسی.[٦١] بە کورتی، ڕەوایەتیی سیاسەت بەم چەشنە دەبێتە پرسیارێکی ئابووری.

بەم مانایە، گرینگە ئێمە سەرنجی ئەم خاڵە بدەین کە بۆ نیۆلیبراڵیزم، بازاڕ تەنیا شوێن و پێگەیەک نییە بۆ کێبڕکێ، بەڵکوو پێگەیەکە بۆ هەقیقەت. واتە هەقیقەتی بازاڕ تەنیا هەقیقەتێکە کە نیۆلیبراڵیزم ملی بۆ دادەنوێنێ و دانی پێدا دەنێ. هەقیقەتی سەرەکیی بازاڕیش ئەوەمان پێ دەڵێ کە کێبڕکێ، کۆڵەکەی حوکمدارییەکی کارا پێکدێنێ. ئیتر فەرقیش ناکات ئەمە حوکمداریی کۆمپانیا و شەریکە یان دەوڵەت و قوتابخانە، یاخود هونەر و زانست بێت. بۆیەش دەکرێ بڵێین کۆمەڵگای ئایدیاڵی نیۆلیبراڵیزم یان ئۆتۆپیای کۆمەڵایەتیی ئەوان لە ڕاستیدا کۆمەڵگایەکی پێکهاتوو لە کۆمپانیایە. ئامانجی نیۆلیبراڵیزم، هەر وەک فۆکۆ ئاماژەی پێ دەدا، کۆمەڵگایەکی سوپەرمارکێتی نییە بەڵکوو کۆمپانیاکۆمەڵگا و گشتاندنی فۆرمی کۆمپانیایە.[٦٢] مەبەست کردنی بازار، کێبڕکێ و کۆمپانیا بە هێزی هاندەری کۆمەڵگا و گەردوونیکردنی فۆڕم و قەوارەی کۆمپانیا لە هەموو کونو قوژبنی کۆمەڵگایە.[٦٣]

بۆ ئەم مەبەستەش چ بەربژارێکی باشتر هەیە لە کاردێر کە هەم بەجەستەکردنی سامانی مرۆییە و هەمیش لە هەموو ڕووەوە گونجاوە لەگەڵ مەرجەکانی بازاڕ، یان لەوانەیە باشترە بڵێین، ئەو بەرهەم و زادەی لۆژیکی بازاڕی پۆست فۆردیزمە. نیۆلیبراڵیزم هەر وەک گووتم، داواخوازی حوکمدارێتییەکی ناڕاستەوخۆیە. بەڵام ئەوەی بۆ نیۆلیبراڵیزم و لە تیۆریی سامانی مرۆییدا گرینگە، دەستێوەردانە لە ژینگە و دەورانپشتی مرۆڤەکان، بەبێ ئەوەی ڕاستەخۆ مرۆڤەکان بپێکێ. واتە مرۆی نیۆلیبراڵ، مرۆڤێکە کە هەستیارە بە گۆڕانکارییەکانی دەورانپشتی و بە دەستێوەردانەکانی ئەم ژینگەیەی تێیدا دەژی. ئەو کەسێکی گوێڕایەڵ و شیاوی کۆنترۆڵە. بۆ ئەم مەبەستەش هەر وەک گوتم، کافییە ئێمە گۆڕان لە دەورانپشتی مرۆڤەکان پێکبێنین، جا ئەمە لە ڕێگەی یاساوە بێت یان بەربەستکردن یان بەرفرەوانکردنی مەودا بۆ ئەم یان ئەو بژاردەیە. ئەم شتەش دەوری ناوەندیی هەیە هەم بۆ پرسی

سـوبژێکتیڤیتی و هەمیش بـۆ عەقڵانییەتی حوکمداریێتی. چونکو ئەگەر ئەمە ڕاست بێت کە سـووژەی نیۆلیبراڵی گوێگر و هەستۆکە لەمەڕ گۆڕانکارییەکانی دەورانپشتی، ئەوسا بۆ هەڵسـوڕان و ئاراستەدان بەم کەسە پێویستە کۆمەڵـێ تەکنیـک، تاکتیک، سـتراتیژی و شێوازی حوکمداری بدۆزرێتەوە کە ئەنجامی دڵخوازی لێ بکەوێتەوە.[۶۴] هەمووی ئەمانەش ڕاسـتەوخۆ گرێـدراوی بیرۆکەی سـامانی مرۆیین.

## سامانی مرۆیی

سەوداگەری شاستوونی سیاسەتی پەروەردەی ئێمرۆی ڕۆژئاوا پێکدێنی و بەرهەمهێنانەوەی سـەوداگەر، لـە هەمـوو خوێندنگـە و دامودەزگایەکی پەروەردە، وەک سیاسـەتی فەرمـی بەڕێوە دەچێ. سـەرکەوتوویی ئەم بیرۆکەیـەش تارادەیەکی زۆر لەم ڕاسـتییە سەرچاوە دەگرێ کە نیۆلیبراڵیزم لە شۆردنەوە و پاککردنەوەی لایەنی ئایدیۆلۆژییانەی چەمکی سەرمایەی مرۆیی سەرکەتوو بووە و توانیوێتی ئەم چەمکە وەک دەستەواژەیەکی تەکنیکی، ئابووری و زانسـتی بنوێنێ. لەم گونجاندن و بەتاڵکردنەی ئەم چەمکەشدا، هەموو ڕەهەندە بووناسـانە و ئیپسـتمۆلۆژییانەی ون دەبن. بۆیـەش لە پێناسـەی ئەم دەسـتەواژەیەدا زۆرجـاران تەنیا باسـی ئـەوە دەکرێت کە پەروەردە بەرهەمهێنەری سـامانی مرۆییە و سـامانی مرۆییش بەنـۆرەی خۆی یاریدەری گەشـەی ئابووریی وڵاتە. بەڵام ئەم چەشـنە پێناسەیە، هەروەک پیتر فلێمینگ دەنووسێ، پەردە دەخرێتە سەر لایەنە نگریسەکانی ئەم چەمکەوە.[۶۵]

هـەروەک فۆکـۆ ئامـاژەی پـێ داوە، بیرۆکـەی سـامانی مرۆیی لـە دوو ڕووەوە فـرە گرینگە. یەکەم ئەمە ڕێـگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی ڕێسـا و یاسـای ئابووری بەسەر بوارە نائابوورییەکانـدا بسـەپێنن. ئەمـەش مانای ئەوەیە کە لەمـەولاوە دەبێ هەموو بوارەکانی ژیان، لە خۆشەویسـتییەوە تـا حیزبایەتی، خوێندن، کارکردن و هتد سـەردانەوێنن بۆ لۆژیکـی بازاڕ و بە پێی پرەنسـیپەکانی بازاڕ بەڕێوە بچن. واتە ئەمە ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی چەشنە ڕاڤەیەکی ئابووری، بەسەر ئەو دیاردە و بەسـتێنانەی لە دەرەوەی ئابوورین، داسـەپێندرێت؛ ئەمـەش خۆی لـە خۆیدا دابڕینێکە لە ڕوانینـی ئابووریی نەریتی. بەم چەشـنە «کار» ئیتـر چەندایەتییەک نییە لە دەرەوەی شـرۆڤەکاریی ئابووری (وەک لای کێنیز یان مارکـس)، بەڵکوو چۆنایەتییەکە کە دەکەوێتە خانەی شیکاریی ئابوورییەوە.[۶۶]

گرینگیی ئـەم شـرۆڤەیە، لەوەدایە کە ئەوەی بنەمای ئابـووری پێکدێنێ، ڕەفتاری مرۆڤەکانـە نـەک ڕەوت و میکانیزمەکانـی پشت بەرهەمهێنان. ئەوسا ئەرکی ئابووری لە حاڵەتێکی وادا، بریتییە لە شیکاریی ڕەفتاری مرۆڤ و ئاوەزمەندیـی ناوەکیی ئەم ڕەفتارە. بـۆ نیۆلیبراڵیزم ئەوەی لەم نێـوەدا گرینگە، شـیکاری و شـرۆڤەی ڕەفتـار و چالاکی و جوڵـەی مرۆڤەکانـە. بۆ؟ چونکـە هەمووی ئەمانە لە هەڵکشـان یان داکشـانی داهاتی مرۆڤدا دەور دەبینن، جا ئەوە سـینەماچوون و کتێبخوێندنەوە بێت، یان مەشـقی دانس، خوێندنی بالا، زمانفێربوون و یان منداڵداری و کارکـردن. کۆی ئـەم داهاتەشـە، کێش و وەزنـی سـامانی مرۆیی دیـاری دەکات. بەم جۆرە هەمـوو چالاکییەکی مرۆڤ وەک وەبەرهێنان[۶۷] دادەندرێت کە بەسـەریەکەوە سـامانی مرۆیی پێکدێنن. وەک دانەری ئەم بیرۆکەیە، تیۆدۆر شـولتز دەنووسێ، مرۆڤ و سـەرمایە دووانەیەکـی لێکدانەبڕاون، مرۆڤ خۆی سەرمایەیە.[۶۸]

ئەوسـا لای نیۆلیبراڵیزم، مـرۆڤ وەک سەرمایە و بەرجەستەکردنی سەرمایە، پێناسە دەبێت. وەک ئەنجامێکی ئەم پێناسـەیەش، مـرۆڤ بریتییە لە کۆی هەموو ئەو داهاتە کە

لە ژیانیدا توانیوێتی کۆی کاتەوە. داهات لێرە بە مانای هەموو ئەو خاسڵەتە فیزیکی و ڕۆحی و هەموو ئەو تایبەتمەندییە تاکەکەسییەی کە مرۆڤێک هەیەتی: لە لەشساغی، بەهرەی زمانی، جوانیی لەش و توانستی زمانییەوە تا کورتی و درێژیی جەستە، ڕەنگی پێست، ڕەگەز و ... کەوایە مرۆڤ لە کۆتاییدا شتێک نییە جگە لە ئەنجامی بژاردەکانی. هەموو شت لە مووچەوە تا خوێندنی باڵا دەگوازرێتەوە سەر بەرەچەی سامان. بەم چەشنە، کار، سەرمایە و داهات و مووچە، هەموویان ئاوێتەی یەکدی دەبن.[٧٠]

دەرئەنجامێکی دزێوی ئەم بیرۆکەیە ئەوەیە: ئەگەر کار وەک سەرمایە دەژمێردرێ، واتە تاکتاکی ئێمەش وەک کۆمپانیایەکی خاوەن سەرمایە دەژمێردرێین. ئەوسا نە کار و نە میکانیزمەکانی بەرهەمهێنان گرینگییەکی ئەوتۆیان نابێت لە شەرۆڤەی ئابووریدا. لە جیاتی ئەوان ئەوە کۆمپانیا و کۆمپانیادارییە کە کۆڵەکەی ئەم شەرۆڤەیە پێکدێنێ. دەرئەنجامێکی دیکەی ئەم ڕوانینە، پەیوەستە بە پرسی سۆبژێکتیڤیتی. ئەگەر مرۆی ئابووری کۆمپانیایە و بەرهەمی بژاردەکانییەتی، نەک پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، ژیانی شەخسی و شانس و ڕێکەوتەکان، ئەوسا ئێمە ناتوانین ئەو بە یارمەتیی لایەنە ئانترۆپۆلۆژییەکان یان کۆی ژیانێکی بایۆگرافییانە پێناسە بکەین، کە بۆ وێنە لای کەسێکی وەک پییەر بوردیۆ ناوەندییە. کە مرۆڤ بووە ئەنجامی چالاکی و بژاردەکانی، سۆبژێکتیڤیتی وەک ئەندرو دیلتس[٧٠] دەنووسێ، دەبێتە شتێکی بەتاڵ.[٧١] واتە مرۆڤ دادەکێشرێتە ئاستی کۆمای سەرمایەگوزارییەکانی خۆی و بنەماڵەکەی.

لێرەشە کە خودی نیۆلیبراڵ، بەوتەی کۆمەڵناسی ئەڵمانی، ئولریخ برۆکلینگ،[٧٢] لە سەوداگەرەوە دەبێتە خودسەوداگەر،[٧٣] یان بە وتەی فۆکۆ، سەوداگەری خود.[٧٤] بەم پێیە مرۆڤ دەبێتە سەکۆیەکی بەردەوام بۆ سەرمایەگوزاری لە سەر خود. چونکە ئێستا ئەوە ڕادەی ژیری و وردبینی و بژاردەی دروستی ئێمە لە چەشنی سەرمایەگوزارییەکی عاقڵانەیە کە چارەنووسی ئێمە دیاری دەکات و بەختەوەری و نەهاتیی ئێمە لەقەڵەم دەدات. هەر ئەوەشە کە سەوداگەری نەتەنیا دەبێتە چەشنە ئاوەزمەندی و عەقڵانییەتێک، بەڵکوو تەنانەت وەک ئەرکێکی ئەخلاقیش دەژمێردرێ.[٧٥] ئەمە لە ڕاستیدا چی لە شۆڕشێک کەمتر نییە کە دێتە سەر دارشتنەوەی مانای مرۆڤ و پێناسەکردنی دووبارەی ئەم.[٧٦]

با لە کۆتاییدا ڕەهەندێکی دیکەی فرە مەترسیداری ئەم بیرۆکەیەش بخەینە ڕوو. ئەگەر ئێمە وەک کۆمپانیایەک، خاوەن سەرمایەین، واتە ئێمە بە مانایەک هەموومان سەرمایەدارین. چونکە ئەگەر کار وەک سەرمایە بە حسێب بێت؛ ئەگەر جەستە و زمان و هوشیاری و عادەتەکانمان سەرمایە بێت، ئەوسا دژبەریی نێوان سەرمایە و کار ون دەبێت و هەڵدەوەشێتەوە. ئەوسا سەرمایەداری وەک سیستەمێکی خاوەنی دژایەتییەکی نێوەکی نییە، بەڵکوو مەیدانی ڕکەبەرایەتی و کێبڕکێی پرۆژە جیاوازەکانە. بەم مانایە هەموو کەسێک خاوەنی سەرمایەیە، کەم و زۆری سەرمایەکان، پەیوەندیی بە پێکهاتە نارەواکانەوە نییە، بەڵکوو ئەنجامی سەرمایەگوزارییەکی باش یان گەوجانەیە. ئەوا ئێمە هەموومان دەبین بە سەرمایەدار، بەڵام هەندێکمان سەرمایەداری کالفام و هەژارین، هەندێکیشمان دەوڵەمەند و وریا. لەم ڕەوتەدا، دیاردەی وەک چەوسانەوە و نایەکسانی ئەگەر بێ مانا نەبن، وا لە باشترین حاڵەتدا، وەک ئەنجامی بژاردە عەقڵانی یان ناعەقڵانییەکانی ئێمە بەحسێب دێن. ئینجا پرسی نایەکسانی و چەوسانەوە دەکەوێتە خانەی ئیپیستۆلۆژی و تەنانەت سایکۆلۆژییەوە، چونکو نایەکسانی

دەبێتە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو تایبەتمەندییە ڕۆحـــی، هوشـــیاری و جەســـتەییانەی تاکەکان هەیانە، نەک سروشـــت و خاسڵەتی ســـەرمایەداری، کۆمەڵـــگای چینایەتـــی و ناهاوسەنگی پیوەندییەکانی دەسەڵات.

## دەرئەنجام

ســـەرتۆپی ڕوانینی نیۆلیبراڵیزم بە مرۆڤ لە ســـەر بنەمای تاکسالاری و عەقڵانییەتی تاک ڕاوەســـتاوە. بەڵام لـــە ناخی ئـــەم ڕوانینەدا، دووفاقییەکی بووناســـانە هەیـــە کە ڕەنگبێ ڕەگەزی ڕۆشنگەریی تێدا بەدی بکرێت. واتە لـــە لایەکەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی عەقڵانییە و وەک تـــاک، خاوەنی ســـەروەرییە، لە هەمان کاتیشـــدا، ئەم تاکە پێویســـتی بـــە هەندێ ڕێنوێنی و بەڵەدی هەیـــە. واتە عەقڵانییەت وەک توانست شیاوی بەدیهاتنە، بەڵام مەرج نییە بەدی بێت. بۆیەش مرۆڤەکان (یان بەشێ لە مرۆڤـــەکان) توانســـتی عەقڵانیی کافییان نییە و بۆیەش پێویســـتییان بە چاوەدێری و ڕێنوێنـــی کردنە. ئـــەوەی لای نیۆلیبراڵیزم و ڕوانینی ئـــەم بە حوکمرانی ڕوو دەدات و ئەو ئەنجامە تەواو ڕادیکاڵانـــەی لێ دەکەوێتەوە، ئەوەیە کـــە نیۆلیبراڵیزم پێی وایە باشـــترین ڕێگـــەی هیدایەت و ڕێنوێنیـــی تاکەکان لە ڕێگەی دەســـتێوەردان و گۆڕینی دەورانپشت و مەرجەکانـــی ژیانـــی ئەوانە. ئەو چەشـــنە گۆڕینە شوێن دادەنێتە سەر ئاراستە و جۆری بژاردەکانی تاک.

نیۆلیبراڵیـــزم لـــە پـــاڵ ئەمـــەدا و بـــۆ مسۆگەرکردنی ئەنجامی شیاو و چاوەڕوانکراو، هەموو ژوور و بەستێنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتورییەکانیـــش تووڕدەداتـــە خانـــەی شـــیکارییەکی ئابووری. بەمجـــۆرە هەمووی ئەو دامەزراوانەی کە بە شـــێوەیەکی نەریتی دەکەونە دەرەوەی بەســـتێنی ئابووری (وەک خۆشەویستی، دۆستایەتی، هونەر، پەروەردە، ڕاهێنان و...) لەپڕ خۆیان لە ناوەندی بەستێنی ئابووریـــدا دەبیننەوە و ناچـــار دەکرێن وەک هەموو بوارە ئابوورییەکان، تەسلیمی لۆژیکی کێبرکـــێ، کارایـــی و مەزندەکردنی بەهاکان بن.[۷۷] ئەم وەرچەرخـــان و کۆلۆنیالیزەکردنی بەســـتێنەکان بەر لە هەموو شـــت لە ڕێگەی تیۆریی سامانی مرۆییەوە مومکین دەبێت.

هـــەروەک گوترا، نیۆلیبراڵیـــزم بە زۆری چەک خۆی بە ســـەر کۆمەڵگا، یان دامەزراوە و دامودەزگا پەروەردەییەکاندا دانەسەپاندووە، بەڵکوو بـــوون، ئامادەیـــی و هێژمۆنی ئەوان، ئەنجامی ڕەوتێکی فرە دوورودرێژ و ئاڵۆز بووە. نیۆلیبراڵیزم دەبێ وەک ڕێژیمێکی هەقیقەت ســـەیری بکرێت کە هێز و وزەی تارادەیەکی زۆر لـــە گرەوی توانســـتیان لە ڕاکێشـــان و قەناعەتپێهێنان بە خەڵکدایە.

هێژمۆنی نەزمێکی ئاڵۆزی دەســـەڵاتە کە پێکهاتووە لە گرێچنێک لە ئارەزوو، شـــوناس، خولیا، ئەمەگداری و پەیوەندی کە مرۆڤەکان بەیەکـــەوە گـــرێ دەدا. ئـــەم هێژمۆنییە تا ئەوکاتەی هێژمۆنییەکی دیکـــە ئالنگاری[۷۸] نەبێ، خـــۆی وەک نوێنـــەری هەقیقەتێکی گەردوونی و نەگۆڕ دەنوێنێ. کەوایە هەقیقەت مەرج نییـــە دەقاودەقی واقیـــع بێت یان لە گەڵیـــدا بگونجێ. هەقیقـــەت دەتوانێ وێڕای بێدەنگی لە بەشێکی واقیع یان گوێ کرکردن و دەرهاویشتنی بەشـــێکی واقیع سەرهەڵبدا. یـــان لە ڕێگـــەی بەعەقڵانیکردنـــی ڕەفتار و هەڵســـوکەوتەکانەوە خـــۆ بخزێنێتـــە توێێ وێژمانەکانەوە. ئەوسا ئەمە توانستی هەقیقەتی وێژمانەکانـــن کە لە ئاســـتی واقیعدا خۆیان دەردەخەن و بۆیان هەیە واقیع تووشی گۆڕان بکـــەن. بیرۆکەی ســـەوداگەری نموونەیەکی باشـــی ئەم چەشـــنە هەقیقەتەیە، واتە بوونی ئێمە بە ســـەوداگەر لە ســـۆنگەی وێژمانێک بوو کە ســـەوداگەریی بـــە هەقیقەت دەزانی، ئەگـــەر چی ئەم هەقیقەتە هێشـــتا لە دایک نەببوو. ئەمە وێژمانەکانـــی نیۆلیبراڵیزم وەک ڕێژیمێکـــی هەقیقەت بوون کـــە لە ڕێگەی

گۆڕینی دۆخ، دەورانپشت، یاسا و ڕێساکان و هاسانکاری یان تەگەرەخستنە بەردەم هەندێ ڕەوت، سەوداگەرییان بە هەقیقەت کرد.[٧٩]

ئەمە گرینگە سەرنجی بدرێتێ ئەگینا مەترسیی ئەوە هەیە کە ئێمە پێمان وابێ هەقیقەت ڕەگەزێکی ئەخلاقیی هەیە و هەمیشە خۆ دەخاتە پاڵ زوڵملێکراوەکان یان پێداگر بین لەسەر ئەم بروایە کە گۆیا هەقیقەت لای ئێمەیە و نەیارەکانمان (نیۆلیبراڵیزم) دوژمنی هەقیقەتن. ئەمە، لە ڕاستیدا چەشنە گەڕانەوەیەکە بۆ پۆزیتیڤیسم یان لە باشترین حاڵەتدا، مارکسایەتییەکی چەقبەستوو و ساویلکە. هەقیقەت، بەتایبەت لە خانەی ئەمری سیاسیدا،[٨٠] تەنیا ئەنجامی هەندێ فاکتی ئەزموونی نییە، بەڵکوو لە لایەکەوە بەرهەمی یارییەکی بەردەوامی دەسەڵات/زانیاری و برشتی وێژمانییەکانە و لە لایەکی دیکەشەوە، ڕەهەندێکی بووناسانەی هەیە، واتە بەرهەمی دژبەرەکییەکە[٨١] کە لە ئاستی هەڵوێستە و ڕوانینێکی ڕەوشتی و سیاسییدا یەکلا دەبێتەوە. لەم کێشەیەدا، هەقیقەت دەبێتە پرسی ڕوانگە نەک واقیع. بۆیە ئێمە دەبێ لە هەمان کاتدا کە خۆمان دوور دەخەینەوە لە کەسانی «ترامپئاسا»، کە هەموو چەشنە فاکتێک دەبەنە ژێر پرسیار و گەمە بە زانست و زانیاری دەکەن، دەبێ هەمدیسان بەپارێز بین لە نزیکبوونەوە لەوانەی کە دیلی فاکتن و پێیان وایە زمانی فاکت، زمانێکی شەفاف و ڕاشکاوە. ئەمانە، دوو ڕووی دراوێکن.

پەروەردە و پێداگۆژی هەمیشە پەیوەندییەکی تۆکمەیان لە گەڵ ئەمری سیاسیدا هەبووە. بەم واتایە، پەروەردە و پێداگۆژی هەمیشە لە خانەی هەقیقەتێکی تایبەتدا بەدی دێن و دەخولێنەوە. بۆیەش، هەموو چەشنە سیستەمێکی سیاسی، لە دێموکراتەوە تا توتالیتەر، سیستەمی پەروەردە و پێداگۆژیی تایبەتی خۆی هەیە. ئەوە بە یارمەتیی لەشکرێک توێژەر، پسپۆڕ، بیرمەند و کەسانی ئاکادێمییە کە نیۆلیبراڵیزم، نەتەنیا توانیوێتی ڕەوایەتیی خۆی جێ بخات، بەڵکوو تەنانەت شەرعییەت بەو پەروەردەیە بدات کە لە بنەڕەتدا دژە لەگەڵ پەروەردەی پێشڕەو، کە پەروەردەی هێژمۆن بوو. ماکێکی سەرەکی لەم سەرکەوتنەشدا، لە سۆنگەی چێکردن و گۆشکردنی سەوداگەر و ڕۆحی سەوداگەری لە پەیکەری کۆمەڵگادا بووە. پڕۆژەی نیۆلیبراڵیزم بۆیە لەم ڕوانگەیەوە، کەمتر نییە لە ئوتۆپیایەک کە بەرایی[٨٢] وەدیهاتووە. پڕۆژەیەکی ئاواش تەنیا کاتێ دەتوانێ بەدی بێت کە خۆی لە چنگی مرۆڤە ڕاستەقینەکان ڕزگار کردبێت. چونکە هەر وەک جان کێری[٨٣] دەڵێ، مرۆڤە واقیعییەکان ناتوانن لە ئوتۆپیادا بوونیان هەبێ، چونکو ئۆتۆپیا لە ئەساسدا مەبەستی جێگیرکردنی دنیایەکی دیکەیە لە جیاتی ئەم دنیایەی مرۆڤە ڕاستەقینەکان ئاوەدانیان کردۆتەوە.[٨٤] بۆ ئەم مەبەستەش هەموو پڕۆژەیەکی سیاسی پێویستی بە سۆژەسازییەکی خۆماڵی هەیە.

کە دەڵێم نیۆلیبراڵیزم بەرایی لێرە ئامادەیە، چونکو ئەمڕۆ تایبەتمەندیی سەوداگەری و گرینگیی کۆمپانیاداری نەتەنیا نکۆڵی لێ ناکرێت، بەڵکوو بە فەرمی خراوەتە ناو بەشێ لە بەرنامەی خوێندن.[٨٥] بە هەمان شێوە، جێپەنجەی سامانی مرۆیی لە هەموو بەڵگە پەروەردەیییەکان و سیاسەتی پەروەردەدا بەرچاو دەکەوێت. کەوایە پرسی سەرەکی لە وڵاتێکی بۆ وێنە وەک سوید، ئەوە نییە کە ئایا وێنای سەوداگەر و سەوداگەری، دێموکراتییە یان نا، بەڵکوو پرسیار ئەمەیە کە ئێمە چ لەم دووفاقی و دژبەرایەتییە دەکەین کە لە نێوان کردەی نیۆلیبراڵی سیاسەتی پەروەردە و خواست و فانتازیای بەرواڵەت دێموکراتی ناو بەڵگەنامە فەرمییەکاندا هەیە؟ دێموکراسی چ داهاتوویەکی لە وڵاتێک دەبێت کە بە فەرمی خەریکە شارۆمەند بە سوودی تێبەر

هەڵوەشێنێتەوە؟

بە کورتی، نیۆلیبراڵیزم دەیەوێ لە سەر بنەمای ئابووری و بازاڕ و بە پلەی یەکەمیش کێبڕکێ، وەک شاکەرەسەی حوکمرانی، هەموو ئەو گرفت و کێشانەی پەیوەستن بە ژیان، مرۆڤ و دەورانپشتی ئەو، بەعەقڵانی بکات. واتە هەموو شتێک، لە خودەوە تا ژیان دەبێت چۆک دادەن بۆ لۆژیکی بازاڕ و بەم چەشنە، هەموو بەستێنەکانی ژیان و سیاسەت لە هاوسەری و منداڵ ڕاهێنانەوە تا بیمەی کۆمەڵایەتی و پەروەردە، دەبنە ژێرکەرتی ئابووری. لەم نێوەدا، سەوداگەر دەبێتە پاڵەوانی سەردەمی ئێمە و هەموو ئێمەش حەولمان دەبێتە گەیشتن بە سەوداگەری وەک ئایدیاڵێک. لە کۆتاییدا، ئەوەی دەمێنێتەوە تاکەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەوان. کەوایە سەیر نییە کاتێ سیاسەت و حیزبایەتی دەبێتە کێبڕکێی دامودەزگاکان بۆ وەرگرتنی دەنگ. لە کەشێکی وادا، بەرژەوەندیی گشتی دەبێتە یەکەم قوربانیی بەرژەوەندیی ئابووری، ژمارەی لایکەکانی فەیسبوک و دیاگرامی بازاڕەکانی بورس.

ئەگەر ئێمە بمانەوێ بەرەنگاری ئەم دۆخە بینەوە، دەبێ وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە چ سووژەیەکی دیکە توانستی خۆگونجانی لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕە پێکهاتەییانە هەیە و لە هەمان کاتیشدا، دەتوانێ خاسڵەتی دێموکراتییانە و یەکسانیخوازانەی خۆی بپارێزێ؟ هیوای سیاسی تەنیا وابەستە نییە بە بارودۆخی شیاو، ئەمە هاوکات بەستراوەتەوە بە خولیا و خەونێکی سیاسی کە شیاوی وەرگێڕانە، بەبێ ئەوەی ڕەهەندە ئانتاگۆنیستییەکانی پشتگوێ خرێن.

## ژێدەرەکان

١. ئەم باسەی من زیاتر لە ئاستێکی گشتیدا دەبێت و لە بنەڕەتدا لەسەر ئەزموونی وڵاتانی ڕۆژئاوایە، نەک کوردستان یان ئێران، چونکە بەداخەوە ئاگاداریی من لە پرسی پەروەردە و بارودۆخی کوردستان بەرتەسکە. سەرەڕای ئەمەش دڵنیام کە سەرەڕای هەندێ جیاوازیی بارودۆخ، لە بنەڕەتدا تەئسیری نئولیبرالیزم لە ناوچەی ئێمەشدا بە ئاشکرا دیارە و وێکچوویی لە گەڵ بارودۆخی ڕۆژئاوادا کەم نییە.

لە هەندێ زمانی ئوورووپی (بۆ وێنە لە زمانی ئەڵمانی و سویدیدا) جیاوازییەک هەیە لە نێوان (-bildningochutbildning/bil dungund ausbildung) کە ئێمە لە زمانە ئانگلۆساکسییەکاندا نایدۆزینەوە. لە ئینگلیزیدا بۆ وێنە چەمکی education بەمانای پەروەردە و ڕاهێنان دێت. واتە دوو مانای لێک جیاواز لە چەمکەکەدا هەیە کە بە گشتی گرژییەکی ناوەکیی چەمکەکە پێشان دەدات. بەم مانایە education هەمیشە دوو ڕەهەندی جیاواز بەیەکەوە دەبەستێتەوە: پەروەردە و ڕاهێنان. یەکەمیان بە مانای فێرکاری و گواستنەوەی زانیارییە و ئەویتریان بە مانای ڕاهێنان و پەروەردەی ەەسایەتی. لە فارسیدا دووانەی "آموزش و پرورش" لە جیاتی -ed ucation هاتووە بۆ ئەوەی ئەم دوو ڕەهەندە بگرێتەوە. پەروەردە لە کوردیدا زیاتر لە پرورشی فارسی نزیکە تا آموزش. لە وەرگێڕانی آموزش و پرورش لە کوردیدا زۆر جاران "پەروەردە و ڕاهێنانەوە" یان "پەروەردە و فێرکاری" دێت. بە هەرحاڵ کاتێ ئێمە باسی پەروەردە دەکەین دەبێ ئەم دووفاقێتییە لە بیر نەکەین، چونکە جەختکردن لەسەر ئەم یان ئەو ڕەهەند زۆر جاران بارێکی دیاری ئایدیۆلۆژیکی هەیە. لە باری مێژووییەوە بە گشتی لایەنی ڕاست و کۆنسێرڤاتیڤەکان پێداگریی زیاتر لەسەر پەروەردە و گواستنەوەی زانیاری وەک ئەرکی سەرەکیی دامەزراوەی پەروەردە دەکەن، لە حاڵێکدا زۆر جاران چەپەکان پیداگرن لەسەر دەوری ڕاهێنان، بەتایبەت ڕاهێنانی شارۆمەندێکی دێمۆکراتیک، وەک شائەرکی دامەزراوەیی پەروەردە.

2. Human capital theory

3. Subjectivity

4. Entrepreneur

من لێرە چەمکی سەوداگەر لە جیاتی (Entrepreneur) و سەوداگەری لە بڕی (entrepreneurship) بەکار دێنم . لە کوردی و تەنانەت فارسیشدا وشەیەکی شیاو جێ نەکەوتوون و لە هەندێ زمانی ڕۆژئاواییش هەر لەم وشەیە کەڵک وەردەگرن کە لە فەرەنسییەوە وەرگیراوە. وشەیەک لە بنەڕەتدا، لە دوو وشەی لاتینەوە هاتووە: "entre " بەمانای لە نێوان و، "prendes " بە واتای بەئەستۆگرتن و هەندێ جاریش فڕاندن و دەستبەسەرداگرتن هاتووە. لە خودی فەرەنسیشدا ئەم وشەیە (entrepreneur) تا سەدەی پازدە و شازدە بە مەبەستی ڕیسککردن، بەرەنگاربوونەوە و بەسەردا زاڵبوونی هەبووە. لە ئینگلیزیی کۆنیشدا ئەم وشەیە بەمانای دەستبەسەرداگرتن، وەئەستۆگرتن، ماجەراجو و مامەڵەچییەکی ماجەراجو بەکار هاتووە. بە کورتی، وشەکە بەمانای کەسێک هاتووە کە دەیەوێ کۆنترۆڵی لەسەر ژیانی خۆی هەبێت و دەوڵەمەند بێت. ئێمرۆ وشەکە لە ئاستی قامووسییەوە Entrepreneur کەسێک دەگەیەنێ کە لە مامەڵە کردن و کاسبیدا لە ڕیسککردن ناترسێ.

لە باری مێژووییەوە، ئەم چەمکانە ڕەنگبێ بەر لە هەموو کەس پەیوەست بن بە ئابووریزانی بەناوبانگ، یوسف شومپێتر (Joseph Schumpeter) کە لە کتێبی تیۆریی گەشەی ئابووری (١٩٣٤) باسی ئاوێتەکردنی سەرلەنوێی بەرهەم، شێوازی بەرهەمهێنان، بازاڕ و ڕێکخراوەکان بە شێوازێکی تازە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە سیستەمی ئابووریدا. سەوداگەر ئەم کەسەیە لای شومپتێر کە دەوێرێ خۆی دابڕێ لە شێوە نەریتییەکانی بازاڕ و هاوسەنگیی بازاڕ بشکێنێ. بۆیەش تەنانەت ئێمڕۆش لە زمانی ڕۆژانەدا وا باسی سەوداگەر دەکەن کە گۆیا ئەو پاڵەوانی تازە کەشفکراوی بازاڕە کە لە ڕیسککردن ناسڵەمێتەوە و ئامادەیە لە ڕێگەی پێداگری، لاساری، داهێنەری، بوێری و پلاندارێژی، داهاتووی خۆی مسۆگەر کات و لە هەمان کاتیشدا یارمەتیی گەشەی بازاڕ و ئابووریش بدات. ئەمە هەڵبەت ئەفسانەی نیۆلیبراڵییە بۆ شاردنەوەی نایەکسانی و چەوسانەوە لە کۆمەڵگادا. بەهەرحال، کە باسی سەوداگەر دەکرێت،

مەبەســت مرۆڤێکی ئابوورییە کە لە ڕووی عەقڵانییەت و حسـێب و کتێبـــەوە، ژیانی خـــۆی دادەڕێژێ و بەرژەوەندیـــی خۆی و نزیکانی خۆی لە ســـەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دیکەدا دادەنێت و هەروەها لە مامەڵەدا دەوێرێ لە کەرەســـەی شاز و شـــێوازی ناباو کەڵک وەرگرێ. لە مانای ڕۆژانەیدا، ئێمرۆ سەوداگەر کەسێکە کە لە هیچ کار و کەرەسەیەک بۆ دەوڵەمەندبوون و سوودی زیاتر نەپرینگێتەوە. هەربۆیەش من وشەی سەوداگەر و سەوداگەریم پێ شـــیاوترە لە وشەی بۆ وێنە"کاردێر"کارساز" و "کارخولڵقێنەر" کە هەندێ جار بەکار دێت. ســـەودا هەم مانای خولیا و مەیل بۆ وێنە لە "سەوداسەری" تێدایە، هەم چەشنە سروشتێکی مامەڵەکاری، بازرگانی و هەروەها چەشنە ماجەراجوویيەکی تێدایە و زۆر جار لە ئەدەبیاتیش هەر بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێت. هەڵبەت لێرە دەبێ سەرنجی ئەوەش بدرێت کە ئەم وشـــەیە لێرە وەک چەمکێکی شـــیکارانە کەڵکی لێ وەردەگیرێت و جیاوازە لە مانای شەقامی و ڕۆژانەی. واتە لێرە ئەوانە وەک مۆدێلی ســـوژەی نیۆلیبراڵی بەکاردێن کە لە بنەڕەتدا، تاکێکی عەقڵانییە کە خۆی قازانجی خۆی لە هەموو کەس باشتر دەزانێ و لە کێبڕکێش وەک باشترین کەرەسە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کەڵک وەردەگرێ. بۆ ئیتمۆلۆژیی وشەکان بڕوانە:

Carayannis, E.G. (2013). Encyclopedia of Creativity, Invention, Innovation and Entrepreneurship. New York, NY: Springer New York, 2013, pp. 569ff.

5. Neutral

6. Friedrich Nietzsche, On the Genealogy of Morals. New York: Vintage Books, 1989: 80.

٧. مـــن خۆم لە چەند وتارێکدا ئاماژەم بەم ڕێبازە جیاوازانە کردووە، لەوان:

Shamal Kaveh, ”Tillsammans mot entreprenörskapets förlovade land: Foucault om nyliberalism”, Tillsammans: politik, filosofi och estetik på 1960- och 1970-talen. [ed] Burman, Anders & Lennerhed, Lena, Stockholm: Bokförlaget Atlas, 2014, pp. 591–624.

لـــە ئینگلیزیدا ڕەنگبێ کورتترین وتار لەمبارەیەدا ئەم نووســـراوەی خوارەوە بێت:

Terry Flew, “Six Theories of Neoliberalism”, Thesis Eleven 2014, Vol. 122(1) 49–71

بۆ زانیاریی زیاتر من ئەو چەند کتێبە پێشنیار دەکەم کە لە ڕوانگەی جیاوازەوە نووسراون:

Philip Mirowski& Dieter Plehwe (red.), The Road from Mont Pèlerin: The Making of the Neoliberal Thought Collective. Cambridge: Harvard University Press, 2009; David Harvey, A Brief History of Neoliberalism. Oxford: Oxford University Press, 2005; Pierre Dardot& Christian Laval, The New Way of the World: On Neoliberal Society. Brooklyn. NY: Verso, 2014; Wendy Brown, Undoing the Demos: Neoliberalism’s Stealth Revolution. New York: Zone Books, 2015.

8. Negation

9. Regime of truth. See Michel Foucault, The Birth of Biopolitics. Lectures at the Collège de France, 1978–79. Basingstoke: Palgrave Macmillan, 2008, pp. 20; 18)

10. Homo oeconomicus

11. Adam Smith

12. Educational policy

١٣. خودی فۆردیزم لە ڕاســـتیدا هێماشە بۆ ئەو سازشە مێژووییەی لە نێوان کرێکاران و ســـەرمایەداران ساز بوو. سازانێک کە هەر دوو لایـــەن لە هەندێ بەرژەوەندی پاشەکشـــەیان کرد بۆ ئەوەی بتوانن بەبێ گرژی هاوژیانی بکەن. پۆستفۆردیزم بە پێچەوانە وەرگرتنەوەی هەموو ئەو بەڵێن و پەیمانانەی لەگەڵدا بوو.

14. Information and communications technology

15. Service sector

16. Didactics

١٧. لەمبارەوە بەتایبەت کۆمەڵناســـی فەرەنســـی فرانسووا دوبەیت (François Dubet) چەند بابەتێکی نووســـیوە لەوان باسی ئەوە دەکات کە کاتی خۆی قوتابخانە وەک بەشێک لە پرۆژەی مۆدێرنیتە، هەولـــی دا خۆی لە چنگی کەنیســـەکان ڕزگار بکات، بەڵام ئێســـتا خەریکی ســـیکۆلاریزەکردنی سێکۆلاریزمە وئەم وزەیەی نەماوە. ئەم پاپاییەش بە بەشێک لە خاسلەتی پرۆژەی مۆدێرنیتە دەزانێ.

18. Singular

19. Pierre Rosanvallon

20. Society of singularities

21. New individualism of singularity

22.  See: Pierre Rosanvallon, The Society of Equals, Cambridge. Mass.: Harvard University Press, 2013.

23. Keynesianism.

John Maynard Keynes ئابووریناسی بریتانی کە بیرۆکەکانی ئەم لە چلەکانەوە تا ناوەراستی حەفتاکان، بیرۆکەی زاڵی ئابووری بوو لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەشی هەرە زۆری وڵاتانی کاپیتالیستیدا. کەینز لیبراڵ بوو بەڵام دەورێکی گرینگی بۆ دەوڵەت داناوە لە بیرۆکەکانی و  پێی وابوو دەوڵەت دەبێ تا ڕادەیەک بازاڕ کۆنترۆڵ بکات و بازاڕی ئازاد خۆی ناتوانێ پلان بۆ خۆی دابڕێژێت.

24. Ordoliberalism

ئوردولیبراڵـــەکان دەستپێشـــخەری بیرۆکـــەی نیۆلیبراڵیزم بوون و هـــەر ئەوانیش بوون کە یەکەم جـــار کەڵکیان لەم چەمکە وەرگرت بۆ پێناســـەکردنی خۆیان. ئەمانـــە کۆمەڵێک ئابووریـــزان بوون کە لە زانســـتگەی فرایبۆرگ (Freiburg) کاریان دەکرد و کەســـانی بەناوبانگـــی وەک والتەر ئویکـــۆن (Walter Eucken)، فرانز بوم (Franz Böhm)، لودڤیـــک ئێهـــارد (Ludwig Erhard) و ئەلەکساندر ڕوستۆ (Alexander Rüstow)یان لەناودا بوون. ئەم گرووپە دوای شـــەڕی دووهەمی جیهانی دەورێکی سەرەکییان بینی لە بنیاتنانی یەکێتیی ئوورووپا و دامەزراوەکانی سەر بەم ڕێکخراوەیە.

25. Foucault, The Birth of Biopolitics, p. 105-106.

26. Privatization

27. Service sector

28. Collective

29. Collectivism

30. Solidarity

31. Progressive education

32. Entrepreneurship education

33. Restructuring

34. John Dewey

35. See: John Dewey, Democracy and Education: An Introduction to the Philosophy of Education. [New ed.]. New York: Free Press; 1999[1916].

36. Meritocracy

37. Social mobility

٣٨. واپێدەچێت چەمکەکە لە لایەن "ســـتیڤن بال"ەوە داهاتبێ. بۆ زانیاریی زیاتر سەیری ئەم کتێبەی بال بکەن.

Stephen J. Ball, Global Education Inc.: New Policy Networks and the Neo-liberal Imaginary. New York: Routledge, 2012
39. Programme for International Student Assessment.
40. Public good
41. private good
42. Consumer
43.Margaret Thatcher
44. Margaret Thatcher in an interview in Women's Own in 1987.
45. Individualism of singularity
46. Socialization of risk
47. Progressive tax
٤٨. هەربۆیەش لە ئاستی پێداگۆژی و زانستی پەروەردە لەپڕ سەرنجەکان ڕادەکێشرێن بەرەو ئەو بیرکار و سیستەمە فکرییانە کە لەودا دەوری پێکهاتەکان جددی گیراوە، لەوان کەسانی وەک پاڤلۆ فرێیری (Paulo Freire)، ئیڤان ئیلیش (Ivan Illich)، بازل بێرنستاین (Basil Bernstein)، پییەر بوردیۆ (Pierre Bourdieu).
49. Purchasing power
50. Careerism
51. Flexibly
٥٢. ڕەنگبێ هیچ دیاردەیەک وەک خەونی دەوڵەمەندبوون لە ڕێگەی بوون بە ئەستیرەی تۆپێن یان سینەما و مۆسیقا ئەم مەیل و ئاراستەیەی کۆمەڵگای ئێمە نیشان نەدات. کۆمەڵێ پرۆگرامی بازرگانی و گەردوونی وەک got talent، و idolو یان جیاوازی لە تەلەفیزیۆنەکان نموونەیەکن. بە ناشکوری نالێم خۆ ماڵپەڕ و ڕۆژنامەکانیش لە بەر هەواڵی کێبرکێی لیگاگانی تۆپێن و ژیان و پاشملەگۆیی (gossip) دەربارەی ژیانی ڕۆژانەی ئەستێرەکانی سپۆرت و موزیک شوێنیان بۆ شتی دیکە نییە.
53. Conditions of possibility
54. Political reason
٥٥.حوکمڕانی لای فۆکۆ تەنیا لە ئاست حکومەتیدا نییە و بەڕێوەبەری لە سەرەوە بۆ خوارێ ناگرێتەوە، بەڵکو حوکمکردن لە پێوەندیی شەخسی، بنەماڵەیی دەگرێتەوە تا خودبەڕێوەبەری. لە کوردیدا دەستەواژەی حوکمڕۆیشتن هەیە. بو وێنە من لە ماڵێ حوکمم نارِوا. واتە من لە ماڵێدا، هێزی بەریوەبەریم نییە. وشەی government و هاووێچووەکانی لە زمانی دیکە، زۆربەیان لەسەرەتا بە لەپاڵ مانای حوکمدانی دەوڵەتی، بە مانای بەڕێوەبردنی منداڵ ، خێزان و خودەوە هاتووە . فوکۆ کە باسی حوکمداری دەکات، ئەم مانایە فرەڕەهەندییەی مەبەستە.
56. Governmentality.
من نازانم چ بەرانبەرێک بۆ ئەم چەمکە دابنێم، ڕەنگبێ عەقڵانییەتی سیاسی باشترین بەرانبەر بێت، بەهەرحاڵ من لێرە وشەی حوکمڕانێتیم بەکار هێناوە. لە تاریفێکی کورت و سادەدا ڕنگبێ بتوانین حوکمڕانێتی وەک پانتاییەک لە تەکنیک و ڕێکار بۆ گۆڕین و هەڵسورانی (directing) ڕەفتاری مرۆڤەکان وەسف بکەین.
57. Foucault, The Birth of Biopolitics, pp. 33, 191.
58. Michel Foucault, Security, Territory, Population: Lectures at the Collège de France, 1977-78. Basingstoke: Palgrave Macmillan, 2009[2007], p. 108.
59. Supply and demand
60. Optimal government
61. Foucault, The Birth of Biopolitics, pp. 242-247.
62. " Not a supermarket society, but an enterprise society." Foucault, The Birth of Biopolitics, p. 147.
63. Foucault, The Birth of Biopolitics, pp. 148-149.
64. Andrew Dilts, "From 'Entrepreneur of the Self' to 'Care of the Self': Neo-liberal Governmentality and Foucault's Ethics", Foucault Studies, 2011: 12, s. 139.
65. Peter Fleming, The Death of Homo Economicus: Work, Debt and the Myth of Endless Accumulation. London: Pluto Press, 2017), p. 175.
66. Foucault, The Birth of Biopolitics, pp. 220-1
67. Investment
68. Theodore W. Schultz, "Human Capital: Policy Issues and Research Opportunities" in EconomicResearch: Retrospect and Prospect 1972, Volume 6, Human Resources, NBER, s. 8.
69. Foucault, The Birth of Biopolitics, p. 224.
70. Andrew Dilts
71. Andrew Dilts, "From 'Entrepreneur of the Self' to 'Care of the Self': Neo-liberal Governmentality and Foucault's Ethics", Foucault Studies, Number 12, October 2011, pp. 136-137.
72. Ulrich Bröckling
73. The Entrepreneurial Self. See Ulrich Bröckling, The Entrepreneurial Self: Fabricating a New Type of Subject. Thousand Oaks, CA: SAGE Publications Ltd, 2016.
74. Entrepreneur of the himself. See: Foucault, The birth of biopolitics, p. 226.
75. Luigi Pellizzoni L. Ontological Politics in a Disposable World: The New Mastery of Nature. Farnham: Ashgate, 2015, p. 61.
76. Philip Mirowski, Never Let a Serious Crisis Go to Waste: How Neoliberalism Survived the Financial Meltdown. London: Verso, 2013, p. 58.
77. Cost estimate
78. Challeng
٧٩. فوکۆ لەم کتێبەی خوارەوەدا باسێکی مێتۆدیکی لەم بارەیەوە هەیە. بڕوانە وانەی دەی ئەم کۆوانەیەی فوکۆ:
Michel Foucault, Subjectivity and Truth: Lectures at the Collège de France, 1980-1981. Basingstoke: Palgrave Macmillan, 2017, p. 221-236.
80. The Political
81. Antagonism
82. Already
83. John Carey
٨٤. ئەم قسەیەی جان کێریم لەم سەرچاوەی خوارەوە وەرگرتووە:
Ruth Levitas, Utopia as Method: The Imaginary Reconstitution of Society. Basingstoke: Palgrave Macmillan, 2013, p. 153-154.
85. Curriculum

# " تیۆری "

# ڕەچەڵەکناسیی ئاڵای کوردستان

**سەعید شەمس**

”

بۆ وێنا کردن، پاراستن و زیندوو ڕاگرتنی ناسنامەی نەتەوایەتیی هەر نەتەوەیەک کۆمەڵێک سیمبولی وەکوو ئاڵا و سروودی نەتەوایەتی پێویستە و کۆمەڵانی خەڵک لە ڕێگەی ئەو سیمبولانەوە، دەکەونە ژێر کاریگەریی بیری ئایدیۆلۆژیی نەتەوەپەرەستی و باوەڕ بە بوونی نەتەوەی خۆیان دێنن. ئاڵای نەتەوەیی کارکردی تایبەتی هەیە و هێمایەکە بۆ ڕەسەنایەتیی نەتەوە. ئەو کەسانەی کە سەر دادەنەوێنن بۆ ئاڵای نەتەوەیی، بە هی خۆیانی دەزانن بەڵام هاوکات ئاڵا ماڵ و مڵکی هیچکام لەو تاکانە نییە، چونکە ئاڵا هی نەتەوەیە.

“

## ١) پێشەکی

ئـاڵا و سـروودی نەتەوەیـی، دوو هێمـای گرینگـی هەموو جووڵانەوەیەکـی نەتەوەیی و هەموو وێژمانێکی ناسیۆنالیسـتین. هەموو دەوڵەت-نەتەوەکانـی بە فەرمی ناسـراو، لە پانتایی سیسـتەمی نێونەتەوەیـدا، خاوەنی ئاڵا و سـروودی نەتەوەیی خۆیانن. لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینـی، پەرلەمانی کوردسـتان لە عێراق بڕیارێـدا «ئاڵای کوردسـتان» وەکوو ئاڵای فەرمی و نیشـانە و هێمای پێکهاتەی «حکومەتی هەریمی کوردسـتان» لە سـەر دامودەزگاکانی حکومەتی هەڵبکات و، دوایەش لە سـاڵی ١٩٩٩ «یاسای ئاڵای کوردستان»ی لـە ئەنجومەنـی نیشـتمانیی کوردسـتان پەسـندکرد. لە ماوەی ٢٨ سـاڵی ڕابردوودا، ئاڵای کوردسـتان لە باشـوور و هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان جێگیر بووە و، وەکوو ئاڵای نەتەوەیی، لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و لـە لایەن خەڵکەوە، پەسـند کراوە. دیارە هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵێک ڕای جیاواز و تەنانەت دژ بەم بڕاردە و بڕیارەش لە ئارادا بوون و هەن.

پرسـیارە سـەرەکییەکانی ئـەم باس و تۆژینەوەیە بریتین لە: بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵە کە ئاڵای نەتەوەیی، شوێنیکی ناوەندیی لە وێژمانی ناسیۆنالیستییدا هەیە، ڕەچەڵەکی مێژوویـی «ئـاڵای کوردسـتان» چییـە؟ دروستبوونی ئەم ئاڵایە کە ئێستا وەکوو ئاڵای نەتەوەیی لە لایەن بەشیکی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردەوە پەسـند کـراوە، لە کەیەوە دەسـت پێدەکات و، چ تێکەڵاوییەکی لەگەڵ بیری سـەربەخۆیی کـورد هەبووە و هەیە؟ چۆنە کە بەر لە سـاڵی ١٩٩٢ شوێنەوارێکی تایبـەت لەم ئاڵایـە نابیندرێت؟ ئایا ڕاسـتە ئەو چەشـنەی کـە هەندێ لایـەن دەڵێن ئەوە ئاڵای نەتەوەییی کـورد نییە و تەنیا لە لایەن گروپێکی سیاسیی تایبەت لە باشووری کوردسـتان داسـەپێندراوە؟ لـە کۆتاییدا، بـە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵە کە هەمیشـە تێکەڵاوێک لە نێوان ڕابردوو و سیمبولەکانی ناسـیۆنالیزم و نەتەوە بوونـی هەیە، ڕەوتی نەتەوەوێناکردن دەکرێ لە ڕێگەی پێناسەی ئاڵای نەتەوەییەوە شـرۆڤە بکرێت؛ سیما و پێکهاتەی شەرۆڤەیەکی لەو چەشنە چییە و سـەبارەت بە بیری نەتەوایەتیی کورد چمان پێ دەڵێت و یان فێر دەکات؟

## ٢) ناسیۆنالیزم و نەتەوە وەک بەرهەمی قۆناغی مۆدێرنیتە

بێگومان ئـاڵا لە جیهانـی پیش-مۆدێرن و لە کولتـووری ئێمراتورییەکانی سـەدەکانی ناوەڕاسـت و تەنانەت لە قۆناغی باستانیشدا لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هەبووە. لە ئەرووپا ئاڵا لە ماوەی شەڕی خاچی و لە ژێر کاریگەریی کولتووری عەرەبی و ئیسـلامی گەشەیەکی جیاوازی بـە خۆیەوە دیت. چونکە لە باوەڕی ئیسـلامییدا، وێنەکێشـانی تاکـی زیندوو ڕێگەپێنـەدراو بـوو، کولتـووری عەرەبی و ئیسلامیی ئەو کاتە، پەنایان دەبرد بۆ نموونەی گشـتی (ئابسـتراکت).[١] لە ژێر کاریگەریی شـەڕی خاچی لە سـەدەکانی نێوەڕاسـت (١٢٩١-١٠٩٥) ئاڵا لە شـێوەی خاچدا و بە مەبەستی سەربازی و ئایینی لە ئەرووپا بەکار دەهێنـدرا. بۆ یەکەم جار کە ئاڵا لە دەرەوەی ڕەهەنـدی ئایینی و سـەربازی بەکارهێندرا، کاتـێ بـوو کـە کۆمپانیاکانـی بازرگانی و دەریاوانی بۆ ناساندنی خۆیان کەڵکیان لە ئاڵا وەرگـرت. لە دەرئەنجامی ئەو گۆڕانەدا ئاڵا لە سەدەی ١٦ی زایینەوە بە واتای غەیرەئایینی لـە ڕۆژئاوا بەکارهێنراوە کـە دواتر بەرە بەرە لە نێوان سـەدەی ١٦ و ١٨ی زاییندا بووە بە بنەمای ئاڵای دەوڵەتەکان.[٢]

لە ڕاسـتیدا، تا شۆڕەشـەکانی کۆتاییی سـەدەی ١٨، ئاڵاکان پەیوەست بە کۆمەڵانی خەڵکـی ئاسـاییەوە نەبـوون، بەڵکـوو هێمایەک بۆ نوێنەرایەتیی پاشـا و بنەماڵەی

فەرمانڕەواییەکانیان بوون.[٣] ئەوە کە ئاڵا وەکوو هێمایەک بۆ نوێنەرایەتی کردنی نەتەوەیەکی سەربەخۆ کەڵکی لێ وەربگیرێ، دیاردەیەکی مۆدێرنە و لە سەردەمی نوێ و مۆدێرندا داهێنراوە. بە واتایەک ئالاَ- چ ڕەنگەکانی و چ نیشانەکانی، تەنیا لە چوارچێوەی تایبەتمەندیی سەردەمی ناسیۆنالیزم و لە سۆنگەی ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیستییەوە دەبێت فام، شی و پێناسە بکرێت. ئاڵا و سروودی نەتەوەیی بەم شێوازەی ئێستا لە جیهاندا وەکوو ئەسڵێکی وەرچەم - بە بێ هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە پەسند کراوە- هەمیشە لە مێژوودا بەو شێوازە نەبووە و لە گوشەنیگای تیۆریی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخەوە، گرێدراوی تایبەتمەندیی سەردەمی نوێ و مۆدێرنیتەیە. سەردەمێک کە مێژووی دەستپێکی لە لایەن زۆربەی بیرمەندانی بواری تیۆریی کۆمەڵایەتییەوە وەکوو دەرئەنجامی شۆڕشەکان فەڕەنسا و ئەمریکا شی دەکرێتەوە کە لە کۆتاییی سەدەی هەژدەوە لە ئەورووپادا و لە باقی جیهان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە جێگیر دەبێت.[٤]

«دەستەواژەی ناسیۆنالیزم بەکار دەهێندرێ بۆ ئاماژەکردن بەو جووڵانەوە سیاسییانە کە بەدوای دامەزراندن یان بەکارهێنانی دەسەڵاتێکی دەوڵەتین و بە باسێکی ناسیۆنالیستی شەرعییەت دەدەن بەو کردەیەی خۆیان. باسی ناسیۆنالیستی داکترینێکی سیاسییە کە لە سەر سێ باوەڕ وێنا کراوە:

**الف)** نەتەوەیەک بە کاراکتێر و تایبەتمەندیی خۆیەوە بوونی هەیە.

**ب)** بەهاکان و بەرژەوەندییەکانی ئەو نەتەوەیە، دەبێت بە سەر بەهاکان و بەرژەوەندییەکانی تردا زاڵ بن.

**پ)** ئەو نەتەوەیە تا ئەو ئاستەی دەگونجێت، سەربەخۆ بێت. ئەوەش لانیکەم شێوازێک لە سەروەریی سیاسیی پێویستە.»[٥]

ئاوێتەبوونی ئەو سێ لایەنە، بەستێنێک بۆ بۆچوونی ناسیۆنالیستی و تێڕوانینێکی نوێ کە کۆمەڵانی خەڵکی ناوچە جۆراجۆرە جوغرافیاییەکان وەکوو نەتەوە پێناسە بکات، دەرەخسێنێ. لە هەنووکەدا زۆربەی بیرمەندانی تیۆریی کۆمەڵایەتی کۆدەنگییان لە سەر دوو ئەسڵ هەیە: یەکەم، نەتەوە بەرهەمی سروشتی یان گەشەی ڕاستەوخۆی تایبەتمەندییە جوغرافیایی و مێژووییەکان نییە، بەڵکوو پیش هەموو شتێک دیاردەیەکی کولتووری و سیاسییە. دووەم، هەرچەند نەتەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بریتییە لە کۆمەڵێک لە تاکەکان، بەڵام چەمکی نەتەوە هێمایەکە بۆ شتێکی باڵاتر و سەرتر لە کۆی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە. بە واتایەکی دیکە، نەتەوە لە هەلومەرجێکی دیاریکراوی وەکوو ئیرادەی ڕاستەخۆ و بڕیاری سیاسیی ئاگایانەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەخەڵکەدا، خۆی دەردەخا.

لە ڕوانگەی تیۆری کۆمەڵایەتیی هاوچەرخەوە، وێژمانی ناسیۆنالیزم تەنیا لە سەردەمی نوێ و لە ژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییانەی کە پیشەسازی و مۆدێرنیتە وەگەڕیان خست، دەرفەتی شکڵگرتن و گەشەی هەبوو. ئێرنێست گێڵنێر گوتەنی «ناسیۆنالیزم دیاردە و پرەنسیپێکی سیاسییە بانگەشەی ئەوە دەکات کە هاوچەشنیی کولتووری، بناغەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بێت [...] و پرەنسیپەکانی ئۆتۆریتە (دەسەڵاتی سیاسی) لە گەڵ یەکینەی کولتووریدا یەکانگیر بێت»[٦]. ئەو دیاردەیە، چ وەک پرەنسیپێکی سیاسی و چ وەک هەستی کۆمەڵانی خەڵک - نە تەنیا چەند کەس- لە قۆناغی نوێ و مۆدێرنیتەدا دەرفەتی شکڵگرتن و بەردەوامی هەیە. دەرئەنجامی لۆژیکی و

فیکریی ئەم تێڕوانینە ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم بەرهەمـــی هەلومەرجێکـــی کۆمەڵایەتـــی و مێژووییە کە لـــەودا، کەڵەکەبوونی کولتوور دەگاتە ئاســـتێکی نوێ، ئاســـتێک کە گێڵنێر وەکوو کولتووری باڵا یان کولتووری نەتەوەیی پێناســـەی دەکات و، ســـنوور و شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاســـی(دەوڵەت) بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیـــدا لە لایەن کولتووری نەتەوەییـــەوە دیاری دەکرێ. بـــە واتایەکی تر، لە ژێـــر کاریگەریی مـــاددی و ناماددیی چەرخـــەی گۆڕانـــی مۆدێرنیتە، بەســـتێنی ئاویتەبوونـــی وردەکولتـــوورە ناوچەییەکان دەرەخســـێ و کولتوورێکی نەتەوەیی شـــکڵ دەگـــرێ و ئەو کولتوورە دەبێتە ســـەرچاوەی شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسی(دەوڵەت).

لەم گوشـــەنیگایەوە، نەتەوە پێش هەموو شـــتێک، دیاردەیەکی کولتووری و سیاسییە کە لەســـەر بنەمای هاوپەیمانیی خوازیارانەی ئەندامانـــی گرووپێکی مرۆڤی و یان لە لایەن گرووپێکەوە کە خۆیان بە نوێنەری سەرجەمی ئەو کۆمەڵەیە دەناسێنن، گەڵاڵە دەکرێت. لە ڕێگەی ئامرازی ناسیۆنالیزمەوەیە کە بیرۆکەی نەتـــەوە، بە واتـــای کۆمەڵگایەکی سیاســـیی ڕێکخراو و دامەزراو، لە دەوڵەتێکدا کە خاوەنی حوکمڕانیی سەربەخۆیانەیە، جێگیر دەبێت. بە کورتی، ڕاز و ڕەمزی ســـەردەمی ناسیۆنالیزم لەوەدایە کە یەکینـــەی کولتووری(کولتووری نەتەوەیی) دەبێتە خاوەن توانســـت و هێزێک کە سنووری یەکینەی سیاسی دیاری بکات و شەرعییەتی پێ بدات.

تایبەتمەنـــدی و جیاوازیـــی بنەڕەتیـــی ســـەردەمی ناسیۆنالیزم لەگەڵ مێژووی پێش خۆی ئەوەیە کە بۆ یەکەم جار شـــەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسی لە پادشا، بنەماڵە، ئایین و هتد، دەگوازرێتەوە بۆ کولتووری نەتەوەیی. لەو ڕەوتەدایە کە پێکهاتەی دەســـەڵاتە سیاسییە کۆنەکان کە لە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەکان (بۆ وێنە؛ ئیمپراتۆریی عوســـمانی، ئۆسبێرگ، ڕووســـیا و هتد) یان هەڵدەوەشـــێنەوە و لە جێیـــان کۆمەڵێـــک دەوڵەت-نەتـــەوە نوێ دادەمەزرێن، یان ئەو ئێمپراتوریانە ناچار دەبن خۆیان دووبارە لە ڕووخساری دوڵەت-نەتەوەدا ڕێکبخەنەوە و شـــەرعییەتی سیاسیی خۆیان نـــەک بە ئایین، نەریت، بنەماڵە و هتد، بەڵکۆ بە کولتووری نەتەوەیی دابین بکەن.

### ٣) ئاڵای نەتەوەیی

چەمکی نەتەوە لـــە کاکڵی خۆیدا ئاماژەیە بە شـــێوازێکی مێژوویی تایبەت لە کۆمەڵگای مرۆڤی کە هەم خاوەن ناســـنامەی کولتووری و هەمیش دەرخەری ناسنامەیەکی سیاسییە. تەنیا لەو سۆنگەیەوە پێناسەی پەسند کراو و باوی نەتەوە؛ واتا کۆمەڵە خەڵکێک کە هەم ناو و هەمیش پێناسەیەکی تایبەتیان لە خۆیان، لە ئەفســـانەکانیان، لـــە کۆبیرەوەرییەکان، لە بەها و نەریتە هاوبەشەکانیان هەیە و بانگەشە بۆ شـــێوازی ژیـــان و کولتووری هاوبەشـــی خۆیان دەکەن، قابیلی فام و تێگەیشـــتنە. بۆ ڕامان و تێگەیشـــتن لەم پێناســـەیە، دەبێت تێگەیشـــتنێکی بابەتییانەمـــان لـــە چەمکی ئالۆزی نەتەوە هەبێت.

دەیوید میلێر، فەیلەســـووفی سیاســـیی هاوچەرخی بریتانیایی و یەکێک لە پسپۆڕانی ئەم بابەت و بوارە، بۆ هاسانکردنی ئالۆزیی ئەو چەمکە، نەتەوە وەکوو دیـــاردە و ویژمانێکی سێ ڕەهەندی  پێناسەی دەکات:

**ڕەهەندی یەکەم:** ڕەهەندی تاکێتییانەی نەتەوەیە. کاتێ کەســـێک دەڵێت من کوردم و یان تورکم، پێیداگری لە ســـەر ئەســـڵێکی گرینـــگ لە کەســـایەتیی خـــۆی دەکات. بە واتایەکـــی تـــر، بوونـــی خۆی بـــە هەبوونی ناســـنامەیەکی وێناکراو، واتـــا نەتەوەوە گرێ دەدا.

**ڕەهەنـــدی دووەم:** نەتـــەوە وەکـــوو «کۆمەڵەیەکی وێناکراو»، بریتییە لە ڕەهەندی ئەخلاقی و مۆڕاڵی. دەســـتەواژەی «کۆمەڵەی

وێناکـــراو» لە لایـــەن بێنیدیت ئاندرســـۆن لە کتێبەکـــەی لە ژێر ســـەردێری «کۆمەڵە وێناکـــراوەکان: کۆمەڵێـــک ڕامان لە ســـەر ڕەچەڵـــەک و بڵاوبوونەوەی ناســـیۆنالیزمدا» گەڵاڵە کراوە.[٧] مەبەســـت لەو دەستەواژەیە ئەوەیە کە هەر ئەندامێکی نەتەوەیەکی بۆ وێنە ٧٠ ملیۆنی، بە لانی زۆرەوە تەنیا چەند هەزار تـــاک لە ئەندامانی نەتەوەی خۆی دەناســـێ، بـــەڵام هـــاوکات هەســـتێکی بەڵێندارانەی بەرانبەر بە سەرجەمی ئەو ٧٠ ملیۆن خەڵکە هەیـــە. بە واتایەکـــی تر، ئەندامانـــی نەتەوە، بەرپرســـایەتییەکی ئەخلاقیـــی گەورەتریان بەرانبەر بە هاونەتەوەییەکانی خۆیان هەیە.

**ڕەهەندی ســـێیەم:** باس لە تایبەتمەندیی سیاســـیی نەتەوە دەکات، واتا کاتێک کۆمەڵە خەڵکێک خۆیان بە نەتەوە دەزانن، ویســـتی دیاریکردنی چارەنووســـی سیاسیی خۆیانیان هەیـــە و خوازیـــاری دامەزراندنـــی دەوڵەتی نەتەوەییی خۆیانن.[٨]

ئەو سێ ڕەهەندە کە نیشاندەری چەمکی نەتـــەوەن، وەکـــوو زەنجیرێـــک تێکئالاون و پێکهاتەیەکـــی تایبەت چـــێ دەکەن کە هەر چەشـــنە درز و قەڵشـــتیک لـــە یەکێک لەو ڕەهەندانـــە، کاریگەریـــی لە ســـەر ئەوانی تر دەبێت. هـــەر بۆیەش، هەســـتی نەتەوایەتی شتێکی سروشتی و یەکجارەکی نییە، بەڵکوو نەتـــەوە لە ئەنجـــام و تێکئالاویی ئەو ســـێ لایەنە وەکوو هەســـت و ئاگاییی ئەندامانانی بەرهەم دەهێنریت. لە بەردەوامیی ئەو باسەدا میلێـــر دەرئەنجامێکـــی پێنـــج ڕەهەندی بۆ تایبەتمەندیی ناسنامەی نەتەوایەتی پێشنیار دەکات: **١** باوەڕ: نەتەوە کاتێ بوونی هەیە کە ئەندامانی نەتەوەکە، باوەڕیان بە نەتەوەبوونی خۆیان هەبێت و ئەو هەست و باوەڕە زیندوو ڕاگـــرن؛ **٢** ڕەهەنـــدی دووەمی ناســـنامەی نەتەوایەتی هەڵگـــری بەردەوامیی مێژووییە؛ **٣** ســـێیەمین تایبەتمەندیـــی ناســـنامەی نەتەوایەتـــی، دەرخەری چـــالاک بوونی ئەو ناســـنامەیەیە، واتا نەتـــەوە کاتێ بوونی هەیە کـــە ئەندامانی نەتەوە چالاک بن و لە ڕێگەی کۆمەڵێک چالاکیی هاوبەشـــەوە ناســـنامەی نەتەوەیـــی زینـــدوو ڕاگـــرن؛ **٤** چوارەمین ڕەهەندی ناســـنامەی نەتەوایەتـــی ئاماژە بە چۆنایەتیی پەیوەســـتبوونی کۆمەڵە خەڵکێک بـــە شـــوێنێکی جوغرافیاییـــەوە دەکات؛ **٥** لـــە کۆتاییدا، ئەو گـــرووپ و توێژانەی کە نەتـــەوە پێکدەنێن، باوەڕییـــان بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیـــی خۆیـــان هەیە کـــە ئەوان لە نەتەوەکانی تر جیا دەکاتەوە.[٩]

بۆ وێنا کردن، پاراستن و زیندوو ڕاگرتنی ناســـنامەی نەتەوایەتیـــی هـــەر نەتەوەیەک کۆمەڵێک ســـیمبولی وەکوو ئالا و ســـرووودی نەتەوایەتـــی پێویســـتە و کۆمەڵانـــی خەڵک لە ڕێگـــەی ئەو ســـیمبولانەوە، دەکەونە ژێر کاریگەریی بیری ئایدیۆلۆژیی نەتەوەپەرەستی و باوەڕ بە بوونی نەتەوەی خۆیان دێنن. ئالای نەتەوەیی کارکردی تایبەتی هەیە و هێمایەکە بۆ ڕەســـەنایەتیی نەتەوە. ئەو کەســـانەی کە ســـەر دادەنەوێنن بۆ ئالای نەتەوەیی، بە هی خۆیانـــی دەزانـــن بەڵام هاوکات ئـــالا ماڵ و مڵکـــی هیچکام لەو تاکانـــە نییە، چونکە ئالا هی نەتەوەیە. ئالای نەتەوەیی لە دۆخێ دژوار و ئەســـتەمدا، کۆمەڵانی خەڵـــک یەکدەخا و خوئاگایی دەبەخشێ بە نەتەوە.

## ٤) ئالای نەتەوەیی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین

باس کرا کە ئالا و سروودی نەتەوەیی، وەکوو سیمبولەکانی ناسنامەی نەتەوایەتی، بەرهەمی ســـەردەمی مۆدێرنن و کاکڵیان لەگەڵ ئالا لە ســـەردەمی پێش مۆدێرن جیـــاوازە. گەرچی زۆرینەی تێفکرینە ناسیۆنالیستەکان، بنەمای تایبەتمەندیی نەتـــەوەی خۆیان بە یارمەتیی تێروانینـــی مۆدێـــرن گەڵاڵە دەکـــەن، بەڵام هاوکات خوازە و خولیـــای ئەوەیان هەیە کە ڕەچەڵەکی نەتەوەی خۆیـــان بە مێژوویەکی

زۆر کـــۆن پەیوەســـت بکەن. هـــەر بۆیەش، زۆرینـــەی ویژمانـــە ناسیۆنالیســـتییەکان، تێکەڵاوێکـــن لـــە بیـــری مۆدێـــڕن لەگەڵ نەریتی ڕابردو، پێشـــینیەی ئایینی و تەنانەت کۆمەڵێک ئەفسانە. ئەوە بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین زۆر ئاشکرایە.

لە لایەکـــەوە، ناسیۆنالیســـتەکان هەوڵ دەدەن تایبەتمەندیـــی نەتـــەوەی خۆییـــان بـــە جۆرێـــک گەڵاڵـــە بکـــەن کە لـــە گەڵ پێداویستییەکانی سەردەمی مۆدێڕن گونجاو بێت و بـــە پێداگرتن لە ســـەر ئەم جیاوازی و تایبەتمەندییانـــە، مافـــی جیابوونـــەوە و دامەزراندنـــی دەوڵەتێکـــی ســـەربەخۆ لـــە سیســـتەمی نێونەتەوەییدا بۆ نەتەوەی خۆیان مســـۆگەر بکەن. لـــە لایەکی تـــرەوە، هەوڵ دەدەن شـــێوازێک لە بەردەوامیی مێژوویی بۆ نەتەوەی خۆیان بسەلمێنن.

بـــە لەبەرچاوگرتنـــی ئـــەو باســـەی کە پێشـــکەش کرا، دەخوازم بڵێم کە گەڵاڵەڕێژ کردنی ئـــاڵای نەتەوایەتیی هەر نەتەوەیەک، گرێـــدراوی دۆخێکی سیاســـی-کۆمەڵایەتیی تایبەت و هەروەها بەرهەمی بیر و ڕوانگەی ئەو جیلـــە ڕووناکبیرەیە کە لەو دۆخەدا گەڵاڵەی ئاڵای نەتەوایەتی پێشـــنیار و پەسند دەکەن. بۆ وێنە، هەرچەند فیردەوســـی لە شـــانامەدا باســـی «دەرەفشی کاویانی» دەکات و داستان و ئەفســـانەی کاوەی ئاســـنگەر بە شێوازێک دەگێڕێتـــەوە و دەیخاتـــە قاڵبـــی شـــێعرەوە کـــە بەشـــێک لە خەڵـــک، وەکـــوو مێژووی ڕاســـتەقینەی ڕابـــردووی ئێـــران دەیبینن، بەڵام ئاڵای نەتەوایەتیـــی ئێران تا دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمیشە بە نیشانی «شـــێر و خـــۆر» ڕازاوەتەوە. ڕەنگە پێویســـت نەبێـــت ئاماژە بـــەوە بکەین کـــە گێرانەوەی ئەفســـانەکانی کۆنـــی «ئێرانـــی» و کردنی بە مێژووی ڕابردووی زنجیرە «شـــاهانی ئێرانی» لە لایەن فێردەوسییەوە، گرینگترین تەوەری ویژمانی ناسیۆنالیزمی ئێرانییە. بەڵام کە باسی ئاڵای نەتەوەییی ئێران دێتە گۆڕێ، شـــانامە بە تەواوی پشـــتگوێ دەخرێت و «دەرەفشی کاویانی» لە بیر دەچێتەوە. پرســـیار ئەوەیە بۆ لە نێوان دوو ئەفسانەدا، یەکیان وەلادەندرێت و ئـــەوی تریـــان هەڵدەبرێژدرێت؟ وڵامی ئەو پرسیارە تەنیا دەکرێ لە شیکاریی تێڕوانینی ئـــەو ڕووناکبیرانـــەی کە ئـــاڵای نەتەوەییی ئێرانیان دروســـت کردووە و ئەو دۆخەی کە تێیـــدا دەژین، بدۆزرێتەوە. ئاڵای نەتەوایەتیی ئێران لە قۆناغی شۆڕشـــی مەشـــرووتەدا لە لایەن مەشرووتەخوازانەوە گەڵاڵەڕێژ و پەسند کرا. هەرچەند لە دەوری ڕەزاشـــادا نیشانەکە کەمێـــک گۆڕانی بەخۆیـــەوە دیت، بەڵام ئەم ئاڵایـــە تـــا دامەزراندنـــی ڕێژیمـــی کۆماری ئیســـلامی وەکوو ئـــاڵای نەتەوەییـــی ئێرانی فەرمییەتی هەبوو.[۱۰]


ڕەچەڵەکی نیشـــانی «شێر و خۆر» خۆی وەستانێک دەخوازێ. کۆنترین ئاڵا بە نیشانی «شـــێر و خـــۆر» دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵی ۸۲۶ کۆچی (نیزیک بە ســـاڵی ۱۴۲۳ زایینی) کە دەکاتە دەورەی تەیمووریـــان.[۱۱] ئەو ئاڵایە لە شـــێوازی مینیاتۆردا لە کتێبی شاهنامەی شەمسەدین کاشانیدا کە داستانی داگیرکردنی نەیشابوور لە لایەن مەغۆلەکانی کردۆتە شێعر، هاتووە. لەو مینیاتۆرەدا شـــەرکەرانی مەغۆل، لـــە حاڵێکدا کە ئاڵایەک کـــە هێلالی مانگی تێدایە لە گەڵ ئاڵایەک کە نیشـــانی «شێر و خۆر»ی هەیە بە دەستییانەوەیە، نێشان دەدا. ئەم مینیاتـــۆرە هی کاتی گەمارۆی شـــاری نەیشـــابوورە لە لایەن ســـوپای مەغۆلەوە. لە ســـەدەی ۱۴ی زایینییەوە تـــا قەوارەگرتنی دوو ئیمپراتۆریی ســـەفەوی و عوســـمانی ئەو دوو نیشـــانەیە، واتا «شـــێر و خۆر» (زۆر جار شـــێر و شمشیر و خۆر) و هیلالی مانگ (زۆر جـــار هیلال و مانگ پێکـــەوە) لە لایەن ئەو پاشـــایانەی کە لە ناوچەکـــەدا حوکمڕانییان دەکرد بەکار هێنراوە.

بە سەرهەڵدانی دوو ئێمپراتوریی سەفەوی

و عوسمانی، نیشانی «شێر و خۆر» لە لایەکەوە و مانگ و هیلالێک لە لایەکی ترەوە دەبن بە نێشانەی ئەو دوو دەسەڵاتە. یانی تا ئەو کاتە، هەر دوو نیشان بەکار هێنراون. وەکوو دەزانین بەشـێکی بەرچاوی ئەو ئیمارەتانە کە ئێمرۆ لە لایەن ناسیۆنالیستە ئێرانییەکانەوە وەکوو ناسنامە و دەسەڵاتی «ئێرانی» دەناسێنرێن، لە لایەن تورکەکانەوە ئیدارە دەکران. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی زاڵ بوونی تورکەکان لە نێوان سەدەی ١٣تا ١٥ی زایینی لەو ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ مەهارەتی ئەسپ سواریی تورکەکان کە لە تێکنۆلۆژیی شەڕ لەو قۆناغە مێژووییەدا دەورێکی گرینگی دەگێڕا.

ئەڵبەت لە نێوان سەدەی ١٦ تا نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەی زایینی، تەرحی ئاڵای دوو ئێمپراتوریی سەفەوی و قاجار لە لایەکەوە و ئیمپراتۆریی عوسمانی لە لایەکی ترەوە چەندین جار گۆڕاون و دوو نیشانەی «شێر و خۆر» (لە ئاڵای سەفەوی و قاجاردا) و مانگ یان هیلالی مانگ (لە ئاڵای عوسمانییەکاندا) بە شێوازی جیاواز لەم ئاڵایانەدا دەبیندرێن. بەس ڕاشکاوانە دەبێت پێ لە سەر ئەوە دابگرین کە نە نیشانی مانگ یان هیلالی مانگ هێمایەکە بۆ ئیسلامی بوون و نە «شێر و خۆر» ئاماژەیە بە زەردەشتی بوون. نە یەکەمیان ڕەنگدانەوەی تورک بوونە و نە دووەمییان هێمایەکە بۆ ئێرانی بوون.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەی زایینی بەمـلاوە هەر دوو ئێمپراتوریی قاجار و عوسمانی، بە هۆی گرینگی و دەوری کاریگەری سیاسەت لە گۆڕەپانی جیهانیدا، فۆرمێکی یەکدەست بە ئاڵاکانییان دەدەن. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٤٩ سەرۆک وەزیری دەوڵەتی قاجار «ئەمیر کەبیر» فەرمانی دەرکرد کە ئاڵای دەوڵەتەکەی بە نیشانی شێر و خۆرەوە لە سەفارەتی لەندەن هەڵبکرێت کە تەرحەکەی بەو شێوەیەی خوارەوە بوو:



کە دواتر ئەو نیشانەیە بە دەستکارییەوە لە شۆڕشی مەشرووتەدا لە ناوەندی ئاڵای سێ ڕەنگی ئێران جێ دەگرێ.

ئێمپراتوریی عوسمانیش پاش چەند جار دەستکاری لە نیشانی مانگ و هیلالی مانگ بە ڕەنگی سپی لە سەر زەمینەیەکی سووردا، لە ساڵی ١٨٤٤ ئاڵای خوارەوەی وەکوو ئاڵای فەرمیی خۆی پەسند کرد و لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا هەڵیکرد.



جێی سەرنجە کە کەماڵیستەکان تەنیا لە ساڵی ١٩٣٦ ئاخرین ئاڵای ئێمپراتوریی عوسمانییان وەکوو ئاڵای نەتەوەی «تورک» و ئاڵای کۆماری تورکیا، بە فەرمی پەسند کرد، لە حاڵێکدا کۆماری تورکیا لە دوای پەیماننامەی لۆزان و لە کۆتاییی ساڵی ١٩٢٣وە بە فەرمی دامەزراوە و لە پانتاییی نێونەتەوییدا شەرعییەتی هەبوو، بەڵام کەماڵیستەکان هەمان ئاڵای ئیمپراتۆریی عوسمانیان بێ ئەوەی لە پەرلمانی کۆماری تورکیا پەسند بکرێت بەکار دێنا.[١٢]

بەڵام لە ئێراندا، ڕێبەرانی شۆڕشی مەشرووتە، ئاڵایەکی نوێیان وەکوو ئاڵای نەتەوایەتیی ئێران دروست کرد و تەنانەت نیشانی «شێر و خۆریش بە دەستکارییەوە لە ناوندی ئاڵاکە نەخشێندرا، بەو شێوەیەی

خوارەوە بوو:



**ئاڵای نەتەوایەتی ئێران لە شۆڕشی مەشرووتە(١٩٠٥)**

لە قوناغی سەڵتەنەتی ڕەزاشا و لە نێوان ساڵەکانی ٢٨-١٩٢٥، ئاڵای مەشرووتە بە جیاوازی و گۆڕانکارییەوە وەکوو ئاڵای نەتەوەیی پەسند کرا. ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دەورانی پەهلەوی لە ئاڵای مەشرووتەدا کرا، دوو لایەنی هەبوو. لە لایەکەوە سیمای شێر زۆر قوت کراوە تا وەک سیمبولی سەڵتەنەت زەقتر بەرچاو بکەوێت. لە لایەکی ترەوە، ژمارەی تیشکەکانی خۆرەکە کەم کراوە و خستییانە پشت شێرەکەوە و بۆ ئەوەی بەم چەشنە سیمای ژنانەی خۆرەکە کەم بکەنەوە. هاوکات شێرەکەشیان بە تاجەگوڵێک ڕازاندەوە. من لە شوێنێکی تر باسی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتی-سیاسییەم کردووە کە بوو بە پاڵ پێوەنەری گۆڕانی بنەڕەتی لە بیر و وێژمانی نەتەوایەتیی ئێرانیدا.[١٣]

## ٥) ئاڵای کوردستان بەرهەمی هزری جیلی یەکەمی ناسیۆنالیستی کورد

### ٥.١) پاشخانی سیاسی- مێژوویی

لە سی ساڵی ڕابردوودا بە هۆی کار و تێکۆشانی فیکریی نەوەی نوێی ئاکادیمیسیەنی کورد و هەروەها توێژینەوە بەنرخەکانی کوردناسانی ڕۆژئاوایی، کوردستاناسی(کوردۆلۆژی)، وەکوو لقێکی نوێ لە «خوێندنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین»، شکڵی گرتووە و بە فەرمی ناسراوە. لەم گۆشەنیگایەوە ئەم باسە تا ئاستێک پەسندکراوە کە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی کەم تا زۆر، هاوزەمەنە لە گەڵ ناسیۆنالیزمی ئێرانی، تورکی و عەرەبی، واتا لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ناسیۆنالیزمی ئەو نەتەوانە قەوارەدەگرێ.

بەڵام جیاوازییەکی گرینگ لە نێوان ناسیۆنالیزمی کوردی و ناسیۆنالیزمی ئێرانی و تورکیدا هەبوو و هەیە. پرۆژەی سیاسی و فیکریی یەکەم نەوەی ناسیۆنالیستی ئێرانی و تورک بریتیی بوو لە چاکسازی، نوێسازی و یان مۆدیرنیزاسیۆنی ئێمپراتورییەکانیان، کە لە ئەنجامدا ناسیۆنالیزمی ئێرانی و تورکی پاش ماوەیەکی کورت سیما و ئاخێوی ناسیۆنالیزمی ڕەسمی و فەرمییان[١٤] بە خۆیانەوە گرت. ناسیۆنالیزمی کوردی پێش هەموو شتێک دەبوو فیکر لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ، نەک نوێسازیی دەوڵەتێکی کۆن و دەرەبەگایەتی، بکاتەوە؛ هەر بۆیەش تایبەتمەندی و سروشتێکی سیاسیی هاوچەرختر و ڕزگاریخوازنەتری هەبوو.

بە پێی سەرچاوەکان ئەو ئاڵایە کە ئێستا وەکوو ئاڵای کوردستان پەسند کراوە بۆ یەکەم جار لە وەرزی هاوینی ساڵی ١٩٢٠ لە لایەن «تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد»[١٥] دروست کراوە، هەرچەند ڕۆژ و مانگی دروستکردنی ئەو ئاڵایە بە بەڵگەوە ڕوون نەکراوەتەوە[١٦]، تەنیا وەکوو گریمانەیەک دەکرێ بگوترێ لە تەمووزی ساڵی ١٩٢٠ دارێژرابێت. بۆ گەیشتن بە تێڕوانینێکی شیاو بۆ ئەو ڕووداوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی چەندین مانگی پێش ئەو کاتە.[١٧]

لە دوای وەستانی شەڕ و لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩١٨دا، ململانێیەکی توند لە نێوان هاوپەیمانان، بە تایبەت بریتانیاییەکان لە لایەکەوە و تورکەکان لە بەرەی مێحوەر لە لایەکی ترەوە، بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتیی کورد بۆ لای سیاسەتی ئەوان هەبوو. ئەوەش بە هۆی گۆڕانکاریی لە نەکاو و چاوەڕواننەکراوی

سالانی کۆتاییی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو. دەیڤید مەکداوڵ لەو بارەوە دەنووسێ: «لەگەڵ شکانی هێزەکانی عوسمانی لە سووریا و میزۆپۆتامیا لە ساڵی ١٩١٨دا، بە ناچاری نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوینیش دەبوایە جارێکی دیکە ئامادە بکرێت و دابڕێژرێتەوە: یەکەمین ئاماژە بۆ ئەم سنوورە، پێش کۆتاییی شەڕ لە نامە گۆڕڕینەوەکانی «حوسێن[١٨]- مەک هاموون» دەربارەی ناوچە عەرەبنیشینەکانی عوسمانیدا، کراوە [...] پاشان لە نوامبر (تشرین)ی ١٩١٧ دا بەڵشەڤیکەکان ورد و درشتی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆیان ئاشکرا کرد.»[١٩] دوای هاتنەسەرکاری بەڵشەڤییەکان، ڕووسیا بە فەرمی لە بەرەی هاوپەیمانان کێشایەوە و تەواوی ناوچەی ئەستەموڵ و دەربەندەکان و ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات، کە بەشێکی بەرچاوی کوردستانیشی لە خۆی دەگرت و لە ڕێکەوتننامەکەدا درابوو بە ڕووسیا، بە ناچاری کەوتە بەر بەرپرسایەتیی بریتانیای مەزن.[٢٠]

لە ساڵی ١٩١٨ بەملاوە توێژێک لە چالاکوانان و ڕووناکبیرانی کورد هەوڵیان دەدا ڕای زلهێزەکان بۆ مەسەلە و مافی کورد ڕاکێشن.[٢١] لە نێو ئەو بازنەیەدا، ژێنێرال محەمەد شەریف پاشا کە لە ئەورووپا نیشتەجێ ببوو، زۆر چالاک بوو. سەرچاوەکان باس لە پەیوەندی و چاوپێکەوتن لە نێوان شەریف پاشا و پێرسی کاکس[٢٢]، ئەفسەری سیاسیی بالای بریتانیا لە میسێۆپۆتامیا دەکەن کە لە مانگی جوون (حوزەیران) ساڵی ١٩١٨ ڕوویداوە.[٢٣] لەو دیدارەدا، شەریف پاشا گەڵاڵەی پڕۆژەیەک بۆ هاوکاری و پەیوەندیی نێوان کورد و بریتانیا بە کاکس پێشنیار دەکات. ویڵسۆن لە ساڵی ١٩٣٦ لەوبارەوە دەڵێت: :ئەو پیشنیارەی شەریف پاشا نیشانی دا کە ئەو زۆر هوشێارانە پێشبینیی جێبەجێ کردنی سیستەمی قەیومییەتی لە لایەن بریتانیاوە کردبوو.[٢٤]

بەڵام چالاکی و هەوڵ و تەقەلاکانی شەریف پاشا و هاوفکرانی، لە لایەن بریتانییەکان تا مانگی مەی ١٩١٩ پشتگوێ خرا کە لە ناکاو دۆخی ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا هات. واتا لە مانگی مەی (ئایاری) ١٩١٩ بە هاندانی هاوپەیمانان هێزی سەربازیی یۆنان لە ناوچەی سەمیرنا دابەزین. دوابەدوای ئەوە ئیتالیا هێزەکانی خۆی لە ئانتالیا دابەزاند. وەکوو مەکداوڵ بە جوانی باسی کردوە: «کاریگەریی دەروونیی ئەم ڕووداوانە لەسەر خەڵکی موسولمانی ئانادۆڵ لە ڕادەبەدەر بوو.»[٢٥]

لە ناو جەرگەی ئەو ڕووداوانەدا بوو کە کەماڵیستەکان لە ڕێگەی دژایەتی لەگەڵ هاوپەیمانان و لە ژێر دروشمی بەرگری لە وڵات و خاکی موسولمانان و شەرمەزار کردنی بێ دەسەڵاتی و سەرشۆڕیی دەوڵەتی عوسمانی پێگەی خۆیان لەناو خەڵکدا هەنگاو بە هەنگاو قایم کرد. لە پاییزی ساڵی ١٩١٩دا پاش ئەوەی کەماڵیستەکان پشتگیریی بەڵشەڤیکەکان و پشتیوانیی بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکیان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد، بوون بە هێزیکی سەربازی لە ئانادۆڵ. لە دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە «دەرکەوتنی کەماڵیستەکان لە ئانادۆڵ نیگەرانیی بریتانیای لە مەڕ خولقانی ناوچەیەکی ناوبر لە نێوان میزێۆپۆتامیا و تورکەکان، زیاتر کرد.»[٢٦]

لە کاتێکدا ئەمریکا و سەرۆک کۆمار ویلسۆن لە بەشداریی چالاکانە لە کۆنفرانسی ئاشتی سارد ببوونەوە و فەرەنسا نەیدەتوانی هێزێکی پێویستی سەربازی لە ناوچەکە جێگیر بکات، نیگەرانی لە دەسەڵاتی کەماڵیستەکان، بریتانیای مەزنی بەرەو سیاسەتی بەکارهێنانی کارتی کورد هاندا. لە ڕۆژی ٢٠ی نوامبر (تشرینی دووەم)، ڕاگەیاندراوی هاوبەشی بوغوس نۆبار، نوێنەری ئەرمەنەکان، لە گەڵ شەریف پاشا بڵاوبووە، کە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی، بایەخێکی گرینگی هەیە. لە

بەشێکی ئەو ڕاگەیاندراوەدا هاتووە:
«ئێمە کۆدەنگییەکی تەواومان هەیە کە پێکەوە لە سەر بنەمای پرەنسیپی نەتەوایەتی، داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆی ئەرمەنی و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی بە یارمەتیی یەکێک لە زلهێزەکان لە کۆنفرانسی ئاشتی بکەین [...] ئێمە ڕەزامەندیی تەواوی خۆمان لە ڕێزگرتن لە مافە ڕەواکانی کەمینەکانی ناو دوو دەوڵەتەکە ڕادەگەیەنین.»[۲۷] خاڵی گرینگی ئەو ڕاگەیاندنە ئەوەیە کە هەردوو لایەن، داوەریی کۆنفرانسی ئاشتییان بۆ دیاری کردنی سنوور لە نێوان دوو دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمەنی و کوردستانی لە داهاتوودا، قەبووڵ کردووە.

دروست دوای ئەم ڕاگەیاندنە وەکوو مەکدواڵ باس دەکات: «مستەفا کەماڵ کە باروپێگەی خۆی لە شوێنەکانی دیکەش پتەوکردبوو، داخوازییەکەی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێ، گشتی و ڕاستەقینە، لە لایەن سوڵتان محەممەدی شەشەمەوە پەسند کرا. لە جەنوەری (کانوونی دووهەمی) ۱۹۲۰ لایەنگرانی پەیماننامەی نەتەوەیی (میساقی میللی) کە لەسەر بنەمای بڵاوکراوەی کۆنگرەی سیواس ڕێکخرابوون، زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوایەتییان بۆ خۆیان دابین کرد .»[۲۸]

چەند مانگ دوای ئەو ڕووداوانە، ئەو ئاڵایە کە گویا پێشتر وەکوو نیشانە لە لایەن «جەمعییەتی تەعالیی کوردستان»ەوە[۲۹] بەکار هێنراوە، وەکوو ئاڵای نەتەوەییی کورد لە لایەن ڕێبەرانی «تەشکیلاتی ئێجتماعییەی کورد» پەسند دەکرێ.[۳۰] بە گوێرەی سەرچاوەکان ئەم ئاڵایە لە لایەن «تەشکیلاتی ئێجتماعییەی کورد»ەوە کە لە مانگی تەمووزی ساڵی ۱۹۲۰ لە «جەمعییەتی تەعالیی کوردستان» جیا ببووەوە پێشنیار و پەسند کراوە. هۆی دابڕانەکە ئەوە بوو کە ئەندامانی کۆمەڵەی نوێ داوای سەربەخۆییان دەکرد کە لە لایەن سەید عەبدولقادرەوە ڕەد کراوە.[۳۱] ئەندامانی «تەشکیلاتی ئێجتماعییەی کورد» بریتیی بوون لە کۆمەڵێک ڕووناکبیر و کەسایەتیی کورد[۳۲] کە لە لایەن «کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد»ەوە[۳۳] پشتیوانییان لێ دەکرا.[۳۴]

لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، باس و لێدوانی گەرموگوڕ سەبارەت بە ئاڵای کوردستان لە ئارادا بووە. وەکوو پێشتر ئاماژەیەکی کورتی پێ کرا، ئێستا خۆر و ۲۱ تیشکەکەی ئاڵای کوردستان لە چوارچێوەی ئایینی-کولتووریدا لێکدەدرێتەوە و ئەو باوەڕە جێگیر بووە کە ئەو نیشانەیە هەڵقوڵاوی باوەڕە ئایینییەکانی یەزدانی: عەلەوی، یارسانی و یان ئێزەدییە.[۳۵] پاڵپشتی سەرەکیی ئەو باسە ناسیۆنالیزمی تاراوگە بوو، بە تایبەت پاش ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان لە باشوور بڕیاری دا ئاڵای کوردستان بە فەرمی هەڵبکات و لە ساڵی ۱۹۹۹ «یاسای ئاڵای هەریمی کوردستانی عێراق»ی[۳۶] پەسند کرد، بڕەو بەو باسە درا.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو لێکدانەوەیەی لە سەرەوە دەربارەی ڕووداوەکانی چەند مانگی پێش ئابی ساڵی ۱۹۲۰ ئاراستە کرا، دەکرێ ئەم ئەنجامە وەربگیرێ کە هەندێ چالاکوانی کورد، گەشبین بوون بە پشتیوانیی بریتانییەکان لە کورد لە دانیشتنی داهاتووی کۆنفرانسی ئاشتی و، پێیان وا بوو دەرفەتێکی باش بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد ڕەخساوە. هەر بۆیەش، دەکرێ دارشتنی ئەو ئاڵایە بە بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییەوە پەیوەست بکەین.

وەکوو پێشتر ئاماژەم پێی دا، بیرۆکەی ناسیۆنالیستیی هەموو نەتەوەیەک بۆ نیشاندانی بەردەوامیی مێژوویی نەتەوەی خۆی، سیاسەتی هەنووکە بە لایەنێکی ڕابردوو دەڕازێنێتەوە. ئەوسا پرسیار ئەمەیە کە بۆ ڕووناکبیرانی کورد بۆ ئەو مەبەستە

دەبێ لایەنی ئایینە یەزدانییەکان (ئیزەدی، یارسانی و عەلەوی)یان هەڵبژاردبێت؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە کە بەشێکی زۆری رووناکبیرانی ئەو سەردەمە، قوتابیی «کۆمیتەی تەعاون و تەرەقی» و پەروەردەی دەستی کەسایەتییەکانی ئەو کۆمیتەیە وەکوو دوکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت بوون، ئەو بیرۆکەیە واتا رازاندنەوەی نیشانی ئاڵا بە کاکڵی ئایینی، وێناچێت هی ئەوان بووبێت.[٣٧] ئەمین عالی بەدەرخان و کوڕەکانی بنەماڵەی بەدرخان، زۆر ئەستەمە سەرچاوەی ئەو بیرۆکەیە بن.[٣٨] شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری و بازنەکەی، وەکوو رێبەرانی تەریقەتی نەقشبەندیش زۆر ئەستەمە سەرچاوەی ئەوە بن. هاوکات تا ئێستا شرۆڤەکاران، هیچ بەڵگەیەکی مێژووییان بۆ سەلماندنی دروستیی شرۆڤەی خۆیان پێشکەش نەکردووە، هەر بۆیەش ئەو شرۆڤەیە دەبێت وەکوو گریمانەیەک لێکبدرێتەوە. من بێ ئەوەی بخوازم خۆم تووشی وردەکاریی رەدکردنەوەی گریمانەکانی تر سەبارەت بە ئەو بابەتە بکەم لە جیاتیان گریمانەیەکی تر ئاراستە دەکەم.

## ٥.٢) تایبەتمەندیی وێژمانی نەتەوایەتیی کورد لە نێوان ساڵانی ١٨٩٨-١٩٢٠

لە حاڵێکدا بۆچوونی رووناکبیرانی کورد تا ساڵی ١٩١٣ بریتیی لە دابین کردنی مافی نەتەوایەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو، بە واتایەک، زۆرینەی ئەو رووناکبیرانە لە فیکری دابین کردنی مافی کورد لە چوارچێوەی چاکسازی و رێفۆرم لە دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، لەو ساڵە بەملاوە وەرچەرخانێک لە سیاسەت و وێژمانی نەتەوایەتیی رووناکبیرانی کورددا روو دەدات. چۆن دەکرێ ئەو گۆڕینە[٣٩] شی بکرێتەوە و، ئەو وەرچەرخانە چ گرینگییەکی بۆ شرۆڤەیەکی بابەتییانەی مێژوویی هاوچەرخی کورد هەیە؟

وەکو دەزانین «کۆمیتەی تەعاون و تەرەقی» لە ساڵی ١٨٨٩ لە لایەن چوار خوێندکاری پزیشکیی سوپای عوسمانییەوە دامەزرا. لەم چوار کەسە، دوویان (عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکووتی) کورد بوون و دووەکەی دیکەیان بە رەگەز ئاڵبانیایی و قرقیزی بوون.[٤٠] واتا لە سەرەتادا، هیچ تورکێک ئەندامی کۆمیتەکە نەبوو. کۆمیتەی تەعاون و تەرەقی لە سەر بنەمای «کاربونارۆ»کانی[٤١] ئیتاڵیا رێک خرابوو کە لە راستیدا، پێشەنگەکانی جووڵانەوەی «ریسۆرجیمێنتۆ»[٤٢] لە ئیتالیا بوون. بە گشتی کۆمیتەی تەعاون و تەرەقی، بانگەشەیان بۆ رێفۆرم و چاکسازی و گشتاندنی سیاسەتێکی رادیکال لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا دەکرد.

هاوکات قەوارەگرتنی ناسیۆنالیزمی کوردی بە چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٨ دەست پێ دەکات.[٤٣] دوایە «گۆڤاری هاوکاری و پێشکەوتنی کورد» (کورد تەعاون و تەرەقی گازیتەسی) لە نێوان ١٩٠٨-١٩٠٩ بڵاوبۆتەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٠٩ ئەو ئازادییانەی کە لە دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن «کۆمیتەی تەعاون و تەرەقی» مەیدانی پێ درابوو، لە لایەن تورکە گەنجەکانەوە راگیرا. لەو ساڵەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی سیاسیی گرینگ روویان دابوو. بۆ وێنە، بۆسنە و هێرزەگۆڤینا، لە لایەن وڵاتی ئۆتریش(نەمسا) وە داگیرکرابوو و بولغارستان، جیابوونەوە لە ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەربەخۆیی خۆی راگەیاندبوو.

ئەو گۆڕانکارییانە ئەندامانی «کۆمیتەی تەعاون و تەرەقی»یان تووڕە و نیگەران کردبوو. کوتلەی تورکەگەنجەکانی «کۆمیتە»، خۆپێشاندانی مانگی نیسانی ١٩٠٩ یان قۆستەوە بۆ کوودێتا کردن. ئەو خۆپێشاندانە لە ژێر دروشمی «شەریعەت لە مەترسیدایە»

و بۆ لایەنگری لە سوڵتان عەبدولحەمید لە ئیستانبوڵ بەرپا بوو، کە بە توندی لە لایەن تورکە گەنجەکانەوە سەرکوت کرا. ئەو رووداوە بوو بە دەرفەتێک بۆ کۆتایی هێنان بە لیبرالیزمی «کۆمیتەی تەعاون و تەرەقی». دوای سەرکوت کردنی خۆپیشاندانەکە، زۆربەی ئەندامە لیبرالەکانی کۆمیتە لە لایەن تورکە گەنجەکانەوە زیندانی و یان بۆ ناوچە دووردەستەکان تەبعید کران. هاوکات سوڵتان عەبدولحەمیدیان لە سەر کار لابرد و ئەنجومەن و کۆمەڵەکان و رۆژنامەکانیان داخست.[۴۴]

ئەو رووداوە، واتا کوودیتای تورکە گەنجەکان، زەنگێکی مەترسی بوو کە یەکەم نەوەی ناسیۆنالیستە کوردەکان هەستیان پێ کرد. لە سەر بنەمای ئەم پاشخانە، دەخوازم لێرە جوابی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە هۆکاری گۆڕان لە سیاسەتی بەشیک لە رووناکبیرانی کورد و جێگیربوونی ئەو گۆڕانە[۴۵] لە وێژمانیاندا چی بوو؟ واتا ئەو وەرچەرخانە و نابەردەوامییە[۴۶] لە تێڕوانینی ئەواندا لە ڕێگەی دەستنیشان کردنی دوو قۆناغ و جیاوازییەکانی ئەو دوو قۆناغە، ڕوون و شی بکەمەوە.

یەکەم قۆناغ کۆتایی سەدەی نۆزدە تا ساڵی ١٩١٣ دەگرێتەوە. لەم دەورەیەدا هەر چەند وشیاریی قەومی و نەتەوەیی لە چاپەمەنیی کوردیدا ڕەنگی دابووەوە بەڵام بابەتە سەرەکییەکانی، گرێدراوی مەسەلە و کێشەکانی کۆمەڵگای عوسمانی بوون. تێڕوانینی سەرەکیی «کۆمیتەی تەعاون و تەرەقی»، کە دوکتور عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکووتی لە دامەزرێنەرانی بوون، ڕیفۆرم و چاکسازی بوو لە پێکهاتەی ئیمپراتۆریی عوسمانی. بە واتایەکی تر، لە بەردەوامیی وێژمانی «رۆژنامەی کوردستان»، گۆڤاری «کورد تەعاون و تەرەقی گازیتەسی»، دەربڕی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی سیاسیی بەرفروانتر بوو و باسی لە کۆمەڵێک مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکرد کە ئەو کاتە کۆمەڵگەی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەگەڵیدا ڕووبەڕوو ببووەوە. نووسەرانی گۆڤارەکە باسی کۆمەڵێک مەسەلەی گرینگی وەکوو پارلەمان، مەسەلەی دەستوەردانی زلهێزکان، بایکۆت کردنی کاڵا و شتومەکەکانی وڵاتی بلۆژیک و مەسەلەی باڵکانیان دەکرد، کە سەرجەمی کاربەدەستانی ئیمپراتۆریی عوسمانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. پرس و ویستی کورد لەم وتارانەدا، لە چوارچێوەی بەرفراوانتری رووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی عوسمانیدا، گەڵاڵە دەکرا و لێکدەدراوە.»[۴۷]

قۆناغی دووەم، لە ساڵی ١٩١٣ و پێش هەڵگیرسانی شەڕی جیهانیی یەکەم و بە دەرکردنی دوو ڕۆژنامەی نوێی کوردی «رۆژی کورد» (١٩١٣) و «هەتاوی کورد» (١٤-١٩١٣) دەست پێ دەکات و لە دوای کۆتایی شەڕ، لە گۆڤاری ژین (١٩١٩-١٩١٨) و ڕۆژنامەی کوردستان (١٩١٩)، بەردەوام دەبێت. هەروەها لەم قۆناغەدا ڕێکخراوێکی سیاسی بە نێوی «جەمعیەتی تەعالیی کوردستان»[۴۸] دادەمەزرێ کە کەسایەتییە ناودارەکان و ڕۆشنبیرانی ئەو جەمعییەتە داوای جێبەجێ کردنی چارتی ١٢ بڕگەییەکەی ویلسۆن، سەرۆک کۆماری ئەمریکا، دەکەن. لەو شرۆڤەیەدا کاکڵی ئەو گۆڕانکارییە بە پێداچوونەوە بە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتە و هەروەها بە پشت بەستن بە لێکدانەوەیەکی جێی سەرنجی ژانێت کلایەن کە ساڵی ٢٠٠١ بڵاو بووەوە[۴۹] دەخەمە بەر باس و لێدوان. من پێشتر لە وتارێکدا ئاماژەم بە گرینگیی ئەو باسەی کلایەن کردبوو.[۵۰]

کلایەن دەڵێت: وێژمانی ئەو ڕۆژنامانە بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەکانی پێشوو «ڕەنگوبۆیەکی ناسیۆنالیستیی خەستتریان هەبوو و خوێنەرەکانیان هەنگاو بە هەنگاو شایەتی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندییەکانی

نێـــوان پێشـــکەوتنی نەتـــەوە و مەرجـــە بەرفروانترەکانـــی پێشـــکەوتن بـــوون. پێش ئـــەوە، نووســـەران لایەنگـــری مۆدێرنیتە و پەروەردەکردنـــی کوردەکان و پێشـــکەوتنی زمانەکەیـــان وەکـــوو ئامرازێک بـــۆ هاندانی کۆمەڵگـــە و سیاســـەتێکی تەندروســـتتری کۆمەڵگەی عوســـمانی بوون، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا، بە تایبەت لە دوای وەســـتانی شەڕ، باس و وتارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان و ژین زۆرتر باسیان لە سەر کاریگەریی خوێندەواری و ڕەهەندەکانـــی دیکـــەی مۆدێرنیتە وەکوو ئامرازەکانی وەدەستهێنانی ئامانجی نەتەوەیی واتا سەربەخۆیی کورد بوو».[٥١]

لە ســـاڵانی شـــەڕی جیهانیدا دەرفەتی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار زۆر بەرتەسک ببـــوو و تەنیا «ڕۆژی کورد» و «هەتاوی کورد» بۆ ماوەیەکی کـــورت بڵاوبوونـــەوە. بەڵام لە ســـاڵی ١٩١٨بەمـــلاوە، چالاکیـــی کۆمەڵە و ئەنجومەنـــەکان و بڵاوکردنـــەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەستی پێ کردەوە. لە هەمان کاتدا لە ژێر کاریگەریی ئەزموونی شەڕدا، تێڕوانینی ڕووناکبیرانـــی کـــورد لە بـــاری وێژمانییەوە، پێکهاتەیەکی تۆکمەتری بە خۆیەوە گرت.

خاڵی سەرنجڕاکێش لە باس و وتارەکانی ڕۆژنامـــە کوردییەکانی دوای کۆتاییی شـــەڕ، بابەتی ژنان و کەســـایەتیی ژنـــی کورد بوو. ژانێـــت کلایـــەن لەتۆژینەوەکەیـــدا لـــە ژێر ســـەردێڕی «بەجێندەر کردنی ناســـیۆنالیزم: ڕووناکبیران و کێشەی ژن؛ پەروەردە و زمان لە ناوەڕۆکی ناســـیۆنالیزمی کورد لە قۆناغی کۆتاییی ئیمپراتۆریی عوســـمانییدا»[٥٢] باس و شـــیکارییەکی ســـەرنجڕاکێش ســـەبارەت بە تایبەتمەندیـــی ناســـیۆنالیزمی کورد لەم قۆغەدا ئاراســـتە دەکات کە من لێرەدا قەرزم کردووە. لە دەستپێکدا ژانێت کلایەن ئاماژە بە وتارێکی گۆڤاری «ژین» دەکات کە لە مانگی ژوەن (حوزەیران)ی ساڵی ١٩١٩ لە ژێر سەر دێڕی «بۆ خوێنەرەکانمان» بڵاو بووەتەوە و ئەو وتەیەی لێ دێنێتەوە:

«کۆمەڵێـــک لە خوێنەرەکانمـــان لەکاتی گوتنی وشـــەی «ژین»دا کێشـــەیان هەیە و هەندێکیان وا تێگەیشـــتوون کە ئەم وشەیە «ژن»ە. بە هەرحاڵ وشـــەی ژیـــن بەتەواوی هاوتایە لەگـــەڵ ژیان، چونکە لە نووســـیندا پیتـــی (y) واتـــا ئی لە نێـــوان(J) ژ و (N)دا دێت، بە واتەیەکی تر وەکوو کەسرەی پێناسە وایـــە. ژن کە هاوتا فارســـییەکەی دەبێت بە «زەن» بێ ئی (y) دەنووســـرێت و بە کەسرە دەخوێندرێتـــەوە. ئەمـــە نموونەیەکـــە کـــە پێشـــاندەدات کۆمەڵێک واتای نامۆ و چەوت بەهـــۆی هەڵەیەکـــی بچووک لە نووســـینی پیتەکاندا دروســـت دەبێت، ئەمەش جێگەی داخە.»[٥٣]

دوای ئـــەو وتەهێنانەوەیە، ژانێت کلایەن دەرئەنجامێکـــی گرینـــگ گەڵاڵـــە دەکات و دەڵێـــت: «ســـەرهەڵدانی ژن و بـــە واتایەکی تۆکمەتـــر «کێشـــەی ژن»، لـــە ناوەڕۆکـــی سیاسەتی کورد لە ســـەرەتای سەدەی ٢٠دا ڕووداوێکی گرینگ بوو، نە تەنیا بەهۆی ئەوەی نیشـــانەی دروســـتبوونی فێمینیزمی کوردی بـــوو، بەڵکوو بەم هۆیە کە هاوکات بوو لەگەڵ ســـەرهەڵدانی کۆمەڵێک کێشـــە و ئەکتەری نـــوێ [...]. بە نیســـبەتی کـــورد، هەروەکوو بۆ زۆربـــەی بزووتنەوە ناسیۆنالیســـتییەکانی دیکەی هاوچەرخ، «کیشـــەی ژن» و تەنانەت خـــودی ژنیـــش دەوری زۆر گرینگی نەبوو، بەڵکوو بابەتێک بوو کە زۆرتر پیاوان بڕیاریان لە ســـەر گرینگایەتییەکەی دەدا و سیمبولی مەسەلەکانی دیکە بوو، واتا گۆڕەپانیک بوو بۆ خەبات لە پێناو کۆمەڵێک پرســـی بەرفراوانتر کە کۆمەڵگا لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو ببوو.»[٥٤]

ژانێت کلایەن لـــە درێژەی ئەو ئانالیزەی خۆیـــدا دەســـتەواژی «بەجێندەرکردنـــی ناســـیۆنالیزم»[٥٥] بەکار دێنێ و دەڵێت: «من هیوادارم بتوانـــم لەم وتارەدا نیشـــانی بدەم ‹کێشـــەی ژن› پەیوەندییەکـــی نەپســـاوەی

لەگەڵ کیشە گەورەترەکاندا هەبووە» و بۆ ئەو مەبەستە ئاماژە بە وتارێکی دوکتۆرعەبدوڵڵا جەودەت دەکات و ئەو وتەیەی لێ دێنێتەوە: «ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە بڕیار لە سەر چارەنووسی نەتەوەکان دەدرێت و بە فەرمی دەناسرێن»[۵۶]. واتا، پێداگری لە سەر دەوری پەروەردەی نوێ و مۆدێرن بۆ پێشکەوتنی ژنانی کورد و بۆ مسۆگەرکردنی ئامانجی نەتەوەیی کورد. لە سەر بنەمای ئەو باسە دەتوانین ئەو دەرئەنجامە پێشنیار بکەین کە جەختکردن لە سەر کێشەی ژن بۆ ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەی کورد سێ ئامانجی سیاسی و ڕێکلامی دەپێکا. یەکەم؛ «خۆ و ڕەوشتی ژنانی نەتەوە[۵۷] ئاوێنەی ئاستی پەرەسەندنی نەتەوەیە.[۵۸] پەرەسەندنی نەتەوەکان و کۆمەڵە خەڵکەکان هەمیشە بە گوێرەی پێگەی ژنانیان لە کۆمەڵگادایە».[۵۹] دووەم؛ بڵاوکردنەوەی ئەو فیکرەی کە: «ژنان دەورێکی ئاشکرایان لە نەتەوەسازیدا هەیە و دەبێت وەکوو هێمای کولتووری و نەتەوەیی و دایک و بەرهەمهێنەری منداڵانی نەتەوەی کورد، سەیر بکرێن» و سێیەم؛ «خستنەڕووی خاڵە جیاوازەکانی ژنانی کورد لەگەڵ ژنانی گرووپەکانی دیکەی موسوڵمانی عوسمانی وەکوو تورک و عەرەب، یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی سیاسەت و پرۆپاگەندەی ناسیۆنالیستە کوردەکان بوو بە مەبەستی شەرمەزارکردن و ڕەدکردنەوەی ئەو سیاسەتانەی کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە کورد نەتەوەیەکی جیاواز نییە و، سەلماندنی ئەوە بە جیهان کە کوردەکان شایانی ئەوەن وەکوو نەتەوەیەکی جیاواز بە فەرمی بناسرێن و هەڵسوکەوتیان لە گەڵ بکرێت». وەکوو چۆن نووسەرێک لە ڕۆژی کورددا دەنووسێت: «ژنی کورد بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئازادە و بەڕێوەبەری بنەماڵەیە. بەدەر لە داوێن پاکی کە تایبەتە بە نەریتی ئیسلامی، ئازادە لە خۆداپۆشاندنی ناپێویست.

ژنانی کورد ئاوێتەی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە پیاوانیش تێیدا بەشدارن، بوون و پێگەیەکی شایانی ڕێزیان بۆ خۆیان جێگیر کردووە.»[۶۰]

لێرەدا باس لە سەرجەمی کۆمەڵگەی کوردەواری و یان تەنانەت کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد ناکەین، بەڵکوو باس لە وێژمانی ئەو توێژە لە ڕووناکبیرانی کوردە کە لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا، بەتایبەت لە گۆڤاری«ژین»دا، دەیاننووسی و چالاک بوون لە کۆمەڵەکانی ناو شارەکاندا. لە ژێر کاریگەریی فیکری ئەو ڕووناکبیرانەشدا بوو کە گەلاڵەی ئاڵای کوردستان ئامادە کرا. تێڕوانینی ئەو ڕووناکبیرانە کە «ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە بڕیار لە سەر چارەنووسی نەتەوەکان دەدرێت و بە فەرمی دەناسرێن»، هاندەری ئەوە بوو پێگەیەکی تایبەت بۆ ژنی کورد دروست بکەن و کەڵکی لێ وەربگرن بۆ ئەوەی کە بیکەن بە گۆڕەپانی جیاوازیی نەتەوەی کورد لە گەڵ نەتەوەکانی دیکە. بە واتایەکی تر، ئەو ڕووناکبیرانە بە گوتەی ژانێت کلایەن مەبەستیان «بە جێندەر کردنی ناسیۆنالیزمی کورد» و ڕزگاری و یەکسانی ژنانی کورد نەبوو، بەڵکوو لە ڕێگەی زەق کردنەوەی جیاوازیی ژنی کورد لەگەڵ ژنانی تورک و عەرەب، دەیانویست ئەو فیکرە بسەلمێنن کە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی جیاوازە و کولتوور و شێوەی ژیانی تایبەت بە خۆی هەیە هەر بۆیەش شایانی ئەوەیە کە دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت.[۶۱]

بێگومان خاڵی سەرەکیی جیاوازیی نێوان کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە دەبوو لە ئاڵای نەتەوایەتیدا خۆی نیشان بدات. هەر بۆیەش نیشانەی ڕۆژی پڕڕەنگ لە ئاڵای گەڵاڵەکراوی هاوینی ۱۹۲۰دا مانایەکی بارکراوی تایبەتی هەیە. یانی بە پێچەوانەی ڕوانگەی باو، زۆر ژیرانە نییە بڵێین ئەو نیشانەیە لە ئایینە یەزدانییەکان- ئیزەدی، یارسانی و عەلەوی- یەوە وەرگیراوە، چونکە وەکوو ئاماژەی پێی

کرا زۆربەی ئەو ڕووناکبیرانە پەروەردەی قوتابخانەی «کۆمیتەی تەعاون و تەرەقی» بوون و نەک هەر ئایینی نەبوون بەڵکوو کەسایەتییە بەرچاوەکانیان، تێڕوانینی پۆزیڤیستی و سوسیال-داروینییان بۆ پێشکەوتن هەبوو.[٦٢] هەرچەند، تا ئێستا وەکوو بەڵگە عەکسێکی ئاڵای دروست کراوی ساڵی ١٩٢٠ لە بەر دەست نییە. بەڵام ئەو ئاڵایە کە سورەیا بەدرخان لە «دۆسیەی کوردستان لە دژی تورکیا»[٦٣] و دوایەش ڕێکخراوی «یەکێتیی نەتەوایەتیی کورد (خۆیبوون)» بە نێوی ئاڵای نەتەوایەتیی کورد بەکاری هێناوە، هەمان ئاڵای ساڵی ١٩٢٠ە و یان ئیلهامیان لەو وەرگرتووە بۆ ئەو ئاڵایە کە وێنەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:



بەڵام ئەو ئاڵایە کە ئێستا لە باشوور هەڵدەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوەیە:



جیاوازیی سەرەکی لە نێوان ئەو دوو ئاڵایە، لە چۆنایەتیی خۆرەکە و تیشکەکانیدایە. واتا ئەو ئاڵایەی ئێستا، هەم ژمارەی تیشکەکانی خۆرەکەی کەم کراونەوە و بۆتە ٢١دانە و هەمیش بە شێوەیەک کورت کراونەتەوە.

بە پێی ڕاپۆرتێک، ئەو گۆڕانکارییە لە نێوان ساڵانی ٩٩-١٩٩٨ لەلایەن گرووپێک لە چالاکوانانی کورد لە تاراوگە بە مەبەستی بەستانداردکردنی ئاڵای کوردستان بە ئەنجام گەیاندراوە. ئەو گرووپە پاش پەیوەندی لەگەڵ «ئەنیستیتۆی ئاڵا» و ڕێنمایی وەرگرتن لە ئەوان لە بریتانیا، کۆمەڵێک گۆڕانیان پێشنیار و ئامادە کردووە کە دوایە لە لایەن کاربەدەستانی «هەریمی کوردستان»ەوە پەسند کراون. لە بارەی ئەو گۆڕانکارییە «مێهرداد ئیزەدەی» گووتوویەتی کە زۆر گرینگ بوو کە ژمارەی تیشکەکان کەم بکرێنەوە و ببن بە ٢١ کە ئەو ژمارەیە لە ئایینە کۆنەکانی کوردی وەکوو ئیزەدەی، یارسانی و عەلەوی» ژمارەیەکی پیرۆزە.[٦٤] ژمارە ٢١ هێمایەکە بۆ دووبارە لەدایکبوونەوەی قەوارەیەک و یان بیرۆکەیەک. زۆر ڕاشکاوانە ئەوە ئاڵای نەتەوەیی دووبارە لە دایکبووی کوردە دوای ئەو هەموو ئاستەنگ، خەسار و ئازارەی کە لە ڕێگەی وەدەستهێنانیدا تووشی بووە.»[٦٥]

بە پشت بەستن بەو زانیارییە دەکرێ بڵێین جێگیرکردنی ٢١ تیشکی خۆری نێو ئاڵای کوردستان و پەیوەستکردنی ئەوە بە ئایینەکانی ئیزەدی، یارسانی و یان عەلەوی، داهێنانێکی سەردەمییانەیە کە مێهرداد ئیزەدی و تیمەکەی گەڵاڵە و ئارستەیان کردووە و دوایە پەسند کراوە. لەو ڕاپۆرتەدا لە زمانی (مێهرداد ئیزەدی) یەوە گوتراوە کە پرۆسەی بەستاندارکردنی ئاڵای کوردستان بە چاوەدێریی ئەو لە نێوان ساڵانی ٩٩-١٩٨٩ بە ئەنجام گەیشتووە. ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە ١٩٩٩/١١/١١ یاسای ئاڵای کوردستانی پەسند کردووە کە لە مادەی ٣ی ئەو یاسایەدا سەبارەت بە خۆرەکە بەو شێوەیە باس کراوە «خۆرە زەردەکە هێمای بەردەوام بوونی ژیان و زانست و هیوا و ئومێدە و، (٢١)

بیست و یەک تیشکەکەیش هێمای جەژنی نەتەوایەتیی نەورۆزە، ڕۆژی بەرخۆدان و ڕاپەڕین و شۆڕشی ڕزگاری دژ بە زوڵم و زۆر و چەوسانەوە.»[٦٦]

ئەو شرۆڤەی یاسای ئاڵای کوردستان لەو خۆرە و ٢١ تیشکەکەی، هاوشێوەی لێکدانەوە و ئانالیزی مێهرداد ئیزەدی و تیمەکەیەتی. بێگومان لێرەدا مەبەست دژایەتی لەگەڵ بە ستاندارکردنی ئاڵای کوردستان، بەتایبەت پاش ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان یاسای ئاڵای کوردستانی پەسند کرد نییە. ڕووتێکەریی باسەکە لەگەڵ ئەو شرۆڤەیە کە بە مەبەستی پێناسەیەکی نەتەوایەتییانە لە خۆرەکەی ناو ئاڵای کوردستان پەنا بۆ ئایین، بە تایبەت ئەو جۆرەی کە مێهرداد ئیزەدەی دەڵێت، «سێ لقی باوەڕی یەزدانی، واتا ئیزەدی، یارسانی و عەلەوی»[٦٧]، دەبات. هاوکات ئەو لێکدانەوەیەی یاسای پەرلەمانی کوردستان کە لە لایەکەوە ئەو خۆرە وەکوو هێمای بەردەوام بوونی ژیان و زانست و هیوا و ئۆمێد و لە لایەکی ترەوە، ٢١ تیشکەکەیش وەکوو هێمای «جەژنی نەتەوایەتیی نەورۆزە، ڕۆژی بەرخۆدان و ڕاپەڕین و شۆڕش ڕزگاریی دژبە زوڵم و زۆر و چەوسانەوە» پێناسە دەکات کێشەئامێزە. چونکە لایەنی یەکەم زۆر گشتییە و خۆر دەتوانێ وەکوو چەمک هێمای شتگەلی تریش بێت.[٦٨] لایەنی دووەم، واتا ئەو ٢١ خۆرە هێمایەک بۆ ٢١ی مانگی سێ و جەژنی نەورۆز وەکوو جەژنێکی نەتەوایەتیی کورد، هەم دیسان جێی مشتومڕە، یەکەم؛ چونکە لانیکەم لە پاڵ نەتەوەی کورد نەورۆز بەشێکی جیانەکراوەیە لە باوەڕ و کولتووری ٣٠٠ ملیۆن خەڵک کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەژین؛ دووەم، شرۆڤەیەکی ئاوا پێناسەیەکی نەریتییانە لە نەتەوەی کورد ئاراستە دەکات کە لە ڕوانگەی تیۆریی کۆمەڵایەتییەوە جێی گومانە. بێگومان مرۆڤ لە ڕێگەی بەماناداركردنی هێماکان لە ژیاندا و تێگەیشتنێکی قووڵتر لە واتای هێمایی، باشتر جیهانی دەورووبەری خۆی دەناسێ و لێکدەداتەوە. ئێمە بە پێداچوونەوە بە نیشانە و هێماکان، ئەندێشەی پێشینییان دووبارە وێنادەکەینەوە و ئاوڕ لە تایبەتمەندیی ئەندێشەی ئەوان دەدەینەوە. نیشانەناسی یەکێک لە شێوازەکانی دووبارە پێداچوونەوە، دووبارە وێناکردنەوە و هەندێ جار دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو ڕوانگە، هەڵسوکەوت و ڕامانانەیە کە پەیوەندییەکان و ناتەباییەکان دەستنیشان و شرۆڤە دەکەن. بەس لێرەدا باسی ڕابردوو دەکەین و مرۆڤ لە دوبارە وێناکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو هەمیشە شێوازێک لە شرۆڤەی عەقڵانی بە سەر ڕابردوودا دادەسەپێنێ کە لە ئەسڵی خۆیدا بوونی نەبووە. لە ڕوانگەی مێتۆدی مێژووکاریدا ئەو کارە نەتەنیا هەڵە نییە بەڵکوو پێویستیشە، چونکە ئێمە هەنووکە زانیاریی زۆرترمان لە خودی ئەو یاریکەر و کەسانەی کە لە خوڵقاندنی ڕابردوودا دەوریان هەبووە سەبارەت بە دۆخەکە هەیە.

دوو شرۆڤە و دوو لێکدانەوە سەبارەت بە نیشانەی ئاڵای کوردستان کە نیزیک بە ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا دروست کراوە، لە لایەکەوە، شرۆڤەی مێهرداد ئیزەدی و هاورێیانی کە هەوڵ دەدەن نیشانەی ئاڵای کوردستان، وەکوو هێمای نەتەوەی کورد بە باوەڕ و کولتووره ئایینییەکانی یەزدانییەوە پەیوەست بکەن. لەلایەکی ترەوە، لە سەر بنەمای شیکردنەوەی دۆخی سیاسی-مێژوویی نێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩١٨، ئەو هەوڵە کە دەخوازێ زەنجیرەیەک لە نێوان سیاسەتی «بەجێندرەکردن»ی بیری نەتەوایەتیی کورد و ئەو خۆرە دەرەوشاوەیەی ناو ئاڵای کوردستان وێنا بکات. واتا ئەو تویژە ڕووناکبیرە کوردەی کە لە ڕۆژنامەی ژیندا بە گەرمی لە سەر تایبەتمەندیی ژنی کورد دەیاننووسی و وەکوو ئامێرێک بۆ

دەستنیشان کردنی جیاوازیی نەتەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، بەتایبەت تورک، بەکاریان دەهێنا، ئەو خۆرە ڕەچەڵەک و هەروەها واتایەکی ئایینیی بۆیان نەبوو.

بە پێی بەڵگەکان ئەو توێژە ڕووناکبیرە کە لە «›جەمعییەتی تەعالیی کورد» بە هۆی پەسند نەکردنی سیاسەتی سەربەخۆیی لە لایەن سەرۆکی جەمعییەت، سەید عەبدولقادر شەمزینان، جیابوونە و «تەشکیلاتی ئێجتماعییەی کورد»یان دامەزراند، ئاڵای کوردستانیان دارشت. پاژەی باسی من لە سەر دوو کۆڵەکە وەستاوە؛ یەکەم ئەو گرووپە لە باری پاشخانی فیکرییەوە عیلمانی بوون و زۆر لۆژیکی نییە ئەو خۆرە لە لایەن ئەوانەوە وەکوو هێمای بیری یەزدانی نەخشێنرابێت. دووەم، هەر بیرێکی نەتەوایەتی لە سەر بنەمای دوفاقیی «ئێمە» و «ئەوان» دەبێت لە وێژمانیدا دیالێکتیکی «یەکگرتوویی»ی نەتەوەیی لە پاڵ «جیاواز و جودابوون» لەگەڵ ئەوانی تر گەڵاڵە بکات و نیشانەی ناو ئاڵای کوردستان دەبێتە مێتافۆریک بۆ ئەو کارکرد(فۆنکسیۆن)ە. واتا ئەو خۆرە درەوشاوەیە هەم لە لایەکەوە هێما بۆ یەکگرتوویی ڕیزەکانی نەتەوەی کوردە و لە لایەکی ترەوە، دەرخەری تابەتمەندی، جیاوازی و سنووری کولتووری-سیاسی لە نێوان «نەتەوەی کورد» و «ئەوانیتری»، بە تایبەت نەتەوەی تورکە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ڕێبەرانی «تەشکیلاتی ئێجتماعییەی کورد» پاشخانێکی باشیان لە ئەدەب و شێعری فارسی و کوردی هەبوو و لە شێعری فارسییدا، لە لایەکەوە نوور، بە تایبەت نووری خۆر، نیشانەی یەکگرتوویی و یەکێتییە؛ بۆ وێنە، لە مەسنەویی مەولەویدا فرەچەشنییەکان لە ژێر تیشکی خۆر بەرەو یەکگرتوویی مەیل دەکەن و، لە لایەکی ترەوە، هێما و مێتافۆرێکە بۆ درەوشاوەیی و جوانی، بە تایبەت جوانیی سیمای ژن. بە لێکدانەوەی من، نیشانەی خۆری درەوشاوەی ئاڵای کوردستان بۆ ئەو ڕووناکبیرە کوردانە لە نیوان ١٩٢٠-١٩١٨دا[٦٩] هەر دوو کارکردی (فۆنکسیۆنی) هەبوو.

وەکوو ئاماژە پێ درا، باس و لیدوان لە سەر تایبەتمەندیی ژنی کورد لە لایەن نووسەرانی گۆڤاری «ژین»ـەوە و بە تایبەت جەختی زۆریان لە سەر پێگەی ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، دەرخەری ئەوە بوو کە تایبەتمەندیی ژنی کورد، سۆنگەیەکی گونجاوە بۆ نیشاندانی جیاوازیی نەتەوەی کورد لەگەڵ نەتەوکانی دیکە، بە تایبەت لەگەڵ تورک. لەو گۆشەنیگایەوە ڕازاندنەوەی ئاڵای کوردستان بە مەبەستی داواکردنی سەربەخۆیی لە کۆنفرانسی ئاشتی بە خۆرێکی زێرین و لە ڕووی سیاسییەوە مانا و واتایەکی تایبەتی هەبوو. لەو پاشخانە فیکرییەوە بوو کە ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان لە کوردستان بە نێوی «جەمعییەتی تەعالیی ژنانی کورد»(کورد کادینلاری تەعالی جەمعیەتی) بە مەبەستی بەشدارکردنی ژنان لە ڕاسانی نەتەوایەتیی کورد دادەمەزرێ.

دامەزراندنی ئەو جەمعییەتە پەیوەست بە بۆچوون و سیاسەتی «بەجێندەرکردنی» پرسی کورد بە مەبەستی نیشاندانی جیاوازیی نەتەوەی کورد لەگەڵ تورک بوو. بۆ وێنە لە ژمارەی ١٤ی «ژین»دا بابەتێک بە نێوی «خانمی کورد» نووسراوە کە تێیدا کۆمەڵیک خاڵی جێی سەرنج هاتووە. لە بەشیکی ئەو وتارەدا نووسەر دەنووسێ: «ئێمە بارودۆخی ئێستای ژنانی کۆمەڵگایەکی وەها دیندار، بە گونجاو لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم سەدەیەماندا دەزانین. ئەو بارودۆخە، لە بەردەمی پێشکەوتنی کوردایەتیدا، ئاسانکاری دەکات و نموونەشی لە نێو نەتەوەکانی تر و بەتایبەت تورکدا زۆر کەمە و تەنانەت بەرچاویش ناکەوێت، جگە لە پێویستییە

بنەڕەتییەکانی پۆشتەیی و سەرپۆش بە پێی ئیسلام، ژنی کورد ئازادە و خۆی داناپۆشێت لە نێو ژیانی کۆمەڵایەتیشدا کە پیاوانیش هەن، پێگە و پایەیەکی بەرزیان هەیە و لە نێو چینی باڵادەستی کوردستانیشدا، هەندێک لە ژنان توانیویانە سەڵتەنەت و پاشایەتی بۆ خۆیان دابمەزرێنن [...] ئەو کۆمەڵگایانەی کە ژنان شانبەشانی پیاوان، بەشداریی تێکۆشانە کۆمەڵایەتییەکان ناکەن، تووشی قەیران دەبن، مەگەر لە یەکەم شەڕی جیهانیدا نەمانبینی؟ ئامادەترین نەتەوەکانی ئەو جەنگە، ئەوانە بوون کە ژنانیان هاوشانی پیاوەکانیان بەشدارییان لە جەنگدا کرد. [...] ئەگەر بمانەوێ دەنگی خۆمان بگەیەنینە جیهانی شارستانی، پێویستە هەموو پێشکەوتنەکانی زانست و تێکنۆلۆژیا لەئەورووپا و ئەمریکا وەربگرین.»[٧٠]

لێرەدا هەمدیسان بە پێویستی دەزانم پێ لەسەر دوو خاڵ دابگرم: یەکەم، نە چەمکی «بەجێندەرکردنی ناسیۆنالیزم» و نە ئەو باسەی من، هیچکامیان ناخوازن ئەو فیکرە جێ بخەن کە گۆیا ناسیۆنالیزمی کوردی لەو قۆناغەدا دەرخەری بیری فێمینیستی و یان بەرنامەی ئازادی و یەکسانیی ژنان بووە. لەو بارەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ناسیۆنالیزمی کوردیی ئەو کاتە و تێڕوانیینی جووڵانەوەکانی تر لە ناوچەدا نەبوو. مەبەست لە چەمکی بەجێندەرکردنی ناسیۆنالیزم، بەکارهێنانی مەسەلەی ژن وەکوو ئامێرێک بۆ سەلماندنی تایبەتمەندیی نەتەوەی کورد و جیاوازی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ناوچە، بەتایبەت لەگەڵ تورک، بوو.

دووەم، وەکوو پێشتر ئاماژەی پێ کرا لێرەدا بە هیچ شێوازێک باسی هەموو جووڵانەوەی کورد لە بەشی باکووری کوردستانی ئەو کات ناکەین، بەڵکوو جەختی سەرەکی لە سەر سیاسەت و وێژمانی نوخبەیەکی کوردە کە بە هۆی ئاشنایی لەگەڵ هزر و دامەزراوە مۆدێرنە ڕۆژئاواییەکان، کۆمەڵێک بیرۆکە و چەمکی مۆدێرنیان ئاوێتەی سیاسەت و وێژمانی خۆیان کردبوو. ئەمڕۆ کە بەو ڕۆژنامانەدا دەچینەوە، هەست دەکەین وێژمانی ئەوان تا ئاستێکی زۆر هەم هەڵبژێردراو و هەمیش ناسیستەماتیکە، کە زۆر سەیر نییە. بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ئەو توێژە لە ڕووناکبیرانی کورد کە بە دوای ئەوەوە بوون لە پێکهاتەی سیاسی-کۆمەڵایەتیی ئیمپراتۆریی عوسمانی، پێگەیەکی شیاو لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بۆخۆیان دابین بکەن؛ بە ئاگاداری لە ئەوەکە «لە سەردەمێکدا دەژین کە بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسیی نەتەوەکان دەدرێ»[٧١]، سیاسەتی نەتەوەییان پێ کارامەترین ئامراز بوو بۆ دابینکردنی پێگەیەکی شیاو بۆ خۆیان لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لە ناوچەکەدا کە لە حاڵی گۆڕاندا بوو.

هاوکات دوای بڵاوبوونەوەی ڕێککەوتننامەی کورد و ئەرمەن بۆ کۆنفرانسی ئاشتی لە لایەن شەریف پاشا، وەکوو سەرۆکی وەفدی نەتەوەییی کورد و بۆغۆس نۆبار، وەکوو سەرۆکی وەفدی نەتەوەییی ئەرمەن؛ مشتومڕ و دووبەرەکیی لە ناو ڕیزەکانی «جەمعییەتی تەعالیی کوردستان» لێ کەوتبووەوە. وتووێژ و لێدوانەکانی سەید عەبدولقادر لەگەڵ ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی تورکیا سەبارەت بە ڕێککەوتننامەکە و ئامانجی سیاسیی کورد، جیاوازییە فیکرییەکانی گەیاندە بارگرژییەکی بێ دەرەتان. بێگومان پێگەی سەید عەبدولقادر لە مەجلیسی پیران، ڕێگەی پێ نەدەدا کە بە ڕاشکاوی بەرگری لە ئەو ڕێککەوتننامەیە بکات، هەر بۆیەش لە جیاتی سەربەخۆیی، بە شێوەیەکی شەرمنانە بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی دەوڵەتی

عوسمانیی پێشنیار کرد. بۆ وێنە ڕۆژنامەی ئیقدام لە ژمارەی ٢٧ی شوباتی ١٩٢٠دا وتووێژێکی لەگەڵ سەید عەبدولقادر لە ژێر سەردێری «سەید عەبدولقادر، کوردەکان و عوسمانچێتی» بڵاوکردەوە کە لە بەشیکیدا هاتووە:

*«پرسیار: ئایا ئەو یەکێتییەی کە لە نێوان ئەرمەن و کوردەکاندا باس دەکرێت، دەشێت دروست بکرێت، شتێکی شیاوە یان نە؟*
*وڵام: ڕێککەوتنێکی وەها هیچ زەمینەیەکی جێبەجێ کردنی نییە، ناشێت شتی وا ڕووبدات. ئێمە داوا دەکەین سنوورەکانمان لەسەر بنەمایەکی یەکسان دابەش بکرێت.*
*پرسیار: ئایا شەریف پاشا نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد دەکات؟*
*وڵام: شەریف پاشا لەلایەن جەمعییەتی تەعالیی کوردستانەوە وەکوو ئەندام ڕەوانەی ئەو کۆنفرانسە کراوە. بە ڕای من جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیش، نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد دەکات.*
*پرسیار: بیر و بۆچوونتان سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و تورک چییە؟*
*وەڵام : تورکەکان برای خۆشەویست و هاودینی ئێمەن، وەکوو موسوڵمانەکان مومکین نییە ئێمە دوژمنایەتیی یەکتر بکەین. ئێمە تەنیا داوای ئەوە دەکەین بە شێوەیەکی ئازادانە پێش بکەوین. ئەو پرۆپاگەندانەی کە دەکرێن و گوایە شەریف پاشا و بۆغۆس نۆبار لەدژی تورکەکان ڕێک کەوتوون، بێ بنەمان، شتی وەها تەنانەت کە گفتوگۆکانی ئێمەشدا ناکرێت بە بابەتی قسەکردن. هەموو ئەمانە پرۆپاگەندەیەکن بۆ ئامانجی دیاریکراو ئەنجام دەدرێن.*
*پرسیار: داواکارییە ڕاستەقینەکانی نەتەوەی کورد چین؟*
*وەڵام: ئێستا پێنج تا شەش ویلایەت هەن کە کوردەکانی تێدا نیشتەجێن، حکومەت با ئۆتۆنۆمی بداتە ئەو ویلایەتانە و دەرفەتی ئەوشمان پێی بدرێت ئێمەش لە ڕێگەی ئەو کەسە دادپەروەر و دروستانەی کە خۆمان دیارییان دەکەین، پێش بکەوین. هەروەکوو کەمێک بەر لە ئێستا باسم کرد، بەهیچ شێوەیەک هەستی دژایەتیمان بەرامبەر بە تورکان نییە. با تورکانیش لەگەڵ ئێمەدا لەنێو ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ئۆتۆنۆمییەدا کە دادەمەزرێت، بەشداربن.»* [٧٢]

لێداونەکانی سەید عەبدولقادر مشتومڕ و ناکۆکییە فیکرییەکانی لە ڕیزی جەمعییەتدا زیاتر قووڵ کرد. بە تایبەت لە کاتێکدا ڕەوشی ناوچەی دێرسیم نائاسایی بوو و بارگرژی لە نێوان ئانکارا و کوردەکانی ئەو ناچەیە ڕووی لە زیابوون بوو. لەحاڵێکدا کە کاربەدەستان و بەرپرسانی سەربازیی کەمالیستی هەڕەشەیان لە کوردەکانی ئەو ناوچەیە دەکرد، جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە ژێر سەرکردایەتیی سەید عەبدولقادر بێدەنگیی هەلبژاردەبوو. نووری دێرسیمی باس لە کۆبوونەوەیەکی جەمعییەت دەکات و دەگێڕێتەوە: «لە کۆبوونەوەکەدا لاوان بڕیاریان دا سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنن و سەید عەبدولقادر سەرۆکی مەجلیس، دژایەتیی ئەو داواکارییەی [...] بە لاوەکان دەڵێت: تورکەکان لە بنەڕەتدا دەیانەوێت کوردستانێک دابمەزرێنن و ڕازی بوون بەرێوەبەرایەتییەکی ئۆتۆنۆمی کوردیی سەر

به پادشای عوسمانی دابمەزرێت. هەروەها ئەوەشی دەگوت: ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان تورکەکان لەم بەڵێنەی خۆیان پەشیمان ببنەوە، ئەوا نەتەوەی کورد دەتوانێ بە زۆری بازووی خۆی ئەوە جێبەجێ بکات.»[٧٣]

لە ئاکامی ئەو ڕەوتەدا بوو کە ناکۆکی و ململانێ لە ڕیزی ئەندامانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان لە کۆتایی ١٩١٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ گەیشتۆتە بنبەست و لەئاکامدا لە پڕ چاپ و پەخشی گۆڤاری «ژین» ڕاگیرا.«محەمەد ئەمین بۆزئەرسەلان» دەڵێت: لەوانەیە ڕاگیرانی چاپ و پەخشی «ژین» لەبەر دووبەرەکی و ململانێ لە نێوان کادیرانی ژین و سەرکردایەتیی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووبێت.»[٧٤]

لە ڕووی ئەو زانیارییانەی کە لەو سەرچاوانە دەستمان دەکەوێت دەتوانین بڵێین جیابوونەوەی کۆمەڵێک ڕۆشنبیری گەنج و کەسایەتیی سەربەخۆیخواز لە سیاسەتی سەید عەبدولقادر لە نێوەڕاستی ساڵی ١٩٢٠ بووبێت و وەکوو گریمانەیەک «لەوانەیە لە مانگی تەمووز»ی[٧٥] ئەو ساڵەدا ڕوویدابێت. زنار سلۆپی لەمبارەوە دەنووسێ: «دوای ئەوەی «جەمعییەتی تەعالیی کوردستان» لە سەر نەخشەی کوردستان و داواکردنی مافی کورد بە شێوەی ئۆتۆنۆمی، بەسەرکردایەتیی سەید عەبدولقادر شەمزینان و داواکردنی سەربەخۆییی کوردستان بە سەرکردایەتیی ئەمین عالی بەدرخان، دووبەرەکیی تێ کەوت لە ئەنجامدا لایەنگرانی ئەمین عالی بەدرخان کۆمەڵەیەکی نوێیان بە ناوی «تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد» پێک هێنا، کۆمەڵەی دووەم بوو کە نەخشی «ئاڵای کوردستانی» دیاری کرد کە بەو شێوەی خوارەوە بوو: «لە سەرەوە ڕەنگی سوور، لە ناوەڕاستدا ڕەنگی سپی کە خۆرێکی درەوشاوەی تێدابوو، لە خوارەوە ڕەنگی سەوز و بە ناوی ئاڵای کورد، بڵاویان کردەوە.»[٧٦]

پێش جیابوونەوە و دامەزراندنی کۆمەڵەی نوێ، مەسەلەی ژنی کورد، لە بۆچوونی ئەو ڕۆشنبیرانەدا کە نووسەران و کادیرەکانی گۆڤاری«ژین» بوون شوێنێکی بەرچاوی پەیدا کردبوو، بە هۆی کۆمەڵێک ڕووداوی دیکە لە دارشتنی ئاڵای کوردستان ڕەنگی داوە. ئەڵبەت، لێرەدا من پێ لە سەر ئەوە دادەگرم کە تا ئاستێکی بەرچاو ئەوە دەرئەنجامی بەرێکەوتی ئەو ڕووداوە بوو، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە مەسەلەی ژنی کوردەوە نەبوو.[٧٧] لە ڕاستییدا لە نێوان ١٩١٨-١٩٢٠ کۆمەڵێک ڕووداوی تر لە ئارادابوون کە هەرچەند هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە مەسەلەی ژنی کوردەوە نەبوو، بەڵام دەکرێ سەرنجی ڕووناکبیرانی ئەو کاتەی کورد لە باکوور، لە سەر مەسەلەی ژنی کورد و بەکارهێنانی وەکوو ئامێرێک بۆ سەلماندنی جیاوازیی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تری ناوچە، وەکوو دەرئەنجامی ئەو ڕووداوانە لێکبدرێتەوە. بەو شێوەیەی خوارەوە بە کورتی ئاماژە بەو ڕووداوانە دەکەم:

**الف.** دامەزراندنی یەکێتیی گەلان: لە ساڵی ١٩١٩ «یەکێتیی گەلان» وەکوو سیستەمی نێونەتەوەیی بە فەرمی دامەزرا و ئەندامێتیی ئەو ڕێکخراوەیە بە واتای شەرعییەت بۆ بەدەوڵەت-نەتەوە بوون بوو.

ب. گرینگیی پرسی ژن لەو قۆناغەدا: مافی دەنگدان و ڕەنگدانەوەی مەسەلە و داخۆزییەکانی ژنان و شوێندانەری لەسەر سیاسەتەکانی «یەکێتیی گەلان». ئەڵبەت ئەوە ئاکام و دەرئەنجامی چالاکیی بێ وچانی ژنانی فێمێنیست لە ئەورووپا و ئەمریکا لە نێوان ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو. لەو بارەیەوە بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە: دامەزراندنی حیزبی ژنانی ئەمریکا لە ساڵی١٩١٣؛ ڕێکخستنی گۆنگرە و «پەیماننامەی ژێنیف»، دامەزرانی

«کۆمەڵەکانی یەکێتیی ژنان بۆ شارۆمەندی یەکسان لە ساڵی ١٩١٩ لە بریتانیا، بکەین. لــە ژێــر کاریگەریی ئــەو چالاکییانەدا بوو کە ڕێکخـــراوی «یەکێتیی ژنان بۆ یەکێتیی گەلان» وەکـــوو دامەزراوەیەکـــی یەکێتیی گەلان لەساڵی ١٩٢٠ پەسند کرا و ژنێک بۆ سەرۆکایەتیی بەشی کۆمەڵایەتیی یەکێتیی گەلان دیاری کرا.

**پ.** دۆخی هەســتیار و ناســەقامگیر لە ناوچــە، بۆ هێزەکانی بریتانیایی: ١ دابەزین و داگیرکردنی ســەمیرنا و ئانتالیا لە مانگی ئایــاری ١٩١٩ لە لایەن یۆنــان و ئیتالیا و کاریگەریی نەرێنییانەی ئەو ڕووداوە لەسەر تێڕوانینی خەڵکی موسڵمان؛ ٢ خەمساردیی سەرۆک ویلســۆن لە بەشداریی چالاکانە لە کاروباری کۆنفرانسی ئاشتی؛ ٣ ئامادەنەبوونی بەشداریی چالاکانەی سەربازی بە مەبەستی دابیــن کردنــی ئاسایشــی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هاوپەیمانان لە لایەن فەرەنساوە؛ ٤ ســەرهەڵدانی هێــزی کەماڵییــەکان و دژایەتیی ئاشکرایان لە بەرانبەر هاوپەیمانان. دۆخێــک کــە بریتانیای ناچارکــرد کارتی کورد لە بەرانبەر پێشرەویی هێزەکانی بەکار بهێنێ.

بە کورتی دەتوانین بڵێین زەق بوونەوەی ویســتی نەتەوایەتی و ســەربەخۆیی کورد وەکوو دەرئەنجامی ناڕاستەوخۆی کۆمەڵێک ڕووداو بــوون کە لە ســەرەوە ئاماژەمان بە هەندێکیان کرد.

ڕەنگە لێرەدا پرسیارێک زەق بێتەوە کە پاژەی ئەو باســە کە خۆرەکــەی ناو ئاڵای ســاڵی ١٩٢٠ بە سیمای ژن دەشوبهێنێ لە کوێوە دێت. بۆ ســەلماندنی دروســتیی ئەو باســە دەکرێ بە کورتی ئامــاژە بەو چەند تەوەرەی خوارەوە بکەین:

**یەکــەم:** ئــەو ڕووناکبیــرە کوردانە کە داڕێژەری ئاڵای کوردستان بوون، ئاگاداربوون کــە زۆرینــەی گەشــتیارانی ڕۆژئاوایی لە سەفەرنامەکانیاندا سەبارەت بە تایبەتمەندیی خەڵکانی ناوچەکە، بە باشــی باســی خوو و ڕەوشت و ئازاد بوونی ژنانی کوردیان کردووە.

**دووەم:** بــۆ ئــەو ڕووناکبیرانــە، کــە ئاشنایی و شــارەزاییەکی باشیان لە زمانی فەرەنســەیی هەبــوو، فەرەنســا ناوەنــدی ســەرەکیی ڕۆشــنگەریی ڕۆژئاوایــی بــۆ ئەزموونکــردن و ئیلهام لێ وەرگرتن بوو.[٧٨] تا ئەو ئاســتەی کــە د. عەبدوڵڵا جەودەت لە گۆڤاری یەکگرتندا دەنووســێ «شــتێک بە نێوی شارســتانییەتی دووەم بوونی نییە، شارستانییەت یانی شارستانییەتی ڕۆژئاوایی و دەبێت بە گوڵــەڕۆزەکان و درووەکانییەوە هــاوردە بکرێــت.»[٧٩] هاوکات لــە هزری فەرەنســایی جەختکردن لەسەر ڕەهەندی ســوبژەیی بۆ پێناســەی نەتەوە پێشینەی هەبوو. بۆ وێنە ڕێنــان نەتەوە وەکوو ڕۆح و یان پرینســیپی مەعنەوی پێناســە دەکات. «نەتەوە ڕۆح و پرەنسیپێکی مەعنەوییە. ئەو دوو شتە، کە لە واقیعدا یەک شتن، ڕۆح یان پرەنسیپە مەعنەوییەکە پێک دێنن. یەکیان لە ڕابــردوو، ئەوی تریان لــە هەنووکەدایە. یەکیان بریتییە لــە خاوەندارێتی نەریتێکی دەوڵەمەندی کۆبیرەوەریــی کۆمەڵی؛ ئەوی تریــان ڕەزامەنــدی لە هەنووکــە، خولیای پێکەوە ژیان و ئەو ئیرادەیەی کە پارێزگاری لــە بەهــای میراتێــک بکات کــە تاک لە ڕابردووەوە و لە شێوازی دابەش نەکراو بۆی ماوەتەوە.»[٨٠]

**ســێیەم:** پەیوەســت بە خاڵی پێشــوو لە نەریتی ناســیۆنالیزمی فەرەنســایی ژن و جەســتەی ژن هێمایەکی ســەرەکی بۆ گەلاڵەکردنــی بیــری نەتەوایەتــی بوو. بۆ وێنە جــووان لەندێس لــە توێژینەوەیەکی بەنرخ لە ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی فەرەنسا لە نێوان ساڵانی ٩٥-١٧٨٩ لە ژێر ســەردێڕی «نەخشــاندنی نەتەوە: جێندەر، نوێنەرایەتیکردن و شــۆڕش لە فەرەنســای

سەدەی ١٨» ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن لە دوای شــۆڕش ژن کارکردی هێمایی بۆ دروشمەکانی شۆڕش واتا ئازادی، یەکسانی و ڕزگاری هەبوو.[٨١] لە پاڵ ئەوەدا بۆ زۆرینەی نەتەوە ناسراوەکانی جیهان، ژن هێمای بوونی نەتەوە بووە. بۆ وێنــە، ماریان یان ژاندارک وەکوو هێمای نەتەوەی لە فەڕەنسا، خاتوونی بریتانیا ســیمبولی نەتــەوەی بریتانیایی و، خاتوونی ئازادی بۆ بیری ئەمریکایی .

**چوارەم و لە کۆتاییدا؛** پاژەی ئەو باسە تا ئاستێکی بەرچاو گرێدراوی خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانە لە چەمکی ناسیۆنالیزم و دیاردەی نەتەوەیە. ســتیوارت هال دەڵێت چەمک و دەستەواژەی «کۆمەڵە وێناکراو» هەڵقوڵاوی «ئــەو ئانالیزە بوو کە دیاردەی نەتەوە وەکوو ئاکامی بەرهەمهێنان و دووبارەبەرهەمهێنانی سیستەمێکی کولتووریی نوێنەرایەتی کردن و هەلسووکەوتی کۆمەڵایەتی لێکدەداتەوە».[٨٢] خاڵی بنەڕەتی لــە تێڕوانین و داهێنانەکەی بێنیدیــت ئاندرســۆن، واتــا «کۆمەڵــە وێناکــراوەکان» ئەوەیە کــە ناکرێ و نابێت ناســیۆنالیزم تەنیا وەکــوو ئایدیۆلۆژییەکی سیاســی و یــان فۆرمێکــی سیاســی کە ڕەنگدانــەوەی خۆبەڕێوەبەریــی نەتەوەیــە پێناســە بکرێت. بەڵکو هەروەها ناسیۆنالیزم هاوکات بەرهەمێکی کولتوورییە. ئاندرسۆن دەڵێــت: نەتــەوە «کۆمەڵەیەکی سیاســیی وێناکراوە» و بە شــێوەیەکی بنچینەیی هەم ســنووردار و هەمیش خۆبڕیارە.[٨٣] «پاژەی ســەرەکیی ئەو پێناســە کورتەی نەتەوە لە سەر چوار ڕەهەند و یان لایەن وەستاوە:

**یەکــەم)** نەتــەوە «وێناکــراوە چونکــە ئەندامانی تەنانەت بچوکترین نەتەوەش هیچ کات ناتوانن هەموو هاونەتەوەکانیان بناسن، چاویان پێیان بکەوێت و تەنانەت گوێیان لە دەنگیان بێت، بەڵام لە مێشکی هەر کامیاندا بەردەوام پەیوەندییەکی هاوسۆزیی هەڤبەرانە لەگەڵ هاونەتەوەکانیان بوونی هەیە».

**دووەم)** نەتەوە «بە شێوەیەکی سنووردار وێناکــراوە چونکــە تەنانــەت گەورەترینی ئەوان، کــە ڕەنگە بریتی لە بلیۆنێک مرۆڤی زیندوو بێت، ســنوورێکی داخــراوی هەیە، کە لەوبەری ســنوورەکە، نەتەوەکانی دیکە دەژین، هیچ نەتەوەیەک خۆی هاوســنوور لەگەڵ مرۆڤایەتی وێناناکات.»

**ســێیەم)** نەتەوە «وەکوو خۆبڕیار و یان ســەربەخۆ (ســاوەرین) وێنا دەکرێ، چونکە چەمکەکە لە ســەردەمێکدا لەدایک بوو کە ڕۆشــنگەری و شۆڕش، بنەمای شەرعییەتی دەســەڵاتی هیرارشــییانەی بنەماڵەیــی و سیســتەمیکی حوکمرانیــی لەنــاو برد کە پیرۆزیی لاهوتیی پێ درابوو.»

**چوارەم)** «لــە کۆتاییدا وەکــوو کۆمەڵە وێناکــراوە، چونکە جیاواز لە نایەکســانی و چەوســانەوە کە ڕەنگە لە هــەر کامێکیاندا هەبێــت، نەتــەوە هەمیشــە وەکــوو هاوڕێیەتییەکــی قووڵ و ئاســۆیی دێتە بەر چاو».[٨٤]

جەختی ســەرەکی لــەو پێناســەیەدا لەسەر جۆری نوێی هەست و بیرکردنەوەیە کە ســووژەی نەتەوایەتی بەرهەم دەهێنێ. هاوکات بەرهەمهێنان و یان دروســتکردنی ســووژەی نەتەوایەتــی لــە وێژمانێکدا کە ڕەهەندە جیاوازە کولتــووری و زمانییەکان تێوەدەگلێنێ، بــە ئاکام دەگات. لە ناوەندی ڕامانی ناسیۆنالیستیدا شــێوازێکی تایبەتی لە بیر و هەســتکردن هەیە کە پاڵپشتی لە هەڵســوکەوتێکی کۆمەڵایەتیی نوێ دەکات. بە نــۆرەی خۆی ئــەو هەڵســوکەتەش لە ڕێگەی هەست، خولیا و ڕامانی کۆمەڵێییەوە قەوارە دەگــرێ. لە ڕوانگەی ئاندرســۆنەوە شــێوازی نوێــی بیرکردنــەوە و ڕامانــی ناسیۆنالیستی، ئاکامی گەشەسەندنی میدیا و ڕاگەیاندنە چاپییەکانە کە خۆیان بەرهۆی پەرەســەندنی «ســەرمایەداریی چاپ»[٨٥] لە ســەدەی ١٨ی زاییندا بوون. ئەو میدیا و

ڕاگەیاندنە چاپییانە بوون کە زەمینەیەکی لەباریان بۆ تێگەیشتن لە «کاتی بەتاڵبوو و هاوچەشن»[٨٦] نە تەنیا بۆ توێژی ڕووناکبیر، بەڵکوو بۆ کۆمەڵانی خەڵک پێکهێنا. لە ئاکامی ئەو پەرەسەندنە و کاریگەریی بیری نوێدایە کە ئەندامانی کۆمەڵگا لە باری زانیارییەوە توانستی ئەوەیان پەیدا کرد کە خۆیان بە شێوەیەکی ئاسۆیی و هەڤبەرانە وەکوو نەتەوە وێنا بکەن. بە باوەڕی من تەنیا باسێک کە دەکرێ بەو تیۆرییە زیاد بکرێ ئەوەیە کە کێ (چ گرووپێک)، کەی، چۆن و لە کام دۆخ و شوێندا کردەی وێنا کردنی ئەندامانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ئاسۆیی و هەڤبەرانە بەئەنجام دەگەیەنێ؟

لە کۆتایی و کۆبەندێکی کورتی ئەو باسەی کە پێشکەش کرا، دەخوازم بڵێم کە ئەو گرووپە ڕووناکبیرەی لە نێوان ١٩٢٠-١٩١٩ کە گۆڤاری «ژین»دا دەیاننووسی و دەستپێشخەریی دارشتنی ئاڵای کوردستانیان کرد و نیشانی ئاڵاکەیان بە خۆرێکی دەرەوشاوە ڕازاندەوە کە کارکردی هێمایی هەم یەکگرتوویی نەتەوەی کورد و هەمیش بۆ نیشاندانی تایبەتمەندی و جیاوازیی نەتەوەی کورد لە گەڵ نەتەوەکانی دیکە، بە تایبەت لەگەڵ نەتەوەی تورک، هەبێت. ئەو ئاڵایە بە مەبەستی داوای ویستی سەربەخۆیی کورد لە کۆنفرانسی ئاشتی دارێژراوە و نیشانەکەی، واتا خۆری زێڕین، هەوێنێکی باش بۆ سەلماندنی ڕەسانەیەتیی کورد وەکوو نەتەوەیەکی خاوەن ڕابردوو و هەمیش مێافۆرێکی دەوڵەمەند بۆ وێناکردنی تایبەتمەندیی کورد لە ڕێگەی مێتافۆری ژنی کوردەوە بوو. ڕەنگە لێرەدا بگوترێ لە ئەدەبیاتی کوردیدا جوانیی ژن، زۆرتر بە مانگ دەشوبهێنن. ئەوە ڕاستە، بەڵام بە چەند هۆ لۆژیکی ئەو باسە لەبار نابات. یەکەم؛ بەو هۆیە کە هیلالی مانگ، نیشانی ئاڵای عوسمانی بوو وەکوو هێمایەک بۆ جیاوازیی نەتەوەی کورد لەگەڵ تورک ئەستەم بوو بەکار بهێندرێ.[٨٧] دووەم؛ بەشێکی بەرچاوی ئەو ڕۆشنبیرانە، خوێندەوارییان لە ئەدەبی فارسی دەوڵەمەندتر بوو لە ئاشناییان بە ئەدەبی کوردی و لەو ڕوویەوە دەیانزانی کە لە ئەدەبی فارسی و تەنات لە شێعری عیرفانیی کوردیشدا، خۆر هێمایەکە بۆ دەرەوشاوەیی و جوانی، بە تایبەت جوانیی سیمای ژن، بۆیەش خۆرێکی درەوشاوە باشتر ئەو واتایە دەگەیەنێ.[٨٨]

### ٥.٣) ئاڵای کوردستان و ڕاپەڕین و جووڵانەوەکانی کورد لە سەدەی بیستەمدا

لە دوای پەیمانی سیڤەر، ئەو جووڵانەوانەی کە دروشمی سەربەخۆیی کوردستان لە بەرنامەیاندا بوو، هەمان ئاڵای ساڵی ١٩٢٠یان وەکوو ئاڵای نەتەوەیی بەکار هێناوە. بۆ وێنە لە بەرخۆدانی چیای ئاگری. ئێحسان نووری پاشا لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەو ئاڵایەی کردووە و نووسیویەتی:

«کاتێ هۆزی جەلالی بە ڕێبەریی برۆ حەسکی، پاش بەرخۆدان لە ساڵی ١٩٢٦ بەرەو چیای ئاگری کشانەوە، من لە ساڵی ١٩٢٧ خۆم گەیاندە ئاگری [...] هەروەها لە لایەن کۆمەڵەی خۆیبوونەوە کۆمیتەیەکی تایبەتیی سەربازییش هەڵبژێردرا. لەو ساڵەدا ئاڵای سێ ڕەنگی سەربەخۆیی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٢٠ لە لایەن جەمعیەتی تەعالیی کوردستانەوە پەسند کرابوو، هێنرایە ئاگری و بۆ یەکەم جار من ئەو ئاڵایەم لە بەرزترین لووتکەی چیای ئاگری هەڵکرد».[٨٩]

دوای بەرخۆدانی ئاگری، ئەو ئاڵایە لە لایەن کۆمیتەی خۆیبوونەوە[٩٠] وەکوو ئاڵای نەتەوایەتیی کورد بەکارهێنراوە. دوای خۆیبوون، ئەو ئاڵایە لە ڕاپەڕینی شاری دێرسیم لە ساڵی ١٩٣٧

بەکارهێنراوە.[٩١] هەروەها باس لە ئەوە دەکرێ کە حیزبی هیوا هەمان ئاڵای ساڵی ١٩٢٠ی بەکارهێناوە.[٩٢] دوایەش کۆمەڵەی ژێکاف هەر ئەو ئاڵایەی وەکوو ئاڵای نەتەوەیی پەسند کردووە. پەسند کردنی ئاڵای کوردستان کە «تەشکیلاتی ئێجتماعییەی کورد» دروستی کرد و هەمیش هەڵبژاردنی شیعری «ئەی ڕەقیب» وەکوو سروودی نەتەوایەتی لە لایەن کۆمەڵەی ژێکافەوە، گرێدراوی ویژمانی ناسیۆنالیستیی ئەو ڕێکخراوەیە بوو. لە ویژمانی گۆڤاری نیشتمان کە بڵاکراوەی بیری کۆمەڵەی ژێکاف بوو، دوو چەمکی خەڵک و نەتەوەی کورد هاوڕیزن و بەردەوام و بە نۆبە بەکار دەهێندرێن. چەمکی خەڵک/ نەتەوە دەورێکی سەرەکی و ناوەندیی لە ڕەوایەتی فرەچەشنانەی کۆمەڵەی ژێکاف لە پێکهاتەی نەتەوەی کورد هەیە کە لە چوارچێوەی نیشتمانێکی سەربەخۆدا دەتوانن یەکگرتوویی خۆیان وەدی بێنن و بیپارێزن.

لە ژێر کاریگەریی چالاکیی سیاسی و کولتووریی کۆمەڵەی ژێکافدایە کە نەتەنیا ویژمانی بیری نەتەوایەتیی کورد، پێکهاتەیەکی سیستەماتیکتر و تۆکمەتری بەخۆیەوە گرت، بەڵکوو تەنیا لەو قۆناغەدایە کە ناسیۆنالیزمی کورد دەتوانێ بە پێی تیۆریی هۆرخ لە قۆناغی «ب»وە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی «سی» و پێگەیەکی جەماوەری پەیدا بکات. لە ژێر کاریگەریی ژێکافدایە کە بۆنەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و هێنانەخواری ئاڵای ئێران لە شارەکانی مهاباد، نەغەدە و بۆکان دەبێتە بۆنەیەکی جەماوەری و بە بەشداریی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک لە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بەرێوە دەچێت.

لێرە پێویستە پێ لە سەر ئەو لایەنە داگرین کە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان وەکوو هێمای سەربەخۆیی کوردستان، دەرخەری ڕوانگەی تایبەتی ئەو ڕێکخراوەیە بوو. کۆمەڵە وەکوو گرووپێکی ڕووناکبیری بانگەشەی یەکگرتوویی نەتەوەی کوردی دەکرد. ژێکافییەکان ئاگاداری ئەوە بوون کە جووڵانەوەکانی پێش خۆیان بە هۆی نەبوونی سیاسەتێکی شیاو و، زاڵبوونی کولتووری ناوچەچێتی، نەیانتوانیوە بیری یەکگرتوویی کورد لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا جێگیر بکەن؛ هەر بۆیەش هەوڵیان دەدا خۆیان لە دەمارگرژیی ناوچەگەری بپارێزن. لە ژێر کاریگەریی ئەو بیرۆکەیە بوو کە ژێکافییەکان دوای بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان کە لە باکوور دروست کرابوو، شیعر و سروودی «ئەی ڕەقیب»ی دڵداریان کرد بە سروودی نەتەوەیی. بێگومان دەیان شیعری جوانی سەیفولقوزات، خاڵە مین، هێمن و شاعیرانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە بەر دەم ژێکافییەکان ئامادە بوون بۆ ئەوەی بیکەن بە سروودی نەتەوەیی، بەڵام «ئەی ڕەقیب»یان هەڵبژارد و لەو هەڵبژاردنە، وەک چۆن ئەو ئاڵایەی کە لە باکوور دروست کرابوو وەکوو ئاڵای کوردستان بە خەڵکیان ناساند، بنەمای هەڵبژاردنەکەیان بیری نەتەوەیی بوو نەک خۆبەزلزانین، ناوچەچێتی و دەمارگرژیی خێڵەکی.

کۆمەڵەی ژێکاف هەر لە سەرەتای لەدایک بوونیەوە خاوەنی پێناسەیەکی ڕوونی سیاسی و فیکری بووە. دروشم و ئامانجە سیاسییەکانی ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵی کوردەواری و لە بەر تیشکی چاوپێخشاندن بە ئەزموونی مێژووی هاوچەرخ ئامادە کرابوون. کۆمەڵەی ژێکاف، خۆی خستبووە مەیدانی سیاسەت تا ڕۆحییەتی کۆیلەتی لەنێو کورد ڕابماڵێ و کۆمەڵی کوردەواری بە دژی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی بهەژێنێ و پەیامی سەربەستی، ڕزگاری و مافی گەیشتن بە دەوڵەتی نەتەوەیی بە گوێی مرۆڤی کورددا

بســـرتێنێ.[۹۳] بۆ وێنە لە ژمارە ١ی گۆڤاری نیشـــتماندا فەلسەفەی کۆمەڵەی ژێکاف ئاوا گەڵاڵە کراوە:

«کۆمەڵەی ژ.ک بـــە پێچەوانەی هەموو بەرهەڵســـت و قۆرت و چەڵەمەیەکی وەکوو دوژمنایەتیـــی خۆبەخۆ، پووڵ پەرســـتی و بێگانە دۆســـتی کە لە ڕێگای پێشکەوتن و ســـەرکەوتنی کورددا هەیە، بە هەموو هێز و توانای خۆی تێئەکۆشێت تا زنجیر و چەڵەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەتوکوتەی ئێستێدا کوردســـتانێکی گـــەورە و ڕێکوپێـــک بێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەســـتی تیابژیت».[۹۴]

وتارەکانی گۆڤاری نیشـــتمان بە باشـــی ئەوە دەردەخـــەن کە ژێکافییەکان ئاگاداری مێـــژووی کـــوردن و لە ســـەر بنەمای ئەو مێژوویـــە، ئەو ئاڵایـــەی کـــە جەمعییەتی تەعالیـــی کورد دروســـتی کردبوو، بە ئاڵای نەتەوەی کورد دەناســـن. بۆ وێنە لە ژمارەی ۴ ی نیشتماندا دەنووسن: « مەسەلەی کورد تا ساڵی ۱۹۱۹ بە مەســـەلەیەکی ناوچەیی دەزانرا، بەڵام لەم ڕۆژەوە کە ژێنێراڵ شەریف پاشا، لایحەی مەشـــهوری خۆی تەسلیمی کۆنفرانســـی ئاشـــتی کـــرد و داوای میلیی کوردی خســـتە بەندەکانـــی [...] پەیمانی سێڤر، ئیتر مەسەلەی کورد بۆتە پرسیارێکی نێونەتەوەیی و وازی لێ ناهێنین.»[۹۵]

لە ژمارەی ۲ی نیشـــتماندا دەنووســـن: «لـــە دنیای ئێمـــڕۆدا، ژیان بە یەخســـیری و ژێردەســـتی هیـــچ ناهێنـــێ. میللەتێکی ژێردەستی ئەم و ئەو بێت وەک هەتیوی بێ دایک باب، هەمیشـــە هەناسە سارد و ڕەنگ زەردە [...] سەربەستی بۆ میللەت لە ڕادەی نـــان و ئاودایە. واتا چلـــۆن ئادەمیزاد بە بێ نان ناژیت، هەروەها بە بێ ئازادییش ناتوانێ بژی. ئەم زنجیر و کەلەمی دیلی کە خراوەتە ئەســـتۆی نەتەوەی بەشەهامەت و ڕەشیدی کورد، ســـەتحی ئەخلاقی ئەم قەومە ئازاد و نەجیبەی زۆر هێناوەتە خوار.»[۹۶]

لە ژێـــر کاریگەریی کۆمەڵـــەی ژێکافدا لـــە ڕۆژی ۲ی ڕێبەندانی ســـاڵی ۱۳۲۴ی هەتاوی (۱۹۴۶.۰۱.۲۲) بە بەشداریی بیست هـــەزار کەس لە چوارچرای شـــاری مهاباد، لە ڕێوڕەســـمێکی شـــکۆداردا، دامەزراندنی کۆمـــاری کوردســـتان ڕاگەیانـــدرا. لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیـــی کۆمەڵەی ژێکافدا بـــوو کە قـــازی محەممەد، بەو شـــێوەیەی خوارەوە سوێند دەخوا بۆ وەرگرتنی پێگەی ســـەرکۆماری کوردســـتان: «ئەمن بە خودا، بە کەلامـــی عەزیمی خودا، بە نیشـــتمان، بـــە شـــەرافەتی میللیـــی کورد، بـــە ئاڵای موقەددەسی کوردســـتان سوێند دەخۆم، تا ئاخرین هەناســـەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخرین تنۆکـــی خوینم، بە گیـــان و ماڵ لە ڕێگەی ڕاگرتنـــی ســـەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئـــاڵای کوردســـتان تێدەکۆشـــم.»[۹۷] جێی ســـەرنجە کە لـــەو ســـوێندخواردنەدا قازی محەممەد تەنیا ئاوەڵناوی پیرۆز (موقەددەس) بۆ ئاڵای کوردستان بەکار دێنێ.

لە ســـەر بنەمـــای پەیوەندی لـــە نێوان وێژمانـــی نەتەوایەتیی کـــورد لەگەڵ ئاڵای کوردســـتان، دەکرێ ســـێ قۆناغ لە هەوراز و نشـــێوی بیر و وێژمانی کوردایەتیدا لێک جیـــا بکەینـــەوە. قۆناغی یەکەم، لە ســـاڵی ۱۹۲۰ کە «تەشکیلاتی ئێجتماعییەی کورد» کە لـــە «جەمعییەتی تەعالیی کوردســـتان» ئینشـــعابی کردبوو، ئـــەو ئاڵایە وەکوو ئاڵای نەتەوەیی پەسند دەکات تا ڕووخانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ۱۹۴۷ لەخۆی دەگرێت. لـــەو قۆناغەدا ئەو جووڵانەوە سیاســـییانەی کـــورد کە ڕاشـــکاوانە ئامانجی ســـەروەریی سیاســـی بۆ نەتـــەوەی کوردیـــان کردبووە ستراتێژی، ئاڵای کوردستانیان بەکار هێناوە. قۆناغی دووهەم، لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە دەســـت پێ دەکا و تا شەڕی

کەنداو و کۆتاییی شەڕی سارد، واتا تا دەیەی ١٩٩٠ درێژەی هەیە. لەو قۆناغەدا بۆ ماوەی ٤٥ ساڵ ئاڵای کوردستان بە تەواوی لە بیر چووەوە و گرینگییەکی بۆ هێزە کوردییەکان نییە. قۆناغی سـێیەم، ئەو دەورەیە کە ئێمە تێیدادەژین و هەم دیسان ئاڵای کوردستان دووبـارە لە ئاخێوی سیاسـەتی کوردیدا لە باشوور و ڕۆژهەڵات بەکار دەهێندرێ، بەڵام نەک بەو سـۆزدارییەی لە قۆناغی یەکەمدا هەیبوو.

تایبەتمەندییەکانی قۆناغی یەکەم چین؟ شکستی ئاڵمان و هاوپەیمانانی دەبێتە هۆی ئەوە کە بەرەی هاوپەیمانان (بریتانیا، فەڕەنسا و ئامریـکا) نەزمێکـی جیهانیی نـوێ واتا یەکێتیی گەلان (اتحادیه ملل) دابمەزرێنن. لـە نەزمـی نوێـی جیهانیدا سـێ لایەنی سـەرکەوتووی شـەڕ بەرانبەر بە گەلانی تر یەک سیاسەت پەیڕەو ناکەن. ئامریکا بەپێی بنەمای ٢١ خاڵەکەی سەرۆک کۆمار ویلسۆن و بـێ ڕاوێژکردن لەگـەڵ هاوپەیمانەکانی، باسـی لە مافـی دیاریکردنی چارەنووسـی سیاسی بۆ گەلان دەکرد. فەڕەنسا لایەنگری کۆلۆنیالیزمی ڕاسـتەوخۆ بـوو و بریتانیاش بەپێی سیاسـەتی پراگماتیستی، پێشنیاری کۆلۆنیالیزمی ناراسـتەوخۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناویـن دەکرد. لە ئاکامدا کاتێ سیسـتەمی نێونەتەوەیی لە قاڵبـی «یەکێتیی گەلان»دا دامەزرا، سیاسـەتی ئەو ڕێکخراوەیە، باڵانس و سازشـێکی سیاسـییانە لەنێوان ئەو سێ زلهێزەدا بوو. هەر بۆیە پرەنسـیپی «دیاری کردنی چارەنووسـی سیاسیی گەلان» باسی لێ کرا، بەڵام بە شـێوەیەکی نادادپەروەرانە و لە سـۆنگەی بەرژەوەندییەکانی ئەو سـێ زلهێزەوە پەیڕەو و پیادە کرا. ئاکامێک کە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەوری گرنگیان گێڕا و لە پاڵ بێبەش کردنی نەتەوەی کورد لەو مافە، دوو دەوڵـەت- نەتەوەی نوێ واتا ئێـران و تورکیا لە لایەن یەکێتیی گەلانەوە بە فەرمی ناسران کە کاریگەرییەکی قورسی لەسەر چارەنووسی گەلی کورد هەبوو.

لـە سـەرەتای ئـەو قۆناغـەدا، بیر و هەستی ناسیۆناڵیسـتیی کوردی هەرچەند جارێ بە تەواوی لـە ڕووی فیکرییەوە کاڵ و پێکهاتەیەکی هاوسـەنگی نەبـوو، بەڵام گرێدراوی هەست و بیری ناسۆناڵیزمی فارس و تورک نەبوو، چونکە لەوکاتەدا ئەو دەوڵەت- نەتەوانـە، بەتـەواوی سـەقامگیرنەببوون. لـە کۆتاییی ئـەو قۆناغەدا بـە دامەزرانی کۆمەڵـەی ژێـکاف، وێژمانـی نەتەوایەتیی کورد پێکهاتەیەکی تۆکمەتر و یەکدەسـتتر بە خۆیـەوە دەگرێت. هەرچەند هێشـتاش کۆمەڵیک خەڵک لەسەر ئەو قەناعەتەن کە ستراتێژیی حدک و پێشەوا قازی محەممەد، تەنیا وەدەسهێنانی خودموختاری بوو، بەڵام بیری سەربەخۆیی لە ژێر کاریگەریی فیکری ژێکافدا، تـا ڕووخانی کۆماری کوردسـتان لەوپەڕی خۆیدا بوو.

قۆناغـی دووەم، لە ڕووخانـی کۆماری کوردستانەوە دەسـت پێ دەکا و تا شەڕی کەنـداو کە پـاش چەند مانـگ کۆتاییی شـەڕی سارديشـی بەدواوە بـوو، درێژەی هەیە. لەم قۆناغەدا گوتاری ناسیۆناڵیسـتیی کـوردی، لەبـاری گوتارییـەوە دەبێت بە پاشـکۆی سیاسەت و پرۆژەی چەپی ئێران، تورکیا، عێراق و سـووریا بۆ چارەسـەریی «پرسـی نەتەوایەتـی». کۆمەڵێـک فاکتۆر هاندەری گۆڕان لـە وێژمانی کوردایەتی لە سیاسەتی سـەربەخۆییەوە بەرەو سیاسەتی خودموختاری بوون.

**یەکـەم،** سیسـتەمی نێونەتەوەییـی نوێ، واتـا هەیمەنەی «ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکان» و لۆژیکی «شـەڕی سـارد» و دابـەش بوونـی جیهـان لە نێـوان دوو جەمسەری ڕۆژئاوا بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا و وڵاتانـی بەناو سوسیالیسـتی بە ڕێبەریی یەکێتیی سـۆڤییەت، دۆخێکی خوڵقاندبوو

کە زۆربەی جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان ناچار بوون سیاسەتی خۆیان لە هاوهەڵویستی لەگەڵ یەکێک لەو جەمسەرانەدا گەڵاڵە بکەن. لە لایەکی ترەوە، دەتوانین بڵێین کە لە کردەوەدا «ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان» نەبوو بەڵکوو «ڕێکخراوی دەوڵەتە یەکگرتووەکان» بوو. واتا لە بالانسی هێز لەنێوان ئەو دوو جەمسەرەدا، چەمکی سەروەریی سیاسی (ساوەرینتی) لە خوێندەنەوە و پێناسەی یاساییی سیستەمی نێونەتەوەییی شەڕی سارددا، پەیوەست ببوو بە دەوڵەت نەک بە نەتەوە. ئەوەش ئالۆزی و ئاستەنگێکی قورسی بۆ ئەو نەتەوانەی کە پێش دامەزراندنی ئەو سیستەمە نەیانتوانیبوو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن و لە چوارچێوەی یاسای-سیاسیی دەوڵەت-نەتەوەیەکی دیکەدا دژیان پێکهێنابوو.

**دووەم،** سێ وڵاتی ئێران، تورکیا و عێراق کە سیاسەتی حاشاکردن لە بوونی نەتەوەی کوردیان بە ڕاشکاوی پەیڕەو دەکرد، لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان هەم لە جەمسەری ڕۆژئاوادا بوون و هەمیش سیستەمێکی سیاسیی دیکتاتۆرییانە و سەرەرۆیان هەبوو. بۆ ئەو گەنجانەی کە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان چالاکوانی سیاسی بوون، هێزی چەپ لەو سێ وڵاتەدا نە تەنیا ئاڵتێرناتیڤی بەرهەڵستکاری سیاسی دژی ئەو ڕێژیمانە، بەڵکوو سەرچاوەی گرینگی ئەندیشە و فیکریش بوو. بە واتایەکی تر، بەهۆی نەبوونی ئازادیی بیروڕا، مارکسیزم تەنیا گوتارێکی سیاسیی بەرهەڵستکار نەبوو، بەڵکوو بنەمایەک بوو بۆ زانستە سیاسییەکان، فەلسەفییەکان، مێژووییەکان و کۆمەڵناسییەکان. بەگشتی مارکسیزم بەشێوەیەکی بەرچاو سەرنجڕاکێش بوو و حیزبە کۆمۆنیستەکان پشتیوانییان لە پرسی کورد دەکرد. بۆ وێنە لە ئێراندا حیزبی توودەی ئێران تا ماوەیەکی دوور و درێژ بە ڕواڵەت داکۆکیی لە نەریتی کۆماری کوردستان دەکرد و تەنانەت خۆی بە خاوەنی ئەو ئەزموونە دەزانی. لەو بەستێنەدا هەنگاوبەهەنگاو ڕەوتی بە پاشکۆکردنی ویژمانی ناسیۆنالیستیی کوردی، بە ڕوانگەی چەپی ئەو سێ وڵاتەدا گشتاندرا. ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە ئەوەبوو کە دیسکۆرسی ناسیۆنالیستیی یەکگرتوو بۆ وەدیهێنانی مافی کوردان، کەوتە پەراوێزەوە و ستراتێژیی دابین کردنی مافی کوردان لە سەر بنەمای تێڕوانین و ستراتێژیی هێزە چەپەکان لە دروشمی خودموختاری لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی-قانوونیی ئەو سێ وڵاتەدا جێی گرتەوە. لەو قۆناغەدا ئاڵای کوردستان بە تەواوی لە بەر چاوان ون بوو.

**قۆناغی سێیەم،** لە دوای کۆتاییی شەڕی سارد دەست پێ دەکات و کاتێ پاش کۆتاییی شەڕی کەنداو و هێرشی سەددام بۆ کوردستان، کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە باشوور، ڕووبەڕووی دۆخێکی نائاسایی و نالەبار بوونەوە، لە ژێر کاریگەریی مەس میدیادا، زلهێزەکانی ڕۆژئاوا ناوچەی ئارام و ئاسایش و زۆنی دژە فڕینیان ڕاگەیاند و ئاسۆیەکی نوێ بۆ نەتەوەی کورد کراوە کە بە کوردستانی «ئازاد» لە باشوورەوە دەستی پێ کرد. پەرلەمانی کوردستان لە عێراق لە ۱۹۹۲/۱۰/۴ هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی پەسند کرد و هەمدیسان لە ۱۹۹۹/۱/۲۴ یاسای ئاڵای کوردستان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند کرا.

### ٦) ئەنجام

لەم وتارەدا هەوڵ درا دوو خاڵ شی بکرێتەوە. یەکەم، ڕەچەڵەکی مێژووی ئەو ئاڵایە کە ئێستا وەکوو ئاڵای کوردستان بە فەرمی ناسراوە. وەکوو باسی لێ کرا، ئەم ئاڵایە لە ساڵی ۱۹۲۰ لە باکووری کوردستان لە

لایەن «تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد»ەوە بە مەبەستی داواکاری لە کۆنفرانسی ئاشتی، کە دانیشتنەکەی بۆ مانگی ئابی ساڵی ١٩٢٠ دیاری کرابو، بۆ بە فەرمی ناسینی مافی نەتەوەییی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، گەڵاڵە و ئامادە کراوە. دووەم، هەوڵ درا شرۆڤەیەکی جیاواز لە نیشانی ئاڵای کوردستان واتا لە خۆری زێڕین و ٢١ پەڕ(تیشک)ەکەی بکرێت. لە بیست ساڵی ڕابردوودا، تێڕوانینێک کە ئەو نیشانەیە بە ئایینە یەزدانییەکان (ئیزەدی، یارسانی و عەلەوی)یەوە، گرێ دەدا زاڵ بووە. وەکوو باسی لێ کرا ئەو شرۆڤەیە داهێنانێکی سەردەمییانەیە کە لە دۆخێکی هەستیاردا ئەو تێڕوانینەی جێ خست، واتا لە حاڵێکدا کە ئیسلامی سیاسی لە سەرتاسەری ناوچەی ئێمەدا ببوو بە وێژمانی زاڵ و لە باشووری کوردستانیش پێگە و دەسەڵاتێکی بۆ خۆی دابین کردبوو، ئەو شرۆڤەیە ئاراستە کرا.

لە بەرانبەردا لەو وتارەدا هەوڵ درا خۆ لە پێناسەیەکی ئایینیانە لە ئاڵای کوردستان، جیاواز لە ئەوەی کام ئایین بێت، بەدوور بگرین و لە جیاتی ئەوە، واتایەکی نەتەوایەتی و مۆدێرنتر و سێکۆلارتر لە مانای ئەو خۆرەی ئاڵای کوردستان ئاراستە بکەین. لەو گۆشەنیگایەوە لۆژیکی سەرەکیی باسەکە ئەوە بوو کە ئاڵای کوردستان لە سەرەتاوە هێمایەک بۆ ویستی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد بووە.

دەرئەنجامی ئەو باسە ئەوەیە کە ئاڵای کوردستان، مێژوویەکی ١٠٠ ساڵەی هەیە و لە بیست و چەند ساڵەی سەرەتای تەمەنی خۆیدا (١٩٤٧-١٩٢٠) لە لایەن ڕێبەران و چالاکوانانی سیاسیی کوردەوە وەکوو ئاڵای نەتەوایەتی ناسراوە و ڕێزی لێ گیراوە. لە قۆناغی دووەم، یانی بۆ ماوەی مێژوویەکی چل و پێنج ساڵە (١٩٩٢-١٩٤٧)لە بیرچووەوە و یان بە ئاشکرا لە لایەن هێزە سیاسییەکانەوە شاردراوەتەوە و، یان پشتگوێ خراوە.[٩٨] لە دوای کۆتاییی شەڕی سارد و بە دەستپێشخەریی پەرلەمانی کوردستان لە باشوور، ئاڵای کوردستان هەڵکرایەوە و لە لای بەشێکی زۆری هێزە سیاسییەکان، دووبارە بووەوە بە ڕەمزی نەتەوایەتی.

هەڵبەت ئەم دەستپێشخەرییەی پەرلەمانی کوردستان، کۆمەڵێک ڕەخنەی توندی بە دواوە بوو. لە لایەکەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان دژایەتیی ئاشکرای خۆی دەربڕی و ڕایگەیاند کە نابێ یەک لایەن، یان تەنیا یەک بەشی کوردستان لە سەر ئاڵای نەتەوەیی بڕیار بۆ سەرجەمی نەتەوەی کورد بدات. ئەم ڕوانگەیە بە تەواوی، خۆی لە ڕابردووی ئەو ئاڵایە وەکوو ئاڵای نەتەوەییی کورد دادەبڕێ و تەنیا وەکوو ئاڵای باشووری کوردستان باسی لێ دەکات، کە دەرئەنجامەکەی نکۆڵی کردنە لە مێژووی ئەو ئاڵایە وەکوو ڕەمزی نەتەوایەتیی کورد. هەڵوێستەیەک کە تا ئێستاش لە لایەن ئەو گرووپە سیاسییانەی کە سەر بە بیر و ئایدیۆلۆژیی پەکەکەن ڕەچاو دەکرێ.

لە لایەکی ترەوە، دەنگۆ و دژایەتییەکی دیکە لە ژێر کاریگەریی فیکر و وێژمانی ئیسلامی سیاسی شکڵی گرت. ئەو دەنگۆیە لە باشوور کە تێیدا هەنگاو بە هەنگاو وزە و هێزی سیاسی-کۆمەڵایەتی و سەربازیی «ئیسلامی سیاسی» لە دەیەی ٩٠ی سەدەی پێشوو لە بەرزبوونەوەدا بوو، گەیشتە ئاستێکی جیددی. ئەو دژایەتییە لە ساڵانی ڕابردوودا لە ژێر کاریگەریی ئەو ئایدیۆلۆژییە سیاسییە ڕوخسارێکی تەواو جیاوازی بە خۆیەوە گرتووە و ئاڵای کوردستان، هەر وەها سروودی «ئەی ڕەقیب»ی وەکوو هێماگەلی دژ بە باوەڕی ئیسلامی، کوفر و نیشانەی ناموسوڵمانی ناساندووە و بە ئاشکرا و بەردەوام دژایەتی و بێ ڕێزییان پێ کردوون.

بە باوەڕی من هەر دوو ڕوانگەکە سەبارەت بە ئاڵای کوردستان، واتا نکۆڵی لە مێژووی ئەو ئاڵایە وەکوو ئاڵای نەتەوایەتیی کورد لە لایەن پەکەکەوە و ڕەد کردنەوەی لە لایەن گرووپە ئیسلامییەکانەوە بەو بەهانەیەی کە دژی باوەڕی ئیسلامییە، تەنیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی هەنووکەی سیاسیی گرووپییەوە گەڵاڵە کراون. ئەو هەڵوێستانە یان هیچ بایەخێک بە مێژووی ئەو ئاڵایە نادەن یان بە تەواوی لێی بێ خەبەرن، هەر بۆیەش ئەو دوو ڕوانگەیە دەکرێ وەکوو چەوتەوێژیی گواستنەوە[٩٩] شی بکرێنەوە.

ڕوانگەی یەکەم چەوتەوێژیی گواستنەوەیە، چونکە ئایدیۆلۆژییەکی سیاسی کە باوەڕی بە سەربەخۆیی کورد نییە و ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییی کورد لە هەلومەرجی هەنووکەدا بە ویستێکی ناپێویست، بورژوایانە و تەنانەت کۆنەپەرستانە دەناسێنێت، دەتوانێ بۆ جێ خستنی بەرنامە و ستراتێژیی سیاسیی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەخۆتر کاربکات. حاشاکردن لە مێژووی ئەو ئاڵایە و پەیوەست بوونی ئەو ئاڵایە لەگەڵ ویستی سەربەخۆیی کورد، نە تەنیا لە باکوور، بەڵکوو لە ڕۆژهەڵات، باشوور و تەنانەت لە ڕۆژئاواشدا جگە لە چەوتەوێژیی گواستنەوە، هیچ دەستەواژەیەکی تر ناوەرۆکی دەرناخا.

لە سەردەمی نوێدا، کارکردی سەرەکیی ئاڵای نەتەوایەتی، بریتییە لە سەلماندنی ڕەسەنایەتیی نەتەوە و لە ئاکامدا مافی نەتەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆی و جیابوونەوە. ئاڵای کوردستان هەر بەو مەبەستە لە ساڵی ١٩٢٠ دا داڕێژراوە و دروست کراوە. ڕەنگە هەلسوکەوتی ئێمە لە گەڵ ئاڵای نەتەوایەتیمان دەرخەری چۆنیەتیی ئاڵۆزیی بیری سیاسیمان بێت. دەنا کەی ڕەوایە لە ڕۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبەری، ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری تورکیا، کە هەموو کون و قوژبنی شار و گوندەکانی کوردستانی باکوور، ئاڵای تورکیای تێ ترێنجراوە و کەسانێک ڕێگە بە خۆیان بدەن بە خەڵکی کوردی باکوور بڵێن کە جارێ ئێمە ئاڵای نەتەوایەتیمان نییە.

ڕوانگەی دووەم بە ڕواڵەت ویستی کورد بۆ سەربەخۆیی ڕەد ناکاتەوە و هەندێ جار لە بەرانبەر هێزە سیاسییە سێکۆلارەکان بانگەشە بۆ «دەوڵەتێکی ئیسلامیی کوردی» دەکات.[١٠٠] پرسیار ئەوەیە ئەگەر بەڕاستی ئەو هێزانە ویستی «دەوڵەتێکی ئیسلامیی کوردی»یان لە دۆخی ئێستادا لە بەرنامەدایە، ئەوکات دژایەتییان لەگەڵ ئاڵای کوردستان و سروودی ئەی ڕەقیب بەو بەهانەیەی کە گۆیا نیشانە و ڕەنگەکانی ئاڵا «دژ بەباوەڕی» ئیسلامییە، تەنیا چەوتەوێژیی گواستنەوەیە. یەکەم، بەم هۆیەوە کە ناکرێ ڕەنگی ئاڵا لەسەر دووفاقەییی ئیسلامی و نائیسلامی پۆلێن بکرێن. دووەم، وەک ئاماژەم پێ کرد، نیشانە سەر ئاڵاکان لە ناوچەی ئێمە جیاواز لەوەی هیلالی مانگ، یان تاجەگوڵینە، یان ڕۆژ بێت، پیش هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ئەو ناوچەیە لە کولتووری خەڵکانی نیشەجێ لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا وەکوو نیشانە، بوونیان هەبووە و دوایەش لەو کولتوورانەوە گواستراونەوە بۆ باوەڕی ئیسلامی و لە شارستانیەتی ئیسلامیشدا بەکارهێنراون. بۆ وێنە بە پێچەوانەی ئەو باوەڕ باوە، نە هیلالی مانگ بە تەواوی نیشانەی باوەڕی ئیسلامییە و نە ڕۆژ هێمایەک بۆ ئاگرپەرستی.

زۆربەی وڵاتان و جووڵانەوە نەتەواتییەکان لەو سەردەمە هەستیار و قەیراناوییەدا، ئاڵا وەکوو سەمبولی یەکگرتوویی نەتەوایەتی بەکار دێنن. ئەوە نەک هەر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەڵکوو لە ڕۆژئاوا و وڵاتانی پێشکەوتووشدا دروستە. بۆ وێنە، لە بیرمان نەچێ کە لە دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، چۆن ئاڵای ئەمریکا ئەو کارکرد

و کاریگەرییەی هەبوو. لە زۆربەی وڵاتان، گەڵاڵەی ئاڵا و بە تایبەت نیشانەی ئاڵاکە ئاخێویکی ئەفسانەیی هەیە و لە سەردەمی مۆدێرندا بەکار دەهێندرێت. لە زۆربەی وڵاتان، ئاڵا ئامرازێکە بۆ ئاویتەی کردنی ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری کە بەرهەمهێنەری ڕەهەندی گرینگی ئاسایشی نەتەوایەتییە. هەر ئێستا لە قەیرانی کۆرۆنادا هەموو وڵاتەکان ئاڵاکەیان زەق کردۆتەوە.

تەنیا لە کوردستانی ئێمەدا دوای نیزیک بە ١٠٠ ساڵ لە دروستکردن و پەسندکردنی ئاڵای کوردستان، کۆمەڵێک خەڵک بە ئاشکرا نکۆڵیی لێ دەکەن. تەنیا لە کوردستانی ئێمەدا و لەو سەردەمە هەستیار و قەیراناوییەدا، ئاڵا نەک هەر هێمای یەکگرتوویی نەتەوایەتی نییە، بەڵکوو باسی ئاڵا دەبێتە هۆی ناکۆکی، دووبەرەکی و ناتەبایی نەتەوایەتی. ئاڵا لای زۆربەی جووڵانە نەتەوایەتییەکان، هۆکاری گرنگی ئاویتە بوون و تێکەڵاوبوونی ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەرییە؛ دیاردەیەکە زامنی دەستەبەرکردنی «ئاسایشی نەتەوایەتی» دەکات، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە، ئاڵا دەبێتە ئامرازی شەڕی بەرژەوەندییە حیزبییەکان.

## ژێدەرەکان:

1. Elgenius 2007, p. 18.

٢. هەمان سەرچاوە، لل ٢٠-٢١.

3. Testi 2010, p. 24.
4. Habsbawm, 1990, p.88-100
5. Breuilly, (1993) p. 3.
6. Gellner, (1997) p. 3-4.
7. Anderson, B. (1983), Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. London: Verso.
8. Miller, D (2000) Citizenship and National Identity, Polity Press, pp. 27-28.

٩. هەمان سەرچاوە، لل. ٣٠-٢٩.

١٠. شۆڕشی مەشرووتە لە ساڵی ١٩٠٥ی زایینی دەستی پێکرد و ئامانجی سەرەکیی ئەو ڕووناکبیرانەی کە پێشقافڵەی ئەو شۆڕشە بوون، چاکسازی و نوێسازی لە دامەزراوەی دەوڵەت لە ئێراندا بوو. شۆڕشی مەشرووتە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەی سەڵتەنەتی نەبوو ، بەڵکوو وەکوو خودی وشە و چەمکی مەشرووتە دەری دەخست، ئامانجی سەرەکیی، مەرجدارکردنی دەسەڵاتی شا لە پێناو وەدیهێنانی چاکسازی و نوێسازیی دەوڵەتی ئێراندا بوو. دەستکەوتی سەرەکیی شۆڕش دوو بەڵگەنامەی قانوونی بنچینەییی ساڵی ١٩٠٦ و تەواوکەری قانوونی بنچینەییی ساڵی ١٩٠٧ بوو. بەشی زۆری ئەو دوو بەڵگەنامەیە تەرجومەی قانوونی بولغارستان و بەلژیک بوون. ڕەنگەکانی ئاڵای نەتەوایەتیی ئێران کە لەو قۆناغەدا بڕیاری لە سەر درا، دەقاودەق کۆپیی ئاڵای بولغارستان بوو، بەو جیاوازییەوە کە ڕیزی ڕەنگەکان گۆڕاون و ڕەنگی سەوز، سپی و سوور بەدوای یەکتردا هاتبوون و نیشانی «شێر و ڕۆژ» بە واتای بەردەوامیی سەڵتەنەت لە ناوەندی ئاڵا جێی گرتوە. بڕوانە: لاکار (Lachkar)لل. ٢٨٨-٣٢٧.

١١. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەو سەرچاوانە: احمد کسروی (١٣٠٩) «تاریخچە شیر و خورشید»؛ محمد فراهانی منفرد، (١٣٨١) «غازان نامە: شاهنامەای از عصر مغول»؛ محمود مدبری (١٣٩٥) «تحقیقی در احوال شمس کاشانی و شاهنامەی چنگیزی»، کهن نامەی ادبی پارسی، فصل نامە علمی-پژوهشی، شمارە پیاپی ١٩، بهار و تابستان، ص ١١١-٩١

١٢. بە پێچەوانەی باوەڕی باوی خەڵک، ڕەنگی سووری ئاڵای عوسمانی و نیشانەی هیلالی مانگ و ئەستێرەکەی، لە سەر بنەمای باوەڕی ئایینی دروست نەکراوە. هیلالی مانگ لە کولتووری ناوچەکەدا لە هەزارەی یەکەمی پ.ز. و پێش لەناوچوونی دەوڵەتی هیتی لە بابل لە کولتوور و باوەڕەکانی خەڵکدا جێگیر بووە و دوای زاڵبوونی ئایینی ئیسلام، هیلالی مانگ گواستراوەتەوە بۆ کولتووری ئیسلامی. ئەستێرە و ڕەنگی سووری ئاڵاکە لە بیزانسەوە وەرگیراوە و عوسمانییەکان کە خۆیان بە میراتگری بیزانس دەزانی ئەو ئاڵایەیان بەو شێوەیە دروست کردووە. بۆ زانیاریی زۆرتر بڕوانە ئەو سەرچاوانەی کە پیشتر ئاماژیان پێ کرا و هەروەها بڕوانە: بی‌بی‌سی فارسی، ٢٣ مرداد ،١٣٨٧بایگانی‌شدە از نسخە اصلی در ٠٩ ژوئن ٢٠١٢. بازبینی‌شدە در مهر ، ١٣٨٧؛ سعید نفیسی، «درفش ایران و شیر و خورشید» و شهبازی، ٢٠٠١.

١٣. لە باسێکدا لە ژێر ناوی «ئێرانییەت و کوردایەتی: هاوژیانی یان هاودژایەتی؟» بە زمانی فارسی ‹ایرانیت و کردیت: همزیستی یا همستیزی؟› باسی ئەو گۆڕانکارییەم لە وێژمانی ناسیۆنالیستیی ئێرانی واتا گواستنەوەی لە ناسیۆنالیزمێکی خەڵکییانە بۆ ناسیۆنالیزمێکی فەرمی کردووە.

١٤. لەو نامیلکەیەدا من باسی ناسیۆنالیزمی ڕەسمیم کردووە، بە کورتی ناسیۆنالیزمی ڕەسمی (Official Nationalism) مۆدێلێکی تایبەت لە ناسیۆنالیزمە کە زۆرتر لەو وڵات و شوێنانەدا سەرهەڵدەدا کە ئیمپراتۆرییەکی چەند زمانی، چەند قەومی و چەند کولتووری ڕووبەڕووی مەترسیی هەڵوەشانەوە دەبێتەوە و ناسیۆنالیزمی ڕەسمی وێژمانی تایبەتی ڕووناکبیرانی قەومی باڵادەست لەو ئیمپراتۆرییەدایە کە ئامانجی نەجاتدان و پارێزگاریی ئەو پێکهاتە سیاسییە (ئیمپراتۆری) دەکاتە پرۆژەیەکی سیاسی و دووبارە وێناکردنەوەی لە ڕوخسارەی دەوڵەت-نەتەوەی مەبەستە،

هەر بۆیەش ناسیۆنالیزمی ڕەسمی زۆرتر خەسڵەتی کۆلۆنیالیستی نەک ڕزگاریخوازانەی هەیە.

١٥. هەندێ لە سەرچاوەکان ئەو ڕێکخراوە نوێیە کە لە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان جیابوە بە نێوی «جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد» ناو دەبەن، بەس لەو نووسراوەیەدا من «تشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد»م بەکار هێناوە، بەو هۆیە کە جەمعییەت و تەشکیلات بۆ نووسەرانی کورد لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم هاومانا بوون .

١٦. زنار سلۆپی ، لل. ٧١-٧٠.

١٧. ئەڵبەت ئەرگون ئایباس لە «دادگای ئیستیقلال» دەڵێت ئەو ئاڵایە لەلایەن «جەمعییەتی تەعالیی کوردستان» دروست کراوە، بەڵام وێدەچێ سەرچاوەی پێشوو جێی متمانەتر بێت.

١٨. مەبەستی دەوید مەکداوڵ شەریف حوسێنی مەککەیە.

19. McDowall, David (1993) A Modern History of the Kurds, p. 115.

٢٠. هەمان سەرچاوە، ل. ١١٦-١١٥

٢١. لێرەدا باس توێژێکی دیارکراوی خوێندەواری کورد دەکەین و ناخوازین بڵێین کە ناسیۆنالیزمی کوردی تەواوی سێ قۆناغەی کە لە تیۆریی میرۆسلاڤ هۆخ (Miroslav Hroch)، گەڵاڵەکراون، تێپەڕ کردبوو. بە پێی تیۆری میرسلاڤ هۆخ، هەر جووڵانەوەیەکی نەتەوەتی لە سێ قۆناغدا گەشە دەکات. ١) گرووپێک لە ڕووناکبیران، کاری فیکری لە سەر بنەماکانی زمانی، کولتووری، مێژوویی و هتد، بۆ گەڵاڵەکردنی بیری نەتەوایەتی دەکەن، ٢) لە قۆناغی دووەمدا ئەو ڕووناکبیرانە ڕێکلام و چالاکی بۆ بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوایەتی و ڕاکێشانی هەستی کۆمەڵانی خەڵک بۆ پشتیوانی لە ویستی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن. ٣) لەو قۆناغەدا بیری نەتەوایەتی دەبێت بە جووڵانەوەیەکی جەماوەری کە پشتوانیی هەراوی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بێگومان جووڵانەوەی کوردایەتی نەک لەو سەردەمەدا، تەنانەت لە ڕاپەرینەکانی دوای ئەوەش نەیتوانی بگاتە ئەو ئاستە کە هۆکارەکەی باسێکی ترە و لێردا دەرفەت نییە باسی بکەین.

22. Sir Percy Cox

٢٣. بڕوانە، ١) Bell, Review of the Civil Administration، ل. ٦٠ و هەروەها بڕوانە؛ جووەیدە، Jawaideh (٢٠٠٦) ، ل. ١٢٩.

٢٤. سەرچاوەکانی بەردەست ، بۆ وێنە ئەو دوو سەرچاوەی کە لە ژێرنووسی ژمارە ٢٣ ئاماژەیان پێی دراوە، سەبارەت بە شوێنی چاوپێکەوتنەکە جیاوازییان هەیە. لە لایەکەوە، مارگرێت بێڵ لە «پێداچوونەوە بە ئیدارەی مەدەنی مێسۆپۆتامیا» دەنووسێ ئەو چاوپێکەوتنە لە شاری مارسەی (فەڕنسە) بووە. بەڵام لە لایەکی ترەوە، ئارنۆڵد ویڵسۆن لە بەرگی ٢، بەڵێنداریەکان (Loyalties) دەنووسێ ئەو دانیشتنە لە لەندەن بووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە ئەو دانیشتنە لە شاری مارسەی بووە، هەم لۆرد داربی (Lord Derby ) سەفیری ئەو کاتەی بریتانیا لە فەڕنسە، باسی ئەوەی کردووە و هەم بەڵگەی تۆمارکراو لە «وەزارەتی دەرەوە»ی بریتانیا ئەوە دەسەلمێنێ؛ بڕوانە:

F. O. 371/3398. P. Cox to Sir Mark Sykes, Marseilles, E104697, 3rd June 1918.

٢٥. مەکداوڵ، هەمان سەرچاوە، ل. ١٢٥.

٢٦. هەمان سەرچاوە، ل. ١٣٠.

٢٧. هەمان سەرچاوە، ل. ١٣١.

٢٨. هەمان سەرچاوە، ل. ١٣٠.

٢٩.

٣٠. چەند سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن کە ئەو ئاڵایە پێش ئەوەی وەکوو ئاڵای کوردستان پەسەند بکرێت، لە لایەن «جەمعییەتی تەعالیی کوردستان»ـەوە لە ئێستانبووڵ وەکوو نیشانەی ئەو کۆمەڵەیە بەکارهێندراوە. بۆ وێنە، مالمیسانژ لە کتێبی «پێگەی کەماڵ فەوزیی بتلیسی»دا بەشێک لە بەڵگەنامەی دادگایی کردنی شێخ عەبدولقادر شەمزینانی وەکوو پاشکۆ چاپ کردووە، لە بەشێک لەو بەڵگەنامەیەدا لوتفی بەگ، ئەندامی مەحکەمە لە شێخ عەبدولقادر دەپرسێ «لە کاتی پێناسی جەمعییەتدا لە خوارەوە ڕەنگی سەوز هەیە و لە ناوەڕاستیشدا خۆرێکی زەرد، ئایا ئەمە ئاڵایە؟ عەبدولقادریش بە تووڕەییەوە وتی «وا دیارە دەبێتە ئاڵای کوردستان». بڕوانە، مالمیسانژ، ل. ٢٠٠٦.

٣١. زنار سلۆپی، لل. ٧١-٧٠ و گوێڵداش، ل. ٣٤٥-٣٣٣.

٣٢. ئەو کەسایەتییانەی کە بەشدارییان لە دامەزراندنی ڕێکخراوی «تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد» و دوایەش لە گەڵاڵەڕێژیی ئاڵای کوردستاندا هەبوو بریتی بوون لە: ئەمین عالی بەدرخان (جزیرە و بۆتان)، د. عەبدوڵڵا جەودەت (عەرەبگیر)، ئەکرەم جەمیل پاشا (ئامەد)، مەولانا زادە ڕەفعەت بەگ، نەجمەدین حوسێن (کەرکوک)، کەمال فەوزی (بەدلیس)، شوکری بابان (سلێمانی)، مەمدووح سەلیم (وان)، و د. شوکری محەمەد بەگ (سەگبان، باقرمادەن)، شوکری بەگ (بابان، سلێمانی)،. بڕوانە، کوێڵداش، ل. ٢٤٧-٢٤٦.

٣٣. کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد لە ساڵی ١٩١٩ لە شاری قاهیرە دامەزرابوو و ئامانجی دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی هەبوو و بۆ ئەو مەبەستە داوای یارمەتیی لە بریتانیا دەکرد. کۆمیتە لە لایەن سوورەیا بەدرخانەوە کە بۆ قاهیرە دوورخرابۆوە و لەوێ دەژیا ڕێبەری دەکرا. سوورەیا بە درێژایی ساڵی ١٩١٩ چەندین جار پەیوەندیی بە کوردانی ناو وڵاتەوە کرد و لەگەڵ جەمعییەتی تەعالیی کورد و ئەمین عالی بەدرخان، کە هەم کەسایەتیی بەرچاوی جەمعییەت و هەمیش باوکی بوو، پەیوەندیی هەبوو.

٣٤. لە سەر ڕەچەڵەکی ئاڵای کوردستان گریمانە و شرۆڤەی دیکە هەن. بۆ وێنە عەبدولحەمید ئیسماعیل لە وتارێکدا کە لە ٣٠ حوزیرانی ١٩٦٠ لە گۆڤاری «هەتاو»دا بڵاوی کردووەتەوە دەنووسێ ئەو ئاڵایە یەکەم جار لەلایەن ئەمیر بەدرخان لە ساڵی ١٨٢١ هەڵکراوە و هەروەها جەماڵ نەبەز لە سەر ئەو قەناعەتەیە کە یەکەم جار ئەو ئاڵایە لە لایەن ئەحمەد موختار جاف لە ساڵانی شەڕی جیهانیدا دارێژراوە و لە هەڵەبجە هەڵکراوە و دوایەش مەیجێر نۆئێل لە جەولەکەیدا بردوویەتە باکوور بۆ ڕێبەرانی کورد. هەر دوو شرۆڤە ئاماژە بە هیچ بەڵگەیەک ناکەن و تەنیا وەکوو گریمانە دەبێ باسیان لێ بکرێ، بەڵام گریمانەیەک کە لە سەر

لێکدانەوەیەکی قایم نەوەســـتاوە. بۆ وێنە تێڕوانینی جەماڵ نەبەز جێــی گومانە چونکــە ئەحمەد موختار جاف لە ماوەی شــەڕی جیهانیی یەکەمدا تەمەنی زۆر کەمتر لە ئەوە بووە کە فکر لە ئاڵا، ئەویش ئاڵای نەتەوەیی بکاتەوە. بڕوانە، عەبدولحەمید ئیســماعیل، ل. ٥٤١١، جەماڵ نەبەز،ل. ٤٠١ و هەروەها بڕوانە دیوانی ئەحمەد موختار جاف، چاپی ١٩٨٦، پێداچوونەوە و پێشــەکی عیزەددین مستەفا ڕەسوول.

٣٥. لە ســەر ئــەو خۆر و ٢١ تیشــکەی، کۆمەڵێک ڕا و بۆچوون هەیــە کە لێرەدا ئاماژە بە دوویان پێویســتە. بۆچوونی یەکەم، لە دەیەی نەوەدی ســەدەی پێشوو کە ناسیۆنالیزمی تاراوگەی کورد لە گەشــەدا بوو، زۆرتر لە ڕێگەی نووسینەکانی مێهرداد ئیزەدی، مێژووکار و ماموستای زانکۆی هارڤارد و، بە تایبەت لە کتێبەکەی «کــوردەکان: پەرتووکێکــی کورت و پڕمانــا» (The Kurds: A Concise Handbook)، بــڵاو بووەتەوە. ئەو ڕانگەیەی ئیزەدی دەورێکی گرینگی لە پەســەندکردن و جیگیر بوونی ئەو بۆچوونە هەبــووە کە گویا ئــەو خۆرە زێرینە و ٢١ تیشــکە یەکســان و هاوشــێوەکەی نوێنەرایەتیی ڕەهەندێکی گرنگی ئایینی یارسانی و ئیزەدی دەکا. بۆچوونی دووەم، زۆرتر بانگەشە بۆ مانایەکی گشتیتر، واتــا نەک تەنیا بــاوەڕی ئیزەدی و یان یارســانی، بەڵکوو باوەڕی میترایی و زەردەشتی دەکات و بەڕواڵەت ڕوخسارێکی نەتەوایەتی دەبەخشــێ بەو خۆر و ٢١ تیشکە و پێ لە ســەر ئەوە دادەگرێ کە ٢١ تیشــکەکە ئاماژەیە بە ٢١ی مانگی ٣ کە ســەرەتای ساڵ تێوەرسووڕانی «کوردی» و جەژنی نەتەوایەتیی کوردە. لە ڕوانگەی منەوە هەر دوو ڕوانگە هــەم لە باری وێژمانی و هەمیش لە باری مێژووییەوە جێ شک و گومانن.

٣٦. پەرلەمــان، ڕۆژنامەی ئەنجومەنی نیشــتمانیی کوردســتانی عێراق، ژمارە ٥٣، ١٩٩٩.

٣٧. زۆرینــەی ئەندامانی ئەو کۆمیتەیــە لە ژێر کاریگەریی هزر و بیری ڕۆژئاوایی سەدەی ١٩ی ژیانیدا، بەتایبەت لە ژێر کاریگەریی پۆزیتیڤیزمی کامت و سۆسیال-داروینیزم دا، بوون. بڕوانە؛ بێرنارد لۆیــز، ١٩٦١، لل. ٢٣٨-٢١٠ و حەمید بۆزئەرســلان٢، ٢٠٠٣، ل.٢٢.٢١.

٣٨. میر بەدرخان بەگ لە ســاڵی ١٨٢٠ بوو بە پاشای میرنشینی جزیــر و بۆتان و دەورێکی بەرچاوی هەبوو لە ســەرکوت کردنی ئیزەدییــەکان. میــر بەدرخــان لــە ســاڵی ١٨٤٦ ڕاپەڕینێکی چەکدارانەی لە دژی دەســەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانی بەرپاکرد. بە هۆی کۆمەڵێک لایەنی سیاســی و سەربازی کە لێردا دەرفەت نییە باســیان بکەین، ڕاپەڕینەکەی میربەدرخان شکســتی خوارد و بەم جۆرە، دەســەڵاتی میرنشــیی جزیر و بۆتان وەکوو ئاخرین میرنشــینی کوردی لــە ئیمپراتۆریی عوســمانییدا کۆتایی هات. دەســەڵاتدارانی عوسمانی بنەماڵەی بەدرخانیان بــۆ مەنفا دوور خستەوە. ئەمین عالی بەدرخان یەکێک لە کوڕەکانی میر بەدرخان بوو کە یاساناســێکی بەناوبانگ بووە و لە نێوان ســاڵانی ١٩٢٠-١٩٠٠ لــە ئیمپراتۆریی عوســمانیدا پلە و پایــەی بەرزری هەبوو (بــۆ وێنە موفتی دادگا لە ئیســتانبوول). ئەمیــن عالی لە ماوەی شــەڕ و دوای کۆتاییی شەڕ یەکێک لە سیاســەتمەدارانی شارەزا و بیرمەندانی بیری نەتەوایەتیی کورد بوو. ســێ کوڕەکەی ئەمین عالی بەدرخان، سووڕەیا (١٩٣٨-١٨٨٣)، جەلادەت عالی (١٩٥١-١٩٩٣) کــە زۆرتر بە میر جەلادەت نێوبانگی ناســراوە و کامەران (١٩٧٨-١٨٩٥)، وەکوو باوکیان دەوری گرینگییان لە جووڵانەوەی سیاســی و فیکریی نەتەوایەتیی کورددا گێڕا و بە هۆی زەمینەی ژیــان و پەروەردەیــان، نوێنەرایەتیی بیــری عیلمانییان دەکرد. یڕوانە، مەکداوڵ، هەمان ســەرچاوە، محەمەد ئۆزوون، «شــازادە سووڕەیا بەدرخان»، ١٩٩٤.

39. shift

٤٠. مەکداوڵ، ل. ٨٩-٨٨.

٤١. The Carbonari بریتیــی بوو لە تــۆڕی نهێنی بنکەکانی شۆڕشگێری ئیتالیایی کە لە نێوان ساڵانی ١٨٣١-١٨٠٠ خەباتییان دەکرد. کاربۆنارکان ڕوانگەیەکی وڵاتپارێزانە و لیبرالییان هەبوو.

٤٢. ( Risorgimento) ڕیســۆجیمێنتۆ بــە واتای یەکگرتووی و یــان یەکێتی ئیتالیا، جووڵانەوەیەکی سیاســی بوو کە ئامانجی یەکخستنی بەشــەکانی نیمچە دوورگەی ئیتالیای لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی لە بەرنامەدا بوو و لە ساڵی ١٨٦١ دەوڵەتی یەکگرتووی پاشایی ئیتالیایی دامەزراند.

٤٣. ڕۆژنامــەی کوردســتان لە نێوان ســاڵانی ١٩٠٢-١٨٩٨ بە دەستپێشخەریی میقداد مەدحەت و عەبدولڕەحمان بەدرخان و بە هاوکاریی ئەندامانی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی چاپ و بڵاوبۆتەوە.

٤٤. مەکداوڵ، ل. ٩٨-٩٥.

45. Shift

46. Discontinuity

٤٧. هەمان سەرچاوە، ل. ٩٩.

٤٨. هەرچەند کۆمەڵێک مێژووکاری تورک لە ســەر ئەو باوەڕەن کە مێــژووی دامەزراندنی جەمعییەتی تەعالیی کوردســتان دیار نییــە، بەڵام کۆمەڵێک ســەرچاوە کە لەو دوایانــەدا چاپ و بڵاو بوونەوە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە جەمعییەتی تەعالیی کوردســتان لــە ١٧ی کانوون (فێبرەوەری) ســاڵی ١٩١٩ دامەزراوە. هەروەها زنار ســلۆپی، شــوکری ســەگبان و محەمەد ئەمین بۆزئەرسلان، کۆکن لە سەر ئەوەی یەکەمین کۆنگرە و یان کۆبوونەوەی گشتیی جەمعییەت لە ســاڵی ١٩١٩ ڕێکخراوە و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کە هەڵبژێردراون بریتی بوون لە: ١) سەید عەبدولقادر، شەمزینان (ســەرۆک)، ٢) ئەمین عالی بەدرخان، بۆتان (جێگری سەرۆک)، ٣) فواد پاشــا، سلێمانی، (جێگری دووەمی سەرۆک)، ٤) حەمدی پاشا (سکرتێری گشتی)، ٥) سەید عەبدوڵڵا (ژمێریار)، ٦) میر ئاڵا خالید بەگ، (ئەندام)، ٧) میرئاڵا م.عالی بەدرخان، بۆتان (ئەندام)، ٨) م. ئەمیــن بەگ،ســلێمانی،(ئەندام)،٩) مــەلا عەلی ئەفەندی (ئەندام)، ١٠) شەیفیق ئاراوسی، وان (ئەندام)، ١١)شوکری بابان، ســلیمانی (ئەندام)، ١٢) فەتحوڵڵا ئەفەندی (ئەندام) ١٤) شوکری محەمەد، باقرمادەب (ئەندام). سلۆپی، ل. ٢٣، بۆزئەرسلان ل. ٦٣ و سەگبان ل. ١٥٥.

49. Klein, 2003, pp. 25-55

٥٠. لە ســاڵی ٢٠٠٤ لە «ڕووماڵی کوردیش پلاتفۆرم» وتارێکم لە ژێر سەردێری «بە مارکسیستی کردنی ناسیۆنالیزم لە کوردستان»

بــڵاو کردەوە کە هەم ناســـاندنی وتارەکـــەی ژانێت کلایەن بوو و هەمیش بـــەکار هێنانی ئەو مێتۆدە توێژینەوەیـــە بوو بۆ ئانالیزی کاریگەریی بۆچوونێکی مارکســـیزمی ئێرانی کە لە لایەن گرووپی مەنســـووری حیکمەت گەڵاڵەکرابـــو و، زاڵبوونی ئەو ئایدیۆلۆژییە لە نێوان ســـاڵانی ٩٠-١٩٨٢ لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێرانی کوردستان.

٥١. ژانێت کلاین، هەمان سەرچاوە، ل. ٢٥

52. Engendering Nationalism: Intellectuals and the Woman Question, Education, and language within Kurdish Nationalism in the End of Ottoman Empire.

٥٣. هەمان سەرچاوە، ل. ٣٠

٥٤. هەمان سەرچاوە، ل. ٢٦

55. Engendering nationalism

٥٦. جەودەت، عەبدوڵڵا، «بیر هیتاب»، ڕۆژی کورد، ژمارەی ١، ١٥ ژەون(٢ی حوزەیران)ی ١٩١٣، ل. ٣.

٥٧. مەکداوڵ لە کتێبی «مێژووی مۆدێرنی کوردەکان» باســـی د. عەبدوڵڵا جەودەت وەکوو عوسمانلییەکی بەڵیندار کە تەنیا مولتەزەم بوو بە چاکســـازی لە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا و زۆرتر عوسمانلی بو نەک ناسیۆنالیستی کورد و کەسێک کە هاوکاریی تورکە لاوەکانی کـــردووە، دەکات. هەرچەند کتێبی مەکداوڵ بەڕاســـتی دەقێکی گرینگـــە بۆ مێژووی هاوچەرخی کورد، بـــەڵام بەداخەوە بە هۆی ئەوەی کە مەکداوڵ دەرفەتی پێداچوونەوەی بە گۆڤارەکانی ساڵانی دوای کۆتاییی شـــەڕ کە بە زمانی کـــوردی بڵاودەبوونەوە نەبووە، سەرنجی ئەو گۆڕانکارییە فیکرییەی لە وێژمانی د، جەودەت نەداوە و هەڵسەنگاندنێکی دروستی لە کەسایەتیی ئەو نەکردووە.

58. Nation’s womanhood

٥٩. کلایەن، هەمان سەرچاوە، ٣١.

٦٠. ئێرگەنـــی مادێنلی، «کوردلارین کادین مەسەلەســـی»، ڕۆژی کورد، ١٢ سێپتەمبەری ١٩١٣.

٦١. کلایەن، هەمان سەرچاوە، ل. ٣٣-٢٩

٦٢. بۆ زانیاریی پتر بۆ بەستێنی فیکری و ئایدیۆلۆژیکی ئەندامانی کۆمیتەی تەعاون و تەرەقی و کاریگەریی هزری ئاگۆست کامت و سۆسیال-داروینیزم لە سەر ئەوان، بڕوانە، بێرنارد لۆیز، ‹١٩٦١، لل. ٢٣٨-٢١٠ و حەمید بۆزئەرسەلان٢، ٢٠٠٣، لل.٢٢.٢١.

63. The Case of Kurdistan against Turkey

٦٤. من لێردەا پشـــتم بەستووە بەو ڕاپۆرتە کە ڕۆژنامەڤان کریس یوهـــان بۆ ڕوومالی ئینگلیســـی ڕووداو لە ســـاڵی ٢٠١٧ ئامادەی کردبوو. لە ڕاپۆرتی کریس یوهان ناوی چەند بەڕێز هاتووە، ئەگەر ئەو بەڕێزانە لە ســـەر دروســـتیی ڕاپۆرتەکەی سەبارەت بە خۆیان قســـەیان هەیە مافی خۆیانە کە ئێمە و ڕای گشتی ئاگاداربکەنەوە. بـــەڵام وتەکان و بۆچوونی مێهرداد ئیزەدەی لەو ڕاپۆرتەدا ڕاســـتە چونکە لەگەڵ کارەکانی پێشـــووی ئـــەو ناتەبا نییە. بڕوانە ڕاپۆرتی کریـــس یوهان لە ڕووماڵی ڕووداو، بەشـــی ئینگلیســـی، بەرواری ٢٠١٧/٠٧/٢١ لە ژێر سەر دێری:

Years before independence talk someone had foresight to standardize the Kurdish flag, https://www.rudaw.net/english/kurdistan/210720171

٦٥. مێهـــرداد ئیـــزەدەی، وتوێـــژ لەگەڵ کریس یوهـــان، هەمان سەرچاوەی پیشوو.

٦٦. «یاســـای ئـــاڵای هەریمی کوردســـتانی عێـــراق، «پەرلەمان، ڕۆژنامەی ئەنجومەنی نێشتمانیی کوردستانی عێراق»، ژمارەی ٥٣، ساڵی هەشتەم، ١٩٩٩، ل.٣.

٦٧. بڕوانە ئیزدەی، کوردەکان: پەرتووکێکی کورت و پڕمانا» (The Kurds: A Concise Handbook، فەسلی ٥، لل. ١٥٨-١٣٧.

٦٨. خـــۆر تا پیش دەورانی مۆدێڕن لە فیکر و باوەڕ ی مرۆڤ هەم ڕۆژئـــاوا و هەمیش لە ڕۆژهەڵات دەورێکی ســـەرەکیی هەبوو کە پێناســـەی گەردوون و چۆنایەتی و بەردەوامیی ژیانی گیانلەبەران لە گەردووندا. هەر بۆیەش وەکوو مێتافۆر و وشە هێمای زۆر شتە.

٦٩. پێشـــتر ئاماژەمان پێ کرد کە ئاڵای مەشـــرووتە لە دەورانی پەهلەوەیـــدا گۆڕا. لە لایەکەوە نە تەنیا تیشـــکەکانی ڕۆژ تا پێنج تیشـــک کەم کراونەتـــەوە بەڵکوو دەرەوشـــاوەییی ڕۆژەکە لە ژێر تاجەگوڵینەی دەوری شـــێرەکەدا شـــاردراوەتەوە. لە باســـەکانی ســـاڵانی نێوان ٢٧-١٩٢٥ ڕووناکبیرانی ناسراوی ئێرانی ئەو کاتە ئەو باســـەیان دەکرد، ڕۆژی تەواو (ڕەها) نیشـــانەی ســـیمای ژنە و ناتوانێ نموونەیەکی شـــیاو و یان مێتافۆرێکـــی گونجاو بێت بۆ شوبهاندنی ســـەڵتەنەتێکی بەهێزی مۆدێڕنی ئێرانی کە هەم تەنیا ڕێگەی نەجاتی ئێران و هەمیش بەردەوامیی دروشـــمی سەرەکیی شۆڕشی مەشرووتە بۆ سەڵتەنەتێکی مەشرووتەیە.

٧٠. ژیـــن، ١٤، وتەهێنانـــەوە لە لایـــەن ئیســـماعیل گوێڵداش «جەمعییەتی تەعالیی کوردستان»، ل. ٨٧-٤٨٢.

٧١. جـــەودەت، عەبدوڵڵا ، ڕۆژی کورد، ژمارەی ١، ١٥ ژەون(٢ی حوزەیران)ی ١٩١٣، ل. ٣.

٧٢. بە پێی قســـەی ئیسماعیل گوێڵداش ئەو بەڵگەیە لە ئارشیوی «دەزگای چـــاپ و ی‌ڵاوکردەنەوەی دۆز» وەرگیراوە، لە کتێبەکەی چاپ کراوە، بڕوانە، گوێڵداش، ل. ٩٩-٤٩٦.

٧٣. دێرسیمی، ١٩٨٦، ل. ١٢٠.

٧٤. گوێڵداش، ل. ٣٣٩.

٧٥. هەمان سەرچاوە،ل. ٣٤١.

٧٦. سلۆپی، لل. ٧١-٧٠.

٧٧. لێرەدا من بە واتایەکی فۆکۆیانی «چەمکی ڕێکەوت» بەکار دێنم. مەبەستی فۆکۆ لە دەستەواژەی کانتینجێنسی -Contingency- چییە؟ دەکرێ وەکوو وشە کانتینجێنسی لە زمانی کوردی بکەین بە ڕێکەوت، بەس ئەوە مانای چەمکی ‹کانتینجێنسی›، واتا ڕەهەندی سیاسی-فەلســـەفییەکەی ناگەیەنێت. هەر بۆیەش باشـــترین کار پێناسە و شـــەرحی ئەو چەمکەیە. کاتێک دەڵێین ڕووداوێک، یان دۆخێکـــی مێژوویی دەبێت وەکـــوو (کانتینجێنت) لێک بدرێتەوە مەبەســـت ئەوە نییە ســـووک و ســـانا تەنیا وەکوو ڕێکەوت و یان حادەســـە ســـەیری ئەو ڕووداوە بکەین. کاتێک ڕووداوێک وەکوو کانتینجێنسی (گونجاوی ناپێویست) پێناسە دەکەین، پێ لە سەر دوو خـــاڵ دادەگرین: یەکەم؛ مەبەســـت ئەوە نییە کە ئەو ڕووداوە پێویســـت نەبوو، بەڵکوو دەڵێین سەرهەڵدان، گەشە و جێگیربوونی

ئەو ڕووداوە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی پەیوەندییە ئالۆزەکان، لە نێوان کۆمەڵێک ڕووداوی دیکە بوون کە ئەو ڕووداوە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئەوانەوە نەبوو. لەو گۆشەنیگایەوە لە مێژووکاری فۆکۆیانی «پێویستیی مێژوویی» وەکوو ئاکامی گەشەی پێکهاتەی ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکان کە لە هزری هێگڵ و مارکسەوە بەکار دەهێندرێ ڕەد دەکرێتەوە. دووەم؛ ئەو چەمکە بەو واتایە نییە کە دەیتوانی هەر شتێک ڕوو بدات و هەر بۆیەش ڕووداوە مێژووییەکان و گەشە و جێگیربوونیان هەڵقولاوی قەزاوقەدەر نین. فۆکۆ کاتێ لەدایکبوونی زیندان وەکوو شێوازێکی نوێی سزادان پێناسە دەکات بە هیچ شێوازێک نکۆڵی لە ئەوە ناکات کە لەو دەورەیەدا کۆمەڵێک لە پسپۆڕان و بەرپرسان لە ڕووی هەستی مرۆڤییەوە زیندانی کردنیان پێ باشتر بوو لە کوشتن و لێدان لە بەرچاوی خەڵک. بەس خاڵێک کە فۆکۆ پێی لە سەر دادەگرێ ئەوەیە کە سەرهەڵدانی زیندان ئاکام و دەرئەنجامی بەرێکەوتی (کانتینجێنسیانەی) کۆمەڵێک گۆڕانکاریی تر بوون کە ڕاستەوخۆ هیچ پەیوەندییەکیان بەو تەوەرەوە نەبوو.( کەندالْ & ویکام، ۱۹۹۹، ل. ۹-۵.)

۷۸. ب. لۆیس، ‹سەرهەڵدانی تورکیای مۆدێرن، ل. ۲۳۱.

۷۹. ئیتێحاد، ژمارەی ۸۹، وەرگرتن(ئاماژە پێیکراوە) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. ۲۳۶

80. Renan, E. 1996, p. 52.

81. Landes, Joan B 2001

82. Hall, S, 1992, pp. 273-316

83. Sovereign

84. Anderson, B. 1983, pp.6-7.

85. Print capitalism

86. Homogeneous and empty time

۸۷. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە وتەکانی محەممەدی کوڕی سەید عەبدولقادر شەمزینان لە مەحکەمەی ئیستێقلالدا بکەین کە لە جوابی پرسیاری سەرۆکی دادگا دەڵێت: «عەلی ڕەزا کوڕی شێخ سەعید لە ۱۲ی کانوونی یەکەمدا هاتە ماڵی ئێمە و شەو لەوێ مایەوە. کاتبی عموومی زەینەلعابدین (مەبەستی نووسەری گشتیی جەمعییەتی تەعالیی کوردە) ئالا سەوزەکەی سەر کارتی پێناسی جەمعییەتی دروست کردەوە. ئالای عوسمانی کوژایەوە، ئالای کوردستانیشمان لەباتی دروست کرد، بۆ ئەوەی وەکوو خۆر بدەروشێتەوە ئەمە بەختێکی گەورەیە و خێری تێدایە»، بڕوانە، مالمیسانژ، ل. ۲۱۰.

۸۸. بۆ وێنە، مەولەوی دەڵێت «خورشیدی سەمای شیرین جەماڵان ڕەشک ئەفزای گرۆی دیدە غەزالان»، ماموستا عەبدولکەریمی مودەڕریس لە شرۆڤەی ئەو بەیتەدا دەنووسێ: «خورشید: خۆر، سەما: ئاسمان، ڕەشک ئەفزای: داخ و خەفەت زیادکەر، گرۆ: کۆمەڵ، واتا: ئەی بریسکەدار وەک ڕۆژ بە ئاسمانی جوانەوە، ئەی زیادکەری خەم و خەفەتی ئەو جوانخاسانەی کە چاویان وەک چاوی ئاسک وایە» (دیوانی مەولەوی، ل. ۲۲۲.) و یان مەحوی دەڵێت: «چ بەرقی جیلوەیەک هەوری بەهاری کردووە بێ تاب  بە ناڵە و گریەوە دێت و دەچێ وەک تازە دێوانە» (دیوانی مەحوی، ل. ۲۷۹).

۸۹. بیرهاتا ئێحسان نووری، هێڤی گۆڤاری کولتووری گشتی، ژمارەی ۲، پاریس، گولانی ۱۹۸۴، لل. ۲۸-۲۱.

۹۰. خۆیبوون لە ساڵی ۱۹۲۷ لە ئاکامی کۆبوونەوەیەکی چالاکانی سیاسیی کورد دامەزرا .سێ کوڕەکەی ئەمین عالی بەدرخان و نەوەکانی بەدرخانبەگ، واتا جەلادەت، کامەران و سورەییا و کەسایەتییەکانی تری کورد، بۆ وێنە مەمدووح سەلیم بەگ، سکرتێری ڕێکخراوی «تەشکیلاتی ئیجتماعییەی کورد» کە ساڵی ۱۹۲۰ پاش جیابوونەوەی ئەمین عالی بەدرخان لە شێخ عەبدولقادر شەمزینان پێکهابوو، لە دامەزرێنەرانی خۆیبوون بوون. ئامانجی سەرەکیی خۆیبوون، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان، بە مەبەستی وەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان بوو. لە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی خۆیبووندا گوتراوە: «تا ئەو کاتەی کە ئاخرین سەربازی تورکیا خاکی کوردستان بەجێی نەهێڵێ» بەرخۆدان بەردەوام دەبێت. کۆمیتەی ناوەندیی خۆیبوون لە بەیرووت بوو و لە زۆربەی شارەکانی سووریا بۆ وێنە دیمەشق و حەسەکە، لقی خۆیبوون کارییان کردووە و لە ناوخۆی تورکیا بە نهێنی و لە دەرەوەی وڵات بە تایبەت لە لەندەن و پاریس چالاکیی هەبووە. لە کۆبوونەوەی دامەزراندنی، ئەمیر جەلادەت بەدرخان وەکوو یەکەمین سکرتێری خۆیبوون هەڵبژێردرا. یڕوانە، جوووەیدە، ۲۰۰۶.ل ۲۱۶-۲۱۱ و هەوەها یڕوانە، فۆکارۆ (Fuccaro)، ۲۰۰۳، لل. ۲۰۱-۱۹۷.

۹۱. ڕاپەڕینی دێرسیم لە ساڵی ۱۹۳۷ دەستی پێ کرد و تا ساڵی ۱۹۳۸ بەردەوام بوو. ڕاپەڕینی دێرسیم ڕاسانی کوردەکانی زازا بوو کە بە سەرکردایەتیی سەید ڕەزا ڕێکخرا و جیاواز لە ئەوەی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا ڕوویدا، بەس بە گوتەی بەشێک لە مێژووکارانی کورد و بیانی، بۆ وێنە ئێلفیستۆن، کاکڵێک و سروشتێکی ناسیۆنالیستیی کوردیی هەبوو. بڕوانە، جوویەیدە، ۲۰۰۶، لل. ۲۱۸-۲۱۳، هەروەها بڕوانە، ئێلفیستۆن (Elphinston))، ۱۹۴۶، ل. ۹۷.

۹۲. بە هۆی ئەو دۆخە نالەبارە کە پەتای کرۆنا خوڵقاندۆیەتی من نەمتوانی سەرچاوەیەک بۆ ئەم باسە بدۆزمەوە و بە دڵنیایی باسی لێ بکەم، بەس د. عوبێد ساڵح بە ئاماژە بە وتاری تارق جامباز کە لە گۆڤاری هەفتەنامە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری-لێژنەی چاپەمەنی، ژمارە ۳۶، دەنووسێ کە حیزبی هیوا ئالای کورستانی بەکارهێناوە، بڕوانە، عوبێد ساڵح، ل. ۲۵۵.

۹۳. ئەیوبزادە، ۲۰۱۴، ل. ۹۳.

۹۴. نیشتمان، بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ک.، ژمارە ۱، ساڵی یەکەم، پووشپەڕی ۱۳۲۲، لل ۳-۲.

۹۵. «تاران-ئانکارا»، نیشتمان، ژمارەی ۳ و ۴، ساڵی یەکەم، سەرماوەز-ڕێبەندانی ۱۳۲۲.

۹۶. «مایەی ڕزگارنەبوونی ئێمە لە زەنجیر و کەلەمەی دوژمن چییە و کێیە؟ بۆچی پێش ناکەوین؟» نیشتمان، ژمارە ۲، ساڵی یەکەم، خەزەڵوەری ۱۳۲۲.

۹۷. «ماوەی جیژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان»، کوردستان: بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان،

ژمارەی ١٤، ســاڵی یەکەم، چوارشــەمە، ٢٤ ڕێبەندان ١٣٢٤، ل. ٥٣، بنکەی ژین.

٩٨. دەگوترێ کە لە دەیەی شەســتی سەدەی پێشوو، کۆمەڵەی خوێندکارانــی کورد لە ئەورووپا، لە چەنــد بۆنە و یادێکدا هەمان ئاڵای کوردســتانیان بەرزکردۆتەوە. من لە ساڵی ٢٠١٢ لە هەولێر ئەو پرســیارەم لە زیندەیاد بەڕێز شەمســەددین موفتی کرد ، کە ئاگادار بووم پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە لە ئەورووپا بووە، و جوابی داوە کە ئاگاداری ئەمە نییە.

99. Metaphor fallacy

١٠٠. لێــرەدا دەرفەتی ئــەوە نییە باس لە بنەمــای فیکری ئەو ســتراتێژییە و ناتەباییەکانــی بکرێــت و ئەو کارە پێویســتی بە وتارێکی جیاواز و ســەربەخۆ هەیە و لە چوارچێوەی ئەو باســەی ئێستادا ناگونجێ.

## سەرچاوەکان:


**الف) فارسی**

«شیرهای مشروطه پس از ٢ روز برداشته شدند»، بی‌بی‌سی فارسی، ٢٣ مرداد ، ١٣٨٧، بایگانی‌شده از نسخه اصلی در ٠٩ ژوئن ٢٠١٢. بازبینی‌شده در مهر ١٣٨٧.

کسروی، احمد (١٣٠٩) تاریخچه شیر و خورشید.

نفیســی، سعید، (١٣٢٩) درفش ایران و شــیر و خورشید، چاپ نگین.

فراهانی منفرد، محمد (١٣٨١) غازان نامه: شــاهنامەای از عصر مغول، بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار، چاپ اول.

مدبری، محمود (١٣٩٥) '«تحقیقی در احوال شــمس کاشانی و شاهنامەی چنگیزی»، کهن نامەی ادبی پارسی، فصل نامه علمی-پژوهشی، شماره پیاپی ١٩، بهار و تابستان.

**ب) کوردی**

**کتێب:**

ئــۆزوون، محەمــەد (١٩٩٢)، پێشــەکی بۆ کتێبی «کێشــەی کوردســتان لە ئاسی تورکیادا»، نووسین شازادە سوورەیا بەدرخان، و. لــە زمانی ئینگلیســیەوە : ئەحمەدی قــازی، دەزگای چاپ و یڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر،٢٠١٠.

ئەیووبزادە، ئەیوب (٢٠١٤) «لە ژێکافەوە بۆ کۆمار: مێژوونووســی حیزبی لە ژێر تیشکی ڕەخنەدا» چاپخانە ڕۆژ، هەولێر.

بۆزئەرســلان، حەمیــد (٢٠١٢) «مێژووی تورکیــای هاوچەخ» و. لە فەرنســییەوە، نەجات عەبدوڵــڵا، دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

دێرســیمی، نووری (١٩٨٨) «دێرســیم لە مێژووی کوردستاندا» بڵاوکراوەکانی کۆمکار، چاپی یەکەم.

دۆمــۆن، پۆل (٢٠٠٨) «ســەردەمی تەنزیمات: ١٨٧٨-١٨٣٩»، و. لە فەرنســییەوە، نەجات عەبدوڵــڵا، دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

دیوانــی مەحــوی (١٩٨٤) لێکدانــەوە و لێکۆڵینــەوە: مــەلا عەبدولکەریمــی مۆدەڕیــس و محەمەدی مــەلا کەریم، کتێبی هەرزان، سوئێد.

دیوانی مەولەوی (١٣٨٩) کۆکردنەوە، لێکدانەوە و لە سەر نووسینی: مەلا عەبدولکەریمی مۆدەڕیس، ئینتێشاراتی کوردستان، سنە.

دیوانی ئەحمەد موختار جاف (١٩٨٦) بەراوەرکردن، پێداچوونەوە و پێشەکی: پ. عێزەددین مستەفا ڕەسوول، چاپی الادیب، بەغدا.

ســەجادی، عەلائەددین (١٩٥٩) شۆڕشــەکانی کــورد و کورد و کۆماری عراق، چاپخانە مەعارف، بەغدا.

ســڵوپی، زنار (١٩٦٩) «قەدری جەمیل پاشــا: دۆزی کوردستان» و. لە تورکییەوە مەلا عەلی، پێشــەکی و پێداچوونەوەی عێزەدین مەستەفا ڕەسول، الطبعە العربیە الثانیە، ١٩٩٧، بیروت.

گۆێڵداش، ئیسماعیل (٢٠١١) «جەمعییەتی تەعالیی کوردستان»، و. لە تورکییەوە، زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، سلێمانی.

مالمیسانژ (٢٠٠٧) «پێگەی کەماڵ فەوزی بتلیسی لە ڕێکخراوەکانی کوردا»، و. لە تورکییەوە: زریان ڕۆژهەڵاتی، پێداچوونەوەی» سەدیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی.

(٢٠٠٧) «جەمعییەتی تەعــاون و تەرەقیی کورد و ڕۆژنامەکەی»، و. لە تورکییەوە، زریان ڕۆژهەڵاتی، پێداچوونەوە: ســەدیق ساڵح، بنکەی ژین،سلێمانی.

**ڕۆژنامە و گۆڤار**

ئیســماعیل، عەبدولحەمید (١٩٦٠) «مێژووی ئــاڵای (کۆمەڵەی خۆیبــوون) لــە تورکیادا، گۆڤــاری هەتاو، ژمــارەی ١٨٠، ٣٠٧ حوزەیران.

زەنگەنە، عەبدوڵڵا، «وردبوونەوە لە ئاڵای کوردســتان و سالنامەی کوردی»، گۆڤاری ئاکادیمیای کوردی ژمارەی ٢٤.

ســاڵح، عوبێد، «مێژووی ئاڵای کوردســتان، گۆڤاری ئاکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٣.

عەزیــزی، هادی (٢٠٢٠) «مێژووی ئاڵای کوردســتان و مێژووی هێمای نەتەوەیی کورد لە دیرۆکی کوردستاندا»، گۆڤاری تیشک، ژمارەی ٥٣، ساڵی بیست و یەکەم، پاییزی ٢٧١٩، لل. ١٨٣-١٧٢.

نەبەز، جەمال، (١٩٨٤) «گۆڤاری «نیشــتمان» زمانحاڵی کۆمەڵەی (ژێ-کاف)، بنکەی چاپەمەنیی ئازاد، سوئێد.

نەبەز، جەمــال (٢٠٠٧) «کۆبەرهەم» ژمــارەی ٧، وتوویژ لەگەڵ دەزگای ڕاگەیاندنی گشتی، چاپخانەی منارە، هەولێر.

پەرلەمان، ڕۆژنامەی ئەنجومەنی نێســتمانیی کوردســتانی عیراق، ژمارەی ٥٣، ساڵی هەشتەم،١٩٩٩ .

هەتاوی کورد (١٤-١٩١٣) (ژمارە ١، ٥/٤ ٢١٠ )، ئێستانبوول.

ڕۆژی کورد، (١٩١٣) (١-٤)،ئێستابوول.

گۆڤاری ژیــن (١٩-١٩١٨) (ژمارە ١-٢٥) ئێســتانبوول، دووبارە چاپکردنەوەی لە لایەن محەمەد ئەمین بۆزئەرسلان، دەنگ، ١٩٩٨، ئۆپسالا، سوێد.

«ڕۆژنامــەی کوردســتان: مەهابــاد ١٣٢٤-١٣٢٥ هەتــاوی»، ئامادەکردنی ڕەفیق ســاڵح و سەدیق ســاڵح، ٢٠٠٧، بنکەی ژین سلێمانی.

هێمن، «مەحکەمەی مەنحووســی ئیستقلال» گۆڤاری نیشتمان،

ژمارە ٢، خەزوەری ١٣٢٢، ل. ١٢.
«هێڤی» گۆڤاری کولتووری گشتی، ژمارەی ٢، پاریس، گولانی

**پ) ئینگلیزی**

Anderson, B (1991) Imagined Communities: Reflection on the Origin and Spread of Nationalism, revised edition, Verso.
________ (1998) The Spectre of Comparison: Nationalism, South Asia, and the World, Verso.
Bell, G (1920) Review of the Civil Administration of Mesopotamia: 1914-1920, London: H.M. Stationary Office.
Bedir Khan, S (1992) The Case of Kurdistan against Turkey, 1st edition: Philadelphia, 1926, USA, and 2nd edition: SARA Bokförlag, 1992, Stockholm SWEDEN.
Bozarsalan 2, H (2003) "Some Remarks on Kurdish Historiographical Discourse in Turkey (1919-1980)" in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism (ed.) Abbas Vali, pp. 14-40, Mazda publishers. Pp. 163-190.
Bozarsalan3, _______ "Kurdish Nationalism in Turkey: From Tacit Contract to Rebellion (1919-1925)" in Ibid, pp. 163-190.
Breuilly, J. (1993) Nationalism and the State, 2nd edition, Manchester University Press.
Elphinston, W.G. (1946) "The Kurdish Question", International Affairs, no.1, Jan. pp. 91-103.
Elgenius, G (2007) "The Origin of European National Flags." In Flag, Nation and Symbolism in Europe and America, edited by T. H. Eriksen and Richard Jenkins, 14– 30. London and New York: Routledge.
Fuccaro, N (2003) "Kurds and Kurdish Nationalism in Mandatory Syria: Politics, Culture and Identity", in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism (ed.) Abbas Vali, pp. 191-217, Mazda publishers.
Gellner, E (1998) Nations and Nationalisms, Blackwell.
______ (1998) Nationalism, Weidenfeld & Nicolson.
Hall, S (1992) "The Question of Cultural Identity," in Modernity and Its Futures, (ed.) Stuart Hall, David Hell and Tony McGrew, Cambridge: Polity Press.
Jawaideh, W (2006) The Kurdish National Movement: Its Origins and Development, Syracuse University Press.
Izady, M (2009) The Kurds: A Concise Handbook, Taylor and Francis.
Kendall, G. & Wickham, G. (1999) Using Foucaults's Methods, SAGE Publications.
Klein, J (2001) "Engendering Nationalism: Intellectuals and the Woman Question, Education and language within Kurdish Nationalism in the End of Ottoman Empire" in Women of a Non-State Nation: the Kurds, )ed.) Shahrzad Mojab, Mazda Publishers.
Landes, Joan B (2001) Visualizing the Nation: Gender, Representation, and Revolution in Eighteenth Century France, Cornell University Press
McDowall, D (1993) A Modern History of the Kurds, I.B. Tauris.
Renan, E (1996) "What is a Nation?" in Becoming National: A Reader, (ed.) Geoff Eley and Ronald Grigor Suny, Oxfor University Press.
Shahbazi, Sh، (2001) "The Flag of Persia", in Encyclopaedia Iranica, (ed.) Ehsan Yarshater.
Smith, A. D. (1998) Nationalism and Modernism: A Critical Survey of Recent Theories of Nations and Nationalism. New York and London: Routledge.
________ (2009) Ethno-symbolism and Nationalism. Cultural Approach. London and New York: Routledge.
Smith, M.D. (1994) Mazzini, Yale University Press.
Smith, W. 1975. Flags throughout the World and across the Ages. London: McGraw Hill.
Testi, A. )2011) Capture the Flag. The Stars and Stripes in American History. Translated by N. G. Mazhar. London and New York: New York University Press.
Shahbazi, Sh (2001) "The Flag of Persia", in Encyclopaedia Iranica, )ed.) Eehsan Yarshater.
Miller, D (2000) Citizenship and National Identity, Polity Press.
Wilson, A (1936) Loyalties: Mesopotamia, vol.2: 1917-20, Oxford University Press.

# نەتەوەسازییەکی دێموکڕاتیک؛

## لە ڕەعیەتیی عەجەمەوە بۆ شارۆمەندی کوردستانی

**بێهرووز شوجاعی**

”

توێژینەوەکانی سەبارەت بە بنچینە و جۆرەکانی هزر و پراکتیکی کۆلۆنیال، بۆمان ڕوون دەکەنەوە کە ڕەخنەی ئانتی کۆلۆنیال، پێش ئەوەی کە ڕاستەوخۆ داوای سەربەخۆیی بکات، لەسەرەتادا بە داواکاری بۆ شارۆمەندییەکی یەکسان لە نێو چوارچێوەی ئەمپەریالیدا دەستی پێ کردووە. بەڵام ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی کە ئەم مۆدێلە ئالتێرناتیڤانە، لە ئوتۆپیا (کۆمەڵگای ئارمانی) و هەندێک ئیدەئال تێنەپەڕیون.

“

ئەم کورتە باســە ســەرەتایەکە بۆ لێکدانەوەی نەتەوەســازیی دیموکراتیک و پەیوەســتبوونی لەگەڵ چەمکی ســەروەری و شارۆمەندسازی. پرۆســەی نەتەوەســازی لە زۆرێک لە وڵاتاندا ڕەوتێکــی خۆماڵیی تێپەرکــردووە کە لەوانەیە لاســاییکردنیان بۆ هەلومەرجی کوردســتانی ڕۆژهەڵات، ئاکامــی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوە. تەنانەت پرۆسەگەلی نەتەوەسازی لە پارچەکانی دیکــەی کوردســتان ڕەوتێکــی ئەندێمیکیان (خۆجێیــی) هەیە و ئەو ئەزموونانە دەبێ بە بێ لاســاییکردنەوە لە ڕۆژهەڵات ئێتوود (موتالعە) بکرێن. ئەم باســە ئاورێک لە پرۆســەی بیچم گرتنی سەرەوری و شارۆمەندسازی لە جیهانی خۆرئــاوا دەداتەوە و دواتر ئەو پرۆســەگەلانەی پارچەکانــی دیکەی کوردســتان کــە تێیاندا چەمکی شــارۆمەندی پێناســە یــان پراکتیزە کراوە، تیشکیان دەخرێتە سەر. بەشی دووهەمی ئــەم کورتەباســە وروژاندنی نەتەوەســازیی دیموکراتیک بە پێی زاناوی (هۆوییەت)سیاسیی تەڤگەری ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتە.

## کێشە و ئارگۆمێنت

بە درێژایی مێژووی مۆدێرنیتە پەیوەندییەکی ڕاســتەخۆ لە نێوان ســەروەری، ئێپیســتێم[١] (مەعریفە)، تاک، شــارۆمەند و نەتەوەســازیدا هەبووە. تا ئەوکاتەی سەروەری وەکوو دەسەڵاتی باڵای ڕەببانی[٢] تەعبیر دەکرا، پێناسەی تاکیش بەنــی و موڵک و ماڵ بــوو. تاک تەنیا ئەو کاتە گەیشــتە «ئەنتەگریتەی مرۆڤــی»[٣]ی خۆی، کاتێک مەعریفە بوو بــە موڵکی هەموو کەس، واتە مەعریفە لە ناو خەڵکی ئاســاییدا دابەش کرا. لێرەدا مەبەستمان لە ئەنتەگریتەی مرۆڤی، تێگەیشــتنی ئۆتۆنۆم لە خۆ، وەکوو ســووژە و بکەری ڕاسیۆنالیســت (ئەقڵانــی) بە ئیرادەی ئۆتۆنۆم بە پێی پرەنســیپگەلێکە. ئەنتەگریتەی مرۆڤــی، وەکــوو چەمکیــش بەرهەمــی ئێپیستێمیکی مۆدێرنیتەیە.

وەک چۆن ڕێفۆرماســیۆن هانی وەرگێرانی دەقــە پیرۆزەکانــی بــۆ زمانی عامــە دەدا، تا خەڵکی ئاســاییش بتوانن تێبگــەن چییان بۆ دەخوێندرێتــەوە، یەکێک لە پێشــمەرجەکانی دیموکراسیش ئەوەیە کە دەبێت خەڵک بتوانن بــە زمانی خۆیــان بخوێنن و بنووســن تا بەم شێوەیە بتوانن ببنە بکەری سیاسیی ڕاستەقینە. خۆ-بەڕێوەبەری لەســەر بنەمای «یەک کەس و یەک دەنگ» ئەو کاتە دەســتەبەر دەکرێت، کە زانینیش دابەش کرابێت. یەکێک لە مێکانیزمە پێدڤییەکانی دابەشــکردنی زانین، دامودەزگای پەروەردەی گشــتییەکە لە لایــەن دەوڵەتەوە دادەمەزرێت. ئەم دەزگایە نە تەنیا زانین دابەش دەکات، هەروەها لە تەنیشت فێرکردنی زمانێکی ســتاندارد، گێڕانەوە و کەلەپووری نەتەوەیەکدا، سۆزیش بۆ دەوڵەت و هێماکانی دەخزێنێتە ناو زەینی تاک. ئەمە ڕێبازێکە نەتەوە-دەوڵەتەکان بۆ نەتەوەسازی بەکاری دەبەن. گەلۆ بۆ گەلێکی بــێ دەوڵەتی وەکوو کــورد، چ ڕێبازگەلێک بۆ بەدیهێنانــی پرۆســەی نەتەوەســازی هەیە؟ هەروەها ئەگەر دامودەزگای پەروەردەی گشتی بــە زاناوێکی جگە لە زاناوی کــوردی دارێژراو بێــت، ئەو زانین و زمانە، ئــەو گێڕانەوەیە، ئەو دەوڵەتــە و هێماکانــی، چ کاریگەرییان دەبێت لەســەر ئەنتەگریتــە مرۆڤیی تاکــی کورد و تەنانەت لەسەر زاناو و ڕێزۆن دێتری[٤](هۆکاری مەوجوودیەت) مرۆڤی کورد؟

کۆمەڵــگای ڕۆژهەڵات کۆمەڵــە گۆڕانێکی بنەڕەتیــی لــە ماوەی ٤٠ ســاڵی ڕابــردوودا ئەزموون کردووە. ویژمانی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لــە ڕۆژهەڵات، بــە پێــی هەلومەرجی ئەوکاتــەی ڕۆژهەڵات لەســەر بنەمای مافی «دیاریکردنــی چارەنووس» و «ڕەفعی ســتەمی میللــی» دارێژرابــوو. حیزبــە سیاســییەکانی ڕۆژهــەڵات هەرچەندە لە پاشــخانی جیاوازی سیاســییەوە ســەرچاوەیان وەرگرتبیــت، بــەڵام زۆربەیــان پۆزیســیۆنێکی تێئۆریکیان هەبوو کە لــە ناو ســپێکتروم و تەیفی چەپدا پێناســە دەکرا. لەم چەند دەیەیەدا، گۆڕانێکی

بنەڕەتی لە ئاستی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری، بەسەر ڕۆژهەڵاتدا هاتووە. ئەوەی لەو ماوەیەدا هەر وەک جاران مایندەیە و تەنانەت ئاگرێسیڤتریشی لێ هاتووە، هەر ئەو «ستەمە میللییە»یە. کاراکتەر و ڕوخساری ئەم «ستەمە»، لەبەر چەند هۆکارێک گۆڕاوە. لەوانە چەمکی ناسیۆنالیسمی باڵادەست، واتە ناسیۆنالیسمی فارس، ڕیڤیزە کراوە؛ ناسیۆنالیسمی بە ڕواڵەت سێکولاری فارسی، ماسکی سێکولاریستیی بە تەواوی لاداوە و سیمای ڕاستەقینەی فارسی-شیعەکەی بە ڕاشکاوانە بەرجەستە بووە.

تا ناوەڕاستی دەیەی ٦٠ی زائینی ئەگەر لە سەدا بیستی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە شارەکاندا نشتەجێ بووبن، ئیستا گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر بەرزتر. بە شاریبوونی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات ئەنتەگراسیۆن لەگەڵ سیستەمی کارگێری و ئابووریی دەوڵەتی ئێرانیشی قووڵتر کردووە. کاراکتەرە کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەکانی تاکی کورد لەبەر ئەم پرۆسەگەلانە بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕاوە. لە نەبوونی سیستەمێکی پەروەردەییی نەتەوەیی بە زاناوی کوردی چ ڕێگایەک لە قۆناغی ئێستادا بۆ پەروەردەی تاکی کورد بەرەو نەتەوەسازییەکی دێموکراتیک هەیە؟ پێش ئەوەی بەرسڤی ئەم پرسیارانە بدەین، پێویستە ئاوڕێک لە وەراری(تەکامول) چەمکی سەروەری بدەینەوە کە ڕۆڵێکی ناوەندیی لە گەشەی چەمکی تاک، شارۆمەند، تاک و دێموکراسیدا هەیە.

## پێناسەی سەروەریی پێش مۆدێرنیتە

پرۆسەی نەتەوەسازی دیاردەیەکی مۆدێرنیتەیە کە بە ڕێفۆرماسیۆن و ڕۆشنگەرییەوە دەستی پێ کردووە. پێشتریش قەوارەی جۆراوجۆری حوکمڕانی هەبوون، بەڵام چەمکی سەروەری تەنیا گرێدرابوو بە کەسێکەوە کە ئەویش فەرمانڕەوای وڵاتەکە بوو بە نوێنەرایەتی لە دەسەڵاتێکی ڕەببانی. واتە ئەوەی کە ئێستا وەکوو سەروەریی گەل پێناسە دەکرێت، دیاردەیەکی نوێیە، هەرچەندە سەرەتای بیچمگرتنی ئەم سەروەرییە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕێفۆرماسیۆن و وەرگێڕانی ئینجیل. لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا، یەکینە سیاسییەکان وەکوو مەملەکەت[٥] دەناسێندران، کە نە ئۆتۆریتەی ڕەها بوون، نە سەربەخۆیش، نە «دەوڵەت» بوون نە «نەتەوە»یش، کە ئێمە ئێستا وا پێناسەیان دەکەین. بێگومان شانشینی و ئیماراتی تەریتوریالی ورد و گەورە هەبوون. شاهـ دووک یان فەرمانڕەوایەکی ناوچەیی یان تەنانەت ڕێبەرێکی دینی، دەیتوانی حاکمییەتی تەریتوارێکی بەدەست بێت. «شاهان ئۆتۆریتەی ناوەڕاست بوون؛ زاڵ بوون بەسەر ئۆتۆریتەکانی خواری، بەڵام ئۆتۆریتەی ڕەها خودا، یان نوێنەرانی لەسەر زەوی، واتە پاپەکان بوون. زۆر جار ئەمیرەکان لە دەسەڵاتی شاهان بێ نیاز بوون، واتە جۆرێکی خۆبەڕێوەبەرییان هەبوو، لە هەمان کاتدا بەتەواویش سەربەخۆ نەبوون.» (Keen, 1991:262) بۆیە بریتانیا و فەرانسە وەکوو مەملەکەتی ئینگلیز[٦] و مەملەکەتی گالیک[٧] پێناسەدەکران کە لە ژێر حوکمی باڵای پاپی ڕۆمدا بوون. ڕۆحانییەت و کلێسە[٨] هاوتەریب لەگەڵ شاهـ حوکمڕانییان دەکرد.

## ئالینگارکردنی سەروەریی ڕەببانی

لە کۆتاییی سەردەمی ناوەڕاستدا سێرییەک کتێبی دینی[٩] بۆ ئامانجگەلی شەخسی بڵاو کرانەوە. ژمارەی زۆری بڵاوکراوەکان بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی دینداریی غەیری پیشەیی/عامە[١٠]، واتە دینداریییەک کە بە ڕۆحانییەتی کلێسەوە گرێدراو نەبوو و زۆرتر وەکوو عەوام پێناسە دەکرا. عەوامی باوەڕمەند، سەربەخۆ لە ڕۆحانییەت، خۆیان وە دوای وەدەستهێنانی زانینی تیئۆلۆژیک (کلامی) دەکەوتن. ئیتر مۆنۆپۆلی ڕۆحانییەت لە سەر پرسگەلە دینییەکان، بەرەبەرە بەرەو لەناوچوون دەچوو؛ کەسێکی ئاساییش دەیتوانی ببێتە خاوەنی بەیان و دەربڕین لەم بوارانەدا.

ئاکامێکی ئەم دیاردەیە بوو بە هۆکاری «پەرەسەندنی نارەزایەتیی خەڵک لەو ڕۆڵە کە بە ڕۆحانییەت وەکوو ڕزگارکەر درابوو.» (McGrath, 2004:11) مشەیی (وفور) دەقە بڵاوکراوەکان، پەیدابوونی ژمارەیەکی زۆری دامەزراوەی پەروەردەییشی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئەم دامەزراوانە زیاتر دێری مەخینی (مەسیحی) بوون، کە پەروەردەی دینییان بۆ عەوام/خەڵکی ئاسایی دابین دەکرد. ئەمە «نیشانەی ئەوە بوو کە لە کۆتاییی سەردەمی ناوەڕاستدا، هەرچەندە لە بنەمای تێئۆلۆژیدا گۆڕانێک نەهاتە ئاراوە، دیانەت و ڕۆحانییەت بەرەو لائیسیتە جوولایەوە.»[۱۱] (McGrath, 2004:12) کاتێک دەوری نێوانگێڕی ڕۆحانییەت کەم کرایەوە، ئیمتیازاتیشی بردرا ژێر پرسیار. داهێنانی دەزگای چاپ، هەم لە ڕووی دینی و هەمیش لە ڕووی سیاسیەوە، مەترسییەکی گەورەتری بۆ ئۆتۆریتەی کلێسە خولقاند. لە دەستڕەس بوونی بەرهەمی تێئۆلۆژیک بۆ عەوامێکی خوێندەوار، مۆنۆپۆلی کلێسەی لەسەر دین و زانین تێکدا و پلۆرالیسمێکی زانینی خولقاند، بۆیە «ڕەگ و ڕیشەی ڕۆشنبیریی ڕیفۆرماسیۆنی لووتێران، پەیوەستە بە پلۆرالیسمی دۆکترینالی[۱۲] (مەکتەبی/تەعلیمی/عەقیدەتی) کۆتاییی سەردەمی ناوەڕاست.» (McGrath, 2004: 28) پلۆرالیسمی دۆکترینال، بە دوای خۆیدا پلۆرالیسمی زمانیشی هێنایە ئاراوە؛ هەڵمەتێکی وەرگێڕانی ئینجیل و سەرچاوە تێئۆلۆژیکەکانی دیکە بۆ زمانە هەرێمییەکان دەستی پێ کرد کە ئیتر ئەو بەرهەمانە بۆ خەڵکی ئاسایی، واتە ئەوەی کە وەکوو عەوام پێناسە دەکرا، بەردەست بوو. «ئێپیستێم» ئیتر بۆ چینێکی تایبەت لە کۆمەڵگا سنووردار نەکرابوو، بەڵکوو خودانێکی گشتیی هەبوو، چونکە هەرکەس دەستڕەسیی بە ئێپیستێمی «زمانەکە»[۱۳] هەبوو. ئەم زمانە و زمانانە لە کۆتاییدا چوارچێوەیان بە زاناوگەلی لۆکالیی ئاخێوەران بەخشی و هەروەها بیچمیان بە تەڤگەرە ڕیفۆرمیستەکانی ئەو سەردەمە دا. لە پاش قەیرانی ڕەوایەتیی ئۆتۆریتە، کە تێئۆکراسیی کلێسە تووشی بوو، خەڵکی ئاسایی تەنانەت ئۆتۆریتەی دونیەویشیان بردە ژێر پرسیار؛ جا چ لۆردی لۆکال بوایە، چ پرەنس و نەجیبزادەی حاکم بوایە کە لە پۆزیسیۆنی باڵای هیرارشیی فێئۆدالیی سەردەمی ناوەڕاستدا بوون. هەتا ئەو کاتەش وشەی سەروەر هاوواتا بوو لەگەڵ خودی لۆرد یان شاه بەڵام بە گەشەسەندنی ئێپیستێم لە ناو خەڵکی ئاساییدا، سەروەری ئیتر بۆ تاکەکەسێک ڕەها نەبیندرا. ئەم دیاردەیە بەتایبەت لە ناوچەی شڤابێنی[۱۴] ئاڵمان سەری هەڵدا. جووتیارانی شڤابێن لە ساڵی ۱۵۲۵دا جارنامەیەکیان بە ناوی «۱۲ مادەی جووتیارانی شڤابێن» بڵاو کردەوە، کە تێیدا جگە لە داخواز بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لە مادەی ۳دا ئاماژە بەوە دەکرێت کە «تا ئیستا بە پێی نەریت، لۆردەکان خاوەنمان بوون، وەکوو ئەوەی ئێمە موڵک و ماڵ بین. ئەمە جێی داخە چونکە مەسیح هەموومانی بە بێ جیاوازی بە خوێنی پیرۆزی ڕزگار کردووە، ئەمجا چ شوانێکی بێ پایە بێت، چ لۆردێکی گەورە. بۆیە ئینجیل بۆمان دەسەڵمێنێت کە ئێمە ئازادین و دەمانەوێ ئازاد بین.» (Te Brake, 1998: 33) سەرەرای وێژمانی دینیی ئەم جارنامەیە، بۆ یەکەم جار خەڵکی ئاسایی خۆیان ئیتر نە وەکوو ڕەعیەت بەڵکوو وەکوو تاکی ئازاد پێناسە دەکرد.

جارنامەی شڤابێن ڕەعیەتی نەکردە شارۆمەند، بەڵام سەرەتایەک بوو بۆ کۆتاییهێنانی سەروەریی ڕەببانیی[۱۵] کلێسە؛ چونکە پاش ڕیفۆرماسیۆن و گەشەسەندنی پرۆتێستانتیسم، کلێسەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی حکوومەت و شاه واتە جۆرێک کلێسەی نەتەوەیی دروست بوو. تا ئەو سەردەمەش نەخشەی ئەورووپا بە پێی وڵاتانی خاوەن سەروەری نەکێشرابوو واتە «ئەورووپا بەسەر دەوڵەتانی سەروەردا دابەش نەکرابوو، بەڵکوو پێکهاتبوو لە ژمارەیەک حوکمڕانی کە [تەریتوارەکانیان]

یەکتری هاوپۆش دەکرد یان دەست بە دەست دەکرا.» (Clark, 1960:28) جەکسـنیش لەم بارەیەدا گەواهی دەدات کە ئەو سەردەمە «هیچ سنووری سەقامگیر و دیاریکرای سیاسی نەبوو کە ئێمە بتوانین بە پێی سەلاحیەتی حەوزەی قەزایی، وەکوو دەوڵەتی سەروەر پێناسەی بکەین.» (Jackson, 2007:35) پرۆسەی ڕیفۆرماسیۆن و سەرهەڵدانی پرۆتێستانتیسم، شیسمێکی گەورەی لە ناو کلێسەدا دروست کرد، کە بۆ ماوەی چەندین دەیە بووە هۆکاری شەڕی مەزهەبی لە ئەورووپا.

## لە سەروەریی ڤێستفالێنی دەوڵەتەوە بۆ سەروەریی گەل

ئەم شەڕانە بە پەیماننامەی ئاشتی ڤێستفالێن[۱۶] لە ساڵی ۱۶۴۸دا کۆتاییان پێ هات. گرنگترین دەسکەوتی ئەو پەیماننامەیە دەستەبەرکردنی سەروەری بۆ لایەنەکانی شەڕ بوو، بۆیە سەروەریی دەوڵەت[۱۷] وەکوو سەروەریی ڤێستڤالێنیش[۱۸] بەناوبانگە. بەڵام سەروەریی ڤێستفالێنی، سەروەریی بەرەو دەرێ بوو. بە پێی ئەم چەمکە، ئۆتۆریتەی دەوڵەتێک لە بەرانبەر دەوڵەتێکی دیکە بوو. واتە دەوڵەت[۱۷] یان «حکوومەتێکی سەروەر، حکوومەتێکی «ئازاد»ە، بەو مانایە کە ڕەهایە لە ئۆتۆریتە و قانوونی دەرەکی، جگە لەو حاڵەتانە کە خۆی ڕەزایەتی دابێت، بۆ نموونە ئەگەر ڕێککەوتنێک [لە نێوانیاندا] هەبێت.» (Jackson, 2007:10) ئەم جۆرە سەروەرییە لە لایەن شاهانی سەردەمی ناوەڕاستدا لە بەرانبەر پاپ و شاهە ڕەقیبەکانەوە بەرجەستە دەکرا.

## سەروەریی گەل بە پێی پێناسەیەکی ڕووسۆیان و تەعبیر لەو پێناسەیە

سەروەری وەکوو چەمک، ڕێگایەکی مێژوویی بریوە؛ ڕاستە جاران وەکوو مافی باڵادەستی شاهان و فەرمانڕەوایان لەبەرانبەر ئەوانی دیکەی ڕەهادا پێناسە دەکرا. بەڵام ڕوویەکی ناوخۆیی ئەم سەروەرییە هەبوو، چونکە ئۆتۆریتەی فەرمانفەرمای سەروەر لە بەرانبەر ڕەعیتیش بەرجەستە دەکرا، واتە سەروەر بەسەر ڕەعیەتەکانیدا ڕاهێنانی ئۆتۆریتەی دەکرد و بە کەیفی خۆی بڕیاری دەدا. ڕێبواریی سەروەری گەرچی لە سەروەریی دەوڵەت یان سەروەریی ڤێستفالێنی ڕا دەستی پێ کرد، بەڵام بە ئیدەگەلی ڕادیکاڵ خۆی فراوانتر و قووڵتر کرد. لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا جان لۆک[۱۹]و ژان ژاک ڕووسۆ[۲۰] سەروەریگەلیان تیئۆریزە کرد. لە کتێبی دووەمی «دەربارەی پەیمانی کۆمەڵایەتی، یان پرەنسیپگەلی مافی سیاسی[۲۱]» (۱۷۶۲)دا ڕووسۆ ئیستیدلال بەوە دەکات کە سەروەری، یان «ئیرادەی گشتی»، «ناجیابار»ە و یاسا پەیڕەو دەکات. یاسادانەر لە خۆڕا ئۆتۆریتەی نییە، تەنیا ڕێنوێنێکە کە کۆمەڵە یاسایەک ئامادە و پێشنیاز دەکات و تەنیا گەل، واتە «سەروەر» یان «ئیرادەی گشتی» ئۆتۆریتەی تەسویب کردنی هەیە.

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی ڕووسۆ بۆ سەروەری لەوبەری ئۆقیانوسی ئەتڵەس لە ئەمریکا شۆڕشێک بۆ سەربەخۆیی سەری هەڵدا کە بە «ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی» لە ساڵی ۱۷۷۶ و «دەستووری» ئەمریکا لە ساڵی ۱۷۸۷دا بە ئەنجام گەیشت. لە دیباچەی دەستووری ئەمریکادا هاتووە کە «ئێمە، گەلی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ ئەوەی کە یەکگرتنێکی کارا دەستەبەر بکەین... بڕیار لەسەر دامەزراندنی ئەم دەستوورە بۆ ... ئەمریکا دەدەین.»(The Declaration of In-dependence, 1776) واتە ئەوەی کە بناغەی وڵاتەکەی داناوە، گەلە نە فەرمانڕەوایەکی سەروەر. چەند ساڵێک دواتر تیئۆریی ڕووسۆ بوو بە بەردی بناغەی پێناسەی سەروەری لە دەستووری ۱۷۹۱ی فەرانسە؛ تەنانەت هەندێک دەستەواژەی ڕووسۆیی بوون بە بەشێک لە دەقی دەستووری فەرانسە. لە بەشی ۳، «دەسەڵاتی گشتی»، بەندی یەکی ئەو دەستوورەدا هاتووە کە «سەروەری یەکە، نادابەشبار، ناجیابار

و ناستێنباره؛ نەتەوە خاوەنیەتی؛ نە هیچ گرووپێک دەتوانێ سەروەری بکاتە تابیعی خۆی، نە هیچ تاکێکیش دەتوانێ بیکاتە موڵکی خۆی.» (The French Constitution of 1791) بەڵام لە ڕاستیدا «ئەوەی شۆڕشگێڕانی فەڕانسە تێیدا سەرکەوتوو بوون، «تابیع» کردن و «تەمەللوکی» سەروەری بوو بۆ خۆیان لەژێر ناوی «گەل».» (Jackson, 2007:93) ئەو سەروەرییەی کە پاش شۆڕشی فەڕانسە لەوێ دەستەبەر بوو وەکوو «دێموکراسیی تۆتالیتەر» (Talmon 1970:43) پێناسە کراوە. واتە تەنیا فاشیسم و کۆمونیسم نییە کە لە سپێکترومی دێموکراسیی تۆتالیتەردا وێنا کراوە، ڕەگ و ڕیشەی ئەم جۆرە دێموکراسییە دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامەی سیاسیی شۆڕشی فەڕانسە. واتە پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی حاڵەتی ئێکسترێمی سەروەریی گەل و تۆتالیتاریسم هەیە، کە لەوانەیە مەبەستی ڕووسۆ نەبووبێ. گەلۆ پرێمیسەکانی تەعبیری «ئیرادەی گشتی» چین، کە شۆڕشی فەڕانسە تەفسیرێکی وا تۆتالیتەری لە «سەروەریی گەل» کرد؟ ڕووسۆ سەروەریی لەگەڵ «ڕەزایەتی خەڵک» ڕەوا دەدیت؛ هەولی دەدا بسلەمێنێ کە ئۆتۆریتەی سەروەر دەکرێت لە دەست هەموو کۆمەڵگەی سیاسیدا بێت. بەڵام ئەو ڕەوشەی کە ئاکتۆرەکانی شۆڕشی فەڕانسە دەیانەویست بە ناوی خەڵکی ئاسایی بەدی بێنن، لە کۆنترۆڵێکی تۆتالیتەر ئەولاتر نەبوو! واتە ئیدەکانی تەحریفکراوی ڕووسۆیان بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان بە کار هێنا. بە ناوی خەڵکی ئاسایی ویستی خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاند. بە ناوی گەل، خەڵکیان ترساند و تەنانەت تێرۆریزە کرد. ئیرۆنییەکی مێژوویی ئەمەیە کە ڕەچەڵەکی وشەی «تێرۆر» دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی فەڕانسە.

لە کۆنتێکستی کوردیدا هاوشێوەی تەفسیرێکی وا لە سەروەری لە پەیماننامەی کۆما جڤاکێن کوردستان (ک.ج.ک)دا دەبینرێت. بە پێی مادەی ٢ی پەیماننامەکە «ک.ج.ک سیستەمێکی کۆمەڵگاگەر (وشەی toplumcu بە کار هێنراوە، کە لە تورکی دا toplum بە واتای کۆمەڵگا و-cu پاشگرێکە بۆ ئاولناو، واتە وەرگێری ڕاستەوخۆیی بە زمانە ڕۆژئاواییەکان دەبێتە سۆسیالیست، بەڵام ک.ج.ک وشە تورکییەکەی بەکار هێناوە)- کۆنفێدرێراڵە. ... دەوڵەت نیە، ئۆرگانیزاسیۆنێکی کۆمەڵایەتی، دێموکراتیک و سیاسی یە، کە بە شێوەی ئاسۆیی و پیرامیدی (هرەمی) ڕێکخراوە. ئیرادەی کۆمەڵانی گەل بە ڕێگای کۆمون، ئۆجاق، مەجلس و کۆنگرە پەیرەو دەکات.[٢٢]» ( KCK Sözleçmesi)[٢٣] لێرەدا ک.ج.ک خۆی دەکاتە خاوەنی ئیرادەی گەل. پەیماننامەی ک.ج.ک. ئاماژە بە جۆرێک لە دێموکراسیی ڕادیکال بە ناوی دێموکراسیی جەماوەری دەکات. بەڵام بە پێی مادەی ٥ی پەیماننامەکە «هەرکەسێک کە لە کوردستان لە دایک دەبێت شارۆمەندی ک.ج.ک یە و... دەبێت ئەو ئەرکانەی لە پەیماننامەدا دیارکراوە بە جێ بێنێ. [٢٤] «بەندی ج، مادەی شەشیش هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە دەرکردن لە شارۆمەندی ک.ج.ک بە بڕیاری دیوانی داد و تەئیدی کۆنگرا گەل جێ بە جێ دەکرێت.[٢٥] «کۆنگرا گەل ڕێکخراوی سیوانیی پ.ک.ک یە. لە مادەی ٣٦ی ئەو پەیماننامەیەدا هاتووە کە پ.ک.ک. «هێزی ئیدێئۆلۆژیکی سیستەمی ک.ج.ک. یە و بەرپرسە لە بەدیهێنانی فەسەلفە و ئیدێژۆلۆژی ڕێبەرایەتی (مەبەست عەبدوللا ئۆجالان). [٢۶] «واتە چارچێوەی شارۆمەندی، مەرجی شارۆمەندی بە پێی ئیدێئۆلۆژیی پ.ک.ک و کەسێک (ئۆجالان) دەستنیشان دەکرێت. بە پێی مادەکانی ٢۴ تا ٢۶ هەر شارۆمەندێک دەبێت لە پێکهاتیەکی کۆمونالدا ئۆرگانیزە بکرێت. سیستەمی شارۆمەندی ک.ج.ک و ڕێکخستنیان لە کۆمونەکاندا جیاوازیەکی ئەوتۆیی لەگەڵ سیستەمی سۆڤیەت نیە، لە دێموکراسی سۆڤییەتدا دەبا هەر شارۆمەندێک لە «سۆڤیەت»ەکی گەرەک، دێ و کۆلاندا

ئەندام بوابیە. ئەم «سۆڤیەت»ـانەش گرێدرابوون بە حیزبی کۆمونیست.

لە سەرەتای سەدەی ڕابردووش ژمارەیەک لە سیستەمەکان لە ژێر ناوی «ئیرادەی گەل» ویستی خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. یەکێک لە وشە ئیکۆنییەکانی ناسیۆنالسۆسیالیستەکانی ئەڵمانیا وشەی «das deutsche volk»، واتە گەلی ئالمانە. زۆربەی وڵاتە کۆمونیستەکان کە سیستەمی تۆتالیتەریان هەبوو و هەیە، ناوی «دیموکرات» لە پێناسەی فەرمییاندایە؛ کۆماری دیموکراتیکی ئالمان، کۆماری «دیموکراتیکی» گەلی کۆریا (کۆریای باکوور) و کامپوچیای «دیموکراتیک». کامپۆچیای دیموکراتیک یان لە ڕاستیدا کامپۆچیای پۆل پۆتی خمێرە سوورەکان، ناوی بە ژێنۆسایدی خەڵک چووە مێژووەوە. لەم وڵاتانە نە تەنیا دیموکراسی و شارۆمەندی نەبووە، تەنانەت هیچ بەهایەک بۆ ئەنتەگریتەی مرۆڤیی تاکەکانی وڵاتەکەش نەبووە.

## سەروەری و یاسای نێودەوڵەتی

ئەگەر قۆناغەکانی وەراری ڕێبواریی سەروەری وێنا بکەین، دەتوانین سەروەریی ڕەبانی بۆ سەروەریی دەوڵەت یان ئەوەی کە وەکوو سەروەریی ڤێستفالێنی و لەوێشەوە بۆ سەروەریی گەل دەستنیشان بکەین. تا ئێستاش بۆمان سەلمێندراوە کە سەروەریی گەل بە شێوەیەکی خۆکار ناتوانێ دیموکراسییەکی ڕاستەقینە دەستەبەر بکات. لە بواری یاساییدا سەروەریی گەل، دوو واتای جیا، بەڵام پێکەوە بەستراوی هەیە؛ «بۆ دەرەوە، ئاماژە دەکات بە چۆنایەتیی سەروەربوونی ئەو گەلانە کە شامیلی دەستووری نەتەوەیەکگرتووەکانن. ئەم چۆنایەتییە بریتییە لە پرەنسیپی دەستوەرنەدانی دەوڵەتی بێگانە لە کاروباری نێوخۆیی و ڕەدی بۆچوونی بیانی لەسەر ئەوەی کە کێ حکومەتی ڕەوای ئەو دەوڵەتەی پێکهێناوە.» (Roth, 1997:365) لایەنێکی دیکەی ئەم چەمکە نۆرمێکی نێوخۆیی لە یاسای نێونەتەوەییدایە. ڕاستە کە مادەی ٢١(٣)ی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ داوا دەکات کە «دەبێت ئیرادەی گەل بنچینەی ڤۆتۆریتەی حکومەت بێت» (Universal Declaration of Human Rights)، بەڵام نەسی ئەم جاڕنامەیە ئیدیعای هەموو دەزگایەکی حوکمرانی لە جیهاندایە، جا چ دیموکراتیک بێت چ ئۆتۆریتەر. تەعبیری ئەم بەندەی جاڕنامە پرسێکی ئیدئۆلۆژیکە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی زۆر جار نەک هەر پابەندی ئەم بەندە نەبووە، بەڵکوو بە پێی ڕێسای ڕێئال پۆلیتیک[٢٧]، عوزریشیان بۆ ڕژێمە ڕەهایەکان هێناوەتەوە. لەم سەردەمە دا، ڕێژیمە هەرە تۆتالیتەرەکان خاوەنی پارلمانن، بەڵام ئایا لەم وڵاتانە سەروەریی پارلمانی هەیە؟ تەعبیرێکی گشتی لە پارلمان ئەوەیە کە پارلمان نە تەنیا جەستەیەکی یاسادانەر، هەروەها دەزگای نوێنەرایەتیی گەلە. بە پێی پرۆسێدوورێکی هەڵبژاردن بەشێک لە گەل یان هەمووی، بە ڕێگای هەڵبژاردن، هەندێک تاک لە ناو خۆیەوە، بۆ نوێنەرایەتیی خۆی هەڵدەبژێرێت. بەڵام لە وڵاتانی وەکوو ئێران و تورکیا، پارلمان چەندە سەروەریی هەیە؟ گەلۆ ئەو کەسانەی بۆ نوێنەرایەتیی گەل هەڵبژێردراون، چەندە نوێنەرایەتیی گەل دەکەن؟ سەروەریی پارلمانی دێتە واتای سەروەریی موتڵەق و ڕەهای پارلمان. بە پێی ئەم سەروەرییە پارلمان یاسا دادەنێ و یاسا هەڵدەوەشێنێتەوە. هیچ ئۆتۆریتەیەک لەسەرووی پارلماندا نییە. بەڵام ئایا دەتوانین کەتواری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پێی ئەو جەوهەرەی سەروەریی تێدا پێناسە کراوە، وێنا بکەین؟ تەنانەت ئەگەر سیستەمێکی پارلمانی، تەواوی تایبەتمەندییەکانی دیموکراسیی نوێنەرایەتی پەیڕەو بکات، ئایا دەتوانێ هەموو مافە دیموکراتیکەکانی تاک، گرووپ، دەستە و تەنانەت کەمینە ئێتنیکییەکان دەستەبەر بکات. سیستەمی دیموکراسیی نوێنەرایەتیی ئەمریکا، یەکێک لە کۆنترین سیستەمە پارلمانییەکانی

جیهانە، کەچی تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو، سیستەمی هەڵاواردنی نژادی تێیدا حاکم بوو. ڕەشپێستەکان نەیاندەتوانی بچنە خوێندنگا یان تەنانەت ڕێستۆرانتی سپیپێستەکان. واتە سەروەریی گەل، بۆ پراکتیزە کردنی ئۆتۆریتە بە پێی بڕیار و خواستی گەل، هیچ گارانتییەکی نییە.

بۆ ئەوەی دەسەڵات لە لایەن کەس یان کەسانێکەوە مۆنۆپۆلیزە نەکرێت یان بە شێوەیەکی خراپ بە کار نەهینرێت، دەبێت «ئۆتۆریتەیەکی دەستووری هەبێت، کە تێیدا گەل وەکوو جەمع، دەسەڵاتی باڵای وڵاتەکە بێت، واتە دامودەزگا و سامانەکانی دەوڵەت لە خزمەت گەلدا بێت و بەم شێوەیە دەسەڵاتی خەڵکی ئاسایی، بە شێوەیەکی ئامرازی و ویژمانی دەزگایی بکرێت. ئەمە دێموکراسیی دەستوورییە، کە تێیدا «دەسەڵات بە پێی یاسا مەهار دەکرێت.» (Friedrich, 1963:198)

سەرەڕای ئەو هەموو مێکانیزمە سیاسی و تەنانەت یاساییانەی کە فرێدریخ باسی دەکات، دیسان هیچ گارانتییەک نییە کە دەنگی گەل ڕەوایەتی نەداتە سیستەمێکی تۆتالیتەر. گەل دەتوانێ حیزب یان تەنانەت کەسێک هەڵبژێرێ کە هەموو دەسەڵات لە دەستی خۆیدا قەبزە بکات؛ دیارترین نموونە حیزبە ناسیۆنالسۆسیالیستەکەی ئالمان بوو کە بە دەنگی خەڵک لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا هاتە سەر حوکم.

## نەتەوە و سەروەری

لە نێوان سەروەریی گەل و مافی دیارکردنی چارەنووسی نەتەوەدا پەیوەندییەکی مێژوویی هەیە. هەر دوو شۆڕشی فەرانسە واتە، شۆڕشەکانی کۆتاییی سەدەی ١٨ و ناوەڕاستی سەدەی ١٩ و ئەو شۆڕشانەی کە لە ناوەڕاستی هەر دوو شەڕی جیهانیدا ڕوویاندا و تەنانەت شۆڕشی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا لەدژی هێژێمۆنی سۆڤیەتیش، لە کۆنتێکستی سەروەریی گەل بە پێی دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەدا هەڵدەسەنگێندرێن. بۆیە لە تیئۆریی سیاسەتی مۆدێڕندا گەلێکی سیاسی کە وەکوو سووژەی مافی دیاریکردنی چارەنووس هەڵسەنگێندرێت، وەکوو نەتەوە پێناسە دەکرێت، چونکە پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان نەتەوەبوون و پراکتیکی سەروەریی گەلدا هەیە. تەنانەت مۆدێلی نەتەوە-دەوڵەت لەسەر ئەو هزرەیە کە نەتەوە پەیوەستبوونی ئیدەی ئازادی، [مافی] دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی و سەروەریی گەل پێکەوە وێنا دەکات. بێگومان نەتەوە و دەوڵەت هاوواتای یەکتر نین، ڕاستە کە نەتەوە پۆتانسیێلێکی بەهێزی هەیە بۆ بەسیج و هەستی هاوزاناوی (هەمزادی) تاکەکان و لە ئەنجامدا بەهێزکردنی بناغەی دەوڵەتەکە. بەڵام لە نەتەوەی بێ دەوڵەتیشدا پۆتانسیێلێکی وا بینراوە، دەنا بە بێ پۆتانسیێلی بەسیج، تاکەکانی ئەو نەتەوەیانەی کە خەباتیان بۆ ڕزگاری کردووە، سەرکەوتنیان بۆ بەدەست هێنانی سەروەری بەدی نەدەهات. هابرماس جەخت لەوە دەکات کە «خۆ-ئاگایی نەتەوەییی خەڵک، کۆنتێکستێکی فەرهەنگیی پێکهێنا کە ڕێگەی دا بە چالاککردنی شارۆمەندەکانی. ئەمە کۆمەڵگەی نەتەوەیی بوو کە جۆرە پەیوەندییەکی نوێی لە نێوان کەسانێکدا خوڵقاند کە پێشتر بۆ یەکتر بێگانە بوون.» (Habermas 1996: 128)

خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، پشتگیرییەکی بێ وێنەیان بۆ خۆڕاگریی ڕۆژاڤا و پرۆسەی گشتپرسیی باشوور نواند. لەوانەیە گرنگ بێ کە ئاورێک لەو کارەساتانەی لە ڕۆژهەڵات ڕوویان داوە بدەینەوە. پاش بوومەلەرزەی کرماشان، لە یەکێک لە باکووریترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵات واتە لە شارۆچکەی کۆتۆل (قوتوور) ـەوە کاروانێکی ٧٠ کامیونی یارمەتی بە مەودای ٨٠٠ کیلومەتر بۆ کرماشان و سەرپێل زەهاو ناردار. لەوانەیە خەڵکی ئەو ناوچەیە هەر ناوی سەرپێل زەهاویشیان نەبیستبوو. لە زستانی ٢٠٢٠ لە کۆتۆل بوومەلەرزە قەوما،

ئەمجا سەرپێل زەهاوییەکان لە ژێر چادر و خێوەتەوە یارمەتیان بۆ کۆتوڵ نارد، جگە لەوەی سەرتاسەری کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە بەسیج بوون. لە کۆتایی ۲۰۱۸ دا ڕێکخراوە ڕۆژهەڵاتییەکان بانگەوازێکیان بۆ مانگرتنی گشتی کرد؛ لە باکوور تا باشووری ڕۆژهەڵات خەڵک لە ماڵی خۆیان مانەوە و دووکان و بازاڕ و شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەمووی داخرا. ئەم دوو نموونەیە و زۆرێک لە نموونەی دیکە سەلمێنەری ئەوەیە کە هاوهەستی و هاودڵیی شارۆمەندی لە ڕۆژهەڵات، لە نەتەوەکانی دەوروبەر ئەگەر بەهێزتر نەبێت، لاوازتریش نیە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پرۆسەیەکی سۆسیالیزاسیۆن، واتە پەروەردەیەکی گشتیی کوردی لە ئارادا نیە. تاکەکانی نەتەوەی کوردی ڕۆژهەڵات، لەوانەیە لە شارۆمەندانی دەوڵەت-نەتەوەکان زیاتر ئینتیما و هاوزاناوی لە بەرانبەر یەکتر دەنوێنن؛ پشتگیریی یەکتر دەکەن، هاوکاری دەکەن، بۆ ژینگە، بۆ خاک و خەڵکی خۆیان هەموو جۆرە فەداکارییەک دەکەن، تەنانەت لە پێناویدا بە چەک و بێ چەک خەبات دەکەن و دەمرن، بە بێ ئەوەی پرۆگرامێکی پەروەردەی یەکگرتوویان هەبێ، بەبێ ئەوەی لە هەمان شێوە دامەزراوەدا سۆسیالیزە کرابن و بە بێ ئەوەی کە لە پرۆسەیەکی فێرکردن و ڕاهێنان لە دەزگاگەلی پەروەردەی گشتی، وانەی گێڕانەوەی نەتەوەییی خۆیان وەرگرتبێ. نە نەبوونی ئەو پرۆسەیە، نە نەبوونی ئەو دامەزراوانەش، نەبوونە هۆکار کە هاوهەستی و هاودڵی لە نێوانیاندا وەرار نەکات و ماینده نەبێت. ئەو هەستانە لە پەنای هەست بە چارەنووسێکی هاوبەش، میرات و مێژوویەکی هاوبەشە کە ڕۆژانە بەرهەم دەهێندرێنەوە. ئەم خاڵانەی کە ئاماژەیان پێ کرا، دروست بە پێی تیئۆریی نەتەوە وەکوو «کۆمەڵگایەکی وێناکراو»ی ئاندێرسۆن، گوزارش لە پێناسەیەکی نەتەوەیی بۆ کورد دەکات. چەند دەیە پێش ئاندێرسۆن و هابرماسیش، قاسملوو لە بابەتی پێکهاتنی زاناوی نەتەوەییی گەلی کورد، لەکتێبە بەناوبانگەکەی «کوردستان و کورد[۲۸]»دا، ئاماژە بە چەندین خاڵی گرنگ وەکوو پێشمەرجی نەتەوەبوونی کورد دەکات و وەها پێدەچێت «لە زانستی نوێدا چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ ناوەرۆکی ئەم وشەیە [نەتەوە] دەستنیشان کراوە. نەتەوە کۆمەڵێک لە تاکی مرۆڤین، کە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا دیار بوونە و دامەزراون.» (قاسملوو، ۱۹۹۶:۳۰۰) پاش تاوتوێکردنی مێژووی کورد و گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی سەرمایە و دابەشکردنی کوردستان لە نێوان چوار وڵاتدا، قاسملوو دەگاتە ئەو ئەنجامە کە «لە بەر ئەم هۆیانە، بەو شێوەیە کە دەتوانین لە نەتەوەکانی دیکە ناوببەین، دەتوانین کوردیش وەکوو نەتەوە پێناسە بکەین، چونکە سێ مەرجی گرنگ و سەرکیی پێکهێنانی زاناوی نەتەوەیی بریتی لە زمان، خاک و دابونەریتی هاوبەش بە تەواوی لە ناو گەلی کوردیشدا هەن.» (هەمان سەرچاوە: ۳۰۴-۳۰۵) سەرەڕای بۆچوونێکی ئێکۆنۆمیست، لێرەدا مارکسیزم، کە بۆچوونی باوی تیئۆریزەکردنی نەتەوە لە ناو چەپەکاندا بوو، قاسملوو، ئابۆری ناکاتە فاکتۆرێکی ئەساسی بۆ پێناسەی نەتەوە و وەها پێدەچێت: «زۆر جار هەبوونی ئابوورییەکی هاوبەش وەکوو مەرجێکی سەرەکی بۆ پێکهاتنی زاناوی نەتەوەیی هەژمار ناکرێت.» (هەمان سەرچاوە: ۳۰۵)

خاڵێکی دیکە کە لە پراکتیکی کۆمەڵایەتی و ویژمانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتدا بەرجەستە دەبێت، ئیدەی بەرابەری و دادمەندییە، وەکوو گرین فێلد ئاماژە دەکات، نەتەوەی مۆدێرن «کۆمەڵگایەکی گشتگیر، سەروەر و لە جەوهەردا یەکسان»(Greenfeld 2001: 32) وێنا دەکات. قاسملوو لە «بحث کوتاهی در بارە سوسیالسم»دا ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجگەلی حیزبەکەی تەنیا چارەسەریی کێشەی نەتەوەیی نییە، بەڵکوو پرۆگرامی هەیە بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و «لە ساڵی ۱۹۷۱ەوە تا ئیستا

بەرنامەی بە تایبەت لەسەر بنەمای چارەسەری دوو کێشەی «نەتەوایەتی» و «کۆمەڵایەتی» دامەزراوە.» (قاسملوو، ١٩٨٢:٨)

لە ئاراستەی بنەمای یەکەمی بۆچوونەکانی قاسملوودا، کۆمەڵێک تیئۆریسیەنی بواری سەروەری و مافی دیاریکردنی چارەنووس ڕادەگەیەنن کە «نەتەوە وکوو خەڵک مافی خۆبەڕێوەبەریی هەیە، کە [مافی] دیاریکردنی چارەنووس، ئاماژەیەکی ڕاستەخۆیە بۆ مافی گەردوونی بۆ مرۆڤ.» (MacCormick 1999; Lindahl: 2001; Tully 1995) هاوئاراستە لەگەل هێمان(عنصر)ی دووەمی بۆچوونەکانی قاسملوو واتە «لە ناوبردنی ئیستیسماری مرۆڤ لە مرۆڤ» (قاسملوو، ١٩٨٢:٩)، ئەو تیئۆریسیەنانە خەخت لەوە دەکەن کە «لە دۆکترینە مۆدێڕنەکانی سەروەریی گەلدا، گەل وەکوو نەتەوە حوکمرانی دەکات؛ [بۆیە] سەروەریی گەل لە نیزیکەوە بە خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیکەوە پێناسە کراوە؛ واتە، مەرجی نۆرماتیڤ، کە بە پێی ئەو، یاسا ڕەوا بکات، ئەوەیە کە [ئەو یاسایە] بەرهەمی بڕیاری گەل بێت.» (MacCormick 1999; Lindahl: 2001; Tully 1995)

## سەروەری لە هزری ئانتی کۆلۆنیالدا

توێژینەوەکانی سەبارەت بە بنچینە و جۆرەکانی هزر و پراکتیکی کۆلۆنیال، بۆمان ڕوون دەکەنەوە کە ڕەخنەی ئانتی کۆلۆنیال، پێش ئەوەی کە ڕاستەوخۆ داوای سەربەخۆیی بکات، لەسەرەتادا بە داواکاری بۆ شارۆمەندییەکی یەکسان لە نێو چوارچێوەی ئەمپەریالیدا دەستی پێ کردووە. بەڵام ئەزموونی مێژوویی سەڵماندوویەتی کە ئەم مۆدێلە ئالتێرناتیڤانە، لە ئوتۆپیا (کۆمەڵگای ئارمانی) و هەندێک ئیدەئال تێنەپەڕیون. خەباتی گاندی بۆ شارۆمەندیی یەکسانی ئەمپەریالی بریتانی، لە ئەفریقای باشوورەوە دەستی پێ کرد. واتە دانیشتوانی کۆلۆنییە بریتانییەکان هەمان مافی شارۆمەندییان هەبێت کە سپیپێستە بریتانییەکان لە ناو خاکی بریتانیادا هەیانبوو. سەرەڕای خەباتێکی زۆری لیبێراڵە هندییەکان بۆ بەدیهێنانی مافی شارۆمەندی، دەسەڵاتی بریتانیا تەنیا دانی بە سەروەریی خەڵکی سپێپێستی دوورگەی بریتانیادا دەنا، بەڵام لەمەڕ خەڵکی کۆلۆنییەکان، سیاسەتێکی هەڵاواردنی نەژادیی پەیڕەو کرد. سەرەتاییترین مافەکانی شارۆمەندە غەیرە بریتانییەکان لە کۆلۆنییەکاندا پێشێل دەکران. بۆ نموونە کاتێک گاندی لە بریتانیا ڕا چووە ئافریقای باشوور، هەموو مافە شارۆمەندییەکانی لێ ئەسێندرا. واتە مافە شارۆمەندییەکانی وەکوو شارۆمەندی بریتانیا لە سەر خاکی خودی بریتانیا دەستەبەر بوو، بەڵام کاتێک گەیشتە کۆلۆنییەک، لەو مافانە مەحرووم کرا. ئیدەی شارۆمەندی ئەمپەریال کە دەبوایە لەگەڵ دەوڵەتێکی ئەمپەریالی یەکپارچەدا بەدی بهاتایە، لە کۆلۆنییەکاندا تووشی سنووردارکردنێک بەدەست یەکینە نەتەوەیییەکان دەهات. لەم بارەیەدا سینها ڕادەگەیەنێ کە «بۆ ماوەیەکی کورت لە نێوان هەردو شەڕای جیهانی دا] هەوڵێک درا بۆ یاسای شارۆمەندییەکی بناغەفراوان، بەڵام لە پراکتیکدا، ناسیۆنالیزەکردنی ئەمپەراتۆری بریتانیا [بە دابەشکردن بەسەر چەندین یەکینەی نەتەوەییدا] سەرکەوت، لەگەڵ ئەویش بۆ هەتا هەتایە واز لە مۆدێلی ئەمپەراتۆری فێدێراڵ هێنرا. چوونی گاندی لە ئەفریقای باشوورەوە بۆ هیند، دانپێدانان بەو ڕاستییە بوو کە خەبات بۆ شارۆمەندی ئەمپەریال شکەستی هێنابوو.» (Sinha, 2013: 165) لەسەر ئەم قەناعەتە بوو، کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی هیند، ئیتر لەسەر سەروەریی ڕەهای هیند لە قالبی دەوڵەت-نەتەوەدا بڕیار دەدات. لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە دیکۆلۆنیزاسیۆن (مستعمرەزدایی) بووە بە هۆکاری دروست بوونی پەیوەندییەکی دامەزراوەیی-ئیدیئۆلۆژیک لەسەر جۆگرافیاگەلی دیاریکراو؛ پەیوەندییەک کە بە بیچم گۆڕینی سیاسی، بەرەو سەروەریی

گەل لە ئاستی جیهانیدا بەدیهاتووە. لە ئاراستەی ئــەم گۆڕانانەدایە، کە قاســملووهەر لە بەندی یەکەمی مژاری مافــی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، لە کتێبی ناوبراودا کێشــەکە دەبەستێتەوە بە کۆلۆنیزاسیۆن و وەها پێدەچێت: «مەســەلەی ڕزگاریی کۆلۆنییــەکان و وڵاتانی ژێردەســت خێراتر لە مەسەلەکانی دیکە بەرەو پێش دەچێت... ئێســتا هیــچ نەتەوەیەک نییە کە بە ئازادیی خۆی نەگەیشتبێ یان هەنگاوی بەرەو ئازادی نەنابێ.» (قاســملوو، ١٩٩٦:٣١٩) بۆ ڕزگاری لە کۆلۆنیزاســیۆن، قاسملوو ڕاستەوخۆ ئامــاژە بــە وتەی لێنیــن دەکات کــە دەڵێ: «مافــی دیاریکردنی چارەنووســی نەتەوەکان، واتە ســەربەخۆیی سیاســیی ئــەم نەتەوانە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی.» (هەمان ســەرچاوە) سروشــتییە کە قاسملوو، ئەو کات وەکوو مارکسیســت بۆ ســەلماندنی بۆچوونەکانی دەگەڕێتەوە بۆ دەقەکانی مارکس یــان لێنین، بەڵام دارشــتن و پێناســەکردنی چارەســەریش لە هەمان ئاراستەدایە کە پێشتر ئامــاژەی پێ کــرا، بیچم گرتنی ســەروەری، لــەدەرەوەی ســنووره کۆلۆنیالەکانــدا بووە بە «بۆچوونــی ســتاندارد لەمەڕ دەســکەوتەکانی دیکۆلۆنیزاســیۆن و ناسیۆنالیســمی ئانتــی-کۆلۆنیــال. [چونکە] لە لایەک وەکوو ئامرازێک بــۆ گەردوونیکردنــی سیســتەمی دەوڵەتــی ڤێســتفالێنی کار دەکات، لــە لایەکــی ترەوە دەبێتە هــۆکاری بڵاوبوونەوەی مۆدێلی [مافی] دیاریکردنی چارەنووســی نەتەوە و سەروەریی گەل لــە فۆرمی ناسیۆنالیســمدا.» (Mantena لــە Burke & Skinner, 2016:297) سەرەڕای ئەوەی کە ڕەوتی باو لە ڕەوتە سیاسییەکانی ئەو کاتــەدا چەپ بوو، بەڵام قاســملوو بە جورئەت کێشــەی کورد لە چوارچێوەی تیئۆریی ئانتی-کۆلۆنیالــدا پێناســە دەکات کاتێــک دەڵێت: «لە هەوڵ بۆ چارەســەرکردنی کێشــەی کورد، وەکوو زۆرێک لە کێشــەکانی سەردەمی ئێستا، هۆکارێکــی دیکــەش کاریگەرە. لــە ڕوانگەی مێژووییەوە، جگە لەوەی کە سەردەمی ئێستا، سەردەمی ڕووخاندنی سیســتەمی کۆلۆنیال و ڕزگاریــی نەتەوە چەوســێندراوەکانە، هەروەها سەردەمی گۆڕاندنی [سیستەمی] سەرمایەداری بەرەو سۆسیالیسمیشە.» (قاسملوو، ١٩٩٦:٢٩٢) واتــە قاســملوو ئەوکاتەش وەکــوو چەپێکی مارکسیست، مەرجی یەکەم بۆ سەروەریی گەل لە ڕزگاربوون لە سیســتەمی کۆلۆنیالدا دەبینێ و گوزار بۆ سۆسیالیســم لــە قۆناخێکی دواتردا هەڵدەســەنگێنێ. بۆیە لەم ئاراستەیەدا جەخت لەســەر ئەوە دەکات کە «تەنیا بە سەرنجدان لە ڕاستییە ئاماژەپێکراوەکان دەتوانین چارەسەری کێشــەی کورد تاوتوێ بکەین و هەر هەوڵێک لە پێنــاوی چارەســەریی کێشــەکە دوور لە [سەرنج] بە سەر ئەم ڕەوشە گشتییە، لە ئاستی تیئۆرییــەوە هەڵە و لــە پراکتیکــدا زیانبارە.» (هەمان سەرچاوە)

ناسیۆنالیسمی ئانتی کۆلۆنیال بە شێوەیەکی دیالێکتیــک، بــەرەو دەوڵەت-نەتەوە گەشــەی ســتاندووە، چونکــە «نەتەوە-دەوڵــەت ڕۆژەڤی سەرەکیی هزری ئانتی-کۆلۆنیال بووە.»(Mantena لــە Burke & Skinner, 2016:29) مانتێنــا نەتەنیــا نەتەوە-دەوڵەت وەکــوو ڕۆژەڤی هزری ئانتی کۆلۆنیال پێناســە دەکات، هەروەها ئاماژە بە دێتێرمینیســمێکی (جەبر) مێژوویی دەکات و ڕادەگەیەنی «چونکە [پرۆسەی] دیکۆلۆنیزاسیۆن بــە جودابوونــەوە و ســەربەخۆیی کۆلۆنییــە فەرمییەکانی جاران بە ئەنجام گەیشت، نەتەوە-دەوڵەت دەبێت وەکوو بەرهەمی لۆژیکی وەراری سیاسیی ئانتی-کۆلۆنیالیسم وێنا بکرێت.» (هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٠)

## شــــارۆمەندســازی بە شایســتەیی ئێپیستیمیک

قاسملوو لە کتێبەکەیدا باس لە پێکهاتنی زاناوی نەتەوەییــی گەلی کورد دەکات، کە تەعبیرمان لەو دەستەواژەیە پرۆســەی نەتەوەسازییە. لەم بارەیەدا قاسملوو ڕادەگەیەنێ کە «دروستکردن/

پێکهێنان(تکوین)ی کامڵی زاناوی نەتەوەیی کورد لە هەلومەرجی ئێستادا ئەستەمە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، هەبوونی نەتەوەی کورد کە ڕۆژبەڕۆژ لە گەشەسەندن و بەهێزبووندایە، ئینکار بکرێت.» (قاسملوو، ١٩٩٦:٣٠٥) نزیکەی شەست ساڵ بەسەر ئەو سەرنجەی قاسملوودا تێدەپەڕێت. لەو سەردەمەوە تا ئێستا کوردستانی ڕۆژهەڵات چەندین شۆڕشی ئەزموون کردووە کە ئەو شۆڕشانە بوون بە بەشێک لە بیرەوەریی نەتەوەییی تاکی کورد. ئەنتەگراسیۆنی کۆمەڵگا کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات، چەندین قۆناغی بەسەربردووە، تەنانەت بە بۆچوونێکی مارکسیستیش بێت، پەیوەندییەکانی سەرمایە ئێستا لە ڕۆژهەڵات لە ئاستێکی زۆر پێشکەوتووتردایە. سەرەڕای نەبوونی فیزیکی -یان ئامادەبوونێکی کز- تەڤگەری ڕزگاریخوازیی کوردی لە ڕۆژهەڵات، ئاستی خۆئاگاییی نەتەوەییی تاکی کورد لە ڕۆژهەڵات زۆر بەهێزتر بووە. مانگرتنی ٢٠١٨ سەڵماندی کە خەڵکی ڕۆژهەڵات هێشتا پابەندی وێژمانی سیاسیی ڕێکخراوە سیاسییەکانیەتی. هۆکاری سەرەکیی ئەم پابەندییە و ئەم خۆئاگاییە نەتەوەییە جیاواز نییە لە ئەو هاندەرە کە جووتیارانی شڤابێن داواکارییە ڕەواکانیان دەربڕن؛ ئەو هاندەرە بێ گومان ئێپیستێمە.

مەرجێکی گرینگی دێموکراسییەکی زیندوو و دینامیک، شایستەییی ئێپیستێمیکە (epistemic merit). بە بێ ئێپیستێم، پرۆسەی ڕۆشنگەری، ڕیفۆرماسیۆن، وەراری چەمکی سەروەری و لە کۆتاییدا دێموکراسیش مومکین نەبوو. دەوڵەتی ئێران، کوردستانی میلیتاریزە کردووە، دەزگای پەروەردە و ئابوری و کارگێریی لە کوردستان بەهێزتر کردووە، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵات هەست بە درز و دابڕانێکی قووڵ لە نێوان خۆیان و ئێراندا (وەکوو دەوڵەت) دەکەن. نامۆ بوونی کورد لە ئێران و ئێرانی بوون بەشێکە لە پرۆسەی سروشتیی نەتەوەسازی، کە بۆ خۆییەکان هەڵوێستێکی گشتگیر (inclusive) و لەمەڕ دەرەوەی خۆی، بە تایبەت دیکەی خۆی، هەڵوێستێکی دەرگر (exclusive) هەڵدەبژێرێ. بەڵام لەو درز و دابڕانەدا بۆشاییەکی ئێپیستمیکی هەیە، واتە بۆ تاکی کورد و تەنانەت بۆ بەشێک لە نوخبەی سیاسیی کورد، ئەو بۆشاییە پێناسە نەکراوە. نامۆبوونی خەڵکی ئاسایی لە کڵێسە بە دەستەبەرکردنی سەروەری کۆتایی هات، بەڵام بە بێ بەدەستهێنانی ئێپیستێم و ڕاهێنانی دێموکراسی، ئەو سەروەرییە نەدەگەیشتە ئامانجی کۆتایی.

## ڕاهێنانی گەل

نوخبەی هزری و سیاسیی کورد، لە نەبوونی دەزگای سۆسیالیزاسیۆنی نەتەوەییدا، ئەرکێکی گرنگییان بۆ ڕاهێنانی گەل هەیە، کە لە نەریتی بزووتنەوەی کرێکاری لە سکاندیناڤیادا وەکوو ڕاهێنانی گەل (بە سوئێدی folkbildning[29]) پێناسە کراوە. مەبەست لەو ڕاهێنانە ڕۆشنگەری بۆ خەڵکە، کە لە کۆتاییی سەدەی ١٩دا بە تایبەت لە ناو ڕێکخراوە کرێکارییەکانی نزیک بە حیزبە سۆسیالدێموکراتەکاندا سەری هەڵدا. ئامانجی سەرەکیی ڕاهێنانی گەل، دروستکردنی بیر و ڕا و لە کۆتاییدا مۆبیلیزە (بەسیج) و جووڵاندنی خەڵک بەرەو ئاراستەیەکی سیاسی بوو. چونکە «لە مۆبیلیزاسیۆندا ئامادەیی دروست دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کردارێک، واتە ڕاهێنانی مۆبیلیزەکارانەی گەل، تەنیا بە ڕۆشنگەری و وەرگرتنی زانین ڕاناوەستێ. کاتێک باس لە مۆبیلیزەکردن بە ڕێگای ڕاهێنانی گەل دەکەین، ناوەرۆکی خەباتەکە پەیوەندییەکی قووڵی بە بزووتنەوەی گەل و بزووتنەوە] کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە.» (Lars-son, 2013:9) لایەکی دیکەی ڕاهێنانی گەل، بەدیسیپلینکردنی هزر، وێژمان و کرداری گەلە بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو. نەبوونی دیسیپلین ڕێگا دەدات بە بێهێزیی هەر جووڵانەوەیەک. بێگومان بەرخۆدانی بە دیسیپلین بەشێکی

ناجیابار لە مۆبیلیزاسیۆنی سیاسیدایە. ئەندامەتی لــە کۆلێکتیڤ(جەمــع) و لەبەرچاوگرتنــی بەرژەوەندیــی کۆلێکتیــڤ و تەنانــەت وەکوو تــاک نوێنەرایەتیــی ئــەو بیروبۆچوونانەی کە کۆلێکتیڤ هەیەتی، بەشــێکە لە ئەنجامەکانی ئەم خۆ دیســیپلین کردنەوەیە. ڕاهێنانی گەل لە ســەدەی نۆزدەشــدا وەکوو پێشمەرجێکی دێموکراســی پێناســە دەکرا؛ واتــە بۆ ئەوەی گەل بتوانێ موماریســەی دێموکراســی بکات، پێویســت بوو ڕابهێندرێت و پەروەردە بکرێت. لە هەمان کاتدا وەکوو لارشــۆن ئاماژە دەکات: «ڕۆشــنگەری، ناوکی مۆبیلیزەکردنی خەڵکە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتــی؛ [واتە] زانینی ئۆبژێکتیڤ ســەبارەت بــە ڕەوشــی کۆمەڵگا، بێــدادی و وێناکردن و بیرلێکردن لە ســەر بۆچوونەکانی دیکە لــە کۆمەڵگادا و کۆمەڵــگا دەبێت چۆن بەڕێوە بچێت، ئەمانە هەمووی بە ڕێگای ڕاهێنان و پەروەردەی گەلەوە دەگاتەوە تاک.»(Larsson, 2013:9) سۆســیالدێموکراتەکان بــۆ ڕاهێنانی خەڵکی ئاســایی بە درێژاییی مێژوویان بازنەی موتالعاتییــان (studiecirkel) دانــاوە. لە هەر شــوێنێکی کار، ســەندیکا بە هاوکاری لەگەڵ ئەنجومەنێکی موتالعاتــی، بازنەیەکی دادەنا، نە ماموٚستا بەڵکو ڕێبەرێکی بازنە (cirkelledare) دەستنیشــان دەکرا و لەســەر تەوەری جیاواز کرێــکار یان کارمەند یان هەر شــارومەندێکی دیکە، وانەیان لە ڕێبەری بازنە وەردەگرت.

ئەم بازنانە لەدەرەوەی سیستەمی پەروەردەی گشــتی و تەنانەت زۆر جار لە دەرەوەی بازنەی ئیدئۆلۆژیکی خودی سۆسیالدێموکراتەکان بوون. پەر ئالبین هانســۆن (Per Albin Hansson)، ڕێبەری سۆسیالدێموکراتەکان و سەرۆکوەزیری ســوئێد لە نێوان هەر دوو شەڕی جیهانی و لە میانەی شــەڕی جیهانیی دووەمدا لەو باوەڕەدا بــوو کــە یەکێک لــە گرنگتریــن ئەرکەکانی دێموکراسی، لە ناوبردنی هاوهەستیی چینایەتی و دامەزراوەیی کردنی هاوهەستیی شارۆمەندییە، کــە بریتییــە لــە بەهاگەلی گشــتگیر وەکوو بایەخ و هاودەردی، دادپەروەری، هاوهەســتی و مرۆڤایەتــی.» (Karlsson, 2001:468) هانســۆن هەروەها وەکوو دانەری ماڵی گەلیش (Folkhemmet) ناســراوە، واتە کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و گشتگیر کە هەموو کەس بە هەموو زانــاو و تەعەلوقی کۆمەڵایەتــی، چینایەتی و هزرییەوە، بتوانێ خۆی تێدا ببینێ و هەروەها لە ڕیفاه(خۆشــبژێوی)ی هاوسان بەهرەمەند بێت. بە بۆچوونی ئاندێرش ئیساکســۆن، نووســەری بیۆگرافیــی هانســوون، ماڵی گــەل ئامرازێک بوو بۆ «زاڵبوون بەســەر زاناوە چینایەتییەکان» وەهەروەها ڕادەگەیەنێ کە هانســۆن «زۆر چاک لە پۆتانسیێلی یەکگرتنەوەی ماڵ، ناسیۆنالیسم و سۆسیالیســم ئــاگادار بــوو. (Isaksson, 2000:189)

بە ڕێکــەوت نییــە کە سۆسیالیســتێکی دیکە، قاسملوو، لە هەمان ئاراستەدا ئاماژە بەوە دەکات کە «هاوکات لەگەڵ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و دەســتەبەرکردنی مافی نەتەوەیی، حیزبی پێشــرەو (مەبەستی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێــران بــوو) دەیــەوێ کێشــە کۆمەڵایەتییەکانی گەلەکەمان چارەسەر بکات.» (قاســملوو، ١٩٨٢:٦) واتــە بەبێ دروســتکردنی کۆمەڵگایەکــی دادپەروەر و شــارۆمەندییەکی گشتگیر، بەدیهێنانی مافی نەتەوەییش سوودی نابێت. قاســملوو لێــرەدا بە ڕاشــکاوی دەڵێ «حیزبێــک کە هەوڵ دەدات بزووتنەوەی گەلی کــورد ڕابەری بــکات، ئەگەر تەنیــا حیزبێکی ناسیۆنالیســتی تــەواو عەیار بێــت، واتە بەس چارەســەری کێشــەی نەتەوەیی لــە ناوەندی بیروراکەیدا بیت، دەگاتە جێگایەک کە کێشــە کۆمەڵایەتییەکانــی چارەســەر نەکردووە و بەم شێوەیە بەدەســتهێنانی مافی نەتەوەیی وەکوو شــتێکی بێ کەڵــک وەدەر دەخــات.» (هەمان ســەرچاوە، ٦) بۆچوونی قاسملوو دەکرێت وەکوو پێشبینییەک بۆ هەلومەرجی هەرێمی کوردستانی عێــراق هەڵبســەنگێندرێت. حیزبەکانــی ئەو بەشەی کوردســتان بۆ قوناغی پاش ڕزگاری وا

دیارە هیچ بەرنامەیەکیان نەبووە؛ لە ماوەی ٢٩ ساڵ حوکمڕانیدا لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هیچ پرۆگرامێک بۆ پێکهێنانی شارۆمەندیی کوردستانی دانەڕێژراوە؛ هیچ پرۆگرامێک بۆ مەهاری سەرمایە بە ڕێگای باج و هاندانی کەرتی بەرهەمهێنەر دروست نەکراوە. دروست بە پێچەوانەوە، بە پێی ڕێبازی نیئۆلیبراڵ، ڕێگە دراوە بە دروست بوونی کارتێل و تراستگەلێک کە لە خزمەت ئۆلیگارشییەکدایە. لەو بەشەی کوردستان نەک هەر شارۆمەند دروست نەبووە، تەنانەت حیزبایەتییش بە پێی ئێپیستێم و ڕاهێنانی کادر و هاووڵاتی بەڕێوە نەچووە؛ پەیوەندیی حیزبەکان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی پەیوەندییەکی پاترۆناژ (ئەرباب موشتەری) ە. وەکوو قاسملوو دەردەبڕێ، بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی، بێ کەڵک دەمێنێ و ئیتر زۆر ئاسایی دەبێت ئەندامانی ڕێبەرایەتیی هەندێک ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی حقوقیی هەرێم و تەنانەت پەیوەستبوونی پارێزگا کوردستانییەکان بە بەغداوە، وکوو ڕێگاچارە بۆ کێشەکان دەبینن و بەشێکی بەرچاوی خەڵکیش بۆ ئەو بۆچوونانە چەپڵە لێدەدەن.

ڕوویەکی دیکەی پرسەکە دەستنیشانکردنی جۆرە دێموکراسییەکە کە قاسملوو وەکوو دێموکراسیی قووڵ چەند جار ئاماژەی پێ کردووە. قاسملوو لەو باوەڕەدایە کە«دێموکراسی پێویسترین مەرج بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا یە. دێموکراسی تەنیا بە چەند دەستووری کارگێڕی بەدی نایەتەوە» (هەمان سەرچاوە، ل ٣٨) و ڕادەگەیەنێ کە «وەکوو حیزبێکی دێموکرات کە چل ساڵە لە پێناو ئازادی و دێموکراسیدا تێدەکۆشێت، باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی هەیە و بەدیهێنانی لە هەموو هەلومەرجێکدا وەک یەکێک لە پرەنسیپە بنچینەییەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەبینێ.» (هەمان سەرچاوە، ل ٤١) ڕەخنەی قاسملوو لە سیستەمی ڕێئالسۆسیالیسم، واتە وڵاتە سۆسیالیستەکانی بلۆکی سۆڤیەت، دەربڕی ئەوەیە کە قاسملوو لە باوەڕی بۆ ئازادی و دێموکڕاسیدا سادقە، چونکە سۆسیالیسمی دێموکڕاتیک وەکوو دژبەرێک بۆ سۆسیالیسمی ئۆتۆریتەری سۆڤیەتیک پێناسە کراوە. هەرچەند وەکوو لێکۆڵەرێک، قاسملوو لە سیستەمی ئاکادێمیکی مارکسیستیی سەردەمی شەڕی سارد دا سۆسیالیزە کرابوو، بەڵام باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو، بۆیە لە لایەن چەپی توندڕەو ڕا بەردەوام هێرشی دەکرایە سەر و بە نوێنەرایەتیی بورژوازی تاوانبار دەکرا. قاسملوو گەیشتبوو بەو قەناعەتە کە بە بێ بەرنامەیەک بۆ شارۆمەندسازییەکی دێموکراتیک، بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی ئەستەمە. لایەنی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیی هزری قاسملوو یەکتریان تەواو دەکرد. دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی واتە سەروەریی گەلی کورد و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە سیاسەتێکی گشگیری شارۆمەندسازیدا ئەساسی هزری قاسملوو بووە.

## ئەنجام

خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات، لە جەوهەری خۆیدا خەباتێکی ئانتی کۆلۆنیالە بۆ دەستەبەرکردنی سەروەری، کە بە پێی دیالێکتیکی ئەو خەباتانە بە دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەوە بەدی دێتەوە. بە بۆچوونی قاسملووش گەلی «کورد وەکوو هەموو نەتەوەکانی دیکە، مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە.» (قاسملوو، ١٩٩٦:٣١٩) قاسملوو هەموو ژیانی سیاسیی خۆی لە میانەی شەڕی ساردا بەسەر برد، کە گۆڕانی ستاتوس-کوو(دۆخی ئارایی)، واتە گۆڕینی سنوورە سیاسییەکانی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان کۆلۆنیزە کردووە لەو سەردەمەدا، ئەستەم بوو. بۆیە بەشێکی زۆر لە نووسراوەکانی تەرخان دەکرد بۆ بەرگری لەو هزرە، هەم لە بەرانبەر چەپەکان و بلۆکی سۆڤیەت و هەمیش بەرانبەر دەوڵەتانی ڕۆژاوا. هەلومەرجی

سیاسیی ئێران و ژێئۆپۆلێتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قاسملووی بەرەو چارەسەرییەکی کارکردی هان دەدا، بۆیە ئۆتۆنۆمیی وەکوو بژاردەیەک، بۆ «قۆناخی یەکەم» بەرجەستە دەکات کە دەستەبەرکردنی لە «هەلومەرجی» ئەو کاتەدا لەوانەیە ئەستەم نەبێت. قاسملوو لەم بارەیەدا پرسەکە وا شی دەکاتەوە: «دوور نییە لە قۆناخی یەکەمدا لە گشت ئەو وڵاتانەی کورد لێیان دەژین، مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا دابین بکرێت. ئاشکرایە کە لە هەلومەرجی ئێستادا دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی هەریەک لەو وڵاتانەدا دروشمێکی دروستە.» (قاسملوو، ١٩٩٦:٣٣٠) تەنانەت بیست ساڵ دواتریش لەسەر کاتی بوونی دروشمی ئۆتۆنۆمی دیار دەکات کە ئەو دروشمە لەو قۆناخەدا بۆ حیزبی دێموکرات دروشمێکی ستراتێژیکە؛ ئەو ستراتێژییە لەوانە یە ٥، ١٠، تەنانەت ٢٥ ساڵ یان زیاتریش بخایەنێ و لەسەر بەردەوامیی قۆناغی ستراتێژیک ڕادەگەیەنێ کە «بەردەوامیی قۆناخی ستراتێژیک هۆکار و بکەری زۆری هەیە، بەتایبەت بەو پرسەوە گرێ دراوە کە ئێمە لە قۆناخێکی تاکتیکیدا تا چ ئەندازە سەرکەوتوو بووین و تا چ ڕادەیەک لە تاکتیکی گونجاو کەڵکمان وەرگرتووە.» (قاسملوو، ١٩٨٢:١١) دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، هەرچەندە ستراتێژیک بیت، بە بۆچوونی شەخسی قاسملووش بەستراوەتەوە بە هەلومەرجەکانی کاتی و ژێئۆپۆلێتیک، دەنا لە ڕاستیدا وەکوو بەردەوام ئاماژەی پێ کردووە کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی خۆی هەیە، واتە سەروەریی تام و تەواو.

باوەڕی قاسملوو بۆ دێموکراسیی سیاسی و کۆمەڵایەتی، گوزارش لە زانینی لە شایستەیی ئێپیستێمیک وەکوو پێشمەرجێک بۆ دێموکراسییەکی قووڵ دەکات. ئەم ئێپیستێمە دەبێت لە ناوئاخنی تاکی کورددا دەروونی بکرێت؛ ماتریالی ئەم شارۆمەندییە ئامادەیە؛ ڕۆژهەڵات بە دینامیکی خۆیەوە سەلماندوویەتی هەرچەندە تاکەکانی لە پراکتیکی سیاسی و یاساییدا ڕەعیەتی عەجەمن، بەڵام پرۆتۆتیپی شارۆمەندیی کوردستانیان خوڵقاندووە و ئەرکی هەنووکەییی نوخبەی سیاسی و هزری کورد لە ڕۆژهەڵات، خەبات لە قالبی ڕاهێنانی گەلی کورددا بۆ دروستکردنی شارۆمەندییەکی دێموکراتیک، گشتگیر و ئامانجمەندی کوردستانییە.

## ژێدەرەکان

1. episteme
2. divine sovereignty
3. human integrity
4. Raison d’être
5. regnum
6. Regnum Anglicana
7. Regnum Gallicum
8. ecclesium

٩. من لە جیاتی وشەی «ئایین» وشەی «دین» بەکار دێنم، چونکە وشەیەکی پارتی /dên/ و ئاڤێستایی/deêne/ یە و عەرەبی نیە، بەڵام چووە ناو دەقە عەرەبییەکان، بە تایبەت قورئان. ئایین زیاتر بۆ/ritual/ بەکارهێنراوە و لە ڕاستیدا دەربڕینی دابونەریتی دینی وەکوو نوێژ و ڕۆژوویە.

10. Lay piety
11. Laicity
12. doctrinal pluralism
13. Die Sprache
14. Schwaben, eng: Swabia
15. Divine sovereignty
16. Peace of Westphalia
17. State sovereignty
18. Westphalian sovereignty
19. John Locke
20.Jean-Jacques Rousseau
21. Du contract social, ou Principes du droit politique
22. Koma Civakên Kurdistan demokratik, toplumcu-kon¬federal bir sistemdir. Demokrasi, cinsiyet özgürlüğü ve ekolojik yaşamı esas alır. Devlet olmayan, yatay ve piramit tarzı örgütlenmiş, demokratik, siyasal ve toplumsal bir organizasyondur. Halk toplulukları iradesini komün, ocak, meclis ve kongreler ile ortaya koyar.
23.https://tr.wikisource.org/wiki/KCK_S%C3%

Stockholm: Wahlström & Widstrand
Jackson, R. (2007). Sovereignty, evolution of an idea. Cambridge: Polity Press.
Karlsson, Sten O. Karlsson. (2001). Det intelligenta samhället: En omtolkning av den socialdemokratiska idéhistorien. Stockholm: SAB.
Keen, M. (1991). The History of Medieval Europe. Harmondsworth: Penguin Books.
Lindahl, H. (2001). 'Sovereignty and the institutionalization of normative order', Oxford Journal of Legal Studies, 21 (1): 165–80.
MacCormick, N. (1999). Questioning Sovereignty. Law, State, and Nation in the
European Commonwealth, New York: Oxford University Press.
McGrath, E. (2004). The intellectual origins of European Reformation. Cornwall: Blackwell Publishing.
Philpott, D. (2001). Revolutions in sovereignty. New Jersey: Princeton University Press
Rousseau, J. (2002). The Discourse on the Sciences and Arts and The Social Contract. New York: Vail-Ballou Press.
Sinha. M. (2013).'Whatever Happened to the Third British Empire? Empire, Nation Redux'. Writing Imperial Histories. Edited by Andrew S. Thompson, 168–83. Manchester: Manchester University Press.
Talmon, J. ( 1 970). The Origins of Totalitarian Democracy. New York: Norton.
Te Brake, W. (1998). Shaping History : Ordinary People in European Politics, 1500-1700. Los Angeles: University of California Press
Tully, J. (1995) Strange Multiplicity. Constitutionalism in an Age of Diversity, Cambridge: Cambridge University Press.
https://uscode.house.gov/download/annualhistoricalarchives/pdf/OrganicLaws2006/decind.pdf
https://www.un.org/en/universal-declaration-human-rights/
https://wp.stu.ca/worldhistory/wp-content/uploads/sites/4/2015/07/French-Constitution-of-1791.pdf
http://kurdistanmedia.com/content/upload/1/newsletter/%D8%A8%D8%AD%D8%AB-%DA%A9%D9%88%D8%AA%D8%A7%D9%87%DB%8C-%D8%AF%D8%B1%D8%A8%D8%A7%D8%B1%D9%87%DB%8C-%D8%B3%D9%88%D8%B3%DB%8C%D8%A7%D9%84%DB%8C%D8%B3%D9%85.pdf
Larsson, S. Eriksson, L. Lundberg, M. Nordvall, H.Folkbildning för förändring, https://www.researchgate.net/publication/265092916 (retrived 2020-06-27)
قاسملو، عبدالرحمن (۱۹۹۶). کردستان و کرد. ترجمه: طه عتیقی. APEC

B6zle%C5%9Fmesi?fbclid= IwAR37wvYS8p-m2IG ztbslEt9a-ozPepb-dClhrtTQfdjTBUIm-VZsWqRD k4rNc, retrived 2020-06-27

24. Kürdistan'da doğup yaşayan veya KCK sistemine bağlı olan herkes yurttaştır. KCK yurttaşı sisteme siyasal ve toplumsal bağla bağlı olan ve kültürel kimliği ile katılan, özgür iradeli, yurtsever, demokrat, katılımcı bireydir. Bu Sözleşmede belirlenen hak ve özgürlüklere sahiptir ve bu Sözleşmenin belirlediği yükümlülükleri yerine getirir.

25. KCK ilke ve amaçlarına karşı ihanet suçu işleyen kişi, Yüksek Adalet Divanının kararı ve Kongra Gel'in onayı ile yurttaşlıktan çıkarılır.

26. PKK, klasik parti olmayan, iktidarı hedeflemeyen, ideolojik, ahlaki ve örgütsel bir oluşumdur. Felsefe, bilim ve sanat alanında ideolojik ve özgür ahlaki bir örgütlenmedir. KCK sisteminin ideolojik gücüdür. Önderlik felsefe ve ideolojisinin hayata geçirilmesinden sorumludur.

27. Realpolitik

۲۸. ئەم کتێبە جاری یەکەم ساڵی ۱۹۶۲ چاپ کرا. سەرچاوەی ئەم وتارە وەرگێڕانە فارسییەکەی ساڵی ۱۹۹۶ە.

۲۹. لە باری واتاییدا ئەم وشەیە هەم دێتە واتای ڕاهێنان و هەمیش پەروەردە.

## سەرچاوەکان

Brad R. Roth and Larry A. Garber Proceedings of the Annual Meeting (American Society of International Law) Vol. 91, Implementation, Compliance and Effectiveness (APRIL 9-12, 1997), pp. 363-372 (10 pages)
Burke, R. & Skinner, Q. (2016). Popular Sovereignty in Historical Perspective. Cambridge: Cambridge University Press.
Clark, G. (1960). Early Modern Europe. London: OUP.
Friedrich, C. ( 1 963). The Philosophy of Law in Historical Perspective. Chicago: University of Chicago Press
Greenfeld, L. (1992). Nationalism. Five Roads to Modernity, Cambridge, Mass: Harvard University Press.
Habermas, J. (1996). 'The European nation state. Its achievements and its limitations. On the past and future of sovereignty and citizenship', Ratio Juris 9 (2):125–37.
Haig, C. (1993).English Reformations: Religion, Politics, and Society under the Tudors. Oxford: Clarendon Press.
Isaksson, A. (2000). Per Albin 3: Partiledaren,

# «ئادیافۆریزاسیۆن»ی ئێرانی و «بێ پێگەیی»ی کورد

خالید خەیاتی

ئادیافۆریزاسیۆنی ئێرانی، بە ڕێگای دوو مۆدێلی ڕەفتاری یان دوو ستراتێژیی جیاواز بەڵام لە هەمان کاتدا کارا لە سەر یەکتر و لکێندراو بەیەکترەوە، «بێ پێگەیی»ی کورد لە ئێراندا دەستنیشان دەکات. کورد لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم دوو ستراتێژییەدا- کە لە ڕاستیدا پێکهێنەری جەوهەری ئەخلاقیی نەتەوەی سەردەستن، و لە هەمان کاتدا وەکوو قەوارەیەکی هۆویەتی/کولتووری تایبەت و جیاکەرەوە (فارس/شیعە) نوێنەرایەتیی واتەی ئێرانیبوون و فۆڕمی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگەی خەیاڵیی ئەو ئێرانیبوونە دەکەن ـ تەنیا ڕۆڵی ئۆبژە دەبینێت.

## سەرەتا

بەدوور لە هەر ئیدیعایەکی تیۆریکی/ میتۆدۆلۆژیکی، ئامانجی ئەم نووسراوە کورتە، بریتییە لە زەقکردنەوەی پرسیار یان تێرامانێکی لەناکاو، کە ببێتە هۆکاری ئەوەی لە خۆمان بپرسین کە لە مۆراڵی سەردەستی ئێرانی و ئێرانیبووندا، «بێ پێگەیی» و وردەکارییەکانی ئەم «بێ پێگەیی»یە چۆناوچۆن وێنادەکرێت و بە چ شێوەگەلێک بەرهەم دێتەوە. ئاخۆ ئەم وێنانەی کە سۆبژەی ئاسایی ئێرانی لە ژێر کاریگەریی مۆراڵی زاڵ و هەروەها کۆنتێکستووری سیاسیی ناوخۆیی و ناوچەیی، لە کوردیان بەرجەستە دەکاتەوە، هەڵگری چ تایبەتمەندییەکن و لەم پێناوەدا، وورد لە بەستێنی کۆمەڵگەی خەیاڵیی (Ander-son 1991) ئێرانی یان لە سیستەمی ئەخلاقیی ئێرانیبووندا، چ پێگەیەکی پێ بەخشراوە؟هەر لەم پەیوەندییەدا، چەمکی ئادیافۆریزاسیۆن کە لە لایەن کۆمەڵناس و فیلەسوفی پۆلۆنیایی-بریتانیایی، زیگمۆنت باومان (Zygmunt Bauman 1925-2017) دارێژراوە،چ واتەیەکی هەیە و تا چ رادەیەک دەتوانێ تایبەتمەندییەکانی سیستەمی مۆراڵی ئێرانی لە پەیوەندی لە گەل کورددا روون بکاتەوە؟

## «زیگمۆنت باومان» و چەمکی «ئادیافۆریزاسیۆن»

چەمکی ئادیافۆریزاسیۆن (Adiaphorisation) کە لە نووسراوەکانی زیگمۆنت باومان دا پێگەیەکی بەرچاوی هەیە، لە ئەساسدا رەخنەیەکە کە ئەو کۆمەڵناسە ئاراستەی بنەما مۆراڵییەکانی مۆدێرنیتە و بێ تەفاوەتی و بێ مشووریی مرۆڤی کۆمەڵگەی هاوچەرخی دەکات. لە روانگەی باومانەوە، هەرچەند مۆراڵ چەمکێکی کۆمپلێکس و فرەرەهەندە و بەم پێیەش ناکرێت هەتا ئاستی کاراکتەری تاکەکەسی دایبەزێنی، بەڵام دیسانیش بە گوێرەی بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە، لە ناخی هەر تاکە مرۆڤێکدا غەریزەیەکی ئەخلاقی هەیە، کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەم مرۆڤە لە بەرانبەر چارەرەشی و ئازاری کەسانی هەژار، بێ ماف و بێبەشکراو، هەست بە هاوخەمی/ هاوەدەردی (Empathy) و بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی بکات (Bauman 1998a). باومان پێی وایە کە لە هەمان کاتیش دا، دەستکارییەکی کۆمەڵایەتی (Social Manipulation) لە ئارادایە (Bauman 1991) کەدەبێتە هۆکاری ئەوەی کە هێندێک دەستە و چێن و توێژی سەردەست لە کۆمەڵگەی سەردەم لە ئەرک و بەرپرسیارێتیی مۆراڵیی خۆیان بەرانبەر بە پەرێشانی و ئازاری مرۆڤ دابماڵدرێن. لێرەدا، باومان بە تایبەتی ئاماژە بە پرۆسەی ئادیافۆریزاسیۆن دەکات، کە لەوێدا کردەوەی ئەخلاقیی قیزەون، بە رێگای خۆدزینەوە لەوەی کە کۆمەڵناسی بلیمەت پێی دەڵێ شەرمی ئەخلاقی (EthicalShame) و هەروەها پشتبەستن و خۆهەڵاوەسین بە هێندێک پێوەرەی ناشاز، لە ئاکامدا خۆی وەکوو دیاردەیەکی ئەخلاقیی بێلایەن لە کۆمەڵگەدا نۆرماڵیزە دەکات (Bauman 1998a:115).

بۆ نموونە، ئەو دەستە و تاقمانەی کە لە سەرەوەی هیرەمی دەسەڵاتن و نوێنەرایەتیی مۆراڵی سەردەست دەکەن، بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی بەرانبەر بە کێشەی هەژاری لە کۆمەڵگەیەک یان شوێنیکی نیشتەجێی دیاریکراو،بە رێگای کەڵکوەرگرتن لەو دەستکارییە کۆمەڵایەتییەی کە باومان باسی دەکات، فۆکووس یان سەرنج لە هەژاریی گشتی را دەبەنە سەر ژمارەیەک تاک و گرووپ کە لە هەمان کۆمەڵگەدا بۆ نموونە خەریکی خراپەکاری یان کردەوەی کریمینالن. لەم پەیوەندییەدا، چین و توێژی دەسەڵاتدار بە رێگای کەڵکوەرگرتن لە دامودەزگا بەهێزەکانی خۆیانەوە (میدیا و دەزگای ئیداری و سیاسی)، نە تەنیا خۆیان لە هەموو بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی بەرانبەر بە بەشمەینەتیی ئەم هەژارانە بێبەری دەکەن، بەڵکوو تەنانەت بە رێگای پشتبەستن بە پرۆسەی ئادیافۆریزاسیۆن دەتوانن بە پێچەوانەی واقیعی کۆمەڵگە، خەڵکە هەژار وبێ مافەکە بە تاوانبار

نیشـــان بدەن هەتا لە سەر هەمان ڕێچکە خۆیان جێـــگای قوربانی بگرنەوە و هـــاواری ئەوە بکەن، کە ئـــەوە ئەوانن کە وەکـــوو خەڵکێکی «خاوەن کەرامەت و کولتوور و شارســـتانییەت» کراونەتە ئامانجـــی خەڵکانێکی «بێ ســـەرە و بـــەرە» کە لـــە «شـــوینگەلێکی ناشـــاز و مەترســـیدارەوە» خەریکن هێرشـــی خۆیـــان پێکبێنن(Bauman 1998a:114). بـــەم شـــێوەیە، نوێنەرانی مۆراڵی زاڵ، لە کێشـــانی هێڵێکی جیاکـــەرەوە لە نێوان خۆیان و ئەوانی دیکەدا، هەم لە فۆرمی جەستەیی و هەم لە فۆرمی ئەخلاقیدا سەرکەوتن بە دەست دێنـــن؛ هێڵێکـــی جیاکـــەرەوە کە بـــە گوێرەی ئێـــدوارد ســـەعید (Said 1994) یەکلاییکەرەوە و بڕیاردەر دەبێت لە دەستنیشـــانکردنی شکڵێک لە مودێلی دەســـتەڵات یان تەرتیبی کۆمەڵایەتی کە لەوێدا لایەنی زاڵ (چین، ناســـنامە، کولتوور، نەتەوەی سەردەست) ئیدیعای نوێنەرایەتیکردنی نۆرمـــی پێشـــکەوتوو وەکـــوو «گەردوونیبـــوون، دیمۆکراســـی، دەوڵەت، مێژوو، شارســـتانییەت، عەقڵمەندی، یەکســـانی، بەرپرسیاریتی ئەخلاقی و بێتاوانی دەکات، لـــە حاڵێکدا کە لایەنی دیکە بە تایبەتمەندیگەلی وەکوو «خۆجێیی، کولتووری نامۆ، نەریتـــی کۆن، هەســـتمەندی، تووڕەبوون، دێسپۆتیســـم، مەترســـیداربوون و دینپـــەروەر» پێناسە دەکرێن. لێرەدا، پرۆسەی ئادیافۆریزاسیۆن تەنیـــا ئاماژە بە خۆدزینەوە لە بەرپرســـیارێتی و بێتەفاوەتیـــی ئەخلاقـــی لـــە بەرانبـــەر چینی هەژار یان دەســـتەیەکی ئیتنیکـــی و کولتووریی مافخوراو نـــاکات، بەڵکوو لەوەش زیاتر، ڕاگرتن و بەسروشتیکردنی فۆرمی دەستەڵاتداریی سیاسی و کولتووریـــی هەیـــی، لـــە بەرژەوەندیی لایەنی سەردەست بە ئامانج دەگرێت.

ئادیافۆریزاسیۆنی باومانی، وەکوو ڕەخنەیەک لـــە مۆراڵـــی هێـــزی دەســـتەڵاتدار، تەنیـــا لە پەیوەندی لەگەڵ دیـــاردەی هەژاریدا واتە پەیدا نـــاکات، بەڵکوو فۆنکســـیۆنی ئـــەم چەمکە کۆی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە چەشـــنی کارەساتی هۆلۆکاوســـت، گلۆبالیزاســـیۆن و دەرهاویشـــتە ناشـــازەکانی، ئابووریـــی لیبێـــراڵ، پەیوەندیـــی ئیتنیکی، کولتووری مەسرەفی، پرسی پەنابەری و کۆچبەری، پرسی جێندیر و ...دەگرێتەوە (Bauman 1998b).

## کورد لە پێکهاتەی «ئادیافۆریزاســـیۆن»ی ئێرانیدا

ئادیافۆریزاســـیۆنی ئێرانی، بە ڕێگای دوو مۆدێلی ڕەفتاری یان دوو ســـتراتێژیی جیـــاواز بەڵام لە هەمـــان کاتدا کارا لە ســـەر یەکتـــر و لکێندراو بەیەکتـــرەوە، «بـــێ پێگەیی»ی کورد لـــە ئێراندا دەستنیشـــان دەکات. کورد لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم دوو ستراتێژییەدا- کە لە ڕاستیدا پێکهێنەری جەوهـــەری ئەخلاقیی نەتەوەی سەردەســـتن، و لە هەمـــان کاتدا وەکـــوو قەوارەیەکی هۆوییەتی/ کولتووری تایبەت و جیاکەرەوە (فارس/شـــیعە) نوێنەرایەتیـــی واتـــەی ئێرانیبـــوون و فۆرمـــی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگەی خەیاڵیی ئەو ئێرانیبوونە دەکەن ـ تەنیا ڕۆڵی ئۆبژە دەبینێت. ئۆبژەبوونێک کە بە بێ خواستی خۆی لە سەر هێڵی نێوانی ئەو دوو ســـتراتێژییە ئادیافۆریزاسیۆنییەدا، کە باومان بە زۆنی خۆڵەمێشی (Gray Zone) ناوی دەبات، جێـــگا دەگرێت و فۆرمی پێ دەدرێت، شـــایانی باسە کە لە هەمان کاتیشدا ئەم مەکان و فۆرمانە ســـابیت و نەگۆڕ نین، بەڵکـــوو — هەر وەک لە گەلاڵەی پرسیاریشـــدا ئاماژەی پێ کرا- بە پێی بەرینی و بەرتەسکیی زۆنی خۆڵەمێشی - کە لە ئەساسدا لەسەر بنەمای حەز و ویست و مۆدێلی ئیدەئالی دەستەڵاتداری سۆبژەی ئێرانی پێکدێت - بەردەوام لە جووڵە و هەڵکشـــان و داکشاندایە. بە بۆچوونی باومان (Bauman 1990)، ئەم دوو ستراتێژییە بریتین لە:

- ستراتێژیی ئانترۆپۆفاجیک (Anthropophagic Strategy) یان ستراتێژیی هەڵلووشین کە لێرەدا گرووپی دەستەڵاتدار خۆی لە گرووپی پەراوێزخراو نیزیـــک دەکاتـــەوە، بۆ لای خۆی ڕابکێشـــێت و هەوڵی دەستەمۆکردنی دەدات، هەتا لە کۆتاییدا قووتـــی بدات. بـــە واتەیەکی دیکە، ســـتراتێژیی

هەڵلووشین هەر هەمان پرۆژەی ئاسیمیلاسیۆنە کە لە بەرانبەر تاک و دەستەی سەر بە کولتوور و ئێتنیسیتەی جیاواز و «ناشاز»دا پەیڕەو دەکرێت. شایانی باسە کە زەبروزنگ لە ستراتیژیی ئانترۆپۆفاجیکدا ـ هەربەم جۆرەی کە کەیسی کوردیش دەگرێتەوە ـ ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکوو زۆرجاران فۆڕمگەلی جەستەیی و سەمبۆلیکی کۆمپلێکس و شاراوەی هەیە کە دەستنیشانکردن و هەستپێکردنی بۆ دەستەی بەئۆبژەکراو هاسان نییە. هەربۆیەش لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژییەدا، نوێنەرانی مۆراڵی سەردەست، نەتەنیا لە شاردنەوەی ئاجێندای ئەسڵیی خۆیاندا کە هەمان سەپاندنی نۆڕمە پەروەردەیی، هۆویەتی، کولتووری و ئەخلاقییەکانی خۆیانە، سەرکەوتوو دەبن، بەڵکوو لەوەش زیاتر بە ڕێگای نیشاندانی هاوخەمی، دڵسۆزی و هاودەردیی ڕووکەشانە و دێماگۆژیک لە بەرانبەرگرووپی مارژینال، لە ئاکامدا دەتوانن تەنانەت لە هەیبەتی «پشتیوان»، «یارمەتیدەر»، «قارەمان» و«وەلی نیعمەت»یشدا دەربکەون. «فرهنگ کردها جزو غنیترین بخش فرهنگ ایران است»، «کردها هر جای دنیا باشند، بهترین ایرانی هستند»، «کردها شجاعترین فرزندان ایرانزمین میباشند»، ئەمانە چەند نموونەی تێڕوانین لە مۆراڵی زاڵی ئێرانین کە ئەگەر لە گۆشەنیگای ستراتیژیی ئانترۆپۆفاجیکەوە تەماشایان بکەین، دەکرێ بڵێین کە ئەم دەربڕینانە بە تەنیایی هەڵقوڵاوی زێهنییەتێکی ئیزۆلە و دابڕاو نین، بەڵکوو بە پیی ڕیشە و پێشینەی بەهێزی مێژوویی، ئەخلاقی، موئەسەساتی و پەروەدەیی کە هەیانە، سۆبژەی ئاساییی ئێرانی ئەرکدار دەکەن، کە ئەوانیش بە نۆرەی خۆی و بە شێوازێکی نەرم و هێدی کورد -ئەگەر بکرێت بە یارمەتیی خودی کورد— لە پرۆژەی مافخوازی دووربکەنەوە و کارێک بکەن کە ئەم کوردانە ڕوویان لە ناوەند بکەن هەتا لە کۆتاییدا هەڵیانلووشن و بە واتەیەکی دیکە لە مودێلی ئەخلاقی و سیستەمی نۆڕمی سەردەست دا بیانتوێننەوە. یەک لە پێشمەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی ستراتیژیی ئانترۆپۆفاجیک، ئەوەیە کە کورد لە چوارچێوەی ئێراندا، پێویستە خاوەن شێوازێک لە مەوجوودییەت و هەبوونی سەرەتایی بێت؛ هەڵبەتە هەبوونێک کە نە لە فۆڕمێکی موئەسەسەیی و حقووقیی فەرمیدا، بەڵکوو لە باشترین حاڵەتی خۆیدا هەبوونێکی فۆلکلۆرێک کە هەر وەک فۆلکلۆریستی ئەمریکایی «دان بێن ئامۆس» باسی لێ دەکات، لە هەیبەتی کۆمەڵێک دیاردەی کولتووری وەکوو نەریت، هەڵپەرکێ، پەندی پێشینیان، مۆسیقا و گۆرانی، نوکتە و قسەی خۆش، جلوبەرگ و ... (Ben-Amos 1972) تەنیا لە فەزای خسووسی و ئەگەریش پێویست بوو لە مەودایەکی سنووورداری کۆمەڵایەتی و موئەسەساتی لۆکاڵی دەربکەوێت. ئەو فۆکلۆرە خسووسییە کوردییە، جاروباریش لە لایەن موئەسەساتی سەر بە نەتەوەی سەردەستەوە ڕێگای پێ دەدرێت کە وەکوو کاڵایەکی مەسرەفی، هەیەجانهێنەر لە فەزا ناوەندییەکانی وڵاتدا خۆبنوێنێت. لە نموونەی ئێرانیی ئەم جۆرە ڕەفتارانە کە بە شێویەکی گشتی لە زانستی کۆمەڵایەتیدا لە ژێر سەردێڕی «بەشازکردنی دەستەی مارژیناڵ (Exoticization of Marginalized Group) ناوی دەبەن (Chadha&Kavoori 2008) ، دەتوانین ئاماژە بە هێندێک بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی ناوەند بکەین، کە لەوێدا جاروبار مەجال بە هونەرمەند یان گۆرانیبێژێکی کورد دەدرێت کە لە پۆشش و بەرگی کوردیدا هونەر و دەنگی خۆی تاقی بکاتەوە. بەدەر لە لایەنی هونەری و پیشەییی ئەم دیاردەیە، «بەشازکردنی دەستەی مارژیناڵ» لە چوارچێوەی ستراتێژیی ئانترۆفاجیکدا دوو فۆنکسیۆنی هەیە: یەکەم، ئەوەیە کە بەم ڕێگاپێدانە، ئادیافۆریزاسیۆنی ئێرانی هاوتەریب لە گەڵ - بە کەڵکوەرگرتن لە دەستەواژەی کۆمەڵناسی بریتانیایی جۆن ئۆری - چێژوەرگرتن و دامرکانی حەزی نیگاکانی (Urry 2002)، هاوکات لە بەرچاوی نەتەوەی مارژێنال ئەو کردەویە وەکوو «چاکەیەکی گەورەی

جێگای منەت» وێنا دەکات. ئەم چاکەیە، کە بۆ ئادیافۆریزاسیۆنی ئێرانی دەبێتە سەرچاوەی مەشرووعیەتی ئەخلاقی، لە هەمان کاتیشدا لە بەردەوامیی پرۆسەکەدا دەتوانێ نەتەوەی مارژینالْ بە لاڕێدا بەرێت و بە تەواوی لە مافی خۆی بێ خەبەر و بێبەریی بکات. دووهەم، ئەودەگمەن ڕێگاپێدانە، دەبێتە هۆکاری ئەوە کە نەتەوەی ژێردەستە - کە لە ناکاو تیشکی پرۆژۆکتۆرەکان و زۆمی کامێراکان شاگەشکەی دەکات - نە تەنیا هەست بە بەشداری و شەراکەتێکی ڕاستەقینە بکات، بەڵکوو لەوەش زیاتر، هەتا هەیە لە پێناو ئەو «چاکە» گەورەیەدا، شوکرانەبژێر بمێنێتەوە و تەنانەت خەونەکانی داهاتووشی بە ناوەندەوە ببەستێتەوە.

■ ستراتێژیی ئانترۆپۆئێمیک(Anthropoemic Strategy) کە ئەویش بە شەرت و مەرجی نەتەوەی سەردەست داڕێژراوە، ـ هەروەک باومان دەڵێت ـ بە پێچەوانەی ستراتێژیی هەڵلووشین مانای ڕشانەوە دەدات(Bauman 1990). لە بەرانبەر دەستەی بە ئۆبژەکراو و مارژینالْدا، ئیدی ستراتێژیی ڕشانەوە بە دوای نیزیکبوونەوە و ئاسیمیلەکردندا ناگەڕێت، بەڵکوو خەریکی بەرتەسککردنەوەی زیاتری هێڵی خۆڵەمێشیی جیاکەرەوەی نێوان سۆبژە و ئۆبژە دەبێت. ئامانجی سەرەکیی ئەم دەستکارییە کۆمەڵایەتییە ئەوەیە کە نەتەوەی ژێردەستە حاشای لێ بکریت، بخرێتە ژێر فشار هەتا لە کۆتاییدا مەیدان چۆڵ بکات و بۆ هەمیشە لە بەر چاوان ون بێت. ئەم ستراتێژییە کە بە پێچەوانەی ستراتێژیی یەکەم، هەتا سەر ئێسقان زەبروزەنگتەوەرە، لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیدا، بە شێوازێکی سیستەماتیک لە توندوتیژی (لە هەردوو فۆرمی جەستەیی و سەمبۆلیکدا)، کەڵک وەردەگرێت. لەم پەیوەندییەدا، ئادیافۆریزاسیۆنی ئێرانی وەکوو مودێلکی مۆراڵی کۆمپلێکس، دەستکاریی کۆمەڵایەتی و چەواشەکارییەکانی خۆی تەنیا بۆ بەسروشتیکردنی سیستەمی کۆلۆنیال و هەروەها داپۆشین و نۆرماڵیزەکردنی بێمافیی کوردان بەکارناهێنێت، بەڵکوو ئەم چەواشەکارییە مۆراڵییە لە هەمان کاتدا سەرپۆشێکە بۆ شاردنەوە یان مەشرووعییەتدان بە مەکینەیەکی تۆقێنەری توندوتیژیخوڵقێن کە لە درێژاییی مێژووی پرۆسەی نەتەوەسازیی ئێرانیدا، هیچ کاتێک لە بەرانبەر کورددا پشووی نەداوە. لەم پەیوەدییەدا، هەر لە داگیرکاریی فیزیکیی وڵاتی کورد ڕا بگرە، هەتا قەدەغەبوونی ئازادیی تاک، زمان و پەروەردە و هەروەها دیاردەی کۆچبەری و ئاوارەیی کوردان، هەموو ئەوانە وەکوو عونسورە سەرەکییەکانی ستراتێژیی ئانترۆپۆئێمیک و کەرەستەکانی مەکینەی توندوتیژیی ئێرانیبوون، خۆیان بەرجەستە دەکەنەوە. ئەم ستراتێژییە، هەروەک ئاماژەی پێ کرا، لە ئاکامدا لەناوچوونی کورد و بەردەوامیی سەرەوەریی سیاسیی نەتەوەی باڵادەست بە ئامانج دەگرێت. «کردها پاسداران ما را با حلبی سر میبرند»، «کردها خشن هستند و اسلحه دوست دارند»، کردها قاچاقچی هستند»، «کردها ضدانقلاب و نوکر بیگانه هستند»، «کردها کافر هستند»، «کردها زن ستیز هستند»، «، ئەمانە کۆمەڵێک نموونەی ساختەکاریی مۆراڵین کە لە ئاکامی پرۆسەیەکی خوێناوی و دوورودرێژی نەتەوەسازیدا لە ناخی سۆبژەی ئاساییی ئێرانیدا فۆرمی پتەویان گرتووە. لەم فۆرمە مۆراڵییەدا، نە تەنیا بەشەیتانیکردنی کورد (Chadha&Kavoori 2008) و ستیگامتیزەکردنی (Gaufman 1963) ئەوان دەبێتە پراتیکێکی ڕۆژانە لە لای ئۆبژەی ئاساییی ئێرانی، بەڵکوو لەوەش واوەتر بە هۆی دەستنیشانکردنی نەتەوەی مارژینالْ وەکوو»سەرچاوەی گەلەکۆمە (Donskis 1998) و هەروەها هۆکاری مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی، یەکگرتوویی نەتەوەیی و یەکپارچەییی خاک»، تەنانەت جێگۆڕکیی پۆزیسیۆنی هێرشبەر و قوربانیی لێ دەکەوێتەوە. لەم پیوەندییەدا، بە بەردەوامی کورد وەکوو لایەنی هێرشبەر پێناسە دەکرێت لە حاڵێکدا کە ئێران و ئێرانیبوون، وەکوو «سەمبۆلی شارستانییەت،

ئاســایش و سەقامگیری» پۆزیسیۆنی قوربانیبوون بۆخۆیان دەســتەبەر دەکەن. لــەوەش زیاتر، لە ئاکامی ئــەم ئادیافۆریزاســیۆنە چەواشــەکار و ســاختەکارانەیەدا، نە تەنیا کەســانی مرۆڤکوژی وەکوو قاسم سولەیمانی پێگەی قارەمان بە دەست دەهێنن، بەڵکوو لە هەمان کاتدا کوشتنی رۆژانەی کۆڵبــەران و ئیعــدام و زیندانیکردنی کوردان و بگرە تەنانەت فەرمانــی جیهادی خومەینیش بۆ سەرکوردان، لە لای سۆبژەی ئاسایی ئێرانییەوە وەکوو بەهایەکی هۆویەتــی و کولتووری جێگیر بەرهەم دێتەوە.

## کۆتا

هــەروەک لــەم نووســراوەیەدا بــاس کــرا، بە رێــگای فەیلەســوۆف و کۆمەڵناســی پۆلۆنیایی/ بەریتانیایی زیگمۆنت باومــان، بۆمان دەرکەوت کــە ئادیافۆریزاســیۆنی ئێرانــی کاراکتەرێکــی بەهێزی ساختەکارانە و چەواشەکارانەی مۆراڵیی هەیە، کە مــەودا بە کوردان نادات کە لە رێگای هەوڵەکانیــان لــە پۆزیســیۆنی بەئۆبژەکــراو و مارژیناڵ را خۆیان بکەنە سۆبژەیەکی مێژوویی و کارا، هەتا سەروەریی سیاسی بۆخۆیان دەستەبەر بکــەن. بەهێزتــر لە شــێوازی پێناســەکردنی باومانی، چەواشــەکاریی مۆراڵی ئێرانی بە رێگای پشتبەســتن بــە دوو ســتراتێژیی هاوتەریب و بەیەکــەوە لکێندراو، تەنیــا دوو رێگا لە بەرانبەر کورددا دادەنێت: یان بەو شــێوەیەی ستراتێژیی ئانترۆپۆفاجیک (Anthropophagic Strategy) دەریدەخات، وەرن لە ئادیافۆریزاســیۆنی مۆراڵی و کولتووریی نەتەوەی باڵادەستدا ئاسیمیلە ببن، یــان بە هۆی ئەو توندوتیژییەی کە ســتراتێژیی ئانترۆپۆئێمیــک (Anthropoemic Strategy) لەبــەر دەمتانی دادەنێت، برۆن لە بەر چاوان ون ببن و بە تەواوی لەناوبچن.

بۆ دابــڕان لــە ئادیافۆریزاســیۆنی ئێرانی و ڕزگاربــوون لەو دوو ســتراتێژیی هەڵلووشــین و ڕشــانەوەیە و لە ئاکامدا گەیشتن بە پۆزیسیۆنی ســۆبژەی مێژوویی، دوو ڕێــگای بەدیل بۆ کورد هەیە: یان (١) جیلێکی رۆشنبیری لە نێو نەتەوەی باڵادەســت سەرهەڵدەدات و بە ڕێگای شۆڕشێکی مەعریفــی و فەزیلەتی مەدەنییــەوە، بناغەکانی ئۆنتۆلۆژیکی ئێســتای ئێرانی تێکدەدات. بێگومان لە غیابی ئەم جیلە ڕۆشــنبیرییەدا، ئەوە شۆڕشی هەژار و برســییەکانە کە ئەرکی هەڵوەشاندنەوەی ئادیافۆریزاسیۆنی ئیستای ئێران لە ئەستۆ دەگرێت. یــان (٢) کورد ڕێــگای خۆی جیــا دەکاتەوە و لەپێناو داکۆکیکردن لە کەیسی خۆی کە دۆزێکی گەردوونیــی خــاوەن بەهایە بــەردەوام دەبێت. دیارە ئــەم بەردەوامبوونەش، لە ئاســتی مۆڕاڵدا خوڵقێنەری ئەخلاقێکی «ئانتی-ئادیافۆریزاسیۆنی» دەبێت و لە ئاستی مەعریفەشدا دەستەبەرکردنی ســەروەریی سیاســی بۆ نەتەوەیەکی فیداکار و مێژوویی بە ئامانج دەگرێت.

## سەرچاوەکان


• Anderson, Benedict (1991), Imagined communities: Reflections on the origin and spread of nationalism (1983): 427-449.
• Bauman, Zygmunt(1990), Thinking Sociologically, Blackwell, Oxford.
• Bauman, Zygmunt (1991), «The social manipulation of morality: Moralizing actors, adiaphorizing action.» Theory, Culture & Society 8.1 (1991): 137-151.
• Bauman, Zygmunt(1998a), Work, consumerism, and the new poor. Philadelphia: Open University Press.
• Bauman, Zygmunt(1998b), Globalization: The Human Consequences. New York: Columbia University Press.
• Ben-Amos, Dan (1972), «Toward a Definition of Folklore in Context». In Bauman, Richard; Paredes, Americo (eds.). Toward New Perspectives in Folklore. Bloomington, IN: Trickster Press. pp. 3–15.
• Chadha, Kalyani, and Anandam P. Kavoori (2008), «Exoticized, Marginalized, Demonized.» Global bollywood: 131.
• Donskis, Leonidas (1998),»The conspiracy theory, demonization of the other.» Innovation: The European Journal of Social Science Research 11.3 (1998): 349-360.
• Goffman, Erving (1963), «Stigma and social identity.»
• Said, Edward (1994), Orientalism. 1978. New York: Vintage, 25.
• Urry, John (2002), The tourist gaze. Sage.

# کەی و چۆن بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەتوانێ سەرکەوێ؟

ئیدریس ئەحمەدی

چۆنە هێندێک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتی سەردەکەون، لە کاتێکدا هێندێکی دیکەیان شکست دێنن، یان تەنانەت دەسکەوتی پێشترمسۆگەرکراویان لەدەست دەدەن؟ لە وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، گوزارەی سەرەکیی ئەم وتارە بریتییە لەمە: بەدەر لەو کەیسانەی کە هێزی دەرەکی توانیویەتی ململانێی نێوان بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی و دەوڵەتێک یەکلا بکاتەوە، فاکتەرگەلێکی نێوخۆیی وەکوو یەکدەستبوونی بزووتنەوەیەک یان گرتنەبەری ستراتێژیی گونجاو، دەکرێ وەک مەرجی پێویست بۆ سەرکەوتن دابنرێن، نەک مەرجی بەس(کافی). بەڵکوو، بزووتنەوەیەک، کاتێک دەتوانێ سەرکەوێ کە ئەو دەوڵەتەی لەگەڵی لە ململانێدایە، لاواز ببێ. هەر بەو پێیە، ڕێچکە و ماوەی ڕاگرتنی ئەو دەسکەوتانە، بەندن بە ڕادە و ماوەی درێژەکێشانی لاوازبوونی لایەنی بەرانبەر (واتە ئەو دەوڵەتەی کە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی لەگەڵی لە ململانێدایە). بە پێچەوانە، هەر ئەم فاکتەرەش دیاری دەکا ئایا دەسکەوتی بزووتنەوەیەکی دیاریکراو لەدەست دەچێ، یان ئەوەی بزووتنەوەکە ناچار بە پاشەکشە دەبێ، یان تووشی شکست دێت.

## سەرەتا

ئەم وتارە هەوڵێکی سـەرەتاییە بۆ وڵامدانەوە بەم پرسـیارە: چۆنـە هێندێـک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیـی نەتەوایەتی سـەردەکەون، لە کاتێکـدا هێندێکی دیکەیان شکسـت دێنن، یان تەنانەت دەسکەوتی پێشترمسۆگەرکراویان لەدەست دەدەن؟

هەرچەند لە درێـژەی وتارەکەدا ئاماژە بە هێندێک بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی لە دنیادا دەدرێ، لێـرەدا مەبەسـت وردبوونەوەیـە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵات، باشوور، باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان.

لەو لێکۆڵینەوانەی کە تاکوو ئێستا سەبارەت بـەو بابەتە کراون، دەکـرێ چەندین بۆچوونی جیـاواز دەسنیشـان بکرێن. بە گشـتی، ئەو بۆچوونانە دەکرێ بە سـەر دوو دەستەدا پۆلێن بکرێن؛ لە لایەکەوە، ئەوانەی کە لەمەڕ پرسـی سەرکەوتن و شکست، تایبەتمەندیی نێوخۆییی بزووتنەوەی نەتەوایەتی وەک فاکتەری سەرەکی بەرجەسـتە دەکەنـەوە، لە لایەکـی دیکەوە، ئەوانەی کـە فاکتەری دەرەکی لەو بارەیەوە بە یەکلاکـەرەوە لەقەڵـەم دەدەن. دواتر، هەرکام لەمانە وردتر دەخرێنەڕوو.

گـوزارە، یان دروسـتر بڵێیـن، گریمانەی سـەرەکیی ئەم وتارەی بەردەست ئەمەیە: بەدەر لەو کەیسـانەی کە هێـزی دەرەکی توانیویەتی ململانێـی نێوان بزووتنەوەیەکـی نەتەوایەتی و دەوڵەتێک یەکلا بکاتەوە، بۆ نموونە لە کەیسـی پشـتیوانیی «ناتۆ» لە بزووتنەوەی کۆسۆڤۆئالبان، کە دواجار سـەرکەوتنی ئەوانی لـێ کەوتەوە، فاکتەرگەلێکی نێوخۆیی وەکوو یەکدەسـتبوونی بزووتنەوەیـەک یـان گرتنەبەری سـتراتێژیی گونجـاو، دەکـرێ وەک مەرجی پێویسـت بۆ سەرکەوتن دابنرێن، نەک مەرجی بەس(کافی). بەڵکوو، بزووتنەوەیەک، کاتێک دەتوانێ سەرکەوێ کە ئەو دەوڵەتـەی لە گەڵی لە ملمانێدایە، لاواز بـێ. هەر بەو پێیە، ڕێچکـە و ماوەی ڕاگرتنی ئـەو دەسـکەوتانە، بەنـدن بـە ڕادە و ماوەی درێژەکێشـانی لاوازبوونی لایەنی بەرانبەر (واتە ئەو دەوڵەتەی کـە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی، لەگەڵـی لـە ملمانێدایە). بـە پێچەوانەوە، هەر ئەم فاکتـەرەش دیاریی دەکا ئایا دەسـکەوتی بزووتنەوەیەکی دیاریکراو لەدەسـت دەچێ، یان ئـەوەی بزووتنەوەکە ناچار بە پاشەکشـە دەبێ، یان ئەوەی تووشی شکست دەبێ.

## فاکتـەری نێوخۆیـی یـان هەلومەرجی دەرەکی؟

کاتێک باس لە «سـەرکەوتنی» بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتـی دەدکـرێ، زۆرتـر مەبەسـت مسۆگەرکردنی سـەربەخۆییە. هەڵبەت هەموو بزووتنەوەیەک ئامانجی سەربەخۆیی نییە. هەر بـەو پێیە، لە دیـدی هەر کام لـە بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانـەوە، دەکرێ «سـەرکەوتن» بە شـێوەی جۆراوجۆر پێناسـە بکرێ. دەکرێ بە مەبەسـتی لێکدانەوەی ئـەو جۆراوجۆربوونە، جیاکاری لە نێوان «سـەرکەوتنی سنوورداردا» وەک وەدەسـتهێنانی مافی خوێندن بە زمانی زگماکـی و مافی کولتووری تا «سـەرکەوتنی کۆتایی» لە شکڵی سەربەخۆییدا بکەین.

لە یەکەم هەوڵدا بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارێکی هاوشێوەی ئەو پرسیارەی سەرەوە، لێکۆڵەرێک بە ناوی ئاندریو ماک (Andrew Mack) لە ساڵی ١٩٧٥ لە وتارێکدا سـەبارەت بە سـەرکەوتنی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیـی ئەلجەزایـەر بە سەر دەسـەڵاتی کۆلۆنیالیسـتیی فەرەنسەدا، ئەو سـەرکەوتنەی لە بەر تیشـکی پارسەنگی بەرژەوندیدا شـی کـردەوە. واتـە، بەبۆچوونی ناوبـراو، ئـەو لایەنـەی کە لـە ململانێیەکی ناهاوسەنگدا(asymmetricconflict) لاوازترە، بە مەرجێ بەرژەوەندیی لە سەرکەوتندا زۆرتر بێ، دەتوانێ سەرکەوێ. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئەلجەزایەر بە نیسـبەت فەرەنسـە لاوازتر بوو، بەڵام بەرژەوەندیی لە سـەرکەوتندا زۆرتر بوو؛ بۆیە ئیرادەشی بۆ سەرکەوتن زۆرتر بوو، چونکە خاکی خۆیان بوو، لە کاتێکدا فەرەنسە هێزێکی

کۆلۆنیالیستی بوو. بە واتایەکی دیکە، ئیرادە دەتوانێ لەو جۆرە ململانێیانەدا بڕیاردەر بێ، سەرەڕای ناهاوسەنگ بوونی هێزی ئابووری و نیزامیی نێوان لایەنەکان. سەرکەوتنی بزووتنەوەی چەپ و نەتەوایەتیی باکووری ڤێتنام بەسەر ئەمریکادا، نموونەیەکی دیکەیە.

لێکۆڵەرێکی دیکە لە هەوڵێکی هاوشێوەدا، گرنگی دەدا بە هەڵبژاردنی ستراتێژیی نیزامیی گونجاو لە لایەن ئەو لایەنانەوە کە لە ململانێیەکی ناهاوسەنگی نیزامیدا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە، ئەگەر لە ململانێیەکی وادا، هەر دوولا ستراتێژیی وەک یەک هەڵبژێرن، بۆ نموونە شەڕکردن بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە شکڵی شەڕی جەبهەییدا، ئەوا بێ گومان لایەنی بەهێز بەراوە دەبێ، بەڵام ئەگەر لایەنی لاوز ناڕاستەوخۆ و بە کەڵکوەرگرتن لەستراتێژیی چریکی ڕووبەڕووی لایەنی بەهێز بێتەوە، ئەوا ئەگەری زۆرە بەراوە بێ، مەگەر ئەوەی لایەنی بەهێزیش، کەڵک لە هەمان ستراتێژی وەرگرێ. بۆ نموونە، دەوڵەتی ئێران، عێراق و تورکییە کەڵکیان لە جاش وەرگرتووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە و گەریلا. هەر ئەمەش، ویڕای بەئامانجکردنی خەڵکی مەدەنی و گۆڕینی دێموگرافی و تەنانەت جێنوسایدکردنی خەڵکی کوردستان، وای کردووە خەباتی چەکداری لە کوردستاندا ئەو دەسکەوتەی نەبێ کە لە وڵاتانی دیکەدا هەیبووە.

دوو لێکۆڵەری دیکە خەباتی مەدەنی وەک ستراتێژیی کاریگەر بەرجەستە دەکەنەوە، بۆ نموونە لە کەیسی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ۱۹۷۹ و زۆر کەیسی دیکە. هەڵبەت کە ئەگەڕێتەوە سەر بزووتنەوەی نەتەوایەتی، بەو دەرئەنجامە دەگەن کە نە شەڕ، نە خەباتی مەدەنی ناتوانن سەرکەوتن مسۆگەر بکەن، بەڵام بە بێ ئەوەی بە وردی هۆی ئەوە شی بکەنەوە.

لە دوو لێکۆڵینەوەی دیکەدا، بایەخ دراوەتە پێکهاتەی بزووتنەوەی (movement structure) نەتەوایەتی. یەکێکیان بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە ئەگەر بزووتنەوەیەک پێک هاتبێ لە چەندین ڕێکخراوە، یان لەتوپەت (fragmented) بێ، ئەگەری زۆرە لەلایەن ئەو حکوومەتەوە کە ململانێی لە گەڵدا دەکا، تەنازولی بۆ بکرێ و بە هێندێک دەسکەوتی کەم بگا، چونکە حکوومەت ئەو فرەلایەنیی و لەتوپەتبوونە بە دەرفەتێک دەبینێ بۆ ئەوەی بە ملدان بۆ داخوازیی کەم، بێبەرییان بکا لە دەسکەوتی مەزنتر. بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە، لێکۆڵەرێکی دیکە پێداگریی دەکا کە تەنیا کاتێک لە نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا ڕێکخراوێک هێژمۆنی بەدەست دێنێ، دەکرێ بە دەسکەوتی ستراتێژیک بگا. ئەگەر بزووتنەوەیەک لەتوپەت بێ، جەناح و ڕێکخراوەی جۆراوجۆر ناچار دەبن دژ بەیەکترڕاوستن. بزووتنەوەی لەتوپەت بە هۆی کێشە نێوخۆییەکانەوە، ناتوانی بپرژێتە سەر تێکۆشان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی ستراتێژیک. بە گوێرەی ئەم لێکۆڵینەوە، بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو، بۆ نموونە لە شکڵی بەرەدا، بە ئەندازەی بزووتنەوەیەکی لەتوپەت چارەنووسی خراپ دەبێ، چوونکە ئەو جۆرە یەکگرتووییە ناتوانێ کۆتایی بە ململانێی دەروون بزووتنەوە بێنێ. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە، تەنیا ڕێگای سەرکەوتن لەوە دایە ڕێکخراوێک بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بێ. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئێریتێریا نموونەیەکە لەو بارەوە؛ هەتاکوو بزووتنەوەی ئێریتێریا لەتوپەت بوو، یان تەنانەت ئەو کاتانەی کە یەکگرتوو بوو، هەر تووشی شکست دەهات، بەڵام کاتێک ڕێکخراوێک بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ بوو، ئەوجا بزووتنەوەکە سەرکەوت.

هێندێک لێکۆڵەری دیکە زۆرتر گرنگی دەدەن بە پشتیوانیی دەرەکی وەک فاکتەری یەکلاکەرەوە بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی بتوانێ بە سەرکەوتن بگا. بۆ نموونە، خەباتی بزووتنەوەی باکووری کوردستان بە بەراوەرد لەگەڵ بزووتنەوەی کۆسۆڤۆ درێژخایەنتر و خوێناویتر بووە، بەڵام بە هۆی پشتیوانی و دەستێوەردانی نیزامیی «ناتۆ»،

بزووتنەوەی کۆسـوۆڤۆ سـەرکەوت، لە کاتێکدا بزووتنەوەی باکووری کوردستان هەر درێژەی بە خەبات داوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی پشتیوانیی دەرەکی، سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.

لە درێـژەی ئەم وتـارەدا، هـەوڵ دەدەم نیشـانی بدەم کە لـە کەیسـی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە هەر چوار پارچەی کوردسـتاندا، نـە ئیرادە، نە گرتنەبەری سـتراتێژیی گونجاو، هەروەها نە جـۆری پێکهاتەی ئەو بزووتنەوانە، فاکتـەری یەکلاکـەرەوە نەبـوون، کاتێـک سەرکەوتنی سـنوورداریان وەدەسـت هێناوە. هەڵبەت پشـتیوانیی دەرەکی، بـە تایبەت لە لایـەن زلهێزێکەوە، دەشـێ یەکلاکەرەوە بێ، بەڵام هیچکام لە بزووتنەوەکانی کوردی لە هیچ بەشێکی کوردسـتاندا، پشتیوانیی دەرەکیی بە شێوەی درێژمەودا لێ نەکراوە.

## دەرفەت، بەڵام کام دەرفەت و کەی؟

دەسـتەیەک لێکۆڵینـەوەی دیکـە هەیـە کـە مێژوویەکـی دێرینتریـان هەیـە، بەڵام سـەبارەت بە شکست و سەرکەوتنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجـام دراون. بە مانایەک، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و تەڤگەری نەتەوایەتی هاوشـێوەن، هەردووکیان ئەکتەری نادەوڵەتین (لانیکـەم تاکوو ئـەو کاتەی نەگەیشـتوونەتە دەسـەڵات)، هەروەهـا دەکـرێ ئامانـج و ستراتێژییان هاوشێوە بێ (لە گۆڕینی ڕێژیمەوە بگـرە تاکـوو بەکاربردنی خەباتـی چەکداری یان خەباتی مەدەنـی). هەڵبەت بە پێچەوانەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، چ ئەوانەی ڕیفۆرمخواز یان شۆڕشگێڕن، بزووتنەوەی نەتەوەیی، ئامانجی وەدەستهێنانی سەروەرییە بە سەر خاکی خۆیدا، جا لە شکڵی خودموختاریدا بێ یان بە وەدەست هێنانی سەربەخۆیی.

لـە لێکۆڵینـەوە سـەبارەت بـە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییـەکان، بۆچوونێکـی بـاو هەیـە کە گرنگـی دەدا بـە «دەرفەتی سیاسـیی». هەڵبەت ئەو دەرفەتانە دەشـێ زۆر فاکتەر لە خۆ بگرن، لە قەیرانی ئابووری و سیاسییەوە بگرە تاکوو فاکتەری نێودەوڵەتی. لێرەدا بە پێویسـت نازانرێ بە وردی باس لەو جـۆرە لێکۆڵینەوانە بکـرێ، بەڵکوو لەم وتارەدا، گرنگی بە دەرفەتی سیاسـیی دەدرێ بۆ شـیکردنەوەی سـەرکەوتن و شکست لە کەیسی بزووتنەوەی کورددا لە هەر چوار بەشی کوردستان.

وەک سەرەتا باس کرا، گوزارەی سەرەکیی ئـەم وتارە ئەوەیە کـە لە کاتـی لەئارادبوونی دەرفەتی لەباردا، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەتوانێ سـەرکەوتن بەدەست بێنێ. بە هەمان شـێوە، کاتێک ئەو دەرفەتـە لەبارانە نامێنن، دەتوانین چاوەڕوانی پاشەکشەکردن و تەنانەت شکستی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بکەین.

ئەو دەرفەتە لەبارەش کاتێک دێتە ئاراوە کە ئەو دەوڵەتەی کە بزووتنەوەی کورد ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لاواز بووبێ یان دەسەڵاتی تێکشکابێ. بە گشـتی، لە سـێ هەلومەرجدا ئـەو جۆرە دەرفەتانە بەدی دێن:

**١** کاتێـک کە هێزی دەرەکی دەسـتێوەردان لـە یەکێک لـەو چـوار وڵاتەدا دەکـەن کە کوردستانیان بەسـەردا دابەش کراوە، ئەویش بە مەرجێ ئەو جۆرە دەستێوەردانە ببێتە هۆی لاوازبوونـی دەوڵەت لە هـەرکام لەم وڵاتانەدا، دەرفەتی لەبار بۆ بزووتنەوەی کورد دێتە کایەوە بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوت.

بۆ نموونە، سـەرکەوتنی بزووتنەوەی سمایل ئاغای سـمکۆ، هەروەهـا دامەزراندنی کۆماری کوردسـتان لە ڕۆژهەڵات، دواتریش دامەزراندنی حکومەتـی هەرێـم لە باشـوور، بە هـۆی ئەو دەرفەتانەوە بوو کە پاش دەستێوەردانی زلهێزان لە ئێران و عێراق پاش شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی، هەروەها پاش شەڕی کەنداو هاتنە ئاراوە. لە هەر سـێ کەیسدا، دەوڵەت لە ئێران و عێراق لاواز بوون. لە کەیسی حکومەتی هەرێمدا، پاش شـەڕی ئەمریکا دژ بە عێراق لە سـاڵی ٢٠٠٣، ڕێژیم لـە بەغدا ڕووخێنـدرا، دواتریش پێگەی هەرێـم لـە دی فاکتۆوە (de facto) لە سـاڵی ٢٠٠٤ بەدواوە، بوو بەپێگەیەکی دەستووری.

بزووتنەوەی سمکۆ، یەکدەست بوو. هێشتا حیزبــی مۆدێرن لە کوردســتان لــەو کاتەدا، جێ نەکەوتبــوو. هەرچەند بــارودۆخ لە کاتی دامەزراندنــی کۆمــاری کوردســتاندا گۆڕابوو، حیزبی دێموکــرات وەکوو تاکە حیزب، خاوەن هێژمۆنــی بوو، ئەویــش بە ڕادەیــەک کە لە کۆماری کوردســتاندا، تاکە حیزبێک حکومەتی دەکرد. لە باشوور، پارتی و یەکێتی دوو حیزبی ســەرەکی بوون، هەروەها پێش شەڕی کەنداو، بەرەیان لەگەڵ حیزبەکانی دیکە پێک هێنابوو (هەرچەند ئەو بەرەیە دواتر نەیتوانی ڕێگری لە شەڕی نێوخۆیی بکا).

سەبارەت بە بزووتنەوەی سمکۆ، سەرچاوەی کــەم لەبەردەســتدا هایە، بەڵام ســەبارەت بە کۆماری کوردستان، ســەرچاوەکان دەڵێن کە عەشــیرەتەکان بە هۆی هێــزی نیزامییانەوە، پێگەیەکــی گرنگیــان هەوبــوو، دواجاریــش هێندێکیــان خەیانەتیــان لە کۆمــار کرد. لە باشوور، سەرەڕای شەڕی نێوخۆیی و گەمارۆی ئابووری، هەروەها ســەرەڕای دەســتێوەردانی ئێران و تورکییە بە مەبەســتی درێژکردنەوەی شەڕی نێوخۆیی، ستراتێژیی تێکەڵپێجانی (مهار کردن) عێراق لە لایــەن ئەمریکاوە، حکومەتی بەعسی پووچەڵ کردبووە. هەر ئەمەش وای کرد کە حکومەتی هەرێم، ســەرەڕای دابەشبوونی، توانی بمێنێتەوە. بزووتنەوەی سمکۆ و کۆماری کوردســتان بە هــۆی بەهێزبوونی ئێران وێڕای نەبوونی پشــتیوانیی دەرەکی لێیــان، دواجار تووشی شکست و نەمان هاتن.

گومانی تێدا نییە، ئەگەر بزووتنەوەی سمکۆ لەتوپەپ بوایە، هەروەها ئەگەر حیزبی دێموکرات خاوەن هێژمۆنی نەبوایە، لە ڕۆژهەڵات نەدەکرا کەڵک لە دەرفەتی لەباری پاش شــەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی وەرگیرابا. بە هەمان شێوە، ئەگەر لە باشــوور ڕێکختسنی یەکێتی و پارتی نەبوایــە، نەدەکــرا کوردی باشــوور کەڵک لەو دەرفەتە وەرگرن کە پاش شــەڕی کەنداو هاتە کایەوە. ئەگــەر بزووتنەوەی باشــوور لەتوپەت نەبوایە و شــەڕی نێوخۆیی بەرۆکی نەگرتبایە، دەکرا کەڵکی باشــتر لــە دەرفەتی نەوەدەکان، هەروەهــا دەرفەتــی پــاش ٢٠٠٣ لــە پێناو دەوڵەتسازیدا وەرگیرابا.

**٢** کاتێک لە یەکێک لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەســەردا دابەشــکراوە، شــۆڕش، کودەتا یان شــەڕی نێوخۆیی ڕوو بدا، بە مەرجێ دەوڵەت لە پرۆســەیەکی وادا لاواز بێ، دەرفەتی لەبار بۆ بزووتنەوەی کورد دێتە کایەوە بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوت.

بــۆ نموونە، دوای کودەتــا، یان بە گوێرەی هێندێــک لایەن، شۆڕشــی ١٩٥٨ لە عێراق و هاتنە سەرکاری حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، دەرفەت ســاز بوو بۆ پارتی تاکوو لە تاراوگەوە بگەڕێتــەوە بۆ باشــوور، هەروەهــا خۆی ڕێک بخاتەوە و دەور بگێڕێ لە سیاســەتی عێراقدا. دەسکەوتی ئەم قۆناغە، بەفەرمی ناسینی عێراق بوو وەک وڵاتێکــی دوونەتەوەیــی، هەرچەند دواجار ئەو کرانەوەیە داخرا و بزووتنەوەی کورد و دەوڵەتی عێراق تووشی شەڕ هاتن.

بە هەمان شێوە، شۆڕشــی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دەرفەتــی بۆ حیزبــی دێموکرات پێک هێنا تاکوو لە تاراوگەوە بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات و خۆی ڕێک بخاتەوە و ببێ بە ســەرەکیترین هێز، هەرچەند ئەو شۆڕشە دەرفەتی بۆ کۆمەڵە و هێندێــک ڕێکخراوی دیکەش ســاز کرد کە ســەرهەڵبدەن و کاری ڕێکخســتنی بکــەن. دەســکەوتی ئەم قۆناغە مەلمووس نەبوو، بەڵام بووژاندنەوەی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات، هەروەها بەرزکردنەوەی مەســەلەی کورد وەک پرسێکی گرنگ لە ئێراندا وێڕای دانوستاندن لە گەڵ کۆماری ئیسلامی، دواتریش بەربەرەکانێی جەماوەری و پیشمەرگە دژ بە هێزەکانی ڕێژیم، سەنگی سیاسی و نیزامیی کوردستانی لە ئێراندا بەرجەســتە کردەوە. تاکوو خاکی کوردســتان بەدەستی پێشمەرگەوە بوو، کە لە خوێدا دەبێ بە دەســکەوت بێتە ئەژمار، حیزبی دێموکرات و تــا ڕادەیــەک کۆمەڵە بە شــێوەی دیفاکتۆ

حکوومەتیان دەکرد.

نوێترین کەیس لەو بارەوە، سەرهەڵدانی ڕێڤەبەریی خۆسەرە لە ڕۆژئاوای کوردستان، کە بە بێ شەڕی نێوخۆیی لە سووریە و دارمانی دەسەڵاتی حکومەی ناوەندی، مەحاڵە ئەو خۆسەرییە دامەزرابایەت. گومانی تێدا نییە، هێژمۆنی پەیەدە لە ڕۆژئاوا وای کرد کەڵک لەو دەرفەتە وەرگیردرێ، بەڵام ئەو هێژمۆنییەی پەیەدە مەرجی پێویست بوو بۆ ئەوەی کوردی ڕۆژئاوا حکومەتی خودموختار پێک بێنن، نەک مەرجی بەس. بۆیە چارەنووسی دواجار بەندە بە بارودۆخی سیاسی و نیزامی لە سووریە، هەرچەند بە هۆی دژایەتیکردنی تورکیە، کە بە نۆرەی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ سەربەخۆ نەبوونی پەیەدە بە نیسبەت پەکەکەوە، ئەو خودموختارییە نەک تەنیا سنووردارکراوەتەوە، بەڵکوو لە بەشێک لە خاکی ڕۆژئاوادا، تورکیە گۆڕینی دێموگرافیی ئەنجام داوە.

**۳** ململانێی جیۆسیاسیی نێوان ئەو چوار دەوڵەتە دەتوانێ دەرفەت بۆ بزووتنەوەی کورد لە بەشێک لە کوردستاندا پێک بێنێ بۆ ئەوەی بە پشتیوانیی یەکێک لەو دەوڵەتانە، خەباتی چەکداری بکا.

نموونەی بەرچاو لەو بارەیەوە، خەباتی چەکداریی پارتی بوو دژ بە عێراق بە پاڵپشتیی ئێران و ناڕاستەوخۆ ئەمریکا و ئیسرائیل لە ١٩٦١ەوە تاکوو ڕێکەوتنی ئەلجەزایەر لە ساڵی ١٩٧٥، کە شکستی بزووتنەوەی کوردی لێ کەوتەوە. دەسکەوتی ئەم سەردەمە، ڕێکەوتنی ١١ ئازار بوو لەسەر ئۆتۆنۆمی، کە هەڵبەت جێبەجێ نەکرا.

بە هەمان شێوە، شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق دەرفەتی پێک هێنا بۆ حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە پشتیوانیی حکوومەتی عێراق لە لایەک، هەروەها پارتی و یەکێتی بە پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی بتوانن خەباتی چەکداری بێ دابڕانی چەندین ساڵە ئەنجام بدەن. هەرچەند دەسکەوتی مەلمووس لەم قۆناغەدا تۆمار نەکراوە، بەڵام درێژەدانی خەباتی نەتەوایەتی لەو دوو بەشەی کوردستان، هەروەها بەنێودەوڵەتیکردنی مەسلەی کورد، دەشێ وەک دەسکەوتی ناڕاستەوخۆ لەقەڵەم بدرێ.

بە هەمان شێوە، ململانێی نێوان تورکیە و سووریە زەمینەی ساز کرد بۆ ئەوەی پەکەکە بتوانێ چەندین دەیە خەباتی چەکداری بکات. هەرچەند ئەو خەباتە هەر درێژەی هەیە، بەڵام دەرفەتی سنوورداری سیاسی لە تورکیە ویڕای گوشاری یەکێتیی ئەورووپا، دواجار بووە هۆی دانپێدانان بە بوونی کورد لە تورکیە و سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەری و سەرهەڵدانی حیزبی «قانوونی» کە داکۆکی لە بەرژەوەندیی کورد لە پەرلەمانی تورکیەدا بکا. ئەمەش بە بێ خەباتی چەکداری، کە هەروەها بووە هۆی بەرپەرچدانەوەی پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆنی کورد، نەدەهاتە دی.

شێوەیەکی دیکە بۆ سەلماندنی گرنگیی دەرفەتی لەبار لەو بابەتەی کە لێرەدا مەبەستە، واتە لاوازبوونی دەوڵەت لە ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە لەو سێ هەلومەرجەی کە دەستنیشان کران، وێناکردنی لەئارادا بوونی ئیرادە، ستراتێژیی گونجاو، هەروەها هێژمۆنیی ڕێکخراوێک لە نێو بزووتنەوەیەکدایە، بەڵام بە بێ ئەو جۆرە دەرفەتانە. پرسیار ئەوەیە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەتوانێ بە بێ دەرفەتی لەبار سەرکەوێ، یان نا؟ مێژووی بزووتنەوەی کورد پێمان دەڵێ، نەخێر. کەیسی تورکیەی لێ بەدەر، کە ئەوەیش بە نۆرەی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ کرانەوەی ڕێژەیی لە سیستەمی نیمچە دێموکراتیک لەو وڵاتەدا لە هێندێک قۆناغدا.

کەوابوو، دروستتر وایە لەئارادا بوونی ئیرادە، ستراتێژیی گونجاو، هەروەها هێژمۆنیی ڕێکخراوێک لە نێو بزووتنەوەیەکدا وەک مەرجێ پێویست ببیندرێن، نەک مەرجی بەس.

سەبارەت بە ئیرادە دەبێ ئەوەی لێ زیاد بکرێ کە کەم بزووتنەوە لە دنیادا وەکوو بزووتنەوەی کورد ئیرادەی لە خۆی نیشان

داوە، بەڵام ئێران، عێراق، تورکییە و سووریيە، دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی لەو بابەتە نین کە لە دوورەوە هاتبێتن و کوردستانیان داگیرکردبێ، هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وایان چاو لێ ناکا، ئەمە وێڕای ئەوەی کە کوردستان بە خاکی خۆیان دەزانن و ئەو سیاسەتەیان، پشتیوانیی جەماوەر و تەنانەت گرووپە ئوپۆزیسیۆنەکانی فارس، عەرەب و تورکی لە پشتە. کەوابوو، نزیکیی جوگرافی وای کردووە کە پارسەنگی بەرژەوەندی، ئەو دەورەی لە کوردستاندا نەبێ کە لە ئەلجەزایەر یان ڤیەتنام هەیبوو.

لێرەدا هەڵسەنگاندنێک بۆ ئەو بۆچوونە نەکرا کە دەڵێ لەتوپەت بوونی بزووتنەوەیەک دەتوانێ ببێتە هۆی دانوستاندن و تەنازولکردنی حکومەتی ناوەندی بۆ هێندێک داخوازیی سیاسی سەرەتایی یان مینیماڵ. ڕاستە لە باشوور و ڕۆژهەڵات حکوومەتی ناوەندی دانوستاندنیان لەگەڵ بزووتنەوەی کورد کردووە (لەو کاتانەی کە ئەم بزووتنەوانە لەتوپەت بوون)، بەڵام زۆرتر تاکتیکی و بۆ کڕینی کات ئەنجام دراون. بۆیە، ئەو بۆچوونە لە کەیسی بزووتنەوەی کورددا، دروست نییە.

## دەرئەنجام

ئەگەر گریمانەی ئەم وتارە دروست بێ، ئەوجاو ئەوانەی ڕەخنە لە بزووتنەوەی کورد دەگرن و دەڵێن، هۆکاری سەرکەوتنیان نەبوونی «یەکگرتوویییە»، یان ئەوەی «ستراتێژیی ڕوونیان» نییە، یان ئەوەی گۆیا «نەتەوەیی» نین یان ئەوەی سەرنەکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی داوای سەربەخۆییان نەکردووە یان نایکەن، بەهەڵەدا چوون. بێ گومان، یەکڕیزی، ستراتێژیی گونجاو و هتد، هەموو ئەوانە گرنگن، بەڵام دەبێ وەک مەرجی پێویست ببیندرێن؛ لە خۆیاندا بەس نین بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتن. بەڵکوو هێز، یان لاوازبوونی لایەنی بەرانبەر، یەکلاکەرەوەیە.

تەنیا دێموکراسی، بە مەرجێک شێوە دێموکراسییەک بێ کە لە ڕووی دەستوورییە مافی نەتەوایەتیی کورد مسۆگەر بکا، دەتوانێ جێگای هێز بگرێتەوە. لە بارودۆخێکی وادا، شەڕ درێژەی سیاسەت نابێ، بەڵکوو هێزی نیزامی هەڵدەپەسێردرێ و جێگا دەدا بە سیاسەتی دەستووری. پێشمەرجی ئەوەش پەسەندکردنی دێموکراسییە لە ئاست نوخبە و جەماوەردا لە ئێران، عێراق، تورکییە و سورییە، کە بە نۆرەی خۆی بەندە بە گۆڕانێک لە ناسیۆنالیزمی فارس، تورک و عەرەبدا بەڕادەیەک کە ڕێگا خۆش بکا بۆ دانپێدانان بە ناسنامە و مافی نەتەوایەتیی کورد. ئەمە لە سپانیا پاش کۆتاییهاتنی دیکتاتۆرییەت، هاتە دی، هەڵبەت بە بێ ئەوەی نەتەوەی باسک و کاتالان سەربەخۆیی بەدەست بێنن، بەڵکوو دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی لە شکڵی خودموختاری یان ئۆتۆنۆمیدا بۆ وڵاتی باسک و کاتالۆنیا.

بە کورتی، لە گەڵ ئەوەی دامەزراوەیەک وەک دێموکراسی دەتوانێ دەوری هێزی نیزامی هەڵپەسێری، لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناویندا، هێزی نیزامی یەکلاکەرەوەیە لە سیاسەتدا. بۆیە، لەڕۆژهەڵاتی ناویندا، بە تایبەت کە ئەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی، شەڕ هەروا درێژەی سیاسەت دەبێ.

سەرکەوتن و شکستی بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان بەندە بە ئەگەر، ڕادە و ماوەی لاوازبوون یان بەهێزبوونی دەوڵەت لە ئێران، عێراق، تورکییە و سورییە.

بێ گومان، ئەگەر دەرفەتی لەبار بۆ کورد بێتە کایەوە، بەهۆی نەبوونی ڕێکخستن، هەروەها نەبوونی ڕێکخراوێک کە خاوەنی هێژمۆنی بێ، ناکرێ کەڵک لەو دەرفەتانە وەربگیردرێ. لەتوپەتبوون دەتوانێ وا بکا کورد دەرفەتی زێڕین لەدەست بدا. سەرکەوتن لە هێژمۆنی، ستراتێژیی گونجاو و دەرفەتی لەباردایە، مەگەر ئەوەی ئەو چوار دەوڵەتە بەرەو دێموکراسی هەنگاو هەڵگرن. هەڵبەت لە وەها سێناریۆیەکدا، هێژمۆنیی ڕێکخراوێک پێویستە بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتی دێموکراتیک. هەڵبەت

بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەر، لێرەدا مەبەست لە «هێژمۆنی» دەسەڵاتی تەک حیزبی نییە.

ئامانجی بزووتنەوەی کورد هەم ڕزگارییە هەمیش دیموکراسی. هەموو جۆرە هێژمۆنییەک لە گەڵ دیاردەی فرەحیزبی و دیموکراسی گونجاو نییە، مەگەر ئەوەی ڕێکخراوێکی خاوەن هێژمۆنی بۆ خۆی باوەڕی بە دیموکراسیی پاش قۆناغی ڕزگاری هەبێ، دەنا مەترسیی ئەوە هەیە هێژمۆنیی ڕێکخراوێک کە باوەڕی بە دیموکراسی نییە، پاش ڕزگاری، دیکتاتۆرییەتی لێ بکەوێتەوە. هەڵبەت ڕوونە کە دیاردەی فرەحیزبی لەتوپەتبوونی لێ دەکەوێتەوە، هەروەها نەک تەنیا ڕێگرە لە سەرکەوتن و هۆکاری سەرەکیی شەڕی نێوخۆییە، بەڵکوو لە قۆناغی پێش ڕزگاریدا، ئانارشی، نەک دیموکراسی، پتەوە دەکا.

دیاردەی فرەحیزبی لەڕۆژهەڵات ئەمری واقعە، هەرچەند دەکرێ بە یەکبوونەوەی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە، خەتەری لەتوپەتبوون کەم بکرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، هەبوونی یەک هێزی چەکدار کە بتوانێ تەنانەت پێش قۆناغی ڕزگاری وەک سپای نەتەوەیی خۆی ڕێک بخا، دەتوانێ ڕێگر بێ لە شەڕی نێوخۆیی. هەرچەند شکڵگرتنی سپایەکی وا مومکین دێتە بەرچاو، لە کردەوەدا ڕەنگە ئەستەم بێ. ڕێگاچارەیەک بۆ قۆناغی پێش ڕزگاری ئەوەیە حیزبگەلێک کە لەڕووی ئایدیۆلۆژی و فکرییەوە نزیکین، هەوڵ بدەن ببن بە یەک حیزب لە پێناو ڕووبەڕوونەوەی خەتەری لەتوپەتبوون بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کورد بتوانێ کەڵک لە دەرفەتی لەبار وەربگرێ و سەرکەوتن وەدەست بێنێ.

### سەرچاوە

Ahmedi, I. 2018. Explaining Variation in Political Gains: The Case of Iranian Kurdistan, in Serhun Al & Emel Tugdar (eds.) Comparative Kurdish Politics in the Middle East: Actors, Ideas, Interests. New York: Palgrave, 2018.
Arreguin-Toft, I. 2005. How the Weak Win Wars: A Theory of Asymmetric Conflict. New York: Cambridge University Pres.
Chenoweth, E. & Stephan, M. 2011. Why Civil Resistance Works (New York: Columbia University Press, 2011).
Cunningham, K. 2014. Inside the Politics of Self-determination. Oxford: Oxford University Press.
Giugni, M. "Was it worth the effort? The Outcomes and Consequences of Social Movements," Annual Review of Sociology, 98 (1998).
Gunes, C. 2019. The Kurds in a New Middle East: The Changing Geopolitics of a Regional Conflict. London: Palgrave Macmillan.
Gutaj, P. and Al, S. "Statehood and the political dynamics of insurgency: KLA and PKK in comparative perspective," Journal of Balkan and Near Eastern Studies, 19:2 (2017).
Harvey, W. "Strategies for conducting elite interviews," Qualitative Research, 11:4 (2011).
Hendrix, C. 2010. "Measuring state capacity: Theoretical and empirical implications for the study of civil conflict," Journal of Peace Research, 47:3 (2010).
Koopmans, R. "The missing link between structure and agency: Outline of an evolutionary approach to social movements," Mobilization, 10:1 (2005).
Krause, P. "The Structure of Success: How the Internal Distribution of Power Drives Armed Group Behavior and National Movement Effectiveness," International Security, 38:3 (2013/14).
Krause, P. 2017. Rebel Power: Why National Movements Compete, Fight, and Win. Ithaca & London: Cornell University Press.
McAdam, D. & Boudet, H. 2012. Putting Social Movements in their Place: Explaining Opposition to Energy Projects in the United States, 2000-2005. Cambridge: Cambridge University Press.
Mack, A. "Why Big Nations Lose Small Wars: The Politics of Asymmetric Conflict." World Politics 27:2 (1975).
Natali, D. 2005. The Kurds and the State: Evolving National Identity, in Iraq, Turkey, and Iran. New York: Syracuse University Press.
McDowall, D. 1996. A Modern History of the Kurds. London: I.B. Tauris.
Record, J. 2007. Beating Goliath: Why Insurgencies Win. Washington, DC: Potomac Books.
Romano, D. 2006. The Kurdish Nationalist Movement: Opportunity, Mobilization and Identity. Cambridge: Cambridge University Press.
Vali, A. 2011. Kurds and the State in Iran: The Making of Kurdish Identity. London: I.B. Tauris.

# پەروەردە لە قۆناغی ڕاپەڕیندا

سەرۆ شەمزینی

لە جیهانی پێش مۆدێرندا شێوازی پەروەردە زیاتر لە سەرەوە بۆ خوارەوە بووە. پەروەردەیەکی لەو چەشنە پێویستی بە دامودەزگای فەرمیی پەروەردەوە هەیە. بەڵام لە جیهانی مۆدێرن و پاش مۆدێرنی ئێستادا، پەروەردە زیاتر سروشتێکی ڕایەڵەیی و ناهیرەمی هەیە. لەم جیهانەدا ئەگەر دیسکۆرسێکی نەتەوەیی بەهێز لەگۆڕێدا هەبێ، بەهۆی سروشتی ڕایەڵەییی جیهانەوە، ئەو گوتارە، نابەئاگایانە و نابەرهەست و نافەرمی لە هەموو ئاستەکاندا بڵاو دەبێتەوە.

هەندێک لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان سروشتێکی کاتییان هەبووە، واتە بۆ ماوەیەک دامەزراون و دواتر هەڵوەشاونەتەوە. یان زۆر دەورانی وا هەبووە مرۆڤ بە بێ ئەو دامەزراوانە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی بەرێوە بردووە و ئاستەنگێکی ئەوتۆش نەکەوتووەتە ناو ژیان و کاروبارەکانییەوە. بەڵام هەندێک دامەزراوەی کۆمەڵایەتی هەبوون کە بە درێژایی ژیانی مرۆڤ لە مێژوودا لەگەڵیدا بوون و لێی جیا نەبوونەتەوە. ئەو دامەزراوانە بە ئەژمار زۆر نین، بەڵام بە گرینگایەتی و قورسایەتی بنچینەی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤیان پێک هێناوە. یەکێک لەو دامەزراوانە «پەروەردە و فێرکاری»یە. دامەزراوەی پەروەردە دەکەوێتە پاڵ هەندێک دامەزراوەی تری وەک «سیاسەت»، «ئابووری»، «بنەماڵە»، «ئایین» و ... ئەم قسەیە بەم مانایەیە کە لە هیچ دەورەیەکی مێژوویدا ژیانی مرۆڤ لەو دامەزراوانە بەتاڵ نەبووە و کاروباری کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەهۆی ئەم دامەزراوانەوە ڕاپەڕیوە. ڕەنگە بتوانین بڵێین فۆنکسیۆن یان کارکردی ئەو دامەزراوانە بەدرێژایی مێژوو نەگۆڕ بوون بەڵام شێوە و جۆرەکانیان گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە سیاسەتی خێڵ بە شێوازێک بەرێوە چووە و سیاسەتی کۆمەڵگای مۆدێرنیش بە شێوازێکی دیکە بەرێوە چووە. بەڵام ئەوەی لەم ناوەدا لە دەورانی ژیانی خێڵایەتییەوە هەتا دەورانی مۆدێرن گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، مودیرییەتی سەرچاوەکانی دەسەڵاتە. دامەزراوەکانی دیکەش بەم چەشنەن. ئابووری مۆدێل و سیستەمی جۆراوجۆری هەبووە. لە دەورانە سەرەتاییەکانی مێژووەوە هەتا ئێستا، ئابووری هەر هاتووە و لە شێوازی ساکار و سەرەتاییەوە بۆلای شێوازەکانی ئاڵۆزتر و پێچەڵپێچتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە دەورانی مۆدێرندا مۆدێلە ڕکەبەرە ئابوورییەکان پێکەوە لە ڕکەبەرایەتیدا بوون.

بەڵام لە هەموو دەورانەکاندا و لە هەموو مۆدێلەکاندا فۆنکسیۆنی دامەزراوەی ئابووری ئەوە بووە کە مودیرییەتی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و دابەش کردن و مەسرەف کردن بکا.

دامەزراوەی پەروەردە و فێرکارییش هەر بەم شێوەیە بەدرێژایی مێژوو، خاوەنی فۆنکسیۆنێکی نەگۆڕ و مۆدێل و شێوازی زۆر جۆراوجۆر بووە. کارکردی دامەزراوەی پەروەردە بەگشتی بریتی بووە لە ڕاگواستنی زانیاریی بەردەست و مەوجوود و ڕەخساندنی زەمینە بۆ بەرهەم هێنانی زانیاریی نوێ.

دامەزراوەی پەروەردەش لە دەورانی کۆنەوە هەتا دەورانی مۆدێرن گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە. لە سەرچاوە زانستییەکانی تایبەت بە فەلسەفەی پەروەردەدا، ڕەنگە زۆر باسی جۆراوجۆر کرابێ. باسێک کە جەختی کەمتری لەسەر کراوە بریتییە لە جیاوازییەک کە لە نێوان سیستەمی پەروەردە لە وڵاتێکی سەربەخۆدا و سیستەمی پەروەردە لە کۆمەڵگایەکی شێوە کۆلۆنیالدا لەگۆڕێدایە.

دیارە پێویستە بە لەسەر ڕۆیشتنی زۆر ناکا کە ئەو دەرەتان و کۆمەڵە ئیمکاناتەی لە وڵاتە سەربەخۆکاندا بۆ پەروەردە و فێرکاری لەبەردەستدایە لە وڵاتە شێوە کۆلۆنیالەکاندا نییە، یان ئەگەر هەیە لە خزمەت سیاسەتی کۆلۆنیالیستیدایە. واتە ئەو دیاردەیەی بۆ دەسەڵاتدار و داگیرکەر بە پەروەردە ئەژمار دەکرێ، بۆ گەلی ژێردەست بە دژەپەروەردە ئەژمار دەکرێ.

پرسیاری سەرەکیی ئەم وتارە ئەوەیە: لە وڵاتێکدا کە کەرەستە سەختئامێرییەکان و دەرەتانە نەرمئامێرییەکانی پەروەردە لەبەر دەستی دەسەڵاتی خۆماڵیدا نییە، سیستەمی پەروەردە دەبێ چۆن ڕێک بخرێ هەتا لە ئاراستەی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا بێ؟

بەگشتی دەکرێ دوو شێوازی گشتی بۆ پەروەردە دەسنیشان بکەین. لە شێوازێکدا

پەروەردە بە شێوەی نابەئاگا بەڕێوەدەچێ. واتە نە فێرکار و نە فێرخواز ئاگاداری ئەوە نین کە خەریکن شتێک فێر دەکەن یان فێر دەبن. ئەم زانیارییانەی بەم چەشنە دەگوازرێنەوە وەک نیشتنی ئارام و لەسەرخۆی بارستاییەکی زۆر لە مادەیەک لە بەستێنی دەریایەکدایە کە دوای ماوەیەکی زۆر ئیدی دەبێ بە چینێکی سەخت و لەشکان‌نەهاتووی بەستێنەکە. یان وەک شوێنی ئەو ئاوەیە کە بە درێژایی زەمان لەسەر بەردێک دەمێنێتەوە و دەبێت بە بەشێک لە ڕووبەری بەردەکە. بە درێژایی ژیانی بەشەر ئەم چەشنە پەروەردەیە هەبووە. لەڕاستیدا ئەو بابەتانەی بەم شێوەیە ڕاگوێزراون هەر ئەوەیە کە بە «تڕادیسیۆن» یان «سوننەت» یان «نەریت» ناسراون. کۆمەڵگای مرۆڤ تایبەتمەندیی نەریت‌هەڵگر بوون یان فەرهەنگ‌هەڵگر بوونی هەیە. ئەم تایبەتمەندییە ڕێک لەم شێوازە پەروەردە نابەئاگایانەوە هاتووە. نەریت یان فەرهەنگ وەک هەوا وایە کە هەموو ئاقاری دەوروبەری ئێمەی تەنیوەتەوە و ئێمەش هەڵیدەمژین و پێیەوە زیندووین بەڵام ڕەنگە نەیبینین و هەستی پێ نەکەین. هەر بەرەیەک نەریتەکان لە بەرەی پێش خۆی وەردەگرێ و بۆ بەرەکانی دوای خۆی ڕایدەگوێزێ.

جۆری دووەمی پەروەردە، پەروەردەی ئاگایانەیە. لەم شێوە پەروەردەیەدا هەم فێرکار و هەم فێرخواز ئاگاداری ئەوەن کە خەریکن بابەتێک فێر دەکەن یان فێر دەبن. ئەم جۆرە پەروەردە ئاگادارانەیە، خۆی دوو شێوەی هەیە. لە یەکێکیاندا فێرکارەکە، فێرخوازەکە فێری شتێک دەکا هەتا لە دواڕۆژدا وەک خۆی لێ بێ؛ واتە فێرخواز هاوشێوەی فێرکاری لێ بێ. بۆ نموونە نیگارکێشێک قوتابییەکی خۆی فێری تەکنیکەکانی نیگارکێشی دەکا هەتا لە دواڕۆژدا وەک خۆی ببێ بە نیگارکێش، یان دارتاشێک کەسێک فێری دارتاشی دەکا هەتا لە داهاتوودا ئەویش ببێ بە دارتاش. لە شێوەی دووهەمدا فێرکار بابەتێک فێری فێرخوازەکە دەکا بەڵام نەک بەو نییەتەی حەتمەن ببێ بە پسپۆڕی ئەو بوارە، بەڵکوو لەبەر ئەوە فێری دەکا کە فێرخوازەکە ئەم بابەتەی بۆ ڕاهێنانێکی گشتی پێویستە. بۆ نموونە قوتابییەکی دواناوەندی زۆریەک لە وانەکانی بیرکاری و فیزیک و شیمی و زیندەوەرناسی و مێژوو و جوغرافیا دەخوێنێ، بەڵام قەرار نییە ببێت بە پسپۆڕی ئەم بوارانە.

> **بۆ گەلێکی وەک گەلی کورد کە لە هەبوونی کیانێکی نەتەوەییی سەربەخۆ بێبەرییە، باشترین شێوازی سەقامگیر کردن و پەرەپێدانی پەروەردەی نەتەوەیی کەڵک وەرگرتن لە شێوازی نائاگایەنەی پەروەردەیە**

دیارە لە کۆمەڵگادا هەموو ئەو جۆرە فێرکارییانە کەم و زۆر کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. بەڵام پرسیاری سەرەکیی ئێمە ئەوە بوو کە بۆ کەمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای کوردستان کە لە دۆخێکی تایبەتدایە، چ شێوە ڕوانینێک و چ مۆدێلێکی پەروەردە، دەتوانێ زیاترین سوودمان پێ بگەیێنێ و ڕێگای گەیشتن بە ڕزگاریمان بۆ کورتتر و ساناتر بکاتەوە.

دیارە وەڵامێکی بەردەست و سادەتر ئەوەیە کە بڵێین یەکەم: ڕەوتی پەروەردەی نەتەوەیی لە هیچ قۆناغێکدا ڕانەوەستێ. پەروەردەی نەتەوەیی لە هەر قۆناغێکدا ڕابوەستێ دەبێ دڵنیا بین کە هەر لەو کات و شوێنەدا خەباتی ڕزگاریخوازانە کۆتایی پێ‌هاتووە. دووەم: بەگوێرەی دۆخ لە هەموو شێوازەکانی پەورەردە کەڵک وەربگیرێ.

ئەو وەڵامە دروستە بەڵام پێویستی بە ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی زیاتر هەیە. دیارە لەناو خودی تەشکیلاتی حیزبیدا

مۆدێلی پەروەردە کردنی ئاگایانە بە باشترین شـێوە وڵام دەداتــەوە. ڕاســتییەکە ئەوەیە فاکتەرێکــی زۆر گرینگی هەڵســەنگاندنی ڕادەی دەســەڵات و نفووزی هەر حیزبێک، تەنانــەت پێش ژمارەی ئەندامــان و ڕادەی ئیمکاناتــی ماددی و هتدیش، سیســتەمی پەورەدە لەناو حیزبەکەدایــە. تۆکمەترین و دەسترۆیشــتووترین حیزبەکان ئەوانەن کە شــێوازی پەروەردەی ڕێکوپێک و بەهێزیان هەیــە. بــە بــێ پەروەردەیەکــی کاریگەر، حیزبی کاریگەریشمان نابێ. لەناو حیزبێکی هەڵســووڕدا لە هەر ئاســتێکی تەشکیلاتیدا پــەروەردەی گونجــاو لەگەڵ ئەو ئاســتە، دەبێ لەگۆڕێــدا هەبــێ. دەورەی ڕاهێنانی ئەنــدام هــەر تایبەت بــە ئەندامانــی تازە پەیوەســتبووی حیزب نییــە، بەڵکوو هەر ئاستێکی تەشکیلاتی ـ لە ئەندامانی سادەوە بگرە هەتا باڵاترین ئاســتە تەشکیلاتییەکان ـ سیســتەمی ڕاهێنان و پــەروەردە کردنی خۆی هەیە. بۆ نموونە ئەگەر بۆ ئەندامە تازە پەیوەســتبووەکان ، ڕاهێنان لەسەر کلاس و بەشێوەی پێوەندیی ڕاستەوخۆی مامۆستا و قوتابییە، بۆ ئەندامانــی ڕێبەری، پەروردە بریتییە لــە کەڵک وەرگرتنی بــەردەوام لە باشترین و لێهاتووترین ڕاوێژکارەکان.

بەڵام قورســاییی باسی ئێســتای ئێمە ڕەنگە لەسەر پەروەردەی حیزبی نەبێ، بەڵکوو لەسەر پەروەردە لە ئاستێکی نەتەوەییدا بێ.

بــۆ نەتەوەیــەک کــە خاوەنــی کیانی ســەربەخۆی خۆیەتی، پەروەردەی نەتەوەیی زیاتر لەسەر شــێوازی ئاگادارانەی پەرورەدە ســاغ دەبێتەوە. بۆ ئــەو نەتەوەیــە کۆمەڵە ســازییەکی فەرمی لە تەمەنێکــی کەمەوە هەتا ســاڵانی دوای تەمەنی پێگەیشــتوویی بەرعۆدەی بارهێنانی ئەندامانی کۆمەڵ لەسەر بنەمای پەروەردەیەکی نەتەوەیی دەبن. بەڵام بــۆ نەتەوەیەکــی وەک نەتــەوەی کورد کە خاوەنی کیانی سەربەخۆی نییە، پەروەردەی نەتەوەیــی چۆن دەکــرێ لەنــاو ئەندامانی کۆمەڵدا سەقامگیر بێ و پەرەی پێ بدرێ؟

ڕەنگە کەســانێک گومان لەوە بکەن کە بکرێ بۆ نەتەوەیەکی ژێردەست سیستەمێکی پەروەردەی نەتەوەیی دابمەزرێ. بەڵگەکەش بــۆ ئــەو بۆچوونــە ئەوەیە کە پــەروەردەی نەتەوەیی بەو ســازییە فەرمییانە دەکرێ کە لەلایــەن دەوڵەتەوە ڕادەســپێردرێن هەتا لە ئاستی نیشــتمانیدا ئەو ئەرکە بەڕێوە ببەن. کوردیش چونکە لە دەوڵەتێکی ســەربەخۆ و لەو شێوە سازییە فەرمییانە بێبەرییە، کەوابوو شتێکی وا نەگونجاوە.

لە ڕوانگــەی ئێمەوە ئەم وڵامە ڕاســت نییــە. بۆ گەلێکی وەک گەلــی کورد کە لە هەبوونــی کیانێکــی نەتەوەییی ســەربەخۆ بێبەرییە، باشترین شێوازی سەقامگیر کردن و پەرەپێدانی پــەروەردەی نەتەوەیی کەڵک وەرگرتن لە شێوازی نائاگایەنەی پەروەردەیە؛ با بزانین چۆن.

ئەگەر بمانــەوێ شــێوازی نائاگایەنەی پەرورده لــە ئاســتێکی نەتەوەییــدا بەکار بهێنین، دەکرێ پشت بەم فۆرمۆلە کاریگەرە ببەستین:

## بەرهەم هێنانی دیسکۆرســی نەتەوەیی = مسۆگەر کردنی پەروەردەی نەتەوەیی

بە دەربڕینێکی دیکە باســی پــەروەردەی نەتەوەیی دەبــێ دابمەزێنین بۆ باســێکی بنەڕەتیی دیکە. خودی باســی پەروەردەی نەتەوەیی باســێکی بنەڕەتی و ستراتێژیکە، بەڵام باسی تەنانەت بنەڕەتیتر و ستراتێژیکتر لەویــش بریتییە لە باســی بەرهەم هێنانی گوتاری نەتەوەیی.

پێشــگریمانەی ئێمــە ئەوەیــە کاتێک دیسکۆرسێکی نەتەوەییی بەهێز و ئەورۆیی لەگۆڕێــدا بــێ، تەنانــەت ئەگــەر دەزگا فەرمییەکانــی پــەروەردە و بارهێنانیــش لەبەردەســتی ئێمەدا نەبن، ئەو دیسکۆرسە

بە شێوەیەکی هەراو بەسەر کۆمەڵگادا بڵاو دەبێتەوە. بڵاو بوونەوەی ئەو دیسکۆرسە نەتەوایەتییە لە ئاستی هەراودا، لە حوکمی پەروەردەی نەتەوەییدایە. بە دەربڕینێکی دیکە هەر کات پەروەردەیەکی نەتەوەیی چاکمان نەبوو، دەبێ دڵنیا بین کە دیسکۆرسێکی نەتەوەیی باشمان نەبووە. بەپێچەوانەوە بەدرێژاییی هەموو ئەو ساڵانەی کورد ژێردەست بووە بەڵام هەست و هۆشی نەتەوەیی لەوپەڕی خۆیدا بووە و کوردایەتی لە بەرەیەکەوە ڕاگوێزراوە بۆ بەرەیەکی دواتر، لەبەر ئەوە بووە کە گوتارێکی نەتەوەیی لەئارادا بووە. ئەو گوتارە نەتەوەییە وەک هەوا وایە کە ئێمە هەڵیدەمژین و پێیەوە دەژین بەڵام ڕەنگە هەستی پێ نەکەین.

لە جیهانی پێش مۆدێرندا شێوازی پەروەردە زیاتر لە سەرەوە بۆ خوارەوە بووە. پەروەردەیەکی لەو چەشنە پێویستی بە دامودەزگای فەرمیی پەروەردەوە هەیە. بەڵام لە جیهانی مۆدێرن و پاش مۆدێرنی ئێستادا، پەروەردە زیاتر سروشتێکی ڕایەڵەیی و ناهیرەمی هەیە. لەم جیهانەدا ئەگەر دیسکۆرسێکی نەتەوەیی بەهێز لەگۆڕێدا هەبێ، بەهۆی سروشتی ڕایەڵەییی جیهانەوە، ئەو گوتارە، نابەئاگایانە و نابەرهەست و نافەرمی لە هەموو ئاستەکاندا بڵاو دەبێتەوە. ئەگەر تایبەتمەندییەکی «هەوا» ئەوە بێ کە هەستی پێ ناکرێ، ئەوا هەوا دوو تایبەتمەندیی تریشی هەیە: مایەی ژیانە و کەس ناتوانێ پێش بە بڵاو بوونەوەی بگرێ. دیسکۆرس بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە هەر سێ ئەم تایبەتمەندییانەی هەوای هەیە: نابەرهەستە و زۆر کەس هەستی پێ ناکا، ژیان و مانەوەی گەل بەندە بەو دیسکۆرسەوە و کاتێکیش بەرهەم هات، کەس ناتوانێ پێش بە بڵاو بوونەوەی بگرێ.

کەوابوو ئەگەر لە دابەشکردنێکی بنەڕەتیدا نەتەوەکان بەسەر دوو خانەی نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان و نەتەوە بێدەوڵەتەکاندا دابەش بن، دەکرێ نەتەوە بێدەوڵەتەکانیش بەسەر دوو خانەی تردا دابەش بکەین: ١ ئەو نەتەوانەی خاوەن گوتارێکی نەتەوەیین ٢ ئەو نەتەوانەی لە دیسکۆرسێکی نەتەوەیی بێبەرین. ئەگەر نەتەوەیەک خاوەن دەوڵەت نەبێت و گوتارێکی نەتەوەییشی نەبێ، بێگومان لە سنووری توانەوە و فەوتان نزیک بووەتەوە، بەڵام نەتەوەیەکی بێدەوڵەت کە خاوەنی گوتاری نەتەوەییی خۆی بێ، توانیویەتی شوناسی نەتەوەییی خۆی بپارێزێ و ئەگەری ئەوە هەیە ببێ بە خاوەنی کیانی سەربەخۆی خۆی.

کورد نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی خاوەن گوتاری نەتەوەییە. ئەگەر هەتا ئێستا ئاگری خەباتی گەلی کورد بەهۆی داگیرکەرەوە دانەمرکاوەتەوە و بەپێچەوانەوە هەر هاتووە و بڵێسەی ئەستاندووە، بەم هۆیە بووە کە ئێمەی کورد هەر لە خۆیبوونەوە هەتا ژێکاف و هەتا کۆمار و دواتریش حیزبی دێموکڕات، خاوەنی گوتاری نەتەوەییی خۆمان بووین.

«دیسکۆرس» یان «گوتار» چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١ دیسکۆرس تاقە تیۆرییەک نییە کە بمانەوێ بەهۆیەوە بابەتێک شڕۆڤە بکەین، دیسکۆرس نەک هەر کۆی چەندین تیۆریی هەراوە، بەڵکوو هەلومەرجەکانی گووران و پێکهاتنی ئەو تیۆرییانەش لەخۆی دەگرێ.

٢ دیسکۆرس بە هۆی کەسێک و دوو کەس و لە کاتێکی کورتدا پێک نایێ، بەڵکوو لەلایەن کەسانێکی زۆر و لە بەستێنێکی مێژوویدا پێک دێ.

٣ سروشتی گوتار بە چەشنێک نییە دوای ئەوەی پێک هات و خۆی گرت، پێویستیی بە گۆڕانکاری نەبێ؛ دیسکۆرس بەردەوام پێیەوە زیاد دەکرێ و هەڵدەپەرتێوترێ و



هەموار دەکرێ و لەگەڵ پێداویستییەکانی ڕۆژدا دەگونجێندرێ.

جگە لەم تایبەتمەندییانە، دیسکۆرس لە چەندین ئاستی جۆراوجۆردا کار دەکا. دەتوانین سێ توێژی جۆراوجۆر لێک جودا بکەینەوە کە گوتار لەو ئاستانەدا کار دەکا:

■ ڕووکەشترین ئاست، ئاستی شیکاریی یەکانگیر(منسجم)ی بابەتەکانی ڕۆژە. لایەنێکی خاوەن گوتار بە مەنتیقێکی دیاریکراو دەتوانێ ڕووداوە جۆراوجۆرەکان لە ڕوانگەی خۆیەوە شرۆڤە بکات. زۆربەی باسەکان لەم ئاستەدا سروشتێکی سیاسییان هەیە. بۆ نموونە باسی وەک «چۆنیەتیی هاوبەندیی هێزە گەورەکان و هێزە ناوچەییەکان لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا» لەم ئاستەدا جێگیر دەبێ.

■ ئاستێکی قووڵتر بریتییە لە هەندێک باسی فیکری کە هاوکات سروشتێکی سیاسی و کۆمەڵناسانەیان هەیە. ئەم باسانە لە ئاستی بابەتەکانی ڕۆژ پلەیەک زیاتر هەڵدەکشێن و جگە لەو بوارە باسکراوانە، ڕەنگە پێویستییان بە زانستی مێژووش هەبێ. بۆ نموونە باسی سروشتی دێموکراسی یان مۆدێلەکانی فێدرالیزم دەکەونە ئەم ئاستەوە.

■ قووڵترین ئاست، ئاستێکە کە تێیدا جگە لە باسی سیاسی و کۆمەڵناسی و مێژوویی، باسی فەلسەفیش دێتە گۆڕێ. باسی وەک قۆناغەکانی پێشکەوتن و تەکامولی مێژوویی، بنەماکانی لیبراڵزم و سۆسیالیزم و ... دەکەونە ئەم خانەیەوە.

پوختەی قسەی ئێمە لەم وتارەدا ئەوەیە کە ئەگەر لایەنێک توانیبێتی لەم ئاستە باسکراوانەدا دیسکۆرسی بەرهەم هێنابێ، ئەوا ئەم دیسکۆرسە بەشێوەی پەنامەکی و نائاگایانە دزە دەکاتە ناو کۆمەڵگا و تەشەنە سەندنی بەرە بەرەی ئەو دیسکۆرسە لەناو چین‌وتوێژەکانی کۆمەڵگادا لە حوکمی پەروەردە کردنێکی نەتەوەییدایە.

# فێرکردن و بارهێنان لە ژێر ڕکێفی ئایینی سیاسیدا

بیریار ژاوەرۆیی

هەموو حکوومەتەکان لە پێناو ڕاپەڕاندنی سیاسەتە کۆمەڵایەتی و چاندییەکانی خۆیاندا تیشک دەخەنە سەر سیستەمی «فێرکردن و بارهێنان» و وەک بناغەی بارهێنانی تاکی داهاتوو سەیری دەکەن. لەو پەیوەندییەدا، لە حکوومەتە ئایینییەکاندا هەوڵ دەدرێت ئەم سیاسەتە ڕەنگی ئایینیی هەبێت و بە ناوی ئایینەوە کار دەکرێت. بۆیە سیستەمی سیاسیی حکوومەتی ئایینیش، بارهێنانی تاکی کۆمەڵگا دەکاتە ئامانجی ئایینی سیاسی.

فێرکـــردن و بارهێنانی تـــاک، له گرنگترینی ئـــەو هۆکارانەن کـــە لە جیهانـــی مۆدێرندا ڕەنگە لەســـەر هەمـــوو بوارەکانـــی کۆمەڵگا و ژیانـــی کۆمەڵایەتی کاریگەرییـــان هەیە؛ بۆیـــە بۆ دەوڵەت و حکوومەتـــەکان گرنگیی تایبەتی هەبووە. لەو پەیوەندییەدا لە ڕوانگەی ئاڵتۆســـێرەوە دوو مێکانیزمـــی گرنگ، وا لە خەڵکی دەکات کە بەپێی یاساکانی دەوڵەتی پەیوەندیداریان هەڵسوکەوت بکەن. یەکەم، لە ڕێگای دامودەزگاکانی سەرکوتی دەوڵەتییەوە وەک پۆلیس، بەندیخانە و دادگا کە ڕاستەوخۆ بە زۆر خەڵکی ڕادەهێنن و وایان لێ دەکەن کە بە جۆرێکی تایبەت هەڵســـوکەوت بکەن. دووەم، لە ڕێگای دامودەزگا ئایدۆلۆجیکەکانی دەوڵەتـــەوە، واتـــە ئـــەو دامەزراوانـــەی کە ئایدۆلۆجیـــای دەوڵـــەت بەکاردەهێنن تاکوو تاک و گرووپەکان، ئەوانە لە خۆیاندا دەروونی بکـــەن و بەپێـــی ئەوانە بجووڵێنـــەوە لەوانە بنەماڵە، ئایینەکان، خوێندنگەکان، سیستەمی یاســـایی، سیاســـەت، هونەر، وەرزش و هتد. گەرچی ئەو بیردۆزەی ئاڵتۆسێر لە بەستێنێکی تردا و لە ڕوانگەی مارکسیســـتییەوەیە، بەڵام لێـــرەدا دەکـــرێ کەڵکی لـــێ وەرگیرێت. لە پەیوەنـــدی لەگەڵ مێکانیزمـــی دووەمدا ئەم وتارە ئاورێک دەداتەوە سەر پەیوەندیی نێوان «ئایینی سیاسی» و «فێرکردن و بارهێنان» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

دیارە هەمـــوو دەوڵەتـــەکان بە جۆرێک هەوڵ دەدەن بۆ بەکۆمەڵگاییکردنی سیاسیی خەڵـــک و لـــەو ئاراســـتەیەدا سیســـتەمی «فێرکـــردن و بارهێنـــان» و ڕاگەیەنەکان لە گرینگترین ئامرازەکانن. هەموو حکوومەتەکان لە پێناو ڕاپەڕاندنی سیاســـەتە کۆمەڵایەتی و چاندییەکانی خۆیاندا تیشـــک دەخەنە سەر سیســـتەمی «فێرکـــردن و بارهێنان» و وەک بناغـــەی بارهێنانی تاکی داهاتوو ســـەیری دەکەن. لـــەو پەیوەندییەدا، لـــە حکوومەتە ئایینییەکاندا هەوڵ دەدرێت ئەم سیاســـەتە ڕەنگی ئایینیی هەبێت و بە ناوی ئایینەوە کار دەکرێت. بۆیە سیستەمی سیاسیی حکوومەتی ئایینیـــش، بارهێنانی تاکـــی کۆمەڵگا دەکاتە ئامانجی ئایینی سیاســـی. لێرەدا مەبەست لە ئایینی سیاســـی، ئەو ئایینەیە کە حکوومەت دەیـــکات بە ئایدۆلۆجیای سیاســـیی خۆی و وەک ئامرازێک بەکاری دەهێنێت و بە هۆی ئەوەوە دەســـت لـــە هەمـــوو بوارەکانی ژیان وەردەدات. ئـــەم جۆرە ئایینـــە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پاش شۆڕشی ١٩٧٩ کاریگەریی زۆری لەســـەر بارهێنانی تاک هەبووە و لەوە بـــۆ ڕاپەڕاندنی سیاســـەتی ئێتنۆ-نەتەوەیی، چاندی، جیندەری و. . . لەلایەن حکوومەتەوە کەڵک وەرگیراوە.

لـــە پەیوەنـــدی لەگـــەڵ فێرکـــردن و بارهێناندا، سیاســـەتی ڕژێمی ئایینیی ئێران تیشکی خستووەتە سەر ئەو زانستانەی کە بۆ مانەوەی ڕژێم و ئایدۆلۆجیاکەی مەترســـیدار نەبن، واتە زانستی ئایینی و زانستە پەتییەکان، گـــەر خاوەنەکانیان لە بازنـــەی ئایدۆلۆجیای حکوومەت تێنەپـــەڕن. ئەو ڕژێمە بە تەواوی هەوڵی داوە کە بازنەی بیرکردنەوەی قوتابی و خوێندکارەکان بەرتەسک بکاتەوە و نەهێڵێت بەرەو بیری جیاواز ڕابکێشـــرێن. تەنانەت لە نێوان زانســـتە پەتییەکانیشـــدا ئایدۆلۆجیای ئایینیی حکوومەت بەپێی بنەمایەکی ئایینی، لە پەنای زانســـتی ئایینیدا تەنیا گرنگایەتیی تایبەتـــی بە یەک زانســـت داوە؛ واتە یەکەم زانستە ئایینییەکان و دووەم زانستی پزیشکی. لـــە ڕوانگەی زانا ئایینییەکانەوە زانســـت ئەو دوو جۆرەیە (العلم علمان: علم الأدیان وعلم الأبدان).

بەپێی ئەم بنەمایە ڕژێم زیاتر لە بوارەکانی تر تیشـــکی خستە سەر دوو بواربۆ بارهێنانی تاکی دڵخوازی خۆی کە لە هەردووکیاندا ئایین وەک ڕێخۆشکەر و پاســـاودەر بەکارهێنراوە؛ یەکەم بە گشـــتی سیســـتەمی فێرکردن و بارهێنانی فەرمی لە ڕێگای خوێندنگەکان بە

مامۆستا و قوتابییەکانەوە و دووەم سیستەمی فێرکردن و بارهێنانی نافەرمی لە ڕێگای ناوەندە ئایینییەکان بە مەلا و ئاییندارەکانەوە.
لە پەیوەندی لەگەڵ بواری یەکەمدا، دیارە لە سەرتانسەری وڵاتداوێرای بە ئایینیکردن و دەرهێنانی لە سیستەمێکی زانستیی، سیستەمی ‹فێرکردن و بارهێنان› بە تەواوی لەلایەن نەتەوەی باڵادەست و پاوانخوازی فارسەوە بە ناوی ئایینەوە قۆرخ کراوە و دەرەتانێک بۆ نەتەوەکانی تر نەماوەتەوە و ئەو سووکە ئاماژەش کە لە یاسای بنەڕەتیدا بە مافی نەتەوەکان لە باری زمانەوە کرابوو، جێبەجێ نەکراوە. حکوومەتی فارس بە ڕواڵەتی ئایینییەوە سیاسەتی یەکدەست کردنی نەتەوەیی خۆی و تواندەوەی نەتەوەکانی ترلە ڕێگای سیستەمی فێرکردن و بارهێنانەوە وەک ساکارترین ڕێگا بە توندی جێبەجێ دەکات. بۆیە لە کوردستانیشدا ئازادیی خوێندن و بارهاتن لە بەستێنێکی ئازاد و بە چاند و زمانی کوردییەوە نییە.
لە کوردستاندا ڕژێم هەر لە سەرەتاوە هەوڵی داوە کە لە خوێندنگەکاندا کە فێرکردن و بارهێنان هەمووی هەر بە فارسی بووە، لە باری بیر و هزریشەوە، قوتابی بە بیر و هزری ئێرانچێتی و ئایدۆلۆجیای ئایینییەوە باربهێنرێت. بۆ ئەو مەبەستەش لە هەستی ئایینی کەڵک وەرگیراوە. هەوڵ دراوە ئەو هەستە بەهێز و پتەوتر بکەن و لە کۆتاییدا بە قازانجی خۆیان بیشکێننەوە و حکوومەتی ئیسلامیی ئێران وەک نوێنەری هزری ئایینیی ڕاستەقینە بە قوتابییەکان بناسێنن و ڕێگەیان پێ نەدرێت بیر لە بیرۆکە و هزری جیاواز بکەنەوە. لە جێی پەرەپێدانی لایەنی زانستی، زیاتر تیشک خراوەتە سەر لایەنی ئایدۆلۆجیای ڕژێم. لە ڕێگای ناوەندەکانی بارهێنانی مامۆستای حکوومەتی و بەرگیری لە مامۆستایانی ڕووناکبیر و ئاگا، هەوڵ دراوە مێشکی قوتابی بشۆردرێتەوە. لەو سووکە ئاوڕەش کە لە زانست و فێرکردنی زانست دراوەتەوە، هەوڵیان داوە قوتابی تەنیا سەرنجی زانستی پەتی بدات و نائاگا بمێنێتەوە و بیر لە سیاسەت و مافەکانی خۆی وەک مرۆڤ نەکاتەوە تاکوو هەموو کاتێک گوێڕایەڵی سیاسەتی حکوومەت بێت. هەر لە سەرەتاوە فێریان دەکەن کە هەر ئایدۆلۆجیایەک بێجگە ئایدۆلۆجیای حکوومەت دژی ئایینە، سیاسەت بقەیە و تەنیا لە ڕێگای ئایین و زانستی پەتییەوە دەکرێ خزمەت بە مرۆڤ و کۆمەڵگا بکرێت. ئەگەر کاریان بە هیچ نەبێت و تەنیا سەرنجی ئایین و باری زانستی خۆیان بدەن ئەوە دەگەن بە هەموو شت و کار و ژیانی باشیان دەبێت و بێ کێشە دەژین.

> **خوێندن و بە گشتی فێرکردن و بارهێنانی نەریتیی لە کوردستانی پێش مۆدێڕندا سەربەخۆیانە، دڵخوازانە و هەر لەو کاتەشدا تا ڕادەیەک کوردی و زیاتر لە حوجرەی مزگەوتەکاندا بوو**

جێی ئاماژەیە کە وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران و سپای پاسداران ڕۆڵی گرنگیان لە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەی سەرەوەدا گێڕاوە و تەنانەت پشکی تایبەتیان لە تاقیکارییەکانی چوونەناو زانکۆ هەبووە بۆ هەندێ قوتابی کە هاوکارییان کردوون. ئەم ڕەوتە بە دانانی بەسیجی قوتابییان و بنکەی بەسیج لە خوێندنگەکان و وانە و مامۆستای تایبەت بە ڕەوشت و بارهێنان لە خوێندنگەکاندا و بەڵێنی جۆراوجۆر بە قوتابییان زیاتر پەرەی سەندووە. لە پەنای ئەمانەشدا هەوڵ دراوە کە پەیوەندیی نێوان خوێندنگە و مزگەوت، مامۆستا و مەلا زیاتر بکرێت و قوتابییانیان هان داوە کە هاتوچۆی مزگەوتەکان بکەن و لەوێدا فێری وانەی ئایینی و بەجێهێنانی



ئەرکە ئایینییەکان بن تاکوو لە داهاتووشدا کێشەیان بۆ خوێندن و چوونەسەرکار نەبێت. واتە لە بوارێکی ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی فەرمیی حکوومەتەوە ڕەوانەی بوارێکی تری کۆنترۆڵی نافەرمی دەکرێن.

لە پەیوەندی لەگەڵ بواری دووەمدا کە بواری زانستی ئایینییە، ڕژێم هەوڵی داوە کە هەموو جۆرە شوێنەوارێکی کوردی لەسەر چاندی ئایینیی کوردستان و ڕێگاکانی تری فێربوونی کوردی و بارهێنان لە ژێر کاریگەریی چاندی کوردیدا بسڕێتەوە کە زیاتر لە حوجرەی مزگەوتەکاندا ئەو هەلە دەڕەخسا. بۆ میناک لە باری فێربوونی خوێندنەوەی قورئان، بە بیانووی ئاستەم بوونی شێوازە نەریتییەکان و بەکارهێنانی ڕێگای ساکار و نوێ، لە حوجرە، فێرگە و خوێندنگەکان هەوڵی داوە بۆ سڕینەوەی شێوازی نەریتیی فێرکردن و بارهێنانی ئایینی کە ڕەنگوبۆنی کوردیی پێوە بوو. لەلایەکی تریشەوە ڕێگای بە ڕاڤەی جیاوازی ئایینی نەداوە، جگە لەوەی کە لەگەڵ ئایدیۆلۆجیای خۆی دەگونجێت.

دیارە خوێندن و بە گشتی فێرکردن و بارهێنانی نەریتیی لە کوردستانی پێش مۆدێرندا سەربەخۆیانە، دڵخوازانە و هەر لەو کاتەشدا تا ڕادەیەک کوردی و زیاتر لە حوجرەی مزگەوتەکاندا بوو. هەوڵ دەدرا کە بە شێوەی کوردی وانە بوترێتەوە و شێوازێک لە خوێندنی کوردی گەشەی سەندبوو. بۆ وێنە «ئەلف و بێ»یەک کە بۆ خوێندنی قورئان فێر دەکرا بە شێوازی کوردی بووو بە بزوێنەکان دەوترا «سەرە، ژێرە، بۆرە»، یان لە وتنەوەی پیت و دەنگەکاندا «ئەلف سەر ئە. . . ب ژێر بێ. . ، لام ئەلف لا. . . و تاد. » لە پەنای ئەوەشدا وشەدانی عەرەبی-کوردی و. . . پەرەی سەندبوو. هەرچۆنێک بێت، خوێندنی نەریتی لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتە ناکوردەکاندا نەبوو و لە حوجرەی مزگەوتەکاندا چالاکییەکی سەربەخۆیانە هەبوو. بۆیە لە چوارچێوەی بیری ئایینیدا، باس و ڕاگۆڕکێ لەسەر پرسە هزری، نەتەوەیی و سیاسییەکان، جموجووڵی تایبەتی لە حوجرەکاندا هەبوو و بە جۆرێ گرنگایەتی دەدرا بە شوناسی کوردی.

ئەو دۆخەی خوێندنی نەریتی، کاریگەریی ئەرێنیی هەبوو. توێژی مەلا و فەقێیەکان لە پەرەسەندنی وێژە و سیاسەتی کوردیدا بەشداریی گرنگیان هەبوو و تەنانەت لە پێکهاتنی گیانی کوردایەتی لە سەرەوەی چین و توێژ و هۆز و خێڵەکاندا ڕۆڵی سەرەکییان دەگێڕا. زۆرێک لە وێژە و دەقی کوردی

بەرهەمی چالاکــی و خزمەتی مەلاکان بووە هەر لە جزیری، خانی، مەولەوی، مەحوی و. . . تاکوو ئەو سەردەمەی خۆمان. هەروەها لە کۆتاییی ســەدەی نۆزدەوە، زۆرێک لە مەلا و شێخەکان بەشداریی سیاسەتی کوردی بوون و زۆر جــار ڕێبەرایەتیی ئەو بزووتنەوەیان لە ئەستۆ بووە. بەوەشەوە وێڕای ئەو کاریگەرییە ئەرێنییــە، لە مێژوودا و تاکوو ئێســتا تاقمێ لەم توێژە دیارە لە بواری سیاســەتدا لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی ئایینیی دەوڵەتەکان و نائاگاییی سیاســیدا کاریگەریی نەرێنییان لە دژی کورد هەبووە هەر لە شــێخ ئیدریســی بتلیســی ڕاوێژکاری ســوڵتانی عوسمانی لە سەدەی ١٦ و دواتر مەلای خەتێ لە سەدەی ١٩ بگرە تاکوو مــەلا حکوومەتییەکانی ئەم ســەردەمە کە کەوا ســووری بەر لەشــکر و داردەستی دوژمنانی کورد بوون.

شــێوازی نەریتیی فێرکردن و بارهێنانی سەربەخۆیانە، واتە خوێندنی ئایینی، بە زاڵی تاکوو نیوەی دووەمی سەدەی بیست درێژەی هەبوو و دواتــر بەرەبەرە دابــەزی، گەرچی تاکوو ئێستاش لە هەندێ شوێنی کوردستاندا هەڵبەت زۆر بــە لاوازی ماوەتەوە. بە هاتنی ڕەوتە نوێیە ئیسلامییەکان و بەتایبەت پاش شۆڕشــی ١٩٧٩ و ســەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیســلامی لە ئێران، هــەوڵ درا بە تەواوی فێرکردن و بارهێنــان بخرێتە ژێر کۆنتڕۆڵی حکوومەت. ئەمەش لــە تایبەتمەندییەکانی ڕژێمــە تەواوەتیخوازەکانــە. دیــارە وەک ئاماژە کــرا هەموو دەوڵەتــەکان بە جۆرێک لــە سیســتەمی «فێرکــردن و بارهێنان» و هەروەها ڕاگەیەنەکان، وەک ئامرازگەلێک بۆ بەکۆمەڵگاییکردنی سیاســیی خەڵک کەڵک وەردەگــرن. بەڵام لــەم دەوڵەتانــەدا وێڕای ئــەوەی کــە شــێوازەکەی نادێمۆکراتیکە و هیچ دەرەتانێکی کــراوە بۆ چالاکیی فەرمی و نافەرمیــی لایەنەکانی تــر و بیری جیاواز ناهێڵێتەوە، بە مەبەستی دژە مرۆیی جێبەجێ دەکرێت. لەو ئاراستەیەدا حکوومەتی ئیسلامی لە بەرانبەر بزووتنەوەی نەتەوە جیاوازەکاندا، بە توندی تیشــکی خستە سەر ئەو ئامرازانە. سەرەتا سەربەســتیی ئەوانەی لێ سەندنەوە و دوایــی بــە هەموو هێزەوە لــە ڕاپەڕاندنی سیاســەتی «گۆڕین بە فــارس»ی خۆیدا ئەو ئامرازانەی بە شێوەی پاوانخوازانە بەکارهێنا. بۆ ئەو مەبەستەش زۆرترین کەڵکی لە ئایین وەرگــرت کە بە ئاســانی وەک ئایدۆلۆجیای حکوومەت ڕۆڵی سیاسی گێڕاوە.

لــە ڕێــگای جۆراوجــۆرەوە هــەوڵ درا چالاکیــی ئایینی کــە کاریگەریی گرنگی لە بەکۆمەڵگاییکردنــی تاکی کــورددا هەبووە لە هەموو شــێوازێکیدا بخرێتــە ژێر ڕکێفی حکوومــەت. بــەم جۆرە نــە تەنیــا بواری خوێندنــی فەرمی، بەڵکو ڕژێمی ئیســلامی، بــە یەکدەســتکردنی خوێندنــی ئایینیش، زیاتر کوردســتانی گــرێ داوە بە ناوچەکانی دیکەوە. لە قۆناخی پاش شۆڕشــدا کە زیاتر خوێندنــی مۆدێرن لە کوردســتاندا پەرەی ســەندبوو، ڕژێم هەوڵی دا هەم مزگەوتەکان و هــەم خوێندنگــەکان بکات بــە ناوەندی پەرەپێدانــی ئایدۆلۆجیــای ئێرانی-فارســی داپۆشــراو بە ئایین. لە پەنای ئەوانەشــدا بە جێگەی حوجرە، هەندێ خوێندنگەی سەر بە «ناوەندی گەورەی ئیسلامیی ڕۆژئاوای وڵات» (مرکز بزرگ اســلامی غرب کشور) پەرەیان پــێ دراوە و لەوێدا بە شــێوازی نوێی دوور لە نەریتی کوردەواری و بە شــێوەی فارسی، وانەکانی زانســتە ئیسلامییەکان دەوترێنەوە. هەروەها بەرەبەرە لــە مزگەوتەکاندا بنکەی بەســیج دانرا و بوون بە شــوێنی چالاکی و بۆنەی حکوومەتی و لــەو ڕێگایەوە کۆنترۆڵ کردنی هەموو چالاکییە ئایینییەکان.

هەموو مزگەوتەکان و ناوەندە ئایینییەکان لە چوارچێــوەی ئەوقاف و ناوەندی گەورەی ئیســلامیی ڕۆژئــاوای وڵات، ڕێکخــراون و ئاراســتە کراون. لە هەژاریــی ئابووریی مەلا

و زانایانی ئایینیی کورد کەڵکی نالەبار وەرگیراوە و بۆ گرێدانیان بە ڕژێمەوە سووکە مووچەیەکیان بۆ بڕاوەتەوە کە بەرنوێژی و کاروباری ئایینیی مزگەوت و گەڕەکەکان جێبەجێ بکەن. لە نائاگاییی سیاسیی ئەو توێژە و تەشەنەی کۆمەڵایەتیی ئەوان بە تەواوی کەڵک وەرگیراوە. ئەمانە بارهێنراون کە جگە لە هەڵگوتن بە باڵای ڕژێمدا، لە هەرجۆرە باسێکی سیاسیی تر خۆ بپارێزن. فێر کراون باسێک لە مافی نەتەوەییی خۆیان نەکەن و لە هەر کوێدا باس کرا بڵێن کە ئەوە دژە ئایینە و لە ئاییندا هەموو بەرابەرن. ئیدی سەرنجی باسی مافی بەرابەری نەتەوەکان نادەن و ئاماژە بە ئافراندنی مرۆڤ لە شێوەی نەتەوە و زمانە جیاوازەکان و... ناکەن و لەخۆیان ناپرسن کە ئەگەر لە دژی ئایینە بۆ حکوومەتی بە ناو ئیسلامیی ئێران، ئەو هەمووە زمانی فارسیی بۆ گرنگە و تەنیا سەرنجی یەک نەتەوە و زمان دەدات و زۆر پرسی تری لەو چەشنە. هەرچۆنێک بێت ئەو توێژە لە مەلایان، زۆرێکیان ئاگایانە و نائاگایانە سیاسەتی حکوومەت لە ناو خەڵکدا جێبەجێ دەکەن. لە پەنای ئەمانەدا هەندێ کەس لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا وەک مامۆستای قورئان، ئەخلاق و... کە لەلایەن ناوەندە حکوومەتییەکانەوە لەوانە سپا و بەسیج بارهێنراون، ڕوانەی مزگەوتەکان دەکرێن و کاری فێرکردن و بارهێنانی ئایینیی منداڵانی کورد دەخرێتە ئەستۆیان. بۆیە بەرەبەرە خوێندن و فێرکردن و بارهێنانی ئایینی، بە ڕەنگوبۆنی کوردییەوە هەڵپێچراوە. ڕەنگ و ڕواڵەتی بۆنە ئایینییەکان لە سڵاوات ناردنێکی سادەوە بگرە تا زۆر شتی تر ئێستا جیاوازتر لە نەریتی ساڵانی زووی کوردەواری و هاوشێوەتر لەگەڵ شوێنەکانی تری ئێرانە. وەچەی نوێی ئایینی و بارهێنراوی سیاسەتی حکوومەت، لە چەند دەیەی ڕابردوودازیاتر لە چاند و نەریتی کوردەواری دوورکەوتوونەتەوە.

کەواتە ڕژێمی ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای مێکانیزمی دامەزراوە ئایدۆلۆجیکەکانی خۆیەوە واتە ناوەندە ئایینییەکان و سیستەمی «فێرکردن و بارهێنان» لەوانە مزگەوت و خوێندنگەکان و بە ناوی ئایینەوە، چنگی خستووەتە ناو کۆمەڵگای کوردی و بە مەیلی خۆی لە نەبوونی دەسەڵاتی کوردیدا، لە باری سیاسییەوە تاکی کورد باردەهێنێت و شوناسی سیاسیی تایبەت و نامۆ بە سەریدا دەسەپێنێت. لەو ڕێگایەوە هەوڵی داوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگای کوردستان و کەسانێکی بارهێنراو ڕەوانەی کۆمەڵگا دەکات کە خزمەتی بەرژەوەندیی نەتەوەی باڵادەست بکەن و لە دژی بزووتنەوەی نەتەوەکەی خۆیان هەڵسووڕێن. قوتابیی کورد تا دەگاتە قۆناخی زانکۆ ئەوەندە ئاگاییی نەتەوەیی-سیاسیی نییە. دواتریش بە هۆی جۆراوجۆر و بەتایبەت باری ئابووری و دەستەبەرکردنی ئیش و کار، ناوێرێت خۆی لە قەرەی بیرکردنەوە و سیاسەت بدات. لەم دۆخەدا زیاتر لە ناو نەتەوەی باندەستدا نوقم دەبێت. بەم جۆرە دەسەڵات تاکێک باردەهێنێت کە هیچ مەترسییەکی بۆ ڕژێم نییە. ئەم ڕەوتە تا ئەو دەیەیە کە پشکێکی زیاتر لە خەڵک بە هۆی پەرەسەندنی ڕاگەیەنە کۆمەڵایەتییەکان تارادەیەک ئاگادار بوونەتەوە، درێژەی هەبووە. بە سەرهەڵدانی زیاتری ڕاگەیەنە کۆمەڵایەتییەکان و دەرهاتنی هەندێ لەوانە لە ژێر ڕکێفی حکوومەت، تارادەیەک بەکۆمەڵگاییکردنی سیاسیی تاک لە دەست ڕژێم دەرهاتووە و هەندێک کاریگەریی ئەو سیاسەتە دابەزیوە. هەروەها لە لایەن دژبەرانی سیاسیی حکوومەت و ڕووناکبیرانەوە هەوڵی پووچەڵ کردنەوەی دراوە، گەرچی ڕژێم بە هەموو پیلان، پلان و شێوازێک بۆ پاراستنی ئەو شێواز و سیاسەتەی بارهێنان و تواندنەوەکار دەکات.

# قۆناغەکانی گەشەی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بابان ئەلیاسی

”
ئەم نوسراوەیە هەوڵێکە بۆ شێکردنەوەی کۆمەڵناسی–سیاسی قۆناغەکانی گەشەی وشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش، لە میتۆدی بەراوەردی مێژوویی میرۆسلاڤ هرۆک کەڵک وەردەگرین، کە بۆ لێکدانەوەی قۆناغەکانی گەشەی وشیاریی نەتەوەیی گرووپە بندەستەکانی Nondominant groups[١] ئۆرووپای ناوەندی و ڕۆژهەڵاتی بەکاری هێناوە. هرۆک قۆناغەکانی دروست بوونی نەتەوە، لە نێو گرووپە بندەستەکانی ئۆرووپای ناوەندی و ڕۆژهەڵاتیدا بە سەر سێ فازدا دابەش دەکا. ئەم فازانە، بە فازەکانی A، B و C ناو دەبا. لە هەرییەک لەم قۆناغانەدا، چالاکانی نەتەوە بندەستەکان ئەرکی جیاوازیان دەکەوێتە سەر شان. قۆناغبەندییەکەی هرۆک لە سەرەتای سەدەی ١٩وە دەست پێ دەکا. ئەم نووسراوەیە هەروەها هەوڵ دەدا بە ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی گرووپە بندەستەکان لە ئۆرووپا، پێش گەیشتن بە قۆناغی نەتەوە بوونیان، بەرچاوڕوونییەک بدا بە خوێنەر. دیارە هرۆک لە دەستەواژەی کەمینە کەڵک وەرناگرێ. بەڵکو دەستەواژەی گرووپە بندەستەکان، یان گرووپە ئیتنییە بندەستەکان بەکار دێنێ.
“

## پێشەکی

هەستی نەتەوەیی وەک لایەنێکی دیکەی گەشەی مرۆیی، قۆناغی هەڵدانی هەبووە. بۆیە بۆ لێکدانەوەی پرسی نەتەوە، دەبێ ڕەهەندی مێژوویی ڕەوتی دروست بوونی نەتەوایەتی لەبەرچاو بگیردرێ. دەستەواژەی دەوڵەت-نەتەوە دروستکراوی مێژووی نوێیە. زۆربەی وڵاتانی ئۆرووپایی، چەند دەوڵەت-نەتەوەیین. واتە زیاتر لە یەک ئیتنیک لە نێو ئەو دەوڵەت-نەتەوانەدا دەژین. دەوڵەت-نەتەوەکانیش لە کەمینەگەلێک پێک هاتوون کە ئەندامەکانیان سەر بە نەتەوەیەکی دیکەن. ژمارەیەک دەوڵەت-نەتەوە کە وەک یەکەیەکی ئیتنیکیی خودموختار بوونیان هەبووە، وەک فرانسەوییەکان، پرتەقاڵییەکان، هۆلەندییەکان، لانیکەم لە سەدەی ١٦وە، بەردەوام بوونیان هەبووە. نموونەی ئەو نەتەوانەش کە دەسەڵاتی ئیمپراتوورییان هەبوو و چەند ئیتنیکیان لە خۆیان دەگرت، ئینگلیزییەکان، دانمارکییەکان و سویدییەکان بوون. ئەگەر کورد لە دوای هاتنی ئیسلامەوە خاوەنی دەوڵەتێکی یەکپارچەی کوردستان، کە کورد خۆی حوکمی بەسەردا بکا، نەبووە، بەڵام چەندین ئیمارەتی ناوچەیی(لۆکاڵ) لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بوونیان هەبووە. کەوابوو کورد دەچێتە نێو ئەو چینە نەتەوانەی کە پێش بوونیان بە نەتەوە، ناوچەی خودموختار و نیمچە-خودموختاریان هەبووە. لێرە دەتوانین ئاماژە بە حوکمڕانیی حەسەنوویە(یا حەسنەوییە) لە باشووری کێوی بێستوون بکەین کە لە ٩٥٩ تا ٩٧٩ میلادیدا بوونی هەبووە و حوکمڕانییەکانی سۆران و ئەردەڵان، لە سەدەی ١٦وە تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە بوونیان هەبووە. دوو هۆکاری سەرەکییش بۆ خێرا کردنی گەشەی وشیاریی نەتەوەیی لە قۆناغی ئیتنییەوە بۆ نەتەوە، لە ڕوانگەی هرۆکەوە، پەیوەندیی بە هەبوونی دوو فاکتەری بنەمایی هەببووە: یەکەم، هەبوونی حوکمڕانییەکی سوننەتی لە مێژوودا. دووهەم، چڕوپڕ بوونی ئاستی زوڵم و زۆری نەتەوەی سەردەست، دەرحەق بە گرووپە ئیتنیکییە بندەستەکە. نوخبەی کورد هەر لەسەرەتاوە، بۆ دروست کردنی وشیاریی نەتەوەیی، پەنای بردۆتە بەر تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی کورد، وەک گرووپێکی ئیتنیکی و هەر وەها حوکمڕانیی کورد لە مێژووی دووردا. ئەم هەوڵانە لە نووسراوەی نوخبە کوردەکانی ئەو سەردەمە، واتە شەرەفنامەی شەرەفخان و مەم و زینی ئەحمەدی خانی، بە زەقی دەردەکەون. بە پێی چەشنی خەباتی ڕووناکبیری و سیاسیی کورد لە سەدەی ١٩، دەکرێ دەستپێکی قۆناغی یەکەمی وشیاریی نەتەوەیی کورد، بگەڕێنینەوە بۆ ئەو سەدەیە، کە هاوکاتە لە گەڵ خەباتی بەشێک لە گرووپە ئیتنییە بندەستەکانی ئۆرووپا بۆ دروست کردنی نەتەوە و نەتەوایەتی. بە پێچەوانەی نەتەوەکانی سەرەوە، کە نەتەوەیان لە سەر ئاسەواری حوکمڕانییەکی سوننەتیی مێژووی دوور و نزیکی خۆیان دامەزراندوە، کۆمەڵێک نەتەوە دەوڵەتیان لە سەر بنەمای یەکەی ئیتنیکیی خودموختاری سەدەکانی ناوەڕاست دانەمەزراند، بەڵکوو هێز و وزەی خەباتی نەتەوەیی خۆیان لە گرووپە ئیتنیکییەکان و کۆمەڵگەی (کۆمۆنیتی) خۆیان هەڵێنجاوە.

## چەمکی ناسیۆنالیزم

بە گوێرەی بیردۆزی ئیتنۆ-سامبۆلیست، نەتەوە مودێڕنەکان ڕیشەی ئیتنیکیان هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی پێش مۆدێڕنیتە و مێژووی دوور زەمان. ئەم مەکتەبە پێی وایە نەتەوەکان هەریەکە بە شێوەی جیاواز گەشەیان کردووە، بەڵام هەر نەتەوەیەک لە سەر بنچینەیەکی ئیتنیکی دروست بووە. تیۆرییە مۆدێڕنەکانیش لە پێناسەیان بۆ ناسیۆنالیزم و نەتەوەدا جیاوازییان هەیە. بەڵام خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە کە نەتەوە دەستکردە

و دیاردەیەکی نوێیە و لە لایەن ناسیۆنالیزمەوە لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا، دروست کراوە.

ئیرنست گیلنر گرنگییەکی بنەمایی دەدا بە مۆدێرنیزاسیۆنی ئابووری و هەبوونی دەوڵەت وەک پێشمەرج. ئەم مۆدێلە تیۆرییەی گیلنر، لەگەڵ راستییەکانی کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەڵات ناگونجێ، چونکە کۆمەڵگای کورد لەو بەشەی کوردستان، گۆمەڵگایەکی سەنعەتی نییە. نەتەوەی کوردیش لە سەر بنەمای ساختار دەوڵەتی (دەوڵەتی لە پێش دروستکراو)، دروست نەکراوە. دەوری بنەڕەتییش کە بنێدیکت ئاندرسن دەیدا بە زمانی چاپکراو، وەک پێشمەرجی دروست بوونی نەتەوە، ئەویش لەگەڵ واقعیەتی رۆژهەڵاتی کوردستان ناگونجێ، چونکە بەکارهێنانی زمانی کوردی زۆر سنووردارە. بەگوێرەی ئەم تیۆرییە، نەتەوە، دەرئەنجامی پرۆسەی هاوبەشی سەرمایەداری و تێکنولۆژیی چاپە، کە لە ڕێگای هەمەگیر کردنی زمانێکی ستاندارد و هاوبەش، پێک دێت. کەوابوو هەستی نەتەوەیی دەرئەنجامی زمانی نووسراوی گشتگیر و ستانداردی کوردی نییە.

## میتۆدۆلۆژی

فازی A. لەم فازەدا، چالاکانی نەتەوەیی لە هەوڵی ئەوە دان کە بناغەی پێناسەیەکی نەتەوەیی دابڕێژن. هەرۆک قۆناغی یەکەم بە قۆناغی ڕۆشنگەریی ئەکادیمی و زانستی دادەنێ. چالاکان بۆ بەرز کردنەوەی وشیاریی نەتەوەییی تاکەکانی کۆمەڵگاکەیان پەنا دەبەنە بەر زیندووکردنەوەی کەلەپوور و پاشخانی فەرهەنگی، زمانی و سفەتە تایبەت و هاوبەشەکانی کومەڵگاکەیان. بە تایبەت لەم قۆناغەدا پەلە ناکەن بۆ گەڵاڵە کردنی داوا نەتەوەییەکان. پێشوەچوونی فازی یەکیش بەستراوەتەوە بە ئاستی تێکۆشان و چالاکی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەکادمیک و بڵاو کردنەوەی وشیاریی زمانەوانی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و هێندێ جار، لایەنی مێژوویی گرووپە بندەستەکە.

فازی B . لە فازی بێ، بە پەیوەست بوونی ژمارەیەکی زیاتری چالاکان، کار بۆ قایل کردن و ڕاکێشانی ئەندامانی دیکەی گرووپە ئێتنییەکانیان دەکرێ بۆ پرۆژەی دروست کردنی نەتەوە لە داهاتوودا. فازی C. سەرئەنجام لە فازی سێ، چالاکە نەتەوەییەکان سەرکەوتوو دەبن لە دروست کردنی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی پێک هاتوو لە زۆربەی حەشیمەتی کۆمەڵگاکەیان و بزووتنەوەیەکی جەماوەری دروست دەکەن. لەم فازەدا، ئیدی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکە گشتگیر دەبێ و لق و باڵی فیکریی وەک، ڕۆحانی-محافزەکار، لیبرال و دێموکرات، کە هەر یەکەی بەرنامەی خۆی هەیە، دێنە گۆرەپانی خەباتەوە.

## دۆخی گرووپە ئێتنیکییە بندەستەکان لە ئۆرووپا

ئاستی هۆشیاریی گشتیی ئەندامانی گرووپە ئێتنیکییە بندەستەکان لە سەدەی ناوەراستدا، جیاوازی هەبووە. لە بارودۆخی سیاسیی جیاوازیشدا ژیاون. چیکەکان، کرۆواتەکان، کاتالانەکان، نۆروێژییەکان، دەیانتوانی سەدەی ناوەراست وەک نموونەی دەوڵەتدارییان بهێننەوە. کەچی نەتەوەکانی وەک ئیستۆنییەکان، فینلەندییەکان، لیتوانەکان، سلۆڤانەکان، سلۆڤاک و هتد. . . ، دەوڵەتی سونەتییان نەبووە. هرۆک لە پرۆسەی دروست کردنی نەتەوە مۆدێرنەکاندا دوو قۆناغ بە گرینگ دەزانێ؛ یەکەم ئەوەی سەدەکانی ناوەراستە، دووهەم، ئەوەی کە چارەنووسسازە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مۆدێرنیتە، واتە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدە.

بە گوێرەی هرۆک، دروست بوونی

دەوڵەتەکان لە سەدەی ناوەڕاست، ئاکامی تێکۆشانی چینی سەرەوەی کۆمەڵگا، واتە نۆخبە و بەشێکی چینی خوێندەوار بووە. هرۆک پێی وایە لە جێی خۆیدا نییە ئەگەر باسی دەستەواژەی ناسیۆنالیزم بکەین، لە بەستەری سەدەکانی ناوەڕاستدا. سەبارەت بە دەربازبوون لە قۆناغی ئێتنیکی بۆ قۆناغی نەتەوە، هرۆک پێی وایە بە هەمان شێوە کە دەوڵەتەکان لە سەدەی ناوەڕاستدا، لە خۆوە نەبوون بە دەوڵەتی مۆدێرن، گرووپە ئێتنیکییەکانیش بە شێوەی جودا گەشەیان کرد. واتە، یان بە خۆیاندا چوونەوە و نوێگەرییان کرد، یان تووشی ئاسیمیلاسیۆن ... بوون. چەندین دەوڵەتی سەدەکانی ناوەڕاست و گرووپە بندەستەکان لەناو چوون و ئاسەواریان سڕایەوە. کەوابوو گەشەسەندنێکی خۆبەخۆ لە گرووپی ئێتنیکی تایبەتەوە بۆ دەوڵەتی مۆدێرن ئیمکانی نییە. ئەو گرووپە ئێتنیکییانەی توانیان تا سەدەی ١٩ خۆیان بپارێزن و پێناسەی خۆیان ڕاگرن، زوو یان درەنگ، چینێک توانی لە هەناویاندا سەر دەربێنێ و پرۆژەی دروست کردنی نەتەوەکەیان بەرز بکەنەوە.

دوو فاکتەر کاریگەرییان هەبوو لە پەڕینەوە لە قۆناغی (کاتگۆری ئێتنیکی) بۆ (کۆمۆنیتەی ئێتنیکی). یەکەم، ئەگەر گرووپە بندەستەکە توانیبای مێژووی خۆی لەو سەردەمە بە دەوڵەتێکی سوننەتی(ترادیشنال) ی دێر زەمانەوە گرێ بداتەوە. دووهەم، ئەگەر گوشار و زۆڵمی نەتەوەی دەسەڵاتدار، بە سەر گرووپی بندەستدا زۆر بووبایە، ئەم دوو هۆکارە پرۆسەی دروست کردنی پێناسەی ئێتنیکیی گرووپەکەیان خێرا دەکرد.

لە هەموو گرووپە ئێتنیکییە بندەستەکاندا، ژمارەیەک ئەندامی خوێندەوار، دەگەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە گرووپەکەیان نەتەوەیەکی سەرکوتکراو و پشتگوێخراوە، و بە ئەرکی نیشتمانیی خۆیانیان دەزانی کە زیندووی کەنەوە. قۆناغی دەسپێکی جووڵاندنی (Agitation) گرووپە ئێتنیکییە بندەستەکان لە باری مێژووییەوە هاوکاتوسات نەبوون. ئەگەر بزووتنەوەی نەتەوەیی نۆرویژییەکان، چیکەکان، هەنگارییەکان و یۆنانەکان لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٨٠٠ دەستی پێ کرد، خرۆشان و جوڵاندن لای فینلەندییەکان، ئیستۆنییەکان، سلۆنییەکان و ... لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩هەمدا دەستی پێ کرد. لە کاتێکدا کە لیتوانییەکان، بیلاڕووسەکان، کاتالانەکان و باسکەکان لە قۆناغی دواتر بوون.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، بزووتنە نەتەوەییەکان توانیویانە کۆمەڵانی خەڵک بۆ پشتیوانی لە داخوازە نەتەوەییەکان بجووڵێنن و جووڵاندنەوەکەش سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. بەم شێوەیە پرۆسەی بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەی نەتەوەیی، وەرگەڕانی نەبووە و گەیشتۆتە ئەنجام. هەرچەند بزووتنەوەی نەتەوەیی، تورمزی پێ کراوە، قەدەخە کراوە، ئاڵا هەڵگرانی ڕاوەدوو نراون، بەڵام هیچ نموونەیەک شک نابەین کە لەو پرۆسەیەدا نەگەیشتبێتە ئامانج.

بە گوێرەی بۆچوونی هرۆک، لە ئاکامی لێکدانەوەی دوو ڕووداودا دەتوانین لە کۆی پرۆسەی دروست کردنی نەتەوە، بە تایبەت لە ئۆرووپای ناوەندی لە سەدەی ١٩ و هەروەها لە ئۆرووپای ڕۆژهەڵاتی و باشووری تێ بگەین. هەر گۆڕانێکی بنەرەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکیدا دەبنە هۆی لاواز بوونی پێناسە. بەو واتەیە کە هۆکاری گەڕان بە دوای ناسنامەی نەتەوەیی نوێدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەیرانەی کە لە سیستەمی بایەخە کۆنەکاندا، لە نێو نیزامی کۆنی کۆمەڵایەتی و مەشرووعیەتی سیاسی و دینیی کۆندا، دروست دەبن. ئاڵوگۆڕەکانی وەک ڕزگار بوونی جووتیاران، بە عیلمانی بوونی بیر و هزر لە سێبەری چەرخی ڕۆشنگەری، ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکان، پەیوەندییە کۆنەکان، وابەستەیی

و بیــر و باوەڕەکانی پێش خۆیانیان ڕۆوخاند. ئاڵوگۆڕەکان ســەرەتا لە لایــەن ئەو چینەوە هەست پێ کرا، کە لە سێبەری خوێندەواریدا، زووتــر لــە خەڵکی ئاســایی هەســتیان بە ئاڵوگۆڕەکان کرد.

## قۆناغەکانی گەشەی هەستی نەتەوەییی کورد

گەشەی هەســتی نەتەویی لە کوردستان، بە قۆناغــی جیاجیادا تێپەڕیوە. ســەرەتا لە نێو نوخبەی سیاســی و ڕۆشنبیری کورد سەری هەڵداوە، هەر هەمان چینی باڵای کۆمەڵگای کوردیش بوون کە پرسی نەتەوەییی کوردیان هێناوەتــە گۆڕێ. لە ســەدەی ١٦ و ١٧ دوو شاکاری وێژەیی لە لایەن دوو زانای کوردەوە نووسراون. ئەوانیش شەرەفنامەی شەرەفخانی بتلیســی و مەم و زینی ئەحمــەدی خانین. هەردووکیان بــۆ نەوەکانی دوایــی گرنگیی زۆریان هەبــوو و دەوری بنەماییيان گێڕا لە بەرز کردنەوەی وشیاریی نەتەوەییی کورددا. کوردەکان پێش سەدەی ١٩، ئەو وشیارییەیان هەبووە کە لە تورک، فارس و عەرەب جودان. ئەحمەدی خانی بە ئاشکرا باس لە جیاوازیی نێــوان کــورد و گرووپەکانی دیکــە دەکا و نەهامەتیی کــورد لە ژێردەســتەییی هێزی عوســمانی و فارســەکاندا دەبینێ. خانی داوا لە کوردەکان دەکا کە پاشــای خۆیان هەبێ و پێــی وابوو کە کــورد دەتوانن نەتەوەیەکی مــەزن بن. دەتوانین شــەرەفخانی بتلیســی وەک پێشــاهەنگی بە قەباڵە کردنی پێناسەی کوردی بناســین و کارەکانــی وەک مێژوی گشتیی کورد سەیر بکەین. پێداگریی لەسەر پاراستنی زانیاریی مێژوویی خانەدانی کورد کردووە بۆ وانە وەرگرتنی نەوەکانی پاشتر.

لــە ســەدەی ١٧ و ١٨ هەســتی ناسیۆنالیســتی لــە نێو هێندێــک نوخبەی کورددا چرۆ دەکا. دیارە دین لەو سەردەمەدا دەوری سەرکیی هەبووە و وەک پێناسەیەک جێگیر بووە. ئەحمەدی خانی لە سەردەمێکدا باس لە نەتەوەی کورد دەکا، کە ناسیۆنالیزم، گەشــەی نەکردبوو بۆ ناسیۆنالیزمی سیاسی. هرۆکیش پێی وایە، لە جێی خۆیدا نییە باس لە ناسیۆنالیزم لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بکرێ. داڤید مەکداوێڵ پێ وایە لە ســەدەی ١٧ تا دەگاتە ســەدەی ١٩، هیچ نیشانەیەک نییە کــە کوردێکی دیکە جیا لە شــاعیری کورد ئەحمەدی خانی، باســی لە هەموو نەتەوەی کورد کردبێ.


بەڵام لە سەدەی ١٩، لە نێو ڕووناکبیراندا هۆنراوە نەتەوەییەکانی شــاعیری بە ناوبانگی کورد حاجی قادری کۆیی کە لە ســەردەمی ئیمارەتــی ســۆراندا دەژیا، لە سەرانســەری کوردســتان کاریگەریــی هەبــوو و وەک بیرمەندێکی گــەورەی ناســیۆنالیزمی کورد دەناســرێ. بە گوێرەی بۆچوونــی جوەیدە، حاجــی قــادری کۆیــی، لــە بــەر هۆنراوە بەهێزە نیشــتمانییەکانی ناســراو بوو و هەر بەو بۆنەیەشــەوە بە یەکێک لــە باوکەکانی ناســیۆنالیزمی کوردی دەژمێردرێ. لە بواری بزووتنــەوەی چەکداریشــدا یەکێــک لــەو بزووتنەوانە کە بە ڕوونی باســی پێک هێنانی کوردســتانی گــەورەی کــردووە، ڕاپەڕینی شــێخ عوبەیدوڵڵا نەهری بوو کە لە سەدەی نۆزدهەمدا ڕووی داوە و دەکرێ بە گەورەترین ڕاپەڕینی کورد لە ســەدەی ١٩ ناو ببردرێ. ئامانجی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری کە ڕێبەرێکی ئایینی بــووە، پێک هێنانی وڵاتی ســەربەخۆی کوردســتان بووە. ئەو ڕاپەڕینە ئەگــەر چــی لە لایــەن ئێــران و تورکیەوە سەرکوت کرا، بەڵام توانی هەستی نەتەوەییی کورد ببووژێنێتەوە.

لە ســەدەی ١٩هەمدا، هەوڵی زۆر درا بۆ گەشــە پێدان بە زمانی کوردی. لە سەرەتای ســەدەی نــۆزدە، زمانی نووســینی کوردی پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. تێکەڵاو بوونــی نوخبەی ئەدەبیی کــوردی، هەبوونی



قۆتابخانە ئایینییەکان و هاتوچۆی مەلا و فەقێیەکانی بەشە جیاجیاکانی کوردستان، دەوری سەرەکییان لە بەهێز کردنی پێناسەی نەتەوەیی کورددا گێڕا. ئەگەرچی لە سەدەی ١٩دا هەستی نەتەوەییی کورد لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەشە دەکا و کوردەکان بە دوای ڕزگاربوونی خۆیاندان، بەڵام لەو دەمەدا، سیستەمی دەرەبەگایەتی و خێڵەکی لە هەموو بەشەکانی کوردستان زۆر زۆر بەهێزە. بەم پێیە دەکرێ فازی یەکەمی دروست بوونی هەستی نەتەوەییی کورد لە نێو نۆخبەی کورددا، بۆ سەدەی نۆزدە بگەڕێنینەوە. دیارە ئەم وشیاریی نەتەوەییە تەنها لە نێو چینی باڵای کۆمەڵگادا بوو. دەنا، بە گشتی تاکی کورد لەو سەردەمەدا خۆی بە ئەندامی لادێ، شار، یان ناوچەیەک دەزانی.

لە باری دروست بوونی هەستی نەتەوەییەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەکی بەرچاو کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەکانی خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەتایبەت باشووری کوردستان. دوای ڕووخانی ئێمپراتۆرییەتی عوسمانی، بزووتنەوەی بەرینی نەتەوەیی کە لە لایەن شێخ مەحموودەوە دامەزرابوو، توانی کاریگەریی بەرچاوی هەبێ لە سەر وشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. لە سالی ١٩٢٣ سمکۆ چاوی دەکەوێ بە شێخ مەحموود و باسی ڕێکخستنی جووڵانەوەی کورد دەکەن. لە ساڵەکانی ١٩٢٠



تا ١٩٢٢ سمکۆ تەواوی ناوچەکانی باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵاتی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی. سمکۆ هەوڵ دەدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ شێخ مەحموود پەرە پێ بدا و بیریش لەوە دەکاتەوە کە حکوومەتێکی لەو شێوەیە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دروست بکات و دوایی یەک بگرن. تا پێش پێکهێنانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێ کاف)، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شێخ و ئاغا و دەرەبەگەکان ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردیان دەکرد. پێش سمکۆ، لە سالی ١٩١٧دا، سەردار ڕەشید، لە سەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهانی، کە پێشتر خەباتی دەست پێ کردبوو، کاتێک کە دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەواو لاواز دەبێت، ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە و بە ئامانجی زیندوو کردنەوەی میرنشینی ئەردەڵان و وەدەست هێنانی سەربەخۆیی نێوخۆیی و بە هاوکاری لەگەڵ چەندین سەرۆک خێڵی دیکەی وەک وەکیلی جوانڕۆ و حەمەخانی بانە و هتد، شۆڕشێک دەست پێ دەکا. بە گشتی شۆڕشەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئەجێندای ناسیۆنالیستییان هەبوو و ئامانجیان نەهێشتنی دەسەڵاتی بیانی بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جێگیر کردنی دەسەڵاتێکی خۆجێیی بوو. بێگۆمان، ئامانجی ئەو شۆڕشانە چەسپاندنی دێموکراسی، چارەسەر کردنی کێشەی مالیک و جووتیاران، یان گۆڕانی

ســـاختاری کۆمەڵایەتی، دابین کردنی ژیانی ســـەردەمیانە و ئازادی بۆ شارنشینان نەبووە و باســـیش لە مافی ژنان نەدەکرا. لە ڕوانگەی ســـەربازییەوە، بە گوێرەی ئەمیر حەسەنپوور، لادێ و کێوەکان ناوەندی ئەساســـیی خەباتی چەکداری بوون و ڕێبەرایەتیی شۆڕشـــەکان زۆرتر مەیلیان بە پشـــت بەســـتن بە هێزی دەرەوە بـــوو، تا ئەوەی ســـتراتێژی بۆ گۆڕانی کۆمەڵگاکەیـــان دانێـــن. کاتێکیـــش هێزی هاوکاری هەلپەرەستی دەرەوە، یارمەتییەکانی لێ دەبڕین، ســـەرکردایەتیی شۆڕشـــەکەش وازی لـــە خەبات دەهێنا. حەســـەنپوور پێی وایـــە کە یەکەمین دابڕانی ســـازمانی لەگەڵ سیاســـەتی فیۆدالی و خێڵەکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان، دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٤٢، بۆ کاتی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردســـتان لـــە مهاباد کە ڕێبەرایەتـــی و ئەندامەکانی بە زۆری لـــە خەڵکی وردە بورژوای شارنشـــین، لاوانی خوێندەوار، ئەو مەلایانەی کە هەڵگری هەســـتی ناسیۆنالیستی و ئەربابە مڵکدارەکان بوون. شۆڕشـــەکان بە گشـــتی لە بەشێکی سنوورداری کوردستان بەڕێوەچوون. پرۆژەی سیاســـیی ڕوونیشـــیان نەبووە کە لە حاڵەتی ســـەربەخۆییدا، بتوانن و بزانـــن دەوڵەتداری بکەن، یان چۆن لە گـــەڵ ناوەند یان نەتەوە بندەســـتەکانی هاوســـێدا، پەیوەندییەکانیان ڕێک بخەن.

## پێکهاتنـــی کۆمەڵـــەی ژیانـــەوەی کوردستان

بێگۆمـــان بە دامەزرانـــی کۆمەڵەی ژێکاف لە ساڵی١٩٤٢دا، وشـــیاریی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهـــەڵات بەرەو فازی بێ، هەنگاوی ناوە. بە گوێرەی بۆچوونی هـــرۆک، دوای چالاکی بۆ زینـــدوو کردنەوەی فەرهەنگ و زمان و ... لە فازی یەکەمدا، لـــە فازی دووهەمدا چینێکی ناسیۆنالیســـت دێنە نێـــو گۆڕەپانی خەبات. کۆمەڵەی ژێکاف بە گشتی لە کۆمەڵێ خەڵکی وردە بورژوا و ناسیۆنالیســـت پێـــک هاتبوو. ئەم پێکهاتەیـــە، پێچەوانـــەی ڕاپەڕینەکانی پێشـــووتر بـــوو کە لە لایەن شـــێخ، ئاغا یان دەرەبەگەکانـــەوە ڕێبەرایەتی دەکران. کۆمەڵە دوایی دەبێتە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ ئەوەی کۆمارێکی خودموختار لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی پێک بێنێ.

هرۆک پێـــی وایە، گوێزانـــەوە لە فازی ئا بـــۆ فازی بێ، لـــە بزووتنـــەوە نەتەوەییە ســـەرکەوتووەکاندا، پەیوەندیـــی بە جیاوازیی نەوەکانەوە هەبووە. دەکرێ بگوترێ کە حیزبی دێموکرات کە دواتر جێگەی کۆمەڵەی ژێکاف دەگرێتەوە، یەکەم حیزبە کـــە بەرنامەیەکی ڕوون و مۆدێرنـــی هەبێت. ئەو حیزبە ســـێ ئەرکـــی بـــۆ خۆی دیـــاری کردبـــوو: یەکەم ڕێکخســـتنی خەڵک و کۆ کردنەوەیان لە ژێر ئاڵای کوردســـتان، لە ڕێـــگای بەرنامەیەکی ڕوون و ڕێکوپێکـــی سیاســـییەوە. دووهـــەم، گرێدانـــی خەباتی کورد بـــە خەباتی گەلانی دیکەی ئێرانەوە، بۆ دابین کردنی دێموکراسی و بەربەرەکانـــێ لەگەڵ فاشـــیزم. ســـێهەم، ڕاکێشـــانی پشتیوانیی هێزە ئازادیخوازەکان و دژە فاشیستەکانی جیهان.

جـــودا لە هەبوونی ئاڵا، کابینەی وەزیران، هێـــزی نیزامی، زمانی کـــوردی، وەک زمانی ڕەســـمیی کۆماری کوردســـتان ناسرابوو. لەم قۆناغـــەی پرۆژەی نەتەوەییـــدا، کار دەکرا بۆ ئەوەی زۆرترین ڕۆشنگەری بکرێ و خەڵکانی دیکە بهێنرێنە نێو ڕیزی خەباتی نەتەوەییەوە. لـــەم قۆناغە بوو کـــە خەڵکی زۆرتـــر هاتنە نێو پرۆژەی دروســـت کردنـــی دەوڵەت، واتە قۆناغی کۆتاییی گەشـــەی پرۆژەی نەتەوەیی. دیارە کۆماری کوردستان، هەنگاوی گەورەی هەڵگرت لە پێناو بەرز کردنەوەی هۆشـــیاریی نەتەوەییی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم قۆناغەدا بوو کـــە زۆرترین خەڵک هاتنە لای بزووتنـــەوەی نەتەوەیی بۆ بەئەنجام گەیاندنی پـــرۆژەی نەتەوەییـــی داهاتوویـــان. بەڵام بە

هــۆی زاڵ بوونـــی ســـاختاری کۆمەڵایەتیی لادێیی بەهێز و لاواز بوون و سنووردار بوونی وشـــیاریی نەتەوەیی لە نێو شارنشـــینەکانی ڕۆژهەڵاتدا، شانســـی ســـەرکەوتنی پرۆژەی دروست کردنی دەوڵەت لاواز بوو. بزووتنەوەی نەتەوەیی نەیتوانیبوو وشیاریی پێویست لە نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتدا دروست بکا و لە هەمان کاتـــدا دامەزراندنی کۆمار، بە ســـەر نوخبەی کـــوردی ڕۆژهەڵاتدا کـــەوت. وەک باس کرا، زۆربەتـــی خەڵک لە لادێـــکان دەژیان و هەر خـــاوەن مڵکێک، بـــە شـــێوەی مامناوەندی، خاوەنی ١٠ تا ١٠٠ لادێ بوو.

خەڵکیـــش لە باتـــی قەبووڵ کـــردن و پەیـــڕەوی کردن لـــە ناســـنامەی نەتەوەیی، خۆیان بە ناسنامەی عەشـــیرەتی و لۆکاڵەوە پێناســـە دەکـــرد. لـــە دەرەوەی شـــارەکان سەرۆک عەشیرەت و ئاغا و خاوەن مڵکەکان، دەســـەڵاتی تەواویان بە دەســـتەوە بوو. دیارە ئەمانـــە پێیان خۆش نەبوو بیـــر و بەرنامەی حیزب بڵاو ببێتـــەوە. ئەگەریش مڵکدارەکان پشـــتیوانییان لە کۆمار دەکـــرد، لە بەر ئەوە بوو کە لە سیاســـەتەکانی ڕەزاشا توورە بوون. لە زەمانی ڕەزا شـــادا زۆریان تووشی ستەمی نەتەوەیی ببون. بە گشـــتی پشـــتیوانییان لە کۆمار لە بەر وشـــیاریی نەتەوەیی نەبوو. لەم قۆناغـــەی خەباتـــی نەتەوەیی، کۆســـپەکانی بەردەم گەشەی وشیاریی نەتەوەیی و باوەڕی ئازادی زۆر بـــوون و دامەزرانی ڕێکخراوێکی مودێڕن کە خاوەنی ناســـنامەیەکی نوێ بێ، لە گەڵ سروشتی خەڵک نەدەهاتەوە. ژمارەی کادری تێگەیشتوو و تەشکیلاتی بۆ ڕێکخستن و وریـــا کردنەوەی خەڵک، زۆر کەم بوو. تەنیا لە بواری نیزامیدا کادری شارەزا و پێگەیشتوو هەبوون.

بەشـــێکی زۆری فەرماندەییـــی هێـــزی پێشـــمەرگەی کۆمار پێک هاتبوو لە سەرۆک عەشـــیرە و ئاغاکان و زیاتر لە ژێر دەسەڵاتی ئەوانـــدا بـــوون هەتا کۆمـــار. لـــەم دۆخەدا، شـــتێک بە ناوی دیســـیپلین لە ئارادا نەبوو. لـــە لایەکـــی دیکە، کرماشـــان کە لـــە ژێر کونترۆڵـــی بریتانییەکاندا بوو، بۆ ڕێبەرایەتیی کۆمار پرۆژەیەکی کێشەدار بوو. بریتانییەکان بەرژەوەندییـــان لەگەڵ تاران یەکی دەگرتەوە تا لەگەڵ کورد. بۆیە لەو سەردەمەدا، ئیمکانی بـــڵاو کردنـــەوەی وشـــیاریی نەتەوەیـــی لە کرماشان زۆر لاواز بوو.

هەر چەند ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف لە گەڵ ڕێبەرانی جووڵانەوەی پێشووی کورد لە ڕۆژهەڵات، جیاوازییان هەبوو، بەڵام ئاســـتی جیهانبینیی ئەوانیـــش، زۆر بەرفراوان نەبوو. ئەمە لە نووســـینەکانی گۆڤاری «نیشـــتمان» دەردەکـــەوێ کـــە لەلایەن کۆمەڵـــەوە بڵاو بووەتـــەوە. قاســـملوو بـــە هەڵســـەنگاندنی نووســـینەکانی گۆڤارەکـــە، پێـــی وا بوو کە بەڕێوەبەرانی کۆمار، بـــاش لە ئاڵوگۆڕەکان و دۆخی نێودەوڵەتی، شـــارەزا نەبـــوون. ئەوان لەو ســـەردەمەدا، بریتانیا بە دۆستی کورد و تەنانەت بە ئاڵاهەڵگری ئـــازادی دادەنێن. لە نێو ڕێبەرانی کۆماردا، دەکرێ قازی محەمەد وەکوو تەنیا کەسایەتیی هزری ناو ببردرێ. لە گەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە توانی هەستی نەتەوەیی لـــە نێو خەڵکی کوردســـتانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاو بکاتەوە. دیـــارە دەبێ ئـــەوەش بگوترێ، کە دەرســـەدێکی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان لـــە ســـەردەمی دروســـت بوونـــی کۆمەڵـــە نەخوێندەوار بوون. لە ســـالی ١٩٤٥ زیاتر لە ٪٩٥ دانیشـــتوانی کوردســـتان نەخوێندەوار بوون (قاسملوو).

دەکرێ بگوترێ کـــە قۆناغی پێش کۆمار بە فازی «بێ» ناو ببردرێ، چونکە، نەک تەنیا وشیاریی نەتەوەیی لە ئاستی لۆکاڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مایەوە، بەڵکوو هەر وەک عەبدوڵڵا حەســـەنزادە دەڵێ، لە کاتی دروســـت بوونی کۆمـــاری کوردســـتاندا، حیزبـــی دێموکرات نە لـــە باری تەشـــکیلاتییەوە، نـــە لە بواری دەوڵەتدارییەوە، ئامادەیی تێدا نەبوو. دەکرێ

بگوترێ کە یەکێکی دیکە لە لاوازییەکانی کۆمار نەبوونی کۆمەڵگای مەدنیی بەهێز بوو، کە دەیتوانی ببێتە بڕبڕەی پشتی پرۆژەی کۆماری کوردستان. کۆمەڵگایەکی مەدەنیی ڕێکخراو، دەیتوانی لە تەیار کردنی کۆمەڵانی خەڵک بۆ داکۆکی لە مافە نەتەوەییەکانیان، لە کۆ کردنەوەی یارمەتی و زۆر بواری دیکە، خەڵکەکە بەسیج بکا. خاڵی لاوازیی بنەڕەتیی دیکەی کۆماری کوردستان، بە گوێرەی بۆچوونی کامرانی مەتین، پێکدژیی بنەڕەتی لە نێوان پێکهاتەی کۆمار، واتە پێگە ماددی و سەربازییەکانی کۆمار وەک پرۆژەی سیاسی نەتەوەییی مۆدێرن، کە لە سەر بنەمای چینی کۆمەڵایەتیی پێش-مۆدێرن و و دواکەوتوو بنیاد نرابوو.

دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف و پاشان حیزبی دێموکرات، نە تەنیا دابڕانێک بوو لە گەڵ جووڵانەوەکانی پێش خۆی لە ڕۆژهەڵات، بەڵکوو وتاری سیاسیی کوردیشی لەو پارچەیەی کوردستاندا دارشتەوە. ئەمە لەوێ دەردەکەوێ کە دوای ڕووخانی کۆماریش، ئیدی ڕێبەرایەتیی حیزبەکان، بە گشتی کەوتنە دەست نوخبەی ڕووناکبیرەوە. بۆ وێنە، نوسخەی حیزبی دێموکرات، هەم لە باشووری کوردستان و دواتر لە سوریە و تورکیە پێک هاتن. کە بە گشتی ڕێبەرەکان و چالاکەکانیان، سەر بە چینی ڕووناکبیر (ئینتلیجێنسیا) و مودێرنی کورد بوون و زۆرتر کەسانی نیشتمانپەروەری پابەند بە پرسی نەتەوەییی کوردیان لە ڕیزەکانی خۆیاندا وەردەگرت.

## دوای کۆمار تا ١٩٧٩ فازیB

لە دوای ڕووخانی کۆمار، هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵ ١٩٧٩، لە ماوەی نزیک بە چوار دەیە، بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، بە هەوراز و نشێوی زۆردا تێپەڕی. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ هەڕەشەی مان و نەماندا بەرەوڕوو ببوو. جیا لە مەترسی و هێرشە بەردەوامەکانی ساواک و هێزە ئینتیزامییەکانی شای ئێران، ململانێی نێوخۆیی ڕێبەرایەتیی حیزب و پشتیوانیی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق لە باڵێکی نێو حیزب (بە ڕێبەرایەتیی ئەحمەد تەوفیق)، ڕێبەرایەتیی حیزبی ناچار کردبوو کار بۆ ڕزگار بوون لە ژێر ڕکێفی حیزبی توودە بکا، چونکە حیزبی توودە خۆی بە دەمڕاستی حیزبی دێموکرات دەزانی. کە وابوو، بە هۆی ئەو مەترسییانەوە، ئەولەویەتی حیزب، کار کردن بوو بۆ زیندوو مانەوە (Survival)، لە باری فیزیکی و ساختارییەوە و ڕاگرتنی ئیدیۆلۆژی و پرۆژەی نەتەوەییی ڕۆژهەڵات.

حیزب بە بەردەوامی لە هەوڵی خۆ ڕێکخستنەوە و خۆ سازکردنەوەدا بوو و ئەگەریش دەرفەتێکی سیاسی برەخسایە دەیقۆستەوە بۆ بڵاو کردنەوەی وشیاری و بەهێز کردنی پرۆژە نەتەوەییەکەی. جیا لەو دەرفەتانەی کە لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٥٠ بە هۆی بارودۆخی سیاسیی ئێران کە لە سەردەمی موسەددیقدا هاتبووە ئاراوە، ڕێبەرایەتیی حیزب بۆ زیندوو ڕاگرتنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێکی بەرچاوی چالاکییەکانیان لە باشووری کوردستان و بەغدا ڕادەپەڕاند. یەکێک لەو جموجۆڵە سیاسی و سەربازییانە کە حیزب لە ڕۆژهەڵات ڕێکی خست، بزووتنەوەی چەکداریی ساڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧ بوو. دیارە بە هۆی دۆخی زاڵ بە سەر ڕۆژهەڵاتدا، هەم لە زەمان و هەم لە شوێن، جموجۆڵەکە لە ئاستێکی سنووردار بەڵام شوێندانەردا بوو. دیارە لەو دەمەدا مانەوەی ئەو کادر و ئەندامانەی حیزب کە لەگەڵ باڵی عەبدوڵڵا ئیسحاقی ڕێک نەبوون لە باشوور ئاسان نەبوو. بەڵام حیزب ئەو دۆخەی کە لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٥٠دا لە ئاکامی

ململانێی نێوان موسەددیق و شای ئێران دروست ببوو، توانی بقۆزێتەوەو خۆی ڕێک بخاتەوە. جیا لەوە، حیزب بە کەڵکوەرگرتن لەو فەزا سیاسییە کراوەیە توانی ویستەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات زیاتر تەبلیغ بکا.

بۆ وێنە پاش پەسەند کردنی قانوونی دابەشکردنی بەرهەم لە نێوان وەرزێر و خاوەن مڵکەکاندا لە لایەن موسەددیقەوە، لە چەند ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆپێشاندان بەڕێوە چوون، و لە دەوروبەری بۆکان جووتیاران دژی خاوەن مڵکەکان ڕاپەڕین. ئەگەر چی ڕێکخراوەکانی حیزب هێشتا نەبووژابوونەوە، بەڵام ئەندامانی حیزب ڕێنوێنیی جووتیارانیان دەکرد حەقی خۆیان بە پێی قانوونی پەسەند کراو وەربگرن. هەوڵیان دەدا ڕاپەڕینی جووتیاران لە چاپەمەنییەکانی پێتەختدا بڵاو بکەنەوە. لەو سەروبەندەدا، ڕێکخراوەکانی حیزب بووژاندنەوەی باشیان بە خۆیانەوە بینی. دیارە حیزبی توودەش کادری خۆی ناردبوو بۆ یارمەتیی حیزب لە مهاباد. چەند مانگ لە کوردستان مانەوە و هێندێ بنچینەکانی کاروباری تەشکیلاتییان دارشت کە لە کاروباری حیزبیدا بەسوود بوون (قاسملو). خۆپێشاندانی لاوان کە لە دەرەوەی شاری مهاباد ئامادە ببوون بۆ بەشداری لە فێستیوالی لاوان لە بوخاریست، بە یەکەمین خۆپێشاندانی سیاسی دادەنرێ. لە خۆپێشاندانەکەدا، یەکێک لە لاوان کوژرا و لاوانی دیکە تەرمەکەیان هێنایەوە ناو شاری مهاباد. ئەو کات حیزب کە ڕێکخراوەکانی کاریان دەکرد، توانی خەڵک بەسیج بکا دژ بە گرتنی ٧٠ چالاکی سیاسی کە ڕێژیمی شا گرتبوونی (قاسملوو).

بزووتنەوەی ١٣٤٦-١٣٤٧ دەچێتە پاڵ ئەوانی دیکە، بۆ ڕاگرتنی وشیاریی نەتەوەیی. بە گوێرەی بۆچوونی هرۆک، ئەو گرووپە ئیتنیکییە بندەستانەی کە تا کۆتاییی سەدەی١٩، نەتوانەوە و ئاسیمیلە نەبوون، لە کۆتاییی سەدەی ١٩دا، کەسانێک لە هەناویان دەرکەوتن و پرۆژەی نەتەوەییان بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان دارشت و بە گشتی بە ئامانجەکانیان گەیشتن. لە دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، سەرەڕای کەندوکۆسپەکان، بزووتنەوەی نەتەوەیی زیندوو ڕاگیرا و بەردەوامیی پێ درا تا گەیشتە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩. بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد لەو دەرفەتانەی دەهاتنە پێش، کەڵکی وەردەگرت بۆ ناساندنی پرسی کورد بە غەیرە کوردەکان و میدیایی کردنی داواکانی کوردی ڕۆژهەڵات (قاسملوو). ئەوەی کە لەو سەروبەندەی ململانێی موسەددیق و شادا، ڕۆژنامە چەپییەکان و جەبهەی میللی باسی گرتنی چالاکانی سیاسی لە مهاباد دەکەن، لەو قۆناغەی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە سەرکەوتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی دادەنرێ. سەرەنجام دەوڵەت مەجبوور بوو بە بێ دادگایی کردنیان، زندانیانی سیاسیی کوردستان ئازاد بکا. لەو ماوەیەدا بزووتنەوەی کورد گوڕوتینی باشی بە خۆیەوە بینیبوو. دیارە ئەم چالاکییانە لە پانتایەکی سنووردار دا بوون. گرنگیی ئەو چالاکییانەش لەوەدا بوو، کە توانیان هەستی وشیاریی بزووتنەوەی نەتەوەیی بپارێزن. بە کودتای ١٩ی ئووتی ١٩٥٣، ئەو فەزا سیاسییە کراوەیە کە لە دەورانی موسەددیق دروست ببوو، ئاسەواری نەما و دیسان ئەندامانی حیزب کەوتنەوە ژێر گوشار و گرتن و حیزب ناچار بوو پەنا بباتەوە بۆ خەباتی نهێنی.

## کودەتای ١٤ی ژوئیەی ١٩٥٨ لە عێراق

کوودەتای ساڵی ١٩٥٨ بۆ کوردی باشوور هیوابەخش بوو. کوودەتاکە کۆتایی بە ڕێژیمی پاشایەتی و حکوومەتی نووری سەعید هێنا، و بۆ جاری یەکەم مافەکانی گەلی کورد لە دەستووری کاتیی عێراقدا چەسپێندران و دان بەوەدا نرا کە کورد و عەرەب لەو وڵاتەدا

هاوبەشـــن. زەمـــان و ئەدەبیاتـــی کوردی بە شـــێوەیەکی کەموێنە دەرەتانی پێشکەوتنیان بۆ ڕەخســـا. شـــای ئێران دژی ڕێژیمی نوێی عێراق بـــوو و کەوتبووە هەوڵـــی کز کردنی. کوردســـتانی عێراق بۆ تێکۆشـــەرانی حیزبی دێموکرات ببوو بە پەناگایەک. تێکوشـــەرانی ڕۆژهەڵات هەرکات هەســـتیان بە مەترســـی دەکرد پەنایان دەبردە کوردســـتانی عێراق و لە لایەن شۆڕشـــەوە داڵدە دەدران (عەبدوڵڵا حەسەنزادە). دوای شورشی ١٩٥٨ لە عێراق، کەم و زۆر ڕێبەرایەتیی حیزب گوێزرایەوە بۆ باشووری کوردستان. دیارە هاتنی ڕێبەرایەتی بۆ باشوور، بووە هۆی دروست بوونی کێشە و دووبەرەکیی نێوخۆیی.

سەرەڕای دووبەرەکی لە نێوان بەشێک لە ڕێبەرایەتیی حیزب لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق و پشتیوانیی مەلا مستەفا بارزانی لە بەشـــێک لە ئەندامانی حیزب وەک ئەحمەد تەوفیق، باشـــوور ببـــوو بە پەناگای تێکۆشـــەرانی ڕۆژهـــەڵات. بارودۆخـــی لەبار لە باشـــوور ئەو دەرفەتەی ڕەخســـاندبوو کە ڕێبەرایەتیی حیـــزب هێندێ لە کونفرانس و کۆنگرەکانی لە باشـــوری کوردستان و بەغدا بەڕێـــوە ببـــا. هەر وەهـــا دوای کۆنفرانســـی ٣ی حیزب کە لە ســـاڵی ١٩٧١دا بەســـترا، حیزب توانـــی ڕێکخراوەکانی خۆی لە نێوخۆ ببووژێنێتـــەوە و ڕۆژنامـــەی کوردســـتانیش بگاتـــە دەســـتی ئەندامـــان و لایەنگرانـــی حیزب لـــە نێوخـــۆی وڵات (حەســـەنزادە). تەنانـــەت لـــە تارانیش لە نێـــو خوێندکارانی حیـــزب، ڕێکخراوی حیزبی دروســـت ببوو و بڵاوکراوەکانی حیزب بڵاو دەبوونەوە. ئەمەش ئـــەوە دەگەیەنێ، کە بزووتنـــەوەی نەتەوەیی لـــە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان، ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆ، کاریگەریـــی ئەرێنی و هێندێ جار نەرێنیی لە دۆخی سیاســـیی باشـــووری کوردســـتان وەر گرتووە. نموونە بزووتنەوەی چەکداریـــی ســـاڵەکانی ١٣٤٦-١٣٤٧ ه، کە زیاتر لە ئاکامی ئەو گوشـــار و بنبەســـتەدابوو کە لە باشوورەوە بۆ سەر ڕێبەرایەتیی حیزب پێکهاتبوو.

لـــە ١٩٧١ لـــە شـــاری کۆیـــە حیزبی دیمۆکرات، کۆنفرانســـی ٣ی خۆی دەگرێ و لەو کۆنفرانســـەدا پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی حیزب پەســـەند دەکرێ و وشـــەی ئێران بۆ ناوی حیزبـــی دێموکراتی کوردســـتان زیاد دەکرێ. حیزب بە نیسبەت کۆمەڵەی ژێکاف، هەوڵ دەدا ئاســـتی کۆنفرانس و کۆنگرەکانی بباتە سەر و بەتایبەت ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لـــە بەدامەزراوەیـــی کردنـــی ئۆرگانەکانـــی حیزب بەر چاو دەکەوێ. ســـەبارەت بە ڕۆڵی فیکریی دوکتور قاســـملوو، حەسەنزادە دەڵێ، ئەو شـــیکردنەوانەی کە دوکتور قاســـملوو بۆ بەرنامەی حیزب کردوویەتی، وەک قوتابخانە بووە بۆ ئەو و لێی فێر بووە.

کاریگەریـــی کۆمـــار لە دروســـت بوونی وشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لـــە دوای شۆڕشـــی گەلانی ئێرانـــدا بینرا و هەســـت پێ کرا. ئەویش سەرەڕای ئەوەی کە مـــاوەی نزیک چوار دەیەی پـــاش کۆمار، نە بزاوتێکی جیاواز لە ڕۆژهەڵات سەری هەڵداوە و نـــە خەڵکی ڕۆژهەڵات ئـــەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخســـاوە کە هەڵســـەنگاندن بـــۆ ڕەهەندە جیاجیاکانـــی کۆمـــار، چ وەک پرۆژەیەکـــی نەتەوەیـــی و چ وەک ئەزموونی دەوڵەتداریی نەتەوەیەکی بن دەســـت، بکەن. بە بۆچوونی عەبـــاس وەلـــی، ســـاختاری کۆمەڵایەتی و سیاســـیی ناســـیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان، لە سەرەتای دروست بوونیەوە لـــە ســـاڵی ١٩٤٢ ەوە هەتا ئەورۆ، ئاڵوگۆڕی بەســـەردا هاتووە. ئەم ئاڵوگۆڕانە لە نێو وتار و پراکتیکی ناســـیۆنالیزمی کوردیدا خـــۆی دەدۆزێتەوە. لە پاش شـــۆڕش بوو، کە توانرا کۆمار وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی و فاکتەرێکی کاریگەر لە ســـەر دروست کردنی وشـــیاریی نەتەوەیـــی لە ڕۆژهەڵات باشـــتر

بناسرێ و تا ڕادەیەک تیۆریزە بکرێ. پێویستە ڕۆڵ و دەوری هۆنــراوە و ئەدەبی بەرگری کە بەرهەمی دوو شــاعیری ســەردەمی کۆمار، واتــە هێمن و هەژار بــوون و هۆنراوەکانیان کردبــووە چەک و بەگــژی دوژمنیاندا دەدا، لە بیر نەکەین. لە قۆناغی پاش شۆڕشــدا بوو کە توانــرا لایەنــە جۆربەجۆرەکانی پێکهاتن و ڕووخانــی کۆمار، کەســایەتیی پێشــەوا، وشیاریی نەتەوەیی نەوەکانی دوای کۆمار، بە تایبەت نەوەکانی دوای شۆڕشــی ١٩٧٩، بە بیرەوەرییەکانی کۆمارەوە گرێ بدرێتەوە. دیارە بیرەوەرییەکانی کۆمار، بە تاڵ و شــیرینەوە، بــە تێپەڕبوونــی کات، بوون بــە بیرەوەریی گشتیی بەشێکی بەربلاوتری تاکەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان. دیــارە، کار کراوە بۆ دروســت کردنی ئەم بیرەوەرییە گشتییە. بــە تایبــەت میراتبەرانی کۆمار، لــە کاناڵی جیاجیاوە هەوڵیان داوە، لە ڕێگای نووســین و گێڕانەوەوە، بیرەوەرییەکانی ئەو ســەردەمە بگوازنــەوە بۆ نەوەکانی پــاش کۆمار. چالاک بوونــی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان دوای شۆڕشی ١٩٧٩، بوونیان وەک ئەکتەری سیاســی و نیزامی لە مەیداندا و کار کردنیان بۆ دروســت کردنی یەکەیەکی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (خودموختاری)، تین و وزەی بێ سنووری بۆ بەهێز کردنی وشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتاندا بەرهەم هێنا کە لە گەڵ قۆناغەکانی پێش دروســت بوونــی کۆمار و قۆناغی پاش ڕووخانی کۆمار، قابیلی بەراوەردکردن نەبوو. هەر وەک هرۆک دەڵێ، یەکێــک لە هۆکارەکانــی خێرابوونی وشــیاریی نەتەوەیــی گرووپــە ئیتنیکییە بندەســتەکان، زوڵــم و زۆری نەتــەوەی دەسەڵاتدار بەســەر گرووپە بندەستەکانە. لە حاڵەتی ڕۆژهەڵاتی کوردســتاندا بە حوکمی ئــەوەی هەموو ڕێبەرانی کــوردی ڕۆژهەڵات (سمکۆ، قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی)، یان تیرۆر کراون یان لە ســێدارە دروان، لە بیری تاکی کورددا و لە بیرەوەریی گشتیی کوردی ڕۆژهەڵاتدا، نە تەنیا بــەرەو ڕادیکاڵیزە بوونی نەتەوەیی دەچێ، بەڵکوو، لە هەل دەگەڕێ بۆ خۆ ڕزگار کردن لە دۆخی نەخوازراوا!

سیاســەتەکانی ڕێژیــم بە هــەڵاواردن دەرحــق بە زمان و فەرهەنگی کورد، بە دین و ئایینزاکانی کوردســتان دەســتی پێ کرد. دواکەوتــوو ڕاگرتنی کوردســتان لــە بواری ئابوورییەوە، بێبەش کردنی کورد لە بەشداری لە بە ڕێوەبردنی کاروباری وڵات و ناوچەکانی خۆیاندا، لە نێــوان گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و ناوەنــد، کەلێنــی (Cleavage) مەزهەبی، فەرهەنگی، سیاســی و کۆمەڵایەتیی دروست کرد. داوا ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات، بە چــەک و توندوتیژی وڵام درانەوە. فەتوای خومەینی و شەڕی سێ مانگە، کوشتارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆڵیان هەبوو لە دروســت بوونی هەســتێکی هاوبەشــی مەزلومییــەت لــە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان. شــەهید کرانــی دەیــان هەزار کــەس لە پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنیی ڕۆژهەڵات، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، نەک لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی سیاســییەوە پەیوەندیی عاتیفی لە نێوان حیزبــەکان و کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتدا دروســت دەکا، بەڵکو، لە باری عاتیفیشەوە، پەیوەندیی خەڵکەکە بە خاکەکەیشــییەوە بە هێز دەکا.

### فازی سێ C پاش شۆڕشی ١٩٧٩

بــە گوتەی هــرۆک فــازی C، ئــەو پلەیە لــە هۆشــیاریی نەتەوەییــە کــە چالاکە نەتەوەییــەکان تێیــدا لــە پێــک هێنانی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و دروســت کردنی بزووتنەوەیەکی گەورە و بە هێزی جەماوەری، سەرکەوتوو دەبن. لەم فازەدا، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیــی تەواو دروســت دەبێ و لق و باڵــی ئیدیۆلۆژیکی جیــای وەک، ڕۆحانی-محافــزەکار، لیبراڵ و دێموکــڕات، کە هەر



یەکـــەی بەرنامەی خۆی هەیە، لێ دروســـت دەبـــێ. ئەم فـــازەی کە هرۆک باســـی دەکا، دەکرێ لەگەڵ قۆناغی ســـەردەمی شۆڕشـــی گەلانـــی ئێران یـــەک بگرێتـــەوە، کە پاش شـــۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبگەلی جیاجیا بە ئیدیۆلۆژیی مارکسیستی، ئیسلامی و دێموکرات و هتد، دەرکەوتن. دیارە ئەم فازە ئاکامی ڕەوتی پێشکەوتووی هەر دوو قۆناغی A و B ە. بەشـــداریی سەدان هەزار کەس لە میتینگی مەهاباد کە لە ڕۆژی ١١ ڕەشەمەی ١٣٥٧ لە سەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران پێک هێنرا، دەکرێ وەک قۆناغی ســـەرکەوتنی بزووتنەوەی نەتەوەییی ڕۆژهەڵات کە هرۆک بـــە قۆناغی جووڵاندن Agitation نـــاوی دەبـــا، دیـــاری بکرێ. ئەو میتینگـــە کە تێیدا دکتور قاســـملوو پەیامی حدکا دەخوێنێتەوە و حیزب خەباتی ئاشـــکرا و قانوونیی خۆی دەســـت پـــێ دەکا، دەکرێ وەک خاڵی وەرچەرخان لە گەشـــەی هەستی نەتەوەیـــی کورد لای بەشـــێک لە خەڵکی ڕۆژهـــەڵات ناو ببـــرێ. دیارە لـــە فەزایەکی ئـــازاددا ئەم میتینگە گیرا، بەڵام بەشـــداریی دڵخوازانەی خەڵک لـــەو کۆبوونەوە بەرینەدا، ئاســـتی وشـــیاریی نەتەوەییی بەشـــدارانی میتینگەکە نیشان دەدا.

وشـــیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات بەرەو ناوچەکانی دیکەی وەک کرماشان و ئیلام، بە شێوەیەکی خێرا لە گەشەسەندندایە. ئەویش لە ســـایەی چەندین فاکتـــەری جیاوازدا، کە هەرە گرینگەکەیان، دەســـت پێ ڕاگەیشتن بە ڕاگەیاندن و دێموکراتیزاســـیون و گشتگیر بوونی ڕاگەیاندنە. تاکەکانی ڕۆژهەڵات، ئێستا زۆرتر لە ڕابردوو لە گەڵ پرســـی پێناســـەیی ڕووبەڕوو بوونەتەوە.

هەستی نەتەوەیی لە بەشەکانی کوردستان بـــە هەمان ئەنـــدازە نییە. کەچی وشـــیاریی نەتەوەیـــی لـــە ناوچەکانی دەرەوەی شـــاری کرماشـــان، هەروەها لە پارێزگای ئیلام لەم یەک دوو دەیەی دواییدا لە گەشـــەکردندایە، لـــەو ناوچانـــەی کە بە پێگـــەی بزووتنەوەی نەتەوەیی دەناســـرێن، جەماوەر ڕێکخراوتر و بەربڵاوتر، وڵامـــی داوای حیزبەکان دەدەنەوە بۆ داکۆکی لە مافە نەتەوەییەکانیان، ئەوەی کە هرۆک دەڵـــێ جووڵاندن (Agitation)، لە هێندێک لە شـــارەکانی وەک کرماشان و ئیلام، وشـــیاریی نەتەوەیی بگـــرە ئیتنیکی، هێشتا شـــۆڕ نەبووەتەوە ناو عامەی خەڵکەوە. هۆکارە بنەڕەتییەکانی، دەکرێ بگەڕێنەوە بۆ پرۆژەی شێواندن و گۆڕانی تایبەتمەندییەکانی شـــار، لە ڕێگەی کۆلۆنیـــزە کردنی ئیداری و گۆڕینـــی دێمۆگرافیاکەی لـــە لایەن دەوڵەتە ناوەندییەکانی ئێرانـــەوە. هۆکارەکانی دیکەی گشـــتگیر نەبوونـــی وشـــیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشـــێکی پەیوەندی بـــە کەمتەرخەمیی بزووتنـــەوەی نەتەوەییی کـــوردەوە هەبـــووە و بەشـــی سەرەکیشـــی، توندوتیژیی سیســـتەمە سیاسییەکانی ئێران بوونەتە کۆسپ بۆی.

بەڵام وشـــیاریی نەتەوەیی لە ناوچەکانی کرماشـــان و ئیلام کە تا ئەم ساڵانەی دوایی و بگرە دەیەی ئاخر بوونـــی نەبووە یان لاواز بـــووە، بە هۆکاری جیاجیا لـــە گۆڕاندایە. ئەم وشیارییە بە تایبەت لە نێو نوخبە (هونەرمەند، وەرزشوان هتد)ی شارەکانی کرماشان و ئیلام بە زەقی بەرچاو دەکـــەوێ. گرتن و زیندانی کردنـــی نوخبەی فەرهەنگیی ئـــەم ناوچەیە، لەم ساڵانەی دواییدا، دەریدەخا، کە کۆماری

ئیسلامی بەهێزبوونی نوخبەی ئەم بەشەی ڕۆژهەڵات، وەک هەرەشە دەبینێ. هۆکارێکی دیکە، زوڵم و زۆری نەتەوەیی و دینی، وای کردووە کە کەلێنی قووڵی فەرهەنگی و نەتەویی. . . لە نێوان دانیشتووانی ئەم بەشەی ڕۆژهەڵات لەگەڵ لایەنی دەسەڵاتداری سەردەست دروست ببێت.

خەڵکی ڕۆژهەڵات، لە ستراتیژیی جیاجیا، بۆ دەربڕینی وشیاریی نەتەوەیی کەڵک وەردەگرن. لە فەزای مومکیندا، بە دەسەڵات پێشان دەدەن کە خاوەنی تایبەتمەندیی جودای خۆیانن. ئەم هەستە هاوبەشە کوردییە، لە کاتی ڕووداو و کارەساتە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەکوو؛ بە هاناوەچوونی خەڵک لە کاتی بوومەلەرزەی سەرپێڵی زەهاو، ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەرەشەی کۆرۆنا، لە پەیوەندی لە گەڵ کوردی بەشەکانی دیکە: نموونەی گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجالان، بوونی مام جەلال بە سەرۆک کۆمار، ڕیفراندۆم، شەڕی دژە داعش لە ڕۆژئاوا، نەورۆزی جامانەکان و .... خۆی پێشان دەدا. ئەم جۆرە جووڵانە، تایبەتن بە قۆناغی پاش شۆڕشی ١٩٧٩. ئەم قۆناغە قۆناغی وشیاریی نەتەوییی شارنشینەکانە.

ئەگەر پێش پەیدا بوونی ڕادیۆ، تەلەفزیونی سەتەلایتی و ئینتێرنێت بە حوکمی قەدەغە یان سنووردار بوونی بڵاوکراوەی کوردی، یان لەبەر نەخوێندەوار بوونی دەرسەدێکی بەرچاوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وشیاریی نەتەوەیی بە خێرایی گەشەی نەدەکرد، لە دوای پەیدابوونی ئامرازەکانی پەیوەندی و تێکنۆلۆژییەوە، گەشەی زیاتری بە خۆیەوەبینی. ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کە لە ساڵی١٣٥٩دا دامەزرا، لەو بوارەدا دەوری بەرچاوی گێڕا. چونکە دوای شەڕی سێ مانگە، ئیدی دەرفەتی چالاکی هەتا دەهات بەرتەسک دەبووەوە. ئەو ڕادیۆیە توانی بۆشاییی پێکهاتوو بە هۆی نەبوونی ڕۆژنامەوە، پڕ بکاتەوە. کۆمەڵانی خەڵک، ئۆگری ڕادیۆ ببوون. لە ١٥ ساڵی خەباتدا، نزیک ١٥ جار ڕادیۆ جێگاکەی گۆڕی. تەنها یەک ڕۆژ لە ساڵی١٣٦٢دا کاری ڕاوەستا. دیارە لە ساڵی ١٣٧٣دا لە لایەن یەکیەتییەوە و لە سەر داوای ئێران پێشی بڵاو کردنەوەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران گیرا (حەسەنزادە).

هۆکارێکی دیکەی دروست بوونی وشیاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕادیکاڵیزە بوونی ئیسلامی سیاسی شیعەیە کە پێناسەی دەسەڵاتە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و جەوهەرەکەی ناسیۆنالیزمی فارسە. لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەهێز بوونی تیۆلۆژیی شیعە، پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ و کۆمەڵگەی کوردی، لە بەر خاتری بەرجەستە کردنی ڕۆڵی دین، بە تایبەت شیعەگەری وەک پێناسەی دەسەڵات، هەروەها بەکارهاتنی لە وتاری فەرمی و نیوە فەرمیی دەوڵەتدا، گرژیی تێ کەوت.

ئەم ڕادیکاڵیزە بوونە تەنیا بە ڕەهەندی ئایینییەوە نەوەستاوە. کەلێنە دینی، نەتەوەیی، فەرهەنگی و هتدەکان بە جۆرێک قووڵ بوونەوە. چینێک لەنێو بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد، چاوی هیوای لەوە بڕیوە کە نوخبە و دەسەڵاتدارانی ناوەندگەرا، ددان بە لانیکەمی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بنێن. بۆیە هیوایان بە پێکەوەژیان لەگەڵ ناوەند نەماوە. کەمینەی کوردی یاری، کە بە گشتیی دانیشتووی ناوچەکانی کرماشان و ئیلامن، هەر لە دروست بوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، لە کوردی سوننە خراپتر، لە بوارە جیاجیاکانی ژیانیان کەوتنە بەر هەڵاواردنەوە. چەندین ڕووداوی دڵتەزێنی خۆ سووتاندن، بۆ ڕسوا کردنی ئەو ئیهانەت و هەڵاواردنانە لە لایەن کوردانی یارییەوە ئەنجام درا. تایبەتمەندیی ئیتنیکی و زمانیی کورد کە سنووری کۆمەڵگای کورد دیاری

دەکەن، هەر لە دروست بوونی دەوڵەت-نەتەوەی مودێرن لە ئێراندا بوونەتە ئامانجی سەرکوت و قەدەخە کران.

سەرەڕای گەشەی ئیسلامی سیاسیی سوننە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام حیزبە جەماوەرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەتا ئێستا تایبەتمەندیی سیکۆلاربوونی خۆیانیان پاراستووە. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە گەشەی ئیسلامی سیاسی تەنها بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سنووردار نییە، بەڵکوو لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی و بگرە لە دەرەوەی وڵاتانی ئیسلامیش، لە گەشەدایە.

لە دوای شۆڕش، دروستبوونی دیاسپۆرایەکی بەرچاوی ڕۆژهەڵات لە دەرەوە، توانی لە بڵاوبوونەوەی وشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کاریگەری دابنێت. شەڕی عێراق-ئێران و وێران بوون و ئاوارە بوونی بەشێک لە خەڵکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت لە پارێزگای کرماشان و هاتنیان بۆ عێراق و تێکەڵاو بوونیان بە کوردی باشوور، بێ شک لە سەر دروست بوونی وشیاریی نەتەوەیی کوردی ڕۆژهەڵات کاریگەریی هەبوو.

تاکی کورد لەوە ئاگادارە کە دەبێ لە عوقدەی ژێردەستەیی کە دەسەڵاتی سەروەر لە ئێران لە هەست و نەستیدا چاندوویانە، خۆی دەرباز بکا. لەم یەک دوو دەیەی ئاخردا، نوخبەی کوردی ڕۆژهەڵات توانیویەتی لە بوارە جیاجیاکاندا خۆی دەربخا. ئەم نوخبەیە وەک هەرۆک دەڵێ ئالنگاری و چالشی بۆ نوخبەی جێگیری سەر بە دەسەڵات دروست کردووە. نۆخبەی کورد لە ڕۆژهەڵات، وەک هەرۆک دەڵێ ئامادە نییە مەرج و ئیدئۆلۆژییەکانی نوخبەی باڵادەست قەبووڵ بکا. ئەو دەیەوێ وەک نوخبەی نەتەوەکەی خۆی بدوێت و داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەی خۆی بکات. بە تایبەت ئەم ململانێیە لە نێو نوخبەی کوردی ڕۆژهەڵات و نوخبەی سەر بە نەتەوەی سەروەر، لە بواری ڕاگەیاندندا لە دەرەوەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زەقی دەردەکەوێ. بوارێکی دیکە، بواری لێکۆڵینەوەی ئەکادمیکە. نوخبەی ئەکادمیکی ڕۆژهەڵات قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و لە بوارە جیاوازەکانی زانستدا لە ڕۆژهەڵات خەریکی لێکۆڵینەوە و بەرهەمهێنانن.

### کۆبەند

دەکرێ قۆناغی پێش کۆمار بە قۆناغی چالاکیی فەرهەنگی و زمانەوانی، لە لایەن نوخبەی کوردەوە ناو ببەین، چونکە لەو قۆناغەی دۆخی کورددا، بە گشتی ژمارەی خوێندەوار زۆر کەم بووە و تاکی عەوامی کورد زۆرتر لە لادێیەکان ژیاون و پێناسەی عەشیرەتی، لۆکاڵ و ئایینی بەهێز بووە. پرۆژەی نەتەوەییش لە لای چینی شێخ، ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکانەوە ڕێبەرایەتی کراوە و پرۆژەی سیاسیی مودێرنیان نەبووە. تەنیا ویستوویانە، ناوەند بە سەریاندا حوکم نەکا و دەسەڵات لە دەست خەڵکی خۆجێییدا بێت.

گەشەی وشیاریی نەتەوەیی لە فازی ئا بۆ فازی سێ، واتە ئەو قۆناغەی کە بزووتنەوەی نەتەوەیی بتوانێ جەماوەر بجوڵێنێ بۆ داکۆکی لە مافە نەتەوەییەکانیان، بەرهەمی پرۆسەیەکی چەندین دەیەی خەباتی بەردەوامە. بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کاریگەریی زۆری لە خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان وەرگرتوە. بەتایبەت تێکەڵاویی زۆری لەگەڵ خەباتگێڕانی کوردی باکوور و باشوور هەبووە. دروست بوونی ناوچەی خودموختاری باشوور لە١٩٩١وە، پاشان گۆڕان بۆ هەرێمی فیدراڵ، هێز و تینێکی زیاتری بە وشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات داوە. وەک هەرۆک ئاماژەی پێ دەدا، پرۆسەی زوو یان درەنگ دروست بوونی وشیاریی نەتەوەیی، بە گشتی بەستراوەتەوە بە چڕوپڕیی تێکۆشانی چالاکان و گەیاندنی

وشـــیاری بە خەڵکانی مەبەســـت. بە جیهانی بوونی ڕاگەیاندن، پرۆســـەی دروســـت بوونی وشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خێرا کردووە. بوون لە تاراوگە، ئەو دەرفەتەی بـــۆ تاکی کـــوردی ڕۆژهەڵات ڕەخســـاندووە هەتاکوو خۆی باشـــتر بناسێتەوە و خۆی لەو پێناســـەیە داماڵێنێ کە بە سەریا سەپێنراوە. تاراوگە ئەو دەرفەتەش دەدا کە تاکی کوردی ڕۆژهـــەڵات، ئەو زانیارییە هەڵانە کە لە لایەن دەسەڵاتی سەردەستەوە، پێی تەڵقین کراوە، لە بیر و هزری خۆیدا بســـڕێتەوە و بە دوای ناسنامەی پوختەی کوردایەتیی خۆیدا بگەڕێ.

بـــە کار هێنانـــی میتـــۆدی دروســـت کردنی نەتەوە بچووکەکان، نیشـــان دەدا کە ناســـیۆنالیزمی کورد زیاتـــر لە یەک میتۆدی گرتووەتە بەر بۆ دروســـت کردنی هەســـتی نەتەوەیی. لە بواری جوغرافیا، ناســـیۆنالیزمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەتا لە لای ئاغاکان (سمکۆ) و کەســـایەتییە ئایینییەکان (قازی) سەری هەڵداوە و بە پێی دۆخەکە، جۆغرافیای ناوەندی نەتەوەیی گۆڕاوە. لە پرۆسەی فازەکانی ئا، بێ، ســـێ، وشـــیاریی نەتەوەیی گەشەی کردووە و لە بـــواری کۆمەڵایەتییەوە پەرەی سەندووە، بە جۆرێ کە خەڵکی دیکە و چینی دیکە هاتوونەتە ناو پرۆســـەی ڕۆشـــنگەریی نەتەوەییی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە و لە باری جوغرافییەوە هۆشـــیاریی نەتەوەیی، ناوچەی دیکە و پانتاییی زیاتری گرتووەتەوە.

## سەرچاوەکان


سجادی، عەلائەدین- تاریخ جنبشـــهای کوردستان ـ مترجم ڕئوف کریمی انتشارات کردستان ۱۳۷۹

Gellner, Ernest. Nations et nationalismes. Paris, Payot, 1989.

Anderson, Benedict. Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism (Anglais) Broché – 17 novembre 2006

Ozoglu, Hakan. Kurdish Notables and the Ottoman State: Evolving Identities, Competing Loyalties, and Shifting Boundaries. SUNY Press, 2004 - 186 pages.

McDowall, David. A Modern History of the Kurds. London, I. B. Tauris and Co Ltd. 2004.

Jwaideh, Wadie (2006). Op. cit, p. 24.

سەرچاوەی پێشووتر. سجادی

Sardashti,Yasin, چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕژهەلاتی کوردستان بەرگی یەکەم سلێمانی ۲۰۰۷

Hassanpour, Amir. The Kurdish Experienceby published in MER189

هەمان سەرچاوە

هەمان سەرچاوە

بۆ شـــیکردنەوەی ئەم نووســـراوەیە، لـــە ســـەرچاوە تیورییەکانی قۆناخەکانی دروســـت بوونی هۆشـــیاریی نەتەوەییی خوارەوە کەڵکم وەرگرتوە:

• Miroslav HrochHroch, M. (1995). De l›ethnicité à la nation. Un chemin oublié vers la modernité. Anthropologie et Sociétés, 19 (3), 71–86. https://doi. org/10. 7202/015370ar

• Hroch, Miroslav. National Romanticism: The Formation of National Movements. Traduction de Derek Paton. Central European University Press

• Maxwell, Alexander “Typoplogies and phases in nationalism studies: Hroch’s ABC schema as basis for comparative terminology” In: nationalities papers 2010.

• HROCH, MIROSLAV. Nationalism and national movements: comparing the past and the present of Central and Eastern Europe In: Nations and Nationalism 2 (l), 1996, 35-44. 0ASEN 1996

• FilosoJckaFaculta, University Karlovy, nam. J. Palacha 2, 110 00 Praha 1, Czech Repub

کُردهـــا با کامـــران متین در گفتگو با غزل صـــدر۱۸. ۰۳. ۱۹۹۹ enligne : https://www. aasoo. org/fa/articles/2858?fbclid=IwAR30kH68kiGED1CFjQ7UfRk9fdMuKQgkW49TcrDfegwJxoCm_PmFNffEmk4

Vali, Abbas. « Silence au Rojhelat : une étude de cas », Anatoli [En ligne], 8 | 2017, mis en ligne le 22 mars 2018, consulté le 02 mai 2019. URL : http://journals. openedition. org/anatoli/606 ; DOI : 10. 4000/anatoli. 606

بۆ شیکردنەوەی دۆخی کۆمار، تا ڕادەیەکی زۆر لە پەرتوکی دەنگی کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران/ عەبدولرەحمان قاسملوو عەبدوڵڵا و حەسنزادە کەڵکم وەرگرتووە.

Enligne : https://youtubedownload. pro/video/ei-9saTVNTFhmTzZScStlTmJBQWVnUT09. html

# دێموکراسیی ڕادیکاڵ و کوردایەتی

## بەرەو خەباتێکی هێژمۆنیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سارۆ ئەردەڵان

خەباتێکی هێژمۆنیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی دێموکراسییەکی ڕادیکاڵ و پلۆڕال، ئاوڕ لە هەر دوو قۆناغی خەبات بداتەوە. سەرەتا بۆ ڕزگاری لە دۆخی بندەستی و بە مەبەستی سەربەخۆییی کوردستان، بزووتنەوەکانی دژەچەوساندنەوە لە کوردستان بە شێوازێکی هاونرخ و جیاواز جومگەبەندی دەکا، بێ ئەوەی بۆ گەیشتن بە مافی هەر بزووتنەوەیەک چاوپۆشی لە مافی ئەوانی تر بکرێ.

*داگیرکەری دڵ پــڕ لە قین... هەر کورد بووین و هەر کورد دەبین»»*
*[هۆنراوەی ئیبراهیم ئەحمەد]*

*«هەرگیــز خەبات بۆ دێموکراســی نابێ بچێتە ژێر ســێبەری خەبــات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی.»*
*[قاسملوو ۲۰۰۳، ۶۷]*

## دەســتپێک: خوێندنەوەیــەک بــۆ فەلسەفەی سیاسیی قاسملوو

لە وتووێژێــک کە تەنیا چەنــد مانگ پێش تێرۆرکرانەکــەی لەگــەڵ عەبدولڕەحمــان قاســملوودا (۱۹۸۹-۱۹۳۰)(کراوە، بەڕێزیان ئامــاژە بــەوە دەکا کــە ڕێژیمــی کۆماری ئیســلامیی ئێران، هەرچەند نــە بە خێرایی، بــەڵام لەبەر قەیرانی ناوخۆیــی بەدڵنیاییەوە لەنــاو دەچێــت. بەڵام پاش تێپەڕینی ســی ســاڵ نەک ڕێژیم نەڕووخاوە بەڵکوو تەنانەت لەناو جێگرەوەکانیشیدا (لە سەڵتەنەتخوازەوە تا دێموکراســیباوەڕ) بیرۆکــەی ئێرانچیەتی هــەم لە ترۆپکــی خۆیدایە و هــەم بە هیچ شێوەیەک ئیلیتی فارس/ئێرانی نایانەوێ دیان بە مافی نەتەوەی کورد لە ئێراندا بنێن. دوور نەڕۆشتووین تەنانەت ئەگەر بڵێین بە هەمان شێوە کە دەزگا ئەمنییەکانی ڕێژیم میراتداری ژووری فیکریی ســاواک بۆ کوردستان بوون، ڕێژیمی نوێش (لە هەر قەوارەیەکی سیاسیدا) لەســەر هەمان هێــڵ بــەردەوام دەبێ و بە پشتبەســتن بە میراتی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی درێــژە بە سیاســەتەکانی چەوســاندنەوە لە کوردســتان دەدا. کەواتە بە ســەرنجدان بە هــەر دوو ئەگەری بەهێــزی مانەوەی ڕێژیم یا بە دەسەڵات گەیشــتنی ئەو جێگرەوانەی کە خاڵــی هاوبەشــیان دژایەتیکردن لەگەڵ داخوازییەکانــی نەتــەوەی کــوردە، ئــەم پرسیارەمان لە لا ســاز دەبێ کە ڕێکارەکانی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی لــە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ هەر دوو گریمانە و شــیکردنەوەی دۆخی هەنووکەیی چییە؟

بــۆ وڵامدانــەوە بــەم پرســیارە گرنگە، دەمەوێ سەرەتا باس لە فەلسەفەی سیاسیی قاســملوو - وەک نەخشــە ڕێگایــەک بــۆ شــۆڕش - بکەم کە لە ماوەی نیو ســەدەدا بنەمایەکی بەهێــزی فیکریی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان ساز کــردووە. هەر بــۆ ئەم مەبەســتە، بیرۆکەی هــزری قاســملوو وەک کلاوڕۆژنەیەک وایە کــە دەتوانین لــە ڕێگەیەوە تیشــکی زیاتر بخەینە سەر ئەو سووچە کەمتر باسکراوانەی شــۆڕش کە نەک لەبەر نادیاربوونیان، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هەمیشــە لەبەر چاومان دیارن، پێمانوایە هێــزی ئەوەیان نییە بتوانین وەکوو تایبەتمەندییەک بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی، کەڵکیان لــێ وەربگریــن. بیرکردنەوەی من لە چوارچێوەی ســتراتێژیی سوسیالیســتیدا بیچمی گرتــووە و تیایدا ئــەو جۆراوجۆرییە لە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان ڕەچاوکراوە کە دەکرێ وەک هەوێنی خەباتێکی هێژمۆنیکی نوێ لە سەدەی بیســت و یەکەم، بزوێنەری خەباتــی دژەکۆلۆنیالیســتی و ســازکردنی دێموکراسییەکی ڕادیکاڵ و پلۆراڵ بۆ دواڕۆژی کوردستانێکی سەربەخۆ بێ.

ســەرەتا، من دەمەوێ لــە جیاکارییەک کە هوســێرل لە نێوان ئەو بابەتە تیۆرییانەی دایناوە کە بە شــێوازێکی نەگــۆڕ مانایەکی فیکسیان بەخۆیانەوە گرتووە، لەگەڵ چالاک کردنەوەیــان (لاکلاو و مــوف، ۱۹۸۵، viii) کەڵک وەرگرم. بەم گوێرەیە، لە ناو بیرۆکەی قاســملوودا، ئەو تیۆرییانە چین کە کارکردە سەرەکییەکانیان شــاردراونەتەوە، لە کاتێکدا لە ساتەوەختی دیسان چالاک کردنەوەیانەدا دەکرێ مانای نوێ ســاز بکەن؟ فەلســەفەی سیاســیی قاســملوو، بەتایبەت لــە کتێبی کورتەباســدا، لەســەر بنەمــای دۆزینەوەی

چارەسەر بۆ سێ ستەمی نەتەوەیی، چینایەتی و سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیچمی گرتووە. لە کاتێکدا قاسملوو پێداگرییەکی بەهێز و هەمیشەیی لە خەباتی دژی چەوساندنەوە دەکا، بەردەوام باس لەوە دەکرێ کە خودموختاری و پابەندبوون بە دێموکراسی (تەنیا لە مانا لیبراڵییەکەیدا) کاکڵی باسەکانی ئەو پێک دێنن. هەر بۆیە من دەمەوێ لێرەدا نە تەنیا ئەو بەشانە لە تیۆریی قاسملوو نیشان بدەم کە لە چوارچێوەیەکی حیزبیدا بەکارهاتوون، بەڵکوو هەروەها هاوکات لەگەڵ دەستنیشانکردنی سنوورەکانیان، هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی سەر لە نوێ خوێندنەوەیان، لە ئاراستەیەکی نوێدا چوارچێوەیەکی تیۆرییان بۆ ساز بکەم و پەرەیان پێ بدەم؛ هەتا لەم ڕێگەیەوە زیاتر لە جاران تایبەتمەندیی دژبەرایەتیی ئاشتیهەڵنەگریان لەگەڵ بیرۆکەی ئێرانچیەتیدا دەرکەوێ و، هەروەها بە ڕوونی لەوە تێبگەین کە ئەم تایبەتمەندییانە لە پراکتیسەکانی سازکردنی هێژمۆنیی کوردایەتیدا چۆن دەور دەگێڕن. بە واتایەکی تر چۆن دەتوانین بنەما فکرییەکانی قاسملوو لە دەست دەرەنجامەکانی سیاسەتی ڕۆژەڤی ڕابردوو ڕزگار بکەین؟

ئاشکرایە هەڵسەنگاندن، هەڵوەشاندنەوە و خوێندنەوەی نوێ بۆ فەلسەفەی سیاسیی قاسملوو، لەبەر حەزێکی ئایدیالیستی و تەنیا لە بەستێنێکی تیۆریکدا نییە. بەڵکوو ئەمە واقیعی ئەمڕۆکەی پرسی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ناچارمان دەکا تێگەیشتن و سیاسەتێکی نوێمان بۆ شۆڕش هەبێ. قاسملوو خۆی دەرکی بەم پێویستییە کردبوو و تەنانەت وەک تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی حیزبی دێموکرات بە دروستی ئاماژەی پێ کردووە:

*فەرقی ئێمە لەگەڵ زۆربەی ئەو دەستە و تاقمانە [توده و بەگشتی بەرەی چەپ] ئەوەیە کە ئەوان هەوڵ دەدەن واقعیياتی وڵاتەکەمان لەگەڵ تیۆرییەکەیان ڕێک بخەن و، ئێمە بەپێچەوانەوە، دەمانهەوێ بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆری و ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی وڵاتەکانی دیکە و دەرسەکانی جووڵانەوەی مێژوویی گەلی کورد، تیۆرییەکە بە جۆرێک ڕێکوپێک بکەین کە وەڵامدەرەوەی واقعییەتی هەڵقوڵاو لە وڵاتەکەمان و گەلەکەماندا بێ (قاسملوو ۲۰۰۳، ۵۰).*

ئەگەر سەیری واقیعی ئیستای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، هەندێکجار وا دەردەکەوێ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیان وایە ڕێژیمی ئێران لەبەر قەیرانە ناوخۆییەکانی لە درێژەی زەمەندا و لە پرۆسەیەکی حەتمیدا لە ڕێگەی شۆڕشی نەتەوەکان/خەڵکی ئێران بەرەو نەمان دەڕوا. ئەم شێوازە بیرکردنەوە کە لە بنەمادا لە بەڵگاندنی مارکسیستەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم سەبارەت بە «قەیرانی گشتیی سەرمایەداری» دەچێ و لەگەڵ هەمان کێشەی بەدینەهاتنی پێشبینیدا بەرەوڕوو دەبێ. قاسملوو کە خۆشی لە کێشەی ئەم بەڵگاندنە ئاگادارە، هیچ کات باوەڕی وا نەبووە کە سیاسەتەکانی چاوەڕوانی بۆ ڕووخان یا گوشاری هێزی دەرەکی دەتوانن بۆ پێشخستنی دێموکراسی و بەدیهاتنی «مافی دیاریکردنی چارەنووس»، لە شۆڕشدا کاریگەرییەکی یەکلاییکەرەوەیان هەبێ. هەر بۆیە وەک خەباتی چەکداری لە سەردەمی سمکۆ و کۆماری کوردستان بەدواوە، قاسملووش پێی وایە دەبێ پشت بە خەباتێکی چەکدارانە بۆ بەدیهاتنی ئامانجی ڕزگاری ببەسترێ. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش باس لەوە دەکا کە سێ مژار بە قازانجی خەباتن: «یەکێکیان پشتیوانیی گەل لە خەباتی ئێمەیە. ئەوەی دیکە سیاسەتێکی

واقعبینانەیە. . . و سێهەم پێشمەرگەکانمان.» (قاسملوو١٣٨٤ت، ٣٤؛ ١٣٨٤ئا، ٢٥٥). قاسملوو بەردەوام لە نووسین و وتووێژەکانیدا باس لە دێموکراسی وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەی کورد دەکا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەزانێ کە زۆربەی جار لابردنی توندوتیژانەی ڕێژیمێکی سەرکوتکەر پێشمەرجی هەر پێشکەوتنێکی دێموکراتیکە.

قاسملوو لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە حیزبی دێموکرات بۆ چی خەبات دەکا و بۆ چی تێدەکۆشی؟ بیرۆکەی سەرەکیی خۆی بەکورتی لە وتاری شیکردنەوەی کورتەباسدا شرۆڤە دەکا و پێی وایە «حیزبی دێموکرات بۆ وەدی هێنانی سێ ئامانجی گەورە پێک هاتووە و خەباتیشیان بۆ دەکا. یەکەم لابردنی ستەمی نەتەوایەتییە. دووهەم لابردنی ستەمی چینایەتی یا چەوساندنەوەی ئادەمیزادە. حیزبی ئێمە بۆ لابردنی هەموو چەشنە زۆردارییەک تێدەکۆشی. چەوساندنەوەش، ستەمی چینایەتیش بەشێکە لە زۆرداری. . . [سێهەم] خەبات دەکەین بۆ ئەوەیکە هەموو چەوساندنەوەیەک واتە چەوساندنەوەی سیاسییش لەبەین بچی. . . ئێمە هەر لە سەرەتاوە بۆ ئازادی خەبات دەکەین. . . حیزبی ئێمە خەبات دەکا بۆ ئەوەی. . . ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی چینایەتی و ستەمی سیاسی هەر سێکیان لەنێو بچن» (٢٠٠٣، ٦٥-٦٦). ڕێکارێک کە قاسملوو بۆ ڕزگاری لەم ستەمانە نیشانی دەدا، لە دروشمی ستراتێژیکی ئەو کاتی حیزبی دێموکراتدا ڕەنگی داوەتەوە کە بریتییە لە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان. لەسەر بنەمای لۆژیکی دێموکراسی، هەر دوو بژاردەی فێدراڵیزم و خودموختاری گرێدراون بە بوونی دێموکراسی لە ئێراندا و هەر بۆیەش لێرەدا بەرەورووی دوو کێشە دەبینەوە کە دەکرێ وەک کلیلی چوونە ژوورەوە بۆ ئەو باسە بن کە لە هێزی ناوەکیی بیرۆکەکانی قاسملوو کەڵک وەردەگرن و لە مەودایەکی بەرفراوانتردا ڕێگەیان پێ دەدەن پەرە بستێنن و لە چوارچێوەی دێموکراسییەکی ڕادیکاڵ و پلۆراڵدا جومگەبەندییە سیاسی ـ هێژمۆنیکییەکانی دەربکەون.

پێداگریی قاسملوو لەسەر دێموکراسی و ڕۆنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک لە ئاستێکدایە کە دەکرێ بگوترێ لە هەموو نووسین، چاوپێکەوتن و کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکاندابەردەوام پێداگری لەم بنەمایانە کردووەتەوە؛ تەنانەت لە دوایین چاوپێکەوتنیشیدا باس لە باوەڕی خۆی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دێموکراسیی عەمیق [قووڵ] دەکا (قاسملوو ٢٠١٥؛ زەنگین[١] ٢٠١٩؛ د. ئالان ٢٠١٩، ٩٠[٢]). پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەمەیە چۆن دەتوانین دێموکراسییەکی ڕادیکاڵ لەگەڵ لابردنی جۆرەکانی ستەم لە کوردستان پێکەوە گرێ بدەینەوە؟ ئایا بە ئەزموونی ئیستاکەمان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و خوێندنەوەمان بۆ کۆی پڕۆژەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، دەکرێ لەسەر بنەمای فەلسەفەی سیاسیی قاسملوو و پەرەپێدانیان، بیر لە ستراتێژییەکی نوێ بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەینەوە؟

## هێژمۆنی و جومگەبەندی

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا چەندین شێوازی دیکەی نابەرابەری و تێکۆشان بۆ سڕینەوەیان، ئاراستەی خەباتی دژە چەوساندنەوە یان فرەڕەهەندی کردووەتەوە. هەر تیۆرییەکی سیاسی دەیهەوێ باس لە وردەکارییەکانی ئەو مێکانیزمانە بکا کە تیایدا کۆمەڵانی خەڵک دەجمێن و لە ڕێگەیانەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ساز دەبن. بۆ زۆربەی مارکسیستەکان پرسیارێک ساز بووو کە چۆن دەتوانن سەرەڕای ململانێی

چینایەتی، هەوێنێکی تر بۆ شۆڕش بدۆزنەوە. تیۆریسییەنەکانی مارکسیزم بۆیان دەرکەوتبوو کە چیتر سەرمایەداری لەبەر قەیرانی ناوخۆیی، بە تێپەڕینی زەمەن و بە شێوەیەکی حەتمی، ناڕووخێت و شۆڕشـــی چینی کرێکار توانای ئەوەی نییە کە نایەکسانییەکان بسڕێتەوە، کەواتە دەبێ ڕێڕەوێکی نـــوێ بۆبزووتنەوەی چـــەپ بدۆزرێتـــەوە. گرامشـــی لـــە ڕێگەی تیۆریی هێژمۆنییەوە باسی لەوە کرد کە هۆی لەناونەچوونی سەرمایەداری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم سیســـتەمە ســـەرەڕای توندوتیژی و بووژاندەوەی ئابـــووری، توانیویەتی لە ڕێگەی نوخبەکانـــەوە بەها، بایـــەخ و دابونەریتەکانی چینـــی دەســـەڵاتدار وەک تایبەتمەندییەک نیشـــان بدا کە عەقڵی باویکۆمەڵگا پەسەندی بکا. کاتێک بەها و بایەخەکانی سەرمایەداری دەبنە جێی پەســـەندی هاووڵاتیان و خەڵک بـــە ڕەزامەندیی خۆیان پەیڕەویـــان دەکەن، سیســـتەمی ســـەرمایەداری دەتوانێ دۆخی هەنووکەیـــی وەک خۆی بهێڵێتـــەوە چونکە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕێگەی پەسەندکردنیانەوە مەشـــروعییەتیان بـــە ئایدیۆلۆژییەکەی داوە. «هۆی سەرنەکەوتنی چەوســـاوەکان (چینی کرێکار لـــە خەباتی چیانەیتیـــدا و نەتەوەی بندەســـت لە خەباتی نەتەوایەتیدا) ئەوەیە کە بەهاکانی چەوســـێنەرانیان قەبووڵ کردووە و بە کردەوە لە ژیانی خۆیاندا ڕەچاوی دەکەن. واتـــە چەوســـێنەران بـــۆ ڕێبەرایەتی کردنی چەوساوەکان، لە جۆرە ڕیبەرایەتییەک کەڵک وەردەگرن کە بە زۆر و بە تۆپزی نییە، بەڵکوو چەوســـاوەکان بە دڵ ئـــەو ڕێبەرایەتییەیان قەبووڵ کردووە، هەرچەنـــدە ئەو بەهایانە دژ بە بەرژەوەندییەکانـــی ئەوانە» (کەریمی ٢٠١٥، ٩٩-١٠٠).

ئەم دەســـتپێکە بۆ خوێندنەوەی شۆڕش، یارمەتیـــی «لاکلاو و مـــوف» دەدا کـــە بـــە گرنگیـــدان بە ناکۆکی نێوان دێموکراســـی و لیبرالیزم و هەروەها ئەو ئیمکانە هێزەکییەی کە داواکاری نوێی ناســـنامەیی بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ســـازی کـــردووە، تیۆریی ڕادیـــکاڵ دێموکراســـی خۆیان لـــە کتێبی هێژمۆنـــی و ســـتراتێژی سوسیالیســـتیدا جومگەبەنـــدی بکـــەن. جومگەبەنـــدی (articulation) زۆربەی جار بەو بەســـتنگە و جەمســـەرانە دەگوترێ کـــە جومگەکان لێک گرێ دەداتەوە؛ یا مەبەســـت کردەوەیەک لە دەربڕینێکی زمانناسیانەدایە کە بۆ سازکردنی مانا، وشـــەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. لاکلاو و موف ئەم دوو بەستێنە واتاییە پێک دێنن و لایەنی سێیەمی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی پێ زیاد دەکەن. لە ڕوانگەی تیۆریی سیاسیی ئەوانەوە جومگەبەندی بریتییە لە «هەر پراکتیســـێک کە لە نێوان توخمەکاندا پەیوەندییەک ســـاز بکا و ناســـنامەکان لە ئەنجامی پراکتیســـی جومگەبەندیـــدا بگۆڕدرێـــن» (٢٠٠١، ١٠٥). کەواتـــە، جومگەبەندی پراکتیســـێکە کە لە ڕێگەی لۆژیکـــی هاونرخـــی و جیاوازییەوە، پەیوەندییـــەک لە نێوان توخمـــە لێکچوو و نالێکچووەکان ساز دەکا و بەم شێوەیە ناسنامەی توخمەکان دەگۆڕدرێ و ناســـنامەیەکی نوێ ساز دەبێ. دەکرێ بگوترێ کاتێک کە سوژەی تاک یـــا بەکۆمەڵ گیـــرۆدەی جومگەبەندیی سیاســـییە، فۆرمێکی هاوپەیمانی یا تێکرایی ساز نابێ کە هەر توخمێک تیایدا ناسنامەی سەرەتایی و ڕەســـەنی خۆی هەڵبگرێتەوە، یا یەکیەتییەک ســـاز ببێ کە توخمەکان ناچار ببن ناســـنامەکانی پێشـــووتری خۆیان لەبیر بکەن، بەڵکـــوو بەرەیەکی هێژمۆنیک پێکدێ کە لە ڕێگەیەوە ناســـنامەی هەر ســـوژەیەک شێوازێکی نوێ بە خۆیەوە دەگرێ. هێژمۆنی پەیوەندییەک لە نێوان ئەو گرووپانەدا نییە کە ناســـنامەکان و بەرژەوەندییەکانیان دیاریکراو بێ، یاکـــوو بە مانـــای ئەوە نایـــەت کە ئەم گرووپانە پێکەوە یەکگرتوویییەک ساز بکەن، بەڵکوو بە واتای پرۆســـەیەکی ئاوێتە دێ کە هەموو بەشەکان، لە ڕێگەی سەرقاڵ بوون بە

کارلێکردنێکی دینامیک لە نێوان بیرۆکەکان، نەریتەکان و پراکتیسەکان، تیایدا سەر لە نوێ شکڵ بگرنەوە (موف، ١٩٧٩). لاکلاو و موف، لە ڕێگەی چەمکی جومگەبەندییەوە، هەوڵیان داوە تیۆریی هێژمۆنیی گرامشی لە ئابووریباوەڕیی مارکسیزم ڕزگار بکەن و لە بیاڤێکی سیاسیدا بیگونجێنن کە تیایدا خەبات و بریکارەکان فرەچەشنن و هیچ کامیشیان بالادەست نین. بە تێگەیشتنی ئەوان شۆڕشێکی دێموکراتیک کردارێکی بەکۆمەڵ و دژ بە نابەرابەرییە کە لە ڕێگەیەوە خەڵک دەتوانن بەرەنگاری پەیوەندییەکانی ملکەچی ببنەوە.

مارکسیزم بەشێک لە شۆڕشێکی دێموکراتیک بوو و هێزەکەی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم لەو توانایەوە سەرچاوەی گرتبوو کە توانیبووی بەرەیەکی نوێ لە ژێر بەیداخی خەباتی چینایەتی بۆ کۆکردنەوەی گرووپە جیاوازەکان و داواکارییەکانیان سەبارەت بە بەرابەری ساز بکا. بەرەبەرە تا نیوەی سەدەی بیستەم، مارکسیزم خۆی لە بنبەستێکدا دەبینییەوە چونکە چیتر نەیدەتوانی هێزی یەکخستنی پرۆلتاریا بەکار بێنێ و لە هەمان کاتدا نەیدەتوانی کەڵک لە فرەچەشنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان (وەکوو بزووتنەوەی فێمێنیستەکان، ئێتنیکەکان و ژینگەپارێزەکان و هتد.) وەربگرێ کە لە هەمان کاتدا ببوونە هۆی ئەوەی چیتر خەباتی چینایەتی دەوری سەرەکیی لە سیاسەتەکانی بەرابەریخوازی و دێموکراتیکدا نەبێ(هەمان، ١٥٩). هەر بۆیە ئامانجی دێموکراسیی ڕادیکاڵی لاکلاو و موف ئاوێتەکردنی بارودۆخەکانی گرێدانی خەباتێکی سیاسییە کە سێ تایبەتمەندیی نوێی هەیە: لە ڕوانگەی ئەوانەوە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی بابەتێکی حەتمینییە کە دەبێ هەر ڕوو بدا. لە خەباتدا دەبێ بپرسین کە لە چ کاتێکدا، بۆچی و چۆن گۆڕانی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو دەبێ؟ و تەنانەت هەندێکجار ڕەنگە گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەڵگری هەندێک ئەنجامی پێچەوانە بێ. هەروەها ئەوان بۆچوونێکی پلۆراڵیستییان سەبارەت بە سیاسەت هەیە کە تیایدا بکەرە کۆمەڵایەتییەکان کە لە کۆمەڵگادا چالاکن فرەچەشن و جۆراوجۆرن. بە واتایەک چیتر ناکرێ تەنیا لە ڕێگەی بەرەیەک کەوتنی چینایەتییەوە خەڵک بجمێندرێ. لە کۆتاییدا، گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە گوتارێکە کە ئەو توانایە بە چالاکەکانی بیاڤی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ببەخشێ کە نابەرابەریی دەسەڵات وەکوو بەشێک لە سیستەمی سەرکوت دەرک و جومگەبەندی بکەن.

هەر جومگەبەندییەک حەتمەن سیاسی نییە. لۆژیکی جومگەبەندی، بە شێوازێکی نوێ تیشکی خستووەتە سەر داواکارییە سیاسییەکان و بەڕێوەچوونی خەباتەکان و بە هەمان شێوە بەرەی هێژمۆنیکی ساز کردووە. لاکلاو و موف باس لەوە دەکەن کە هێژمۆنیی سیاسی کاتێک دەتوانێ فۆرم بگرێ کە شێوازی دەرکەوتنی پراکتیسە گوتارییەکان و ناسنامەکان ئانتاگۆنیسم (دژبەرایەتی) بەرهەم بهێنن. واتە، سووژە توانای ئەوەی هەبێ کە «تەواو وەکوو خۆی» دەرکەوێ و ناسنامەیەکی دیاریکراوی لە ناو سیستەمێکی سەقامگیر لە جیاوازییەکاندا هەبێ: «سەبارەت بە ئانتاگۆنیسم دەتوانین بڵێین بوونی «ئەویتر» ڕێگرە لەوەی کە من ‹بە تەواوەتی وەک خۆم› بم» (هەمان، ١٢٥). لێرەدا باشترە زیاتر هەم لەسەر چەمکی دژبەرایەتی هەڵوێستە بکەین و هەم دواتر بە دیاریکردنی جۆرەکانی ملکەچی، نیشانی بدەین کە کامەیان دەتوانن ببنە هۆی ئەوەی دۆخێکی ڕاستەقینەی دژبەرایەتی ساز ببێ.

موف لە کتێبی دەربارەی بابەتی سیاسی (٢٠٠٥) بە جیاوازیدانان لە نێوان دوو چەمکی دژبەرایەتی (antagonism؛ ئانتاگۆنیسم) و نەیاریەتی (agonism؛ ئاگۆنیسم) هەوڵ

دەدا لە چوارچێوەی دێموکراسیی ڕادیکاڵدا، پێناسەیەکی نوێ بۆ سیاسەتی ناسنامە بە دەستەوە بدا. موف سەرەتا لە ڕێگەی هێنانەبەرباسی جیاکاریی نێوان دۆست/دوژمن باس لە کاریگەریی ئەندێشەی کارڵ شمیت بە سەر بیرۆکەکانی خۆیدا دەکا. بە باوەڕی شمیت پێوەری سەرەکیی بابەتی سیاسی، جیاوازیی نێوان دۆست و دوژمنە و بابەتی سیاسی تاوتوێ کردنی شێوازی شکڵگرتنی «ئێمە» لە بەرانبەر «ئەوان»دایە و هەمیشە (دژ بە تاکباوەڕیی لیبراڵیزم و بەرژەوەندییەکانی) هۆگری پێناسەکردنی تایبەتمەندییەکانی کردارێکی بەکۆمەڵە؛ ئەم تێڕوانینە هەڵگری ناکۆکی و ئانتاگۆنیسمە و دژەبەرایەتییەکی ئاشتیهەڵنەگر ساز دەکا، کەواتە پەیوەندیی بە بڕیاردانەوە هەیە و کاری بە سەر گفتوگۆی ئازادەوە نەداوە. بە باوەڕی شمیت «دەکرێ تەنیا لە بەستێنی دەستەبەندیی دۆست/دوژمنەوە[۳] (the friend/enemy grouping) و بەدەر لە ڕەهەندەکانی ئەخلاق، جوانیناسی، و ئابووری، لە بابەتی سیاسی تێبگەین» (شمیت ۲۰۰۷، ۳۵). شمیت بەو ئەنجامە دەگا کە وەدیهاتنی ئامانجی کۆتایی لە سیاسەتدا پەیوەندیی بە لەناوچوونی دوژمنەوە هەیە، چونکە ئەگەر ئەویتر لەناو نەچێ ئەوە ئێمەین کە لەناو دەچین. موف ڕەخنەی شمیت لە دێموکراسیی لیبراڵی قەبووڵ دەکا و پێی وایە بابەتی سیاسی بێ بەریەککەوتنی گوتارەکان و پێکدژییەکان مومکین نییە و لە هەمان کاتدا باس لەوە دەکا نەیارەکان تەنیا هەندێک ڕەقیب نین کە بکرێ بەرژەوەندییەکانیان لە ڕێگەی دانوساندنەوە دابین بکرێ و لە کۆتاییدا ئاشتی ساز بکرێ. هەر بۆیە موف ڕێگەی سێیەم پێشنیار دەکا: ئەم جۆری سێیەمی پەیوەندییە لە دێموکراسییەکی پلۆراڵدا پەیوەندیی ئێمە/ئەوان بە شێوازی ئاگۆنیسمی ڕێک دەخات و تیایدا هیچ ڕێگەچارەیەکی لۆژیکی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان نابیندرێ بەڵام دوو لایەنی پەیوەندییەکە لە جیاتی دژبەرایەتی دەبنە نەیار (adversary)ی یەکتر و مەشروعییەتی یەکتر بە ڕەسمی دەناسن و لەم ڕێگەیەوە لە بیاڤێکی سەمبولیکی هاوبەشدا بەشدار دەبن. لە ڕاستیدا «دەتوانین بڵێین کە ئەرکی دێموکراسی، گۆڕانی ئانتاگۆنیسم (دژبەرایەتی) بە ئاگۆنیسمە (نەیاریەتی)» (۲۰۰۵، ۲۰). لە ئاکامدا، هەر نەزمێک سیاسییە و لەسەر بنەمای فۆڕمێک لە دەرهاویشتنە. هەمیشە هەندێک ئێمکان هەبووە کە سەرکوت کراون و دەکرێ سەر لە نوێ چالاک بکرێنەوە. ئەو پراکتیسانەی کە جومگەبەندی کراون بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە نەزمێکی تایبەت دابمەزرێ تا وەکوو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان سەقامگیر ببن، پراکتیسە هێژمۆنیکەکانن. هەر نەزمێکی هێژمۆنیک دەتوانێ لە لایەن پراکتیسە دژەهێژمۆنیکەکانەوە بکەوێتە ژێر پرسیارەوە (هەمان، ۱۸).

کێشەی سەرەکیی مارکسیزم هەر بۆ ئەم ڕاستییە دەگەڕایەوە کە بەریەککەوتنی چینایەتی نەیدەتوانی گشتییەتی جەستەی کۆمەڵایەتی بە سەر دوو بەرەی ئانتاگۆنێسیتیدا (دژبەرایەتیدا) دابەش بکا و لە هەمان کاتیشدا نەیدەتوانی بە شێوازێکی خۆبەخۆ هێڵێکی جیاکەرەوەی سیاسی بەرهەم بهێنێت. لە بەرانبەردا، لاکلاو و موف بۆ ئەوەی ئاستی دژبەرایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا بتوانن تاوتوێ بکەن، سێ دەستە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە یەک جیا دەکەنەوە: (۱) پەیوەندییەکی نابەرابەر کە تیایدا بەشداربووان سەبارەت بە لاسەنگبوونی دەسەڵات کێشەیان نییە و پرسیاری لێ ناکەن و لە ژێر ناونیشانی گوێڕایەڵیدا قەبووڵی دەکەن و ملکەچی دەبن. هەر مرۆڤێک لە چەندین بواری گرنگی ژیاندا ئەم جۆرە پەیوەندییە قەبووڵ دەکا. بۆ نموونە، کاتێک بەڕێوەبەری پرۆژەیەک دەستنیشانی دەکا کە فەرمانبەرەکان بەپێی یاسا

پەسەندکراوەکان چۆن دەبێ کار بکەن، یاکوو دایــک و باوک هەندێک ڕێوشــوێن بۆ ژیانی باشــتری منداڵەکانیان دەستنیشان دەکەن. ئەم ڕەزامەندییە بەو مانایە نییە کە ئێمە وەکوو مرۆڤ لەم پەیوەندییانەدا نابەرابەرین؛ بەڵکوو وەکوو بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئەم جۆرە نابەرابەرییە مەشــروعییەتی تایبەت بە خۆی هەیە. بەهــا و بایەخەکانی کۆمەڵگا بۆ نموونە مەشــروعییەت بە دایکێک دەدەن کە بە منداڵەکەی بڵێ کاتژمێر نۆی شەو نابێ لە دەرەوە بێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگە نادەن کــە توندوتیژی بەرانبەر بــە منداڵەکە بەکار بێت. دیارە ئەم بەهایانە بەپێی کات و شوێن ڕەنگە بگۆڕدرێن و یا لــە کولتوورە جیاکاندا فۆرمی جیاواز بەخۆیانەوە بگرن؛ (٢) سەرکوت کە پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای دەسەڵاتێکی نابەرابەر کە تیایدا بەشــداربووەکان سەبارەت بــە جــۆری پەیوەندییەکە پرســیار دەکەن و کێشــەیان لە لا ســاز دەبێ. لێرەدا دەبێ ئەوە لەبیــر نەکەین ئەو شــتەی کە دەبێتە هۆی ســەرکوت ڕەنگە بگــۆڕدرێ، بەڵام ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە ســەرکەوتوو دەبن کە بتوانن گوتارێک پەروەردە بکەن کە تیایدا پەیوەندییەک وەک سەرکوت نیشان بدرێ و داوا لــە خەڵک بکەن چیتر ئــەو پەیوەندییە قەبــووڵ نەکــەن. بەشــداریی بزووتنــەوە کۆمەڵایەتییەکان لەم باســەدا بریتییە لەوەی چۆن ئەوان دەتوانن گێڕانەوەیەک ساز بکەن کە تیایدا بەشــێک لەو پەیوەندییانەی وەک گوێڕایەڵــی مەشــروعییەتیان هەیــە، چیتر ئاســایی دەرنەکەون و لــە ڕێگەیەوە خەڵک داوا بکەن کــە دەبێ بگۆڕدرێــن. بۆ نموونە لــە ڕۆژهــەڵات هــەوڵ دەدرێ تەقە کردن لە کۆڵبــەران لە ڕێگەی گوتــاری قەدەغەی قاچاغ و پێشلکردنی ئەو یاسایانەی کە پشتی ئازادیی ئابووری دەگرن مەشــروعییەت پەیدا بــکا، بەڵام ئەگەر بکرێ ئەم پەیوەندییە وەک ســەرکوت و چەوســاندنەوەی تاکــی کورد نیشــان بدرێ، لە لای خەڵک ســەبارەت بە گۆڕانی دۆخی هەنووکەیی پرسیار ساز دەبێ. هەروەها، لــە ڕۆژهەڵات دەنگی ســەربەخۆ لــە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ســەرکوت دەکرێ بەڵام سیســتەم هەوڵ دەدا ئەم ســەرکوتە بۆ زۆرینەی خەڵــک وەک گوێڕایەڵییەک لە کاتی دەنگداندا شــرۆڤە بکا؛ (٣) ســوڵتە کە پەیوەندییەکە لەســەر بنەمای دەســەڵاتێکی نابەرابەر کە تیایدا ئەکتەرێک لە دەرەوەی ئەو پەیوەندییە پرسیار دەخاتە سەری. بۆ نموونە، لەبەر سیســتەمی ســوڵتەی ناســیۆنالیزمی ئێرانی لە لای زۆرینەی خەڵک لە کوردستان خوێندن بە زمانی فارســی و بەکارنەهێنانی زمانــی کــوردی وەک بابەتێکی کێشــەدار پرسیاری لەسەر ساز ناکرێ و بە ڕەزامەندیی خەڵک بۆخۆیان قەبووڵ دەکرێ.

### خەباتی هێژمۆنیکی کوردایەتی

منیــش وەکوو فوکۆ لەو باوەڕەدام کە لە هەر شوێنێک دەسەڵات هەیە بەرگریش ساز دەبێ. بەڵام دیارە کە بەرگری شێوازی جۆراوجۆری هەیە. تەنیــا هەندێک جار ئەم شــێوازانەی بەرگری دەتوانن تایبەتمەندییەکی سیاسی بە خۆیانەوە بگــرن و لە چوارچێوەی خەباتێکی دیاریکــراودا فۆرم بگرن و تیایــدا داواکاریی چەوســاوەکان، کۆتاییهاتنی پەیوەندییەکانی ملکەچی بــێ. بۆ نموونە ژنان بــە درێژاییی چەندین سەدە، شــێوازی بەرهەڵستکارانەی جیاوازیــان دژ بە ســوڵتەی پیاوانــە هەبووە بەڵام تەنیا هەندێک شێوازی تایبەت و لە ژێر هەلومەرجی دیاریکراودا، توانیویانە دەربکەون و داواکاریــی بەرابەریخوازانەیــان هەبێ. لەم ڕوانگەیەوە هەر کاتێک باس لە تایبەتمەندیی سیاســیی ئەم جــۆرە خەبــات و بەرگرییانە دەکرێ، مەبەست سنووردارکردنیان بە حیزب یا دەوڵەتــەوە نییــە، بەڵکــوو ئاوڕدانەوە لە کردارێکە کە ئامانجەکەی گۆڕانی فۆرمی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەیە کە تیایدا سووژە

لە ناو پەیوەندییەکانی ملکەچیدا ســاز دەبێ. بەمگوێرەیە «ناکرێ سیاسەت وەکوو پراکتیسی پێکهێنـــان، ســازکردنەوە و گۆڕانـــی فۆڕمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لەچوارچێوەی ئاستێکی دیاریکراوی بابەتی کۆمەڵایەتیدا جێ بکرێتەوە. هەروەها پرسی بابەتی سیاسی (the problem of the political) پرسی دامەزراوەی بابەتـــی کۆمەڵایەتییە و بـــە واتایەکی دیکە، لە بەســـتێنی لێکـــدراوی دژبەرایەتییەکاندا گرێدراویی بە پێناســـەکردن و جومگەبەندیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە» (لاکلاو و مـــوف ۲۰۰۱، ۱۵۳). هـــەر بۆیە لە بابەتی سیاســـیدایە کـــە دەرفەت وتوانـــای گۆڕانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و فۆڕمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییـــەکان (لـــە ملکەچییەوە بگرە تا سەرکوت و سوڵتە) دەخوڵقێ و کردەوەیەکی بەرگریکارانەی دژەچەوساندنەوە مانادار دەبێ.

دەتوانین بڵێین کوردایەتی خاوەنی هەوێنی شۆڕشـــێکی دێموکراتیکـــە، چونکە هەڵگری گوتارێکـــە کە تیایدا کردەوەی شۆڕشـــگێڕانە لـــە پێناوخەباتێکـــی دژ بە چەوســـاندنەوەیە و دەیەوێ بەرهەڵســـتکاری پەیوەندییەکانی ملکەچی ببێتەوە. واتە کوردایەتی دەیەوێ لە ڕێگەی شکڵبەندیی گوتاری ڕزگارییەوە دۆخی دژبەرایەتی دژ بە گوتارەکانی ئەویتر ساز بکا و نیشانی بدا چۆن دەتوانین پەیوەندییەکانی ملکەچـــی، وەک پەیوەندییەکانی ســـەرکوت پێناســـە بکەین. مرۆڤی کـــوردی ملکەچ لە دۆخی کۆلۆنیالیستی، پێویستی بە گوتارێکی دەرەکیناســـێنەر هەیە کە نیشـــانی بدا ئەم ملکەچییە پەیوەندییەکی ســـەرکوتکەرانەیە و بەرهۆی دۆخێکی سروشـــتی نییە. گوتاری دوژمن هەوڵ دەدا بۆ سەقامگیرکردنی دۆخی بندەســـتی پەیوەندییەکانـــی ملکەچی وەکوو جیاوازییەکی سروشـــتی نیشـــان بدا، بەڵام گوتـــاری کوردایەتی دژی دەوەســـتێتەوە و دەیەوێ لە ڕێگـــەی جومگەبەندیی هاونرخی شێوازەکانی خەباتەوە، شۆڕشێکی فرەڕەهەندی بەکۆمەڵ ســـاز بکا کە تیایدا وەک قاســـملوو ئاماژەی پێ دەکا نەمانی سێ شێوازی ستەمی نەتەوایەتی، چینایەتی و سیاسی دوا ئامانجی خەبات دەبێ.

ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لـــەدوای ســـازبوونی دەوڵـــەت نەتـــەوەی ئێرانـــەوە کەوتووینەتـــە دۆخی بندەســـتی و لە ژێـــر سیســـتەمی کۆلۆنیالیزمـــی ئێرانیدا خـــاک و نەتەوەکەمـــان بەکۆلۆنـــی گیراوە. لە تیۆریـــی کۆلۆنیالیزمـــی وەخۆگردا، وەک تایبەتمەندییەکـــی ســـەرەکی سیســـتەمی ســـوڵتەی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی، نیشـــانم داوە کە «کۆلۆنیالیزمی ئێرانی هاوکات لەگەڵ سەرکوت و توندوتیژی کە تایبەتمەندییەکی خێرا، ئاشـــکرا، ماڵوێرانکـــەر، دژەمرۆییانە و دڕندانەی هەیە و لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا پـــرۆژەی جۆراوجۆریان بۆ پێناســـە کردووە، کەڵـــک لـــە مێکانیزمەکانـــی وەخۆگرانـــەی ئایدیۆلۆژیـــی ئێرانچیەتـــی وەردەگرێ کە لە ماوەی ســـەد ســـاڵی ڕابردوودا، بە مەبەستی تواندنـــەوەی ناســـنامەی کـــوردی، چەندین شـــێوازی بەخۆوە گرتـــووە. ئەم شـــێوازە لە ڕواڵەتـــدا هێـــواش، شـــاراوە، شارســـتانیانە، مرۆییانـــە، ئاکادیمیـــک و بەپێـــی بەهاکانی کولتووری کۆنی جێی شانازی و کۆنی ئێرانییە؛ ئێرانییـــەکان لە پرۆســـەیەکی هەمیشـــەیی، نەگـــۆڕ و درێژخایەنـــدا وا دەنوێنـــن کە بە گەرموگوڕی لەگەڵ کوردەکان هەڵســـوکەوت دەکەن و لە ڕووی نـــەژادی، زمانی، ئایین و کولتوورییەوە، پێداگرییان لەســـەر نزیکایەتی لەگەڵ نەتـــەوەی کورد کـــردووە» (ئەردەڵان ۲۰۱۹ب، ۲۷). کۆلۆنیالیزمـــی وەخۆگـــر کـــە تایبەتمەندیـــی جیاکـــەرەوەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی لە هاوشـــێوەکانی دیکەیەتی، خۆی لە ڕاستیدا بۆ پاساوهێنانەوە، ئاسایی نیشاندان و بە یاســـایی کردنی تاڵانکردن و چەوساندنەوە ساز بووە تا لە ڕێگەی کولتووری سەردەستەوە، دۆخی چەوساندنەوە وەک دۆخی هەنووکەیی

و سروشتی نیشان بدا. گەشەنەسەندوویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرەنجامی ڕاستەوخۆی مێکانیزمە ئابوورییەکانی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە ئێرانە کە لە لایەکەوە ناسنامەی کوردیان وەک ئەویتری خۆیان و بە مەبەستی پەراوێزخستن پێناسە کردووە (سلێمانی و محەمەدپور ٢٠١٩) و لە لایەکی دیکەوە، لە ڕێگەی دابەشکردنی هێزی کارەوە، هێزی کاری ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکان بە مەبەستی گەشەی ناوەندی ئێران گوازراونەتەوە و لە هەمان کاتدا ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکانی پەراوێز لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستەی ناوەند دەکرێن و لە نەبوونی سیستەمێکی ئابووریی خۆبژێوی سەربەخۆ لە ڕۆژهەڵات، سەرچاوە مادییەکانی کوردستان بەتاڵان دەبرێن (ئەردەڵان ٢٠١٩ئا). لێرەدا ئەم پرسیارە ساز دەبێ بۆ ڕزگاری لەم چەوساندنەوەیە، نەتەوەی بەکۆلۆنیکراو دەبێ کەڵک لە چ شێوازێک لە خەبات وەرگرێ؟

پێش لەوەی کە ڕاستەوخۆ هەوڵ بدەم لە وڵامی ئەم پرسیارە نزیک ببمەوە، دەمەوێ باسێکی دیکەی پەیوەندیدار بورووژێنم. ئەگەر خەبات لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان تەنیا بە بەرگری کورت بکەینەوە، توانای سازکردنی پرۆژەیەکی هێژمۆنیکمان لێ سەندووەتەوە. کاتێک دەڵێین کوردستان کۆلۆنییە و خوازیاری ئەوەین کە نەتەوەی کورد/ کوردستانی لە دۆخی بندەستی ڕزگار بکەین، دەبێ باس لە مێکانیزمەکانی سەرکوت و سوڵتە بکەین. بەمگوێرەیە، لەسەر بنەمای لۆژیکی دێموکراسی، بەڵگە دەهێنینەوە کە مرۆڤی کوردیش دەیەوێ بە ڕزگاری و ئازادی بژی. لەم ئاستەدا کەڵکمان لە لۆژیکی دێموکراتیک وەرگرتووە و دەبێ ئاگادار بین کە لۆژیکی دێموکراسی بۆ جومگەبەندیی هەر پرۆژەیەکی هێژمۆنیک مەرجی تەواو نییە. «لۆژیکی دێموکراسی تەنیا جێگۆڕکێ بە وێنایەکی بەرابەریخوازانە دەکا کەتیایدا هەندێک پەیوەندیی کۆمەڵایەتی زیاتر بەربڵاو دەبێتەوە، کەواتە تەنیا لۆژیکی سڕینەوەی پەیوەندییەکانی ملکەچی و نابەرابەرییەکانە. لۆژیکی دێموکراسی، لۆژیکێکی ئەرێنیی بابەتی کۆمەڵایەتی نییە و هەر بۆیەش ناتوانێ خاڵێکی سەرەکی (a nodal point) دابمەزرێنێ کە بە دەوریدا بنیاتێکی کۆمەڵایەتی سەر لە نوێ ساز بکرێتەوە» (لاکلاو و موف، ١٨٨). لێرەوە بەم ئەنجامە دەگەین کە لایەنی تێکدەری لۆژیکی دێموکراسی، بۆ سڕینەوەی نەزمی پێشتر دەبێ لەگەڵ کۆمەڵە گەلاڵەیەک هاوکات بێ کە بە شێوازێکی ئەرێنی هەندێک دامەزراوە بۆ بابەتی کۆمەڵایەتی لەخۆ بگرێ. ئەگەر داواکارییەکانی گرووپە ژێردەستەکان تەنیا وەک داواکارییەکی نەرێنی ئاراستە بکرێ کە نەزمێکی تایبەت هەڵتەکێنێ و پرۆژەی تایبەت و جێی سەرنجی بۆ دیسان بنیات نانەوەی کۆمەڵگا پێ نەبێ، لە هەمان سەرەتاوە تواناکەی بۆ کردەوەی هێژمۆنیک لەناو دەچێ. شێوازی خەباتێک کە تەنیا لەسەر بنەمای لۆژیکی دێموکراسی بێ بە سیاسەتێکی داخراو دەگا، بەڵام خەباتێک کە لەسەر بنەمای دێموکراسیی ڕادیکاڵ بێ، تەنیا کۆمەڵە داواکارییەکی دژەسیستەم لە ڕوانگەی بندەستەکانەوە نییە، بەڵکوو هەروەها بە شێوازێکی هێژمۆنیک بەرەو سەرلەنوێ سازکردنەوەی کۆمەڵگا لە لایەن گرووپە بندەستەکانەوە هەنگاو دەنێ. کەواتە ئەم سەرلەنوێ سازکردنەوەیە لە «ستراتێژییەکی پێکدژییەوە» بەرەو «ستراتێژیی سازکردنەوەی نەزمێکی نوێ» هەنگاو دەنێت.[۴]

بۆ وڵامی پرسیاری پێشوو دەگەڕێمەوە بۆ ئەندێشەی قاسملوو کە بە ڕاشکاوی پێی وایە خودموختاری دەتوانێ لە ستەمی نەتەوایەتی ڕزگارمان بکا و هەر ئەمە بە سیاسەتی واقعبینانەی نەسلی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستنیشان دەکا. لە هەمان کاتدا

خــۆی بە روونــی ڕێگەیەکی کــراوە بۆ دوو بژاردەی دیکە واتە فێدراڵیزم و ســەربەخۆیی دەهێڵێتەوە: «نەســلی داهاتــوو بۆخۆی بڕیار دەدا ئایــا وەک ئێمە خۆدموختــاری دەوێ یان نا. . . ئەگەر ڕۆژێک قەرار بێ مەســەلەن شــوعاری ســەربەخۆییمان هەبێ یەکێک لە شتەکان ئەوەیە کە لە باری نێونەتەوەییشەوە دەبێ وەزعەکە ئامادە بکرێ» (قاسملوو ١٣٨٤ج، ٣١٢). ئەگــەر لەم تێبینییەی قاســملوو ورد ببینەوە پرســیارێکمان لە لا ساز دەبێ بۆچی ئەو ڕێــگای خودموختاری هەڵبــژارد؟ دیارە جومگەبەندیی پرۆژەی قاسملوو بۆ ڕزگارییە و دەیەوێ مرۆڤی کورد لە چەوساندنەوە ڕزگار بکا. پێشتر باســمان لەوە کرد کە کوردستان و نەتــەوەی کورد لە لایەن دەوڵەت نەتەوەی ئێرانــەوە بەکۆلۆنی کراوە. لــە هەمان کاتدا ئەزموونــی مێژوویــی پاش قاســملوو بۆمان دەردەخا کە لــە پەیوەندییە کۆلۆنیالییەکانی ناوەندی ئێرانی/فارس لەگەڵ کورد نەک هیچ جیاوازییەک ڕووی نەداوە بەڵکوو هەروەها بە تۆکمەترکردنی هێژمۆنیی کولتووریی خۆیان لەسەر ئاستی کوردســتانی گەورە دەیانەوێ ناسنامەی کوردی لە هەناویدا بپووکێننەوە و ناوەرۆکی ئێرانیی بۆ ســاز بکــەن. کەواتە لە خەباتێکــی هێژمۆنیکی دژەکۆلۆنیالیســتیدا، ســەرەتا دەبــێ ڕۆژهەڵاتی کوردســتان بە ســەربەخۆیی بگا، چونکە هەتــا زنجیرەکانی وابەســتەییی نەتەوەی کۆلۆنــی بە نەتەوەی کۆلۆنیالیســتەوە مابێ، گۆڕانێکــی ڕادیکاڵ لــە پەیوەندییەکانــی ئــەم دوو نەتەوەیەدا ســاز نابێ کە لەســەر بنەمای چەوساندنەوە پێناســە کراوە. لە ئێســتادا ئێمە دەزانین کە کۆلۆنیالیزمی ئێرانی ڕۆژهەڵاتی کوردســتانی وەک پەراوێزێکی کۆلۆنی بۆ گەشــەی ناوەند بــەکار هێناوە. هــۆکاری گەشەنەســەندنی ڕۆژهــەڵات لەبــەر کەموکوریی یاســایی یا کەمترخەمــی ناوەنــد لــە مــاوەی تەمەنی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانیــدا نەبووە. بەڵکوو لە هەمان ســاتەوەختی پرۆژەی ناســیۆنالیزمی ئێرانی، خاک (سەرچاوە مادییەکان) و نەتەوە (ســەرچاوە مرۆییــەکان وەک هێزی کار) بۆ گەشــەی ناوەند بەکار هاتووە و چەوســاتەوە یــان ئــەوەی پەراوێــز خــراوە. ڕۆژهەڵاتی کوردســتان بەئەنقەســت لە دۆخی کۆلۆنیدا هێشــتراوەتەوە و تیایدا ناســنامەی کوردی/ کوردستانی سەرکوت کراوە (ئەردەڵان ٢٠١٩ئا). چونکە ئەگەر کورد وەک نەتەوەی بندەســت بیهەوێ لە دۆخی چەوساوەیی ڕزگاری ببێ، چیتر ناســیۆنالیزمی ئێرانی مانای نامێنێ. بە روونی بۆمــان دەردەکەوێ کە تەنانەت هێزە بەناو پێشــکەوتووخوازەکانی بەرەی چەپ لە ئێران (لە توودەی ســەدەی بیستەمەوە بگرە تا ئانارشیســتەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی ســەدەی بیســت و یەکەم) هێڵی سووریان ناسنامەی کوردی/کوردستانییە.[٥] لە ڕاستیدا، مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی هەر شۆڕشێکی دێموکراتیک، ســڕینەوەی ئەو پەیوەندییانەیە کە لەســەر بنەمای چەوســاندنەوە ساز بوون و لە ڕۆژهەڵات لە هەنــگاوی یەکەمدا دەبێ کوردستان لە دۆخی کۆلۆنیالیزم ڕزگاری ببێ. بەڵام تێگەیشتنی پێشــووترلە شۆڕش ڕەنگە نەتوانێ بەم ئامانجــە کۆتاییە بمانگەیەنێت، چونکە هەم لە لایەکــەوە پێیوایە دەکرێ بە مانــەوەی پێکهاتەی سیاســیی ئێران مرۆڤی کــورد ڕزگاری ببێ؛ هەروەها لەم شــێوازەدا زیاتر بیر لەوە کراوەتــەوە کە یەک ناوەند بۆ چڕکردنەوەی هێز هەیە کە تیایدا کۆمەڵگا لە ڕێگەی هێزێکی شۆڕشــگێڕی پێشکەوتووەوە (هێزی پێشــمەرگە) بــەرەو ئامانجی کۆتایی هەنــگاو هەڵبێنێــت. بەڵام ئــەم دیمەنە لە لایەکــەوە ناتوانێ لە هەموو تواناکانی بەشــە چەوســاوەکانی ناو کۆمەڵگا بۆ شۆڕش کەڵک وەرگرێ و بە واتایەک کــراوە نییە، هەروەها ڕێگە بۆ هێزی سەرکوتکەری ڕێژیمی ئێرانی خۆش دەکا کە بە ئاســانی هێزی شۆڕشگێڕ ســنووردار بکا و لە ئاســتی کاریگەریی کەم

بکاتەوە. لێرەدا بۆ شرۆڤە و وردبوونەوەی زیاتر دەتوانین کەڵک لە چەمکی شەڕی پێگەی (the war of position) گرامشی وەربگرین.

گرامشی شەڕی پێگە لە بەرانبەر شەڕی مانۆڕ (the war of maneuver) دادەنێ کە شۆڕش تەنیا لە ڕاپەڕینی چەکداریدا دەبینێ و تیایدا چەک و تەقەمەنی بەکار دێت. هەڵبەت لە بەرانبەردا، سەرمایەداریی پێشکەوتوو لە ڕێگەی کولتوورییەوە کە درێژخایەنتر و ئاڵۆزترە شۆڕشی چەکداری بنکۆڵ دەکا. گرامشی بەپێچەوانەی کارڵ کاوتسکی و ستراتێژیی شەڕی بەچۆکداهێنان (the war of attrition) باس لەوە دەکا کە چیتر تەنیا شەڕی چەکداری وڵامدەری بەرەورووبەنەوە لەگەڵ سەرمایەداری نییە (لاکلاو و موف ۲۰۰۱، ۷۰) بەڵکوو دەبێ لە کۆمەڵگادا بتوانین لە هەموو جۆرەکانی بەرهەڵستکاری لە پێگە جیاوازەکاندا، دژ بە سوڵتەی کولتووریی سەرمایەداری کەڵک وەرگرین. قاسملوو وەک ستراتێژیستی حیزبی دێموکرات و پاش میلیتاریزەکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، بەخێرایی شەڕی جەبهەیی بەرەو شەڕی پارتیزانی دەبا، بەڵام لەوەش ئاگادارە کە ئەم شەڕە دەتوانێ زۆر درێژخایەن بێ چونکە «شەڕی پارتیزانی شەڕی ماندووکردنی دوژمنە، بۆیە زۆر وێ دەچێ، شەڕی ئێمە لە دژی دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی و دیکتاتۆری شەڕێکی درێژخایەن بێ.» (قاسملوو ۱۳۸۴ئا، ۲۵۷-۲۵۸). هەر بۆیە قاسملوو لەم جۆرە ستراتێژییە نوێیە بۆ بەکارهێنانی شەڕی پێگە ئاگادار بووە و لەم ڕوانگەیەوە لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ:

*لەو بڕوایەدام کە ئەم ڕێژیمە لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازاد و نووسینی چەند وتار لە دەرەوەی وڵات ناڕووخێ. [بەڵکوو] دەڵێم لە ڕێگای زاڵبوونەوە ئەم ڕێژیمە لە بەین دەچێ؛ ئیستا ئەم زاڵبوونە ڕاپەڕینی چەکدارانە لە نێو شارەکان دەبێ یا تێکەڵێک لە شەڕی چەکدارانەی شاری لەگەڵ شەڕی پارتیزانی لە دێهاتەکاندا و مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی خەڵکی لە نێو شارەکاندا، لەو بڕوایەدام ناکرێ لە پێشدا ئەمە دیاری بکرێ. بەڵام سەبارەت بەوە کە داخوا ئەو ڕێژیمە دەڕووخێ ئەویش لە ڕێگای زاڵبوون بە سەریدا، من هیچ لە شک و گوماندا نیم کە ڕێژیم لە قەیرانێکی قووڵدایە (قاسملوو ۱۳۸۴ب، ۵۵).*

فرەچەشنکردنی بیاڤی سیاسی و ڕێگرتن لەوەی کە هێز تەنیا لە یەک ناوەندا چڕ ببێتەوە، یارمەتیدەری گوتاری کوردایەتی دەدا کە لە نێوان بزووتنەوەجیاکانی ناو کۆمەڵگای کوردی لە ڕێگەی جومگەبەندییەکی هێژمۆنیکەوە پێگەی فرەڕەهەند لە هەناوی یەکیەتییەکی دژەچەوساندنەوە بۆ خەبات ساز بکا. ئەگەر داواکارییەکانی دەستە و گرووپە جیاکان لێک جیاواز بن، لە زۆربەی کاتەکاندا پێکەوە ناگونجێن و هیچ جۆرە هاونرخییەک لە نێوانیاندا ساز نابێ. هەروەها کاتێک باس لەوە دەکەین کە کوردایەتی خەباتێکە بۆ لابردنی ستەم و چەوساندنەوە، کاتێک دەتوانین باس لەوە بکەین کە ئەم خەباتە توانایەکی هێژمۆنیکی هەیە کە بەسەر هەموو جومگەکانی ڕۆژهەڵاتدا شۆڕ ببێتەوە؛ هەروەها بتوانین بە شێوازێکی دێموکراتیک و پلۆراڵ ئەو نابەرابەرییانەی کە پەیوەندییەکانی سەرکوت و سوڵتە سازیان کردووە، پێکەوە جومگەبەندی بکەین. واتە ئێمە دەبێ لە ڕێگەی گێرانەوەیەکی بەهێزی پێشووتر (گوتاری دژەچەوساندنەوەی کوردایەتی) بتوانین بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان لە هەمان کاتدا کە سەربەخۆن و گرنگی بە داخوازییەکانیان دەدرێ، هاونرخ بکەین و لە پێناوی ڕزگاریدا دوژمنی پێ لەناو بەرین و

پێگەکانی لە ناو کۆمەڵگادا پڕ بکەینەوە.
ئـەم سـتراتێژییە نوێیە کە مـن وەکوو خەباتـی هێژمۆنیکـی کوردایەتـی نـاوی لـێ دەبەم، لـە ڕێگـەی خاڵـی ناوەندیی دژەچەسـاندنەوەوە، جـومگەبەندیەکـی هێژمۆنیک دەکرێ و دژ بە هەموو شێوازەکانی بندەسـتییە. زنجیـرەی هاونرخـی خەباتە جیاکان دژ بە نابەرابەرییەکانی ناو کۆمەڵگان و چالاکییەکانی هەندێک بزووتنەوەی وەک دژە ڕەگەزپەرەسـتی، فێمێنیزم و دژەسێکسیزم، ژینگەپارێـزی، و مافـە مەدەنییـەکان پێک دەبەسـتێتەوە و هەروەهـا هـاوکات لەگەڵ خەباتـی دژی سـتەمی نەتەوایەتـی و چینایەتی، لێکیان گـرێ دەداتەوە. دەکرێ بوترێ لە خەباتـی هێژمۆنیکی کوردایەتیدا، ئێرادەی بەکۆمـەڵ بەرهەمی جومگەبەندیی سیاسـی و ئایدیۆلۆژیکی ئەم هێزە بە ڕواڵەت پـرش و بڵاوانەیـە و دەتوانـێ هەمووبـان لـە بزووتنەوەیەکـی دژەچەوسـاندنەوە جومگەبەندی بـکا. کوردایەتی[۶] بۆ جماندنی کۆمەڵانـی خەڵک لەسـەر بنەمای ڕێسـای دێموکراتیکی ئازادی و بەرابەری هەوڵێسـتە دەگرێ و لە چوارچێوەی ماتریسـێکی چەند بەشـیدا وێنایەکی نوێ لە بابەتی سیاسـی پێشـکەش دەکا. خەباتـی هێژمۆنیکـی کوردایەتـی مەبەسـتیەتی کە شۆڕشـێکی دێموکراتیک ساز بکا و کۆتاییی سیستەمێکی هیرارشی و نایەکسان ڕابگەیەنێ. لەم ڕووەوە، داواکاریـی سوسیالیسـتی وەک ڕەهەندێکی گرنگ لەم شۆڕشـە دەردەکەوێ. قاسملوو لە ڕاسـتیدا نزیک لەم ڕوانگەی بۆ سوسـیالیزم هەبوو[۷]، هەر بۆیە لە کورتەباسدا پێش لە لە لاکلاو و موف باس لـە ڕەهەندی ڕادیکاڵ و پلوراڵی سوسیالیزم بۆ کوردستان دەکا:

*[سوسـیالیزمی ئێمە] نـەک تەنیا نابێ ئازادییەک [لە ئینسان] بستێنێ، بەڵکوو بەپێچەوانـەوە دەبێ زۆر زیاتریشـی لە سـەردەمی سـەرمایەداری بداتێ. ئێمە دەبێ سوسـیالیزمێک دروسـت بکەین کە نـەک تەنیا دێموکراسـی مەحدوود نـاکا، بەڵکـوو پەرەشـی پـێ دەدا... ئێمـە کۆمەڵێکمـان دەبێ کـە لەوەدا گەشـەکردنی ئازادانـەی هـەر کەس، شەرتی گەشەکردنی هەمووانە (قاسملوو ۲۰۰۳، ۳۸).*

هەروەهـا لە درێـژەدا بەم ئەنجامـە گرنگە دەگات:

*کەوابـوو، ئێمـە دەبێ سوسـیالیزمێک دامەزرێنین کـە دێموکراتیک بێ. ئەوە هـەم بـە مانـای کەڵـک وەرگرتن لە دەستکەوتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە و، هەم بـە مانای کەڵـک وەرگرتن لە ئازادیی فەردی و سیاسی و بەشدارکردنی ڕاسـتەوخۆی کۆمەڵانـی خەڵـک لـە هەڵسـووڕاندنی کاروبـاری وڵاتدایە. لە سوسیالیزمی دێمۆکراتیدا، فەرد نە لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەچەوسێتەوە و نە لە باری سیاسییەوە، هاونیشتمانیی وڵاتێک کە سوسـیالیزمی دێموکراتیکی تێدا پێکهاتووە، هاونیشتمانییەکی ئازادە و بە ئازادی دەژی (قاسملوو ۲۰۰۳، ۴۰).*

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەم ئەو شتەی کە ڕێگـە دەدا هەتا شـێوازە جیاکانی بەرگری، تایبەتمەندییەکـی خەباتێکـی بەکۆمـەڵ بەخـۆوە بگرن، بوونی گوتارێکـی کۆکەرەوە ودەرەکییە کە نەهێڵێ ئەو پەیوەندییانە وەک ئەو جیاوازییـە کولتوورییـە جومگەبەندیی بـۆ بکرێ کە لـە چوارچێـوەی جیاوازیدا و لـە لایەن گوتـاری کۆلۆنیایسـتییەوە (و لە دوارۆژدا لـە ڕێگـەی سـەپاندنی کولتووری مشەخۆریی سەرمایەدارییەوە) وەک بابەتێکی ڕێژەیی کـە پەیوەندیـی بـە لێکۆڵینەوەی

کولتووریـــیـــەوە هەیەســـەقامگیر ببـــێ.[٨] ئەم گوتارە دەرەکییە، لە ڕێگەی حیزبەوە، وەکوو دامەزراوەیەکی سیاســـی، دەتوانێ خواســـتە جیاکانی ناو کۆمەڵگای کوردی بەدی بێنێ و بە گرنگیدان بە جیاوازییەکان و هێشتنەوەی ســـەربەخۆبوونیان، بەپێی لۆژیکی هاونرخی، جومگەبەندییان بۆ بکـــرێ. هەرچەند حیزب هەندێکجـــار وەک بەدیهێنەری بوروکراســـی دەتوانێ ببێتە لەمپەر بۆ شۆڕشـــی کۆمەڵانی خەڵک بەڵام «دەشتوانێ ڕێکخەری کۆمەڵانی خەڵکی پرش و بڵاو بێ کە لە ڕووی سیاسییەوە ســـەربەمۆر ماونەتەوە و کەواتە دەتوانێ ببێتە ئامرازی بەرفراوانبوون و قووڵتربوونی خەباتی دێموکراتیـــک» (لاکلاو و مـــوف ٢٠١١، ١٨٠). لێرەدایە دەتوانین باس لەوە بکەین کە حیزبی دێموکرات هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە ڕابردوودا بەریەکی بەهێزی دژەچەوســـاندنەوەی ســـاز کـــردووە، لە داهاتووشـــدا دەتوانێ لە ڕێگەی خەباتێکی هێژمۆنیکەوە کۆمەڵانێکی خەڵک، زیاتـــر لە جـــاران بە دوو مەبەســـتی هاونرخ بجمێنێ. ســـەرەتا لە چوارچێوەی گوتارێکی دژەکۆلۆنیالیستیدا مانایەکی نوێ بۆ نەتەوەی بندەســـت، چینی چەوســـاوە، ژن، ژینگەی کوردســـتان/زاگرۆس و مافـــە مەدەنییەکانی هاووڵاتیان پێناسە بکا. ئەو گێڕانەوە مەزنەی کە دەتوانێ خەباتی هەر کام لەم بزووتنەوانە لە پێناو بەرابەری و ئازادی، بە شێوازیکی هاونرخ جومگەبەندی بکا گوتاری کوردایەتییە. خاڵی ناوەندی ئەم گوتارە دژایەتیکردنی هەر جۆرە چەوساندنەوەیەکە کە لە پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا ساز دەبێ.

دوای ســـەربەخۆبوونی کوردســـتان، حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی پێشـــەنگی چـــەپ پەیوەندیی ئێمە/ئێوە لەســـەر بنەمای دژبەرایەتی و دۆســـت/دوژمن پێناســـە ناکا، بەڵکوو لە نـــاو کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک و پلۆراڵدا ئەم بەریەککەوتنە، تایبەتمەندییەکی نەیاریەتـــی بەخۆیـــەوە دەگرێ بگـــرێ. واتە هەرچەند نەیـــارەکان بۆ بە دەســـت گرتنی دەسەڵات پێکەوە ڕەقیبن و دەیانەوێ لایەنی بەرانبەریان لە گەیشـــتن بە دەسەڵات دوور بخەنـــەوە، بەڵام لە هەمـــان کاتدا جیاوازی و مافەکانیان قەبووڵ دەکەن و مەشـــروعییەتی پـــێ دەدەن. ئەم پەیوەندییە تەواو جیاواز لەو پەیوەندییە دەبێ کە لـــە قۆناغی کۆلۆنیالیزم نەتـــەوەی بندەســـت وەک دوژمن ســـەیری نەتـــەوەی سەردەســـت دەکا و دەیەوێ هەم مەشروعییەتی لێ بســـڕێتەوە و هەم لەناوی ببات.

## دەرەنجام

سیاســـەتی هێژمۆنی و دێموکراسیی ڕادیکاڵ چـــوار گریمانـــە ســـەبارەت بـــەو مەرجانە پێشکەش دەکەن کە لە ڕێگەیانەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییـــەکان دەتوانن لـــە بەدیهێنانی گۆڕانـــی کۆمەڵایەتیـــدا ســـەرکەوتوو بـــن: ١ هێزی گوتاری هێژمۆنێک: بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەتوانێ لە سازکردنی ئانتاگۆنیزمدا ســـەرکەوتوو بـــێ کـــە بتوانـــێ نابەرابەریی دەسەڵات لە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەســـتە بکاتەوە و دوابەدوای ئەوە بتوانێ ئەو نابەرابەرییانە بە گوتارێکەوە گرێ بداتەوە کە پێشتر هەبووە و قەبووڵ کراوە. ئەم گوتارە دەبێ بتوانێ چۆنیەتیـــی ئەم ناعەداڵیەتییەی کە لە نابەرابەریی دەســـەڵاتدا هەیە شـــرۆڤە بکا و هەروەها بزووتنەوەی کۆمەڵاتیش دەبێ ئەم گوتارە بۆ جماندنی خەڵک و ڕاکێشـــانی پشتیوانیی ئەوان بۆ خۆی بە مەبەستی گۆڕانی کۆمەڵایەتـــی بەکار بێنێت. ٢ دێموکراســـی ئامانجێکی بزێـــوە و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەنگاوتنی پێویســـتی بە خێرایی و چالاکی هەیـــە. چونکە بە گۆڕانی واقیعی کۆمەڵایەتی نابەرابەریی نوێ لە ناو دەسەڵاتدا دەردەکەوێ و بزووتنەوەیەک ســـەرکەوتووە کە بتوانێ بە خێرایی و کارامەیی ئـــەم نابەرابەرییانە بکاتە ئامانج و لەگەڵیاندا بگونجێ؛ ٣ ئەو بزووتنەوە

کۆمەڵایەتییانەی کە داخراوترن تەنیا لەسەر بەدیهاتنی یەک ئامانج چڕ دەبنەوە و هەر لەم ڕووەوە شیمانەی سەرکەوتنیان کەم دەبێتەوە. کەواتە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە سەرکەوتووەکان ئەوانەن کە دەتوانن چیرۆکێکی خوێندنەوەی هاوبەش لەگەڵ ئامانجی دیاریکراو بۆ گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان ساز بکەن؛ ۴ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو دەبێ کە بتوانێ وێنایەکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی بەدیل ساز بکا. ئەگەر داخوازییەکانی گرووپێکی بندەست تەنیا وەکوو داواکارییەکی نەرێنی پێشکەش بکرێ و بیهەوێ نەزمی هەنووکەیی تێک بشکێنێ، بێ ئەوەی هیچ ڕێکارێکی کردەیی بۆ سەرلەنوێ سازکردنەوەی کۆمەڵگە بە دەستەوە بدا، بە ئەگەری زۆرەوە ناتوانێ لە هەمان سەرەتاوە کردارێکی هێژمۆنیکی هەبێ و لە ئاکامدا شکەست دێنێ.

لە کۆتاییی ئەم توێژینەوەیەدا دەتوانین بپرسین کە پرۆژەی دێموکراسیی ڕادیکاڵ چۆن دەتوانێ کاریگەری لەسەر عەقڵی باو لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات هەبێ کە ڕەنگە زیاتر نەتەوەی کوردی وەک بریکاری گۆڕانی سیاسی و تێکدانی دۆخی هەنووکەیی سەیر کردووە؟ دەکرێ باس لەوە بکەین کە خەباتی هێژمۆنیکی کوردایەتی مەبەستی ئەوە نییە کوردایەتی تێپەڕێنێت یاکوو لە خواستەکانی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و ڕزگاریی خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد چاوپۆشی بکا، بەڵکوو واوەتر دەچێ و دەیەوێ هەم لە لایەکەوە بە گرنگیدان بە خواستە ناسنامەییەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان (وەکوو خەباتی فێمینیزم، ژینگەپارێزی و دژە ڕەگەزپەرستی) بەرەو شۆڕشێکی دێموکراتیک هەنگاو هەڵبگرێ. لە لایەکی دیکەشەوە کاتێک بکەرە کۆمەڵایەتییەکان فرەتر دەبن، گوتاری کوردایەتی دەتوانێ لە چوارچێوەی سازکردنی وێنایەکی دژەچەوساندنەوەدا ئەم بزووتنەوانە پێکەوە جومگەبەندی بکا و نیشانی بدا کە بەرگریکردن لە مافی کرێکاران هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ داوای مافی بەرابەر لە لایەن بزووتنەوەی ژنانەوە نییە. بۆ نموونە قاسملوو وەک سوسیالیستێک، بەرگریکارێکی بەهێزی داواکاریی کرێکاران لە کوردستان بوو، لە هەمان کاتدا دەیزانی کە لە هەر دوو قۆناغی شۆڕشدا دەبێ بزووتنەوەی ژنان وەک یەکێک لە بنەڕەتە گرنگەکانی سازکردنی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک سەیر بکرێ:

*لەم بزووتنەوەیەدا دەبێ ژنان شوێنێکی تایبەتییان هەم لە چالاکیی سیاسی و هەم لە کاروباری حیزبیدا هەبێ. حیزبی ئێمە باوەڕی بە بەرابەریی ژن و پیاوە. بەڵام تەنیا قەبوڵ کردنی ئەم مافانە بە مانای وەدیهاتنیان نییە، چونکە کەلێنێکی گەورە لە کۆمەڵگەکەماندا هەیە و لە کۆتاییدا دەبێ ئەم مەودایە نەمێنێت. هەرچەندە ژنان چالاک بن و لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا بەشدارییان هەبێ، بە هەمان ئەندازە کۆمەڵگاکە مۆدێرنە و بە هەمان ئەندازەش بزووتنەوەکە دێموکراتیکە و هەروەها بەختی ئەوەی هەیە سەرکەوێ» (وەرگیراوە لە مونەزەمی ۲۰۱۱ ، ۴۴؛ منظمی ۱۳۹۲، ۹۹-۱۰۰)*

یاکوو داکۆکی کردن لە ژینگەی کوردستان و هەوڵ بۆ پاراستنی سەرچاوە مادییەکانی، هەمان نرخی بەرگریکردن لە نەتەوەی کوردی هەیە کە لە ناو کولتووری فارس/ئێرانیدا نەتوێتەوە؛ هەر بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بابەتی ژینگەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک بابەتێکی ئەمنی سەیر دەکا (حەسەنیان ۲۰۲۰). بەتایبەت کە بۆمان دەرکەوتووە ناسیۆنالیزمی ئێرانی

بۆ سازکردن و هێشتنەوەی جوگرافیایەکی ساختە هەموو ژینگەی کوردستانی بەتاڵان بردووە. تەنانەت بایەخی زنجیرەی هاونرخ لێرەدا گرنگە کە ئەو شوێنانەی زاگرۆس کە لە ئێستادا بەپێی سیاسەتی ناسنامە خۆیان لە ناسنامەی کوردی/کوردستانی بەدوور دەگرن وەکوو ناوچەی لۆڕستان دەکرێ لە ڕێگەی خەباتێکی هێژمۆنیکەوە لەگەڵ بزووتنەوەی دژەچەوساندنەوە گرێ بدرێتەوە.

هەروەها دەبیندرێ کە فرەچەشنبوونی زمانی/زارەکی، ئایینی و کولتووری لە کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی بتوانێ کەڵکاژۆ لەم جۆراوجۆرییانە بگرێ و بەپێی لۆژیکی ناسیۆنالیزمێکی سنوردار و ڕەگەزپەرستانە، بە تەوسەوە چالاکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بخاتە ژێر ئەم گوشارەوە کە گوایە ئێوە خاوەنی گوتارێکی هاوبەش و ڕێکخراو نین، کەواتە ئێمە ناتوانین وەڵامدەری داواکارییەکانتان بۆ نموونە لە ئاست مافی خوێندن بە زمانی کوردی (یا بە وتەی ئەوان خوێندنی زمانی کوردی) بین. لە پرۆژەی خەباتێکی هێژمۆنیکی کوردایەتی ئەم بابەتە و هاوشێوەکانی (وەک بوونی دوو ئەلفوبێ بۆ زمانی کوردی) نەک جێی مەترسی نین، بەڵکوو وەک دەرفەت سەیر دەکرێن کە لە قۆناغی یەکەمی ڕزگاریدا کۆهێزی گرووپە بندەستە پەراوێزخراوەکانی کوردستان دژ بە ناسیۆنالیزمی ئێران جومگەبەندی دەکرێن و هەم لە داهاتوودا و لە دێموکراسییەکی ڕادیکاڵدا ئەم فرەچەشنییە هیچ کە ناسڕێتەوە یا هەوڵ بۆ تواندنەوەیان لە سیستەمێکی ناوەندەرادا نادرێ، بەڵکوو ڕێگە دەدرێ پۆتانسیەلەکانی بۆدەوڵەمەندتر کردنی کولتوورێکی ڕەنگاوڕەنگ بەکار بێت. هەر لەم مانایەدا، بەگوێرەی تیۆریی زاگرۆس (زەنگەنە ٢٠١٩) کوردستانی فەرهەنگی خاوەنی چەندین زمان/زار و ئایینە و کولتووری جیایە و تاکوو ئێستا لەبەر چەوساندنەوە هەموویان پەراوێز خراون؛ لە کاتێکدا گوتاری کوردایەتی دەرفەتی بەرابەر بۆ داخوازیی هەموو گرووپە بندەستەکانی ئەم هەرێمە بەرینە دەرەخسێنێت.

## پەراوێزەکان

١. مستەفا زەنگین لەوتاریدوکتور قاسملوو ڕوخساری پۆستمارکسیزمی کورد(گۆڤاری تیشک ٥٣)، باس لە تایبەتمەندییەکانی فیکری قاسملوو لە دوو قۆناغی جیادا دەکا کە سەرەتا مارکسیستێکی ئۆرتۆدۆکس بووە و دواتر بەرەو سوسیالیزمی دێموکراتیک لە نامیلکەی کورتەباسدا ڕۆشتووە. نزیک لەم وتارەی من، زەنگین بەم ئەنجامە دەگا کە لەم قۆناغەی دواییدا بیرۆکەکانی قاسملوو لە ئەندێشەی لاکلاو و موف و تێزی دێموکراسیی ڕادیکاڵ نزیک دەبێتەوە.

٢. ئالان د. لە وتاری ڕاسان نیشانەیەک بۆ دەربازبوون لە قەیران (گۆڤاری تیشک ٥١) ئاماژەیەکی گرنگ بە چەمکی دێموکراسیی عەمیق لە چاوپێکەوتنەکەی قاسملوو دەکا کە لە تیڤی بی‌بی‌سی بڵاو بووەتەوە. هەرچەند وتارەکە زۆر کورتە و نزیک بە نیوەی وتارەکەی ئالان بۆ شرۆڤەی چەمکی قەیران تەرخان کراوە، بەڵام دەردەکەوێ نووسەر هەوڵیداوە لەسەر هەمان بنەمای تێگەیشتنی لاکلاو و موف فەلسەفەی ڕاسان شی بکاتەوە و وەک دەربازبوون لە قەیران نیشانی بدا. نووسەر بێ لەبەر چاو گرتنی دۆخی بندەستیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چۆنیەتیی دەربازبوون لە ستەمی نەتەوایەتی، ڕاستەوخۆ باس لەوە دەکا کە حیزبی دێموکرات دەبێ خەبات پلۆراڵ بکاتەوە و هەر بۆیە دوو ستراتێژی پێشنیار دەکا: یەک، ناسەربازیکردنی شەڕ و دوو دژایەتی‌نەکردنی هیچ حیزبێکی کوردی. ستراتێژیی یەکەم هەمان ستراتێژیی شەڕی پێگەی هێژمونییە کە گرامشی باسی لێ دەکا و لەم وتارەی بەردەستاندا باسی لێ کراوە. هەرچەند، بە باوەڕی من، دەرکی نووسەر لە خەبات، لەسەر بنەمای خەباتێکی سوسیالیستی لە وڵاتێکی ڕۆژئاواییە کە لە دۆخی سەربەخۆییدان و ئانتاگۆنیسمی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دێموکراسییەوە بەرەبەرە جێی خۆی بە ئاگۆنیسمی کۆمەڵایەتی داوە (هەرچەند ڕەنگە زیاتر مۆدێلەکان لە دێموکراسییەکی لیبراڵ نزیک بن). بەڵام، ئەم ڕوانگانەی نووسەر لە ڕاستیدا بۆ دەرکێکی هابرماسیانە لە دێموکراسی دەگەڕێتەوە کە لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە و خۆی لە خۆیدا کۆکردنەوەی لاکلاو وموف لەگەڵ هابرماس هەندێک کێشەی جیددی لێ دەکەوێتەوە. لاکلاو و موف لە دووەم پێشەکیدا (٢٠٠١) کە بۆ کتێبی هێژمونی و ستراتێژیی سوسیالیستی نووسیویانە هێڵی جیاکەرەوەی خۆیان لە پرۆژەی دێموکراسیخوازیی هابرماس (مۆدێلی دێموکراسیی ڕاوێژکاریانە deliberative democracy) نیشان داوە. هەرچەند لاکلاو و موف وەک هابرماس پێیان وایە کە ناکرێ مێکانیزمەکانی دێموکراسی ئاوڕ لە جۆراوجۆریی گروپەکان و بەرژەوەندییەکانیان نەداتەوە و لە خەباتێکی دێموکراتیکدا دەبێ گوێ لەو دەنگە جیاوازانە بگیرێ کە لە کۆمەڵگادا هەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەخنە

له ئاشتبوونەوەیەکی کۆتایی دەگرن کە «ئێمە»یەکی گشتگیر ساز بکا و هابرماسییەکان پێیان وایە بە کەڵکوەرگرتن لە هاودەنگییەکی عەقڵانی دەتوانن پێی بگەن. ئەم تایبەتمەندییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە باوەڕی لاکلاو و موف بێ ململانێ و دابەشکاری، سیاسەتی دێموکراتیک نامومکینە (لاکلاو و موف ۲۰۰۱، xvii). بە واتایەکی تر دەرکی ئالان د. لە سیاسەت بۆ ئەوەی هیچ ناکۆکییەک لە مانا ئانتاگۆنیستییەکەی نەمێنێ لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە عەقڵانیەتی پەیوەندی، جێگای عەقڵانیەتی ئامرازی بگرێتەوە و پێی وایە لە ڕێگەی گفتوگۆی ئازاد لە هەرێمی سیاسەتدا، دەکرێ بە کۆدەنگییەکی ئەخلاقی و عەقڵانی بگەین. لەم مۆدێلەدا، سیاسەت نە لە ڕێگەی ئابوورییەوە بەڵکوو لە ڕێگەی ئەخلاقیاتەوە دەرک دەکرێ(موف ۲۰۰۵، ۸۴-۸۹).

۳. محەمەد حەقمۆرادی لە وتارێکی سەرنجڕاکێشدا بە ناوی ضرورت تاسیس «دیگری» در گفتمان هویت کردی (پێویستبوونی ڕۆنانی «ئەویتر» لە گوتاری ناسنامەی کوردی) ڕێک لەم ڕوانگە شمیتییەی موفەوە بۆ پەیوەندیی دۆست/دوژمن دەڕوانێت. ئەم وتارە هەڵگری چوارچێوەیەکی تیۆریی بەهێزە، بەڵام مەخابن لە کاتی بەکارهێنانی تیۆرییەکان سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کوردی (کوردایەتی) سەرەڕای ئەوەی بە شێوازێکی لاواز دەردەکەوێ، هەروەها لەبەر تێنەگەیشتن لە ئەدەبیاتی سیاسی و ناسنامەخوازیی کوردایەتی بە هەندێک دەرەنجامی سەیر دەگات. حەقمۆرادی بێ‌هێنانی باسێکی مێژوویی بۆ خوێندنەوەی بزووتنەوەی کوردی دەڵێ کە کورد ناسیۆنالیزمی نییە و «ئەویتر» وەکوو مەرجی سازکردنی «خود» لە گوتاری ناسنامەی کوردیدا نییە (۱۳۹۸، ۱۹). هەرچەند کەمێک دواتر لەم دڵنیابوونەوەی کەم دەبێتەوە و دەنووسێت «ڕەنگە بکرێ باس لە گوتارەکانی ناسنامەی کوردی بکرێ، بەڵام ناکرێ باس لە گوتارێکی هێژمونیک بکرێ» (هەمان، ۲۰). هەڵبەت، نووسەر هەوڵ دەدا کە تەواو پابەند بە تیۆرییەکان بێ و هەر بۆیە شمیت وەکوو شمیت قبووڵ دەکا و لە هەمان کاتدا کە چەندین لاپەڕە لەسەر ڕوانگەی لاکلاو و موف بۆ شمیت دەنووسێ، بەڵام ئاوڕ لەم باسە ناداتەوە کە موف بەئاشکرا باس لەوە دەکا کە ڕوانگەکەی «لەگەڵ شمیت و دژ بە شمیتە» (موف ۲۰۰۵، ۱۴). ئەم تێگەیشتنە یارمەتیمان دەدا لەوە تێبگەین بۆچی شمیت قبووڵی نەدەکرد کە دەکرێ لە ناو حیزبێکدا پەیوەندیی دژبەرایەتی نەبێ. موف لە ڕێگەی چوارچێوەی سیاسەتی دێموکراتیکەوە باس لەوە دەکا کە ئەرکی دێموکراسی گۆڕانی دژبەرایەتی بۆ نەیاریەتییە؛ هەر بۆیە لە دێموکراسییەکی ڕادیکاڵدا بابەتی سیاسی لەسەر بنەمای دژبەرایەتی و پەیوەندیی دۆست/دوژمن ساز نابێ، بەڵکوو ئەویتر وەک نەیارێک سەیر دەکرێ کە مەشروعییەتی هەیە. بە گرنگیدان بەم باسە بەرەو لایەنی دووەمی ڕەخنەکەم هەنگاو دەنێم کە لەبەر گشتاندن و سەرنج نەدان بە وردەکارییە مێژووییەکان، نووسەر بەم ئەنجامە دەگا کە «ئەویتری» کوردێک هەمیشە کوردێکی تر بووە. لانیکەم لە سەردەمی سمکۆوە کە ناوی «ڕۆژی کورد و شەوی عەجەم»ی بۆ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەی (۱۹۲۱)دانابوو هەتاکوو ئەنجامی ڕێفراندۆمی باشووری کوردستان بە جیابوونەوە لە عێراق، گوتاری کوردایەتی بەردەوام لە ڕێگەی لۆژیکی هاونرخی و جیاوازییەوە، لە قۆناغە جیاکانەدا دوژمنی لە بەرانبەر «ئێمە»ی کورددا ساز کردووە. ئەگەرنا چۆن دەتوانین هەڵسووکەوتی زۆرینەی دەنگدەرانی باشووری کوردستان بۆ جیابوونەوە لە عێراق و بە دوژمن سەیرکردنی عەرەب شرۆڤە بکەین؟ بێگومان دەکرێ لەگەڵ نووسەر لەمەدا هاوڕا بین کە گوتارێکی هێژمونیک لە سەرتاسەری کوردستان بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی دەستنیشان ناکرێ کە هێزی جووڵانی کۆمەڵانی خەڵکی هەبێ. بەڵام ئەم شێوازە ڕوانینەی نووسەر، چاوپۆشی کردنە لە مێژوویەکی سەد ساڵەی شۆڕش کە تیایدا سەدان هەزار پێشمەرگە دژ بە «دوژمن» شەڕیان کردووە. دیارە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی هەر وەک گوتارێکی دیکە دەتوانێ و پێویستە سەر لە نوێ خۆی ڕێک بخاتەوە بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێستا و لەم ساتەوەختەدا من زانیومانە دوژمن کێیە و پێش لە من/ئێمە دوژمن بۆ کورد نەناسراوە.

سپاسی دوکتۆر کەماڵ سلێمانی دەکەم بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو جیاکارییە گرنگەی کە لە نێوان دووانەی دۆست/دوژمن لە ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد و شەوی عەجەمدا هەیە.

۴. عەباس وەلی لە وتارێکدا بە ناوی بێدەنگیی ڕۆژهەڵات (سکوت روژهلات) کە پەیوەندی بە لایەنی تیۆریکی توێژینەوەکەی منەوە هەیە، ویستوویەتی هۆکارەکانی، بە وتەی نووسەر، بێدەنگیی ڕۆژهەڵات پۆلینبەندی بکا. وەلی، وەک بەرهەمە پێشووەکانی کەمتر سەرچاوە بە بنەمای تیۆریکی وتارەکەی دەدا، بەڵام ئاشکرایە کە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنەکەی هەمان «دێرین‌ناسیی بێدەنگی»یە (archaeology of a silence) کە لاکلاو و موف لە بەشی یەکەمی کتێبی هێژمونی و ستراتێژیی سوسیالیستی، ئاماژەیان پێداوە تا لە ڕێگەی چەمکی هێژمونییەوە ئەو پچڕانەی کە لە پێویستیەتی زنجیرەی مێژوویدا ڕووی داوە پڕ بکەنەوە (۲۰۰۱؛ ۷). هەرچەند، وەلی بە درووستی ئاگاداری کێشەکانی خوێندنەوەیەکی مێژووییانەیە، بەڵام دیسانەوە لەبەر دوو هۆکار دەکەوێتە داوی جەوهەرگەراییەکەوە کە خۆی لە سەرەتای بابەتەکەیدا بەتوندی ڕەتی کردووەتەوە. یەکەم کێشە بۆ پابەندبوون بە بنەماگرتنی یەکەیەکی سیاسی بە ناوی جوگرافیای ئێران دەگەڕێتەوە و بەردەوام لە بابەتەکانی وەلیدا وەک یەکەیەکی ئەزەلی سەیر دەکرێ. لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەنجامی سەرکوتی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و لە سەدەی بیستەمدا پێناسە بکرێ. لە کاتێکدا سازبوونی یەکەیەکی سیاسی بە ناوی ئێران بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، وەلی دەنووسێت: «بەدرێژایی پێنج سەدەی ڕابردوو، باشترین قۆناغ بۆ ناوچە کوردنشینەکان، ئەو قۆناغە بوو کە ئەم ناوچانە لە لایەن میرنشینە نیوەسەربەخۆکانەوە، کە لە بەرزترین ئاستدا سەرورییەکی ڕەهایان هەبوو، ئیدارە دەکران و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانلەسەر بنەمای خەراج ساز کرابوو» (۱۳۹۶، ۶؛ پێداگریکردنە هی منە). لانیکەم هەر توێژەرێک کە کەمترین ئاشناییی لەگەڵ مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێ دەزانێ کە لە ماوەی ئەو پێنج سەدەیەدا (۱۹۰۰-۱۴۰۰) چەندین پاشایەتی بە سەر بەشگەلێک لە جوگرافیای سیاسییی ئەو ئێرانەی لە سەدەی بیستەمدا ناسراوە، حکومەتیان کردووە و ناوێک لە «دەوڵەتی ئێران» بە هیچ شێوازێک لە ئارادا نەبووە. ئەم بە جەوهەرگرتنی ئێران دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی کوردی بە پاشکۆ و لە ڕاستیدا بە پەرچەکرداری ناسیۆنالیزمی ئێرانی ئەژمار بکرێ و وەلی بەرەو ئەنجامی لۆژیکی ئەم جەوهەرگەراییە دەبا. دیارە، چوارچێوەی باسەکەی لاکلاو و موف

بۆ خەباتی سوسیالیستی لە «وڵاتانی ڕۆژئاوا» دەگەڕێتەوە کە خاوەنی یەکەیەکی سیاسیی دیاریکراون. وەلی بێ ئاوڕدانەوە لەم باسە، دەقاودەق هەندێک لە ئەنجام و ڕێکارەکانی پڕۆژەی دێموکراسیی ڕادیکاڵ لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکار دێنێ. سەرەڕای ئەوەی وەلی زانیاریی زۆر کەمی لەسەر جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و فەکتەکانی زۆربەی کات بە ناوچەی موکریان (و تەنانەت تەنیا بە مەهاباد) سنووردارن، ئاگاداری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە کە چۆن لەگەڵ کوردایەتی (ناسیۆنالیزمی کوردی) جومگەبەندی کراون، هەروەها بە دەرخستنی گۆچانێکی مووسایی لە کۆتاییی وتارە دووروودرێژەکەیدا بیرۆکەی ئێرانچیەتیی خۆی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردی بەم شێوەیە نیشان دەدا: «سەرکەوتنی حیزبی هادەپ لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥ شایەتی دەدا کە بەرنامەیەکی سیاسیی بەربڵاوتر، وەکوو بەشێک لە بەرگرییەکی دێموکراتیک لە تورکیا، یارمەتیی هادەپی دا کە سنووری لە سەدا دە بۆ چوونە ژوورەوە بۆ پارڵەمان تێپەڕێنێت. . . سەرکەوتنێک کە حیزبە سیاسییەکانی کورد، زۆربەی کات لەبەر خۆبەرتەسک کردنەوە لە ناو سنوورەکانی قەومی – زمانی و پابەندبوون بە ناوچەگەرایی، تا ئەو کاتە بە دەستیان نەهێنابوو. بەپێچەوانەوە، شکەستە یەک لە دوای یەکەکانی پڕۆژەکانی خودموختاریی ناوچەییی کوردی لە ئێران و عێراق و هەروەها دۆخی نالەباری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق نیشاندەری شکستی ئەو پڕۆژانەن کە قەومی کورد بە ناوەند دەگرن لە کاتێکدا لە سیاسەتێکی ڕاستەقینەی دێموکراتیک لە لایەن دەوڵەتی حاکمدا نابیندرێ» (هەمان، ٢٨). هەرچەند منیش لەگەڵ بنەمای ڕەخنەکانی وەلی لە پڕۆژەی خودموختاری هاوڕام و پێم وایە ئەزموونی خەباتی ئێمە بەتایبەت لە ڕۆهەڵات و باشوور نیشانی دەدا کە حاکمییەت و هەروەها جومگەبەندیی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، عەرەبی و تورکی ڕێگرن لەوەی کە سیاسەتێکی پلۆراڵ و دێموکراسییەکی ڕادیکاڵ لەم وڵاتانەدا ساز ببێ. کەواتە ڕێگەچارەی پرۆژەی پێشڕەوی کوردایەتی، پچڕاندنی زنجیرەکانی کۆلۆنیالیزم و وابەستەیییە کە بەم دەوڵەت نەتەوانەوە دەیانبەستێتەوە. ئەم دەوڵەت نەتەوانە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای بەکۆلۆنی گرتنی کوردستان دامەزراون و مەشروعیەتیان پەیدا کردووە. بەپێچەوانەوەی ئەم بۆچوونە، ڕێگەچارەی وەلی تێکەڵاوبوونی ناسنامەی کوردی لە ناو ناسنامەیەکی مەدەنیی تورکیایی و ئێرانییە. هەر بۆیە ئەو خوازیاری قەومییەتسڕینەوە لە ناسنامەی دەسەڵاتی حاکم بە سەر تورکیا و ئێرانە (وەلی ١٣٩٨، ١٦-١٧). واتە هەرچەند وەلی ڕەخنەگری سیاسەتە لیبراڵییەکانی ئیسلاحی دەستووری بنچینەییە، بەڵام بە ڕێگایەکی جیاواز خوازیاری ئەوەیە کە ناسنامەی دەسەڵاتی سیاسی بە شێوازێکی ڕادیکاڵ دێموکراتیک ببێ. ئەگەر ئەم شێوازە بە بنەما بگرین خەڵکی ئێران لەسەر بنەمای ئێرانیبوون مافی هاووڵاتیبوونی هەیە و لە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتدا نابێ قەومیەتی فارس، تورک یا کورد خۆی نیشان بدا.

٥. کامەران مەتین لە وتاری «چەپی ئێرانی، گۆڕانی ڕادیکاڵ و پرسی نەتەوەیی» ڕەخنە لە ستراتێژیی چەپ لە ئێران دەگرێ و دەیەوێ بە تیشک خستنە سەر پرسی نەتەوەیی لە ئێران «ستراتێژییەکی نوێی سەرکەوتوو بۆ چەپی ئێرانی» داڕێژێت. بە باوەڕی مەتین بۆ گەیشتن بە دێموکراسییەکی ڕادیکاڵ و پێشکەوتوو، چەپی ئێرانی نابێ لە کاتی خەباتدا تەنیا پشت بە بریکاریەتیی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار ببەستێ، بەڵکوو هەروەها دەبێ کەڵک لە هێزی کەمینە نەتەوەیییە سەرکوتکراوەکان و گرووپە پەراوێزخراوەکان و خەباتی ژنان وەربگرێ. مەتین، هەرچەند، بە درووستی لەسەر هەمان بنەما کە من لەم وتارەدا بەکارم هێناوە بیرۆکەی خۆی پەرە پێ دەدا و دژ بە جەوهەرگەرایی دەوەستێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی پارادۆکسیکال بنەمای فیکریی خۆی لەسەر جەوهەرگەرایی و پشت بەستن بە چەمکی «ئێران» وەکوو یەکەیەکی یەکپارچەی نەگۆڕی لەمێژینە، لە ڕووی سیاسییەوە، دەبەستێت. واتە هەوڵی ئەو بۆ نوێکردنەوەی خەبات لە ئێران بۆ مانەوەی پێکهاتەیەکی ساختەیە کە لە هەمان یەکەم ڕۆژی سازبوونیەوە لەسەر بنەمای بەکۆلۆنی کردنی نەتەوە غەیرە فارسەکان دامەزراوە. پێکهاتەیەکی سیاسی بە ناوی ئێران کەمتر لە سەد ساڵ تەمەنیەتی و بێ بوونی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی هاوبەش و لەسەر بنەمای کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە دەرەوەی گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانییەوە دامەزراوە. هۆکاری گەشەی لاسەنگ لە کوردستان ناکارامەییی بەرپرسان و نەبوونی یاسا و پلانی درێژخایەن نەبووە (یاکوو کەمترخەمی بەرەی چەپی شۆڕشگێڕ)، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەرەنجامی ڕاستەوخۆی پەراوێزخستنی کوردستان، گواستنەوە و بەکارهێنانی هێزی کاری کوردستان لە ناوەندی ئێران و بەتاڵانبردنی سەرچاوە ماددییەکانی کوردستان بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی ناوەند بووە (ئەردەڵان، ٢٠١٩ئا). دەرکی ناتەواوی مەتین لە دێموکراسیی پلۆراڵ و ڕادیکاڵ دەبێتە هۆی ئەوەیکە بە شوێن سازکردنی گوتارێکی گشتگیری سوسیالیستی بۆ ئێران بێ. ئاشکرایە، لاکلائۆ و موف بۆ خۆیان باوەڕیان وایە ئیمکانی گوتاری یەکپارچەی چەپ لەناوچووە (١٩٨٥، ١٩١-١٩٢). هەر بۆیە، پێم وایە لە ئێران لەبەر ئەوەی بەرنامەی دێموکراسیی ڕادیکاڵ لەسەر بنەمای دامەزراوەی یاسایی، سیستەمی پەروەردەیی، پەیوەندییەکانی کار و گوتارەکانی بەرگری لە نێوان نەتەوە/گروپە پەراوێزخراوەکان دادەمەزرێ و فۆڕمگرتنیان لە کوردستان (لەسەر بنەمای گوتاری کوردایەتی) لە جەمسەرێکی پێکدژی بەرنامەی چەپی ئێرانی جومگەبەندی کراوە، ناتوانین باس لە ستراتێژییەکی چەپی شۆڕشگێڕانە بۆ هەموو ئێران بکەین. بۆ نموونە لە جومگەبەندیی دژەچەوساندنەوەی ستراتێژیی سوسیالیستیی حیزبی دێموکرات، وەک دوژمن سەیری پاشماوەی چەپی ئێرانی دەکرێ. هەر بۆیە پاش لە یەک سەدە سیستەمی سوڵتەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی بەسەر کوردستان و هەروەها سەرکوتی ئاشکرای دەنگی ئازادی لە کوردستان کە خاڵی هاوبەشی ناسیۆنالیزم و بەرەی چەپی ئێرانییە، نوێکردنی پڕۆژەی چەپ بە مانای سڕینەوەی پێگەی سوژەی جیاوازی کوردییە کە لە ئاکامدا ناچارە لە ناسنامەی ئێرانیدا بتوێتەوە. جێی ئاماژەیە، مەتین تەنانەت لە کتێبی سەرەکیی خۆی کە سەبارەت بە شۆڕش لە ئێرانە و لە سەدەی شازدەیەم تاکوو شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) لەخۆ دەگرێ، تنیا لە یەک شوێندا و بە شێوازێکی لاوەکی باس لە کۆماری کوردستان وەک دەرەنجامی بۆشاییی دەسەڵات دەکا کە بە پشتگیریی یەکیەتیی سۆڤییەت ساز بووە (مەتین ٢٠١٣، ٩٠). هەوڵی مەتین بۆ سازکردنی تیۆرییەکی گشتیی کۆمەڵایەتی و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مۆدێرنیتەی ئێرانی لە چوار سەدەدا، لەسەر بنەمای گریمانەگرتنی یەکەی کۆمەڵگای ئێرانییە. هەرچەند

نوێکاری هێنانە باســـی کاریگەریی بواری نێودەوڵەتی بۆ ناو تیۆریی مارکســـیزم لە ڕێگەی بەکارهێنانی تیۆریی گەشـــەی لاســـەنگ و لێکدراوی ترۆتسکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام لەم مۆدێلە نوێیەشدا و لە کاتی ئاوڕدانەوە لە بەســـتینی نێوخۆیی، گرنگیی سیاسەتی ناسنامە و داخوازییەکانی نەتەوە غەیرەفارســـەکان وەک بزوێنەری شـــۆڕش لانیکەم لە کاتی مەشروتەخوازییەوە کەمتر لەبەر چاو گیراوە.

٦. بەکارهێنانی هەندێک چەمک وەکوو کوردایەتی، نەتەوەی کورد و کوردستان، بەرەورووی هەمان ڕەخنەمان دەکا کە لە جەوهەرگەرایی دەگیرێـــت. بۆ نموونە من لەســـەر هەمان بنەمـــا، ڕەخنەم لە وەلی و مەتین گرتـــووە کە چەمکی ئێران وەکـــوو جەوهەرێکی نەگۆڕ لەمێژینەی سیاســـی بەکار دێنن. بـــەڵام جەوهەرگەراییەک کە لە کاتی بەکارهێنانی چەمکی کوردســـتان خۆی نیشـــان دەدا لەگەڵ ئـــەوەی پەیوەندیی بە ئێرانەوە هەیە بەپێی هەمان ڕێســـای ڕزگاری و خەبات بۆ گەیشـــتن بە بەرابەری لێک جیاواز دەبێتەوە. سپیڤاک لـــە وتـــاری «ئایا بندەســـتەکان دەتوانن قســـە بکەن؟ (ســـپیڤاک ٢٠٠٣) ئامـــاژە بەم لایەنی ســـتراتێژیکییەی جەوهەرگەرایی دەکا. دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە جەوهەرگەراییە ئەرێنییە، بە شـــێوازێکی ســـتراتێژیک لە لایەن نەتەوە، ژنان و گرووپە بندەستەکانەوە بەکار دێ بۆ ئەوەی یارمەتیدەریان بێ تا خەڵک لە ڕێگەی وشـــیارییەکی بەکۆمەڵـــەوە بجمێـــن و ئامانجە سیاســـییەکانی خۆیان وەدەســـت بهێنن. کەواتە جەوهەرگەرایی ســـتراتێژیک ڕێگەمان پێ دەدا، بە مبەســـتی ڕزگاری لە دۆخی بەکۆلۆنیبوون و چەوساندنەوە، باس لە کولتوورێکی هاوبەش لە کوردســـتان بکەینەوە. لە هەمان کاتدا هەر وەک لەم وتـــارەدا ئاماژەم پێ داوە تایبەتمەندیی تاقانەی کولتووری کوردســـتانی بۆیە دەبێ دێموکراتیک بێ تا هاوکات لەگەڵ هاونرخ کردنی خەباتەکان، جیاوازییەکان نەسڕێتەوە.

٧. عەلی مونەزەمی لە تێزی ماستەری خۆیدا هەوڵی داوە چوارچێوەی ئەندێشەی قاسملوو تاوتوێ بکا. هەڵبەت لێکۆڵینەوەی مونەزەمی، لە ژێـــر گرنگیدان بە پرســـی خودموختاری/فێدڕالیزم خوێندنەوەیەکی لیبراڵی بۆ قاسملوو بە دەستەوە دەدا و تا ئەو شوێنە دەڕواتە پێشەوە کە کەڵک لە بەراوردکردنی ئەندێشـــەی قاسملوو لەگەڵ بیرمەندی لیبراڵی ئامریکایی، جان ڕاوڵـــز، وەردەگرێ (مونەزەمی ٢٠١١، ٤٩؛ ١٣٩٢، ١٠٩-١١٠). ئەم لێکدانەوە بەراوردکارییە لەوەدا جێی سەرنجە کە بەئاشـــکرا قاسملوو سۆسیالیست بووە و بەدڵنیاییەوە بیرۆکەکانی لە چوارچێـــوەی پارادایمێکـــدا بیچمیان گرتووە کـــە ناکۆکییەکی بنچینەییـــان لەگەڵ لیبراڵیزم هەیە. ئەم شـــێوازە خوێندنەوەیە بۆ قاسملوو، لە لایەکەوە هێزی شۆڕشگێڕانەی بیرۆکەکەی لاواز دەکەن و چیتر ناکرێ ئاراســـتەیەکی دژەکۆلۆنیالیستییان پێ بدرێ، چونکە هەر جۆرە پرۆژەیەکی لیبرالیزمی سیاسی لەسەر بنەمای سڕینەوەی ئانتاگۆنیسم و ســـازانی کۆتایی ڕێک دەخرێ. لە لایەکی دیکەشەوە قووڵاییی ئەو باســـانەی قاســـملوو بۆ ســـازکردنی کۆمەڵگایەکی بێ چەوساندنەوە لە ئاســـتی گرنگیدان بە مافە مەدەنییەکان بەرتەسک دەکرێتەوە. ئەم تێگەیشتنە لە قاسملوو، ڕێک بەپێچەوانەی باسەکەی من لەم وتارەدایە کە ویستوومە لە چوارچێوەی پرۆژەی دێموکراسیی ڕادیکاڵدا خوێندنەوە بۆ میراتی فیکریی قاســـملوو بکەم و نیشـــانم داوە کە دەرکی قاســـملوو لە سوسیالیزم لەسەر بنەمایەکی ڕادیکاڵ بووە. ڕەنگە سەرنجڕاکێشـــیی بیرۆکەی لیبراڵیزمی سیاســـیی ڕاوڵز بـــۆ مونەزەمی بۆ ئـــەوە بگەڕێتەوە کە ڕاوڵـــز توانیویەتی لیبراڵیزمی سیاســـی لە لیبراڵیزمی ئابووری جیا بکاتـــەوە. ڕاوڵز هەروەها هەوڵ دەدا لە ڕێگەی تێزی «عەدالەت وەکوو ئینســـاف» پرســـی یەکسانی و ئازادییەکانـــی تاک لە جێگای چاکەی گشـــتی دابنێ. بۆ ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی زیاتر ســـەبارەت بە لیبراڵیزمی سیاسی ڕاوڵز سەیری بەشـــی ســـێیەمی کتێبی گەڕانەوە بۆ بابەتی سیاســـیی موف بکەن (١٩٩٣، ٤١-٥٩).

٨. لاکلاو و موف لە کۆتاییی پێشـــەکیی دووەم بۆ کتێبی هێژمونی و ســـتراتێژیی سوسیالیســـتی ڕەخنەیەک لـــە تیۆرییەکەی خۆیان دەگرن. چوارچێوەی ئەم مشـــتومڕەی کە لە درێژەدا باســـی دەکەم یارمەتیدەری ڕامانێکی زیاتر لەمەڕ گرنگیدان بە بواری لێکۆڵینەوەی کولتـــووری لە ئێران و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتە. چونکە لە ماوەی دوو دەیـــەی ڕابردوودا دەبینینەوە کە توێژەرە کوردەکان بە زۆری ڕوویان لە لێکۆڵینەوە ســـەبارەت بە کولتووری کوردی/کوردســـتان کردووە. لاکلاو و موف بـــاس لەوە دەکەن کە هەندێک بۆچوون هەیە کە لە جیاتی گرنگیدان بە سیاسەتی ناسنامە بۆ بەرەی چەپ، گەنگەشەی ئەوە دەکەن کە «دیســـانەوە بۆ خەباتی چینایەتی بگەڕێینەوە»؛ ئەم لایەنە باوەڕی وایە کە بەرەی چەپ بەرەبەرە لەوە نزیک بووەتەوە کە خۆی بۆ پرسی «کولتووری» تەرخان بکا و وای لێ هاتووە کە خەباتی دژە نابەرابەریـــی ئابـــووری بەجێ بهێڵێت. لـــە ئەنجامدا، ئەم دەنگە جیایە بەم ئەنجامە دەگا کە لە جیاتی «سیاسەتەکانی ناسنامە» دەبێ ســـەر لە نوێ گوێ لە داواکارییەکانی چینی کرێکار بگیرێت. لاکلاو و مـــوف چ وڵامێکیان بۆ ئەم ڕەخنەیە هەیە؟ ئەوان قەبووڵی دەکەن کە پارتە چەپەکان لە ئەنجامی گرنگیدان بە بزووتنەوە نوێکان، زیاتر گرنگـــی بە چینی ناوەڕاســـت دەدەن و کەمتر ئاوڕ لە چینی کرێکار دەدەنەوە. بەڵام ئەمە لەبەر دەستەوەستانیی بەرەی چەپ لە دیتنەوەی بەدیلێـــک بۆ نیولیبراڵیـــزم و پەســـەندی نارەخنەگرانەی بیرۆکەی بەخۆداچوونەوەیـــە (flexibility) و ئەمـــە پەیوەندیی بە ڕێکاری گرنگیدان بە سیاسەتەکانی ناسنامەوە نییە. لە ڕاستیدا ئاوڕدانەوە لە ناســـنامە، خۆی لە خۆیدا کێشەی نییە و ئەوانیش پێیان وا نییە کە دەبێ لەبەر گەڕانەوە بۆ سیاسەتی واقیعی، خەباتی کولتووری بەجێ بهێڵیـــن (٢٠٠١، xviii). ڕێکاری لاکلاو و مـــوف ئەمەیە کە دەبێ زیاتـــر لە جاران گرنگی بە زنجیـــرەی هاونرخی لە نێوان خەباتێکی جۆراوجۆری دێموکراتیک بدرێ کە دژ بە شـــێوازەکانی ملکەچییە. لە پرۆژەی سیاســـەتی دێموکراتیکدا، هیچ شـــتێک لەوە ڕێگر نییە کە زنجیـــرەی هاونرخی دژ بە نابەرابەریـــە هەنووکەییەکان وەکوو سێکسیزم، ڕاســـیزم و هەڵاواردنی جێندەری نەتوانن لەگەڵ چینی کرێکار جومگەبەندی بکرێن.

لەم ســـۆنگەیەوە دەتوانین بۆ ئەم کێشەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەڕێینەوە کە لە جیاتی گرنگیدان بە خەباتی دژە چەوســـاندنەوە، لـــە زانکـــۆکان باس لـــە ڕەخنە لە کولتـــووری کوردســـتان وەکوو جەوهەرێکـــی نەگۆڕی پێـــش مۆدێرن دەکرێ و لـــە هەمان کاتدا باس لە هەڵســـەنگاندنی وەرگێڕان، فیلم، هونەر و بابەتی کولتووری لەگـــەڵ کولتووری ئێرانی دەکەن. ئـــەم جێگۆڕکێیە لە خەباتی دژە چەوســـاندنەوە و شـــیکاری بۆ شـــێوازەکانی ملکەچی (سەرکوت و ســـوڵتە) بۆ توێژینەوە ســـەبارەت بە بابەتی کولتـــووری، یەکێک لە مێکانیزمەکانـــی بە نیولیبراڵیزەکردنـــی کەرتی خوێندن و بەتایبەت زانکۆکان لە ئێرانە. دەرەنجامی ڕاســـتەوخۆی ئەم تێڕوانینە ناسیاسی کردنی بیاڤی گشـــتی و زانکۆکانە (بەتایبەت بواری کۆمەڵناســـی).

لە کاتێکدا و لە مێژووی خەباتــی کوردایەتیدا، کولتووری جیاوازی کوردی بــەردەوام لەگەڵ بەرگرییەکی سیاســی ناســنامەخوازدا جومگەبەنــدی کراوە. لە یەکێک لە دواییــن نموونەکانی ئەم جۆرە توێژینەوانــە لە لایەن نوخبەکانی کوردەوە دەتوان ســەیری وتاری «کورد و ئەویدی» (محەمەدی ١٣٩٨) بکەن.

## سەرچاوەکان


ئەردەڵان، سارۆ. ٢٠١٩a. «کوردایەتی دژ بە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییە. » گۆڤاری تیشک ٥١: ٣٦-٤٥.

ئــەردەڵان، ســارۆ. ٢٠١٩b. «کۆلۆنیالیزمی وەخۆگــر: ئێران چۆن توانیویەتی لە کوردســتان هێژمۆنیی کولتووری ســاز بکا؟» گۆڤاری تیشک ٥٢: ٢٤-٤٥.

حقمرادی، محمد. ١٣٩٨. «ضرورت تاسـیس «دیگری» در گفتمان هویت کردی. » پولیتیا ٢ (٢): ٤-٢٥.

د. ئالان. ٢٠١٩. «ڕاســان نیشــانەیەک بۆ دەربازبــوون لە قەیران. » گۆڤاری تیشک ٥١: ٨٦-٩٣.

زەنگەنە، شــاهۆ. ٢٠١٩. «تیۆریی زاگرۆس. » گۆڤاری تیشــک ٥١: ١٠-٢١.

زەنگیــن، موســتەفا. ٢٠١٩. «دوکتــور قاســملوو ڕوخســاری پۆستمارکســیزمی کورد. » وەرگێران: ســیپان ڕۆژهەڵاتی. گۆڤاری تیشک ٥٣: ٢٧٤-٢٩١.

سلێمانی، کەماڵ و ئەحمەد محەمەدپوور. ٢٠١٩. «ئایا غەیرەفارسەکان دەتوانن قسە بکەن؟: گێڕانەوەی حاکمییەت لە «ناسنامەی ئێرانی. » وەرگێڕان کەیوان فاتحی. گۆڤاری تیشک ٥٢: ٢٧٧-٣٠١.

قاســملوو، عەبدوڵڕەحمــان. ١٣٨٤ئا. «خەباتی هێزی پێشــمەرگە (وتارێــک بۆ کۆنگرەی پێنجەمی حیزب). » لە لە تاقگەی هەقیقەت (بەرگی دووەم). کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی. ٢٥٥-٢٦٣ (سلێمانی).

قاسملوو، عەبدوڵڕەحمان. ١٣٨٤ب. «وتوویژی عاطفە گرگین لەگەڵ دوکتور قاسملوو لە پاییزی ١٣٦٥دا. » لە تاقگەی هەقیقەت (بەرگی دووەم). کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی. ٤٧-٦٨ (سلێمانی).

قاســملوو، عەبدوڵڕەحمان. ١٣٨٤پ. «وتوویژی گۆڤاری الصیاد. » لە تاقگەی هەقیقەت (بەرگی دووەم). کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی. ١٩-٣٨ (سلێمانی).

قاسملوو، عەبدوڵڕەحمان. ١٣٨٤ت. «وتوویژ لەگەڵ چاپەمەنییەکانی ئیسپانیا. » لە تاقگەی هەقیقەت (بەرگی دووەم). کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی. ١٠٧-١١١ (سلێمانی).

قاســملوو، عەبدوڵڕەحمــان. ١٣٨٤ج. «دروشــمی بنەڕەتیــی حیزبەکەمــان. » لە تاقگەی هەقیقــەت (بەرگی ی). کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی. ٢٨٥-٣١٤ (سلێمانی).

قاســملوو، عەبدوڵڕەحمــان. ٢٠٠٣ [١٩٨٣]. کورتەبــاس و شیکردنەوەیەکی کورتەباس (ستێکهۆڵم: کتێبی ئەرزان).

قاســملوو، عەبدوڵڕەحمان. ٢٠١٤. «وتوویژ لەگــەڵ عەنایەت فانی: برنامەی بە عبارت دیگر. » پخش شدە از بی‌بی‌سی فارسی https://www. youtube. com/watch?v=SGsfvkcMn8U

کەریمــی، ئەییووب. ٢٠١٥. ئازادی و دەســەڵات (بانە، چاپەمەنیی مانگ).

محەمــەدی، جەمــال. ١٣٩٨. «کورد و ئەویــدی. » پولیتیا ٢ (٢): ٤-٢٤.

منظمی، علی. ١٣٩٢. اندیشــەهای قاســملو دربارە دمکراسی برای ایران کثیرالملە. ترجمەی کیهان یوسفی (اربیل: اتحادیە دانشجویان دمکرات کردستان ایران)

ولــی، عبــاس. ٢٠١٨. «ســکوت روژهلات. » نقد اقتصاد سیاســی (www. pecritique. com) دسترسی در ٢٠٢٠/٠٦/٠١

ولی، عبــاس، ١٣٩٨. «تاریخ بــە تاراج رفتــە. » در گفتارهایی در خاستگاه ناسیونالیســم کرد. ویراســتار عباس ولی. ترجمەی مراد روحی (تهران: نشر چشمە).

Hassaniyan, Allan. 2020. «Environmentalism in Iranian Kurdistan: causes and conditions for its securitization. « in Conflict, Security & Development. https://doi. org/10. 1080/14678802. 2020. 1769344

Laclau, Ernesto and Chantal Mouffe. 2001. Hegemony and Socialist Strategy: Towards a Radical Democratic Politics. Second Edition (New York: Verso).

Matin, Kamran. 2013. Recasting Iranian Modernity: International relation and social change (London: Routledge).

Matin, Kamran. 2019. «The Iranian Left, Radical Change and the National Question. « In Abdou-Filali-Ansary Occasional Paper Series 1: 10-14.

Monazzami, Ali. 2011. Ghassemlou›s ideas of Democracy and Iranian-Kurdish relations in contemporary Iran. M. A. Thesis (Tromso: University of Tromso).

Mouffe, Chantal. 1979. «Hegemony and Ideology in Gramsci. « In Gramsci and Marxist Theory. Edited by Chantal Mouffe. 168-204 (London: Routledge & Kegan Paul).

Mouffe, Chantal. 1993. The Return of the Political (New York: Verso).

Mouffe, Chantal. 2005. On the Political: Thinking in Action (New York: Routledge).

Schmitt, Carl. 2007. The Concept of the Political. Expanded Edition. Translated by George Schwab (Chicago: The University of Chicago Press).

Spivak, GayatriChakravorty. 1988. “Can the-Subaltern Speak?” In Colonial Discourse and Post-colonial Theory: A Reader. Edited by Patrick Williams and Laura Chrisman. 66-111 (New York: Routledge).

# ڕەوتی بەنەتەوەبوونی وەدرەنگخراو یان بنبەست؟

مەسعوود بابایی

”

لەوەدا کە مێژوو و سیاسەت پێوەندییەکی نزیکیان هەیە، هیچ گومان و دڕدۆنگییەک نییە. تەنانەت بەسیاسییانە خوێندنەوەی مێژووش بە مانای بەسیاسیکردنی مێژوو نییە. بەسیاسیکردنی مێژوو، کوشتنی ڕۆحی هەقیقەتە. سەروژێر و سەرولێژکردنەوەی هەرچییەکە کە لە دەرەوەی سیاسەت ڕووی داوە، ئەگەرچی کاریگەریی سیاسیی هەبووە بەڵام پاڵنەرەکەی سیاسەت نەبووە.

“

## بەرایی

ئەرکی سەرەکیی کۆمەڵگەی سیاسی گەیشتن بە شیرازە و هارمۆنییە؛ بۆ ڕێکخستنی وەها کۆمەڵگەیەک تەنیا پێویستیمان بە دەستنیشانکردنی «ئەرک» و «ماف» لە دەستوور و یاساکاندا نییە، چونکە «یاساکان» ئامانجێکی سەرووتریان هەیە کە دەرکەوتیان لە «هێزی نەتەوە لە دەوڵەتدا»دەردەکەوێت. «دەوڵەت» وەک پێکهاتەیەک کە یارمەتیی مرۆڤ دەدات «دۆخی سروشتی»ی خۆی تێپەڕێنێت. تێپەڕاندنی دۆخی سروشتی، بە مانای لەدایکبوونی مرۆڤی یاسادانەر، سەرپشک لە سەر چارەنووسی خۆی و خاوەنداریێتیی جوگرافیاکەیەتی. «دەوڵەت» سنوورەکانی نێوان مرۆڤەکان جیا دەکاتەوە کە ئەمە وەک دەسکەلای بەڵگەهێنانەوە ئانارشیستەکان سوودی لێ وەرگیراوە. هەرچەند گومان لەوەدا نییە کە دەوڵەت وەها کارێک دەکات و ڕێ لە دروستکردنی کۆمەڵگەی جیهانیی مرۆڤایەتی دەگرێت (بەگوێرەی بەڵگەهێنانەوەی ئانارشیست و مارکسیستەکان) بەڵام هیچ ئاسۆیەکی ڕوون لە خەیاڵانی کۆمەڵگەی جیهانی(کۆمۆنەکان) کە گوایە بەختەوەری بەدوای خۆیدا دەهێنێت بەدی ناکرێت. دەستنیشانکردنی ئاکامێک و وێستگەیەک بۆ مرۆڤ (لەجیهاندا) کە بەختەوەری وەک دوایین ئاکامی گشتی دادەنێ و لە خۆسالاریی کۆمەڵگەکان دەدوێ، بەراوەژوویەکی بیرۆکەی سیاسیی ئەفلاتوونە بە بێ ناوی ئەفلاتوون لە چوارچێوەی یاسایەکی هەمەکیدا کە یەکسانی دەخاتە جێی هەڵاواردن و چینایەتی سەروژێر دەکات. هەرچەند لەوەدا کە ئیدئۆلۆگ لەسەر ئەسکەملی فەیلەسووف دادەنیشێ جیاوازیی بەڵغەکی(عرضی)ی هەیە، بەڵام لەباری گەوهەرییەوە مرۆڤ وەک هەمەک لە بیرۆکەی ڕێکخەردا ـ بۆ لەباربردنی جیاوازی، باشترین دەسکەلایە.

## پێدراوەکانی نەتەوە

لە سەرەتای ئەم جۆرە باسوخواسانەدا هەمیشە بە باسکردنی پاوەجێکەرەکان(مقومات) هەنگاوەکانی بەڵگەهێنانەوە و بەرینکردنەوە مەیدانی توێژینەوە دەست پێدەکەن. «خاک» و «جوگرافیا» وەک شوێنی نیشتەجێبوون، یەکەمین پاوەجێکەری قەوارەی نەتەوایەتین، چونکە «مێژوو» تەنیا «کات» نییە و دەفری «شوێن» و «ڕوودان» بۆ تۆماری مێژوو گرنگن، «مرۆڤ»ی نێو ئەم دەفرە، یادەوەریی خۆی کۆڵکێش دەکات بەم یادەوەرییەوە شوناسی خۆی تەدارەک دەدات. چەندین جار «چارەنووسی هاوبەش» وەک دەرهاویشتەی ئەم مێژووی پێکەوەبوونە، بەگوێماندا دەدرێتەوە و «مێژووییبوون» وەک پاوەجێکەری سەرەکی دەخرێتە بەرباس. بەڵام «مێژووییبوونی»ی ئێمەی کورد هەندەش سەلمێنەری «پێکەوەییبوون»مان نییە؛ «مێژووی» ئێمە مێژووی»نیشتەجێبوون»مان لەسەر جوگرافیا و ئاو و خاکی خۆمانە. «بەرخۆدان بۆ مانەوە» شوێنهەڵگری بیرۆکەی «دەبەم بە چی» نەبووە. واتە بیرۆکەیەکی سیاسیی تۆکمەی نەتەوەسازی بە گوێرەی توێژینەوە لەسەر «پاوەجێکەرەکان» لەگۆڕێدا نەبووە. هەر جۆرە بانگەشەیەک بۆ بەرتەکدانەوەی ئەم بۆچوونە، پێویستیی بە بەڵگەی بەرهەستەکی هەیە تا پێچەوانەکەی بسەلمێنرێ.

شێوەی دابەشبوونی کورد بەسەر جوگرافیاکەیدا لەباری چەندایەتییەوە بەگوێرەی پێوەری خاک و ئاووهەوا و ژینگەکەی تا ڕادەیەک هەماهەنگ بووە، ڕووبەری جوگرافیایی و ژمارەی حەشیمەت، هاوسەنگیی تێدا هەبووە بەڵام لەباری بەکۆمەڵایەتیبوون و هاوپێوەندی، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کە ببێتە مایەی تێکشکاندنی فۆرمی ژیانی پشتاوپشتی خێڵایەتی و نەریتپارێز وەدی نەهاتووە و هەموو هۆکارەکەش «ڕامیاری»یە. ڕامیارییەک

که نیازی تێکشکاندن یان تێکوپێکنان (شالودەشکنی Deconstruction)ی نەبووە، لێرەشەوە هەر بانگەشەیەک لە لایەن هەر هێزێکی سیاسییەوە دەبێ بسەلمێنرێت. بە پێچەوانەوە نۆژەنبوونەوەی ئەو شێوە ژیانە لە ڕەفتاری سیاسیشدا بەزەقی ڕەنگی داوەتەوە. چ گومان لەوەدا نییە، حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کورد پڕبووە لە سەرۆک خێڵانی خاوەن دەسەڵات کە دابینکەری هێزی ڕەق بوون کە چەندە لە لایەن حیزبەوە کۆنترۆڵ دەکران ئەوانیش بەو ڕادەیە لە دەستنیشانکردنی ڕەفتاری سیاسیی حیزبدا دەستڕۆیشتوو بوون. تەنیا کاریزمایەکی بەهێز دەیتوانی دەمکوت و بێدەنگیان بکات و تا ڕادەیەک لە چوارچێوەیەکدا پێکەوەیان گرێ بدات. هۆگری بە کاریزما وەک «هۆکاری ڕێکخەر لە خۆیدا» نەک «بیرۆکەی ڕێکخەر لە هەمەکدا» ڕێی لە شیرازەترازان گرتووە، بەڵام نەیتوانیوە بەتەواوەتی سەروبەری سەرەکان بێنێتەوە یەک و جوگرافیای زەینیی سەرۆک خێڵان بگۆڕێت و «نیشتمان»ی زەینی ڕووناکبیران هیچ کات «نیشتمان»ی سەرۆک خێڵان نەبووە. هەر بۆیە هەمیشە بیاڤی سیاسی، لەتەک بیاڤی فەرهەنگی ڕووناکبیری کە کێڵگەی «تاکی سەربەست»ە لە ناکۆکیدا بوون و لە ئێستاشدا هەر بەو جۆرەیە. سەیریش لەوەدایە کە «تاکی سەربەست» هەمیشە پەراوێز خراوە و تەنیا لە هەندێ وێستگەدا توانیویەتی بەسەر بنەماڵە گەورە و سەرۆک خێڵاندا زاڵ ببێ کە ئەمە خاڵێکی بەهێزی وەرچەرخان لە مێژووی سیاسیی کورددا بووە، دەتوانین د. قاسملو بە نموونە بهێنینەوە و ئەمە یەکێک لە نموونە دەگمەنەکان بووە.

> **ئەگەر بتوانین «خێڵ» بە قەوارەیەکی سیاسی لەقەڵەم بدەین، تا ئەم چرکەساتەش «خێڵ» تاکە دامەزراوەی سیاسییە کە بە ناوی هەمەجۆرەوە فەرمانڕەوای دۆخی نەتەوایەتیی کوردە! دیارە خوێنەر ئاگادار بێت مەبەستی بەندە«خێڵی زەینی»یە**

مەرگی کاریزما هەمیشە بە مەرگەسات و لێکترازان کۆتایی هاتووە. چونکە کاریزما هەمیشە «هۆکاری ڕێکخەرە لە خۆیدا» بەڵام لەنێو کورددا نەبووەتە «بیرۆکەی ڕێکخەر لە هەمەکدا». نەبوونی»بیرۆکەی ڕێکخەر لە هەمەکدا» بووەتە مایەی چاوەڕوانیی کۆمەڵگە، چاوەڕوانیی سەرهەڵدانی ڕزگاریدەر؛ لەبەرئەوەی کۆمەڵگە بەکردەوە نەیتوانیوە لە جەغزی بازنەی جوگرافیای نێوخۆیی دەرباز ببێ، ڕۆژبەڕۆژ قاوخی بەڕووی خۆدا داخران لە سووچی جۆرێک لە ژیانی زەینیی مێژووکردی چەقبەستوو دیلی کردووە کە ئەم شێوەژیانە سەرکردەی ناوچە لەنێو بزووتنەوەی سیاسیدا بەرهەم دەهێنێت کە دەنگی ملکەچانە، ئیدی پرس و ڕا بە خەڵکی ناوچەیەک کە ویستی خۆی ڕادەستی دەمڕاستی خۆی کردووە بەکردەوە بێمانایە. دەمڕاستیش دەستڕۆیشتووی شوناسێکی بەکۆمەڵە کە بەئاسانی ناتوانی بیخەیتە لاوە. بە شێوەیەکی گشتی کاتێک جوگرافیایەکی سیاسی لە نێوخۆوە گیرۆدەی سنووری داتەنراوی نێوخۆیی بێت، ناتوانین مرخی خۆمان لە کۆمەڵگەیەکی سیاسی خۆش بکەین کە پێویستیی بە تاکی سەربەستە. تاکی سەربەست مەرج نییە بە مانای تاکی دیمۆکرات بێت و نابێت وەها لێک بدرێتەوە کە تاکی سەربەست بەمسۆگەری ڕەفتاری دیمۆکراتیکی لێ دەوەشێتەوە ، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم تاکی سەربەستە هەڵگری ئاوەزی خێڵەکی نییە. بەندە هەبوونی کۆمەڵگەی سیاسی بە تاکی سەربەست دەبەستمەوە کە خاوەنی ویستی ئازادە نەک فەری خوێن و فەری یەزدانی. لە وەها بارودۆخێکدا بە کردەوە نەتەوەسازی

بەرەورووی ئاســـتەنگ دەبێتـــەوە و تەنیا بە خۆســـڕکردن دەتوانین بانگەشە بۆ هەبوونی ڕســـکانی کۆمەڵگەیەکی سیاســـی بکەین کە دەتوانێ هەوێنـــی دەوڵەت یـــان هەر جۆرە قەوارەیەکی سیاســـیی دیکـــە بێت. هەڵبەت ئەگـــەر بتوانیـــن «خێـــڵ» بـــە قەوارەیەکی سیاسی لەقەڵەم بدەین، تا ئەم چرکەساتەش «خێڵ» تاکـــە دامەزراوەی سیاســـییە کە بە نـــاوی هەمەجـــۆرەوە فەرمانـــڕەوای دۆخی نەتەوایەتیی کـــوردە! دیارە خوێنـــەر ئاگادار بێـــت مەبەســـتی بەندە«خێڵـــی زەینی»یـــە. لـــەم ڕووەوە بەریەککەوتنێـــک کـــە لەنێوان «ڕووناکبیر» و «سیاســـی»دا هەیە ( ڕووناکبیر بە مانای ڕاستەقینەی خۆی) ململانێی «تاکی سەربەست» و «دەسەڵاتی ڕەها»یە. لەم ڕووەوە ئەگەر بیرمەنـــد و ڕووناکبیر هەڵگری ڕۆحی ئازادی تێپەڕیو لە دۆخی خێڵ بن، درۆی ناوێ کە ڕاستەوڕاست لەگەڵ دەمڕاستی ملکەچان دەکەونـــە ململانـــێ و بەداخـــەوە بیرمەند و ڕووناکبیر لە وەهـــا کۆمەڵگەیەدا بۆڕ دەدرێن چونکە نە خاوەنی سیاسەتن و نە خۆشەویستی کۆمەڵگە. بـــەم پێیە بە بۆچوونی بەندە، لەنێو کورددا «سیاسەت» خۆی گەورەترین لەمپەری «نەتەوەسازی» و «نیشتمانسازی»یە. واتە ئەگەر لێگەڕێـــن هەمـــووان دەتوانـــن کاری خۆیان جێبەجـــێ بکەن بەڵام تاکە بـــوار کە ئەرکی خۆی ڕاناپەڕێنێ «سیاســـەت»ە. بەو مانایەی کە «سیاســـەت» وەک کاتالیزۆری سەرەکیی «نەتەوەســـازی» بە کردەوە لـــەکار کەوتووە. ئەم بانگەشـــە قورســـە تەنیا بە سەیرکردنی دابەشـــبوونی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستان دەبینرێـــت. جا ئەگەر ئێمە ئەم دابەشـــبوونە وەک بارودۆخێکی ئاســـایی لەبەرچاو بگرین، دەپرسین ئاخۆ لە وەها بارودۆخێکی ئاساییدا، چلۆن نەتەوەســـازی دەلوێ؟ ئەمە پرسیارێکە کە دەبێ بانگەشـــەکارانی ئاســـاییبوونی وەها بارودۆخێک بیدەنـــەوە و بەندە هیچ وڵامێکم بۆ ئـــەم بابەتە پـــێ نییە. بـــەڵام ئەگەر ئەم

بارودۆخە مێژووییە وەک ڕەوتێکی ئاســـایی و سروشتی نەبینین، ئینجا دەتوانین باس لە دۆخی ئاسایی و سروشـــتی بکەین. «خەباتی مانـــەوە» پاراســـتنی جۆرێک لـــە مرۆڤە لە جوگرافیـــادا و دەبێتە مایەی بینیی دەرەوەی خۆت وەک «نەیـــار» و «دوژمن». واتە تێکڕای ئەو هێرشـــبەر و داگیرکارانەی کە پەلاماری خاکـــی کوردســـتانیان داوە وەک «بێگانـــە» و «داگیرکـــەر» و «دوژمـــن» لـــە زەینی ئێمە نەخشـــێنراون و لەو دۆخەدا جوگرافیا وەک ڕووبەری بەرهەڕەشـــەکەوتوو بە «نیشـــتمان» ناســـێنراوە. لێرەدا «هەڕەشـــەی ئەوی دیکە» کۆمەڵانـــی خەڵکـــی پەلامـــاردراو لە یەک خانەی هاوبەشـــدا «لەبەرانبـــەر ئەوی دیکە» یەک دەخـــات. دۆخی بەرەنگاری هەســـتی هاوچارەنووســـیی کاتـــی دەرەخســـێنێ کە هەرکات بەر هەڕەشە دەکەوین یەکدی وەک هاوچارەنووس وێنا دەکەین، هەرچەند ناتوانین لەمـــەڕ کورد بەتەواوەتی ئەم داوەرییە پڕاوپڕ بکەینەوە. کاتێک میرنشـــینەکان لە تەنیشت یەکـــەوە دەرووخان بـــە هانـــای یەکدییەوە نەچـــوون. ئەمـــەش ئەوە دەســـەلمێنێت کە «دەســـەڵات» هۆگـــری بە خاکـــی قەڵەمڕەو دروســـت دەکات و «میرنشـــین»یش لـــە درێژماوەدا «ســـنووری نێوخۆیی» و «سنووری دەرەکـــی»، لە زەیندا زینـــدوو دەکاتەوە. لەو بارودۆخەدا ـ بەو جۆرەی کە پێشتر لە وتاری «بونیادی خێڵەکیبـــوون» و وتارەکانی دیکەدا باسم کردووە و پێویســـت بە دووبارەکردنەوە ناکات ـ بەکردەوە (خێڵ ـ شـــێوەی ئاخاوتن) سەرلەبەری چەمکی نیشتمان بە قەڵەمڕەوەوە گـــرێ دەدەن و تەنانەت مەترســـیی ســـەر هاونـــەژاد و هاونەتـــەوەش بـــە مەترســـیی دەرەوەی ســـنوورەکانی «میرنشـــین» لێـــک دەدرێتەوە و لە ئێستاشـــدا هەمان ســـنووری نێوخۆیی لە هۆش و بیری ڕێکخراوی سیاسیدا دەبینرێت؛ بەتایبەتی ئەگەر سەیرێکی ناوچە پەراوێزییەکانی کوردستان بکەین کە ناوەندی

هیــچ ڕێکخــراو و حیزبێکی سیاســی نین، بەزەقــی کەمتەرخەمییــەک دەبینین کە لە ڕەوتی بەشــداری نەکردن یان بەشداری پێ نەکردنی سیاســیدا وەبەرچاو دەکەوێت. ئەم بەربەســتانەی بەنەتەوەبــوون کــە بەندە بە «بەنەتەوەبوونی وەدرەنگخراو» ناودێرم کردووە، لە نیوەی دووەمی ســەدەی بیســت و یەک بە»بنبەســت» دەگات. نامــەوێ ئەمــە تەنیا وەک «پێشبینییەکی تێخوێندەیی» لەبەرچاو بگیردرێــت، چونکە هیچکام لە نیشــانەکانی «خێڵی زەینی» نەسڕدراونەتەوە و ئێستە وەک خۆیان دەبینرێن. لێرەدا پێویســتە بەدەر لە بارودۆخــی کەتوارەکی(واقعــی)ی کورد، لە «بەنەتەوەبــوون» بدوێین کــە ئەگەر بارودۆخ گونجاو بێت دەبێ وەها بێت!

لەبەرئــەوەی لە ڕوانگــەی بەندەوە، هیچ هەلومەرجێکی لەبار یان تێکۆشانێکی شێلگیر و ڕژد بە ئاراستەی «نەتەوەسازی» لە سیاسەتی ئێســتای کورددا نابینرێ و بانگەشە و لافیش خۆخەڵەتاندنە، تەنیــا گریمانی ئەوە دەکەین ئەگەر هەلومەرج لەبار بێت «نەتەوەســازی» و نیشتمانسازی» بە چ ئاقارێکدا ڕێ دەکەن.

## جوگرافیا

خاک و سامانی ســەرزەوی و ژێرزەوی وەک ژێرخانی ئابووریی کۆمەڵەخەڵکێکی مێژوویی بەشــدار و نیشــتەجێ، وێڕای یان سەرەڕای ململانێ و بەریەککەوتنی نێوخۆییان.

کاتێــک باســی»خەڵک» دەکەیــن، لــە مرۆڤانێــک دەدوێین کــە ئەزموونی ژیان لە ڕووبەرێکــی جوگرافیاییدا خاڵی هاوبەشــی نێوخۆیــی و خاڵــی جیــاوازی دەرەکیی بۆ ڕەخساندوون کە شێوەیەک لە ژیانی بۆ پێکەوە ناون کە ڕەنگە بەئاســانی وازی لێ نەهێنن. تەنیا لە ڕەوتی نەتەوەســازیدا دەتوانین پەی بەوە ببەین کە ئاخۆ ئەو شــێوە ژیانە لەمپەرە یان یارمەتیدەر. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم شێوە ژیانە بەگشتی ســیمایەکی هەندەکیی لەنێو سیمایەکی هەمەکیی ژیانی نێو جوگرافیاکەن، بەدڵنیاییەوە ئاخێزگەیەکی هاوبەشی هەیە کە دەبێ لە ڕەوتی نەتەوەسازیدا وەک بەشێک لە هەمەک لەبەرچاو بگیردرێ و چ پێویســتیش بــەوە نــاکات خاڵــی جیــاوازی هەندەکی بســڕینەوە، تەنیا ئەوەندەمان پێویســتە کە خاڵی هاوبەشی هەمەکی بخزێنینە نێو وێنای نەتەوایەتیمانــەوە. بەم پێودانگە شــێوەژیانی هاوبەشــی کۆمەڵەخەڵکی نێو جوگرافیایەک لە پێناســەیەکی هەمەکیــدا جێ دەکەینەوە و جیاوازییــەکان وەک ئەزموونی هەندەکیی نێو مێــژوو دەخەینــە پەراوێــزەوە. واتە لە ڕۆحــی پێناســەدا دەیانســڕینەوە و ڕێگــە دەدەین لە پەراوێزی پێناســەدا بژین. چونکە جێکردنەوەیان لە کرۆکی پێناســەدا ناکۆکی بەرهەم دەهێنێت.

## فەرهەنگ

وەک دەســکەوتێکی مرۆیی لە دوو ڕەهەندی ماددی و مەعنەوی لە ئەنجامی کار و کارلێک لە چوارچێــوەی بەریەککەوتنی هزر لەتەک ژینگــە و دەوروبەر، لەنێو زەیــن و زمان لە سیستمێکی نیشانەناسانەدا بەگوێرەی یاسای (ئاماژە، ئاماژە پێکەر و ئاماژەپێکراو) دەرسکێت و دەرەخسێت. بە جۆرێک کە دەتوانین بێژین فەرهەنگیــش وەک زمــان سیســتمێک لە نیشانەکانە. لەم ســۆنگەیەوە فەرهەنگ وەک سیستمێکی نیشــانەیی، پەیڕەوی لە ڕێسای دیاردە و دەرکەوت و لێکەوتەی دیاردە دەکات و تێکهەڵچڕمســانی[۱] زمــان و فەرهەنگیش لێرەوە ســەرچاوە دەگرێت. بەهەرحاڵ لەبەر ئەوەی کــە فەرهەنگ دیاردەیەکی مێژووییە کە لە دۆخی هەنووکەییــدا ڕەنگ دەداتەوە، فەرهەنگــی کورد بــە ئاقارێکی یەکســاندا نەڕۆیشــتووە و ئــەو فرەیییەی کە لە زمان و فەرهەنگی کــورددا دەبینرێت، چەندە مایەی دەوڵەمەندییــە هەندەش کێشەســازە. مێژوو لــە دەفری گێڕانەوەی پەتیدا زیاتر لە ئەدەب

دەچێـــت تا مێـــژوو. بە گوێـــرەی ئەوەی کە گێڕانەوە مێژووییەکانی کورد سەرچاوەکەیان کەمتر ئارشیڤە و بەشێکی زۆری ئارشیڤی کورد پێوەندیی بە سیاسەتەوە هەیە و فەرهەنگیش لە پاشـــکۆیەتیی سیاسەتەوە سەیر کراوە، بەم شـــێوەیە هەموو نەخۆشـــییە سیاسییەکان بۆ نێو کایەی فەرهەنگ شۆڕ بوونەتەوە. دەتوانم بڵێـــم ڕەنگە کەم مێـــژوو هەبێت بە بارتەقای مێژووی کورد سیاســـی بێت، لەکاتێکدا هەر ئـــەو مێـــژووە زۆرترین زیانی لـــە فەرهەنگی کـــوردی داوە. بەدەر لـــەوەی دوژمنانی کورد چ جۆرە سیاســـەتێکیان بەرانبەر کورد پەیڕەو کردووە، بەڵام سیاســـەت لە کوردستاندا پاش مەرگی کاریزماکان گیرۆدەی ئاوەزی خێڵەکی و ناوچەیـــی بـــووە، بەم پێیـــە دەتوانین لەوە تێبگەین بیرۆکەی «ڕزگاریدەر» بۆچی ئەوەندە لـــە زەینی مرۆڤـــی کورددا ڕەگـــی داکوتاوە. هـــەروەک باس کـــرا، «هـــۆکاری ڕێکخەر لە خۆیـــدا» (کاریزما) لـــە پێـــواری «بیرۆکەی ڕێکخـــەر لە هەمەکـــدا» بـــەردەوام مێژووی کوردی لە هەڵکشـــان و داکشانی دراماتیکدا قووت داوە. تا ئەم چرکەســـاتەش بەندە پێم وایـــە هەموو ئەو بابەتانـــەی بە لاف و جاڕی «بیرۆکە و بەرنامـــە و پەیڕەو»ی ڕێکخراوەیی دەخرێنـــە بەربـــاس هیچکامیـــان نەیانتوانی نیشـــاندەری «بیرۆکەی ڕێکخەر لە هەمەکدا» بـــن؛ یەکێک لـــە بەڵگەکانیـــش ئەوەیە کە بەرنامە و پەیڕەو و پرەنسیپ و دیسپلینەکان، نەیانتوانی پێش بـــە جیابوونەوە و دابڕانەکان بگـــرن، چونکە هەر لـــە بنەڕەتەوە «بیرۆکەی ڕێکخەر لە هەمەکدا» زادەی هاوچەشـــنی و لێکچوون و دەروەســـتبوون و ویســـتی ئازاد و سەرپشـــکییە. لەبەرئەوەی دەمڕاســـتەکان، دەمڕاســـتی قەڵەمڕەوە نێوخۆییەکانن، ئیدی نە ویستی ئازاد هەیە و نە سەرپشکی. لە وەها دۆخێکدا لەبەر لاوازیی ئاوەزی بەکۆمەڵ یان هەستی گشتی دوو شت سەر هەڵدەدەن:

**١** بەفەرمـــی ناســـینی قـــەڵەمـــڕەوە نێوخۆییەکان

**٢** پاراســـتنی قەڵەمـــڕەوەکان لـــە لایـــەن دەمڕاستەکانی هەمان قەڵەمڕەو لەنێو ڕێکخراو و حیزبەکاندا کە دیـــارە ڕۆژبەڕۆژ قەڵەمڕەوە نێوخۆییەکانیـــش بچـــووک و بچووکتـــر دەکەنەوە و تا ئاستی ئۆتۆمیزەبوونی کۆمەڵگە پێشقە دەچێ.

ئەگـــەر بمانەوێ لە بەرنامەیەکی تۆکمەدا پێشنیاری ڕێکخســـتنی نەتەوە بکەین، دەبێ سەرلەبەری سیســـتمی پەروەردە بگۆڕدرێت، بـــەڵام بۆ ئـــەم کارە چـــۆن دەتوانیـــن ئەم قەڵەمـــڕەوە نێوخۆییانە کـــە تێکڕای میراتی قەڵەمڕەوی ئاغەواتی و میرنشینییە بسڕینەوە. سەرلەبەری کێشەکە لەنێو سیاسەتدا پەپکەی داوە و قەڵەمڕەوە نێوخۆییەکانی جوگرافیای نەتەوەیی کـــە بوونەتە مایەی دابەشـــبوونی نەتەوەی کورد، بە شێوەیەکی زەینی و نافەرمی لەلایەن دەمڕاستەکانیانەوە، کە لەنێو ڕێکخراوە سیاســـییەکاندان، پارێـــزراون. کە وابوو دەبێ چارەسەرەکە لەنێو هێزە سیاسییەکاندا بکرێت. چونکە لابردنی بەربەســـتی دەرهەستەکی لە لابردنی بەربەستی بەرهەســـتەکی دژوارترە. ئەگەر وەها کارێک بکەین ئینجا دەتوانین لە دارشتنی سیســـتمێکی پەروەردە بدوێین کە کار لەسەر ڕاماڵینی تێکڕای کۆسپ و لەمپەرە دەرهەستەکی(زەینی)یەکان بکات.

## مێژوو و پێشـــگرتن لە بەسیاسیکردنی خوێندنەوەی مێژوو

لـــەوەدا کە مێژوو و سیاســـەت پێوەندییەکی نزیکیان هەیە، هیـــچ گومان و دڕدۆنگییەک نییە. تەنانـــەت بەسیاســـییانە خوێندنەوەی مێژووش بـــە مانای بەسیاســـیکردنی مێژوو نییە. بەسیاسیکردنی مێژوو، کوشتنی ڕۆحی هەقیقەتە. ســـەروژێر و ســـەرولێژکردنەوەی هەرچییەکـــە کە لـــە دەرەوەی سیاســـەت ڕووی داوە، ئەگەرچی کاریگەریی سیاســـی هەبووە بەڵام پاڵنەرەکەی سیاســـەت نەبووە.

«بەسیاســـیکردنی مێـــژوو» بە بـــڕوای بەندە ڕادەستکردنی مێژووە بە کۆمەڵێک کارەکتەری سیاســـی، بەو مانایەی ئـــەوان دەتوانن بڕیار بەســـەر ڕووداودا بســـەپێنن کە بە ئارەزووی ئەوان ڕووبـــدات نەک ئەوەی لە کاریگەرییان بدوێین. ئەم کارە جڵەوگیرکردنی گێڕانەوەی مێـــژووە، چەواشـــەکردنی توخمەکانـــی گێڕانەوەیە. واتە کارەکتـــەر، ڕووداوەکان بەو جۆرەی کە تێیاندا بەشـــدار بووە دەگێڕێتەوە وەک «هەمیشـــە قارەمان» (بڕواننە بیرەوەریی زۆربەی سیاســـییەکانی کورد کـــە جێناوی کەســـی یەکەمی تاک «مـــن» بەزەقی تێیدا دەبینرێـــت). لە وەهـــا بارودۆخێکـــدا مێژوو دەشێوێت و بەم چەشـــنە هەقیقەت لەنێوان دێڕەکانـــی گێڕانەوەدا ون دەبێـــت؛ لەوەش ســـەیرتر ئەوەیە کە لە مێـــژووی گەلانی بێ دەوڵەتدا شوێنەوارناســـی هیچ جێ و ڕێیەکی نییە و تەنیا پاش ســـاڵانێکی دوورودرێژ، یان بە سەدان ســـاڵ، ڕاســـتییەکانیان لە لایەن توێژەرانی خاوەن وڵاتی بێگانە ئاشـــکرا دەبن و لـــە مۆزەخانەی ئەواندا ســـەروەدەردەهێنن کە لەو دەمەدا کەس شـــک نابەیت تا باجی درۆ بدات! لە ڕاستیدا «بەسیاسیکردنی مێژوو» وەک بڕیاری بەکۆمەڵی کارەکتەرانی سیاسی خۆی دەنوێنێ کە تێیدا ون کردنی هەقیقەت یـــان چەواشـــەکردنی ئامانجی ســـەرەکییە. دەگەینـــە ئەو بەرەنجامەی کـــە ئەگەر مێژوو بە ئەرشـــیڤ و شوێنەوارناســـی پشـــتگیری نەکرێت، ســـەرگەردانی نێوان بیرەوەرییەکانە. بیرەوەریـــی بێ بەڵگـــە و واژۆ بەگەواهگرتنی مردووەکانە کە دەتوانین بێژین چوونە ژێرباری باڵادەســـتیی گێڕانەوەیەکـــە، کـــە ناتوانین دروســـتی و نادروستییەکەی بســـەلمێنین. ئەمـــە دەبێتە مایەی بڕوا پێ کردن و بڕوا پێ نەکردن لە لایـــەن دوو بەرەی جیاوازەوە کە هەردووکیان لەســـەر بنەمای متمانەکردن و متمانەنەکـــردن بڕیاری خۆیـــان دەدەن. واتە گێڕانەوەی بیرەوەریی کەسێکی ناودار لە لای لایەنگرانی ڕاستە و نەیارەکانیشی بە پەسندی نازانـــن. چونکـــە لەم نێوەدا تەنیـــا متمانە لە ئارادایە. تەنانەت گەواهیدەرانی ڕووداوێکی نێو بیرەوەری، بە بارتەقای بەڵگەیەکی نووسراو و واژۆیـــەک مایەی بڕوا پـــێ کردن نین. ئیدی لە وەها دۆخێکدا دەقـــی مێژوویی ڕۆنراوی گێڕانەوەی پەتی دەبێت بە هاوشێوەی دەقی پیرۆز کە پێشتر» ئیمانی پێ دەهێنی و پاشان بڕوای پێ دەکەی» واتە لەو دۆخەدا مێژوو هیچ نرخێکی بۆ نامێنێتەوە. یەکێک لە ڕێگەکانی نەتەوەسازی لە لێڕوانینی مێژووییەوە بریتییە لە دابڕاندنی لە بەسیاســـیکردن و تەیارکردنی بە ئەرشـــیڤ و شوێنەوارناســـی، بە جۆرێک کە نەتەوە تێیدا بەشـــێوەیەکی زانستییانە لە گێڕانەوەیەکی تۆکمەدا خۆی بنوێنێت.

## زمان و موزیک

بەگوێـــرەی ئـــەوەی بەنـــدە لە باســـکردنی نەتەوەســـازیدا زیاتـــر زمـــان بـــە فاکتەری ســـەرەکی دەزانم و زمانگـــەرام، بەڵام لەبەر ئەوەی گەلێ جار لە وتار و بابەتەکانی دیکەدا بەتێروتەسەلی زمانم وەک تەوەری سەرەکی خســـتووەتەبەرباس، لێرەدا نامهەوێ بچمەوە ســـەر ئەو باسە و لە ترســـی پاتەوپاتوێژی لە ڕوویەکی دیکـــەوە لە زمـــان دەدوێم. دیارە لـــە توێژینەوەکانـــی پێوەندیدار بـــە لایەنی نەتەوەســـازی ڕەنگە بەشێوەیەکی ئەوتۆ باس لە موزیک نەکرابێت، بەڵام بەندە سۆنگەیەکی دیاریکـــراوم بۆ وروژاندنی ئەم لایەنە هەیە کە ڕەنگـــە نامۆ و نابەجێـــش بێتەبەرچاو. لەگەڵ ئەوەی کـــە زمان فاکتەری هەرەســـەرەکیی پێناسەی نەتەوایەتیی کوردە، بەڵام بە بارتەقای موزیک پڕکاریگەری نییە. ئەگەر وایە، بۆچی ناتوانین موزیک بە فاکتەری سەرەکی دابنێین. لـــە درێژەی بابەتەکەدا هـــەوڵ دەدەم وڵامی ئەم پرسیارە ڕەخنەییە بدەمەوە. لە پێوەندی لەتەک ڕابردوودا موزیک لە زمان بەبڕشتترە. دەبـــێ هێڵێـــک بە ژێـــر پێوەنـــدی لەتەک

ڕابردوودا بکێشین. ڕابردوو لە هەستەکانماندا زیندووترە، دۆخێکی نۆستالیژیکی چێژەکییە کە موزیک بەئاسانی دەتوانێ بیوروژێنێ. کاتێک گوێ لە سیاچەمانە، لاوک، حەیران، چەمەری، هۆرە و مەقامەکان دەگرین، لەنێو ئەو جوگرافیایەی کە پڕە لە فرەقەڵەمڕەوویی (خێڵ ـ شێوەی ئاخاوتن) موزیک بەئاسانی «هەستی هاوبەش» دەئافرێنێ. هەستێکی هەمەکی کە بەشێوەیەکی لێڵ و نامۆ وەک خەوێک کە سەرچاوە کۆنەکانمان وەبیر دەهێنێتەوە؛ چەشنی شەبەنگێک کە بەنێو پەردە تەنکەکاندا تێدەپەڕێ تا بە کرۆک دەگات، لەم سەر و ئەوسەری جوگرافیادا هاموشۆ دەکات و هەندێ وێنای جوگرافیایی لە مێشکدا دەچەسپێنێ کە بیرخەرەوەی چەمکی نیشتمانە. بەڵام بۆچی موزیک ناتوانێ بە بارتەقای زمان فاکتەری پڕباندۆر بێت. موزیک لەگەڵ ئەوەی دەتوانێ «هەستی هاوبەش» بوروژێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ «مانای هاوبەش» بئافرێنێ. مانای موسیقایی، تەنیا لە هەست و جوانییەکی دوورەدەستدا پاچەڤە دەکرێتەوە کە هەستی هاوبەشی هاوشێوەیی دەخولقێنێ، بەڵام بە بۆچوونی بەندە ناتوانێ سیمایەکی ڕوونی هاوشێوەیی پێناسەکراو بخاتە ڕوو. جیاوازیی نێوان زمان و موزیک لەوەدایە کە موزیک هاوشێوەیی لە هەستی جوانیناسانە و نوستالیژیک بەگوێرەی ڕووی لێکچوونی هەستەکی ـ خەیاڵی پاچەڤە دەکات. زمان، هاوشێوەیی لە پێناسە و چەمک و گوتەزاکاندا پێناسە دەکات. زمان لەگەڵ ئەوەی بە ڕاوێژکردن لەتەک ئاوەز هەست پاچەڤە دەکات، بەڵام پێناسەی دەکات، لە وشەدا دەیپێچێتەوە و عەوداڵی ڕوونکردنەوەیە. زمان داڕێژەری چەمکگەلی ئاوەزەکییە، هەر بۆیە کاتێک باسی پێناسە دەکەین هەم چەمک ڕوون دەکەینەوە و هەم مەبەست و پێگە و بەستێن دیاری دەکەین. هەر بۆیە دەگوترێ پێناسە هەڵگری ڕۆحی زاڵبوونە. بۆیە نەتەوەکان زیاتر هۆگری ڕێکخستی جیهانی دەوروبەریانن و ئەو زمانەی کە لە جوگرافیاکەیاندا ئامرازی پێناسەکردنە، ڕێکخەری ڕێککەوتنی زمانییانە و ڕێککەوتنی زمانی، هاوپێوەندی و هۆگری دروست دەکات کە هەم ئێستایە و هەم ڕابردووە کە لە سایەیدا داهاتووی ئەو هاوپێوەندی و هۆگرییەش دەستنیشان دەکەن. لەو باوەڕەدام موزیک وروژێنەری پشتەسەر و ڕابردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاسۆی خوازراوی داهاتووش دەنوێنێ، واتە نواندنەوەیە نەک پێناسە. هەربۆیە هیچکات ناتوانێ جێی گوتەزا(مقولە) بگرێتەوە و بەکورتی گوتەزاسازی و چەمکسازیی ئیپیستمۆلۆژیک لە توانایی موزیک بەدەرە. لەگەڵ ئەوەی پێوەندیگرتن لەتەک موزیکی کوردی لە پێوەندیگرتن لەتەک زمانی کوردی ئاسانترە، بەڵام زمان لە سیاسەتدا داڕێژەری «وێژمان»(دیسکۆرس)ە و موزیک وەها کاریکی لێ ناوەشێتەوە و بۆیە لەم بوارەدا ناچارە پاشەکشێ بکات. لە سەرێکی دیکەوە زمان کێشەسازیشە، چونکە جیاوازی دروست دەکات و زمانێکی وەک زمانی کوردی بەو هەموو پەرشوبڵاوییەی لەنێو قەڵەمڕەوە نێوخۆییەکاندا دابەش بووە و ئەم دابەشبوونەش بە کەڵکی کەڵکئاوەژووی دەمراستەکانی ئەو قەڵەمڕەوە دێت و بەکاریشی دەهێنن و زیاتر مانای لێکترازاندنە تا یەکگرتن.

> **یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی دیکەی نەتەوەسازی پەروەردەیە. ئەزموونێک کە ئێمەی کورد لە پەروەردەی نەتەوایەتیدا هەمانە لە ئەدەب و ویژە و بەتایبەتی شیعردا قەتیس ماوە**

لەم بارەیەوە دەتوانین بێژین موزیک تووشی هیچ بنبەستێک نەهاتووە و بە

بەردەوامی لەنێوان قەڵەمڕەوە نێوخۆییەکانی جوگرافیای کوردستاندا بە ئاسانی هاتوچۆ دەکات، بەڵام بەداخەوە زمان لە نێو ئەم جوگرافیایەدا گیرۆدەی قەڵەمڕەوە نێوخۆییەکانە و زیاتر لە بنبەست دەچێ تا دەربڕی «بیرۆکەی ڕێکخەر لە هەمەکدا». دیارە چارەکردنی ئەمەش پێشوەختە بەندە بە سڕینەوەی کۆمەڵە قەڵەمڕەوێکی نێوخۆیی سیاسی کە خەریکە کۆمەڵگە بەرەو ئەتۆمیزەکردن دەبەن و ئەگەر ئەم قەڵەمڕەوانە تێک بشکێن، زمانیش دەتوانێ چەشنی موزیک بە نێو جوگرافیای بەرینی کوردستاندا هاموشۆ بکات کە دیارە هەنووکە ناتوانێت. بۆیە لە پرۆسەی نەتەوەسازی و نیشتمانسازیشدا بۆ ڕێکخستنی «ویژمان» پێویستیمان بە یەکخستنی زمان هەیە.

### پەروەردە

یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی دیکەی نەتەوەسازی پەروەردەیە. ئەزموونێک کە ئێمەی کورد لە پەروەردەی نەتەوایەتیدا هەمانە لە ئەدەب و وێژە و بەتایبەتی شیعردا قەتیس ماوە. ڕەنگە کۆنترین شیعری پەروەردەیی لە کورددا لەنێو ئەدەبی فۆلکۆردا و لە چیرۆکی منداڵاندا ڕەنگی داوەتەوە کە هەمووان نموونەکانی دەزانن. ئەم جۆرە پەروەردەیە، شێوازێکی کۆنی خۆرهەڵاتییە کە زۆربەی هەرە زۆری لە زمانی ئاژەڵان و مێرووانەوەیە و کەسیەتییەکانیان بەزۆری لە ڕوانگەی مرۆییەوە سیفەتی چاکە و خراپەیان بەسەردا سەپێنراوە و هەرکامیان نوێنەری جۆرێک لە مگێزی(طبع) مرۆیی دەکەن. ڕێوی، گورگ، شێر، مشک، هەڵۆ، قالاو، مار، پەپوولە و قالۆنچە و دواجار جادووگەر لە شێوەی پیرێژن، هەرکام لە مگێزە سروشتییەکانیان بەسەردا بار کراوە و لە زەینی سادەی کورددا - چەشنی پەروەردەیەکی سەرەتایی سەر بە ئەدەبی زارەکی - ڕەنگی داوەتەوە. ئەم پەروەردەیە، لە جەرگەی خێزاندا و بە بڕشت و تەوەری «باپیرە» و «داپیرە» و «دایک» و «باوک» و «پوور» بەڕێوە چووە. جۆرە داناییەکی ئەزموونی کە کوردی پێ گۆش کراوە و ڕەنگدانەوەی ژینگە و شێوەی ژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە و بەدەر لە هەموو تیۆریسازییەکی پەروەردەییە و زیاتر سەر بە دانایی کردەکییە و ئاشکرایە لەم سۆنگەیەوە ئەزموونی ئەوانی دیکە ڕەخسێنەری ئەم پەروەردەیەیە. کە وابوو پێشینانی ئێمە لە پەروەردەدا ژیانی خۆیانیان بە وانە گوتووەتەوە و لەمەڕ «بیرۆکەی پەروەردەیی» و «هاوکێشەسازیی پەروەردەیی لەمەڕ ڕەوشت» هیچ شتێکی نووسراومان نییە و تەنیا لە دەقی گێڕانەوەیی چیرۆکەکاندا دەتوانین وێنای زەینی چیرۆکگێڕەوەکان بکەین کە خۆیان کەسێتیی سەرەکیی ژیانی زیندوو یا «ئەزموونی ژیاو»(تجربەی زیستە)ن. ئەم وانانە بە شێوەیەکی تەلقینی شۆپاژۆی شێوە ژیانی پێش خۆیان دەکەن و بەشێوەیەکی گشتی ڕەوتی داهێنانی ڕوانگەی نوێ مەودایەکی دوورودرێژی چەندین ساڵە دەخوازێ کە فریای کاتی ئەمرۆییبوون ناکەوێت. واتە تا بە ئەمرۆ دەگات، ئەمرۆی پیر دەبێت و بەم چەشنە ناتوانین کوڕی ئەو سەردەمەش بە سەردەمی خۆی بزانین. چونکە ئەوەی ئەو پەروەردە دەکات، سەردەمی خۆی نییە، بەڵکو سەردەمی پێش خۆیەتی و هەر بۆیە سەردەمەکان ڕەنگدانەوەی نەوەکانیان نین و لەم بارەیەوە ناتوانم بڕوا بەوە بهێنم هیچ ژیانێک کە پابەندی کتومت و دابەستەی نەریت بێت، بتوانێ هاوپێناوی سەردەمەکەی بێت. واتە ئەگەر لە سەردەمێکدا بە پێوەری سەردەمی پێشووتر بژین، مانای ئەوەیە فریای سەردەمەکەمان نەکەوتووین. بەم پێیە تا سەدەی نۆزدەیەمی زایینیش کورد هەمیشە چەند سەدە لەپاش سەردەمەکەی خۆی بووە

و ڕۆحی سەردەمی خۆی نەناسیوە. زاڵترین خوێندن، خوێندنی ئایینی بووە و ئێمەش دەزانین «ئایین» لە دۆخێکی «لاهووتی» دەدوێ و بەدەر لە کاتی»ناسووتی»یە. واتە لە تێگەیشتن لە خودا دەدوێ نەک تێگەیشتن لە ڕێسا سیکۆلارەکانی ژیانی زەمینی. بۆیە ناتوانین لە ڕێگەی خوێندنی ئایینییەوە پەی بە هزری زەمینی و سیکۆلار ببەین و کە وابوو ناتوانین لە ڕۆحی سەردەم تێبگەین. چونکە گەشەی ژیار کاتمەندە و بەرەنجامی داهێنانە و شێوەگۆڕانی ژیانە و «دین» تەنیا بە «تازەباو(بدعە)» دەگۆڕدرێت و «تازەباو»یش لە دیندا هێندە بەئاسانی جێ ناگرێت و هەندێ جاریش بابای تازەباوهێن بەکوشت دەچێ، بەڵام بابای نوێداهێن بەئاسانی جێی دەبێتەوە و کەمتریش بەر ناتۆرە و هێرشی دین دەکەوێت. لەم سۆنگەیەوە «نوێداهێن» لەبەر ئەوەی هیچ بروایەک ناکات بە باو بەڵکو بە شێوەیەکی بەرهەستەکی دەیخاتە ڕوو، ڕەنگە پاسایەکی زانستی و ئەدەبی یان هزری بشکێنێت، بەڵام «باو»ێکی ئایینی یان ڕەوشتی بەئاشکرا ناشکێنێت. چونکە «نوێداهێن»، «نوێ« لە بەرانبەر «کۆن»دا قوت دەکاتەوە، بەڵام «باو» چونکە ڕەگی لە «دین» و «نەریت» و «ڕەوشتی کۆمەڵایەتی»دا داکوتاوە، پابەندی «ئەزموون»ە و کە واتە «کۆنەباو»ە و لە بەرانبەردا ، «تازەباو» کەمتر بەختی ئەوەی هەیە پەسند بکرێت. بەم درێژدادرییە دەمهەوێ بڵێم؛ ئێمەی کورد لەبەر ژێردەستەیی و نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی یان دەوڵەت لە پەراوێزی ژیاردا ژیاوین و خوێندنی «حوجرە»ش بۆ هەمووان نەلواو و خودی «حوجرە»ش پارێزەری»نەریتێکی دینی» بوو. لە وەها بارودۆخێکدا سەرهەڵدانی دەستەبژێرێکی ڕووناکبیر لە سەردەمێکی لاهووتباوەڕدا چۆن لواوە؟

لەباری پەروەردەییەوە بەندە بۆچوونێکی سەیر دەخەمە ڕوو کە ڕەنگە نەتوانم بەتەواوەتی بە بەڵگەی بەسندە پڕاسی بکەمەوە، بەڵام وەک بۆچوونێک کە مایەی تێرامانە بە گرنگی دەزانم. سروشتی ئایینیی مرۆڤی کورد شەریعەتتەوەر ـ بەو مانایەی کە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا پەیڕەو کراوە ـ نەبووە. «دین» وەک ڕێکخەری پاسای ژیان، بەو شێوەیەی لە سەدەکانی نێوەڕاستی مەسیحی و ئیسلامیدا بەگوێرەی دەسەڵاتی پاپا و دەسەڵاتی خەلافەت یان ئیمپراتۆریی ئیسلامی لەبەرچاو گیراوە، چەندان لە چەقی سەرنجی کورددا نەبووە. هۆی ئەوەش کە دین وەک دەسکەلایەکی سیاسی کەڵکی لێ وەرنەگیراوە ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بووبێت کە فۆرمی دینداری لە کوردەواریدا ڕۆحانی و سۆفییانە و عیرفانی بووە، هەروەها مێژینەی عیرفانی سروشتی بەگوێرەی پێشینەی ئایینیی کوردان لە چوارچێوەی ئیسلامیشدا پەیکاڵکراوە، بەتایبەتی هێزی تەریقەت لەنێو کورداندا لە بەهێزبوونی پێگەی تەکیە و خانەگا(خانقا)کاندا دەبینرێت کە دامەزراوەی خانەقا لە بەرانبەر مزگەوتی فەقێ و مەلایان بە زەقی بەرچاو دەکەوێت تا ئەو ڕادەیەی کە مەلاکانی پابەندی خەلافەتیش ناچار بوون لەگەڵی هەڵبکەن. ئەمە بە بۆچوونی بەندە وای کردووە کرانەوەی حوجرەکانیش بەرووی شیعر و سروشتگەرایی و بابەتانی ڕۆحانی و... هتد کە بەهەرحاڵ ئەزموونێکی بەرتەسکی پەروەردەیین بەڵام بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگە داخراوترەکانی دەوروبەر، تەریقەت دەربوونە(منفذ)یەک بوو لە پەراوێزی فیقهتەوەریی خەلافەتدا کە کوردی لە جەڕ و مەنگەنە نەداوە.

پەروەردەی مودێرن، لە سەدەی بیستدا بە پرۆسەی مودێرنیتەی نەتەوەی سەردەست، پریشکیشی بەر کورد کەوت. لەگەڵ ئەوەی بەهەرحاڵ لەم پەروەردەیەدا دەروازەی دنیای نوێی بینی، بەڵام ڕاستەوخۆ و بە

زمانی خۆی بــەر جیهانی نوێ نەکەوت. لە باری زمانەوە لە سەردەمی ئەدەب و شیعری کلاســیکیی کوردیدا، ڕەوتێکی کارکردن بە زمانی کوردی دەســتی پێکرد و تا ڕادەیەک زمانی کوردی گەشایەوە. هەڵبەت نموونەی باشووری کوردســتان ڕەنگە لە پارچەکانی دیکــە جیاوازتر بێت بــەوەی کە خوێندن بــە زمانی کــوردی نەپچڕا، بەڵام لە ســێ پارچەی دیکەی کوردســتان بەشــێوەیەک لە شــێوەکان مودێرنیتەی سیاسیی ئێران و تورکیە و سووریا بەکردەوە هەناسەی زمانی کوردیی بڕی. بەم شێوەیە کرانەوە بە ڕووی جیهانــی نوێ بە زمانی بێگانە بوو کە لێرەدا دەرفەتی باسکردن لە زیانەکان کەمە. تەنیا نموونەیەک لەو زیانانە دەهێنمەوە.

خوێندن بە زمانی بێگانە و لە دەرەوەی زمانی نەتەوایەتــی دەبێتە مایەی ترازاندنی «بەرهەست»(عین) و «دەرهەست»(زەین). بەو مانایەی کە چەمک و گوتەزاســازیی زانست و لقەکانی ئیپیســتمۆلۆژیا هیچ کێڵگەیەکی ماناییان لە زمانــی نەتەوایەتیدا نییە و بەم شێوەیە «تێگەیشتن» ئاستەمتر دەبێت.

بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــی کورد لە سەرەتاکانی سەدەی بیســتەمەوە لە شێوە و بیچــم و پێکهاتەی حیزبیــدا دەرکەوت. یەکەمجار بوو کورد لە شیرازەیەکی ئۆرگانیدا دەردەکەوت. واتە»مرۆڤــی نێو ئورگانەکان» لە دایــک بــوو کــە فەرمانــی هەرەمیی ئورگانیزمێکی بەسەردا جێبەجێ دەکرا کە لە «پەیڕەوی نێوخۆ»دا دەستنیشان کرابوو. واتە یەکەمجار «ئــەرک» و «ماف» وەک دووانەی گرێبەســتێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی لەنێو چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ئەزموون دەکرا. «شــێخ» کە لە ڕاپەڕینەکانی کورددا پێگەی ســەرەکیی هەبــوو و ڕاســتەوخۆ فەرمانی دەدا، ئەمجارەیان شــوێنی بۆ «ســکرتێر» و «سەرۆک» و «دەســتەی باڵای بەڕێوەبەری» و «کۆمیتەی ناوەندی» و.... گۆڕدرا. مەشــقی «ئەرک» و «ماف» بۆ کورد گرنگ بوو، چونکە گەلێ نەتــەوەی بێ دەوڵەت هەبوون کە لە دەرەوەی ڕێکخراوی سیاســیی خۆیشــیاندا بــوون و تــا ئــەو کات ئــەو هەنگاوەیــان نەنابوو، لەم ســۆنگەیەوە دەرکەوتنی کورد وەک «مرۆڤێکی نێو دامودەزگای سیاســیی خۆی» ئەزموونێکی نــوێ بوو کە هەرچەند کرچوکاڵیش بوو، بەڵام دەیتوانی لە بەرانبەر شەپۆلی بەهێز و پڕتین و تاوی ناسیونالیزمی نەتەوە سەردەستەکان وازی بە لای پێناسەی پێچەوانــەی خۆکردی خۆی بشــکێتەوە و ئەمە لە باری زەینییەوە دەیتوانی لە بەرانبەر دەوڵــەت ـ نەتەوەی نەتــەوەی داگیرکەردا بەرەنگارییەکــی فەرهەنگــی و سیاســی و کۆمەڵایەتی بێت. ئەم ڕێکخســتنە هەوێنی پاراســتنی کورد لە جیهانی تازەی حەزیای مودێرنیتە ـ یان ئەگەر بتوانین بەشێوەیەکی هۆبزی بدوێین «لقیاسان»ی مودێرنیتە ـ بوو کە دەبێ هاوپێنــاوی ڕەخنەی توندمان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، ئەم لایەنە وەک خاڵێکــی وەرچەرخان ســەیر بکەین، تەنانــەت ئەگەر لە چوارچێــوەی «وێژمانی مانەوە»شدا بێت - هەرچەند بە بۆچوونی بەندە ئەمە لەوەش زیاتــرە. «کوردبوون» مانایەکی چەمکیی مرۆڤێکی سیاســیی بەخۆوە گرت کــە لەبەرانبەر ناســیونالیزمەکانی دەوروبەر جــۆرە کاردانەوەیەکی نەتەوەیی نواند و بۆ یەکەمجار بوو کە وەک «بوونەوەری سیاسی بە پێناسەی خۆکردەوە» بە بێ پاشکۆیەتیی ئیمپراتۆرییەکانی جاران دەربکەوێت.

دیــارە نامانەوێ بەم پەســنە خۆمان لە ڕەخنە ببوێرین، زیانەکانــی بەریەککەوتنی نێوخۆیــی هێــزە سیاســییەکان خــۆی چیرۆکێکــی درێژ و هەژێنەرە کە لە دوتوێی ئەم بابەتەدا ناگونجێ. لە باری پەروەردەییەوە بابەتە ســەرەکییەکان کە لــە فەرهەنگ و زمانی ئێمەدا حونجە دەکران، سیاسەت وەک کردەوەی سیاســیی هێزەکان و پەیامنامە و

ئایدیۆلۆژیایان بوو. بابەتی دووەم گرنگیدان بە ویژە بوو کە شیعر و چیرۆک و دواتر پەراوێزێکی ڕەخنەی ئەدەبی بوو کە ئەویش چەندان بێلایەنانە نەبوو. لەبەرئەوەی دابڕاندنی ئەدەبیات لە کەتواری سیاسی، کارێکی نەکردەیە و بەم پێیە ئەدیب و نووسەرانیش بە تەبا و ناتەبا لە بەرەی جیاجیای سیاسیدا دەگیرسانەوە و بەم شێوەیە مێژووی ئەدەبی کوردیی سەدەی بیستەم، مێژووی ململانێ سیاسییەکانیشی پێوە دیارە. تا ئێستاش ڕەخنەی کەسایەتی و ڕەخنەی ئەدەبی بە بارگاوییبوون بە سیاسەت لە کۆڵی مردووان نەبووەتەوە تا چ بگات بە زیندووان!

ئەمە بووە مایەی جۆرێک لە پەروەردەی نەشیاو کە لە فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگی سیاسیدا کۆمەڵگەیشی بەخۆوە خەریک کرد. بۆیە یەکێک لەو بوارانەی کە لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا پێویستە شۆپاژۆ بکرێت بریتییە لە کاریگەریی ململانێی سیاسی لەسەر پێوەندیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و جۆرێک شەڕی نێوخۆییە کە بەشێک لە کۆمەڵگە بە دژی بەشەکەی دیکە بەڕێوەی دەبات. لەو دۆخەدا هیچ خامەبەدەستێک نابێتە موڵکی نەتەوە و ئەمەش لەباری پەروەردەییەوە زیانەکەی لە ئاگری سیاسەتەوە هەڵدەستێ و دووکەڵەکەی لە چاوی سەرلەبەری فەرهەنگ و پەروەردە دەنیشێت. لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا سەرلەبەری کایەکان بە سیاسەتەوە بەندن. چونکە هیچ سووچ و قوژبنێک نییە کە سیاسەت خۆی تێنەخزێنێ. بەتایبەتی ئەگەر بەرزەفتکردنی هەموو جومگەکانی ژیان لە ئەستۆی سیاسەت بخرێت، بەسیاسیبوونی هەموو شتێک کارێکی مسۆگەرە. پرۆسەی نەتەوەسازیی کورد لە هەموو سەرێکەوە گیرۆدەی سیاسەتگراوییە و بۆیە هەروەک پێشتر گوتم تا ڕادەیەکی زۆر چالاکانی بوارە جیاجیاکانی نێو فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردستان هەر چۆنێک بێت کاری خۆیان ڕایی دەکەن و خۆ ئەگەر شتێکیش هەبێت بۆ کردن ئەوان دەیکەن، لەم نێوەدا تەنیا بوارێک کاری خۆی بەباشی جێبەجێ ناکات سیاسەتە و کاتێک کە سیاسەت کاری خۆی بەشێوەیەکی باش جێبەجێ نەکات بەکردەوە هیچ کارێک بەباشی جێبەجێ ناکرێت. پێش ئەوەی لە پڕوژە و پرۆسەی نەتەوەسازی بدوێین، پێویستە سنووری سیاسەت دەستنیشان بکەین کە بەڕاستی کایەیەکی گشتگرەوەیە و سەرچاوەی بەشێک لە کێشەکانە. سەرکۆنەکردنی زمانەوان، ئەدیب، شاعیر و ڕووناکبیر و ...هتد لە دەرەوەی توانایی خۆیان ناهەقییە. چونکە ئەرکێک کە دەبێ لە سەدەیەکدا جێبەجێ بکرێت، ناخرێتە ئەستۆی کەسانێکی وەک هەژار و هێمن و مەسعود محەمەد و ...هتد کە تا ڕادەیەک ئەرکێکیان جێبەجێ کردووە کە پێیان نەسپێردراوە بەڵام کردوویانە، بەپێچەوانەی کەسانێکی سیاسی کە ئەرکیان پێ سپێردرا و جێیەجێیان نەکرد شیاوی سەرکۆنە و لێپێچینەوەن. سەدەی بیست لەباری کۆستی نێوخۆیی و نەتەوەسازیی وەدەرنگخراوەوە لە ئەستۆی سیاسەتە و سیاسەت وەک هونەری یەکەم لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەکاندا بەرپرسیاری یەکەمە.

ئەرکەکانی سیاسەت، ڕێکخستنی زمان، ئابووری و ئۆرگانیزاسیۆن و داڕشتنی قەوارە و ڕەخساندنی بەستێن بۆ یاساکانە تا تێکڕای بوارەکان بە بێ دەستوەردان لە کاروباری یەکدی لە سنووری خۆیاندا وەگەڕ بکەون. لەم پێوەندییەدا بەندە سیاسەت وەک لەمپەرێکی نەتەوەسازیی کورد دەبینم کە لەباری نێوخۆییەوە لە ئەستۆی کوردە و لەباری فاکتەری دەرەوەش داگیرکاریی بێگانە لێی بەرپرسیارە.

[١]. تێکهەڵبوون، هەڵچوون، چڕبوونەوە و تێدا ئاوسان

# فەلسەفەی «خاک-ڕزگاری»ی کوردستان

## بەشی دووەم

شوعەیب دانش پەژوو

لەگەڵ قەبووڵکردنی دوو گریمانەی دامەزرانی دەسەڵات لەسەر خاک و مانادار‌بوونی دەسەڵات بەپێی پێناسەکردنی دوژمن، دەگەینە ئەو دەرهاویشتە لۆژیکییە کە تاکەکانی نێو سنووری خاکی ژێردەسەڵات دەبن بە سووژە/دۆست و تاکەکانی دەرەوەی سنوور دەبنە ئۆبژە/دوژمن. شەڕ وەکوو دوایەمین کەرستەی سیاسی، ڕوونکەرەوەی ئیمکانێکە کە لەپێناوی هەر بۆچوونێکی سیاسیدا، جیاوازیی نێوان دۆست و دوژمن دەردەخات

ڕەوتی بەکۆمەڵایەتی کردن، بەشێکی دانەبڕاوی هەموو کۆمەڵگەیەکی سیاسییە. هیچ کۆمەڵگەیەک، بەبێ چەسپاندنی ئامانجەکان و فەلسەفەی هەبوونیی خۆی بۆ تاکەکانی ناتوانێت درێژە بە ژیواری خۆی بدات و پێش بکەوێت. ئەگەر کۆمەڵگەیەک توانستی ئەم کارەی نەبێت، ڕەواییبوونی خۆی لەدەست دەدات. ئێستا کە تاکی بێ خاکی کورد لە لایەکەوە گیرۆدەی دەسەڵاتگەلی داگیرکەری دەرهاویشتەی دەوڵەت-نەتەوەی دەستکردی ناوچەکە، بەدەستی وڵاتانی کۆلۆنیالیستیی ڕۆژئاواییە و لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی ڕەوتی بەجیهانیبوون، مەترسیی لەدەستدانی پاشخانی مێژوویی/ فەرهەنگیی لەسەرە، پرسیار لە بارودۆخی کورد وەکوو تاک لە ئێستای دابەشکراویی و بێ دەسەڵاتییدا، دەمانخزێنێتە نێو گێژاوی چەمکگەلی وەکوو مافی مرۆڤ، مافی شارۆمەندی و گەشەی ئابووری و هتد. ئەم جۆرە دەستپێکە تیۆریکە نەتەنیا ناتوانێت هۆکارە سەرەکییەکە دەستنیشان بکات، بەڵکوو زیاتر لە پرسیاری بنەڕەتیی کوردستان دوورمان دەکاتەوە. بۆیە دارشتنی پرسی کوردستان [کوردستان بەچەشنی خاک] بەبێ ئەوەی گیرۆدەی چەمکگەلی دەرهاویشتەی دەسەڵاتی سەپێندراو ببین، پێویستی بە شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان سووژە/تاک لەگەڵ دەسەڵات/ئۆبژە، هەروەها چۆنیەتیی ڕاوەستەبوونی ئەم دوو لایەنە لەسەر خاک هەیە. پێشتر ئەوەمان ڕوون کردەوە کە سەرەڕای جیاوازییەکانی نێوان هێگل و شمیت، هەردووکیان لەسەر دوو خاڵ کۆکن، یەکەم: خاک، پێشمەرج و پێویستیی یەکەمی دەسەڵاتدارێتییە، دووەم: دەسەڵاتی دامەزراو لەسەر خاک، بەبێ پێناسەکردنی ئەویدی/ دوژمن ئیمکانی نییە، بەڵام ئەوەی شمیت لە ئەوانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە بە بڕوای ناوبراو، حاکم/دەسەڵاتدار، بە بڕیاردان لە دۆخی تایبەتدایە کە دەسەڵات/دەوڵەت لەسەر خاک دادەمەزرێنێت.

**لێکۆڵەران لە دەیەی ١٩٦٠ی زایینییەوە دەستەواژەی «توندوتیژیی سیاسی»ـیان بەو مانایە بەکار هێناوە کە گرووپگەلی نێو کێشمەکێشێکی سیاسی، هەڕەشە لە یەکتر دەکەن یان خەساریان پێ دەگەیەنن**

شمیت بە یارمەتیی چەمکی دیکتاتۆری، دۆخی تایبەت پێناسە دەکات. بەڵام دیکتاتۆرییەتێک کە دۆخی نائاساییش لەخۆی دەگرێت لە بنەڕەتدا خۆی جۆرێک دۆخی تایبەتە. بەم شێوەیە شمیت، لە نێوان دیکتاتۆریی نیابەتی[۱] و دیکتاتۆریی حاکم[۲] جیاوازی دادەنێت. لە دیکتاتۆریی نیابەتیدا جیاوازیی نێوان فۆرمی یاسا و فۆرمی کردەییی یاسا دەردەکەوێت. لە دیکتاتۆریی حاکمدا، جیاوازیی نێوان دەسەڵاتی پێکهێنەر[۳] و دەسەڵاتی پێکهێندراو[۴] دەردەکەوێت. لە دیکتاتۆریی نیابەتیدا، بەکردەوەیی کردنی یاسای بنەڕەتی، دەتوانێت سڕ بکرێت بەبێ ئەوەی توانست و مەشرووعیەتی لەنێو بچێت، چونکوو سڕکردن تەنها نیشاندەری دۆخێکی تایبەتیی پەیوەستکراوە. لە دیکتاتۆریی حاکمدا، بارودۆخێکی جیاواز هەیە، چونکوو دیکتاتۆریی حاکم بە سڕکردنی یاسای بنەڕەتی [بەپێی مافێک کە خودی ئەم یاسایە دیاریی کردووە و لە ئاکامدا یاساییە] کورت ناکرێتەوە. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئامانج دروستکردنی بارودۆخێکە کە یاسای بنەڕەتی تێیدا بنووسرێتەوە. لەم نموونەیەدا هۆکارێک کە ڕێگا دەدات دۆخی تایبەت بە پێکهاتەی یاساییەوە ببەسترێتەوە، جیاوازیی نێوان دەسەڵاتی پێکهێنەر و دەسەڵاتی پێکهێندراوە.

لێــرەدا ڕوون دەبێتەوە کە دەســەڵاتدار چۆن دەتوانێت لە دۆخــی تایبەتدا نۆمۆس/ یاسای پێشوو هەڵبوەشــێنێتەوە و سنووری خاک/جوگرافیــا ســەرلەنوێ دابڕێژێتەوە و هاوکات یاسایەکی نوێ دیاری بکات. ئانتۆنی گیدێنز[٥] لە کتێبی کۆمەڵناســیدا سەبارەت بە پەیوەندیــی نێوان دەوڵەت و خاک دەڵێت: دەسەڵاتداریێتیی دەوڵەتگەلی کۆن، سنووری ورد و ڕوونیــان نەبــوو و ئاســتی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوەندی لەســەر خاکەکەیان زۆر کەم بــوو. چەمکی دەســەڵاتداریێتی - واتە دەســەڵات لە هەموو ئــەو ناوچانــەی ژێر دەســەڵاتی خــۆی، هەیمەنــەی هەبێت و هێزی بێ ڕکابەری ئەو ناوچانە بەئەژمــار بێــت - مانایەکــی ئەوتــۆی نەبوو. بــەڵام هەموو دەوڵەت-نەتەوەکان، ئەو فۆرمە لە دەســەڵاتداریێتییان هەیە[٦]. مانــای دەوڵــەت بــۆ گیدێنز بریتییە لە، دەزگای سیاســی دەســەڵات (ناوەندگەلێــک وەکــوو پارلمان یــان کۆنگرە، لێپرســراوان و فەرمانبــەران و ناوەندگەلــی مەدەنــی) کــە لەســەر خاکێکــی دیاریکــراو دامەزراوە و لە پشتبەســتن بە دەزگای یاســایی و هەروەهــا دەکارگرتنی هێزی سەربازی، بۆ بەکردەوەیی کردنی سیاســەتەکانی، کەڵک وەردەگرێت . بــە دەربڕینێکی دیکە، دەوڵەتــی نەتەوەیی، بەبــێ دیاریکردنی ســنووری خاک ناتوانێت دابمەزرێت و مانای نابێت.

یەکێــک لە پۆلێنبەندییــە گرینگەکانی شــمیت، پێناســەکردنی «بابەتی سیاسی[٧]» بوو، بەو واتایە کە دەکرێت/پێویســتە بابەتی سیاســی لەگەڵ بابەتی دیکــە وەکوو بابەتی جوانیناســانە، ئابووری و ئەخلاقــی و... جیا بکرێتەوە. ئەم پێوەرە تایبەتە سیاســییە کە کردەوە و ویستی سیاســی دەتوانین پێوەی گــرێ بدەیــن، جیاوازیی نێوان دۆســت و دوژمنــە. جیاوازیی دۆست و دوژمن ئاماژە بە ترۆپکی یەککرتوویی و لێکدابڕان، پێکهەڵکردن و دوورکەوتنــە دەکات. ئــەم تایبەتمەندییە دەتوانێــت لە ئاســتی تیۆریــک و پراتیکدا بوونی هەبێت. «بۆ پێناسەکردنی دوژمن، هەر ئەوەندەی کە ئەو لە ڕووی هەبوونەوە جۆرێک بێگانە و ئەویدی بێت، بەســە. بەجۆرێک کە لە خاڵی کۆتاییــدا، ئیمکانــی لێکهەڵپرژان لەگەڵ ئــەو هەبێت»[٨]. کەوایــە بوونی هەر سیســتەمێکی دەســەڵاتداریێتی لەگــەڵ ئەگەری هەمیشــەییی شەڕ ڕووبەڕوویە، بۆیە دەســەڵاتدار پاش دیاریکردنی ســنووری دەســەڵاتداریێتی، لــە یەکــەم هەنگاودا ســوپای نەتەوەیــی پێکدێنێــت (بڕوانە بەشی یەکەمی وتارەکە).

> هەوڵی بێوچانی هەموو نەتەوەکان بۆ بەرزتر کردنەوەی دەسەڵاتداریێتیی خاکی خۆیان ڕوونی دەکاتەوە کە پێکەوەژیانی یەکسانی دوو نەتەوە لەژێر دەسەڵاتی یەک دەوڵەت و یەک خاکدا چەندە بێ مانا و پارادۆکسیکاڵە

دەوڵــەت وەکــوو کیانێکی سەرانســەر سیاســی، مافــی ڕاگەیاندنی شــەڕ، واتە ئیمکانی ڕاستینەی بڕیاردان لە بارودۆخی دوژمن و توانســتی شەڕکردن لەگەڵ دوژمنی، بــە یارمەتیی دەسەڵاتێک کە لێیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەیە. شمیت لە کتێبی «بیرۆکەی پارتیزان[٩]»دا دەڵێت: لە تیۆریی شــەڕدا، ئەوە دەستنیشــانکردنی دوژمنایەتییــە کە بــەردەوام مانا بە شــەڕ دەبەخشــێت. هەرچەشــنە هەوڵدانێــک بۆ ســنووردارکردن و پەرەپێدانی شــەڕ دەبێت ئەم تایبەتمەندییە ڕەچاو بکات کە سەبارەت بە چەمکــی شــەڕ، دوژمنایەتــی چەمکی بنەڕەتییە. هەروەها دەستەبەندیی جۆرەکانی شەڕ، پێویســتی بە پۆلێنبەندیی جۆرەکانی دوژمنایەتییە[١٠]. بەڕەچاوکردنی ئەم ڕوانگەیە باشــتر دەتوانیــن چەمکگەلــی پێوەندیدار بە شــەڕ وەکوو شــەڕی نەرم فــام بکەین.

بەواتایەکی دیکە، لەگەڵ قەبووڵکردنی دوو گریمانەی دامەزرانی دەسەڵات لەسەر خاک و ماناداربوونی دەسەڵات بەپێی پێناسەکردنی دوژمن، دەگەینە ئەو دەرهاویشتە لۆژیکییە کە تاکەکانی نێو سنووری خاکی ژێردەسەڵات دەبن بە سووژە/دۆست و تاکەکانی دەرەوەی سنوور دەبنە ئۆبژە/دوژمن. شەڕ وەکوو دوایەمین کەرستەی سیاسی، ڕوونکەرەوەی ئیمکانێکە کە لەپێناوی هەر بۆچوونێکی سیاسیدا، جیاوازیی نێوان دۆست و دوژمن دەردەخات. ئەم بابەتە تا کاتێک مانای هەیە کە جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان بەشێوەی کردەکی یان لانیکەم بەشێوەی شاراوە هەبێت. لەلایەکی دیکەوە، شەڕکردن بەهۆی ویستی تایبەتەن دینی، تایبەتەن ئەخلاقی یان ئابووری بێ مانا دەبێت. پۆلێنبەندیی دوست و دوژمن، و هەروەها شەڕ، ناتوانێت لەم دووفاقیگەلەی پانتایی چالاکیی مرۆڤەوە سەرچاوە بگرێت.

لێکۆڵەران لە دەیەی ١٩٦٠ی زایینییەوە دەستەواژەی «توندوتیژیی سیاسی»ـیان بەو مانایە بەکار هێناوە کە گرووپگەلی نێو کێشمەکێشێکی سیاسی، هەرەشە لە یەکتر دەکەن یان خەساریان پێ دەگەیەنن. ئەم دەستەواژەیە لە سەرەتادا هەموو جۆرەکانی دژایەتیگەلی نێوخۆیی لەهەمبەر حکوومەتی (وەکوو تیرۆریسم - ڕێپێوان - شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازانەی دژەحکوومەتی، کە بە «توندوتیژیی مەدەنی»ـیش ناودێر دەکران) لەخۆ دەگرت. بەڵام دواتر بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە بەرینتر بوو، و کردەوەگەلی توند و سەرکوتکەرانەی حکوومەت لەهەمبەر شارۆمەندانی وڵاتیشی لەخۆگرت کە بە «توندوتیژیی دەوڵەتی» ناوی دەبەن. شەڕ لە ڕوانگەی یاسای گشتیی ئەورووپاوە، شەڕێکە لە نێوان دەوڵەتەکان کە تێیدا سوپای یەکدەستی دەوڵەتێک لە دژی سوپای یەکدەستی دەوڵەتێکی دیکە وەگەڕ دەخرێت.

پارتیزانی مۆدێرن، چاوەڕوانیی عەداڵەت و گەورەییی لە دوژمنەکەی نییە. یاسا واتە یەکگرتوویی، تەکووزی و شوێنمەندی، بەڵام پرسی پارتیزان بریتییە لە پێوەندیی نێوان شەڕی تەکووزمەند و شەڕی ناتەکووزمەند. هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لە نەبوونی خاکی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەییی کوردیدا لەژێر دەسەڵاتی حیزبەکاندا چالاکی دەکات، دەبێت لەم پۆلێنبەندییەدا جێ بکەینەوە، واتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕێکی ناشوێنمەند و ناتەکووزمەند لەگەڵ سوپایەکی شوێنمەند و تەکووزمەندی دەوڵەتی داگیرکەردا ڕووبەڕوویە. بۆیە گیدێنز ئاماژە بەو خاڵە دەکات کە ئەو نەتەوە بێ دەوڵەتانە لەلایەن دەوڵەتی دەسەڵاتدار/ داگیرکەرەوە بەفەرمی ناناسرێن. لەوەها نموونەگەلێکدا دەوڵەت-نەتەوەی دەسەڵاتدار لە ڕێگەی هێزەوە نکۆڵی لە کەمینەکان دەکەن. بۆ نموونە تەبەتییەکان لە چین و کوردەکان کە ئاخێزگە و ژیواریان بەشێک لە تورکیە، سووریە، ئێراق و ئێران لەخۆ دەگرێت. گیدێنز لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت: «تەبەتییەکان و کوردەکان مێژووی فەرهەنگی و شارستانییەتێکی کۆنیان هەیە. لەنێو کوردەکانیش چەند بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانە هەیە کە زۆربەیان لەدەرەوەی خاکی کوردستان چالاکی دەکەن و پێیان وایە توندوتیژی ڕێگای گەیشتن بە ئاکامەکانیانە. هیوایەک بۆ گەیشتن بە خودموختارییەکی زۆر بەرتەسکیش بۆ تەبەتییەکان و کوردەکان نییە مەگەر ئەوەی دەسەڵاتگەلی دەوڵەت-نەتەوەی دەسەڵاتدار بڕیار بدەن شێوەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەوان بگۆڕن»[١١].

گیدێنز هەروەها لە کتێبێکی دیکەیدا دەڵێت: «سەبارەت بە «نەتەوە»، من دەگەڕێمەوە بۆ بەشداری لەسەر خاکێکی دیاریکراو، کە لەژێر بەڕێوەبەرایەتییەکی

یەکگرتوودایــە و هــەم دەزگای دەوڵەتــی ناوخۆیی و هەمیش لەلایەن دەوڵەتانی دیکەوە کاریگــەری وەردەگرێــت. یــەک «نەتەوە»، بەوجۆرەی کە مــن لێرەدا ئەو چەمکە بەکار دێنــم، تەنیا کاتێک بوونی هەیە کە وڵاتێک، بەڕێوەبەرایەتییەکی یەکگرتووی لەســەر ئەو خاکەی کە ئیدعای دەکات، هەبێت»[١٢].

ئــەم دوو دەربڕینــەی گیدێنز هەڵگری جۆرێــک لــە لاپارێزییە، هەرچەنــد وەکوو پێشمەرج ئاستی چەندنەتەوەبوون و هەروەها داگیرکاری/دەســەڵاتدارێتیی نەتەوەیــەک بەسەر چەند نەتەوەی دیکە لەسەر یەک خاکی پشتڕاست کردۆتەوە، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی بەدەسەڵاتگەیشــتنی هەر نەتەوەیەک لەسەر خاکی خۆی، ڕێگای خەبات/ڕزگاری پێشنیار ناکات و پێی وایە تەنها دەســەڵاتی نەتەوەی سەردەست دەتوانێت ئاڵوگۆڕ پێکبێنێت، ئەم ڕوانینــە ناڕاســتەوخۆ بەئۆبژەکردنی نەتەوە ژێردەستەکان لە بەرانبەر سووژەی دەسەڵاتی سەردەســتە و دەتوانێت کۆی ڕزگاریخوازیی نەتەوەژێردەستەکان ئەگەر نەڵێین بێ بایەخ لانیکــەم بێ ئاکام بکات و هەروەها نەتەوەی سەردەست بۆ چەسپاندنی پێناسەی ناوبراو لە نەتــەوە (یەک خاک و یەک بەڕێوەبەرایەتی) ڕەوایی بە خۆی دەدات کە نەتەوەژێردەستەکان لە نەتەوەوە بۆ ئێتنیک دابەزێنێت و لە ڕەوتی مێژوودا هەموو شوناسێکیان لێ بستێنێتەوە. ئەم فۆرماسیۆنە سیاسییەی دەوڵەت-نەتەوەی داگیرکــەر لەهەمبەر نەتەوە ژێردەســتەکان هەر لە ســەرەتای ســەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوەوە تا ئێســتا بــەردەوام و فۆرمی زاڵ بووە. پێناســەی هێگل لە دەوڵەت، هاوکاتە لەگەڵ بوونی دەوڵەتێکــی دیکە، واتە یەک دەوڵەت بەتەنها مانــای نییە، دەوڵەتی دیکە هەمــان دوژمنە کە شــمیت دواتر بە ڕوونی ئامــاژەی پێ کرد. بــە ڕەچاوکردنی ئەم دوو پێشگریمانەیە، دەتوانین داوەریی دەرکەوتەی کۆتاییــی گیدێنز ســەبارەت بــە نەتەوە بێ دەوڵەتەکان ڕەد بکەینەوە.

لویز ســنایدێر[١٣] ســەبارەت بەم ڕەوتە دەڵێــت: «جیهان لە ناوەڕاســتی ســەدەی بیســتەمدا بە نیسبەت ســاڵەکانی ١٩٠٠ی زایینی زۆر جیاوازە. لە کۆتاییەکانی شەڕی دووەمی جیهانیدا، پرسی نەتەوەکان لە ئاسیا و ئەفریقــا بە تووڕەیییەوە وەگــەڕ کەوتەوە. وەرچەرخانێک کە گۆڕانی خێرای نەخشەی جیهانــی لــێ کەوتەوە. پەنجــا و دوو وڵات پێکەوە ڕێکخراوی نەتــەوە یەکگرتووەکانیان پێکهێنا. لەو کاتەوە، خەبات بۆ سەربەخۆبوون دووقات زیاتر لە بەئەندامبوون لەو ڕێکخراوەیە بووە. نەتەوە نوێیەکان زیاتر لە یەک لەســەر ســێی خاکــی جیهــان و زیاتر لــە نیوەی حەشیمەتی مرۆڤیان لەخۆ گرتووە. هەریەکەو بۆ نیشاندانی شوناسی خۆی چالاکی دەکات. هەریەکــە بۆ قازانجی خۆی تێدەکۆشــێت و شــانازی بە دەســەڵاتی بڕیاردانــی خۆیەوە دەکات، هەمــوو بەدوای بناغــەی خۆیان لە مێــژوودا دەگەڕێن. هەریــەک ئاڵای خۆی بەرزتــر لەوانی دیکە دەکاتــەوە و کۆنترۆڵی چارەنووسی خۆیان بەدەستی کەسانی دەرەکی و بەدەستەوەدانی دەسەڵاتدارێتیی نەتەوەیی خۆیان، ڕەد دەکەنەوە. ناســیۆناڵیزم بەردەوام ئەم ڕوانینەی بەنیسبەت دەوڵەت هەبووە»[١٤].

ئەم دەربڕینەی سنایدێر سەرەڕای بەگرینگ نیشــاندانی هێماگەلی نەتەوەیی وەکوو ئاڵا و هەروەها تەرکیزکردنەوە لەسەر مێژوو وەکوو کۆڵەکەی ڕێکخەری نەتەوە، دەسەلمێنێت کە ئەگەری گیدێنز بۆ ئاڵوگۆڕی هەڵســوکەوتی نەتەوەی دەسەڵاتدار، ئەگەرێکی مایەپووچە و ڕەوتی مێژوو ناممکن بوونی ئەو ئەگەرەی ســەلماندووە. ســنایدێر بــە وردبوونەوە لە ڕەوتی دەوڵەت-نەتەوەکاندا، پێشــگریمانەی هەوڵــی بێوچانی هەموو نەتەوەکان بۆ بەرزتر کردنــەوەی دەســەڵاتدارێتیی خاکی خۆیان ڕوونی دەکاتەوە کە پێکەوەژیانی یەکســانی دوو نەتەوە لەژێر دەسەڵاتی یەک دەوڵەت و

یەک خاکدا چەندە بێ مانا و پارادۆکسیکاڵە.
سمیت سەبارەت بە بیچمگرتنی ئەندێشەی نەتەوە دەڵێت: «بەهۆی ئەوەی ئێتنێسیتی لەبنەڕەتدا لەرووی سرشتییەوە، هەڵگری لایەنێکی ئوستوورەیی و هێمامەندە، و بەو هۆیەوە کە ئوستووره و هێما و یادەوەری و بایەخەکان بەشێوەی بیچمگەلی دەستکرد[١٥] و چالاکییەکی زۆر هێواش دەگۆردرێن، دەگوازرێنەوە و لەم رووەوە دۆخی ئێتنیکی لەگەڵ دەستپێکەکەی دەیەوێت بەشێوەیەکی بێ وێنە لە هەوراز و نشێوی ئاسایی و بۆ چەند بەرە سەقامگیر بمێنێتەوە، و تەنانەت بۆ چەند سەدە بەردەوام بێت، هەربۆیە فۆرمگەلێک دروست دەکات لە تێیاندا کۆی ڕەوتگەلی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، بتوانن ئاشکرا ببن و بەپێی ئەوانە هەمووجۆرە بارودۆخ و تەوژمێک بتوانن کاریگەرییان هەبێت»[١٦].
سمیت دەیەوێت بە ئاوردانەوە لە ئاخێزگە ئێتنیککیەکانی نەتەوە وەکوو ئوستووره و هێما مێژووییەکان، گرینگیی مێژوونووسینەوە یان تەنانەت مێژووسازی بۆ ماناداركردنی نەتەوە بەچەشنی فۆرمێکی سیاسی نیشان بدات.
بەڕای نووسەر، لەم ڕێڕەوە مێژووییەی سمیتدا، ئەگەری سازانی دوو نەتەوە لەسەر هێما یان ئوستوورەیەکی مێژوویی بەهۆی ویستی هەر نەتەوەیەک بۆ بەخۆیی کردنی مێژوو، ئەگەرێکی مومکین نییە. بەڵام سمیت پێی وایە لە پاش بەدەسەڵات گەیشتنی نەتەوەیەک، دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست دەتوانێت بە پشتبەستن بە هەندێک بایەخی یونیڤێرساڵ وەکوو مافی مرۆڤ، جۆرێک لە هەڵکردنی نەرم لەنێوان نەتەوە بێ دەوڵەتەکاندا پێکبهێنێت.

مۆنتسرات گیبێرنۆ ڕەخنە لە سمیت دەگرێت و دەڵێت: «سمیت بەڵگەدەهێنێتەوە کە کاتالانەکان وەکوو شارۆمەندانی سپانیا ماف و ئەرکی خۆیان هەیە و لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، ئەم وێنایە مەرجەکان بەجێ دێنێت کە هەموو ئەندامانی وڵاتێک دەبێت ماف و ئەرکی یاسایی هاوبەشیان هەبێت. کێشە ئەوەیە کە سمیت ڕوونی ناکاتەوە کە ئایا ئەم ئەرک و مافگەلە دەبێت بە شێوەی دیموکراتیک قەبووڵ بکرێن و دابمەزرێن یان بە پێچەوانەوە، ئەوان دەتوانن بەسەر حەشیمەتێکدا بیسەپێنن. لە ماوەی ٤٠ ساڵی دیکتاتۆریی فرانکۆدا، کاتالانەکان ئەرک و مافی یاساییان گواستەوە نێو خۆیان بەڵام نەتەنها ئەمانە بەسەریاندا سەپێندرابوو بەڵکوو یاساغکردنی زمان، فەرهەنگ و ڕێکخراوەکانی کاتالۆنیاییشی بەدواوە بوو. بێجگە لەوە، وەها دێتە بەرچاو کە سمیت دەیەوێت بەڵگە بهێنێتەوە سپانیا «نەتەوەی نەتەوەکان»ە، سەردێڕێک کە لانیکەم جێگای پرسیارە، بەڵکوو ئەو نوکتەیە لەبیر دەکات کە ئەرک و مافی کاتالانەکان بە بارودۆخی ئەوان وەکوو شارۆمەندانی سپانیاییەوە بەستراوەتەوە»[١٧]. گیبێرنۆیش وەکوو سنایدێر چەمکی نەتەوەیەکی دروستکراو لە چند نەتەوە، بێ مانا دەزانێت و پشتبەستن بە هەندێک چەمکی گشتی وەکوو ماف، ناتوانێت بنەڕەتی پرسەکە بپێکێت و چارەسەری بکات. پارادۆکسێک لەنێوان فۆرمی بەئیدعا دیموکراتیکی مافی مرۆڤ و سەپاندنی ئەو مافە لە ڕێگەی هێزی دەوڵتییەوە هەیە و سوورانەوەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بە دەوری چەمکگەلی دروستکراو/سەپێندراوی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست، چەرخێکی

> دەوڵەت وەکوو کیانێکی سەرانسەر سیاسی، مافی ڕاگەیاندنی شەڕ، واتە ئیمکانی ڕاستینەی بڕیاردان لە بارودۆخی دوژمن و توانستی شەڕکردن لەگەڵ دوژمنی، بە یارمەتیی دەسەلاتێک کە لێیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەیە

بێ ئاکام و هەر لەسەرەتاوە شکستخواردووە.

کاتێک دەوڵەتێک لەسەر خاکێک دادەمەزرێت کە لە بنەڕەتدا چەند نەتەوە/خاک لەخۆ دەگرێت، توێژی ڕووناکبیر، وردە وردە لە ڕووناکبیربوون بەرەو فەرمانبەری دەوڵەتی وەردەگەڕێن. ئەم دیاردەیە لە دەوڵەتگەلی تۆتالیتێر بە ترۆپکی خۆی دەگات. دەوڵەتی تۆتالیتێر تەنها بە کۆنترۆڵی کەرستەگەلی کۆن و هێز ناوەستێت، لێرەدایە کە جیاوازیی دەوڵەتی تۆتالیتێر لەگەڵ دەوڵەتی موتڵەقە ڕوون دەبێتەوە. ئەگەر دەوڵەتی تۆتالیتێر دەیەوێت وەکوو دەوڵەتێکی دیکتاتۆر درێژە بە بوونی خۆی بدات، ناچارە کۆی ئەندێشەی شارۆمەندان کۆنترۆڵ بکات و لەم ڕێگەیەوە فەرهەنگ جێگای خۆی بە ڕێکلام دەدات. لە وەها بەستێنێکدا تاک/شارۆمەند لەبەرانبەر دەزگای ڕێکلامی دەوڵەتی کە سیستماتیک و بەردەوام ئەندێشەی ڕەخنەگرانە/ ڕزگاریخوازانە بە گاڵتە دەگرێت، بە دژواری دەتوانێت خۆڕاگری بکات. ئەگەر لە ڕوانگەی ئاگامبنەوە چۆنیەتیی دەوڵەت-نەتەوەی دامەزراو لەسەر خاکی چەند نەتەوەی دیکە لێک بدەینەوە، دەبینین کە دەوڵەت بۆ پاراستن و بەهێزتر کردنی دەسەڵاتی نەتەوەی باڵادەست ڕێگایەکی جیا لە فۆرمی دەسەڵاتی ڕەهای نییە و لەئاکامدا دەوڵەت-نەتەوە دەبێتە سیستەمێکی تۆتالیتێر. دەوڵەتی تۆتالیتێر بەپێی ئەوەی کە هەموو دەزگا و فۆرماسیۆنەکانی هێزی سیاسی و ئابووریی لەدەستدایە، دەیەوێت و دەتوانێت فۆرماسیۆنە هزری، فەرهەنگی، مەدەنی و ڕووناکبیرییەکانی نێو جوگرافیای دەسەڵاتی خۆی بکێشێتە سەر هێڵی فۆرماسیۆنی دڵخوازی نەتەوەی دەسەڵاتدار. دەسەڵات دەتوانێت ئەم ڕاکێشان/وەرگەڕاندنە لە ڕێکاری بەکارهێنانی هێز بەشێوەی سەخت وەکوو ڕێگای نیزامی/سەرینەوە و یان بەکارهێنانی نەرم وەکوو ڕاگەیاندن و میدیا جێبەجێ بکات. لەم پێگەیەوە بەولاوە چەمکی ئەمنییەت دەبێتە پێوەری ناوەندیی ڕەفتاری دەوڵەت و لە ئاکامدا خودی دەسەڵات دەبێتە فۆرمێک لە دەوڵەتی ئەمنییەت.

> **کارکردێکی شاراوەتر لە دەسەڵات هەیە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەو شتانەی مرۆڤ دەتوانێت ئەنجامی بدات - توانستەکانیان - دانانێت، بەڵکوو لەسەر «نەتوانستەکانیان» کاریگەریی هەیە؛ واتە ئەو شتەی کە ناتوانن ئەنجامی بدەن**

ئاگامبێن دەڵێت: «چەمکی «دەوڵەتی ئەمنیەت»[١٨] بە ڕادەیەک هاتۆتە نێو وێژمانی سیاسی، کە ئیدی بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین «قازانجی ئەمنیەتی»[١٩] جێگای «قازانجی دەوڵەت»[٢٠]ی گرتۆتەوە. ئەم دەوڵەتی ئەمنیەتە ئیتر نە «دەوڵەتی حەق»[٢١]ە و نە ئەوەی فۆکۆ بە «کۆمەڵگەی تەکووزمەند»[٢٢] ناودێری دەکرد. لە فۆرمی دەسەڵاتدارێتیی هابزیدا، گرێبەستێک کە دەسەڵات و بڕیاری پێشکەش بە دەسەڵاتدار دەکرد، لەسەر پێشگریمانەی ترسی دوولایەنە و شەڕی هەمووان لەگەڵ هەمووان دامەزراوە: دەوڵەت ئەو هێزەیە کە بۆ کۆتایی هێنان بە ترس بەکار دێت. لە دەوڵەتی ئەمنیەتدا ئەم چوارچێوەیە پێچەوانە دەکرێتەوە: دەوڵەت بەردەوام لەسەر ترسی شارۆمەندان ڕاوەستاوە و پێویستە بە هەر شێوەیەک بووە ئەم ترسە ڕاگرێت[٢٣].

ئەم وێنایە لە دەوڵەتی مۆدێڕن بەرەو پرسیار لە بینینەوەی دەرفەتی بەرەنگاری لەهەمبەر دەسەڵاتدا هانمان دەدات. ئاگامبێن لە ڕێگەی دلووزەوە هەوڵ دەدات کارکردێکی نوێ لە دەسەڵات پێناسە بکات. «دلووز، کارکردی دەسەڵاتی بە واتای جیاییی مرۆڤەکان لە ئەو شتەی کە دەتوانن ئەنجامی

بدەن پێناسە دەکرد؛ واتە جیابوونەوەی مرۆڤەکان لە توانستەکانیان[٢٤]. هێزگەلی چالاک لە بەکردەیی بوونیان مەنع کراون، چ بە هۆکاری ئەوەی کە بارودۆخی پێویست بۆ بەکردەیی بوونیان ئامادە نەبێت، چ بەهۆی بوونی جۆرێک بەربەست کە بەکردەیی بوونی نامومکین کردبێت. لەهەردوو حاڵەتدا، دەسەڵات، مرۆڤەکانی لە توانستەکانیان جیا کردۆتەوە و بەم شێوەیە نەزۆکیان دەکات - و ئەمە بە دژوارترین فۆرمی دەسەڵات ئەژمار دەکرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، کارکردێکی شاراوەتر لە دەسەڵات هەیە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەو شتانەی مرۆڤ دەتوانێت ئەنجامی بدات - توانستەکانیان - دانانێت، بەڵکوو لەسەر «نەتوانستەکانیان» کاریگەریی هەیە؛ واتە ئەو شتەی کە ناتوانن ئەنجامی بدەن یان باشترە بڵێین، ئەو شتەی کە دەتوانن ئەنجامی نەدەن.

ئەم بابەتە کە هەموو توانستێک، هەمیشە جۆرێک نەتوانستە، ئەوەی کە هەر توانستێک بۆ ئەنجامدان، بەردەوام توانستێکە بۆ ئەنجامنەدان، ئامانجی سەرەکیی بیرۆکەی «پەنگراوێتی»[٢٥]یە کە ئەرەستوو لە نۆیەمین کتێبی مێتافیزیکادا لێکیداوەتەوە. ئەو دەنووسێت، نەپەنگراوێتی[٢٦]، نەبوونێکە پێچەوانەی بوونی پەنگراوێتی. ئەمە بەو مانایەیە کە مرۆڤەکان بوونەوەرێکی گیاندارن کە لەگەڵ هەبوون لە حاڵەتی هێزدا، ڕێک بەو ڕێژەیەی کە دەتوانن کارێک ئەنجام بدەن، هەر ئەوەندەیش دەتوانن ئەنجامی نەدەن. ئەم تایبەتمەندییە دەرفەت بە مرۆڤەکان دەدات کە «شیاوێتی»[٢٧]یەکانی خۆیان کۆبکەنەوە و بە ویستی خۆیان کۆنترۆڵیان بکەن و بیانکەن بە «لێهاتوویی»[٢٨].

نووسەر لە بەشی سێیەمی وتارەکەدا، چییەتی و چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەم کارکردە نوێیە لە دەسەڵات لە لایەن نەتەوە ژێردەستەکانەوە (وەکوو کورد) بەچەشنی فۆرمێک لە خەباتی ڕزگاریخوازانە زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

## سەرچاوەکان

1. Commissarial dictatorship
2. Sovereign dictatorship
3. Constituent power
4. Constituted power
5. Anthony Giddens (1938)
٦. آنتونی گیدنز با همکاری کارن بردسال، جامعه‌شناسی، ترجمه حسن چاوشیان، (نشر نی،١٣٨٧): ٦٠٨ .
7. The Concept of the political
٨. کارل اشمیت، مفهوم امر سیاسی، ترجمه یاشار جیرانی و رسول نمازی، (نشر ققنوس، ١٣٩٣): ٢٤ .
9. Theory of the partisan
١٠. کارل اشمیت، نظریه پارتیزان، ترجمه طاهر خدیو و مصطفی احمدزاده، (نشر فلات، ١٣٩٦): ١٢٣ .
١١. جامعه‌شناسی، ٦٤٣ .
12. Anthony Giddens, The nation state and Violence,(Berkeley: Univ. Calif. Press 1984), 116 .
13. Louis L. Snyder (1907-1993)
14. Louis L. Snyder, The new Nationalism,(Taylor and Francis Group, 2017), 7 .
15. artifacts
16. Anthony Smith, The Ethnic Origins of Nations, Oxford Blackwell : 16 .
17. Montserrat Guibernau, Anthony D. Smith on nations and national identity: a critical assessment, Nation and Ntionalism Journal 10, (2004): 130 .
18. security state
19. security reasons
20. reasons of state
21. State of right
22. discipline societies
٢٣. جورج آگامبن، وضعیت استثنایی، ترجمه پویا ایمانی، (نشر نی ؛ ١٣٩٧)، ١٤ .
24. Potentiality
٢٥. Dynamia, وشەیەکی یۆنانییە کە لە فارسیدا وشەی بالقوەبودگی بەکاردەبەن.
٢٦. Adynamia وشەیەکی یۆنانییە کە لە فارسیدا وشەی بالقوەنبودگی بەکاردەبەن.
27. capacity
28. faculty

# پەروەردەی ژینگەیی

## منداڵ لە نێوان شوێن، ژینگە و قوتابخانە دا

ئەفراسیاب گرامی

”

کۆمەڵایەتی بوون، پرۆسەیەکە کە کەسێتیی منداڵ تێیدا گەشە دەکات و دەبێتە بەشێک لە کۆمەڵگا و کولتووری خۆی. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، قۆناخەکانی تەمەنی مرۆڤ، بەشداریی لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا و هەروەها جیاوازیی وردە کولتووریی نێوان نەوەکان، هۆکاری گەشەکردن و کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤە. لە ڕوانگەی پێداگۆگی یان پەروەردەوە، پرۆسەی فێرکردن و گەیاندنی زانیاری، بەستێنەکانی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ و تێکەڵ بوون بە گرووپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا فەراهەم دەکەن.

“

## سەرەتا

بۆ زۆر کەس لە قوتابخانەدا ئەزموونی چوونە دەرەوە و لە نزیکەوە تێکەڵ بوون بە سروشت و هــاوکات فێر بوون، ئەزموونێکی تایبەت و لەبیرنەکراو بووە. ئەم هەســتە، پێوەندیی بە «پــەروەردەی ژینگەیی» یــان «فێرکردن لە ژینگەی نزیــک»ەوە هەیە کــە قوتابخانەی گونــدەکان بەتایبەتی، بە باشــی بەکاریان دەهێنا. مەبەســت لە پەروەردەی ژینگەیی بەکارهێنانــی فاکتــۆرە کۆمەڵایەتییەکانی شــوێنی نیشتەجێ بوون یان فاکتۆرە بوومی (لۆکاڵی)یەکانــی کۆمەڵــگا لــە پــەروەردە و فێرکردنــدا کە منــداڵ دەتوانــێ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دەورووبەری خۆی بناسێ و روانگەی لە لۆکاڵییەوە بۆ گلۆباڵ بەرفراوان بکات. قوتابخانە، باخچەی ســاوایان یان هەر ناوەندێکــی دیکەی پــەروەردە و فێرکردن، «شوێن» یان «ژینگەی نزیک» بەکار دەهێنێ بــۆ ئەوەی کە پرۆســەی خوێنــدن تێکەڵ بــە ئەزمــوون و نزیک بوونــەوەی وانەکانی خوێندن لەگەڵ ژیانی رۆژانەدا بکات. شوێن دەتوانێ سروشــتی دەوروبــەر، مۆزەخانەی ناوچەیــی، شــوێنێکی مێژوویــی، کارخانە یــان ناوەندێکــی پەروەردەیــی و هتد بێ. هەروەها ژینگەی نزیــک دەتوانێ پێوەندیی مامۆستاکان، هاورێیانی قوتابخانە و تەنانەت رێگای قوتابخانەش (شەقام، کۆڵان، دووکان و بــازار، خەڵــک و . . . ) بەشــێک بن لە بونیادنانی شوناســی کۆمەڵایەتیی منداڵ لە پانتایی شوناسی تاک و گرووپیدا. بۆیە یەکێ لە باســە گرینگەکانی پەروەردە و فێرکردن کە پێوەندیی راســتەوخۆی بــە قوتابخانەوە هەیە، ژینگــەی دەورووبەر و پــەروەردەی ژینگەییە. واتە پرسیاری سەرکیی ئەم باسە ئەوەیە کە شــوێن چ کاریگەرییەکی لەسەر مەنتاڵیتێتیی منداڵ دادەنێ و چۆن دەتوانین پەرســپێکتیڤی منداڵ لە قوتابخانەدا گەشە پێ بدات؟

## چەمکی شوێن

شــوێن یەکێ لــە چەمکە ســەرەکییەکانی زانســتە کۆمەڵایەتییەکانــە کــە بریتییە لە تێکەڵاو بوونی مرۆڤ و ژینگە کە، کاریگەری لەسەر کۆمەڵایەتی بوون، بونیادنانی شوناسی سیاســی ـ کۆمەڵایەتــی، بــاری دەروونی و براوتــی کۆمەڵایەتیی مــرۆڤ دادەنێت. تیم کرێســوێڵ (Tim Cresswell 2015) لــە پێناســەیەکی کورتی شــوێندا دەڵێ: «شوێن فەزایەکی واتــادارە». هەر لــەم پێوەندییەدا بۆ زیاتر شــیکردنەوەی ئەم پێناســەیە، جان ئەگنیــو(١٩٨٧) لــە روانگــەی جوگرافیای سیاســییەوە پێی وایە کە چەمکی شوێن لە سێ ئاستدا (Stokke ٢٠١٧ . ل ٥٠) پێوەندیی بە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەوە هەیە:

- یەکــەم، شــوێن وەک لۆکەیشــن (location)، واتە ماتریاڵ و کەرەســتەی خاو کە لە موختەسات(Coordinate system)ێکی جوگرافیاییدا هەڵکەوتووە وسنووردارە. پانایی، درێژایی و بارســتایی شــوێن بە شێوەیەکی موتڵەق و ســارد کە بریتییە لەژینگەی ژیانی رۆژانە وەک ئینفراتراکچێر، خانووبەرە، رێگاوبان و . . . . لۆکەیشــن پانتایەکــی بەرفراوان بۆ ئەزموونی کۆمەڵایەتی و پێوەندییەکانی مرۆڤ بە جوگرافیای دەورووبەرییەوە فەراهەم دەکات.
- دووهەم، شوێن وەک لۆکاڵ (Locale) یان بوومی. چەمکی بوومی پێوەندیی بە ژیانی رۆژانەی مــرۆڤ و پێوەندییەکانــی مرۆڤەوە هەیە. واتە ئەزموونــی پێوەندییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵایەتــی بوونی مرۆڤ لــە رووبەرێکی دیاریکــراودا و تێکەڵ بوون بــە رووبەرێکی گەورەتــرەوە. لە پێوەندی لەگــەڵ ئەزموونی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لە شــوێندا، پییێر بۆردیۆ چەمکــی «هابیتوس یــان خووگرتن» دێنێتە ئاراوە کــە بریتییە لە شــوێنگرتنی کۆمەڵگا لــە مرۆڤدا و هەروەها جەســتەی مرۆڤ کە گرینگترینە و هەوێنی ئەم گرێدانەیە. لەگەڵ ئەوەیدا کە جەســتەی مرۆڤ بە شێوەیەکی

فیزیکی، بیۆلۆژیک و سروشتی نەگۆڕە، بەڵام هەست و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی مرۆڤ و پێوەندیی مرۆڤ بە دەوروبەریەوە لە شوێنەوە سەرچاوە دەگرێ و بەردەوام لە گۆڕاندایە.


■ سێیەم، شوێن سەرچاوەیەک بۆ مانابەخشین. شوناس، هاوپێوەندیی کۆمەڵایەتی، هەستی شوێن (senseof place) ژێرخانی کولتووری و کۆمەڵایەتیی مرۆڤ پێک دەهێنن. هەستی شوێن لە ژیۆپۆلیتیکدا گرینگیی تایبەتی هەیە کە هێمایەکی سیمبۆلیک بە شوێن دەبەخشێ. دەکرێ «مەیدان تەحریری»ی میسر وەک هێمای بەهاری عەرەبی بناسێنێ و لە سیمبۆلێکی ناوچەییەوە بۆ سیمبۆلێکی جیهانی بگوازێتەوە. «مەیدانی تەحریر» جیا لە ڕووی ماتریاڵی و مانا ساردەکەی کە مەیدانێکە لە شاری قاهیرەدا، مانایەکی بەرفراوانی بۆ سیمبۆلەکانی بەهاری عەرەبی لە دنیای گلۆباڵدا دەستەبەر کردووە. واتە شوێن دەتوانێ مانا لۆکاڵییەکەی خۆی بگوازێتەوە بۆ ڕووبەرێکی بەرفراوانتر کە گلۆباڵە. لەم ڕوانگەیەوە نموونەیەکی دیکە دەتوانێ «قەندیل» بێ کە لە ڕووی جوگرافیاییەوە شاخێکی کوردستانە، بەڵام سیمبۆلەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان دەگوازێتەوە بۆ ڕووبەرێکی بەرفراوان و جیهانی. بۆ زیاتر تێگەیشتن لە هەستی شوێن، ئیدوارد ڕێلف لە کتێبی «شوێن و بێ شوێنی»دا (١٩٧٦) دەڵێ «مرۆڤ بوون واتە ژیان لە جیهانێکدا کە لێوانلێوە لە شوێنی پڕ لە مانا». جیهانێک کە پڕە لە شوێن بۆ واتادارکردنی ئەزموون و سەرچاوەیەک یان فەزایەک بۆ مانابەخشین. ڕێلف چەمکی شوێن دەخاتە بەر ڕاڤە و لێکدانەوەی جوگرافیای سیاسی و سروشتییەوە. لە ڕوانگەی پێکهاتەگەراییەوە کە شوێن پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە و مرۆڤ بەرهەمهێنەرەکەیەتی. هەروەها لە ڕوانگەی دیاردەناسییەوە، شوێن دیاردەیەکە بۆ نزیک بوونەوەی مرۆڤ لە سروشت و ئەو جیهانەی کە لێی دەژی و ئەزموونەکانی کەڵەکە دەکات. ڕێلف چەمکی «جیهانژینگەیی»، بەو مانایە کە ژیان مانا دەبەخشێ بە شوێن، دەهێنێتە ئاراوە. واتە شوێن بونیادنەری شوناسە کە ڕێلف بە «شوناسی شوێن» ناوی هێناوە. بەو تێگەیشتنەوە کە شوێن هۆکاری فیندەمەنتاڵی مرۆڤ بوونە و تێکەڵ بوون، تێکهەڵچوون و توانەوەی مرۆڤ لە ژینگەدا، و هەروەها ئاگایی و تێگەیشتنی مرۆڤ لە شوێنی دەوروبەری خۆی، دەتوانێ دنیای خۆی و شوێنی خۆی بونیاد بنێت. بەو واتایە کە کەڵەکەکردنی ئەزموونەکانی، پاڵ بە دنیای دەسکردی خۆی، واتە شوێنی دەسکردی خۆیەوە دەنێت (Birkeland ٢٠١٤، ل. ١١٩ ـ ١٣٠).

یوڤاڵ نووح هەراری لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بە ناوی «ساپیێنس، مرۆڤی ژیر»دا، ئاماژە بە «فانتازیای گێڕانەوە»ی مرۆڤ دەکات کە توانی وەک بوونەوەرێک بەسەر زەویدا زاڵ ببێ و بونیادنەری شوێن بێت. دەستەواژەی «خەیاڵی هاوبەشی مرۆڤ» پێوەندیی بە شوێنەوە هەیە کە مرۆڤ تێیدا گەشە دەکات و خەیاڵەکانی بەرفراوان دەکات. ئەم ڕوانگەیە لای زۆربەی کۆمەڵناسەکان بایەخی تایبەتی هەبووە. کارڵ مارکس پێی وابووە کە ئەزموونەکانی مێژوو بە بێ شوێنێکی جوگرافیایی بوونی نەبووە و ناکرێ شوێن و مێژوو لە یەکتری داببڕین. ئەم ڕوانگەیەی مارکس بۆ «شوێن»، لە لای ئانتۆنی گیدێنز وەک پێوەندیی مرۆڤ بە شوێنەوە پێناسە کراوە کە مرۆڤ بونیادنەر و دروستکەری شوێنە. ئەو پێی وایە کاتێ مرۆڤ بەشدارە لە جموجووڵەکانی دنیادا، شوێنی خۆی بونیاد دەنێ، مانای پێ دەبەخشێ و هاوکاتیش مێژووی خۆی بونیاد دەنێت. مارتین هایدگێر لە کتێبی «کات و بوون»دا، باس لە چەمکی شوێن دەکات کە هۆکارێکە بۆ «بوون». واتە شوێن هۆی خولقاندنی دەرفەتەکانی مرۆڤ

لە پێناو «بوون»دا و هۆکارێک بۆ بونیادنان و گەشەسەندنی مرۆڤ وێنا دەکات. هەر بەو هۆیەوەیە کە هایدگێر پێی وایە شوێن تەنیا هۆکاری بوون نیە، بەڵکوو هۆکاری ئەزموون و بونیادنانیشە (Birkeland، ۲۰۱۴ ل. ۱۹۹ ـ ۱۳۰). وێڕای هەموو ئەم ڕوانگە جیاوازانە لەمەڕ چەمکی شوێن و پێوەندیی مرۆڤ بە شوێنەوە، جێگای باسە کە شوێن رۆڵێکی گەورە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤدا دەگێڕێت، واتە شوێن مرۆڤ فێر دەکات و بونیادی دەنێت. گرینگیی ئەم باسە لێرەوە دەست پێ دەکات کە مرۆڤ لە داوێنی دایکەوە بونیادنەری شوێن و مانابەخشین بە شوێنە. هەر ئەم هۆکارەشە کە زانایانی بواری پەروەردە و دەروونناسی، گرینگیی تایبەتیان بە پەروەردەی ژینگەیی داوە و لە نزیکەوە تێکەڵ بوون بە ژینگەیان لە قوتابخانەدا برەو پێ داوە و بەشێکە لە دیداکتیک (شێوازی وانەگوتنەوە)ی مامۆستاکان.

## چەمکی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ و ژینگە

ئێمەی مرۆڤ بە پێی قۆناخەکانی تەمەن لە ژینگەی جۆراوجۆردا پرۆسەی کۆمەڵایەتی بوونی خۆمان تێدەپەڕێنین. کۆمەڵایەتی بوون، پرۆسەیەکە کە کەسێتیی منداڵ تێیدا گەشە دەکات و دەبێتە بەشێک لە کۆمەڵگا و کولتووری خۆی. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، قۆناخەکانی تەمەنی مرۆڤ، بەشداریی لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا و هەروەها جیاوازیی وردە کولتووریی نێوان نەوەکان، هۆکاری گەشەکردن و کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤە. لە ڕوانگەی پێداگۆگی یان پەروەردەوە، پرۆسەی فێرکردن و گەیاندنی زانیاری، بەستێنەکانی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ و تێکەڵ بوون بە گرووپە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا فەراهەم دەکەن. واتە لە بنەماڵەوە بۆ قوتابخانە و لە قوتابخانەوە بۆ کۆمەڵگا، پرۆسەیەکە کە قۆناخەکانی ڕەفتار و دنیابینیی



کۆنتێکستی ژینگەی کۆمەڵایەتیبوون




منداڵ پــەروەردە دەبێ. بەڵام لــە ڕوانگەی دەروونناســییەوە کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بــە گەشــەی مێشــک و دیاردەی ناســین (کۆگنەتیف)ەوە هەیە، دەروونناسەکان پێیان وایە کە مرۆڤەکان لە ڕووی ڕەفتار، بیرکردنەوە و گەشەکردنەوە جیاوازن، چێژ و حەز، خەون و بیری جیاواز و تایبەتــی خۆیانیان هەیە و بــە پرۆســەی جیــاوازی کۆمەڵایەتی بوونی خۆیانــدا تێدەپەڕن. بەگشــتی ئەوەی کە لە هەر ســێ ڕوانگەی کۆمەڵناسی، دەروونناسی و پــەروەردەوە گرینگیــی پــێ دەدەن، شــیکردنەوە و ڕاڤەی بایەخــی قۆناخەکانی تەمەنــی مرۆڤە. پرۆســەیەکە کە لە ژینگەی کۆمەڵایەتــی و هەروەها ڕۆڵ و بەشــداریی تاک لە گرووپە جیاوازەکانــی کۆمەڵگادا کە شوناسی جیاوازیان هەیە و کاریگەریی لەسەر شکڵگرتنی کەســایەتیی مرۆڤ دادەنێن، ڕوو دەدات. کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ پرۆسەیەکی هەمیشەییە و ئامانجی کۆمەڵایەتی بوونیش تێکــەڵ بوون بە کۆمەڵگا و خۆرێکخســتن و بەشداریی لە کۆمەڵگایە کە فاکتۆرەکانی ژیان، ســەرچاوەکانی ژیان، ئابــووری کۆمەڵایەتی، کولتوور و یاســاکانی کۆمەڵگا کۆنتێکســتی کۆمەڵایەتی بوونی مــرۆڤ پێک دەهێنن کە تێیدا هەست و بیری مرۆڤ گەشە دەکەن.

## ژینگەی قوتابخانە

لە دنیای ئەمڕۆدا پەروەردە و فێرکردن وەکوو ژێرخانی پەرەســەندنی بەردەوام و ســامانی گشتیی کۆمەڵگا چاو لێ دەکرێ. کۆڵەکەکانی گەشــەی ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتیی هەموو کۆمەڵگایەک لە پرۆسەیەکی پەروەردە و فێرکردنــی ئازاددا بناغەکــەی دادەنرێ و ئایندەی پەرەســەندنی بەردەوام بۆ کۆمەڵگا گەشــتر دەکات. لــەم ڕوویەوە هەتا ئێســتا قوتابخانە یەکەم ناوەندی پەروەردە و فێرکردن بووە کە بە شێوەیەکی تۆکمە و سیستەماتیک، هەمــوو دەوڵەتێک بۆ پــەروەردەی نەوەکانی داهاتووی، پلان و بەرنامــەی بۆ دادەڕێژێت. چەمکــی قوتابخانــە وەک ناوەندێــک یان ئێنیســتیتۆیەکە کە فەزایەکی کۆمەڵایەتیی بۆ پەروەردە و فێرکردنــی منداڵ، مێرمنداڵ و گــەورە دەخولقێنێ، و شــوێنێکە بۆ «وانە، وانەفێر بوون، وانە وتنەوە».

بــە لەبەرچاوگرتنی پێگــەی مێژوویی قوتابخانــە لــە کۆمەڵــگادا، کارکردەکانــی

قوتابخانــە، کۆڵەکەی بونیادنانی ســەرمایەی کۆمەڵایەتــی و کولتووریــی کۆمەڵــگان کە لێرەدا من بەکارکردی حەوتەوانەی قوتابخانە لە ڕەوتی مێــژوودا دەستنیشــانم کردووە و بریتین لە:


- بەرهەمهێنانــەوەی میراتــی زانســتی (Knowledge)، کولتــووری و کۆمەڵایەتیی هاوبەش و گەیاندنی بە نەوەکانی داهاتوو.
- کارامەکردنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵــگا و بەرهەمهێنانی زانیاری و توانایی نوێ بۆ کۆمەڵ و شارۆمەندیسازی.
- کارکردی شووناسسازی و بەرزکردنەوەی ئاســتی ئاگایی، تێگەیشتن، زانین و توانایییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ.
- کارکــردی کۆمەڵایەتــی بــوون و دووهەمین بیاقی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ دوای بنەماڵە.
- شــوێنێک بــۆ بزاوتــی کۆمەڵایەتی و بیچمگرتنی شوناسی گشتیی کۆمەڵ.
- پێکهێنــەری فــەزای پێوەندیــی کۆمەڵایەتــی و ئۆلگوی کۆمۆنیکەیشــن لە نێوان گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵ
- بەرزکردنەوەی ئاســتی مێتاکۆگنەیشن لای منــداڵ و پــەروەردەی ڕەخنەگرانــە و بەرفراوانکردنــی ڕوانگــەی مێژوو، ئێســتا و داهاتوو.

کارکردی حەوتەوانەی قوتابخانە لە تیۆری سۆســیال کۆگنێتیقی فێرکردنــەوە (Social cognitivelearning theory) ئالبێرت باندورا سەرچاوەی گرتووە کە ئامانجی گەشە کردنی کارکردەکانــی قوتابخانــە و بەرزکردنــەوەی ئاگایی لە کۆمەڵدایە. باندورا بەوە ناسراو بوو کە ڕوانگەیەکی تایبەتی بۆ کەسێتیی مرۆڤ هەیە کە فێر بوون، پێوەندیی کۆمەڵایەتی و ناسین (کۆگنەتیڤ) لە باســە ســەرەکییەکانیەتی. لــەم تیۆرییــەدا کۆمەڵایەتــی بوونی مرۆڤ بە پێــی فاکتۆرەکانی ناســین(کۆگنەتیڤ)، ڕەفتــاری(behavior) و ژینگەی کۆمەڵایەتی گەشە دەکات. فاکتۆرەکانی ناسین بریتین لە زانســت، ئەزموون و تێگەیشتن کە لە ڕووی فیزیکی و مەنتاڵەوە لای مرۆڤ گەشە دەکەن. فاکتۆرەکانــی ڕەفتاریــی کارزانــی، تەمرین، هەســتی کارامەیی بــە پێی گەشــەکردنی تواناییــە ســەرەتاییەکانی منداڵ گەشــە دەکات. هەروەها فاکتۆەکانی ژینگەیی بریتییە لــە نۆرم، بەشــداری لە کۆمــەڵ و توانایی باوەربەخۆ بوون لە کۆمەڵ و خوددا.

لێرەدابــۆ زیاتــر شــیکردنەوەی تیۆری سۆسیال کۆگنێتیقی فێرکردن و «پەروەردەی ژینگەیــی» لە ڕوانگــەی ژان پیــاژە و لێڤ ڤیگۆتسکییەوە دەیخەینە بەرباس:

## ڕوانگەی کۆگنەتیڤی پیاژە

لە دەیەی شەستی ســەدەی بیستەمدا، ژان پیــاژە (١٨٩۶ ـ ١٩٨٠)توانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی



مۆدێرنـــدا بهێنێته ئـاراوه. پیـــاژه پێی وابوو کە قۆناخەکانی گەشـــەکردنی زەینی منداڵ بـــە ئەزمـــوون و وشـــیاری لە سروشـــت و ژینگەی دەورووبەری و دەستراگەیشـــتن بە زانیارییەوە دەست پێ دەکات. منداڵ توانایی بونیادنانەوەی زانیاریی لە یاریکردن و ئەکتیڤ بووندا هەیە کە جیهانی دەورووبەری پێوەندیی بە حەزەکانی منداڵەوە گرێ ئەدات.

پیاژە چوار قۆناخی ســـەرەکیی گەشەکردنی منداڵ دەستنیشان دەکات(Imsen, 2008):

**یەکەم،** قۆناخی هەست و جووڵە، لە لەدایک بوونەوە هەتا دوو ســـاڵی. لەم قۆناخەدا منداڵ زمان فێر نەبووە و بە هەســـت و جووڵەکانی لەگەڵ دنیای دەورووبەریدا لە پێوەندیدایە و لە دیاردەکان و کاریگەرییان تێدەگات. هەروەها بە شێوەیەکی فیزیکی هەستە سەرەکییەکانی وەک: هەســـتی چێشـــتن، بۆنکردن، بیستن، بینین، هەستپێکردن دەناسێتەوە.

**دووهـــەم،** قۆناخـــی فامکردنـــەوە پێش عەمەلیات، لە دوو ســـاڵ هەتا حەوت ســـاڵ. لەم قۆناخەدا منداڵ کارەکانی بە شـــێوەیەکی هێمایی و فیزیکی دەکات و بیرکردنەوەیەکی ژیرانـــەی لـــە پێوەندی لەگـــەڵ دیاردەکانی دەورووبەریدا نییە. لەم قۆناخەدا زەینی منداڵ هێشـــتا بۆ کاری زەینی ئامادەیی نیە و پێی وایە کە شتە بێ گیانەکان، گیاندارن و یارییان لەگەڵ دەکات. مەبەست لە عەمەلیات، دانانی چوارچێوە یـــان ڕێکارێکی لۆژیکی بۆ کردنی کارێکە.

**سێهەم،** قۆناخی عەمەلیاتی هەستپێکراو لـــە حەوت ســـاڵ هەتـــا دوازدە ســـاڵ. لەم قۆناخەدا منداڵ توانایی ڕێکخستن، ڕیزکردن و جێخســـتنەوەی شـــتەکانی دەورووبەری هەیە و لە واتاکانی ژمارە، بارســـتایی، پانی و درێژی و . . . تێدەگات. گرینگیی ئەم قۆناخە ئەوەیە کە چالاکییەکانـــی ژیانی ڕۆژانەی بە شـــێوەیەکی کۆنکرێتە و توانایی لێکدانەوەی دیاردە ئابســـتراکت و زەینییەکانی لاوازە یان هێشتا گەشەی نەکردوە بەڵام بەدوای کەشف کردنی دنیا و دیاردەکانـــی دەورووبەریەوەیە. چوونە دەرەوەی منداڵانی باخچەی ساوایان بۆ ناو دارستان و دروستکردنی خانووی منداڵانە و یاریکردن لە سروشتدا بەشێکە لەو کەشف و دۆزینەوەیە لای منداڵ.

چوارەم، قۆناخـــی عەمەلیاتی وێنەیی لە دوازدە ســـاڵ هەتا چواردە ساڵ. ئەم قۆناخە بـــەرەو پێگەیشـــتوویی فیکـــری و گەنجی دەڕوات. هەســـتی بالانس، توانایی داهێنەرانە و ڕەخنەگرانەی تێـــدا بەهێز دەبێ و نائارامە. ژینگەی کۆمەڵایەتی و شوێن دەوری سەرەکیی لە چالاکییەکانی مێشـــکیدا هەیە. پیاژە پێی وایـــە کە پێکهاتـــەی مەنتاڵیتێتی منداڵ لەم قۆناخـــەدا بـــەرەو پێگەیشـــتوویی دەڕوات. دەیڤید ســـۆبل (١٩٩٠) لە توێژینەوەیەکدا، گرینگییەکی تایبەتی بە تیۆریی کۆگنەتیڤی پیـــاژە ئەدات و لـــە پـــەروەردەی ژینگەییدا وەک مۆدێلێـــک بەکاریان دەهێنێت. ســـۆبل بـــە وتوویژ لەگەڵ ســـەدان منداڵ و گەورەدا بۆی دەرکەوت کە پێوەندی لەگەڵ شوێندا و دروستکردنی شـــوێن گرینگترین نیشانەکانی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤن لە شوێندا. ئەو پێی وابووە کە دروســـتکردنی خانوچکەی منداڵانە و کولانـــە، باوترینیان بووە. ســـەرنجراکێش ئەوەیە کە منداڵ «شـــوێنی نهێنی» بۆ خۆی بونیاد دەنێ کە پێوەندییەکی تایبەتیی لەگەڵ دروست دەکات.

ئـــەوەی لای پیاژە گرینگـــە و بایەخی پەروەردەیـــی هەیـــە ئەکتیـــڤ و چالاک بوونی منـــداڵ لە ژینگـــەی قوتابخانەدایە کە لە قۆناخەکانی ســـەرەتاییدا بتوانێ توانا ســـەرەتاییەکانی خۆی گەشـــە پێ بدات. لێـــرەدا بە ئامـــاژە بەتێڕوانینی مێژوویی بۆ ڕۆڵـــی قوتابخانـــە، توانا ســـەرەتاییەکانی منداڵانیـــان بریتین لە: توانایی خوێندنەوە، نووســـین، حەســـابکردن، بەکارهێنانـــی دیجیتاڵ و بیـــری ڕەخنەگرانـــە. کارزانی




و کارامەیی منداڵ لە بوارەکانی خوێندەوە، نووسین و حەسابکردن لە مێژووی فێرکردن و پەروەردەدا گرینگیی تایبەتی هەبووە، بەڵام لە دنیای ئەمڕۆدا و بە لەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنی دنیای دیجیتاڵ، زانین و بەکارهێنانی زمانی دیجیتاڵ و ئامرازەکانی، گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە. هاوکات بیری ڕەخنەگرانە کە بریتیە لە خوێندنەوە، نووسین و دیالۆگی ڕەخنەگرانەش پانتاییەکی بەرفراوانتری لە زانستی پەروەردە و فێرکردن داگیر کردوە. لە کۆنتێکستی پەروەردە و فێرکردندا، تواناییە سەرەتاییەکانی منداڵ دەتوانێ ئاستی زانین، توانین و هۆشیاریی گەشە پێ بدات. واتە منداڵ کاتێ شتێک بزانێ، لەوانەیە توانایی بەکارهێنانی نەبێت. بەڵام لە قۆناخی توانین هەم توانایی بەکارهێنانی زانیاریی هەیە و هەم دەگاتە هۆشیاری کە لە ئاکامدا پلەکانی داهێنەرانە و بیری ڕەخنەگرانەی بەهێز دەبێت.

## ڕوانگەی کۆمەڵایەتی ـ کولتووری ڤیگۆتسکی


ڕوانگەی کۆمەڵایەتی ـ کولتووریی فێرکاری، پێوەندیی بە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ و بەشداریی تاک لەو گۆڕانکارییانەدا هەیە و هاوکات کاریگەریی دیاردەکانی کۆمەڵ لەسەر ڕەوتی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن هەیە. ڤیگۆتسکی پێی وایە کە قۆناخی منداڵی بەرهەمی فاکتۆرە کۆمەڵایەتییەکانە و دروستکراوی کۆمەڵ، کولتوور و مێژووە. ڤیگۆتسکی لە تیۆرییەکەی خۆیدا پێی وایە کە گرینگی بە سێ فاکتەری کۆمەڵایەتی بۆ فێرکردنی منداڵ ئەدات:

**یەکەم**، زمان، زمان مەنتاڵیتێتی مرۆڤ پێک دەهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە زمانی جەستە کاریگەریی قووڵ لەسەر پەروەردە و فێرکردنی قوتابی دادەنێ و منداڵ دژکردەوەی بە زمانی جەستە بەرجەستە دەبێ و هاوکات فاکتۆرە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی جەستە ئەناسێتەوە.

**دووهەم**، نێوەنجیگەری: سەیرکردن،

ســەرنجدان، ولامدانــەوە و هەڵســەنگاندن کەرەســتەی گرینگی پرۆســەی فێرکردن و گەشەکردنی باری دەروونیی منداڵن.

**ســێهەم،** هێڵــی گەشــەکردنی رێژەیی، ڤیگۆتســکی پێی وابوو کە قوتابی لە هێڵێکی تایبەت و سنووردار‌دا تواناییەکانی خۆی تاقی دەکاتــەوە و هاوکات لە هێڵێکی ســنوورداری دیکەدا داوای یارمەتی لە دەورووبەری دەکات. منــداڵ لە کات، فەزا، شــوێن و کۆمەڵێکدا لەدایــک دەبێ و قۆناخەکانــی فامکردنەوە و تێگەیشــتنی بۆ دنیا بەدەست دێنێت. هەموو کۆمەڵگایــەک چوارچێوەیەکــی تایبەتی بۆ مومکیــن و نامومکینەکانی خــۆی هەیە کە چــۆن پێناســەی منداڵ و قۆناخــی منداڵی دەکات. لەم تیۆرییەدا منداڵ لە کۆنتێکستی جیــاوازی شــوێن و ژینگــەی کۆمەڵایەتیدا پێدەگات. ئەزموون لە شوێندا و گەشەکردن لــە ژینگەیەکــی کۆمەڵایەتیــدا کاریگەریی لەســەر ئەزموون و چۆنیەتیی ئەزموونکردن دادەنێت. بۆ نموونــە منداڵانی پەنابەر کە لە شــەڕ و نائارامی وڵاتەکەیانەوە هەڵکەندراون، تووشــی تراوما و خەمۆکیی قــووڵ و ترس دەبــن کە لە منداڵانی بــۆ نموونە کۆمەڵگای سکاندیناویدا ئەو ئەزموونە نابینرێ. لەبەر ئەم ئەزموونگەلەیە کە لۆیس چاڤلا (١٩٩٢) دەڵێ شــوێن دەبێ ژینگەیەک بێ کــە ئەمنیەت و ئارامــی، پێکــەوە بــوون و هاوپێوەندیــی کۆمەڵایەتــی و دەرفەتــی داهێنەرانــەی هەبێت. لە پێوەندی لەگــەڵ ئەم تیۆرییەدا، هێربێرت میــد(١٨٦٣ ـ ١٩٣١) لە تیۆرییە بەناوبانگەکــەی خۆیدا بەناوی «گشــتاندنی ئەوی دی» و دروســت بوونی کەســایەتیی منداڵ لە کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیدا، پێی وایە کە قۆناخی منداڵی، قۆناخی لاساییکردنەوەی گەورەیە و بنەماییترین تێگەیشتنی منداڵ لە رۆڵی گەورەیە. منداڵ لە ڕوانگە و مۆتیڤەیشنی گەورەکانەوە (باوک و دایک)، فێری «کارلێکە هێماییــەکان symbolicinteractionism» دەبێ کە کۆنتێکستی کولتووری و کۆمەڵایەتی بەرهەمیان هێناوە (Birkeland, 2014).



## جوگرافیـــای ژیانـــی ڕۆژانـــەی منداڵ، شوێنی منداڵ یان شوێنێ بۆ منداڵ

پرسیارێک کە هەمیشە ڕووبەڕووی ناوەندەکانی فێرکردن و پەروەردە دەبێتەوە ئەوەیە کە چی لەبارەی شـــوێنێکی تایبەت بـــۆ پەروەردەی منداڵان دەزانین؟ تەنیا شوێنێک کە دەتوانێ لـــە گەشـــەکردنی قۆناخەکانـــی منداڵاندا بۆ منـــداڵان واتـــای هەبێت، شـــوێنێکە کە لە ڕوانگەی خـــودی منداڵانەوە و بە پێی زەینی منداڵان دروست کرابێت. قوتابخانە، باخچەی ســـاوایان و ناوەندەکانی دیکـــەی فێرکردن، ڕووبەرێکی بەرفراوان بۆ پەروەردەی منداڵان دروست دەکەن کە یارمەتیدەری بیچمگرتنی شوناســـە لای منداڵ کە بـــە ئەزموون کردن و فێـــر بوون بەدەســـتی دەهێنێ. ســـیمۆن کالتینگ بە جوگرافیای ژیانی ڕۆژانەی منداڵ ناوی دەبات. بۆ منداڵ بونیادنەری هەســـتی شـــوێنە و لە جوگرافیای ژیانی ڕۆژانەیدا مانا بە شـــوێن دەبەخشـــێ کە لە پێنج ڕوانگەوە گرینگیی هەیە:

**فێر بـــوون:** لە شـــوێندا منداڵ لـــە ڕێگای یارییەوە، نەناســـراوەکان دەناسێ و کەشفیان دەکات، ئەزموونەکانی تاقی دەکاتەوە و فامی بە دیاردەکانـــی دەوروبـــەری دەکرێتەوە و هاوکات تواناییەکانی خۆی گەشە پێ ئەدات. فێرکردن لە دوو بەستێنی بنەماڵە و ژینگەی نزیکـــدا ڕوو دەدات کە کەرەســـتە فیزیکی و ئابستراکتەکانی پێوەندیگرتن بەکار دەهێنێت. کەرەســـتەی ماتریاڵ و فیزیکـــی بریتین لە کەرەســـتەی یـــاری پێ کـــردن و بونیادنانی ئیدەکان. کەرەســـتەی ئابستراکت بریتین لە زمان و کولتوور.

**زانیاریـــی لـــۆکاڵ:** منـــداڵ لـــە ڕێـــگای زانیارییەکانـــی و وشـــیاریی لەمەڕ شـــوێنی دەوروبەری، توانایی بونیادنەوەی شـــوێنی دەبێت. واتـــە کەرەســـتەکانی دەوروبەری بۆ دروســـتکردنی شـــوێنی نوێ ئامادە دەکات و بەکاریان دەهێنێ.

**مانادار بوونی شـــوێن:** منداڵ شـــوێنێکی مانادار دروست دەکات کە پەیوەستە بە بیر و زەینییەوە و بە ڕاڤەی ئەو لە شوێنی نوێ؛ کە دەکرێ دروستکردنی خانوویەکی منداڵانە بێ، دەکرێ کولانەیەک بێ، دەکرێ دروستکردنی یارییەک بێ کە ناوی لەسەر دانێ و چیرۆکی خەیاڵاویی بۆ دروست بکات.


**هەست:** منداڵ هەستە سەرەتاییەکانی خۆی وەک: تووڕەیی، خۆشـــحاڵی، خـــەم و پەژارە، بێزاری و ترس و ... بە شـــوێنی دەســـکردی خۆیەوە گـــرێ دەدات. لەبـــەر ئەوەیە مرۆڤ هەســـتێکی هەمیشـــەیی و دانەبڕاوی لەگەڵ کۆڵان، گەڕەک یان شـــوێنی گـــەورە بوونی خۆیـــدا هەیە چونکا مرۆڤ هەســـتەکانی لەو شوێنەدا پەروەردە کردوە.

**ئەمنیەت و پارێزراوی:** ئەمنیەت و پارێزراو بـــوون، گرینگتریـــن هۆکاری فێـــر بوونە لە ژینگەی دەوروبەر و بـــە پێی گۆڕانکاری لە ژیانـــی مرۆڤدا، بایەخـــی ئەمنیەتیش گۆڕانی بەسەرداهاتووە. بۆ نموونە لە ژیانی شارنشینیی نوێـــدا، ترافیک و مەترســـییەکانی گرینگیی تایبەتی هەیە، یـــان نە بوونی فەزای کراوە و ئازاد بۆ یاریـــی منداڵان و چالاکیی فیزیکیی منداڵان. لە ڕوانگـــەی مێژووییەوە ئەمنیەت و گۆڕانکارییەکانی ژینگەی مرۆڤ توانیویەتی کاراکتەری قۆناخەکانی پەروەردە و فێرکردن بگۆڕێ (Birkeland, 2014).

دەیڤیـــد ســـۆبل (Sobel, 1998) لـــە تاقیکردنەوەی جوگرافیـــای ڕۆژانەی منداڵ، پێـــی وایە کە منـــداڵ بە پێـــی قۆناخەکانی گەشـــەکردنی و کۆمەڵایەتی بوونـــی (ئاماژە بە تیۆریی پیاژە)، پێرســـپێکتیڤ و ڕوانگەی بۆ دەوروبەرەکەی، گۆڕانی بەســـەردا دێ. بە شێوەیەکی کۆنکرێت، تاقیکردنەوەیەک دەخاتە بـــەردەم منداڵان بۆ ئەوەی کە نەخشـــەیەک لە شـــوێنی ژیان و نیشـــتەجێ بوونی خۆیان بکێشن. نموونەی وێنەکان (sobel، ١٩٩٨، ل. ١٤ ـ ١٣) بە پێی تەمەن بەم شێوەیە بووە:




No Place Like Home
(Rebecca, 5 years old)



Out and About
(Matthew, 7 years old)






Up, Up, and Away
(Travis, 11 years old)




It Takes a Village
(Heather and Vivian, 9 years old)

هەروەها سۆبل ڕاڤەی نۆستالۆژیکی بۆ دروستکردنی نەخشەیەک لە شوێنی پەروەردە و گەورە بوونی خۆی لە منداڵیدا دەکات و پێی وایە کە مەنتاڵیتێتی مرۆڤ لە قۆناخەکانی منداڵیدا گەشە دەکات و دەمێنێتەوە کە بەرهەمی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیی دەوروبەرییەتی.










ویڕای ئەوەی سۆبل پێی وایە جوگرافیای ڕۆژانەی منداڵ بەردەوام لە گەشەکردندایە، هاوکات بەدوای شوێندا دەگەڕێ و لای منداڵ مانای دروست دەکات کە بە پێی قۆناخەکانی تەمەن سێ جۆر پێرسپێکتیڤیش (sobel، ١٩٩٨ . ل. ٣٠) لای منداڵ گەشە دەکات:

■ **ڕوانینی فڕۆکەیی AerialView:**

(دەکرێ لە زمانی کوردیدا بە داڵبین وەریبگێڕینەوە). دیاردەکان دوور و بچووک دەبینێ و چوارچێوەی ڕوانینەکەی بەرفراوانە.

■ **ڕوانینی پانۆرامیسک panoramic view:**

■ **ڕوانینی وێنەیی pictorial view:** بە Frog perspective واتە ڕوانینی بۆقیش




بەناوبانگە. بە شێوەیەک کە دیاردەکان گەورە دەبینێ.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی سۆبل (ل ٤٥) لە پەیوەندی لەگەڵ جوگرافیای منداڵەوە، بەم شێوەیە کە ئاستی گەشەکردنی ڕوانین و تێگەیشتنی منداڵ لەگەڵ دیاردەکانی دەورووبەریدا بە پێی تەمەن دیاری دەکات:

کاتلین سیمون لە کتێبی «Children›s personal geographies and the English Primary school geography curriculum» دا خشتەیەکمان بۆ دادەنێ کە منداڵ لە پەیوەندی لەگەڵ درووستکردن، ڕێکخستن و ماندار کردنی شوێنی دەسکردی خۆیدا، دەتوانی تواناییەکانی بەم شێوەیە پەروەردە بکات:

**شوێنێک بۆ کردنی کارێ:** بەکارهێنانی هەست، جموجووڵ، دروستکردنی خەیاڵ و چیرۆک، چالاکی، مەترسی و خوڵقاندنی ڕووداو و هەروەها سنووردارکردنی شوێن.

**شوێنێک بۆ بیرکردنەوە:** کونجکۆڵی، زانیاری، چالێنج، ئەنگیزە و مۆتیڤەیشن، سەرنج و تێرامان.

**شوێنێک بۆ هەستپێ کردن:** هەستی ئەمنیەت و پارێزراوی، هەستی پاراستن، پشتیوانی، چاودێری و خەمخواردن بۆ شوێنێک و هەروەها هەستی تێکەڵ بوون و هاوپێوەندی بە شوێنەوە.

**شوێنێک بۆ بوون:** خاوەندارێتیی شوێن، ئازادی و توانایی لە ئیدارەکردنی شوێندا، بەشداری لە بونیادنانی هەستی گشتی و کۆمەڵدا و هەستی باوەڕبەخۆ بوون (Martin، ٢٠٠٦. ٢٩ ـ ٥٤).

## ڕوانگەی مێژوویی بۆ سیستەمی پەروەردەی ئێران

لە پێوەندی لەگەڵ فەزا، شوێن و ژینگەی کۆمەڵایەتی کە پێوەندیی بە کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ لە قوتابخانەدا هەیە، قوتابخانە سەرچاوەیەکە بۆ ماناداركردن و شوناسسازیی منداڵ لەو قۆناخگەلەی کە پیاژە و ڤیگۆتسکی گرینگییان پێ داوە. ئەگەر بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆگی لە پێگە و ڕۆڵی قوتابخانە بڕوانین مێژوویەکی درێژخایەنی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا هەیە و هاوکاتیش سیستەمی خوێندن دیاردەیەکی دنیای مۆدێرن و بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازییە.

وشەی «school» لە وشەی یۆنانی «σχολή» ـەوە وەرگیراوە کە بە واتای «کاتی پشوو» هاتووە (ویکی پێدیا). حەبیبوڵڵا تابانی لە کتێبی «هاونەتەوەییی کورد و ماد»، لە بەشی «ڕۆڵی کورد لە گەشەی کولتووریی جیهانیدا» پێی وایە کە وشەی «سکووڵ» لە «ئەسکۆڵ»ەوە وەرگیراوە کە لە سەردەمی ئەشکانی و ساسانییەکاندا شوێنی خوێندنی فەلسەفە و زانستی ئەو سەردەمە بووە و هەروەها ئێستاکە ناوی گوندێکە لە ناوچەی سنووریی «مەریوان»دا. (تابانی، حبیب الله، ١٣٨٠ ـ ە. ل. ٢٩٤). لە ئاتێنی کۆندا، ئاکادێمیای ئەفلاتوون وەکوو یەکەمین فۆرمی قوتابخانە ناودێر کراوە. دواتر قوتابخانەی پەروەردە و خوێندنی ئایینی لە کەنیسە، مزگەوت و شوێنە ئایینییەکانی دیکەی دنیادا بڕەوی پەیدا کردوە. لە کوردستاندا، حوجرە بنەمای خوێندن و پەروەردە بووە کە بێگومان هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا توانایی دەستڕاگەیشتن بە خوێندنیان نەبووە.

بەڵام بە دوای شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپادا، قوتابخانەکان بۆ چینی نەجیبزادەکان پەرەی سەند کە هەتا ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم بۆ هەموو کۆمەڵگا باو نەبوو. ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەدەی هەژدەهەمدا لە ڕووی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەوە ڕووی دا، دەروازەیەکی بەرین بەرەو خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی کۆمەڵگا بوو.

قوتابخانە لە کوردستاندا بە شێوەی ئەمڕۆیی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا و لە ژێر کاریگەریی ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاڕیدا برەویان پەیدا کرد. شۆڕشی مەشرووتە (١٩٠٥ ـ ١٩١١) و ڕیفۆرمی دەوڵەتی عوسمانی (١٨٣٩) لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی دنیای ڕۆژئاوادا، بوونە هەوێنی گۆڕانکاریی قووڵ لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی ئێران و عوسمانی کە بێگومان کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگای کوردستانیش هەبوو. لە «متمم قانون اساسی مشروطه» و ئەسڵی ١٨ و نۆزدەهەم باس لە ئازادیی خوێندنی زانست و مەعارف بۆ هەمووان دەکات بە مەرجێ کە شەرع ڕێگای پێ دابێ و هەروەها خوێندنی ئیجباری دەبێ لە لایەن وەزارەتی علووم و مەعارفەوە ڕێوشوێنی بۆ دیاری بکرێت». (متمم قانون اساسی مشروطه)

کە لە ڕاستیدا بە کردەوە هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵنەگیرا و زیاتر بۆ چینی دەوڵەمەند و نەجیبزادەکانی کۆمەڵگای ئێران بوو. لەو پێوەندییەشدا کەنیسەی مەسیحی، جوولەکەکان و مسیۆنێرەکانی ئەورووپایی

له ئێران و کوردستاندا ڕۆڵی سەرەکییان له دروستکردنی قوتابخانەکاندا هەبوو. قوتابخانەی کلدانییەکان له گەڕەکی کلدانییەکانی شاری سنه له ساڵی ١٨٩٦ی زایینی له لایەن ڕێکخراوی «پرماکد»ەوە دروست کراوە. له سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا ڕێکخراوی «ئالیانس»ی جوولەکەکان، کۆمەڵێک قوتابخانەی له شارەکانی کرماشان، هەمەدان، ورمێ، سنه و بیجاڕ و زۆر شاری دیکه کردەوە که تایبەت بە خوێندنی باوی ئایینی نه بوون . (ویکیپێدیا).

له بەستێنەکانی دروست بوونی قوتابخانەکان له ئێراندا دەتوانین ئاماژە بکەین بە:

- گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی له سەدەی هەژدەهەم و کاریگەرییەکانی لەسەر مەملەکەتی ئێران و عوسمانی.
- پەروەردەی کۆمەڵگا و بەرزکردنەوەی توانا سەرەتاییەکانی نەوەی نوێی کۆمەڵگا.
- زۆر بوونی حەشیمەتی شارنشین، گۆڕانی دێموگرافی و کاریگەریی لەسەر فاکتۆرەکانی ژیان .
- پێویستی هێزی کارامە و لێزان.
- نیشتەجێ بوونی خێڵە کۆچەرییەکان و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ کۆمەڵگادا.
- سیاسەتی کۆنترۆڵ، یەکدەست کردنی کۆمەڵگا له هەموو ئاستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

و...

زۆر هۆکاری دیکه که فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە پێکی هێنا بوون. فەزایەک که پێکهاتنی دەوڵەت ـ نەتەوەکان بە خوێندنەوەیەکی فاشیستیانە بۆ کۆمەڵگا و کەڵکوەرگرتن له سۆسیال داریۆنزیمی کۆمەڵایەتی، له هەوڵی یەکدەست کردنی کۆمەڵگا و توانەوەی کەمایەتییە نەتەوەیی و دینییەکانی کۆمەڵگادا بوون. له ئەورووپا دەوڵەت نەتەوەکان بە کەڵکوەرگرتن له ئامرازەکانی خوێندنی زۆرەملێ و سەپاندنی زمانی دەسەڵات بەسەر کەمایەتییەکاندا، زۆربەی نەتەوە و ئەتنیکەکانیان سڕیەوە و دەوڵەت نەتەوەکان دروست بوون. قەرەج، دۆم، عەشایەر و خێڵەکانی تر، جوولەکە و کەمایەتییە ئایینییەکانی دیکە ڕووبەڕووی هەڕەشەی لەناوچوونی یەکجارەکی بوونەوە. ڕوانگەی فاشیستی بۆ کۆنترۆڵ و بەکارهێنانی ئامرازەکانی خوێندن، بریتی بوو له دروستکردنی هێماکانی ئووستوورەیی خاک، زمان و کولتووری نەتەوەی باڵادەست و سڕینەوەی سیستەماتیکی نەتەوەی بندەست و هەروەها پێی وابوو ئەو نەتەوانەی که دەسەڵاتیان نییە خاوەنی شارستانیەت نین و دەبێ یان تێکەڵ بە شارستانیەتی نوێ بن یان بتوێنەوە. له ئێرانی سەردەمی ڕەزاشادا، قوتابخانە بووە ئامرازی هاوشێوەکردن و سڕینەوەی نەتەوەکان و بەتایبەتی نەتەوەی کورد. لێرەدا بایەخی مێژوویی ئەم باسە ئەوەیە که دیسکۆرسی پەروەردە لەو دەوڵەتانەی که بەسەر کوردستاندا زاڵ بوون، له ڕێگای کۆنترۆڵی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە، ژینۆسایدی فەرهەنگییان بەڕێوە بردووە.

## کۆنتێکستی پەروەردەی کتێبەکانی خوێندن و سڕینەوەی شوێن ـ کتێبی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان (مطالعات اجتماعی) پۆلی پێنجی سەرەتایی بە نموونە:

له کتێبی توێژینەوەکۆمەڵایەتییەکانی پۆلی پێنجەمدا (چاپی ١٣٩٨) سەرەڕای ئەوەی که «وتەیەکی خومەینی و وێنەیەکی خومەینی» له زۆربەی کتێبەکانی دەرسی و بەتایبەتی لەم کتێبەشدا بەدی دەکرێ، پێرستی بابەتەکانی له پێنج فەسڵدا هاتووە که بریتین له: ژیان لەگەڵ کەسانی تر، سەرزەوینی ئێران، ژیان لەگەڵ جیهانی دەورووبەر (وڵاتانی دراوسێ)، زیارەتی شوێنە

۱ تقویت عزت و هویت ایرانی ــ اسلامی؛
۲ ترویج و درونی‌سازی اخلاق و ارزش‌های اسلامی؛
۳ شناخت حقوق و مسئولیت‌های فردی و اجتماعی و شهروندی در سطوح مختلف و تقویت مهارت‌ها و نگرش‌های مربوط به آنها؛
۴ شناخت میراث فرهنگی، استعدادها و قابلیت‌های کشور و جایگاه کشور در جهان و توانایی برقراری ارتباطات مؤثر در سطح جهانی؛
۵ پیشگیری از بروز بحران‌های تربیتی و آسیب‌های اجتماعی در کودکان و نوجوانان و کاهش کجروی‌های اجتماعی و گسترش رفتارهای بهنجار؛
۶ گسترش بهداشت روانی، تقویت روحیه خودباوری، نشاط، سازندگی و پویایی امید به آینده و اعتماد به نفس.

پیرۆزەکان (کەربەلا) و دوایین فەسڵی کتێبەکە بابەتێکی مێژووییە سەبارەت بە ئێرانی دوای هاتنی ئیسلام. لە فەسڵی سەرزەوینی ئێراندا باسی جوگرافیای مرۆیی ئێران دەکات و هیچ ئاماژەیەکی بۆ پێکهاتەی نەتەوەیی ـ ئایینی دانیشتوانی ئێران نیە. دواتر لە لاپەڕەی ۵۱دا باس لە پێناسەی حکوومەتی «کۆماری ئیسلامیی ئێران» دەکات و لەگەڵ ڕێژیمی پەهلەوی بەراوردی دەکات کە «کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردەی خەڵکە و ڕێژیمی پەهلەوی ستەمگەر بوە و خەڵک هەڵیان نەبژاردوە. لە درێژەی پێناسەکەیدا بۆ مەشروعیەتدان بە پێناسەکەی، هەڵبژاردنی ١١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی و ڕێژەی ٩٨٪ی دەنگی «بەڵێ» بۆ کۆماری ئیسلامی دەهێنێتەوە. ئەم پێناسەیە لە ڕووی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە بێ واتا و ناوەڕۆکە، بەڵام گرینگترین پەیامی ئەوەیە کە مێژووی ئێران بەسەر دوو بەشی بەر لە شۆڕش و دوای شۆڕشدا پێناسە دەکات.

هەروەها لە لاپەڕەی ٨٩دا کە باسی کۆماری عێراق دەکات، هیچ ئاماژەیەک بە دانیشتوانی کورد لەو وڵاتەدا ناکات. ئەم ڕوانگەیە بۆ نووسینی کتێبەکانی خوێندن لە پۆلەکانی دیکەدا بەردەوام دووپات دەبێتەوە.

ئەم ڕوانگەیە بۆ کتێبی فێرکاریی مامۆستاش دووپات دەبێتەوە.

لە لاپەڕەی ٣ی کتێبی فێرکاریی مامۆستا بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان(چاپی ١٣٩٨)، ئامانجەکانی خوێندنی ئەو کتێبەی بۆ مامۆستا شی کردۆتەوە کە دەبێ منداڵ لەو ساڵەی خوێندندا زانیاری لەبارەی سێ ئامانجی سەرەکی واتە: بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی (واتە شوناسی ئێرانی ـ ئیسلامی)، ئەخلاقتەوەری لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و هەروەها کارامەییەکانی ژیان (یان تواناییە سەرەتاییەکانی ژیان) هەبێت. وێنەیەک:

هەمان ڕوانگە بۆ سەرزەوینی ئێران و شوناسی ئێرانی لە کتێبەکانی خوێندنی سەردەمی شادا دەبینینەوە. لە کتێبی «فارسی» پۆلی پێنجەمی سەرەتایی (ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی)دا لە لاپەڕەکانی یەکەم و دووهەمدا بە وێنەی شاژن و شا و کوڕەکەی ڕازاوەتەوە. دواتر لە پێناسەی کتێبی «فارسی؟!» دا، ڕاپۆرتێکی دوایین کار و پڕۆژەکانی «شاهەنشا» بەناوی «خدمات اجتماعی شاهنشا» لە ٢١ خاڵدا هاتووە کە هیچیان پێوەندیی بە کتێبی خوێندنی پۆلی پێنجەمی فارسییەوە نیە.

ئەگەر بە وردی چاو لە مێژووی ژینگەی

قوتابخانــه لــه ئێراندا بکەیــن و کتێبەکانی خوێندن و شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستاکان بخەینە بــەر ڕاڤە و توێژینــەوەوە، دەتوانین ســەدان نموونەی پــەروەردەی ســەقەت و فاشیستیانەی سیســتەمی پەروەردەی ئێران بخەینــە بەرچاوە کە لە مــەودای وتارەکەی ئێمەدا نیە. هێنانەوەی ئەو دوو نموونەیە بۆ ئەوە بوو کە لە ماوەی یەک ساڵی خوێندندا، منداڵ هیچ تێڕوانینێکی بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ســەرزەوینێک بــە نــاوی ئێــران نابینێ و ناخوێنێتەوە. پارۆدۆکسی کۆنتێکستی خوێندن تەنیا لە ئاست کتێبەکان، دیداکتیک(شێوازی وانەگوتنەوە) و تێڕوانینی مامۆســتاکاندا نیە، بەڵکوو پلانی سڕینەوەی شوناسە جیاوازەکانی کۆمەڵگایــە. بە پێی پێناســە و تیۆرییەکانی گەشــەکردنی کۆمەڵایەتــی، منــداڵ لــە ژینگەیەکــدا تێڕوانینەکانی بەرفراوان دەبێت کە بەها کۆمەڵایەتی و نۆرمەکانی ئەناسێتەوە. بــەڵام کاتێ منداڵ لە نێوان شــوێنی نزیک (واتە ژینگــەی کۆمەڵایەتیــی بنەماڵە هەتا قوتابخانە) ئەزموونێــک تێدەپەڕێنێ و لە ناو قوتابخانە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەجێندای شوناسسازیی کۆنتێکســتی پەروەردەیەکەوە کــە خۆی تێدا نابینێتەوە، لە ئاکامدا درزێکی گــەورەی کۆمەڵایەتــی لە نێــوان منداڵ و شکڵگرتنی مەنتاڵیتێتی منداڵدا ڕوو دەدات.

## وتەی کۆتایی
## دیلەمای شوناسی نەتەوەیی

پــەروەردەی ژینگەیی واتــە پەروەردەکردنی منداڵ لــە جیهانێکدا کە نزیکە و هەســتی پێ دەکات. ژینگــە، کولتوور، ئابووری، هونەر و بزاوتە کۆمەڵایەتییــەکان، هەموو ژێرخانی ئەم جیهانــەن کە بە کۆنتێکیســتی لۆکاڵی کۆمەڵــگا ناودێر دەکرێن. لەبــەر ئەوەیە کە منداڵ لە ژینگەی نزیکی خۆیدا بەدوای حەز، ئارەزوو، ویست و خەونەکانی خۆیدا دەگەڕێ و فانتازیــای گێڕانەوەی دەســت پێ دەکات. بنەماڵە، کۆڵان، شــەقام، ڕێــگای قوتابخانە، دۆســت و هــاوڕێ، مامۆســتا و قوتابخانە و وانەکانــی قوتابخانــە هەموو ســەرچاوەکانی فێــر بوون دەبینن. بــەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی جوگرافیای مێژووییەوە بڕوانین، نەتەوەکانی ئێران ڕیشــەی مێژووییان لــە ئێراندا هەیە، کەچی ئەوەی لە دیسکۆرســی سیســتەمی پەروەردەی ئێراندا بــەدی دەکرێ، ڕوانگەی کۆلۆنیالیســتی بــۆ پێکهاتــە کۆمەڵایەتی و سیاســییەکان هەیــە ودرزی کۆمەڵایەتیی گەورەی لە نێوان بیری ئێرانی و دیسکۆرسی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێراندا هێناوەتە ئاراوە. لە لایەکەوە بە بڕەو دان بە شوناسی دەستکرد و ڕووکەشی ئێرانی لە هەوڵی سووک کردنی شوناســەکانی دیکە و بەکارهێنانی «شوناسی ناوچەیی» (هویت محلی) بۆ کەمایەتییەکانی ئێراندایە و لە لایەکی دیکەشــەوە بانگەشەی شوناسی ئیسلامیی شیعە دەکات کە پەیوەستە بە ڕێتۆریکی سیاســیی کۆماری ئیسلامییەوە لــە نێوخۆی ئێران و ناوچەکــەدا. ڕاهێنان و پــەروەردەی زەینی منداڵ بۆ ئەم جیهانبینییە ناکۆکە، دووڕێیانێکە لە بەردەم کەســایەتیی منداڵدا کە دەبێتە گرێکوێرەیەک لە شوناس و هەستی باوەڕبەخۆبووندا.

لەگەڵ ئەوەشدا سیســتەمی پەروەردەی ئێران وەکوو ســامانی کۆمەڵایەتــی چاو لە سیســتەمی پــەروەردە دەکات و ئەیهــەوێ لــە ڕێگای پــەروەردەوە شوناســی ئێرانی ـ ئیســلامی پەروەردە بکات. چەمکی شوناسی ئێرانی ـ ئیســلامی، پێوەندیــی بە تێڕوانینی پاوانخوازانەی ناســیۆنالیزمی فارس و شیعەوە هەیە کە فاکتۆرە کولتووری ـ دینییەکانی بە لێشاو لە کتێبی‌ەکانی خوێندندا بەدی دەکرێ و ئەوەی پێگە و شــوێنی نادیــارە نەتەوە و کولتوورە جیاوازەکانی ئێرانە.

لــە پێوەنــدی لەگــەڵ کۆنتێکســتی سیســتەمی پــەروەردەوەدا، منداڵانی کورد، ژینگەی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی

کوردستان لە هەرەشەیەکی جیددیدان:

**یەکەم:** سامانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری کوردستان داگیر کراوە و توانایی شوناسسازی لە دەستی کورد ترازاوە.

**دووهەم:** سیستەمی پەروەردە وەک بنەمای پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی نەوەکانی داهاتوو لە لایەن داگیرکەرەوە پلانی بۆ دارێژراوە و ماوەی زیاتر لە سەد ساڵە سیاسەتی توانەوەی شوناسی نەتەوەییی کوردی گرتۆتە بەر.

**سێیەم:** شوێن یان ژینگەی نزیکی پەروەردە کە قوتابخانە و ناوەندەکانی دیکەی فێرکردن و هەروەها ژینگەی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە لە ژێر دەسەڵات و دەستڕۆشتوویی دەوڵەتدایە و بە بیرێکی کۆلۆنیالیستییانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. (نموونەی سڕینەوەی هێماکانی کۆمەڵگای کوردستان لە ژینگەی قوتابخانە و کتێبی دەرسیدا)

**چوارەم:** بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە پەیوەندیی لەگەڵ پەروەردە و فێرکردندا کەمتەرخەم بووە و نەیتوانیوە گرێکوێرەی شوناسسازیی دەسکرد پێچەوانە بکاتەوە.

لە کۆتاییدا بە تێڕوانینێکی خەسارناسانە بۆ سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە مێژووی ئێراندا، تا بەئەمڕۆ لەرووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە سیستەمێکی فاشیستی بووە. سەپاندنی یەک کولتوور ـ یەک زمان بەسەر کۆی گوتاری خوێندن لە قوتابخانەکاندا و ڕێکخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ ئاسمیلەکردنی زمان، کولتوور و شوناسی کەمایەتییەکانی ئێران، سەرەکیترین گوتاری زاڵ بەسەر کۆنتێکستی پەروەردەدا بووە. ئەم ڕوانگەیە جیا لەوەی کە لە پەروەردەی میدیایی و سیاسەتی نەرمئەفزاریدا گوتاری زاڵ بووە، لە دارشتنی کتێبی خوێندن، شێوازیپەروەردەی مامۆستا و دیداکتیکدا ڕەنگی داوەتەوە.

## پێڕستی سەرچاوەکان


Birkeland, I. J. (2014). Kulturelle hjørnesteiner : teoretiske og didaktiske perspektiver påklimaom-stilling. Oslo: Cappelen Damm akademisk.

Cappelen Damm AS. (2010, 30. april). Psykologi. Piagets beskrivelse av den tankemessige utviklin-gen. Hentetfra http://psykologi. cappelendamm. no/c799778/artikkel/vis. html?tid=803348

Imsen, G. (2008). Elevens verden. Oslo: Univer-sitetsforlaget.

Jordhus-Lier, D. & Stokke, K. (2017). Sam-funnsgeografi : en innføring. Oslo: Cappelen Dammakademisk.

Martin, F. (2006). Konowledge and understandin-gof places. In Teaching geography in the primary-school : learning to live in the world. Cambridge: Chris Kington Publishing.

Røed, I. (2004). Nærmiljøarbeid i et flerkulturelt område : studie av drabantbyen Fjell i Drammen. Bergen: I. Røed.

Smith, K. H & Grossniklaud, D. (2012, 13. juli). Piaget's stages. Hentetfra http://epltt. coe. uga. edu/index. php?title=Piaget%27s_Stages

Sobel, D. (1998). Mapmaking with children : Sense-of-place education for the elementary years. Portsmouth, NH: Heinemann.

تابانی، حبیب الله (۱۳۸۰). وحدت قومی کرد و ماد، منشـأ، نژاد و تاریخ تمدن کردستان. نشر گسترده. تهران.

سازمان پژوهش و برنامه‌ریزی آموزشی (۱۳۹۸)، مطالعات اجتماعی پنجم دبستان، چاپ پنجم. شرکت افست، تهران.

سـازمان پژوهش و برنامه‌ریزی آموزشـی (۱۳۹۸)، راهنمای معلم، مطالعات اجتماعی پنجم دبستان، چاپ اول. شرکت افست، تهران.

لینک پایگاه کتابهای درسی،

http://chap. sch. ir/

انوری، حسن(۱۳۵۵)، کتاب فارسی پنجم دبستان.

http://dl. bookiha. ir/ketabhaye%20darsi%20 ghadimi/farsi_panjom_dabestan-1355-shahansha-hi-____%5Bwww. bookiha. ir%5D. pdf

متمم قانون اساسی مشروطه:

https://irandataportal. syr. edu/wp-content/ uploads/7-october-1907-persian. pdf

ڕێکخراوی ئاڵیانس لە ویکی‌پێدیادا:

https://fa. wikipedia. org/wiki/%D8%A7%D8%A A%D8%AD%D8%A7%D8%AF_%D8%AC%D 9%87%D8%A7%D9%86%DB%8C_%D8%A2% D9%84%DB%8C%D8%A7%D9%86%D8%B3

# گرینگیی زمانی دایک

**جەواد دانش پەژوو**

ئەگەر بیرو بۆچوونی ئێتنۆلۆگەکان لەمەڕ پەیوەندیی نێوان زمان و بیر کردنەوە پەسەند بکەین، دەبینین کە ناتوانین بە کەیفی خۆمان جێگۆڕکێ بە زمانەکان بکەین. زمانی فارسی یا هەر زمانێکی دیکە. ناتوانێ جێگای زمانێکی کە فێر بوونی لە ماڵەوە دەستی پێ کردبێ و گەشەی سەندبێ، بگرێتەوە. مناڵ بە هۆی ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ زمانێکی کە بۆی بێگانەیە، نایناسێ و نایزانێ، تووشی ئاڵۆزیی زمان دەبێ و مانا و دەقەکان دەشێوێنێت. ئەوە دەبێتە هۆی لاوازیی هێزی تێگەیشتن و توانای لێکدانەوەی مناڵ و لە ئاکامدا هەستی مناڵ خەوشەدار دەکات.

زمانی دایک باسێکی گرینگ و هەمەلایەنەیە و هەر بە پێی ئەو بایەخ پێدانەیە کە تا ئێستا وتار و کتێب و ســـیمیناری زۆری بۆ تەرخان کـــراوە. زۆربەی ئەو بۆچوونانـــە لە ڕوانگەی ئیتنیکی و سیاســـییەوە لێکدانەوەی بۆ کراوە کە بێ شـــک زۆر بەبایـــەخ و گرینگن. ئەم وتارە تێدەکۆشـــێ گرینگیی زمانی دایک لە گۆشەنیگای پێداگۆژییەوە هەڵسەنگێنێ.

مەســـەلەی زمانی دایـــک، ئانترۆپۆلۆژی (Anthropologie)ی کولتـــوری و کۆمەڵایەتیی زۆر بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. ئێتنۆلۆگـــەکان (Ethnologe) لەســـەر ئەو باوەڕەن کە کولتور، بیرکردنەوە و زمان دیاری دەکات. واتا زمان ئامرازێکە بۆ تێگەیشـــتنی دونیا. یانی زمان لە ڕاستیدا هەڵگری کولتورە.

زمان لە هەمو شوێنێک گرینگیی تایبەتی خـــۆی پـــێ دەدرێ و ئەو گرینگـــیی پێدانە تەنیا بەهۆی ئەوە نییـــە کە زمان ئامرازێکی پەیوەندی و تێکەڵاو بـــوون دەگەڵ کۆمەڵە. زمان بەردی بناخەی پێگەیشتنی منالە. منال لە ماڵەوە دەست بە فێر بوونی زمان دەکات. بەڵام ئەرکی گەشـــەپێدان و تێگەیشتنێکی زانستیانەی زمان، بە سیســـتەمی پەروەردە دەسپێردرێ.

زمان هەڵگری کەســـایەتی و شوناســـی منالـــە. منـــاڵ بە هـــۆی زمانـــی دایکییەوە دەتوانێ دونیای دەوروبەری خۆی بناســـێت و تێـــی بگات و تێگەیشـــتنی خۆشـــی هەر لـــە ڕێگای زمانی دایکییـــەوە باس و تاوتوێ بـــکات. لەڕاســـتیدا زمانی دایـــک هەڵگری زانســـتە کۆمەڵایەتییەکانە و تەنیا لە ڕێگای زمانی دایکییەوە، منال دەتوانێ لەو زانستانە بەشدار بێت و کەڵکیان لێ وەرگرێ و ڕەفتار و شـــیوەی قســـەکردنی جێگای پەسەندی کۆمەڵ، فێر بێت.

بەو هۆیانەوە لە سیســـتەمی پەروەردە و بارهێنانـــدا، گرینگییەکـــی تایبەتی بە زمان دەدرێت. گرینگیی فێربوونی زمانی دایکی و گەشەپێدانی لە دەستەڵاتدارانی تاران شاراوە نییە و ڕاســـت هـــەر بەو هۆیەشـــەوە، پێش بە فێر بوونی زمانـــی دایکیی منالانی غەیرە فارس دەگرن. لـــە قوتابخانەکانی ئێران، ئەو گرینگی پێ دانە تەنیا بۆ منالانی فارس زمانە و منالانـــی غەیرە فارس، لە فێر بوونی زمانی خۆیان بێبەری دەکەن.

ئەگەر بیرو بۆچوونی ئێتنۆلۆگەکان لەمەڕ پەیوەندیی نێوان زمان و بیر کردنەوە پەسەند بکەیـــن، دەبینیـــن کە ناتوانیـــن بە کەیفی خۆمـــان جێگۆڕکـــێ بە زمانـــەکان بکەین. زمانی فارسی یا هەر زمانێکی دیکە. ناتوانێ جێـــگای زمانێکی کە فێـــر بوونی لە ماڵەوە دەســـتی پێ کردبێ و گەشـــەی سەندبێ، بگرێتەوە. منال بە هـــۆی ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ زمانێکی کە بۆی بێگانەیە، نایناسێ و نایزانێ، تووشـــی ئاڵۆزیی زمـــان دەبێ و مانـــا و دەقەکان دەشـــێوێنێت. ئەوە دەبێتە هـــۆی لاوازیی هێزی تێگەیشـــتن و توانای لێکدانەوەی منال و لە ئاکامدا هەستی منال خەوشەدار دەکات.

ئەگـــەر لـــە ڕوانگـــەی دەروونناســـیی فێربوونـــەوە بڕوانینە بابەتەکـــە، دەزانین کە پرۆســـەی فێربوونـــی زمان لـــە قوتابخانە بە زحمەتتـــر دەبێـــت، چونکـــە خوێندنەوە و نووســـین بۆ منال تەکنیکێکـــی تازەیە. خۆ خەریـــک کردن بـــە زمان و فێـــر بوونی بە شـــیوەیەکی زانستی، پێویســـتی بە هەوڵ و تێکۆشـــان و خۆماندووکردنێکی زۆرتر هەیە. بۆ ئەو منالانەی کە هەر لە سەرەتاوە مەجبور دەکرێن بە زمانێکـــی بێگانە و تازە بخوێنن، گیروگرفتی دیکەشـــی دێتەســـەر. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو منالانـــە دەگەڵ دوو گرفت بەرەوڕوو دەبنەوە. لەیـــەک کاتدا دەبێ هەم زمانێکی تازە و هەم تەکنیکی تازەی نووسین و خوێندنەوە و هەروەها تەواوی دەرسەکانی دیکـــەش بە زمانێکـــی بێگانە فێـــر بن. ئەو منالانە کە هێشتا زۆر پێنەگەیشتوون توشی

گیروگرفت و ئالۆزیی زۆر دەبن.
لە باری پەیوەندیی نێوان قوتابی و ماموّستا گیر و گرفتەکە لەوەش گەورەترە. دەزانین کە متمانە و پەیوەندیی نێوان قوتابی و ماموّستا بابەتێکی زۆر گرینگە و ئەو متمانە و پەیوەندییەش لە ڕێگای زمانەوە پێک دێت. ماموّستا بە هۆی زمانەوە دەتوانێ زانستی خۆیبۆ منداڵ بگوازێتەوە و ژیان و دونیای وی بناسێت. منداڵەکەش هەر لە ڕێگای زمانەوە دەتوانێ پەیوەندی بە ماموّستاوە بگرێت، باسی خۆی دەگەڵ بکات و بە گشتی پەیوەندیی پێوە بگرێت. زمان لە دامەزراندنی پەیوەندیی نێوان ماموّستا و قوتابیدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. بەڵام منداڵانی غەیرەفارس تاکە ئامرازی دامەزراندنی پەیوەندیی نێوان منداڵ و ماموّستایان لێ زەوت دەکرێ.
زمانێکی کە منداڵ تا ئێستا بە پێی تەمەنی لە باری وشە و پێناسەکردنی دەقەکان لە ماڵەوە فێری بووە و لە ڕێگای ئەو زمانەوە دونیای دەوروبەری خۆی ناسیوە و لە ڕاستیدا شوناسی خۆی لەو زمانەدا دەبینێتەوە، یەکەم ڕۆژ، لەبەر دەرگای قوتابخانەدا دەیقرتێنن.
ئێمە دەزانین کە پرۆسەی فێر بوونی زمان لە کاتی چوونی قوتابخانەدا هێشتا تەواو نەبووە. منداڵ لە قوتابخانە ڕێزمان، وشە، خوێندن و نووسین فێر دەبێ. کەوابوو فێربوونی زمان دەبێ لە قوتابخانە درێژەی پێ بدرێ و نابێ بە هیچ جۆرێک ئەو ڕەوتە بپچڕێ. چونکە ئەو کات نەتەنیا زمانەکە، بەڵکو پێگەیشتنی کەسایەتی و توانای تێگەیشتن و لێکدانەوەی منداڵ لە ناو دەچێ. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ لە پرۆسەی بە کۆمەڵبوونیدا وەدوا بکەوێت و تووشی لەتبوونی زمان (Semilingualismus) بێت. ئەوە بە مانای وەستانی زمانە، چونکە ڕێگای گەشەکردنی لێ گیراوە و بەو هۆیەوە، منداڵ تواناییی زمانەوانیی زۆر لاواز دەبێت و تواناییی بەکار هێنان و کەڵک وەرگرتن لە وشە و دەقی ئابستراکتی (انتزاعی) نامێنێت.
والبینێر (Walbiner 1985) لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەری خست کە لەت بوونی زمان یا نیوەزمان (Semilingualismus) دەبێتە هۆی سەرنەکەوتن لە قوتابخانە و پرۆسەی بە کۆمەڵبوون تێک دەدات و منداڵ توشی گرفتی ڕۆحی دەکات.
یەکیەتیی ماموّستایانی فەرانسە لە بابەت گرینگی و پێویستیی پەروەردە و بارهێنان بە زمانی دایک ئاماژە بە چەند خاڵی زۆر گرینگ دەکەن کە بە پێویستی دەزانم بە کورتی ئاماژەیان پێ بکەم. ئەوان لەو باوەڕەدان کە:

- ئینسانەکان بە زمانی دایکیان باشتر و زووتر بیر دەکەنەوە.
- کەسێک کە بە سەر زمانی دایکیدا زاڵە، ئاسانتر فێری زمانی دووهەم دەبێ.
- کەسێک کە زمانی دایکی باش بزانێ، باشتر لە ناوەرۆکی دەرسەکان تێدەگات.
- منداڵێک کە زمانی دایکی باش دەزانێت، هەست بە تەناهی دەکات و کەسایەتیی پتەوی هەیە و هەستی پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە بە هێزتردەکات.
- بە هۆی ئەوەی کە لە نێوان زمانی دایکی و بیرکردنەوەدا پەیوەندی هەیە، گەشە کردنی بیر تەنیا بە گەشە کردنی زمانی دایک دێتە دی.

## گرینگیی زمانی دایک (یا زمانی یەکەم) بۆ فێر بوونی زمانی دووهەم

دیاردەی دووزمانی لە دونیای ئەمڕۆدا شتێکی باوە و بووەتە واقعییەتێکی کۆمەڵایەتی و کەمتر وڵات هەیە کە یەکزمانە بن. لە ڕاستیدا یەکێک لە ئامانجەکانی پەروەردە، بارهێنانی دوو یا چەند زمانەی منداڵانە و ئەو بابەتە نە تەنیا وەک خاڵی لاواز چاوی لێ ناکرێ، بەڵکوو دەرکەوتووە کە دوو یا چەند زمانی، کاریگەریی زۆر باش لە سەر پێگەیشتن و گەشە کردنی فێربوون و فێربوونی زمانی دیکە دادەنێت. ئەگەر

منــاڵان هەر لە دەورانی ســەرەتاییەوە دوو زمانە بار بێن، تێگەیشــتنێکی قووڵتریان لە ســەر زمان دەبێت. بەو جۆرە دەتوانن ڕادەی تێگەیشــتنیان لە ســەر زمان بەرنە سەر و زمانــەکان بە یەکەوە هەڵســەنگێنن. گۆیتە (Göthe) شاعیر و لیکۆڵەری ئاڵمانی دەڵێ: «کەســێکی کە تەنیا زمانێک دەزانێ، ئەو لە ڕاستیدا ئەو زمانەش باش نازانێت».

ئێســتا ئیدی لە هەمو شــوێنێک بۆ فێر بوونی زمانی دیکە سەرمایە دادەنێن. کەوابوو بوونی زمانــی جۆراوجۆر لە هــەر وڵاتێکدا، ســەرمایەیەکی باشــە و دەبێ وەک سامانی میللــی چاوی لێ بکــرێ و بپارێزرێ. کۆلیە (Collier George 1976) لە ســۆنگەی لێکۆڵینەوەکانی چەند ســاڵەی، لە سەر فێر بوونی زمان دەری خســت کــە هەموو ئەو فاکتۆرانــەی کە بــۆ فێر بوونــی دوو زمان پێویســتن، بەســتراونەتەوە بەوەی کە تا چ ڕادەیەک لە زمانی دایک کەڵک وەردەگیرێ و نیشــانی دا کە کەسانی دووزمانە لە ڕێگای زمانی دایکییەوە دەگەنــە بناغەی عیلمی و ناسینی زانستی زمان.

ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی زمانناسانی وەک ڕێبایــن (Rehbein 1987) و ســکوتناب (Skutnabb-Kangos 1992) نیشانیان دا کە دەســتەواژە و توانایــی زمانەوانی کە لە ڕێگای زمانی دایکییەوە وەدەست هاتوون و ســەقامگیر بــوون، دەتوانــن کەڵکیان لێ وەرگیرێ بۆ زمانــی دیکە و یارمەتی دەدات بۆ زانیاری لەسەر زمان و توانایی لێکدانەوە دەباتە ســەر. ڕێباین (Rehbein) لە ســەر ئەو باوەڕەیە کە تێگەیشتن لە چیرۆکێک بە زمانی دایک، ئیمکانی گێڕانەوەی چیرۆکەکە بە زمانی دووهەم ئاسانتر دەکات.

بــە لەبەرچــاو گرتنی ئــەو فاکتۆرانەی کــە ئاماژەیان پــێ کرا، پێویســتە لە هەمو شــوێنێک شانسی بەرامبەر بۆ هەموو مناڵان بە بــێ لەبەرچاو گرتنی ڕەگــەز پێک بێت. پێویســتە سیســتەمی تەربیەتــی دووزمانە دابمــەزرێ و ببێتــە ئامانجێکی سیاســی - کۆمەڵایەتی و دەبــێ نەهادینە بکرێت. ئەوە بە مانای دەست هەڵگرتنە لە بیر و بۆچوونی سیاســی ئیدئۆلۆژی «وڵاتــی میللی و زمانی میللی». بەو پێیە دەبێ پســپۆڕانی پەروەردە و بارهێنان، سیستەمی چەندزمانی لە تەواوی دامودەزگاکاندا دابمەزرێنن.

لە ١٩٣ وڵاتی ســەربەخۆدا، ژمارەی ئەو زمانانەی قســەیان پێ دەکــرێ دەگاتە ٥ بۆ ٦ هەزار. ئــەوە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی ئەو وڵاتانە خۆیان بە وڵاتێکی یەکزمانە دەناسن. ئــەو ڕاســتییە وامان لــێ دەکات کە بیر لە مەسەلەی زمانی کەمە نەتەوەکان بکەینەوە. ئەگەر گرینگیــی زمانی دایــک ئەوجۆرەی کە باســی لێ کرا، بسەلمێنین، دەبینین کە چەند کەس و نەتەوە لەبــاری زمانەوانییەوە دەچەوســێنەوە و پێش بە پەرەئەســتاندنی زمانیان دەگیرێ.

لە ئێران، بێجگە لە فارسەکان نەتەوەکانی دیکە وەک کورد، ئازەری، عەرەب، تورکەمەن، ئەرمەنــی و بەلووچ دەژین و لە دەســتوری کۆماری ئیســلامیی ئێراندا هاتــووە: «هەمو هاووڵاتییەکی ئێرانی بە بێ لەبەرچاو گرتنی ڕەگــەز و قەوم، مافی وەکــوو یەکیان هەیە. هیــچ کەس نابــێ بە هۆی ڕەنگی پێســت، زمان و نیشــانەی لەم بابەتــە ئیمتیازی پێ بدرێــت». واقعییەت بەڵام شــتێکی دیکەیە. حکوومەتی ئێران، نەتەوە غەیرە فارســەکان بە فەرمی ناناســێت و دەرســەکان بە زمانی فارسی دەگوترێنەوە و کەمەنەتەوەکانی دیکە مافــی خوێندنیان بــە زمانی خۆیــان نییە. لێکۆڵینەوەکان نیشــانی دەدەن کە منداڵانی غەیــرە فارس لە کاتــی خوێندنەوەی کتێبە فارســییەکاندا، بە جۆرێک تووشی دڵساردی و ناهۆمێــدی دەبن کە کاریگەری لە ســەر فێربوونیــان دادەنێــت. بەم جۆرە کۆســپی خوێنــدن دەچێتە ســەر و منــاڵان زۆر بێ

حەز و بێ مەیل دەچنە قوتابخانە و خۆشیی دەرس خوێندنیان نامێنێ و شانسی ئەوەی کە لە تاقیکارییەکان سەر نەکەون دەچێتە سەر.

زۆر ڕوونە کە هەلسوکەوت، فەرهەنگ و دابونەریتی منداڵ دەخرێتە ژێر پرسیار کاتێک ئیزنی خوێندن و قسەکردن بە زمانی دایکی لێ وەردەگیرێ. کاتێک لەبەر دەرگای قوتابخانە شوناس، کەسایەتی و تاکە ئامرازی تێگەیشتن و پەیوەندی گرتنی لێ وەردەگیرێتەوە، وا هەست دەکات کە ئەو زمانەی کە تا ئێستا لە ماڵ لە گەڵ دایک و بابی قسەی پێ کردووە و ئەوەی لە ماڵ فێریان کردووە هەڵەیە و دەبێ دووبارە ڕاست بکرێتەوە.

بنیاتنەرانی سیستەمی سیاسەتی پەروەردە و بارهێنان لە ئێران، تا ئێستاش کەمە نەتەوەکانی دیکەیان لە بەر چاو نەگرتووە. مەرجی ئەسڵی بۆ ئەوەی کە ئێران بتوانێ دەگەڵ سیاسەتی پەروەردە و بارهێنانی ئەمڕۆی دونیا بچێتە پێش، ئەوەیە کە پێداویستییە تایبەتییەکانی کولتوری نێوخۆی وڵات لەبەر چاو بگرێت و دان بە فرەنەتەوەیی بوونی وڵاتدا بنێت و لەو بارەیەوە هەنگاوی پێویست بنێت. بۆ مۆدێرنیزە کردنی سیستەمی پەروەردە و بارهێنان، پێویستە باری کولتوری، نەتەوەیی و هەلومەرجی ئێکۆلۆژی لە بەر چاو بگرێ و ئەوەش پێویستی بە دێسانترالیزە کردنی سیستەمی ئیداریی پەروەردە و بارهێنان هەیە.

## ئێمە دەبێ چی بکەین؟

ئێمەش دەبێ هەر ئەو کارە بکەین کە نەتەوەکانی دیکە بۆ وێنە کاتالانییەکان بۆ پاراستنی زمانی خۆیان کردوویانە. دیاگلۆسیا(diaglossia) دەستەواژەیەکە کە لە بواری دووزمانی لە وڵاتێکدا بە کار دێت. دیاگلۆسیا هەلومەرجێک لە وڵاتێکدا شی دەکاتەوە کە تێیدا دوو زمان بوونی هەیە و پەیوەندیی ئەو دوو زمانە پەیوەندییەکی، زاڵم و مەزلوومانەیە، سەر و خوارێیە، ساحەبی دەسەڵات و بێ دەسەڵاتە، لە ڕاستیدا یەکیان زمانی دەسەڵاتدار و ئەوی دیکە زمانی بێ دەسەڵاتە. ئێمە دەبێ ئەو پەیوەندییە تێک بشکێنین و هاوسەنگی لە نێوان ئەو دووزمانەدا دروست بکەین. کاتالانییەکان وشەی ئاسایی کردنەوە بەکار دێنن. ئەوان لەو باوەڕەدان کە پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو زمانەدا مومکین نییە و هەرگیز نایەتە دی و زمانی دەسەڵات هەر دەیباتەوە و زمانەکانی دیکە وەلا دەنێ و لە مەیدان دەریان دەکات.

کەوابوو وەها هەلومەرجێک ئاسایی نییە. کاتێک دەتوانێ ئاسایی بێت کە زمانی هەموو لایەنەکان بگرێتەوە، لە هەمو کەلێن و قوژبنی ژیان بەکار بێت، کاتێک کە قسەکردن، نووسین، تەلویزیۆن، ڕادیۆ، خویندن و تەنانەت نووسینی تێزی دوکتۆرا بەو زمانە بێت. کەوابوو هەلومەرجەکە تەنیا کاتێک ئاساییە کە زمانی زکماکیمان لە ئاست زمانی دەسەڵاتداردا بێت.

## سەرچاوەکان

Skutnabb-Kangas, Tove: Mehrsprachigkeit und die Erziehung von Minderheitenkindern. In: Katharina Brizic: Das geheime Leben der Sprachen. 1992.
Reder & Rehbein: Interkulturelle Kommunikation, 1987.
Walbiner, Rico M. Cathomas: Schule und Zweisprachigkeit. Immersiver Unterricht: Internationaler Forschungsstand und eine empirische Untersuchung am Beispiel des rätoromanisch-deutschen Schulmodells in der Schweiz, 1985.
Collier George: Schule und Zweisprachigkeit, 1976.

دەستوری کۆماری ئیسلامیی ئێران، مادەی ١٩.



# پەروەردەی نیئۆلیبرالیسم، ناوەڕۆکی سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیی ئێران

ولات زاگرۆس

”ئێمە دەتوانین گۆڕان وەدی بێنین. ئێمە گەمژە بێ هیواکانی مێژوو نین، ئەوانەی کە پێیان وایە ناتوانن خۆیان، چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. ماوەیەکی درێژە کە پێمان دەڵێن: ئێوە ناتوانن هیچ بگۆڕن بەڵام مێژوو دەریخستووە کە خولانەوە لە بازنەیەکی یەک چەشن و بەتاڵدا نییە و هێزە خەباتکارەکان سەریش دەکەون. بۆ دەبێ ئەم ڕاستییە لە بەرچاو نەگرین و بێهیوا و دۆشداماو دانیشین بڵێین ئێمە هیچمان لەدەس نایەت؟ ئێمە دەتوانین دنیایەک دروست کەین کە تا هەنووکە نەبووە. من سیاسەتڤانێکی شارەزا نیم بەڵام دەزانم ئێمە دنیامان بەم چەشنەی کە هەیە ناوێت هەر بۆیە خەبات دەکەین، ئێمە شۆڕشمان دەست پێ کردووە[۱].“

## پێشەکی

دەسەڵاتەکان بۆ مانەوەی خۆیان جیا لە بەکارهێنانی زەبر و زەنگ و توندوتیژی لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنەوە هەوڵی ئەوە ئەدەن کۆمەڵگایەک دروست بکەن کە لەگەڵ ئامانجەکانیان بێتەوە و مانەوەیان لە گشتیەتی خۆیدا توشی قەیران نەکات. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە مانەوەی خۆیان بە گرینگترین ئامانج دادەنێن، جیا لە زەبروزەنگ، بۆ پەروەردەی کۆمەڵگا و دروست کردنی جڤاکێک کە دەستەمۆ بێت و چیەتیی دەسەڵاتیان توشی کێشە نەکات، لە سیستەمی پەروەردەی نیئۆلیبرالیزم، بە تایبەتمەندیی ئایینی و سەروەریی نەتەوەی فارسەوە، کەڵک وەردەگرن. لە ڕاستیدا جڤاکێک کە تاکەکانی لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە وا ڕاهاتبن کاریان بە پەیوەندیی نێوان کۆیلە و سەروەر نەبێ و تەنیا ئامانجیان لە پیشە و پارەدا کورت کرابێتەوە، کەمترین مەترسی بۆ مانەوەی دەسەڵات لە هەموو ڕەهەندەکانیدا دروست دەکەن، هەرچەن بە ڕواڵەت خۆیان بە سەربەست و ئازاد دادەنێن بەڵام وەک ئیریک فرۆم دەڵێت: مرۆڤ لە کۆتوبەندی ئەو هێزە دەرەکییانەی کە بەر بە کردار و بیر کردنەوەی دەگرن بەو چەشنەی کە شیاویەتی ڕزگار بووە. مرۆڤ ئەگەر لەوە تێبگات کە چی دەوێ، بیرلە چی دەکاتەوە و هەست بە چی دەکات، ئازادە تا بە پێی داخوازییەکانی خۆی، کردارەکانی بەڕیوە بەرێت؛ بەڵام ئەو نازانێت. بووەتە هاوتەریبی هێزە بێ شوناسەکان و لەگەڵ ئەو خودەی کە هی ئەو نییە تێکەڵ بووە و لەگەڵی ئاوێتە دەبێت. هەرچەند زیاتر لەم بوارەدا هەنگاو هەڵدەگرێت زیاتر هیلاک دەبێت و هەست بە بێ هێزی دەکات و زیاتر هەست دەکات کە دەبێ لەگەڵ ئەم هێزانە هاوئاهەنگ بێت. سەرەڕای ڕواڵەتی داهێنەرانە و گەشبینی، مرۆڤی نوێ بە هەستێکی قووڵ لە بێ هێزی وەها دەستەمۆ کراوە کە ناچارە لە هەمبەر ئەو ڕووداوانەی لە داهاتوویدا ڕوو ئەدەن، تەنیا سەیرکەر بێت وەک ئەوەی تووشی ئیفلیجی هاتبێت[٢]. بەرەنگار بوونەوەی نیئۆلیبرالیزم لە پەروەردە و فێرکردن و بەتایبەت لە فێرکاریی باڵادا-ئاستی زانکۆ- دەبێت ببێتە بەشێک لە خەبات بۆ کۆمەڵگایەک کە بەڕاستی دەیهەوێت خۆی لە کۆتوبەندی ژێردەستی ڕزگار بکات و لەو کۆمەڵگایەدا هەموو تاکەکان بێجیاوازی توانای دەرخستن و گەشەکردنی توانا و بەهرەکانیان هەبێت و بەر بەوە بگرێت کە دنیا بەم چەشنەی هەیە درێژە بکێشێت.

## بە پارەی کردنی خوێندن بەشێک لە سیستەمی پەروەردەی نیئۆلیبرالیزم

یەکەمین پەیوەندییەکانی نیئۆلیبراڵیسم و پەروەردە و ڕاهێنان دەکرێ لە دەیەی ٨٠ی زایینی و لە بریتانیا و سیاسەتەکانی دەوڵەتە کۆنسێرڤاتیفەکانی ئەو سەردەمی ئەم وڵاتەدا بەدی بکەین[٣]. ئەو ساڵانە سەرەتای گۆڕانێکی جیددی لە بەرنامەی ئابووری-سیاسیی دەوڵەتانی گەورەی دنیایە پاش قەیرانی دەوڵەت ڕفاهەکان-دەسەڵاتی خۆش بژێوی-. تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەم پلانە نوێیە بریتی بوو لە برەودانی هەرچی زیاتر بە دەسەڵات و تواناییەکانی کەرتی تایبەت و کورت کردنەوەی هەنگاو بە هەنگاوی دەستی دەوڵەت لە بازار و هەروەها کەم کردنەوەی ئەرک و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دەوڵەت بە چەشنێک کە کەرتی تایبەت بتوانێت ئەم ئەرکانە وەئەستۆ بگرێت. ڕەیگان سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا لە لێدوانێکیدا ئاماژە دەکات کە «دەوڵەت ڕێگەچارەی کێشەکانی ئێمە نییە، بەڵکوو هۆکاری کێشەکانە و سەردەمی تەواو بووە...»[٤]. پەروەردە و ڕاهێنانیش یەک لەو گرینگترین شوێنانەیە کە بەپێی سیستەمی نوێ، بەرنامەی نوێی

به مەبەستی چاکسازی و نەمانی کێشەکان بۆ دادەڕێژرێ. لەم بەرنامە نوێیەدا، بەڵێنی پەروەردە و بارهێنان بۆ بازاڕی ئازاد یان بە بازاڕی کردنی پەروەردە و ڕاهێنان و هەروەها بەفەرمی ناسین و پاراستنی ناهاوسانییەکان، بە ڕوونی دەبیندرێ. ئەو چاکسازییانەی کە لە سیستەمی پەروەردەدا بە پەیڕەوی لەم ئایدئۆلۆژییە ڕەچاو کرا ئاکامەکەی هاتنە دەرەوەی قوتابخانەکان لە ژێرچاوەدێریی سیستەمی ناوچەیی و چوونە ناو بازاڕی ڕکابەری بوو. بە باوەڕی باوڵز و گێنتیز، ئەم باردۆخەی پەروەردە و بارهێنان، یانی بە بازاڕی کردنی پەروەردە و بارهێنان، بووە هۆی ئەوەی ناوەڕۆک و شێوازەکانی ڕاهێنان ببنە ملکەچی بازاڕی ئازاد. قوتابخانەکان لەم بازاڕەدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دایک و باوکەکان هەوڵیان دەدا و بۆ ئەم کارەش دەستەو داوێنی تاقیکاریی ستاندارد، خشتە و گەڵاڵەی دابەشکردنی کاتەکان... بوون.[٥]

لە وڵاتی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ڕەوتی بە بازاڕی کردنی سیستەمی پەروەردە و بارهێنان لە سەرەتاکانی دەیەی حەفتای کۆچییەوە و پاش کۆتاییی شەڕی ئێران و ئێراق و وەدی هاتنی سەقامگیرییەکی ڕێژەیی بە زەبری سەرکوت، دەستی پێ کرد و لەو کاتەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قوتابخانە تایبەتییەکان ژمارەیان بەرە و زۆربوون دەچێ و بە پێی ئەو ئیمکاناتانەی بۆ قوتابیانی دابین دەکەن، پارەیەکی زیاتر لە منداڵان وەردەگرن. هەرچەند لە پاڵ ئەم قوتابخانانەدا قوتابخانەی حکوومەتیش هەیە کە لە ڕواڵەتدا هیچ پارەیەک لە قوتابیان ناستێنن- بەپێی مادەی ٣ و ٣٠ خوێندن لە هەموو قۆناغەکاندا دەبێ بێ پارە بێت- بەڵام مامۆستا باشەکان و گشت ئیمکاناتی پێویست بۆ خوێندن لە قوتابخانەگەلی تایبەتیدا کۆ کراونەتەوە. قوتابخانەکان بۆ مانەوە لەم بازاڕە ڕکابەرییەدا هاوکات لەگەڵ سەرنجدان بە بیروڕای گشتیی سازکراو لە لایەن بازاڕ و دەسەڵاتەوە دەبێ بۆ ڕاکێشانی باشترین مامۆستاکانیش تێبکۆشن. بۆردیۆ لەسەر ئەو باوەڕەیە قوتابخانەکان لە ڕێگەی پلانگەلێک وەک تاقیکاری بۆ وەرگرتنی قوتابی، دەبنە هۆی ئەوەی کە سەرمایەی کەلتووری لە دەست چینی دەستڕۆیشتوودا بمێنێتەوە[٦]. کاتێک لە وڵاتی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، زۆربەی چینی دەستڕۆیشتوو خۆی و هەموو بەها و بەرژەوەندییەکانی لە کەلتووری نەتەوەی باڵادەستدا دەبینێتەوە، کاتێک پەروەردە و ڕاهێنان دەبنە کەرەسەیەک بۆ برەودان بە کەلتوور و زمان و دابونەریتیی نەتەوەی باڵا دەست، ئەوە کەلتوور، زمان، باوەڕبەخۆیی و هەموو بەرژەوەندییە گشتییەکانی نەتەوەی ژێردەستە کە بە هەموو چین و توێژەکانیەوە لەم بەستێنە سازکراوەدا دەتوێنەوە.

دەکرێ قوتابخانەگەلی ناحکوومەتی لە وڵاتی ئێراندا، بەسەر دوو بەشدا دابەش بکەین: یەکەمیان ئەو قوتابخانانە کە بۆ ناونووسی تێیاندا پێویست بە تاقیکاری نییە و هەر بنەماڵەیەک ئەگەر بتوانن شەهرییەکەی(پارەی مانگانە یا وەرزانە) دابین بکەن دەتوانن منداڵەکانیان بنێرنە ئەم قوتابخانانە کە خاوەن هەموو پێداویستییەکانن. کە وابوو تەنیا مەرجی بەشداری لەم قوتابخانانەدا ئەوەیە کە خاوەن پارە بیت و تا کاتێک قوتابی دەتوانێ لەم قوتابخانانەدا بخوێنێ کە توانای دابین کردنی شەهریەکەی هەبێت. لەم پەیوەندییەدا دەزگای هەواڵدەریی ئیسنا لە بابەتێکی خۆیدا ئاماژە بە نموونەیەک دەکات و دەڵێت: «لە ناوچەی چیتگەری تاران بۆ قوتابیانی قوتابخانەیەکی تایبەتی جەژنی کۆتاییی ساڵ گیرا، دیاری بە هەموو قوتابیان درابوو قوتابییەک نەبێت کە بە سەرسوڕمان و حەزەوە سەیری دیاریی هاوپۆلەکانی دەکرد،

تەنیا هۆی ئەوەی ئەم کچە قوتابییە دیاریی پێ نەدرابوو، دەگەڕاوە بۆ ئەوەی کە باوکی دوو هەیڤ بوو نەیتوانیبوو شەهرییەی خوێندنەکەی دابین بکات[۷]. هەنووکە هەندێ لەم قوتابخانانە شەهرییەکەیان بۆ تێرمێک (وەرزێکی خوێندن) تا بیست ملیۆن تمەن و زیاتریشە و خاوەنی پۆلەکانی تایبەتی مۆسیقا و وەرزش و فێرکاری زمانە بیانییەکان و... و دیارە تەنیا منداڵانی چینی دەستڕۆیشتوو دەتوانن لەم قوتابخانانەدا بخوێنن.

دووهەمیان ئەو قوتابخانانەن کە نیوە حکوومەتی و نیوە تایبەتین. بۆ چوونە ناو ئەم قوتابخانانە تاقیکاری بەڕێوە دەچێت و دەکرێ ئەم چەشنە قوتابخانانە وەک یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی نیئۆلیبراڵیسم پێناسە بکەین کە بریتییە لە بلیمەت تەوەری و پێگەیاندنی بلیمەتەکان (ئەو بلیمەتانەی کە بە تەعبیری بۆردیۆ تەنیا دەتوانن لە چینێکی تایبەتی کۆمەڵگەدا هەڵبکەون)، لەم پەیوەندییەدا دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە زۆر بە دەگمەن منداڵانی چینی هەژار دەتوانن بچنە ئەم قوتابخانانە و ئەو تاقیکارییانەی بۆ ئەم قوتابخانانە لەبەرچاو دەگیرێن دژوارن و زۆربەی پرسیار و تەوەرەکانی بە دەگمەن لە قوتابخانە حکوومەتی و ئاساییەکاندا باسیان دەکرێت و لەو کتێبە کۆمەکدەرسییانەوە دەردەهێنرێن کە بە نرخێکی گران لە بازاڕدا دەسەنرێن و زۆربەی هەرە زۆری مامۆستاکانیش لەسەر پۆلەکانی وانە گوتنەوە بێ ئەم کتێبە کۆمەکدەرسیانە وانەکانیان ناڵێنەوە کە ئەم کارەش دەبێتە هۆی بازاڕێکی بە سوود بۆ کۆمپانیگەلی وەک گاج، ئایندەگان و قەڵەمچی. . . . بەم چەشنە پرۆسەی خوێندنی قوتابی دەکەوێتە ناو یاریی بازاڕەوە بەو واتایەی بۆ ئەوەی سەرکەوتن وەدی بێنێ دەبێ زیاتر کڕیاری کتێبە کۆمەکدەرسییەکان و پۆلە تایبەتییەکان بێ و بەو ڕێژەیەی کە کڕیارە و بەشداری پۆلە تایبەتییەکانە دەتوانێ سەرکەوتن وەدەس بێنێ. کەواتە بە پێی ئەو پارەیەی کە لەو ڕێگەیەدا خەرجی دەکات ڕاست وەک بازاڕ دەتوانێ شتومەک، کە لە پرۆسەی خوێندندا بووەتە زانستی بە شتومەک —کالا-کراو وەدەست بێنێ. ڕێژەیەکی زۆر لەو قوتابییانەی کە لە تاقیکاریی کۆنکوردا -تاقیکاری چوون بۆ زانکۆ- پلەی باش وەدەس دەهێنن و دەچنە زانکۆ باشەکان، لەم دوو جۆرە قوتابخانە تایبەتییەدا خوێندوویانە و بەشداری پۆلەکانی کۆمپانیگەلی گاج، قەڵەمچی و ئایندەگان بوون و تا هەنووکەش لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر داهاتی سەدان ملیاردیی ئەم کۆمپانییانە نەکراوە و لە ڕاستیدا بە هۆی ئەو مافیایانە کە لە وەزارەتی پەروەدە و بارهێنان و ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا هەیە، بەر بە هەر چەشنە لێکۆڵینەوەیەکی دەقیق و ورد لەم بارەیەوە گیردراوە و تەنانەت تا ئەو ڕادەیە دەسەڵاتیان هەیە کە حاجی بابایی، وەزیری پەروەدەی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد، گەڵاڵەی لابردنی کۆنکوور دەبەستێتەوە بە ڕەزامەندیی ئەم کۆمپانییانە.

## دیاری سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی بۆ قوتابییان چی بووە؟

بەپارەکرانی خوێندن و ڕاکێشانی مامۆستا باشەکان بۆ قوتابخانەگەلێکی تایبەت، ئاکامەکەی دەگات بەوەی کە هەزاران قوتابی لە سەرانسەری وڵاتدا و بە تایبەت لەو ناوچانەی کە نەتەوە ژێردەستەکانی تێدا دەژین دەست لە خوێندن هەڵدەگرن و یان هەر خوێندەوارییان نەبێت. ۱/۵ تا ۲ ملیۆن منداڵ لەم ساڵانەی دواییدا و بە هۆی بەپارە کرانی خوێندن یان دەستیان لە خوێندن هەڵگرتووە یا خود هەر نەچوونەتە قوتابخانە و وا چاوەڕوان دەکرێ ساڵ بە ساڵ ڕێژەی

ئــەم منداڵانە زیاتر بێــت و لەئاکامدا ببێتە هۆی هەرچی زیاتربوونی زیانە جڤاکییەکانی وەک زۆر بوونــی ڕێــژەی منداڵانــی کار و منداڵانی شەقام و...[٨]. لە کۆماری ئیسلامیدا هەژارتریــن و بێکارتریــن ناوچــەکان ئەو ناوچانەن کە نەتــەوە کۆلۆنیکراوەکانی تێدا دەژین و هەر بۆیە هەژاری، یەکێک لە هۆکارە ســەرەکییەکانی پاشکەوتنە لە خوێندن و بە پێی دواییــن ئامارەکان پارێزگاکانی ســنە، ورمێ ، لوڕســتان لە کوردستان و پارێزگای سیســتان و بەلوچســتان خــاوەن زیاترین نەخوێندەوارن[٩].

ئەگــەر ســەردەمانێک خوێنــدن کەرەسەیەک بوو بۆ ئەوەی منداڵانی هەژار تا ڕادەیەک بتوانن بە خوێندن خۆیان لەو دۆخە ڕزگار بکەن و لە ڕێگەی خوێندنەوە بچنە ناو چینــی مامناوەندیەوە، هەنووکە بە دەگمەن هەڵدەکــەوێ منداڵی چینی هــەژار بتوانن خەرجییەکانــی خوێنــدن و خەرجی پۆلە تایبەتییەکان دابین بکــەن تا لەو ڕێگەیەوە بتوانــن ڕکابەریی قوتابیانی دیکە بکەن؛ هەر بۆیە منداڵانی چینی هەژار یان نەخوێندەوار دەبن یا خود زۆربەیان ناتوانن بۆ ڕشتەیەکی باش لە زانستگەدا قەبووڵ بن و بەم چەشنە پیشــەیەکی شیاو وەدەس بێنن و ئەگەر ئەو ڕاســتییەش لەبەرچاو بگرین کە هەژارترین ناوچەکانــی وڵاتی ژێردەســەڵاتی کۆماری ئیســلامی ناوچەی نەتەوە ژێردەســتەکانە، کە وابــوو بەردەوام ئەم ژێردەســت بوونە و ســەروەریی نەتەوەی باڵادەســت لە هەموو بوارەکانــی کەلتووری و جڤاکی و زانســتی، درێــژ دەبێتەوە و سیســتەمی نێئۆلیبراڵیزم لە پــەروەردە و فێرکردنــدا گەرەنتیی درێژ بوونەوەی ئەم پەیوەندییە دەکات.

## خوێندنی باڵا و نیئۆلیبراڵیزم

لەبەشــی فێرکاریی گشــتی و سیاســەتە کەلتورییەکانــدا، نێۆلیبرالیــزم تــەواوی ڕەهەندەکانــی ژیــان لــە چوارچێــوەی عەقڵانیەتی بــازاڕدا لێکدەداتــەوە. یەکێک لــە ئاکامەکانی ئەم شــێوازە ڕوانینە دەبێتە ئــەوەی کــە نێۆلیبرالیــزم، چەشــنێک کەلتــوری بێرەحمانە و ڕکابــەری هۆڤانە بە فەرمی برەو پێ بدا و دەســت بداتە شــەڕ دژی بایەخە گشــتییەکان و بەشی گشتی، کە دەتوانــن قەیران بــۆ بایەخەکانی پێک بێنن. نێۆلیبرالیزم بنەمــا دێمۆکراتیکەکانی هاوپەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەرەو لە ناوچون دەبات، هــەروەزی کۆمەڵایەتی لاواز دەکات و تەواوی شێوازەکانی دەروەستی لە هەقبەر کۆمەڵگادا تووشی کێشە دەکات[١٠].

سیســتەمی پــەروەردە لــە کۆمــاری ئیسلامیدا بە تایبەت لە بیست ساڵی ڕابردوودا بــە ئاشــکرا هاوتەریبە لەگەڵ سیســتەمی پــەروەردەی نیئۆلیبراڵــی بــە ڕوانگەیەکی ســەقەتی ئایینییەوە. پاش کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق و گۆڕانی وتاری زاڵ بەســەر ئابووریی وڵاتدا پرســی تایبەتــی کردن بە شــێوازێکی جیددی لە لایەن پلاندارێژەرانی ئابووریی دەسەڵاتەوە هاتە ئاراوە و بە کردەوە لە ساڵی ١٣٨٠و لە کاتی بەکردەیی کردنی بەشی سێهەمی پلانی سێهەمی پەرەپێدانەوە دەســتی پێ کرد، بەچەشنێک کە بە وتەی ئێســحاق جەهانگیری وەزیــری ئەو کاتی ســەنعەت و مەعدەن-پیشــە و کانــزاکان- پلانی ســێهەمی گەشــە زیاتر لــەوەی کە بــەرەو بەرێوەبردنی پــرۆژەکان ڕێگە ببرێت بــە دوای چێکردنی پێکهاتەگەلێکەوە بوو بۆ دروســت کردنی بەســتێنی گەشە کردن تا بەشی تایبەتی بتوانێت تێیاندا چالاک بێ[١١]. یەکێک لەو شوێنانەی کە دەسەڵات هەوڵی تایبەتی کردنی داوە، سیستەمی پەروەردە و خوێنــدن بووە لە هەموو ئاســتەکاندا و لەم ماوەیەدا ســاڵ بەســاڵ ڕێــژەی بەتایبەتی کردنــی خوێنــدن زیاتر پــەرەی گرتووە و هەنــگاو بە هەنــگاو و بە پەلە سیســتەمی

پەروەردە و فێرکردن لە کۆماری ئیسلامیدا لە سیستەمی پەروەردەی نیئۆلیبرالیزم نزیک بووەتەوە و بە پێی بەراوردێک کە لە ساڵی ١٣٧٤دا کراوە ئێران پاش وڵاتی ژاپۆن زیاترین خوێندکاری بە نیسبەت حەشیمەتی خوێندکارانی وڵات، لە بەشی پەروەردەی تایبەتدا هەیە[١٢] کە بە دڵنیاییەوە ئێستا ڕێژەی زۆر زیاتر بووە و لەم بارەیەوە پلەی یەکەمی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە. سەرەتا دروست کردنی زانستگەی ئازاد لە ساڵی ١٣٦١و پاشان دانی ئیزنی دروست کردنی ڕێکخراوەی ناحکوومی و تایبەت لە بەشی پەروەدە و فێرکردندا لە ساڵی ١٣٦٤ و دروست کردنی زانستگەی پەیام نوور لە ساڵی١٣٦٧ دا هەنگاوگەلێکن کە هەر چەن لە دەیەی ٦٠دا و بە مەبەستی زیاترکردنی ڕێژەی پسپۆڕان و بردنە سەرەوەی ستاندارد و کوالێتیی خوێندن دانراون[١٣] بەڵام دەیەیەک دواتر پەرەیان گرتووە و هەنووکە خوێندکار و قوتابییان لە بەشی حکوومەتی زیاترە. بە پێی وتەی محەمەدی ماڵجو: لە ساڵی ١٣٨٠ی هەتاویدا ٤١لەسەدی خوێندکاران لە بەشی حکوومەتی -ئەو زانستگایانە کە بێ‌پارە خوێندکار وەردەگرن- دا خوێندوویانە و لە ساڵی ١٣٨٧دا ڕێژەی ئەم خوێندکارانە دەگاتە ٢٢لەسەدی سەرجەم خوێندکارانی سەرانسەری وڵات[١٤]. جودا لەوەی کە دەستڕاگەیشتنی بێ‌بەرانبەر و بێ‌جیاوازی بە بابەتگەلێک وەک خوێندن و تەندروستی مافی سەرەتایی هەموو کەسێکە و لە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤدا ئاماژەی پێ دراوە، بەڵام ئەگەر بردنەسەری کوالێتیی خوێندنیش وەک پاساوێک بۆ ڕاسپاردنی پەروەردە بە کەرتی تایبەت لەبەرچاو بگرین، بە سەرنجدان بە سێ دەیەی ڕابردووی پەروەردەی ئێران دەبینین کە بە هیچ چەشنێک لەم بوارەدا سەرکەوتوو نەبووە؛ نە کوالێتیی خوێندن چووەتە سەرەوە و نە خاوەن کۆمەڵگایەکی بەختەوەرترین، ئەوەی کە دەبینرێت کۆمەڵێکی زۆر و بۆر لە دەرچووانی زانکۆیە کە بە ڕادەیێکی کەم توانای خزمەت کردن بە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگایان هەیە و لە هەمان کاتیشدا ڕێژەیەکی یەکجار زۆریان بێکارن و بە هۆی ئەو سیستەمە پەروەردەیەی کە تێیدا پێگەیشتوون، پارە وەدەست هێنان بە هەر نرخێک، دەبێتە تایبەتمەندیی دەروونیی زۆربەی هەرە زۆریان.

## دژایەتیی نیئۆلیبرالیزم لە هەمبەر زانستە مرۆییەکان

زۆربەی زانستە مرۆییەکان پشتبەستوو بە فەلسەفەگەلێکن کە بنەمای سەرەکییان ماک باوەڕی و بێ باوەڕی بەرانبەر فێرکاریی ئیلاهی و ئیسلامییە و فێرکاریی ئەم زانستانە دەبێتە هۆی بێ‌باوەڕی بە زانستی ئیلاهی و ئیسلامی و فێربوونی ئەم زانستانە لە زانستگە، پەرە بە دوودڵی و نادڵنیایی دەدات لە هەمبەر بنەما ئایینی و باوەڕەکانماندا.[١٥] ئەمە بەشێکە لە وتاری عەلی خامەنەیی لە ڕۆژی ٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٨٨دا، ئەم وتارە بە ئامادەبوونی هەندێک مامۆستای زانکۆ و خوێندکار پێشکەش کرا و لە چەن شوێندا و بە ئاشکرا دژایەتیی خۆی لە گەڵ زانستە مرۆییەکان دەردەبڕێ و هەر لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا ئاماژە بە زۆر بوونی خوێندکارانی زانستە مرۆییەکان دەکات و ئەم بابەتە بە مەترسی لەسەر کۆمەڵگا و دەسەڵات دادەنێ. خامەنەیی لەم وتارەدا لە ڕواڵەتدا هۆی دژایەتیی خۆی لەگەڵ زانستە مرۆییەکان، تەنیا دەگەڕێنێتەوە بۆ دژایەتییان لەگەڵ ئایین و وا باسی دەکات کە تازە بەو شتەی زانیبێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە دژایەتیی زانستی مرۆیی هەر لە قوتابخانەکانی ناوەندیدا و بە شێوازی سیستەماتیک ڕەچاو دەکرێت و

له ئاکامی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و له ڕاستیدا نەهێشتن یان لانی کەم بێ ناوەڕۆک کردنی زانسته مرۆییەکان، گشت ئەو کەسانه که له کۆتاییەکانی دەیەی حەفتا و دەیەی هەشتادا له قوتابخانەکانی ئەم وڵاتەدا خوێندبێتیان هەستیان دەکرد که لقی زانستی مرۆیی چەن به ئەنقەست و به شێوازێکی پلان داڕێژراو سووک کراوه و تەنانەت کارێکیان دەکرد که ئەو کەسانەی ئەم لقەیان هەڵدەبژارد زۆربەیان له نازیرەکترین قوتابییەکان بن و وای لێ هاتبوو که شەرم بوو خوێندنی ئەم لقه و له ساڵانی دواتر و تا هەنووکه گەیشتووه به ڕادەیەک، کەمترین داخوازی بۆ ئەم لقه دەبیندرێ و کەمترین ژمارەی قوتابییان خوازیاری خوێندن لەم لقەدان. بەڵام وەک له دێرەکانی دواییدا ئاماژەی پێ دەکەین دژایەتی لەگەڵ زانسته مرۆییەکان تەنیا له هۆکاری ئایینیدا قەتیس نامێنێتەوه و سەرچاوه گرتوو له سیستەمێکی پەروەردەیه که زانسته مرۆییەکان به دژی خۆی و بێکەڵک پێناسه دەکات. جا هەرچەن به ڕواڵەت و ناو، سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی نیئۆلیبراڵیزم نەبێت بەڵام له نێوەڕۆکدا سیستەمی پەروەردەی نیئۆلیبراڵیزم ڕەچاو دەکرێت و زیانەکانی ئەم چەشنه له سیستەمی پەروەرده له وڵاتی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا چەن قاتی وڵاتانی دیکه و بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوایه و کاتێک ئەم هاوئامانجیه دەردەکەوێ که بزانین یەکێک له هێڵه سەرەکییەکانی پەروەردەی نیئۆلیبراڵیزم دژایەتییه لەگەڵ زانسته مرۆییەکان و «سلایتر» لەم پەیوەندییەدا ئاماژه بەو خاڵه دەکات که گرینگترین کاریگەریی نیئۆلیبراڵیسم لەسەر خوێندنی باڵا، دەکرێ کەم کردنەوەی بودجەی زانسته مرۆییەکان و هونەر، به قازانجی ئەو زانستانەی که زیاتر لەگەڵ بازاڕی کار یەک دەگرنەوه، دەست نیشان بکرێت[١۶].

ئەو پەروەرده نیئۆلیبراڵیستییەی که له سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیدا ڕەچاو دەکرێت، جیاواز له خاڵه سەرەکییه گشتییەکان که تایبەت به هەموو وڵاتانی بەڕێوەبەریەتی، له ئێراندا ئایین و سەروەریی نەتەوەی فارسیشی پێ زیاد کراوه. وەک پێشتر باسی کرا، خامەنەیی بۆ دژایەتیی زانستی مرۆیی ئاماژه به مەترسییەکانی بۆ سەر بازاڕ ناکات بەڵکوو تێدەکۆشی دژایەتیی خۆی لەگەڵ زانستی مرۆیی له دەلاقەی ئایینەوه پێناسه بکات. زانسته مرۆییەکان پرسیار لەسەر چییەتیی دیاردەکان دروست دەکەن و له زانستگەکاندا دەبنه هۆی ئەوەی خوێندکاری ئەم بوارانه دەسەڵات له مانا گشتییەکەیدا (سەروەری) بەرەورووی کێشه بکەنەوه. جا سیستەمی نیئۆلیبراڵیسم له گشتییەتی خۆیدا و بۆ پاراستنی تەکووزیی هەنووکەی (نظم موجود) به واتای پاراستنی دەسەڵات و بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان کۆیله و سەروەر ـ که خۆی له دوو کوچکەی بازاڕ و دەسەڵاتدا دەردەخات- بەو چەشنەی هەیه بەردەوامی پێ بدەن دژایەتی لەگەڵ زانسته مرۆییەکان دەکەن و له کۆماری ئیسلامیدا بۆ ئەوەی گۆڕانکاری له نێوان کۆیله و سەروەردا بەدی نەیەت ـ چوار کوچکەی ئایین، سەرەوەریی نەتەوەی فارس، بازاڕو دەسەڵات- دەست ئەدەنه دەستی یەک و پارێزگاری له تەکووزیی هەنووکەی دەکەن، به واتایەکی دیکه وەک چۆن نیئۆلیبراڵەکان ئایدیاکەی خۆیان به کۆتاییی دنیا دادەنێن، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیش ئایدیاکەی خۆی که تێکەڵەیەکه له ئایین، سەروەریی نەتەوەی فارس و نیئۆلیبراڵیزمێکی گەندەڵی حکوومەتی، پێیان وایه دەبێ تا کۆتاییی دنیا هەر ئەوان و بەم چەشنه دەسەڵاتداریەتییه بەردەوام بن. ئەمه له حاڵێکدایه که زانسته مرۆییەکان پرسیاری قووڵ و بناغەی لەسەر

ئەم بۆچوونانە دروســـت دەكـــەن، هەر بۆیە ڕەنگە شـــێوازەكانی دژایەتی لەگەڵ زانستی مرۆیـــی تـــا ڕادەیەک جیـــاواز بـــێ، بەڵام هەردووکیان خـــاوەن یەک ئامانجن ئەویش پاراستنی تەکووزیی هەنووکەیە و یەکێک لە هێڵە سەرەکییە هاوبەشەکانیان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دژایەتی کردنی زانستی مرۆییە.

یەكێكـــی دیكـــە لـــە جیاوازییـــە ڕواڵەتییەکانی پەروەردەی نیئۆلیبراڵیـــسم و سیســـتەمی پەروەردەی كۆماری ئیســـلامی دەكـــرێ لەو خاڵـــەدا دەستنیشـــان بكەین كـــە پـــەروەردە و فێـــر كردن لـــە كۆماری ئیســـلامیدا بێلایەن نییە. «ئاپڵ» لەسەر ئەو باوەڕەیە كـــە بیرمەندانـــی نیئۆلیبراڵیزم، بۆ وڵام دانـــەوەی پێداویســـتییەكانی بـــازاڕی ڕكابەری و ئـــازاد، زمانی بێلایەنی زانســـت دەكەنە كەرەســـە و ئەم زمانە زانستییە ئەو ئیمكانەیان بۆ دەرەخســـێنێت ئایدئۆلۆژی و بەرژەوەندیی سیاســـی و ئابووریی خۆیانی لە پشتدا بشـــارنەوە[۱۷]. لە سیستەمی كۆماری ئیسلامیدا بۆ پشتیوانی لە بازاڕ و ئایدئۆلۆژیی ئابووری، كەڵک لە زمانی بێلایەنی زانســـت وەردەگیرێت بەڵام ئەو جیاوازییە لە ئارادایە كە لە وڵاتانی دیكەدا سیستەمی پەروەردەی نیئۆلیبراڵیسم لە باری ئایینیشەوە بێلایەنە-یان بە ڕواڵەت بێ لایەنـــە- بەلام لە ئێراندا پەروەردە و ڕاهێنان بێلایەن نییە و تەنانەت بە شێوازێكی سیستەماتیک دژایەتیی ئایینی و ئاینزاییـــی ئەوانی دیكـــەی خۆی بەرهەم دێنێـــت. هەروەها لە سیســـتەمی پەروەردە و ڕاهێنانی كۆماری ئیســـلامیدا، تەنیا بایەخ بـــە یـــەک زمـــان ئەدرێـــت و مێژوویەكی چەواشەكراو بە قازانجی نەتەوەی سەردەست و بە دژی نەتەوە گەلی كۆلۆنی كراو، لە هەموو ئاســـتەكانی پەروەردەدا دەوترێتەوە كە ئەم شێوازە گێڕانەوەی مێژوو و پەروەردەی تاک زمانیە لە وڵاتێكی فرە زماندا كەرەســـەیەكە لـــە خزمەتـــی هێشـــتنەوەی ســـەروەریی نەتـــەوەی باڵا دەســـت و بـــە كۆیلە كردنی نەتەوەگەلی ژێردەســـت و بێ ئەوەی زمانی زبـــر بەكار بێنێت وای كردووە كە قوتابی و خوێندكاری سەر بە نەتەوە ژێردەستەكان ئەو هەســـتەیان تێدا بەدی بێت كە زمانەكەیان بێ كەڵكـــە و بۆ پێشـــكەوتن دەبێ لەباری زمان و شـــێوازی ژیانـــەوە، وەک نەتەوەی باڵادەســـتیان لـــێ بێت؛ هەربۆیـــە بە هۆی سیســـتەمی پەروەردە و فێركردنەوە هەموو شتێک بایەخی خۆی تەنیا لە وەدەستهێنانی پارەیەكـــی زیاتردا وێنـــا دەكات. كاتێک لە چەند زانكۆدا زمانی نەتەوەكانی ژێردەســـت دەكرێتـــەوە -لەم ســـاڵانەی دواییدا زانكۆی سنە و بەشـــی ئەدەبیاتی كوردیی بۆ دانراوە و ســـاڵانە خوێندكاری خوازیار وەردەگرێ-ئاشـــكرایە خوێندكاران حەزیـــان بۆ چوونە ئەم بەشـــە كەمە. كاتێک پـــاش خوێندنی، هیچ كەڵكێكی نییـــە لەو بازاڕەیدا كە ئەوان دروستیان كردووە، خوێندكار بە چ هیوایەک بچێـــت و لە بەشـــی زمانی دایكـــی خۆیدا درێژە بە خوێندن بدات. كە وایە سیستەمی پەروەردەی كۆماری ئیســـلامی، نەک وەک سەردەمی ڕەزاشای میرپەنج بە زبر، بەڵام بە هۆی دەسەڵات و هێزی نەرمەوە، دژایەتیی زمان و كەلتووری نەتەوەی ژێردەست دەكات و ئەویش لە ڕێگـــەی بێكەڵک كردنیان -لە باری بازاڕەوە- ئەو بەستێنە دروست دەكات كە مرۆڤی نەتەوەی ژێر دەســـت خۆی و بە حەزی خۆی و بەرانبەر بە زمان و كەلتووری خۆی هەست بە شەرم بكات؛ چون بێكەڵكە و ئەم ڕەوتـــەش دەبێتە هۆی تواندنەوەی لە زمان و كەلتووری نەتەوەی باڵادەســـتدا بێ ئەوەی هێزی زبریش بەكار هاتبێت. ئەمەش ئامانجێكە كە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، دەســـەڵاتی ناوەند تەوەری ئێران بەدوایەوە بـــووە. لـــەم پەیوەندییەدا گۆڤـــاری ئایەندە دەنووســـێت؛ هەر كات بەم مەبەستە واتە بە فارس كردنی كوردانی ئێران گەیشتن، ئیتر

سەربەخۆییی کوردانی عوسمانی مەترسیی بۆ سەر ئێمە نییە[١٨]. کۆماری ئیسلامی کاتێک لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەوە زمانی نەتەوەیەک بێکەڵک دەکات- لە پەیوەندی لەگەڵ بازاڕدا، بازاڕێک کە سیستەم وا دەنوێنێت هەموو شتێک لەودا کورت دەبێتەوە- لەو بوارەدا هەنگاو هەڵدەگرێت کە ئامانجیەتی، یانی بە فارس کردنی کوردان یان نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئەم چوارچێوە جوغرافیاییە.

## کاریگەری سیستەمی نیئۆلیبراڵ لەسەر خوێندکاران، مامۆستایان و زانست و زانکۆ

بە باوەڕی «ئاپل» مامۆستایانی لایەنگری نیئۆلیبراڵیزم بە شێوازێکی سیستەماتیک جیاوازیی بیروباوەڕ و ڕەخنەگرتن لە پۆلەکاندا سەرکوت دەکەن و کەشێکی فێربوونی نەزۆک پەرە پێ ئەدەن[١٩]. هەروەها نیئۆلیبراڵەکان پێداگری لەسەر ئەو خاڵە دەکەن کە ڕەخنەگرتن لە سیستەمی پەروەردە یان پەیوەندییەکانی نێوان کۆیلە و سەروەر لە هەموو ڕەهەندەکانیدا، ناوەڕۆکی بێلایەنی پۆلەکان تێکئەدا و وانە بەرەو مشتومڕی سیاسی دەبەن. هەر بۆیە نیئۆلیبراڵەکان و کۆنسێرڤاتیڤەکان لە هەوڵی ئەوەدان تا نێوەڕۆکی لە بنەڕەتەوە سیاسیی پۆلەکانی وانەگوتنەوە بشارنەوە و تەواوی ئەو کەسانەی کە دەوێرن سیستەمی ئابووریی باو و کاریگەرییەکانی لەسەر پەروەردە و فێر کردن و پەیوەندییەکانی نێوان سەروەر و ژێردەست ڕووبەڕووی پرسیار بکەنەوە تاوانباریان دەکەن کە کەڵکی خراپ لە کەشی ئازادی زانستگە وەردەگرن و چەپ و بەلاڕێداچوون. تەواوی ئەو کەسانەی کە لە زانستگەکانی ئێران وانەیان خوێندبێت، بە باشی ئەم ڕاستییەیان هەست پێ کردووە، بەو جیاوازییەی کە لەم نیشتمانەدا تاوانەکانی جیاخوازی لە ئێران و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و دژەئایین بوون بە تاوانەکانی دیکە زیاد دەبێ. سیستەمی کۆماری ئیسلامی لەم بارەیەوە بە شێوازێکی توندوتیژانە لە هەمبەر ئەو خوێندکارانە دەجوڵێتەوە کە خوازیاری گۆڕینی پەیوەندیی کۆیلە و سەروەرن لە هەموو ڕەهەندەکانیدا و بەر بە خوێندنیان دەگرێت. نموونەی ئەم چەشنە هەڵسوکەوتەیش ئەو سەدان خوێندکارەیە کە بەر بە درێژەدانی خوێندنیان گیراوە و کۆماری ئیسلامی لە بنەڕەتەوە هەوڵ ئەدات کە کەشی زانستگە لە سیاسەت و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات بە تاڵ کاتەوە.

لەم بەستێنەدا مامۆستایانی زانستگە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە زانست و دابین کردنی پێداویستییەکانی ڕاهێنانی خوێندکاران دوور دەکەونەوە، هەرچەند لەم سیستەمەدا دان بەوەدا نراوە خوێندکاران تەنیا بەکارهێنەری پەروەردە و فێرکاریی باڵان بەڵام لە ڕاستیدا قوربانییەکانی ملکەچی زانکۆن بۆ بازاڕ و پێداویستییەکانی[٢٠]. یەکێک لە گرینگترین گۆڕانکارییەکانی بەدیهاتوو لە خوێندکاران و زانستگەکان لە دنیای نیئۆلیبراڵدا، گۆڕانیانە لە خوێندکارەوە بۆ کڕیار و بەکارهێنەر. لە دنیای نیئۆلیبراڵدا، یەکەمین پێناسەی خوێندکار، کڕیار بوونی زانستە هەر بۆیە پەیوەندیی نێوان خوێندکار و زانستگە، وەک پەیوەندیی نێوان دابینکەری خزمەت و کڕیار وێنا دەکرێت. ڕاست هەر بەو چەشنەی کە تاکەکان لە دنیایەکی نیئۆلیبراڵدا لەگەڵ یەکتر لە ڕکابەریی بەردەوامدان خوێندکارانی زانستگەیش بۆ بردنە سەرەوەی سەرمایەی تاکەکەسییان لەگەڵ یەکتر ڕکابەرایەتی دەکەن. زۆر بوونی ڕێژەی خوێندکاران، لێکدانەوەی ستانداردەکانی چالاکی و ئەنجامی ڕاهێنان و پەروەردەی تاکەکان و بارهێنانی تاکەکان بۆ پیشەکان، لە خاڵە گرینگەکانن بۆ ئەم پێکهاتەیە و

گەیشتن بە ئامانجەکانی نیئۆلیبرالیسم لە پەروەردەدا[٢١]. وەک ئاشکرایە لە سێ دەیەی ڕابردوودا و پاش بەپارە بوونی زانکۆکان، ڕێژەی خوێندکاران چەند قات لە جڤاکدا زیادی کردووە بەڵام زیاد کردنێک کە تەنیا لە خزمەتی ئەو باند و مافیایانەیە کە سیستەمی پەروەردە لە ئێراندا بووەتە هۆی ئەوەی داهاتێکی زۆریان دەستکەوێت و چون بازاڕ و دەسەڵات گەندەڵە، بە پێچەوانەی وڵاتانی لیبرال کە تا ڕادەیەک بازاڕێکی شەفافیان هەیە و خوێندکار پاش تەواو بوونی خوێندنی بەو شارەزاییەی کە دەستی کەوتوە بۆ بازاڕی کار ڕادەکێشرێ -جیاواز لەوەی کە تا چ ڕادەیەک بەرهەمهێنەرەوەی هەمان پەیوەندیی کۆیلەو سەروەرە- بەڵام لە ئێراندا خوێندکار پاش ئەوەی کە پارەیەکی زۆریش بۆ خوێندنی تەرخان دەکات، دیسان بۆ وەدەست هێنانی پیشەیەکی شیاو تووشی کێشە دەبێت.

لە دنیای نیئۆلیبرالدا، خوێندکارگەلێک دەبینین کە نەک بۆ فێر بوون بەڵکوو بۆ ئەوەی بتوانن پیشەیەک لە بازاڕی ئابووریدا وەدەست بخەن بۆ کڕینی زانست سەردانی بنکەکانی پەروەدە دەکەن، ئەوان ئیتر حەزیان لە بەشداری لە بەرهەمهێنانی زانست نییە، بەڵکو خوازیاری وەرگرتنی پەکێجگەلی زانستین. بە ڕوونی ئەم تایبەتمەندییە لە زانستگەکانی ئێراندا بەدی دەکرێت، ئەگەر لە زانستگەی تاران وەک بەناوبانگترین و زانستیترین زانستگەی ئێران بێینە دەرەوە و بە شەقامی بەرانبەریدا تێپەڕین، بە سەدان کەس دەبینین کە هاواری فرۆشتنی پایاننامە، وتار، لێکۆڵینەوە و... دەکەن. کاتێک خوێندکار وەک کڕیاری زانست دەور دەگێڕێ و وەک بەکارهێنەر خۆی پێناسە دەکات، لێکەوتەگەلێکی وەک دزینی ئەدەبی، تەقەلوب و ڕکابەری زیاتری لێ دەکەوێتەوە[٢٢]. ئەم دیاردەیە بە چەشنێک پەرەی گرتووە کە ژمارەی ئەو خوێندکارانەی پایاننامە دەکڕن، چەند قاتی ئەو خوێندکارانەیە کە خۆیان پایاننامەکەیان دەنووسن و ئەمە لە کاتێکدایە هەمووان بەم دزییە زانستییەش دەزانن، هەم مامۆستای زانکۆ ئاگادارە و هەم سیستەمی پەروەردە بەڵام بەو هۆیەی کە بە قازانجی گیرفانی هەندێ کەسە و مافیاگەلی تایبەتی لە سیستەمی پەروەردەدا لە پشتە، هیچ کەس لە هەمبەری ئەم دیاردەیەدا هەڵوێستی جیددی وەرناگرێت.

تایبەتمەندیی بازاڕی بوونی خوێندنی باڵا، چەشنێک گۆڕانی لە خولیاکان و حەزەکان و ئامانجەکان بۆ خوێندکاران بۆ هەڵبژاردنی زانستگە و هۆی چوون بۆ ئەم زانستگانەیشی بەدی هێناوە. «ڕودرێز» بە لێکدانەوەی ئامانجی خوێندکاران لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٦تا ١٩٩٦ وەبیری دێنێتەوە کە لە ساڵی ١٩٦٦دا دەسراگەیشتن بە فەلسەفەیەکی واتادار لە ژیان گرینگترین پاڵنەر بۆ هەشتا لە سەدی خوێندکاران بۆ چوون بۆ زانکۆ بووە، لە بەرانبەردا پێشوەچوون لە باری ماڵییەوە تەنیا بۆ سی لەسەدی خوێندکاران پاڵنەر بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٦دا ئەم دوو هەڵوێست گرتنە شوێنەکەیان گۆڕدراوە، زۆرینە مەبەستیان لە هاتن بۆ زانستگە پێشوەچوونە لە بازاڕدا، پاڵنەری ماڵی بۆ ٧٤لە سەدی خوێندکاران و وەدەستهێنانی فەلسەفەیەک بۆ ژیان بۆ ٢٤لەسەدی خوێندکاران گرینگ بووە[٢٣]. دروستیی ئەم بۆچوونە دەکرێ بە ڕوونی لە کەم بوونەوەی بزووتنەوە خوێندکارییەکاندا ببینین لە دەیەی هەشتا و نەوەددا، بۆ نموونە ئەگەر لە دەیەی حەفتا و کۆتاییەکانی دەیەی شەستدا وەبیر هێنانەوەی شانزەی سەرماوەز دەبووە ڕۆژێک بۆ دژایەتی لە گەڵ دەسەڵات، بەڵام هەنووکە دەبینین کە -لە ژێر چاوەدێریی بەڕیوەبەرانی زانکۆدا- بووەتە

ڕۆژی جەژن و شادی کردنی خوێندکاران و لە ڕاستیدا لە ناوەڕۆکی خۆی بەتاڵ کراوەتەوە. هەنووکە بە هۆی پــەروەدەی نێئۆلیبراڵیزم لە زانســـتگەکانی ئێران خوێندکار شـــانازی بەوەدەکات ئەگـــەر نارەزایەتییەکی هەبێت، سێنفییە نەک سیاسی و هەوڵ ئەدات کێشە بۆ دەســـەڵات و پەیوەندیی نێـــوان کۆیلە و سەروەر دروســـت نەکات، جا چ لە شێوازی نەتـــەوەی سەردەســـت و ژێر دەســـت بێت یـــا خود کۆیلە و ســـەروەری ئابووری -ئەمە بەو واتایە نییـــە کە هیچ خوێندکارێکی دژە دەســـەڵات هەر نەبێت. باس لـــە زۆرینەی خوێندکاران دەکەین-. ئەم تایبەتمەندییە و گـــۆڕان لە خولیا و حەزی خوێندکاراندا هەر وەک لە نموونەکەدا دیتمان تایبەت بە گشت ئەو وڵاتانەیە کە سیســـتەمی پـــەروەردەی نێئۆلیبراڵیزم بەســـەریاندا دەســـەڵاتدارە و دەبینین کە بزووتنـــەوە خوێندکاریەکان لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا لە سەرانسەری دنیادا گەیشتوونەتە کەمترین ئاست یا خود دەتوانین بڵێین شـــتێک بەناوی بزووتنەوەی خوێندکاری، هەر نەمـــاوە، ئەمەش بە هۆی ئـــەوە نییە کە نادادپەروەری یان زوڵم و زۆر لە دنیـــادا نەمابێت، بەڵکوو لەو ڕاســـتییەوە ســـەرچاوە دەگرێ کە خوێندکاران لە ســـێ دەیـــەی ڕابـــردوودا ئارمانج و فەلســـەفەی ژیانیـــان بە هۆی سیســـتەمی پـــەروەردەی زاڵ بەســـەریاندا گـــۆڕدراوە. کاتێک ئامانج تەنیا دەبێتـــە بازاڕ و ســـەروەری لە بازاڕدا، دیارە جیاوازیی بیـــرو باوەڕیش پێک نایەت مەگەر لە ڕێڕەوەی ســـەروەری لە پیشـــە و پـــارەدا و ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە خوێندکاران ببنە کەسانی کۆنسێرڤاتیڤ!!! بە پێچەوانـــەی چیەتیی خوێندکار لە بنەڕەتدا، خوێندکارگەلێـــک کـــە پارەیەکـــی زۆریان تەرخان کردووە و بوونەتە کڕیاری زانست و خولیایان لە پیشە و پارەدا کورت دەبێتەوە، کوا لـــە هەوڵـــی تێکدانـــی پەیوەندیی زاڵ بەســـەر کۆمەڵگادا دەبن ئەویش بە تایبەت لە وڵاتێـــک کە هەوڵـــدان بـــۆ لەنێوبردنی تەکوزیـــی هەنووکەیی، بە توندترین شـــێواز هەڵســـوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ. ئەم ڕستەیە بۆ ئەو کەســـانەی لە زانســـتگەکانی ئێراندا خوێندبێتیان ئاشـــنایە کە دەڵێین: من کارم بەسەر بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە نییە مـــن هاتوومەتە زانکۆ بۆ ئەوەی پیشـــەیەک بۆ خۆم دەســـتەبەر کەم نەک خۆم توشـــی کێشە بکەم. لە وڵاتی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیســـلامیدا و لـــە زانســـتگەکانیش، ئەگەر خوێندکارانێـــک هەڵکەون کە دژ بە بایەخی دەستکرد ڕابوەستن و لە تەریک کەوتنەوە و وەدواکەتن لە ڕکابەریی پیشە و پارە نەترسن و دژایەتیـــی پەیوەندیی زاڵـــی نێو کۆمەڵگا بکـــەن، لە لایەن دەســـەڵاتەوە بە توندترین شێواز سەرکوت دەکرێن.

### دەرئەنجام

هەرچەنـــد زۆرکـــەس پێیان وایـــە تایبەتی کردنی خوێندن لە وڵاتی ئێراندا هێشـــتا لە سەرەتاکانی ڕێگەیدایە، بەڵام بە پێچەوانەوە، بەپێی ئامارەکان وڵاتی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیســـلامی لە تەواوی دنیا لەم بوارەدا پلەی یەک یان دوو بۆ خۆی مسۆگەر دەکات. خاڵی جێی ســـەرنج ئەوەیە کە ئەم ڕەوتە لە دنیادا بە ســـێ هۆ بەرەو داکشان دەچێت یەک؛ لە ڕەوتی تایبەتی کردندا ســـەرچاوەی تایبەتی نەبوونەتە جێگرەوەی سەرچاوەی حکوومەتی، بەڵکوو لە پـــاڵ ســـەرچاوە حکوومەتیەکاندا و بـــۆ ولام دانـــەوە بـــە داخوازیـــی زۆری کۆمەڵگا بۆ هەندێ بەشـــی زانستیی تایبەت دامەزراون، دوو؛ ئەزموونەکان ئەو ڕاســـتییە دەردەخـــەن ئەگەر حکومـــەت لە کاری ئەم زانکـــۆ و تاقیگایانەدا دەســـتێوەردان نەکات، بە تێپەڕینی کات کوالێتییان زۆر لە بەشـــی حکوومەتی زیاتر دادەبەزێ، ســـێ؛ بانگەشە و ســـەرمایەگوزاریی حکومەت لە لێکۆڵینەوە

و تاقیکارییە زانستی و زانکۆییەکاندا بە هۆی ئەوەی کە دەبنە هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگا پێویستە و بە هیچ چەشنێک ناکرێ ڕەچاو نەکرێت[٢٤] لە پاڵ ئەم هۆکارانەشدا پەرەدان بە نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی ئایدیای خوێندکاران لە فەلسەفەیەکی مرۆڤی و قووڵەوە بۆ ژیان، بۆ کورت بوونەوەی حەزەکان لە پارە و پیشەدا، دەتوانین زیاد بکەین. ئەگەر بۆ وڵاتێکی یەک زمان و یەک نەتەوە ئەمانە تەنیا هۆی دژایەتی بن لەگەڵ بە پارەی کردنی خوێندن لە وڵاتی ئێمە و بە هۆی فرە چەشنی، جگە لە زیانە چینایەتییەکانی، زیانی نەتەوەییشی بێ ئەژمارە و نەتەوەیەکی ژێردەست کاتێک تاکەکانی لە یەک هەڵبڕێن و بایەخەکانیان ببێتە بازاڕ و پارە و قازانجی تاکەکەسی، هیچکات ناتوانن لە هەمبەر داگیرکەردا یەکگرتوو بن. کاتێک پارە و وەدەستهێنانی پیشە دەبنە بایەخ، خۆ فیدا کردن لە ڕێگەی نیشتماندا دەبێتە کوڕی خەڵک بە کوشتدان. ئەو کاتەیە کە زنجیرەکانی کۆیلەتی زیاتر و زیاتر بە دەوری نەتەوەی ژێردەسی کوردستاندا گرێ دەدرێ و ئێمەی نەتەوەی ژێردەست کاتێک دەتوانین ڕزگارمان بێت کە دژ بە بەهاکانی پارە و پیشە بە هەر نرخێک و بوونیان بە باڵاترین بایەخ، لەهەموو ڕەهەندەکانیدا (بەتایبەت پەروەردەو فێرکردن) بوەستینەوە .

## سەرچاوەکان


١. ڕوودی دویچکە، لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی خوێندکاریی دەیەی شەستی ئاڵمان

٢. فریره، پائولو، آموزش برای آگاهی انتقادی، ترجمه؛ منصوره(شیوا) کاویانی، تهران؛ نشر اینترنتی ڕهایی،ص٣٤، ١٣٩٤

٣. کالینیکوس، الکس ، دانشگاه در جهان نئولیبرال ، نشریه رود ، دانشکده علوم اجتماعی دانشگاه تهران، شماره دوم، آذر١٣٩٢،ص٤-١١

٤. قراگوزلو، محمد ، بحران:نقد اقتصاد سیاسی نئولیبرال، انتشارات نگاه،ص٢٦، ١٣٩٦

٥. نیک نشان، شقایق و دیگران، ایدئولوژی مبنایی برای عملکرد آموزش و پرورش، مقایسه پیامدهای ایدئولوژی لیبرال دموکراسی و نئولیبرالیسم بر تعلیم و تربیت در کشورهای غربی، پژوهشنامه مبانی تعلیم و تربیت، دانشگاه فردوسی مشهد، سال٢، شماره١بهار و تابستان١٣٩١،ص٥-٢٦

٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو

٧. صادقی بروجنی، خسرو، پولی سازی آموزش و حق زدایی از شهروندان

٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو

٩. ماڵپەڕەی www.kurdistanmedia.com

١٠. مصاحبەای با هانری آ- ژیرو، نولیبرالیسم و سیاست آموزش عالی،نشریه رود، دانشکده علوم اجتماعی دانشگاه تهران، شماره٢، ص١١

١١. صادقی بروجنی، خسرو، پولی سازی آموزش و حق زدایی از شهروندان

١٢. رحمان سرشت، حسین، گرایش به خصوصی سازی آموزش عالی در ایران و آموزش عالی خصوصی در جهان، فصلنامه پژوهش و برنامەریزی در آموزش عالی، شماره٣،٤سال١٣٧٤،ص٧١-٨٠

١٣. صادقی بروجنی، خسرو، پولی سازی آموزش و حق زدایی از شهروندان

١٤. وتاری موحەمەدی ماڵجو،١٣٩٥/٩/٢ لە کۆلێژی زانستی مرۆڤی زانستگەی تەباتەبایی پێشەکەس کراوە.

١٥. وتاری عەلی خامەنەیی،١٣٨٨. ٦. ٩

١٦. نیک نشان، شقایق و دیگران، ایدئولوژی مبنایی برای عملکرد آموزش و پرورش، مقایسه پیامدهای ایدئولوژی لیبرال دموکراسی و نئولیبرالیسم بر تعلیم و تربیت در کشورهای غربی،پژوهشنامه مبانی تعلیم و تربیت، دانشگاه فردوسی مشهد، سال٢، شماره١بهار و تابستان١٣٩١،ص٥-٢٦

١٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو

١٨. کۆنەپۆشی، حامید، پرسی زمانەکانی ئێران و سیاسەتی زمانی لە ئێراندا، گۆڤاری ژیار، ساڵی یەکەم، ژمارەی ١و٢م پاییز و زستانی١٣٩٣، ل٥٠-٧٥

١٩. نیک نشان، شقایق و دیگران، ایدئولوژی مبنایی برای عملکرد آموزش و پرورش، مقایسه پیامدهای ایدئولوژی لیبرال دموکراسی و نئولیبرالیسم بر تعلیم و تربیت در کشورهای غربی، پژوهشنامه مبانی تعلیم و تربیت، دانشگاه فردوسی مشهد، سال٢، شماره١بهار و تابستان١٣٩١،ص٥-٢٦

٢٠. کالینیکوس، الکس ، دانشگاه در جهان نئولیبرال ، نشریه رود ، دانشکده علوم اجتماعی دانشگاه تهران، شماره دوم، آذر١٣٩٢،ص٤-١١

٢١. نیک نشان، شقایق و دیگران، ایدئولوژی مبنایی برای عملکرد آموزش و پرورش، مقایسه پیامدهای ایدئولوژی لیبرال دموکراسی و نئولیبرالیسم بر تعلیم و تربیت در کشورهای غربی، پژوهشنامه مبانی تعلیم و تربیت، دانشگاه فردوسی مشهد، سال٢، شماره١بهار و تابستان١٣٩١،ص٥-٢٦

٢٢. هەمان سەرچاوەی پیشوو

٢٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو

٢٤. رحمان سرشت، حسین، گرایش به خصوصی سازی آموزش عالی در ایران و آموزش عالی خصوصی در جهان، فصلنامه پژوهش و برنامەریزی در آموزش عالی، شماره٣،٤سال١٣٧٤،ص٧١-٨٠

# خوێندنەوەی سیستەمی پەروەردەی هێزی داگیرکەر لەکوردستاندا

**ماردین ڕەحیم نژاد**

”
ولاَتە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ سەرکوتکردنی کێشەی کورد و ئاسوودە بوون لە فوبیای شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، بەردەوام بە جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن لە ڕێگای سیستەمی پەروەردەوە و هەروەها هەموو دامودەزگا پەروەردەیی و ڕاگەیێنەرەکان و ...، هەوڵی دەستەمۆ کردن و داڕشتنەوەی کەسایەتی و تاکی کورد بە حەز و خواستی خۆیان دەدەن. کەسایەتییەک کە هیچ جۆرە ئینتیمایەکی نەتەوەیی و فەرهەنگی و زمانیی بە ڕابردووی خۆیەوە نەبێت. بۆ خوێندنەوەی سیستەمی پەروەردەی هێزی داگیرکەر بە تەنیا زوومم نەکردووەتە سەر سیستەمی پەروەردە لە قوتابخانە و زانکۆکاندا؛ بەڵکو وێنەیەکی بەربلاَوتر لە سیاسەتەکانی هێزی داگیرکەر بۆ داهارینی کەسایەتی و پەروەردە کردنی کۆیلەیەکی خۆبەکەمزانی کوردم لەبەرچاو گرتووە، چونکە لە قاڵبدانی کەسایەتیی کورد تەنیا لە قوتابخانە و زانکۆکاندا خڕ نەبووەتەوە بەڵکو لە هەموو جۆرە هەڵسوکەوت و پڕۆژەیەکی هێزی داگیرکەردا بە تۆخی دەبینرێت. وەکوو چۆن فۆکۆ دەڵێت: «دەسەلاَت ناتوانێ بێ مەعریفە خۆی بسەپێنێ و مەعریفەش ناتوانێ بێ دەسەلاَت ساز ببێ». هەروەها بە پێویستم زانی ئاماژەیەکی کورت بکەم بە کۆلۆنیالیسم و بەستێنەکانی سەرهەڵدانی گوتاری فاشیزمی ئێرانیی فارس و لە کۆتاییشدا باسی سیستەمی پەروەردەی هێزی داگیرکەر بوروژێنم.
“

**کۆلۆنیالیسم**

کوردستان وڵاتێکە کە لە لایەن چەند وڵاتی هاوســـێیەوە داگیر کراوە و ئێستا بە شێوازی کۆلۆنییەکـــی ناوخۆیـــی مامەڵـــەی لە گەڵ دەکرێت، بۆیە منیش چەمکی کۆلۆنیالیســـم بە چەمکێکی گونجاو دەزانم بۆ خوێندنەوەی پەیوەندیـــی نێـــوان ئێمـــە و داگیرکەرانـــی کوردســـتان و هەروەها دارشـــتنی سیاسەتی ستراتێژی بۆ کوردستان.

«یۆرگێـــن ئشـــتراماێل» دەڵێـــت: «کۆلۆنیالیسم شێوازێکە لە پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵە مرۆڤێکدا، کە بریـــارە بنەرەتییەکانی ژیانی بەکۆلۆنیکراوەکان، لە لایەن کەمینەیەکی فەرهەنگیی جیاواز و زۆر ناســـازگار و تەنیا بە لەبەرچاو گرتنی یەکەمینەکانی بەرژەوەندییە دەرەکییـــەکان، لە ســـەر ئەساســـی ســـەرتر لەقەڵەمدانی فەرهەنگ و کلتووری ئەربابەکان، دادەڕێژرێن و بەڕێوە دەبرێن».

کۆلۆنیالیســـمی ناوخۆیی لە زۆر بابەتەوە وێکچوونی لە گەڵ کۆلۆنیالیســـمی دەرەکیدا هەیە بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە چوارچێوەی ســـنووری وڵاتێکدا کە خاوەنی سەربەخۆیی سیاسییە جێبەجێ دەکرێت و بە ناوی مافی حاکمییەت و بەرپەرچدانەوەی دەستێوەردانی دەرەکییەوە، پێش بە هـــەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی زانیاری و درز کردنی سیاســـەتی قڕکردنی بە کەمینەکراوەکان دەگیرێت، مەترســـییەکانی کوشندەتر و زۆرتر و شاراوەترن.

ســـەبارەت بە کۆلۆنیالیســـمی ناوخۆیی پرۆفســـۆر ئەســـغەرزادە دەڵێـــت: «زاڵ بوون یان حوکمڕانـــی نەتەوە یـــان ئێتنیکێک بە ســـەر نەتـــەوە یـــان ئێتنیکەکانی تـــردا کە ببێتە هۆکاری ئاڵۆز بوونی ڕەوتە سیاســـی و کۆمەڵایەتییەکانی ئـــەو وڵاتانە. لە ئەدەبیاتی سیاســـیدا وەکو(کۆلۆنیالیســـمی ناوخۆیـــی) پێناسە دەکرێت. لەو ڕێژیمانەدا کە پێکهاتەی سیاســـی لە ســـەر ئەساســـی کۆلۆنیالیسمی ناوخۆیی یان دوڵەتی ئەمپریالی ناوخۆیی بۆنیاد نراوە، جەستە، هزر و تەواوی سامانی ماددی و مەعنەویی نەتەوە ژێردەســـتەکان، لە لایەن گرووپی ئێتنیکی یـــان ئایینیی حوکمڕانەوە کۆلۆنی دەکرێت و بە تاڵان دەبرێت».

ئەســـغەرزادە دەڵێ: «کۆلۆنیالیســـتەکان، کۆلۆنیالکـــراوەکان ڕادەهێنـــن کـــە دۆخـــی بەندایەتی و کۆیلایەتی لە ناخیاندا بچێنن. لە حەقیقەتدا کۆلۆنیالیســـتەکان تەنانەت وێنای کۆلۆنیالکراوەکان لە جەستە و توانایی زەینی و شێوازی بیرکردنەوەشیان، کۆلۆنی دەکەن.»

نژاد پەرستی، بە بۆچوون و بە لایەنگری و کردەوە و دژکردەوەی نێگەتیڤی دژە مرۆڤانە و ســـەرکوتکردن لە لایـــەن ئەندامانی یەک گـــرووپ لە بەرانبـــەری ئەندامانی گرووپێکی دیکەدا دەوترێت.» کارد دەڵێت: «نژاد پەرستی ئاماژە بە کـــردەوە، سیاســـەت و بۆچوونێک دەکات کە لە لەنێوبردنـــی ڕێکخراوەوە بگرە تـــا پشـــتگیریی نائاگایانە لـــەو کردەوانە بە بێ هەســـتیاری و تەنانەت ئەگـــەر لە ڕووی خێرخوازیشەوە بێت».

فرانتـــس فانـــون دەڵێت: «نژادپەرســـتی ڕەگەز پەرســـتانەی ســـەرەتایی کە خۆی بە عەقڵانـــی، لایەنگری تاک و ڕۆنراو لە ســـەر ئەساســـی جەبرییەتی ژنۆتیپیک و فنۆتۆپیک پێناسە دەکرد، ئێستا لە شێوەی سەردەمیانە و گەشەســـەندوویدا، خۆی بۆ نژادپەرســـتیی فەرهەنگی گۆڕیوە».

هێـــزە کۆلۆنیالیســـتەکان (دەرەکـــی و ناوخۆیـــی) بـــۆ کۆنترۆڵکردنـــی ئـــەو ژێئۆپۆلێتیکـــەی کـــە داگیریـــان کـــردووە، لـــە نوخبـــە و هێـــزە لۆکاڵییـــەکان کەڵک وەردەگرن. ئەم نوخبە و هێزانە(جاشـــەکان)، بۆ جێبەجێکردنی ئەجێنداکانی دەســـەڵاتی کۆلۆنیالیستی، دەســـەڵاتێکی کەمی ئابوری، قەزایی و بەڕێوەبەرییان پێ دەدرێت. خاڵێکی گرینـــگ و هاوبەش لە نێوان هەر دوو جۆری کۆلۆنیالیسمی دەرەکی و ناوخۆیی کە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین، ڕێژەیەکی زۆر کەمی ئەو

کەســـانەن کە کۆلۆنیالیستەکان بۆ پاراستنی ناوچە داگیرکـــراوەکان بەکاریان دەهێنن. بۆ نموونە ٥٢٠٠٠ ژاپۆنی، ٢٢ ملیۆن کورەییان کۆنترۆڵ دەکرد. یانێ ١ بە ٤٥٠ ، لە نیجێریا ئەم ڕێژەیە ١ بە ٥٤٠٠٠ بوو، لە هیندووستان ١ بە ٢٨٠٠٠. لە کوردستانی بندەستی ئێراندا ئــەو ڕێژەیە چەندەیە؟ ئایا زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ بەکرێگیـــراوی تێدایە کە نزیک بە ١٥ ملوێن کوردیان کۆنترۆڵ کردووە؟

ویژمانـــی دژە کۆلۆنیالیســـم بـــۆ نەتەوەی کـــورد گرینگییەکـــی تایبەتـــی هەیـــە لە بەر ئـــەوەی «لـــە چوارچێوەی ئـــەم ویژمانەدا تاک و نەتـــەوە کۆلۆنیالکـــراوەکان مافـــی دۆزینەوە و ڕێکخســـتنەوەی شـــوناس و ســـەرلەنوێ پێناســـەکرنەوە و ناســـینەوەی خۆیانیان هەیە. ویژمانـــی دژە کۆلۆنیالیســـم، تـــاک و نەتـــەوە کۆلۆنیالکراوەکان هان دەدات کە لە جێی ئەوەی کۆلۆنیالیســـتەکان پێناســـەی شوناسیان بکەن، خۆیان پێناســـەی خۆیان بکەن و دۆخی خۆیان بـــە زمانی خۆیـــان بەیان بکـــەن. هەروەها ئەم ویژمانە دەتوانێت ناوەندێکی هاوبەش بۆ خەبات و بەرخۆدان لە دژی ســـەرکوتکردن و سوڵتەی ناچاری هێزە سەپێنراوەکان دروست بکات».

بـــەڵام نابێـــت ئـــەوە لەبیربکەیـــن کە کۆتایی هێنان بە کۆلۆنیالیســـم و نەهێشتنی کاریگەرییەکانی، پرۆســـەیەکی زۆر زەحمەتە و پێویســـتی بـــە قـــووڵ بوونەوە لـــە هەموو ڕەهەندەکانی مێژوویـــی، ئەدەبی، زمانەوانی، کۆمەڵناســـی، دەروونناسی و .... هەیە. وەکوو چـــۆن فرانتس فانون دەڵێت: «کۆلۆنیالیســـم بە کۆتاییهاتنی ســـوڵتەی سیاسی و ئابووری، کۆتایی پێ نایـــەت، بەڵکوو تەنیا لە ڕێگەی ڕیشـــەکێش کردنـــی ســـوڵتەی دەروونی و کۆیلایەتیی زەینییەوە کۆتایی پێ دێت».

## بەســـتێنەکانی ســـەرهەڵدانی پـــان ئێرانیسمی فاشیستی فارس

بۆ ناسینی فاشیسمی ئێرانی پێویستە سەرەتا هەلومەرجی نێودوڵەتی، پێکهاتە و ساختاری حوکمڕانیـــی ئەو ناوچەیەی کە ئێســـتا پێی دەوترێـــت ئێران (چونکا وڵاتی ئێران لە ١٣ . ١٠. ١٣١٣ نـــاوی نرا ئێران کە دواتر ئاماژەی پێ دەکەم) بارودۆخی ژێئۆپۆلێتیکی ناوچەکە و گۆڕانکارییـــەکان لـــە وڵاتانی عوســـمانی و ڕووســـیا، ڕەوتی ڕۆشـــنبیری و تایبەتمەندیی کلتووریـــی ئیتنیکـــی فـــارس و.... بە وردی بخرێتە ژێـــر لێکۆڵینەوەوە، بۆ ئەوەی بتوانین وێنەیەکـــی شـــەفاف بخەینە بەر دەســـتی خوێنەرانـــەوە؛ بەڵام بە هـــۆکاری ئەوەی لە وتارێکی کورتدا مەجالی ئەو شـــتە نییە تەنیا ئاماژەیەکی کورت بە هەندێ خاڵ دەکەم، بەو هیوایەی کە لە داهاتودا بتوانم باشـــتر کاری لە ســـەر بکەم. (شایەنی باسە کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بیری فاشیزمی ئێرانی بەربڵاو و چەندرەهەندین).

تا سەدەی ١٩هەم کە ئەوکاتە سەردەمی حوکمڕانیـــی قاجـــارەکان بوو، هیـــچ جۆرە دەنگوباسێکی ناسیۆناڵیستیی ئێرانی لە ئارادا نەبوو، بەڵام یەکەم هەنگاوهاویشتن بۆ بونیاد نانی فاشیسم لە کاتێکدا نرا کە خوێندەواری ئەو سەردەمە لەگەڵ تێکستە ڕۆژئاواییەکان ئاشـــنا بوون (ڕۆژهەڵاتناســـەکان بە تایبەت کەسانێک وەکوو تیشیرا و سێرستێوارت جۆنز و ســـێرجان مۆلکۆم و....) و تەنانەت هەندێ کەســـیش هاتوچۆی وڵاتـــە ئوروپاییەکانیان دەکـــرد و بـــە بینینـــی پێشـــکەوتنی وڵاتە ڕۆژئاواییـــەکان و دۆخی ئاڵۆز و دواکەوتووی خۆیـــان و جیابوونـــەوەی بەشـــێکی زۆری خاکی ناوچەکانی حوکمڕانیی قاجار بە هۆی بەســـتنی چەند پەیماننامەیەکەوە و هەروەها گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی دراوسێ لەوانە ڕوسیا و عوســـمانی ، وردەوردە وەرچەرخانێـــک لە ڕوانگەی هەندێک کەســـدا دروســـت بوو. تا پێش ئەم قۆناغە ڕوانگەی سوننەتیی کۆمەڵگا بەو شـــێوازە بوو کە وڵاتانـــی ڕۆژئاواییان بە نگریس و دژی پیرۆزییەکانیان دەزانی؛ بەڵام

ئەم ئاشـــنایەتییە بوو بە هـــۆکاری ئەوەی کە هەندێک کـــەس، نووکی نێزەکانیـــان بەرەو ئیســـلام بگەڕێننـــەوە و هـــۆکاری تـــەواوی نەهامەتییـــەکان و دواکەوتوویییەکانیـــان بۆ نژادی سامی و ئیسلام و عەرەب و بە گشتی تازییەکان بگەڕێننەوە و زۆر بە توندی هێرش بکەنە سەریان.

فەتـــح عەلـــی ئاخونـــدزادە (ئاخوندۆف ١٨١٢) و میـــرزارەزا کرمانی و تا ڕادەیەکیش جەلالەددین میرزا، یەکەم کەسانێک بوون کە خەونی نۆستالۆژیکی شکۆی وەهمیی ئێرانی مەزنیان بونیاد نا. لە ڕوانگەکانی ئەم کەسانەدا نەتەوەی ئێـــران وەکوو یەکەیەکـــی نژادیی یەکدەســـت، خاوەنی مێژوویەکی زەنجیرەیی و شـــکۆدارن کە دوای هێرشـــی تازییەکان و هێنانی ئیســـلام بۆ ماوەی ١٢ ســـەدە، ئەم شـــکۆ و مەزنییە تووشی نسکۆ و دارمان بووە و پێویســـتە بە لە ناوبردنی هەموو جۆرە هزر و کلتوورێکی عەرەبی، شـــکۆمەندی بۆ ئێران بگەڕێنرێتەوە.

ڕۆشنبیرانی ئێرانی، چەمکی ناسیۆنالیزمیان لە هەناوی ناسیۆنالیزمی فەرەنسا و ئەڵمانیا وەر گرت و وەکوو ڕەوتێک لە ساڵەکانی کۆتاییی حوکمڕانیی قاجارەکاندا لە لایەن ڕۆشنبیرانی ئەڵقـــەی بێرلینەوە وەکوو پرۆژەیەکی گرینگ کـــە حاکمییەتیش پشـــتیوانیی لێوە دەکرد، پەرەی سەند. بەڵام کاریگەریی وڵاتی ئاڵمان و چەمکی ناسیۆنالیزمی ئاڵمانی بە هۆی ئەوەی کە ڕۆشـــنبیرانی ئەو وڵاتە لەو بڕوایەدا بوون کە ڕیشـــەیەکی ئارییایییان هەیـــە و ئێرانیان بـــە ناوەندی ئاریایی دەزانی، زۆر کاریگەرتر و پەیوەندییەکانیـــان تۆندوتۆڵتر بوو بە جۆرێک کە وەکوو ئامۆزا سەیری یەکتریان دەکرد.

ڕۆشـــنبیرانی ئەڵقەی بێرلین ( حەسەن تەقی زادە، محەمەدعەلی جەماڵزادە، حسەین کازم زادە، محەمـــەد قەزوێنـــی، مەحمـــود ئەفشار و....) بە بڵاو کردنەوەی گۆڤاری کاوە و دواتریش ئێرانشەهر، زۆرترین کاریگەرییان لە سەر ناسیۆنالیزمی ئێرانی هەبوو.

لێرەدا ئاماژە دەکەم بە چەند هەڵوێستێکی ئاخونـــدزادە و کرمانـــی کـــە لە ســـەردەمی پرۆتۆناشناڵیزم یان ناسیۆنالیزمی سەرەتاییدا کە بە باوکی ناسیۆنالیزم و باوکی فەلسەفەی مێژووییی ئێران دەناسرێن.

ئاخوندزادە دەڵێت: «عەرەبە ڕەشـــوڕووت و برســـییەکان هەزار و دووســـەد و هەشتاد ســـاڵە تۆیان(ئێران) کاول کردووە». هەروەها دەڵێـــت: «هۆکاری هەمـــوو کەموکورتییەکان عەرەبە. تازیەکانن کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە زەوییەکەی تۆ(مەبەســـتی لـــە تۆ ئێرانە) وێران بێت و خەڵکەکەشـــت نەزان و گەمژە و لە سیویلیزاســـیۆنی دنیـــا بێخەبەر بن و لە نیعمەتی ئـــازادی بێبەش بن و پادشـــاکەت دیسپۆت(دیکتاتۆر) بێت».

کرمانی بـــۆ مەزن کردنـــی نەتەوەیەکی خەیاڵـــی بەنـــاوی نەتـــەوەی ئێـــران و بەرز کردنەوەی شوێن و پێگەی لە ناو نەتەوەکانی دیکەدا، هەوڵ ئەدات لە هەر شـــوێنێک و لە ناو هەر زمانێکی دیکەدا وشـــەیەکی بینی کە لێکچوونی لە گەڵ وشـــەیەکی فارسی هەبوو، بڵێت ئەو وشەیە فارسییە. بۆ نموونە لە زمانی فەڕانســـەدا ٥٠٠٠ وشـــە کـــۆ دەکاتەوە کە ڕیشەیەکی فارســـییان هەیە تەنانەت هەندێ وشـــەی ژاپۆنی و.... کۆ دەکاتەوە بەڵکوو بەو چەشـــنە بتوانێت ئیســـباتی بکا کە دایک و ڕیشەی تەواوی زمانەکانی دنیا فارسییە.

تەنانەت کرمانی پێی وایە کە لە سەردەمە هەرە کۆنەکاندا، تەواوی خەڵکی دنیا بە فارسی دواون و دەڵێـــت: «نەتەوەی ئێران یان باوکی تەواوی نەتەوە خـــاوەن شارســـتانییەتەکانە یان ئـــەوەی ڕۆژگارێک بە ســـەر هەموویاندا حوکمڕانیی کردووە».

یەکێک لـــە تایبەتمەندییەکانی ویژمانی نەتەوەی ســـاختەی ئێران ئەوەیە کە تەواوی کەموکورتییـــەکان و هەمـــوو کێشـــەکانی تەواوی مێژوو دەخاتە ئەســـتۆی عەرەبەکان

و بەرپرســـیارەتیی مێژوویی لە کۆڵی خۆیان دەکاتـــەوە. بۆ نموونە کرمانی دەڵێت: «کاتێک من دەس ئەدەم لە هەر لقوپۆپێکی داری بێ ئەخلاقی و بێ ڕەوشتیی ئێرانییەکان، ریشەکە تۆی چێنراوی تازیەکان(عەرەبەکان)ـە».

هاتنــە ســەر کاری ڕەزا شــا و پرۆســەی تواندنەوەی نەتەوەکان

هەرچەنــد چالاکانــی ناســیۆنالیزمی ئێرانی نزیک نیو ســەدە پێش ڕووخانی قاجارەکان بــە پێشــەنگایەتیی فەتحعەلــی ئاخوندزادە دەستیان بە چاندنی بیرۆکەی نەتەوەی ئێران کردبوو، بــەڵام لە چوارچێوەی سیســتەمی سیاسیدا، هیچ یاسایەک بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ڕوانگەیە پەسند نەکرابوو و هیچ زمانێکی ڕەســمیش کە تــەواوی ئێــران بگرێتەوە لە ئارادا نەبوو؛ تەنانەت تــا کۆتایی قاجارەکان بــە ناوچەکانــی کوردســتان و ئازەربایجان و عەرەبســتان و بەلووچســتان دەگوتــرا «ممالک محروســه» و لە سەردەمی شۆڕشی مەشروتەیشــدا یاسایەک بە ناوی «انجمنهای ایالتی و ولایەتی» بۆ ئەو ناوچانە پەســند کرا (هەرچەند هیچکات جێبەجێ نەکرا). یانی تا ڕووخانی قاجارەکان، ئێران، وڵاتێکی شــێوە کۆنفیدراڵی بوو کە هیچکام لە زمانەکان زمانی ڕەسمیی سەرانســەری ئێران نەبوون و هەموو نەتەوەکان دەســەڵاتی سیاســیی خۆیانیان هەبــوو. بــەڵام دوای ڕووخانــی قاجارەکان و هاتنە ســەر کاری ڕەزاخانــی میرپەنج کە ڕاســتەوخۆ لە لایەن ئێم ئای٦ی بەریتانیاوە بە پێشــنیاری ئەردەشــیر دی ڕیپۆرتێر و بە کودەتایەک لە ساڵی ١٩٢١ هاتە سەر شانۆی دەســەڵات و لە ساڵی ١٩٢٣ بوو بە سەرۆک وەزیــر و لە ئاکامدا لە ســاڵی ١٩٢٥ بوو بە شــای ئێران و لە یەکەم هەنگاودا ناوی خۆی لــە ڕزا خانی میرپەنجەوە گۆڕی بە ڕەزا شــا و ناوی قاجاری گۆڕی بــە پاڵەوی و تەواوی سیستەمی سیاسیی وەکوو ماشینێک خستە خزمەتی بیری فاشیزمی ئێرانییەوە و پرۆسەی تواندنــەوەی نەتــەوە غەیرە فارســەکانی بە پلانێکی مەترسیدار دەست پێ کرد. یەکێک لە کارە هەرە کاریگەرەکانی ڕەزا شــا گۆڕینی نــاوی وڵات بوو کە تا پێش ئــەو مێژووە لە ئەدەبیاتی سیاســیی ناوەندا بە ناوچە فارس نشــینەکان دەگوترا پێرشــیا و بەو ناوچانەی کە نەتەوەکانی دیکەیان تێدا نیشتەجێ بوون دەگوترا «ممالک محروســه». هەڵبەت ئەوەش تەمەنی کەمتر لە یەک ســەدە بوو و لە هەر شــوێنێک دەســەڵاتدارییەک دروست ببوایە بەناوی ئــەو دەســەڵاتدارییەوە وڵاتیش ناو دەنرا بۆ نموونە زەندییــەکان، ئەردەڵانەکان، یــان ســۆرانەکان و... بــەڵام بــۆ جێبەجێ کردنی پــرۆژەی یەک ئاڵا، یەک وڵات، یەک زمــان (monolingualism)، لــە بــەرواری ١٩٣٤/١٢/٢٧ یا ١٣١٣/١٠/٦ ناوی هەموو ئەو ناوچانەی گۆڕی و کردی بە ئێران. دوابەدوای ئەوە, زمانی فارسی لە زمانی نەتەوەی فارسەوە بــوو بە زمانــی نەتەوەییی تــەواوی ئێران و هەروەها ناوی شــار و ناوچەکان گۆڕدران. بۆ نموونــە ئەیالەتی عەرەبســتان بوو بە ئەهواز، مەحمەرە بــوو بە خۆرەمشــەهر، ئەلئەحواز بوو بە ئەهواز، خەفاجیە بوو بە سوســەنگێرد، هۆوەیزە بوو بە دەشــتی ئازادەگان، مەعشوور بوو بە ماهشــەهر و هەروەهــا هەوڵەکان بۆ گۆڕینی ناوی کرماشان بۆ باختەران شکستی هێنا بەڵام ئێستایش لە جێی کرماشان دەڵێن کرمانشاه.

بوونــی چەنــد بزافــی ڕزگاریخوازانە لە سەدەی نۆزدە و بیســتدا هێمای ئەوەیە کە هەمــوو گلانــی بەزۆرەملێ بــە ئێرانی کراو هەســتیان بە مەترســی و توانەوە لە سایەی فاشیزمی فارسدا کردبوو.

بــۆ نموونــە بزاڤــی ڕزگاریخــوازی نەتــەوەی گیلــەک بە ســەرۆکایەتیی میرزا کووچــەک خان (بزاڤێکی کۆمۆنیســتی بوو) و خەباتــی ڕزگاریخوازی نەتەوەی عەرەب بە سەرۆکایەتیی شێخ خەزعەل لە عەرەبستانی

ژێردەســـتی ئێران و خەباتـــی ڕزگاریخوازی ئازەرییـــەکان بـــە ســـەرۆکایەتیی محەمەد خیابانـــی و دواتریش جەعفەر پیشـــەوەری و هەروەها خەباتـــی ڕزگاریخوازیـــی نەتەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی سمکۆ و دواتر پێشەوا قازی محەمـــەد، هێمای ئەوەیە کە ئەم وڵاتە هەر لـــە دێر زەمانەوە وڵاتێکـــی یەکگرتوو و یەکپارچە نەبـــووە و ئەگەریـــش حازر بوون پێکەوە حوکمڕانییەکی هاوبەش پێک بهێنن، لـــە چوارچێوەی سیســـتەمێکی کۆنفێدراڵیدا بووە کـــە هەمـــوو نەتـــەوەکان حوکمڕانیی خۆیانیان کردووە بەڵام فاشـــیزمی ئێرانی بە پێچەوانـــەی واقێعی نەتەوەکانی دیکە بڕیاری دا سیســـتەمێکی ناوەندی بە سەپاندنی زمان و فەرهەنگی فارسی بە زۆرەملێ بسەپێنێت.

ئەســـغەرزادە دەڵێـــت: «ڕەزا خـــان بـــە دامەزراندنی حیزبی تەجەددود، بەکارهێنانی هەمـــوو زمانێکـــی غەیرەفارســـیی لـــە هەر چەشنێکی نووســـین قەدەغە کرد و دەستی دایە ســـەپاندنی ئایدۆلۆژیای نەتەوەپەرستیی بناژۆخوازانەی خۆی و ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستە فارســـەکان لە سەرانســـەری ئێراندا. ڕەزا شا زمانی فارســـیی کرد بە تاکە زمانی یاسایی وڵات و بە سووکایەتیی سیستەماتیک بە زمانی غەیرە فارس و ســـەپاندنی زۆرەملێی فارسی، هەوڵی یەکسانسازیی نەتەوەکانی تری دەدا و لە ئاکامدا بە سەرکوتکردن و سووکایەتی پێ کردن، بەرەبەرە زمان و کلتوور و فەرهەنگ و مێژوویان بەرەو لەناوچوون ڕۆیشت.»

ئەم پاراگرافەی خوارەوە دەرخەری هەناو و کۆتائامانج وئاســـۆی ناسیۆنالیزمی ئێرانییە: «ئەوان ناچار دەبن لە فەرهەنگ و شوناســـی خۆیـــان و لە باب و باپیران و لەو شـــوێنەی کە لێوەی هاتون، شەرم بکەن. بە شێوەیەکی ئاشـــکرا پرۆســـەی ژینوســـایدی فەرهەنگی تـــا کاتێک بەردەوام دەبێـــت کە گرووپەکانی ژێر ســـوڵتە بـــە تەواوەتی لە نـــاو فەرهەنگی زاڵدا بتوێنەوە. بە پێـــی ڕوانگەیەکی گرووپی حاکـــم، لە هەندێک شـــوێنی دوورەدەســـت وەکـــوو ئازەربایجـــان و خووزســـتان و ناوچە سنوورییەکانی تر، هەندێک عەشایر و وەرزێڕ، بە تێکڵاوەیەک لە دیالکتیکێکی فارســـی لە گەڵ تورکـــی وعەرەبی دەئاخفـــن. هەروەها بەلووچەکانیـــش لەهجـــەی خۆیـــان هەیە. بەڵام کەس هەســـت بـــەو جیاوازییە زمانییە ناکات چونکە ئێســـتا لەســـەدا نەوەدوپێنجی دانیشـــتوانی ئێران بە یەک زمان کە ئەویش فارسییە دەدوێن و بە یەک ڕێنووسی فارسی دەنووسن».

مەحمـــوود ئەفشـــار دەڵێـــت: «ئامرازی تەواوکـــەری یەکیەتیی نەتەوەیـــی بۆ ئێران گشـــتاندن و بڵاو کردنەوەی زمانی فارسی و لە ناوبردنی جیاوازییە ناوچەییەکان لە ڕووی جلوبەرگ و زمانەوەیە. کورد و لوڕ و قەشقایی و.... نابێ لە گـــەڵ یەکتر جیاوازییان هەبێت و هـــەر یەکە و جلوبەرگـــی تایبەت و زمانی تایبـــەت بە خۆی هەبێت. هەر بۆیە هەمومان پێکەوە یەکـــدڵ و هاودەنـــگ داوا بکەین و تێبکۆشـــین زمانی فارســـی لە سەرانسەری ئێراندا گشـــتگیر بکرێـــت و وردە وردە جێی زمانە بێگانەکان بگرێتەوە.»

ئەحمـــەدی کەســـرەوی ڕای وا بـــوو: «بـــۆ دروســـتکردنی یەکپارچەیی سیاســـی و ژێئۆپۆلتیکـــی و هەروەهـــا یەکسانســـازیی کۆمەڵایەتـــی، یـــەک زمان و یـــەک ئایینی هاوبەش پێویســـتە». خواســـتی کەســـرەوی لەم وتەیەدا بە جوانـــی دەردەکەوێت: «زمانە جیاجیاکان وەکوو تورکی، عەرەبی، ئەرمەنی، ئاســـووری، و نیوە زمانەکانی وەکوو گیلەکی، کوردی، لوڕی، شووشـــتەری و.... دەبێت لەناو بچـــن و هەموو ئێران یەک زمانیان هەبێ کە ئەویش فارسیە».

عیســـا ســـدیق، یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی دارشـــتنی سیاســـەتی فەرهەنگی دەڵێـــت: «هیچ هۆکارێک وەکـــوو یەکیەتیی زمانی ناتوانێـــت ڕەگەزە جیـــاوازەکان هاوتا

بکات. یەک زمانی دەبێتە هۆکاری دروست بوونی یەک هزری و لە ئاکامیشدا هاوهەستی».

بەرداشت و خوێندنەوەی هەڵە بۆ جیاوازی و پێکناکۆکییە ئیتنیکییەکان و بە مەترسی زانینان بۆ سەر یەکپارچەیی وڵات لە حەقیقەتدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان خۆیشیان باش دەزانن کە نەتەوەیەکی داگیرکەر و کۆلۆنیالیستین و ناتوانن دان بە مافەکانی نەتەوە بەزۆر بە ئێرانی کراوەکاندا بنێن و دەبێت بە سەرکووت کردن و سووکایەتی پێ کردن، سیستەمی فکری و عەقڵی و مێژووە سەرتاپا درۆکەی خۆیان بە زۆرەملێ بسەپێنن، هەر بۆیە سیاسەتی یەکپارچە کردن ویەکسان کردنی زمان و فەرهنگی نەتەوە جیاوازەکانیان گرتووەتە پێش.

### هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و چڕتر کردنی سیاسەتی ئاسیمیلە کردنی نەتەوەی کورد

بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، مەزهەبی شیعەگرایی لە گەڵ نەتەوە پەرەستیی فارس بوون بە دوو کۆڵەکەی دەزگای قڕ کردنی نەتەوە غەیرە فارسەکان. بە ڕای من کۆماری ئیسلامییش خۆی بەرهەمی ئیدئۆلۆژیی فاشیزمی ئێرانیی فارسە بۆ دوو مەبەست: یەکەم، لە ئاستی ناوخۆ ئەو ئەرکەی کە حکوومەتی پاڵەوی لە نەتەوە سازیدا شکستی تێدا هێنابوو لە ئەستۆ بگرێت و بە ڕەنگێکی نوێی مەزهەبییەوە کون و کەلەبەرەکانی پڕ بکاتەوە. دووهەم، لە ئاستی دەرەوەیش خەونی نۆستالۆژیکی ئێرانی وەهمی و خواستی ئەمپریالیستانەی خۆیان بە شیعەگەرایی(صدور انقلاب) بە ئاکام بگەیەنن. هەڵبەت دوای ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی لە ئێران، جیا لە پلانی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ بەرپەرچدانەوەی سۆڤیەت و بە گشتی بارودۆخی نیودەوڵەتی، هەموو لایەنە فارسەکان دوای پاشایەتی بۆ پاراستنی قەوارەی ئێران و بەجێگەیاندنی ئەو دوو ئەرکە کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ دا، لە سەر سیستەمی کۆماری ئیسلامی ڕێک کەوتن. (پشتگیریی مەعنەوی و تیئۆریکی نوخبەی فارس لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە کە بە وێنە گەورەکە(تصویر بزرگتر) ناوی دەهێنن و قاسم سلێمانی بە ئۆستوورە ناو دەبەن، هەمووی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە فاشیزمی ئێرانی خەونی حوکمڕانیی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی وەکوو ستراتێژیی درێژخایەن داڕشتوە و قەبووڵ کردووە.)

لەم نێوەندەدا گەلی کورد چ وەکوو نەتەوەیەک لە چوارچێوەی ئێراندا و چ وەکوو نەتەوەیەک لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێراندا، بەشێکی هەرە سەرەکی لە ستراتێژیی ناوخۆیی و ناوچەیی کۆماری ئیسلامی بە خۆیەوە تەرخان کردووە. وەک بەڕێزان دوکتور محەمەدپوور و دوکتور سلێمانی لە وتارە بەنرخەکەی خۆیاندا بە ناوی «ئەمنیەتی کردنی ژیان لە کوردستاندا» بە جوانی ئاماژەیان پێ داوە، تەواوی سێکتەرەکانی ژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شێوازێکی ئەمنی و بە مەبەستی تواندنەوەی نەتەوەی کورد و یەکڕەنگ کردنی شوناسی لە گەڵ ناوەندا، وەکوو پرۆسەیەکی بەردەوام بە دوو گوتاری زمانی فارسی و شیعەگەرایی کە هەردووکیان شوناسخوازن، بەڕێوە دەبریت. لە سیاسەتی دەرەکیشیدا، کۆماری ئیسلامی ئەو بەشەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە گەلی کوردەوە هەیە لە چوارچێوەی سیاسەتی وەزارەتی دەرەوە دەری هێناوە و خستوویەتە ژێر ڕکێفی سپای قودسەوە. ئەو ناوچانەیش وەکوو کوردستان و ناوچە شیعە نشینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت عێراق و سووریا و لوبنان و فەلەستین و بەحرەین کە خراونەتە ژێر ڕکێفی سپای قودسەوە،

هەموویان  وەکوو هیلالی شیعی و بە بەشێک لە وڵاتی بەرینتری ئێران دەدرێنە قەڵەم، هەر لــە بەر ئەوە هەمان سیاســەتی ناوخۆیی کە لەگەڵ نەتەوە بەزۆرەملێ بە ئێرانی کراوەکانی ناو ئێــران گرتوویەتە بەر، لەو ناوچانەیشــدا هەمان سیاسەتی گرتووەتە بەر.

هەر دوو حکومەتی پاشــایی و ئاخوندی لە بەرانبــەر مافەکانی گەلی کــورددا یەک هەڵوێســت بوون و لە چوارچێوەی تیئۆریی پیلان(توطئە)دا شرۆڤەیان کردووە و هەرجۆرە بزاڤێکی مافخوازانە و ڕەوای نەتەوەی کوردیان بە پلانێکی دەرەکــی لەقەڵەم داوە بۆ ئەوەی مەشروعییەت بدەن بە کوشتن و پاکتاوکردنی نەتەوەکەمان. دوژمنتاشــی و تیئۆریی پیلان، تەنیا سیاسەتی حکوومەت نییە بەڵکو تەواوی ئوپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و ڕۆشنبیرانی ئێرانیــش لــە دەرەوە، لە ئاســتی مافەکانی گەلــی کورددا، هەمــان بۆچوونیان هەیە. لە حەقیقەتدا هەم ئۆپۆزیســیۆن و هەم کۆماری ئیسلامییش لە پێناسە کردنی واتای شوناسی نەتەوەییی ئێران لەســەر ئەساســی زمان و فەرهەنگی فارس، کۆکن.

بۆ باشــتر دەرک کردنــی ڕۆڵی دەزگای داپڵۆســێنەر و هێژموونخــوازی کۆمــاری ئیسلامی، ئاماژەیەکی کورت بە چەند نموونە لــە سیاســەتەکانی کۆمــاری ئیســلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکەم.

پێــش ئــەوەی بچمە ســەر باســەکە، پێویســتە ئاماژە بەوە بکەم کە لە سیستەمە تۆتالیتێرەکانــدا دەســەڵاتی حوکمــڕان، هەموو گرووپ و ڕێکخــراو و حیزبێک تێک دەشــکێنێت و زۆر بە توندی دژی هەر جۆرە ڕێکخستنێک دەوەســتێتەوە بۆ ئەوەی تاک تووشــی سەرگەردانی و بێ پشتوپەنایی و بێ شوناســی ببێتەوە و لە ناو کۆمەڵگادا هەست بە مەترســی بــکات و لە ئاکامدا بــۆ دەرباز بوون لەو دۆخە مەترســیدار و بی شوناسییە پەنا بباتە بەر شوناســی سیســتەمی سیاسی کە هەم پارە و ئابوریی لە دەســتدایە و هەم دەسەڵاتی حوکمڕانی. تۆتالیتێرەکان دروست بوونــی هەرجۆرە شوناســێک لــە دەرەوەی شوناسی دەوڵەت بە ئاڵترناتیڤ و بە مەترسی بۆ ســەر خۆیــان دەزانن هەر لەبــەر ئەوەیە ساڵانە بە سەدان بیانووی جۆراوجۆر چالاکانی مەدەنی و زانســتی و.... دەســتگیر دەکەن و حوکمی زیندانیان بە ســەردا دەسەپێنن. ئەم ڕوونکرنەوەیە تەنیا بۆ ئەوە بوو کە کاتێک باسی پلانــە فەرهەنگی و پەروەردەیــی و تەنانەت ئاوەدانکردنەوەکانی کۆماری ئیسلامیمان کرد، تێبگەین کە مەبەستی تەواوی پلانەکان نەک خزمەتگوزاری و پێشخســتنی کوردســتان، بەڵکو قوفڵ کردنی کوردســتانە بە ناوەندەوە و هەروەهــا بــە زەبروزەنگ و برســی کردن و شــکاندنی کەرامەت و شــەڕی دەروونی و تۆقانــدن و بەکرێگرتنــی بەرژەوەندیخوازان، هەوڵی سەپاندنی شوناسی ئێرانی ــ ئیسلامی بە سەر نەتەوە غەیرە فارسەکان و بە تایبەت بە سەرکورددا دەدات.

## ڕاهیانی نوور

ڕاهیانی نوور هەر ســاڵە و بە سەرف کردنی دەیــان میلیــارد، خوێندکارانــی ناوەندی و دواناوەنــدی لــە سەرانســەری ئێرانــەوە بۆ ناوچــە ســنوورییەکانی ڕۆژئــاوای وڵاتی بە ناو ئێران دەبەن بە مەبەســتی ئاشنا کردنی خوێندکاران لــە گەڵ فەرهەنگــی کۆماری ئیسلامی و شــەڕی ئێران و عێراقدا. ئامانجە شاردراوەکەی ئەم پلانە دەستەمۆ کردن و لە قاڵبدانی خوێندکارانە لە سەردەمی لاویەتیدا بە شوناسی ئێرانی ئیسلامی و تێکلاو کردنی هەســتی خوێندکاران و بگرە دروست بوونی هەستی خۆشەویستی لە ناویاندایە.

## پایەگای مقاومەتی بەسیج

بەســیج بە کردنەوەی پایەگا لە هەموو شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی  کوردســتاندا جیا لە

وەرگرتنی ئەندام لە ناو چینی فەقیر و هەژار و نەخوێنــدەوار و کەم خوێندەواردا، ســاڵانە بــە بەڕێوەبردنی دەیــان کلاس و بەرنامەی فەرهەنگــی، هەوڵی ئیدئۆلۆژی کردنی تاک و کوردستان و ســڕینەوەی زەینییەتی کوردی و شوناســی نەتەوەیــی کــورد دەدات. لەم ڕۆژانەی دواییدا هەواڵی ئەوە بڵاو بووەتەوە کە پێویستە لە سەرانسەری کوردستاندا قەرارگای فەرهەنگی دابمەزرێت کە ئەمەش بەشــێکی تری ئەو ستراتیژیی ئاسیمیلە کردنەیە.

## پارچەپارچــە کردنی نەتەوەی کورد بە چەندین شێواز

یەکەم: هاندانی کۆمەڵێــک لە کوردەکان بۆ ئەوەی خۆیــان وەکوو نەتەوە و زمانی جیاواز پێناســە بکەن، نەک لەبەر ئەوەی ڕێز بۆ ئەو زاراوانەی زمانی کوردی دابنێن و گەشــەیان پێ بدەن؛ تەنیا لە بەر ئەوەی نەتەوەی کورد پارچەپارچە بکات و ئاســانتر تووشی شکست و دارمانی بکات. بــۆ نموونە لوڕی و لەکی و هەورامی وەکوو زمانی جیاواز پێناسە دەکرێت و زمانی کــوردی قەتیس دەکرێتەوە ســەر زاراوەی سۆرانی. ئەمە لە حاڵێکدایە ئەگەر بۆ نموونە هەورامییەکان بە شــێوازێکی زانستی مێژووی فەرهەنگی خۆیان بخوێننەوە، وەکوو چۆن پرۆفیسۆر جەمال نەبەز دەڵێت، ڕیشە و بنچینەی زمانی کوردی هەورامییە و دەبێت وەکوو زاراوەی دایک هەوڵــی بونیادنانەوەی زمانــی کوردی بــدات بۆ ئــەوەی خۆی لە مەترسیی لەناو چوون بپارێزێت و هەموو ئەو پلانانەی کە دوژمن بۆ لاواز کردنی زمانەکەمان دایڕشتون، پووچەڵ بکاتەوە. هەڵبەت لە هەمان کاتیشدا نوخبەی سیاســیی کورد دەبێت لە فکری هێنانە بەر باســی وەها سیستەمێکی سیاسی و پەروەردەییی سەردەمیانەدا بن، کە گونجــاو بێت بۆ ئــەو چەپکەگوڵەی کە پێی دەڵێن کوردســتان و پلانی بۆ گەشەپێدان و پاراســتنی هەموو زاراوەکانــی زمانی کوردی و هەروەهــا ئایینەکانیــش هەبێــت؛ ئــەو هەســتە بە هەموو تاکێکی کورد ببەخشێت کە لە وڵاتی داهاتووی کوردســتاندا، هەموو تایبەتمەندییەکانیان پارێزراوە. ئەگەر نوخبەی سیاســیی کورد بوێرانە و بە دڵفراوانییەوە ئەو بابەتــە بخاتــە بەر بــاس و وێنەیەکی جوان بخاتە بەر دەستی گەلەکەمان، هەم پلانەکانی دوژمن پووچەڵ دەکرێنەوە و هەم یەکریزیی نەتەوەییمــان بەهێزتر دەبێت و هەم لۆژیکی ئەو مرۆڤە هەلپەرســتانەیش کە کەوتوونەتە داوی ئەو پلانەوە لاواز دەبێت.

دووهــەم: ســوود وەرگرتــن لــە هێزە ســەربازییەکانی شارە کەلهوڕ و لوڕ زمانەکان لــە ناوچە هەورامی و ســۆرانی زمانەکاندا بۆ ئەوەی ئەو وێنەیە لە مێشــکی تاکی کورددا بچێنێت کە کرماشان و ئیلام و لوڕستان سەر بە ناوەندن و دوژمنی ئەمانن و هەستی من و تۆ بوون لە نێوانیاندا دروست بکات.

سێهەم: پشتگیری و پەرەپێدانی جۆرێک لە مارکسیزم لە کوردستاندا کە لە چوارچێوەی ســتراتیژیی کۆماری ئیسلامیدا بە ویژمانێکی (بە ناو) مارکسیســتیدا، چالاکی دەکات و بە توندی دژی ناسیۆنالیزمی پێشکەوتنخوازانەی گەلی کوردە و هەر چەشــنە جووڵانەوەیەکی کوردی بە پاشوەگەڕخوازی و فاشیزم پێناسە دەکات. ئەم شێوە چەپە لە بواری تیئۆریکیەوە زۆر لاواز و نەخوێنــدەوارە بەڵام دەم بەرەڵایە و بــە ناشــیاوترین شــێواز ســووکایەتی بە پیرۆزییەکانــی نەتــەوەی کــورد دەکات. لە ستراتیژیی گشــتی یان وەکوو خۆیان دەڵێن وێنــە گەورەکەدا، ئەم جــۆرە چەپە دەچێتە خانەی هاوپەیمانیەتیی کۆماری ئیسلامییەوە و لە هەر حاڵدا بۆ کۆماری ئیسلامی مەترسیساز نابێــت بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێت وزەی گەنجانی نــارازی و زوڵم لێ کراوی کورد کە بەرەو ڕووی داگیرکــەر بووەتەوە بۆ ئاقارێکی تر و ئامانجێکی تر بگۆڕێت و هەروەها هەموو پیرۆزییەکانــی نەتەوەکەمان لەبــەر چاویان

سـووک و بێ بایەخ بـکات، کە ئەمە هەمان شـتە کە دوژمن پێی خۆشـە و خۆیشی بە ملیارها دۆلار پارەی بۆ سەرف دەکات.

## کۆڵبەری

کۆڵبـەری و بەکۆڵبەر کردنی نەتەوەی کورد، بەشێکە لە سـتراتێژیی گەورەتری ئاسیمیلە کردن وتواندنەوەی نەتەوەکەمان. چەند ساڵ پێش ئێسـتا کۆڕێک لە لایـەن ئەنجومەنی پاراسـتنی بەرژەوەندییە باڵاکانـی کۆماری ئیسلامییەوە (مجمع تشخیص مصلحت نظام) بە سەرپەرشتیی هاشمیی ڕەفسنجانی، لە ژێر نـاوی وتووێژێک لە گەڵ ئەقوامـی ئێرانیدا، بەڕێوە چوو کە بەرپرسـە باڵاکان و مامۆستا ناسـراوەکانی زانکۆ تیایدا بەشـدار بوون. لەو کۆڕەدا مەحمود سـەریعولقەڵەم، مامۆستای زانکۆی شـەهید بەهەشـتیی تاران و عەلی شەمخانی دەبیری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیـی کۆمـاری ئیسـلامی جەختیان کردبووەوە کە باشترین چارەسەر بۆ کێشەی ئەقوامـی ئێرانی(نەتەوە بە زۆرەملێ بە ئێرانی کـراوەکان) قوفـڵ کردنیانە بـە ناوەندەوە، ئەوەش مسـۆگەر نابێت بێجگە لەوەی کە لە بـواری ئابوورییەوە ئەوەنـدە لاواز بکرێن کە ناچار بن لە بێهزیستی و کۆمیتەی ئیمدادی خومەینیدا بژیێن. لەو دۆخەدا قوفڵ دەبن بە ناوەندەوە و بیر لە جیـا بوونەوە ناکەنەوە. بە کۆڵبەر کردنی نەتەوەی کورد پلانێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوە بۆ ئەوەی کە:

یەک؛ لە ڕووی سـایکۆلۆژییەوە مرۆڤی کورد بڕوخێنێت و حـازری بکا بۆ ئەوەی لە سەر چارەنووسـی خۆی مامەڵە بکات. وەکوو سۆقرات ئەڵێت: «مرۆڤێک کە بەردەوام کاری جەستەیی بکات، توانای هزری و بیرکردنەوەی لەنـاو دەچێت.». کۆڵبەریش پلانێکی بە تەواو مانا داڕێژراوە بۆ دابەزاندن و شکاندنی ئاستی تاکی کورد لـە ئەشـرەفی مەخلووقاتەوە بۆ ئاژەڵێکی دوو پێی باربەر کە لە تاوی کۆڵبەری و ئیشـی سـەخت و تاقەتپڕووکێن، توانایی هزریـی لاواز دەبێت و وردەوردە لەدەسـتی دەدات و چارەنووسـی خۆی داوەتە دەستی جەللادەکانی نیشـتمانەکەی. (سـەری ڕێز دادەنوێنم بۆ هەمـوو کۆڵبەرە ڕەنجدەرەکان. واقعییەتێکە ئەبێ بوترێت نەک بۆ شـکاندنی شکۆی تاکی کورد کە بە زۆرەملی کۆڵبەریی بەسـەردا سـەپێنراوە، بەڵکو بۆ نیشـاندانی ئاسـتی درندەیی و نامرۆڤایەتیی داگیرکەری وڵاتەکەمانە)

دوو؛ لـە ڕووی ئابوورییشـەوە هەروەک دەزانن کۆڵبەری نەیتوانیوە و قەتیش ناهێڵن بتوانێت ئاسایشی ئابووریی بنەماڵەکان دابین بکات و بەردەوام کۆڵبەر، چینێکی لاواز و چاو لە دەستی بەرپرسە سـپاییەکانە کە ئیزنی کۆڵبەرییان پێ بدات بۆ بژێوی ژیانیان.

پلانێکی زۆر بێئەخلاقانەی تر کە لەم چەند ڕۆژەدا لە لایەن چەند کەسـێکی سـپاییەوە وەکوو پڕوپاگەندە بۆ ئاژانسە گەشتیارییەکان لە فەزای مەجازیدا چاوم پێی کەوت، ئەوە بوو کە یەکێک لە دیمەنە سەرنجڕاکێشـەکان بۆ گەشتوگوزار و ڕابواردن لە ناوچەی هەوراماندا، بینینـی ڕێـگای هاتوچـووی کۆڵبەرانە کە جەماعەتێکی سـپایی بە ناو گەشتوگوزارەوە، بـۆ گیرفانی خۆیـان کۆمەڵێک کـچ و کوڕ بهێننە چیای تەتە و کۆڵبەری چارەڕەشـیش بـە حەفتا کیلۆ کۆڵەوە لە چیا سـەختەکانی هەورامانـدا بە جلێکی تۆزاوی کە گوریسـی کۆڵەکەی لاملی بڕیوە و خوێن لە دەمارەکانی دەموچاویـدا کۆ بووەتەوە، تەماشـایان بکەن و وێنـەی سـێلفیان لـە گەڵدا بگـرن و لە پەیجەکانیاندا بڵاوی بکەنەوە بۆ ئەوەی باشتر سـیمای کورد بوون بهارن بە مل یەکدا و تا ناوی کوردت هێنـا مرۆڤێک بێتە بەر چاوت کـە بارهەڵگرە و جلەکانی کۆنـە و لە تاوی عارەق کردنی زۆر، بۆنیان دێت و گوریسـێک لـە ملیدا تەنگەتاو بووە کـە هەر دوو چاوی دەرپەڕاندوە کە لە گەڵ کچێکی خۆرنەدیوی

بۆنخۆشی فارسدا کە بە سەیارەی مارسدێس بێنز هاتووەتە تەتە، وێنەی گیراوە کە پارەی عەترەکەی هیندەی پارەی مانگێکی کۆڵبەرە چارە ڕەشـــەکەیە. ئەمە پلانێکە بۆ جیلی نوێ بۆ ئەوەی لە زەین و باکگراوەندی مێشـــکیدا ئەوە بچێنێت کە کورد بوون ئەو دیمەنەیە کە لە ســـەرەوە باسمان کرد و بۆ گیرودە نەبوون بـــە دەردی کـــورد بوون (کە لـــەو دیمەنەدا کە ئـــەوان بە پلان دایدەرێـــژن وکاراکتەری کورد بوون بەرجەســـتە دەکـــەن، لە گەرۆڵی خراپترە) و گواســـتنەوەی داهاتووی خۆت بۆ ناو نەتەوەیەکی شارستانی و سەردەمیانەیە کە ئەویش فارس بوونە.

تەنانـــەت ئەو گوشـــارە ئابووریەی ســـەر هەرێمـــی کوردســـتان کە بە پلانی ســـپای پاســـداران و ژووری فکـــری خامەنەیـــی، داڕێژراوە لە چوارچێوەی ئەو سیاســـەتەدایە. بەو سیاســـەتە هـــەم ئابووریـــی هەرێم لاواز دەکات و نوێنەکی(الگوی) حکومەتی کوردی لەبەرچاوی تاکی کورد تێکدەشکێنێت (کە بە پڕوپاگەندەیەکی فراوان خەریکی ئەو پلانەیە)، هەم ئەو مەجالە بچووکـــە ئابوورییەی کە لە باشوور بۆ کوردی ڕۆژهەڵات، دروست بووبوو، لەناوچـــوو و کـــوردی ڕۆژهـــەڵات یان دەبێ کۆڵبـــەری بکات یان هەڵبێ بـــۆ ئورووپا یان تەســـلیمی ڕێکخراوە ئەمنییەکان بێت. ئەمە ئەو پلانە مەترسیدارەیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەچۆکداهێنانی کورد دایڕشتووە.

لە کاری سنووریشـــدا ماوەیەک دەستی خەڵکیـــان ئـــاوەڵا کـــرد و هەنـــدێ کەس دەوڵەمەنـــد بوون کە بەشـــێکیان ســـەر بە ڕێکخـــراوە ئەمنییەکانن. کۆماری ئیسلامی هەندێ دەســـتوپەیوەندی خـــۆی دەوڵەمەند کرد و کردنی بە نموونەی مرۆڤی خۆشبەخت و ســـەرکەوتوو لـــە کۆمەڵـــگادا و ئەگـــەر کەســـێکیش بیهەوێت تامی ژیـــان بچێژێت دەبێت ڕێگاکەی ئەوان هەڵبژێرێت. بازرگانی لـــە ڕێـــگای ســـنوورەوەی کردە تاکـــە هیوا بـــۆ دەوڵەمەنـــد بوون، ئەویش پێویســـتی بە هەبوونی پەیوەندیـــی توند لە گەڵ ڕێکخراوە ئەمنییەکاندا هەیە؛ بەم شێوەیە هەم گەنجان بۆ گەیشـــتن بەو ژیانە خۆشبەختە، دادەبڕێت لـــە خوێندن و هەم ئەوانەیـــش کرانە چینی خۆشبەختی کۆمەڵگا، دەســـتوپەیوەندەکانی حکوومـــەت بـــوون. کۆماری ئیســـلامی بەم سیاسەتە دەیویســـت نوێنەکێک (ئولگویەک) لە مرۆڤی ســـەر بە ڕێژیـــم دەربخات کە لە ڕێگای ســـنوورەوە (نەک لە ڕێگای زانستەوە) خۆشـــبەخت بـــووە و بـــۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیشـــی پەیوەندیـــی دۆســـتانەی لە گەڵ ڕێژیمدا هەیە و ئەو کەســـانەیش کێشـــەیان لـــە گەڵ ڕژیمدا هەیە دەخرێنـــە پەراوێزەوە. دەیویست بەو دوو جەمسەرسازیە شۆڕشێک بە سەر مرۆڤی خۆراگر و نیشتمانپەروەرەکاندا بکات و لاوازیان بکا و لە بەر چاوی خەڵکیان بخات.

## شار سازی

کۆماری ئیســـلامی بە ئەنقەســـت ســـیمای شارەکانی کوردستانی بە جۆرێک تێکداوە کە کاتێک لە شەقامەکانی شارەکاندا دەخولێیتەوە هەســـت دەکەی لە ناو کۆمەڵـــە خەڵکێکی دواکەوتووی ناشارســـتانیدا دەخولێیتەوە. لە زۆربەی هەرە زۆری شـــەقامە سەرەکییەکانی شـــارەکاندا بە هەزاران ســـەیارە (بە تایبەت سەیارەی سایپا) کە زۆ ناشیرینە و ڕێک ئەدا لە زەوقت، خەریکی فرۆشتنی سەوزە و میوەن و هەر یەکەو بە بڵندگۆیەکەوە خەریکی تێکدانی ئارامیی شـــارەکانن وێنەیەکی زۆر نەشیاویان بۆ شارەکان دروست کردووە. (ئیش بۆ خەڵک دروســـت ناکات بۆ ئەوەی دەس بدەنە هەموو جۆرە کارێک لەوانە دەسفرۆشی و....)

هەروەها کاتێک لە شارە کوردنشینەکانەوە ڕاســـتەوخۆ بـــەرەو ناوەند دەڕۆیت هەســـت بـــە جیاوازییەکی بەرچاو ئەکـــەی لە ڕووی بیناسازی و ڕێگاوبانەوە. بە تایبەتی بیناسازی

و دروستکردنی تاوەری بەرز لە هەموو دنیادا هێمای دەسەڵاتداری و ئاستی بەرزی زانستییە بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی هەستی بڕوابەخۆبوون و شارستانییەت و هەستی هاوتایی و هاوسەنگی لە نێوان تاکی کورد وەکوو کۆیلەیەکی دارووخاوی ناشارستانی، لە گەڵ مرۆڤی فارس وەکوو مرۆڤی شارستانیی سەر بە نەتەوەی حوکمڕان و دەسەڵاتدار و شارستانیدا نەکات، ئیزن بە سەرمایەدارەکانی کوردستان نادات کە تاوەری بەرز و بینای سەردەمیانە و هونەری دروست بکەن.

ئەو سیما شکاوەی کە بە شار و گوند و تاکەکانی کوردستانیشەوە دیارە هەموویان بۆ ئەوەن کە لە بەکگراوەندی تاکی کورددا ئەوە بچێنن کە مرۆڤێکی بچووکی بێ ئیرادەیە و توانای بەڕێوەبەریی خۆی نییە و دەبێت لە لایەن کەسانێکەوە کە خاوەنی تایبەتمەندیی سروشتی و خودایین، بەڕێوە ببرێن و بەردەوام هەست بە کەم بوون لە بەرانبەری ئەواندا لە ناخیدا بمێنێت و گەشە بکات تا ڕۆژێک دەستەکانی هەڵببڕێت و داوای تەسلیم بوون بکات.

## دەنگ و ڕەنگ و ڕاگەیاندنەکان

لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا هەرکاتێک وێنەی کوردێک لە دەزگای دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا کراوەتەوە، وێنەی مرۆڤێکی ڕیش و سمێڵی و دواکەوتوو و ساویلکە و خۆشباوەڕ و میوان نەواز کە بە بینینی مرۆڤێکی بێگانە شاگەشکە دەبێت، نمایش کراوە.

لەم دواییانەیشدا کە لە چەند بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا کوردێک هاتووەتە سەر شانۆ و لە پێشبڕکێیەکدا بەشدار بووە، یان گۆرانییەکی وتووە بۆ بەرجەستەکردنەوەی من و ئەویدییە لە زەینی تاکی کورددا. من و ئەویدی لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا بەم چەشنە پراکتیزە دەکرێت کە کورد بەشێکە لە من و هەموو مافە فەرهەنگییەکانی(نەک مافە سیاسییەکان) وەکوو مافی گۆرانی وتن و لە بۆنەکاندا جل لەبەرکردن وهتدی لە چوارچێوەی مندا و بە پێوەرەکانی من پارێزراون و ئەوەیش کە دەبێتە ئەویدی، کۆمەڵێک چەتە و یاغیی چەکبەدەست و بەکرێگیراوی بێگانەن و بۆ سڕینەوەیان هەموو ئامرازێک ڕێگەپێدراوە. لەم دیمەنە مەترسیدارەدا هەم کوردەکانی ڕۆژهەڵات تووشی دووبەرەکی دەکات کە لە ناو خۆیاندا هەندێک بەکرێگیراو بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، هەم هەستێک لای کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دروست دەکات کە لە لایەکەوە کوردی ڕۆژهەڵات هیچ کێشەیەکیان نییە و نەتەوەی فارس نەتەوەیەکی دێموکرات و بەرەحمە کە برایانە لە گەڵیاندا هەڵسوکەوت دەکات، لە لایەکی تریش هەستی ئەوانیش بۆ لای ئێرانییەکان ڕادەکێشێت.

## پەروەردە

وەزارەتی پەروەردە یەکێک لە مەزنترین دەزگاکانی یەکسانسازیی فەرهەنگی و گۆڕینی شوناسی نەتەوەیی و ئایینیی نەتەوەی کوردە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگایەوە دەیهەوێت ئاسیمیلاسیۆنی کورد خێراتر بکات و دواهەمین بزمار لە سەر تابووتی شارستانییەتی کورد بدات.

ئەزموونێکی خۆم دەگێڕمەوە، بەڵام بەداخەوە لە ڕێگای هاتنم بۆ ئورووپا، کۆمەڵێک بەڵگە کە وەکوو فیلم و وێنە لە گەڵم بوون لە کیسم چوون، ئەگینا لێرە وێنەکانم بۆتان دائەبەزاند. لە سەفەرێکمدا بۆ شاری هەمەدان کە چەند ڕۆژ لە قوتابخانەیەکدا مامەوە، سەرنجم بۆ هەموو ڕەهەندەکانی قوتابخانەکە دا و لە گەڵ قوتابخانەکانی کوردستان بەراوەردم کردن چەند شتی زۆر جێی سەرنج و جیاوازتر لەوەی کوردستانم بۆ دەرکەوت!

یەکەم: بەرنامەی حەفتانەی پۆلەکانم

ســەیر کرد و وێنەشــم لێ گرتبوون. هەموو حەفتەیەک ٣ بۆ ٤ جــار ماتماتیک(ڕیازی)، ٣ بۆ ٤ جار زانســت(علووم)، ٢ جار وەرزش، ١ جار فارسی، ١ جار قورئان، ١ جار دیارییە ئاسمانییەکان و.....

بەڵام لە گەڵ شــارۆچکەی کانی دیناری سەر بە شــاری مەریوان هەڵســەنگاند بەم شێوەیە بوو: ٤ بۆ ٥ جار خوێندن و نووسینی فارســی، ٢ جار قورئان، ٢ بۆ ٣ جار دیارییە ئاســمانییەکان، ١ جــار وەرزش، ٢ جــار ماتماتیک، ٢ جار زانست و....

کاتێــک پرۆگرامەکەکانــی هــەردوو قوتابخانەکەم پێکەوە هەڵســەنگاند بە ئاشکرا پلانێکم بۆ دەرکەوت کە لە شــوێنێک وەکوو هەمەدان و شارە فارس نشینەکاندا سیستەمی پەروەردە جەخت لە ســەر بەشــی زانستی دەکاتەوە بەڵام لە کوردســتاندا سیســتەمی پەروەردە، جەخت لە ســەر سەپاندنی زمانی فارسی و شوناســی ئێرانی ـ شیعی دەکاتەوە بۆ ئاسیمیلە کردنی منداڵان.

دووهەم: ناوی پۆلەکان لە قوتابخانەیەکی هەمەداندا بەم شــێوە بوون؛ پۆلی لێکۆڵەران (کلاس کنجکاوان)، پۆلی بیرمەندان (کلاس دانشــمندان)، پۆلــی خولقێنــەران (کلاس مکتشــفان)، پۆلــی هزرمەنــدان (کلاس متفکران) و.....

بەڵام لە کوردســتاندا بەم شێوەیە بوون: کلاس زنبقها، کلاس شقایقهای سرخ، کلاس پیام آوران، کلاس حجاب و عفاف و.....

بە لێکدانەوەی ئەو ناوانە دیارە سیســتەم دەیهەوێــت لــە بەکگراوەنــدی زەینی تاکی کورددا چی بچێنێت و بەرەو چ ئاقارێکی ببات و چ ڕۆڵ و کاراکتەرێکی بۆ دیاری بکات !!!!

ـ مــن خۆم ئــاگاداری بەخشــنامەکان بــووم کــە دەهاتــن و قوتابخانە ناچــار بوو بەڕێوەیــان ببــات. لە ١٠ دانە بەخشــنامە دا نۆیــان پەیوەندییــان بە لــە قاڵبدان و بە ئیدئۆلۆژی کردنی خوێندارانــەوە هەبوو یان بە وتەیەکــی تر ٩ بەخشــنامە بۆ چالاکییە پەروەردەییەکانە(پەروەرشی) نەک فێرکارییە زانســتییەکان. کــە ئەویــش پێکهاتبوون لە حەڵقەی ســاڵحین کە لە لایەن بەســیجی خوێندکارییــەوە بەڕێــوە دەچــوو، جەژنی حیجاب، جەژنی گەیشتن بە تەمەنی باڵغی و ئیجبــار کردنی حیجاب، مەولوودنامە ، ٢٢ی ڕێبەندان و دەهەی فەجر، جەژنی قورئان و....

ســەرەرای ئەو هەمــوو پرۆگرامانەی کە بە بەخشــنامە دێن بۆ قوتابخانەکان، ساڵانە چەندین جۆر کێبرکێی دیکە بەڕێوە دەبرێت. بــۆ نموونە کێبرکێــی قورعــان خوێندنەوە، بانگ وتن، بابەت نووسین بە تایبەت لە سەر شۆڕشی ئیســلامی و خومەینی و شەهیدانی کۆماری ئیسلامی و شەڕی ٨ ساڵە و....

کاتێک بە وردی سەرنجی ئەو پرۆگرامانەی سیســتەمی پــەروەردە بدەیت، بــۆت ڕوون دەبێتەوە کە سیســتەمی پــەروەردەی هێزی داگیرکــەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان، پلانی نەک بۆ پەروەردەیەکی زانستی و وریا کردنەوە و ڕۆشــنگەری نییــە بەڵکو بــە پێچەوانەوە پلانی بۆ ئاســیمیلە کــردن و بە کۆیلە کردن و سەپاندنی شوناســی دڵخوازی خۆی هەیە. وەکوو چۆن لی.دەی.باکێر دەڵێت « دژکردەوە وێژمانییەکان هیچکات بێلایەنانە و ناسیاســی نەبوون.» هیچ پلان و بەرنامەیەکی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاوەدانکردنەوە، ژینگەیــی و .... بێ هۆکار نین و هەموویان لە خزمەتی ئاسایشی نەتەوەیی فارسدان.

## زمان

بــە کورتــی ئەگــەر ئەرکــی حکوومەت لە سیســتەمی لیبراڵیزمــدا چاودێریکردنــە لە قەبارەیەکی بچــووک و هەروەها گرینگیدان بــە ڕۆڵی تاک و بازاری ئــازاد و هەروەها لە سوسیالیزمیشــدا گرینگیــدان بــە کۆمەڵگا و ئیــدارەی کەرەســەی بەرهەمهێنــان و دادپــەروەری بێــت، لە کۆماری ئیســلامیدا

سیستەمی سیاسی، سیستەمێکی دز سالار و مافیایە کە گرینگترین ئەرکی دزەکان «بەهێز کردنی جێگا و دۆخی نەتەوەی باڵادەست و لە هەمان کاتیشدا چەسپاندن و سەقامگیرکردنی پێگەی لاواز و خوارتری نەتەوە بەکەمینەکراوەکانی غەیرە فارسە لە ڕێگای دەزگای سەرکوتکردن و ڕێکخراوی دەنگ و ڕەنگ و سیستەمی پەروەردە و زمان و سانسۆرەوە. دەسەڵات بە هێزی ئابووری، پشتیوانی لە زمانێک دەکات و پەرەی پێ دەدات و زمانەکانی دیکە لە ناو دەبات و لە هێزی سەربازی بۆ سەرکوت کردنیان کەڵک وەر دەگرێت».

میخائیل باختین سەبارەت بە گرینگیی تێکست دەڵێت: «لەو شوێنەی کە تێکست نەبێت هیچ جۆرە بابەتێک بۆ خوێندنەوە و هەروەها هیچ بابەتێکیش بۆ بیرکردنەوە نییە».

زمان تەنیا کۆمەڵێک هێما و ئاماژە و چەمک و ڕێزمان نییە، بەڵکو تێکست و زمان لە واقیعدا خوڵقێنەری مانا و هەروەها ئامرازێکی بنەڕەتییە کە لە چوارچێوەی ئەو ئامرازە بەهێزەدا هەموو قوتابخانە هزری و ئایدۆلۆژییە جیاوازەکان و تەواوی واقعییەتەکانی پەیوەندیدار بە تاک و گرووپ و کۆمەڵگاکان، بەرهەم دێت.

نەتەوەی حوکمڕان لە وڵاتی ئێراندا هەوڵ دەدات هەموو ڕەهەندەکانی نەتەوە بەزۆرەملێ بەئێرانیکراوەکان، بە کۆلۆنی بکات. تەنانەت وێنا کردنەکان و شرۆڤە و شیکاری و جهانبینیەکانیشمان کۆلۆنی دەکات و لە ئەنجامدا لە ڕەوتی خۆناسین و دیاریکردنی جێگە و پێگەی نەتەوەی خۆ و هەروەها خوێندنەوەی زانستییانە بۆ پرۆژەکانی کۆلۆنیالیستەکانمان تووشی هەڵە دەبین. هەر لە بەر ئەوە پێویستە ئێمە نە تەنیا نەتەوەکەمان لە بارودۆخی ماددی و فیزیکیی کۆلۆنیالیسم ڕزگار بکەین، بەڵکو لە هەمووی گرینگتر نەتەوەکەمان لە کۆیلایەتیی زەینی و هزری و وێنایی و واتایی ڕزگار بکەین.

ستراتێژیی ئاسیمیلاسیۆن تەنیا لە ڕێگای سەربازی و توندوتیژییەوە جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو سیاسەتێکی کۆرەهەندە کە داگیرکەر دەیانگرێتەبەر. لەوانە ڕێ گرتن لە زمانی کوردی و ڕێگە نەدان بە خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایک و سڕینەوەی مێژووی نەتەوەیی و هەروەها بێ ناسنامە و بێ ڕیشە کردنی زمان و تاپۆ کردنی میژووی فەرهەنگی نەتەوەکەمان بە ناوی خۆیانەوە، بەشێکی دیکەی ئەو سیاسەتەن کە لە لایەن ڕۆشنبیران و لێکۆڵەرانی نەتەوەی باڵادەستەوە بەڕێوە دەبرێن.

«واتهیۆنگۆ» دەڵێت: «زمان هەڵگری فەرهەنگە و فەرهەنگ بەتایبەت لە ڕێگای ئەدەبیات و نووسینەوە تەواوی ئەو بەهایانە دەگوازێتەوە کە لە ڕێگای ئەوانەوە ئێمە خۆمان و شوێنی خۆمان لە دنیادا دەرک دەکەین. شێوازی دەرک کردنی تاکەکان لە خۆیان گاریگەریی هەیە لەسەر چۆنیەتیی ڕوانین بۆ فەرهەنگەکەیان، بۆ سیاسەت و بەرهەمی کۆمەڵایەتی و سامانەکەیان، بۆ هەموو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سروشت و بوونەوەرەکانی تریشدا. کۆنترۆلی ئابووری و سیاسی، هیچکات بەبێ کۆنترۆڵی زەین کاریگەرییان تەواو نییە. کۆنترۆڵکردنی فەرهەنگی نەتەوەیەک، کۆنترۆڵکردنی ئەو ئامرازانەیە کە خەڵک لە ڕێگای ئەوانەوە خۆیان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەویتردا پێناسە دەکەن. زاڵ بوونی زمانی کۆلۆنیالیستەکان بە سەر زمانی خەڵکی کۆلۆنیکراودا بۆ مسۆگەر بوونی هەژموونی زەینی زۆر کاریگەرە.»

چەند نموونە لە بەڵگەسازی و تاپۆکردنی مێژووی فەرهەنگی فارسەکانتان بۆ دەخەمەڕوو بۆ ئەوەی بە هەستیارییەوە سەیری مێژوو و ڕیشەی زمانی بکەن.

دیاکۆنۆف لە مێژووی ئەشکانییەکاندا دەڵێت: «لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا، زمانی

یۆنانیش وەک وڵاتەکانی تری لای ڕۆژهەڵات، ببووە زمانی هاوبەش. بەڵام بەتەنیا ئەم زمانە نەبوو کە فەرمی بوو بۆ کاروبار و کارگێڕی لەو شوێنانەدا کە ئەشکانییەکان دەسەڵاتدار بوون، زمانی پەرتی(ئەشکانی) کە یەکێ لە لەهجەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران (کوردستان) بوو، زیاتر ڕەواجی بوو. یەکێک لە قەباڵەکانی هەورامان و هەروەها چەند تۆمارێک کە لە دورائوروپوس دەرکەوتووە بەم زمانە نووسراونەتەوە.»

ئێستا سەیری چەند وشەی ئەوێستایی بکەن کە لێکۆڵەرە فارسەکان بە هەڵە وەریانگێڕاوەتەوە بۆ ئەوەی ڕەنگ وبۆیەکی زمانی فارسی پێبدەن.

| ئەوێستایی | تەرجومەی فارسی | کوردی |
| --- | --- | --- |
| وەش | کاه | وەش بە هەورامی، یان باش لە سۆرانی و کرمانجی |
| بەر | بار | بەر لە زۆربەی زاراوەکاندا دەڵێن بەروبووم |
| وەسنەد | سناد | واسنێ یا وازدێ هەورامی. بە سۆرانی بخوازن |
| گاوشینات | گشنت | شوێنێک کە گیا و شینایەتی لێیە.<br>یانێ شوێنی چەرینی گاکان یا چراگە دێت (مرتع) |
| هەر ئەرزند | ارزنده | ڕێزدێرە، دارزین و پرتوکان |
| ئەوین | ایین | ئەوین |
| وەرک | برگ درخت | بەرگ یان جلوبەرگ کە لە هەمو زاراوەکاندا یەک شتە |

بەم شێوازە لێکۆڵەرانی فارس دەستکاریی هەموو مێژووی فەرهەنگی گەلی کوردیان کردووە بۆ ئەوەی زمانی ئەوێستایی وەکوو زمانی فارسیی میانە لە قەڵەم بدەن و بە ناوی خۆیانەوە تاپۆی بکەن و ڕابردووی نەتەوەی کورد بسڕنەوە.

زمان بەهێزترین سەرچاوەی فەرهەنگسازییە و دان پێدانەنان و لەناو بردنی ئەتوانێت سەرەکیترین هۆکار بێت بۆ تواندنەوە و لەناوبردنی فەرهەنگ و هەروەها بێ ناوەرۆک کردنی فەرهەنگ. سەپاندنی یەک زمان لە وڵاتێکی چەند نەتەوەییدا بە مانای لەناوبردنی ئەو نەتەوانە دێت کە زمانیان قەدەغە کراوە.

زمان ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی تواندنەوە و بچووک کردنەوە و بە بێگانە کردن و بە کەمینە کردنی نەتەوە ژێردەستەکاندا هەیە و بە پێچەوانەوە دەتوانێت هەمان ڕۆڵیشی هەبێت بۆ نەتەوە ژێردەستەکان و هێزیان پێ ببەخشێت. ئێدوارد سەعید دەڵێت: «هەرچەند ئەدەبیاتی گرووپی باڵادەست ڕۆڵی گرینگی لە پاراستنی سوڵتەیدا هەیە، بەڵام لە بەرانبەریشدا ئەدەبیاتی پەراوێزخراو دەتوانێت ببێتە هۆکاری لەرزۆک بوون و ڕووخانی ئەو سوڵتەیە. هەروەها ژێردەستە پەراوێزخراوەکان دەتوانن لە وەها هێزێک سوود وەربگرن بۆ ڕێکخستن و شکڵدان بە هەڵوێستەکانیان لە ڕێگای وشە و چەمکەکانی زمانەکەیانەوە و بەم شێوازە چەشنی سوڵتەگەرا بخاتە نێو چاڵێنجەوە و ویژمان و گوتاری سوڵتە لاواز بکات».

## کۆتایی

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سیاسەتی

پاکتاو کردن و سڕینەوەی شوناسی نەتەوە غەیرەفارسەکان چەند هەنگاو پێشتر و ڕەهاتر لە فاشیزمی پاڵەوی هەڵسوکوتی کرد چونکا کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ توندوتیژی بۆ سەپاندنی گوتاری نەتەوە پەرستیدا، توندوتیژی بۆ سەپاندنی شیعەگەراییشی وەکوو ئامرازێک بۆ لەقاڵبدانی شوناسی فارسی ـ شیعی گرتووەتە بەر. دیارترین و فیلاویترین سیاسەتی فاشیزمی فارسی ـ شیعی لە بەرانبەر کوردەکاندا، سیاسەتی (من و ئەویدیە) کە بە هێزی دوو ویژمانی شیعەگەرایی و ئێرانی بوون گەمارۆ دراوە و وەکوو دوو دەزگای دڕندەی بێ ئەخلاق، بەردەوام کاراکتەری کوردی و کوردستانی بوون دادەهاڕن و لە ناو ئەو دوو هێزە ویژمانییەدا دەیتوێننەوە. ئەو بەشەی کە دەکەوێتە ئەو دیوی بازنەی شوناسی منەوە (واتە بازنەی شوناسی ئێرانی ــ شیعی) بە پێوەری ئەو ویژمانە، ئەوە کورد نییە بەڵکو کۆمەڵێک یاغیی چەکدارن کە هەموو شێوازێک هەڵسەکەوت لە بەرانبەریاندا ڕەوایە. ئەو بەشەکەی تر کە کوردێکی فەرهەنگی یان پەیرەوی ناسیۆنالیزمی مەدەنییە، بەشێکی سەرەکییە لە منی ئێرانی ـ شیعی. شایەنی باسە ئەو ڕۆڵە فەرهەنگییە و ناسیۆنالیزمە مەدەنییەش کە باسم کرد، شوناسێکە لە کورد بوون کە داتاشراوی ئەوانە تەنیا بۆ ئاسانکردنی پرۆژەی ئاسیمیلاسیۆنی کورد.

بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو دەزگا داپڵۆسێنەرانەدا پێویستە بە گوتاری نەتەوەییماندا بچینەوە و هەموو حیزب و لایەنە کوردییەکان، وەکوو چەمکێکی، ستراتیژیی ڕووبەڕووبوونەوە، دابڕێژن. دەبێ لە پرۆژەی دووبارە خۆنووسینەوەدا توێژینەوەکان کۆڕەهەند بن و وەکوو کوردستانی چەمکەکان شرۆڤە بکەن چونکە کێشەی ئێمە کێشەی خاکە و دەبێت لەو چوارچێوەیەشدا چالاک بیین.

## سەرچاوەکان


1. https://zeitgeschichte-online.de/themen/das-erbe-des-kolonialismus-oder-warum-es-afrika-keine-nationen-gibt
2. https://m.bpb.de/apuz/146971/kolonialismus-und-postkolonialismus
3. https://m.bpb.de/geschichte/zeitgeschichte/postkolonialismus-und-globalgeschichte/219142/herrschaft-und-verwaltung
4. https://www.jstor.org/stable/24219602?seq=1
5. https://de.m.wikipedia.org/wiki/Kulturelle_Identit%C3%A4t

٦. ئسولیان، فازڵ. ئاسیمیلاسیۆنی کوردان و دەستی زەمانەوانانی ئێرانی لەم کارەساتەدا . ٢٠١٨

٧. نەبەز، جەمال. وشەنامەی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی. ٢٠٠٨.

٨. نەبەز،جەماڵ . فەلسەفە و ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ وکۆمەڵگەی کوردەواریدا . ٢٠٠٨

٩. نەبەز، جەماڵ . خوێندەواری بە زمانی کوردی . چاپی سێهەم ٢٠٠٧

١٠. نەبەز،جەماڵ . کۆبەرهەم ژمارە ٦ . ٢٠٠٦

١١. ئەردەڵان، سارۆ . کوردستان و مێتۆدی دژە کۆلۆنیالیستی چۆن لە زانستی نەتەوەی سەردەست ڕزگارمان بێ؟ . گۆڤاری تیشک ژمارە ٥٤

١٢. ڕضا، ضیا ابراهیمی. پیدایش ناسیونالیسم ایرانی. ترجمە، افشار، حسن.

١٣. اصغرزادە، علیرضا. ایران وچالش تنوع راسیسم اریانیستی و مبارزات دمکراتیک.

١٤. سلیمانی، کمال و محمدپور، احمد. امنیتی کردن زندگی در کردستان.

سلیمانی،کمال و احمدپور،محمد . زندگی و کار بر لبە تیغ، استعمار داخلی اقتصاد سیاسی کولبری در ڕۆژهەڵات.

١٥. رسولی،حسین و دهقانی، رضا و کریمی،علیرضا . سیاستهای زبانی پهلوی اول در کردستان وپیامدهای ان. مطالعات تاریخ و فرهنگ ١٣٩٥

١٦. ملکم، سرجان . ترجمە حیرت، اسماعیل . تاریخ کامل ایران . انتشارات افسون ١٣٨٠.

١٧. آدمیت، فریدون . اندیشەهای میرزا اقاخان کرمانی، انتشارات پیام ١٣٥٧.

١٨. طاهری، تیب . شناسنامە هویتی لک .

١٩. هاشمیانفر،علی و اسماعیلی، رضا و هاشمی، ضیا و جلالی، مینا . واکاوی مفهوم دلبستگی ملی . فصلنامە مطالعات و تحقیقات اجتماعی. پاییز ١٣٩١

٢٠. باجلان،جین ریس . بررسی کتاب مطالعاتی در باب تاریخ کردی: امپراتوری، قومیت و هویت . لندن ٢٠١٥

٢١. محمد پور احمد، وتووێژی دوکتور محەمەدپور لە گەڵ کورد کاناڵ.

٢٢. احمدی، فرامرز و ماخوزی، مهدی و کاووسی، محمود . کارکردهای ملی ـ میهنی با رویکرد حماسی در شعر رعد ازرخشی.

https://fa-unansea-com.cdn.ampproject.org/v/s/fa.unansea.com٢٣

# دیالکتیک امر گذشته و انتقال
# «برساخت سوژه‌بودگی ـ ابژه‌بودگی خود (نفس)»

زۆزان قوچانی

هستی شناسیِ معنای آشتی با گذشته نیازمند شرح و تبیین است. طرح این پرسش بر مبنای عبارتیِ است که اخیراً تا حد زیادی به شعار بدل گشته است «آشتی با گذشته». چیزی که دیگریهای مسلط در فرمهای متفاوت در منطقه چه فارس، ترک، عرب و چه جامعه جهانی به انحاء گوناگون آن را مطرح میسازند و نمونه نخنمای آن در گفتمان اصلاح طلبی و تحت عنوان گفتمان توسعه مناطق کوردنشین در طی سالیان متمادی بر زبان رانده شده است.

## چکیده

در این نوشتار سعی بر آن داریم با وساطت مفهوم انتقال که در ترمینولوژی جامعه‌شناختی بسیار مهم است، به واکاوی این پرسش بپردازیم که اساساً پروسه انتقال، آنهم انتقالِ سنت(به معنای گله گشاد آن) به نسلهایِ آینده در خلق سوژه‌گی/ابژه‌گی را چگونه میتوان پروبلماتیزه کرد؟ به بیانی دیگر دغدغه ما این خواهد بود که با چه مکانیسمی میتوان میراث را منتقل کرد؟ مواجهه با این میراث چگونه خواهد بود؟ آیا خوانش ما از میراث و انتقال آن اتونوم خواهد بود یا دیگریهای مسلط سعی در انتقال میراثی دارند که سوژه‌هایی را برسازند که منقاد آنها گشته و میراثی را درونی سازند که نسبتی با تاریخی که از آن برخاسته‌اند نداشته و به گونه‌ای دیالکتیکی به ضدهمان میراث پیشین نیز بدل گشته و تحت عنوان پروسه زدودن امر گذشته یا خاطره از سوبژکتیویته نسلهای متأخر به فرجامین هدف خود دست یابد. خاطره در جهان مدرن بیش از آنکه به معنای ابژه‌ای باشد که در جهان بیرون به شکلی خنثی منتظر است تا فردی آن را به تملک خود درآورده و در حافظه خود حفظ کند، ملعبه‌ای است در دست نهادها و مورخانی که در خدمت گفتمان مسلط قرار دارند که آنها را مورد بهره‌برداری، سوءاستفاده و استثمار قرار دهند. براین اساس از یکسو واکاویدن و عطف توجه به خاطره، گذشته یا هر آنچه تحت عنوان میراث از آن یاد میشود ضرورت می‌یابد و از سوی دیگر فی نفسه انتقال این میراث به نسلهای آینده در فرایند پرورش خود وجوبی غیرقابل امتناع است(سعید، ۱۹۷۸).

### - آشتی با میراث یا گذشته

هستی شناسیِ معنای آشتی با گذشته نیازمند شرح و تبیینَ است. طرح این پرسش بر مبنای عبارتی است که اخیراً تا حد زیادی به شعار بدل گشته است «آشتی با گذشته». چیزی که دیگریهای مسلط در فرمهای متفاوت در منطقه چه فارس، ترک، عرب و چه جامعه جهانی به انحاء گوناگون آن را مطرح میسازند و نمونه نخنمای آن در گفتمان اصلاح طلبی و تحت عنوان گفتمان توسعه مناطق کوردنشین در طی سالیان متمادی بر زبان رانده شده است. اما این آشتی با گذشته چه منطقی را در درون خود دارد که باید به گونه‌ای جدی بدان مظنون بود و هدف از طرح آن چیست؟ تعریف دیگریِ مسلط از آشتی با گذشته چیست؟ آیا آشتیَ با گذشته استراتژی‌ای برای زدودن رخداد یا امر گذشته از سوبژکتیویته سوژه ابژه‌شده نیست؟ یا به بیانی دیگر واسازی سوژه‌ای که به ابژه تاریخیِ دیگری مسلط بدل گشته است؟ در سطورِ بعد مراد خود را با وضوح میبخشیم تا با وساطت این مفهوم، امکانی را پیش روی سوژه کوردی قرار دهیم تا از دامی که در این مفهوم برایش تنیده شده است رهایی یابد.

آشتی با گذشته به معنای مطالعه جدی گذشته و شکستن طلسم آن از رهگذر عمل شفاف آگاهی و وجدانی آسوده نیست (رویه‌ای که خودآیینی و خودآگاهیِ بیشتر سوژه کوردی را در دل خود داشتَه باشد)، بلکه بیش از هر چیز حاکی از آغازی دوباره و حتی الامکان، زدودن امر گذشته از حافظه است. و این دقیقا دیالکتیکی است که باید بر روی آن ایستاد. آشتی با گذشته به مثابه شناخت و آگاهیِ بیشتر از میراث نیست، بلکه این مفهوم به ضدِ خود بدل گشته است و آن حذف و غیاب هر گونه میراث و امر گذشته از سوبژکتیویته سوژه استثمارشده است چیزی که اصلاح طلبان کورد و روشنفکران کاریکاتوریزه آکادمیسین آن قصدمندانه یا (غیرقصدمندانه البته باَ دیده تردید) از آن دفاع کرده و در پکیجهای انتخاباتی یا

همایشهای ملی از آن تحت عنوان آلترناتیوی برای رهایی یـــاد میکنند. به ادعای احزاب و گروههایی که خود عاملان ستم و بی عدالتی بودند و هســـتند، قربانیان(سوژه کورد) بهتر اســـت همه اتفاقات گذشته را فراموش کرده و ببخشند. مکانیزمی که سالها سیاستمداران و دولتمردان(ایران، ترکیه،عراق، ســـوریه و....) تحت عنـــوان تنها راه توســـعه در جفرافیای کـــوردی از آن یاد میکننـــد. در خانه مجری اعدام نباید از طناب، اشـــاره‌ای به میان آورد که در غیـــر اینصورت به بیزاری و کینه‌توزی منتهی خواهد شـــد. براین اســـاس خود این مفهـــوم فرصتی را فراهم میســـازد برای غرق شـــدن در ساحتی(گذشـــته) که حتی امروز چنان دهشتناک و هراس انگیز است که فرد از به زبان آوردن آن بیم دارد.

ســـوژه در تقلای رها ســـاختن خـــود از بند گذشـــته است؛ به درســـتی چنین است. چرا که نمیتوان در ســـایه گذشته به زندگی ادامه داد، اگر تقاص جرم و خشونت، هربار و هردم جنایت و قســـاوت باشد، این رعب و وحشت هرگز پایان نخواهد یافت. «اما گذشـــته‌ای که در تقلای فرار از آن هســـتیم هنوز با قدرت تمام زنده است». کشتار کوردها هر روز تدوام می‌یابـــد و ما تا به امروز هنـــوز نمیدانیم آیا صرفاً شـــبح همان هیولاهای پیشـــین است که چنان هیـــولاوش بودند که حتی با مرگ خود منهدم نشدند (سقوط رژیم بعث، حزب عدالت و توســـعه در ترکیه، دولت اصلاحات در ایـــران) یا اینکه ایـــن هیولاها اصولاً هرگز نمرده‌اند. من وجود مســـتمر اصلاح طلبان را در چارچوب دموکراسی به مراتب تهدیدآمیزتر و دهشـــتناکتر از حضور لاینقطـــع هر گونه تمایـــلات فاشیســـتی در برابر دموکراســـی میدانم. چراکه اصلاح طلبان به گونه‌ای بسیار مزدورانه ســـعی در دستکاری و ساخت دوباره امر گذشـــته دارند آنهم گذشـــته‌ای که با آن آشـــتی کـــرده و در صلحی خیالـــی با آن به سر میبرند(نمونه سردستی آن را در کارناوال مضحک مشاهیرکورد میتوان دید که با همت روشـــنفکران آکادمیـــک ســـعی در معرفی و بازتعریف مشـــاهیری داشتند که به زعم خود امر گذشـــته را میشد با آنها از حافظه زدود). پدیده راهیابی و رســـوخ آشـــکارگر واقعیتی عینی اســـت؛ اینکه فیگورهای مشـــکوک بر مســـند قدرت بازمیگردند (اصـــلاح طلبان یا نمونه متاخر و شـــاهکار اصلاح طلبان، دولت حســـن روحانی) صرفاً به این علت اســـت که شـــرایط کنونی آنها را یاری میکند. امروزه بر ســـر این واقعیت تردیدی نیست که در رابطه با گذشته، کنشهای روان‌نژندانه بسیار مشاهده میشـــود؛ به خود گرفتن ژســـتهای دفاعی در مواقعـــی که فـــرد به هیچ وجه مـــورد حمله قرار نگرفته اســـت (کوردها ســـر بُر هستند)؛ شکلگیری شور و هیجانات عظیم در شرایطی که توجیه قابل قبول و درستی برای آن وجود نـــدارد (صدور فرمان جهاد به کوردســـتان و سرازیرشدن خیل عظیمی از توده‌های فریب خورده)، بی تفاوتی و بی احساسی در مواجهه بـــا مهمتریـــن و جدیترین مســـائل؛ و غالباً ســـرکوب و واپســـرانی صرف هرآنچه تماماً یا تـــا حدودی بر آن آگاهیـــم. در مطالعاتی که تحت نظارت نهاد تحقیقات اجتماعی صورت گرفته بود، نشـــان داد که افراد خاطره تبعید و کشـــتار جمعی را عمدتاً به شـــکل موجز و سربسته یا با اطناب نیک گویانه بازگو میکنند یا اینکـــه بحثهایی پوچ و بـــی معنا پیرامون این خاطرات شـــکل میگیرد. بخش اعظمی از مـــردم مدعی‌اند که از وقایعـــی که آن زمان رخ داده بـــی اطلاع‌اند، گرچه کوردها همه‌جا مورد هجوم قرار گرفتند و اکنون نیز دســـت از کشـــتار دهشـــتناک آنها در فرماسیونهای دیگر برداشته نشده است، به دشواری میتوان ســـکوت مردمانی را که این وقایع را نظاره‌گر بوده و هســـتند باور کـــرد وقایعی که به‌طور حتم بار ســـنگینی بر دوششان قرار میدهد و

در عین حال از مفهومی ریاکارانه تحت عنوان آشتی با تاریخ سخن به میان می‌آوردند حال که تاریخ در اکنونیت آن نیز چیزی جز دهشت را برای کوردها به ارمغان نیاورده است. نکته‌ای دیگر را که از دل این منطق تاریخی میتوان بیرون کشید، فیگور و ژستی است که خود را در زیر این جمله که «من چیزی در این مورد نمیدانستم» پنهان ساخته است تا بی تفاوتی ناشی از دیرفهمی (البته که سوژه سردست از جنایات خود آگاه است) و در عین حال ارعاب ناشی از برملا شدن این دروغ بزرگ را مشروعیت بخشد. همه ما امروز میل به انکار یا ناچیزانگاریِ وقایعی را که پیش آمد میشناسیم- هر قدرهم که درک بی شرمیِ دیگریِ مسلط از مجادله و مناقشه بر سر تعداد کوردهایی که کشته شده (برای مثال در انفال آمار شهیدان ۲۱۰۰۰۰ کشته نبوده بلکه ۸۰۰۰۰ نفر بوده یا ترومای هلبجه ۸۰۰۰ کشته نداشته بلکه ۵۰۰۰ کشته شده یا در فلان سال تعداد اعدامیان به جای ۴۰۰ نفر ۲۵۰ نفر بوده و قس علی هذا) دشوار باشد. اما آنچه بیش از هر چیز غیرعقلانی است باب شدن«تسویه حساب» و مصالحه فراگیر و همه جانبه با گناه و جنایات گذشته است که در کوردستان در هر چهار قسمت آن اتفاق افتاده است. در این محاسبه کردنها یا شتابها و تعجیلها برای خلاصی یافتن از تأمل در خویش از رهگذر رد و پاسخ به اتهامات وارد شده، امری غیرانسانی نهفته است. دقیقا فاجعه‌بارتر این است که حتی بیگناهیِ این قربانیان (نسلکشی کوردها، بمباران هَلبجه، نسلکشی کوردهای روژآوا و باکور، کشتار اوایل انقلاب، مرگ کولبران، اعدام کوردهای اهل سنت و ......)که واقعیتی یکسره ساده و معقول است، مورد تردید و مناقشه واقع میشود. فضاحت و شناعت تجاوزی که رخ داده انگیزه‌ای شد برای شکلگیری جریان مقصرتراشی و و نقدی خود-توجیه‌گر: ذهن راحت طلب دیگریِ مسلط، خود را با این توجیه تسلی میدهد که اگر قربانیان خود به نوعی فتنه‌انگیزی نمیکردند چنین رخدادهایی پیشامد نمیکرد (در اینجا به وضوح میتوان منطق آشتی با تاریخ گفتمان مسلط و اصلاح طلبان خودباخته کورد را دید که اسب بیشرمی را تا نهاییترین حد آن تازانیده‌اند) همه ما این جملات را هر دم شنیده و مرور میکنیم که خود کوردها هم مقصر بودند، اگر با مرکز تعامل داشتند این بلاها دامان ما را نمیگرفت، اگر چنین و چنان میکردیم کوردستان پیشرفت میکرد و از این دست خزعبلاتی که دستکم عمر آن به درازای تاریخ مدرن ایران در کوردستان است و اصلاح طلبان بیش از ۳۰ سال است که با این دست وعده‌ها، پروژه رهایی سوژه کورد را به تعویق انداخته‌اند. بدین ترتیب، این واژه گنگ «به نوعی»، در سطح وسیع امکان رشد و ظهور مییابد. توهم حتی از این خلط آشکار گناه خیالیِ قربانیان (کوردها خودِ مقصر بودند) با مجَازاتی که از قضا کاملا عینی و واقعی هم بود، فراتر میرود و آنهم بیشرمانه‌ترین استدلال، آنگاه که فاتحان همچون بانیان اقداماتی جلوه داده میشوند که مغلوبان آن هنگام که در مسند قدرت و سیادت باشند انجام خواهند داد (این استدلال مضحک که اگر قدرت در دست کوردها هم بود، آنان نیز این کار را با ما میکردند و این است نتایج دهشتناک این توهم که تا اکنونیت آن

> **سوژه در تقلای رها ساختن خود از بند گذشته است؛ به درستی چنین است. چرا که نمیتوان در سایه گذشته به زندگی ادامه داد، اگر تقاص جرم و خشونت، هربار و هردم جنایت و قساوت باشد**

پیش رفته است). بنابراین گذشته واقعی و هراسناک با بدل شدن به توهمات خیالین کسانی که آن را تجربه کرده‌اند، بی خطر و خنثی میگردد. از این عبارت«همه چیز چنان روبراه است گویی (این رخداد) هرگز اتفاق نیافتاده است» گوته در فاوست، که از زبان شیطان در لحظه‌ای مهم و سرنوشت ساز برای عیان ساختن مکنونترین اندیشه او نقل میشود، میتوان معنایی بسیار مهم استنتاج کرد: «انهدام خاطره». قربانیان حتی از تنها و حداقل چیزی که ضعف و سترونیِ ما میتواند به آنها ارزانی دارد محروم میشوندَ یعنی «یادآوری». و این دقیقا دیالکتیکی است که منطق درونیِ آشتی با تاریخ را میسازد. اینَ فقدان یادآوری یا انهدام خاطره فی نفسه میانجی‌ای است برای ساخت رفتار وسواسگونه آنانی که نمیخواهند چیزی بدانند یا بشنوند که خود با یک جهتگیریِ نیرومند تاریخی همسو میگردد. انهدام میراث یا خاطره بدل به ضعف در انسجام آگاهی تاریخی میگردد. چیزی که پروژه آشتی با گذشته دیگری مسلط در زیر نقاب آن خود را پنهان ساخته است. ضعف انسجام آگاهی تاریخی یعنی ساخت و پرورش نسلی جوان که دیگر هیچ نسبتی با میراث، گذشته و خاطره جمعی‌ای که از هستیِ اجتماعیِ سوژه کوردی سربرمی‌آورد ندارد.َ نسلی کهَ دیگر تاریخ رهایی بخش سوژه کورد را از یاد برده و دیگر نامی از رهبران این تاریخ آزادی بخش ملت کورد را در خاطرش یدک نمیکشد و اگر هم چیزی را در سوبژکتیویته خود بپروراند به ضد این میراث بدل گشته که متأثر از گفتمان اصلاح طلبی و توسعه‌یافتگی است (این که آن رهبران مسبب عقب افتادگیِ کوردها شدند، جنگیدند و باعث شدند آینده ما ویران شود. اگر این جنگها نمیبود ماهم به مثال سایر شهرها و استانهای ایران پیشرفت کرده بودیم و ....). این آن لحظه‌ای است که من متأثر از فیلسوف فرانسوی رژی دبره آن را دیالکتیک انتقال مینامم که بدان برخواهم گشت. سویه دیگری را که از منطق ریاکارانه آشتی با تاریخ میتوان بیرون کشید آن هنگام است که دیگریِ مسلط ژستی دفاعی به خود میگیرد، آزادانه و با روحیه‌ای واقعبینانه و منطقی، ادعا میکند که یادآوریِ روشن و مانای گذشته، اعتبار ایران را در برون مرزهای کشور خدشه‌دار میکند پس مصلحت در این است که آن را به دست فراموشی سپرد و سخنی از آن به میان نیاورد. «زدودن خاطره بیش از آنکه نتیجه ناتوانی آگاهی در برابر برتری جریانهای ناخودآگاه باشد، ثمره یک خودآگاه پرهشیار است». در فراموشی آنچه به دشواری گذشته نامیده میشود، میتوان خشم فردی را احساس کرد که خود را از دانستن آنچه سایرین میدانند باز میدارد پیش از آنکه بتواند دیگران را از یادآوری منصرف کند. ممکن است تصور کنیم که از منطق آشتی با تاریخ که خود را ملبس به لباس دموکراسیِ کاریکاتوریزه‌شده اصلاح طلبان کرده، توده‌های سیاسی و انتقادی گردیده و میتوان راه دموکراسی پارلمانی را به عنوان مسیری جهت توسعه مناطق کوردی پیش کشید اما از درون این منطق برای نخستین بار نسلی بیرون خواهد آمد که چیزی شبیه به یک طبقه یک دست است یعنی سوژه‌های واسازی شده‌ای که فارستر از هر فارسی در خدمت دیگریِ مسلط خواهند بود و میراث خود را به ثمن

> **اصلاح طلبان به گونه‌ای بسیار مزدورانه سعی در دستکاری و ساخت دوباره امر گذشته دارند آنهم گذشته‌ای که با آن آشتی کرده و در صلحی خیالی با آن به سر میبرند**

بخس خواهند فروخت و دستکم در صدد نفی هرگونه نسـبتی با آن برخواهند آمد. بنابراین تـا زمانی که انگیزه وقایـع رخ داده هنوز در کوردستان دستاندرکارند، نباید به سازش و آشتی با گذشـته تن داد. تنها به علت تداوم وجود همین انگیزانندهها و عوامل اسـت که طلسم گذشته تا به امروز شکسته نشده است.

## - انتقال سنت تاریخی، میانجیِ پرورش سوژههای نسلی

رژی دبره، نخستین بار اصطلاح واسطهشناسی را در سـال ۱۹۷۹ در کتـاب قدرت فکر در فرانسه (بخش معلمها، نویسندگان و مشاهیر) برای تحلیل شـیوههای انتقال فرهنگ به کار بـرد. این اصطـلاح، تا زمان انتشـار ترجمه انگلیسـیِ کتـاب انتقال فرهنگ در سـال ۲۰۰۴ کمَتر شـناخته شـده بـود و پس از آن بود که بیشـتر و گسـتردهتر مورد توجه قرار گرفـت. اصطلاح از دو عبارت تشـکیل میشـود. در اینجا، مدیا به معنی واسـطه یا میانجـی به کار رفته اسـت که منظور از آن ماده یا واسطهایسـت که نیرو یا تأثیر براشیاء و حـواس از طریـق آن انتقـال مییابد. او با جعل واژه «مدیو» کار خود را از رسانهشناسی متمایز میکند. مراد دبره جامعهشناسی وسایل ارتباط جمعی نیسـت، بلکه برآنست تا تأثیر واسطهها را در فرایند انتقال شرح دهد. آنچه در واسطهشناسی اهمیت دارد، در واقع، تأثیر واسـطههای انتقال بر محتوای انتقال اسـت. انتقال دسـت به دست کردن سنتها و دانشها به نسـلهای آینده اسـت. در واسطهشناسی مهم این اسـت که معلوم شـود ساختارهای اجتماعی و ابزارهای تکنیکـیِ انتقال چگونه بر یکدیگـر تأثیر میگذارند. از نظر او فرهنگ از سـه جزء تشـکیل شده اسـت: شکلهای نمادین، سـازمانهای جمعی و سیسـتمهای تکنیکیِ ارتباط (ام اس ویکی، ۲۰۰۴) سـؤالات اصلی واسطهشناسـی این اسـت که انسانها تحت چه شـرایطی عقاید و ارزشهای خود را از مکانی به مکان دیگر و از نسـلی به نسـل دیگر منتقل میکنند؟ چه شـرایط و عواملی سـبب میشـود که از میان عقایـد گوناگون سـرانجام نوع خاصی باقی بماند؟ انتقال سه وجه مادی، سیاسـی و زمانی دارد. منظور از وجه مادی این اسـت که در انتقال، علاوه بر معانی ذهنی، عواملی از قبیل اعمال، رفتار و ابزارهـا هم مؤثرند. وجه سیاسـی بیانگر این بعد اسـت که انتقال، برخلاف ارتباط، رابطه «یک به یک»میان فرستنده و گیرنده نیست، بلکه رابطه میان «یک با همه» اسـت. از نظر وی مبادله پیـام در میان حیوانات نیز وجود دارد، به ایـن معنا که با هم ارتباط دارند اما حیوانات قادر به انتقال پیام نیستند. زیرا پیام در میان حیوانات به ارث گذاشـته نمیشـود. توانایی انتقال پیام محصول فرهنگ اسـت و فرهنگ منحصر به جوامع انسانی و تسهیلگر انتقال میان نسلهای انسانی است (دبره، ۲۰۰۰: ۵). وجه زمانی نیز حامل این نکته اسـت که چگونه یک سنت یا میراث در یک دوره زمانی طولانـی هنوز به بقای خـود ادامه میدهد و ناپدید نگشـته اسـت. بنابراین انتقال مفهوم اساسـیای است که باید بدان توجه کرد چرا که مهمترین مکانیسـم یا استراتژیای است که از آن میتوان بر ضد منطق آشتی با تاریخ یا انهدام خاطره استفاده کرد و دیگریِ مسلط را در ساخت سوژههای یکدست فاقدِ سنت و میراث ناکام گذاشت. لحظه مهمی که باید بر آن توقف نمود این اسـت که انتقال فی نفسه اتفاق نخواهد افتاد، زمانی میشـود از مفهوم انتقال سـخن به میان آورد که به ابداع یک سـنت تاریخی یا میراث دسـت زد تا آنرا به نسـلهای آینده انتقال داد. در غیاب سنت یا میراث طرح مفهوم انتقال فرمی ایدهآلیسـتی به خود خواهد گرفت.

عصر ما عصر جسـتجوی ریشههاست، برههای که افراد در تکاپوی کشف گذشتهای در خاطره

جمعـــی نژادی، دینی، اجتماعـــی و خانوادگی خود هســـتند که تمامـــاً از آن خودشان باشد، گذشـــته‌ای که از یورش تاریخ و لغزش روزگار در امان مانده باشـــد. مسئله دیگر نقش «ابداع » اســـت که بـــه بحث خاطـــره همچون امری اجتماعی، سیاســـی و تاریخی افزوده میشـــود. ابـــداع در این باب ســـخن میگوید که چگونه دیگریهای مسلط، خاطره‌ای ابداعی و به عبارتی، تقلبی از گذشته را همچون معنای جدیدی از هویت خلـــق کردند و فرودســـتان را بیش از هر زمان دیگری به اســـتثمار کشـــیدند. ابداع ســـنت عملی بود که مراجـــع قدرت به عنوان ابزار سلطه در جوامع توده‌ای به کار میگرفتند، یعنـــی آن هنگام که انســـجام واحدهای خرد اجتماعـــی همچون روســـتا و خانواده در حال فروپاشـــی بودند و قدرتها به شیوه‌های دیگری برای وحدت بخشیدن به گروههای وسیع مردم و پیونـــد آنها به یکدیگـــر نیازمند بودند. ابداع سنت روشی است به منظور استفاده گزینشی از خاطره جمعی به واسطه دستکاری تکه‌هایی از گذشته ملی، سرکوب کردن برخی از بخشها و برجسته‌ساختن برخی دیگر به شیوه‌ای کاملا کارکردی. در نتیجه خاطره الزاماً معتبر نیست بلکـــه بالعکس مفید اســـت. هدف من در ذکر تمـــام این موارد، تأکید براین نکته اســـت که هنرخاطـــره در جهان مـــدرن بیش از آنکه به معنای ابژه ای باشـــد کـــه در جهان بیرون به شکلی خنثی منتظر اســـت تا فردی آن را به تملک خـــود درآورده و در حافظه خود حفظ کند، ملعبه‌ای است در دست نهادها و مورخانی که در خدمت گفتمان مســـلط قرار دارند که آنها را مورد بهره‌برداری، سوءاستفاده و استثمار قرار دهند. براین اســـاس از یکســـو واکاویدن وعطـــف توجه به خاطره، گذشـــته یا هر آنچه تحت عنوان میراث از آن یاد میشـــود ضرورت می‌یابد و از ســـوی دیگر فی نفسه انتقال این میراث به نســـلهای آینـــده در فرایند پرورش خود وجوبی غیرقابل امتناع است(ســـعید،۱۹۷۸: ۹۲). ما امروز شـــاهد پیـــروزیِ تدریجی نوعی از دیالکتیـــک اجتماعی هســـتیم که فضیلتها و ملزومات دیگریِ مســـلط را بـــزرگ میدارد، دیگری مســـلطی که خود را بر مبنای مفهوم ملت بنا کرده اســـت. در این ساحت، دیگری، گذشـــته را به شیوه خاص خود به یاد میآورد، تصاویری در ذهنش تداعی میشـــود که برای او مبین گذشـــته است، برخی بخشها را حفظ کرده و برخی دیگـــر را فراموش میکند. هرجا که یادآوری وجود داشـــته باشـــد، به‌طور حتم ابداع نیز وجود خواهد داشت. «شاید بزرگترین جنگ همانگونه که ادوارد سعید میگوید برای کوردهـــا در مقام یک ملت، پیکار برای احقاق حق به یادآوردن حضور خود در تاریخ باشد» و در کنار این حضور، حق مالکیت و مطالبه یک واقعیت تاریخی جمعی، دســـتکم از زمانی که سرزمین آنها اماج تجاوز دیگریها (ترک، فارس و عـــرب....) قـــرار گرفته اســـت. قدرتهایی که ابتدا زمینها را تصاحب و اشـــغال میکنند و در مرحله بعد، تاریخ را بازنویســـی کرده و منطق آشتی با گذشـــته را مطرح میسازند تا خود را صاحبان اصلیِ ســـرزمین معرفی کنند. تاریخ کوردها تاکنونَ سرنوشـــت تلخی داشته است؛ چراکه نه تنها استقلالشـــان حاصل نشد، «بلکه درک جمعی کافی‌ای از اهمیت ســـاخت یک تاریخ جمعی به منزله بخشـــی از کوشـــش در راه کسب استقلال هم وجود نداشت». کوردها برای اینکه به یک ملت به معنای قانونیِ کلمه بدل گردند، میبایست خود را به چیزی فَراتر از مجموعه‌ای از قبایل یا نهادهای سیاسی تغییر دهند. با وجود دیگریهای سهمگینی که هردم تلاش در بازنویســـی تاریخ دارند دســـتیابی به رهایـــی از این طریق امکانپذیر نخواهد بود. ما هیچگاه نتوانســـتیم قدرت تاریخ روایی در به جنبش درآوردن مـــردم حول هدفی خاص را درک کنیم. ناتوانی جمعی ما در ایجاد داستان روایـــی قانع کننـــده که دارای آغاز، وســـط و پایانی باشد به گونه‌ای دیالکتیکی سبب تقویت

روایت دیگریهای مسلط گردیده است. سیاست خاطره جمعی و ابداع سنت تاریخی مهمترین مکانیســم در مواجهه با دیگریهایی اســت که سعی در آسیمیلاســیون نسلهای جدید کورد دارنــد. همانطور که پیشــتر نیز بدان اشــاره شــد، خاطره جمعی نه امری خنثی و منفعل، بلکه میدان عملی اســت که وقایع گذشته در آن گزینش، بازســازی، دگرگــون و با معنایی سیاسی عرضه میشوند. ایران یا ترکیه ابداعی، تاریخ کوردستان را وادار به سکوت کرده و هر روایت متفاوتی از گذشــته را خاموش میسازد آنهم به مدد فقدان ســنت تاریخیِ منسجم یا ابداع یــک خاطره جمعی واحــد. برای مثال شــعار کوردستان به مثابه ســرزمین خالی از ســکنه برای مردمانی بی خانمان یا عشایری کوچنشین از سوی دیگریهایِ مسلط در درون خود، از یکسو ایده انکار وجود تاریخی کوردها به عنــوان یک اجتمــاع را بازنمایی میکند و از ســوی دیگر ایــن معنا را القــا میکند که کوردها پیشــینه تاریخی ندارنــد. بنابراین در غیاب چنین سنت تاریخی‌ای و فقدان سیاست خاطره جمعی به مثابه استراتژی نسلهای آتی با پروژه‌هایی نظیر آشــتی با تاریخ از ســوی دیگریها بازپرورده خواهند شد، گویی که هیچ گاه نسبتی با سنتی کوردی که از آن برخاسته و در آن زاده شده‌اند نداشته و تا بدانجا پیش خواهنــد رفت که آن را نفی کنند و از بودنش امتناع ورزند. در اینجاست که طرح ابداع سنت و انتقال آن به عنوان سنتزی در برابر تز آشتی با گذشته خود را نمایان میسازد.

طرح ابداع ســنت و انتقال به مثابه پروسه‌ای در اثنای تاریخ می‌تواند در قامت دانشــگاهی بــا پروتوکول وطنی ایفای نقش بکند، که نه سیســتم سرکوب توانایی رویارویی و مقابله با آن را داشــته باشد و نه نبود نهادی همچون دولت برای ملت فرو دســت سدّی بر سر راه پرورش نسل‌های آتی باشد.

به عبارتی دیگر تنها انتقال اســت که می‌تواند تاریخ یک ملت تحت ستم را از به سرقت بردن و تحریف در جهت به زانو درآوردن خود توسط فرادســت نجات دهد، انتقال آن وظیفه‌ایست کــه موظف اســت ظرفیت‌هــا و توانایی‌های تاریخی سرکوب شــده‌ی یک ملت را فعال و فریادهــای خفته و میــراث و معانی در کنای تاریخ آنرا بازآفرینی کند و جان تازه‌ای بدان ببخشد. ویژگی بارز و منحصربه‌فرد این پروسه رهاسازی ســوژهٔ سردرگم فرودست از چنگال دیسکورس فرادست و خلق سوژهٔ اتونوم است. انتقال می‌تواند سنت‌ســاز باشــد و بیافریند؛ سنت شفاهی قوی و همه‌گیر بیافریند، سنت شفاهی خود سنت نوشــتاریِ مملوء از بدعت و ذوق ادبــی و هنری خلق کَند، بدون شــک تاریخ بر شانه‌های سنن شفاهی و نوشتاری بنا می‌گردد، صنعت چاپ و تکثیر، رســانه، هنر و... این تاریخ را مســتند و ضامن بقا، تداوم و پویایی یک جامعه می‌گردد. چه بسا اگر انتقال آنطور که بایــد، صورت می‌گرفت ما اینچنین گرفتار دَوَران تاریخی نمی‌شدیم و شاهد تداوم و تکرار فجایع ویرانگر تاریخمان نمی‌گشــتیم. بدین معنا انتقال آن آکادمی پنهان در سینه‌ی نسلهای تحت ستمی‌ســت که قصد پرورش نسلی با حافظهٔ تاریخی قوی برای آیندهٔ وطن دارد و همزمــان کاربردیترین و پراکتیکالترین امری هســت که می‌تواند خلأ وقفه‌ها و انتقاع تاریخی راه آزادی یک ملت را پر کند.

## منابع


- Adorno, Theodor W. 1963: Was bedeutet: Aufarbeitung der Vergangenheit. In:Eingriffe. NeunkritischeModelle. FrankfurtlM, S.125-146
- Said, Edward. 1978, “orientalism”. London: Vintage.
- RégisDebray, 2000, “Transmitting Culture” (European Perspectives: A Series in Social Thought and Cultural Criticism) Revised Edition. Columbia University Press.
- Gagon, J, 2004,”Introduction in Mediology.

# برنامه موازی پنهان آموزشی؛
## استراتژی آموزشی کارآمد دوران استعماری

هیوا روژهه‌لات

”

در سیستمهای فاشیستی، نهاد آموزش و پرورش به صورت یک نهاد زیربنایی جهت بسط و توسعه هژمونی یک گروه یا قومیت خاص عمل میکند. نظام آموزشی ایران علیرغم بستری چندفرهنگی، به شکل تک‌ساحتی و منولوگ طراحی شده است. اهداف و آرمانها مذهبی- هویتی یک قوم خاص،به عنوان اهداف و آرمانهای همه گروههای اجتماعی- فرهنگی تلقی شده و بر همین اساس، سیستم آموزشی در قالب مدل فارسیسم- شیعیسم طراحی و عملیاتی شده است.

“

## مقدمه

سیستم آموزشی در هر کشور بر اساس اهداف و آرمانهای آن جامعه تعیین شده و برای دستیابی به آن اهداف، محتوا و منابع درسی تدوین میشود. اهداف یک سیستم از درون آرا فلاسفه، اندیشمندان، جامعه‌شناسان و علمای تربیتی استخراج و توسط استرتژیستهای آموزشی عملیاتی شده و به وسیله معلمان اجرا میشود. نوع نگرش هر جامعه‌ای به انسان، جامعه و دیگری بر برنامه آموزشی و جامعه‌پذیری فرزندان تأثیرگذار است.

> ئەگەرچی ناگوتن بە فەرمانی ڕێفراندۆم هەزینە و تێچوویەکی گرانی بە دوای خۆیدا هێناوە و گەلی کورد باجێکی زۆری بۆ داوە، بەڵام ئەو هەڵوێستە وەک ڕاپەڕینێکی ئارامی مەدەنی جێگای شانازییە و لە مێژوودا زیندوو و پایەدار دەمێنێتەوە

ئەگەرچی ناگوتن بە فەرمانی ڕێفراندۆم هەزینە و تێچوویەکی گرانی بە دوای خۆیدا

هێناوە و گەلی کورد باجێکی زۆری بۆ داوە، بەڵام ئەو هەڵوێستە وەک ڕاپەڕینێکی ئارامی مەدەنی جێگای شانازییە و لە مێژوودا زیندوو و پایەدار دەمێنێتەوە.

بەکورتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مۆدێلێکی تازەی خۆڕاهێنانی بنیات نا کە بوو بە داینەمۆی زنجیرەیەک لە خۆڕاهێنانەکانی دوایی و قورسایی تێکڕای تەکانەکانی هەنووکەیش، جاچ لەبەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەی شڵقە لە شڵقەی کۆرۆنایەوە بگرە، تا خۆڕاهێنان لە بەرانبەرداو و تەلیسمەکانی حکوومەتی ئیسلامی و ڕووبەڕووبوونەوەی تێکڕای تەشقەڵە وگێچەڵەکانی دیکە، خەستوخۆڵ لەسەر ڕێسمە و ئاشنای لێکدانەوە و شیکردنەوە و تەحلیلە عاقڵانییەکان دەگەڕێت. بەپێچەوانەوە، جمهوری ئیسلامی بەشێوەی جۆراوجۆر و لە کەلێن و بەلێنی جۆراوجۆرەوە، بەگژ عەقڵانییەتی سەلیمدا دێتەوە. دوژمنانی سوێند خواردووی ئازادی و کەرامەتی ئینسانی بە مەبەستی ڕام کردن و دەستەمۆ کردن و سەرەنجام بەچۆکداهێنانی گەلی ڕاپەڕیوی کورد لە قالب و قەوارە و جلوبەرگی جۆربەجۆردا دەردەکەون.

هەندێک جاران لە قاپۆڕی مورەبی و ڕاهێنەر و مامۆستا و جار جارەش بە وینە و فۆرمی ژنراڵەکانەوە، لە نێو تروسکە و بروسکەی ماشەڵڵاکانیاندا، زۆرجارانیش لە شکڵی قەیومدا وەک ئەوەی حوکمی قەیومییەتیان بە پۆلێک تەتەرە فریشتەی دەست لەسەر سینەدا، لە ئاسمانەکانەوە بەوپەڕی ئیحترامەوە پێشکەش کرابێ، واش هەیە دم لە دایەی چاپلووسی میهرەبانتر لە

> مەگیرانی کردن لە هەرچی زیاتری ئیقتدارگەرایی و ڕەزیل کردن و پێچەن لێدانی هەرچی زیاتر زنجیری ئەسارەتی کۆمەڵانی ژێر چەپۆکی ئێران، تەنیا ڕەمزی مانەوەی ڕێژیم بووە

دایک و ماشەڵڵای لێ بێ ناسێحی ئەمین و لە بۆرجی عاج و هێلانەی سەر نووکی هەرەمی قەڵاکانیانەوە، ماوە بەماوە مل قەف دەکەن و سیگناڵە جەعلە دەسکردەکانیان وەک فەرمانی ئاسمانی بە بەیعەتکاران وکۆیلەکانی سەر عالەمی خاکی ڕادەگەیەنن.

سیستەمی پەروەردەی ئاخوندەکان و هەستان و دانیشتنیان وەک دەروونی پێچاوپێچ و دالان دالانیان گوماناوی و بە تەواوی ناوێکچوون.

ڕۆژێکی لەسەر بەرماڵە و عابایان لەبەرە و ڕۆژێکی دواترلەسەر تەختی پاشایەتی تاجی زێڕینی زاڵمانەیان لەسەر سەرە، لەو دیوی میر غەزەب و بەو دیویدا، فریشتەی نوورانی و لە دەستێکیاندا شەللاقی هەناسەسواری سەر پشتی بریندار و لە دەستەکەی دیکەیاندا، ساتووری کۆڕی ماندووی مل قرتاندن، لە ژێرەوە نقورچکی ئازار و لە سەرەوە مۆرە و جار جارە خەندەی بەدرۆ، ڕەشتر کردنی ژووری ڕەش و ڕووتەکان و چراخانی کردنی حەرەمسەراکانی خۆیان، قاودان بۆ کۆڕی گریان و تازیەباری و ڕاهێنان بۆ قەمەزەنی و زنجیر لەخۆدان و خۆئازاری. ئەوانە و دەیان و سەدان شتی دیکەش بەنیازی بە کۆیلەکردن و ڕاهێنانی لەشکر لەدوای لەشکری کۆمەڵانی خەڵک، بۆ تەسلیم بوون بە برسیایەتی و هەژاری و نەداری و هاندان بۆ خۆسپاردن بە شەپۆلی قەزا و قەدەر و خلۆرکردنەوە بەرەو دونیای نەزانی و بێخەبەری، وەک تەفەننون، کاری ڕۆژانەی دەسەڵاتدارانی ئێرانییە.

ئەگەر ئێمە بەمەبەستی خۆڕاهێنانی ئاگاهانە وفێرکاریی مەعقولانە و سەردەمیانە،

لە بەرامبەر کردەوەی دوژمنکارانەی دوژمناندا و هەروەهـــا بە نیـــازی بەرپرچدانەوەی ئەو هەموو فێڵ و تەڵەکەیە و پووچەڵ کردنەوەی کەمینـــە جۆراوجـــۆرەکان و پووکاندنەوەی درک و داوەکان خۆمـــان بە ڕەمز و فەننی تایبەت بەو مەیدانەی تەیار نەکەین، لەوانەیە نەتوانین لە ئاینـــدەدا دەرەقەتی ئەو هەموو گەمە کەڵەکەبووانە بێین و لەکاتی گونجاودا، بەگژ ڕاهێنانە زۆرە ملێکان و بارودۆخە بەزۆر داسەپاوەکەی دوارۆژدا بێینەوە.

ئێســـتا چرا سوورەکان لە هەر چوار لاوە بە کردەوە بەرەو ئێمـــە لێدەدرێن؛ هاوکات ســـیگناڵی چاپلووســـانە وعەوام خەڵەتێنانە وێـــڕای ئاژیری مەرگ و زەنگی خەتـــەر، پەیتا پەیتـــا لە گوێی ئێمەدا دەزرینگێنـــەوە. ئەگەر ئێمە وەکوو نەتەوەیەکی بریندار و ژێرچەپـــۆک، ئـــەو زەنگ و عەلایم و ئیشاراتەی بە جیددی وەرنەگریـــن لەوانەیە تووشـــی نەهامەتی و زیانی ئەوەندە گەورە بێین کە لـــە ڕۆژانی تەنگانەدا بۆمـــان قەرەبـــوو نەکرێنـــەوە، ئێستا مەترسیدارترین سیگناڵی خەتەر هەیـــولای کرۆنایە لەو دۆخـــە تایبەتییـــەدا کۆرۆنـــا، نـــەک تەنیـــا وەک تارمایی و ویروسێکی خۆویســـتی کارکردووی زیانبار، وێڕای وزەوزی ناخۆشتر لە پێوەدان، هەڕەشە لە قەوارە و هەیکەیلی تێکڕای بەشـــەرییەت دەکات، بەڵکوو وەکوو خۆرەیەکی داڕزێنەر، بەکـــردەوە خزاوەتە نێو مۆغەرەی پشـــتی بەشـــێکی بەرچاوی دانیشـــتوانی سەر ئەو عەرزە و وەکوو هۆلاکۆستێکی غەیبیی، نیقاب پۆش دەســـتی لە سینگ و بەرۆکی زۆربەی ئینســـانەکانی ئەو دونیایە نـــاوە و ئاورێکی گەورەی لە دارســـتان و سەوزەڵانیی ژیان بەرداوە. بەڵای نەوعی بەشـــەر تەنیا کۆرۆنا نییـــە، زۆر وەبای کاولکارتری دیکە لەســـەر ئەو عەرزەی هەن، ئەو ئافەتانە لە گونبەزی ئاسمانەکانەوە هەڵنەڕژاون، لە بەکەمگرتن و بێ بایەخ زانینـــی گەوهەری بەهای بەرزی ژیانـــی گیانلەبەرەکانەوە ســـەرچاوە دەگرن. ئێستا وەزعییەتەکە گەیشـــتۆتە جێگایەک کە زەردەخەنە لەسەر لێوی هیچ ئینسانێک بـــەدی ناکرێت. دونیا بە تێکڕایی تووشـــی لـــەرز و تایەک هاتووە کە تائێســـتاش جگە لە ئازارشـــکێن، چارەسەرێکی کاریگەری بۆ نەدۆزراوەتەوە.

> ئەو ڕێژیمە لەژێر سێبەر و هانکەهانکی شمشیرە هەرەژەنگاوی و بە خوێن ئاودراوەکان و، خۆراگوشین بۆ دەخەوکردن و خام کردن و لەگرێژەنەبردنی هۆشی جەمعی، درێژەی بە ژیانی پڕ لە شەرم و شورەییی خۆی داوە

بوختـــان نییـــە ئەگەر بڵێیـــن هۆکاری ئەســـڵیی گواســـتنەوەی ویرۆســـی کۆرۆنا بۆ وڵاتـــی ئێمـــە، ئاخوندەکان بـــوون. شاســـوارانی جەهـــل و نەزانـــی، گـــەورە کـــەژاوەی هەڵگـــری کۆرۆنایـــان خزاندە نێـــو زیارەتگاکان و لەوێشـــەوە ویرووســـە ئیســـتارکراوەکانی ژێـــر عەباکانیان، لەســـــەر سەرتاســـەری عەرزەکانی ئێران و دنیادا چاندن، ئینسانەکانیان کردنـــە قوربانیـــی هەڵبژاردنە نمایشییەکەیان.

ڕێژیم کـــە لە ڕاپەڕینەکانی خەزەڵـــوەردا، بـــە ئەنواعـــی چەکـــی خەتەرناک ئـــاوری بە ســـیمای خۆپێشـــاندەران هەڵپرژاند، ئێستا لـــە کۆرۆنـــا وەک ئالەتـــی قەتتاڵـــە کەڵک وەردەگـــرێ و بـــە ئاواتـــی درێژکردنەوەی زنجیرەی قەبرســـتانەکان و وەرێخستنەوەی کۆمەڵکوژییەکان، دەیهـــەوێ ئەوەی بیری دژایەتیی ڕێژیمی لەســـەردا بێت سەر و بن لە گەرووی قەبرە تاریکایکەکانی خزێنێ.

ڕێژیمی جمهوریی ئیسلامی، شانبەشانی نەخۆشـــیی کۆرۆنا و باقی دەرد و ئازار وپەتا و نەخۆشییە جۆراوجۆرەکانی دیکە، لەیەک جەبهـــەدا و بە یەک سیســـتەم و بە یەک

خەت و ڕێبازدا، بە گژ میللەتانی ژێر ستەمی ئێراندا هاتووەتەوە. ئەو ڕێژیمە لەژێر سێبەر و هانکەهانکی شمشیرە هەرەژەنگاوی و بە خوێن ئاودراوەکان و، خۆراگوشین بۆ دەخەوکردن و خام کردن و لەگۆڕێژەنەبردنی هۆشی جەمعی، درێژەی بە ژیانی پڕ لە شەرم و شورەییی خۆی داوە.

مەگیرانی کردن لە هەرچی زیاتری ئیقتدارگەرایی و ڕەزیل کردن و پێچەن لێدانی هەرچی زیاتر زنجیری ئەسارەتی کۆمەڵانی ژێر چەپۆکی ئێران، تەنیا ڕەمزی مانەوەی ڕێژیم بووە. ئەو ڕێژیمە هەرگیز پشتی بە سیاسەتی دروست و پارادایمی مەنتیقی و قابیلی هەزم نەبەستووە، تەنیا گێڕانی ئاشی شەڕ و هاڕینی کەللە سەرەکانی، بە هیوا و هومێدی دوارۆژی خۆی زانیوە.

## ڕێژیم لەهەر دەرفەتێک بۆ سەپاندنی هژمۆنی خۆی کەڵک وەردەگرێ

لەو هەلومەرجەدا کە سەرتاسەری دنیا و بەتایبەتی دانیشتووانی نێو ئەو قەوارە جۆغرافیاییەی کە بە ئێران ناو دەبرێ، بەدەس ئاهۆیەکی جیهانگیرەوە لاکەی سەریان دێ، دەیهەوێ بۆ زیاتر زنجیرکردن و لەچۆکنان و لە ڕێگا ترازاندن و تێرۆری فیکری و ڕافراندن و زیاتر تەزاندنی کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێرانیی، هاوتەریب لەگەڵ پەرەپێدانی زیاتری هەژاری و نەداری وتەعلیمات و ڕاهێنانی جادووگەرانەی خۆی بۆ بەزۆر بەیعەت پێ کردن و سەر بەردانەوە و چاو قرژکردن لەبەرامبەر قەزاوقەدەر و مل ڕاکێشان لە بەرامبەر سیسە دەرد ونەخۆشییە سامناکەکان، ئاخرین تیری تەرکشی خۆی لەو مەیدانانەدا خاڵی کات.

ڕاهێنانی سەقەت و چەوت و چەوێڵ و ژەهراویکردن و ئاخنینی مێشکەکان بە فەلسەفەی ناعاقڵانی و خورافی و کرۆسینەوەی جومجومەی هەژاران و نەداران و پەرەپێدانی قاتی وقڕی و پێشگیری لە بووژاندنەوە وچاندنی تۆوی برسیایەتی، ستوونی فەقەراتی سیاسەتی زۆردارانەی ڕێژیم بووە.

لە بارودۆخی ئێستادا ئەگەر ڕوناکبیران و ڕێبەرانی بژاردەی ئێمە، بیانهەوێ مێتۆدێکی گونجاو و سیاسەتێکی دارڕژاو و قایم و قووڵی ئوسولی سەبارەت بە ڕاهێنان و پەروەردەی گەلی ئێمە دیاری بکەن، جێگای خۆیەتی تیژبینانە و بە وردی سیاسەتی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیم لەخوارەوە هەتا ترۆپک بخەنە ژێر زەرەبینی ڕەخنەگرانە و مووشکافانەی خۆیان. تێڕوانینی پشوودرێژانە و وەستایانە لەسیاسەتی تەعلیم و تەربیەتی ڕێژیم دوورهەنگێوی و مەهارەت و نیشانەشکێنیی زیاتر بە لێکۆڵەران و توێژەرانی گەلی ئێمە دەبەخشێ. بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی ئەو مەسەلانە ناچارین ئاورێک لە ئاوێنەی ڕووداوەکانی ڕۆژانی دوای بەئاکام گەیشتنی ئینقلابی ئێران بدەینەوە.

شاگردانی ڕاهێنراو و پەروەردەکراوی مەکتەبی ئیمام، وەکوو هەڵگرانی ژەنگاویترین بیرۆکەی مێژوو، وەکوو خۆرە، وەکوو وەبا لە وڵاتانی دەوروبەر و ئێران و بەتایبەتی کوردستاندا، بوون بە جەردەی سەر گەردەنە و ڕەوتێکی پێشکەوتنخوازانەیان پەلاماردا و کاروانی ژیانەوە و بووژانەوەیان تارومار کرد.

گەشاندنەوە و بووژاندنەوەی فیکری، یەکێک لە ئەولەوییەتەکانی مامۆستایانی ڕووناکبیر و ڕاهێنەری ئێمەیە. ئەو کاتە هۆشیاریی نەتەوەیی گەشەدەکات کە سیستەمی پەروەردەی دەزگای دەسەڵاتداری سەپاو بەسەر کوردستاندا بەوردی بخوێنینەوە. جێگای سەرنجە کە لە سیستەمی پەروەردەی ڕێژیمدا نەک ئینسان مەرکەزی سقل نییە، بەڵکوو کەرامەتیشی پارێزراو نییە ، ئینسان لە

مەفهوم و ناوەرۆکی واقیعیی خۆی دا وەک ئینسان چاوی لێ ناکرێ یەک تاقانە وەک تەنیامەرجەع لەمەقامی ئولوهییەت و نەقشی فەردی کامڵدا، خۆیەتی و ڕاشکاوانە وەک عەقڵی کول بڕیارەکانی خۆی ڕادەگەیەنێ. [ئیندیویجولیزم] individalism یان فەرد لە سیستەمی پەروەردەی ویلایەتی فەقیهیدا نە پێناسەیەکی زانستیانەی هەیە و نە ڕەنگێکی هەیە و نە ڕۆڵ و نەقشێک.

هەروەها تاک لە چوارچێوەی ئیستیحقاق و شایستەییی خۆیدا جێگە و پێگەیەکی پێ نادرێ و ناتوانێ لە هیچکام لە مەیدانەکانی ژیاندا، مەهارەتە زاتییەکانی خۆی نیشان بدا و قورساییی خۆی بپارێزێ.

فەرد وەک ئالەتی دەست و عونسوری بێ ئیرادە کەڵکی لێ وەردەگیرێ و بەدەر لەدەسەڵاتی بڕیاردان، بێ ئەوەی دەرفەتێکی جینگڵدانی هەبێ خۆی دەخواتەوە و لە تێکڕای وادەکانیدا دەتوێتەوە، هەر بەو جۆرە کۆمەڵگا لە سیستەمی پەروەردەییی ڕێژیمدا جگە لە بەیعەتی زۆرەملێ و سەپاندنی ئیتاعەتی کوێرکوێرانە و نائاگاهانە لە وەلی ئەمر، وەرگرتن و قەبووڵ کردنی بێ چوون و چرا و بێ دەسکاریی ئەحکام و فەرمانەکان ناتوانێ هونەر و مەهارەتێک لە خۆی نیشان بدات.

کۆمەڵگا لە یاسای چەقبەستووی ڕێژیمدا هەرگیز شایستەییی ئەوەی نادرێتێ کەمترین گومانی لەبارەی فتوا و فەرمانی وەلی ئەمر هەبێ وبچووکترین پرسیار لەسەر هیچ چەشنە ئەرکی سەپێندراوی دەسنیشانکراو دابنێ، کەوابوو تەفسیر و تەعبیری تئۆریسییەکانی نێو دەزگای پەروەردەی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئینسان

> **گەشاندنەوە و بووژاندنەوەی فیکری، یەکێک لە ئەولەوییەتەکانی مامۆستایانی ڕووناکبیر و ڕاهێنەری ئێمەیە. ئەو کاتە هۆشیاریی نەتەوەیی گەشەدەکات کە سیستەمی پەروەردەی دەزگای دەسەڵاتداری سەپاو بەسەر کوردستاندا بەوردی بخوێنینەوە**

و فەرد و کۆمەڵ، ئێمە دێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە سیستەمی پەروەردەی نەتەوەیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، دەبێ بە پێچەوانەی ئەو تەعلیم و تەربیەتە بێ کە لەسیستەمی پەروەردەی ویلایەتی فەقیهدا وەک دەقی نەگۆڕ دانی پێدا نراوە و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ڕاهێناندا وەک دایکە یاسا و سەرچاوەی ئەسڵی کەڵکی لێ وەردەگیردرێت.

بیرۆکەی ڕاهێنانی سەرتاسەریی ڕێژیم کە لە جەوهەری ئیدۆلۆژی وڵایەتی فەقیهەوە سەرچاوەی گرت، بوو بە دێوەزمەی مرچ و مۆن؛ بوو بە مردن؛ بوو بە ساتۆری سەر بڕین؛ بوو بەسێبەر و تاریکاییەکی قورس وگران و تیشکی زانست وهونەری لەسەرتاسەری وڵاتدا خنکاند.

لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی ئاخوندەکان، تەپڵی شەر لێدرا، کارمەندانی سەفارەتی ئامریکا لە لایەن پەیڕەوانی خەتی ئیمامەوە بە تێکڕایی بە بارمتە گیران. ئامۆژگارییەکانی ڕۆژانەی خومەینی پڕ بوون لە وەعدە و وەعید و نەوعێک ئارایشتی نیزامی و دەست لەپشت دانی پەیڕەوان وموریدانی، بۆخاڵی کردنی گرێی دەروونی و بەگژداچوونەوەی ئەملا و ئەولا و هەموویان مزگێنیی ناردن و دیاریی مەرگ و وێرانییان پێوە دیار بوو.

خومەینی ڕاشکاوانە وتی «راه قدس از کربلا می‌گذرد» (ڕێگای قودس بە کەربەلادا تێدەپەڕێ). مەبەستی ئەوە بوو کە دەبێ لە پێشدا عێراق تەخت بکات و پردێکی وشکانی تا دەریای مەدیتەرانە لێبدات، هیلالی شیعە بە خەستی میلیتاریزە بکات و هەموو جوولەکەی سەر ئەو عەرزە بە

تێکرایی بڕێژێتە نێو دەریایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەدا خێراتر گوراندی و وتی «جنگ جنگ تاپیروزی» (شـەڕ، شەڕ، تا سەرکەوتن) کەسـێک نەیدەزانی هەموو شەڕێک، تەنانەت سادەترین شەڕ بە تایبەتی شەڕی گەورە، زیان و تێچووی زۆری دەوێ، ڕووباری گـەورەی خوێـن وەڕێدەخات. بۆ خومەینـی گرینگ نەبوو ئەگـەر میلیۆنەها ئینسـان تێدابچن، بەڵام سەرکەوتنێک کە هەدەف و ئامانج و ویستی خۆیەتی دەستەبەر بکرێت. خومەینی تەنها لەگەڵ ئینسانەکان و عەرز وئاسمان بەشـەڕ نەدەهات، بەڵکوو بـە قەڵتوبـڕ کردنی فەرهەنـگ و هونەر و زانسـتەکان داسـی مەرگـی دەسوی.

لەکاتێکدا زانستی ئابووری مۆغەرەی پشـتی ڕاوەستاوی و بووژانەوەی ژیانی ئینسانەکانی ئەورۆیـە و تـەواوی ئاڵووێر و معامەلە و موعادلاتی پیچیدەی دەورانـدەوری ئەو عـەرزەی، بەپێی پێوەرەکانی ئەو زانسـتە گەشـەکردووە ئەنجام دەدرێن، خومەینـی ڕاسـت و ڕەوان وتـی «اقتصاد مال خر اسـت» (ئابـووری هـی کـەرە). پلانە سەقەتە دەوڵەتییەکان، لانیکەم بەشـێکیان جا ئەگەر کەمیش بن، کەوتنە ژێر تەئسیری ئەو فەرمایشتە بێ ناوەرۆکەی. ئـەو فیکرەیە بـوو بە ئافەت، بـوو بە ئاور، سەوزەڵانیی دەشتە ڕەنگینەکانی پرووکاندن، جۆگە و بیابانەکان وشکارۆتر بوون.

خومەینی فەرهەنگی ڕەسـەنی گەلانی ئێرانـی گسـک دا. هـەر حکومەتێکـی دڵسـۆزی نیشـتمانی پەرەپێدانـی زمان و ئـەدەب وفەرهەنـگ، بەتایبەتی فەرهەنگی ڕەنگاوڕەنگ و کولتـووری جۆراوجۆر وەک فاکتەرێکی گرینـگ بۆ بەهێزکردنی عەقڵی هـەرەوەرزی و گەشـەکردن و یەکسـانی وپێکەوە ژیانی بەئاشتی بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێ.

زمانـی ئاڵاهەڵگرانی جەهـل و نەزانی، زمانی داینا‌سـۆرەکان بوو. تەنانەت ئەوانەی بەقەولـی خۆیان بۆ ئیرشـاد و پەرەپێدانی خوێنـدەواری ڕوویان لە کوردسـتان کرد، بەزمانـی حەشـر و نەشـر دەدوان، جگە لەزمانی گوللـە و باڕووت زمانێکی دیکەیان نەدەزانـی. لە جیاتی شـعوور و زانسـتی سـەردەمیانە، گوللـە بوون بە مێشکەکاندا دەکران. پـووش و گووڵ و گیا و نەمامیان پێکەوە هەڵدەپرووکاند.

> **دیکتاتۆریی دەرپەڕیو لە مەکتەب و فەرهەنگی خومەینی، دیکتاتۆرییەکی قووڵ و ڕیشەدارە و لە خۆیەوە درووست نەبووە، سەرچاوەی ئەسڵیی خۆی هەیە و لە هەندێک پرۆتۆکۆلی زۆر لە مێژینەوە دێ**

زۆرجاران لەخۆم دەپرسی، باشـە دەبێ جاڕنامـەی مافی مرۆڤ لەکوێ نووسـتبێ؟ لەکوێ کوژرابێ؟ دەبێ مابێ و گوێیەک بۆ سـکاڵاکان بگرێ؟ سکاڵای برینەکان، هـاواری خوێنەکان، ناڵـەی منداڵانـی کەسـوکار کوژراو، هاواری خنکاوی ئێمە بوون. هەر لە سـەرەتای مێژوو هەتا ئێستا، ئەو هاوارە کوژراوانە زوان و ویـژە و فەرهەنـگ و ئەدەبیاتـی نەتەوەییـی ئێمە بوون. بەشی قەزایی یان بەشی دادوەری، لـە هەمان ڕاهێنانی توندڕەوانەوە سەرچاوەی دەگرت. ڕاگرتنی تەعادولـی هاوکێشـەکان و بەرقەرارکردنی دیسـیپلین و نـەزم و نیزام و پێشـگیری لـە ئیفرات و تەفریـت و بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژی و تاوان و دابینکردنی یەکسانیی کۆمەڵایەتییـە، نـەک پەرەپێدانـی قانونی جەنگەڵ و قەدەرقودرەتی و سـزادانی ڕەها و موتڵەق.

هـەزاران کەسـی پـاک وەک ئـاوی حەیات لـە چەند دەقیقەدا وەک «مفسـد فی الارض»، ناسـران و لەناوچوون. بیروڕای

گشـــتی و هەموو دنیاش نـــازر وچاوەدێری دادگا ســـەحرایی و چەند دەقیقەییەکانیان بوون. لـــە دادگای ســـەحراییی جەلاداندا، ژێ۳کان بڕیاریـــان دەدا. ئاخرین فەرمان لە لووتی تیربارەکانەوە دەردەکشا. بەتایبەتی لە دێهاتەکاندا چارەنووســـی خەڵکی ماڵوێران، ڕەوەی تانـــک وهەلیکۆپتـــەرە تۆپدارەکان دیارییان دەکـــرد. ئاخرین نووکە هین لوولە قورس و پڕ لە گرەکان بوو.

خومەینی لە ئیرشاد و ڕینوێنییەکانیدا، شـــەکرێکی دیکەی شـــکاند، بەگـــژ بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا هاتەوە و شـــەڕی لەگەڵ دێموکراســـی ڕاگەیاند. بێ پێچ و پەنا گوتی: «مابرای دمکراســـی انقلاب نکردەایم» (ئێمە بۆ دێموکراســـی شۆڕشـــمان نەکـــردووە). مەفهومی موخالف یان مەعنای ڕاستەقینەی بارەکەی دیکـــەی ئەو ڕســـتەیە، ئەگەر تۆ بتهەوێ وەریســـوورێنییەوە ڕاســـت ئەوەیە کـــە خومەینی بـــۆ ژیانـــەوەی دیکتاتۆری ئینقلابی کردووە، دیکتاتۆری ئەگەر بەمانای ســـەپاندنی هێژمۆنـــی و تەحمیلی نەزەر و شـــەڕ لەگەڵ جیاوازبیران و ژێرپێ خستنی ناسنامە و تواندنەوەی هۆوییەتی فەرهەنگی و ســـانتڕالیزەکردنی قودرەت و ڕووشاندنی کەرامەت و خۆگێلکردن لە ئاســـت ویســـت و داخوازییە شـــەرعییەکان و لەســـەرووی هەمووانـــەوە پێ لێخســـتنی تـــەواوی مافە ئینســـانییەکان بێ ، ئێمەی کـــورد وەکوو ئینسان، وەکوو فەرد، وەکوو کۆمەڵ، وەکوو پارچەیەک لە نەوعی بەشەر، هەر لە مێژووی پێش لە دەسەڵاتی خومەینیدا زیانی ئێجگار زۆر زۆر گەورەمان پێگەیوە و بەتایبەتی لە دوای بە دەسەڵات گەیشـــتنی حکوومەتی خومەینی، گورزی زۆر قورسمان خواردووە و غەدری زۆر گەورەی مێژوویيمان لێ کراوە.

دیکتاتۆریـــی دەرپەڕیـــو لـــە مەکتەب و فەرهەنگـــی خومەینـــی، دیکتاتۆرییەکی قووڵ و ڕیشـــەدارە و لە خۆیەوە درووست نەبووە، ســـەرچاوەی ئەسڵیی خۆی هەیە و لە هەندێـــک پڕۆتۆکۆلی زۆر لـــە مێژینەوە دێ. مۆدێلـــە دیکتاتۆرییەکـــەی خومەینی، شـــاگرد و ڕاهێنـــەری لاســـار و خوێنرێژی چەموشی زۆری دروســـت کرد، میرغەزەبی زۆری پەروەردە کرد. ئەو مۆدێلە ژەهراوییە، وەکوو نوتفەی ویروســـی کۆرۆنا، لەڕەحمی خۆیدا گیانی وەبەر ویروسی زۆر هێنا و زۆر مەکتەبی ژەهراویی دیکەی هەڵفڕاندە ســـەر عـــەرزی دەوروبەر و تەنانـــەت بەرەو ناوچە دوورەدەستەکانیش تووڕی دان. شاگردانی بە تایبەت ڕاهێنراوی ئەو مەکتەبە بە هەزاران جۆ و جۆباری خوێنیان وەرێخست. نەسایحی ماشەڵڵا پدەرانەی، خومەینی بوونە باڕووت و گڕ، بوون بە بۆمب و ئاور و ئاسن و کاتیۆشا و گەشەیان کرد و بوونە مووشەکی بالستیک و لە پێش هەموو جێگایەکدا لەکوردســـتاندا تاقی کرانەوە و لە پێش هەموو گیانلەبەرێکدا بەسەر ســـەری ئینسانی کورد دا هەڵئەڕژانە خوارێ. ڕەوتی گەشـــەکردنی ئەو بلێســـە و دووکەڵانە و هەڵفڕین و پەرەگرتنی شـــڵخە لەدوای شڵخەی ویرووسەکان ئاوا بە سادەیی نانیشـــنەوە و ئاوا هاسان کۆتاییان پێ نایە. لەڕاســـتیدا بەرەو ئەوە دەچێ ببێتە بۆمبی ئەتـــۆم و ڕۆژێک لـــە ڕۆژان کورەی خاکیی دنیایە بکاتـــە تۆپەڵەیەکی هەڵـــم و لە نێو گەردەلوولی فەزادا، لەبەر یەکی هەڵتەکێنێ.

بـــۆ پەیڕەوانی مەکتەبـــی ئیمام گرینگ نییە هەمـــوو دنیا لە پێناوی ئەواندا قڕ ببێ، بـــەڵام وجـــوودی «ذی ج□و□دی» ئەوان بمێنێ. کـــەم کەس هەیە ئـــەوەی نەزانێ، ئەوەی بۆ ئەوان گرینگە تەنیا بەقای ڕێژیمە. لە پێناوی مانەوەی خۆیان و بەقای ڕێژیمدا، لە هیچ چەشـــنە تاوانێک خۆیـــان ناپارێزن و ئەوەنـــدەی لـــە تواناياندا هەیە دەســـت دەوەشێنن وادەی ئەو خێر وبەرەکەتانەی کە خومەینی بەخەڵکی ئێرانی دابوو هەموویان بوونە ژەقنەمـــوت و بە گـــەروی بێتاواناندا

ڕۆیشتنە خوارێ. بوون بە فرمێسکی بەگوڕ، بوون بە ئاه و حەسرەت. کەرەم و عینایەتی ماشــەڵڵا پەدەرانەی ئیمام بوو بە شــەپۆلی خوێن و بە هەوادا فڕی؛ بوو بە بڵێســە و لە بڵێسەدا مرد؛ بوو بەخوێن و لەخوێندا خنکا؛ بوو بە مردن و لەباوەشی مردندا مرد. بوو بە زنجیرەی دوور ودرێژی کۆچە ســوورەکان؛ بوو بە خەزانی خەم و گوڵی ژیان هەڵوەرین؛ بــوو بەگەواڵەی هەوری پڕ لە ڕق و غەزەب و ئێش وژان؛ بــوو بە گڕی باڕووت و قوڕی ڕەشی قوڕقوشم.

نســێی شووم و نگریســی ئیمام کەوتە سەر جوغرافیای لەتلەتی وڵاتە بریندارە بێ نازەکەی ئێمە. ئەو غەزەبانە هیچیان ئاخری کارەســاتەکان نەبوون، ســەرەتای کەوتنی ئەستێرەی بەخت و وەرینی بەخت و شانسی سەرتاســـــــەریی میلەتانی ئێرانێ بوون. کارەســاتەکان لە ناکاو هەڵنەقوڵین و وەک تاوێری شاخەکان سەروژێر خولێر نەبوونەوە. ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان وەک جەزیرەیەکی خوێناوی وەتاق کەوتوو، جرجی ڕەنگاورەنگ خۆیــان تێخزاند و لە هەمــوو لایەکەوە بە مار و دووپشــکی جۆراوجۆر گەمارۆ درا. لە هیــچ لایەکەوە کەلێنی ڕوناکی بۆ نەمایەوە، حەتا  تاقە ئاسۆیەکی گەش بە ڕوی ئێمەوە پــێ نەکەنــی. دەزگای دادوەریــی ڕێژیم، کوردەکانی نەتەنیا وەکوو ئینســان، لەگەڵ هەمــوو ڕێزم بۆ خوشــک و برایانی کوردم، وەکوو حەیوانیش، چاو لێ نەکردن.

بۆڵدزێــر و لۆدێــرەکان لــە مەرکەزەوە بە مەبەســتی ئــاوەدان کردنــەوەی خاکی کوردســـتان، نەخزین؛ بەڵکوو بۆ هەڵکەندنی گــۆڕی بەکۆمــەڵ و تەختکــردن و وێران کردنی شار و دێهاتی کوردستان وەرێکەوتن. فەرمانەکانــی ئیمــام وەک هــەزاران ڕەوە هەوری قۆرتاوی، بەشــکڵی نێوچاوانی تاڵی خومەینی، خۆیان لە ئاســمانی کوردستان خزانــد، بــوون بە هــەزاران و دەیان هەزار تابووتی مەرگ و لەهەموو شــیو و دۆڵەکانی کوردســـتاندا تاک و جووت و بەکۆمەڵ فڕێ دران. ئیســـتا کە من ڕۆژانی دوای ئینقلابی ئێران و لەشکرکەشیی هەمەلایەنە و دۆزەخە گەرمەکانی شەڕی نابەرابەر و جەبهە تەمەن درێژە سام گرانەکانی کوردستان و پاڵەوانی و  قارەمانەتی و دەرد و ڕەنجی پێشــمەرگە برینــدارەکان و هەنســکی خۆڕاگــری و خۆخواردنــەوەی کەســوکاری ڕەشپۆشــی شەهیدانم دێنەوە بەر چاو، ڕابردووی خۆمم وەک سیسە خەونێکی دوور و درێژی ڕەنگ زەردی پچڕ پچڕی نێــوان زەردە و تاریکی دێتەوە بیر کە هەر یەک بە شــێوەیەک لە نێــو خوێنەکاندا دەکوڵــن، گریانی بەکوڵی خوێنــەکان و ناڵەی هیچــکام لە برینەکانم بــۆ لەیەک گــرێ نادرێنــەوە. وزەوزی ئەو برینانــەی کە مــن بەچاوی خۆم لەســـەر جەســـتەی خەڵکــی کوردســـتان دیتمن، ئەوەندە کەمەرشــکێنن، کە هیچ زمانێک و بەتایبەتی شعوری ماندووی من وزە و توانای شەرح دانیانی تێدا نییە.

حەقیقەتێــک کــە من ئیســتا تۆزێک پەی پێ دەبــەم و لێی تێدەگــەم، ئەوەیە کە مەشــغەڵ و منــارەی بــەرزی عەقڵی ئینســانەکان هەر چەندە قەدی هەڵکشاو و باڵای بەرز بێ، لە قووچاییی سیســەئازاری ڕیشــەداری نێــو ڕۆحی ئازارچێشــتووان و کۆڵەوژی تەنــدووری هەرەگەرمی تاوانەکان و دووکەڵــی هەڵچووی ســەر دۆزەخەکان کورتترە. تــەرازووی مەنتیقی پیــاوە زانا و پســپۆڕەکان، هەر چەندە ورد و دەقیق بێ ناتوانــێ هەمــوو دەرد و ڕەنجــی میلەتانی ژێرچەپۆک بخوێنێتەوە و قورســاییی ژانی گرانەتاکان و سیسەدەردەکان وەک واقعیەتی خۆی هەڵسەنگێنێ.

لە هەلومەرجی ئێستادا کە کۆرۆنا وەک سیســەتۆپایەکی نگریســی جیهانی، وەک بەڵایەکی غەیبی لەســەر پشتە کوورەکەی

تۆپی زەوی، دەستە جڵەوی لێخورین و سوڕاندنی ئێش و ئازارەکانی سەر عەرز و نێو ئاسمانەکانی بە دەمەوە گرتووە، نەک تەنیا موعادلاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و تەنانەت چالاکییە پزشکییەکانیشی لە گرێژنە بردوون، هەروەها بە پتانسیەلی شووم و ناپیرۆزی خۆی، توانای ڕاهێنان و داهێنان و تەواوی دەسپێشخەرییەکانی لە ئینسانەکان ستاندۆتەوە و بەسەر تەواوی جومگەکانی ژیاندا زاڵ بووە و مەچەکی بەهێزی ئینسانی سەردەمی بەتەواوی جەمام کردووە.

تەنیا هزرێکی داهێنەرانە و ڕاهێنەرانەی جیهانی، کە تەنیا پشتی بەعەقڵانییەتی گشتگیری سەرتاخواری ئادەمییەت بەستبێ، دەتوانێ لەبەرانبەری ئەو ئاهۆیەدا ڕابوەستێ و چارەسەرێکی کاریگەری بۆ بدۆزێتەوە.

ڕافزین و بەدەنگەوە هاتن و فەرمانی خۆقەرەنتینەکردن و لێک دوور کەوتنەوەی کۆمەڵایەتی، توانیویەتی تا ڕادەیەک کاریگەر بێت، بەڵام ئەوە چارەسەرێکی کاتییە و وەزعەکە پێویستی بە چارەسەرێکی بەرینترهەیە.

ئەوەی ئێمە لە زانایانی ئەو بوارە گوێمان لێ دەبێ ئەوەیە کە بەداخەوە ئەو ئافەتە بە چرملییەکی یەکجار زۆرەوە، لەشکری ویروسەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتردەبن و هەموو دژەبەران و کۆسپەکانی سەر ڕێگای تێک دەشکێنێ و خۆڕادەگرێ، دوای خۆ نوێکردنەوە دیسان خۆی ئاراێش دەداتەوە. بەشێکی زۆری خەمۆکی و داتەپینی بارودۆخی ڕەوانی و شلەژان و گیروگرفتی دەروونی، دوای کۆتایی پێهاتنی کۆرۆنای پەرەدەستێنێ.

بەدەنگەوە هاتن و ڕافزینی ئینسانەکان بۆ دووری لە مەرگ، ڕزگاربووان و کەسوکاری دڵ پڕ لە خەمی لەدەستچووان لەگەڵ ئەوەی سەبووری و سووکنایی و جێگیربوونەوەیەکی بەرچاو دەرەخسێنێ، بەڵام بەداخەوە ئەو جێگیربوونەوەیە کاتییە. هێنانەوە سەرخۆ و تاراندنی ترس و دلەڕاوکێ، سەبووری پێدان و سارێژکردنەوەی برینەکان کە دابەزاندنی ئەو چارەسەرە ڕۆحیانە وەک پرسی ئورژانس، پێویستی بە ئامرازی زۆر و ئیمکاناتی هەراوی ماددی و مەعنەوی و کات و سات و پرۆسەیەکی دوور و درێژی زەمانی هەیە، کە تەنیا پشت بەستن بەنیروی بیلفیعل و بیلقووەی خۆجێیی و خۆڕاهێنان و خۆحەواندنەوە و خۆدەرمانی، دەتوانن وەک چارەسەری کاریگەر بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو بۆنگەڵە و بۆنگەڵەکانی دیکە کەڵکی بەرچاویان هەبێ. هاودەنگی لەگەڵ جووڵانی دەسپاکانەی دنیایە و پشت بەستن بەهێزی ماددی و مەعنەویی خۆماڵی، دەتوانن وەکوو دوو فاکتەری بنەڕەتی و داینەمۆی وەگەڕ خستنەوەی ئینێرژی و گەشاندنەوەی ئەو دڵ و ڕۆح و هەست و دەروونانە بەکار بهێنرێن کە دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگی بەشەرییەت، بە مەبەستی زیاتر شکاندن و تەفروتوونا کردنیان بە شێوەی جۆراوجۆر دەستی ڕەشیان لێ وەشاندوون.

**ڕاگرتنی تەعادولی هاوکێشەکان و بەرقەرارکردنی دیسیپلین و نەزم و نیزام و پێشگیری لە ئیفرات و تەفریت و بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژی و تاوان و دابینکردنی یەکسانیی کۆمەڵایەتییە، نەک پەرەپێدانی قانونی جەنگەڵ**

جێگای خۆشحاڵییە کەگەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزە سیاسییەکان، سەرەڕای سەپاندنی ئەو هەموو گەمارۆ و ئەو هەموو غەدرە زۆرانەی لێیان کراوە، شێلگیرانە لەسەر خەباتی بێوچانی خۆیان بەردەوام مانەوە و بەنێو تەلەسم و ڕەشە شەو و تونێلە تاریکەکاندا، لە گۆترە و بێ چاوساغ و ڕێنوێن نەڕۆینە پێشێ.

# دەسپێکێ بۆ خوێندنەوەی پرسی کوردایەتی

## (کوردایەتی: بەپرسکردن و کێشەکانی بەردەمی)

کۆسالان ئەحمەدی

لە خوێندەوەیەکی کورتدا، دەتوانین بڵێین، کێشەی فەرهەنگی، ئەندێشەی چەپ و تێگەیشتنی هەڵە لە چەپ، مەسەلەی مەزهەب، سەرهەڵدانی کوردایەتی لە ناوەندە ناسەرەکییەکان، پەرچەکرداری توندی دەوڵەتی ناوەندی لە ڕیزی گرنگترین کێشەکانی بەرەدم بەپرسکردنی کوردایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بووە و لێرەدا، بە شێوەیەکی خێرا، ئاماژە بە هەندێکیان دەکرێت.

پاش دامەزرانی یەکــەم دەوڵەتی مودێرن لە ئێراندا، نەتەوەســازی[١] بوو بــە ئەولەویەتی ســەرەکیی دەوڵەتــی مودێرنــی ڕەزاشــای پەهلــەوی و لــەم ئاراســتەیە و لــە پێناو دابینکــردن ومســۆگەرکردنی وەحدەتــی سیاسی و فەرهەنگیی دەوڵەتی تازەدامەزراوی نەتەوەی فارس لە ژێر ناونیشانی ساختەکراوی ئێران، ڕووناکبیرانی ناسیۆنالیســت دەستیان کرد بە لایەنگری لە سیاســەتی یەکسانسازی و بــە فەرمــی بوونە بەشــێک لــە دەزگای ئاسیمیلاسیۆن وسەرکوتکردنی جیاوازییەکان .جیاوازییــەکان لە دەوڵەتــی مودێرن، وەک کێشــەی ســەرەکیی یەکڕیزی و وەحدەتی سیاسی و فەرهەنگی و بە واتایەک دامەزرانی دەوڵەتــی مودێــرن پێناســەدەکران و بەم بۆنەیەوە، سەرکوتکردنی جیاوازییەکان بوو بە بەشێک لە دیسکۆرسی دەوڵەت و ڕووناکبیرانی لایەنگری یەکسانســازی[٢] و لــەم پێناوەدا، ســڕینەوەی نەرم و بەپەروازێزخستن، وەک زەرووڕەتی ســەرکوتکردنی جیاوازییەکان[٣] دەستی پێ کرد.

دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف، وەک بنەمای گوتــاری کوردایەتــی، ئەنجامی سیاســەتی ئاسیمیلاسیۆن و سەرکوتکردنی جیاوازییەکان لــە لایەکەوە و ســەرهەڵدانی نەتەوەخوازیی کــوردی بــە کاریگەری لــە شــەپۆلەکانی مودێرنیتە لە لایەکی دیکەوە بوو.

کــــــــوردایەتــی وەک ئایدیۆلۆژیــای ناســیۆنالیزمی کوردی، ڕاســتە لە ئەساسدا پەرچەکردار لە ئاست سیاسەتی سەرکوتکردن و پــرۆژەی نەتەوەســازیی دەوڵەتی ناوەندی بوو[٤]، بــەڵام لە لایەکی دیکــەوە بەرهەمی ســەرهەڵدان و بەرجەســتەبوونەوەی دەنگی مافخوازی لە کوردســتانی ئێران و بە تایبەت لە ناوچەی موکریان، بە کاریگەری لە ڕەوتی مۆدێرنیتە و ئەندێشــەی ناسیۆنالیستی بوو، لێرەوە دەکرێت باس لەوە بکرێت، کوردایەتی وەک وەک ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی کوردی و دیسکۆرسی نوێی کۆمەڵگەی کوردی، بریتی بوو لە بەرگری بۆ مانەوە و خەبات دژی پیلانی سڕینەوە و بە پەراوێزخستن و هاوکات هەوڵ بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان و لەوانەش خۆدموختاری و تەنانەت سەربەخۆیی بوو کە لە ژێر ناونیشــانی کوردایەتی پێناســە کرا و پێناسە دەکرێت.

کوردایەتی لەم ڕووەوە و بە کاریگەری لە گوتاری کۆماری کوردســتان، ئیتر ئارام ئارام بوو بە دیسکۆرســی ڕووناکبیرانی کۆمەڵگەی کــوردی و بە تایبــەت ڕووناکبیرانی ناوچەی موکریــان کە دەکرێــت وەک زێد و ناوەندی ســەرهەڵدانی دیسکۆرســی کوردایەتــی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ناوەزد بکرێت.

چاوەڕێ دەکرا لە بۆشــاییی دەســەڵاتی پەهلەویــی یەکــەم و دەفەرتــی دامەزرانی کۆمــاری کوردســتان، کوردایەتــی ببێتــە دیسکۆرسی زاڵ و پرسی سەرجەم کۆمەڵگەی کــوردی[٥] و بە واتایەک ببێتــە داواکاری و ئاواتی گشــتیی کۆمەڵگە و دیارە لەم ڕووەوە ئەگەری زاڵبوون و سەرکەوتنی وێڕای بوونی دوژمنی بەتواناش هەبوو.

بەڵام پــاش دامەزرانی یەکــەم کۆماری کــوردی لــە مهابــاد، وەک دەرکەوتــەی دیسکۆرســی کوردایەتی و هەروەها بۆشاییی دەسەڵاتی پەهلەوی و سەرەڕای سەرهەڵدانی سۆز بۆ کۆمار لە لایەن هەندێ سەرۆک خێڵ و عەشیرەت و تەنانەت خەڵکی ئاسایی لە هەندێ ناوچەی کوردســتانەوە، کوردایەتی نە بوو بە پرسی سەرجەم کۆمەڵگەی کوردی و نە توانی ببێت بە دیسکۆرسی زاڵی کۆمەڵگەی کوردی و لێرەوە، دەکرێت سەرهەڵدانی دووانەی کورد و جاش (بەکرێگیراو) لە ئەدەبیاتی سیاســی، زیادبوونی تێچووی کوردایەتی، ســەرهەڵدانی دیاردەی فرەحیزبی و ناکامیی کوردایەتی لە کورتخایەنــدا، وەک ئەنجامی بەپرس نەبوون و بەواتاییــەک بەپرس نەکردنی کوردایەتی و زاڵ نەبوونی ئەم دیسکۆرسە، خوێندنەوەی بۆ

بکرێت.

به ئاگاداربوون لەم وەزعیەتە، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، کوردایەتی بە مانای هەوڵ بۆ بوون بە نەتەوە، هەوڵ بۆ بەرگری لە تواندنەوە، هەوڵ بۆ بەرگری لە پێشێلکردنی مافە ئینسانی و نەتەوەییەکان، هەوڵ بۆ دامەزرانی دەسەڵاتی کوردی و هەوڵ بۆ دیاریکردنی سنووری کوردستان لە سەرجەم کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بۆ نەبوو بە پرسی گشتی و بە واتایەک لە بەر چی نەبووە دیسکۆرسی زاڵی کۆمەڵگەی کوردی؟

ڕاستە لە ئیستادا، لە سەرجەم شارەکانی کوردستان لە سەڵماسەوە بگرە بۆ ئیلام، هەست بە بوونی نیشانەکانی کوردایەتی وەک ویست بۆ گەیشتن بە دەوڵەتی کوردی، دامەزرانی دەسەڵات ونیشتمانی کوردی و خولیای کوردستانی سەربەخۆ یان لانیکەم کوردستانی خودموختار، بەدی دەکرێت و هەروەها لە دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە تا ئیستە، ڕۆژ نییە ئینسانی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردی هەزینە نەدات و یان کەمتر ڕۆژێ هەیە، ئینسانی کورد تووشی سێدارە و زیندان و هەڵهاتن نەبیت. هەروەها ڕاستە لە سەرهەڵدانی دیسکۆرسی کوردایەتیەوە تا ئیستا، کورد لە قەوارەی حیزب، خەریکی هەوڵ و چالاکی و خەبات و قوربانییدانە و دەکرێت ئەم وەک ئەنجام و دەسکەوتی ئەم دیسکۆرسە، خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەس نابێت حاشا لەم ڕاستییەش بکرێت زۆربەی هەوڵ و قوربانییەکانی کوردایەتی، بەشی سوننەی کۆمەڵگەی کوردی بووە و هەروەها زۆربەی قوربانیان و شکستەکانی ئالاهەڵگرانی کوردایەتی، لە سەردەستی بەشێکی دیکەی کۆمەڵگەی کوردی ڕوویداوە و لە بەرانبەر ئەژماری لایەنگرانی کوردایەتی و پێشمەرگە و گیانبەختەکراوانی کوردستان، بەرەی نەیار لە کۆمەڵگەی کوردی، سەری هەڵداوە و خاڵی جێگەی ئازار و تێڕامان ئەوەیە ئەو بەشەی کۆمەڵگەی کوردی واتە بەرەی دژە کوردایەتی، گەیشتوونەتە ئەو ڕادەیە کە ئامادەبوون لە پێناو بەرژەوەندیی ماددی و ئافەرینی دەسەڵاتدارانی ناوەند، هاونیشتمانیانی خۆیان لە سێدارە بدەن و بەرەوە سێدارە بیانبەن و بە سووکترین شێوە خەریکی سیخوڕییش بن و چی شتی ناشیرین و دزێوە لە ئاست نیشتمان و هاونەتەوەی خۆیان جێبەجێی بکەن و بە گشتی لە هێچ شتیکی دزێو لە بەرانبەر نیشتمان، هاونیشتمانی و پێشمەرگە وەک پارێزەی نیشتمان، سل نەکەنەوە.

ڕیزکردنی نموونەکانی ئەم دیاردە ناحەز و سەیر و مەترسیدارە، پێویست بە ئاماژە و هێنانی نموونەی زۆر ناکات لە بەر ئەوەی ڕۆژانە، هەموو تاکێکی کورد، شایەتی زیندووی ئەم ڕووداوانەیە و هەمووان باش دەزانن، بەو ڕادەیە ئینسانی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی کوردی بوونی هەیە کە ئامادەن گیانی خۆیان لە پێناو نیشتمان و خاک و شەرافەتی کۆمەڵگە قوربانی بکەن و قوربانییان کردوە، ئەو ڕادەیەش ئینسانی کورد هەیە کە لە ئاست کۆمەڵگە و نیشتمان، نەتەنیا بێ هەڵوێستە بگرە ئامادەیە خۆی قوربانی داگیرکەران بکات وتەنانەت ئامادەن لە پێناو پلە و پووڵ، ئینسانییەت و نیشتمان حەراج بکەن، پێدەچیت بتوانین سەرهەڵدانی دیاردەی بەکرێگیراو بە مانای نیشتمانفرۆش و نەیاری پارێزەرانی نیشتمان، بگەڕێنینەوە بۆ هۆکاری بەپرس نەبوون و بەپرس نەکردنی دیسکۆرسی کوردایەتی لە کۆمەڵگەی کوردی. کەواتە دەتوانین باس لەوە بکەین، سەرکەوتنی دیسکۆرسی کوردایەتی و کەم کردنەوەی هەزینەی خەبات و سرێنەوەی شەڕی کوردکوژی، پەیوەستە بە زاڵبوونی دیسکۆرسی کوردایەتی و بە واتایەک بەپرس کردنی دیسکۆرسی کوردایەتی لە سەرجەم کۆمەڵگەی کوردی.

لەم سونگەیەوە، باسکردن و خوێندەوەی لەمپەڕ وکێشەکانی بەردەم بە پرسکردن و

زاڵکردنـــی دیسکۆرســـی کوردایەتـــی، وەک ئەولەوییەتێکـــی ســـەرەکی لـــە توێژینەوەی کوردی خۆ دەنوێنێت.
لـــە خوێندەوەیەکـــی کورتـــدا، دەتوانین بڵێین، کێشەی فەرهەنگی، ئەندێشەی چەپ و تێگەیشـــتنی هەڵـــە لە چەپ، مەســـەلەی مەزهەب، ســـەرهەڵدانی کوردایەتی لە ناوەندە ناسەرەکییەکان، پەرچەکرداری توندی دەوڵەتی ناوەنـــدی لە ڕیـــزی گرنگترین کێشـــەکانی بەردەم بەپرسکردنی کوردایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بووە و لێرەدا، بە شـــێوەیەکی خێرا، ئاماژە بە هەندێکیان دەکرێت.

## کێشەی فەرهەنگی

لە ســـەردەمی پەرەسەندنی ئەندێشە مودێرن و دیاردەکانـــی مودێرنیتە و هەروەها زاڵبوونی دیسکۆرســـی دەوڵەت-نەتـــەوە لـــە ئێراندا، کۆمەڵگەی کوردی، کۆمەڵگەیەکی عەشیرەتی و خێڵەکـــی و تـــا ڕادەیەک ناشـــاری بوو و هەروەها پرســـی کۆمەڵگەی ئەو ســـەردەمە، پرســـی بەرەنگاری لـــە بەرانبەر سیاســـەتی ســـڕینەوەی دەســـەڵاتی خۆجێیـــی و بـــە هێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی بوو.
دیارە ســـەرەڕای هەنـــدێ خوێندنەوەی چەوت کە دەیەوێت زۆربەی ئەو بەرەنگارییانە وەک بەرەنگاریـــی نەتەوەیـــی پێناســـە وخوێندنەوەیان بۆ بکات، ئەو بەرەنگاری و شەڕ و بەرگرییانە نە بە نێوی کورد و بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەییـــی کۆمەڵگەی کوردی، بەڵکوو بە نێوی عەشـــیرەتەوە و لە پێنـــاو مانەوەی دەسەڵاتی سەرۆک عەشیرەتەوە بوو.[۶]
کەواتە فەرهەنگی ئەو سەردەمەی کورد، فەرهەنگی عەشیرەتی و خێڵەکی بوو و دیارە لـــەو فەرهەنگی عەشـــیرەتی و خێڵەکییەدا، ئەگەری سەرهەڵدانی ئەندێشەی ناسیۆنالیستی و بە واتایەک کوردایەتی، ئەســـتەم و تەنانەت ناومکیـــن بووە و تەنانەت پەیوەســـت بوونی هەندێ ســـەرۆک عەشیرەت و خێڵ بە بزاڤی کوردی و پیشتیوانی لە کوردایەتی، ناتوانێت بە مانـــای ئەوە بێت کـــە فەرهەنگی خێڵ و عەشـــیرەت لە پێناو کوردایەتیدا بووە بەڵکوو زۆرتر لە پێناو بەرژەوەندیی خێڵ وســـەرۆک عەشیرەتدا بووە.
ئەساســـەن، کوردایەتی وەک پێناســـە و شۆناســـی نوێـــی نەتەوەی کـــورد، بەرهەمی شـــار و ئەندێشەی شارە و ئەوە لە حاڵێکدایە، کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەمە ناشاری بوو و لەمێژ بوو کوردستان لەبەر ئەوەی گۆڕەپانی بەربەرەکانێـــی کڵاو ســـوور و کڵاو ڕەش بـــوو، قەت دەرفەتی هەناسەکێشـــان و ژیانی شارنیشینی و دروستکردنی شاری نەبوو.
بە گشتی فەرهەنگی ناشاری و عەشیرەتیی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردی، یەک لەو هۆکارە سەرەکییانە لە بەردەم بەپرسکردن و بەپرســـبوونی کوردایەتی بوو و لە ئێستاشدا هەر پاشـــماوەکانی ئـــەو فەرهەنگـــە بەدی دەکرێت، دیارە، زۆر جـــار دەوڵەتی ناوەندی لەم تایبەتمەندییەی کۆمەڵگەی کوردی واتە فرەعەشیرەتی و ناکۆکیی عەشیرەتی و قەومی بۆ لێدان و دژاییەتیی کوردایەتی وەک خاڵی هاوبەشی سەرجەم کۆمەڵگەی کوردی کەڵکی وەرگرتـــووە و کەڵکیـــش وەردەگرێـــت و بۆ پێشگرتن لە کەڵک وەرگرتنی خراپی دەوڵەتی ناوەندی لە پرســـی فەرهەنگی عەشیرەتی و خێڵەکی و تەنانەت شـــارچییەتی، هێشتا بیر لە سازوکارێکی کاریگەر نەکراوەتەوە.

## مەزهەب

ئەساسەن کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی فرە مەزهەب و فرە ئایینە و لە مێژە، ســـوننە، شـــیعە، یارســـان، ئیزدی، جوو، مەسیحی و موسوڵمان پێکهێنەری بنەمای ئەم کۆمەڵگەیە بوون و لە پاڵ یەکدا ژیاون و لەوانەیە هەندێ جاریش تووشی کێشە بووبن. بەڵام بە گشتی پێکەوە ئەم کۆمەڵگەیەیان پێکهێناوە و لێرەوە فرە مەزهەبی و فرە ئایینی، وەک بەشێک لە

کۆمەڵگەی کوردی بووە و هەیە.

فرەمەزهەبی وەک تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی کوردی، دەرفەتێک بۆ جوانترکردنی کۆمەڵگە و فرەڕەنگی بووە، بەس بە داخەوە لە باتی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرێت، ئەوە دەوڵەتانی ناوەندی بوون کە لە مێژە بۆ دابەشکردنی کورد و شەڕی کورد بە کورد لەو تایبەتمەندییەی کۆمەڵگەی کوردی کەڵکیان وەرگرتووە و ڕێگەیان بۆ دابەشبوون و دابەشکردن و دوورکردنەوەی کورد لە گەڵ یەکدی خۆش کرد.

کەواتە دەرفەت بۆ کوردایەتی پێش نەهات و یان ئیزنیان نەدا پێش بێت تا کوردبوون وەک خاڵی هاوبەش بۆ کۆمەڵگەی فرە مەزهەب و فرە ئایین پێناسە بکریت و بە واتایەک فرە مەزهەبی و فرە ئایینی لە ڕێگەی کوردایەتییەوە چارەسەربکرێت.

بە گشتی پرسی مەزهەب لە بۆشاییی نەبوونی سازوکاری چارەسەرکەر لە کۆمەڵگەی کوردی و لایەنگرانی کوردایەتی، دەرفەت و هەلی بۆ دەوڵەتی ناوەندی ئامادەکرد بۆ ئەوەی ئەم تایبەتمەندییەی کۆمەڵگەی کوردی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بگوازێتەوە و بتوانێت کورد بە دوژمنی کورد بکات و کورد بە دەستی کورد بە بیانووی شیعە و سوننە و ئیزدی لەنێو ببات، بۆیە بەردەوام فرە مەزهەبی لە باتی دەرفەت، هەڕەشە و مەترسی بووە بۆ کۆمەڵگەی کوردی و بە تایبەت بۆ بەپرسکردنی کوردایەتی لە کۆمەڵگەی کوردی.

لەم ڕووەوە، بە پرسکردنی کوردایەتی پەیوەستە بە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە لە ڕێگەی بەرجەستەکردنەوەی کوردایەتی وەک خاڵی هاوبەش و ئینسانیی سەرجەم کۆمەڵگەی کوردی و هەروەها پێشگرتن بە دەوڵەتی ناوەندی بۆ ئەوەی نەتوانێت ئەم تایبەتمەندییەی کۆمەڵگە وەک دەرفەت و هەل بۆ دابەشکردنی کۆمەڵگەی کوردی بگوازێتەوە و بێگومان ئەم مەسەلەیە، نیازی بە کاری زانستی و میدیایی و خوێندنەوەی ورد هەیە کە پێویستە بکەوێتە ئەولەویەتی لایەنگرانی کوردایەتی و ئیتر وەک دەرفەت نەک مەترسی بۆ بەپرسکردنی کوردایەتی سەیری بکرێت.

## ئەندێشەی چەپ

لە ڕێگەی خوێندنەوەی مێژووی دیسکۆرسی کوردایەتی و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کۆمەڵگەی کوردی، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، چەپ و ئەندێشەی چەپ، بەشێکی ئیجگار زۆری هێزی ئینسانی وماددیی کۆمەڵگەی کوردی، بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە و سەرقاڵ دەکات.

ڕاستە چەپ وەک لایەنگری لە چینی کرێکار و دژایەتیی سەرمایەداریی پاوانخوازانە، لە ڕیزی باشترین دیاردەکانی کۆمەڵگەی ئینسانی لە مێژووی سەت ساڵەی جیهانە، بەڵام ناکرێت باس لەو واقعییەتەش نەکرێت کاتێک نەتەوەیەک دەوڵەتی نەبێت و ئەساسەن هەموو بنەمایەکی ئینسانی و قەومی و نەتەوەییی پێشێل کرابێت و دەوڵەتی ناوەندی بەردەوام خەریکی سەرکوتکردنی جیاوازییەکانی بێت و سیاسەتی یەکسانسازیی لە ئاست نەتەوەکەی گرتبێتەبەر و گرنگتر لەوەش نە سەرمایە و نە کارخانەی هەبێت، دەبێت ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بکرێتەوە، ئەساسەن وەک چەپ ڕەخنە لە چی دەگەرن، خەبات لە پیناو چی دەکەن؟. ئەگەر دەوڵەتی کوردی هەبێت، گەر دەوڵەتی کوردی پرۆلێتەر و کرێکاری کورد بچەوسێنێتەوە، ئەو کات نە تەنیا نابێت پرسیار بکرێت بەڵکوو دەبێت پشتی چەپ و لایەنگری چەپ بگیرێت و ڕێز و پێزانینی بۆ بکرێت و تەنانەت هەندێ جاریش ئەکرێت بڵێین لەو دوخەدا، چەپ و ئەندێشەی چەپی لە بواری ئینسانیدا مانا ئەدات و دەکرێت کوردیش ببێتە چەپی ئینترنەشناڵ.

بە گشتی لێرەدا، مەسەلەکە ئەوەیە گەر

ئەو هێزە ئینسانی و ماددی و مەعنەووییەی کۆمەڵگەی کوردی کە خەریکی چەپ و ئەندێشەی چەپ - سەرەڕای پەیامە ئینسانییەکانی- بووە، گەر لە خزمەت بەپرسکردنی کوردایەتیدا بیایە، بێ گۆمان تێچووی کوردایەتی ئەوەندە قورس نەدەبوو و گرنگتر ئەوەی دەوڵەتی ناوەندییش نەیدەتوانی لەم تایبەتمەندییەی بزاڤی کوردی واتە فرەحیزبی، بۆ لاوازکردنی دیسکۆرسی کوردایەتی کەڵک وەربگرێت و کورد بە نێوی چەپ و ڕاست بە گژی یەکدا بدات. بۆیە دەتوانین بڵێین چەپ لە ڕەوتی نەتەوەسازی و هەوڵ بۆ بە پرسکردن و بەپرسبوونی کوردایەتی، ڕۆڵی تا ڕادەیەک مەنفیی هەبووە.

## سەرهەڵدانی کوردایەتی لە ناوەندە ناسەرەکییەکان

کوردایەتی لە ناوچەی موکریان و شاری مهاباد سەری هەڵدا و لە بەراورد بە ناوەندەکانی ورمێ، سنە و کرماشان و ئیلام، تا ڕادەیەک ناوچەیەکی پەڕاوێزی و لاوەکی بوو و هەر بەم بۆنەیەوە کاریگەریی لە بەپرسکردنی کوردایەتی لە سەرجەم کۆمەڵگەی کوردی، سنووردار ولاوازبوو.

بە دڵنیاییەوە گەر کوردایەتی لەم چوار شارە سەری هەڵبدایە و یان لانیکەم بگوازرایەتەوە بۆ ئەم چوارشارە وەک چوار ناوەندی سەرەکی، کوردایەتی ئیستە خاوەن قورساییی خۆی دەبوو و ئەگەری زاڵکردن و بەپرسکردنی زۆرتری هەبوو.

پەرچەکرداری توندی دەوڵەتی ناوەندی:

نموونەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی شا و کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەم دیسکۆرسە، پێویست بە ڕوونکردنەوە و نموونە هێنانەوە نییە، لە سێدارەدانی پێشەوا، شەهید کردنی مەلا ئاوارە، ڕێکەوتن لە گەڵ کوردی عێراق بۆ لێدانی پاشماوەکانی کۆنگرەی دوو، سیاسەتی کوشتن و تۆقاندنی خەڵخاڵی و حەسەنی نموونەی ئەم پەرچەکردارەی دەوڵەتی ناوەندی لە ئاست پرسی کوردایەتی و مەترسیی گشتگیرکردنی ئەم پرسە و ئەساسەن گەشەپێدان و زاڵکردنی پرسی کوردایەتییە کە هەمیشە وەک هێڵی سوور و ئاسایشی ئێران دیاری و پیناسە کراوە و ئەم پەرچەکردارە بووەتە هۆی ترسی خەڵک لە نزیک بوونەوەی فیزیکی و فیکری لەم پرسە و هەروەها پێشوازیی هەندێ خەڵکی کورد لە دەسەڵاتی ناوەندی لە پێناو مانەوە و دابینکردنی بەرژەوەندیی ماددی.

بە گشتی پێدەچێت بەرجەستەکردن و زاڵکردنی کوردایەتی وەک دیسکۆرسی پێویست بۆ گەیشتن بە بەها ئینسانییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، پێویستی بە پیاچوونەوە و چارەسەرکردنی مەسەلەی مەزهەب، بوون بە خاوەن کردار لە باتی پەرچەکردار، تەعامولی عەقڵانی لەگەڵ هێزی چەپ و دارشتنی بەرنامە بۆ چوار ناوەندی سەرەکی واتە شارەکانی ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام هەیە کە لە ئیستەدا، هێزی زانست، عەقلانییەت و ئەوجار سەرمایەی ماددیی دەوێت و بە دڵنیاییەوە، سەرمایەی ماددی لە ڕێگەی هێز و زانست و عەقڵانییەوە مسۆگەر و دابین دەبێت کە دەکرێت وەک بەشێک لە بەرنامەی حیزب و لە لایان پسپۆڕانی بەشەکانی کۆمەڵناسی و سیاسەت و ئابووری و سەربازییەوە، خوێندنەوەی وردی بۆ بکریت.

## ژێدەرەکان

1. Nation-building

2. assimilation

٣. بڕوانە، گۆڤاری ئایەندە و سەروتارەکانی حەسەن ئەفشار http://www.atige.ir/product/magazine/ayande/

4. Abbas Vali, Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, (ed.), Costa Mesa, Mezda Publisher, 2003.

٥. مەبەست لە کۆمەڵگەی کوردی لێرەدا چوار پارێزگای ورمێ، کرماشان، سنە و ئیلامە.

٦. لە وتارێکی زانستیی سەربەخۆ و جیاوازدا ئاماژە بە نموونەکانی دەکرێت

# ژنان و پەروەردەی نیشتمانی

خەزان هەورامی

پەروەردەی ژنان پەروەردەیەکی هەستیار و گرنگە و ئەگەر لە سەر بنەما و شێوازی کلاسیک و تەنانەت ئایدۆلۆژیک ژنان بخرێنە بەر پرۆسە و پەروەردەی نیشتمانی، ئەوا سەر لە نوێ، ئەکەونە نێو بازنەی پەروەردە و بیری پیاوسالاریی سەردەم. کاتێک باسی نیشتمان دێتە پێشەوە، باسەکە بە شێوەی خۆرسک پیاوڕەهەندانە ئەبێتەوە چونکە نیشتمان بریتییە لە جوغرافیایەکی دیاریکراو کە لە سەر هەندێک بنەما و تایبەتمەندی وەک زمان، خاک، جوغرافیا، مێژوو، شانازییە مێژوویی و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و ... هتد چەقی بەستووە.

پەروەردەکردن و ڕاهێنان باسێکی بەربڵاو و زانستییە و دەروونناسان و ڕاوێژکارانی بنەماڵە و منداڵان بە بایەخ و گرنگییەوە ئەڕواننە ئەو بابەتە. هەر مرۆڤێک بە ڕادەی تێگەیشتن و پەروەردەبوونییەوە کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنیی بۆ سەر کۆمەڵگا و ژینگە هەیە. پەروەردە و ڕاهێنانەکان لە ڕابردوودا لە ژێر چەتری ئایین و ئایدۆلۆژیاکاندا بەڕێوە دەچوون بەڵام لە سەردەمی ئێستەدا، ئایدۆلۆژیاکان دەوریان کەم بۆتەوە و پەروەردەکردن بەگشتی لە ژێر هێژموونیی ستاندارده جیهانییەکان و زانستەکاندا بەڕێوە دەچێ. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا لە پرۆسەی پەروەردەدا هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی، ئایینی، شێوەزاری، دەروونی، تەمەنی و ... هتد ڕەچاو ئەکرێ و دەزگاکانی پەروەردە هەر لە پەروەردەی منداڵانەوە بگرە هەتا پەروەردە چەکدارییەکانی ئەرتەش و ... هتد بە شێوەی دیموکراتیک و مۆدێرن دیاریکراوە و دارێژراوە. پەروەردەی ناوخۆیی وڵاتان لە هەندێک باسی زانستیدا، هاوبەشی و لێکچوونی زۆرە بەڵام کە گەیشت بە پەروەردەی نیشتمانی، باسەکە تا ڕادەیەک تایبەتی ئەبێتەوە. بەگشتی، پەروەردەی نیشتمانی لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. بەشێکیان لەسەر بنەمای ستاندارده جیهانییەکانە و بەشەکەی دیکەش لە سەر کلتوور، نەریت، زمان و بایەخە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتە چەقی بەستووە.

## ژنان و پەروەردە

سەدەی بیستەم بۆ ژنان، سەدەی پڕ لە دەسکەوت بوو. لەو سەدەیەدا بە هەوڵ و تێکۆشانی ژنان، زۆرێک لە تابۆکان شکێندران و ژنان لە سێ قۆناخ و شەپۆلی گەورەدا بە مافی سەرەتایی و بنەڕەتی گەیشتن. لە سەردەمی ڕابردوودا بزاڤی ژنان لە ژێر چەتری ئایدۆلۆژیاکاندا هەوڵیان بۆ پەروەردەکردن و ڕاهێنانی ژنان داوە. دەستپێکی ڕۆشنبیریی ژنان لە جیهاندا بەهۆی هێژموونیی ئایدۆلۆژیا، جوغرافیا و پێشکەوتنی وڵاتانەوە، کاریگەریی نەرێنیی لە سەر ژنان دانا و بەڕاستی زۆرێک لە هەڵاواردن و بۆشاییی چینایەتی و باڵادەستی و ژێردەستیی دنیای پیاوانە، بە شێوەی خۆرسک گوازرایەوە بۆ ناو بەرەی ڕۆشنبیریی ژنان.

فێمێنیزمی مارکسی، فێمێنیزمی لیبراڵ، فێمێنیزمی دینی، فێمێنیزمی ڕەنگی (ڕەش، زەرد و سپی)، فێمێنیزمی جوو، فێمێنیزمی جیهانی سێهەم و ،،، هتد، نموونەی ئەو ڕەوتگەلە بوون کە لە نێو بزاوی فێمێنیستیدا درووست بووە. ژنان کە هەموو بەتێکڕا دەردێکی هاوبەشیان هەیە، دەبوا لە کاتی گیروگرفت و کێشەکاندا دەستی یەکتریان بگرتایە؛ بەڵام بە پێچەوانە و بەداخەوە ئەوان بە سەر ئایدۆلۆژیا و حیزبە ناکۆک و دژبەیەکەکاندا دابەش بوون و لە ناو ویست و داخوازییەکانی دنیای پیاوسالاریدا توانەوە. بە خەسارناسیی بزاڤی فێمێنیستی، ناکۆکی، دژایەتی و بەربەرەکانێکانی نێوان ڕەوتە فێمێنیستەکان دەرئەکەون. بۆ نموونە، هەر یەک لە ڕەوتەکان خوێندنەوەیەکی تا ڕادەیەک جیاوازی لەسەر پرسی ژنان هەیە و لە سەر ئەو بنەمایەش پەروەردە و ڕاهێنان سەبارەت بە ژنان ئەنجام ئەدەن. دژایەتی و ناکۆکییەکانی نێوان ڕەوتەکان بە شێوەی سەرەکی بریتین لە: زۆربەی ڕەوتەکان ڕەخنەیان لە «فێمێنیزمی مارکسی ئەوەیە کە ئەو ڕەوتە، سەبارەت بە ژنان، تەنیا لایەنی ئابووریی زەق و بەرجەستە کردۆتەوە و کەمتر ئاوڕی لە بوارەکانی دیکە داوەتەوە»( فرهنگ اصطلاحات فێمێنیستی). فێمێنیزمی ڕەنگی «باسی هەڵاواردنەکانی نێوان فێمێنیزمی سپی سەبارەت بە ڕەشەکان (ڕەشپێستەکان) و زەرد پێستەکان ئەکات».(هەمان سەرچاوە) فێمێنیزمی جیهانی سێهەم ڕەخنەیان لە

فێمێنیزمی وڵاتانی پێشـــکەوتوو و ڕۆژئاواییی ئەوەیـــە کە «ئـــەوان خۆیان بـــە خوێندەوار، پێشـــەنگ، ســـەربەخۆ لـــە بڕیـــاردان و ... هتـــد ئەزانـــن و ژنانی جیهانی ســـێهەم بە نەخوێنـــدەوار، بەســـتراوە و گیرۆدەی پیاو و بنەماڵە و منداڵ ئەزانن. هەر وەها وەک گەدا و شـــوێنکەوتوویی ڕێبازە فێمێنیستییەکانی ڕۆژئـــاوا حەســـابیان بـــۆ دەکرێ».(هەمـــان ســـەرچاوە ) هەموو ڕەوتە فێمێنیستییەکان پێیان وایە کە «هەســـتێکی دژە ســـامی لە ناخـــی فێمێنیزمی یەهووددا (جوولەکەکاندا) خۆی حەشـــار داوە و بـــە جۆرێک ئەو ڕەوتە فێمێنیســـتییە ڕەگەزپەرەســـتە»( هەمـــان ســـەرچاوە) و ... . ئەوەی لێـــرەدا باس کرا، کورتە ئاوڕێکـــە لە ناکۆکی و دژایەتیی نێوان ڕەوتە فێمێنیســـتییەکان لـــە جیهاندا. ژنان لە جیهاندا بە شـــێوەی ناوبەناو و دوورگەیی (جزیـــرەای) کەم تـــا فرە مافی یاســـایی و ئینســـانیی خۆیانیان بەدەست هێناوە، بەڵام بەگشـــتی ژنان لە ژێر چەرخی تەکنۆلۆژی و ئایدۆلۆژیادا پێشـــێل ئەکرێن و هەم لە لایەن دەســـەلاتی سیاســـییەوە و هەم لـــە لایەن پێکهاتەی بنەماڵە و کۆمەڵگاوە دوو جار دەبنە قوربانی. پەروەردەی ســـەقەت لە ڕاســـتیدا دەتوانێـــت وەک هۆکارێک بۆ دواخســـتن و چەواشەکاریی مافەکانی ژنان لە قەڵەم بدەین. بۆ نموونە، پەروەردەیەک کە بە شـــێوەی فرە ڕەهەنـــد لە ژێر ناوی مافی ژنـــان و ئازادیی تاکەکەسیدا بانگەشە بۆ ئارایشت و مۆد ئەکا. لەو کاتەدا بێجگە لەوەی هیچ مافێک بۆ ژنان دەســـتەبەر نابێ، بەڵکو بە شێوەی ئاشکرا و ڕەوا پۆل پۆل ژنان بۆ کۆیلەتی و دنیای پۆرن ڕادەکێشرێ. جا لەو دنیا ئاڵۆزەی فێمێنیزمدا کە چەواشەکاری لە تەشقی خۆیدایە، دەستی پیاوســـالاری و نێرســـالاری و ... پازڵەکانـــی ڕەوتی ژنانە جێبەجێ ئـــەکات. ئاخۆ ئێمەی کورد دەتوانین بە شەنوکەو کردنی ئەو ڕاستی و ناڕاســـتییانە حەقیقەتی مافی ئینســـانی و ئیخلاقی بۆ ژنان دیاری و دەستەبەر بکەین؟؟

ئایـــا فێمێنیزمـــی کـــوردی بـــە هەموو ڕەوتەکانییەوە ئەتوانێ میکانیزم و نەخشەڕێگا بۆ پێناســـەی مافی ئافرەت لە کوردســـتان و سروشـــتە کۆمەڵایەتـــی و کلتوورییەکـــەی دیاری بکات؟

واقیعـــی پەروەردەی ژنان: ڕێنســـانس و پیشەســـازی و بەگشـــتی تێکنۆلـــۆژی، هەر هەمووی لە ســـەر دەســـتی پیـــاوان ئەنجام دراوە و هەروەها پیاوان بە شـــێوەی مۆدێڕن دیاردەی پیاوســـالاریان گوازتۆتـــەوە بۆ ناو دنیای پێشـــکەوتوو. بۆ نموونـــە لە بوارەکانی میعمـــاری، هونەر، زانســـتی پزیشـــکی و ... هتددا بە شـــێوەی نهێنی و شاراوە، دیاردەی پیاوســـالاری ئەبینرێ. ڕەخنەی فێمێنیستی ســـەبارەت بە بەرگیری لـــە منداڵبوون دەڵێ کە زانستی پزیشـــکی ئەگەر پیاوسالار نییە، بۆچی بۆ بەرگیری لە منداڵبوون سەبارەت بە پیاوان تەنیـــا یەک ڕێکاری بەرگیریی دیاری کراوە بەڵام سەبارەت بە ژنان دەیان ڕێکاری بەرگیری لە زاوزێ هەیە.

ژنان بەگشـــتی و ژنی کـــورد بەتایبەتی، ئامادەیـــی ڕووبەڕووبوونـــەوەی دنیای نوێ و مۆدێرنی نەبـــووە و نییە و تەنانەت پیاوانیش لـــەو بوارەدا کێشـــەیان هەیـــە. ئامادەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، پێویســـتی بـــە ڕاهێنان و پـــەروەردە هەیە. پەروەردە و ڕاهێنان بۆ ژنی کورد جیاوازترە لە پەروەردەی ژنانی وڵاتانی دیکە. گەلی کورد هێشـــتا بە مافە سەرەتایی و نەتەوایەتییەکانـــی شـــاد نەبـــووە و هـــەر ئیستەش بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە خەباتی سەختدان. ژنی کورد لە ژێر باندۆری پەروەردەی دەســـەڵاتەکانی تورک، فارس و عەرەب دایە. بەگشتی دەسەڵاتدارانی زاڵ بە ســـەر کوردستاندا بۆ ئەوەی دان بە مافەکانی کـــورددا نەنێن، تەنانەت زۆرێـــک لە ماف و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان لە خۆیان گرتۆتەوە، واتە نەتەوە باڵادەستەکانی

کوردستان، تامی ئازادیی ڕاستەقینەیان نەچێشتووە. ئەو دیاردەیە لە ئێراندا لە تەشقی خۆیدایە. پەروەردە و ڕاهێنان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازیی هەیە. ئەگەر هەڵسەنگاندن و پێوەرێک بۆ دۆخی ژنان لە چوارپارچەی کوردستاندا دیاری کەین، دەبینین کە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە شێوەی سیستەماتیک چەوساوەترین پارچەی کوردستانە. ڕێژەی خۆکوشتن، دەستدرێژی، توندوتیژیی سێکسی، ماڵی، ڕۆحی، هەڵاتن، گیرۆدەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، لەشفرۆشی، تەڵاق و ... لە ڕۆژهەڵاتدا لە بەشەکانی تر زیاترە. لە کوردستانی خۆرهەڵات پەروەردە بەگشتی و بەتایبەتیی ژنان لە چوار وێژمانی سەرەکی واتە «دین» ، «دەسەڵاتی سیاسیی زاڵ»، «عورف و بابەخە کۆمەڵایەتییەکان» و «ئەحزابی سیاسیی کوردستان»ەوە سەرچاوەی گرتوە. دیاردەی دین وەک وێژمانی سەرەکی و گشتگیر هەموو جمگەکانی کۆمەڵگای تەنیوەتەوە. بۆ نموونە سیکولارترین و چەپترین مرۆڤەکان لە کاتی هەستیاری وەک هاوسەرگیری پەنا دەبەنەوە بەر دین. سیستەمی سیاسی لە ڕێگای دەزگای ڕاهێنان و بارهێنان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، کاریگەریی خۆیان لە سەر پەروەردەکردنی ژنان داناوە. عورف و داب و نەریت بریتییە لەو ڕێورەسمگەلەی کە پێوەندییان بە دین و سیستەمی سیاسییەوە نییە. دیاردەی عورف و نەریت بەزۆری لە بۆنە نەتەوەیی، زەماوەند و شادییەکان، هەرەوەزی و هتددا خۆی دەبینێتەوە. ئەو دیاردەیە لە ڕابردوودا لە ژیانی سوننەتیی کۆمەڵگادا کە ژنان شان بە شانی پیاوان بەشداریی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان بوون، بە چڕی هەستی پێ دەکرا. ئەحزابی سیاسیی کوردستان کاریگەریی بەرچاویان لە سەر کۆمەڵگای کوردستان و پەروەردەی ژنان هەبووە. ڕاکێشانی هەزاران ژن بۆ کاری سیاسی و چەکداری، نموونەی چالاکیی ژنانە. ئەڵبەت ئەحزابی ڕۆژهەڵات، بەهۆی دووری و دابڕان لە کۆمەڵگا و هەروەها نەبوونی میدیای بەهێز، نەیانتوانیوە ببن بە وێژمانی سەرەکی. هەر کام لەو وێژمانگەلەی سەرەوە بۆ خۆی کەموکورتیی تایبەتی هەیە و ئەو کەمایەسییانە نەیانهێشتووە پەروەردەیەکی تەندرووست و سەردەمیانە، ئاراستەی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵات بیێتەوە. لە کوردستانی خۆرهەڵات سیستەمی ڕاهێنان و بارهێنان هەم بە زمانی نارەسەنی کۆمەڵگا (فارسی) یە و هەم لە ناوەرۆکیشدا هەڵگری بابەتی ئایدۆلۆژیکیی شێعەگەرییە. وێژمانی دەوڵەتی لە زۆربەی ڕەهەندەکانی کۆمەڵگادا وەک زمان و ئاخاوتن، جلوبەرگ و بەگشتی لەسەر بنچینە نەتەوەییەکانی کورد شوێنی نەرێنیی داناوە و دەزگای ڕاگەیاندن بەتوندی لە پشت هەموو چەواشەکارییەکاندایە. دۆخی پەروەردەی گشتی لە ئێران چەواشەکارانەیە و لە کوردستان دوو قات تێکدەرانەیە و بەتایبەتیتر لە سەر ژنان زیاتر کاریگەریی نەرێنی و نێگاتیڤی بووە. ژنان کە پارێزەری زمانی دایکین، زیاتر لە پیاوان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی فەرهەنگ و زمانی سەقەتی ناوەند.

یەکێ لە فاکتە گرنگ و هەستیارەکان کە لە سەر پەروەردەی ژناندا دەوری بەرچاو و براوەی هەیە، پرسی زمانە. ژنان لە قەوارەی زماندا پەروەردە ئەبن و هەتا زمان دەرەتانی پێشکەوتن و گەشەی ببێ، بێگومان ئاخێوەرانی پێش ئەکەون. لە ڕابردوودا بەهۆی زاڵبوونی بابەتە مەعنەوی و ئیخلاقییەکانەوە زمانیش لە ژێر کارتێکەری و هێژموونیی ئەو بابەتەدا، ڕەگەزایەتی کراوە. ڕەگەزایەتیبوونی زمان حەکایەتە لە دروستبوونی دوو جیهانبینیی جیاواز لە نێوان نێر و مێدا. بۆ نموونە، لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبیدا جێناوەکانی «She و He» و «هو و هی» سەلمێنەری ئەو وتەیەن

و تەنانـــەت لـــە شـــێوەزاری هەورامیدا کە یەکێ لە شـــێوەزارەکانی زمانی کوردییە، ئەو دیاردە ڕەگەزایەتییـــەی زمان بەدی ئەکرێ. پەرەســـەندنی دیـــاردەی دین لـــە جیهاندا و درێژەکێشـــانی هێژموونییەکـــەی هەتـــا سەردەمی ســـەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیا زەوینی و ماتریاڵیستییەکان لە سەدەی بیستەمدا وەک شێعر، گۆرانی، ڕۆمان، پەندی پێشینیان و ... هتدە. کاتێک زمان بە شـــێوەی یەکلایەنە و بە قازانجی پیاوان ڕەگەزایەتی کراوە، ئیتر بە شێوەی خۆڕسک و بەردەوام ڕەگەزی مێ لە تەمەنی منداڵیدا دەخاتـــە پەراوێزەوە و هەر ئـــەو زمانە ئەبێتە هۆی ئەوە کە بۆشـــایی لە نێوان ژن و پیاودا دروســـت ببێ. بەردەوامی و بەرهەمهێنانەوەی دیاردەی پەراوێز خستن و توندوتیـــژی لە دژی ژنان ســـەرەتا لە نێو بازنەی زمانەوە دەســـت پێـــدەکا و تەنانەت ژنـــان بۆ خۆیان لـــە دژی ژنان ئـــەو گورزە ڕەگەزایەتییەی زمان بەکار دێنن.

## میکانیـــزم و ڕێکارەکانی پـــەروەردەی نیشتمانی

پـــەروەردەی ژنان پەروەردەیەکی هەســـتیار و گرنگە و ئەگەر لە ســـەر بنەما و شـــێوازی کلاسیک و تەنانەت ئایدۆلۆژیک ژنان بخرێنە بەر پرۆســـە و پەروەردەی نیشـــتمانی، ئەوا ســـەر لە نوێ، ئەکەونە نێو بازنەی پەروەردە و بیری پیاوســـالاریی سەردەم. کاتێک باسی نیشتمان دێتە پێشـــەوە، باسەکە بە شێوەی خۆڕســـک پیاوڕەهەندانـــە ئەبێتـــەوە چونکە نیشتمان بریتییە لە جوغرافیایەکی دیاریکراو کە لە ســـەر هەندێک بنەما و تایبەتمەندی وەک زمان، خاک، جوغرافیا، مێژوو، شانازییە مێژوویی و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و ... هتد چەقی بەســـتووە. ئەو تایبەتمەندییانە ڕەگ و ڕیشەیان لە مێژوودایە و بە کورتی بەرهەمی پیاوسالارییە، هەر بۆیە ئەگەر ئاگادار نەبین، ســـەرلەنوێ مێـــژووی کۆمەڵایەتیمان (باش بووبێت یـــان نا) دەرحەق بـــە ژنان دووپات ئەبێتەوە. لـــە لایەکی دیکەوە پـــەروەردەی نیشتمانی، پەروەردەیەکی فەرمییە و هەم لە هەموو وڵاتانی جیهاندا ڕەچاو ئەکرێ و هەم پیاوان لە پەروەردەی نیشـــتمانیدا بەشدارن، هـــەر بۆیە پێویســـتە ژنانیش لەو پرۆســـەیە بێبـــەش نەبـــن. لێـــرەدا ئەوەی پێویســـتە، ســـەبارەت بە پەروەردەی نیشتمانی ژنان لە ئیمرۆدا ئاوڕی لێ بدرێتەوە، دەخرێتە بەرچاو.

## زمانی نوێ

لە بابەت و چەمکە فێمێنیستییەکاندا زمانی نـــوێ بریتییە لـــە زمانێک کە لـــە توخم و ڕەگەزەکانی پیاوســـالاری پاکـــژ کرابێتەوە و هەروەها بەشـــی ژنانیشی تێدا ڕەچاو کرابێ. بەکورتی، زمان لـــەو کاتەدا دەبێ ئاندرۆژنی کرابێـــت و ژنان وەک پیاوان بەشـــی خۆیان لە نێو قـــەوارەی زماندا ببیننەوە. زمان وەک ڕۆحی نەتەوە و یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتـــە و نیشـــتمان، ڕۆڵـــی گرنگـــی لە پێوەندییەکان و گواســـتنەوەی زانیارییەکانی نێـــوان مرۆڤەکانـــدا هەیـــە. چارەســـەریی توخمـــە ڕەگەزایەتیکراوەکانـــی دەروونیـــی زمان، بەڕاســـتی بەشـــی هەرە زۆری کێشە دەروونـــی، فیکـــری و ئەخلاقییەکانـــی پێوەندیـــدار بـــە ژنانەوە چارەســـەر ئەکات. دەسپێک و سەرەتای چاکســـازی لە زماندا بـــە دیموکراتیک کردنی زمانە. کاتێک زمان دیموکراتیـــک کرا، ئیتر دیـــاردە مۆدێرن و پێشـــکەوتنخواز و سەردەمییەکان لە بازنەی زمانـــدا جێگیـــر ئەبن و دەبنـــە جێگرەوەی دیـــاردەی نەریتی و پیاوســـالارییە باوەکان. بەدیموکراتیک کردنی زمان، واتا نەهێشتنی دیاردە نهێنـــی و باوەکانی وەک توندوتیژی، پۆرنۆگرافی و کەم نرخاندنی ژنان لە نێو وتە، ڕستە و دەستەواژەکاندا. دیموکراتیک کردنی زمان پێویســـتی بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی درووست و ســـەردەمیانە هەیە. زمانی نوێی

فێمێنیســـتی ئاوڕ لە هەموو چەمک و بابەتە فێمێنیستییەکان ئەداتەوە.

## ژن و ژینگە

زمانی نوێی فێمێنیستی بۆ ئەوەی کە گشتگیر بێ و بەردەوام لەگەڵ سەردەم، بەرۆژەڤ و نۆژەن بێتەوە، دەبێ لەگەڵ وێژمانی زاڵ لە کۆمەڵگادا تێکەڵ بێ و گەشەی پێ بدرێت. لە دنیای ئیمرۆدا لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەو جیهانـــەدا بابەتی ژینگـــە بابەتی زاڵ و جیهانییە. لە ڕاســـتیدا زمانی مرۆڤایەتی بە لای ژینگەدا شـــکاوەتەوە و زۆربەی بابەت و چەمکەکان ڕوو لـــە کەمڕەنگبوونەوە چوون و جێیان بۆ پرســـی ژینگە خاڵـــی کردووە. ژنان وەک نیوەی حەشـــیمەتی سەر زەوی هـــەم کاریگەرییان لە ســـەر ژینگە هەیە و هەم لـــە ڕابردوودا زیاتر لە پیاوان گرێدراوی ژینگە بـــوون. بە درێژاییی مێـــژوو، ژنان لە کاولکاریی ژینگەدا هیچ ڕۆڵێکی ســـەرەکی و پێشـــەنگانەیان نەبووە. شـــەڕە گەورەکان سەرەرای ئەوەی لە سەر دەستی ژنان ئەنجام نـــەدراوە، بەڵکو خەســـارمەندی ســـەرەکی، ژنان و منداڵان بـــوون. ئێکۆفێمێنیزم وەک ڕەوتێکی پێشکەوتوو و ژینگەپارێزانەی ژنانە، بابەتگەلێکی هێنایە ئاراوە کە «ڕەوتی تێکدەرانە و ســـەرمایەداریی پیاوسالارانەی ڕووبەڕووی تەنگـــەژە ئەکردەوە.»(هەمـــان ســـەرچاوە ) لەو چـــەن ســـاڵەی دواییدا پرســـی ژینگە (وشکەساڵی، لافاوەکان، پیسبوونی ئاو، هەوا و خاک، سووتانی دارستانەکان، سەرهەڵدانی نەخۆشینە گشـــتگیر و جیهانییەکانی وەک کۆرۆنا و ... ) هۆکارگەلێکی ســـەرەکی بوون بۆ زاڵبوونی وێژمانی ژینگە و درووســـتبوونی زمانی ژینگەیی. لە کوردستان لە مێژە زمانی کوردی بـــە هۆکارگەلـــی وەک جوغرافیای سرووشـــتی و دۆخی ژیانـــی کۆمەڵایەتی و بەشداریی ژنان و پیاوان لە دەرەوەی ناوماڵ و لە باوەشـــی ژینگە، ڕەنگ و بۆنی زمانێکی ژینگەیی بە خـــۆوە گرتووە. زمانی کوردی لایەنی ژینگەیی بەهێزە و گەشـــەپێدان و بووژانەوەی ئەو بـــوارەی زمانی کوردی، ئەم زمانە بەرەو زمانی هاوبەشـــی ژنان و پیاوان و دیموکراتیک بـــوون دەبات. زمانی کوردی پوتانســـێل و توانســـتی ئاندرۆژنـــی کردنی هەیە و بووژانەوەیشـــی لە دەســـتی دەزگای دەسەلات، نووسەران، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ئەحزابدایە. بۆ کوردســـتانی ڕۆژهەلات کە دەســـەلاتێکی ســـەرکوتگەر وەک کۆماری ئیسلامی، کۆلۆنیی کردوە و هەموو مافەکانی سەرکوت و بەربەســـت کردووە پەروەردەی نیشـــتمانیی، لە نێـــوان ڕێکخراوەکانی ژنان و منداڵپارێـــزەکان، ئەحـــزاب و ڕۆناکبیراندا دەستاودەســـت دەبێتـــەوە و ئاڵوگـــۆڕی پێ دەکرێ. کاریگەریی ئەو ناوەندە ڕۆشنبیرییانە لە سەر یەکتر بە جۆرێکە کە ئەتوانین بڵێین کە چالاکیـــی ڕێخراوەکانی ناوخۆ هاوتەریب و هاوکوفـــی ئەحزابی سیاســـیین. یەکەمین هەنگاو بۆ دروســـت کردنی بناخەیەکی پتەو بۆ پەروەردەی نیشـــتمانیی ژنان، بە کوردی کردن(کوردیزە)ی هەمـــوو چەمک و بابەتە پێوەندیدارەکانـــی تایبەت بـــە پەروەردەیە. هەنگاوی دووهەم ئەوەیە کە ڕێکخستنەکانی ژنان دەبێ لە ســـەر واقیعـــی کۆمەڵگا پێک بێن؛ بۆ نموونە لە کوردســـتانی خۆرهەلات، چەندین پێکهاتـــە و کەمینەی ئاینی هەن، هەر بۆیە پێویســـتە ئەو پێکهاتانە لە ســـەر بنەمـــای هزری خۆیان، بزاڤی فێمێنیســـتی ڕێک بخەن بۆ نموونـــە فێمێنیزمی ئایین و مەزهەبەکانی( یارســـان، سوننە، شێعە و ،،،). ئەو ڕەوتگەلـــە ئەگەر لە نـــاو پێکهاتەیەکی گشـــتیدا بە ناوی ژنانـــی خۆرهەلاتدا یەک بگرنـــەوە، ئەوا هـــەم ڕەنـــگ و ڕوواڵەتێکی دێموکراتیک بەخۆوە دەگرێ و هەم ژنان لە ژێر چەتری بیروبڕوای ئایینی خۆیاندا بەرەو یەکگرتوویی، کرانەوە بەڕووی جیهانی نوێ و دیموکراتیزاسیۆن دەڕۆن.

# ئەسڵە بنەڕەتییەکانی خوێندن و پەروەردەی نیشتیمانی و نەتەوەیی لە کوردستاندا

**ئیبراهیم ساڵح ڕاد**

کولتووری ئازادیخوازی و ڕزگاریخوازانە بووەتە سیمای هەرە ئاشکرای ئینسانی کورد. لە لایەکی دیکەشەوە ژیان و ململانێ و بەرخۆدان و بەربەرەکانێ دەگەڵ داگیرکەران و پەلاماردەرانی کوردستان، ڕۆڵەکانی گەلی کوردی دەگەڵ زۆر لایەنی فەرهەنگی ئەوان ئاشناکردووە. ئەو پەیوەندییە نابێ ببێتە مایەی خۆبەکەمزانی و خۆبەکەمگریی ئینسانی کورد. ڕاست بە پێچەوانەوە، پێویستە کولتورو فەرهەنگ و سیاسەتی ئێمە وەک نەتەوە بەهێزتر بکات، بە جۆرێک کە باشتر لە کڵ بێینە دەر وهەستی نەتەوایەتیمان تۆختر و بەهێزتر بکات.

## سەرەتا

لەو وتارەدا، بەکەڵک وەرگرتن لە ئەزمونی کار و خوێندنەوەی خۆم و هەروەها لەبەر رووناکاییی پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێربوون لە نۆروێژدا، هەوڵ دەدەم ئەو هێڵە گشتییانەی کە دەکرێ وەک ئەسڵە بنەڕەتییەکانی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا، هەموو پرۆگرامەکانی دیکەی پەروەردە و خوێندن و فێربونیان لەسەر بنیات بنرێ، پێشنیار دەکەم.

وتارەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێک دێت. لە پێشەکیی باسەکەدا هەوڵ دەدەم بایەخی ئەو ئەسڵە گشتییانە، وەک بەردی بناخەی پەروەردە و فێرکردنی نیشتیمانی روون کەمەوە. دوایە زۆر بەکورتی پرەنسیپ و بایەخە بنەڕەتییەکانی پەروەردە و خوێندن و فێربوون، دەخەمە بەرباس.

**بەشی یەکەم:** ئەو بایەخ و نرخە بنەڕەتییانەی کە پێویستە پەروەردەی ئێمەیان لەسەر بنیات بنرێ.

**بەشی دووهەم:** پرەنسیپە گشتییەکانی پەروەردە و فێربوون و گەشەسەندن و پێگەیشتن.

**بەشی سێهەم:** ئەسڵە بنەڕەتییەکانی کار و پراکسیسی قوتابخانە و ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن.

## پێشەکی
## گرینگیی ئەو ئەسڵە گشتییانە لەچیدایە؟

ئەو سێ ئەسڵە گشتییانە بە سەر یەکەوە، بە کۆڵەکەی هەموو بەرنامە و پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن بە حیساب دێن. هەموو منداڵان و لاوان و خوێندکاران، کە بە قۆناخەکانی پێش سەرەتایی و سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و لقەکانی دیکەی خوێندنی پیشەییدا تێدەپەڕن، پێویستە لەبەر ڕووناکاییی ئەو سێ ئەسڵە بنەڕەتییەدا، پەروەردە بکرێن و باربهێنرێن. ئەو ئەسڵانە، ئەو بایەخ و نۆرم و نرخانە لە بەرنامەکانی خوێندن و پەروەردەدا بەرجەستە دەکەن، کە وەک ئەستێرەی ڕێنیشاندەر، نەتەوەی کورد وکۆمەڵگای کوردستان بۆ پێشەوە ئاراستە دەکەن. ئەو ئەسڵانە، هەموو پرۆسەی پەروەردە و فێربوون، دەگرنەوە. بۆیە هەموو ئەوانەی لەو پرۆسەیەدا ئەرک و بەرپرسایەتییان لەسەر شانە، پێویستیە پەیڕەوییان لێ بکەن و تێکۆشن لەکاری ڕۆژانەی خۆیاندا دەکاریان بکەن.

پەروەردە و فێربوون لە کوردستاندا، بە هاوکاریی ماڵ و کۆمەڵگا، پێویستە دەرگای دونیای ئەمرۆ و سبەی بەڕووی قوتابیدا بکاتەوە. خوێندکار لەگەڵ کولتوور و فەرهەنگی نیشتیمانی و نەتەوەیی و جیهانی ئاشنا بکا و توانایی و لێوەشاوەیییەکانی، لە ڕێگای وەدەستهێنانی شارەزاییە تەکنیکی و زانستییە جۆراوجۆرەکانەوە بەرێتە پێش، تا بتوانێ لە کۆمەڵگادا، وەک کەسایەتییەکی کارا و دیموکرات کار بکا و هەڵسوڕێ، ماڵیات بدا و ئەرکی خۆی بەڕێوەبەرێ و ئازایانەش بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خۆی و گەل و خەڵکانی دیکە بکات.

پەروەردە و فێربوونی ئێمە پێویستە لەسەر بناخەی ئەو نرخە جەوهەرییە کوردستانی و ئینسانییانە، ئەو داب و نەریتە ڕەسەنە کوردستانی و ناوچەیی و جیهانییانە، کە لەگەڵ ستانداردە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ دێنەوە، بڕواتە پێش. دێموکراسی. برایەتی، ئاشتی، تۆلێرانس، عەداڵەت و عەداڵەتخوازی، یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ئینسان، بەشێکی بەرچاوی ئەو بایەخە ئەساسییانەن.

ئینسانی کورد پێویستە هەموو ئەو شارەزاییانە فێربێت کە بۆ ژیان و کار لە کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ و مۆدێڕندا،

پێویستی پێیەتی. ئەوە ئەرکی پەروەردەیە ئەو ئامانجە وەدی بێنێ. لە پێناوی ئەو مەبەستەدا ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانە پێشنیار دەکەین کە دەبێ سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی نیشتیمانی لە کوردستاندا، لەسەریان بنیات بنرێ.

## ئەوبایەخ و نرخە بنەڕەتییانەی کە پێویستە پەروەردەی ئێمەیان لەسەر بنیات بنرێ

**١** لێرەدا ئەو نرخ و بایەخانە دەخەینە بەرباس کە کۆمەڵگای کوردستان و مێنتاڵیتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحیی ئینسانی کورد و نەتەوەی کوردیان لەسەر دادەمەزرێ. ئەو نرخانە بە بەردی بناخەی کۆمەڵگای مۆدێرن و دێموکراسی لە کۆردستاندا دادەنرێن و یارمەتیمان دەدەن کە پێکەوە بژین و کاربکەین و بڕۆینە پێش.

**٢** ئەونرخانە وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ لە فۆرممان دەدەن و بە هەموو جیاوازییەکانمانەوە، دەگەڵ یەک ئاوێتەمان دەکەن. ئەو نرخانە لەو داب و نەریت و ڕێوشوێن و بایەخانەدا خۆیان نیشان دەدەن کە لەو دین و مەزهەب و ڕوانگە سیاسی و فەلسەفییانەوە سەرچاوەدەگرن، کە لە کوردستاندا هەن و لەگەڵ نۆرمە گشتییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا دێنەوە. پەروەردە ئەو بایەخانە زەق دەکاتەوە و دەیانکاتە بەشێکی جیانەکراوە لە کەسایەتیی ئینسانی کورد. قوتابخانە و مامۆستایان تێدەکۆشن ئەو نرخانە بکەنە چرای ڕێنیشاندەری هەموو کار و بەرنامەکانیان لەکاتی فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکان و لاوەکاندا. لە پڕۆسەی پەروەردە و فێربووندا قازانج و بەرژەوەندییەکانی قوتابی دەخرێنە پێش هەر شتێکی دیکەوە. مامۆستا بە تایبەتی و سیستەمی پەروەردە، پێویستە ئامێز بۆ هەموو کەس لە کوردستاندا بکاتەوە و مەیدانی هەڵدان و گەشەی بۆ دروست کات.

## بایەخ و کەرامەتی ئینسان

سیستەمی پەروەردە پێویستە تێکۆشێ کە ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ و بەهێزکردنی ئەو بایەخانەی پەیوەندیان بەوەوە هەیە، بکاتە ئامانجی سەرەکیی پەروەردە وفێرکردن و پڕۆگرامەکانی خوێندن وڕاهێنان. عیززەت و کەرامەتی مرۆڤ، بەرز و پیرۆزڕادەگیرێ و لە هیچ هەلومەرجێکدا، نابێ هێرش و پەلاماری بکرێتەسەر. سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازییانەی نێوانمان، مرۆڤەکان بایەخی وەک یەکیان هەیە. کاتێک مامۆستا لە کاری ڕۆژانەیدا ڕێز و حورمەت بۆ قوتابییەکەی دادەنێ، ئەوە بەکردەوە کەرامەتی ئینسانیی خوێندکارەکەی بەرز دەنرخێنێ و لەهەمان کاتدا لەنێو پۆل و قوتابخانەشدا، لەنێوکۆڕی گشتیی هاوپۆلەکانی قوتابییەکەشدا، پلەوپایەی ئینسانیی قوتابی بەرزدەکاتەوە و ئەوانیش فێردەبن دەگەڵ یەکتر ئاوا ڕەفتار بکەن. بەوجۆرە ئەو هەڵسوکەوتە دەگوێزرێتەوە بۆ نێو کۆمەڵگاش و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لە نێو خەڵکدا و لە پەیوەندیی نێوان ئینسانەکاندا، بەرجەستە دەبنەوە.

مافەکانی مرۆڤ لە عیززەت و کەرامەتی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرن و بە بەردی بناخەی دەوڵەتی قانوون دادەنرێن. ئەو مافانە بریتین لەو نۆرم و ستانداردە جیهانییانەی کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا پەسندکراون وهەموو مرۆڤەکان، بە هەموو جیاوازییەکانی نێوانیانەوە، لە هەر کوێی ئەو سەرزەوییە بن و لە هەر جێیەکەوە هاتبن، دەگرنەوە. لەو نێوەدا کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵ، کە لە پەیوەندی دەگەڵ منداڵان و مێرمنداڵان و لاواندا، بە بەشێکی

گرینگی میکانیزمە نێونەتەوەیییەکانی مافی مرۆڤ دادەنرێت، شوێنێکی تایبەتی هەیە و سیستەمی پەروەردەی ئێمە لە کوردستان، لەسەریەتی، لە کاری خۆیدا، قورساییەکی زۆرتری بخاتە سەر. پەروەردە و فێرکردن بە گشتی پێویستە لەهەموو ئاستەکانیدا. لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤدا هاوئاهەنگ بکرێ. جیا لەوەش لەهەموو قۆناخەکانی خوێندن و پەروەردەدا، قوتابی پێویستە زانیاریی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ وەدەست بێنێ. بەومانایە کە دەبێ خوێندنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، لە خشتەی ڕۆژانە و هەفتانەی دەرسەکانی قوتابخانەدا، جێگای تایبەتی و گرینگیی خۆیان بۆ بکرێتەوە. لەو ڕێگایەوەیە کە ئەو نۆرمانە، کە بنچینەی ئاشتی و برایەتی و عەدالەتن، جێگای خۆیان دەکەنەوە و دەبن بە بەشێک لە کەسایەتیی ئینسانی کورد وتایبەتمەندیی کۆمەڵگای کوردستان.

یەکسانی و هاوبایەخی لە نێوان ئینسانەکاندا، لەو بایەخە ئینسانییانەن، کە مرۆڤ لە سەرتاسەری مێژووی خۆیدا، لە پێناوی جێگیرکردنیاندا خەباتی کردوە. بەوحاڵەش هێشتاش پێویستە پەروەردە بەگشتی و ناوەندەکانی خوێندن بەتایبەتی، کاری زۆرتریان لەسەر بکەن تا باشترجێگیربن. مامۆستا، قوتابخانە و پەروەردە، پێویستە بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروارانە، بێ هیچ چەشنە جیاوازی دانانێک، هەڵسوکەت و ڕەفتار دەگەڵ هەریەکێک لە قوتابییەکاندا بکات. جیا لەوە قوتابییان دەبێ دەرفەت و شانسی وەک یەکیشیان بدرێتێ، تا بتوانن، بە شێوەیەکی سەربەخۆ بڕیار بدەن و هەڵبژێرن. قوتابخانە و پەروەردە بەگشتی، پێویستە ڕێز لە جیاوازییەکانی نێوان قوتابییەکان بگرن. ئەو ڕەنگاوڕەنگییەی نێوان منداڵەکان، ئەو جۆراوجۆرییەی لە نێو قوتابییان و خوێندکاراندا هەیە، دەبێ بە هێند بگیرێ و بە ڕەسمیش بناسرێ. پەروەردە لە سایەی ئەو ڕەنگاورەنگیە، بە مایەی دەوڵەمەندی بزانێ و وەک کەرەسەیەکی بەنرخ لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، بەکاری بێنێ و ئیلهام و هێزی لێ وەرگرێ. قوتابخانە دەبێ ئەو دەرفەتە، ئەو فەزایە بۆ هەموو قوتابییەکان دروست بکات، کە هەست بە بوونی خۆیان و پەیوەندیی توندی خۆیان دەگەڵ پۆل و قوتابخانە و کۆمەڵگای دەوروبەیان بکەن. واتە خۆیان لەو چواچێوەیەدا بدۆزنەوە. هەموومان پێویستە بە ئێسک و پێستەوە لەوە حاڵی بین کە هەر لەوکاتەدا کە جیاوازیمان لە نێواندا هەیە، هاوبایەخین و لەسەرمانە بە ڕێز و حورمەتەوە ڕەفتاردەگەڵیەکتر بکەین. بۆیە زۆرگرینگە پەروەردە بایەخ بە جیاوازییەکانی نێوان قوتابییان بدات، بە هێندیان بگرێ و بیانبینێ و بەرەسمیان بناسێ. سەرەڕای ئەوەش قوتابخانە پێویستە ئەوەمان فێرکات کە بەو هەموو جیاوازییانەشمانەوە، ئێمە ئینسانەکان بەهەزار و یەک داوی دیتراو و نەدیتراوە وە، پێکەوە بەستراوینەتەوە.

مرۆڤەکان ناسکن و توشی هەڵەش دەبن. بۆیە لێبوردن، هاوپەیوەندی نیشاندان دەگەڵ یەکتر، هاوکاری و چاکە دەگەڵ یەک، چاوپۆشی لەهەڵەی یەکتر، خۆشەویستی بۆ یەکتر، پشتیوانی لە یەکتر، لەو شتە پێویستانەن کە ئینسانەکان لە پرۆسەی گەشەسەندن و پەروەردەبونی خۆیاندا پێویستە تاقییان بکەنەوە و لەگەڵیان ڕابێن، بە جۆرێک کە ببنە عادەتی ژیانی ڕۆژانەمان.

ئازادیی عەقیدە و ویژدان و ئازادیی بەیان، لە پرەنسیپە بنەرەتییەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤن. پەروەردە لەسەریەتی ئەو نۆرمانە بەرجەستەبکات، ڕۆح و گیانیان وەبەربنێ. بەجۆرێک کە

هەموو بتوانن بە ئازادی بیربکەنەوە و بە ئازادیش عەقیدە و بیروباوڕی خۆیان دەربڕن. قوتابییان دەبێ لەسەرتاسەری پڕۆسەی پەروەردە و فێربووندا، فێربن کە چۆن ڕێز و حورمەت لە کەرامەت و عیززەتی مرۆڤ دەگرن. لەوەش زیاتردەبێ ئەوەش فێر بن کە ئەوان خۆیان چۆن دەتوانن ئەو ڕێز وحورمەتە پەرەپێ بدەن.

## شوناس و ناسنامە، هەمەچەشنیی فەرهەنگی و فرە کولتووری

سیستەمی پەروەردە بەگشتی و قوتابخانە بە تایبەتی، پێویستە زانیاری لەسەر چۆنیەتیی پەرەسەندنی مێژوویی و کولتووریی مرۆڤ بداتە قوتابی، بەجۆرێک کە هەر قوتابییەک و هەر تاکێکی کۆمەڵ بتوانێ شوناس و ناسنامەی خۆی ئازادانە گەشە پێ بدا و لە چوارچێوەی کولتوور و فەرهەنگی گشتیدا، شوێنی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە کە قوتابخانە و کۆمەڵگا بەگشتی فەرهەنگێکی کراوەیان هەبێت و توانای ئەوەیان تێدا بێت کە باوەش بۆ هەموو قوتابییان و هەموو ئینسانەکان بکەنەوە و کەس هەڵناوێرن و جیاوازی بەکەس نەکەن.

بۆ ئەوەی قوتابی و تاکی کورد بتوانێ ناسنامە و شوناسی سەربەخۆی خۆی پەیدا بکات، پێویستە پەروەردە و قوتابخانە دەرفەتی ئەوەی بۆ بڕەخسێنن کە شارەزایی لەسەر مێژوو وکولتوور و فەرهەنگی نەتەوەییی خۆی پەیدا بکات. تەنیا لەو ڕێگایەوەیە کە ئینسانی کورد پەیوەندییەکی توندوتۆڵ دەگەل نەتەوەی خۆی و نیشتمانی پەیدا دەکا و هەستی کوردستانی بوون لە ناخیدا ڕەگ دادەکوتێ وغرووری میللی و نیشتیمانیی لەلا دروست دەبێت.

لەو ڕێگایەوە قوتابییان دەگەڵ ئەو بایەخانە، دەگەڵ ئەو دابونەریت و نرخە کولتووری و مێژووییانە ،کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ و زیندوو، کە لەسەر نیشتیمانی هەزاران ساڵەی خۆی دەژی و بەشێک لە مرۆڤایەتیی گەورەتر پێناسەدەکەن، ئاشنادەبن. لەونێوەدا فەرهەنگ و کولتووری کوردی، زمان و ئەدەبیاتی کوردی بە هەموو زاراوە و بنزاراوەکانەوە، ئەو بایەخە ئایینی و مەزهەبییە جۆراوجۆرانەی خەڵکی کوردستان پەیڕەوییان لێ دەکەن، ڕووداوە مێژووییەکان و بەسەرهات و سەربردەکانی نەوەکانی ڕابردوومان، تێکەڵ لەگەڵ بایەخە بەرزەکانی مرۆڤایەتی و گەلانی دیکە بەگشتی و بەتایبەتی فەرهەنگی دێموکراسی، دەتوانن ببنە دەسمایەی گەورە بۆ قوتابخانە و سیستەمی پەروەردەی ئێمە تا لەو ڕێگایەدا هەنگاو هەڵگرن. فەرهەنگ و کولتوور و زمان و ئەدەب و داب و نەریتی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و زمانییەکانی خەڵکی کوردستان، بەشێکی گرینگ و هەرگیز جیانەکراوەی کولتوور و فەرهەنگی کوردستانین و سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، دەبێ بایەخیان پێ بدا، بیانباتە پێش و کاریان لەسەربکا و بە هێندیان بگرێ و دەرفەتی گەشە و هەڵدانیان بۆ بخولقێنێ. بەو شێوەیە فەرهەنگ و کولتووری هاوبەشی کوردستانی دروست دەبێ و دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوومان.

ئەو کولتوور و فەرهەنگە هاوبەشە کوردستانییە زۆر گرینگە تا ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد خۆیان بناسنەوە و هەستی هاوفەرهەنگی و هاوچارەنووسی وهاوپەیوەندییان لەنێواندا دروست و بە هێزبێ. ئەمەش بە نۆرەی خۆی ناسنامەی تاکی کوردستانی، کە لە چوارچێوەی فەرهەنگ و کولتووری

کۆمەڵگای کوردستاندا دروست بووە و لە ڕەوتێکی مێژوویی درێژخایەندا فۆرمی گرتووە، بەهێزدەکات. ئەو چوارچێوە بەرینە هاوبەشە کولتورییە، جێگای کولتوور و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی تێدا دەبێتەوە و مەیدانێکی بەرین بۆ گەشەی هەمووان لە چوارچێوەی خۆیدا دەکاتەوە. بەو جۆرە ئینسجامی میللی و هاوپەیوەندیی نەتەوەیی لە نێو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستاندا دروست دەبێت. لە قوتابخانە و ناوەندەکانی دیکەی پەروەردە و فێرکردندا، منداڵان، لاوان، خوێندکاران، فێردەکرێن کە گوێ لە سەرنج و بیروڕا و هەڵوێستی جیاوازی یەکتر بگرن و بە سنگفراوانییەوە تۆلێرانس لە خۆیان نیشان دەن و لەو شوێنەش کە پێوستە، ڕەخنە بگرن و پێرسپێکتیڤی خۆیان و ڕوانگەکانی تایبەت بە خۆیان بەیان بکەن و بۆ بردنەپێشیان بە شێوەیەکی ئوسولی و دێموکراتیک لە ئیمکانات و کاناڵە جۆراوجۆرەکانی بەشداری و شوێندانان کەڵک وەرگرن. کۆمەڵگایەکی فرەفەرهەنگی، فرەکولتوری، فرە نرخ و فرەچەشن، دەرفەت بۆ دروست بوونی شوناس و ناسنامەیەکی بەهێزی کوردستانی پێک دێنێ.

قوتابخانە و پەروەردە لەسەریانە توانا و لێوەشاوەیییەکانی قوتابی بۆ بەکارهێنانی زمان، بە هەموو شێوەکانیەوە، بە هێز و پەرە پێ بدەن. گەشەپێدانی شوناسی زمانی لەلای قوتابی، یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی قوتابخانەیە لە کوردستان. مەبەست ئەوەیە کە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستاندا پێویستە هێندە سەرمایەگوزاری لەسەر خوێندن و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بکات، کە قوتابی بتوانێ بە ئاسانی و بە دڵنیاییەوە زمان بۆ بیرکردنەوە، بۆ فێربوونی زیاتر، بۆ کۆمیونیکاسیۆن(پەیوەندیگرتن)، بۆ دروست کردنی ڕایەڵەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی، بۆ داهێنان و گەڕان بەدوای مانا و جوانی و زانیاریدا، بەکاربێنێ. زمان ناسنامە و ئاگاهیی کولتووری و فەرهەنگیمان دەداتێ. لە کوردستان، زمانی کوردی بە هەموو زاراوەکانیەوە و زمانی کەمایەتییەکانی دیکەی خەڵکی کوردستانیش وەک یەک و بێ جیاوازی، لە قوتابخانەکانماندا و لە لایەن سیستەمی پەروەردە وە، سەرمایەگوزارییان لەسەردەکرێ. قوتابی و تاکی کورد پێویستە زانیاری سەبارەت بە زمان و ئەدەبی کوردی و زمان و ئەدەبیاتی گەلانی دیکەی دانیشتووی کوردستان هەبێ، تا بتوانێ لە و دەرفەتانە کەڵک وەرگرێ کە لە کۆمەڵگای فرەفەرهەنگی کوردستاندا لە ئارادان. تا بتوانێ لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەو دابونەریتە جۆراوجۆرانە تین و هێز بۆ ژیان و چوونەپێش وەرگرێ کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەرچاودەکەون و بە سەرچاوەی دەوڵەمەندیی کولتووری کوردی بە حیساب دێن. هەموو قوتابییان لە کوردستان و هەموو تاکێکی کورد پێویستە وێڕای زمانی دایکی، چەند زمانی دیکەی ناوچەیی و جیهانیش بزانن و لە کار و ژیانی ڕۆژانەدا کەڵکیان لێ وەرگرن تا بتوانن بازاڕ و فەرهەنگی کوردستان بە بازاڕ و فەرهەنگی ناوچەکانی دوور و نزیکی کوردستانەوە ببەستنەوە و هەوڵدانی ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەستەبەربکەن.

کوردستان بە درێژایی مێژوو، بە گوێرەی هەڵکەوتە جوگرافیاکەی خۆی، هەمیشە کەوتۆتە بەر کاریگەریی سیاسەت و فەرهەنگ و کولتووری نەتەوە و گەلانی دیکەی ناوچەکە. بە تایبەتی دوای دابەشبوون و سەرلەنوێ دابەشبوونەوەی کوردستان، ئەو دیاردەیە زەقتر خۆی نیشان داوە. ئەوە بۆسەدان ساڵ دەچێ، هەوڵدان بۆ سەرکوت وسڕینەوەی

ناسنامەی کوردستانی، سیاسەتی ڕەسمیی ئەو حکومەتانەیە کە کوردستانیان لە نێوان خۆیان دا دابەش کردووە. لەو پەیوەندییەدا تەنانەت بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی خۆیان ڕەفتاری ئیستعماری و تەنانەت فاشیستیشیان لەخۆیان نیشان داوە. هیچ گومانی تێدا نییە کە ناسنامەی کوردستانی و شوناسی نەتەوایەتیی ئێمە لەو ململانێ و خەبات و بەربەرەکانێ و بەرخۆدان و ڕاپەڕینانەدا، شکڵی گرتووە، خەملیوە و پوختەتر بووە. ئەو بەربەرەکانێیە گەلی کورد و ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستانی لە مەیدانی خەبات بۆ ئازادی و مافە ئینسانییەکانی خۆیاندا، قاڵ کردوونەتەوە. ئەو مێژووە دوور و درێژە کە پڕیەتی لە حەماسە و بەربەرەکانی، خسڵەتێکی تایبەتی بە ڕۆڵەکانی کوردستان بەخشیوە. کولتووری ئازادیخوازی و ڕزگاریخوازانە بووەتە سیمای هەرە ئاشکرای ئینسانی کورد. لە لایەکی دیکەشەوە ژیان و ململانێ و بەرخۆدان و بەربەرەکانێ دەگەڵ داگیرکەران و پەلاماردەرانی کوردستان، ڕۆڵەکانی گەلی کوردی دەگەڵ زۆر لایەنی فەرهەنگی ئەوان ئاشناکردووە. ئەو پەیوەندییە نابێ ببێتە مایەی خۆبەکەمزانی و خۆبەکەمگریی ئینسانی کورد. ڕاست بە پێچەوانەوە، پێویستە کولتورو فەرهەنگ و سیاسەتی ئێمە وەک نەتەوە بەهێزتر بکات، بە جۆرێک کە باشتر لە کڵ بێینە دەر وهەستی نەتەوایەتیمان تۆختر و بەهێزتر بکات.

لە دونیای هاوچەرخ و گلۆباڵدا، شارەزایی لەسەر کولتوور و زمان و فەرهەنگ و داب و نەریتە جۆراوجۆرەکانی گەلانی دیکە، بۆخۆی بە چەشنێک لە زانست و لێوەشاوەیی، بەحیساب دێت. بۆیە پەروەردەی ئێمە لە کوردستان هەرلەوکاتەدا، کە سەرمایەگوزارییەکی زۆر لەسەر پەرەپێدانی ناسنامەی کوردستانیی ئینسانی کورد دەکا، پشتیوانیی ئەوەش لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەکا تا کۆدە فەرهەنگی و کولتورییەکانی گەلان ومیللەتانی دیکە فێربن و بۆ بردنەپێشی خۆیان و قازانج و بەرژەوەندییەکانی کوردستان، بەکاریان بێنن. ئەوە هەر لەوکاتەدا کە شوناسی مرۆڤی کورد بەهێز دەکا و شوێن پێی لە نێو گەلانی دیکە قایم دەکا، دەرگای دونیای ئەمڕۆ و سبەینێشی بە ڕوودا دەکاتەوە.

## بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ئازایەتی و ئاگاهیی ئەخلاقی

سیستەمی پەروەردە بە گشتی و قوتابخانە بە تایبەتی پێویستە پرسیار لە لای قوتابی دروست بکا، عیشق و توانای گەڕان و لێکۆڵینەوەی تێدا بخوڵقێنێ، هانی بدا و فێری بکات کە بە دوای لێکۆڵینەوەی زانستیدا بگەڕێ و بە شێوەیەکی زانستی بیربکاتەوە و بەگوێرەی پرەنسیپە ئەخلاقییەکان ڕەفتاربکات.

قوتابخانە لەسەریەتی قوتابی بە جۆرێک باربێنێ کە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و زانستی بیربکاتەوە. مەبەست ئەوەیە کە قوتابی فێربێت ئەقڵ و میتۆدی تەحقیقات و لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕەخنەگرانە، بۆڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ دیاردە سروشتی و کۆمەڵاتی و فەرهەنگییەکان دەکار بکا. لەو پەیوەندییەدا دەبێ ئەوە بزانین کە کە ئەو میتۆدانەی بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوەی حەقیقەت و دیاردە جۆراوجۆرەکان بەکاریان دێنین، کاریگەرییان لەسەر ئەو ئاکامانە هەیە کە لەو پەیوەندییەدا وەدەستمان دەکەون. بۆیە هەمیشە دەبێ لەکاتی لێکۆلینەوەکانماندا، میتۆدێک یا ئەو میتۆدانە هەڵبژێرین کە دەگەڵ لێکۆڵینەوەکانمان دێنەوە.

بــۆ ئــەوەی بــە زانیاریــی تــازە و حەقیقەتی نوێتر بگەین، پێویستە زانیارییە جێکەوتــووەکان بخەینە بــەر زەرڕەبینی لێکۆڵینەوەی زانستی و بە تیئوری و میتۆدی زانســتی و ڕەخنەگرانە هەڵیانســەنگێنین و بە بەڵگــەی ڕوون و حاشــاهەڵنەگرەوە بیانخەینە ژێر پرســیار. خوێندکاران دەبێ فێر بن بۆ وەدەستهێنانی زانست و زانیاری، بە دوای ســەرچاوەی جۆراوجۆردا بگەڕێن و بە شــێوەیەکی ڕەخنەگرانــە بیربکەنەوە و لە ســەرچاوەکان کەڵک وەرگرن. قوتابی پێویســتە میتۆدەکانی گەیشتن بە زانیاری و زانست فێربێ. هەر لەوکاتەدا قوتابخانە و سیســتەمی پەروەردە پێویستە قوتابییان وا ڕابێنــێ کە لەوەش حاڵی بن کە هیچ دوور نیــە ڕوانگە و هەڵوێســت و ئەزموونەکانی ئــەوان کەموکوڕیان تێدا بــێ و هەڵە بن. لێکۆڵینــەوە و وردبونــەوەی ڕەخنەگرانــە پێویســتی بە زانست و زانیاریی تایبەت بە خۆیەتــی. بەڵام دەبێ ئــەوەش بزانین کە لێکۆڵینــەوەی ڕەخنەگرانــە، فەزایەکی پڕ لە دڕدۆنگی و شــک و گومانیش دروست دەکات. بۆیە پەروەردە و قوتابخانە لەسەریانە باڵانســێک لە نێوان ڕێزگرتن لە حەقیقەتە جێکەوتــووەکان لــە لایــەک و ڕوانگەی ڕەخنەگرانە و هەســتی گــەڕان بە دوای زانیاریــی تازە و پێویســتیی لێکۆڵینەوەی زانســتییانە لەلایەکی دیکەوە، پێک بێنێ. ئەو خەڵلاقییەتە بۆ دۆزینەوەی زانســتی و پەرەسەندنی زانستی پێویستە.

هوشــیاری و ئازایەتیــی ئەخلاقــی ئەوەیــە کە لە پەیوەندی دەگەڵ مەســەلە جۆراوجۆرەکانــدا، هەمــوو لایەنەکانــی کێشەیەک و هەموو ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیــدار بەو مەســەلەیە لــە بەرانبەر یەکدا دانێی و دوای باس و هەڵسەنگاندن، بەتێبینیــەوە ڕەفتار بکەیت و ئینســانێکی بەرپــرس بــی و بەرپرســایەتیی کار و کردەوەکانــی خۆت وەئەســتۆ بگری. بۆیە سیستەمی پەروەردەی ئێمە لە کوردستان پێویســتە قوتابــی فێــری لێکدانــەوە و هەلسەنگاندنی ئەخلاقی بکات و ئەزموونی ئەوان لە مەڕ کێشــە و مەسەلە ئەخلاقییە جۆراجــۆرەکان دەوڵەمەند بــکات. بۆ ئەو مەبەســتە، شــارەزاکردنی قوتابی دەگەڵ ڕوانگــە فەلســەفی و ئایینــی و قوتابخانە فکرییە جۆراوجۆرەکان، تــا ڕادەیەکی زۆر کۆمەگ بە قوتابــی دەکات. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، مەرجی ســەرەکیی فێربوون و چونەپێــش و هەڵدانــی کەســایەتیی کۆمەڵایەتــی و فەرهەنگــی و کولتووریی ئێمەیە. لــەو ڕێگایەوەیە کە قوتابی پوختە دەبێ و دەتوانێ قەزاوەتی ســەربەخۆبکات. ئــەوەش بۆ ژیــان و کار لەنێــو کۆمەڵگادا پێویســتن. کارکردن لە کارگە و کارخانە و ناوەندە سەنعەتی و پێشەسازییەکاندا و ژیان لە نێو بنەماڵە و دۆســت و هاواڵاندا، بەبێ لێوەشاوەیی زانستی و ئازایەتیی ئەخلاقی و توانای قەزاوەتی سەربەخۆ و عادڵانە، زۆر سەخت و دژوار دەبێ.

## عیشــق وعەلاقــە بە گــەڕان بەدوای جوانــی و مانــا و داهێنانــدا، کار و زەحمەتــی بێ وچان بۆ گەیشــتن بە ئامانج

پەروەردە لە کوردســتاندا، لەسەریەتی ئەو دەرفەتە بــۆ منــداڵان، لاوان و قوتابییان بخوڵقێنی کە بە عیشق و عەلاقەوە بەدوای جوانــی و مانا و داهێنانــدا بگەڕێن و لەو ڕێگایەدا قەت هەراســان نەبن و ئازایەتیی ئەوەیــان لەلا دروســت کات، کــە ئیدە و بیروڕاکانیان بکەنە کردەوە.

منداڵان بە گشتی کونجکۆڵن و هەمیشە بەدوای ئەوەوەن کە شــتی تازە بدۆزنەوە و دونیای دەوروبەریان بە تاقی بکەنەوە و شت دروســت کەن. بۆیە سیستەمی پەروەردە و

فێرکردن پێویستە دەرفەتی زۆر بۆ منداڵان و قوتابییان بخوڵقێنێ تا خەللاقییەتەکانیان پەرە پێ بدەن و بەهرە و تواناکانیان دەکاربکەن و بە دوای هیوا و ئارەزووکانیاندا بڕۆنە پێش. هەر بۆیە زۆر گرینگە قوتابخانە پرسیار لای قوتابی دروست کا، هانی بدا تا پرسیار بکا و بە دوای وڵامدا بگەڕێ و لێکۆڵینەوە بکا. ئەوە باشترین ڕێگایە بۆ فێربوونی قووڵ و هەمەلایەنە. قوتابخانە ئەرکی سەرشانییەتی هەلومەرجی لەبار بۆ قوتابی پێک بێنێ تا ژینگەی دەوروبەری خۆی تاقی کاتەوە و ئەزموونی جۆراوجۆر وەدەست بخا و بۆ گەیشتن بە زانیاری و داهێنان و خوڵقاندن، خەللاقییەت لەخۆی نیشان بدات. خوێندکاران دەبێ لەسەر ئەوە ڕابهێنرێن تا لە ڕێگای بەکارهێنانی هەستەکانیان و عەقڵ و شعوریانەوە، گەشە بە خۆیان و توانا و لێوەشاوەییەکانیان بدەن و لە پراکتیکی ژیان و فێربووندا، بایەخ بە ئەخلاقییە بەرزەکان وەدەست بخەن و لە کار و چالاکیی ڕۆژانەیاندا بەتاقییان بکەنەوە. بەوجۆرە پوختە دەبن و هەڵدەدەن.

بۆ منداڵانی قۆناخە سەرەتاییەکانی خوێندن و یاری کردن بە مەرجێکی سەرەکیی گەشە و بەکۆمەڵایەتی بوون دێتە ئەژمار. لەوەش زیاتر یاری کردن، توانا و خەللاقییەتی منداڵ بۆ فێربوون و وەدەستهێنانی زانیاری و لێوەشاوەییە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان، دەباتەسەرێ. بۆیە دەبێ لەو قۆناخانەدا، قوتابخانە بایەخێکی زۆر بە یاری بدا و مەیدانێکی بەرین بۆ یاری و یاری کردن، وەک بەشێکی بەرچاوی پرۆگرامی خوێندن، دروست بکات. یارییە کوردەوارییە جۆراوجۆرەکان و ئەفسانە و حیکایەتە کوردییەکان دەکەونە ڕیزی پێشەوەی خشتەی وانەکانی ڕۆژانەی قوتابییان. بەو شێوەیە دەرفەت بۆ فێربوونی پڕ مانا دەخوڵقێ. لەو ڕێگایەوە منداڵان فێردەبن کە باشتر بتوانن گیر و گرفتەکان چارەسەرکەن و کەسایەتیی هەمەلایەنەی خۆیان بخەملێنن.

گەشەسەندنی بەهرە و توانا و خەللاقییەت لەلای قوتابییان، کۆمەڵگای کوردستان دەوڵەمەند و بەهێز و کارا دەکات. ئەوەش بە نۆرەی خۆی دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ داهێنان و کارگوزاری و گەشەسەندنی ئابووری و پیشەسازی لە کوردستاندا.

کولتوور وهونەر مەیدانێکی دیکەن بۆ کار و چالاکی لەخۆ نیشاندانی منداڵان و قوتابییان. قوتابخانە ئەرکی سەرشانییەتی لە زۆر بواردا، دەرفەتی کار و خەللاقیەتی هونەری و فەرهەنگی و ئەدەبی و تەکنیکی بۆ قوتابییان پێک بێنێ، تا لەو بوارانەدا پەرە بە بەهرە و لێوەشاوەییەکانیان بدەن. هەستەکانمان و ویژدان و ئەخلاقمان لە ڕێگای بەرهەمە هونەری و فەرهەنگی و کولتورییە جۆراوجۆرەکانەوە، دەخەملێن و گەشەدەدەکەن. ڕوانگە و پێرسپێکیڤمان بەرین دەکەنەوە. دەربڕینە هونەری و فەرهەنگی و کولتورییەکان، نەک هەر مۆری خۆیان لە سیمای میللیمان دەدەن، کەسایەتیی تاکی کوردیش لە بەرانبەر کولتور و فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکەدا، شکڵ پێ دەدەن. بۆیە سیستەمی پەروەردەی ئێمە لەسەریەتی لە هەموو قۆناخەکانی خوێندندا، بایەخێکی زۆر بە پەرەپێدانی هونەر و کولتور و فەرهەنگ و ئەدەب و فۆلکلۆری کوردستانی بدات و شوێنی تایبەتی بداتێ. دیتن و گوێ گرتن و ئەزموون کردنی بەرهەم و دیاردە هونەری و کولتورییەکان، بایەخی خۆیانیان هەیە و شوێنەواری پۆزەتیف لەسەر زەین و بیری منداڵ بەجێ دێڵن. هەربۆیە پێویستە قوتابخانە ببێتە کارگایەکی گەورەی کاری هونەری و کولتوری و فەرهەنگی و قوتابییان

لەوێدا هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی هونەر و کولتوری نەتەوەیی و ئینسانی بە تاقی کەنەوە.

ئەگەر لە پێرسپێکتیڤێکی بەرینترەوە تەماشای مەسەلەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە گەڕان بەدوای فێربوون و مانا و جوانیدا، کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری لەسەر پەرە پێدانی شوناسی ئینسانیی تاکی کورد دەبێ وشەقڵ بە کەسایەتییەکەی دەدات. کەسایەتیەک کە لە پڕۆسەیەکی درێژخایەندا بە ڕێگایەکی لەو جۆرەدا تێپەڕیبێ، بەهێز و کاراش دێتەدەر. پەروەردە لەسەریەتی هەستی کونجکۆڵیی قوتابی و تینویەتیی ئەو بۆ فێربوون و بەداواچوون بەهێزبکا و لە سەرتاسەری ئەو پڕۆسەیەدا پشتیوانیی لێ بکا و دەستی بگرێ. قوتابخانە پێویستە دەرفەتی فێربوون و خەللاقییەت لەخۆنیشاندان لە هەموو بوارە هونەری و فەرهەنگییە جۆراوجۆرەکان بۆ قوتابی بخوڵقێنێ.

## ڕێزگرتن لە سروشت، هوشیاری و ئاگاهی ژینگەیی

سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا بە گشتی و قوتابخانە بە تایبەتی، پێویستە هوشیاریی ژینگەیی و لێوەشاوەییی ژینگە پارێزی، لە لای قوتابی و تاکی کورد بەرێتە سەر و خۆشەویستی و ڕێز بۆ سروشت بە گشتی و بەتایبەتی سروشتی کوردستان لە کەسایەتیی ئینسانی کورد دا بخوڵقێنێ .

مرۆڤ بەشێکە لە سروشت و بەرپرسایەتیی ئەوەی لەسەر شانە کە بە شێوەیەکی دروست پارێزگاریی لێ بکات. بۆیە پەروەردە لە هەموو قۆناخەکانی خوێندندا لەسەریەتی، زانست و زانیاری و میتۆدەکانی ڕێزگرتن لە سروشت و پارێزگاری لە سروشت، فێری قوتابی بکا. لە پڕۆسەی خوێندن و فێربووندا، قوتابییان دەبێ لەسەر ئەوە ڕابهێنرێن کە چۆن لە سروشت لەززەت بەرن و بۆ لەشساخی و شادی و شادمانیی خۆیان کەڵکی لێ وەرگرن و بۆ فێربوون و لێکۆڵینەوە بەکاری بێنن. قوتابییان پێویستە فێربن کە چۆن شێوە ژیانی ئینسان، شوێنەوار لەسەر سروشت دادەنێ و کار لە ئاو و هەوا و کەش و ژینگە دەکا و لە ئاکامدا کاریگەریی لەسەر کۆمەڵیش دەبێ. یەکێک لە ئەرکە هەرە گەورەکانی قوتابخانە لە کوردستاندا ئەوە دەبێت کە قوتابییان فێربکات ئاگایان لە سروشتی کوردستان بێت، لەوە حاڵی بن کە وەک میللەتی کورد تەنیا ئیمکاناتێک کە لەبەر دەستماندایە تا پێی بگەینە ڕیزی میللەتانی دیکەی دونیا، سروشتی کوردستانە و یادگاری باوک و باپیرانمانە و لەسەرمانە بە ئەمانەتەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆمانی بە جێ بێڵێن. لەوەش زیاتر ئینسانی کورد دەبێ بزانێ کە مان و مەوجوودییەتمان وەک نەتەوەی کورد بەو خاکەوە بەستراوەتەوە. بۆیە پەرەپێدانی خۆشەویستیی نیشتمان لە کەسایەتیی تاکی کوردا، پێویسیە لە پڕۆگرامەکانی خوێندندا بایەخی زۆری پێ بدرێ.

لەوەش زیاتر منداڵان، لاوان، قوتابییان و خوێندکاران، پێوستە هوشیاریی ژینگەیی وەدەست بخەن و قوتابخانە فێریان بکات کە لەو سەر زەوییەدا، چارەنووسمان لەگەڵ میللەتانی دیکەی دونیا پێکەوە بەستراوە. لەسەرمانە ژیان و پایەکانی ژیان لەسەر زەوی بپارێزین و لە هەرەوەزی جیهانیی پاراستنی ژینگەدا، لە کەس و لە هیچ میللەتێکی دیکە نەمێنینەوە. پیس بوونی ئاوی دەریا و کانیاوەکان، لەنێوبردنی جەنگەڵ و دارستانەکان، ژەهراوی بوونی هەوا، گۆڕانی ئیقلیم و کەشوهەوا لە زۆر جێگا، لە نێوچوونی ڕۆژانەی هەزاران جۆری دار و درەخت و زیندەوەر، تەنیا گۆشەیەکی

بچووکـــی ئەو کارەســـاتەیە کـــە خەریکە ڕوودەدا. بۆیـــە سیســـتەمی پـــەروەردە لە کوردستان لەســـەریەتی وشیاریی پێویست لەلای ئینسانی کورد دروست بکات تا بتوانێ سروشت و سروشـــتی کوردوستانی خۆش بوێ و بیپارێزێ. پێویســـتە ئـــەوە فێربین کە ئەو هەڕەشـــە و مەترسییانەی لە سەر سروشت و ژینگە و ژیانن، تەنیا بە هەرەوەزی جیهانی چارەسەر دەبن. بۆ ڕەواندنەوەی ئەو مەترسییانە، پێویســـتیمان بە تێکنۆلۆژی، زانیاری و هوشیاریی ژینگەیی و ئەخلاقێکی بەرزی سروشتدۆست و ژیاندۆست هەیە تا ئاڵوگۆڕی پێویســـت لە شێوەی ژیان و کار و سەنعەتەکانماندا پێک بێنین بە جۆرێک کـــە بتوانین ژیان بپاریزیـــن و بە ئەمانەت و بەرپرســـایەتییەوە بیگەیەنینـــە نەوەکانی داهاتوو. لەوپەیوەندییەدا، پێویستە جیهانی بیربکەینەوە و کوردســـتانیش بجووڵێینەوە. پاراستنی کوردستان و سروشت و ژینگەکەی ئەرک و بەرپرســـایەتیی ئەسڵیی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کـــوردە. ئەگەر بتوانین لەوبارەیەوە ڕووســـوور بێینە دەر، ئـــەوە توانیومانە لەو هەرەوەزە جیهانییەشـــدا کاریگەر بین کە بۆ پاراســـتن و خاوێن ڕاگرتنی سروشت و ژینگە لە گۆڕێدایە.

## دێموکراســـی وبەشـــداری لەکاروباری کۆمەڵدا

پەروەردە بەگشـــتی و قوتابخانە بەتایبەتی، پێویستە مندالەکان، لاوان و قوتابییان و بە گشتی هەموو تاکێکی کورد بە دێموکراسی ئاشـــنا بکا. لەوەش زیاتر پێویســـتە ڕۆڵەی کورد فێربێ و ڕابهێنرێ کە دێموکراسی لە کردەوەدا چییە و چۆن پیادە دەکرێ.

قوتابخانە لەســـەریەتی نـــرخ و بایەخە دێموکراتیکـــەکان جێگیربـــکات و فێرمان بکات پشتیوانی لە حکوومەتێک بکەین کە بە شێوەیەکی دێموکراتیک کوردستان بەڕێوە دەبات و پەیڕەوی لە ئەســـڵە دێموکراتیکە دونیاپەســـندەکان دەکات. پـــەروەردە لەســـەریەتی پێ بـــە پێی چوونەســـەری قۆناخەکانـــی خوێنـــدن و پەروردە، ڕێســـا و قانوونـــە دێموکراتییەکان و ڕێوشـــوێنە پەســـندکراوەکانی فەرهەنگی دێموکراسی فێری قوتابییەکان بکات و لەوەشیان حاڵی بکات کـــە بەڕێوەنەبردنی ئەو ئەســـڵانە چ ئاکامێکی لـــێ دەکەوێتەوە. مەبەســـت لە بەشداریکردن لە کاروباری وڵات و کۆمەڵدا ئەوەیە کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، لە پێشدا لەسەر هەندێک نرخ و بایەخی هاوبەش بۆ ژیان و کار دەگەڵ یەک ڕێک کەون و ڕێز لەو ئەســـڵە دێموکراتیکە بنەڕەتییانە بگرن. گرینگترینی ئـــەو ئەســـڵە دێموکراتیکانە بریتین لە تۆلێرانـــس، ئازادیی بیروباوەڕ و ڕادەربڕین، ئازادیی پێکهێنانی کۆڕوکۆمەڵی سیاســـی و پیشـــەیی و ئازادیی تێکۆشان لـــە نێویاندا. هەروەها دەستاودەســـتکردنی دەســـەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردن و ئازادیی خەڵـــک بـــۆ بەشـــداری لـــە هەڵبژارنیکی ســـالمدا. قوتابخانە و ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکـــردن لە کوردســـتاندا دەبێ نرخ و بایەخە دێموکراتییـــەکان لە نێو قوتابییاندا پەرە پێ بـــدەن بە جۆرێک کە ئینســـانی کورد وەک کەســـێکی دێموکرات باربێت. ئـــەوەش بە بەشـــداریی چالاکانەی قوتابی لـــە کاروباری پـــۆل و قوتابخانە و گەڕەک و شـــارەکەی خۆیدا دێتـــە دی. قوتابخانە پێویســـتە مەیدانێـــک بێت بـــۆ ئەزموون کردنی دێموکراســـی و جێگیرکردنی نرخە دێموکراتییەکان لە کەســـایەتیی ڕۆڵەکانی کوردستاندا.

بـــە پەرەپێـــدان و پێداگرتن لەســـەر بەها و ئەســـڵە دێموکراتییەکان، قوتابخانە دەتوانێ دژایەتیی هەموو چەشـــنە ســـتەم و هـــەڵاواردن و تەبعیزێک بکا و قوتابییش بۆ ئەو مەبەســـتە ڕابێنێ. هەر لەو کاتەشدا

قوتابخانه پێویسته قوتابییان فێربکات که ئینسانەکا جیاوازن و هەربۆیە لە بیرکردنەوە و ڕەفتاریشدا، وەک یەک نین. لەوەش زیاتر قوتابخانە پێویستە لە هەموو قۆناخەکانی خوێندن و فێربووندا، قوتابییەکان فێرکات کە چۆن دەگەڵ کێشە و گیروگرفتەکان بەرەوروو بن و لەسەر دەکارکردنی میتۆدە جۆراوجۆرەکانی چارەسەریی کێشەکان، بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە، ڕایان بێنی.

تایبەتمەندیی هەرە گەورەی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک ئەوەیە کە هەمووان دەرفەت و مافی وەک یەکیان بۆ بەشداری کردن و شوێندانان لە سەر پرۆسەی سیاسی هەبێت. پاراستنی کەمایەتی و وەبەرچاوگرتنی مافەکانی، بە لایەنێکی دیکەی دێموکراسی و فەرهەنگی دێموکراسی و کۆڵەکەیەکی پتەوی حکوومەتی قانوون دادەنرێ. لەوەش زیاتر کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک بە پێی قانوون هەموو کەمایەتییە نەتەوەیی، ئاینی و زمانی و خەڵکە بوومییەکان دەپارێزێ و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان دەستەبەردەکات. قوتابخانە پێویستە ئەو پرەنسیپە دێموکراتیکانە بچەسپێنی. قوتابییان لە قوتابخانەدا پێویستە لەگەڵ ڕوانگە و بۆچوونی کەمایەتی و زۆرایەتی ئاشنا بن و لەسەر هاوکاریی دیالۆگ و کارکرن دەگەڵ یەکتر، ڕابهێنرین. ڕاهێنانی قوتابی بۆ ژیان و کار لە کۆمەڵگایەکی فرە فەرهەنگ و فرە کولتووردا، ئاشناکردنی قوتابی بە پلۆرالیزمی فەرهەنگی، ئەرکێکی دیکەی سیستەمی پەروەردەیە لە کوردستان.

قوتابخانە دەبێ ئەو جێگایە بێت، کە منداڵان و قوتابییان لەوێدا بە کردەوە، دێموکراسی و بایەخ و پرەنسیپە دێموکراتیکەکان، تاقی کەنەوە و بیانکەنە پراکتیکی ژیانی ڕۆژانەیان. منداڵەکان و قوتابییان دەبێ بە ئێسک و پێستەوە هەست بەوە بکەن کە مامۆستا و قوتابخانە گوێیان لێ دەگرن و بایەخ بە ڕوانگە و بیر و بۆچوونەکانیان دەدەن. ئەوان پێویستە بە قەناعەتەوە بڕوا بەوە بکەن کە لە کاروباری پۆل و قوتابخانەدا، بەتایبەت لەپەیوەندی دەگەڵ ئەو مەسەلانەدا کە پەیوەندییان بە ژیان و خوێندن و فێربوون و وەرزش و کاروباری ئەوانەوە هەیە، کاریگەر و شوێن دانەرن. ئەوان پێویستە شانسی ئەوەیان بدرێتێ تا بە شێوەی جۆراوجۆر بەشداریی خۆیان لە کاروباری قوتابخانەدا تاقی کەنەوە و لە کاناڵ و میتۆدە دێموکراتیکە جۆراوجۆرەکان بۆ شوێندانان لەسەر ڕەوتەکان، کەڵک وەرگرن. قوتابخانە لەسەریەتی دیالۆگ لە نێوان قوتابی و مامۆستادا، لەمەڕ کاروباری پۆل و چۆنیەتیی دەرس و فێربوون، تەشویق بکات. کاتێک قوتابی بزانی کە دەنگ و نەزەر و بیروبۆچوونەکەی لەلایەن مامۆستا و قوتابخانەوە، بە جددی وەردەگیرێ، هەوڵ دەدا بە تێبینی و وردبینی و بەرپرسایەتییەوە، بیروراکانی خۆی دەربڕێ و ئەڵترناتیف هەڵبژێرێ. بەو جۆرە قوتابخانە قوتابی فێردەکات کە ببێتە کەسێکی دێموکرات و سەرەنجام ، لە دەرەوەی قوتابخانەشدا وەک کەسێکی دێموکرات و هاووڵاتیەکی بەرپرس ڕەفتار بکات.

## بەشی دووهەم
## پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی فێربوون وگەشەو هەڵدان

ئەرکی قوتابخانە بریتییە لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵان و قوتابییان بە گشتی. بۆیە پەروەردە و فێرکردن، دوو ڕووی یەک دراون و تەواوکەری یەکترن. ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییانەی خوارەوە یارمەتیی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن دەدەن تا قوتابخانە بتوانێ لە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەی خۆیدا،

که لەسەروە باســـمان کرد، سەرکەوتوبێت. پەروەردە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی، بە بەشێکی زۆر گرینگی پرۆسەی پەروەردە و فێربـــوون دادەنـــرێ و ڕۆڵی بنەرەتیی لە پەروەردە و گەشەسەندنی منداڵان و لاواندا هەیە. ئەرکـــی پـــەروەردە و فێرکردن لەو قۆناخەدا ئەوەیە کـــە قوتابییان، منداڵان و لاوان، وەک کەســـایەتیی ئازاد، ســـەربەخۆ و بەرپـــرس، پـــەروەردە بـــکا و هەســـتی هاوپەیوەندیی ئینسانی و ئینسانییەتیان تێدا بەهێز و پتەو بـــکا. لەو قۆناخەدا، قوتابییان فێردەبن خۆیان و کەســـانی دی و کۆمەڵگا و دونیای دەوروبەریان بناســـن و زانیاریی پێویست لەو بارەیەوە وەدەست بخەن. هەر لەو قۆناخەدایە کـــە قوتابییان فێردەکرێن تا لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، هەڵبژاردنی ڕاســـت و دروســـت بکەن. لەو قۆناخەدا قوتابی ئەو زانســـت و زانیاری و لێوەشـــاوەییانە فێر دەبێت کە بۆ ژیان لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگا و بـــازاڕی کاردا پێویســـتی پێیـــان هەیە. ئەگەرچی وەک باســـمان کرد لەو قۆناخەدا ئەرکی قوتابخانە ئەوەیـــە کە خویندکاران بۆ ئەو مەبەستانەی سەرەوە باربینێ، بەڵام هەر لەو کاتەدا قوتابخانە لەســـەریەتی ڕێز لە منداڵ و پێداویستییە تایبەتییەکانی ئەو قۆناخەی تەمـــەن بگرێ و دەورانی منداڵی و مێرمنداڵی بە ڕەســـمی بناسێ و بایەخ و سەرنجی پێویستی بداتێ.

سیســـتەمی پـــەروەردە و فێرکردن لە کوردســـتان پێویســـتە هەلومەرجی گەشە و هەڵـــدان و فێربوونی هەمـــوو ڕۆڵەیەکی ئەو کوردســـتانە دەســـتەبەربکا و دەرفەتی پێشـــکەوتن و پەرەســـەندنی بۆ بخولقێنێ. قوتابی کاتێک گەشـــەدەکا و فێردەبی، کە قوتابخانە زانیاریی لەسەر سروشت، ژینگە، مرۆڤ، کۆمەڵ،زمان، کولتوور، دین و ڕوانگە فەلسەفییە جۆراوجۆرەکان ،مێژوو، جوگرافیا و بـــازاڕی کاری بداتێ. هەروەها قوتابی ئەو کاتە پەروەردە دەبێ و وەک کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز بـــاردێ، کە لە ڕەوتی پـــەروەردە و فێربوونـــدا، لـــە قوتابخانەدا، لـــە نێو پۆلـــدا، ژیانـــی کۆمەڵایەتیی تاقی کردبێتەوە و پوختە بووبێ و لێوەشـــاوەییە کۆمەڵایەتییەکانی وەدەســـت هێنابن. لەو پەیوەندییەدا یاریکردن لەگەڵ هاو پۆلەکان، بەشـــداری لە چالاکییـــە جۆراوجۆرەکانی قوتابخانـــە و و هەڵســـوکەوت و ڕەفتـــار و هـــاوکاری دەگـــەڵ هاوپـــۆل و هەڤاڵان لە قوتابخانـــەدا، هەلومەرجێکـــی لەبار بۆ قوتابـــی دروســـت دەکەن تا سۆســـیالیزە (بەکۆمەڵایەتی) بێ و ئەزموونیکی دەوڵەمەند وەســـەریەک بنێ. قوتابی لە هەڵسوکەوتی فیزیکـــی و ئەخلاقـــی لـــە قوتابخانـــەدا و لەگەڵ کەســـانی دیکەدا، ئەزمونی زۆر کۆ دەکاتەوە و ئەوەش بە نۆرەی خۆی گەشـــە بە کەسایەتیی ئەو دەدات. هەروەها قوتابی لە ڕێگای کارکردنـــی بە تەنیاش، فێردەبێ وئەزموون کۆدەکاتەوە و هەڵدەدا. فێربوونی مادده دەرســـییە جۆراوجۆرەکان، تیئۆرییە جۆراوجـــۆرەکان، بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێربوون و دۆزینەوەی وڵام بۆ پرسیارەکان، هەموویان بە نۆرەی خۆیان ئەزموونی قوتابی بۆ فێربوون و هەڵدان دەوڵەمەند دەکەن.

## گەشەسەندن و بە کۆمەڵایەتی بوون

قوتابخانە لەسەریەتی قوتابی بەکۆمەڵایەتی بـــکات و لە ڕێـــگای بەشـــداریی چالاکانە و ئامانجـــدار لـــە کاروبـــاری قوتابخانە و لە پرۆســـەی خویندن و فێربووندا، گەشـــە بە کەســـایەتیی ئەو بدات. لە ڕاستیدا فێربوونی مادده دەرســـییە جۆراوجـــۆرەکان، بە هیچ جۆر لە پرۆســـەی بەکۆمەڵایەتـــی بوون و پەروەردە بوونـــی کۆمەڵایەتی جیاناکرێتەوە. هـــەر بۆیە بەکـــردەوە قوتابییـــان ڕۆژانە لە قوتابخانـــەدا، هـــەر لەو کاتەدا کە زانســـت و زانیاریـــی جۆراوجۆر فێردەبـــن، لە باری

کۆمەڵایەتییشـــەوە لێوەشـــاوەیی وەدەست دەهێنن. لە ڕەوتی بەشـــداری و هاوکاری لە کاروبـــاری پۆل و قوتابخانـــەدا، لە چالاکییە پەروەردەییەکانـــدا، قوتابـــی لەگەڵ بیر و هەست و ڕوانگە و ئیحساساتی هاوپۆلەکانی ئاشـــنا دەبێ و ئەوەش زەمینەی ئەوەی لە لا دروســـت دەکات تا هەســـتی هاودەردی و هاوپەیوەندیی بەرانبـــەر بەوان تێدا پێک بـــێ. دیارە ئەوەش بە نۆرەی خۆی دەرفەتی ئـــەوەی بـــۆ دەرەخســـێنی کە هـــاورێ و دۆســـت پەیدا بکا و دۆستایەتی و هاورێیەتی بەتاقـــی کاتەوە. دیالۆگ ڕۆڵـــی بنەڕەتی لە بەکۆمەڵایەتی بوونی قوتابیدا دەگێڕێ. هەر بۆیە ئەرکی سەرشانی قوتابخانەیە کە قوتابی فێری دیالۆگ و تەکنیکەکانی بکات، فێری بـــکات کە چۆن لە کاتی بـــاس و وتووێژ و دیالۆگدا، گوێ بگرێ و تێکۆشێ لە مەبەستی بەرانبەرەکـــەی حاڵـــی بێـــت. قوتابخانە لە پرۆسەی کاری ڕۆژانەدا بە گشتی و مامۆستا بە تایبەتی قوتابی فێری کۆمیونیکاســـیۆن و فۆرمۆڵەکـــردن ودەربڕینی نەزەراتی خۆی دەکات. بە جۆریک کـــە لە کاتی دەربڕینی بیروبۆچوونـــی خـــۆی و بـــە نوێنەرایەتیی کەســـانی دیکـــەش، لە خـــۆی دڵنیا بێت. گوێگرتنی بە دیققەت لە کەســـی بەرانبەر و لەهەمان کاتیشدا، بەڵگە هێنانەوەی دروست و حیســـابی بۆ دیفاع لە بۆچوونەکانی خۆت، بە تایبەتـــی لەو کاتەدا کە کێشـــەیەک لە گۆڕێدایە، باشـــترین تەکنیکە بۆ چارەسەری کێشـــەکان و ئیدارەکردنـــی ناکۆکـــی و ناڵێکییـــەکان و گەیشـــتن بە چارەســـەری هاوبەش. هەموو قوتابییان پێویســـتە فێری هاوکاری دەگەڵ یەکتر و دەگەڵ کەســـانی دیکـــە بـــن . کاری هاوبەش بکـــەن، تا لەو ڕێگایەوە ڕابێن کە بە دەســـتەجەمعی بڕیار بدەن و بەرپرســـایەتیی هاوبـــەش قەبووڵ بکەن. ماڵەوە، قوتابی و مۆمۆستا و قوتابخانە، هەموو پێکەوە لەســـەریانە ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشە و فێربوون و هەڵدانی قوتابی پێک بێنن. بەو جۆرە تاکی قوتابی فێردەبێ کە لە نێو گرووپدا بژی و لە نێو گرووپدا ڕەفتاربکا و لەوبارەیەوە خۆی ڕابێنێ. لەولاشـــەوە پۆل و قوتابخانە زەمینەی ئەوە دروســـت دەکەن کـــە قوتابـــی دەرفـــەت و شانســـی ئەوەی بدرێتـــێ تا وەک تاکێک پـــەرە بە توانایی و لێوەشـــاوەییەکانی خۆی بـــدات. بەو جۆرە قوتابی وەک تاکیـــک پۆلەکەی بەهێز دەکا و پۆلیـــش وەک گـــرووپ لـــە لای خۆیەوە پشـــتیوان و یاریدەدەری تاکی قوتابی دەبێ بـــۆ فێربـــوون و هەڵدان و گەشەســـەندنی کۆمەڵایەتی.

قوتابخانە لەســـەریەتی لێوەشـــاوەیی و توانای قوتابی بۆ قەزاوەتی عادڵانە و دروست بەرێتە ســـەر تا لە کاتی پێویستدا بزانێ کە دەبێ ڕێـــز لە ژیانی خسوســـی و تایبەتی کەسانی دیکە بگرێ و ئابڕوو و کەرامەتیان بپارێـــزی. هەربۆیە قوتابخانە تێدەکۆشـــێ هەموو وشە ناحەز و پڕ لە سوکایەتی و بێ ئەدەبییەکان، ئەو وشـــانەی بە ڕق و قین و سووکایەتی بارگاوینە، لە قامووسی قوتابیدا بســـڕێتەوە و فێری زمانی ڕێز و حورمەت و دیالۆگ و وتووێژی خەللاقی بکات. قوتابییان لە ڕێگای پرۆگرامی پەروەردەیی تایبەتەوە لەســـەر ڕەفتاری دروســـت و بەرپرسانە لە کۆنتێکســـتە جۆراوجۆرەکاندا، ڕادەهێنرێن. لەو بارەیـــەوە بەکارهێنانـــی تێکنۆلۆژی و فۆرم و شـــێوازە جۆراوجۆرەکانی دەربڕین و کۆمیونیکاســـیۆن، توانـــای قوتابـــی لەو پێوەنیەدا دەبەنەسەر و ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەنـــد دەکەن. بەو جـــۆرە قوتابییان فێردەبـــن کە لە هەموو جێیەک و تەنانەت لـــە دەرەوەی قوتابخانەشـــدا، بەرپرســـانە هەڵسوکەوت و ڕەفتار بکەن.

## زانست و زانیاری

قوتابخانـــە فێربوونـــی مـــاددە زانســـتییە

جۆراوجۆرەکان بەگرینگ دەزانێ و قوتابی هان دەدات تا زانست و زانیاریی پێویست، بە گوێرەی پرۆگرامەکانی خوێندن، لە هەموو مادده دەرسییەکاندا وەدەست بێنێ. چونکە ئـــەوە لایەنێکی زۆر گرینگی ســـەرجەمی پرۆســـەی فێربـــوون و پەروەردەبوونـــە. مەبەست لە فێربوونی دەرسە زانستییەکان ئەوەیـــە کە قوتابی زانیای و شـــارەزایی و لێوەشـــاوەیی لە زانســـتە جۆراوجۆرەکاندا وەدەست بخا و بتوانێ لە مەیدانەکانەکانی ژیان و کاردا، بۆ دۆزینەوەی چارەســـەری بـــۆ گیروگرفتـــەکان بەکاریـــان بێنـــێ . لێوەشاوییی زانستی بریتیە لە تێگەیشتن و توانا بۆ حاڵی بوون لە مەسەلە و مەوقعیەت و دیاردە جۆراوجـــۆرەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.

ئەرکـــی سەرشـــانی قوتابخانەیـــە کە هەوڵ بدا قوتابی لە دەرســـە زانستییەکان تێبـــگا تا پایەی زانســـتیی خـــۆی بەرێتە ســـەر. بە پێـــی بەرنامە، هـــەر مادەیەکی دەرســـی ئامانجی خۆی هەیـــە. قوتابخانە دەبـــێ کارێک بـــکا هەموو ئەو زانســـت و زانیارییانەی کە لە بەرنامە دەرســـییەکاندا هاتوون، فێـــری قوتابی بکرێـــن، بەڵام لە کاتی هەڵسەنگاندا، سەرجەمی ئەو زانیاری و شـــارەزاییە زانســـتییە لەبەرچاوبگـــرێ کە قوتابی وەدەســـتی هێنـــاوە. واتە دەبێ فێربوونی مادده دەرســـییە جۆراوجۆرەکان لـــە پەیوەندی دەگەڵ یەکتـــردا ببینرێ و هەڵسەنگێنرێ.

پایەی زانســـتی قوتابی کاتێک دەچیتە ســـەر کە قوتابی فاکتـــەکان، تێۆرییەکان، زاراوە و بیردۆزەکان لە گشت بابەت و بوارە جۆراوجـــۆرە زانســـتییەکاندا بزانێ و لێیان حاڵی بێت. ئەو شارەزاییە دەبێ بە جۆرێک بێت کە قوتابی بتوانێ لە کردەوەدا بەکاری بێنێ و بۆ چارەســـەری گرفت و کیشـــە و ڕاپەڕاندنـــی ئەرک و بەرپرســـایەتییەکانی کەڵکیان لـــێ وەرگرێ. مەبەســـت ئەوەیە کـــە قوتابخانە هەوڵ بـــدا قوتابی، تواناییە زانستییەکانی خۆی لە کردەوەدا بەکاربێنێ. بۆیە شارەزاییی زانستی تەنیا هەر زانیاریی تیئوریک ناگرێتەوە. لە پەنا ئەودا لێوەشاوەیی کۆگنێتیڤی(شناختی - ناسیاری)، مۆتۆریک و زمانی و کۆمیونیکاســـیۆنیش دەگرێتەوە. لەوەش زیاتر شـــارەزاییی زانستی ئەوەش دەگرێتەوە کە قوتابی تواناییی ئەوەی هەبێ لـــە بـــاس و لێکدانەوەی بابەتە زانســـتییە جۆراوجۆرەکاندا، بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بەشـــداری بـــکا. تواناییی هەڵســـەنگاندنی زانستییانە و لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە لێک جیاناکرێنـــەوە و تەواوکـــەری یەکترن. ئەو تواناییەیـــە کە هێـــز و قودرەتی ئەخلاقی و زانستی و لێوەشـــاوەیی کۆمەڵایەتی لە قوتابیدا پێک دێنێ.

هەروەهـــا قوتابخانـــە لەســـەریەتی دەرفەتی ئەوەش بۆ قوتابی دروســـت بکات کە لـــە یەکێک لە بـــوارە زانســـتییەکاندا قووڵ بێتەوە و شـــارەزایی و لیوەشـــاوەیی هەموولایەنە وەدەست بخا. بۆ ئەو مەبەستە قوتابی دەبـــێ ڕێگای جۆراوجۆری فێربوون و قـــووڵ بوونەوەی بۆ برەخســـێ و بخرێتە ژێـــر تاقیکردنـــەوەی زۆر و بـــەردەوام. بەتایبەتی لە کوردســـتاندا ئەو مەســـەلەیە زۆر گرینگە. چونکە میللەتی ئێمە ئێســـتا و داهاتـــوو، پێویســـتی بە پەرەســـەندنی ئابووری و ســـەنعەتیی هەمووڵایەنە هەیە. ئەوەش تەنیا لە سەر بناخەی پەرەسەندنی زانســـتی و تێکنۆلـــۆژی لە کوردســـتاندا بنیـــات دەنرێ. هەرلەوکاتەشـــدا قوتابخانە دەبێ بەردوام پێ لەســـەر ئەوە داگرێ کە هەرپێشـــکەوتنێکی زانســـتی لە قوتابیدا، پێویســـتە لە پەیوەندی دەگەڵ ئەو بایەخ و نرخە جەوهەری و ئینسانی و ئەخلاقییانەدا ببینرێ کە ئامانجی سەرەکیی پەروەردە و فێرکردنن.

## شـــــــــــارەزایی و لێوەشـــاوەییە بنەڕەتییەکان

قوتابخانە دەبێ دەرفەتـــی ئەوە بخوڵقێنێ کـــە قوتابـــی بتوانـــێ ئـــەو شـــارەزایی و لێوەشـــاوەییە بنەڕەتییانە وەدەست بێنێ، کـــە بـــە مەرجـــی ســـەرەکیی چۆنەپێش و هەڵـــدان و گەشەســـەندن دادەنرێـــن. ئـــەو شـــارەزاییە بنەڕەتییانـــە بریتین لە خوێندنەوە، نوســـین، ژماردن، قســـەکردن و شـــارەزاییی دیجیتاڵی. پێویستە بگوترێ ئـــەو شـــارەزاییە بنەڕەتییانە، لـــە هەموو مـــاددە دەرســـییەکاندا، لایەنێکی گرینگی فێربونـــن. بەڵام بایـــەخ و گرینگیی ئەوان لەوەدایە کە بۆخۆشیان ئامرازی چوونەپێش و فێربوونن. ئاخر ئـــەوان بۆ یارمەتیدان بە گەشە و جێگیربوونی کەسایەتی و ناسنامە و شوناسی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییی قوتابی ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن. سەرەنجام بەبێ ئەو لێوەشـــاوەییە بنەڕەتییانـــە، مرۆڤ ناتوانێ لـــە کاروبـــاری کۆمەڵ و وڵاتی خۆشـــیدا بەشداریی چالاک و کاریگەری هەبێت.

لە هەر قۆناخێکی خوێندندا، لایەنێکی گرینگی پـــەروەردە و خوێندن و فێربوون، بریتییە لـــە پەرەپێدانی ئەو شـــارەزایی و لێوەشـــاوەییە بنەڕەتییانە لە قوتابیدا. ئەو پرۆســـەیە لە یەکەم قۆناخەکانی خوێندن و فێربوونەوە دەســـت پـــێ دەکا، تا دەگاتە لێکۆڵینەوە و نوسینی ئاکادیمیک وتێکست و وتاری زانســـتی و ئەدەبیـــی جۆراوجۆر. لە پرۆســـەی خوێنـــدن و فێربوونـــدا ئەو لێوەشـــاوەیی و شـــارەزاییە بنەڕەتییانـــە پێویســـتە لـــە پەنا یەکتـــردا ببینرێن و بە تەواوکـــەری یەکتـــر بە حیســـاب بێن. لە هەموو ماددە دەرسییەکاندا ئەو شارەزاییە بنەڕەتییانە دەبـــێ وەک ئامانجی فێربوون دیاری بکرێن و قوتابی بۆ وەدەستهێنانیان بخرێتە ژێر بەرنامەیەکی چڕوپڕی خوێندن و فێربوونەوە. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەرکام لە ماددە دەرسییە جۆراوجۆرەکان دەتوانـــن نەخشـــی تایبـــەت بەخۆیان لە پەرەپێدان و بەهێزکردنی ئەو شارەزاییانەدا هەبێ. دیارە لەو نێـــوەدا هەندێک ماددەی خوێندن و هەندیک دەرس، بەرپرسایەتیی زۆرتریان دەکەوێتە سەرشـــان. مامۆســـتا لەسەریەتی تێکۆشێ لە هەموو دەرسەکاندا، قوتابـــی ئـــەو لێوەشـــاوەییە بنەڕەتییانە وەدەست بێنی.

## فێربین کە بەردەوام فێربین

ئەرکێکـــی دیکـــەی قوتابخانـــە ئەوەیە کە قوتابـــی فێربـــکات بتوانـــێ ســـەربەخۆ و بـــەردەوام بەدوای فێربوونـــدا بگەڕێ و لەو ڕێگایەوە زانســـت و زانیاری و لێوەشاوەییی کۆمەڵایەتی و زانســـتی وەســـەریەک بنێ. کاتێک قوتابی ی ڕەوا بە تواناکانی خۆی دێنێ و بـــۆ گەشـــەپێدانی هەموولایەنەی خۆی دەکاریان دەکات، هەســـتی برواپەخۆبوونی زۆرتـــری تێـــدا پەیـــدا دەبێ. بـــەو جۆرە قوتابخانە پێویستە قوتابی هان بدا و ئەوینی خوێندن و فێربوونی تێـــدا پەروەردە بکا و مۆتیڤاشـــۆن(پاڵنان-هاندان)ی بۆ خوێندن و تەحقیقـــات و لێکۆڵینـــەوە و فێربوونـــی زیاتر بداتێ. بۆ مەبەســـتێکی لەو چەشـــنە قوتابخانە لەســـەریەتی لە هـــەر قۆناخێکی خوێندندا، بـــە گوێرەی تەمـــەن و ڕادەی گەشـــەی عەقڵی و جسمیی قوتابی، قوتابی لەســـەر فێربوونی تێکنیکەکانی خوێندنەوە و ستراتێژییەکانی فێربوون ڕابهێنێ. ئەگەر قوتابـــی فێری ئەوە بکرێ کـــە بەرەبەرە و پـــێ بە پێی چوونەســـەری تەمەنی، ڕادە و چۆنیەتیی فێربوونی خـــۆی و هاوپۆلەکانی هەڵســـەنگێنێ، سەرەنجام بە تەواوی فێری ئەو هونەر وتێکنیک و ســـتراتێژییانە دەبێ کە مرۆڤ بۆ فێربوونی سەربەخۆ و ئامانجدار و بەردەوام پێویستی پێییانە.

ئەو قوتابییەی فێر بێ پرسیاری دروست

و حیســـابی فۆرمۆڵە بکا و بێنیتە گۆڕێ، بە دوای دۆزینەوەی وڵامەکەیدا لە سەرچاوەی جۆراوجۆردا بگەڕێ و بە میتۆدی زانســـتی، داتـــا و زانیارییەکان لەگەڵ یەکتر بەراوەرد بکا، سەرەنجام ڕۆڵی سەربەخۆی خۆشی لە پرۆســـەی خوێندن و فێربووندا دەدۆزێتەوە و ئەو شـــارەزاییەش بۆ فێربوونی بەردەوام بەکاردێنێ. لە ڕەوتی کارکردن و خوێندنی ماددە دەرســـییە جۆراوجۆرەکاندا، بەرەبەرە قوتابی ئەو ئەزموونە وەدەســـت دێنێ کە بۆ مەبەستێکی لەو چەشنە پێویستی پێیەتی. ئەو لێوەشـــاوەییە کاتێک باشـــتر دروست دەبێ کە قوتابـــی بتوانێ بابەتە جۆراوجۆرە زانســـتییەکان و لایەنـــە ڕەنگاورەنگەکانی دیاردەکان، دەگەڵ یەک بەراوەرد بکا و ئاکام و لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ بەدەستەوە بدا. تا قوتابی بتوانێ لە پرۆسەی فێربوونی خۆیدا، باشـــتر لە میتۆدی زانســـتی و ڕەخنەگرانە و تێکنیک و ســـتراتێژییە جۆراوجۆرەکانی فێربوون و خوێندنەوە کەڵک وەرگرێ، باشتر دەتوانـــێ لە کاری خوێندن و لێکۆڵینەوە و فێربووندا سەرکەوتن وەدەست بێنێ.

شایانی باسە هەندێک قوتابی، سەرەڕای هـــەوڵ و کۆششـــی زۆر و بەکارهێنانـــی ســـتراتێژیی جۆراوجۆریـــش بـــۆ فێربوون، لـــە ڕەوتی خوێنـــدن و فێربووندا، توشـــی گیروگرفت دەبن و پێویستییان بە یارمەتی و دەســـتگرتنی تایبەتی و تەنانەت میتۆدی گونجـــاو لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا هەیە کە ئەوان تێیدا بەســـەردەبەن. لـــە وەزعێکی ئـــاوادا گەلێک هاوکاریـــی جۆراوجۆر هەن کە پێویســـتە لە لایەن پسپۆڕانی پەروەردە و ســـایکۆلۆژی و زانســـتە کۆمەڵایەتـــی و پزیشـــکییەکانی دیکەوە لێـــک بدرێنەوە و ئاسانکاریی پێویست بۆ قوتابییەکە بکەن تا بتونێ بە شـــێوەیەکی ئاسایی برواتە پێش. بۆیە قوتابخانە پێویستە تێکۆشێ ئەو ئەوین و حەزە لە هەمـــوو قوتابییاندا پێکبێنێ کە بتوانن سەربەخۆ وەدوای زانست و زانیاری کەون و خۆیان باشتر پێبگەیەنن.

## پـــاک و خاوێنـــی و لەشســـاخیی گشـــتی، مودیرییـــەت و بەڕێوەبردنی ژیـــان، دێموکراســـی و هاووڵاتـــی، پەرەئەستاندنی هەمووڵایەنە و پایەدار و درێژخایەن

قوتابخانە ئەرکی سەرشانیەتی لە پرۆسەی خوێندن و فێربووندا، لەسەر ئەو بابەتانە کار بکا. لە سەرتاســـەری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، ئـــەو بابەتانە هەوێنی بنەڕەتیی هەموو کار و چالاکییەکانی قوتابخانە پێک دێنن. ئەو بابەتانە لەو مەســـەلە گرینگانەن کە ئێستا چ لە ئاستی نێونەتەوەیی و چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاســـتی میللی و نیشتیمانیدا، بە هێند وەردەگیرێن.

قوتابییـــان لـــە ڕێـــگای خوێنـــدن و فێربوونی ماددە دەرسییە جۆراوجۆرەکانەوە، شـــارەزاییی پێویست لەســـەر ئەو پرسانە وەدەســـت دەخەن. ئەوان لـــە قوتابخانەدا، لـــە ڕێـــگای ئەزمـــوون کردنـــی زانســـتە جۆراوجۆرەکان و بـــەراوەرد کردنی بابەت و دیـــاردەکان دەگەڵ یەکتر، فێردەبن ڕێگا چـــارەی گونجـــاو بدۆزنەوە وچارەســـەری کێشە و کەموکورییەکان بکەن. بۆیە ئەرکی سەرشانی قوتابخانەیە کە هەموو ئەو بابەتانە لـــە پرۆگرامەکانـــی خوێنـــدن و فێربووندا بگونجێنێ و قوتابی بە زانســـت و زانیاریی پێویست چەکدار بکات تا سەرەنجام بتوانێ وەک هاووڵاتییەکی چـــالاک و بەرپرس و کارا هەڵســـوڕێ و ئەرکەکانی خۆی بەجێ بێنێ.

## لەشساخی و هونەرەکانی ئیدارەکردنی ژیان

قوتابخانە پێویستە لە ڕەوتی کاری پەروەردە و فێرکردنـــدا، لەشســـاخیی فیزیکـــی و

سایکۆلۆژیی قوتابی بەرێتە سەر و بەهێزی بکا. ئەو مەسەلەیە زۆر گرینگە تا قوتابی بتوانێ لەباری ڕۆحی و بەدەنییەوە، ساخ بێ . بەتایبەتی لە قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندیدا، کارکردن لەسەر ئەو بابەتانە یارمەتی بەوە دەکا کە قوتابی، وێنەیەکی پۆزەتیڤی لە خۆی هەبێ و شوناس و ناسنامەی خۆی بناسێ و بەهێزی بکات. ئەگەر قوتابخانە لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنەوە بتوانێ لەشساخی و سلامەتیی ڕۆحی و بەدەنیی منداڵان، لاوان و قوتابییان پەرە پێ بدا، یارمەتی بە دروست بوونی کۆمەڵگایەکی لەشساخ و تەندروست و ساخڵەمیش دەکا.

مەبەست لە ئیدارەی ژیان ئەوەیە قوتابی بتوانێ هەموو ئەو زانیاری و شارەزاییانە فێربێ کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئینسان هەیە و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە لە نێو خێزان و کۆمەڵگادا پێویستن. قوتابی دەبێ فێر بێ دەگەڵ هەوراز و هەڵدێرەکانی ژیان هەڵبکا، دەگەڵ نارەحەتی و قەیران و دەورانە سەخت و دژوارەکان دەست و پەنجە نەرم بکا. لەو ڕێگایەوە پوختە دەبێ و ئەزموونی زۆر وەدەست دێنێ، ئەوەش ئامادەی دەکا تا بەرزی و نزمییەکانی ژیان و ڕۆژگار بە لێوەشاوەییەوە تێپەڕێنێ. بۆ ئەو مەبەستە قوتابخانە لە پرۆگرام و بەرنامەی تایبەت بەوکارە کەڵک وەردەگرێ.

گرینگترین ئەو بابەتانەی کە لەو بارەیەوە قوتابخانە دەبێ سەرنجیان بداتێ و کاریان لەسەر بکات بریتین لە شێواز و ستایلە جۆراوجۆرکانی ژیان، سێکسوالیتی، ماددە هۆشبەرەکان، پاک و خاوێنی و تەندروستی و نەخۆشییەکان، بەکارهێنانی مێدیاکان، مەسرەفی ڕۆژانە و بەڕێوەبردنی ئێکۆنۆمیی شەخسی و بودجەبەندیی مانگانە و ساڵانە. ئاشنا بوون دەگەڵ نرخ و بایەخە جۆراوجۆرە دینی و ئەخلاقی و فەلسەفییەکان وهەڵبژاردن و پەیڕەوی لێ کردنیان لە ژیانی ڕۆژانەدا. بوارێکی دیکەی کاری قوتابخانە دەبێ بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستانە بێ کە ژیان بە ماناوە جوانە. قوتابخانە پێویستە قوتابی وا باربێنێ کە بەدوای ماناو جوانیدا بگەڕێ. کار کردن لە سەر پەیوەندییە ئینسانییەکان لە لایەک و سنوردانان بۆ خۆ و ڕێزگرتن لە کەسانی دیکە لە لایەکی دیکەوە، مەیدانیکی دیکەن بۆ کارلەسەرکردن و ڕاهێنانی قوتابی لەسەریان. ئەوە کە قوتابی فێربێ هەست و بیر و ئیحساس و ڕەفتارەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکا و پەیوەندییەکانی خۆی دەگەڵ کەسانی دوروبەری ڕاگرێ و ئیدارە بکا، دەکەوێتە چوارچیوەی ئەو بابەتە پەروەردەییانەوە کە لێرەدا باسمان کردن.

## دێموکراسی و هاووڵاتی

کارکردن لەسەر دێموکراسی و ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە هاووڵاتی هاووڵاتیبوونەوە هەیە، مەیدانێکی دیکەی گرینگی بواری پەروەردە و فێرکردنە. قوتابخانە لەسەریەتی قوتابییان دەگەڵ بایەخ و ڕێسا و قانوونەکانی دێموکراسی ئاشنا بکا و بە جۆرێک باریان بێنی کە بتوانن لە هەموو پرۆسە دێموکراتیکەکاندا بەشداریی چالاکانە بکەن. قوتابی پێویستە تێبگا کە پەیوەندییەکی نزیک و زیندوو لە نێوان دێموکراسی و ستاندارد و نۆرمە پەسند کراوەکانی یاسای نێونەتەوەییی ماف و ئازادییە بنەرەتییەکانی مرۆڤدا هەیە. گرینگترینی ئەو ماف و ئازادییانە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر دێموکراسی و کارکردی دێموکراسی هەیە، بریتین لە ئازادیی دین وعەقیدە و بەیان، ئازادیی پێکهێنانی کۆڕوکۆبونەوە و حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و پیشەیی و تێکۆشان

لــە نێویاندا، مافی دەنگــدان و هەڵبژاردن و هەڵبژێــران. هەروەهــا قوتابــی دەبــێ ئــەوەش فێر بێ کە دێموکراســی دەتوانێ فۆرم و شــکڵی جۆراوجــۆری هەبێ. بەڵام جەوهەرەکەی یەکە.

لێرەدا قوتابی دەگەڵ ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتی ئاشــنا دەبێت. ئەگەر لە لایەکەوە هاونیشتیمانی ئازادە بەشداری لە کاروباری سیاســیدا بکات، لــەو لاشــەوە کۆمەڵگا پێویســتی بەوەیــە کــە هاووڵاتییــان بە شــێوەیەکی چالاک و زیندوو لە کاروباری کۆمەڵدا بەشــداربن. تەنیا لــەو ڕێگایەوەیە کۆمەڵگایەکــی مەدەنیی بەهێز دروســت دەبێ. ئەرکی قوتابخانە ئەوەیە قوتابی هان بدا ببێتە هاووڵاتییەکی چالاک و هەڵسووڕ و بەرپرس و شــوێندانەر. بەو جۆرە قوتابی دەبێتە پارامیترێکی کاریگەر بۆ بردنەپێش و پەرەپێدانــی دێموکراســی لە کۆمەڵگای کوردستاندا. قوتابی لێرەدا دەبێ دەگەڵ ئەو یاسا و پرەنسیپانە ئاشنا بیت کە کارکردی دێموکراسی ڕێکدەخەن. وەک مافی زۆرایەتی بۆ بەڕێوەبــەری، بە وەبەرچاوگرتنی ماف و ئازادییەکانی کەمایەتی و هەروەها ڕێزدانان بۆ مافەکانی هاونیشتمانان. قوتابی پێویستە دەگــەڵ ناتەبایــی و دیلیماکانی ئەو بابەتە ئاشــنا بێت تا بتوانێ لە کردەوەدا ڕەفتاری دروست و دێموکراتیک لەخۆی نیشان بدا. بۆ ئەو مەبەستە بارهێنانی قوتابی کە بتوانێ بە شــێوەیەکی ڕەخنەگرانــە بیربکاتەوە و مەسەلەکان هەلسەنگێنێ، کاریگەریی زۆری هەیە. تایبەتمەندییەکی گەورەی کەسێکی دێموکرات ئەوەیە کە پلۆرالیزمی سیاسی و فەرهەنگیی قەبووڵ بێ، بتوانێ دەگەڵ نەیار و ڕکابــەر و موخالیفانی خۆی بحاوێتەوە و لەسەر ئەوە ڕێک کەوێ کە زۆر جار مرۆڤ ناتوانــێ دەگەڵ ئــەوان بە تەوافــوق بگا. لــەوەش زیاتر قوتابی دەبێ ئەوەش فێر بێ کە دێموکراسی ناتوانێ ڕاوەستێ. هەمیشە بــۆ پێشــەوە دەڕوا و دەوڵەمەندتر دەبێ و گەشەدەکا. ئامانجی سەرەکیی دێموکراسی بریتیە لە دێموکراسیی زۆرتر.

## پەرەسەندنی پایەدار و بەردەوام

ئاشــناکردنی قوتابی دەگەڵ یاسا و لایەنە جۆراوجۆرەکانــی پەرەســەندنی کۆمــەڵ لەباری ئابووری و ســەنعەتییەوە، ئەرکێکی دیکەی سیســتەمی پەروەردە و فێرکردنە. مەبەست لە پەرەسەندنی پایەدار و بەردەوام ئەوەیە کە بتوانین شانبەشانی پەرەسەندنی ئابووری، ژیان و ســەرچاوە و کۆڵەکەکانی بپارێزیــن . واتە هەرلەو کاتەدا کە ئابووری و پیشەســازیی ئەمڕۆمان لە کوردســتان، پێداویســتییە جۆراوجۆرەکانی دانیشتوانی کوردســتان دابین دەکا، پێویســتە قازانج و بەرژەوەندییەکانــی نەوەکانــی داهاتووی نەتــەوەی کوردیــش لەبەرچــاو بگرێ و کارێک نەکا کە ئەوان بەسەر کوردستانێکی وێران و کەســنەکیڵ و بەردەڕەقدا بکەون. پەرەسەندنی بەردەوام بریتییە لە پێکهێنانی بالانس و هاوئاهەنگی لە نێوان پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەلایەتی و پاراستنی ژینگەدا. قوتابخانە پێویســتە قوتابــی فێربکات کە شێوەی ژیان و ڕادەی مەسرەفی سەرچاوە سروشتییەکان لەلایەن تاکەکان و کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانەوە، ئاکامی میللی و ناوچەیی و جیهانیی بەدواوەیە.

لــە ڕێگای کارکردن لەســەر پرۆگرامە دەرسییەکانی تایبەت بەو بابەتەوە، وشیاری و ئاگاهیی ژینگەیی لە لای قوتابی دروست دەبــێ. بە جۆرێــک کە بتوانــی لە کاتی مەســرەف و بەکارهێنانی ســەرچاوەکاندا، بــە شــێوەیەکی بەرپرســانە و ئەخلاقی و بــە تێبینییەوە ڕەفتار بــکات. هەر لە ژێر ئەو بابەتەدا، قوتابی دەگەڵ مەســەلەکانی پەیوەندیدار بە ژینگە، ئاڵوگۆڕی کەشوهەوا، هەژاری، چۆنیەتیی دابەش بوونی سەرچاوە

سروشتییەکان، شەڕو کێشەکان، لەشساخی، یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، پەیوەندیی نێوان وڵاتانی دەوڵەمەند و وڵاتانی هەژار، دیمۆگرافی و خوێندن و فێربوون لە ناوچە جیاجیاکانی دونیادا ئاشنا دەبێت. قوتابی پێویستە زانیاری لەسەر هەموو لایەنەکانی پەرەسەندنی پایەدار و بەردەوام وەدەست بێنیێ.

تێکنۆلۆژی، کاریگەریی گەورەی لەسەرمرۆڤ، کۆمەڵگای ئینسانی و ژینگەهەیە. بۆیە زۆر گرینگە قوتابی، زانست و زانیاری لە سەر پەرەسەندنی ئابووری، ژینگە و پێشکەوتنە تێکنۆلۆژییەکان و پەیوەندیی نێوان ئەوان وەدەست بێنێ. هیچ گومانی تێدا نییە کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی، دەتوانێ زۆر گیروگرفت چارەسەرکات. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەرهەمان پێشکەوتنی تێکنیکی دەتوانێ گیروگرفتی دیکەش بۆ مرۆڤایەتی بخوڵقێنێ. بۆیە قوتابخانە دەبێ قوتابی بەجۆرێک بار بێنێ کە ئاگاداریی بەسەر ئەو مەسەلەیەدا هەبێ و بتوانێ هەمیشە هەڵبژاردنی دروست بکا .

## پراکسیسی قوتابخانە

قوتابخانە پێویستە بە ڕێز و حورمەتەوە قوتابی وەرگرێ، هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکا، ئەمنیەتی ڕۆحی و فیزیکیی بۆ برەخسێنێ و لە هەمان کاتدا چاوەڕوانیشی لێی هەبێ و ئەرکی پێویستی بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوە و بەدواچووندا بخاتە سەر شان. بە جۆرێک کە بۆ فێربوون هان بدرێ. بۆ ئەو مەبەستە قوتابخانە لەسەریەتی ژینگەیەکی لەبار و هەلومەرجێکی گونجاو بۆ فێربوونی قوتابی بە هاوکاری دەگەڵ ماڵەوە دەستەبەر بکا. ئەوەش پێویستی بە چەند تیمی پسپۆڕ و کارزان هەیە کە قوتابخانە دەبێ بۆڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانە، لە دەوری یەک کۆیان کاتەوە و بیانخاتە خزمەت پرۆسەی پەروەردە و فێربوونەوە.

## ژینگەیەکی ئامێزئاواڵا بۆخوێندن و فێربوون.

قوتابخانە پێویستە بە ئامێزێکی ئاواڵاوە جێگا بۆ هەموو قوتابییان بکاتەوە وژینگەیەکی ئەوتۆیان بۆ برەخسێنێ کە لەوێدا هەست بە سلامەتی وشادی و خۆشحاڵی بکەن بۆ خوێندن و فێربوون هان بدرێن.

دابینکردنی ژینگەیەکی بەهێز کە لەوێدا قوتابی بۆ خوێندن و فێربوون هان بدرێ و هەلومەرجی هەڵدان و گەشەسەندنی هەمووولایەنەی بۆ دەستەبەر بکرێ، یەکێک لە پێشمەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە. بەبێ ئەوە گەشەسەندنی قوتابی چ لە باری کۆمەڵایەتی و چ لە باری زانستییەوە، مەیسەر نابێ. ئەگەر قوتابی لە پۆل و لە نێو قوتابخانەدا، هەست بە ئەمنییەت وئاسایش نەکا، فێریش نابێت. ژینگەیەکی لەو چەشنە تەنیا لە لایەن مامۆستایانی پسپۆڕ و شارەزا، کە بە بەرچاوڕوونییەوە کاردەکەن، بە هاوکاریی دەگەڵ قوتابییەکان ئیمکانی دابین بوونی هەیە. مامۆستایان و کارمەندانی دیکەی قوتابخانە، دایک و باوکەکان و قوتابییان، بەرپرسایەتیی هاوبەشیان هەیە کە فەزایەکی لەبار بۆ گەشە و هەڵدان و فێربوون، دوور لەهەر چەشنە جیاوازی دانان و هەڵاواردن و توندوتیژییەک، لە قوتابخانەدا پێک بێنن. قوتابخانەیەکی لەو جۆرە کە باوەشی بۆ هەموو قوتابییان ئاواڵەیە و ژینگەی لەبار بۆ گەشە و فێربوونی هەمووان دەخوڵقێنێ، فرەفەرهەنگی و فرەکولتووری نەک هەر بە هەڕەشە نازانێ، بەڵکوو لە پەیوەندی دەگەڵ بەرنامەکانی خۆیدا بە سەرمایەی لە قەڵەم دەدا.

قوتابی پێویستە مەیدانی بدرێتێ تا لە کاروباری پۆل و قوتابخانەدا بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری بکات و بەربرسایەتی وەرگرێ. قوتابییان لە پرۆسەی هاوکاری و کۆمیونیکاسیۆن و کاری هاوبەش دەگەڵ یەکدا، بیردەکەنەوە، ئەزموون وەدەست دەخەن و زانیاری وەدەست دێنن. قوتابخانە دەبێ بەجۆرێک توانای قەزاوەتی قوتابی بباتە سەر کە لەکاتی هەڵسەنگاندن و قسەکردن لەسەر کەسانی دیکەدا، بە شێوەیەکی بەرپرسانە و بە ئینسافەوە نەزەر بدا. لەوەش زیاتر قوتابی دەبێت فێر بکرێ لە هەموو مەوقعیەتە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ڕۆژانەدا و لە هاوکاری و لە پەیوەندی دەگەڵ کەسانی دیکەدا بە شێوەیەکی بەرپرسانە بجووڵێتەوە .

ئەو نۆرم و نرخ و پرەنسیپانەی بەسەر قوتابخانە و ژینگەی فێربووندا زاڵن، شوێنەواری کاریگەریان لەسەر پەرەسەندنی کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی قوتابی هەیە. هاوڕێیەتی هەر لەوکاتەدا کە هۆگری و ئەمنییەت و ئاسایشمان پێ دەبەخشی، تا ڕادەیەکی زۆر بەهێزیشمان دەکات. وەختێک دەبینین کە بە ڕێزەوە لە لایەن مامۆستا و هاوڕێ و هاوپۆلەکانمانەوە وەردەگیرێین و جێگای بڕوا و متمانەی ئەوانین، بۆخۆشمان تێدەکۆشێین ڕێز لە خۆمان و لە دەوروبەر و هاواڵانمان بگرین و ڕێز و حورمەت لە کەسانی دیکە بنێین. قوتابییان دەبێ فێربکرێن و لەوە حاڵی بن کە ئێمە ئینسانەکان دەگەڵ یەکتر جیاوازین و هەرکاممان شوێن و جێگای تایبەت بەخۆمانمان لە نێو پۆل و لە قوتابخانە و سەرەنجام لە کۆمەڵدا هەیە. هەر قوتابییەک مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیە کە بە کۆڵیەوەیەتی و خاوەنی هیوا و هومێد و خەونی تایبەت بە خۆشیەتی. کاتێک منداڵان و لاوان لە قوتابخانەدا ڕێزیان لێ دەگیرێ و بە حورمەتەوە وەردەگیرێن و دەخوێنرێنەوە، هەستی هاوپەیوەندی و هاوچارەنوسیشیان دەگەڵ هاواڵ و هاوڕێکانیان تێدا دروست دەبێ.

کاتێک قوتابخانە مەیدان و دەرفەتی هەمەچەشن بۆ فێربوونی قوتابی پێکدێنی، قوتابی بە کردەوە زۆر ئەزموون وەدەست دەخا کە لە ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەی مرۆڤ لەدەرەی قوتابخانە، نزیکن. بەو جۆرە لاوان و مێرمنداڵان پوختە دەبن. ئەگەر گەرەک وکۆمەڵگای دەوروبەری بتوانن کە ئەوانیش بە شێوەیەکی پۆزەتیف و بەرپرسانە کۆمەک بە چوونەپێشی پرۆسەی پەروەردە و فێربوون بکەن و لەو بارەوە هاوکاری قوتابخانە بن، ئەوە دەرفەتی باشتر بۆ گەشەی قوتابخانە و قوتابییان پێکدێ . هەر بەوجۆرە دۆزینەوەی فۆرم و مەیدانی دیکە بۆهاوکاری و کاری هاوبەش و لێکۆڵینەوە و فێربوون، لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی میللی و ناوچەیی و تەنانەت جیهانیشدا، دەرگای فێربوون و گەشەسەندنی زۆرتربە ڕووی قوتابییاندا دەکاتەوە. قوتابی بە هاوکاری و بە تێکەڵاوی و پەیوەندی گرتن دەگەڵ خەڵکانی دیکە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی دونیا، بێ وەبەرچاوگرتنی سنوورە سیاسی و فەرهەنگی و زمانییەکان، ڕوانگەی خۆی بەرین دەکاتەوە و ناسنامەو شوناسی تایبەت بەخۆی پەیدادەکات.

## خوێندن و فێربوونی گونجاو دەگەڵ توانا و ئاستی قوتابییان

قوتابخانە لەسەریەتی ژینگەیەکی لەبار بۆ فێربوون و گەشەکردنی هەموولایەنەی قوتابی پێک بێنی. ژینگەیەک کە قوتابی بۆ فێربوون و خوێندن تەشویق بکا و هانی بدا بۆخۆی بە دوای فێربووندا بگەڕێ.

ئەرکی سەرەکیی قوتابخانە ئەوەیە کە فێربوون و گەشەی قوتابی دەستەبەربکا.

هەرقوتابییـــەک کە ڕووەدەکاتـــە قوتابخانە، هەندێـــک زانیاری و ئەزمـــوون و ڕەفتار و توانا و پێداویســـتیی تایبەت بە خۆی هەن کـــە لەگەڵ خۆیدا بـــۆ قوتابخانەیان دێنێ. بۆیە قوتابخانە دەبێ، بـــێ لەبەرچاوگرتنی توانا و تایبەتمەندییـــە تایبەتییەکانی هەر قوتابییەک، دەرفەت و شانســـی وەک یەک بۆ فێربوون و گەشـــەی هەمـــوو قوتابییان پێک بێنـــێ. بەڕێوەبـــەری و مودیرییەتی ســـەرکەوتووانەی پۆل و گرووپ، پێویستی بەوەیـــە کە مامۆســـتا وەزعـــی تایبەتی و پێداویستییە تایبەتییەکانی هەر قوتابییەک ببینـــێ و بتوانێ پەیوەنـــدی دەگەڵ ئەوان چ تـــاک تاک و چ بە کۆمـــەڵ دامەزرێنێ و خـــۆی بـــە زانســـتە جۆراوجۆرەکانـــی پێداگۆگی(پەروەردەیـــی) چەکـــدار بـــکا. بـــۆ ئـــەوەی قوتابـــی حـــەز و ئەوینی بۆ خوێندن تێدا پێک بێ، پێویستە قوتابخانە ژینگەیەکی ئەوتۆی فێربوونی بۆ دروســـت بکات کە لەوێدا بتوانێ چالاکیی جۆراوجۆر لـــە خـــۆی نیشـــان بـــدا و ئەزموونی زۆر وەدەســـت بێنێ. دیارە دەبێ هەمووی ئەوە لە چوارچێـــوەی پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردندا بێ. قوتابی دەبێ شانسی ئەوەی هەبێ لە ماددە زانســـتییە جۆراوجۆرەکاندا قـــووڵ بێتەوە. بـــەڵام قوتابخانە پێویســـتە ئەوە بزانێ کە هەر قوتابییەک بۆ گەیشتن بـــەو ئامانجانەی کە لە پرۆگرامی خوێندندا دیاری کراون، پێویستی بە کات و میتۆدی تایبـــەت بە خۆی هەیە. هەمـــوو قوتابییان وەک یەک و بـــە خێراییەکی وەک یەک فێرنابـــن. هەرکەس دەبـــێ دەرفەتی خۆی بدرێتـــێ و هەلومەرجی تایبەت بە خۆی بۆ فێربون بۆ بڕەخســـێ. بەوە دەڵێن خوێندن و فێربوونـــی گونجاو. بەو جـــۆرە قوتابی لە پرۆسەی فێربووندا هەســـت بەوە دەکا کە ئەویـــش دەڕواتە پێش و فێر دەبێ، ئەوەش هەســـتێکی پۆزەتیفی تێـــدا پێک دێنێ و مۆتیڤاشـــۆنی زۆرتری بۆ فێربوون دەداتێ. لەو پرۆسەیەدا هەڵەکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان دەبێ وەک ســـەرچاوەی فێربوون بە حیساب بێن. بۆیە قوتابی دەبێ تەشویق بکرێ کە هەوڵ بدا ئـــەرک و وەزیفەکانی قوتابخانـــەی جێبەجێ بکا، بێ ئەوەی لەوە بترســـێ کە ڕەنگە هەڵە بکات. ئەوە ئەرکی قوتابخانەیە کە دەرفەتی لەوچەشـــنەی بۆ بخوڵقێنـــێ، تا لە تاقیکردنەوە ســـەخت و دژوارەکان نەسڵەمێتەوە.

مەبەســـت لـــە تاقیکردنـــەوە و هەڵســـەنگاندنی قوتابی نابـــێ هەرئەوە بێ کـــە بزانین قوتابی چ دەزانـــێ و چ نازانێ. بەمەســـتی ســـەرەکی لەو کارە دەبێ ئەوە بێت کە مۆتیڤاشۆن لای قوتابی دروست کا و بۆ پەرەسەندن و خوێندن و خوێندنەوەی زۆرتـــر هانی بـــدات. نەخشەکێشـــانەوە لە قوتابـــی و لێوەشـــاوەییەکانی، لە هەگبە زانســـتی و ئەزموونە کۆمەڵایەتـــی و توانا زمانەوانییەکانی، لە شـــارەزاییە تیئوری و پراکتیکییەکانی، لەو ئامراز و میتۆدانەن کە قوتابخانـــە بەکاریان دێنێ بـــۆ تۆمارکردنی زانیاری لەســـەر قوتابی و بۆ ناسینی قوتابی و بۆ دارشـــتنی بەرنامـــەی تایبەت بە هەر تاکێکـــی قوتابی، بۆ خوێنـــدن و فێربوون. ئـــەوە پایەیەکـــی گـــەورەی پراکسیســـی قوتابخانەیە. بەڵام نەخشەکێشـــانەوەیەکی لەو چەشنە لە قوتابی، ئەگەر لە کردەوەدا، قوتابخانـــە بـــۆ خزمـــەت بە فێربـــوون و پێشـــکەوتنی قوتابییەکە بەکاری نەهێنێ و لەبەر ڕووناکایی ئەودا هەناگاوی پێویســـت هەڵنەگرێ، بایەخێکی ئەوتۆی پەروەردەیی نابێـــت. مامۆســـتا دەبێ وریا بـــێ و بزانێ کـــە هەندیک تاقی کردنەوەی ناپێویســـت و نابەجـــێ، وێنەیەکـــی لاواز و مەنفی لە قوتابی نیشـــان دەدەن و لـــە ئاکام دا زیان بـــە ڕۆحیەی قوتابی دەگەیەنـــن و ئاکامی زۆر خراپیان لەسەر ژینگەی فێربوون دەبێ

وعەلاقەی قوتابی بـۆ خوێندن و فێربوون سـارد دەکەنەوە. بەو جۆرە بە پێچەوانەی مەبەستە پێداگۆگییەکان لە تاقی کردنەوە کە بریتیە لە بردنەپێشـی قوتابی، ئاکامی خراپ بەدەستەوە دەدەن.

مەبەست لە خوێندنی گونجاو ئەوەیە کە قوتابخانە بە جۆرێک هەلومەرجی خوێندن و فێربوون بـۆ قوتابییان بخولقێنێ، کە هەموو قوتابییەک بە گوێرەی توانا و زەرفیەتەکانی خۆی لـە پرۆگرامە گشـتییەکانی خوێندن و فێربوون، بەهرەی پێویسـت وەربگرێ. بۆ مەبەسـتێکی لەو چەشنە، قوتابخانە دەتوانێ لە ئامـراز و میتۆدی جۆراوجۆری پێداگۆگی و پەروەردەیـی کەڵـک وەگـرێ. وەک دابەشکردنی سەرمایە مادی و ئینسانییەکان، دەکارکردنی میتـۆدی جۆراوجۆری دەرس گوتنەوە، نەخشەکێشـانەوە لە قوتابییەکان، دابەشـکردنی قوتابییەکان بەسـەر گرووپی بچکۆلەتـردا، بـە کارهێنانـی مامۆسـتا و پسـپۆرانی تایبەتی، زیاد کردنـی ژمارەی مامۆسـتاکان، بەکارهینانی تێکنۆلۆژییەکانی دەرس گوتنـەوە، بەکارهێنانی تێکسـت و کتێبە دەرسییە جۆراوجۆرەکان، دەسکاری لە خشتەی هەفتانەی دەرسەکان و بەکارهێنانی شێوە و میتۆدی جۆراوجۆر بۆ ئیمتیحان لێ وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی قوتابییان.

هەڵسـەنگاندنی قوتابی، لە پرۆسـەی خوێنـدن و فێربووندا، بەو مەرجەی قوتابی چالاکانە بەشـدار بێ و گوێـی لێ بگیرێ و بزانـێ کە چ چاوەڕوانییەکی لێ دەکرێ، مەرجی سەرەکیی سـەرکەوتنی خوێندنی گونجاوە. ئەوەش ئـەو کاتە ئیمکانی هەیە کە قوتابخانە لەپێشـدا هەمـوو دەرفەت و میتۆدێکی پێویسـتی بـۆ فێربوونی قوتابی بەکارهێنابێ و لـەوە دڵنیا بێت کە قوتابی دەتوانێ بە گوێرەی پێویسـت، وڵام داتەوە و لە ئاسـتی چاوەڕوانییەکاندا بێ. مامۆستا دەبێ لە کاتی دەرس وتنەوەدا پشـتیوانی لە قوتابی بکات کە بـە گوێرەی تواناکانی ئامانج و قۆناخـی جۆراوجۆر بۆ فێربوون و چونەپێشـی خۆی دیاری بکات و مەیدانی بداتێ بۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانی هەوڵ بدا. قوتابخانە دەبێ بەجۆرێک بەرنامەڕێژی بـکات کە قوتابی، لە نێـوان هەموو ماددە دەرسـییەکاندا هاوسـەنگی پێک بێنی و هەسـت بە فێربوون و پێشـکەوتنی خۆی لە هەموو دەرسـەکاندا بکا. مەبەسـت لەو کارە ئەوەیە کە قوتابـی بزانێ کە دەتوانێ بڕواتـە پێش و سیسـتەمی پـەروەردە و فێرکردن لە ئامێزی گرتووە و دەگەڵ خۆی دەیباتە پێشێ. دروستکردنی هەستێکی لەو چەشـنە لە قوتابیدا بە کلیلی سەرکەتن و چوونەپێش دادەنرێ.

خوێندنـی گونجاو هەمـوو قوتابییان دەگرێتـەوە. قوتابخانـە لـە ڕێـگای بەکارهێنانی میتۆد و شێوازی جۆراوجۆری دەرس گوتنەوە، لە ڕێگای دابەشـکردنی قوتابییان بەسـەر دەستەو تاقم و گرووپی فرەچەشندا بۆ ئاسان کردن و بردنەسەری ئاسـتی فێربوون، لە ڕێـگای دەکارکردنی تێکنۆلۆژیـی مۆدێـڕن و پێویسـت، لـە ڕێگای بە ڕەسـمی ناسـینی شـوناس و کولتور و ناسـنامەی فەرهەنگی و ڕێزنان لە پێشـینەی بنەماڵەیی قوتابی، دەتوانێ ئـەو میتـۆدە پێداگۆگییـە بەکاربێنـێ. ئەگەر قوتابییەک، پاش هەڵسـەنگاندن لە لایـەن دەزگا پسـپۆرەکانەوە، دەربکەوێ کە پێداویسـتیی تایبەتی هەیە و ناتوانێ لـە پرۆگرامـە ئاسـاییەکانی خوێنـدن کەڵک وەرگـرێ، قوتابخانە دەبێ میتۆد و ئیمکاناتی تایبەت بـە خۆی بۆ دابین بکا و خوێندنی تایبەتی بۆ دەسـتەبەر بکا. لە حاڵەتی ئاوادا، قوتابخانە دەتوانێ سەرەڕای ئیمکاناتی خـۆی، لە ئیمکاناتی دامودەزگا جۆراوجـۆرە کانی دیکەش بۆ یارمەتیدانی ئەو چەشنە قوتابییانە کەڵک وەرگرێ.

## هاوکاریی بەردەوام دەگەڵ ماڵەوە و دایک و باوکی قوتابی

ئەگەر هاوکاری و کۆمیونیکاسیۆنی گەرم و پێویست لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا لەگۆڕێدا بێ، ژینگەی خوێندن باشتر دەبێ و هەلومەرجی گەشە و فێربوونی باشتر بۆ قوتابییان دەخوڵقێ. دەبێ بگوترێ کە دایک و باوک بەرپرسایەتیی سەرەکییان لە پەروەردەکردنی منداڵدا هەیە. ئەوان نزیکترین کەسی قوتابین و زانیارییەکی زۆریان سەبارەت بە قوتابی هەیە کە قوتابخانە دەتوانێ لە ڕەوتی پەروەردە و فێرکردندا، بە قازانجی قوتابی بەکاریان بێنی. دەبێ بگوترێ کە ئەوە بەرپرسایەتیی قوتابخانەیە کە تێبکۆشێ پەیوەندی دەگەڵ دایک وباوکی قوتابی بگرێ و دەرگای هاوکاری دەگەڵ ئەوان بخاتە سەرپشت و هەلومەجێک پێکبێنێ کە ئەو هاوکارییە بەردەوام بێ. لەو پەیوەندییەدا قوتابخانە پێویستە تێبکۆشێ کە زانیاریی پێویست سەبارەت بە قوتابخانە و چۆنیەتیی وەزعی قوتابییەکە، بگەیەنێتە دایک و باوکی منداڵ. ئەوەش دەرفەتی ئەوە بۆ دایک و باوکی قوتابی دروست دەکا تا بتوانن لە کاروباری قوتابخانە و خوێندن و فێربوون و پەروردەی منداڵەکەیاندا بەشداری بکەن.

هەڵسوکەوتی دایک و باوک و چۆنیەتیی پەیوەندیی ئەوان دەگەڵ قوتابخانە، شوێنەوارێکی پۆزەتیف و گرینگی لەسەر ڕادەی فێربوون و چوونە پێشی قوتابی و عیشق وعەلاقەی ئەو بە قوتابخانە و مامۆستاکانیەوە هەیە. دیارە چاوەڕوانیی دایک و باوک لە قوتابخانە و ڕادەی پێویستیی ئەوان بۆ هاوکاری، لە بنەماڵەیەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. بەڵام قوتابخانە لەسەریەتی ئامادەییی ئەوەی تێدا بێ، دەگەڵ هەمووان و هەریەکە بە ئەندازەی چاوەڕوانی و پێداویستییەکانیان، هاوکارییان بکا. لە کردەوەدا زۆرجار ئەوە سەخت دێتە بەرچاو، بەڵام لە باری پێداگۆگیەوە زۆر پێویستە. شایانی باسە قوتابخانە لەسەریەتی بە ڕێز و حورمەتەوە هاوکاریی دایک و باوکەکان بکاو پێشینەی کولتوری و کۆمەڵایەتیی ئەوان، نابێ شوێنەواری لەسەر ئەو هاوکارییە هەبێ. سەرەنجام قوتابخانە زۆر بە ڕوونی دەبێ دایک و باوکی قوتابی لەوە حاڵی بکات کە قوتابخانە چ چاوەڕوانییەکی لە دایک و باوکی قوتابییەکە هەیە و لەولاشەوە ئەوەش دەبێ ڕوون کاتەوە کە قوتابخانەش دەتوانێ چ بکات.

## پەروەردە و فێربوون لە کارگە و کارخانە و بنکە سەنعەتی و پیشەسازییەکاندا

پەروەردە و بارهێنانی قوتابییان، لە نێو کارگە و کارخانە و ناوەندە جۆراوجۆرەکانی دیکەی بەرهەم هێناندا، بەشێکی گرینگی سێستەمی پەروەردە و فێرکردنی کوردستان دەبێ. لەو ڕێگایەوە قوتابییان و فێرخوازان، بۆ کار و بەرپرسایەتی قەبووڵ کردن، لە نێو کۆمەڵ و لە بازاڕی کاردا ئامادە دەکرێن. پەروەردەی پیشەیی، مەیدانێکە بۆ تەربیەتی تێکنێسیەن و کادرە فەننییە جۆراوجۆرەکان کە بازاڕی کار پێویستی پێیانە. زۆرگرینگە قوتابخانە پیشەییەکان تێبکۆشن، خوێندکارانی ئەو بوارانە، وەک کەسانی خەللاق و شارەزا و لێوەشاوە و بەرپرس و کارزان، بێنە نێو ژیان و بازارەوە. لە ڕێگای پراکسیس لە کارگە و کارخانەکاندا، قوتابی ئەزموون و تاقیکردنەوەی بەنرخ وەدەست دێنێ کە دواتر لە بازاڕی کاردا کەڵکی لێ وەردەگرێ. بۆیە لەگۆڕێدابوونی هاوکاری و پەیوەندییەکی زیندوو لە نێوان قوتابخانە و بازاڕی کار و کارخانەکاندا، مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی ئێمە لەوبوارەدا بتوانێ بە ئامانجەکانی بگات. پەروەردەکردنی ژمارەیەکی هەرچی

زۆرتر لەو جۆرە کادرە فەننی و تێکنیکییانە، شــەرتێکی بنەڕەتییە بۆ گەشەی ئابووری و پیشەسازی لە کوردستاندا.

## مامۆستا و پسپۆڕەکانی دیکەی بواری پەروەردە و فێرکردن

قوتابخانە وەک ئەنستیتۆیەکی گرینگی ناو کۆمەڵگا، ئەرکی سەر شــانیەتی پەیرەوی لەو بایــەخ و پرەنســیپە بنەڕەتییانە بکات کــە سیســتەمی پــەروەردە و فێرکردنی کوردســتانیان لەســەر دامــەزراوە. بۆیــە مامۆســتایان، بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان و بەرپرســانی دیکەی پەروەردە، هەموو وەک یەک بەرپرســیارن کە ئەو نۆرم و یاســا و ڕێسایانە بەڕیوەبەرن و لە کردەوەدا پیادەیان بکەن. هــاوکاری و پەیوەندیــی زیندووی نێــوان قوتابخانە و ماڵەوە، نێــوان قۆناخە جیاجیاکانی خوێندن، مەرجێکی سەرەکیی سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندنە. لەو نێوەدا مامۆســتا ڕۆڵی سەرکی دەگێڕی. ئەو دەبێ لە هەموو پرۆسەکەدا یارمەتیدەر، پشتیوان و ڕێ نیشــاندەرێکی ئەمینــی قوتابی بێ. مامۆســتا دەبێ قوتابیی خۆی خۆش بوێ، بیناســێ و پەیوەندییەکی گەرمی دەگەڵ هەبێ. ئەوە بۆ ئەو قوتابییەش هەر ڕاستە کە گیروگرفتــی هەیە، لە دەرس ودەورەکانیدا لە دوایە، وەک پێویســت گوێ لە مامۆستا ناگــرێ، لە نێو پۆلدا نەیتوانیوە جێی خۆی بکاتەوە. بەڕیوەبەر و مامۆســتا دەبێ بزانن کە لە ڕاستیدا قوتابییەک کە لە حاڵەتێکی ئاوادایە، پێویستیی زۆرتری بە پشتیوانی و هاوکاری و ڕێ نیشــاندان هەیە تا یەکێک کە دەتوانێ ئەرکەکانی قوتابخانە جێبەجێ بکات. ئەگەر مامۆســتا تێبکۆشێ لە نێوان خۆی و قوتابییەکاندا، لە نێوان قوتابییەکاندا دەگەڵ یەکتر، پەیوەندییەکی بەهێز و پتەو دروســت بکات، ئەوە توانیویەتی فەزایەک و کولتورێکــی لەباریــش بــۆ فێربوون و گەشــەکردنی قوتابی پێــک بێنێ و هانی قوتابی بدا تا هەستی هاوپەیوەندی دەگەڵ هاوپۆلەکانی تێیدا دروســت بێ. بەو جۆرە ئاستی زانســتیی قوتابیش دەچێتە سەرتر. چونکە قوتابی ئەوکاتە بــاش فێردەبێ کە هەست بە ئەمنییەت و ئاسایش بکات.

مامۆستایان و پسپۆڕانی دیکەی پەروەردە و فێرکــردن، لە کاتی کار و هاوکاری دەگەڵ یەکتر، زانیاری و شارەزایی خۆیان سەبارەت بە بابەتە پەروەردەیییەکانی وەک پێداگۆگی، دیداکتیک(زانســتی وانە گوتنــەوە) و هتد دەبەنەســەر. قوتابخانــە بەگشــتی و تیمی مامۆســتایان بەتایبەتی، پێویســتە تیمێکی پرۆفیشناڵ بن کە پێکەوە بتوانن ئەرکەکانی پەرورده و خوێندن و فێربوون لە قوتابخانەدا ڕاپەڕێنن. ئەوەش پێویســتی بەوە هەیە کە مامۆستا، بەردەوام خۆی و زانیارییەکانی بەڕۆژ بکاتەوە، کۆرســی جۆراو ببینێ، ســەرلەنوێ بچێتەوە زانکۆ و دەرسی تازە بخوێنێ.

مەسەلە پەروەردەیی و پێداگۆگییەکان، هەمیشــە یــەک وڵامیان نییــە. بۆیە زۆر گرینگە مامۆســتایان مەیدانیان پێ بدرێ زانســت و زانیاری و ئەزموونەکانی خۆیان تاقــی کەنەوە. مامۆســتا بــەردەوام دەبێ بیرلــەوە بکاتەوە کە خوێنــدن و فێربوون چۆن دەچێتــە پێش و چی دەبێ بکرێ تا دەرفەتی فێربوون و گەشــە بۆ قوتابی پێک بێ. کاتێک مامۆســتایان پێکەوە نەخشەو پلان بۆ بردنەپێشــی پەروەردە و فێرکردن دادەڕێــژن و پێکەوە لەســەر مەســەلە و گیروگرفتە جۆراوجۆرەکان باس و موناقەشە دەکەن، مۆدێلێکی باش و ســەرکەوتوو لە کاری پەروەردەیی، بەدەستەوە دەدەن.

دەبێ بگوترێ کە کاری پرۆفیشــناڵ لە بواری خوێندن و فێربووندا، پێویســتی بە بەڕێوەبــەری و مودیرییەتێکــی باش و بە هێز و کارا هەیە. مودیرییەتی ســەرکەوتوو لەو بــوارەدا ئەوەیە کە بایەخی ســەرەکی

به دروستکردنی پەیوەندیی باش لە نێوان مامۆستایاندا لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ بەڕێوەبەر و لەگەڵ قوتابییان بدرێ و فەزایەکی پڕ لە بڕوا و متمانە لە قوتابخانەدا پێک بێ. بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە پێش هەرچییەک دەبێ تێبکۆشێ کە هەلومەرجی لەبار بۆ گەشە و پەرەسەندنی مامۆستایان و قوتابییان پێک بێنێ. بەڕێوەبەر دەبێ مەیدانی ئەوە بۆ مامۆستایان پێک بێنێ تا بتوان پێکەوە پراکسیسێکی باشی پێداگۆگی و پەروەردەیی لەخۆ نیشان بدەن و هەر مامۆستایەش لەو پرۆسەیەدا، دەنگ و ڕەنگی تایبەت بە خۆی هەبێت. ئەوە ئەرکی بەڕێوەبەرە کە ڕێگا بدا هەموو مامۆستایان، لایەنە بەهێزەکانی خۆیان نیشان بدەن و لەو ڕێگایەوە یارمەتی بە پێشکەوتنی پرۆسەی خوێندن بکەن.

پراکسیسێکی باش لە بواری کاری پەروەردەدا ئەوەیە کە مەیدانمان هەبێ پرسیار بێنینە گۆڕێ و بۆ وڵامدانەوەی دەگەڵ یەک باس و گفتوگۆی زانستی و پێداگۆگی بکەین. هەموو کارمەندانی قوتابخانە دەبێ لەو پەیوەندییەدا بەرپرسایەتی بگرنە ئەستۆ و یارمەتی بەوە بکەن کە ئاستی پسپۆری و پرفیسیۆناڵیی قوتابخانە بە گشتی بچێتە سەر. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ بەردەوام بایەخ و نۆرم و ستاندارده پەروەردەییەکان باس و گفتوگۆیان لەسەر بکرێ، کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمناری پەروەردەیی پێک بێ، کاری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پەروەردە و پێداگۆگی و دیداکتیکدا لە قوتابخانەدا ئەنجام بدرێ. ئەگەر قوتابخانە بۆ هەموو ئەو کارانەی چوارچێوەیەکی بەهێزی هەبێ و لەو چوارچێوەیەدا هەڵسووڕێ کە بەرنامە پەروەردەییەکان لێمان دەخوازن، بێگومان لە کاری خۆیدا سەرکەوتوو دەبێت. پشتیوانی لە فێربوون و هاندانی قوتابی بۆ فێربوون، سیمای هەرە سەرەکیی قوتابخانەیەکە کە کولتوری پەروەردەییی بە هێزی هەیە.

کاتێک قوتابخانە و قوتابی و مامۆستا و قوتابی، ڕۆژانە لە کاتی خوێندن و فێربووندا پێک دەگەن و دەگەڵ یەک قاڵ دەبنەوە، دەرفەت بۆ ئەوە پێک دێ کە قوتابخانە باشترین پراکسیس لە خۆی نیشان بدا. لێرەدایە کە مامۆستایان، شارەزایی و لێوەشاوەییەکانیان بۆ فێرکردنی قوتابییەکان دەکاردەکەن و تێدەکۆشن گیان وەبەر ئەو بایەخ و نرخە جۆراوجۆرانە بێنن کە قوتابخانە خستونیەتە سەرشانی خۆی. لێرەدایە کە مۆماستا دەبێ تێبکۆشێ لە لایەک هەموو قوتابییەکان وەک پۆل و گرووپ پێکەوە ببینێ و هەرلەو کاتەشدا هیچکام لە قوتابییەکانیشی لە چاوان ون نەبێ. لێرەدایە کە مامۆستا دەبێ هەرلەوکاتەدا کە ئەرک و وەزیفە دەخاتە سەرشانی قوتابی و لێی حاڵی دەکا کە چاوڕوانیی لێیەتی، قوتابیش لەوە دڵنیا دەکاتەوە کە لە پشتیەتی، ئەگەر پێویست بێ یارمەتیی دەدا و ڕێگای نیشان دەدا. لێرەدایە کە مامۆستا نیشان دەدا کە قوتابییەکان جیاوازن و هەر ئاواش تەماشا دەکرێن. ئەو بابەتانە هەموو ڕۆژێ لە نوێ دیسان وەرد دەدرێنەوە.

## سەرچاوەکان:


https://www. utdanningsnytt. no/kunnskapsloftet-laereplaner/laereplanverket-for-kunnskapsloftet-lk06-2006/152447

Læreplanverket for Kunnskapsløftet 2020

Per Arneberg og Bjørn Overland, Pedagogikk, 2003

Guttorm Fløistad, Om å kunne mer enn man kan, 1996

John Hattie, Synlig læring, 2013

Dag Einar Thorsen, Demokrati, 2015

Gordon Dryden og Jeanette Vos, Læringsrevolusjon

Stephen Dobson, Astrid B. Eggen, Kari Smith, Vurdering, prinsipper og praksis

# کورد، میدیا، ڕاگەیاندن

**ڕزگار بەهاری**

ئەمڕۆکە «میدیا» لە کاریگەرترین هۆکارەکانی قەبارەگرتن و دارشتنەوەی ژیانی خەڵکە و ڕۆڵی بەرچاو لە ئاراستە کردنی کۆمەڵگەدا دەگێڕێت. بەهۆی ئەو کاریگەرییەی هەیەتی، کەڵکوەرگرتن لەم ئامرازە لە ڕۆژەڤی سەرجەم سیستەم، دەوڵەت، ڕەوتی جیاوازی فکری، سیاسی، ئایدۆلۆژی، کۆمپانیی بازرگانی، ڕێکخراوەی مەدەنی و پاراستنی مافەکان و یەکەکانی خوارووتر جێی گرتووە.

## شەڕی سارد (Cold War)

شەڕی سارد بەشێکە لە ململانێی نێوان دوو لایەن و دەکرێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بکرێت. هەرکات دوو هێز ناچار بە ئاگربەست بکرێن یان شەڕی گەرم لە بەرژەوەندیی هەردوولا نەمێنێت و هاوکات سوور بن لەسەر دژایەتیی یەکتر، شەڕی سارد دێتە ئاراوە. بواری سەربازی پەرەپێئەدەن، خۆیان پڕچەک دەکەن، دەکەونە ململانێی ئابووری، باڵ و هاوپەیمانەکانی یەکتر دەشکێنن و لاوازیان دەکەن وەک چۆن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، باڵەکانی ڕووسیا کە پێک دەهاتن لە ئەفغانستان، عێراق، سووریا و ئێستاکەش ئێران، یەک لەدوای یەک دەشکێنێت.

پاش شەڕی سارد، ململانێکان لەو چوارچێوەیەدا قەتیس نامێنێت و شەڕی نەرم بەڕێی میدیاکانیش هەڵدەگیرسێت؛ میدیا یەکێک لە کاریگەرترین ئامرازەکانی جیهانی ئەمڕۆیە و هەر دەوڵەت و دەسەڵاتێک پشتی پێ دەبەستێت. بەگشتیی دەتوانین میدیا بە باڵ و دەنگی دەسەڵات پێناسە بکەین بە جۆرێک کە میدیای هەر لایەنێک بەهێزتر بێت، سەرنجی خەڵکانی زیاتر ڕادەکێشێت و لە شەڕی نەرمدا هەژموونی گشتگیرترە. خوێندنەوە و پێناسەی جیاواز بۆ میدیا هەیە؛ هەندێک جار بە دەوڵەتی شاراوە و هەندێک جاریش بە هێزی جێگرەوەی سەربازی و هێڵی هاوتەریبی ناو دەسەڵاتێک پێناسە دەکرێت چونکە دەتوانێت جومگەکانی کۆمەڵگە بتەنێتەوە.

## شەڕی نەرم (Soft War)

دەکرێ شەڕی نەرم (لە ڕێی میدیاوە) لە شەڕی سەربازی کاریگەرتر و مەترسیدارتر بێت؛ لە شەڕی سەربازیدا، دوژمن لوولەی چەکی بەرانبەر گرتووە و شەڕی ڕاگەیاندووە؛ لەئاکامدا هەستی نەتەوەیی و بەرگریی دەورووژێت و یەکئالی و یەکڕیزی ساز دەبێت، بەڵام ئەگەر ئاستی زانستی میدیای کۆمەڵگە بەرز نەبێت، دوژمن میدیا بەکار دەهێنێت و لەو ڕێگەیەوە ڕاستییەکان دەشێوێنێت و کۆمەڵگە و ڕای گشتی، لە بەرژەوەندیی خۆی ئاراستە دەکات. دەتوانێت ناکۆکی لە ناو بەرانبەرەکەی چێ بکات و تەنانەت سۆزی ڕای گشتی بۆ خۆی ڕابکێشێت. دوژمن پڕوپاگەندە بۆ کلتووری خۆی دەکات و هەژموونی خۆی لە ڕێی میدیا و لە چوارچێوەی شەڕی نەرمدا دەسەپێنێت. بۆ وێنە وڵاتی تورکیا لە ڕێی زنجیرە فیلمەکانی، دزەی کردووەتە نێو زەینی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین و تەنانەت گەلی کورد. تاکی کورد بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، بە بڵاوکردنەوەی مۆسیقا و برگە تورکییەکان، دەبێتە بەشێک لە شەڕی نەرمی تورکیا دژ بە خۆی. ئەم ڕەوتە بەردەوام بوو تا ساڵی ڕابردوو کە ڕژێمی تورک هێرشی زیاتری کردە سەر ڕۆژاوای کوردستان و هێزی ناردە باکووری لیبیا. ئەوکات بوو کە وڵاتانی عەرەبی هەستیان بە پیلانی تورکیا بۆ خۆسەپاندن بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناویندا کرد و یەکێک لەو هەڵوێستانەی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی دژی ئەم وڵاتە گرتیان، ئەوە بوو کە پەخشی زنجیرە فیلمە تورکیەکانیان ڕاگرت. هاوکات چەند میدیای باشووری کوردستانیش بە هەمان شێوە کۆتاییان بە پەخشی زنجیرە تورکییەکان هێنا.

بەگشتیی، شەڕی نەرم بریتییە لە بەئامانجگرتنی کلتوور، سیاسەت، زمان، ئابووری، ئامانج، پیرۆزییەکان، ناسنامە، جلوبەرگ و سەرجەم هەبووە نەتەوەییەکانی گەلێک لە لایەن دوژمنەوە، کە هۆکارن بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن. لە شەڕی نەرمدا کە بەڕێی کەرستە ئەمڕۆییەکانی وەک میدیا و سۆشیال میدیا پێش دەخرێت، شەڕی دەروونی ڕێک دەخرێت و لە ڕێی پڕوپاگەندە، دەستکەوت و ستراتیژییەکان دەکەوێتە مەترسییەوە. دەسەڵاتی ئێستاکەی

ئێران بەگشـــتیی لە ژێر دەســـتی کەمینەی فارســـی ناوەندی جوگرافیای ئێرانە و سەدان ســـاڵە فارســـی کەمینە، بە زۆری شمشێر و بـــەو زەینیەتە دەســـەڵاتی ســـەپاندووە کە، بەهێزبوونی گەلانی دیکە بە مانای لاوازبوونی خـــۆی دەزانێت؛ بۆیە جگە لـــە بەکارهێنانی زمانی چـــەک، هاوکات شـــەڕی دەروونی و نەرمی بۆ داپڵۆسین و ژێردەستهێشتنەوەی گەلانی دیکە بەکار هێناوە.

بڵاوکردنـــەوەی زنجیـــرەی «نـــونخ»، هەرچەند لە لایـــەن دەرهێنەرێکی بە ڕەگەز کوردەوە ساز کرابوو، دوایین بەرهەمی بەرچاو بوو کە لە چوارچێوەی شـــەڕی نەرمی دژی کورد لە میدیای فەرمیی کۆماری ئیســـلامی بـــڵاو بوویەوە ولـــە پێری کۆمێدیـــدا، زمان، کلتوور، جلوبەرگ و شارستانیەتی کورد کرایە ئامانج. کاریگەرییەکانی شـــەڕی نەرم وەهایە کە تەنانەت زۆربەی ئەکتەرەکانی کورد بوون و بەشـــێکی بەرچاو لـــە کۆمەڵگەی کوردی شەوانە بەدیار ئەم زنجیرە فیلمەوە دادەنیشتن و دڵگـــران نەدەبوون بەو ســـووکایەتییەی بە هەبووەکانیان دەکرێت. سیاسەتی دەرهێنانی ئـــەو فیلمە وەها بووە کە لە کاتی هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان، بە زانســـت، ئەکتـــەری لاواز و نەریتییـــان بۆ دەســـتبژێر کـــردووە. هەمان سیاسەت بەرانبەر گەلانی دیکەی نیشتەجێی باکـــووری ڕۆژاوا، باکوور و باشـــووری ئێران پەیڕەو کراوە؛ ئازەرییـــەکان و باکوورییەکان، نارەزایەتییان نواند و لـــە ئاکامی نارەزایەتیی ئازەریەکان، بەرنامەی «فیتیلە» ڕاگیرا و پاش گردبوونەوەی گیلانییەکان لە بەردەم ناوەندی ڕاگەیاندنی پارێزگای گیلان، لە بابەت پەخشی زنجیرەی «وارش»، ڕژێم لـــە ڕێی پارێزگار و میدیاکانـــەوە دڵنەوایی دانیشـــتوانی دایەوە؛ کەچی لە پارێـــزگا کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نارەزایەتی لەدژی پەخشی «نونخ» بەرێوە نەچوو. ســـەرەڕای هەمـــووی ئەمانە، ئەگەر ڕاگەیاندنی کـــورد بەهێز بوایە، لەبری گلەیـــی لە میدیای دوژمنان و شـــەڕی نەرم کـــە دژی لە ئارادایە، ڕاگەیاندنی خۆی بەهێز دەکرد و لـــە هەمان ســـۆنگەی «ڕاگەیاندن» داکۆکی لە گەل دەکرد.

لـــە هەمان چوارچێـــوەدا، زنجیرە فیلمی بەناوبانگـــی King Of The Ring لـــەو بەرهەمانەیە کە ســـەرەڕای ئەوەی ناوەرۆکی پێـــک هاتووە لـــە هێرش و کوشـــتن بەڵام هێندە پیشەییانە ساز کراوە کە جگە لەوەی سووکایەتی بە هیچ گەلێک ناکات و سروشتی بینەر ناشـــێوێنێ و بریندار ناکات، دەیخاتە ســـەر پێکەنین و پـــڕی دەکات لـــە هیوا و ئومێـــد، کەچی لە میدیـــای ئێراندا بۆ ئەوەی بزە بخەنە ســـەر لێوی بینەر، سووکایەتی بە گەلانی جوگرافیای (ئیســـتای) ئێران دەکەن. وێنای هاوشێوە لە بەرهەمی برێک شانۆکار و دەرهێنەری کورد (کـــە بەرهەمەکانیان زیاتر لە میدیای ئێـــران بڵاو دەکرێتەوە) بۆ هەمان مەبەست، جلی کوردی بە شێوازی ناباو دکەنە بەر ئەکتەر، زمانی کوردی دەشێوێنن و لەبری دیالۆگی بەهێز، جەخت لە جووڵەی نەشـــیاو دەکەنەوە کە هاوشانی کورد نیە.

کۆماری ئیســـلامی کە لـــە ڕێی دەزگای ڕاگەیاندنی خۆیەوە لە مـــاوەی چوار دەیەی ڕابردوودا شـــەڕی دەروونیی پەیڕەو کردووە، دەیـــان بەرهەمـــی ســـینەماییی پێوەندیدار بـــە کوردی بـــڵاو کردۆتەوە کە بە دەســـتی دەرهێنەری ناکورد ساز کراون. کەسانێک کە شـــارەزاییان لە ناخ و ئـــازار و کلتووری ئەم گەلە نیە، دەیان فیلمیان لە شەڕی پێشمەرگە و ســـوپای ڕژێمی ئێران بەرهەم هێناوە و لە ڕوانگـــەی خۆیانەوە کوردیان وەک ســـەربڕ، نەریتخـــواز و دواکەوتـــوو نمایـــش کردووە. لەکاتێکا کە دەبێ مێژووی کورد بە دەســـتی دەرهێنەری کـــورد بکرێتە فیلـــم و بخرێتە بەر چاوی گەلانی دیکە، کەچی لە ئیســـتادا دوژمنی کوردە کە خەریکە بەسەرهاتی کورد لە ڕوانگەی خۆیـــەوە دەگێڕێتەوە و ئەم مافە

دەیان ساڵە لە وڵاتانی دیکتاتۆری وەک ئێران پێشێل دەکرێت.

بەپێی برگەی ١٧٥ی یاسای بنەڕەتیی ئێران، بەرپرسی یەکەمی دەزگای ڕاگەیاندن لەلایەن خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە دەستنیشان دەکرێت یان لادەبرێت و ئەمەش گرنگیی پێگەی ڕاگەیاندن و ڕۆڵی ڕاستەوخۆی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەگەیەنێت لە دژی کورد. بە ئاوڕێک لە مێژووی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی لەبواری میدیایی، فام بە سێ بابەت دەکرێت: ١ گرنگیی میدیا ٢ ئاستی دەستێوەردانی ڕژێم لە وڵاتانی جیهان ٣ ڕژێم لە گەمە سیاسییەکاندا کوردی لە یاد نەکردووە و بۆ شەڕی دەروونی دژی کورد دەستەوەستان نەبووە. ڕژێمی ئێران ساڵانێکی زۆرە دەیان کەناڵی ئاسمانیی وەک العالم، SaharTv، PressTv کە بە زمانەکانی کوردی، ئینگلیسی و عەرەبی و چەندین زمانی دیکە بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە، دامەزراندووە و تەنانەت بەشێکی زۆر لە کوردانی باشوور ڕۆژانە سەیری هەواڵ و دراماکانی SaharTv دەکەن. هەروەها لەڕێی میدیاوە سیخوڕی بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە دەکات وەک ئاژانسی هەواڵی «کردپرس» کە سەر بە سپای پاسدارنە و قەرارگای ڕەمەزان بەڕێوەی دەبات. هەرچەند هەواڵەکانی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنانە ڕاست بن بەڵام جگە لەوەی بە ناردنی هەواڵنێر بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان سیخوڕی بەسەر کوردەوە دەکەن، تەنیا ئەو شرۆڤانە بڵاو دەکەنەوە کە مرۆڤی کورد دڵسارد و ناهومێد دەکات. دەستکەوتەکانی باشوور و ڕۆژاوای کوردستان ڕەشبینانە باس دەکەن، کەم دەینرخێنن و هاوکات باس لە کوشتنی ڕۆژانەی کۆڵبەران و لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسیی کورد لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکەن. ئەم ڕاگەیاندنە کە برێک هەواڵنێر و ڕۆژنامەوانی کوردیش لەخۆ دەگرن، تێچوویەکی زۆریان بۆ تەرخان دەکرێت و ڕۆژانە لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی و سەربازیی کورد و ئەوروپی و ئەمریکی وتووێژ دەکەن. هەروەها شرۆڤە و بابەتەکان لەچوارچێوەی شەڕی دەروونی دەستبژێر و بڵاو دەکەنەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی مژاری ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کرانەوەی چەندین ڕۆژنامەی ناوچەیی، قەرارگای ڕەمەزانی سەر بە سوپای پاسداران، گۆڤار و ڕۆژنامەی هاوتەریبی دامەزراند. لەنێو سەرنووسەرانی ئەو چاپەمەنییانە، چەکدار و فەرماندەی پێشووتری سپای پاسدارانیش هەن کە بە سپۆنسەریی و ڕێنوێنیی قەرارگای ڕەمەزان چالاکن. هەر لەو چوارچێوەیەدا لە شارەکانی ڕۆژهەڵات، ئیتلاعاتی سپای پاسداران سیخوڕەکانی وەک چالاکانی مەدەنی و ڕۆژنامەوان ناردۆتە پێشەوە کە جگە لە سیخوڕیکردن بەسەر چالاکانی مەدەنییەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان، ڕەوتی هەوانێری و چالاکییە مەدەنییەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵات بگرنە دەست و بەم چەشنە، هەوڵ بۆ دەستبەسەراگرتن و نزۆککردنی چالاکیی مەدەنی و ڕاگەیاندنی خەڵکی دراوە. هەر شارەو ماڵپەڕ و پێگەی هاوتەریبی ئەلکترۆنیی بۆ دابینکراوە کە خەڵک بە هەواڵ و زانیاریی لۆکاڵی سەرقاڵ بکەن و زەینیان لە کوشتن و سێدارە و پیلانەکانی ڕژێم دوور بخەنەوە.

## نەبوونی میدیای پیشەییی بێلایەنی کوردی

ئەمڕۆکە «میدیا» لە کاریگەرترین هۆکارەکانی قەبارەگرتن و دارشتنەوەی ژیانی خەڵکە و ڕۆڵی بەرچاو لە ئاراستە کردنی کۆمەڵگەدا دەگێڕێت. بەهۆی ئەو کاریگەرییەی هەیەتی، کەڵکوەرگرتن لەم ئامرازە لە ڕۆژەڤی سەرجەم سیستەم، دەوڵەت، ڕەوتی جیاوازی فکری، سیاسی، ئایدۆلۆژی، کۆمپانیی بازرگانی، ڕێکخراوەی مەدەنی و پاراستنی مافەکان و

یەکەکانی خواررووتر جێی گرتووە.
مەدتیڤی (MedTv) یەکەم کەناڵی کوردی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان، شۆرشێکی بواری ڕاگەیاندن بوو کە لە ١٥ی گوڵانی ساڵی ١٩٩٥ی زاینی لە شاری لەندەن دەستی بە وەشان کرد و دواتر لەلایەن ڕژێمی تورکەوە کەوتە بەر گوشار و داخستن. بەڵام دوابەدوا چەندین کەناڵی دیکە کرانەوە و لە ئیستادا دەیان ڕادیۆ و کەناڵی ئاسمانی و سەدان پێگەی میدیایی کوردی بوونی هەیە. گرنگتر لە ڕێژەیان، شێوازی کار کردنیانە چونکە ڕێژەیان هەرچەندە زۆربێت، بەڵام ئەگەر ئەرکی سەرەکیی خۆیان بەجێ نەهێنن و نەکەونە خزمەت بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد، بەهۆی سەرقاڵکردن و کوشتنی کات و وزەی خەڵک بە پرسی لاوەکییەوە، لەبری بەهرەرۆڵی نەرێنییان دەبێت.
جگە لەو کەموکوریانە کە ڕەوتی کوردی بەرانبەر داگیرکەران و زلهێزە جیهانییەکان هەیەتی، نەبوونی میدیایەکی پیشەیی و ئاکادیمیی نیشتمانیی بێلایەن، وەک لاوازییەک بەرچاوە کە پرسەکانی کورد بە بێ لایەنگری بخاتە بەرچاوی دەوڵەتان و گەلانی دنیا. جگە لە شەرێکی دەروونی کە لەلایەن داگیرکەرانەوە بەرەورووی کورد بۆتەوە، بەشێک لە میدیا و ڕاگەیاندنی کوردیش پشێوییان لەناو زەینی تاکی کورد ساز کردووە. بەگشتی سەرجەم میدیا ئاسمانییە کوردییەکان سەر بە لایەن و حیزبێکی کوردین و پەخشی بەرنامەی هەرکامیان لە بەرژەوەندیی ئەو لایەنەیە کە تێچووی دابین دەکات. تەنانەت برێکیان نەک لە بەرژەوەندیی گشتی، بەڵکوو لە چوارچێوەی کێبەرکێ و ململانێی لایەنی ڕکابەردا دامەزراون؛ بێگومان لەو هەلومەرجەدا دەنگی کورد لاواز دەبێت و جگە لەوەی دەنگی ناگاتە ناوەندە جیهانییەکان، کۆمەڵگەش بە ململانەی نێوخۆییەوە سەرقاڵ و وزەیان خەسار دەکات. بۆ وێنە لە باشووری کوردستان (بەهۆی کەشی ڕەخساو)، ڕێژەی میدیاکان زۆرە بەڵام لەبەر نەبوون یان پێمل نەبوون بە پرەنسیبە ڕۆژنامەوانییەکان و زانستی میدیایی و بەرژەوەندیی حیزبی، میدیاکان بە گشتیی لە چوارچێوەی ململانێی حیزبدا وەشان دەکەن نەک پێشخستنی پرسی کورد.
ئاکامی حیزبی بوونی میدیاکان، لە پاش چۆڵکردنی ناوچە ناکۆکیلەسەرەکانی باشووری کوردستان لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ زەق دەبێتەوەکە لە کەرکووک تا شنگال و سنووری تورکیا لە هێزە کوردییەکان چۆڵ کران و حەشدی شەعبی و سوپای بەغدا جێی گرتنەوە. میدیاکان کەوتنە هێرشی ڕاگەیاندنی سەر یەکتر و پەرتەوازەییی زیاتری لێ کەوتەوە. شیمانە دەکرێت بەبۆنەی دەسترانەگەیشتن بە میدیای بەهێز، ئازاد، سەربەخۆ و هەروەها لێشاوێک لە میدیای دەسەڵاتانی داگیرکەر و ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەرای هاوتەریبی ئێرانی، وا لە کۆمەڵگە بکات تا تێپەڕاندنی قۆناغی هەڵکشان و کرانەوەی زەینی کورد لە دنیای میدیا و ڕاگەیاندن (هاوشێوەی گەلانی ناوچە)، مەودای زۆرمان لەبەر بێت.
لە ڕابردوودا هەوڵی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کردنەوەی میدیایەکی بەهێزی هاوبەشی بێلایەن سەرکەوتوو نەبووە و جێگەی میدیایەکی بەهێزی پیشەیی کە پرسی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵات تایبەت بکاتە ڕۆژەڤی جیهان، دیار و بەرچاوە؛ میدیایەک کە بتوانێت سنوورەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین ببڕێت و سیاسی و بەرپرسانی باڵای وڵاتانی زلهێز و پسپۆڕانی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژاوای جیهان پشتی پێ ببەستن. بۆ وێنە وڵاتی قەتەر لە ڕێی یەک کاناڵی «الجزیرة»وە توانیویەتی قورسایی خۆی لە دنیا بسەپێنێت، تا ڕادەیەک کە یەکێک لە مەرجەکانی وڵاتانی هاوپەیمانی

عەرەبــی (بە پێشــەنگایەتیی ســعوودیا) بۆ گەڕانــەوەی قەتەر بۆ نــاو کۆمکاری عەرەبی کە گەمارۆیان خســتبووە ســەر، داخستنی ئەو کەناڵە ئاســمانییە بوو. بەهۆی هەموو ئەو نەهامەتییانەی لە مێژەوە هەتا ئیســتا ڕۆژانە بەســەر کورد دێت، وەها میدیایەک پێویستە کــە بە زمانە زیندووەکانی زاڵی دنیا وەشــان بکات. بۆ ئەم مەبەســتە، دەشــێت چەندین لایەنی سیاسی تێچووی لە ئەستۆ بگرن و داوا لە ڕۆژنامەوانانی کورد کە لە میدیا غەوارەکان چالاکن بکرێت پەیوەســتی بن؛ لە ئیســتادا دەیان میدیاکاری بە توانــای کورد لە میدیا غەوارە فارســییەکان چالاکن و بگرە لەســەر دەســتی ئەوانە کە چەندین میدیای بەهێزی فارســی توانیویانە خۆیان هەڵکشــێننە سەر. ئەگەر میدیایەکی بەهێزی کوردی هەبێت کە هاوکات مانگانەیان دابین بکات، میدیاکارانی پسپۆڕی کورد ڕوو ناکەنە میدیا فارسییەکان وتواناکانیان دەخەنە خزمەت گەلەکەیان.

نەبوونــی میدیایەکــی کــوردی لە چوار دەیە پێشتر کە خواستەکانی ڕۆژهەڵات وەک خۆی بگوازێتەوە، بــووە هۆی ئەوەی ڕژێمی خومەینی لە ڕاگەیانــدن و چاپەمەنییەکانی تارانەوە، ڕاســتییەکان پێچەوانــە بۆ گەلانی ئێران بــاس بکات. قوتبزادە کە بەرپرســی دەنگوڕەنگــی میدیــای ئەوکاتی ئێــران بوو، هەواڵەکانــی ناجوامێرانە بــە پێچەوانە باس دەکرد و ڕاســتییەکانیان بــۆ بەلارێدابردنی کۆمەڵانی ئێران دەشاردەوە. کۆماری ئیسلامی بەرێی دەیان ڕاپۆرت و بۆڵتەنی چەواشەکارانە، هەواڵی درۆی سەربڕینی پاسدارانی بە دەستی پێشمەرگە و باسی دابەشکردنی کوردستانی بــڵاو دەکــردەوە و بەســتێنی هێرشــێکی هەمەلایەنە بۆســەر کوردی ڕەخساند. بەهۆی نەبوونی میدیا، ڕەوتی کــوردی، هەوڵی ئەدا دەنگــی خۆی لە ڕێــی ڕۆژنامــە و میدیای تارانەوە بگوازێتەوە بەڵام ڕێگەیان پێ نەدان؛ ڕەنگە ئەگەر لەوکاتەدا کــورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان میدیا و دەنگێکی بەهێزی هەبوایە، لانیکەم برێک لــە پیلانەکانی تارانی بە ڕێی ڕووخستنی ڕاستییەکان پووچەڵ بکردایەوە کە بووە هۆی فەرمانی جەهادی خومەینی بۆسەر ڕۆژهەڵات. پێویســتە ئاماژە بەو ڕاســتییەش بکرێت هەرچەنــد ڕاگەیاندن گرنگە بەڵام بە تەنیا بە هانــای کورد ناگات و لــە کۆتاییدا چارەنووســساز نیە؛ ئەگەرچــی بەهاوکاریی ڕاگەیاندن ڕاســتییەکان ناشاردرێتەوە، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندیی نێوان زلهێزەکان لە ئارادا بێت، کۆمەڵکوژیی کوردان پشتگوێ دەخرێت وەک چــۆن بینیمان ڕژێمی تورک لە ماوەی ســاڵانی ڕابردوودا، لە ڕۆژاوای کوردستان بە بەرچاوی هەموو دنیاوە هێرشــی کردە سەر کــورد و دنیا لێی بێدەنگ بــوو. لەو کاتانەدا چەک و هێزی ســەربازی بە هانای کوردەوە دێــت. کەواتە هیچکام بــە تەنیا بەس نیە و پێویستە کورد لە هەر بوارێکەوە خۆی بەهێز بکات و پشت بە خۆی ببەستێت.

### پێگەی ڕاگەیاندنی کوردیی

لە دەیەکانی ۱۹۹۰-۲۰۱۰ی زایینی ڕێژەی بەرهەمی کلتووری لــە بەرنامەی منداڵانەوە تا شــانۆ و درامای کوردی زیاتر و ناسنامەی ڕاگەیاندنی کوردی لەئاست ئەمرۆ بەرچاوتر و نیشتمانیتر بوو، ترسی ئەوکاتی ڕژێمی ئێران هێندە بوو کە هەر ماوەی جارێک و لە ناوچە کوردییــەکان ســەتەلایتیان کــۆ دەکردەوە. ئەگەرچی ئێســتاکە ڕێژەی سۆشــیالمیدیا زیادی کــردووە بەڵام بەرهەمــی کلتووریی کــوردی وەکوو پێویســت زیــای نەکردووە، ڕێژەی کەناڵی ئاسمانیی کوردی بەرز بۆتەوە بەڵام سەرنجی بەشــێکی زۆر لە خەڵک ڕوو لــە میدیا غەوارەکانە. میدیــاکان نەیانتوانیوە وەکوو پێویســت کاریگەر بن لەسەر ڕێنووس و ڕێزمانــی پاراوی کــوردی؛ ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەکارهێنانــی وشــەی عەرەبی وفارســی لە نێوئاخاوتنی تاکی کورد زیاتر دەبیســترێت و

پێویســـتە سەرجەم ئەم خاڵانە خەسارناسی و چارەسەر بکرێن.

برێک ڕاگەیاندنی کوردی، لای بەشـــێکی کۆمەڵگـــە هێشـــتا نەناســـراون یـــان ناویان نەبیســـتراوە و هاوکات ڕاگەیانـــدن و میدیا فارســـییەکان پتر لای ئەو بەشـــە ناسراون و بـــاش وایە هۆکارەکانی وەبیندرێت. ڕەنگە خۆ نویێ نەکردنـــەوە، بایەخ نەدان بە خواســـتی بینەر، لەبازنەیەکـــدا خولانەوە، بەس نەبوونی ڕێـــژەی زانیاری بـــۆ بینـــەر و تاکڕەهەندی بوونیان، لە هۆیەکانی ئەو مژارە بێت. زۆربەی ڕاگەیاندنـــە کوردییـــەکان خـــۆ دەبوێرن لە بانگهێشـــتکردنی دەنگی جیـــاواز کە وەک میوان بەشداری بەرنامە بێت یان ڕێگە نادەن بۆچوونی جیاواز لە میدیاکەیانەوە بڵاو بێتەوە یان سانسۆری دەکەن و یەک لەو هۆکارانەیە کـــە ڕێـــژەی بینەران بـــۆ کەمترین ئاســـت دادەبەزێت. ڕاگەیاندنی پیشەیی، کارناسان و سیاسیگەلێک کە سەر بەوان نەبن بانگهێشت دەکات و ئیـــزن ئەدات لەو پێگەیەوە تەنانەت ڕەخنـــە لە حیزبـــی سپۆنســـەریان بگیرێت، کەچی زۆربەی ڕاگەیاندنی کوردی هاوشێوەی میدیای داگیرکەران دەنگی جیاواز سانســـۆڕ دەکـــەن. هەروەهـــا لـــە تایبەتمەندیەکانـــی کلتووری حیزبگەرایی کـــوردی ئەوەیە هەر لایەنێـــک ڕێکخراوی مافـــی مرۆڤی تایبەت بەخۆی هەیـــە. لەو بابەتە خراپتـــر، نەبوونی ڕۆحی هاوکارییـــە لە بابەت داکۆکی لە مافی مرۆڤی کورد تا ئـــەو ڕادەیە کە ڕێکخراوێکی مافـــی مرۆڤی کوردی، پێـــی قەبووڵ ناکرێت ڕێکخراوێکـــی دیکەی مافی مرۆڤی ســـەر بە لایەنێکی دیکە، وێنەی کۆڵبەرێکی کوژراو لە ماڵپەڕەکـــەی هەڵبگرێـــت و لە پێگەی خۆی دایبنێـــت و تەنانەت هەرەشـــەی ســـکاڵای لـــێ بکات. نەبوونی ڕۆحـــی هاوکاری و یەک وەرنەگرتـــن، باڵـــی بەســـەر ڕێکخراوەیەکدا کێشاوە کە کار بۆ مافی مرۆڤی کورد دەکات و ئەمـــەش لای کۆمەڵگەی کوردی گومان لە ئامانجی کارەکەیـــان و بێمتمانەیی هەمبەر ســـەربەخۆبوونی ڕاگەیاندنـــی کوردی ســـاز دەکات.

میدیای کوردی نابێ بەشوین حەزەکانی کۆمەڵگـــەدا بڕوات و بە مەیلی خەڵک هەنگاو بنێت؛ میدیاگەلێک لەبری ڕاهێنانی تاکی وریا و بیرمەند، بە حەز و خواستی کۆمەڵگا پەخش دەکەن؛ لەکاتێکدا پێویستە پرۆگرامی میدیای کوردی کۆمەڵگـــە ڕاچڵەکێنێت و بەخەبەری بێنێت. تاکی کـــورد بداتە بەر ڕەخنەی توند و ڕیشـــەیی، بەرپرســـیارەتی ســـاز بـــکات و بیخاتە ســـەر هێڵی بیرکردنەوە. بەڵام مخابن میدیای کوردی هێشتا نەکەوتۆتە وەها چاخ و قۆناغێک. یان هاوتەریبی کاری سیاسی، گەلی کورد پێویستی بە مەســـتەڕبینێکی کوردییە کـــە بەمەبەســـتی ڕاســـتکردنەوەی نەریتی نەگونجاو، لەڕێی هونەری سینەما، تاک بداتە بەر توانج و ڕەخنە. مەســـتەڕبین بەبێ ئەوەی بێڕێزی بە گەلێک یان چینێک بکات، تاکی هەلپەرەســـتی کۆمەڵگەی بریتانی ئەدایە بەر توانـــج و جگە لەوەی بینەر دەخاتە پێکەنین، فێری کلتوور و شێوازی هەڵسوکەوتی شیاوی ڕۆژانەی دەکات.

ڕەوتێکـــی نوێ کـــە لە نێـــو ژمارەیەک دەرهێنـــەری کورد بـــاوە، کەڵکوەرگرتنە لە مژاریڕەش(سوژە ســـیاه). بۆ وێنە ئەو بەشە لە دەرهێنەران، بۆ ڕاکێشانی سەرنجو سۆزی بینەر، کەڵک لە ئەکتەری خاوەن پێداویستی تایبـــەت یـــان خەتەنەی کچـــان وەردەگرن کە بە بڕوای شـــارەزایانی سینەما بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە: ١- هاوشـــێوەی ســـینەماکارانی وڵاتانی پێشـــکەوتوو تەکنیکیان لەبەر دەستا نیـــە و بـــە هەڵبژاردنی «مـــژاری ڕەش» خۆ نیشان ئەدەن. ٢- بەرهەمەکانیان بۆ وەرگرتنی خەڵات ســـاز دەکەن. لە خەســـارەکانی ئەم ڕەوتـــە ئەوەیە ســـیمایەکی دیکـــە لە کورد نمایـــش دەکات بۆ وێنە «کورد» و «خەتەنەی کچـــان» لە ڕســـتەیەکدا لە زەینـــی بینەری

غەواره جێ دەهێڵێت. چونکە گەلی کورد ئێستاکە لە شەڕێکی هەمەلایەنەیە لەگەڵ داگیرکەران، ئەرکی سەرشانی چالاکان و هەروەها سینەماکاران قورسترە؛ خوڵقاندنی بەرهەمێک کە بەبێ مەترسیی گیانی بۆسەر دەرهێنەر، پرسی کورد بکاتە ڕۆژەڤ هونەرە و کاریکی پیرۆزە.

## زانستی میدیایی (media literacy)

بۆ ئەوەی مرۆڤ نەبیتە بەشێک لە زۆرینەی کۆمەڵانێک کە پێک دێن لە جەماوەری ئاسایی و گوێڕایەڵ، یان بە حەشیمەتکراو (تودە شدە) کە بە هاسانی لەلایەن میدیاکانەوە ئاراستە دەکرێن، دەبێ تا ڕادەیەک هێڵە فکرییەکان، وشە و ڕستەکان، هێماکان و لەوان گرینگتر ڕەوتەکان بناسێت. ئەگەر تاکی کورد سپۆنسەری میدیاکانی ناسی و ئاگاداری مێژوو، سیاسەت و ئایدۆلۆژییان بێت، ڕستە و دێڕ و هەواڵەکان دەناسێتەوە و بە فام پێ کردنی، بڕوا بە هەر هەواڵ و زانیارییەکی چەواشەکارانە ناکات. پاش بینینی هەر زانیارییەک هەڵوێست نەگرێت، لێکۆڵینەوەی بۆ بکات و سەرچاوەکەی بزانێت کە نەبینە بەشێک لە پرۆسە و ئامرازی داگیرکەران یان ململانەی نێوان هەلپەرەستان.

«ئۆرتێگا ئی گاست» فەیلەسووفی سپانیایی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، باس لە دەرکەوتنی مرۆڤی حەشیمەتکراو (تودەشدە) دەکات کە هێندە زۆرن سەرریژیان کردووە. بەبڕوای ئی گاست، خەڵکانی «حەشیمەتئاسا» لە هەموو شوێنێک ئامادەن و لەسەر هەر بابەتێک بەبێ بیرکردنەوە و تێفکرین، بە مافی خۆیان دەزانن بۆچوون و هەڵوێستیان هەبێت. لە پێناسەی وەها مرۆڤێکدا دەڵێت: کەسێکە کە دوودڵی و دڕدۆنگی بە خۆیا ناهێنێت، ژیانی بەبێ ئامانج بەردەوامە و دیلی ژیانی دووپاتبوونەوەیە؛ ئەو کەسەیە کە لەلایەن میدیاکانەوە ئاراستە دەکرێت و هەرچی دەرخواردی بدەن بەبێ هیچ دوودڵییەک وەری دەگرێت. لە هزری ئی گاستدا، مرۆڤی بەحەشیمەتکراو ڕۆبۆتێکە لە لایەن میدیاکانەوە قورمیش دەکرێت و میدیاکان بەرەو هەر ڕێچکەیەک بیانەوێ ئاراستەی دەکەن. دەڵێت باوەڕی مرۆڤی ئەمڕۆیی بە میدیاکان لە جۆری باوەڕی مرۆڤی سەدەکانی ناوەڕاستە و بەحەشیمەتکراوەکان (تودەشدەای‌ها) لە لایەن میدیاکانەوە بە بارمتە گیراون.

ئێستا ڕێژەی سۆشیالمیدیا و کەناڵە ئاسمانییەکان کە بە گشتیی بۆ بانگەشەی ئابووری، بیروباوەڕی ئایینی و ئایدۆلۆژی، سیاسی و هتد بەکار دێن، یەکجار زۆرە بەڵام مەرج نییە هەموویان ڕاستوێژ بن و ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن ئەرێنی و بەکەڵک بێت. پێویستە ئەو ڕاستییە بزانرێت، سپۆنسەرانی میدیاکان لەخۆڕا کاتی خۆیان ناکوژن و تێچووی زۆر خەسارناکەن کە هەواڵەکان بەڕێی شاشەیەک و بێبەرانبەر بخەنە بەردەستی بینەر. هەر ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیایەک سیاسەت یان ئایدۆلۆژییەکی لە پشتە و بەگشتی میدیای سەربەخۆ بوونی نیە. هەروەها هەن ڕۆژنامەوان و چالاکوان کە بە ڕواڵەت سەربەخۆن بەڵام لایەنێکی سیاسییان لە پشتە، تێچووی زۆری بۆ تەرخان دەکرێت و شێوەسووپایەکی سایبێریی ئەو لایەنە سیاسییە پاڵپشتیی دەکات و بۆ تیرۆری کەسایەتی، شکاندن، ڕەشکردن و سەمپاشیی زەینی کۆمەڵگە کەڵکیان لێ وەردەگیرێت کە لە دنیای سیاسەتدا ئەم کەسانە بە لۆمپەن پێناسە دەکرین.

داگیرکەرانی کوردستان بە شەڕی نەرم ڕاناوەستن و بە کردنەوەی سەدان و ڕەنگە هەزاران پێگەی ساختە (فیک) و سێبەر، هەواڵی ناڕاست دەوروژێنن و بەبێ هەست پێ کردن، ناکۆکی لە نێوان دەنگە

جیاوازەکانی کورد زەق دەکەنەوە و هۆگرانی حیزبەکان بەگژ یەکدا دەکـەن. لێرەدا تەنیا ئاسـتی وریایـی تاکی کـورد و بەرزبوونی زانستی میدیاییە کە دەتوانێت وەها پیلانێک پووچەڵ بکاتـەوە بە کەمتریـن تێچوو لێی تێپەڕ بێت. هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت بەر بە چالاکیی پێگە و بەگشتی سۆشیال‌میدیاکان بگرێت و ڕۆژانە گەورە و پچووک سـەردانیان دەکەن. لێ ئەوەی پێویسـتە کورد بیزانێت، ناسینەوە و شـێوازی بەکارهێنانی میدیاکانە. بۆ گەیشـتن بەم ئامانجە، پێویسـتە جگە لە حیزبەکان، لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە، خوێندەواریی کۆمەڵگە بەرزتر بکرێتەوە و هەروەها ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ناوخۆ بە هاوکاریی کارناسان و پسپۆڕانی بواری میدیایی، لەو چوارچێوەیەدا کۆڕ و سـیمینار بۆ کۆمەڵانـی خەڵک ڕێک بخەن. شـێوازی کەڵک وەرگرتـن لە میدیا (زانسـتی میدیا) ڕوونـی دەکاتەوە کە چۆن بەکاری بێنین لێی زەرەرمەند نەبین.

پێش دەسـتپێکی بینین و خوێندنەوەی هەواڵ، ئەم خاڵانە ڕەچاو بگیرێت: ١ ڕێژەی زانیاریی ڕۆژانە لـە ئەنتەرنێت کۆتایی نایات بەڵام پێویسـتیش ناکات هەموویان ببینین و وەیانخوێنیـن، تەنیا بەدواداچوونی ئەو پێگانە بکەین کە پێویسـتمانە و جێی متمانەن. ٢ هەر هەواڵێکمـان بۆ هات بڕوای پێ نەکەین ئەگەر سەرچاوە و بەڵگەکانی بڕواپێکراو نەبن. ٣ خـۆ ببوێرین لە ناردنەوەی ئەو هەواڵانەی متمانەمان نییە لە ڕاسـتبوونی. ٤ سەیری دیمەنـی ڕووداوی دڵتەزێن کە ناخمان ئازار دەدات نەکەیـن و نەینێرینـەوە. ٥ لانیکەم بزانین کام سەرچاوە هەواڵەکەی بۆ یەکەمجار بڵاو کردووەتەوە. ٦ سـەرەتا بە گومانەوە لە ناوەرۆکی هەواڵەکـە بڕوانین و بزانین ئامانج لـە بڵاوکردنـەوەی ئەو هـەواڵ و زانیاری و شرۆڤەیە چییە. ٧ سەرچاوەکە بێ‌لایەنە یان هەواڵەکانی لەچوارچێـوەی لایەنگریدایە. ٨- سەرنجی شێوەی داڕشـتنی هەواڵەکە و ئەو وشـانە بدەین کە تێیدا بەکار هاتووە. ڕەنگە ئەگەر چەندجار و هەر جارەو لە ڕوانگەیەکی جیاواز هەواڵەکەمان خوێندەوە، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە بە مەبەست یان بۆ بەلاڕێدا بردنی زەینـەکان داڕێـژراوە. جاری وایـە زۆربەی میدیـاکان ڕووداوێک ڕوومـاڵ دەکەن بەڵام هەرکامەو زەینی تاک بـەرەو لایەک دەبات. شـێوازی ڕاپۆرتنووسـین و بەکارهێنانـی وشەکان یەکجار گرنگە بۆ وێنە لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژی ١٤ی جۆزەردان (3 June2020) کەناڵی ئاسـمانی BBC لەبری ئەوەی لە سەردێڕی هەواڵەکـەدا بنووسـێت ڕێـژەی کوشـتنی کۆڵبەران لەسەر دەسـتی کۆماری ئیسلامی زۆری کردووە، نووسیبووی:«ڕێژەی تەقەکردن لە کۆڵبـەران لەپاش بڵاو بوونـەوەی پەتای کۆرۆنا زۆری کردووە» کە ئەمە شـاردنەوەی ڕێژەی کوشـتنی کۆڵبەران و ئەو جەنایەتەیە کە لە ئارادایە. سـەردێڕی ڕاپۆرتێکی سـاڵی ڕابـردوو (٢٠١٩)ی هەمان کاناڵ بەم‌شـێوە بـوو: «سـەیرکەرانی تۆپی پێی عـەرەب لە ئەهواز دروشـمی ڕەگەزپەرستییان دەوتەوە» لەکاتێکدا شـارۆمەندانی عەرەب کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سەرکوت دەکرێن، هەوڵیان دابوو لەو دەرفەتە بۆ گەیاندنی دەنگی ڕەوای خۆیان کەڵک وەرگرن.

سیاسـەتێکی وەهـا لەلایـەن هەندێک کەناڵی ئاسـمانیی کوردیشـەوە لە ئارادایە و لە ڕاپـۆرت و هەواڵەکاندا، بـە بەکارهێنانی زیرەکانەی وشـەگەلێک، زەینی تاکی کورد سەمپاشـی و تووشـی پشـێوی دەکەن. لە بۆڵتەنـی هەواڵـی یەکێـک لـە میدیاکانی باشـووری کوردسـتاندا باس لەوە دەکرا کە دانیشتوانی ڕۆژاوای کوردستان سووتەمەنییان نییە بۆ زستان بیسووتێنن و وتووێژیان لەگەڵ چەند شارۆمەندێکیش کردبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا لە باشـووری کوردستانیش سووتەمەنی نەبوو خەڵـک بیسـووتێنن. مژارێکی دیکەی ڕاگەیاندنی کوردی ئەوەیە کە جەختێکی زۆر

له گوندیبوونی کورد دەکرێتەوە؛ میدیایەکی کوردی ڕاپۆرتی لە گوندێکی ئەمریکا ئامادە کردبوو کە کوردانی نیشتەجێی ئەو گوندە کە هەرچەندە لە ئەمریکا دەژیان بەڵام بە گۆچانەوە شوانییان دەکرد، دەچوونە بازاڕی زێرفرۆشان و ژیانیان هاوشێوەی ژیانی گوندییەکی کوردستان نەریتی بوو. ڕاپۆرتی ئەو کەناڵە کوردییە لەسەر وەها شێوازێکی ژیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕەواییدانە پێی، ناپیشەییانەیە و دەکرا دانیشتوانی ئەو گوندە کە هێشتا شوێن نەریتەکان کەوتوون بخاتە ژێر پرسیار و ڕەخنە کە بۆچی لە بەهێزترین وڵاتی دنیا، شوێن زانست و تەکنەلۆژیا نەکەوتوون؟. یان میدیایەک بەردەوام سەرنجی بینەر دەخاتە سەر بڕێک ڕووداو و پرسی کۆمەڵایەتیی لاوەکی و نالۆژیک کە بابەتیانە نییە. بۆ وێنە بەها دان بە ڕووداوگەلێکی ڕۆژانە وەک دۆزینەوەی کارگی کوێستان لەلایەن شاخەوانێکەوە، جگە لەوەی نابابەتییانەیە، جۆرێک هەوڵی پۆپۆلیستییە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر.

زانستی میدیا ڕوونی دەکاتەوە کام سەرچاوە و سۆشیالمیدیا شیاوی کاتکوشتنن؛ کۆماری ئیسلامی لە ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە ڕانەوەستاوە؛ سیاسەتی بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگە وەها سەرکەوتوو بووە کە لەبری یوتیوب و فەیسبووک (کە چاوی خەڵک لەهەمبەر پرسە سیاسیەکان زیاتر دەکاتەوە)، زۆرینەی کۆمەڵگە ئینستاگرام بەکار دەهێنن کە پتر بۆ هاوبەشکردنی وێنە و دیمەنی کاری ڕۆژانە کەڵکی لێ وەردەگیرێت. هەروەها لەکاتێکدا تەلەگرام و فەیسبووک هەردووک فیلتەر کراون، بەڵام کۆماری ئیسلامی توانیویەتی سەرنجی کۆمەڵگە لە فەیسبووک دوور بخاتەوە و تەلەگرام بکاتە ڕۆژەڤ بۆ ئەوەی دەستی خەڵک کەمتر بگاتە زانیارییەکانی دەرەوەی جوگرافیای ئێران و پێوەندیی لەگەڵ شارەزایان و چینی ئاکادمیکی سیاسی کەم بکاتەوە. فەیسبووک ئەو توانایەی تێدایە کە تۆڕێکی بەربڵاو لە ئاڵوگۆڕی زانیاری لەناو بەکارهێنەرانی ساز بکات و بەکارهێنەر زیاتر لە سۆشیالمیدیاکانی دیکە بە دەرەوە دەبەستێتەوە.

## زیانەکانی ململانێی ڕاگەیاندنی نێوخۆییی کورد

بە درێژاییی مێژوو، یەکێک لە زەقترین هەڵە ستراتێژییەکانی کورد شەڕی ڕاگەیاندنی نێوخۆیی بووە کە جگە لە چڕبوونەوەی گرژییەکان و ڕەنجبەخەسار بوونی حیزبەکان، کۆمەڵگەی بەسەر چەند بەرەدا دابەش کردووە و شارچیەتی، ناوچەگەرایی و ناتەبایی لێ کەوتۆتەوە. ناکۆکیی نێوان سیاسییەکان لەڕێی میدیاوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو ئەندامانی حیزب، لایەنگران و کۆمەڵگە. ئاستی بەگژداچوونەوەی خەڵک، هاوتەریبی ناکۆکیی نێوان لایەنەکان بەرز و نزم دەبێت؛ لەگەڵ بەرزبوونی ناکۆکیی لایەنەکان لە ڕاگەیاندن، بۆشاییی نێو بەرەکانی کۆمەڵگە گەورەتر دەبێت و گرژیی لێ دەکەوێتەوە تا ڕادەیەک کە لە باشووری کوردستان سووتاندنی بارەگای حیزبەکانی لێ دەکەوێتەوە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بێژەری سەر بە لایەنێک هەڕەشەی شەڕی براکوژی دەکات.

لەبەر کەشی ڕەخساو، هەرێمی کوردستان بووەتە ناوەندی ململانێکانی ڕاگەیاندنی زۆربەی حیزبەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێژەیەکی بەرچاو میدیا و پێگەی نەناسراو لەو بەشەی کوردستان چالاکن کە هەرکام لای خۆیەوە پڕوپاگەندە بۆ لایەنێک دەکات. بە دانپێدانانی چەند سیاسییەکی باشوور، «سۆشیالمیدیا» لەو بەشەی کوردستان حوکم دەکات. لەپاڵ ئەو

پێگانەی کە بە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و ڕوون‌کردنەوە ڕۆڵی ئەرینی دەگێڕن، بڕێکی زۆر پێگەی سێبەر هەیە کە بە ڕواڵەت سەربەخۆن بەڵام کار بۆ حیزبەکان دەکەن و سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و ڕەش‌کردنن.

جووڵاندنی هەستی نەتەوەیی و سۆزیاری، ڕێگەیەکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی تاکی کورد لە لایەن ڕاگەیاندن و پێگە ئەلکترۆنییەکانەوە بە مەبەستی ململانێی حزبیی. وێنەی فۆتۆشۆپ کراو، تێکەڵ‌کردنی سەری شێر و داڵ لە تەنیشت کەسانی سیاسیی پیرۆزکراو، دیمەنی کیژی کوردی ڕازێندراو بە ئاڵای کوردستان و بەرزکردنەوەی دووپەنجەی هێمای سەرکەوتن، دیمەنی کاروانی ئوتۆمبێلی بەرپرسی سیاسی لەگەڵ سروودی حەماسی و شەکاندنەوەی دەیان ئاڵای کوردستان و دیمەنی بەرپرسانی سیاسی کە بۆ وێنەگرتن چوونە سەنگەرەکان تەنیا بۆ وروژاندنی گەنجانی دڵگەرمە، ئەگەرنا هیچکام لەمانە پرسی کورد چارەسەر ناکات. پرسی کورد لە مەیدانی خەباتی ڕاستەقینەی شەڕ و دیپلۆماسی دەڕواتە پێش و سیاسیی ڕاستبین و ژیری دەوێت نەک کاری سیمبولیک. ئێستاکە دەیان پەیجی سێبەری لایەنگری حیزبەکان بەم چەشنە سەرنجی گەنجانی خوێنگەرم ڕادەکێشن و وزەی خۆیان خەسار و کلتووری وەهم و خەیاڵ لە ناو کۆمەڵگەدا چێ دەکەن.

## تاک سەرچاوەیی

غەدرێک کە ڕاگەیاندنی خۆیی لە تاکی کوردی کردووە ئەوەیە کە هەندێکیان ڕاستییەکان وەک خۆی باس ناکەن یان نیوەی ڕاستییەکان دەڵێن و کۆمەڵگە بەلاڕێدا دەبەن. لە بری بەڕێوەبردنی شەڕی دەروونی دژی داگیرکەران، دژی لایەنەکانی دیکە دەیکەن و کۆمەڵگەش بە خۆیانەوە تێوە دەگلێنن. بڕێک لایەن بە هۆی کەمتەرخەمی و گرنگی‌نەدان بە بابەتی بنەڕەتیی دامەزراندنی ڕاگەیاندن، یان ناکۆکی و ململانێی نێوحیزبی، هێشتا میدیایەکیان لە ئاست حزب نیە بەڵام هاوکات بڕێک هێز و دەسەڵاتی کوردی بە داهاتێک (کە ڕەنگە بە ناحەق لە بەردەستیان بێت)، چەندین پێگەی ڕاگەیاندنی پڕ زەرق و بەرقیان لە کەناڵی ئاسمانی تا سۆشیال‌میدیا و میدیای سێبەر هەیە کە لە دژی لایەنە کوردییەکانی دیکە بەرنامە پەخش دەکەن. تەنانەت توانیویانە قەڵەمی بڕێک ڕۆژنامەوان، توانای ڕەوانبێژان، بەهرەی نووسەران و هونەری هونەرمەندان بە پارە بکڕنەوە و بیانخەنە خزمەت بەرژەوەندیی خۆیان. ڕۆژانە بە دروشمی بریقەدار و پاشناوی کوردییەوە بە مەبەستی حیزبی و لەدژی لایەنە کوردییەکانی دیکە ڕاگەیاندن دەکەن. ئەم تێچووانە بەبێ هۆ ناکرێت و ئامانج و پیلانی لە پشتە؛ ئەگەرنا سیاسەت‌کردن، ئەویش بەرانبەر کۆمەڵگەی کوردی، مانا و هۆکارێکی دیکەی نییە جگە لە شەڕی دەروونی لە دژی کورد و ئەمەش دوورە لە پرەنسیبی خەباتی نیشتمانی.

بە نەبوونی زانستی میدیایی، ناسینی ئەم پێڕە لە سەرچاوەی میدیایی بۆ کۆمەڵگە هاسان نابێت. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە تینووی ئازادی و چاوەڕێی هەواڵی خۆشە، زیاتر گوێبیستی ئەو ڕاگەیاندنانە دەبن کە دروشمی نەتەوەیی و بەڵێنی گەورە ئەدەن. ئەو سەرچاوانەش دەست دەخەنە سەر خاڵی لاوازی کۆمەڵگە و بە وتار و دروشمی بریقەدار و پۆپۆلیستی، دەست دەگرن بەسەر زەینی کۆمەڵگە و لە بەرژەوەندیی حیزبی خۆیان ئاراستەیان دەکەن. ئامانج لەوە، شۆردنەوەی مێژوو، لەخۆ داماڵینی سیاسەتی نانیشتمانی، کردنی«خیانەت» بە«هەڵە و تاکتیک» وچواندنی «ئاشبەتاڵ» و «پەلکێشکردنی داگیرکەران» بە «دەستکەوتە». ئەزموون سەلماندوویەتی هەر میدیایەکی

کوردی هەڵگری دروشمی بریقەدار و گەورەترە، یان بە بڵاو کردنەوەی دیمەنی شەڕ و سروودی نیشتمانی و پیرۆزییە نەتەوەییەکان سوار شەپۆلی هەست و سۆزی کۆمەڵگە بووبێت، بەهرەی کەمتر تێدایە و تەنانەت لە وێستگە هەستیارەکانی مێژوودا ئەگەر بەرژەوەندیی خۆی تێدا نەبووبێت، ڕێگری کردووە لە بەئەنجامگەیشتنی پرسی کورد.

بۆ ئەوەی کەسایەتیی کورد خویندنەوەی ڕاستەقینەی هەبێت بۆ زانیارییەکان، تووشی پشێوی نەبێت و لێکدانەوەی هەڵە بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان نەکات، پێش هەرشتێک باش وایە ئەم ڕێکارانە بگرێتە بەر: ١- تاک سەرچاوە نەبێت و ڕاگەیاندنی لایەنە کوردییەکانی دیکەش و تەنانەت میدیای دوژمنانیش ببینێت. ٢- لە کتێب و ماڵپەڕەکاندا مێژووی لایەنەکان بخوێنێتەوە چونکە پێشینەی هەر لایەنێک ناسنامەیەتی. ٣- دەمارگرژی (تعصب) بخاتە لاوە. هەر کوردێک مافی خۆیەتی لە ناخەوە لایەنێک یان چەند لایەنی کوردیی خۆش بوێت، بەڵام بیرکردنەوەی سەربەخۆ و بەبێ دەمارگرژی بێت. ٤- لێکۆڵەر بێت. هەواڵێک چەندجار و لە چەند ڕوانگەی جیاوازەوە بخوێنێتەوە و بۆ زانینی زانیاریی زیاتر، سەردانی پێگە جیاوازەکانی دیکە بکات کە بزانێت پێگەکانی دیکە چۆن باسیان لێ کردووە. ٥- گەڕان (سرچ) بەناو ماڵپەڕەکان. هێشتا تاکی کورد ڕا نەهاتووە بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی لای ساز دەبێت، بەناو ماڵپەڕەکاندا بگەڕێت. پێویستە هەر کوردێک لای خۆیەوە لێکۆڵەرێک بێت و بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵانەی دەیبیستێ و دەیبینێت، خۆی بە گەڕان لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕابهێنێت. ٦- بڕوا بە هەر شرۆڤە و هەواڵێک نەکرێت، چونکەمەرج نییە هەر زانیارییەک ڕاست بێت. ٧- بەکارمان نەهێنن و ئاراستەمان نەکەن. ئیزن نەدەین ڕاگەیاندنی پۆپۆلیست، بە دروشمی هەستبزوێن لە ڕاستییەکان دوورمان بخاتەوە و بمانخاتە سەر ڕێچکەی بەرژەوەندیی خۆیان.

مرۆڤی ئاسوودەخوازی ئێستا، بۆ دەرکەوتنی ڕاستییەکان لەسەر پرسێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان مێژوویی، بەدواداچوون ناکات و خۆی ناخاتە نێو ئەرک؛ بەڵکو چاوەڕێ دەکات کەسێک و لایەنێک شرۆڤەی بۆ بکات و بە دەنگ و ڕەنگ بیخاتە بەردەستی. ئەمەش دەرفەتێکە بۆ ئەو ڕاگەیاندنانەی کە دەیانهەوێت کۆمەڵگە لە بەرژەوەندیی خۆیان ئاراستە بکەن. وەها مرۆڤێک، خۆی دەسپێرێتە دەست میدیا و کەس و خۆی لەناو یەکڕەهەندیی (تکبعدی) ڕاگەیاندن و سەرچاوە، واتا یەک ئایدۆلۆژیا قەتیس دەکات. یەکڕەهەندیی بیرکردنەوە لە بابەتەکاندا لە ئاکامی خۆ سپاردنە بە دەستی یەک یان چەند سەرچاوە کە دەرهاویشتەیان لێک نزیکە و ئاکامەکەی ئەبێتە کۆمەڵگەیەک کە بە هاسانی ئاراستە دەکرێت و دەکەوێتە سووری هەڵەی مێژوویی؛ کۆمەڵگەی لەو شێوەیە کە لێکۆڵەر نەبێت، ئەو شکستانەی لە ڕابردوو بەسەری هاتووە سەرلەنوێ ئەزموونی دەکاتەوە.

ناگەینە وەڵامێکی ڕاستەقینە ئەگەر بێلایەن لە چەندین سەرچاوەی جیاواز، بەشوێن وەڵامی پرسیارەکانماندا نەگەڕێین. چونکە میدیا و ڕاگەیاندنەکان کە لەڕواڵەتدا بێ لایەنن، وەک مارکێتە پڕلە زەرق و بەرقەکان، هەرکام ئایدۆلۆژیای خۆیان وەک کاڵایەک لە ڤیترین نمایش دەکەن و هەر ئەوانەشن کە زۆرترین بەردەنگ و بیسەریان هەیە. کەواتە ئەگەر بڕیارە مژار و بابەتێکی گرنگ ڕوون بێتەوە، بە لێکۆڵینەوەی بێلایەن، چەندین سەرچاوەی جیاواز و بەتایبەت لاپەڕەکانی مێژووی پێوەندیدار هەڵبدرێتەوە و بە بێ دەمارگرژی لەگەڵ لۆژیک و ژیرانە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

# چەند سەرنجێک سەبارەت بە سیستەمی پەروەردەی وڵاتی سوئێد

**تایر عەلیار**

دیاردەیەکی بەرچاوی سیستەمی فێرکردن و پەروەردەی وڵاتی سوئێد مافی خوێندنی زمانی دایک بۆ منداڵی بیانی لە قوتابخانەکانی ئەو وڵاتەیە. ئەو شاگردانەی کە لە وڵاتانی دیکەرا هاتوونە سوئێد و زمانی دایکیان سوئێدی نییە مافی ئەوەیان هەیە دەرسی زمانی دایکیی خۆیان هەبێ و بیخوێنن و بۆ ئەو مەبەستە کۆمۆنەکان مامۆستای ئەو زمانانە دادەمەزرێنن و ئەو مامۆستایانە دەرس بەو منداڵە بیانییانە دەڵێن بەو شەرتەی لە قوتابخانەکە لانی کەم پێنج شاگردی هاوزمان هەبێ کلاسەکە بۆ فێرکردنی ئەو زمانە دابین دەکرێ.

سیستەمی پەروەردەی وڵاتی سوئێد یەکێک لە مودێرنترین و سەرکەوتووترین سیستەمەکانی پەروەردەیە کە نێوبانگی جهانیی هەیە و لە ڕەدی سەرەوەی ئەو سیستەمە فێرکارییانەدا دەژمێردرێ کە پلەی هەرە بەرزی لە ئەمری فێرکاریدا بۆخۆی مسۆگەر کردووە و کۆمەڵێک لە وڵاتانی دیکە تەنانەت وەکوو نموونە ڕەچاوەی دەکەن و هەوڵ دەدەن بەشێک یا هەمووی بەکار بێنن.

بە گوێرەی یاسای بنەڕتیی وڵاتی سوئێد خوێندن بۆ هەموو ئەو منداڵانەی لەو وڵاتە دا دەژین لە تەمەنی ۶ تا ۱۶ساڵی ئیجباری و بە خۆڕاییە. بە دایک و باب نییە بڕیار بدەن منداڵەکە بخوێنێ یا نەخوێنێ؛ بەڵکوو یاسا ئەو مەسەلەیەی ڕوون کردۆتەوە و لە سەری ساغ بۆتەوە. لەو ماوەی ۱۰ ساڵەدا تێچووی خوێندن ناکەوێتە سەر شانی دایک و باب، بەڵکوو بە گوێرەی نۆرمێکی دیاریکراو دەوڵەت وەستۆی دەگرێ. ئەو یاسایە هەموو منداڵی سوئێدی یا بیانی تەنانەت ئەو منداڵانەش تازە هاتوونە ئەو وڵاتە و تا ئێستا ئیجازەی نشتەجێ بوونیان نیە دەگرێتەوە. نەبوونی ئیجازەی نشتەجێ بوون نابێتە هۆی بێبەش بوونی منداڵ لە پەروەدە و فێرکاری و ئەوەڵین کارێک کە بۆ منداڵی تازە هاتوو دەکرێ دیتنەوەی جێگا بۆ منداڵەکەیە لە قوتابخانەیەکی ئەو شارەی منداڵەکەی لێ دەژی. بەڵام بۆ گەورەساڵ تا ئیجازەی نشتەجێ بوون وەرنەگرێ ناچێتە قوتابخانە. لە تەمەنی ۱۶ ساڵ بەولاوە ئیجباری خوێندن نامێنێ و شاگرد بە ڕاوێژ دەگەڵ دایک و باب و(ڕێنوێنیکاری خوێندن و بازاڕی کار) کە لە هەموو قوتابخانەکان هەیە، ڕێبازی داهاتووی خۆێندنی خۆی دیاری دەکا. یەک لە ئەرکەکانی ئەو ڕێنوێنیکارە لە قوتابخانە ئەوەیە زانیاری بە شاگرد بدا لە بازاڕدا چ شوغڵێک خوازیاری زۆرە و لە چ ڕێگایەکەوە زووتر پیاو دەستی دەگاتە ئەو کارەی بۆی خوێندووە. مەبەست لەو ڕێنوێنییانە ئەوەیە شاگرد وەدوای ڕشتەیەک نەکەوێ کە دوای تەواو کردنی خوێندن، بێکار بمێنێتەوە و تواناییەکانی بۆ خزمەت بە کۆمەڵگا بە فیرۆ بچێ و وڵاتیش لە تواناییەکانی ئەو بێبەش بێ. لە ڕاستیدا فەلسەفەی فێرکاری و پەروەردە لەو وڵاتە بەهێز کردن و پەروەردە کردنی ئینسانەکان بۆ خزمەت بە خۆی و کۆمەڵگایە. ئەو شاگردانەی ڕێگای خوێندنی باڵا هەڵدەبژێرن، کۆمۆنەکان پێویستییەکانیان بۆ دابین دەکەن و بە گوێرەی یاسای تایبەت، یاریدەیان دەکەن. هەروەها لە ناوەندی خزمەتگوزاریی فێر کردن وبارهێنانەوە پشتیوانیی ماڵی دەکرێن تا ئەو کاتەی لە خوێندن دەبنەوە.

ساڵی خوێندن بە دوو تێرمی جیاواز دابەش دەکرێ. تێرمی پاییز و تێرمی بەهار. تێرمی پاییز لە ئاخری مانگی ئاگوست دەست پێ دەکا تا نیوەی مانگی دیسامبر و تێرمی بەهار لە نیوەی مانگی جانیوێری دەست پێ دەکا تا نیوەی مانگی جون. لە مابەینی ئەو دوو تێرمەدا تەعتیلاتی یول هەیە کە لە نیوەی مانگی دسامبرەوە دەست پێ دەکا تا ئەوەڵی مانگی جانیوێری هەروەها تەعتیلاتی هاوینی هەیە کە لە نیوەی مانگی جونەوە دەست پێدەکا تا نزیک ئاخری مانگی ئاگوستی.

منداڵ لە تەمەنی یەک ساڵییەوە مافی ئەوەی هەیە بچێتە باغچەی ساوایان و تا تەمەنی ۶ ساڵی لەوێ پەروەردە دەکرێ و دوای ۶ ساڵی دەچێتە کلاسی پێش قوتابخانە. منداڵ لە باغچەی ساوایان لە ڕێگای دەرس پێ کوتنەوە پەروەردە ناکرێ بەڵکوو لە ڕێگای کایەی فێرکردن و کایە دەگەڵ کردنەوە شتی فێر دەکەن و ئەو مێتۆدەش پاش ساڵها لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە سەر ئەوەی منداڵ لە باغچەی ساوایان دەرسی پێ بکوترێ باشترە یا کایە بکا، هەڵبژێردراوە.

ئاکامی لێکۆڵینەوەکان ئەوە بوو کە لە ڕێگای کایەوە شتی فێر بکرێ و پەروەردە بکرێ. بۆ وێنە منداڵێک کە لەگەڵ چەند منداڵی دیکە هەرکام ڕۆڵێک لە کایەکەدا وەستۆ دەگرن، بۆ بەڕێوە بردنی ڕۆڵەکەی خۆیان بیر دەکەنەوە، هــەوڵ دەدەن ڕۆڵەکەیــان بــە دڵی خۆیان ئەنجام بدەن، هەوڵ دەدەن بۆ ســەرکەوتنی ڕۆڵەکەیــان یاریــدە بدەن و وەربگــرن و..... بەوجۆرە زۆر لایەنی کەسایەتییان لە پێناوی ڕۆڵەکەیانــدا ئاکتیو دەبــێ و بەهێزتر دەبن. منداڵ لە باغچەی ســاوایان عادەت بە گیانی یەکســانی دەگرێ چونکە ئیمکاناتەکە وەک یــەک بۆ کچ و کــوڕ و منداڵی دایک و بابی دارا و نەدار بە کار دەهێندرێ و لە پەروەردە و ڕاهێنــان و فێر کردندا فەرقیان پێ ناکەن. ئــەو ڕەوتە تا ئاخری خوێندن لە داواناوەندی بێ دانانی فەرق و جیاوازی بەردەوامە.

فێرکاری و پەروەردەی ڕەسمی لە دەورەی سەرەتاییەوە دەست پێدەکاو لە دواناوەندی و زانکــۆدا تەکمیل دەکرێ.هاوکات دەگەڵ ئەو فێرکاری و پەروەردە ڕەســمیەدا فێرکردن لە قوتابخانەی ئازاد و خوسوسیشــدا هەیە و زۆرشوێنی فێرکاریی دیکەش کە قوتابخانەی باڵای خەڵکی پێدەڵێــن لەو بوارەدا چالاکن. هەروەها یەکیەتیەکانی فێرکاری هەن و زۆر شــیرکەت و دامەزراوەی خوسوسی هەن کە ئەرکی فێرکاری و پەروەردە بەڕێوە دەبەن.

فێرکردن لە وڵاتی ســوئێد لــە قۆناغی ســەرەتاییدا لە ســاڵی ١٢٠٠ی میلادیەوە ڕەســمیەتی پەیدا کردووە. ئەوکات خوێندن تەنیا ۴ ســاڵ بووە. لەســاڵی ١٨٠٠ بەولاوە شکڵ و شێوەی قوتابخانە و فێرگە ئاڵوگۆڕی کــردووە و ســاڵی ١٩٣٦ خوێندن ئیجباری کــراوە و دەورەی خوێندنــی ئیجباری بۆتە ٧ ســاڵ و ســاڵی ١٩٥٠ بۆتە ٨ ساڵ، بەڵام دیســانیش ئەوە کۆتایی ئاڵوگۆڕەکان نەبوو چونکە ســاڵی ١٩٧٢ بوو بە ٩ ســاڵ. ئێستا لە مانگی جانیوێری ســاڵی ٢٠١٨ ڕا کلاسی پێش قوتابخانــەش بۆتە ئیجباری و باغچەی ســاوایانیش بۆتە بەشــێک لە سیســتەمی قوتابخانە و لە ساڵی ١٩٩٨ ڕا باغچەی ساوایان پلانی فێرکردنی داڕێژراوی سەراسەریی هەیە و ئامانــج لە فێرکردنەکان و ڕادەی فێر بوون لە هەر ســاڵێکدا، ساڵ بە ساڵ ئاستی خۆی بۆ دیــاری کراوە. خوێندن لــە دواناوەندی لە ســاڵی ١٦٠٠ەوە و فێرکردنی ئاکادمیک لەو کاتەوە کە زانکۆی ئوپســالا دروست کرا یانی لە ساڵی ١۴٧٧ەوە دەستی پێ کردووە. پرسەکانی سەبارەت بە فێر کردن و بار هێنان لــە ژێر چاوەدێریــی دێپارتمانی فێرکردن و بارهێناندا تاوتوێ دەکرێ.

دەورەی ســەرەتایی خوێندن لە حاڵی حازردا ١٠ ساڵە و بەوشێوەیە دەچێتە پێشێ. منــداڵ کە بوو بە ۶ ســاڵ، کلاســی پێش قوتابخانە دەســت پێ دەکا و تا کلاســی ٣ تەواو دەکا خوێندنی بنەڕەتیی سەرەتاییە و لە کلاسی ۴ تا ۶ خوێندنی نێونجیی سەرەتاییە و کلاسی ٧ تا ٩ کە تەواو دەکا خوێندنی باڵای سەرەتاییە. لە قۆناغی قوتابخانەی سەرەتاییدا شــاگرد مێژوو، کۆمەڵناســی، بیولۆژی و زۆر دەرســی دیکە دەخوێنێ هەروەها هێندێک دەرســی بە کــردەوە وەکوو شــێوەکاری و نەقاشــی، کاری دەستی، و مۆســیقای فێر دەکرێ. دوای ئەوەی منداڵ کلاســی ٩ یان تەواو کــرد زۆربەیان دەچنــە دواناوەندی و سێ ســاڵ لە قۆناغی دواناوەندی دەخوێنن. لە دواناوەندی شــاگرد دەســتی ئاواڵەیە چ ڕشتەیەک دەخوێنێ. بەڵام هەر دەست ئاواڵە بوونیش بەس نیە بەڵکوو ئەگەر مەســەلەن لە داهاتوودا لە بەشــی تکنیــک دەخوێنێ، دەبێ لەکلاســەکانی ٧،٨،٩، لەودەرســانەی کە بەشــی تکنیک دەگرنەوە بە نمرەی باش قەبووڵ بووبێ و بۆ خوێندنی بەشــی تکنیک پایەی دەرســیی باشــی هەبێ دەنا لە هیچ قوتابخانەیەک لەو بەشە وەرناگیرێ.

بۆ خوێنــدن لە قۆناغی دواناوەندی دەبێ

کارنامــەی قەبوولــی کلاســی ٩ ت پێ بێ هەروەها لە کلاسی ٩، ڕێنوێنیکاری خوێندن وبازاڕی کارت لە ڕشتەی خوێندنی داهاتووت ئاگادار کردبێ بۆ وەی بە گوێرەی نمرەکانت، شایستە بوونت دەداتێ کە لە بەشی دڵخوازت بتوانی وەرگیرێی یا نا؟ ئەگەر لە یەک یا چەند دەرســدا کەم و کوورییەکت هەبێ کلاسی تایبەتیــت بــۆ دادەنێن کە خاڵــە کزەکانت بتوانی تا کۆتاییی کلاسی ٩ پڕ کەیەوە.

دەورەی دواناوەندی لە وڵاتی سوئێد سێ ساڵە و خوێندن لە دواناوەندی دوو مەسیری هەیە یەکیان ئەوەیە کــە دوای تەواو بوونی دواناوەندی یەکســەر دەچیــە بازاڕی کارەوە و لە ماوەی ســێ ســاڵی دواناوەنــدی ئەو دەرسانە دەخوێنی کە پێوەندییان بە شوغڵی داهاتووتەوە هەیە و بەتەواوی بۆکار ئامادەت دەکا. دووهەم مەســیر ئەوەیــە کە بتهەوێ دوای دواناوەندی یەکســەر نەچیــە بازاڕی کارەوە، بەڵکوو بچــی خوێندنی باڵا لە زانکۆ بخوێنی. ئەوکات لەو سێ ساڵەی دواناوەندیدا ئەو دەرسانە دەخوێنی کە ئامادەت دەکا بچیە زانکۆ و بەتایبەت ئەو دەرســانە دەخوێنی کە پێوەندییان بە بەشــی خوێندنــی زانکۆتەوە هەیە.

بــۆ وەی لــە دواناوەندی لە یــەک لەو دوو مەســیرە وەربگیرێــی دەبــێ هێندێک مەرجــی تایبەتی تێپەڕێنی. بــۆ وێنە ئەگەر بتهەوێ لە دواناوەندی لە مەســیری بازاڕی کاردا بخوێنی، دەبێ کارنامەی کلاســی٩ ت نیشــان بدا لانی کەم لە ٨ دەرسی ئەسڵیی پێوەندیدار بە بەشــی خوێندنی دواناوەندیت قەبووڵ بووی. لەو ٨ دەرســە سێ دەرسیان هەمیشــە و بۆ هەر بەشێک بێ، دەرسەکانی ڕیازی، زمانی ســوئێدی و زمانی ئینگلیسیە. پێنج دەرســەکەی دیکە دەتوانێ شتی دیکە بێ. ئەگەر بتــەوێ لە مەســیری خوێندنی زانکۆدا بچیە دواناوەندی و دوای دواناوەندی لــە زانکۆ لــە خوێندن بــەردەوام بی، دەبێ کارنامەی کلاسی ٩ ت نیشان بدا لانی کەم لە ١٢ دەرســی پێوەندیدار بەو بەشــەی لە زانکۆ دەتهەوێ بیخوێنی قەبووڵ بووی و لەو ١٢ دەرسە، سێ دەرسیان هەمیشە و بۆ هەر بەشــێکی خوێندن لە زانکۆ بێ، دەرسەکانی ڕیازی، زمانی سوئێدی و زمانی ئینگلیسیە.

ئەگەر شــاگردێک دەورەی دواناوەندیی تەواوکرد و نمرەکانی نەگەیشتە ئەو ڕادەیەی لــە زانکۆ وەربگیرێ و تەمەنی لە ٢٠ ســاڵ زیاتربێ، دەبێ دواناوەندیی ئاســایی بە جێ بێڵێ و لە دواناوەندیی تایبەتی گەورەســاڵان درێژە بــە خوێندن بــدا و نمرەکانی بەرێتە سەرێ و ئەوکات بچێتە زانکۆ.

لــە گــوزەری زەمانــدا شــێوەی دانی کارنامــەی قەبووڵیــش ئاڵوگــۆڕی کردووە. پێشتر بەشــی زۆری بە دانی پیتێکی ئەلفبا، ڕادەی شایســتەبوونی شــاگردیان لە دەرسە جۆراوجــۆرەکان دا دەستنیشــان کــردووە. جاری واش بووە بە ژمارەیەکی ڕیازی ڕادەی شایســتە بوونەکەیان دیاری کردووە. بۆ وێنە ژمارەی یەک تا پێنج. ژمارەی پێنج باشترین نمرە بووە. لە ســاڵی ١٩٦٠ ڕا کارنامەیان بە ڕەفتاری شــاگردەکەش دەدا. ئەو شێوەیەی ئێســتا بەکار دەهێندرێ لە ساڵی ٢٠١١ ڕا داهێندراوە و لەوەدا پیتی ف ســەرنەکەوتنە و پیتی ئی قەبــووڵ بوونە و لە ئی ڕا بەرەو ئا، ڕادەی شایســتە بوونەکە دیاری دەکا. لە تێرمی پایزی ســاڵی٢٠١٢ ڕا وای لێ هاتووە شــاگرد دەبێ لە کلاســی ٦ ڕا هەموو ساڵێ کارنامــە وەرگرێ، پێشــتر لە کلاســی ٨ ڕا کارنامەیان بە شــاگرد دەدا. پێش کلاسی ٦ کارنامە پێویســت نیە و بڕیاری ماموســتاکە گرینگە بۆ دیاریکردنی ڕەدبوونەوە یا قەبووڵ بوون. لە ڕاستیدا لەو قۆناغەی خوێندندا ڕەد بوونەوەی تێدا نیە.

خوێندن و فێرکردن لە ســوئێد بە زمانی ســوئێدییە کــە زمانێکــی ئورووپاییە و لە زمانەکانی نوروێــژی و دانمارکی و هۆڵەندی

زۆر نزیکە وشـــەی ئاڵمانیشی زۆر تێدایە. لە سوئێد پێنج زمانی ڕەسمی هەیە کە بریتین لە سوئێدی، فینلاندی، سامی، ڕۆمی، و ئیدیش. بەڵام بۆ هاســـان کردنەوەی پێوەندی گرتن و ڕەوتـــی فێرکـــردن و بارهێنان، بە تەوافوق و تەفاهوم زمانی ســـوئێدییان بۆ خوێندن و فێرکردن وەک زمانی (معیار) هەڵبژاردووە و بۆ موکاتباتی ئیداریش بەکاری دێنن. لە زۆر جێگای دیکەی دنیاش کـــە فرەزمانن وەک ئەمریکا کە ٣٠٠ زمانی تێدایە و لە یاســـای بنەرەتیدا زمانی ڕەســـمی دیـــاری نەکراوە و مەحدوودیـــەت بۆ هیچ زمانێـــک نیە زمانی ئینگلیسییان وەک زمانی معیار هەڵبژاردووە و بـــۆ خوێنـــدن و فێـــرکاری و بارهێنان و موکاتباتی ئیداری بە کاری دێنن.

دیاردەیەکـــی بەرچـــاوی سیســـتەمی فێرکردن و پەروەردەی وڵاتی ســـوئێد مافی خوێندنـــی زمانی دایک بـــۆ منداڵی بیانی لە قوتابخانەکانی ئەو وڵاتەیە. ئەو شـــاگردانەی کە لـــە وڵاتانی دیکـــەڕا هاتوونە ســـوئێد و زمانی دایکیان ســـوئێدی نییە مافی ئەوەیان هەیە دەرســـی زمانی دایکیـــی خۆیان هەبێ و بیخوێنـــن و بۆ ئەو مەبەســـتە کۆمۆنەکان مامۆســـتای ئەو زمانانـــە دادەمەزرێنن و ئەو مامۆســـتایانە دەرس بـــەو منداڵـــە بیانییانە دەڵێن بەو شەرتەی لە قوتابخانەکە لانی کەم پێنج شـــاگردی هاوزمان هەبێ کلاسەکە بۆ فێرکردنی ئەو زمانە دابین دەکرێ. کوردەکان یەک لەو نەتەوانەن کە لەوڵاتی خۆیان بێجگە لە (هەرێمی کوردســـتان) مافی خوێندن بە زمانـــی دایکییان نیە بەڵام لەوســـەری دنیا دوور لە وڵاتی خۆیان لە وڵاتی ســـوئێد، ئەو مافەیان بۆ دەستەبەر دەکرێ.

ئەوشـــاگردە بیانییانـــەی دەیانەوێ بچنە دەورەی دواناوەندییـــەوە، بەگوێرەی ڕێبازێکی بۆ خوێنـــدن هەڵیانبـــژاردووە دەبێ ٨ یا ١٢ دەرســـیان بە ســـەرکەوتوویی تێپەڕاندبێ تا لە بەشـــی دڵخوازی خۆیـــان وەربگیرێن، ئەو مافەیـــان هەیـــە یەک لەو ٨ یا ١٢ دەرســـە، دەکرێ دەرسی زمانی دایک بێ. هێندێک لە دایک و بابی منداڵە کوردەکان منداڵەکەیان بۆ بەشداربوون لە دەرسی زمانی کوردی هان نادەن و دەڵێـــن منداڵەکە ئەوە تا بە کوردی دەزانێ قسە بکا و ئەوە بەســـە، لە ئورووپا لەوە زیاتر زمانی کوردی پێویست نییە؛ بەڵام بەرپرسانی فێرکردن و پەروەردەی وڵاتی ســـوئێد دەڵێن منداڵ هەتا زانیاریی لە سەر زمانی دایک زیاتر بـــێ و قووڵتر و بەرینتر زمانی دایکی بزانێ بۆ فێر بوونی زمانی دیکە و زیرەکی لە خوێندندا توانایی زیاتر دەبێ. موشکلێکی دیکە ئەوەیە ئەو ماتریالەی مامۆســـتاکانی زمانی کوردی بۆ فێرکردنـــی ئەو زمانە لە قوتابخانەکان بەکاری دێنـــن، وەک یەک نییـــە و جیاوازییان زۆرە بۆیە منداڵـــەکان ڕادەی زانســـتی کوردییان پەیوەندیی بە ناوەڕۆکی ماتریالەکەوەیە کە بە داخەوە هاوئاست نین.

ئاخر شتی کە پێویستە باسی بکەم لە بارەی خزمەتگوزاریی لەشســـاغی و سلامەتییەوەیە. لە قوتابخانە ئـــەو خزمەتگوزاریانە بۆ هەموو شاگردێک تا تەمەنی ٢٠ساڵی بە خۆڕاییە. پەرستار و پزیشکی قوتابخانە ئەو ئەرکە بەڕێوە دەبەن و چۆنیەتیی لەشســـاغی و سلامەتی و ڕەوتـــی گەورە بوونی شـــاگرد دەخەنە ژێر چاوەدێرییەوە. ئەو چاوەدێرییانە بە مەبەستی پێشـــگرتن لە نەخۆشـــییە، بۆیە بە گوێرەی بەرنامەی داڕێژراو، کۆنترۆڵی هەموو بارەکانی بەرەوپێشـــچوونی ژیانی شـــاگرد دەکەن کە مەترســـیی تووش بوون بە هەموو پەتایەکی لێ دوور بخەنەوە.

ئەو نووســـراوە کورتە بۆ ناساندنی ڕەوتی فێرکردن و پەروەردە لە وڵاتی ســـوئێد وەک قەترەیـــەک لـــە دەریادایـــە و ڕێچکەیەکی کەمرەنگە بۆ چوونە نێو ئەو بوارەوە بەتایبەت باســـی خوێندنی باڵای هیچ تێدانیە. بەلکوو مەجالی دیکە دەســـت بدا لە سەر ئەو مژارانە زیاتر بنووسرێ.



# خوێندنەوەی سیستەمی پەروەردەی هێزی داگیرکەر لە کوردستان

حەسەن سالحزادە*

ئەگەر بمانەوێ پرسی فێرکاریی حکوومەتی ئێران بە تەنیایی و لە یەک ڕەهەندەوە بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی کارناسانەی بۆ بکەین، ئاکامەکانی جێ متمانە نین و ئەنجامێکی دڵخواز و گونجاوی لێناکەوێتەوە. بە واتایەتی دیکە، ئەگەر لە ناو سیستەمی فێرکاریی ئێراندا، بە تەنیایی بە دوای خەسارەکاندا بگەڕێین، تا ئەو ساتەی کە پەردە لە سەر دامەزراوە و قۆڵە جۆراوجۆرەکانی نیزامی سیاسیدا کە پێوەندیی قووڵ و دوولایەنەیان لە گەڵ مەسەلەکەدا هەیە، هەڵنەدەینەوە، ئەنجامێکی گونجاومان بۆ چارەسەریی گرفتەکان وەچنگ ناکەوێ.

## پێشەکی

لە زۆربـــەی نێزیک بە تەواوی وڵاتانی جیهانی ئەمڕۆ، منداڵانی تەمەن ٦ بۆ ١٨ ســاڵ، ڕێژەی قوتابیان پێکدێنن. ئـــەم ڕێژەیەش بە گوێرەی کات و قۆناخی ژیان، دەتوانێ بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگە لەخۆ بگرێ. بە چاوپۆشین لە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە بە درێژاییی تەمەنیان بواری خوێندنیان بۆ نەڕەخساوە، دەکرێ بگوترێ کە تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ، بەشـــێک بوون لـــە قوتابیانی دوێنێ و هەروەها منداڵانی تەمەن ژێر ٥ ســـاڵیش بە زوویی بەم قۆناخەدا تێدەپـــەڕن. هەر بۆیـــە توێژی قوتابـــی، تەنها چینێکـــی تایبەتی گـــەل ناگرێتـــەوە، بەڵکوو هەمووان بە بێ‌جیاوازی لەخۆ دەگرێ. ئاوردانەوە و گرینگیدان بە فێـــرکار، وەک بەهای پێوەرە ئەخلاقییە پەســـەندکراوەکان وایە کە دەتوانێ فاکتۆرێکی ڕێخۆشـــکەر بۆ دەستڕاگەیشتن بە پرســـی خوێندن بێ و گەشەی هەمە لایەنەی جۆراوجۆر بە دوای خۆیدا بێنێت.

منداڵ لـــە تەمەنی ٥-٦ ســـاڵیدا ڕەوانەی قوتابخانـــە دەکـــرێ و قوناخەکانی گەشـــەی فیزیکی،هزری، دەروونی و سۆزداریی خۆی لە قوتابخانە تێپەڕ دەکات. قوتابییان لە قوتابخانە بابەتەکان وەردەگرن و دەیانگوازنەوە بۆ بنەماڵە. کە وایە ئـــەم کارە پێوەندیی ڕاســـتەوخۆ یان ناڕاســـتەوخۆی دوولایەنەی هەیـــە و دەتوانێ کاردانەوەی ئەرێنی یان نەرێنیی بۆ بنەماڵە بە دواوە بـــێ. لەخۆڕا نییە کە ئەگەر دەســـەڵات، دەوڵـــەت یـــان سیســـتەمێکی حکوومەتداری بخوازێ ئاڵوگـــۆڕی کۆمەڵایەتی، ئیدیۆلۆژیکی، مۆراڵی و هتد لە وڵاتەکەیدا پێک‌بێنێ، لە یەکەم هەنـــگاودا دەرکەی قوتابخانـــەکان دەکاتەوەو لەوێوە دەســـت بە دابەزاندنی پرۆژەکەی دەکا. چونکـــوو ئەوەی ئەمڕۆ لـــە قوتابخانە ڕوودەدا، لە دواڕۆژدا لە کۆمەڵگەی ڕاســـتەقینەدا خۆی دەبینێتـــەوە. هـــەر لە بەر هەســـت‌کردن بەم گرینگییەشـــە کە حکوومەتە نادیموکراتیک و داســـەپاوەکان، قوتابخانەکان بە بارمتە دەگرن و بە شـــێوەیەکی دواکەوتووانـــە و بێ‌ڕەحمانە ئیـــدە و مەرامەکانیان لەوێ دادەمەزرێنن هەتا بەشکم بتوانن وەک ســـەرەتایەک بۆ داهاتوو، کۆمەڵگەی پێ گوێڕایەڵ و دەستەمۆ بکەن.

حکوومەتـــی کۆمـــاری ئیســـلامیی ئێران لەوەتـــی هەیە، هەوڵ و تەقالای بە ئیســـلامی کردنـــی کۆمەڵگەی بـــە شـــێوەی ڕواڵەتی و دڵخوازی خـــۆی دەدا و ئەم ڕەوتە تا ئەمڕۆش هیچ سنوورێکی بۆ بنەماڵە و ئازادیی تاکەکەسی نەهێشتووەتەوە. دەسەڵاتخوازە داسەپاوەکان لە درێژەی ئامانج و مەبەســـتە سیاســـییەکانیاندا هەمیشە پێیان وایە کە لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانیاندا ناسەرکوتوون و وادەزانن کە هیچ ســـەرکەوتنێکیان وەدەست نەهێناوە. هەر بۆیە پـــاش چوار دەیە بەردەوام بـــە کردەوەکانیانـــدا دەچنەوە و بـــە بیانووی جۆربەجۆر، هێرشـــی کۆنەپەرەستانەی خۆیان لە ژێر نـــاوی «بەربەرەکانێ لە گەڵ هێرشـــی فەرهەنگی بێگانە» بەرۆژ دەکەنەوە.

لە بەرانبەردا ئێمە دەبینین نەتەوەی کورد ســـەرەڕای ئەوەی کە لە ســـەر زێـــد و خاکی خۆی دەژی و خاوەن کولتوور و تایبەتمەندییە بـــەرزو بە نرخەکانی خۆیەتـــی، کەچی مخابن دەرەتانـــی ئـــەوەی نییە کە بە پێـــی بنەمای داب و نەریت و کەلەپـــووری خۆی، قوتابخانە دڵخوازەکانی بنیات بنێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە پێی هەموو پێوانەکانی سەردەم، گەلی کورد مافـــی خۆیەتی کە خاوەن دەزگا و پەروەردەی سەردەمیانەی تایبەت بە خۆی بێت؛ دەزگایەک کە لەودا منداڵی کورد بە زمانی کوردی لە سەر نیشتمانی خۆی گەشـــە بکات و مێژووەکەی بنوســـێ و بخوێنێتەوە. منداڵەکانی کوردستان دەبـــێ مافی ئەوەیان هەبێ کە بەیت، چیرۆک، گۆرانی، شیعر، حەیران، کەلەپوور، بەسەرهات، پەنـــد و تێکـــڕای خســـڵەتە ڕەنگاوڕەنگەکانی دیکـــەی گەلەکەیان بزانن و بـــە ئەمانەتەوە بۆ نەسڵەکانی دوای خۆیان ڕایان‌بگوازن.

سیســـتەمی پـــەروەردەی دەســـەڵاتی

ئەمڕۆکـــەی ئێـــران، جیا لەوەی کـــە خاوەن ناوەڕۆکی ســـەردەمیانە نییە، لە هیچ بوارێکەوە ناتوانـــێ وەڵامدەری ویســـت و داخوازییەکانی گەلـــی کورد بێ. هەر بۆیە ئەرکی سەرشـــانی چـــالاکان و تێکـــڕای تاکەکانـــی کۆمەڵگەی کوردســـتانە کـــە لەگـــەڵ ئـــەم داگیرکارییە ئاشـــکرایەدا بەربەرەکانـــێ بکـــەن و بـــە پێی ویستی ئەمڕۆیی و داخوازییەکانی گەلی کورد، قوتابخانەی خۆیان دابمەزرێنن.

بـــە پێـــی لێکۆڵینـــەوەکان هەنووکـــە ٦ میلیارد لە حەشـــیمەتی جیهان واتە ٨٣٪ بە زمانی دایکی خۆیـــان دەخوێنن. لە بەرانبەردا تەنهـــا ١٧٪ منداڵان ئەومافەیـــان پێ نەدراوە کە بـــە زمانی دایکی خۆیان گەشـــەو نەشـــە بکەن. هۆکاری ئەم ئاســـتەنگەش دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتانێک کە دەزگای سیاســـیی تۆتالیتێرو دواکەوتوویان بەسەردا سەپاوە، یان پێکهاتەی وڵاتەکەیـــان چەند ڕەگەزییە و لەودا ڕەگەزێک بە شێوەی ڕەگەزپەرەستانە، دەسەڵاتی گشتیی قەبـــزە کردووە. بە پێی ئاماری بروا پێ کراو، ٢ لەسەر ٣ی حەشیمەتی ئێران، واتە ٦٧٪ مافی خوێندن بە زمانی دایکیان لێ ئەستێندراوە.

بە پێـــی داتاو ڕاپۆرتـــەکان، قوتابیگەلێک کە زمانی فێـــرکاری و زمانی دایکییان یەکە، گەشەی پەروەردەییان بە نیسبەت ئەوانیتر زیاترە. ئەو قوتابیانەی کە زمانی خوێندنیان لە گەل هی خۆیان جیاوازە، تووشی دواکەوتەییی فێـــرکاری دەبـــن و ڕێژەکەی بە نیســـبەت ئەوانیتـــر بـــە ٩ بەرانبەر مەزەنـــدە دەکرێ. زۆربەی پســـپۆڕانی بواری زانستی پەروەردە و ڕاهێنان لە ســـەر ئەو باوەڕەن کە دەبێ لانی کەم ٥ ســـاڵی دەســـپێکی فێرکاریی بەرنامە و پرۆگرامـــی خوێندکاریی منـــداڵ، بە زمانی دایکـــی بەڕێوە بچێ. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابی، بە ســـانایی پێوەندیی ســـۆزدارانە لەگەڵ مامۆستاکەی و دەوروبەری پێک بهێنێ و لە ئاکامدا لە باری هزر و دەروونەوە گەشـــە و باڵا بکا.

## سیاســـەتی زاڵ بـــە ســـەر سیســـتەمی فێرکاریی وڵاتی ئێمە

ئەگەر بمانەوێ پرســـی فێرکاریی حکوومەتی ئێـــران بـــە تەنیایی و لـــە یـــەک ڕەهەندەوە بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی کارناســـانەی بـــۆ بکەیـــن، ئاکامەکانـــی جێ متمانە نیـــن و ئەنجامێکی دڵخواز و گونجاوی لێناکەوێتـــەوە. بە واتایەتی دیکـــە، ئەگەر لە ناو سیســـتەمی فێرکاریی ئێرانـــدا، بە تەنیایی بـــە دوای خەســـارەکاندا بگەڕێیـــن، تـــا ئەو ســـاتەی کە پەردە لە ســـەر دامەزراوە و قۆڵە جۆراوجۆرەکانی نیزامی سیاسیدا کە پێوەندیی قـــووڵ و دووڵایەنەیان لە گەڵ مەســـەلەکەدا هەیە، هەڵنەدەینەوە، ئەنجامێکی گونجاومان بۆ چارەسەریی گرفتەکان وەچنگ ناکەوێ.

لە ناو هەر دەســـەڵاتێکدا، هێڵە سیاسی و ستراتێژیکەکان هەر کام بە جۆرێک کارتێکەریی ڕاستەوخۆیان لە ســـەر پرسی پەروەردە هەیە. ئەم هێڵگەلـــە دەتوانن بە شـــێوەی ئەرێنی یا نەرێنی ئاڵوگۆڕ لە ناو قوتابخانەکاندا ســـازبکەن و لەوێ ڕا بۆ گۆڕەپانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی پێوەندیـــداری خۆیانـــی بگوازنـــەوە. ڕوانگەی سیاسیی دەســـەڵاتی ئێران لە هەمبەر پرسی پەروەردە و فێرکردن، ڕوانینێکی ئاشـــکرایە و کۆمەڵگەی ئێران ســـاڵانێکە پێوەی دەناڵێنێ. هەربۆیە ســـەرچاوەی ئەم سیاســـەتە نەشیاوە جێگـــەی تێڕامانە. سیاســـەتێک کە پرســـی فێرکاری و دۆخی خوێندنگەی بۆ ســـەردەمانی کۆن و دەورانی نەزانی بردووەتەوە. نوســـخەی فێرکاریـــی کۆمەڵگەی ئێمە کـــە هەڵقوڵاوی پێداویســـتییەکانی گەلی کورد نییە، ساختە و نێردراوی ســـپای داگیرکەرە. لەوەش خراپتر، کاکڵی کۆی بەرنامەو ســـەرچاوە دەرسییەکان، زەلکاوی ئەندێشـــەی کۆمەڵە کەســـانێکن کە جیا لەوەی لە زاتی مرۆڤ ناگەن، بگرە زۆریش دژەمرۆڤـــن و گومانی جینایـــەت و تاوانیان لە ئەستۆیە. کەواتە بنەمای فیکری و هزریی وەها ســـەچاوەگەلێک نەتەنیا خزمەت بە گەشـــەی

مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ناکەن، بەڵکوو ڕێگە خۆشکەری مانەوەی کۆمەڵگە لە زەلکاوی نەزانی و گەڕانەوە بۆ سەدە ئەوێستاییەکانن. لە کوردستان، ڕوانگەی بەرتەسکی هەڵێنجاوی بیری شۆڤێنیزمی ئێرانی ئاوێتە بە ئایین، بە نەرمی قۆناخەکانی داگیرکاریی تێپەڕاندووە و مانای ڕاستەقینەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییی ساخکردووەتەوە. بیری داگیرکاریی کوردستان، لە تویێ پلان و بەرنامەی چەشناوچەشندا خزاوەتە ناو ناوەندەکانی خوێندن و دەزگای پەروەردە و فێرکاریی وڵاتی ئێمەی قورخ کردووە، بە جۆرێک کە دەرەتانێک بۆ بژاردەکانی خۆیان لە بەردەستدا نەماوەتەوە.

لە قوتابخانە بە بارمتەگیراوەکانی ئێمەدا، بیر و باوەڕگەلێکی نەشیاو، شەڕەنگێزانە و ڕیاکارانە، خاوەنداریێتی لە چارەنووس و داهاتووی بە نرخترین سەرمایەکانی گەل و نیشتمان کە هەمان جگەرگۆشەکانمانن، دەکەن. ئەم باوەڕانە، نە تەنیا توانای نواندنی تایبەتمەندی و داخوازییەکانی گەلی کوردیان تێدا بەدی ناکرێ، بەڵکوو دایم بیر لە دۆزینەوەی پیلانگەلێک دەکەنەوە کە بتوانێ پانتاییی داگیرکارییەکانیان پەرە پێبدات. بەرپرسان و کارگێڕانی پەروەردەی دیاری ئێمە، بە ڕواڵەت هەوڵی بارهێنانی منداڵەکانمان بۆ دنیای مەعنەوی و بەختەوەریی قەبر و قیامەت دەدەن، کەچی لە کردەوەدا، بۆخۆیان چاوچنۆکانە و بێشەرمانە، باوەشیان بۆ دنیای مادی کردووەتەوە و هیچ نان و خوانێک دەریای تەماحیان تێر ناکات. دیارە چەرخی دەزگای پەروەردەیەک کە بە دەستی ئەندیشەی ئەم تویژەوە بگەڕێ، بەرهەمەکەی لەوەی کە هەیە باشتر نابێ.

## قوتابخانەی دڵخواز و سەردەمیانە

بە خوێندنەوەی سیستەمی پەروەردەی پێشکەوتووی وڵاتان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کومەڵگەی جیهانی لە بوارە جۆربەجۆرەکانەوە، بۆمان دەردەکەوێ بەرنامە و مادە فێرکارییەکانی ئەوان بە بەراوەرد لەگەڵ هی وڵاتی ئێمە جیاوازیی زۆریان هەیە. پێشوەچوونی ئاستی پێوەندیی چروپڕی گەلانی وڵاتان و گۆڕینەوەی بەها کولتوورییەکان، کارتێکەریی بەرچاوی کردووەتە سەر سەرچاوە دەرسییەکان. بۆ وێنە لە قوتابخانەی سەردەمی ئەمڕۆدا، زانستە مرۆییەکان هاوتەریب لە گەڵ زانستە ئەزموونی و ڕاهێنانە هزری و فیزیکییەکان بە ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندەوە دەچنە ناو بەرنامە دەرسییەکان و قوتابیان ڕادێنن کە بە چ شێوەیەک لە گەڵ هاوشێوەکانیان هەڵسوکەوتی سەردەمیانە و شیاو بکەن.

ئەمڕۆ کارناسان و سیاسەتوانانی بواری پەروەردە، لەوە تێگەیشتوون کە سەرتیترەکانی ئازادی، بەرانبەری، برایەتی و یەکێتی، وەختێک جێبەجێ دەبن کە بە وردبینییەوە بەها و گرینگی بە زانستە مرۆییەکان بدرێ. تاکی کۆمەڵ بە تێپەڕاندنی قۆناخەکانی خوێندکاری، ئەخلاقە شیاوەکان فێردەبێ و وەخۆگرانە بۆ ناو کۆمەڵگای ڕاستەقینە دەیانگوازێتەوە. قوتابخانەی شیاوی سەردەم ئەو شوێنەیە کە بە بێ جیاوازییەکانی ڕەگەزی، ئایین، چینایەتی و پێشینە و پلە و پایەی سەرپەرەستانی قوتابی، باوەش بۆ منداڵانی کۆمەڵگەی خۆی دەکاتەوە و بۆ هەموان دەرفەتی بەرابەر دەرەخسێنێ. ئەگینا ناتوانن لە مەیدانی کردەوەدا دروشمە سەرەکییەکانی ئازادی، بەرانبەری، برایەتی و یەکێتی، لە ناو کۆمەڵگەی خۆیاندا جێگیر بکەن. قوتابخانەی ئەمڕۆ بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازە زانستییەکانی تایبەت بە مەسەلەی فێرکاری، وەک ئەرکێکی گرینگ، شوناسی ڕاستەقینەی تاکی قوتابی ڕوون دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە، قوتابیان دەبێ لە قوتابخانە، وانەکانی مێژوو، جوگرافی، زمان و کەلەپووری تایبەت بە خۆیان و دەوروبەریان فێربن و لە کەشوهەوایەکی گونجاودا، دەرەتانی ئەوەیان بدرێتێ کە شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان

بۆ دیتـــران دەربخـــەن. ئەوەش لە ڕاســـتیدا بەســـتێنێکی لەبار بۆ بەهێزکردنی گۆڕینەوەی بیرورا دەرەخسێنێ.

قوتابیانـــی هەر نەتەوەیـــەک، ئەو کاتە دەتوانـــن خۆیان لە ناو قوتابخانەی دڵخوازی خۆیاندا ببیننەوە کە خاوەنی دەســـەڵاتێکی دادپەروەرانە و دیموکراتیک بن. ڕەخساندنی زەمینەی پێویســـت بۆ بەهێزکردنی کولتوور و تایبەتمەندیی دیکە، وەک پرســـی زمانی دایکی، ڕێزگرتنی بنەمای سەرەکیی مافەکانی مرۆڤـــە کە دەبێ دەوڵەتـــان بە بێ منەت و بـــێ فێڵ و تەڵەکە لـــە بەرچاوی بگرن و لە قوتابخانەدا کارئاســـانیی بۆ بکەن. زەرورەتی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی وڵاتانی دیموکراتیک لـــە ڕەنگاورەنگیـــی فـــرە ئەتنیکـــی و فرە زمانییـــەوە دەردەکەوێ و لە ئاکامدا جێگەو پێگەی ئەم بەها گرینگە وەک ڕاســـتییەکی ئاشـــکرا مامەڵەی لە گەڵ دەکرێ. جیهانی مرۆییی ئەمرۆی ئێمـــە، دنیایەکە کە بەرەو پێکەوە ســـازانی ئاشـــتیخوازانە پەلکێشمان دەکات و بـــۆ خۆی بەرەو باوەڕ و ئەندێشـــە جیـــاوازەکان دەخزێ، هەر بۆیە دەبێ کاری ڕاهێنان لە سەر بنەمای پشوودرێژی بکرێ. ســـەقامگیر کردنی ئەمەش ئاستی گەشە و باڵغ بوونی هزری و کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان پیشان دەدا.

کە واتە ئەو دەسەڵاتانەی کە بە هەڵبژاردنی ڕێبازی کۆنەپەرەستانە و ناسەردەمیانە، هەوڵی لەباربردنی پرۆسە پەرەگرتووەکانی کۆمەڵگەی بەشـــەری دەدەن، بەشـــیان لـــە ڕەوڕەوەی مێـــژوودا تەنیا ڕســـواییە و شـــوێنەواریان بە نفرین‌کراوی دەمێنێتەوە. ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لـــە تایبەتمەندییەکانی قوتابخانەی ســـەردەم کە لە ســـەرەوە باســـیان کرا، ڕێژیمی نووکەی ئێرانمان بۆ دەخاتە لیســـتی ڕەشی دەسەڵاتە کۆنەپەرەســـت و دژە مرۆییەکان کە تا ئێستا لـــە پێناو دامەزراندنی قوتابخانەی ســـەردەمدا تێنەکۆشاون.

## گرفتە دەرەکـــی و ناوخۆییەکانی بەردەم پرسی پەروەردە

بە گشـــتی کاتێـــک باس لـــە گیروگرفتەکانی دەزگای پـــەروەردە دەکەین، لـــەم بوارەدا دوو کێشەی سەرەکیمان دێتە بەرچاو، کە دەکرێ بە سەر دوو بەرەی ناوەکی و دەرەکیدا دابەشیان بکەین. مەبەســـت لە گرفتی دەرەکی و ناوەکی ئە و کێشـــانەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییـــان بـــە سیســـتەمی پـــەروەردە و فێرکردنەوە هەیە و هەریەک بە جۆرێ لە وزە و ئینێرژیی ئەم دەزگا پڕ حەشیمەت و هەستیارە کەم دەکەنەوە. لێرەدا بـــە پێی تواناو دەرفەت هەر یەک لەم کێشـــانە دەخرێنە بەر سەرنجی خوێنەران.

## کێشە دەرەکییەکان

سەبارەت بە گرفتە دەرەکییەکان دەکرێ باس لە هێندێک بابەت بکەین وەک، پەرەنەگرتوویی وڵاتانی جیهانی ســـێهەم (کە ئێرانیش یەکێک لەوانـــە)، گۆڕانکاریـــی بێ کۆتاییی زانســـت و تێکنۆلۆژیی نوێی کۆمەڵگە پێشـــکەوتووەکان و خۆنەگونجاندنی بەشێک لە وڵاتان لەگەڵ ئەم ڕەوتە، بەرزبوونەوەی ئاســـتی چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە دامودەزگا دەوڵەتییەکان بەتایبەت لە وەزارەتی پەروەدە، بە مەبەستی دەستەبەربوونی مافەکانیـــان، هەروەهـــا نەبوونی ســـەرچاوەی ئابووریی پێویست بۆ تەیارکردنی قوتابخانەکان لەمەڕ کاروباری پەروەردە و ڕاهێنان، بەشێکن لەو گرفتانـــەی کە پـــەروەردەی هێندێک لە وڵاتان و یەک لەوان وڵاتـــی ئێران لە گەڵیان بەرەوڕوون.

ئەوەی ئەمرۆ حکوومەتی ئێران سیاسەتی پۆلێن کردنی کارو پیشـــەکان پێڕەو دەکا و بە چـــاوی ئەمنیەتی بۆ زۆربـــەی کار و چالاکییە پیشـــەییەکان دەڕوانـــێ، لەنـــاو کۆمەڵگـــەدا کاردانەوەی خراپی بـــە دواوە بووە. لە لایەکی دیکەوە دابەشکردنی ناشیانەی بوودجەی وڵات بـــە ســـەر وەزارەتەکاندا گەلێـــک ناعادڵانەیە.

بە هەژاری هێشــتنەوەی چینی مامۆســتایان لــە ژێر هێڵی هــەژاری و پێرانەگەیشــتن بە دامەزراوە و ناوەندە خوێندکارییەکان تەنها بەو بیانووەی کە توانــای بەرهەمهێنانی ئابوورییان نیــە، بۆچوونێکــی گزەونانــە و فریودەرانەیە. لــە ئارادابوونی ناوەندگەلێکی ســەرکوتکەری وەک ســپای پاسداران و بەســیج و دەیان ناو و دەســتەواژەی هاوچەشــن و لێڵی دیکە کە ئەندامەکانیان هەر یەک بە جۆرێک بوودجەی وڵاتیــان خســتووەتە بەرچنگــی خۆیان و لە بەرانبەر هیچ لایەنێکی حقوقی و یاساییشــدا بەرپرســیار نین. وەک دیارە هەر مامۆستایانی ئێمەن کە لە پێناو ویژدانی ئینســانیی خۆیاندا خزمەت بە گەل و نیشــتمانەکەیان دەکەن. بە هۆی نزم بوونی ئاســتی مووچەی مامۆستایان و کەم بوونی پێداویســتییە سەرەتاییەکان، زۆربەی تاکە شــیاو و لێهاتووەکان لە هاتن بۆ ناو دەزگای پەروەردە خۆ دەبوێرن، ئەمەش لە خۆیــدا بۆتە هۆی بێ بایەخ بوونی پیشــەی مامۆستایەتی.

کاتێــک دەمانهــەوێ بــاس لە کێشــە ســەرەکییەکانی ناو سیســتەمی پــەروەردە بکەیــن، دەبێ وەک ئامانــج و قۆناخی کۆتایی ئەم دەورەیــە چاو ببڕینە زانکــۆ کە ئەویش لــە ڕێــگای تاقیکارییەکی سەراســەریی ئاڵۆز و پــڕ لە کێشــە بە ناوی کونکوور دەســتەبەر دەبێ. سێبەری قورسی دێوەزمەی کونکووری سەراســەری بەسەر سیســتەمی فێرکارییەوە، ئامانجە ســەرەکییەکانی قۆناخی دواناوەندیی شاردووەتەوە. هەڵســوکەوتی هەڵپەرەستانە و ناشــیانەی بەرپرســانی ئەم بوارە، کێشەکانی ئاڵۆزتــر کــردووە و تــا هەنووکە لــەم بارەوە نەیانتوانیــوە خۆیــان یەکلایی بکەنــەوە یان هەڵوێســتێکی ئامانجدار کە لــە بەرژەوەندیی گشــتیدا بێ، بگــرن. ماوەی چەندین ســاڵە وەزارەتــی پەروەردە بــە هاوکاریــی وەزارەتی علووم، پێوەن پرســی کونکوور چارەسەر بکەن و جێگرەوەیەکــی گونجاوی بــۆ دابنێن، بەلام چونکوو بەرژەوەندیی شەخســیی بەشــێک لە بەرپرســان دەکەوێتە مەترســییەوە، بە هیچ ئامانجێک ناگەن.

یەکێکی دیکە لە کێشە قووڵەکانی بەردەم پــەروەردەی ئێران مامەڵەی ناســەردەمیانەی بەرپرســانە لەگــەڵ نەتــەوە و باوەڕمەنــدە جۆراوجۆرەکانــی ئێــران. بێگومــان یەکێک لــە گرینگتریــن لایەنەکانی پێناســەی هەر کۆمەڵگەیەک پێناسەی نەتەوەیی و ئەتنیکیی ئەوانــە کە هێندێ جــار ڕواڵەتێکی ئایینییش بــە خــۆوە دەگــرێ. بێخەبــەر لــەوەی کە ڕەنگدانەوەی هەقیقی و بەجێی تایبەتمەندییە کولتوورییەکانــی گەلانی دانیشــتووی ئێران دەتوانێ وزەی دیاردەی هەست بە جیایی کردن و لە پەراوێــز کەوتن لە ناو بازنەی پەروەردردا لاواز بکا. ئێستا بە داخەوە کتێبە دەرسییەکان وەکوو یەکێک لە کەرەسە دیارەکانی پرۆسەی پــەروەردە و فێرکردن، بوونەتە ئامرازی پیلانی دەســەڵاتداران و دەسەڵاتە سەرەڕۆکان. ڕژێمە داســەپاو و دژی گەلییەکان بە پێی کولتوور و ئیدیۆلۆژیی تایبەتی خۆیان، پێداگری لەســەر لایەنێکی تایبــەت لە بایەخ دەکەن کە دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنەکانی دیکە بکەونە پەراوێز و بگرە حاشایان لێ بکرێ. بە واتایەکی دیکە، لە ئێرانی بەلا لێدراوی ئێمەدا، کتێبە دەرسییەکان لە جیاتی ئەوەی هەڵقــولاوی ناخی کۆمەڵگە بن، مخابــن ئیدیۆلۆژیی ژەنگاویی دەســەڵاتە داسەپاوەکەی نیزام دەنوێنن.

حکوومەتــی ئەمڕۆی ئێــران، بۆ خۆی لە هەمووان باشــتر دەزانێ کە بە چ شــێوەیەک مافی گەلانی ســتەم لێکراوی وڵاتەکە ژێرپێ دەنــێ و بە هەمــوو تواناوە ڕێگری لە وشــیار بوونەوەی گــەلان دەکا. نوێنەرانی حکوومەت کە پۆســتە ســەرەکییەکانی ناو پەروەردەیان وەک دەســت و دیاری پێشــکەش کراوە، بێ ئەوەی لە پێویســتیی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی ئێران بگــەن، تەنهاو تەنها بیر لە بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیان دەکەنەوە و دەبێ وەک

راســـپێردراو فەرمانـــی دەســـەڵاتی ناوەندگەرا جێبەجـــێ بکەن. ئەم تاقمە لـــە ڕێگای میدیا پاوانکراوەکانـــی ڕژێمەوە، بە هێنانە بەرباســـی گۆڕانکاری لە سیســـتەمی پـــەروەردەدا خۆڵ لە چاوی خەڵک دەکەن و ســـەرپۆش لەســـەر ڕاســـتییەکان دادەنێـــن. ئەگەرچـــی دوایین گۆڕانکاریـــی سیســـتەمی پـــەروەردە پـــڕە لە چەواشـــەکاری و ڕواڵەتـــی فریوکارانـــە. بەڵام دەســـەڵات لەســـەر بنەمای ڕیاکارانەی خۆی، تێدەکۆشێ گەلانی ئێران بەو قەناعەتە بگەیەنێ کـــە گۆڕانکاریی ئەمجارەیان لەســـەر بناخەی زانســـتی نۆژەن کراوەتـــەوە و لەگەڵ دەزگای پەروەردەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی جیهان هاوتەرازە.

ڕاســـتە لە زۆربـــەی وڵاتـــان دوو ڕۆژی کۆتاییـــی هەفتـــە مامۆســـتا و قوتابییـــان لە پشـــوودان و ناچنەوە قوتابخانـــە، بەڵام ڕۆژانی دیکەی هەفتە بە درێژاییی ڕۆژ لە قوتابخانەن، تەنانەت مافی ئەوەشـــیان هەیە کە بۆ نیوەڕۆژە لەوێ بمێنـــەوە و بۆ ئەو مەبەســـتە قوتابخانە یارمەتییـــان دەکا. هـــاوکات لەگەڵ ئەوەی کە دەرفەتی گەشەی زانستی و هزری بۆ منداڵان دەرەخســـێ، پێویستە هەر منداڵێک تا تەمەنی ١٦ ســـاڵی بنێردرێتە بەر خوێندن و دەســـت کێشـــانەوە لە قوتابخانە قەدەغەیـــە. هەروەها تەواوی پێداویستییەکانی خوێندن لە ئەستۆی حکوومەتە، بە بێ ئـــەوەی خەڵک منەتبار بکا یان وەک کارێکی خێرخوازانە لەو پرسە بڕوانێ.

بـــە بەراوەرد کردن و هەڵســـەنگاندنی ئەم بنەما ســـەرەتاییانە لە گەڵ پـــەروەردەی ژێر دەســـەڵاتی کۆمـــاری ئیســـلامیی ئێـــران، بە ســـانایی دەردەکەوێ کە پـــەروەردەی ئێمە تا چ ڕادەیەک لە ژێر هەڕەشـــەدایە و بنەماکانی خۆڕانەگـــرن. بە پێی گۆڕانکاریی چەند ســـاڵی ڕابـــردوو، قوتابخانەکانـــی ئێمـــە ٥شـــەممان دادەخرێـــن و گۆیا بۆ قەرەبوو کردنەوەی کاری ئە و ڕۆژەش دەبێ بە ڕۆژەکانی دیکەی هەفتە کاتژمێرێک زیاد بکرێ. ئەمە لە حاڵێکدایە کە قوتابیانی ئێمە بە شـــێوەی دوو شـــیفتن. جا بەرپرسانی بواری پەروەردە چۆن ئەم شاکارەیان خوڵقاندووە و لە قوتابخانە چەند شیفتەکان بە هەر شـــیفتێک یەک کاتژمێریان زیاد کردووە، جێی سەرسوڕمانە؟

بە پێی دوایین گۆڕانکارییەکانی پەروەردەی ئێران، ئەوەتا چەندین ســـاڵە کـــە قوناغەکانی خوێنـــدن ئاڵوگۆڕیـــان بەســـەردا هاتـــووە و سیستەمی ٥،٣،۴ جێگای خۆی بە سیستەمی ۶، ٣، ٣ بەخشیوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هیچ گۆڕانێکـــی بنەڕەتی بە ســـەر ناوەرۆکی کتێبە دەرسییەکاندا نەهاتووە. زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە بە هۆی بێ بەرنامەیی و سەرەڕۆییی بەرپرســـان، ئـــەم پلانەش چی لـــە هینەکانی زووتر زیاد نییە و تووشی قەیرانی گەورەتریش هاتوون. ئەگەر ســـەرەڕۆییی بەرپرسانی بواری پەروەردە بەربەســـت نەکرێ، لە داهاتوویەکی نزیکدا دووکەڵی چەوتکارییەکانیان، کۆمەڵگەی ئێران لەوە زیاتر بەرە و تاریکی دەبات.

لـــە ئێران حکوومـــەت نەتەنیا لە بەرانبەر دیـــاردەی نەخوێندەواریدا بە جیددی خۆی بە بەرپرسیار نازانێ، بەڵکوو تا ڕادەیەک زەخت و گوشاریش دەخاتە ســـەر قوتابیان و لە ئاکامدا زەمینەی هەڵاتن لە بەر خوێندن بۆ بەشێکی بەرچاو لە قوتابیان دەرەخســـێ. بە پێی ئاماری باوەڕ پێکراو ڕێژەی منداڵانی ســـەر شـــەقام و ئـــە و منداڵانەی کە دەخرێنە بـــەر کار، هەتا دێ ڕوویـــان لە زیادبوونە و ئەم دیاردەیە وەک نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی پەرەی ئەستاندووە. یەکێکـــی دیکە لە گرفتەکانی بواری پەروەردە، پەرەپێدانـــی دیـــاردەی ناعادڵانـــەی کەرتـــی تایبەتـــی قوتابخانەکانە و ئەمەش تا دێ لە ناو کۆمەڵگـــەدا خراپتر خۆی دەنوێنێ. بە داخەوە، نیزامی دەســـەڵاتدار بە بێ ئەوەی هەســـت بە مەترسیی دیاردەی نەشیاوی هەڵاواردن بکا یان گوێرایەڵی ویســـتی ڕەوای چینی هەژاران بێ، بانگەشـــە بۆ قوتابخانە و فێرگە تایبەتییەکان دەکا. بەرپرســـان لـــە ئاکامـــی ئـــەم کردەوە

ناسەردەمییەدا، لە لایەک مافی خوێندن لە چینی هەژار زەوت دەکەن و لە لایەکی‌ترەوە، بە بەردەوامی دەرفەتی زێڕین بۆ چینی بورژوا دەخوڵقێنن کە خۆشیان لەوێدا خۆ دەبیننەوە.

مێژووی پەروەردەی ئێران نیشانی دەدا کە لە شۆڕشی مەشرووتەوە تا ئەمڕۆ، حکوومەتەکانی ئێران ڕۆڵی چاودێری و سیاسیی خۆیانیان لە ناو دەزگای پەروەدەدا کۆکردووەتەوە و پرسی گرینگی فێرکاری، وەک چەمکێکی دەوڵەتی-سیاسی بە ئەژمار دێ. لە میانەی ئاڵوگۆڕەکانی فێرکاریدا، حکوومەت ڕۆڵی سەرەکی و کۆتایی دەگێڕێ و ڕێگە نادا کە ئەکتەرگەلی مامۆستا، قوتابی، بنەماڵە و ناوەندە سەندیکایی و یاساییە سەربەخۆکان بەشداری بکەن.

بەمجۆرە دەبینین کە حکوومەت و ناوەندە بڕیاردەرەکانیان، ویست و سیاسەتەکانی خۆیان بە شێوەی زۆرەکی لە سەرەوە بۆ خوارەوە بۆ ناو پانتاییی قوتابخانەکان دەگوازنەوە و ڕوانگەی خۆیان دەسەپێنن. ئەم تەقەلاگەلە کەمتر لە جێنایەت نین، بە تایبەت ئەوەی کە دەیانەوێ شوێنەوارە کولتوورییەکانی گەلانی ڕەسەنی ئەم دیارە بسڕنەوەو ڕێگەی ویژمان، ڕاپرسی و هاوکاریی گشتی لە نێوانیاندا خاشەبڕ بکەن.

کێشە ناوخۆییەکان

سەبارەت بە کێشە ناوخۆییەکانی ناو سیستەمی پەروەدەی ئەمڕۆی ئێران دەتوانین چاو بخشێنین بە خاڵگەلێکی وەک، شێوازی ناشیانەی هەڵبژاردنی(گزینش) مامۆستا، ڕاهێنان و ڕاگرتنی ناعادڵانەی هێزی کار لە ناو پەروەردە، پاسیڤ بوونی هەڵبژاردنی مودیران لە ئاستی قوتابخانە، ئیدارە ناوچەییەکان و بگرە تا بەرپرسانی ناو وەزارەتخانە، شکستی بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکان بە تایبەت لە بواری ڕاکێشانی بەشداربوونی بنەماڵە و مامۆستایان لەمەڕ باشتر بەڕێوەبردنی ناوەندە خوێندکارییەکان، لاوازبوونی سیستەمی کۆنتڕۆڵ، لاوازبوونی چاودێری و هێژاندنی پراکتیک لەسەر بەرنامە و پلان و گرفتەکان، نەبوونی لێکۆڵینەوەی زانستی و بەراوردکردن لە گەڵ زانستی ڕۆژ، هەروەها لەخوارەوەبوونی ئاستی زانستیی ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان و بێ‌مەیلییان بۆ خۆ ئاکتیڤ کردن لە ناو کلاس، کزبوونی ڕادەی مێهرەبانیی پەیوەندییەکانی نێوان بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە و مامۆستا، قوتابی و بنەماڵەکان.

ئەگەرچی بە سانایی دەتوانین دەیان ئاستەنگ و ئاریشەی دیکە لە ناوەوە و دەرەوەی پەروەردە بخەینە بەرباس کە هەریەکەی بە جۆرێک بەرۆکی ڕەوتی فێرکاریی سەردەمیان گرتووە، بەڵام ئەگەر دەزگای پەروەردەش هەروا سەرەڕۆیانە بچێتە پێش و چارەسەری کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگای فێرکاری نەکا و گوێرایەڵی ڕاستییەکان نەبێ، دەبێ هەمووان چاوەڕوانی ئەوە بین کە لە داهاتوویەکی نێزیکدا گەورەترین وەزارەتی کۆمەڵگە، واتە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بەرەو ئاقارێکی نەخوازراو و مەترسیدار بڕوات و پێکهاتەی فرەنەتەوەییی ئەم وڵاتە زیاتر لە جاران تووشی سەرلێ‌شێواوی ببێ.

## پێش‌بینیی داهاتوو

ئەگەر بەرنامەکانی پەروەردە بەرەو بارهێنانی مرۆڤ لە ناو سیستەمێکی گەل‌سالاردا بن و گەشەی هەمە لایەنەی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگیردرێ، ئەو چاوەڕوانییە لە هەر تاکێک دەکرێ کە بە پێی بەرنامە و گەلاڵەی دیاریکراو، وێڕای بەشداریی چالاکانە لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و بازاڕی کار، بە شەرافەت تەکنیکەکانی ژیان وەدەست بخات و لە ڕۆحی مافخوازی، بیرکردنەوە، بەدواداچوون، ڕەخنەگری، خوڵقاندن و نوێخوازی بەهرەمەند بێ. هەروەها لە خوێندکارانی دواناوەندی چاوەڕوان دەکرێ کە پاش تێپەڕاندنی دەورەکانیان، هەستی هونەریی خۆیان پیشان بدەن و تۆوی هاریکاری، ئازادیخوازی،

ئاشتی‌خوازی، بەرابەرخوازی و ڕێزگرتن لە ماف و بەهاکانی مرۆڤ لە هزرو دڵیاندا چەکەرە بکا. هەروەها پێویستە زەمینەیەکی وەها لەبار بۆ فێرکاران و لاوان ڕێک بخرێ کە لە بەرانبەر پرسە گرینگە نیشتمانی و کلتوورییەکاندا خۆیان بە بەرپرسیار بزانن و بە مەبەستی سەقامگیرکردنی بیری کۆنەپەرەستانە لە ئاست هەرجۆرە هەڕەشەیەکی دژەئینسانیدا دژکردەوە لەخۆیان نیشان بدەن.

دیارە لە وڵاتە پێشکەوتوو و دیموکراتیکەکاندا ئامانجی دوارۆژی وەزارەتی پەروەردە لە لایەک جێگیر کردنی بەها و بایەخە مرۆییەکانە و لە لایەکی دیکەوە، بەرگیری کردن لە بەلاڕێداچوون و دوور کەوتنەوەی قوتابیان لەو دیاردە و ئاڵۆزیگەلەیە کە کۆمەڵگە بەرە و لێکترازان، هەڵاواردن و پۆلێنبەندیی چینایەتی دەبەن. لە کۆمەڵگایەک کە دانیشتووانەکەی دەستەبەندی دەکرێن، پلەی هیوا بە ژیان بەردەوام سەرەوخوار دەڕوا. کاتێک قوتابییانی ئەمڕۆ وەک پێکهێنەرانی کۆمەڵگەی ڕاستەقینەی داهاتوو لە یەکەم ساتەکانی چوونیان بۆ خوێندنگە، خۆیان بە ڕۆح و جەستەوە لە ناو گێژاوی نکۆڵی و شاردنەوەی هەقیقەتەکاندا دەبیننەوە، گەشە و نەشەی ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست دەدەن و ناکرێ لەو بەستێنەدا چاوەڕوانی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر بین، واتە ئەو داهاتووەی کە چاوەڕوانی ئەوانە تاریکە و تروسکەکانی هیوای بە گوێرەی دڵخوازی سەردەمیانە تێدا بەدی‌ناکرێ.

وەک دەبینین، ئەگەر ڕێگەچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ دۆخی مەترسیداری پرسی فێرکاری لە کوردستان نەدۆزرێتەوە و مافی زەوت کراوی ئەو گەلە نەدرێتە دەست خاوەندارانی ڕاستەقینەی خۆی، ئەرکی تاکەکانی گەلی کورد لە داهاتوودا قورستر دەبێت. قوتابیانی کوردستان کە هەڵقەولاوی دڵی گەلێکی بەشخوراون، لە بارودۆخێکدا دەژین کە زمانەکەیان بە هێند ناگیرێ، کلتوورەکەیان بە پلە دوو یان سێ دێتە ئەژمار، مێژووەکەیان گیرۆدەی چەواشەکاریی بێبەزەییانەیە و جوگرافیا و ژینگەیان لێ زەوت کراوە. لە ڕاستیدا ئەم تایبەتمەندیگەلە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بە گوێچکەماندا دەچپێنین کە ڕابین و چیتر ستەم و داگیرکاری قەبووڵ نەکەین.

## دوا وتە

گەلی کورد ئە و کاتە دەتوانێ بە داهاتووی خۆمان پشت ببەستێ کە لەودا ڕووی ڕاستییەکان پێشان لاوان و مێرمنداڵانی بدرێ و بە بێ دڵەراوکێ و بە ئەمنییەتەوە بۆ داهاتوویەک ڕابێن کە لە ودا هەر تاکێکی ئەمرۆیی، جێگە و بەهاکانی خۆی بدۆزێتەوە و بە بێ‌هەڵاواردنی نژادی، جنسی و چینایەتی لە کەشوهەوایەکی ئازاد، بەرابەر و برایانەدا بژی.

ئەگەر بارودۆخی قوتابخانەکانی ئێران سەبارەت بە ویست و داخوازیی گەلانی ئەم وڵاتە بدەینە بەر سەرنج، دەبینرێ کە دەزگای پەروەردەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، نە تەنیا گوێبیستی داوای ڕەوا و ئینسانیی کۆمەڵگەکەی نەبووە و گەشەی سەردەمیانەی بە قوتابخانەکان نەداوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، لە ژێر کەرەسەی ڕیاکارانەی بە ئیسلامی کردن بەردەوام سیاسەتی مراندنی حەز و خولیای منداڵانی ڕەچاو کردووە. هەروەها چارەنووسی ئەوانی کردووەتە قوربانیی مانەوەی حاکمییەت و ساتە شیرینەکانی تەمەنی هەستیاریانی فەوتاندووە. زۆربەی بەرپرسانی سەرەکی و پلەباڵای ناوچە بێبەشکراوەکان و یەک لەوان کوردستان، لە کەسانی ناپسپۆڕی بواری پەروەردە پێکهاتوون و لە جیاتی پلەی زانستی، پایەو دەرەجەی نیزامییان هەیە. هەر بۆیە لەوێ دەزگای پەوەردە لە جیاتی خزمەت کردن بە کولتوور و فەهەنگی تایبەت بە خۆیان، مخابن لە ژێر پیلانی جۆراوجۆر و ڕەوشتی دژە مرۆییانەدا هەوڵ دەدا شوناسی ڕاستەقینەی دانیشتووانەکەی لە ڕێگەی قوتابییانەوە بگۆڕێ

و کەلەپووری دەوڵەمەندی ســـەر بە خۆیان، بە جێگیر کردنی سیســـتەمی تۆقاندن و کوشتن بفەوتێنێ.

ئەزموونی چەند ساڵەی نیزامی ئیسلامیی زاڵ بە ســـەر وڵاتەکەماندا نیشـــانی داوە کە زۆربـــەی بەرنامـــە و پلانەکانـــی قوتابخانە و سەرچاوەی کتێبە دەرسییەکان، لە گەڵ زات و سروشـــتی قوتابییان نامـــۆن. وەها بابەت و ناوەرۆکگەلێـــک ناتوانن هاندەری درێژەدان بە خوێندنی منداڵان بن. سیاســـەتی ئەمنییەتی و مێتـــۆدی ســـەدە ناوەندییـــەکان بەســـەر کەشـــوهەوای قوتابخانەکاندا زاڵە و ئامانجدار کردنی پەروەردە و ڕاهێنان تەنها بە مەبەستی خزمەت بە بەهێزکردنی ئیدئۆلۆژیی بەرتەسک و وشکی دەســـەڵاتی داســـەپاو، قوتابخانەی لە گەشـــە و نەشە خســـتووە. ئەگەر دەزگای پـــەروەردەی وڵاتێـــک نەتوانـــێ منداڵەکانی خـــۆی بۆ داهاتووی وڵاتەکەی ئامادا بکات، بە دڵنیاییـــەوە کۆمەڵگەی ئـــەو وڵاتە لەدوارۆژدا تووشـــی قەیرانـــی ســـالمی پێکەوەهەڵکردن دەبێـــت و لـــە ڕەهەندەکانی دیکەشـــەوە لە گەیشـــتن بە ئامانجە ســـەردەمییەکان سارد دەبێتەوە.

## پێشنیار بۆ چارەسەریی گرفتەکان

بـــە هۆی هەبوونی هەنـــدێ بارودۆخی تایبەت بە وڵاتـــی ئێران، وەک پێکهاتـــەی فرەنەتەوە، بەدیهاتنـــی دێمۆکراســـی لەم وڵاتـــەدا بە بێ سیستەمێکی حکوومەتیی شـــیاو و ڕاهاتوو لە گـــەڵ پێکهاتـــە کۆمەڵایەتییەکەی، ئاســـتەمە و یـــەک ناگرێتەوە. گونجاوتریـــن ڕێگەچارە بۆ چارەســـەریی ئەو گرفتەش دەتوانێ سیستەمی فیدراڵـــی بێـــت. ئەگەرچی چەندیـــن دەیە لە دامەزرانی دەوڵەتی مودێرن لە ئێران تێدەپەڕێ، بـــەڵام بـــە هۆی ئـــەوەی کـــە مافـــی نەتەوە جۆراوجـــۆرەکان لەوێدا لە بەرچـــاو نەگیراوە، دێمۆکراسی پەرەی نەسەندووە و پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدیوە.

ئەمرۆکانە لە زۆربەی وڵاتانی فرەنەتەوەدا، کێشـــەی مافی پێکهاتەکانیـــان بە گرێدانی دێمۆکراســـی و فیدراڵیزم چارەسەر کردووە. لـــە ئاکامـــی پشـــتگوێ خســـتنی چەمکی گرینگـــی فیدراڵیزم لـــە پانتاییی کۆمەڵگەی ئێران، مەســـەلەی فرە نەتەوەیـــی و ڕێدۆزە پێوەندیدارەکانی هەتاکوو ئێستاش دەرفەتی باسوخواســـتی بـــۆ نەرەخســـاوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بە هۆی زاڵ بوونی تەنیا گەلێک بە ســـەر پێکهاتەکانی دیکەدا و قۆرغ کردنی حکوومەتـــی ناوەندی، دەســـەڵات نەیتوانیوە پارێزەری مافی هەمووان بێ یان لە گۆڕەپانە ناوخۆیـــی و دەرەکییەکاندا لـــە نوێنەرایەتی کردنی گەلان و کولتووره دەوڵەمەندەکانیان دەستەوەستان ماوەتەوە.

هەرچەنـــد ناکرێ یـــەک ڕەهەندی چاو لە کێشەکان بکرێ و لە ڕاستیدا کۆمەڵە گرفتێک بە یەکەوە ئەو دۆخە لێڵەیان بە سەر کۆمەڵگەی فرەچەشنی ئێراندا هێناوە، بەڵام نابێ نکۆڵی لەوە بکەین کە هەتا بیرێکی ئازادانە و دێمۆکراتیک دنیـــای مرۆییـــی وڵاتـــی ئێمـــە دانەگـــرێ و سیســـتەمێکی دێمۆکراتیکی دەسەڵاتداری لێ نەکەوێتەوە، گەلانی ئێران بە گشـــتی و گەلی کورد بە تایبەتی، ناتوانن بە سانایی لە سێبەری دەزگایەکی پەروەردەی عادڵ و ســـەردەمیانەدا خۆیـــان ببیننەوە. گرینگتریـــن و گونجاوترین چـــارەش ئەوەیە کە هەمووان بـــۆ دامەزراندنی سیســـتەمێکی فیدراڵی، بە پێی تایبەتمەندییە ئەتنیکی و جوگرافییەکانی تێکڕای پێکهاتەکانی وڵاتی ئێران تێبکۆشین.

## سەرچاوە

١. قوتابخانەکان بۆ داهاتووی منداڵانمان نۆژەن بکەینەوە
Refondons l›école pour l›avenir de nos enfants

٢. بنەماکانی کۆمەڵناسیی لاوان، برنهارد شیفەرس، وەگێڕانی یووسف فەقیهی

٣. فیدراڵیـــزم لـــە وڵاتانی فـــرە نەتـــەوەدا، ناوەنـــدی لێکۆڵینەوەی ستراتێژیکی حدکا-پاییزی ٢٧١٢ی کوردی

# تایبەتمەندییەکانی سیستەمی پەروەردەی کوردستان

**نیشتمان کوردستانی**

پەروەردەی شیاو و شایستە بۆ هەموو مرۆڤەکان زۆر گرینگە. ئەم بابەتە، فێربوونی باش، بەدرێژایی ژیان لەناو تاکەکانی هەموو چینەکان، بیروڕاکان، ئایینەکان و هەرێمەکان سانا دەکات. پەروەردە، پرۆسەی گەیشتن بە زانیاری، بایەخەکان، کارامەییەکان، بڕواکان و دابونەریتە ئاکارییەکانە. پەروەردە، کلیلی سەرکەوتن لە داهاتوو و وەدەستهێنانی دەرفەتگەلێکی زۆر شیاو لە ژیاندایە و قازانجی بەرچاوی بۆ مرۆڤ هەیە.

## دەستپێک

تەوەرەی سەرەکی لە پرۆسەی پەرەسەندنی هەر کۆمەڵگایەک، پەروەردەیە. پەروەردە لە کۆی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەیە کە هاوکاریی بێدرێخی یەکەیەکەی کۆمەڵگا بە پێویست دەزانێت. هەر مرۆڤێک وەکوو تاکێک لە کۆمەڵگای ئەمرۆدا مافی ئەوەی هەیە لە پەروەردەی شیاو و هاوڕیز دەگەڵ پێداویستییە تاکی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایەک کە تێیدا دەژی، بەهرەمەند بێت. هەروەها، بۆ پەرەسەندنی هەمەلایەنە، پێویستمان بە بارهێنانی قوتابییانێک هەیە کە داهێنەر، دوورنوار، پەیجۆر و پرسیارکەر بن. لەم پێناوەدا، ناسینی ڕەوتەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسیی هەر کۆمەڵگایەک بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی دوورەدیمەن و ئاسۆگەلی سیاسەتگوزاری و داهاتووبینیی زانستی زۆرپێویستە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە، پەیوەندیی سیستەمی پەروەردە دەگەڵ پەرەسەندن لەو ڕووەوە شیاوی تاوتوێ کردنە کە پەرەسەندن(تەوسعە)، ڕاستییەکی دابینکراوە لە کۆمەڵە کردەوەگەلی ژیرانە و بیرسایی تاکەکانی کۆمەڵگا و لەم نێوەدا پەروەردە، هۆکارێکی هەرە گرینگە کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانین کردەوەکان ژیرانە و ڕەفتاری مرۆڤەکان بە باشترین دۆخی گونجاو دەربهێنین و لە دەسکەوتە زانستی و کولتوورییەکانی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو کەڵک وەربگرین. هەروەها، پێویستە سەرنجێکی زۆر بدرێتە پێکهاتەی پەوروەردەیی و جۆری سیستەمە فێرکارییەکان. سیستەمی پەروەردەی هەر وڵاتێک کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر توانایی ئاکام و بەرهەمدانی ئەو وڵاتە هەیە؛ چونکە ئەم سیستەمانە بە خستنەکاری بەرنامە، ئامانج، پرەنسیپ و سیاسەتە جۆراوجۆرەکانی پەروەردە، کاریگەرییەکی جیاواز لەخۆیان بەجێدێڵن. بەم پێیە، پەروەردەی شایستە گرنگترین هۆکاری گەشە و پەرەسەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییە و ئاستە جیاوازەکانی پەرەسەندن، خۆی دەبێتە هۆی پەرەسەندنی پەروەردە.

## گرینگیی پەروەردە

پەروەردەی شیاو و شایستە بۆ هەموو مرۆڤەکان زۆر گرینگە. ئەم بابەتە، فێربوونی باش، بەدرێژایی ژیان لەناو تاکەکانی هەموو چینەکان، بیروراکان، ئایینەکان و هەرێمەکان سانا دەکات. پەروەردە، پرۆسەی گەیشتن بە زانیاری، بایەخەکان، کارامەییەکان، بڕواکان و دابونەریتە ئاکارییەکانە. پەروەردە، کلیلی سەرکەوتن لە داهاتوو و وەدەستهێنانی دەرفەتگەلێکی زۆر شیاو لە ژیاندایە و قازانجی بەرچاوی بۆ مرۆڤ هەیە؛ بۆ نموونە: مێشک و تێفکرینی تاک ڕوون دەکات، یارمەتی دەدات تا قوتابییان لە کاتی دەرچوون لە زانکۆ پلاندارشتنێکی شیاویان بۆ پیشە یان درێژەپێدانی خوێندنی باڵا هەبێت. خوێندن، یارمەتی دەدات تا تاکەکان بەجۆرێک بیربکەنەوە، هەست بکەن و هەڵسوکەوت بکەن کە لە سەرکەوتنیاندا یارمەتییان بدات و سەرەڕای دابینکردنی ڕەزامەندیی کەسێنی، کۆمەڵگای خۆشیان باشتر بکەنەوە. لە بنەڕەتدا، بە هۆی ئەوەی کە سیستەمی پەروەردە لە کۆمەڵگادا لە حاڵی ئاڵوگۆر، گۆڕانکاری، وەرچەرخان و نوێخوازیی وشیارانە لە ئاقاری گەشەی تواناییەکان و چاکسازی و گۆڕینی ڕەفتار لە مرۆڤدایە، بۆیە موتۆری بزوێنەری (موتورمحرکە) پێشکەوتوویی هەمەلایەنەی کۆمەڵگایە. لە دونیای ئەمرۆدا، بێگومان سیستەمی پەروەردەی هەر کۆمەڵگایەک، کارتێکراویی گۆڕانکاری و تایبەتمەندییەکانی هەناوەکیی ئەم

سیستەمە و هەروەها کارتێکراوی کاردانەوە و شـێوازی هەڵسـوکەوت کردنەکانـی سیستەمی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتوری و سیاسـیی کۆمەڵگایە و هاوکات دەتوانێ کاردانەوەی بەسەر ئەواندا هەبێت. کردەوەی ئەم سیسـتەمە پەروەردانە، گۆڕینی مرۆڤە خاوەن بەهرەکان بە مرۆڤگەلێکی سلامەت، هاوسـەنگ(متعادل)، داهێنەر و بیرمەندە. ئـەم بابەتانە و لـە لایەکی دیکەشـەوە، پێویستی بە پەروەردە و داخوازیی کۆمەڵگا و هەروەهـا ئاڵوگۆڕە خێـراکان لە دنیای هەنووکەدا، بوونی سیستەمێکی پەروەردەی دینامیک و داهێنەر بۆ هاوهەنگاوی دەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا و تەنانەت پێکهێنانـی گۆڕانکاریگەلێکی ویســـــتراو دیاریـدەکات. هەروەها، سیستەمی پەروەردە ئامرازی سەرەکیی گۆڕانکاری روانگەکان و ئاڵوگۆڕی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و دابینکەری مۆدێلـە سیاسـییە نوێیەکانە کە دەتوانێـت رۆڵێکی گرنگی لە پەرەسـەندن و راگواستنی کارامـــــەییـی پەیوەندیدار دەگەڵ بەشـداربوونی سیاسی هەبێـت. ئەوی کـە پەروەردە بـە چ چەشـنێک بێـت و ئامانجـی چـی بێـت، دەتوانێـت جۆری حکومـەت دیاری کات. ئەگەرسیسـتەمی پەروەردەچێکـەر، بـە رێزگرتـن لە مافی تاکەکەسی، گەشەی جیاوازییە تاکییەکان، رێکخسـتنی بەرنامەگەلـی پەیوەندیـدار دەگەڵ پەرەسـەندن و گۆڕانکاریی مرۆڤی (توسـعە و تحول انسـانی) و یارمەتیدان بـۆ دیسـیپلینی تاکەکەسـی و بەکۆمەڵ و ... هەبێـت، ئەم جۆرە سیسـتەمە هەر خۆی بـەرەو سیسـتەمێکی دیمۆکراتیک دەگۆڕدرێـت. پێکهێنانـی سیسـتەمێکی دیمۆکراتیک، پێویستی بە مرۆڤگەلێکە کە بۆچوون و روانگەی دیمۆکراسییان پرۆڤە و ئەزموون کردبێت. ئەم بابەتە گرینگە شیاوی رەخسان نییە جگە لەوەی کە لە دامەزراوە پەروەردەییەکانــەوە دەسـت پـێ بکات و منـداڵان لە پەیوەندی دەگەڵ پرسـگەلی وەکـوو قوتابخانەتـەوەری، دابینکردنـی شـۆراگەلی فێـرکاری و ... دەنگـدان و دەنگوەرگرتـن فێربـن و رای جیاواز و دژ بە رای خۆیان ئەزموون بکەن و بەگشـتی، ئەخلاق و کـردەوەی دیمۆکراتیک فێربن. سـەرەرای ئەمە، هەر لە سەرەتاوە، قوتابی لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیدا بەشدار دەبێت.

> سیستەمی پەروەردەی کوردستان پێویستی بە بەرنامەگەلێکی رێکارانەی ئامرازییە کە بەپێی ئەوە بتواندرێت ئەولەویەتەکان و چالاکییەکانی فێرکاری دابین بکرێت.

پەروەردە وەکوو پارێزەری سیستەمی سیاسی و فاکتەری کاریگەر لە گەشـەی سیاسی، سـێ کارکردی بنەمایی هەیە کـە بریتین لـە: ١ فاکتەری سـەرەکیی کۆمەڵگەویستیی سیاسـیی تازەلاوان و لاوان لە کولتووری سیاسـی نەتەوەیی؛ ٢ فاکتـەری کاریگـەر لـە هــەڵبـژاردن و بارهێنانـی نوخبەگەلـی سـیاسـی؛ ٣ فاکتـەری سـەرەکی لە یەکگرتوویـی سیاسـی و وشـیاریی سیاسـیی نەتەوەیـی. تەنانەت سیسـتەمی فێرکاری دەتوانێت پێشەنگی سیاسەت وگەشـەی سیاسی بێت کە بەم پێیـە، سیاسـەت یان بڕیـارە حکوومی و سیاسـییەکان بەشـێک لە کۆی گشتیی پـەروەردە لەقەڵەم دەدرێـت و پەروەردە وەکوو بناغەی دیمۆکراسی و پەرەسەندنی سیاسـیی وڵاتەکان بەحەساو دێت. بەپێی ئەم باسانە، شکڵ گرتنی شوناسی نەتەوەیی و شوناسـی گشـتی، پێکهێنانـی نۆرم و چاوەڕوانییـە کۆمەڵایەتییـە شـیاوەکان،

گەشـــەی کۆمەڵایەتی و دەوڵەمەند کردنی کرداری تاکــەکان لە کۆمەڵــگای کورددا کە بــەردەوام بندەســـت و داگیرکراو بووە و تاکەکانی وەکوو کەمینە بەحەســـاو دێن، بۆ گەشــە و پێشکەوتنی هەمەلایەنەی ئەم وڵاتە، پێداویستیی سەرەکی و تەنیا ڕێگای زاڵبوون بەســـەر کێشــە جۆراوجـــۆرەکان، سیستەمی پەروەردە و چۆنییەتیی فێرکاریی ئەو سیستەمەیە.

## تایبەتمەندییە گشتییەکانی سیستەمی پەروەردەی شیاو بۆ کوردستان

بێگومان، نهێنیی سەرکەوتن و پەرەسەندنی هەر کۆمەڵگایەک، زانیاری و بەهرەبردن لە کەرەســـتە جۆراوجۆرەکانە و کەسایەتی و مێشـــکی هەموو نەتەوە و ڕەچەڵەکەکان بە یەک ڕادە بۆ پێشـــکەوتن خاوەن بەهرەن؛ بەو مەرجەی لــە فەزایەکی دوژمنکارانەدا، پێــش بــە ســـەرکەوتنی نەگیردرێـــت. نەتەوەی کوردیش سەرەڕای ژێردەستەییی لەمێژینـــەی خۆی، بەهۆی بوونی توانایی و بەهرەی هەمەجۆرەی، بەردەوام لە ئاســـتی پزیشـــکی، ئەندازیاری، بیرکاری، ئەدەبیات، مۆســـیقا و ... پلەگەلی نایاب و باشی تۆمار کردووە.

سیســـتەمی پـــەروەردەی کوردســـتان پێویســـتی بە بەرنامەگەلێکـــی ڕێکارانەی ئامرازییــە کــە بەپێــی ئــەوە بتواندرێت ئەولەویەتــەکان و چالاکییەکانی فێرکاری دابیــن بکرێت. ڕێکارگەلێــک کە باس لە دوورەدیمەنــی فێـــرکاری و دیاریکردنـــی ڕێڕەوەکانی سیاســـەتی پلانەکانی فێرکاری بکات و هەروەهــا، ئامانجەکانی فێرکاری، شـــێوازەکانی بەڕێوەبـــردن و تاوتوێکردنی ڕەوتــەکان شـــرۆڤە بـــکات. دوورەدیمەنە فێرکارییەکانـــی پەروەردەی کوردســـتان پێویستی بە پلانگەلێکی بەبڕشت و کاریگەر هەیە کە سەرەڕای قەرەبووکردنەوەی بۆشایی و ئەو کەموکوڕیانەی کە بەهۆی سەرەڕۆیی، ستەم و گەندەڵیی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانــی ئێـــران ــبەتایبـــەت کۆماری ئیسلامی کە خەساری سەرەکی و زۆرینەی بۆ ســـەر کورد و کۆمەڵگای کوردی بووە ـ دروســـت بوون، بتوانێت دەگەڵ ئاڵوگۆڕییە جیهانییەکاندا بەرەوپێـــش بچێت. هەر بۆ ئەم مەبەستە، ئامانجەکانی پلان و بەرنامەی فێرکاری لە پەروەردەی کوردستاندا بە دوو دەستەی سەرەکی ١- فێرکاری بە ئامانجی نەتەوەیـــی و ٢- فێرکاریی گونجاو دەگەڵ ئاڵوگـــۆڕە جیهانییەکانـــدا دابەش دەکرێت کە ئەم دوو ئامانجە بە واتای بەڕێوەچوونی بەرنامـــەکان لە دوو بەشـــی جیـــاواز و لە یەک دابـــڕاودا نییە، بەڵکوو پێویســـتە لە ڕێکارە سەرەکییەکانی فێرکاریدا بە شێوەی یەکپارچە و تەواوکەری یەکتر بگونجێت و فێر بکرێت.

سیســـتەمی فێرکاریی وڵات پێویســـتە تایبەتمەندیگەلێکی گشـــتگیر لەخۆبگرێت کە هانـــدەری پەروەردەی هـــزری نوێ و سوسیالیزە کردنی مرۆڤەکان بێت و ئەرکی قوتابخانەکانیش لە ڕەوتی پەرەسندندا هەر ئەوەیە. ئاپۆرەی نەتەوەیی بە بەرزبوونەوەی لێکدان، برەوسەندن، متمانەی هەموویی و بەرینتر کردنی ئاسۆی نۆرمی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا، بەتایبەت لەڕێگای پەرەســـەندنی کۆمەڵـــگای مەدەنییـــەوە گەشــە دەکات. بەم پێیـــە، پەروەردە هەر بـــەو ڕادەیە کە خوڵقاوی سیستەم و ناوەندگەلی کۆمەڵگایە، بۆخۆیشـــی لـــە پێکهێنانـــی بارودۆخـــی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاســـیی نوێ و ئاڵوگۆڕی ڕێکخـــراوە کۆنەکانی کۆمەڵگادا، ڕۆڵـــی کاریگەری هەیە. بۆ نموونە، کۆمەڵگا کاتێک لە بواری ئابووری بە مۆدێلی شیاوی خۆی گەشــە دەکات کــە گۆڕانکارییەکی قووڵ و جیددی لە ئاگایی زانســـتی، فەننی و کارامەییەکانی(مهارت) خۆی بخوڵقێنێت

که یەکێک لە هۆکارە هەرەگرینگەکان لە پێکهێنانی ئەم ئاڵوگۆڕە، سەروەر کردنی ڕۆحی زانستی لە کۆمەڵگا و بەکارهێنانی توانستی کۆمەڵگا بەرەو ئاقاری بەهێزکردنی سەرمایەی مرۆڤی و بنەما دانانی سیستەمی فێرکاری و تەرکیز لە سەر چۆنییەتی و سازگاربوونی ئەو سیستەمە دەگەڵ پێداویستییەکانی گەشەی ئابووریە.

ڕەوتی پەرەسەندنی نوێی پەروەردە لە هەر کۆمەڵگایەکدا وەکوو خزمەتکردن، پێویستیی بە تێکنۆلۆژیگەلێکی باشە کە ئاستی فێرکاریی شیاوی پێداویستییەکانی بواری خزمەتگوزارییەکان مسۆگەر دەکات. پێویست بوون بە نوێکردنەوەی سیستەم لە ڕێگەی تێپەڕبوون لە سیستەمی کۆن، پێویستیی بە گەڵاڵەی نوێی پێشکەوتنی فێرکاری لە ڕێگای پەیوەندییەوەیە. (یادگیری تعاملی). بەڕێوەبردنی ئەم گەڵاڵەیە دەبێت بە تایبەتمەندییەکانی فێرکاریی پرۆفیشناڵ دەسپێبکات. بۆ نموونە، پرۆفیشناڵ بوونی پسپۆڕانی فێرکاری، بەمەبەستی باشتر کردنی پرۆسەی فێربوون، فێرکاریی پرۆسەی خزمەتگوزاریی پلاندانان وەکوو بەکارهێنانی فۆرمگەلی ئۆنلاین و دەستەبەر کردنی زانیاری لە کاردانەوەی پرۆژەگەلی گرووپی، بەمەبەستی بەجێهێنانی پێداویستییە پرۆفیشناڵەکان لە بازاڕی نوێی کاردا، دروستبوونی زانیاریی پرۆفیشناڵ لە پرۆسەی کارگەلی زەینیی تاکەکەسی، بەمەبەستی چالاک کردنی بیرکرنەوەی داهێنەرانە و ... .هەر بەم مەبەستە دەبیندرێت کە لەم دواییانەدا گۆڕانکارییەکی جیهانی لە پیشەسازیدا دروست بووە و چالاکییە پیشەسازییەکان لە شێوازی خۆماڵییەوە بۆ بازاڕی جیهانی گۆڕاون. بەم پێیە پێویستە بەرنامەی فێرکاریی کوردستان پێداویستیی نوێی بەرهەمهێنانی زانست بونیان[1] دەستەبەر بکات. ئاست و ڕێژەی دابینکردنی هەلی کار بەرزبکاتەوە و لەسەر کاری تیمی، ڕێبەرایەتی و ڕاستگۆیی و زانیاریی جیهانی تەرکیز بکات. لە پەیوەندی لەگەڵ ململانێکانی شێوازی داهاتووی چالاکیی بازرگانی بۆ پیشەی بەرهەمهێنان، سەرمەشقێکی نوێ لە بەرنامەی فێرکاری لە ڕێکاری بەرهەمهێناندا پێویستە ڕەچاو بکرێت کە تێیدا هەم تێکنۆلۆجیی بەرهەمهێنان و هەم پیشە بەرهەمهێنانەکان لە بەرنامەی دەرسیی ڕۆژانەی فێرکاری لە قۆناغی ناوەندیدا دابنرێت. هۆکاری گرینگی ئەم بابەتە ئەوەیە کە دوورەدیمەنی داهاتووی فێرکاری لە بەرهەمهێنانی بالادا، ڕۆڵێکی گرینگ و کاریگەری لە ئابووریی نەتەوەییی کوردستان و جیهاندا هەیە. تایبەتمەندیی بەربەرەکانێی بەرهەمهێنانی نەتەوەییی کورد، پێویستی بە هێزی کاری خوێندەوار هەیە کە حەزی لە کارەکەی بێت، چونکە توانایی ئەوان بۆ مانەوە و بوونی داهاتووی بەشی بەرهەمهێنانی نەتەوەیی زۆر گرینگە. لەئاکامدا، فێرکاریی بەرهەمهێنان، پێویستی بە ئاوردانەوەیە تاوەکوو بتوانێت لە بەرزکردنەوەی پێشکەوتن بۆ بەرهەمهێنان، ڕەخنەکردن لە سەرتریتی(مزیت)ی بەربەرەکانێی پیشەسازی و هەروەها، بالانس کردنی ئابووریی نەتەوەیی بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ململانێ جیهانییەکاندا کاریگەر بێت.

پەروەردە دەرگایەکە بۆ داهاتوو و بۆیە دەبێت لەجیاتی شێوازگەلی تێگەیاندنی سەرزارەکی و پاراستنی بابەتە دەرسییەکان، لەسەر فێربوون تەرکیز بکرێت. دەبێت سەرنجێکی تایبەت بدرێتە مامۆستایان و ڕاهێنەران بۆ ئەوەی پاڵنەرێک بێت تا هەموو هەوڵی خۆیان بۆ ئیشی پەروەردە بخەنە کار. هەروەها، پێکهێنانی سیستەمێکی فێرکاریی شایستەسالار کە تایبەتمەندیی بەرچاوی

ئەو، هەبوونی مامۆستا و بەڕێوەبەرانێکی لێهاتوو و بەئەزموون و ڕێبەرانێکی بەبرشت و کارامە بێت (کە بتوانێت دوورەدیمەنگەلێکی درێژمەودا پێکبێنێت)، مۆدێلی پێویستی وەدیهاتنی سیاسەتە هەمەلایەنەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە. بۆ ئەم مەبەستەش فێرکاری و بەتواناکردنی مامۆستایان، بەڕێوەبەران و ڕاهێنەرەکانی قوتابخانەکان، بە شێوازێک کە قۆناغەکانی فێربوون لە زانکۆ باوەڕپێکراوەکان و لەژێر چاودێریی مامۆستایانی لێهاتوو و بەئەزموون بەڕێوەبچێت، پێویستە. هەروەها، دەبێ گرووپگەلێک لە مامۆستایانی وریا و بەهێز لە بواری نووسینی بەرنامەگەلی فێرکاریدا بۆ ولاتانی پێشکەوتوو و سەرکەوتوو لەم بوارەدا وەکوو ژاپۆن، کورەی باشوور، سەنگاپوور و فەنلاند ڕەوانەبکرێن تاوەکوو لە بیرۆکەی فێرکاریی ئەوان ئاگادار بن و بتوانین سیستەمێکی فێرکاریی گونجاو لەسەر بنەمای تێکەڵکردنی ئەم بیرۆکانە لەگەڵ میراتی کولتووری، ئەخلاقی، ئەرزشی و نەتەوەیی کورد پێکبێنین.

پێویست و ئێجبارییە کە مامۆستایانی قۆناغی ئەوەڵی ناوەندی، لانیکەم بڕوانامەی کارناسیی بالایان هەبێت و بڕوانامەیان لە زانکۆ باوەڕپێکراوەکان وەگرتبێت و شارەزاییان لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستیدا هەبێت. لەلایەکی دیکەوە، بەرنامە دەرسییەکان دەبێت بەباشی دابڕێژرێن و پێوەرەکانیان دەگەڵ شێوازە نوێیەکانی فێربوون و مێتۆدەکانی هەڵسەنگاندن و بەراورد هاوئاراستەییی هەبێت. بەراوەردی بەرنامە زیاتر دەگەڵ خوێندنی بەرنامەی دەرسی و بەرنامە و سیاسەتەکانی فێرکاری لە پەیوەندیدایە کە دەبێت لە پەیوەندی دەگەڵ ڕەوت، دەرەنجام و کاردانەوەیان تاوتوێ بکرێت. مافی هەڵبژاردنی بەرنامەی دەرسی بە هاوبەشیی قوتابییان، نووسینەوەی بەرنامەی گشتگیری نەتەوەیی بۆ چاکسازییەکان، ئەنجامی هەنگاوگەلێکی جۆراوجۆر سەبارەت بە پێکهاتنی قوتابخانەکان و گۆڕینیان بە پیلانی فێرکاری بەمەبەستی پێکهێنانی پاڵنەر لە قوتابیان بۆ کەڵکوەرگرتن لە کارامەییەکانی تێفکرین، چارەسەرکردنی مەسەلە و ئیشی گرووپی. ئەم بەرنامانە دەبێت داخوازییەکانی کۆمەڵگای سەدەی بیست و یەک وەدی بهێنێت؛ بۆیە خوێندەواریی زانیارییانە(سواد اطلاعاتی) و کارامەییەکانی ICT بۆ قوتابییان لە دنیای ئاڵۆزی دیجیتاڵ و لە پیشەگەلی داهاتوو بۆ ئەوان پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. فێرکاریی خوێندەواریی زانیارییانەی قوتابییان بۆ قوتابخانەکان کارێکی گرینگە و پێویستە کارامەییەکانی ICT[۲] نەتەنیا لە قوتابخانەکان، بەڵکوو لە زانکۆ و کۆلێجەکان و هەروەها لە ژیانی دواتری قوتابییان گرینگیی پێ بدرێت. ئەم سیستەمە وەکوو هۆکارێکی هەرەگرینگی فێربوونی کەسێنی دەبینرێت. فێربوونی کەسێنی، جۆرە فێرکارییەکە کە بەپێی تاقیکردنەوەی توانستە ناسارییەکان(تواناییهای شناختی) ی قوتابییان کە لە ساڵی دواییی خولی سەرەتایی ئەنجام دەدرێت، فێرکاریی تایبەتی کارامەییەکانی فێربوون ڕەچاودەکات، بۆ ئەوەی یارمەتیی ئەم قوتابییانە بدات تاوەکوو بەشێوەی کاریگەر و بەبرشت فێر

> **فێرکاری بەتەنیا یەک ئاست نییە وهەمووی ئەو بابەتانەی وا لە پەیوەندی دەگەڵ ئەوەدان لەخۆدەگرێت، پێویستمان بە شیکاریی تایبەتمەندییەکان و ئەرکەکانی ئەم ئاستە پەیوەندیدارانەیە**

ببن. ئەم جــۆرە فێرکارییە پێویســـتی بە وانەگوتنەوە و فێرکاریی ســـەدەی بیست و یەکە بۆ هەموو قوتابییان بۆ وەدەستهێنانی کارامەیـــی، بەرفرەهی و قوڵایی زانســـتی خوازراوی ئەوان لە کۆمەڵگای جیهانیدا.

ســـەرەڕای ئەم بابەتانــە، بەپێی ئەوەی کــە پرۆســـەی فێربـــوون و وانەگوتنـــەوە پرۆســـەیەکی ڕاوەســـتاو نییــە و بەڵکـــوو ڕەوتێکـــی دینامیـــک و چیمهەڵگرە، بۆیە پێکهاتەی سیســـتەمی پــەروەردە دەبێت گونجاو دەگــەڵ ئاڵوگــۆڕە جیهانییەکاندا بێــت. پێکهێنانی سیســـتەمێکی پەروەردە کــە چێکەر بــە ڕۆحی داهێنــەری بێت، دەبێت بەرەو بەنەتەوەییبوونی ســـتاندارده فێرکارییـــەکان لە قۆناغـــی ئامادەییەوە تا دواناوەندی بڕوات و بابەتگەلێکی پەیوەست بە هەست بە بەرپرســـیاریەتی، ستاندارده فێرکارییـــەکان و لێهاتووییەکانی قوتابییان ببێتە ناوەندە ســـەرەکییەکانی بڕێوەبردنی یاسا. هەروەها، ئەم سیستەمە دەبێت ببێتە هۆی خۆبژێوی و بەرزبوونەوەی کارامەییە ناناســـیارییەکانی(مهارتهای غیرشـــناختی) قوتابییان و ئیسترێس دابەزێنێت و هەست بە خۆشـــحاڵی کردن لەوانـــدا بەرزبکاتەوە. لــە لایەکی دیکەوە، سیســـتەمی فێرکاری دەبێت شوناســـی گروپی و بەکۆمەڵ پێک بێنێت و ئەمە کاتێـــک بەکردەوە دەکرێت کــە قوتابی لەگــەڵ پۆلی خـــۆی هاوڕێیە و لەگــەڵ پۆلـــی خـــۆی خوێنـــدن تەواو دەکات و هیـــچ جـــۆرە هەڵاواردنێـــک لە نێوان قوتابییاندا بوونـــی نییە. لە کۆتاییدا، کاردانەوەی پەرەســـەندنی پەروەردە دەبێت لە دەسڕاگەیشـــتن بە پلەکانی لەسەرتری تاقیکارییە نێونەتەوەییەکان پیشاندەر بێت.

## بەرنامـــەی کاری پێشـــنیارکراو بـــۆ سیستەمی فێرکاریی کوردستان

لەو ڕووەوە کە مەبەســـت لە سیســـتەمی فێرکاری بەتەنیا یەک ئاست نییە وهەمووی ئەو بابەتانەی وا لە پەیوەندی دەگەڵ ئەوەدان لەخۆدەگرێت، پێویســـتمان بە شـــیکاریی تایبەتمەندییەکان و ئەرکەکانی ئەم ئاستە پەیوەندیدارانەیە کە گرینگترینیان بریتین لە:

## تایبەتمەندییەکانـــی پەیوەســـت بـــە قوتابخانەکان:

لێکۆڵینـــەوەکان نیشـــانیان داوە کە فەزای قوتابخانـــە، بۆ دروســـتبوونی باوەڕمەندیی قوتابییان ســـەبارەت بـــە داهاتووی خۆیان یارمەتیدەر دەبێت. بەم پێیە، بەرزبوونەوەی تایبەتمەندییەکانی کاریگەربوونی قوتابخانە دەتوانێـــت ڕێگایەک بێت بۆ پێشـــکەوتنی ئەرێنـــی و گـــەش لە داهاتـــووی لاوان لە ڕێگایـــەک وەکـــوو پەیوەندیگەلی باشـــی قوتابییان و دروستبوونی پاڵنەری خوێندن و پێشکەوتن. قوتابییان بەشێکی بەرچاوی کاتی خۆیان لە قوتابخانە بەسەر دەبەن کە قوتابخانەیەکی بـــاش دەتوانێت لەم بابەتە کەڵک وەربگرێـــت و وەکـــوو گۆڕەپانێکی کۆمەڵایەتـــی دەرفەتگەلێکـــی شـــیاو بڕەخســـێنێت بۆ دروســـتبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی بنەماڵەی قوتابییان کــە لە ســـەرەتادا دەگـــەڵ هاوتەمەنەکان پێکدێـــت و دواتر دەگەڵ گەورەســـاڵانێک وەکوو مامۆســـتا و ... بە واتای سەرمەشـــق و ڕێنوێنـــی و پشـــتیوانی لـــە پەیوەندی دەگەڵ خاڵەکانی ژیانی داهاتوو. لەلایەکی دیکەوە، بۆ هەبوونی سیستەمێکی فێرکاریی بەبرشـــت، پێویســـتییەکی زۆر بە شـــوێن و ڕووبەرێـــک هەیە کە شـــیاو و گونجاوی پێداویســـتییە ڕۆحـــی و دەروونییەکانـــی منداڵان بێت کە لەم بوارەدا مامۆســـتایان و تەلارسازان بۆ دەستەبەرکردنی پرۆسەی پـــلان دانانـــی دروســـت و بنەمایـــی کە بتوانێـــت داخوازییەکانـــی قوتابییان دابین

بکات، پێویستە لە «زانیارییەکانی زانستی دەروونناسیی شوێن» یارمەتی وەربگرن. کەرەستە و دەرفەتەکانی قوتابخەنەکان بەپێی ڕیزبەندی تەمەن و قۆناغەکانی خوێندن، پێویستە لەگەڵ داواکارییەکانی ئەو ڕیزە گونجاو بێت، بەڵام بەگشتی کەرەستەگەلێک وەکوو ڕووبەری وەرزشیی پێویست و ستاندارد، ڕووبەری گەورە و پارێزراو بۆ کایە و چالاکیی جەستەیی منداڵان، ڕووبەری گونجاو بۆ هاتوچۆی ئاسانی قوتابییان، دەسڕاگەیشتنی ئاسان و ڕاحەت بۆ هەموو بەشەکانی قوتابخانە وهەروەها لەبەرچاو گرتنی ستاندارد و مسۆگەرکردنی کەرەستەی نوێ بۆ پۆلەکانی وانەگوتنەوە لە هەر قوتابخانەیەک کە ئامانجی پێشکەوتن و فێرکاریی شیاوە، پێویستە.

## یەکسانی لە سیستەمی فێرکاری:

سەرەکیترین بابەتی پروەردەی هەر وڵاتێک و بەتایبەت کوردستان، بەپێچەوانەی سیستەمە سەقەتەکانی یەک لەدوای یەکی ئێران، یەکسانی لە سیستەمی فێرکاری بۆ هەموو تاکەکانە. ئەم مافە سەرەکییە هەم بۆ کەسانی ساغ و هەم بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندام، هەم بۆ کەسانی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی باش و هەم بۆ کەسانی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی لاواز گرینگە. حکومەتی کوردستان ئەرکدارە فێرکاریگەلێک پێشکەش بکات کە بە هەر تاکێک ئەو دەرفەتە بدات تا لە پۆتانسیێلەکانی خۆی زۆرینەی بەهرە ببات و لەم ڕێگەیەوە بتوانێت باشترین جێگە لە کۆمەڵگای خۆیدا دابین بکات و لە ئەنجامدا وڵاتی کوردستان بەرەو پەرەسەندنی جیهانی ببات.

## سیستەمی فێرکاریی بێ بەرامبەر و زۆرەملی:

زۆرەملیی بوونی خوێندن لە تەمەنی ٣ ساڵانەوە ـ وەکوو قۆناغی ئامادەیی ـ تا پۆلی ١٢، واتا کۆتایی دەورەی دواناوەندی بۆ هەموو منداڵان و قوتابییانی کورد کە یەکێکی تر لە مافە سەرەکییەکانی هەر تاکێکە، دەبێت بە شێوازی بێ بەرامبەر و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە دابین بکرێت کە بریتییە لە دابین کردنی شوێنی فێرکاری و کەرەستەکانی پێویست بە کوالێتییەکی باش و ستاندارد لەو شوێنەدا، وەکوو پەرتووک، کەرەستەی نووسین، جلوبەرگی تایبەت بە قوتابخانە، ئامرازەکانی یارمەتیدەری فێرکاری بۆ قوتابییانی داواکار و هتد.

## ئامرازەکانی فێرکاری:

لە سیستەمی پەروەردەی کوردستاندا وانەکانی فێرکاری بەشێکی هەرەگرینگی پەروەردە و بارهێنانی منداڵانن کە دەبێت بەباشی و بەشێوازی بابەتییانە(عینی) گونجاو لەگەڵ توانایی و ڕیزی خۆیاندا فێر بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە باشتر وایە فێرکار بە ئەرکی تیمی و چارەسەرکردنی کێشە هان بدرێت بۆ فێت بوون نەک بە فێرکاریی ڕاستەوخۆ. بەرنامەی وانەگوتنەوەی قوتابخانەکان دەبێت بەگوێرەی ئامانجە دابینکراوەکان لە قاڵبی وانەگەلێکی پەیوەندیدار وەکوو

> ڕەوتی پەرەسەندنی نوێی پەروەردە لە هەر کۆمەڵگایەکدا وەکوو خزمەتکردن، پێویستیی بە تێکنۆلۆژیگەلێکی باشە کە ئاستی فێرکاریی شیاوی پێداویستییەکانی بواری خزمەتگوزارییەکان مسۆگەر دەکات

بیــرکاری، زانســت، ئەخــلاق و مێــژوو، هاوئاراســتە و هاوتەریب لەگــەڵ بەرنامە فێرکارییەکانی زانستی زانکۆیی بێت، تاوەکوو کاردانەوەیەکــی ئەرێنیی لەســەر ڕەفتاری تاکەکانــی کۆمەڵگا هەبێت. لــە پۆلەکانی یەکەم و دووهەمدا فێرکاریی زمان (کوردی و ئینگلیزی)، بیرکاری، کارامەییەکانی ژیان (کە پێکهاتووە لە زانســتەکان و توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان)، مۆســیقا، هونەر (وەکوو وێنەکێشانەوە و پیشەی دەستی)، وەرزش، ئەخــلاق، چالاکیگەلێکی تایبــەت وەکوو چالاکییەکانی بنەوانی و ... پێویستە ئەنجام بدرێــت. لە پۆلەکانی ســێهەم و چوارەمدا، لێکــۆڵینەوەکانــی زانســتی و کۆمەڵایەتــی بــە شــێوازی لێکۆڵینەوەیەکی یەکدەست بە بەرنامەی وانەکان زیادبکرێت. لە پۆلی ٥ و ٦دا ئابووری لەماڵەوە (وەکوو چێشت لێنان و درومان و ...) فێر بکرێت. چالاکییەکانی تایبەتــی قوتابخانە لــە قاڵبی یــاری و ڕاهێنانــە خۆجێییە کۆن و مێژووییەکان، گونجاو لەگەڵ هەر ساڵێکدا دەبێت لە بەرنامەی وانەیــی و فێرکاریدا بگونجێت.

## گرینگیدان بە بابەتی زمان:

پێویستە کە خوێندن، نووسین و فێرکاری بە زمانی کوردی لــە هەموو قوتابخانەکان و باخچــەی ســاوایان هــەر لــە قۆناغی ئامادەییەوە بەڕیوەبچێت و زمانی ئینگلیزی وەکــوو زمانی فەرمیی نێونەتەوەیی دەگەڵ وانەکانی دیکەدا بەشێوازی بابەتییانە(عینی) و گفتوگــۆ فێــر بکرێــت. زمانی فارســی وەکــوو زمانەکانی عەرەبی، فەرانســە و ... بەپێــی پێویســت و داخوازیــی قوتابییان لە دامــودەزگاکان یــان پۆلەکانی فەوقی بەرنامــەی پۆشــتەوپەرداخ بــەو بەرنامانە فێــر بکرێت. بۆ ئەو کەســانەی وا بەنیازی درێژەدانــی خوێنــدن لە زانکــۆکان یان قوتابخانەکانی دەرەوەی وڵاتن، فێرکاری لە قوتابخانەکانی سەرەتایی نێونەتەوەیی هەر لە سەرەتاوە هەڵبژێراوێکی باشترە.

## پەڕتووکە وانەییەکان:

چاپەمەنییەکانــی، پەڕتووکــە وانەییەکان لەســەر بنەمای ڕێنوێنییەکانی دەورەگەلی فێــرکاری، بــە چاودێریــی ڕاســتەوخۆ و چالاکی گرووپگەلێکی پســپۆڕی پێکهاتوو لە دەروونناســان و نووسەرانی بواری منداڵان و تازەلاوان، پسپۆرانی پلاندارشتنی دەرســی، مامۆســـــتایانی بەئەزمــوون و لێهاتــوو ئامادە دەکەن و لە کۆتاییدا لە لایەنی وەزارەتی پــەروەردە، کولتوور، وەرزش، زانست و تەکنۆلۆژیاوە پشتراســت دەکرێتەوە. دەبێت پەڕتووکەکانی تەواوی پۆلەکانی خوێندن لە قۆناغی ئامادەییەوە تــا کۆتایی قۆناغــی ناوەندی بەشــێوازی بــێ بەرامبەر بڵاو بکرێتەوە. پەڕتووکە وانەییەکان کــەم بارســتایی و کاغــەزی بێت تــا هاتوچۆ پــێ کردن و بەکارهێنانیان بۆ قوتابییان ئاسان بێت.

> سازگاری و ڕوونبوونی ئامانجەکانی سیستەمی فێرکاری و بەکارهێنانی ئەو تاقیکردنەوانە کە توانایی قوتابییان لە دەرک پێ کردن و بەکارهێنانی بەرنامەگەلی دەرسی، بەشێوازی دروست بەراورد دەکات، دەبێتە هۆی پێشکەوتنی سیستەمی فێرکاری

## کاتی یەکپارچەکردنی خوێندن:

کاتی پێویست بۆ هەر وانەیەک ٣ کاتژمێر لە حەوتوودا بۆ پۆلەکانی سێهەم تا شەشەم دابین بکرێت. ئامانج لەم بەرنامەیە، ڕێدانی پلاندارشتن بە قوتابخانەکانە بۆ پێکهێنانی چالاکییــە فێرکارییەکان، بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگا، قوتابخانە، قوتابییان و ئاڵوگۆرییەکی لەنــاکاوی کۆمەڵگادا. هەروەها، پێویســتە وانەگوتنــەوەی وانــە نێونەتەوەییــەکان،

تویژینەوەکانی کامپیوتێر، تویژینەوەکانی ژینگەیی، خزمەتگوزارییەکانی چاودێری و تەندروستی و بەتایبەت مێژووی جیهان و کورد لە بەرنامەدا بگونجێت.

### هەڵسەنگاندنی قوتابییان:

سازگاری و روونبوونی ئامانجەکانی سیستەمی فێرکاری و بەکارهێنانی ئەو تاقیکردنەوانە کە توانایی قوتابییان لە دەرک پێ کردن و بەکارهێنانی بەرنامەگەلی دەرسی، بەشێوازی دروست بەراورد دەکات، دەبێتە هۆی پێشکەوتنی سیستەمی فێرکاری. بۆ ئەم مەبەستە، کردەوەی قوتابییان پێویستە لە هەر سێ مانگدا بەپێی بنەماکانی هەر قوتابخانەیەک، هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان سەرەڕای جیاوازبوون دەبێت بەپێی نەریتی باو، بەشێوازی گشتی و لەسەر بنەمای تاقیکارییە دەرسییەکان و ڕەفتاری ڕۆژانە لە پۆلەکاندا بێت. ڕەوتی نمرەدانان لە پێوەری هەڵسەنگاندنی وەسفی ئەنجام بدرێت.

### چالاکییەکانی سەرووی بەرنامە:

چالاکییەکانی سەروو بەرنامە پێویستە لە پۆلی چوارەمەوە دەست پێ بکات و لە دوای تەواوبوونی کاتی دەرسی، فێرکاریی سەرگەرمی و کارامەیی دابنرێت کە بریتی بێت لە: وەرزشگەلێکی وەکوو بەسکێتباڵ، والیباڵ، مەلە، کایەی خۆجێیی و کۆن، زمان، نەرمئامێر، زانست، هەوافەزا، ڕاهێنان و ڕۆڵگێڕانی قوتابییان بۆ کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان، شوێنەوارناسی و ... .

### فێرکاری و مەشقی نێوماڵ:

مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان، ڕۆژانە بە وانەگوتنەوەی خۆیان بە منداڵان فێردەکەن کە ڕەوشتی خوێندنی باش و دروست لە ماڵەوە ئەنجام بدەن. قوتابییان هەرڕۆژ مەشقی خۆیان بەپێی بابەتی فێرکاری ئەنجام دەدەن، بەڵام مەشقەکانی هەریەک لەوان بەپێی ئەو بابەتانەی وا تێیدا پێویستییان بە ڕاهێنان و هەوڵی زیاترە، جیاوازە. لە کۆتاییی هەر حەوتوشدا قوتابییانی تەواوی پۆلەکان پێویستە تەواوی چالاکی و ئیشی خۆیان بەشێوازی لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرت ئامادە بکەن.

### قۆناغی ئامادەیی و چاودێرییە ڕۆژانەییەکان:

فێرکاریی سەرەتای تەمەنی منداڵی لە ماڵەوە دەست پێ دەکات. هەر بەم مەبەستە، دەبێ پەرتووکەکان و بەرنامەگەلی تەلەویزیۆنی جۆراوجۆر بۆ یارمەتیدانی دایکان لە بەردەستیاندا دابندرێت. زۆرینەی فێرکارییەکانی ماڵەوە بە شێوازەکانی وانەگوتنەوە لە قوتابخانە، ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی شیاو، بنەمای کایەکان، کارامەییەکانی ویژەیی و ژمێریاری، دەبێت لەژێر چاودێری و فێرکاریی دەروونناسانی پسپۆڕ لە بواری منداڵ و بنەماڵە و قوتابخانە کە لە قاڵبی تیمی پزیشکان و دەروونناسانی بنەماڵە سەرقاڵی ئیشن، بەڕێوەبچێت. فێرکاری لە قۆناغی ئامادەییدا دەبێت دەرفەتی سازگاریی منداڵ لەگەڵ ژیانی بەکۆمەڵ لە قوتابخانە و دواتر ژیان لە کۆمەڵگادا پێکبێنێت.

### پەراویزەکان:

[1]. Knowledge Base

[2]. Information and Communication Technology

### سەرچاوەکان:


1- Kevin K.H. chung, in international Encyclopedia of the social & behavioral sciences (Second Edition), 2015.

2- Myrdal. G. (1967). Economic Growth and Human capital. Ph.D Thesis. Kent State University. United States.

# پەروەردەی سەقەتی دۆگماتیسم و ئێلیناسیۆن

**ڕۆژبین بۆکانی**

پەروەردەی مۆدێرن وشیارکردنەوەیە، ئاوالا کردنی مێشک و هزری کۆمەڵگایە، چێ کردنی بەرە و جیل و چینێکی ڕووناکبیر و ئاوانگارد و گەشەخوازە بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی متمانە بە خۆ، زیندوو و دینامیکی لێ بکەوێتەوە. پەروەردەی بەپێز و پڕبەها، کۆمەڵگای ڕەخنەگر و ڕووناکبیری لێ پەیدا دەبێ، وەک «کانت» دەڵێ: ڕووناکبیربوون گوزەری مرۆڤە لە دالانی نابالغی بەرە و کامڵ بوون.

دیـاره یەکـێ لـە نیشـانەگەل و کۆدەکانی مۆدێرنیزم، پەروەردە و ڕاهێنان بە شـێوەیەکی سەردەمیانە و مودێڕنە و سنووری نێوان نەریت و مۆدێرنیتەیـە. ئەو بزاڤە، دوو خاڵی گرینگ لە خۆ دەگرێ:

١ خوێندن و پەروەردە و ڕاهێنان، ڕێچکەیەکی نوێبـاوە چونکە تاک بـەرە و دونیایەکی ڕوون و زانسـتیانە ڕێنمایی دەکا و هانی دەدا دنیای بەرچاوی بـە بەرچاوروونییەکی زانسـتییانە و ئەزموونێکی پاقژەوە وێنا بکات.

٢ پـەروەدەی مودێـرن ئـەو قازانجـەی بۆ کۆی کۆمەڵگا هەیە کە پێناسـەیەکی باشـتر و پۆزیفانەتـری بۆ خـۆی و گەلەکەی هەبێ و باشـتری بە دنیا بناسـێنێ، هەوڵ و کۆششی بـۆ سەرخسـتن و گەشـە پێدانـی هەمـوو ڕەهەندەکانـی پێویسـتی کۆمەڵگاکەی هەبێ. لـەوە گرینگتر پەروەردەی سـەردەمیانە، دەبێ ئـەو گرینگایەتییـەی بۆ خوێنـدکار بە دیاری هێنابێ کە مێژوو و ڕەسـانایەتی و ئۆستوورەی نەوتەوەیی بوونی باشتر و زانستیانە ئانالیز بکات، وزەیەک بێ بۆ ئەوەی کەلتوور و سـتراکچێری نەتەوایەتییەکەی بە شـێوازێکی سەردەمیانە بە دونیای گلۆباڵ بناسێنێ.

پەروەردەی مۆدێرن وشیارکردنەوەیە، ئاواڵا کردنی مێشک و هزری کۆمەڵگایە، چێ کردنی بـەرە و جیل و چینێکـی ڕووناکبیر و ئاوانگارد و گەشـەخوازە بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی متمانە بـە خۆ، زینـدوو و دینامیکی لـێ بکەوێتەوە. پەروەردەی بەپێز و پڕبەها، کۆمەڵگای ڕەخنەگر و ڕووناکبیـری لێ پەیدا دەبـێ، وەک «کانت» دەڵـێ: ڕووناکبیربوون گوزەری مرۆڤە لە داڵانی نابالغی بەرە و کامڵ بوون.

فێـرکاری وپەروەردە، هەر لە سـەردەمانی وشـیاریی مرۆڤەوە هەبوون، لە کەڵک وەرگرتن لە کەرەسـە و ئەمرازی جۆراوجۆر و پێویسـتی ڕۆژانـەی مرۆڤەوە بگـرە هەتـا خۆپێگەیاندن و ڕاڤـەی ڕەهەنـدەکان و کەلێنەکانـی ژیانی ئێکۆسیسـتمی گـۆی زەوی و هەموو جیهانی کەونارا.

مرۆڤایەتی بۆیـە پەروەردەی وەک بزاڤێکی جودا و تەوەرێکی سـەرەکی پێناسـە کردووە، تاکوو هەنگاوی بەرەو پێشـکەوتن و گەشـە و نەشـەی لێ بکەوێتەوە. لە ڕاستیدا بە درێژایی مێـژووی تەمەنی مرۆڤایەتـی، هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بۆ دوو دەسکەوتی سەرەکی بوە؛

یەکەم: کەڵکئاژۆ وەرگرتنی باشـتر لە کات و زەمان، واتا بە فێرۆ نەدانی چرکەکانی تەمەن.

دووهـەم: بە پێی ئاوەز و هـۆش و زەینی مرۆڤ، هەوڵێکە بۆ دەسـتەبەرکردنی کەرستە و پێداویستیی نوێ و باشتری ژیان، واتا ئاسایش و تەناهی و ڕاحەتتر کردنی ژین و زەین.

پـەروەردە، بناغەی قـورس و قایمی هەر وڵات و نەتەوەیەکـە بـۆ دارشـتنی گەڵاڵەی تۆکمـە و مۆدێـرن، تاکـوو بنەما سـەرکی و بنەڕەتییەکانی لەسـەر دابڕێژرێ. هەر وڵاتێک کە مکوڕ بـێ بۆ گۆڕینی بیچمـی وڵاتەکەی، دەبـێ بەها و سـەنگینی بە پـەروەردە بدا، لە واقیعدا دەبێ شۆڕشێکی کۆپێرنیکی بخولقێنێ. سەنگاپوور و کۆریای باشوور باشترین نموونەی ئەو باسـەن. ژان ژاک ڕۆسۆ بیرمەندی سەدەی هـەژدەی زاینی، گەرچی یەکێ لە ڕەخنەگرانی قوتابخانەی مۆدێرنیتەشە، باوڕی وایە، مرۆڤ بۆ خۆی بە شێوەیەکی سروشتی پاک و بێگەردە و ئـەوە پەروەردەیە دەیگۆڕێ، واتا کۆمەڵگا ئەگەر پەروەردەیەکی سـەقەتی بە سەرەوە حاکم بێ، بێ شک پرەنسـیپەکانی دەبێتە ئانارشیزم. هەر وەها ڕۆسۆ لە سەر ئەو باوڕەبوو: منداڵ گرینگترە لە مـژاری وانە و دەرسـودەوری قوتابخانە. ئەو تیئۆرییە شۆڕشـێکی کۆپێرنیکیی مەزن بوو لە بـواری پەروەردە و بارهێنانـدا. مەزنایەتیی ژان ژاک ڕۆسۆ پاشخانێکی ئەوندە بە هێزی هەبوو، باندۆر و ڕەنگ دانەوەیەکی قووڵیشـی لە سـەر شۆڕشە مەزنەکەی فەڕانسەش دانا.

لـە دارێـژەی دەسـەڵاتە توتالیتێـر و پەساتوتالیتێرەکانی وەک ئەمرۆی ئێراندا، هەموو پێناسـە و خاڵە بەرچاو و فاکتە سەرکییەکانی

ملهـــوڕان و دیکتاتۆڕەکانی پێشـــووتری دنیای لە نێوئاخنـــی نیزامەکەی خۆیدا جێگیر کردووە و لـــە تانوپۆی دامـــودەزگا ســـەرکوتکەرەکانیدا سیستماتیکی کردووە، دیارە پرۆسەی پەروەردە و ڕاهێنانیش بە ئاقاری قازانجی ئیدیئۆلۆژیکیی خۆیدا گەڵاڵە دەکات.

لـــە مۆرفۆلۆژیی سیســـتمێکی ئۆپۆرتۆنیزم/ کلۆنیالیزمی ئێرانیدا، سانترالیزمی و سانترالیزم تەوەری پێکهاتەی ســـەرەکی و بنەڕەتیی وەها دەســـەڵاتێکی فەناتیکـــە. بـــە لێکدانەوەیەکی مەیدانی و کۆمەڵایەتی، باشتر ئەو گەڵاڵەیەمان بـــۆ ڕوون دەبێتەوە. لـــە ئێرانـــی ناوەندخۆازدا، هەموو خواست و شتگەلێک لە قەوارەی ناوەندەدا ڕەنگدەداتـــەوە. ئەو فکر و ئایدیایە پاشـــخانێکی مێژوویی لە پشـــتە؛ هەر چەندە لەم ســـەدەی بیســـتەدا مکوورتر بوون لەوەی زیاتر و خێراتر بەهای پێ بدرێ. لە کۆمەڵگای فرە چەشـــنی و فرە ئێتنیکی جوغرافیـــای ئێرانیدا ئەو تیئۆرییە ڕاســـیزمییە باشـــتر پەرە پـــێ دەدەن، ئەویش لـــە ڕێـــگای پـــەروەردە و قوتابخانـــە و دەرس و دەوردا. ئـــەم فکـــرە ناوندتەوەرەیـــە ڕێگا بە کولۆنیالیـــزم دەدا هەمـــوو ڕەهەندەکانی ژیانی ئاســـاییی کۆمەڵگا بەرەو ناوەند ڕێنوێنی بکات. دەسەڵاتی پاوانخوازی تاکڕەهەند لە قوتابخانەدا بە چڕی جەخت لە ســـەر ئەو ئایدیایە دەکاتەوە و گەڵاڵە و پەکەیجی یاســـاییی ڕەنگاوڕەنگی بۆ دادەڕێـــژێ و ناوەند وەک خـــودا و خواڵەیەک دەستنیشـــان و پێناسە دەکات. ناوەند گەورەیە، زمانی ناوەند پیرۆزە و هەرکەســـێک بە باشی بە زمانی ناوەند قســـە بکات مرۆڤێکی شارستانییە و بۆ ئەوەی خۆت زۆر پێشکەوتوو نیشان بدەی دەبێ زمانی ناوەند واتا فارســـی بە باشـــی و بە بـــێ «لەهجە» بزانی. چونکە ئـــەو زمانە هێمایە، بیچمە، تووتمی پێناسەیی و پێشکەوتنخوازییە. لەوە سەیرتر دەبێ باقی ئێتنیکەکانی جۆغرافیای ئێرانـــی هەوڵ بدەن بۆ دەوڵەمەند کردنی زمانی کلۆنیالیزمـــی ناوەند خواز. چونکە زمانی ئیداری و دەسەڵاتە، زمانی سەرکوتە، کوتکی سەرکوتی زمانـــە زیندووەکانی نەتەوەکانـــی دیکەیە. ئەو تیۆرییە ســـەقەتەی توتالیتاریزمی مەزهەبی، نە تەنیا دەســـەڵاتداران و ڕامیاریســـتەکان بەڵکوو لە تانوپـــۆی کۆمەڵگای ئێرانـــی و بەرەی بەناو ڕووناک بیردا ڕیشەی داکوتاوە و هەتا دێ زیاتر تەشەنە دەستێنێ و لە سایەی بەناو ڕۆشنبیری فارسیزمەوە ڕەگاژۆ دەکا. چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جەوهـــەرەی ئەو فکر و ئایدیایە دووپاتە و چەند پاتە دەبێتەوە. ناوەند تەوەری و سانتراڵی بوون لە جوغرافیای شـــاری و دامەزراوەی شارنشینیشدا پێـــڕەو کراوە، بە ڕوانینێکـــی وردبینانە و ئانالیز کردنـــی ســـتراکچێری شارنشـــینیی ئێرانیـــدا دەبینیـــن هەموو دامـــودەزگا و پێداویســـتییە ســـەرەکی و ئیدارییەکان، لە ناوەندی شارەکاندا جێگیر کراون و بە سیاســـەتێکی کوشـــەندە و ڕۆح تەزێـــن، مرۆڤ مەجبـــور دەکەن بە فکر و بە پراکتیک ڕووی لە ناوەندی شـــارەکان بێ و وا بە گوێی زەین و ئەندێشـــەی تاکی کۆمەڵگادا خوێندراوە کە شارســـتانییەت و مەدەنی بوون، بـــەو مانایەیە کە هەنگاو بـــە هەنگاو لە ناوەند و نێوەڕاســـتی شـــار نزیک ببیتەوە بۆ ئەوەی کار و ئەرک و پێداویســـتی ژیانت باشـــتر و ئاسانتر بۆ ڕابپەڕێ. چونکە پێداویســـتی و کەرەســـەی پێویســـت و ناوەندە ئیدارییەکانیـــش زۆرتر لە ناوەندی شـــار جێگیر کراون. هـــەر ئەو فکرەیە دەبێتە هۆی ئەوەی بێ ئەوەی تاک هەستی پێ بکات ناوەندی دەسەڵات لە پێتەختدا ببینێتەوە و پێتەخت بە مەکۆی ژیان و پێشکەوتن بزانێ. هـــەر بـــەو بنەمافکرییەوە دەســـەڵات زۆربەی هەوڵ و کۆششی بۆ ئەوەیە تاران وەک مەکۆی ســـەرەکیی ژیـــان چاو لێ بکـــردرێ. هەر بۆیە تـــاران لە باری ئابووری و ڕامیاری و زانســـت و ئاکادمیکیشەوە قسەی یەکەم دەکات، ئەنجامی ئەو گوتـــارە ئاگۆئیســـمییە، ڕاکێشـــانی هێز و توانایی وهـــاوردە کردنی ســـەروەت و دارایی باقی ناوچەکانە بۆ تاران. ئەوە بیچم و سیاسەتی دەســـەڵاتدارانی پاســـیڤ و فەناتیکـــە. دەنا لە وڵاتانی ڕاسیۆنالیســـت و دێموکڕاتخوازدا چۆنکە

دێسانترالیزەن، دەبینین سەروەت و دەسەڵات بۆ هەموو ناوچە و شوێنێک بە ئایدیایەکی پلۆرالیسمییەوە پراکتیزە ودابەش کراوە، بۆ نموونە لە باری ئابوورییەوە تەنیا پێتەختی وڵات دەسەڵاتی گەورەی ئابووریی پێ نەبڕاوە و زۆربەی شارەکانی دوور و نزیک لەو خوانە بەهرەمەند بوون.

لە پاتۆلۆژیی سیاسەتی ئێرانچییەتیدا، ئیتنیکەکانی دیکەی جوغرافی ئێرانی خەساری گەورەیان لێ کەوتووە و لێ دەکەوێتەوە وەک:

**١** گەلی فارس خۆی لە جوغرافیایەکدا نیشتەجێیە کە زۆربەی خاک و ناوچەکانی وشکەڕۆ و بیابانە و بە پێی سروشتی ناوچەکەی کۆمەڵگایەکی بەکاربەر و مەسرەفگەرایە و بژێوی خۆی زۆرتر لە بەرهەم و دەستڕەنجی ئیتنیکەکانی دیکەوە پەیدا دەکات. ئەو نەتەوانەی کە شعووری ئێرانی/فارسی پێیان دەڵێ «لۆکالی». بەڵام نەتەوەیەکی وەک کورد کە زاگرۆس نشینە و بە پێی سروشت وهەڵکەوتەی ژینگەیی بوونی، بەرهەم هێنەرە و هەر لە کەوناراوە خۆبژێو و دینامیک بووە، کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەرە چونکە لە باری ئابوورییەوە سەربەخۆیە و پێویستییەکی ئەوتۆی بە لایەنی دەرەکی نییە، دیارە ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە لە باری فکریشەوە خاوەن ئەندێشەیەکی سەربەخۆخوازن.

**٢** ئۆتۆریتەی توتالیتێرتەوەر بۆ ئەوەی باقی ئیتنیکەکانی دیکەی پەراوێز خراوی دەسەڵات بێنێتە ژێر هێژمۆنیی تێئۆکراتیکی خۆی، هەوڵ ئەدا بۆ شێواندنی دیسیپلینی کۆمەڵگای بەرهەمهێنەر. ئەویش لە دوو ڕێگاوە هەوڵی چڕی بۆ دەدرێ. پەروەردەی سەقەت ـ تێکدانی سەرچاوەی بژێو و بەرهەمهێنان واتا گوندەکان.

## پەروەردەی سەقەت

پەروەردەی ئێرانی وەک هەموو پڕەنسیپ و یاساکانی وڵات پڕۆسەیەکە لە سەرەوە یان لە باڵادەستەوە بەرە و خواری دەڕوانێ، واتا ڕوانگەیەکی ئاغا و ڕەعیەتی، گەورەیی و بچووکی، ڕوانگەیەکی زۆردار بەرە و ژێردەست. لە میتۆدی وەها سسیستمێکدا ئەوەی ڕەچاو نەکراوە کەسایەتیی منداڵە، هەر وەها بە دەستی ئەنقەست و زۆر فێڵبازانە هیچ بەهایەک بۆ زمانەکانی دیکە قایل نەبوون و هەموو سەنگینی و قورساییەکیان بۆ زمانی فارسی داناوە، واتا ئەو سیاسەتەی پەهلەوی و ڕزاشایان پاراستووە و گەرای تێئۆکراتیک بوونیشیان پێ زیاد کردووە. واتا: یەک زمان، یەک ڕێنووس و یەک نە تەوە. ڕوانینی باڵادەستانە بۆ منداڵ و قوتابی، کەسایەتییەکی گوێ لە مست و ملکەچی لێ دەکەوێتەوە. محەمەدی بەهمەن بەیگی، گەورە مامۆستا و باوکی پەروەردەی مۆدێرنی ڕەوەند و کۆچەریانە دەڵێ: «ئەگەر لە سسیستمێکی پەروەردەدا «بوێری» لە منداڵ جیا بکرێتەوە، لە داهاتوودا مرۆڤێکی ترسەنۆک و قزەون، پاسیڤ و گوێ لە مستی لێ دەردێت». ڕاست ئەو ئامانجەیە کە ڕێژیم مەبەستیەتی. چونکە دروشمی سەرەکیی دەسەڵاتی پاوانخواز ئەوەیە « ئێمە دەروەست و تەعەهودمان گەرەکە نەک پسپۆڕ». لە پەروەردەیەکی سەقەتدا کە بکەری» دەبێ و نابێ» ڕۆڵی سەرەکی و گرینگیان لە قوتابخانە و دەرس و وانەدا هەیە و هیچ ئەرزش و بەهایەک بۆ کلتووری بنەماڵەیی قوتابی دانەنراوە و تەنیا و تەنیا مەزەهەب/شیعە هەموو فاکت و دیسکۆرسەکانی خوێندنی قەبزە کردووە، دیارە منداڵ لە کلتووری خۆی دڕدۆنگ دەبێ و هەموو بنەما ڕەسەن و نەتەوایەتییەکانی لە پشت درگای قوتابخانە لێ دەستێندرێ. نامۆیی و ئێلیناسیۆن، دەبێتە دۆڵپای سەرشانی و بە هۆی هەبوونی دوو کلتووری بنەماڵە و لە لایەکی تریشەوە کلتووری پەروەردەی سەقەت، گیردۆەی نەخۆشیی پاڕادۆکس و دوو جەمسەری دەبێ، واتا « درۆ» .

مەبەستی سەرەکیی ئەو پەروەردەیە ئەوەیە تاک بکاتە مۆرە، یانی دەستەمۆ بوون بە بێ دەربڕینی هیچ ناڕەزایەتییەک. کاک دوکتور قاسملوو لە مێژە وتوویەتی : مرۆڤ نابێ

ببێتــە مۆرە. چونکە کەســایەتی و پرســتیژی دەچــڕژێ. لە وەها دۆخێکدا کــە مرۆڤ بوو بە مۆرە، زۆر بە هاســانی ئینگیزاســیۆن دەکرێ و دەبێتە کەسایەتییەکی قالۆر ئاسای بێ ئیرادە و پێرەوکەی ئیلیناسیۆن.

پەروەردەی ئێرانی بە شێوەی مۆدێرنیزم لە دامەزراندنی «دارولفنوون»ەوە دەســتی پێ کرد. لەو ســەردەمەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەو سیاسەت و گوتارە پێڕەو کراوە و هەر بە دەهۆڵ و زۆرنــای ئەو وەخت دەیکوتنەوە. سیاســەتی دارولفنوونیزم لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە بەهایان زۆرتــر دابــوو بە زانســتە فەننییــەکان، وەک پزیشــکی، ئەندازیاری و. . . . زانســتە مرۆیی و فەلسەفییەکان پاشکۆ بوون. ئێستا کە توتالیتێر/ کلۆنیالیزمی تێئۆکرات حاکمە، زۆر لەو سەردەم خراپتــرە و هەر بە دەســتووری ڕاســتەوخۆی خامنەیی زانســتە مرۆیی و ئینســانییەکان بە زۆری و بە ئەنقەســت دەکرێتە زانستی دینی و ئیسلامی و لە قورســایی و بەهای ئەو زانستانە کــەم دەکەنــەوە و خیز دەڕژێننە بــەر پێیان، چونکــە دەزانن زانســتی سیاســی و مرۆیی و نێونەتەوەیــی و. . . . دەبێتە هۆی چاوکراوەیی کۆمەڵگا و گەلێکی دینامیک و دێســانتراڵیزەی لێ دەکەوێتەوە.

پائۆلــۆ فرەیەرە، بیرمەنــد و ڕەخنەگری پڕ ئەزموونی برازیلی لە سەر ئەو باوەڕەیە: پەروەردە دەبێ کۆمەڵگا وەگەڕ بخات. ئەو پێی وا بوو ئەگەر قەرار بێ گەشــە و پێشــکەوتنێک بێتە ئاراوە، دەبێ گەشەی بیر و هزر بێ. گۆڕانکاریی ڕوانگە و بۆچوونەکان بــێ و لە ئاکامدا پەروەردە دەبێ کۆمەڵگایەکی ڕەخنەگر و پڕ پرسیار بخولقێنێ. بە بۆچوونی فرەیەرە سیســتمی سەرکەوتووی پەروەردە دەبێ لــە دوو چەمک بەهرەوەند بێ: ڕاهێنەرانــی ئاوانگارد ـ پێداگــوژی تەحلیلی و ڕەخنەگرانە. مەبەست لە پێداگوژی ڕەخنەییانە، دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دێموکراســیخوازی پلۆڕالیست/سکۆلاریستە. وتوویژ و دیالۆگی نێوان مامۆستا و قوتابییە بە لێکدانەوە و دیالێکتیکێکی ڕەخنەگرانــە بــۆ چــێ کــردن و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بەرابەر و چەســپاندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی. لــەو پرۆسێســە پەروەردەییەدا بەرابەریی گرووپ و نیــژاد و ئیتنیکەکان لە بەر چاو گیراوە.

پەروەردەی سەقەت تەنیا بە گەشەی زانستە فەننی و ئەزموونتەوەرەکان، کۆمەڵگایەکی گەشە کــردووی لێ ناکەوێتەوە. هەمــوو لە بیرمانە لە ســاڵانی ڕابردوودا فیلیپیــن و وڵاتی هێند لە بەر زۆربوونی پزیشــک هەناردەی ئێران وباقی وڵاتانیــان دەکــردن، ئێســتاش وڵاتــی کووبا پزیشــک هەنــاردەی دەرەوەی وڵات دەکات. ئــەوە لــە حاڵێکدایە ئەو وڵاتانە لــە زۆر بوار و ڕەهەندەکانــی دیکــەی ژیــان و کۆمەڵگادا پێشــکەوتنێکی ئەوتۆ و گەشــە کردوویان بە خۆیانــەوە نەدیوە و پێویســتییان بە کەرەســە و زانســتی وڵاتانی گەشــەکردووی دیکە هەیە. ســەردەمانێک وڵاتی یەکیەتیی ســۆڤییەت بە هــۆی ئیدیئۆلۆژیکی تاک ڕەهەندی و داخراوی سۆسیالیســتی، ئەو وڵاتانەی وا لە چوارچێوەی جۆغرافیــای سیاســیی خۆیــدا بــوون وەک ئازەربایجان و قەزاقستان و ئۆزبەکستان و.... هەر وڵاتــەو لە بوارێکی ئابووریدا لە گەشــە کردندا بوون و نەیدەویســت و نەیدەهێشت لە هەموو بوارەکاندا گەشــەی ئابووریــی هەمە لایەنەیان هەبێ، تاکوو بە ئاســانی بتوانێ ئابوورییەکەیان بە بەستراوەیی وکۆمپرادۆری ڕابگرێ. ئێستاشی لــە گەڵدابێ ئەو وڵاتانە کــەم تا زۆرێک ڕوو لە مۆســکۆ دەکەن. ئەو قەیرانە دوو هۆکار لە خۆ دەگرێ:

**١** کاتی خۆی سیاسەتی پەروەردەی دیکتاتۆری پرۆلتاریا، ڕێگریی دەکرد لە گەشــەی زمانی و کلتووریی وڵاتانی پاشکۆ و ئیتنیکە جیاوازەکان، ئــەوەی گرینگ و پڕبەها بوو زمانی ڕووســی و کلتوور و ستراکچێری گشتیی ڕووسی بوو. هەر بۆیە ئەو وڵاتە پاشــکۆیانە، دوای سەربەخۆییش ئەلف و بێی پــەروەردە و خوێندنگاکانیان هەر ڕێنوسی ڕووسییە.

٢ مەبەســت لە تاکڕەهەندیی ئابووریی وڵاتانی پاشــکۆ و ژێردەســتە ئەوە بوو تاکوو ئاســتی ئابووری و گەشەی گشتیی ئەوان نەگاتە ئاستی وڵاتی ڕووس و هەمیشە چاو لە ژێری ڕووسییە بن و حەوجێ و نیازیان هەر بە مۆسکۆ بێ.

ئێســتاش لــە ئێرانــی فەندەمینتاڵــی منۆلۆگتــەوەردا، چی زۆرە دوکتۆر و پزیشــک، یانــی سیســتەمی پــەروەردەی زاڵــی ئێرانی ســتراتێژییەکەی وا دارشــتووە تاکوو کۆمەڵگا لە بواری پزیشــکی ـ نەک دەرمانسازی ـ دا، لەچاو وڵاتانی دەوروبەر پێشکەوتنێکی باشتری هەبێ، بەڵام ســەبارەت بە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییــەکان، نە تەنیا گەشــە کردوو نەبووە، بەڵکوو لە ئاســتێکی هەرە نزمیشدا بوە. زۆرجار دیومانە ڕێبەری کۆماری ئیســلامی، ڕاشکاوانە لــە ڕاگەیەنــە گشــتییەکاندا کوتویەتی ئێمە پێویســتییەکی ئەوتۆمان بە زانســتی ئینسانی نییــە چونکــە دژایەتیی لەگــەڵ بۆچوونەکانی ئایینی ئیسلام هەیە. هەر بۆیە دەبینین زۆربەی ســەرچاوە و ژێــدەری ئەو لقــە ئاکادمیکییانە بە بــاری فەلســەفەی ئیسلامی/شــیعەگەریدا دەشکێتەوە.

کاتێ چــاو لە دارێژەی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی دەکەین، دەبینین ستراتێژیی پەروەردە، هەر لە سەرەتای چوونە قوتابخانەوە بۆ تاکزمانی و تاکنەتەوەیــی دارێــژراوە و نەتــەوەی فارس ئاغایــە و باقی ئێتنیکەکانی ئێران پەراوێزخراون و حیســابی تمەن و دوو شاییشــیان بۆ ناکرێ. منداڵی بەستەزمانی کورد کە بە کلتوور و زمانی کوردی گۆچ کراوە و ڕاهاتووە، هەرکە پێی نایە قوتابخانە، زمان و مێتۆدێکی نامۆی پەروەردە بە گوێیدا دەئاخنرێ. سەرلە بەری کتێبی قوتابخانە ســەرەتاییەکان چاو لێ بکەی، سەداســەد لە خزمەتی زمان و پەروەردەی فارســی بوون دایە و ئوســتوورە و ســێلێبرێتییەکانی، کەسایەتیی ئێرانی و بەرەگەز فارســن. بە گشتی دەتوانین بڵێین قوتابخانەکانی وڵات، سیاســەتێکی تەواو ڕاسیســمیی ئینگیزاســیۆن تەوەریان بە سەردا حاکمە. ئاکامی ئەو سیاســەتە بــۆ ئاڵۆز کردن مێشــکی منداڵانە. منــداڵان عومرێــک زمان و کلتوورێکــی جیاوازیــان پــێ دەخوێندرێ، کلتوورێک کە بۆی بوونەتە شــایەر و پەیتاپەیتا بــە باڵایــدا دەخوێنــدرێ، جــار جارەیەکیش ئاماژەیەکــی ســەقەت و نامــۆ بــە کلتووری خوێندکاری دوو زمانە دەکرێ، بە جۆرێک باسی کلتوور و نەریتی کورد دەکرێ تاکوو منداڵ لێی ببێــزرێ و دابونەریتی زمانی زاڵی پێ ڕەســەن بێ و لەخۆنامۆ و دردۆنگ بێ و بەرەو هەڵدێری ئیلیناســیۆن هەنگاو بنــێ. وەک باقیی کردار و سیاسەتە دوگمەکانی ڕێژیم، پەروەردەی فەرمیی وڵات، پڕۆپاگەندەی ئیدیئۆلۆگی متافیزیکییە و لە گەڵ واقیع و ڕاستییەکانی ژیان پارادۆکسە و زۆر لێک جیاوازن.

ســتراتێژیی پــەروەردە و سیاســەتی قوتابخانەکانــی ئێــران هــەر وەک ئۆتۆریتەی حاکمانی ســەرەڕۆی تارانە، یانی منداڵ گوێگرە و مامۆســتاش وەک حاکمێک دەســتووردەر و وێژەرە. بە گشتی پەروەردەی ئێرانی، سوڵتەتەوەر و فەرمانبەرتەوەرە. بەڵام لە ئەساســدا قوتابخانە دەبێ دیالۆگتەوەر بێ. سیستەمی فەرمانبەرتەوەر دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ لە داهاتوودا مرۆڤێکی سەرنخوون یان دەسەڵات ســەپێن و دیکتاتۆر بێ، وەک دەگوترێ: هــەر دیکتاتۆرێکی زاڵم و زۆردار، ســەردەمانێک ژێردەستە و ژێرچەپۆکە بووە.

ژان ژاک ڕۆســۆ لە کتێبی «ئێمیل»دا باس لە ئەوین و خۆشەویستی دەکا و دەڵێ: « ئەرکی پەروەردە ئەوین و خۆشەویســتی و پەرە پێدانی بەزەیی و دڵســۆزییە». هەروەها ڕۆســۆدەڵێ: « خاڵــی گرینگ ئەوەیە با قوتابی نەبەســترێتەوە بە فکر و ئەندێشــەی هیچ کەسێکەوە. « یانی با کەس بە جێگای ئەو بیرنەکاتەوە و بۆخۆی فکر وئەندێشــەی بخاتە گەڕ، ئەوە نیشانەی ئازادیی دەربڕینە. مەبەســتی ڕۆســۆ ئەوەیە بێجگە لە پســپۆڕانی پەروەرردە و بارهێنان، هیچ لایەن و کەسانێکی دیکە بۆیان نییە دەست لە کاروباری

پــەروەردەدا وەربدەن تاکوو پــەروەردە بەرە و ئانارشـــیزم نەڕوات. لە پرۆســەی پــەروەردەی ئیســلامی/ئێرانیدا ئەوە «حەراســەت و سپا»یە بڕیاردەری سەرەکیی پەروەردەیە و وەک باقیی نەهــاد و دامەزراوەکانــی وڵات، دەبێ ڕێڕەوی پەروەردە بــەرەو ملکەچی بــۆ «ویلاتی فەقێ» هەنگاو هەڵێنێ و بە ئاراستەی فەندەمێنتالیسمی ئیسلامیدا ڕێچکە بپێچێ.

## گوندەکان

لــە وڵاتێکی وەک کوردســتان بــە درێژاییی مێژووە کەوناراکەی ئابوورییەکەی لەســەر دوو کۆڵەکــە بنیاد نــراوە، ئاژەڵــداری و وەرزێری. ئێستاشی لەگەڵدا بێ، ئەو دوو چەمکە ڕۆڵی زۆر گەورەیان لەســەر ئابووریی کورد هەیە. ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی حاکم بە ســەر ئێراندا، یەکێ لە سیاســەتە شۆوێنیســتییەکانیان زەبر وەشاندن لە ئابووری و ژێرخانی کوردەواری بووە. بە دوای ڕووخانی قاجارەکان وهاتنە ســەرکاری پەهلەویی یەکەمدا، دەســت کرا بــە پڕاکتیزە کردنی پلانی پیلانی شــۆوێنیزمی یەک زمان/ یەک نەتەوە. بۆ کەم کردنەوەی باری کلتووری/ ئابووری و لاواز کردنی ئاستی هێز و وزەی گوند و خێڵەکان، پرۆســەیەک دەســتی پێ کرد کە لە ســەردەمی ڕزاشاوە ســتارتی لێدراوە و هەتا ئەوڕۆش هەر درێژەی هەیە. ئەو پرۆسە نگریسە، کلۆنیالیستییە خاوەن سێ بەشە و هەرکام لەوانە پاژێکن لە ئێپیزۆتێکی ڕەشی هاوشان و هاوبەش:

**١** ڕزاشــای پەهلەوی عێل وعەشــیرەکانی بێ دەسەڵات کرد، بە شــێوەیەک کە لە دوای ئەو ســەرکوت کردنە ناجوامێرانەیەدا، ئیدی نەبوونە مەترسی بۆ سەر حکوومەتی ناوەندی.

**٢** محەمەدڕەزاشــا، واتــا پەهلەویــی دووهەم دەســەڵاتی خاوەن زەوییەکانی تا ئاستێکی زۆر کەم کردەوە و چاکســازیی ئەرزیی دەست پێ کرد. لە ڕواڵەتدا زەوی بەســەر چینی بێ بەش و وەرزێردا دابەش کرا، بەڵام لە ڕاستیدا هێنانە خواری ئاستی دەســەڵاتی بەرهەمهێنەران بوو کــە وردە وردە بــووە هۆی کــۆچ و کۆچبار بۆ شــارەکان و زیاد بوونی چینی پەراوێز نشــینی شارە گەورەکان .

**٣** یەکێ لــە سیاســەتە شۆوێنیســتییەکانی کومــاری توتالیتێری ئیســلامی، وێران کردنی گوند و دێهاتەکانە، بــە واتایەکی ڕوونتر، کامڵ کردنی پرۆسەی ڕەشی پەهلەوییەکان کە ئێستا ئاخوندەکان بوونەتە ئالتێرناتیو و جێگرەوەی ئەو دەسەڵاتانە.

وێــران کــردن و خاشــەبڕکردنی گوند و ناوچەکانی وەرزێریی کوردستان لە ژێر سیاسەتی ئاخوندیزمدا ئەو مەبەستانەی لە پشتە:

**١** وەک پێشــتر باس کرا کۆمەڵگای بەکاربەر، خۆپارێز و دووره پەرێزە. خۆ لە قەرەی شوێنێک نــادات کە بە حــاڵ بۆنی تــرس و دڵەڕاوکێی لێ بێ. وەختایەکــی گوندێک وێران دەکرێ و دانیشــتوانەکانی ئاوارە دەبن و لە کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەرەوە دەکەونە داوێنی کۆمەڵگایەکی بەکاربــەر. لــە وەها دۆخێکــی نەخــوازراودا، کەسایەتییەکی دارماوی هیوابڕاوی چاولەدەس دەمێنێتــەوە، بۆ نموونە کاتێ ســەددام پتر لە ٤٥٠٠ گوندی کوردستانی باشووری وێران کرد، یانی سەرچاوەی بژێو و بەرهەمهێنەری وڵاتێکی لەناو برد، ئەو کــرداره وەها زەبرێکی لە هێزی پێشــمەرگەی باشوور وەشــاند کە توانایییەکی پڕاکتیکیی ئەوتۆیان بۆ نەمابوو، چونکە شــوێنی حەوانــەوە و بژێویان تێکدرابوو. کاتی شــەڕی عێراق و کوەیت کە ســەدام تــەواو لاواز بوو، ئیدی هێزی گەل پشوویەکی هاتەوە بەر خۆی.

**٢** بە گشــتی کاول کردنــی گوندەکان و کۆچ پــێ کردنیان بــەرەو شــارەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی خســڵەتی مرۆڤەکانیش بەرەو خۆپارێزی و کۆنســێرواتیزم بوون بگۆڕدرێ و ئیدی یاخی بوون و تەواو ملکەچ نەبوون بۆ هەموو جۆرە یاسا و ڕێسایەکی حوکمی کەمرەنگ دەبێتەوە.

**٣** ئــەم خاڵــە لە هــەر دوو خاڵەکــەی دیکە گرینگترە، کاتێ گوند وێران دەکرێ زمان ئازاری بەردەکــەوێ، کلتوور خەوشــدار دەبێ، چونکە

ئیشـــی گوندی دەبێ کاری پێ بکرێ هەتاکوو ناوی کەرەسە و شوناسی کلتووری گوندی بوون بپارێزرێ. وێران کردنی گوند شـێواندنی زمانە، مردنی وشە و ئیدیۆمی ڕەسەنی کوردییە. مردنی حەقایەت و ســەربوردە و چیرۆک و دابونەریتی گەلێکە.

پەروەردەی ســەقەت و وێرانی و کاولکاریی گوندەکان، دوو سەری مارێکن بۆ زەبر وەشاندن لە کلتوور و ژێرخانی زمانەوانیی گەلی کورد کە ڕاگەیەنە گشــتیەکانیش هاوکاری تۆکمەیانن و قەراغیان بۆ تێ دەکاتەوە.

دەیان و ســەدان ســاڵە لە گوتاری فارسدا تەرکیز و جەخت لە سەر دوو خاڵ دەکەنەوە:

١ یەکەمیان برایەتیی ئێرانییەکانە. بە درێژاییی مێژوو دەســەڵات لە دەستی گەلی فارسدا بووە و باقی ئیتنیکــەکان نەتەنیا بــە براچکۆلەش چاویان لێ نەکراوە بەڵکوو بە کۆیلە و خزمەتکار ســەیر کراون، ئەوە قســەیەکی ئاسایی نییە و باگراوەندێکــی دێرینی لە پشــتە. لە ناو هەموو ئتنیکەکانی ئێراندا کورد مەترسیدارترین کەیسە بۆ دەســەڵاتی ســانتراڵخوازی تاران، هەر بۆیە زۆرجــار باس لە خزمایەتیــی زمانەوانیی کورد و فارس دەکرێ، بــە داخەوە هێندێک جاریش ڕووناکبیرانی کــورد کەوتوونەتە داوی زەلکاوی ئەو بۆچوونە ئۆپۆرتونیستییانە، وەک لە پێشەکیی کتێبی «کورد و کوردستان: واسیلی نیکیتین»دا هاتووە و وەرگێڕ ئاواتەخوازە بەشەکانی دیکەی کوردستان بلکێندرێن بە خاکی ئێرانەوە، چونکە وەرگێڕ پێی وایە کورد لە تەک تورک و عارەبدا هیچ پێوەندییەکی کلتووری و زمانی و ڕەگەزیی نییە بەڵام لە گەڵ فارســدا هاوڕەگەزن! لە باری زمانــی و کلتوورییــەوە، خزمایەتیــی نزیک و دێرینیان پێکەوە هەیە! وەلی لە ئەســاس و لە ڕاســتیدا کورد چەندە لەگــەڵ تورک و عارەبدا خزمایەتیی هەیە، هــەر ئەوندەش برا و خزمی فارسەکانە. ئەو ژێردەستەییە دێرین و پەروەردە سەقەتە، ئینگیزاسیۆن تەوەرە کە مێشکی مرۆڤی کورد دەشواتەوە و بە جێگای ئەوەی بەرپەرەچی ئەو گوتارە ســاختانە بداتــەوە، بۆ خۆی دەبێتە داڵدە دەری ئەو ڕاسیزم تەوەرییە.

٢ فارس وەک نەتەوە دەستنیشــان دەکرێ و کورد و دیتران وەک قەوم! هەتاکوو ئێستا کەم واهەیە لــە یەک ڕاگەنــدراوی ناوخۆ و دەرەوە ئەمــە نەکرێ. تەنــات ئوپۆزیســیۆنی دژبەری ڕژیمیــش، ئەو چەمکە شۆوێنیســتانەیە لە بیر و زەینی دێسپۆتیســیمی خۆیاندا ناســرنەوە و ترســی گەورەیــان بەش بەش بوونــی ئێران و جیابوونەوەی ئیتنیکە ژێردەستەکانی جۆغراڤیای کۆلۆنیالیزمی فارســی/ئێرانییە. ئــەو بۆچوونانە هەمووی سەرچاوە گرتووی پەروەردەی سەقەتی بەربەریسمی ئیدەئالیستانەیە.

دیــارە پــەروەردەی ســەقەتی ئێرانــی لە خزمــەت کلتــووری فارس و دژبــەری کلتوور و زمانــی کــوردی و باقی نەتەوەکانــی ئێرانە، تا زەمانێکی کە ڕەگەزپەرەســتی و ســێبەری تێئۆکراســیزم لەســەر پەروەردە نەرەوێتەوە و ئایدیای «چەوسێنەر و چەوساوە» بەسەر ئێراندا حاکمە، هیچ برایەتی و خزمایەتییەک، کەلێنی نێوان کورد و فــارس خۆش ناکاتەوە وتەبایی و ڕەبایی نایەتە ئاراوە.

بــە و هیوایەی پەروەردە لە ســەر بنەمای سێکۆلاریســم و پراگماتیســم دابمــەزرێ، بە پێداگووژییەکــی ڕەخنــە گرانــەوە. چونکــە سێکۆلاریســم، ســڕینەوەی پیرۆزایەتییــە لە دەســەڵات، لابردنی ســێبەری ئایینسالارییە، چونکــە یەکەم هەنگاوی شۆڕشــی فەڕانســە، چەســپاندنی پەروەردەیەکــی ســێکۆلار بوو. پراگماتیســم کەشــی ئــازاد و بەرفراوانــی گەرەکە.

## ژێدەرەکان


١. امیل: ژان ژاک ڕۆسو. مترجم: غلامحسین زیرک زادە.

٢. قرارداد اجتماعی: ژان ژاک ڕۆسۆ. مترجم : مرتضی کلانتری.

٣. پداگۆژی ستمدیدگان: پائول و فریرە. مترجم: احمد بیرشک.

٤. پداگۆژی برای رهایی: پائول و فریرە. مترجم: حسام حسین زادە.

٥. کرد وکردستان: وایسیلی نیکیتین.

# «دیاردەی بەکرێگیراو و ئاشتەوایی لە داهاتوودا»*

**کاوە حەسەن پوور**

ئەوەی لەو بابەتەدا دەمهەوێ جەختی لە سەر بکەم، شیکردنەوە یان خەسارناسیی دیاردەی بەکرێگیراوی نییە، بەڵکوو ڕوانینە لە ئاسۆی دوارۆژی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لێدانی چەخماخەی باسێکە لەو پەیوەندییەدا. دەسەڵاتی دوارۆژی کوردی لە ڕۆژهەڵات دەبێ چۆن دەگەڵ بەکرێگیراو هەڵسوکەوت بکا؟ ئایا لێبوردەیی و بەخشینی بەکرێگیراو هەڵبژاردەیەکی باشە؟ دەکرێ بەکرێگیراو لە پرۆسەیەکی عادڵانەدا دادگایی بکرێ؟ مەسڵەت کردن و ئاشتەوایی دەگەڵ بەکرێگیراو لە چ پێناوێکدا؟

«بەکرێگیراو» کە لە زمانی خەڵکی عامەی کورددا زیاتر بەکارهێنراوە، بە کەسێک دەگوترێ کەدەستی دەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە یەکێک لە بەشەکانی کوردستانی بندەست، تێکەڵ کردووە و لە بڕی پارە یان ئیمکانات، بە شێوەی جۆراوجۆر بە دژی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، هەڵسوکەوت دەکا و دەگەڵ ڕۆڵەکانی گەلی خۆی، بە شەڕ دێ. بەکرێگیراوی وەکوو کاسبی یان کردار تایبەت بە گەلی کورد نییە و بە باوەڕی خاوەن ڕایان ئەو دیاردەیە یەکێک لە کۆنترین سەرچاوەکانی بژیوی مرۆڤ بووە و بە درێژایی مێژوو لە نێو زۆر میللەتدا سەری هەڵداوە. وەک لقی یۆنانییەکان کە لە شەڕەکانی نێوان ئێران و یۆناندا (٥٠٠ ساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح) لە نێو ئەرتەشی ئەو کاتی ئێران (هەخامەنیشییەکان)دا سازمان درابوون و بە دژی گەلی خۆیان بەشەڕدەهاتن و یارمەتیی سوپای ئێرانیان دەدا.

ئەوەی لەو بابەتەدا دەمهەوێ جەختی لە سەر بکەم، شیکردنەوە یان خەسارناسیی دیاردەی بەکرێگیراوی نییە، بەڵکوو ڕوانینە لە ئاسۆی دوارۆژی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لێدانی چەخماخەی باسێکە لەو پەیوەندییەدا. دەسەڵاتی دوارۆژی کوردی لە ڕۆژهەڵات دەبێ چۆن دەگەڵ بەکرێگیراو هەڵسوکەوت بکا؟ ئایا لێبوردەیی و بەخشینی بەکرێگیراو هەڵبژاردەیەکی باشە؟ دەکرێ بەکرێگیراو لە پرۆسەیەکی عادڵانەدا دادگایی بکرێ؟ مەسەڵەت کردن و ئاشتەوایی دەگەڵ بەکرێگیراو لە چ پێناوێکدا؟ ئایا تەنیا دەبێ بەکرێگیراو بە سزای تاوانەکانی خۆی بگا؟ تەکلیفی هەواڵگر، موخبیر و بەسیجییە کوردەکان چییە و لەو هاوکێشەیەدا لە کوێ ڕاوەستاون؟ ئەوانە و چەندین پرسیاری دیکە هەوێنی نووسینی ئەو بابەتەن. لە ڕاستیدا لەو بابەتەدا دەمهەوێ ئەزموونی ٣ وڵاتی ژاپۆن، ئاڵمان و ئەفریقای باشوور بخەمە ڕوو کە لە هەر سێکیاندا چۆنییەتیی ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ ڕابردوو جیاوازە، تەنیا خاڵی هاوبەشی ئەو٣ وڵاتە ئەوەیە کە لە هەر سێکیاندا تاوانبارمان هەیە. هیچ وێکچوونێک لە نێوان ئەزموونی ئەو سێ وڵاتە دەگەڵ دیاردەی بەکرێگیراو دە ئارادا نییە بەڵام دەکرێ وەکوو مۆدێل چاویان لێ بکەین و دەرسیان لێ وەرگرین و ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، بە ڕاست لە داهاتوودا و بۆ یەکلاکردنەوەی دیاردەی بەکرێگیراو کێهە مۆدێل هەڵدەبژێرین؟

ئەوەی ڕاستی بێ مێژووی بەکرێگیراوی لە سەردەمی مۆدێرندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە سەردەمی بزووتنەوەی سمایل ئاغای سمکۆ، ئەو کاتەی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێران بۆ ئەوەی بتوانێ دەنگوباسی ناوچەی ژێر دەستی سمایل ئاغا بزانێ، کەسانی خۆجێیی وەکوو بەکرێگیراو ڕێک خستبوو و لە ڕێگەی ئەوانەوە دەستی بە هەواڵەکانی کوردستان دەگەیشت. (سمکۆ، ئیسماعیل ئاغای شکاک: محەممەد ڕەسوڵ هاوار). لە دوای شەهیدبوونی سمایل ئاغا و لە دوای هاتنەسەرکاری حکوومەتی حەمەڕەزا شای پەهلەوی، چالاکیی بەکرێگیراوەکان چڕوپڕتر دەبێتەوە، مەلا محەممەد خزری لە کتێبی بزووتنەوە چەکدارییەکانی ٤٦ و ٤٧دا بە وردی باس لەوە دەکا کە لەو سەردەمانەدا حکوومەتی شا ڕێژەی بەکرێگیراوەکانی زۆر زیاتر کردبوو و تەنانەت بەوەش ڕانەوەستاوە و بەکرێگیراوی ئاودیوی سنووری باشووری کوردستانیش کردووە هەتا شوێن پێی چالاکانی ئەوان سەردەمان بدۆزێتەوە. دیاردەی بەکرێگیراو خەساری گەورە و زیانی قەرەبوونەکراوەی لە ڕەوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە، بەکرێگیراوەکان لە پێناو بەرژەوەندیی تاکەکەسی و بنەماڵەیی خۆیاندا بە هاوکاریی حکوومەت دەستیان بە

خوێنی هاونیشتمانانی خۆیان سوور کردووە، شەیتانی و شۆڤارییان لە خەڵک کردووە، منداڵی خەڵکیان بێ دایک و باب کردووە، هێرشیان کردۆتە سەر کاسبکاران و کۆڵبەران و بەم شێوەیە بژیوی ژیان و قووتی ڕۆژانەی خەڵکیان بڕیوە و.. .. کاتێک باسی مەسلەت کردن و ئاشتەوایی دەکەین، ڕێک مەبەستمان چارەسەریی کێشەکانە. ئامانجی سەرەکیی ئەو پرۆسەیە، پێشگرتن لە ڕووداوی نەخوازراو وەک تۆڵە ئەستاندنەوە، تەسفییەحیسابی تاکەکەسی، ئاژاوە و بێسەروبەرییە. یانی کار کردن لە سەر داهاتوویەکە کە لەوێدا ژیان هاسانتر دەبێتەوە، بەم پێیە مەسلەت کردن مەڵهەمێکە بۆ ئەو کەسانەی زیانیان بەرکەوتووە و ئا لەم قۆناغەدا هەر دووک لا (چ ئەو لایەنەی زیانی بەرکەوتووە و چ ئەو لایەنەی زیانی بە خەڵک گەیاندووە) بە شێوەیەکی سەردەمیانە و بە دوور لە توندوتیژی بژین، تەنانەت بە ڕوانگە و بۆ چوونی جیاوازەوە. ئاشتەوایی دەکرێ وەکوو ساغ کردنەوە یان چاک کردنەوەی پەیوەندییەکانیش لێک بدرێتەوە. ئاشتەوایی و مەسلەت کردن، زیاتر وەکوو بالانس ڕاگرتن لە نێوان دوو لایەندا دێتە ئەژمار. کەوایە ئەساس و بنەمای ئاشتەوایی لە سەر وەدیهاتنی عەدالەتە. ئایا تاقم و گرووپ یان کەسانێک کە زیانیان بە خەڵک گەیاندووە، توندوتیژی و زۆر جار ناعەدالەتییان دەرحەق بە خەڵک بە کار هێناوە، دەبێ سزا بدرێن؟ ئەو سزادانە چۆن جێبەجێ دەکرێ؟ سنووری نێوان تاوان و بێگوناهی لە کوێیە؟ ئایا تەنیا ئەو کەسانە دەبێ سزا بدرێن کە دەستیان بە خوێنی خەڵک سوورە یان ئەو کەسانەی سیخوڕی و موخبیرییان بۆ دەسەڵات کردووە، ئەوانیش دەگرێتەوە؟ ئایا دەکرێ لێبوردەیی وەکوو بژاردەیەک سەیر بکرێ؟ بیر و ڕای گشتیی خەڵک لە سەر ئەو لێبوردەییە چۆن دەبێ؟ خودی دەستەواژەی ئاشتەوایی (مەسڵەت کردن) خۆی لە خۆیدا جێگای باس و گەنگەشەیە بەو واتایە کە زۆر جار لێبوردەیی شوێندانەریی هەبووە.

ئەو بابەتە لە سەر بنەمای ئاشتەوایی یان مەسڵەت کردن «lihevhatinê» یان بە ئینگلیسی «reconciliation» دارێژراوە، کە لە زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە. مەسڵەت کردن هەر لە پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانیشدا بەم شێوەیە پێناسە دەکرێ. مەسڵەت کردن لە کولتووری کۆنی کورددا وەکوو دەستەواژە لە کاتی ژن هەڵگرتن یان کچ ڕەدوو کەوتندا کاری پێ دەکرا، یانی کاتێک عەمەلی ژن هەڵگرتن ڕوویدەدا، بنەماڵەی پیاوەکە دەستەیەکیان کەیخودا دەنارده ماڵی ژن یا کچەکە بۆ مەسڵەت کردن و دوای جارێک یان چەندین جار گفتوگۆ و ئاخافتنی دوولایەنە، لە سەر هێندێک خاڵ وەکوو مەرج پێکدەهاتن و مەسڵەت دەکرا.

> ئەوەی ڕاستی بێ مێژووی بەکرێگیراوی لە سەردەمی مۆدێرندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە سەردەمی بزووتنەوەی سمایل ئاغای سمکۆ، ئەو کاتەی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێران بۆ ئەوەی بتوانێ دەنگوباسی ناوچەی ژێر دەستی سمایل ئاغا بزانێ

ئیدی لە دوای ئەو مەسڵەتە دوژمنایەتی لە نێوان بنەماڵە، تایفە و عەشیرەتەکاندا نەدەما و پەیوەندییەکان ئاسایی دەبوونەوە. مەسڵەت کردن هەر بەو پێودانگە بە قۆناغی بەر لە سوڵح یان ئاشتی لە زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا دێتە ئەژمار، بەو مانایە کە مەسلەت کردن بنەمای ئەسڵی و بنچینەیی ئاشتییە. Reconciliation لە ئەساسدا دەستەواژەیەکی ئائینییە و لە دینی مەسیحییەتەوە وەرگیراوە. ئەو دەستەواژەیە شی دەکاتەوە چۆن ئاشتەوایی لە نێوان خوا و

مرۆڤدا ئیمکانی هەیە؟.
ئاتلە سۆممێرفێلت (Atle Sommerfeldt)
گـــەورە ئۆســـقۆفی نۆروێـــژی پێـــی وایە ئەو دەســـتەواژەیە لە دەیـــەی نـــەوەددا لە باری ماناییەوە گۆڕانی گەورەی بە ســـەردا هاتووە، یانی لەو کۆمەڵگایانەدا کە کێشـــەی سیاسی و کۆمەڵایەتـــی، بەرۆکـــی پێ گرتبـــوون، بە مەبەســـتی هێـــور کردنـــەوەی کۆمەڵگاکان و وانین لە دوارۆژێکی ڕوون بەکار هاتووە (Sommerfeldt, 2005:133). بەم پێیە ئاشـــتەوایی، دەستەواژەیەکی مۆدێرنە لە دونیای سیاسەتدا. ئاشتەوایی دەکرێ بەم شێوەیەش تاریف بکرێ: دوژمنانی پێشـــوو ڕێگاچارەیـــەک بۆ کۆتایی هێنان بە کێشـــەکانیان دەبیننـــەوە و تەبایی و پێکەوەژیان هەڵدەبژێـــرن (Sommerfeldt, 2005:135). بە شـــێوەیەکی گشتی ئاشتەوایی پرۆسەیەکە کە لەودا لایەنە ناتەباکان، کێشە و ململانێیـــەکان وەلا دەنێن و پەیوەندییەکانیان ئاســـایی دەکەنـــەوە و توندوتیـــژی بەرامبەر بەکدی بەکار ناهێنن (Ramsbotham, Wood-house & Miall, 2016: 286). بەڵام ئاشتەوایی چـــۆن دێتـــە دی؟ ئایا جیاوازیـــی فەرهەنگی دەتوانێ کاریگەریی هەبێ بە ســـەر پرۆســـەی ئاشتەواییدا؟ کاتێک لە نێوان زاڵم و مەزلوومدا عەداڵـــەت مســـۆگەر دەبێ، ئەوە ئاشـــتەوایی هاتۆتـــە دی؟ یان کاتێک تاوانبارانی شـــەڕ بە ســـزای کردەوەکانی خۆیـــان دەگەن؟ دەکرێ ئاشتەوایی بە«قووت دانی حەبێکی تاڵ» تەعبیر بکەین؟ خاوەن ڕایان لە ســـەر هەر یەک لەو پرســـیارانە بابەتگەلێکی زۆریان نووسیوە بەڵام ئەوەی بەگشتی لە پەیوەندی دەگەڵ پرۆسەی ئاشتەواییدا دەبێ لەبەرچاوبگیرێن، بریتییە لە چوار قۆناغ. بۆ ئەوەی بە ئاشـــتیی ڕاستەقینە بگەین دەبێ ســـەرەتا مەســـەلەت بکەین و ئەو گرینگەش پێویستی بە جێبەجێ کردنی یەک لە دوای یەکی ئەو قۆناغانەیە:

**١** قەبووڵ کردنـــی وەزعییەتی مەوجوود (status quo)

**٢** دانیشـــتن و تێکگەیشـــتنی نێـــوان لایەنەکان.

**٣** ســـازان لەســـەر ئەو خاڵانەی ماکەی دژایەتییان لێ ســـاز بووە یان دروست کردنی پردێک لە نێوان تێبینییە جۆراوجۆرەکان.

**٤** ئاشـــتی لە نێوان دژمنانی پێشـــوودا. (Ramsbotham et al. , 2016:288)

خاڵی یەکەم قەبـــووڵ کردنی وەزعییەتی مەوجوودە، زیاتـــر وەک بژاردەیەکی نیگاتیف دەچـــێ، هەر دەڵێی مرۆڤ هیـــچ بژاردەیەکی دیکـــەی لەبـــەر دەم نییە و قەبـــووڵ کردنی ئـــەو بارودۆخە بە بەخـــت و ئیقباڵییەوە گرێ دراوە، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە و ئەو کەســـانەی خوازیاری ئاشتیی ڕاستەقینە و نەمانی شـــەڕن، دەبێ ســـەرەتا وەزعییەتی مەوجوود قەبـــووڵ بکەن. دەبـــێ دان بەوەدا بنێن کە لە شـــەڕ و کێشـــەدان و درێژەدانی ئـــەو بارودۆخە غەیری زیـــان هیچی دیکەی لێ ناکەوێتـــەوە. ئەگەر بمانهەوێ ئەو بەشـــە دەگەڵ دیاردەی بەکرێگیراودا هەڵسەنگێنین، ئاســـاییە دەبێ قەبوڵی کەین ئێمە دیاردەی بەکرێگیراوەمـــان هەبـــووە و خەڵکێک زیانیان بەرکەوتووە و دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.

قۆناغـــی دووهـــەم باســـی ئەوەیـــە هەتا دانیشتن و لێک تێگەیشتن لە نێوان لایەنەکان ڕوونـــەدا، ئەوا ئاشـــتیی ڕاســـتەقینە مەحاڵە دەســـتبەر بکرێ. دەبێ لایەنەکان داخوازی و ئیدیعاکانیـــان بێننە بەر بـــاس و گفتگۆیان لە ســـەر بکرێ. ئەو داخوازییانـــە دەبێ بەراورد بکرێن، خاڵی هاوبەشیان بۆ پێکەوە سازان تێدا بدیتریتـــەوە، ئەگینا بە ڕەخنـــە لێک گرتن و دیتنەوەی جیاوازییەکان، کێشەکان چارەسەر نابن. دە قۆناغی ســـێهەمدا کە باســـمان کرد دروست کردنی پردێک دەتوانێ جیاوازییەکان لێک گـــرێ بـــدا و لێـــک نزیکبوونەوەیەکی واقیعـــی بێتە ئاراوە. لێرەدا ئێمە دەرگایەک بە ڕووی یەکتـــردا دەکەینەوە، دەرەتان و ئیمکان دەدەین بـــە یەکتر. لە قۆناغی چوارەمدا ئیدی

دوژمنایەتیی پێشـــوو وەلا دەنرێ و کەشێکی عاتیفـــی و دەلاقەیەکـــی نوێ بـــەرەو داهاتوو دەخوڵقێ. (Pankhurst,1998)

## بەکارهێنانی میکانیزمـــی حکوومی لە دوای شەڕ

بۆ گەیشـــتن بە قۆناغی چوارەم واتە ئاشتیی ڕاســـتەقینە، دەکرێ حکوومەتەکان کەڵک لە میکانیزمـــی جۆراوجۆر وەرگـــرن. پێکهێنانی کۆمیسیۆن بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت یەکێک لەو کەرەســـتانەیە کە دەتوانێ دەوری بەرچاو بگێڕێ. لەو پرۆســـەیەدا گێڕانەوە و شـــایەتی دان بنەمای ئەو ڕەوتە پێکدێنێ. لە ڕاســـتیدا کۆمیســـیۆن لـــە پەیوەندی دەگـــەڵ ئاکاری بەکرێگیـــراوەکان لـــە دەورانـــی حکوومەتی پێشـــوودا، داوا لـــە خەڵـــک دەکا بێـــن و شـــکایەتەکانیان تۆمـــار بکەن، بەم شـــێوەیە ئەو کەســـانەی زەرەرمەند بوون و زیانیان بەر کەوتووە دێن و شایەتی دەدەن و بەسەرهاتی خۆیـــان دەگێڕنەوە، ئەو ڕەوتە دەبێ لەوپەڕی سەداقەت، ئاوەڵایی وشەفافییەتدا بگیردرێتەوە. بە سەداقەتەوە یانی ڕووداوەکان چۆن بوون بە بێ کەم و زیاد کردن وەک خۆی باس بکرێن. بە ئاوەڵایی مەبەست ئەوەیە ڕەگەز، کولتووری نەشیاو و کۆمەڵگا، نەبن بە بەربەست بۆ ئەوەی بـــۆ وێنە ژنێک نەتوانێ باس لە دەســـدرێژی جیســـنی بکا کە لە لایان تاوانبارێک کراوەتە ســـەری و بەم شـــێوەیە ســـەرپۆش لە سەر ڕاســـتییەکان دابندرێ و دیـــزە بەدەر خوونە بکرێن. (Barash & Webel, 2018: 603).

## ئافریقای باشوور

ئافریقای باشـــوور یەکێک لـــەو وڵاتانەیە کە لە دوای ڕێژیمی ئاپارتاید و هاتنەســـەرکاری نێلســـۆن ماندێلـــلا وەک ســـەرۆک کۆمـــار، کۆمیســـیۆنی دۆزینەوەی حەقیقەتی دروست کرد. لە ڕاستیدا بە کارهێنانی ئەو کۆمیسیۆنە لە لایـــان حکوومەتی ماندێلـــلاوە، لە نەوعی خۆیدا بێ وێنەیە.

ئاپارتاید بە مانای جیاکردنەوە و هەڵاواردنە و کاتێـــک لە حکوومـــەت و سیاســـەتدا بە کاردێ، بە هـــەڵاواردن و جیاوازیی ڕەگەزی وێنـــا دەکرێ. ئاپارتاید لە ئەفریقای باشـــوور یەکێک لە وەحشیانەترین شێوەکانی ڕاسیزم بوو کە لە لایان کەمینەی ســـپی پێســـتەوە بەســـەر زۆرینەی ڕەش پێســـتی ئەو وڵاتەدا ســـپا. بۆ ماوەی نزیک بە نیو ســـەدە خەڵکی ڕەش پێســـت، لە لایان ســـپی پێستەکانەوە، لە شـــوێنی ژیانیان دەگوێزرانەوە و کۆچیان پـــێ دەکرا. حەقی خوێندن، نووســـین و کار کردنیان لێ زەوت کرابوو. نێلســـۆن ماندێللا کە دژبـــەری نیزامی ئاپارتاید بـــوو، بە هۆی چالاکییەکانی لەو بوارەدا بۆ ماوەی ٢٨ ســـاڵ زیندانی کرا، بەڵام دوای ئازادبوونیشی، دیسان دەســـتی کردەوە بە خەبات و دوای یەکساڵ، بوو بە ســـەرۆک کۆماری ئـــەو وڵاتە. هەر لە دوای هاتنە ســـەر کاری، دەستی کرد بە ساز کردنی کۆمیســـیۆنی دۆزینەوەی حەقیقەت، بە مەبەســـتی مەســـڵەت کردن و ئاشتەوایی لەو وڵاتە لە نێوان ڕەش پێســـتەکان و سپی پێستەکاندا. (Barash & Webel, 2018: 604)

ئامانجی ئەو کۆمیسیۆنە چەند ڕەهەندی بوو. لـــە پلەی یەکەمـــدا کۆکردنەوەی بەڵگە لە ســـەر ئەو بەسەرهاتانەی کە ڕوویانداوە، لە پلەی دووهەمدا کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی ئەو کەســـانە کە وەک قوربانی لە ڕووداوەکاندا بوون، هەتـــا ئەو ڕووداوانە لە زەینی جەمعیی خەڵکدا بمێنێتەوە و ببنە دەرس و سەرمەشق بۆ داهاتوو. لە لایەکی دیکەوە کومیسیۆن پێی وا بوو گێڕانـــەوەی ڕووداوەکان، باری خەم و ئازارەکان لەسەر قوربانییەکان سووک دەکا و بەم شێوەیە ئازارەکان لە نێو هەموو کۆمەڵگادا بەش کراون. کومیســـیۆنی لەم شـــێوەیە، لە زۆر وڵاتـــی دونیادا پێکهاتـــوون و لە زۆربەی ئەو وڵاتانەش نیشانی داوە ئەنجامەکانی باش بوون و دەشێ کاریان پێ بکرێ.

کاری ئەو کۆمیسیۆنە بەم جۆرە بوو کە قوربانی دەهات و بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی دەگێڕایەوە، لەم پەیوەندییەدا تاوانباری ڕووداوەکەش ئەگەر لە ژیاندا مابا بانگهێشت دەکرا. ئەو دوو لایەنە بەرامبەر یەکدی دادەنران و وتوویژیان دەکرد، قوربانی باسی لە تاوانەکە دەکرد و تاوانبارەکەش دانی بە گوناهی خۆیدا دەنا. ئەو دیمانەگەلە تۆمار دەکران و لە نیهایەتدا تاوانبار و قوربانی وێکرا ئاشت دەبوونەوە و ڕابردوویان لە بیر دەبردەوە. بە بێ ئەوەی تاوانبار بە سزای تاوانی خۆی بگا یان قەرەبووی بکاتەوە. کۆمیسیۆن توانی زیاتر لە ١٦٠٠٠ دیمانە تۆمار بکا کە لەواندا بۆ وێنە جیرانی سپی پێست، بێ حورمەتیی بە جیرانی ڕەش پێستی خۆی کردووە، منداڵی ڕەش پێست، نراوەتە بەر کاری زۆرەملی، ژن دەستدرێژیی سێکسیی کراوەتە سەر، لە مەکتەب و قوتابخانەکاندا، هەڵاواردنی سیستماتیک ئەنجام دراوە و ڕەش پێستەکان لە زێدی دایک و بابی خۆیان دوور خراونەتەوە و. ..

گومان لەوەدا نییە کە ئافریقای باشوور بەم شێوەیە ڕێگای خۆی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ ڕابردووی خۆی هەموار کرد، بەڵام ئەو کۆمیسیۆنە بەر لە هەموو شت، جەختی لە سەربیستنی حەقیقەت بوو هەتا گەیشتن بە عەداڵەت. دوابەدوای ئەوەی کۆمیسیۆن کارەکانی خۆی تەواو کرد بەرەورووی ڕەخنەی زۆر توند بۆوە، ئێستاشی دەگەڵ بێ ڕەخنەی زۆر هاتۆتەوە سەر شێوەی کاری کۆمیسیۆنەکە. دەوڵەتی ماندێلا و هاوکارانیان لە کۆمیسیۆن پێیان وابوو زانینی ڕاستییەکان و کەشفی حەقیقەت، ئاشتی بە دووی خویدا دێنێ. بەڵام وەک گۆڵپن دەڵێ: تۆ بزانی ئەو هەموو کارەساتە ڕوویداوە و کەسانێک تێیدا تاوانبارن و کەسانێک قوربانین، بەڵام بە بێ ئەوەی تاوانبار باجێک بۆ کردەوەی خۆی بدا هەروا عەفووی بکەی، دەتوانێ زۆر بە هاسانی تووڕەیی و دژکردەوەی وەک تۆڵەی لە نێو کۆمەڵگادا لێ بکەوێتەوە. دەرد و ئازاری ئاپارتاید بیسترا و دەبیسترێ، زۆر کەس ئێستاش لە ئافریقا چاوەڕوانن تاوانباران لە پرۆسەیەکی عادڵانەدا بە سزای تاوانەکانیان بگەن. (Gloppen, 2009:9-10)

## Vergangenheitsbewältigung لە ئاڵمان

لە نێوان هەموو ئەو ئەزموونانەی لە سەر مەسەڵەت کردن لە دونیای سیاسەت و بەتایبەت شەڕدا لە بەر دەست هەیە، ئەزموونی وڵاتی ئاڵمان لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی زۆر جیاوزە. Vergangenheitsbewältigung کە وشەیەکی ئاڵمانییە بە مانای ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ ڕابردوویە. ئەو دەستەواژەیە لە ئەساسدا لە دوو بەش پێکهاتووە لە «ڕابردوو» و «خۆ دیتنەوە تێیدا». ئەگەر بمانهەوێ کارکردی ئەو وشەیە لە باری ماناییەوە لە پرۆسەی ئاشتەواییدا وێنا بکەین، دەتوانین بڵێین، فێر بوونی چۆنییەتیی ژیان دەگەڵ ئەو کارەساتانەی لە ڕابردوودا ڕوویان داوە.

> بۆ گەیشتن بە قۆناغی چوارەم واتە ئاشتیی ڕاستەقینە، دەکرێ حکوومەتەکان کەڵک لە میکانیزمی جۆراوجۆر وەرگرن. پێکهێنانی کۆمیسیۆن بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت یەکێک لەو کەرەستانەیە کە دەتوانێ دەوری بەرچاو بگێڕێ

سانتایانا فیلسووفی ئیسپانیایی دەڵێ: ئەو کەسانەی دەرس لە مێژوو وەرناگرن، محکوومن بەوەی دیسان هەڵەکانیان دووپات کەنەوە. بە ئیلهام وەرگرتن لەو وتەیە، ئاڵمان مەجبوور بوو دەگەڵ هۆلۆکاست و ڕاستییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی ڕووبەڕوو بێت. لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، ئاڵمان حەشیمەتێکی لەسەر دەست

ماوه کە بەشـــی زۆریان تاوانبار بوون یانی بە پێچەوانەی ئافریقای باشـــوور کە دوو لایەنی تاوانبـــار و قوربانیی تێدابـــوو و مەجبور بوون دەگـــەڵ یەک بژیـــن، ئەوا لـــە ئاڵمان یەک لایەن هەبوو کە بەشـــی زۆری تاوانبار بوون و مەجبـــوور بوون دەگەڵ ڕابـــردووی خۆیان ئاشت بنەوە. ئەو تاوانبارانە بەشێکیان خەڵکی مەدەنـــی بوون، بۆ ئـــەوەی ئەو خەڵکە پێ لە هەڵەکانی خۆیان بنێن و بزانن چییان کردووە، هەم کلیسای کاتۆلیک و هەم پرۆتێستان لەو وڵاتە، ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا. ئەو پرۆســـەیە هەر بە دانپێدانان و ناسینی هەڵە تەواو نەبوو، بەڵکـــوو لە دوای شـــەڕی دووهەمی جیهانی هەتا ئێســـتا بـــەردەوام بووە. لە ڕێـــگای ڕاهێنـــان، خوێندنەوە، شـــەفافییەت و ڕاســـتوێژی، ســـەردانی ئوردوگاکانـــی کاری ئیجبـــاری و ئـــەو کوورانەی لە لایـــان حکوومەتـــی نازییەوە بۆ ســـووتاندنی مرۆڤ کەڵکیان لێ وەرگیرابـــوو. ئەوانە هـــەر یەکە و بەشـــێکن لـــەو پرۆســـەیە و ئامانجیـــان ئەوەیە بـــە تایبەتی جیلی نوێی ئاڵمان و بە گشـــتی خەڵکی وڵاتەکە دەرس لە ڕابردوو وەرگرن و بزانن کە لە ڕابردوودا چۆنیان ناحەقی بە دژی دیتران کردووە. یەکێک لە کارە گرینگەکانی دیکەی وڵاتـــی ئاڵمان بۆ مەســـەڵەت کـــردن دەگەڵ قوربانیان دانی غەرامـــەت بە جوولەکەکان و وڵاتی ئیسرائیل بوو.

لـــە ٧ی دێســـامبەری ســـاڵی ١٩٧٠دا، بیست و پێنج ســـاڵ دوای شەڕی دووهەمی جیهانـــی، ویلـــی برانت(ڕاوێژکاری گشـــتی) یان ســـەدری ئەعزەمی وڵاتی ئاڵمان بۆ نوێ کردنەوەی دۆســـتایەتی ســـەردانی وەرسای وڵاتی لەهێســـتان(پۆلۆنیا)ی کرد. لەهێستان لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا زیانی بەرچاوی بەرکەوتبـــوو، برانـــت لـــەو ســـەفەرەدا زۆر خاکەڕایانـــە لە بـــەر دەم ئێلێمانی قارەمانانی گێتـــوو چۆکـــی دادا و چەنـــد خولەک لەم حاڵەتەدا مایەوە.

هەرچەند ئەو خۆی یەکێک لە دژبەرانی هیتلێر بوو بەڵام ئەو کردەوەیەی برانت، وەکوو کەسی یەکەمی وڵاتی ئاڵمان لەو سەردەمەدا، زۆر جێـــی بایەخ بـــوو و وەکـــوو ڕووداوێکی مێژوویی ســـەیر دەکرێ. کـــردەوەی برانت، لە هـــەر دووک وڵاتی لەهێســـتان و ئاڵمان، لـــە لایەن بەشـــێک لە خەڵکـــەوە ڕەخنەی هاتەوە ســـەر. زۆر کەسیش پێیان باش بوو و بە گرینگیان دەزانـــی. برانت وەکوو نوێنەری خەڵکی ئاڵمان نیشـــانی دا ئەو وڵاتـــە ئاشـــتیی ڕاســـتەقینەی دەوێ و بە شەهامەتەوە دەتوانێ دان بە هەڵـــە و تاواکانی خۆیدا بنـــێ. برانت ســـاڵێک دوایە لە ئۆســـلۆ خەڵاتی نۆبێلی ئاشتیی وەرگـــرت. (Barash & Webel, 2018: 606)

> ئافریقای باشوور یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە دوای ڕێژیمی ئاپارتاید و هاتنەسەرکاری نێلسۆن ماندێلا وەک سەرۆک کۆمار، کۆمیسیۆنی دۆزینەوەی حەقیقەتی دروست کرد

### ژاپۆن-کوشتاری نانجینگ

ژاپـــۆن لـــە مەســـەڵەت کـــردن و ڕووبـــەڕوو بوونـــەوە دەگـــەڵ ڕابـــردووی خۆیـــدا سیاســـەتی حاشـــا کردنی هەڵبـــژاردووە. لە شەڕی نێوان ژاپۆن و چیندا، شیمانە دەکرێ سێسەدهەزار کەس لە خەڵکی سیڤیلی چینی، بە دەســـتی ژاپۆنییەکان کوژراون و بیســـت هەزار بۆ هەشـــتا هەزار ژنیش دەستدرێژیی سێکســـییان کراوەتە ســـەر. ئەو ڕووداوانە لە نانجینگـــی وڵاتـــی چین و لـــە دوای ١٣ی دێســـامبەری ١٩٣٧ لە مـــاوەی ٦ حەوتوودا ڕوویان داوە. وڵاتی ژاپۆن ئێستاشـــی دەگەڵ بێ ئەو تاوانانەی وەئەستۆ نەگرتووە و بەردەوام لە دیفاعی مەشـــروع بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ئیدعایانە کەڵک وەردەگرێ. بەڵگە و سەنەدی

زۆر ئاشـــکرا لەبەر دەستن کە نیشان دەدەن ژاپۆن جیناياتی شـــەڕی ئەنجام داوە، لەوانە ئەو مندااڵانەی لە دوای دەستدرێژیی سێکسی بۆ ســـەر ژنە چینییەکان هاتوونەتە دونیا، لە تێســـتی دی ئێن ئەی دا، ڕەگەزی ژاپۆنییان هەيـــە، ئینجـــا گەواهـــی دان و دانپێدانانی سەربازانی ژاپۆنی کە دیمانەیان دەگەڵ کراوە، هەم دیمانەی قوربانییەکانیش ئەو ڕاستییانە دەسەلمێنن. بەاڵم ژاپۆن یەکەم ئەو ڕێژەیەی بۆ قوربانییەکان قەبـــووڵ نییە و ئیدیعا دەکا قوربانییەکان لە مابەینی ســـەد و دووســـەت هـــەزار کـــەس دان و ئینجا دەســـتدرێژیی سێکســـیش ئەنجام نەدراوە و هەرچی هەبووە لەو شـــەڕەدا دیفاعی مەشرووع لە سەروەریی ژاپۆن بووە.

## ئاکامی بابەت

ئەزموونی ئافریقا تەنیا بیســـتن و بە ڕاپۆرت کردنی تاوانـــەکان بوون، ئەزموونـــی ئاڵمان دەرس وەرگرتن لە ڕابردوو و ئاشـــت بوونەوە دەگەڵ مێژوو بوو. بەاڵم ژاپۆن حاشا لێ کردن و پشتگوێ خســـتن بوو. بە بڕوای من کورد بـــۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگـــەڵ بەکرێگیراو لە داهاتوودا، بە گوێرەی بارودۆخ دەتوانێ سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دیکەش وەرگرێ.

*. ئەو بابەتەم لە خولی کارناســـیی شـــەڕ و ئاشتیدا لە ئۆسلۆ بە زمانی نۆرویژی نووسیوە و ئێســـتا بە هێندێک وردەکارییەوە بە زمانی کوردی بڵاوی دەکەمەوە.




## سەرچاوە نۆرویژی و ئینگلیسییەکان:

• Barash, David P. & Charles P. Webel, 2018: Peace and Conflict Studies, 4th edition, Chapman University, University of New York in Prague, kapittel 22
• Gloppen, Siri, 2009: ‘Sør-Afrikas sannhetskommisjon – Et internasjonalt ideal?’, i FN magasinet, Årgang 3, Nr. 1, side 8-11 (kompendium)
• https://www.dictionary.com/browse/atonement
• Pankhurst, D. (1998) Issues of justice and reconciliation in complex political emergencies. Paper given at the British International Studies Association annual conference, Leeds, December. I boka Contemporary Conflict Resolution, Ramsbotham, Oliver; Tom Woodhouse & Hugh Miall, 2016, side287.
• Ramsbotham, Oliver; Tom Woodhouse & Hugh Miall, 2016: Contemporary Conflict Resolution, 4th edition, Polity Press, kapittel 10.
• Skaar, Elin, 2009: ‘Lang veg mot fred og forsoning’ i FN-magasinet, Årgang 3, Nr. 1, side 4-7 (kompendium)
• Sommerfeldt, Atle, 2005: ‘Ingen snarvei til forsoning’, i Heidrun Sørlie Røhr (red.), 2005: Dialog - Mer enn ord. Jubileumsskrift for Nansen Dialog: 1995-2005, Lillehammer: Nansenskolen, side 133-157 (kompendium)

## سەرچاوە فارسی و کوردییەکان:

• طباطبایی، محمد حســین. تفسیر المیزان، جلد ۲، دفتر انتشارات اســلامی، اینترنت، صفحه ۳۸۴-۳۸۳، دانلود شــده از: https://fa.alkawthartv.com/news/143339
• محمـــد، ڕ. هـــاوار. ۱۹۹۵، ســـمکۆ (ســـمایل ئاغای شـــکاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم
• هەمبانە بۆرینە، هەژار موکریانی، نوســـخەی ئانلاین بۆ ئاندرۆید، گەڕان لە وشەی بەکرێگیراو

# نعلْ معکوس و خفیه می‌رانی

مصطفی آبیار

”

پس از انتشار شماره ۵۴ فصلنامه تیشک که مباحث مربوط به اسلام سیاسی را در برگرفته بود، گروههای سیاسی اسلامی و نویسندگان نزدیک به این گروهها، مقالاتی را در نقد مقالات تیشک منتشر کردند. با توجه به اصول دیالوگ، یکی از آن مقالات که در نقد مقاله آقای رزگار موکری منتشر شده بود، بنا به درخواست نویسنده مقاله، در این شماره تیشک بازنشر میگردد. گردانندگان تیشک براین باورند که دیالوگ راهی برای خروج از بن‌بست‌های فکری، سیاسی و اجتماعی است و تیشک تریبونی برای دیالوگ با دیگری است.

“

در شماره‌ی ۵۴ مجله تیشک که مقالاتی پیرامون اسلام سیاسی نگاشته شده است، پنج مقاله اختصاصا به موضوع کاکه احمد مفتـی‌زاده و مکتب قـرآن پرداخته‌اند. مقاله‌ی نخسـت، نوشته‌ی معروف کعبی، بـه نقـد و تحلیل کتـاب آخرین مفتی سرزمین کردسـتان نوشته‌ی علی عزتیار پرداختـه و در تلاش اسـت تا برخی از روایت‌هـای تاریخی عزتیـار را نقد کند و روایت‌هایـی جایگزیـن را مطرح کند. مقاله‌ی دوم نوشـته‌ی رزگار مکری است که به آن خواهیم پرداخت. مقاله‌ی سوم نوشـته‌ی ولات زاگروس عمدتا گزینشی یک طرفه با نقل‌هـای تقطیعی از کتاب «جفـای جمهوری اسـلامی بـه احمد مفتی‌زاده» نوشته‌ی محسن کدیور است. در پایـان نیز مطالبی کلـی را از نگاهی بیرونی در مورد حرکت مکتب قرآن پس از رهبر آن بیـان می‌کند. مقاله‌ی بعدی که نوشته‌ی آقای سیروان کرماشانی است خالی از هر نوع روش درسـت تحقیق و تحلیل است و حاوی بیشترین تحریفات تاریخی و افتراهای نـاروا و خوانش‌های غیرمعرفتی به نسبت مفتی‌زاده و پیروان اوسـت با این اوصاف نوشـته‌ی او فاقد ارزش بررسـی و نقد است. آخرین مقاله نیز ترجمه‌ی فصلی از کتاب علی عزتیار با عنوان انقلاب، کوردستان و حرکت مکتب قرآن اسـت. مطلب عزتیار گرچه حاوی نکاتی درخور توجه و ارزشـمند است اما متاسفانه مجله با اضافه کردن سه صفحه مقدمه دوبـاره به تکرار همـان مطالب پیشـین و مواضع جهتدار می‌پردازد. در نبود روایت تاریخی غیر چپ و سـکوت عامدانه مکتب قرآن، میدانی برای تاخت و تاز کسـانی فراهم آمده است که چون برنامه‌ای بـرای حال و آینده ندارند تمام تلاششان متمرکز بر گذشته است تا تاریخ حزبـی را به جای تاریـخ ملی جایگزین کننـد و از طریق هویت تاریخی سـعی کنند خود را بازسازی کرده و جذب عضو کننـد، در حالی که غافلند در زمین چه کسی بازی می‌کنند.

در اینجا به بررسی مقاله آقای رزگار مکری (از این پس در متن ایشـان را به عنوان نگارنده ذکر می کنیم) می‌پردازیم که سـایر مقالات نیز اشتراکات زیادی با این نوشـته دارند. ادعـای اصلی نگارنده این اسـت کـه گرچه مکتب قـرآن به صـورت مسـتقیم در مقابـل گفتمـان ناسیونالیسـتی کوردی قرار نگرفته است امـا عناصر گفتمانی مکتب قرآن اجازه‌ی شـکل‌گیری یک گفتمان غالب ملی در کردسـتان را نداد. مکتـب قرآن مانع از شکل‌گیری گفتمان غالب ملی‌گرایانه شد، تا ایـن گفتمان غالب ملی توان مقابله با جمهوری اسلامی را در سال‌های انقلاب داشته باشد.

پیـش فـرض و مدعـای نگارنده در مقاله‌ی ۵ صفحه‌ای خود این اسـت که یک گفتمان ملی همدل، منسجم و متحد که دارای هدفی واحد بود در سـال‌های انقلاب و در عرصه‌ی سیاسـت کردستان حضور پر رنگ داشته است. تقابل خوانشی سیاسـی از دین با این گفتمان ملی مانع پیروزی این گفتمان در مقابل جمهوری اسلامی شد. این پیش فرض‌ها، مدعاها و نتیجه‌گیری‌هـا جای رخنه و نقد دارند و درسـتی آن‌ها به صورتی جدی مشکوک است.

ادعای نوشته حاضر، با از نظر گذراندن سریع حواث و تاکید بر دال‌های مرکزی، این است که برخلاف تصور ایشان:

۱ گفتمان ملی دارای انسـجام، اتحاد و هدفی واحد نبود. کوشش سیاسی احزاب نیز در راستای ایجاد چنین جبهه‌ای قرار

نداشت. در نتیجه صحبت از شکل‌گیری گفتمان غالب ملی احزاب وجهی ندارد.
۲ گفتمـــان دینی در تقابـــل با گفتمان ملی قرار نداشـــت بلکه این گفتمان چپ رادیـــکال بود که به گفتمان دینی هجوم همه جانبـــه آورده و دیدگاهی تک روانه داشت.
۳ مکتب قرآن و شـــخص کاکه احمد نه تنهـــا مانعی برای شـــکل‌گیری گفتمانی واحد برای احقاق حقوق ملت کورد نبودند بلکـــه تمام فعالیت و تـــلاش خود را در راستای شکل‌گیری یکدلی و حرفی واحد در مقابل حکومت مرکزی انجام دادند. در این راه نیز این گفتمان بیشترین مدارا و دگرپذیری را به نسبت سایر احزاب نشان داده است.
۴ گفتمان چـــپ رادیکال با نادیده‌گیری نقش دیـــن در میـــان مـــردم و جامعه کردســـتان و تلاش برای تقلید و بازتولید نســـخه‌های کشـــورهای کمونیســـت با برچســـب زدن‌های گوناگـــون و تبلیغات مخـــرب ســـبب جبه‌گیری‌ها و تشـــتت و نتیجتـــا ضعـــف گفتمان سیاســـی در کردستان شد.

۱

پاییـــز ۵۷ کـــه انقلاب ایران آغاز شـــد، شـــعارهای ناسیونالیســـتی در تظاهرات چپ‌هـــا دیده نمی‌شـــود و هـــدف اصلی اولیـــه پیروزی انقلاب و برافتادن شـــاه و ســـاواک بود. مفتی‌زاده که بنا بر اراده‌ی مردم و برخلاف میل خـــودش ناچارا به جریانات انقلاب کشـــیده شد، در پی آن بود تـــا در میان ســـیل و طوفان انقلاب دغدغه‌هـــای ملی و دینی خود را، که در همه‌ی عمرش بـــدان پایبند بود، تحقق ببخشـــد. حزب دموکرات که با برافتادن ساواک میدان را برای فعالیت علنی مهیا می‌دید پس از کش و قوس‌هایی با نگرش سوسیالیسم دموکراتیک در بهترین حالت خواهـــان شـــکل‌گیری یک دموکراســـی فـــدرال بود. چرایـــی و چگونگـــی اینها تقریبا همیشه مبهم بود. چپ رادیکال با آمیزه‌ای از اهداف مبهم و نگاهی به چپ جهانـــی و ایرانی موجودیت خود را اعلام کرد و گفتمان آن را می‌توان سوسیالیسم انقلابی خواند. نگاه چپ رادیکال به حزب دموکرات، گروهی مدافـــع بورژوازی بود. چپ معتـــدل و رادیکال بر ســـر نفوذ و اداره‌ی سیاسی در برخی مناطق اختلاف داشـــتند. پشیمانی و تاســـف رهبران هر دو حـــزب که در خاطرات و مصاحبه‌های آن‌ها مشهود است نشانی بر آن خطاهای تاریخی و اختلافات حزبی است.

هرچند چنان کـــه نگارنده نیز مدعی اســـت احزاب کوردستان ســـکولار بودند اما دســـت کم یکی از این احزاب گرایش ناسیونالیستی را تَنگ و کم‌بها می دید و ســـوداهای بلندتری در سر داشت. حزب دموکرات از «خودمختاری برای کردستان» در کنار دموکراســـی برای ایران صحبت می‌کـــرد و آن را دال مرکـــزی گفتمان سیاســـی خویش قرار داده و ســـال‌ها بر آن پافشـــاری کرد. هرچند تعریف آن‌ها از «خودمختاری» هیچگاه روشن و معین نبود و ابهام داشت، اما دیگر حزب سکولار با این هدف سر سازگاری نداشت. گفتمان دموکرات گرچـــه متاثر و مرتبط با حزب توده بود، مارکسیســـت و آرمان‌های چپ سوسیالیستی در حاشیه آن قرار داشتند. دال مرکـــزی کومله عملکـــرد انقلابی در بافتـــی چریکـــی بود که گاهـــی با توجه به منافع حزبی با ناسیونالیســـت مخلوط میشد و گاهی با جنگ با امپریالیسم. در این میان کانون گفتمـــان اصلی مرحوم مفتی‌زاده برای دســـتیابی به حقوق ملت

کورد پافشاری بر نفی تبعیض‌های ملی ـ مذهبی ـ طبقاتی بود.

قرائن تاریخی و تحلیلی نشانگر آن است که گفتمان دموکرات و مفتی‌زاده نقاط مشترک بسیاری در مقابل حکومت مرکزی داشتند و می‌توانستند گفتمانی غالب حول حقوق ملی را شکل دهند. از آنجایی که تا حدودی هر دو اهل گفت و گو و مدارا و قائل به حقی برای دیدگاه‌های مخالف بودند رسیدن به توافق آن‌ها دور از انتظار نبود. اما گفتمان چپ رادیکال از هر فرصتی برای جبران عقب افتادگی‌های سیاسی خود استفاده می‌کرد تا به اهداف خود برسد. از اتهام و ترور و کشتار تا نوشتن قطعنامه‌های مخفیانه به نمایندگی از ملت کورد.

پس از مقاطعی از انقلاب البته چپ معتدل در مورد مواضعش به نسبت مفتی‌زاده کم و بیش از چپ رادیکال تاثیر گرفت و این تاثیرپذیری نقشی منفی در روند ایجاد گفتمان واحد ملی داشت اما هیچگاه در تقابل و تنش شدید قرار نگرفتند. گفتمان چپ رادیکال چنانکه ریشه‌ی دین و آیین را در میان فرهنگ و تاریخ ملت کورد تشخیص نداد، نتوانست اهمیت نگاه ملی و گرایش ناسیونالیستی را نیز درست دریابند. از میان این بازخوانی مشخص می شود که گفتمان واحد ملی تقریبا در هیچ سطحی از تعریف اساسا وجود نداشته است تا کسی در آن ایجاد شکاف کند. تلاشی برای آن وجود نداشت، زیرا اهداف و منافع حزبی بر اهداف و منافع ملی و مردمی ترجیح داشت. این را از خلال قطعنامه ها، اعلامیه ها و نشست‌های بی حاصل می‌توان فهمید. اما نگارنده محترم بدون در میان آوردن عناصر اصلی گفتمانی و وقایع اتفاق افتاده صرفا با برکشیدن عناصر پیرامونی و حاشیه‌ای و آوردن آن‌ها به کانون گفتمان، تحلیلی مغلوط و نادرست به دست می‌دهد.

مفتی زاده در برخورد با احزاب کورد همیشه پایبند اخلاق سیاسی بود و سیاست را نیز رنگ اخلاقی می‌داد اما گفتمان‌های مقابل او سیاست اخلاقی را سرلوحه کار کرده بودند و اخلاق را نیز رنگ سیاست داده بودند. اخلاق را رنگ سیاست زدن سبب نیرنگ و نهایتا ایجاد بی‌اعتمادی می‌شود و راه تعامل را میبندد. و چه چیز بیشتر از بی‌اعتمادی می‌تواند سبب شکل نگرفتن گفتمان واحد سیاسی ملی شود؟

## ۲

قرار دادن دین و ملیت در تقابل با هم یک اشتباه منطقی است. همه‌ی انسان‌ها جبرا و متقدما دارای ملیتی هستند اما با اختیار و متأخرا می‌توانند دینی را برگزینند یا نه. تقدم و حب ملیت یک ویژگی فطری و انسانی است و عضویت در هیچ ملتی نشان فخر و برتری نیست. این سخن که با ملی‌گرا بودن نمی‌توان دیندار بود و یا بالعکس ناشی از فهم سطحی هر دو مسئله است. هر دو قضیه جنبه‌هایی از هویت هر فرد هستند. دین می‌تواند علاوه بر کارکرد هویتی کارکرد معرفتی و نجاتبخشی اخروی نیز داشته باشد. ناسیونالیسم بیشترین کارکردش از جنبه‌ی حقوقی است. دین حتی می‌تواند یاریگر جنبه‌ی حقوقی ناسیونالیسم باشد. ممکن است این سوال پیش بیاید که در دوراهی ترجیح منافع ملی و دینی کدام مقدم است؟ پاسخ آنکه مغالطه موجودسازی نباید ما را از انسان غافل کند. آنچه اهمیت دارد انسان انضمامی است که هم دین و هم ملت با آن معنا

می‌یابند. بنابراین ترجیح بر منافع اکثریت انسانی است که دین و ملت با آن‌ها معنا بخش است. باری نوشته حاضر در پی پرداختن فلسفی ـ اجتماعی ـ اخلاقی به این قضیه نیست و در جایی دیگر کم و بیش توضیح داده شده است.

گفتمان دینی کوردستان (در راس آن مکتب قرآن) نه تنها حاوی عناصر ضدملی و ضدگفتمان ملی نبود بلکه سرشار از عناصر و دال‌هایی است که دلالت بر دغدغه‌های ملی دارند. البته مسلم است که کاکه احمد خوانش خاص خود را از مسئله‌ی ملیت و مشکلات تاریخی کورد داشته است (و این حق هر کسی است)، که در جای دیگر کم و بیش به آن پرداخته ایم، اما این خوانش هیچ منافاتی با صرف ناسیونالیسم کوردی نداشت و ندارد. اگر احزاب کوردی با او از در مخالف درآمدند مسئله آن‌ها ملت کورد نبود، بلکه با صرف دیانت مشکل داشتند و آن را ارتجاع قلمداد می‌کردند.

نگارنده محترم آن همه تاکید، پافشاری و تلاش بی‌وقفه کاکه احمد را که در قالب طرح رفع ستم ملی ـ مذهبی ـ طبقاتی انجام گرفت نادیده می‌گیرد تا بدون هیچ دلیلی به تکرار تهمت نخنما و مسخره «پیشمرگان دولتی (مسلمان)» بپردازد. نادیده گرفتن همین دال مرکزی توسط نگارنده موجب تحلیل نادرست از هدف تاسیس «شمس»، همان پیگری حقوق ملی ـ مذهبی ـ طبقاتی در قالب طرح و تشکلی مقطعی، می‌شود.

این گفتمان چپ رادیکال بود که مفتی‌زاده و حقوق ملی کورد را قربانی دیدگاه‌های سیاسی و خشونت‌طلبانه خود کرد و مانع اصلی هر نوع مذاکره و گفت و گو میشد. کاکه احمد هر چه در توان داشته است در مقاطع مختلف از سرمایه‌ی شخصیتی ـ اجتماعی ـ سیاسی خود برای نزدیک کردن گفتمان‌های گوناگون و طرح آن‌ها در قالب یک گفتمان اصلی و غالب انجام داده است. اما متاسفانه برخوردی که با او شد طرد کردن و بایکوت کردن و پاسخ ندادن به دعوت‌هایش بود نه همجواری و تعامل و احترام متقابل.

> چپ معتدل در مورد مواضعش به نسبت مفتی‌زاده کم و بیش از چپ رادیکال تاثیر گرفت و این تاثیرپذیری نقشی منفی در روند ایجاد گفتمان واحد ملی داشت اما هیچگاه در تقابل و تنش شدید قرار نگرفتند

تلاش برای ترور مفتی‌زاده و برادرش و کشته شدن تعدادی از هواداران او ستیز چپ رادیکال با مفتی‌زاده را به اوج رساند. اینجاست که جدایی و شکاف میان این دو گفتمان که از همان ماههای اول انقلاب آغاز شده بود، بسیار عمیق و پر ناشدنی می‌شود و مفتی‌زاده برای جلوگیری از جنگ و برادرکشی (جالب است که کماکان آن‌ها را از جهت کورد بودنشان برادر خود می‌داند) مجبور به ترک زادگاهش و هجرت همراه با جمعی از شاگردانش به سمت کرماشان می‌شود. مفتی‌زاده حتی به اولیای دم هواداران کشته شده‌اش اجازه نداد که در دادگاه حکومت مرکزی از افراد کومله شکایت کنند. در تمام این مواضع اگر گفتمان مقابل اندکی از تندرویی‌ها و خشونت‌گرایی خود می‌کاست امید ایجاد گفتمانی واحد، منسجم، همدل و با یک هدف واحد همراه با اهداف فرعی هر یک از گفتمان‌ها همچنان باقی بود، اما دریغا

که چنین نکرد.

مفتی‌زاده کسی نبود در پی گرفتن مقام و منافع شخصی باشد. حتی پس از آنکه تقریبا مطمئن بود که از جانب حکومت ایران دستگیر خواهد شد، حاضر نشد پیشنهاد ماموستا هژار را برای ترک ایران بپذیرد زیرا دغدغه‌ی اصلی او ملتش بود نه جان خودش. متاسفانه نگارنده در طرح دال‌های گفتمانی کاکا احمد صرفا توجهش به قید اسلامی است و بدون در میان آوردن تعاریف و دیدگاه‌ها و وقایع می‌خواهد از این راه به هدف تحلیلی خود برسد و به ساده‌ترین شکل دست به مغالطه پهلوان پنبه بزند.

### ۳

نگارنده بدون در میان آوردن هر نوع فکت تاریخی و بدون بررسی حوادث آن مقطع مشخص به تکرار کلیشههایی سیاسی می‌پردازد تا از تاریکی موجود در ثبت و ضبط تاریخ معاصر کورد بهره بگیرد و به میل خود قلم فرسایی کند. باری، گفتمان چپ رادیکال بیش از آنکه سیاسی باشد نظامی بود. چنانکه مشی آن‌ها انقلابی‌گری، به معنای مورد نظر خودشان، و از میان بردن دیدگاه‌های مخالف بود. در این راه نیز از توسل به هیچ ابزاری دریغ نمی‌کردند و هدف توجیه‌گر هر نوع وسیله‌ای بود. چه چیز بیش از این تک روی‌ها و خودخواهی‌های حزبی و سیاسی می‌تواند مانع شکل‌گیری گفتمان واحد شود؟ گفتمان واحدی که با وجود اختلاف در دیدگاه‌ها در یک نقطه، یعنی حقوق ملی، می‌توانست هم نظر باشد، اما کارشکنی‌ها و عدم اعتماد به یکدیگر، تبلیغ و تخریب یکدیگر را به جای گفت و گو و تعامل نشاند.

نگارنده محترم به درستی تحلیلی از گفتمان شیعه‌ی بنیادگرای حکومت ندارد تا دریافت و چهارچوب آن فهم برخی از مواضع دینی/ سنی کاکه احمد را دریابد. دفاع کاکه احمد از گنجاندن حقوق ملت کرد در قانون اساسی را به کل نادیده می‌گیرد. در تلاش است تعامل و مدارای کاکه احمد را پاک کرده و تندروی و خشونت را جایگزین آن کند. این مفتی‌زاده بود که به زیر تابوت جنازه‌ی افراد چپی می‌رفت و اگر جاهلانی او را سنگ می‌انداختند، با اغماض از آن می‌گذشت. وقتی دختری چپی در خیابان او را خائن و خودفروش خطاب میکند، او مانع هر نوع تعرض و جبهه‌گیری از جانب همراهانش به او می‌شود و می‌گوید: گرچه می‌دانم که خائن نیستم، اما چون او از نگاه خود من را خائن می داند پس همینکه جرات کرده است در مقابل خائن و خودفروش ـ به زعم خودش ـ موضع بگیرد جای تقدیر است (نقل با مضمون).

صدها موضع از این دست نشان از بردباری و متانت و از خودگذشتی صادقانه دارد که هر لحظه آماده برای گفت و گو و ایجاد گفتمان واحد حق محورانه بود.

کومله که در اولین اعلامیه‌ای که موجودیت خود را اعلام کرد به مردم گفته بود: «به استقبال ندای مرد حکیم خدایی بروید» (منظور کاکه احمد بود) و آن شیخ هزار رنگ در ابتدا گفته بود «حرف کاکه احمد حرف من است» چه شد همینکه تعدادشان اندکی فزونی گرفت و خود را کسی دیدند که می‌تواند دارای نقش سیاسی باشد با طرح‌های آقای مهتدی به بیشترین تخریب‌ها و حملات علیه مفتی‌زاده پرداختند و شیخ را چنان در دست گرفتند که مجالی برای صحبت با مفتی‌زاده نیابد و شکاف و زاویه میان آن‌ها بیشتر شود. تا او را

به نمادی دینی-ملی برای تقابل و رقابت با مفتی‌زاده تبدیل کنند. (داستانی که مشابه داستان کاشانی و مصدق است).

از آنجایی که پایگاه مردمی نداشتند و حکومت مرکزی نیز رسمیتی برای آن‌ها قائل نبود، برای آنکه موجودیت خود را به حکومت مرکزی نشان دهند و به هر قیمتی خود را وارد بازی سیاسی کنند و مفتی‌زاده را به حاشیه برانند، چاره‌ای ندیدند جز اقدامات نظامی در مهاباد و سنه. اقدامات کاکه احمد جهت آرام کردن اوضاع و جلوگیری از جنگ و خشونت و کشت و کشتار با تهمت مضحک جمع‌آوری اسلحه برای خودش از جانب چپ رادیکال پاسخ داده شد. اقدامات نظامی خام و سبکسرانه که امروزه زیانشان در تاریخ کورد مسلم است.

نگارنده به اشتباه آغاز فعالیت دینی کاکه احمد را به سال‌های نزدیک انقلاب می‌کشاند تا این نتیجه غلط را استنتاج کند که ایجاد مکتب قرآن توسط کاکه احمد برای نزدیک شدن به گفتمان غالب دینی خمینی بوده است. تا از این راه بتواند این مدعای کاذب را مطرح کند که مفصل‌بندی گفتمان کاکه احمد همسو با حکومت مرکزی و در تقابل با گفتمان ملی حزب دموکرات بوده است. نخست آنکه کاکه احمد پیشینه زندگی‌ای دینی داشت که تقریبا از سال ۱۳۴۲ به بعد مفصل‌بندی و چهارچوب‌بندی نگرش‌های دینی او جلوه‌گر شد. خلط انگیزه و انگیخته مانع دیدن تمایزات بنیادین نگرش دینی کاکه احمد با قرائت رسمی حکومت و قرائت خمینی می‌شود. صرف اشتراک در عنصر ضدیت با امپریالیسم، که اشتراکی میان چپ و مسلمانان نیز بود، دلیلی برای همسویی و انگیزه‌ی مفتی‌زاده برای نزدیکی به گفتمان دینی خمینی نیست. نتیجه آنچه آمد را می‌توان در این اعتراف آقای صلاح الدین مهتدی دید:

*«در زندگی‌ام بسیار کاکه احمد مفتی‌زاده را اذیت کردم. اما اکنون بسیار پشیمانم. کاش آزارش نمی‌دادم. مرد دلسوز و متینی بود. هیچگاه آسیبی نیز به مسئله کورد وارد نکرده است.»*

## ۴

کردستان دارای پتانسیلی نیرومند در تحزب است و این مسئله هم می‌تواند فرصت‌زا باشد و هم مشکل‌زا. متاسفانه در تاریخ ما تاکنون کفه‌ی مشکل‌زایی بر فرصت‌زایی سنگینی کرده است و این نیازمند آسیب‌شناسی جدی است. قطعا یکی از عوامل، ریشه نداشتن این احزاب در خاک و فرهنگ و اجتماع این ملت است و یکی دیگر پایبند نبودن احزاب به مرامی دموکراتیک. حقیقتا استبداد سکولار از سر تا پایشان نمایان است (جلوه‌های آن در همین نوشتارهای مجله تیشک قابل مشاهده است) و پلورالیسم را نه در سیاست می‌پذیرند نه در عرصه‌ی عمومی و اجتماعی و عقیدتی. توسعه سیاسی صرفا با وجود اندیشه‌های چپ محقق نخواهد شد. ناسیونالیسم چپ کردی هیچگاه از ناصریسم مصر قوی‌تر نبوده است که در اندک زمانی قافیه را به اسلامگرایی باخت. چپ رادیکال با وجود آنکه دعوی دفاع از توده خلق را داشتند هیچگاه پشتیبانی توده‌ای نداشتند. (این مسئله از نتایج انتخابات برگزار شده در سنندج و تعداد کم افرادی که در پی اعلام آن‌ها برای تجمع و اعتراض گرد می‌آمدند

معلوم اســت.) آنها از تئوریســین بزرگ حزب کمونیست ایتالیا آنتونیو گرامشی، یاد نگرفته‌اند که می‌توان مارکسیست یا سوسیالیســت بود و به نقش حیاتی دین در پیشبرد جامعه‌ای عادلانه‌تر نیز اذعان داشــت و برای بهره‌گیری از دیدگاه‌های دینی مترقــی در سیســتم فکری خود تلاش کرد. عمــده ارتباط آنها با دین از ســر تاختن و توهین بوده است، که این در عموم جامعه کردســتان قابل پذیرش نبود و نیست.

گاهی نیز برای جبران این نبود پایگاه اجتماعــی و عوامفریبی از دین در عمل استفاده ابزاری کرده‌اند. این نمونه عجیب تاریخ یعنی پناه گرفتنِ کومله پشت سر شــیخ عزالدین عمدتاً برای کسب وجهه مردمــی صورت گرفت و اثــر خاصی بر نحوه اندیشــه‌ورزی سیاسی و اجتماعی هیچ یک از ســران کومله نداشــت بلکه بالعکس. در واقع احزاب ســکولار تلاشی برای اخــذ دال‌های شــناور در گفتمان خود نکردند که این مســئله می‌توانست تاثیــری جدی در شــکل‌گیری گفتمان غالب داشــته باشــد. آن‌ها تلاشی برای اندیشــیدن بر عقاید گروههای اسلامی و اخــذ عناصری که احیاناً قابلیت ادغام در اندیشه‌های آنها را دارد، نکرده‌اند و پس از ســال‌ها نیز بر همان کژراهه می‌روند. اساســاً این مارکسیســم غربــی بود که به بازاندیشــی نحوه تعامل خود با دین پرداخت و سعی بر ارتباط گیری سیاسی و فکری با دینداران نمود. حزب دموکرات امــا حتی پــس از چرخش به ســمت سوســیال دموکراسی غربی نیز نتوانست تغییری اساســی در رویکرد خود نسبت به دیــن ایجاد کند و در اندیشــه‌ورزی سیاســی و اجتماعی‌اش عناصر دینی را به کار ببرد و یک ســنتز چپ ـ مذهبی برای تحلیل اوضاع کردستان ایجاد کند. متاســفانه گاهــی از در تاختن نیز ورود می‌کنــد. نتیجه آنکه نه تنها کوششــی جهــت فهم دنیای دینداران نکرده‌اند که موجب تعامل و همزیســتی شــود بلکه خــارج از دنیای آن‌ها ایســتاده و تکرار مکررات می‌کنند.

## نتیجه

تصویری که نگارنده برای خواننده ترسیم می‌کند بسیار ناقص و ناتمام است. گویی آن سال‌های تاریخی و حوادث کردستان، از نظر ایشــان پازلی اســت با دو قطعه مربعی سیاه و سفید. به پیوستاری بودن حــوادث توجهی ندارد و جایگاه دال‌های مرکزی و حاشیه‌ای را که به صورت معلل انتخاب کــرده، عوض می‌کند. شــکاف گفتمانی را درست تشخیص نداده است و به تکرار کلیشــه‌های مرسوم سیاسی- تاریخی چــپ پرداخته اســت که همه کاسه کوزه‌ها را ســر دینداران بشکند و خود بدون آنکه گردی بر دامنش بنشیند میــدان جنگ و معرکــه انقلابی را ترک می‌کند. تحلیــل نگارنده بیش از هرچیز یادآور این جملات هژار است: «در آشوب آزادی‌خواهی کردســتان بعــد از انقلاب اســلامی، خیلی از کوردهــای مهاباد و ســنه، به زشــتی از احمد مفتی‌زاده یاد می‌کردند. اما وقتی که با او آشــنا شدم، دانســتم که از غرضی جاهلانه بدی او را می‌گویند. گناه او همین بوده که مسلمانی واقعی اســت. و این باور و دیدگاه برای کومونیست و خیلی از جوانان امروز قابل هضم نیســت...از وقتی که خودم روبه‌رو کاکــه احمد را دیده‌ام و با او به شــمال سفر کرده‌ام، خیلی به دلم نشسته است. از نظرم هزاران کومونیست جاهل رو باید قربانی مرده‌ی او کرد».

# مەکتەبی قورئان، وردە گوتاری ڕکابەر

## (وڵامێکی هێمن بۆ وڵامێکی تووڕە)

ڕزگار موکری

لە ڕەوتێکی مێژوویی بە تایبەت مێژووی گەلێکی وەک کورد، کە سیاسەتەکەی پتر دژکردەوە بووە تا کردەوە، هەڵەش کراوە و ڕەنگە لێک حاڵی نەبوون و بە هەڵە لێک تێگەیشتن و تەنانەت خیانەتیش ببیندرێ، کە دەکرێ هەموو ئەم ڕووداوانە لە بەستێنی مێژووییی خۆیاندا، خوێندنەوەیان بۆ بکرێ و پاشان دەرسیان لێ وەربگیرێ و بکرێنە پلەیەک بۆ قۆناغێک بەرەوپێش چوون و ئیزن نەدان بە دووپاتە و چەند پاتە بوونەوەیان.

پێویستە ئەوە بگوترێ کە ئەم نوسراوەیە تەنیا بۆ وڵام دانەوەی هێندێک لەو باسانە کرا کە نووسەری بەڕێز کاک «مستەفا ئابیار» لە وڵامی وتارە ئاماژە پێکراوەکەدا نووسیویەتی و خۆم لە دووپات کردنەوەی باسەکانی وتاری پێشوو پاراست، ئەم وتارە ئەگەرچی بە مەبەستی وڵام دانەوە نووسراوە بەڵام دەتوانێ بەشی دووهەمی وتارەکەی پێشوو بێت.

دوای ئەوەی وتاری «مەکتەبی قورئان؛ بەرامبەر بە گوتاری نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئیسلامی سیاسیی هاوچەرخدا» بڵاو بۆوە، لەیەکێک لە سایتەکانی سەر بەم جەریانە، وڵامێکی توورە لە جوابی ئەم وتارەدا بڵاو کراوە، وڵامێک کە لە ڕوانگەیەکی ئیدئۆلۆژیکەوە و بە ئامانجی بەری کردنی کاک ئەحمەد موفتیزادە و مەکتەبی قورئان لە هەر هەڵە و بە لاڕێداڕۆیشتنێک و لە بەرانبەردا، تاوانبار کردنی جەریانی چەپ و نەتەوەیی، نووسرابوو. لەڕاستیدا ئەم جۆرە وڵام دانەوەیە کە سەراپا توورەیی پێوە دیارە، لە پلەی یەکەمدا نیشاندەری ڕۆحی ڕەخنە هەڵنەگری نووسەرە و پاشان دەتوانێ نیشانەی ڕوانگەی «تەجویزی» بوونی ئەندیشەی دینی بێت کە ئەزقەزا ڕاست کێشەی سەرەکی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە گەڵ ئەم جۆرە بیر کردنەوەیە لێرەوە پێش دێ: جۆرێک بیر کردنەوە کە خۆی بە حەقیقەتی موتڵەق دەزانێ و وەک باشترین ڕێگا بۆ هەر پرسێک، شێوازی خۆی بە تاکە چارەسەر دەزانێ، ئەم جۆرە لە بیر کردنەوە کە بنەمای ئیسلامی سیاسی و دامەزراوە و دەسەڵاتە ئیدئۆلۆژیکەکانە، ڕێی دیالۆگ و دانوستان زۆر چەتوون و دژوار دەکەن. دیارە دەکرێ بگوترێ لە ڕەوتێکی مێژوویی بە تایبەت مێژووی گەلێکی وەک کورد، کە سیاسەتەکەی پتر دژکردەوە بووە تا کردەوە، هەڵەش کراوە و ڕەنگە لێک حاڵی نەبوون و بە هەڵە لێک تێگەیشتن و تەنانەت خیانەتیش ببیندرێ، کە دەکرێ هەموو ئەم ڕووداوانە لە بەستێنی مێژوویی خۆیاندا، خوێندنەوەیان بۆ بکرێ و پاشان دەرسیان لێ وەربگیرێ و بکرێنە پلەیەک بۆ قۆناغێک بەرەوپێش چوون و ئیزن نەدان بە دووپاتە و چەند پاتە بوونەوەیان.

نەبوونی دەرکێکی دروست لە «لێکدانەوەی گوتار» (تحلیل گفتمان)، گوتاری زاڵ، وردە گوتار، گوتاری ڕکەبەر و سەرجەم واتاکانی ئەم تیئۆرییە سیاسییە کە بنەمای ئەم نووسراوە «پێنج لاپەڕەییە» پێک دێنن، یەک لە گرفتەکانی نووسەری وڵامەکەیە، کەواتە پێویستە پێشتر لە سەر ئەم واتایانە کۆک بین، پاشان بێینە سەر باسی سەرەکیی نووسەری ڕێزدار.

> نووسەری هێژا تووشی لێ حاڵی نەبوون بووە و گوتاری هاوبەش و زاڵی تێکەڵ کردووە، لە هیچ جێیەکی وتارەکەدا باسی ئەوە نەکراوە کە موفتیزادە و مەکتەبەکەی بوونەتە هۆی پێک نەهاتنی گوتاری زاڵ

## لێکدانەوەی گوتار(تحلیل گفتمان)

گوتارەکان لە کۆمەڵێک واتا، نیشانە و وشە پێک دێن کە بە شێوەیەکی مانادار لەگەڵ یەکتری لە پەیوەندیدان لێکدانەوەی گوتار ئەم پەیوەندییە ماناییە، دەدۆزێتەوە و لێکی دەداتەوە (حقیقت، ۱۳۹۱، ۶۱۴)

## گوتاری زاڵ

ئەگەر گوتارێک بتوانێ نیزامی مانایی خۆی بە نیسبەت داڵەکانی گوتارەکەی بسەلمێنێ و کۆمەڵگا وەریبگرێ، ئەم گوتارە هێژمۆن

دەبێــت و دەبێتــە گوتــاری زاڵ، واتە کام هێزی سیاسی بتوانێ بە نیسبەت کێشەکانی کۆمەڵگا بڕیار بدا، گوتاری هێژمۆن یا گوتاری زاڵە(مارش و استوکر، ۱۳۹۳، ۲۰۹)

## وردە گوتار

ئەو گوتــار یــا گوتارانەی کــە لەڕوانگەی کۆمەڵــگاوە نەیانتوانیــوە ولاّم و ڕێ چارەســەری گونجاویان بۆ پرسیار و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان پێ بێت و هێژمۆن نەبوون، بەڵام وەک نیزامێکی مانایی جیاواز بوونیان هەیە و ئەگەری ئەوە هەیە لە ئاکامی شکست یــا ناکارامەیی گوتاری زاڵــدا، هێژمۆن بن و جێــی ئــەم گوتــارە زاڵــە بگرنەوە(حقیقت، ۱۳۹۱، ۶۱۶)

## گوتاری ڕکابەر

گوتارێک کە دەیهەوێ بە کەڵک وەرگرتــن لە نیزامــی مانایی خۆی گوتــاری زاڵ وەلاوە بنێ و بۆخۆی هێژمۆن بێت (حسینی زادە، ۱۳۸۶، ۲۴)

## گوتاری هاوبەش

گوتارێــک کــە بەرهەمــی ســازانی گوتاری زاڵ و گوتارە ڕکابەرەکانە لە سەر «دالێک»ی هاوبەش لە بەرانبــەر گوتاری دژبەردا کە لە دۆخێکی دوژمنانە (فضــای تخاصم)دان. بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە؛(موکری، ۱۳۸۹، ۱۰۴-۹۸)

هەر لە ســەرەتای باسەکەوە نووسەری هێژا تووشی لێ حاڵی نەبوون بووە و گوتاری هاوبەش و زاڵــی تێکــەڵ کــردووە، لە هیــچ جێیەکی وتارەکەدا باســی ئەوە نەکراوە کــە موفتیزادە و مەکتەبەکــەی بوونەتــە هۆی پێک نەهاتنی گوتاری زاڵ، کە لە بنەمادا ئەوە شتێکی هەڵەیە کە نووســەر پێداگرە لە سەر ئەوە، لە حاڵێکدا لەم وتــارەدا ئاماژە بەوە کراوە کە جیابوونەوەی موفتیــزادە لــە جەریانە کوردییــەکان و تاک کەوتنەوەی بۆ دانوســتان لە گەڵ دەســەڵات بــووە هۆی ئیزن نەدان بە ســاز بوونی گوتاری هاوبــەش، گوتارێک کە لە ســەر بنەمایەک لە نێوان گوتاری زاڵ و وردە گوتارەکاندا ساز دەبێ.

لە درێژەدا نووســەر لــە چەند بەش دا ڕەخنەکانی پێشکەش دەکا، ئێمەش هەر لە سەر ئەم بنەمایە، تێبینیەکان باس دەکەین و هەڵەکانی ڕاست دەکەینەوە.

## ۱

نووســەر، دەڵێی فۆبیــای چەپی هەیە و بێ هیچ پەیوەندییەک، باســی هەر شتێک دەکا دەیهێنێتەوە سەر ئەو باســە کە چــەپ وای کرد و وا چــوو، ئەوە لــە کاتێکدایە ئەو باســانەی کە لە وتارەکەدا هاتوون هیــچ پەیوەندییەکیان بــە چــەپ و کۆمەڵــەوە نیە، ســەرەڕای ئەوە، وەک باس کرا تووشــی لێک حاڵــی نەبوون و ئاڵۆزییەکی ســەیری مانایی و شێوازییە. شتەکە زۆر ئاشکرایە، لە کوردســتانی ســاڵی ۵۷دا گوتارێکی سەرەکی کە گوتاری نەتەوەیــی بــوو وەک گوتاری زاڵ بوونــی هەبوو، دوو وردە گوتاریش وەک گوتاری ڕکەبەری ئەم گوتارە زاڵە لە مەیداندا بــوون، وردە گوتاری چەپی مارکسیســتی کــە کۆمەڵــە نوێنەرایەتیی دەکــرد و وردە گوتاری ئیسلامی سیاســی بە نوێنەرایەتیی ئەحمــەدی موفتیزادە و مەکتەبەکەی، وردە گوتاری چەپ لە ســەر زۆر خــاڵ لە گەڵ گوتاری زاڵ کــە گوتاری نەتەوەییی حیزبی دێموکرات بوو ڕێک بوون کە گرینگترینیان خودموختــاری بۆ کوردســتان و هەبوونی یــەک بەردەنگی هاوبەش بوو، وەک گوتاری

> لەڕاستیدا ئەم جۆرە ولاّم دانەوەیە کە سەراپا تووڕەیی پێوە دیارە، لە پلەی یەکەمدا نیشاندەری ڕۆحی ڕەخنە هەڵنەگری نووسەرە و پاشان دەتوانێ نیشانەی ڕوانگەی «تەجویزی» بوونی ئەندێشەی دینی بێت

دژبەر، کە ئەویش گوتاری ئیسلامی سیاسیی فەقاهەتیی کۆماری ئیسلامی بوو؛ بەڵام وردە گوتاری مەکتەبی قورئان ڕاست لە سەر ئەو خاڵەی کە دەیتوانی ببێتە هۆی پێک هاتنی گوتاری هاوبەش، لەگەڵ گوتاری زاڵی دێموکرات لە سەر ئەو تەحلیلەی کە خومەینی و گوتارەکەی دەتوانێ پتر پارێزەری کەڵکەڵەکانی ئەوان بێت ناتەبا بوو، کەواتە ئەوەی کە گوتارێکی هاوبەشی کوردی لەو سەردەمەدا پێک نەهات لە گەڵ نووسەر هاورام، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە گوتاری زاڵ بوونی نەبوو، گوتاری زاڵی کوردی بە هۆی ڕەکەبەرایەتی وردە گوتارەکان لە گەڵ ئەم گوتارە زاڵە و پێمل نەبوون بە ساز کردنی گوتاری هاوبەش دژ بە گوتاری خومەینی، لە سەرووی هەموانەوە تەحلیلی هەڵەی موفتیزادە لە سەر پشت بەستن بە بەڵێنەکانی خومەینی کە بۆخۆی دەڵێ چوار ڕۆژ پێش سەرکەوتنی شۆڕش بەڵێنی پێ دابوو، نەیتوانی لە ساز کردنی گوتارێکی هاوبەشدا سەرکەوتوو بێت. ئەوەی کە دەگوترێ ئەوە چەواشە کاریی مێژووییە، دەبێ بگوترێ کە لانی کەم سێ سەرچاوەی جیاواز ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە موفتیزادە لە دیدارەکەی هەیئەتی کوردی و تاران لە سنە، لە ژێر بەڵێنەکانی دا، دوکتور حسێن خەلیقی (لە وتووێژێکی تلویزیۆنیدا)، عەبدوڵلاحەسەنزادە (لە وتووێژێکی تلویزیۆنیدا)، سارمەدین سادق وەزیری(وەزیری، ١٣٨٦، ٩٦) کە هەر سێکیان ڕەوایەتی شەوی پێش دیدارەکەی هەیئەتی تاران و سەبەینێی دیدارەکە دەکەن و ئەو ڕاستیە پشتڕاست دەکەنەوە کە موفتیزادە، بێ لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە بەڵێنەکانی شەوی پێشووی لادەدا و کەڵێن دەخاتە بەرەی کوردییەوە و خۆی وەک بەردەنگی سەرەکیی تاران ناودێر دەکا و بە جیا دەکەوێتە وتوویژ لە گەڵ هەیئەتەکە، لە لایەکی دیکەوە موحسین کەدیوەر لە کتێبی (جفای جمهوری اسلامی به احمد مفتی زاده متفکر نو اندیش و مبارز کرد اهل سنت) بە ئاماژە بە قسەکانی موفتیزادە لە دیداری ڕۆژی ١٨ی ڕێبەندانی ١٣٥٧، لە گەڵ خومەینی، دەڵێ کە موفتیزادە سەنگەری خۆی لە گەڵ جیاییخوازەکان جودا دەکاتەوە (کدیور، ١٣٩٧، ١٦)، کە ئەم ڕەوتە بە هێندێک کردەوەی نامەسئوولانە بە نیسبەت بزوتنەوەی کوردی و گوتاری زاڵی نەتەوەیی درێژە پەیدا دەکا، تۆمەتی سەر بە ئەمریکا بوون دەداتە پاڵ دێموکرات و سەر بە سۆڤیەت بوونیش دەخاتە پاڵ کۆمەڵە، (لە نەوارێکی کاسێت دا کە بۆ ڕەد کردنەوەی تۆمەتی دامەزراندنی پێشمەرگەی موسڵمان بۆ لایەنگرانی خۆی قسە دەکات، چەند جار ئەم تۆمەتی سەر بە ئەمریکا و شۆڕەوی بوونە دووپات دەکاتەوە) تۆمەتێک کە ڕاست ئەدەبیاتی کۆماری نوێی ئیسلامی بوو و تا ئێستاش ڕۆڵەکانی کوردی پێ دەستبەسەر، زیندانی و ئێعدام دەکرێ.

> ڕووبەڕوو کردنەوەی نەتەوە و دین هەڵەیەکی لۆژیکییە، ڕاست وایە و نەتەوە و ئایین ناکرێ وەک دژبەر لێی بڕواندرێ، تەنانەت لە زۆر قۆناغی مێژوویی و لە زۆر وڵاتدا ئایین توانیویەتی بێتە یارمەتیی ناسیۆنالیسم

## ٢

دیارە وەک نووسەر دەڵێ؛ ڕووبەڕوو کردنەوەی نەتەوە و دین هەڵەیەکی لۆژیکییە، ڕاست وایە و نەتەوە و ئایین ناکرێ وەک دژبەر لێی بڕواندرێ، تەنانەت لە زۆر قۆناغی مێژوویی و لە زۆر وڵاتدا ئایین توانیویەتی بێتە یارمەتیی ناسیۆنالیسم و تەنانەت وەک کەرەسەی نەتەوە ساز، یارمەتی بە گوتاری

نەتەوەیی بگەیەنێ، کە گرینگترین وێنەکەی ئێرانی سەردەمی سەفەوی و کۆماری ئیسلامییە کە مەزهەبی شیعە دەبێتە بنەمای ناسیۆنالیسمەکەیان و ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی ئایینیی نەتەوەیی. بەڵام بە داخەوە ئەوەی لە سەردەمی شۆڕشدا لە سەر دەستی مەکتبی قورئان و موفتیزادە ڕوودەدا، دژایەتیی گوتاری زاڵی نەتەوەیی بە پاساوی ئیسلامی سیاسی و هاودەنگی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیی خومەینی لانیکەم بۆ ماوەیەک، کە ئەزقەزا گرینگترین ماوەی بزووتنەوەی کوردی بوو، کە دەبوو بە گوتاری هاوبەشەوە دژ بە ناسیۆنالیسمی مەزهەبیی خومەینی ڕابوەستێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە «شێخ عێزەدین» وێڕای ئەوەیکە کەسێکی ئایینی بوو، هزرە ئایینییەکەی نەبووە هۆی بەربەرەکانێی بزووتنەوەی نەتەوەیی و گوتارە سیاسییەکەی لە چوارچێوەی کەڵان گوتاری نەتەوەیی، بێ لە بەرچاو گرتنی ئایین وەک کەرەسەیەکی دژ بەم گوتارە شکڵی گرت. دیارە کاک ئەحمەد لە نووسراوە و حەولەکانیدا باسی سڕینەوەی هەڵاواردنی مەزهەبی، نەتەوەیی و چینایەتی دەکات بەڵام ئەو داواکارییانە وەک نووسەر دەڵێ لە چوارچێوەی گوتاری تایبەت بە موفتیزادەدا بوو، کە ڕاست کێشەکە لێرەوە پەیدا دەبێ، چون دیارە موفتیزادە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ڕێگایەک هەڵدەبژێرێ کە ناتوانێ بچێتە ژێر چەتری بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردەوە، بەڵکو شێوازی ئەو لە سەرەتادا هاوتەریبی لە گەڵ خومەینی بوو، پاشانیش نزیک بوونەوە لە گوتاری ئیخوانول موسلیمین. شیوازێک کە ئاکامەکەی نە بەرژەوەندیی خۆی تێدا بوو نە نەتەوەکەی، چون هەر لە هەنگاوی هەوڵەوە بوو بە یەکەم لەمپەڕی سازبوونی گوتاری هاوبەشی کوردی.

> حیزبی دێموکرات لە سەر بنەمای مەزنترین کێشەی مێژوویی کورد کە کەلێنی نەتەوەییە، دامەزرا و پتر لە سی ساڵ دوای دامەزرانی، لە بەرانبەر کەڵان گوتاری دەسەڵاتەکانی پەهلەوی و پاشان کۆماری ئیسلامی بووە گوتاری زاڵ

## ٣

سەرانسەری نووسراوەکەی نووسەر باس لە کۆمەڵە و جەریانی چەپە، کە پیویستە ئاماژە بکرێ نە ئەم وڵامە و نە «وتارە پێنج لاپەڕەییەکە» بە تەمای ئەوە نین، قەزاوەت لەسەر کێشەی موفتیزادە و کۆمەڵە بکەن، دیارە مەبەست لێکدانەوەیەکی کورت بووە لە سەر ڕەوتی گوتاری سیاسیی مەکتەبی قوڕئان و پەیوەندییەکەی لە گەڵ گوتاری نەتەوەیی کە پێم وایە بەرانبەر بەم گوتارە نەتەوییە بووە و ئەم گوتارەی موفتیزادە بۆتە هۆی خەساری گەورە لەو قۆناغەدا. لەڕاستیدا مەبەست لەم لێکدانەوەیە شکاندنی هیچ کەسایەتیەک بە تایبەت ئەحمەد موفتیزادە نیە، بەڵکو لێکدانەوەی مێژووە لە سەر بنەمای گێڕانەوە مێژووییەکان، گێڕانەوەی بەشێک لە مێژوو کە بە خۆشییەوە ئێستاش زۆر کەس لە خوڵقێنەرانی ئەم مێژووە لە ژیاندا هەن و باس لە دیرۆکێکی وا کۆن ناکرێ کە پێویستی بە بەڵگە و لێکۆڵینەوەی زۆر دژوار بێت.

حەول دان بۆ ساز کردنی بوتێک لە کاک ئەحمەد و پاشان پەرەستن و بەری کردنی لە هەر جۆرە هەڵە و خراپ تێگەیشتنێک، ڕاست ئۆرتۆدکس بیر کردنەوەیە و هاوشێوەی ئەو کارەیە کە لایەنگرانی خومەینی کردیان و چل ساڵە خەڵکی ئێرانی پێ دەرەتێنن. پێمل بوون بە هەڵە مێژووییەکان و داوای لێبوردن لە کۆمەڵگا و هاتنەوە سەرڕێبازی خەڵک و هاوتەریب بوون لە گەڵ گوتاری زاڵی کوردی بۆ یارمەتی بەخشین بە ساز

بوونـــی گوتاری هاوبەش ئەو کارە بە نرخەیە کە یارانی موفتیزادە و ســەرجەم لایەنەکان بۆ خزمــەت کردن بە گەلەکەیــان دەتوانن بیکــەن، نەک دەمارگرژیی بــێ بنەما و خۆ شاردنەوە لە مێژوو.

۴

گوتراوە کە تەحەزوب دەتوانێ دەرفەت بێت و دەشتوانێ مەترسی بێت، کە مەترسییەکانی تەحــەزوب لە کوردســتان پتر بــووە چون ئــەو حیزبانەی کــە هەن لە ســەر بنەمای تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی وڵاتــی خۆیان پێــک نەهاتوون. پێویســتە بگوتــرێ کە؛ حیزبی سیاســی بەرهەمی کولتوور نییە، هەڵبەت فەرهەنــگ دەتوانێ ببێتە هۆی چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی حیزب، بــەڵام ناتوانێ جۆری فەرهەنگ ببێتە هۆی پێکهاتنی.


حیزبی سیاســی لە دەوری کەلێنــە کۆمەڵایەتییــەکان (social cleavages) ســاز دەبن (بشیریه، ۱۳۸۱، ۹۸) حیزبی دێموکــرات بــە هۆی کەلێنی نەتەوەیی ســاز بوو، کەلێنێک کە سیاسەتەکانی نەتەوەسازیی پەهلەوی و حەول بۆ سڕینەوەی ئەو جیاوازییە نەتەوەییانە قووڵ ببووەوە و لە ئاکامدا ئەم حیزبە کــە حیزبێکی نەتەوەیی بوو شــکڵی گرت. کۆمەڵــە وەک حیزبێکی مارکسیستی کە کەڵکەڵەی چینایەتیی هەیە بە دەوری کەلێنــی چینایەتی کە بەرهەمی سیاســەتەکانی دەیەی چلــی پەهلەوی کە «ئیسلاحاتی ئەرزی» گرینگترینیان بوو کە لە ئاکامیدا چینێکی شارنشینی فەقیری بەرهەم هێنابوو، پێکهات، کەواتە کۆمەڵەش بەرهەمی بارودۆخێکی ئابــووری بوو. مەکتەبی قورئان وەک جەریانێکی سیاسی نە وەک گرووپێکی تەبلیغیی ئایینی، بەرهەمی کەلێنی مەزهەبی بــوو، کەلێنێک کە پێش هاتنە ســەرکاری دەوڵەتی نوێی مەزهەبی بە سازبوونی گوتاری ئیسلامی سیاسیی شیعە، کە توانی، کەلێنی مەزهەبی کە تا ئەو کاتە ناچالاک (غیر فعال) بوو چالاک بــکات، کەواتە مەکتەبی قورئان وەک جەریانێکی سیاســی بەرهەمی کەلێنی مەزهەبی بــوو. حیزبی دێموکرات لە ســەر بنەمای مەزنترین کێشــەی مێژوویی کورد کە کەلێنی نەتەوەییە، دامەزرا و پتر لە سی ســاڵ دوای دامەزرانی، لــە بەرانبەر کەڵان گوتاری دەســەڵاتەکانی پەهلەوی و پاشــان کۆماری ئیســلامی بووە گوتاری زاڵ و وردە گوتــاری مەکتەبەکــەی کاک ئەحمەد بووە گوتاری ڕکابەری ئەم گوتارە زاڵــە، گوتارێک کە ســێڵاوی جەماوەری لە پشت بــوو، چون لــە ســەر بنەمای گەورەتریــن کێشــەیان و بــۆ چارەسەریی دەردی مێژووییان و وڵامــی داواکارییەکانیــان حوزوری سیاسی و کۆمەڵایەتیی پەیــدا کردبوو. کۆمەڵەش وەک وردە گوتاری دیکەی ســاحەی سیاســیی کوردســتان وێڕای ئەوەیکــە تەمەنێکــی زۆر لــە دامەزرانــی نەڕۆیشــتبوو، بووە حیزبی دووهەمی کوردســتان. دیارە کاتێک حیزبێــک لە گــەڵ پێشــوازیی جەماوەری ڕووبــەڕوو دەبێ، نیشــانەی ئەوەیــە کە لە ســەر بنەمای ژان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دامەزراوە و وڵامی بۆ پرسیارەکانی جەماوەر هەیــە. ئەو ئیدعایــە کە ئــەو حیزبانە و بە تایبــەت حیزبــی دێموکرات ڕیشــەیان لە خەڵک و جەمــاوەردا نییە بێ بنەمایە و ئەو ڕاستییە فەرامۆش کراوە کە موفتیزادە، دوای هەڵە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە، لە جیاتی داوای لێبوردنی کۆمەڵایەتی و وەســڵ بوون


> حەول دان بۆ ساز کردنی بوتێک لە کاک ئەحمەد و پاشان پەرەستن و بەری کردنی لە هەر جۆرە هەڵە و خراپ تێگەیشتنێک، ڕاست ئۆرتۆدکس بیر کردنەوەیە و هاوشێوەی ئەو کارەیە کە لایەنگرانی خومەینی کردیان

به گوتاری نەتەوەیی و دوای شکست هێنانی شەمس، بڕیاری دەست هەڵگرتن لە سیاسەت دەدات، بڕیارێک کە ئاکامی یەئسی سیاسی و دابڕان لە کۆمەڵگایە، ئەو کۆمەڵگایەی کە بە نیسبەت قارەمانەکانی خۆی بە ئەمەگە و بە شەرەفەوە نێویان دەبات.

دەگوتری (احزاب سکولار تلاشی در اخذ دال های شناور در گفتمان خود نکردند که این مسئله می توانست تأثیری جدی در شکل گیری گفتمان غالب داشته باشد)، ئەم رستە یا گوزارەیە دوو هەڵەی شێوازناسانە و تەحلیلیی تێدایە؛ یەکەم ئەوەیکە لە بنەما دا هیچ گوتارێک دالی خز (یا شناوەر) وەرناگرێ، بەڵکو دالی خز (یا شناوەر) بەشێکە لە نیزامی مانایی گوتارێک کە بە پێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و داواکارییەکانی کۆمەڵگا، دەتوانێ لەو گوتارەدا مانایەکی هەبێ و لە گوتارێکی دیکەدا مانایەکی دیکە پەیدا بکات. لەڕاستیدا دالی شناوەر لە پەیوەندی لەگەڵ دالی ناوەندیدا مانا پەیدا دەکات و لەو چواچێوە ماناییەدا، واتا بە خۆیەوە دەگرێ، بۆ وێنە، عەدالەت لە گوتاری ئیسلامی سیاسیدا لە پەیوەندی لە گەڵ دالی ناوەندی ئەم گوتارەدا و لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی سیاسیی ئەو گوتارەدا کە ئیسلامییە مانا پەیدا دەکا، بەڵام عەدالەت لە چوارچێوەی گوتاری مارکسیستیدا جیاوازیی هەیە، چون لە گوتاری مارکسیستی دا واتاکان لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی مارکسیستی دا مانا پەیدا دەکەن، یا وەک واتای «نظارت» لە گوتاری کۆماری ئیسلامیدا لە روانگەی وردە گوتاری ڕیفۆرمخوازییەوە وەک «استطلاعی» و لە وردە گوتاری بنەماژۆخوازیدا وەک «استصوابی» مانا دەکرێتەوە، (کسرایی، ١٣٨٨، ٣٤٤)، دووهەم ئەوەیکە گوتاری «غاڵب» یا زاڵ لە کوردستان بوونی هەبوو، کە پێشتر کوتمان گوتاری نەتەوەییی حیزبی دێموکراتە، کە تا ئێستاش هەر زاڵە، ئەوەی بوونی نەبوو گوتاری هاوبەشە کەیەکێک لە هۆکارەکانی شکڵ نەگرتنی ڕەفتاری نابەرپرسانەی کاک ئەحمەد لەو سەردەمەدا بوو. بە نیسبەت حیزبی دێموکراتیش کە گوتراوە حەولی نەداوە پەیوەندی لە گەڵ دینداران بگرێ، پێویستە ئاماژە بکرێ؛ کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی سێکۆلارە نە دژە دین، ئەوە ئەو هەڵە ماناییەیە کە بە داخەوە جەریانە ئیسلامییە سیاسییەکان بەردەوام چەند پاتەی دکەنەوە و نایانهەوێ لەو شتە ئاسانە حاڵی بن کە سێکۆلاریزم یا عیلمانییەت بە مانای دژایەتیی دین نییە بەڵکوو بە مانای بڕوامەند بوون بە جیا بوونی دین و دەسەڵاتدارێتی یا دین و سیاسەتە، واتە دین وەک ئیدئۆلۆژییەکی موتڵەقخواز ناتوانێ ببێتە بنەمای سیاسەت یا دەسەڵاتدارێتی کە ڕێژەیی یا نیسبیە. ئەوەش کە باوەڕمەند بوون بە ئیسلام وەک بنەمای سیاسەت و حکوومەت پەسەند نییە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی کۆمەڵگا، چون ئەم جۆرە لە دیانەت بە داخەوە لە چەند دەیەی ڕابردوودا هێندەی ئەزموونی تاڵ بۆ کۆمەڵگای بەشەری هەبووە کە ئەستەمە کورد و ئێرانی بیانهەوێ دیسان بە جۆرێکی دیکە و لە قاڵبێکی دیکەدا تاقیی بکەنەوە. ئیسلامی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی شیعە، ئیسلامی سیاسیی ئەلقاعیدەی جەهادیی سوننی، داعیشی جەهادی-سەلەفیی سوننی، ئیخوانی سوننی و... ئەو ئەزموونە

> دیارە کاتێک حیزبێک لە گەڵ پێشوازیی جەماوەری ڕووبەڕوو دەبێ، نیشانەی ئەوەیە کە لە سەر بنەمای ژان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دامەزراوە و وەڵامی بۆ پرسیارەکانی جەماوەر هەیە





تالآنەن کە حیکایەت لەو ڕاستیە دەکەن کە دین یا ئیسلام هەر کاتێک بووەتە سیاسی، کارەساتی لێ کەوتووەتەوە، ڕەنگە دەیان مۆدێلی دیکە لە ئیسلامی سیاسی پێشنیار بکرێ کە یەکیان مۆدێلی مەکتەبی قورئان بێت کە بێ شک ئەویش دەبێتە سەرچاوەی کارەساتێکی دیکە، لە بنەمادا سیاسەتی ئیدئۆلۆژیک سیاسەتێکی مەترسیدارە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تەنیا یەک نموونەی باشی نەبیندراوە.

## ئاکام

لە ئاکامدا پێویستە ئاماژە بکرێ کە کێشەی نووسەری ئەم وتارە نە دینداریيە نە کاک ئەحمەدی موفتیزادە و نە مەکتەبی قورئان، بابەتی ئەم لێکدانەوەیە، تەحلیلی ڕەوتێکی سیاسی-ئایینی لە قۆناغێکی مێژوویی هەستیاردایە و گێڕانەوەی مێژوو وەک خۆی وێڕای ڕێز بۆ هەر جۆرە ڕوانینێک، بە تایبەت ئەگەر کۆمەڵگا بڕیاری لە سەر بدا.

لە بابەت ئەوەشەوە کە گوتاری نەتەوەیی، گوتاری زاڵە و دەتوانێ هێژمۆن بێ، مێژووی حەفتا ساڵی ڕابردوو شاهیدی ئەو ڕاستییەیە و لە داهاتووشدا ئەوە جەماوەرن کە بڕیاری لە سەر دەدەن. بە دڵنیاییشەوە ئەگەر هەڵقوڵاوی کەڵکەڵەکانی کۆمەڵگا نەبێ، لە لایەن ئەم خەڵکەوە ئەو دەرفەتەی پێ نادرێ کە هێژمۆن بمێنێتەوە، هەر وەک چۆن ئەو دەرفەتەی بە مەکتەبی قورئان نەدا و نەک هێژمۆن، بەڵکو لە پلەی دووی جەریانەکانی کوردستانیش دا نەبوو.

## سەرچاوەکان


-بشیریه، حسین. (١٣٨١)، جامعه‌شناسی سیاسی ایران، تهران، نگاه.

- حسینی زاده، محمد علی. (١٣٨٦). اسلام سیاسی در ایران. قم: دانشگاه مفید.

- حقیقت، سید صادق. (١٣٩١). روش شناسی علوم سیاسی. چاپ سوم. قم: دانشگاه مفید.

- صادق وزیری، صارم الدین. (١٣٨٦)، ارتباطات متقابل چپ ایرانی و چپ کردستانی، تهران، فصلنام□ روژف، شماره ی ۴ و ۵.

-کدیور، محسن. (١٣٩٧)، جفای جمهوری اسلامی به احمد مفتی زاده متفکر نواندیش و مبارز کرد اهل سنت، بی جا.

- کسرایی، محمد سالار. (١٣٨٨)، نظریه ی گفتمان لاکلا و موفه ابزاری کارآمد در فهم و تبیین پدیده های سیاسی، تهران، فصلنامه ی سیاست، دوره ی ٣٩ شماره ی ٣.

- مارش، دیوید و جری استوکر. (١٣٩٣). روش و نظریه در علوم سیاسی. ترجمه امیرمحمد حاجییوسفی. چاپ هشتم. تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.

- موکری، ڕزگار. (١٣٩٨)، گوتاری زاڵ گوتاری هاوبەش، گۆڤاری تیشک، ژمارە٥٢.

# «روانگه»

۷

# کەلەبەری نێوان دوێنی، ئەمڕۆ و سبەی

## (بەشی یەکەم)

**سەلاح مەجید پوور**

شەرتی یەکەمی بردەنەپێشی باسێکی پڕناوەرۆک و دەسکەوت بریتییە لە خۆلادان لە ناحەز خوێندەنەوە. ئەو وتارە ڕووی لە ڕێکخستنێکی تایبەتی نییە و هەڵسەنگاندنی ڕەوتێکی دەیان ساڵەیە. بەشی یەکەمی ئەو وتارە هەوڵێکە بۆ ناساندنی مۆدێلێکی پێکهێنانی گۆڕانکاری کە بۆ لێ وردبوونەوە و دانیستراکتۆر بە باسەکەمان پێویستن کە بریتین لە: ستراتێژی، پێکهاتە، فەرهەنگ، کەرەسە، مرۆڤ و دەسکەوتەکان.

لە دوو دەیەی ڕابردوودا، شاهیدی تەوژمێکی گەشـەی بەلـەزی بـواری تێکنۆلـۆژی و زانستین، کە موژدەدەری گۆڕانکاریی گەورەن لـە هەموو ئەو بوارانەی کـە پەیوەندییان بە ژیانــی مرۆڤەوە هەیــە. بــراوەی داهاتووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نە حیزبە سیاسییەکان، نــە وڵاتانی خاوەن کانگا فوسـیلییەکان و نە ئیدئۆلۆژییە ناسـراوەکانن. بەڵکوو ئینسـانی ئەو بەشــە لە جیهان کە خاوەنی تێکنۆلۆژیی زانیــاری (information technology) و بیۆتێکنۆلـــــۆژی (biotechnology)ن، جڵـــــەوی دەســـەڵاتداری بە دەســـتەوە دەگــرن. هەنگاوەکان بــۆ زۆرترکردنی ڕۆڵی بیۆتێکنۆلۆژی لە ژیــان مرۆڤایەتی، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێت و هۆشــی دەستکرد(artificial Intelligence) زۆر بــە پەلــە خەریکـــی وەئەســـتۆ گرتنی کۆمەڵێک لــە کردەوەکانی ئینسانە.

لــە داهاتووی نــەزۆر دووردا، کاریگەریی ئەو پێشـــکەوتنانە بە چاک و خراپ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دەبینینەوە. هەر بەو پێیە سیاست، ئابووری و هێزەکانی دەســـتەڵاتداری جیهان، دوچاری هەژان و ئاڵوگــۆڕ دەبن. ئەگەرێکی زۆر بە هێزهەیە کە لە ئاکامی پەرەســـتاندن و گەشـــەی تێکنۆلــۆژی و بیۆتێکنۆلۆژیــدا، نەوەیەکی نوێ لە دەســـتەڵاتداران لە جیهان بێنە مەیدان، کە بـــە پێچەوانەی ئەورۆ هیچ لە سیاســـەت نازانن. سیاسییە کلاسیکەکان جێگای خۆیــان دەدەن بە ســـەرمایەداران، تەکنیککاران و زانایانی بواری زانیاری و، ئەوانە دامەزرێنــەر و بەڕێوەبــەری گۆڕانکارییەکان دەبن.

کۆمەڵێــک پێشـــکەوتن کە لە ســـی ســـاڵی داهاتوودا دەبـــی جێبەجێ بکرێن بریتیـــن لـــە: مـــرۆڤ دەســـت دەکات بە کۆچکـــردن بۆ یەکێک لە هەســـارەکان و لەوێ دەســـت دەکات بە ئاوەدانکردنەوە و نشتەجێبوون، ماشێنی بێ شوفیر دەفڕەن، بەشـــێکی زۆر لە خواردەمەنییەکان پرینت دەکرێـــن، هۆشـــی دەســـکرد «پزشـــکیی گشتی»، دەگوازرێتەوە بۆ دونیای دیجیتاڵ، ڕۆبۆتـــەکان، دووکانـــەکان بەڕێـــوە دەبن. ئێمەی کورد لە کوێی ئەو گۆڕانکاریانەین؟ ڕۆڵی کوردان چ دەبێ؟ چەندە ئامادەکاریی ئەوەمـــان هەیە بۆ بگرە کەڵک وەرگرتن لە بەرهەمەکانی ئەو پێشکەوتنانە؟ یەکێک لە وڵامە ساکار و عوام پەسندەکان ئەوە دەبێ کـــە لە بەر ئەوەی ئێمـــە خاوەنی دەوڵەت نیین ناتوانین، هەر بۆیە چمان لە دەســـت نایـــەت. لە کاتێکـــدا کە هەمـــوو جیهان خەریکـــی خۆ ئامادە کردن و خۆگونجاندن دەگەڵ ئـــەو گۆڕانکارییـــە مەزنەیە، ئێمە خەریکی درێژەپێدانی کۆمەڵێک سیاسەت و تاکتیک و کردەوەین کە هەشـــتا ســـاڵ لەمەوبەر هەتا ئێســـتا بە کاریان دەهێنین و مەخابن هیچ چەشـــنە پێشکەوتنێکمان بۆ مســـۆگەر نەکراوە. ئەو وتارە تێدەکۆشێ بە لێکدانـــەوەی هەلومەرجی هەنووکەیی، دەروازەیـــەک بکاتـــەوە بۆ باس لـــە پێناو گۆڕانکاری لە ڕوانگە، ستراتیژی، پێکهاتە و کەلتووری سیاسیدا.

شـــەرتی یەکەمی بردنەپێشی باسێکی پڕناوەڕۆک و دەسکەوت بریتییە لە خۆلادان لـــە ناحەز خوێندنەوە. ئـــەو وتارە ڕووی لە ڕێکخستنێکی تایبەتی نییە و هەڵسەنگاندنی ڕەوتێکی دەیان ســـاڵەیە. بەشـــی یەکەمی ئەو وتارە هەوڵێکە بۆ ناســـاندنی مۆدێلێکی پێکهێنانـــی گۆڕانکاری کە بۆ لێ وردبوونەوە و دانی ستراکتۆر بە باسەکەمان پێویستن کە بریتین لە: ســـتراتێژی، پێکهاتە، فەرهەنگ، کەرەسە، مرۆڤ و دەسکەوتەکان[1]. هەرکام لەو چەمکانە وەک ئاڵقەیەک وان کە پێکەوە زنجیرێـــک پێکدەهێنـــن. ئـــەو گرافیکەی خوارەوە نیشـــاندەری پێوندی و گرێدراویی ئەو فاکتەرانەن لە پرۆســـەی گەیشـــتن بە گەشە و گۆڕان.

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەرلێشێواوی | = | دەسکەوتەکان | + | کەرەسە | + | مروڤ | + | فەرهەنگ | + | پێکهاتە | + | |
| ئانارشی | = | دەسکەوتەکان | + | کەرەسە | + | مروڤ | + | فەرهەنگ | + | | + | ستراتیژی |
| موقاوەمەت | = | دەسکەوتەکان | + | کەرەسە | + | مروڤ | + | | + | پێکهاتە | + | ستراتیژی |
| نیگەرانی | = | دەسکەوتەکان | + | کەرەسە | + | | + | فەرهەنگ | + | پێکهاتە | + | ستراتیژی |
| توورەیی | = | دەسکەوتەکان | + | | + | مروڤ | + | فەرهەنگ | + | پێکهاتە | + | ستراتیژی |
| بێبایەخی | = | | + | کەرەسە | + | مروڤ | + | فەرهەنگ | + | پێکهاتە | + | ستراتیژی |
| گەشە و گۆڕان | = | دەسکەوتەکان | + | کەرەسە | + | مروڤ | + | فەرهەنگ | + | پێکهاتە | + | ستراتیژی |

مودیلی کنۆستر بۆ گۆڕانکاری (۱)؛ و: سەلاح مەجیدپوور

هەوڵی ئەو وتـــارە بۆ ئەوەیە کـــە لە ئاکامدا هەموو ئاڵقەکان تەکمیل بکات و دەسپێکەری باســـێک بێت بۆ دۆزینـــەوەی ڕێکاری نوێ و گەیشـــتن بە گەشـــە و گۆڕان لە سیاسەت و ژیانی کۆمەڵگای کوردستان.

## ستراتیژی

ســـتراتیژی بـــە کورتـــی بریتییە لە شـــێواز و چۆنێتیی گەیشـــتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان. ســـتراتیژییە سیاســـییەکانی کـــورد، بەرهەمی چەند هۆکارێکـــن؛ گۆڕانکارییە ناوچەییەکان، ئیدئۆلۆژییە جیهانییەکان، سیاسەتی دەوڵەتانی حاکم بە سەر بەشەکانی کوردستاندا، فەرهەنگ و ســـایکۆلۆژیی کۆمەڵگا، میسیۆنی ڕێکخستنە سیاســـییەکان و هەروەهـــا مێـــژوو، ڕۆڵـــی ســـەرەکییان هەیە لە فۆرم پێـــدان و عەمەلی کردنی سیاسەتەکان.

پێشینەی ســـتراتیژیی سیاسی لە مێژوی هاوچەرخـــی کوردســـتاندا، دەگەڕێتـــەوە بـــۆ سەردەمی شـــەڕی یەکەمی جیهانی کە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت کەوتە ژێـــر کاریگەریی کۆنسێپتی دەوڵەت-نەتەوە کە بوو بە پێناسەی دەوڵەتانـــی داهاتـــووی دوای لەتوکوت کرانی ئیمپراتۆریی عوسمانی.

کۆنســـێپتێکی تـــر، چەمکی ناســـیۆنالیزم بوو بـــۆ پێناســـەکردنی ئەو لایەنانـــەی کە لە دەسکەوتی دەوڵەت-نەتەوە دا بێبەش کرابوون و یان نەیانتوانیبوو دەســـکەوتەکانیان بپارێزن. تایبەتمەندیـــی ئـــەو ســـەردەمە بریتییـــە لە دەسەڵاتی دەوڵەت-نەتەوەکان کە هەموو ئەوانە کە نەدەکەوتنـــە چوارچێوەکەیانەوە بێبەری و سەرکوت دەکران.

لـــە بەرانبـــەر ئـــەو هێرشـــەی دەوڵەت-نەتەوەکانـــدا، ڕێکخســـتنە کوردییـــەکان، ناســـیونالیزمیان کردە پێوانـــەی ئیدئۆلۆژی بۆ خۆیـــان. لە کوردســـتان، هەموو پێناســـەکانی ناسیونالیزمی ئیتنیکی کە لە ڕوانگەی هێردر و دواتر هی ئانتۆنی سمیت سەرچاوەیان دەگرت، سەردەست بوون. دواتر پێناسەکەی ستالین لە ناسیۆنالیزم، بوو بەماڵی ڕێکخستنە کوردییەکان وبرەوی پێ دەدرا.

لە ئاکامی پێکدادانی نێوان هەردوو بەرەی دەوڵەت -نەتەوە و ناســـیونالیزمی بندەست دا کە هەتا ئەمرۆ بەردەوامە، بە میلیۆنان ئینســـان گیانیان لەدەســـت داوە و ترلیۆنان دۆلار زیان بە ئابووریی ناوچەکە گەیشتووە. سەرنجراکێش ئەوەیە کە هەر دو کۆنســـێپت، لە شوێنی دیکە ســـەریان هەڵداوە و نامۆ بە مێشـــک و هزری مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن.

ئێمـــە وەک کورد و لایەنێکـــی ئەو قەیرانە مەزنە، هەروەها بەشـــێکین لـــە قوربانیانی ئەو شـــەڕە ماڵوێرانکەرە. هەروەک پێشتر باس کرا

لەگەڵ کۆپیکردنی بیرۆکەی دەوڵەت-نەتەوە و ناسیونالیزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەست پێ کردنی پێکدادان لە نێوان کۆنسێپتی دەوڵەت-نەتەوە و ناسیونالیزمدا، نیگای ستراتێژیکی حاکم بەسەر رێکخستنە کوردییەکان، بریتی بووە لە «قۆستنەوەی هەل». ئەو چەشنە ستراتێژییە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە فەردی و بازرگانییەکان و پرۆژە ئابوورییەکان لە بۆ کورتخایەن کاریگەرە، بەڵام لە پرۆسە پڕ گرێوگۆڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هیچ کارایی نابێ و لە ئاکامدا تێکشکانی ئەو لایەنەی بە دواوە دەبێت کە ئەو ستراتێژییە پەیڕەو دەکات.

وڵامی ئەو پرسیارە کە بۆ ئەو چەشنە ستراتێژی سەرکەوتوو نابێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە ئەو لایەنانەی کە ستراتێژیی «قۆستنەوەی هەل» هەڵدەبژێرن، کەڵک لە ڕەوتێک وەردەگرن کە لە پشت ئەودا بەرژەوەندی و ئەجندایەکی تر و خاوەنێکی تایبەتی خۆی هەیە و هەموو لایەنەکانی تری بەشدار لە ڕوتەکەدا، لە خزمەت وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەواندا کاردەکەن. هەر بۆیە دەسکەوتی ئەو لایەنانەی کە خاوەنی ڕەوتەکە نین کورتخایەنن.

بۆ وێنە شەڕی دووهەمی جیهانی دەقەومێ، سۆڤییەت باکوور و ڕۆژئاوای ئێران داگیردەکات و بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکە دەمێنێتەوە، دروست لەو کاتەدایە کە کورد «هەلەکە دەقۆزێتەوە» و لە کەلێنی! ڕەقابەتی ڕۆژئاوا و سۆڤییەتدا کۆمار ڕادەگەیەندرێت. ئەگەر بە شێوەیەکی بەرین تەماشای ئەو پرۆسەیە بکەین، سەرنجڕاکێشە کە کورد هیچ چەشنە دەسەڵاتێکی بە سەر ئەو ڕەوتەدا نەبووە و هیچ چەشنە ئامادەکارییەکی بۆ ڕەخساندنی ئەو دەرفەتە نەکردووە، هەربۆیە کاتێک کە کێبەرکێی نێوان ڕۆژئاوا-سۆڤییەت، لایەکی بە لایەکدا دەکەوێت و بە هاوسەنگییەک دەگات، کۆمار بە زووترین کات دەڕووخێت. ئەو سیاسەتە لە زەمانی عەبدولکەریم قاسم لە ئێراق، سازانی نێوان ئێران و ئێراق لە ساڵی ١٩٧٥ و لە ئاکامدا لێک بڵاوبوونی شۆڕشی بارزانی، ڕووداوەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران، ڕووداوەکانی دوای ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان و هەروەها ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی سوریا، نموونە بەرچاوەکانی ڕەچاو کردنی ئەو چەشنە ستراتێژییەن. خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو گۆڕانکارییانە کە لە سەرەوەدا باس کران، پەیڕەو نەکردنی سێ پێویستی بنەڕەتیی کات، شوێن و هێزە بۆ دیاریکردن، بریاردان و بەجێهێنانی هەر چەشنە ستراتژییەکی سەرکەوتووی سیاسی. بەشی زۆری مێژووی هاوچەرخی سیاسیی کورد ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ئەو سێ پێویستییە لەبەرچاو نەگیراون. بەڵکوو لایەنی حقووقی یان ئاڵوگۆڕە جیهانی و ناوچەییەکان بوون کە لە شکڵدانی ستراتێژیی سیاسیی ڕێکخستنە کوردییەکان، ڕۆڵی بنەڕەتییان گێڕاوە.

نەبوونی مەرجەکانی جێبەجێکردنی ستراتێژی و حیسابی زێدەکردن لە سەر فاکتەرە دەرەکییەکان، بوون بە هۆی ئەوەی پرۆسەی گۆڕانکارییەکان سەرکەتوو نەبن و بە ماوەیەکی دوور و درێژ سەرلێشێواویی سیاسی لە کوردستان حاکم بێت.

ئێمەی کورد ڕێگایەکی دوور و درێژمان لەبەرە کە دەبێ لە زەمانێکی کورتدا بیبڕین. ئەگینا دەبین بە نموونەی تاقیگەکان بۆ تاقیکردنەوەی تێکنۆلۆژییەکانی داهاتوو. پێویستە بە وردبوونەوە لە ئامانجەکانمان و شێوازی دەستەبەرکردنیان و ناسینی هەڵە و خاڵە لاوازەکانمان، هەنگاو هەڵبێنینەوە بۆ گەشە و گۆڕان لە کۆمەڵگاکەماندا. لە بەشەکانی داهاتووی ئەو ڕوانگەیەدا بەشەکانی تری پرۆسەی گۆڕانکاری لێکدەدینەوە و ڕێکارەکانی دەخەینە بەرباس.

**ژێدەر**

1. The Art of Management , Dr. D.A. Nieuwenhuis

# “ وتوویژ ”

”

وتووێژ لەگەڵ

## هاشم ئەحمەدزادە

“

## ژیاننامەیەکی کورت

■ ساڵی ١٩٨٦ لە ئێران بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیسی وەرگرتووە.

■ ساڵی ١٩٩٥ لە زانکۆی ئوپسالا بەکالۆریسێکی تری لە ڕۆژهەڵاتناسیدا وەرگرتووە.

■ ساڵی ١٩٩٦ لە هەمان زانکۆ و هەمان بواردا پلەی ماستەری وەرگرتووە.

■ لە ساڵی ١٩٩٩ لە زانکۆی ئوپسالا لە بوارەکانی مێژوو و سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زمان و ئەدەبیاتی فارسی و زمانە ئێرانییەکان دەستی بە وانەگوتنەوە کردووە و تا ساڵی ٢٠٠٥ لەم کارەدا بەردەوام بووە. هاوتەریب لەگەڵ وانەگوتنەوە خەریکی لێکۆڵینەوە و نووسینی تێزی دکتۆراکەشی بووە.

■ ساڵی١٩٩٦-١٩٩٧ساڵی یەکەمی دەورەی دکتۆراکەی لە زانکۆی لەندەن (مەدرەسەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی و ئافریقاناسی) تێپەڕ کردووە.

■ کتێبی ڕۆمان و نەتەوە: لێکۆڵینەوەیەک لەسەر گوتاری گێڕانەوەیی فارسی و کوردی، کە تێزی دوکتۆراکەیەتی لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن زانکۆی ئوپسالاوە چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم کتێبە دواتر وەرگێڕدرا سەر زمانەکانی تورکی و فارسی و چاپ و بڵاو کرایەوە. چەند بەشی ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردی.

■ لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٢، سەرەتا وەک مامۆستا و دواتر وەک پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە زانکۆی ئێگزێتری بریتانیا کاری کردووە. لە ٢٠١٢ تا ٢٠١٥ وەک لێکۆڵەرەوە لە ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان ـ کوردستان کە ناوەندەکەی لە هەولێرە، دەستی بە کار کردووە. لەم ساڵانەدا لە زانکۆی فەرەنسی لوبنانیدا مامۆستای زمان و ئەدەبی ئینگلیسی بووە.

■ لە مانگی سێپتامبری ٢٠١٥ دیسانەوە لە زانکۆی ئوپسالا دەستی بە وانەگوتنەوە و لێکۆڵینەوە کردووەتەوە. لە ٢٠١٦ تا ٢٠١٨ لە مەدرەسەی وەرگێڕانی سوێد وانەبێژ بووە.

■ لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا کتێب و وتارگەلێکی زۆری بە زمانەکانی فارسی، کوردی، سویدی و ئینگلیزی بڵاو کردووەتەوە. لە دەیان کۆنفرانسی نێونەتەوەیی بەشدار بووە و لە زۆر بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنیدا بەشداریی کردووە و لەسەر زۆر بواری ئەدەبی، فەرهەنگی و زانستی سیاسی و پرسگەلی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باس وقسەی کردووە.

لەنێو بەرهەمە چاپکراوەکانی دکتۆر ئەحمەدزادەدا دەکرێ ئاماژە بە ئەم کتێبانەی خوارەوە بکەین:

■ نەتەوە و ڕۆمان بە هەر سێک زمانی ئینگلیسی، تورکی و فارسی چاپ بووە. دوو جار بە فارسی چاپکراوەتەوە و لە پێشانگەی نێونەتەوەیی کتێب لە تاران لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە ڕیزی کتێبە پڕفرۆشەکاندا بووە.

■ زمان، ئەدەب و ناسنامە (هەتا ئێستا ئەم کتێبە چوار جار لە کوردستان و دەرەوەی وڵات چاپ کراوەتەوە.)

■ ڕۆمان و ناسنامە

■ جیهانی ڕۆمان (دوو جار چاپ کراوە)

■ گێڕانەوەناسی (دوو جار چاپ کراوە)

■ مێژوو بە ڕاوێژی ئەدەب

لە وەرگێڕدراوەکانی دکتۆر ئەحمەدزادە دەکرێ ئاماژە بەم بەرهەمانەی خوارەوە بکەین:

■ هونەری داستان

■ دەفتەری سوور

■ هیچ دۆستێک جگە لە چیاکان
■ کوردەکان و ئەوانی دیکەیان
■ کورد و کۆمەڵگەی مەدەنی

جیا لەمانەش دەیان وتاری ئەدەبی، ڕەخنەیی و تیۆریکی بە زمانەکانی ئینگلیسی، سویدی، فارسی و کوردی بڵاو کردووەتەوە.

**پێشک** حەز دەکەین بۆ دەستپێکی *ئەم وتووێژە لە گرنگترین تایبەتمەندیی پەروەردە لە کوردستان، واتا لە باسی پەیوەندیی زمان و پەروەردەوە، دەست پێ بکەین کە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا لە هەموو پارچەکانی کوردستان جێی مشتومڕ بووە. هەر وەک ئاگادارن لە ئێران بەرەبەرە لە هەندێک قۆناغی پەروەردەدا ڕێگە بە خوێندنی زمانی کوردی دراوە. بە ڕای ئێوە ئایا ئەمە دەتوانێ وڵامدەری سیستەمی پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ؟*



نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم دەسپێکی گۆڕانکارییە چارەنووسسازە کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگییەکان، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوو. مۆدێرنیزاسیۆن ئەو ڕەوتە بوو کە هێدی هێدی دەستی پێ دەکرد و ئایدۆلۆژییە ناسیۆنالیستییەکانی پێکهاتە جۆراجۆرەکانی ئەم دەورە گەرای خۆی دادەنا. ئەم ڕەوتە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە هەر دوو ئیمپراتۆریی قاجار و عوسمانیدا بوو بە بنەمای شۆڕشگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسیی مەزن. شۆڕشی دەستووریی ١٩٠٦ی ئێران و شۆڕشی گەنجە تورکەکان لە ١٩٠٨ و ڕاپەڕینی ١٩١٦ی عەرەبەکان لە دژی دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانییەکان، تەقینەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕەوتە بوو کە دواجار لەبەر زۆر هۆکاری مێژوویی، فەرهەنگی و سیاسەتی ناوچەیی و کۆلۆنیالیستیی، بوو بە بەردی بناغەی ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوینەی ئێستا لەئارادایە. لەم ڕەوتەدا هەڵێنجان و خوێندنەوەیەکی نادێمۆکراتیک لە مۆدێرنیتە، بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا سەپێندرا و هاواری زۆر پێکهاتەی ئێتنیکی لە ناوچەدا یان دەرنەهات یان نەبیسترا و یانیش خنکێندرا. بەسەرهاتی پەروەردە بە هیچ لەونێک لەو بەسەرهاتە سیاسییە جیا ناکرێتەوە.

لەڕاستیدا مۆدێرنیتە دوای ڕێنێسانس و دەستپێکردنی سازدانی ناسنامە تازە نەتەوەییەکان لە ئوروپا، هاوتەریب بوو لەگەڵ پەروەردەی مۆدێرن کە ئیتر لە سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم بەملاوە پەروەردە و بارهێنانی مرۆڤی مۆدێرن، وردەوردە دەبووە شتێکی حاشاهەڵنەگر بۆ هەموو هاووڵاتییەکی قەوارەگەلی دەوڵەت نەتەوە تازەکان. ئەم پرۆژەیە، لە ناخی مۆدێرنیتەدا بوو کە بەرهەمهێنەری تاکبڕوایی بوو و تاکەکانیش دەبوایە مافی خوێندەواربوون و پراکتیزەکردنی زانست، لە سازییە تازە بەرچاوەکەی مۆدێرنیتە، واتە پەروەردەدا، بئەزموون. سەربوردەی ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوین و جێگۆڕکێی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری و دەوڵەت نەتەوە نوێیەکان بە مانایەک، ئەنجامی دەستێوەردانی وڵاتانی کۆلۆنیالیستی بوو لە ناوچەکەدا. وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ڕووسیای تیزاری، هەر کامە بە شوێن بەرفراوانکردنی جۆغرافیای دەسەڵاتی خۆیاندا بوون. ئەگەر شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ ڕەوتی دەستێوەردانی ڕووسیای تووشی گۆڕانی بنەڕەتی کرد، وڵاتانی وەک بریتانیا، فەڕەنسە و ئاڵمان لەسەر پرۆژەکانی خۆیان بەردەوام بوون. لە دەیەی دووهەمی سەدەی بیستەمەوە ئیتر ناسنامەی تورک و فارس و عەرەب جێگای سەردەمی ئیمپراتۆرییەکانیان گرتەوە. ئەم ڕەوتە پڕ ژان و ئازارە بۆ هێندێک

پێکهاتەی ئێتنیکی، جینۆسایدی لێ کەوتەوە و بۆ نموونە یەکەم پاکتاوی ڕەگەزیی سەدەی بیستەم لەم ناوچەیەدا ڕووی دا و دوو لە پێکهاتە مێژوییەکانی ناوچەکە، واتە ئاسۆری و ئەرمەنییەکان، سەدان هەزار کەسیان لێ کوژرا. کوردەکان وەک پێکهاتەیەکی جێگرتوو لە هەر دوو ئیمپراتۆرییە زەبەلاحەکەی ناوچەدا لەبەر زۆر هۆکاری دەرەکی و ناوەکی، لە سازکردنی قەوارەیەکی نەتەوەییی خۆیان بێبەش کران. ئێستا ئیتر چارەنووسی ئەوان گرێدراوی دەوڵەت نەتەوە نەوبونیادەکانە. ئەم دەوڵەت نەتەوە نەوبونیادانەش، هێندە قاڵبووی سیاسەتی ئێتنیکیی خۆیانن کە پرسی مافی پەروەردە بۆ پێکهاتە ئێتنیکییە ناسەردەستەکان هەر لە ڕۆژەڤیشدا نەبوو. ئەوەی لە باشووری کوردستان گوزەرا و گرێدراوی سیاسەتی ماندانی بریتانی بوو، هێندە لێڵ و بێ بنەما بوو کە ئاکامەکەی هەرگیز نەبوو بە هۆی پەیڕەوکردنی پلانێکی تۆکمەی پەروەردەیی بۆ پێکهاتەی کورد لە دەوڵەتی تازەدارێژراوی عیراقدا. ئەمە لە کاتێکدایە کە عیراق تەنیا دەوڵەتێکی نوێ بوو کە تێیدا، کەم تا زۆر، کۆمەڵێک ماف بۆ پەروەردەی کوردی، ڕەچاو دەکرا. لێرەوە مرۆڤ دەتوانێ بزانێت کە ئەگەر ڕەوشەکە لە عیراق ئاوا ناموبارەک و بێ ناوەڕۆک بووبێت، ئەدی هەر ئەوەی لە تورکیا و لە ئێران و سوریا گوزەرا، هەر بۆ باس نابێت.

ئەم پێشەکییە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی پەروەردە نیشانمان دەدات چۆن ئەم سازییە، بەستراوەی قەوارە و دەسەڵاتی سیاسییە. ئەگەر لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکاندا دەرفەت بۆ مانەوەی زمانی پێکهاتە جیاوازەکان هەبوو، لە سەردەمی مۆدێرندا، لەبەر هاتنە کایەی بۆرۆکراسییەکی هەمەگیر و سەرهەڵدانی پەروەردەی نوێ، ئیتر زمانە ناسەردەستەکان پەراوێز خران. لە نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و هەروەها لە نەبوونی بنەما دێمۆکراتیکەکانی پاراستنی مافی هاووڵاتییەتی و شارۆمەندیدا، کوردەکان کەوتنە دەرەوەی بازنەی بەهێزترین و کاراترین سازیی مۆدێرن، واتە دامودەزگای پەروەردە.

لە سەرتاسەری سەدەی بیستەمدا خولیای وەدەستهێنانی ئەم مافە بوو بە پێکهێنەری ناوەڕۆکی هەموو بزووتنەوە کوردییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان. پلان و بەرنامەی سیاسیی بزووتنەوەگەلی کوردەکان هەرگیز وازی لە مافی خوێندن بە زمانی کوردی نەهێنا. بەڵام ئەم مافە ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر وەدی نەهاتووە و گرێدراوی چارەنووسی سیاسیی بزووتنەوە کوردییەکان بووە. تەنیا شوێنێک وەک قەوارەیەکی فیدراڵ بووەتە هەڵگری هێندێک لایەنی مافی زمانی، باشووری کوردستانە. بەڵام ئەمە بۆخۆی جێگای تێڕامانە و ئەزموونی سی ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی کوردی لە باشوور دەتوانێت بابەتێکی گرنگی لێکۆڵینەوە بێت. ڕۆژاوای کوردستانیش، هەرچەند بە ئەزموونێکی جیاواز و ماوەیەکی کورتیش بێت، دەتوانێت سووژەیەکی کەموێنە بێت بۆ لێکۆڵینەوە و چلۆنایەتیی پراکتیزەکردنی مافی پەروەردە و تایبەتمەندییەکانی.

بە باوەڕی من پەروەردە پێوەندییەکی زیندوو و بڕیاردەری لەگەڵ دیاردەی زمان هەیە. ئەوەی ئەرکی پەروەردە بە چ زمانێک بەڕێوە دەچێت، بابەتێکی تەنێ فۆرمی و شێوازی نییە، بەڵکو بابەتێکی جەوهەری و سیاسییە و لێکەوتەی ماف و ڕوانینی کۆمەڵایەتی و فەلسەفیشی هەیە. حاشالێکردن و پەراوێزخستنی زمانێکی دیاریکراوی کۆمەڵە خەڵکانێکی بەرچاو، بە بیانووی پڕوپووچی «یەکییەتیی نەتەوەیی»، جۆرێکە لە ئەتککردنی ماف و کەرامەتی مرۆڤەکان. فەلسەفەی هەڵەی گۆشدانی ناسنامەیەکی تۆکمە و گرێدانەوەی لە هەبوونی زمانێکی فەرمی لە هەموو بوارێکەوە نادروستە. ئەگەر

بەپێی سیاسەتی پەیڕەوکراوی وڵاتانی وەک ئێران و تورکیە و عێراق بوایە، دەبوایە دوای سەدەیەک لە دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوەکانیان، ئێستا ئێمە لەگەڵ وڵاتگەلێکی دێموکراتیکی پێشکەوتووی ئاوەدان ڕووبەڕوو بوایەین، نەک لەگەڵ وڵاتگەلێک کە بە میلیۆنان خەڵکی خۆیانیان تووشی چارەڕەشی و ئاوارەیی و هەژاری کردووە.

ئەوەی لە وڵاتی ئێران دەگوزەرێت و کردنەوەی بەشی کوردی لە زانکۆی کوردستان و دارشتنی هێندێک پلان بۆ خوێندنی زمانی کوردی لە خوێندنگەکان، بابەتێکی سرنجڕاکێشە کە چەندین لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەگرێتەوە. بە باوەڕی من پرسی زمان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا و لە سازکردن و خەملاندنی ناسنامەی مرۆڤەکان و پێکهاتەکان ئەوەندە بنەڕەتی و بڕیاردەرە کە شیاوی خەم لێ خواردنێکی هەمەلایەنەیە. ئەوەی کە پرسەکە دواجار سیاسییە و ناکرێت لە دەرەوەی سیاسەت چارەسەریی بنەڕەتییانەی بۆ بدۆزرێتەوە، بەو مانایە نییە کە مرۆڤ لە دەرفەتە وەدەستهاتووەکان کەڵکی پێویست و دروست وەرنەگرێت. هەر چەشنە هەوڵێک بۆ پەرەپێدانی زمانێکی دیاریکراو دەبێ کەڵکی لێ وەربگیرێت. ماددەی ١٥ و ١٩ی یاسای بنچینەیی لە ئێران لە ڕوانگەیەکی واقعبینیی فەرهەنگی و سیاسییەوە دەبێ کەڵکی لێ وەرگیریت. مرۆڤ ئەگەر ئەمە لەگەڵ هەلومەرجی تورکیا بەراورد بکات دەتوانێ لە گرنگییە ڕێژەییەکەی تێبگات. بەڵام لەبیرمان نەچێت کە پەروەردەیەکی سەربەخۆی دێموکراتیک لەسەر بنەمای دەستکەوتە زانستی و پەروەردەییەکان لە ئاستی جیهانیدا دواجار گرێدراوی چارەنووسی سیاسی و نەتەوەییە و پلانە پەروەردەییەکان ناتوانن لە دەرەوەی پرسە سیاسی و نەتەوەیی و ناسنامەییەکاندا وەدی بێن. لەم چوارچێوەیەدایە کە دەبێ دەرفەتە سیاسییەکان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی زمان بقۆزرێنەوە و کەڵکی شیاو و لەباریان لێ وەرگیرێت. سیاسەتی ماکسیمۆم و ئەوەی هەموو شتێک لە ئەنجامی کۆتاییی کێشمەکێشی سیاسی ببەستینەوە، ناتوانێ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا سیاسەتێکی بیرلێکراوە و ماقوڵانە بێت. تەنیا بە تێگەیشتن لە ڕۆڵی حاشاهەڵنەگری زمان لە خەملاندنی ناسنامەی تاک و کۆدا دەتوانین ئاگاداری گرنگیی کەڵکوەرگرتن لە هەر تروسکاییەک بین کە بە ڕووی زمان و پرسی مان و نەمانی پەروەردەییەوە دەکرێتەوە. لە دەرەوەی ئەم باوەڕە و هەوڵدان بۆ ئەم ئەرکە گرنگە، تەنانەت ئەگەر دەرفەتی گەورەشت بۆ بڕەخسێت، ناتوانێ وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی پەروەردە و بارهێنانی مرۆڤی سەردەمیانە و ئازاد و باوەڕبەخۆ بێت. ئەزموونی باشوور لەم گۆشەنیگایەوە یەکجار گرنگە و شایانی لێ فێربوونە. لەسەر ئەم بنەمایە و لەبەر ڕووناکاییی ئەم هەلومەرجە تەماوی و لێڵەدا، دەبێ زۆر بە وشیارییەوە سەیری دەرفەتەکان بکەین و لەنێوان سەد و سیفردا تواناییی بینینی ژمارەکانی دیکەشمان هەبێت. لێرەدایە هەمدیسان گرێدراویی سیاسەتی زمانی و پەروەردەیی بە سیاسەتەوە، زەق دەبێتەوە و چەمکگەلی لانی کەم و لانی زۆری خواست و داواکارییەکان و هەروەها پرسی سیاسەتی کورتخایەن و درێژخایەن لە گوێماندا دەزرینگێنەوە و چاوەنواری هێژایی و لێ وردبوونەوەی هەمەلایەنە دەکەن.

دەبێ لێرەدا ئاماژە بە ڕاستییەک بکەم و وەک مافێکی بێ ئەملاولای دێموکراتیک وەبیر خۆمان و ئەوانی هەمبەریشمانی بێنمەوە کە پەروەردە بە زمانی دایک، دەبێ لانی کەم تا کۆتایی قۆناغی ناوەندی بێ هیچ شەرتومەرجێک ڕەچاو بکرێت. هەڵبەت لە پەنای ئەمەشدا زمانێک یان چەند زمانی دیکە دەکرێت بخوێندرێت و منالان فێری

چەند زمان ببن. زۆر ئەزموونی سەرکەوتوو لە دونیای ئەمڕۆدا ئەم ڕاستییەمان لا زەقتر دەکاتەوە. لە وڵاتگەلێک کە ئەرکی پەروەردە لە هەموو بوارێکەوە زۆر بەسەرکەوتوویی ڕەچاو کراوە، منداڵان هەتا دەگەنە دەورەی ناوەندی، دوو یان سێ و تەنانەت چوار زمانیش بە باشی فێر دەبن. لە دونیای ئەمڕۆدا زانینی چەند زمان یەک لە پێناس و پێوەرە سەرەکییەکانی سەرکەوتووی تاکێکی مۆدێرنە. ئەگەر ئەمە لە بواری سیاسیشەوە سەیر کەین دەبینین وڵاتانی چەند زمانەی وەک هیند، سویس، ئوتریش، بێلژیک، کانادا و بریتانیا، نە تەنیا دواکەوتوو نین، بەڵکو زۆریش سەرکەوتوو و پێشکەوتوون.

ئەوەی لە ئێستادا لە لانی کەم دوو بەشی کوردستان، واتە ئێران و تورکیادا، دەگوزەرێت، بەداخەوە، لە بەرژەوەندیی زمانی کوردیدا نییە. دەبێ ئێلیتی کوردی، زۆر بە وردی و قووڵی ئاوڕ لەم پرسە بداتەوە و بزانێت چ ڕێکارگەلێک ڕەچاو بکرێن کە هەلومەرجی زمانی کوردی، لەوەش خراپتر نەبێت. لەبەر گرنگیی حاشاهەڵنەگری پرسی زمان لە ئافراندن و ئاراستەکردنی توانایی مرۆڤەکاندا، پێویستە و دەبێ خەباتکاران و غەمخۆرانی کورد بە بەردەوامی ئاوڕ لە چارەنووسی زمانەکەیان بدەنەوە. زمان وەک ماکی ئەندێشە و ماڵی بوون و دەرهاویشتەی ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزری و ناسنامەیی مرۆڤەکان، چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵ، دەبێ لە ڕۆژەڤی هەموو پلانە سیاسی و هزرییەکاندا بێت. پرسیار ئەوەیە لە هەلومەرجی بێ دەرەتانی و بێ دەرفەتیی خەملاندن و گەشەپێدانی زمانی کوردی لە بواری ئەدەب و پەروەردە و بەڕێوەبردندا، دەبێ چ ڕێکارگەلێک ڕەچاو کرێن کە ئەو زمانە و ئاخێوەرانی نەکەونە پەراوێزی مێژووەوە؟ ئایا ئێمە دەبێ دەستەوەستان ڕاوەستین و چاوەڕوانی دەرفەت بکەین یان قۆڵی لێ هەڵماڵین و بۆخۆمان بە دەستپێشخەریی شیاو، لە توانا شاراوەکانمان کەڵک وەرگرین؟

لە دوو سێ دەیەی ڕابردوودا چالاکانی فەرهەنگی و زمانی و ئەدەبی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر کاری گرنگیان کردووە و مرۆڤ دەکرێت لەسەر ئەم کارانە ڕاوەستە بکات و هەڵیانسەنگێنێت و بە گوێرەی توانا و پێویستی و دەرفەت، پەرەیان پێ بدات. ئەنجومەنە ئەدەبییەکان لە شارە کوردییەکان و کلاسە تایبەتییەکانی فێرکردنی زمانی کوردی، دەستکەوتی مەزنیان هەبووە. سەرهەڵدانی دەیان نووسەری کارامە و لێهاتووی کورد لەم ماوەیەدا، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. تێکنۆلۆژیی سەردەم دەتوانێت بە شێوەیەکی کاراتر کەڵکی لێ وەرگیرێت. ماوەیەک پێش ئێستا، بە بۆنەی نەورۆزەوە، کانوونی نووسەرانی کوردستان -ڕۆژهەڵات، بۆ ماوەی سێ حەوتوو زنجیرەیەک سێمیناری ئانلاینی دانا کە زۆر بەکەڵک بوون. ئێستا کۆمەڵێک کوردی دەرەوەی وڵات، زانکۆیەکی ئانلاینیان بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوەی کوردی، کردووەتەوە و لە ماوەی دوو مانگدا هەموو شەوێ چەندان وانەی جۆراوجۆر لەلایەن پسپۆڕانەوە دەگوترانەوە و لە ڕێگای پرۆگرامی زوومەوە بە سەدان خوێندکار بە ڕێکوپێکی بەشداری دەرسەکان دەبن. من بۆخۆم چەند وانەیەکم لەوێ بە کرمانجیی سەروو پێشکەش کرد و دڵنیام دەکرێت ئەم ئەزموونە بۆ ڕۆژهەڵاتیش ڕەچاو بکرێت. دامودەزگا فەرهەنگییەکانی باشوور دەتوانن و دەبێ بە چالاککردنی ماڵپەڕی تایبەت بە فێرکاریی زمان و ئەدەبی کوردی، پەرە بە زمان و لێکۆڵینەوەی گرێدراو بە لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی بدەن. لاوازیی لەڕادەبەدەری دونیای مەجازیی کوردی، زۆر جێگای داخە. بۆ زمان و نەتەوەیەک کە هەڕەشەی توانەوەی لەسەرە و دەرفەتی پێویستی بۆ گەشەپێدان بە زمان

و فەرهەنگی خۆی لــێ ڕەوگیر کراوە، دەبێ هەوڵدانی دەستپێشــخەرانەی هەمەلایەنە دە هانایەوە بێــت، ئەگینا ڕەوش لەوەش خراپتر دەبێت. هەوڵــدان بۆ کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئامرازەکانی ئەم سەردەمە دەتوانێت هەلومەرج و ئاستی وشیاریی نەتەوەیی زۆر باشتر بکات. بیســتنی بەردەوامی ئەوەی کــە ناتوانین بە کوردی بخوێنینەوە و بنووسین، هەر لە خۆڕا چارەسەر ناکرێت و دەبێ بیری لێ بکرێتەوە. تێکنۆلۆژیــای ئــەم ســەردەمە دەتوانێــت تارادەیەکــی زۆر پاشەکشــە بە بەربەســتە سیاســی و جۆغرافییەکان بکات. یوڤال نوها هیراری، پرۆفیســۆری گەنج و توانای زانکۆی ئورشــەلیم، لە ڕێگەی ئانلاینەوە کۆرســێک بەڕێــوە دەبات کــە ٦٥٠٠٠ خوێندکار تێیدا بەشدار دەبن. ئایا ئێمە دەتوانین بواری زمان و ئەدەبی خۆمان هێندە سرنجڕاکێش بکەین کە بە هەزاران خوێندکار لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بۆ فێربوون و دەکارهێنانی زمانی خۆیان بەشداری کۆرسگەلی لەم چەشنە بن؟ بــاوەڕ بە پێداویســتیی و گرنگیی ئەم بابەتە دواجار ئیرادە و هەوڵی بێوێنەی بەدوادا دێت. لەڕاستیدا هەوڵی لەم چەشنە، ڕێگای ڕزگاریی مرۆڤی کورد و دانیشتوانی دیکەی جۆغرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆش دەکات و دەبێتە هــۆکاری پەرەپێدانــی بنەماکانــی ئازادی و دێمۆکراسی و پاراستنی مافە دێمۆکراتیکەکان. ئەم پلانانە تەنیا زەمانێک دەتوانن دابڕێژرێن و بــە ئامانج بگەن، ئەگەر باوەڕمان بە گرنگی و بڕیاردەریی پەروەردە لەســەر گەشەپێدانی ناســنامە مرۆیی و دێمۆکراتیکەکان هەبێت. دەمەوێت لێرەدا دیســانەوە جەخت لەســەر ئــەو ڕاســتییە حاشــاهەڵنەگرە بکەمەوە کە پەروەردە لە ســەردەمی ئێســتادا، گرێدراوی کێبەرکێی دەســەڵاتەکان و ئایدۆلۆژییەکانە. بڕەودان بــە هەر سیاســەتێکی پەروەردەیی دواجار گرێدراوی پرســی هێز و دەسەڵاتە و لە دەرەوەی ئەم هاوکێشــانەی دەسەڵاتدا، بە زەحمەت وێنا دەکرێت.

*ساڵی ٢٠٠٨ نامەیــەک لــە لایــەن ٥٣ کەســایەتییەوە واژۆ کرا کە تێیــدا داوا لە حکومەتــی هەرێم کرابوو زاری کوردیی ناوەڕاســت (سۆرانی) وەک زمانی ســتاندارد لە هەرێمی کوردستان بە فەرمی بناســێندرێ. لە هەمان کاتدا، لە پارێزگای دهۆک، هەموو سیســتەمی پەروەردە (خوێندن لە یەکی ســەرەتایی تا ١٢ ئامادەیــی)، زانکۆ و دامودەزگاکان بــە زاری کوردی ســەرووە (کورمانجی). ســەرنجی ئێــوە بۆ ئــەم باســە چۆنە؟ بەتایبەت کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان هەر ســێ زاری ســەرەکی ئاخێوەرێکی بەرچاویان هەیە. چۆن دەتوانین هەروەها باس لــە پەیوەندیی زمانــی ئینگلیزی و کوردی لە پەروەردەی کوردستان بکەین؟*



ئەگەر پرســی زمانــی کوردی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کوردی تێدا دەژین پرســێکی ئاڵۆز بێت، کاتێک دەبێتە پرســێکی نێوخۆیی و پرســی زاراوە کوردییــەکان دێتە گــۆڕێ، هێندەی دیکــە ئاڵۆز و بگرە ئاڵۆزتریش دەبێت. ئەوەی لە سەردەمی مۆدێرندا بەسەر زمانی کوردیدا هاتــووە و لە بوون بــە زمانی پــەروەردە و بەڕێوەبــەری، بێبەش کراوە، دەرهاویشــتەی جیــاوازی لــێ کەوتووەتەوە. لــە لایەکەوە زمانێکی ســتانداردی کوردی وەدی نەهات و لــە لایەکی دیکەشــەوە دەرفەتێکی ئەوتۆی دێمۆکراتیکیش نەڕەخســا کە زاراوە جیاوازە کوردییەکان لە تەنیشت یەکتر گەشە بکەن و ببن بە خاوەنی دامــودەزگای پەروەردەیی و بارهێنان.

پرســی زمانی کوردی و دابەشــبوونی بە ســەر زاراوەی جیاوازدا پرسێکی هەستیارە و سنووری زانســتی و پێوەرەکانی زمانناسانەی

تێپەڕاندووە. بە واتایەکی تر ئەوە تەنێ پرسێکی زمانناسییانە نییە کە زمانی کوردی چییە و لە کامە زاراوەگەل پێکهاتووە. تەنانەت بە بوارێکی دیاریکراوی زمانناسی کە تایبەتە بە کۆمەڵناسیی زمانیش یەکلا نابێتەوە. ئەم باسەش تەنیا پەیوەست بە زمانی کوردی نییە و بەرۆکی زۆر زمان و زۆرکۆمەڵگە دەگرێتەوە. ئەوەی کە زمان چییە و جیاوازییەکانی لەگەڵ زاراوە (dialect) چین و چۆن پۆلێن دەکرێن لەنێو زمانناساندا مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێت و پێناسەیەکی یەکلاکەرەوەی بەرهەست (objective) لەئارادا نییە. زمانناسێکی یەهودی، ماکس وەینریش (Max Weinreich)، ساڵانێک پێش ئێستا بە ڕستەیەکی پڕمانای ئەوپەڕزمانی (metalinguistic) بۆ هەمیشە خاڵی کۆتاییی لەسەر ئەم مشتومڕە دانا و خەیاڵی هەموو بەشدارانی باسە لەمێژینە و کۆتاییهەڵنەگرەکەی ئاسودە کرد. ئەو گوتی کە «زمان زاراوەیەکە خاوەنی هێزی سەبازی». ئەوەش ڕاستەوخۆ بەستنەوەی پرسی زمان و زاراوەیە بە پرسی دەسەڵاتی سیاسییەوە. نموونەی لەم چەشنە لە مێژوودا و لە ڕۆژگاری ئێستاشدا یەکجار زۆرن. ئەگەر لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکاندا زمانەکان سنووری جۆغرافیایەکیان دەرباز دەکرد و تەنانەت لە بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی سیاسیشدا دەستاودەستیان دەکرد، ئەوە لە سەردەمی دەوڵەت نەتەوەدا زمانەکان بە شێوەیەکی گشتی دەبن بە خاڵێکی بڕیاردەری ناسنامەیی و ئیتر دەسەڵاتدارانی سیاسیی وڵاتێکی دیاریکراو، تەنیا بە زمانی فەرمی و نەتەوەیی خۆیان وتار دەدەن و دەنووسن. بەڵام وەک گوتم لە سەردەمی پێشمۆدێرندا نموونەگەلی زۆرمان لەبەردەستدان کە تەنانەت وڵاتانی دوژمن بە یەکتر، کەڵکیان لە زمانی یەکتر وەرگرتووە و بە زمانی یەکتر نووسیویانە. نموونەیەکی زۆر باڵکێش شا ئیسماعیلی سەفەوی و سوڵتان سەلیمی یاوزی عوسمانییە. وەک دەزانین ئەم دوو دەسەڵاتدارە مرۆڤکوژە، هەزاران کەسیان لە جۆغرافیای ئێران و عوسمانیدا کوشت و هەر یەکە بە شێوەیەک ئیددعای نوێنەرایەتیی خودای لەسەر زەوی دەکرد و خۆیان بە جێگرەوەی خوا دەزانی. ئەم دوو مرۆڤە لە بنەڕەتدا ئاخێوەری شێوەیەک لە زمانی تورکی بوون. شا ئیسماعلی سەفەوی وەک بناغەدانەری ئەم دەسەڵاتە، ئایینی شیعە دەکات بە ئایینی ڕەسمی لە ئێران و هەستی شاعیرانەی خۆی بە زمانی تورکی دەردەبڕێت و بە نازناوی خەتایی شیعر دەنووسێت. لەولاشەوە سوڵتان سەلیمی یاووز بە زمانی فارسی شیعر دەنووسێت و شانازی بە شاعیربوونییەوە دەکات. ئێستاش لە سەدەی بیستویەکەمدا لە وڵاتی ئێران شیعرەکانی سوڵتان سەلیم و سەلیمنامەکانی چاپ و بڵاو دەبنەوە. ئەوە ئەو دوو دەسەڵاتدارە سیاسی و ئەو دوو ئیمپراتۆرەن کە لە ١٥١٤دا و لە شەڕی چالدیراندا بەردی بناغەی سنوورەکانی دوو ئیمپراتۆری دادەڕێژن کە ئێستاش دوای نزیکەی پێنجسەد ساڵ کەم تا زۆر وەک خۆی ماوەتەوە و بووەتە سنووری نێوان دوو پاشماوەی ئەم ئیمپراتۆرییانە، واتا وڵاتی ئێران و تورکیا. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئەستەمە مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە کە، بۆ نموونە، شای ئێران و سەرۆککۆماری تورکیا بە زمانی یەکتر شیعر بڵێن و بڵاوی بکەنەوە. خەیاڵی شیعری تورکیی ڕەزا شا و شیعری فارسی ئاتاتورک هەر لە زەینیشدا ناگونجێت.

لە کاتێکدا خاڵەکانی جیاکەرەوەی زمان و دیالێکت بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاخێوەرانی زمانێک لە یەکتر تێدەگەن و هەر کە کێشەی لێکتێگەیشتن هاتە ئاراوە، ئەوە ئیتر سنوورەکانی نێوان دوو زمان زەق دەبنەوە. ئەم پێوەرانە پێیان وایە کە ئاخێوەرانی زاراوەکانی زمانێکیش ئەوەندە لە یەک دوور نین کە لە یەکتر تێنەگەن. بەڵام

لە دونیای واقیعدا شـــتەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە. لێکۆڵینـــەوەکان نیشـــان دەدەن کـــە هەموو ئاخێوەرانی زمانی ماندارین لە چین لە یەکتر تێناگەن. بەڵام پرســـی سیاســـەت و ناسنامە وا دەکات قســـە لەســـەر زمانی یەکگرتووی مانداریـــن بکرێت و بانگەشـــەی ئەوە بکرێت کـــە هەموو ئاخێوەرانی ئـــەم زمانە لەم وڵاتە پانوبەرینەدا بێ کێشە لە یەکتر تێدەگەن.

کاتێک وڵاتـــی گەورەی هیندســـتان لە ١٩٤٨دا ســـەربەخۆیی خـــۆی لەدەســـت کۆلۆنیالیزمـــی بریتانیـــای مەزن وەدەســـت هێنا، پرســـی زمانی هیندی و ئوردو پرسێکی ئەوتـــۆ نەبوو و ئاخێوەرانی ئـــەم دوو «زمان»ە بە هاســـانی لێک تێدەگەیشـــتن. بەڵام دوای پرســـی ئایینی و سیاسی و جیابوونەی هیند و پاکســـتان، ســـنوورەکانی ئـــەم دوو زمانە هێندە تۆخ بوونـــەوە کە مرۆڤ هەر نەوێرێت بیر لە ڕیشـــەی هاوبەشـــی ئـــەم دوو زمانە بکاتـــەوە. نموونەی وڵاتانی ســـکاندیناوییش هەر بەم چەشـــنەیە، من هـــەر ئەمڕۆ وڵامی نامـــەی خوێندکارێکی خۆمم کە نۆروێژییە و بە نۆروێژی بۆی نووســـیوم بە زمانی سوێدی داوەتـــەوە و هیچ کێشـــەیەکی ئەوتۆی لێک تێگەیشتنمان نەبووە. بەڵام کێ هەیە بوێرێت بڵێـــت کـــە ئەمانە دوو زمانی جیـــاواز نین و ســـنوورەکانی نەتەوەییـــی دوو نەتەوە دیاری ناکەن. مرۆڤ زۆر بە ســـانایی دەتوانێت بڵێت کە ئەگەر هۆکاری سیاســـی لەئارادا نەبان و لە دووســـەد ســـاڵی ڕابردوودا یەک ئەلفبێ و یەک سیســـتمی خوێندن لەئارادا بوایە، ئەوە ئەم دوو زمانە/زاراوەیە وەها یەکگرتوو دەبوون کە موویان دەنێوانەوە نەدەچوو.

ڕەوتـــی ســـتانداردبوونی زمـــان هەر بە توانایە زمانییەکانی زمانێکـــی دیاریکراوەوە نەبەســـتراوەتەوە. هۆکارگەلـــی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگـــی و سیاســـی دەبنـــە هـــۆکاری پەرەئەســـتاندنی زاراوەیـــەک و دواجار بوونی بە زمانێکی ســـتاندارد. لە سەردەمی مۆدێرندا سیستمی پەروەردە و مێدیا و بۆرۆکراسی، سێ بەردی سەرەکیی و بنەڕەتیی ستانداردبوونی زمانێکن. لـــە نەبوونـــی ئەم فاکتەرانەشـــدا تەنانەت زاراوەیەک یان زمانێکی دیاریکراویش وەها لەتوکوت دەکرێـــت و بواری کەڵک لێ وەرگرتنـــی هێندە بەرتەســـک دەبێتەوە کە دواجار دەکەوێتە بەر هەڕەشەی لەنێوچوون. دیاردەی مەرگی زمانەکان شتێک نییە جگە لە نەمانی دەرفەت و بوار بۆ دەکارهێنانیان.

بەســـەرهاتی زمانی کوردی لە سەرەتای ســـەدەی بیســـتەمەوە بەســـەرهاتێکی سەرنجڕاکێشـــە. ئاخێوەرانـــی زاراوەکانی ئەم زمانە بوون بە «هاووڵاتیی» چوار وڵاتی جیاواز و چوار سیاسەتیی فەرهەنگیی جیاواز و لانی کەم ســـێ زمانی جیاواز. سنووری نێوان ئەم وڵاتانـــە وەک دیوارێکـــی پۆڵایین هەر جۆرە پێوەندییەکی لەنێـــوان ئاخێوەرانی زاراوەکانی ئەم زمانـــە کردبووە کردەیەکـــی نامومکین. پەروەردەی هاوبـــەش بەم زمانە و زاراوەکانی بوو بـــە خەیـــاڵ و هەرگیـــز وەدی نەهات. ڕەوتی سیاســـیی ئەم وڵاتانـــە تەنانەت بووە هۆی ســـەپاندنی ئەلفبێی جیاوازیش بەسەر ئاخێوەرانی ئەم زمانە. یەکەم ڕۆمانی کوردی بە ئەلفبێی کریلیـــک چاپ و بڵاو بووەوە کە ئێستاشـــی لەگەڵدا بێت بۆ زۆرینەی هەراوی کـــوردەکان ئەلفبێیەکـــی نامۆ و نەناســـراوە. کاتێـــک بەدرخانییەکان لـــە ١٩٣٢ هاواریان بـــە ئەلفبێی لاتینـــی چاپ و بـــڵاو کردەوە هەنگاوێکیان بەرەو کوردانی باکور هەڵێناوە و چەند هەنگاو لە کوردانی پارچەکانی تر دوور کەوتنەوە. ئێســـتا دوای زیاتر لە ســـەدەیەک تێپەڕینـــی زەمـــەن بەســـەر هاتنـــە کایەی دەوڵەت نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سووژەگەلی جیاوازی کوردی بەرهەم هاتوون کە دەیان فاکتەر لە یەکتریان دوور دەخاتەوە جگە لە هەســـتێکی ناسیۆنالیستی. هەستێک کە بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانی، سەدان کۆسپی جۆراجۆری لەبەردەمدایە.

لێرەدا تەنیا دەمەوێت بڵێم کە شـــێوازی هەڵســـوکەوتی دەوڵـــەت نەتـــەوە تازەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـت لەگەڵ پرســـی زمان دەبێ بۆ ئێمـــە ببێتە وانەیەکی گرنگ. ئەوان هاتن و هەزاران ئەفســـانە و ئوســـتورەیان بۆ زمانگەلـــی خۆیان ســـاز کـــرد و زمانەکانی دیکەی پێکهاتـــەی جوگرافیاکانیان لە هەموو شـــت بێبەش کـــرد و هەلومەرجـــی توانەوە و لەنێوچوونـــی زۆر زمانـــی غەیـــری زمانی «پێشکەوتووی» خۆیانیان خۆش کرد. یەکیان زمانەکـــەی بە زمانی شـــەکر پێناســـە کرد، یەکیان بە زمانی خوا و یەکیان بە زمانی خۆر. ئەم سیاســـەتە زمانییە بێگومان کارتێکەریی خـــۆی لەســـەر ئێلیتی کوردیـــش دادەنێت. ئەوانیش لە حەســـرەتی زمانێکی ستانداردی ناوەندیدا هەوڵی سڕینەوەی زاراوەکانی دیکە دەدەن. ئەوان هەمـــوو هەوڵەکانی خۆیان بۆ وەدیهێنانـــی مافی زمانیـــی خۆیان فەرامۆش دەکەن. ئاخێـــوەری هەر زاراوەیەکی کوردی، زاراوەی خـــۆی بە ســـەرەکی دەزانێت و پێی وایە دەبێ ئەم زاراوەیە ببێتە «زمانی ڕەسمی». ئـــەوان پێیان وایە تەنیا ڕێگەی پێشـــکەوتن، سیاســـەتێکی یەک زمانییە. ئـــەوەی ٢٠٠٨ ڕووی دا دەکرێت لەم چوارچێوەیەدا ببینرێت. من بۆخۆم هەر ئەو کات هەڵوێســـتم گرت و لە وتارێکدا کە دواتر لە کتێبی زمان، ئەدەب و ناســـنامەدا چاپ بوو، باسی ئەوەم کرد کە پرسی زمانی ســـتاندارد و دەستنیشانکردنی زاراوەیەک بە زمانی ڕەســـمی نە زمانناسانەیە و نـــە دیمۆکراتیـــک و تەنانەت بە کردەوەش نامومکینـــە. ئەگـــەر سیاســـەتی زمانیی ئەو وڵاتانـــەی کوردیان تێدا دەژین ســـەرکەوتوو بـــوو بێت، ئـــەوە دەکرێت مرۆڤ خۆشـــبین بێـــت کە سیاســـەتی یـــەک زمـــان و یەک نەتەوەی کوردییش سەرکەوتوو دەبێت. لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری زمانی، سیاسی، فەرهەنگی و تەنانـــەت ئابووریـــیـــەوە، زمانـــی کوردی لە هەلومەرجی ئێســـتادا زیاتر لە ستانداردێکی هەیە. بە ئەمـــەش قیامەت ڕانابێت و دەکرێ مـــرۆڤ بەرپرســـانەتر و واقعییانەتـــر بیر لە پلاندارێژیـــی زمانـــی بکاتـــەوە. دەکرێ چاو لە ئەزموونـــی وڵاتانی وەک ئەرمەنســـتان و هیندســـتان و ئەفغانســـتان بکاتەوە. دەکرێ تەنانـــەت بیر لە ئەزموونی ئامریکاش بکاتەوە. دەکرێ بیر لە پلانێکی تۆکمەی هەمەلایەنەی زمانی بکاتەوە کە تێیدا مافی هەموو زاراوەکان پارێزراو بێت و لە هەمان کاتیشـــدا هەوڵ بۆ گەشەپێدانی زمانی کوردی بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ناوچەیـــی و زاراوەیی بکرێتەوە. ئێستا لە باشـــوور گەورەترین کێشەی زمانی، کێشـــەی دوو زاراوەیی نییـــە، بەڵکو نەبوونی پلانی دروســـتی پەروەردەییە. لە هەمانکاتدا هاوژینیـــی دوو زاراوەی ســـەرەکیی زمانـــی کـــوردی لە جوگرافیـــای باشـــووردا دەکرێ وەک دەرفەتێکـــی زمانـــی ســـەیر بکردرێت. دەبینین بە کـــردەوە ئاخێوەرانی ئەم زاراوانە ناتوانـــن لە یەکتردا بتوێنـــەوە. ئەوان دەکرێ بە شـــێوەیەکی ژیرانەتر بیر لە تێگەیشـــتنی هاوبەشی هەمەلایەنەتر بکەنەوە.

بـــە هەبوونی ئەزموونی باشـــوور ئێمە لە ڕۆژهەڵات دەستمان ئاوەڵاترە و دەتوانین زۆر بە شێوەیەکی ڕاســـیۆنال/عەقڵانی بەرەوپیری ئەم پرســـیارە بچیـــن. بۆ نموونـــە دەکرێت بیـــر لـــەوە بکرێتـــەوە کـــە ئاخێوەرانی هەر زاراوەیەک لە قۆناغی ســـەرەتاییدا دەتوانن بە زاراوەی خۆیان بخوێنـــن و لە هەمانکاتدا بە فێربوونـــی بنەماکانـــی زاراوەی خۆیان بەرەو فێربوونـــی یەک لە ســـتاندارەدە کوردییەکان هەنگاو هەڵێننەوە. ئەگەر ویســـتی سیاســـی و تێگەیشتن لە پێداویســـتیی ناسنامەیەکی دیمۆکراتیـــک لەبەرچـــاو بگیرێت، کێشـــە زمانییەکان بە شێوەیەکی ســـاناتر چارەسەر دەکرێن. ئەوە تەنیا سیاسەتی سڕینەوەیە کە نابێ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەرفەتی پێ بدرێت.

دەکارهێنانـــی هـــەر زمانێکـــی دیکـــە لـــە پـــەروەردەدا هەمدیســـان گرێـــدراوی

هەلومەرجی سیاسییە. بۆ نموونە قەوارەگەلی فیدراڵی یا خود کۆنفیدراڵی و دابەشکردنی دیمۆکراتیکانەی دەسەڵات، دەرەنجامی سیاسیی خۆی دەبێت. ئەگەر کورد لە چوارچێوەی هەر وڵاتێکدا بژیت، بێگومان ئەمە دەبێتە هۆکاری پەیڕەوکردنی جۆرێک لە سیاسەتی چەند زمانەیی. لەم نێوەدا پرسی زمانی ئینگلیسی وەک زمانێکی کاریگەری جیهانی، دەبێ زۆر بە شێنەیی و بە وردی بیری لێ بکرێتەوە. دیسانەوە هەڵەکانی پەروەردە لە باشوور لەمەڕ دەکارهێنانی زمانی ئینگلیسی و خوێندنگە تایبەتییەکانی زمانی ئینگلیسی جێگای لێ فێربوونە. هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی زمانی ئینگلیسی لە قۆناغەکانی سەرەتاییەوە دەبێ و دەکرێ بیری لێ بکرێتەوە. ئێستا لە زۆر وڵاتی دونیادا زمانی ئینگلیسی بە شێوەیەکی بەرچاو ئامادەییی هەیە. بەڵام ئەزموونی سەرکەوتووی هێندێک وڵات نیشان دەدات پەرەپێدانی پەروەردە بە زمانی ئینگلیسی ناتوانێت و نابێت پێش بە زمانی خۆماڵی بگرێت. وڵاتانی سکاندیناوی نموونەی هەرە سەرکەوتووی ئەم ئەزموونەن. ئەوان دەتوانم بڵێم هەموویان ئینگلیسی و تەنانەت چەند زمانی دیکەش زۆر بە باشی دەزانن، بەڵام زمانی خۆیان، سویدی، نۆرویژی، فینلاندی و دانمارکی زۆر بە باشی دەزانن و بە شانازییەوە پێی دەنووسن و پێی دەخوێنن و خۆیانی پێ دەناسێنن.

*ئێوە بۆ خۆتان گوتاری کتێبەکانی خوێندنی کوردی لە هەرێمی کوردستانتان شیکاری کردووە و کەموکورییەکانتان نیشان داوە. هەروەها ئاگادارن کە لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان یەکێک لە بناغە سەرەکییەکانی مۆدێرنیزاسیۆن، گۆڕانکاری لە پەروەردەدا بووە. لەم ڕوانگەیەوە، ئێوە پێتان وایە لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، باشترە سیستەمێکی پەروەردەی ناوەندیمان هەبێ کە دەستنیشانی بکا کتێبی خوێندن لە هەموو پۆلەکاندا چۆن بێ، یاکوو قوتابخانەکان دەتوانن لە چوارچێوەی هەر مژارێکدا بۆ خۆیان کتێب پەسەند بکەن؟*



ئەوەی کە خویندنگەکان بتوانن پرسی پەسندکردنی کتێبگەلی خوێندنی مژارە جیاوازەکان وەستۆی خۆیان بگرن دەبێ وەک پرسێکی ستراتێژیک چاو لێ بکردرێت. لە وڵاتانی ئوروپایی ئەمە ئیتر بووەتە نەریتێکی جێگرتوو کە خوێندنگەکان لە بازاڕی بەربڵاوی کتێبدا باشترین کتێبەکان لە باری فۆرم و ناوەڕۆکەوە بۆ خوێندن لە خوێندنگەکان هەڵدەبژێرن. ژمارەی ناوەندگەلی پرۆفیشناڵی تایبەت بە بەرهەمهێنانی کتێب بۆ خوێندنگەکان لە هەموو وڵاتانی ئوروپاییدا لە ڕیزی ناوەندە سەرکەوتوو و ناسراوەکانی پەخش و بڵاوکردنەوەدان. بەڵام بە باوەڕی من لاوازیی فەرهەنگی و ئاستی خوێندەواریی کۆمەڵگەی ئێمە، لە هەلومەرجی ئێستادا ناتوانێت بچێتە ژێر باری بەرپرسیارییەتییەکی ئاوا مەزنەوە. ئێمە هێشتا زۆر دوورین لە تەنانەت ڕێنووسێکی جێگرتووی هاوبەش. کتێبەکانی خوێندن لە باشووری کوردستان و دارشتنە پڕ لە کەموکورییەکانیان زۆر مەترسیدارە. کتێبەکانی خوێندنی سەرەتایی کە بەردی بناغەی پەروەردەی هەر وڵاتێک پێک دێنن بوونەتە سەرەتایەک و هۆکارێکی بنەڕەتی بۆ پارچەپارچەبوونی زەینی سووژەی کوردی لە کوردستان. پێکهێنانی لێژنەگەلی پسپۆڕی زمانی و پەروەردەیی لە پێداویستییە سەرەکییەکانی پەروەردەیەکی سەرکەوتوو و مۆدێرنە. دابەشکاریی سیاسی و ئایدۆلۆژیکی لە باشوور بەداخەوە ڕێی بە پێشوەچوونی هەمەلایەنەی پەروەردەیی لە کوردستان گرتووە. ئەوە هیچ زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم

زەقترین دەرهاویشتەی تراژێدییانەی هەلومەرجی فەرهەنگی و سیاسیی کوردستان لە بواری پەروەردەدا خۆی نیشان دەدات و دواجاریش ئەنجامی ئەم پەروەردەیە ئەم ڕەوتە بەهێزتر دەکاتەوە و مرۆڤی کورد زیاتر تووشی لێکدابڕان و سەرلێشێواوی دەکات.

بە کورتی و بە سانایی دەبێ بڵێم پرسی پەروەردە و سیاسەتی زمانی، بناغەداڕێژی ناسنامەی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە و هەر چەشنە سیاسەتێکی هەڵە لەم بارەیەوە دەتوانێت ئاکامی زۆر نالەباری لێ بکەوێتەوە. ڕەنگە هیچ شتێک لەوە ناهومێدکەرانەتر نەبێت کە لە باشوور پۆستی وەزیری پەروەردە دەکەوێتە ئاستی خوارەوەی ململانێی حیزبەکان لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و تەنانەت حیزبی وا هەیە دەڵێت من «وەزارەتی پەروەردەم» بۆ چییە. ئەگەر مرۆڤ ئەمە لەگەڵ سیاسەتی پەروەردەیی و زمانی لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا بەراورد بکات، تێدەگات ئێمە هێشتا لە سەرەتای وێستگەکانی ئافراندنی تاکی زانای وریای ڕەخنەگری سەربەخۆداین.

*ئێوە لە تێزی دوکتۆراکەتاندا کە دواتر وەک کتێبیش بڵاو کرایەوە، لە تیۆریی بێنێدیکت ئەندێرسن بۆ نیشاندانی پەیوەندیی نێوان پیشەسازیی چاپ لەگەڵ ناسیۆنالیزم کەڵکتان وەرگرتووە. دەکرێ کەمێک زیاتر لەگەڵ ئەم تیۆریسییەنە و کتێبە ناودارەکەی سەبارەت بە کۆمەڵگەی خەیاڵی (وێناکراو) ئاشنامان بکەن؟ هەروەها ئێوە چۆن لە چوارچێوەی تیۆریکی کتێبەکەتان کەڵکتان لەم تیۆرییە وەرگرتووە؟*



کاتێک مرۆڤ پێوەندیی ڕۆمان و نەتەوە بە گشتی و بە دیاریکراوی دەخاتە بەر باس، ناچارە ئاوڕ لە زۆر لایەنی تیۆریک بداتەوە. یەک لەم بوارانە بواری چەمکی نەتەوەیە. توێژەری ئەم بوارە دەبێ هەڵوێستی لەسەر کۆی ئەم باسانە هەبێت کە لە دوو سەدەی ڕابردوودا لەسەر ئەم چەمکە کراون. چەمکی نەتەوە و پێناسەکردنی ئەوەندە ئاڵۆزە کە هێندێک کەس واز لە پێناسەکردنەکەی دێنن و بە شێوەیەکی پراگماتیستی لێی دەڕوانن. لێرەدا با بڵێم کە ئەمە تایبەتمەندیی ڕۆمانیشە و پێناسەکردنەکەی ساناتر لە هی نەتەوە نییە. تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر لایەنی تیۆریکی باسی تێزەکەی من، بە شێوەیەکی گشتی هەوڵم داوە بزانم پێوەندیی هۆکار و هۆکردییانەی (cause and effect) نەتەوە و نەتەوەخوازی (nationalism) چییە. مرۆڤ دەکرێ کۆی بۆچوونەکانی باوی ئەم بوارە بە سێ جۆر دابەش بکات: ١. بۆچوونی سەرەتایی و خوێنی (primordial). ٢. بۆچوونی مۆدێرن و سازکراوی (constructivist). ٣. بۆچوونی تێکەڵاو و سیمبۆلیکی ئێتنیکی (ethno-symbolist) . هەر کام لەم بۆچوونانە مێژوویەکیان لە سەرهەڵدان و گەشەکردن هەیە و لە بواری مێژووییەوە و لە شوێن و سەردەمی جیاوازدا ئەزموون کراون و دەکار هاتوون. بۆ نموونە مرۆڤ دەکرێ قسە لە خوێندنگەی ئاڵمانی و فەرەنسی و تەنانەت سلاویکی (Slavic)ی ناسیۆنالیزم بکات. مرۆڤ دەکرێت ئاوڕ لە پێشەنگانی ڕۆمانتیزمی ئاڵمانی بداتەوە و بۆچوونی کەسانی وەک فیختە و هێردێر و پێداگریی ئەوان لەسەر لایەنە بەرهەستەکانی (objective) نەتەوە ببینێت. یان هەر بەم چەشنە سەیری ئەزموونی شۆڕشی فەرەنسە بکات و باس لە لایەنی زەینیی (subjective) چەمکی نەتەوە بکات و بۆچوونی کەسانی وەک ڕۆسۆ و پرسی شارۆمەندی و ئیرادەی هاوبەش بۆ نەتەوەسازی بە بنەمای لێکدانەوە بگرێت. دەکرێ تەنانەت لە تێکهەڵکێشکردنی ئەم دوو بۆچوونە بگاتە ئەنجامێکی نێوانبەشییانە (intersectional).

سـەرهەڵدانی بزووتنـەوە فراوانخـوازە گشتگیرەکانی وەک پانتورکیسم و پانئیرانیزم و پانئیسـلامیزم و هتد دەتوانن ڕیشەیان لە کارکردی بیر و هزری لە جۆری ناسیۆنالیزمی گەلانی سـلاو (slavic) لە نیوەی دووهەمی سـەدەی نۆزدەهـەم و دواتـردا بێـت. ڕەنگدانەوەیەکـی ئـەم بۆچوونانـە تەنانەت دەکرێ لە لیستە دووروودرێژەکەی ستالینیشدا ببیندرێـت کاتێـک بـۆ پێناسـەی نەتەوە، ژمارەیەکـی زۆر خاڵـی هاوبـەش وەک پێششەرت و پێوەری نەتەوەبوون ڕیز دەکات. چوارچێـوەی هزریـی تێزەکەی مـن تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سـەر نەتەوە، ئەوە بوو کە نەتەوە شـتێکی مێژوویی نییە، بەڵکو لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژوودا ساز دەکرێت. بە گوێرەی تیۆریگەلی کەسـانی وەک ئێریک هابسـباوم و ئێرنێسـت گێلنەر و بێنێدیکت ئاندێرسـەن، دواجار ناسیۆنالیزم هۆکارێکە بۆ بەرهەمهێنانـی نەتـەوە وەک هۆکردێک. بە واتایەکی دیکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە، بزاڤێکی کۆمەڵایەتیی پشتئەسـتوور بە پێشـەنگێکی سیاسـی و فەرهەنگی لە ڕەوتێکی سیاسی و فەرهەنگیدا (ناسـیۆنالیزم)هەوڵی سازکردن و خەملاندنی ناسنامەیەک/پێکهاتەیەک دەدات کە نە نەتەوە ناوزەد کـراوە. بەڵام بنەماکانی ئەو زەینییەتە هاوبەشەی کە دواتر لە ئاکامی بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازانەدا سـاز دەبێت بە بـاوەڕی مـن ڕیشـەگەلی فەرهەنگین. ڕێک لێرەدایە کە پێی بێنێدیکت ئاندێرسـن دەکەوێتە نێو تێزەکەی منەوە. ئەو باوەڕی بە بنەما فەرهەنگییەکانی نەتەوە هەیە کە دەبن بە کەرەسـەیەک بۆ سـازکردنی زەینییەتی کۆمەڵگە خەیاڵییەکان. مەبەست لە کۆمەڵگە خەیاڵییـەکان ئەوەیە کە هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی لە ئاسـتی نەتەوەدا لەئـارادا نییە کە هەموو ئەندامەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یەکتر بناسـن و یەکتریـان بینیبێت. بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستییە، ئەندامانی نەتەوەیەک تا ڕادەیەک هەست بە هاوچارەنووسی دەکەن کـە تەنانەت ئامـادەن لە بـۆ نەتەوەکەیان گیانیشـیان بەخت بکەن. بە واتایەکی دیکە ئەندامانی نەتەوە نەک وەک خزم و ناسیاوی ڕاسـتەوخۆ هاوخوێن، بەڵکو وەک کەسانێک کە لـە زەیـن و خەیاڵی یەکتـردا هەن لە چوارچێوەی نەتەوەیەکدا پێناسە دەکرێن.

پرسـی ڕۆمانیش لـەم سـۆنگەیەوە بۆ ئاندێرسـن گرنگـە. کاراکتەرەکانی ڕۆمانێک شـەرت نییە هەموویان یەکتر بناسن، بەڵام لـە چوارچێـوەی جیهانی ڕۆمانەکـەدا بێ ئەوەی کە هەموویان ڕاسـتەوخۆ پێوەندییان بـە یەکترەوە هەبێت، کارتێکەرییان لەسـەر زەین و کـردەوەی ئەوانی دیکەدا هەیە. ئەوە بە هەڵکەوت نییە کە ڕیشەکانی سەرهەڵدانی ڕۆمـان و نەتـەوە زۆر وەک یـەک دەچـن و لە باری زەمەنییشـەوە ئـەم دوو دیاردەیە کەم تا زۆر وێکڕا سـەر هەڵدەدەن. هەڵبەت ئاندێرسـن لە کارەکانیدا ئاماژە بە ڕۆمانگەلی دیاریکراویـش دەکات کـە دەتوانـن وەک ئۆلگویەک بۆ ڕەنگدانەوەی ڕەوتی نەتەوەسازی سەیر بکردرێن. کەواتە ڕۆمان وەک جیهانێکی خەیاڵی و لە سۆنگەی پێوەندیی کاراکتەرەکان و وەگێـڕ و ڕەنگدانەوەی لە زەینی خوێنەردا دەتوانێت شـێوازێک بێت لە نەتەوە. هەروەها لە بواری ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی تایبەتیی فەرهەنگی و مێژوویی و سیاسیی خەڵکانێکی دیاریکراویشـدا دەتوانێـت دەقێـک بێت بۆ دەرخسـتنی پێوەندیی دوولایەنـەی نەتەوە و گێڕانەوەکەی لەسـەر یەکتـر. بە واتایەکی دیکـە هەلومەرجـی تایبەتـی نەتـەوە کار دەکاتە سەر گێڕانەوەکە و گێڕانەوەکەش کار دەکاتەوە سەر ڕەوتی سازکردنەوەی نەتەوەکە. لایەنی دروسـتکراویی ناسنامەی نەتەوەیی و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و کەسایەتییەکانی کۆمەڵگە و تاکەکانـی، دەکرێت لە گێڕانەوە ڕۆمانییەکاندا زۆر بە بەرچاوی ببیندرێن. وەک نموونەیەک دەتوانم ئاماژە بە ڕۆمانی ئامریکایی

و بریتانیایــی و کەنەدایی بکەم کە ئەگەرچی هەموویان، بە زمانی ئینگلیســی دەنووسرێن، بــەڵام هەر یەکەیان هەڵگری ناســنامەیەکی دیاریکراو و گرێــدراوی کۆمەڵگەی خۆیەتی. لێــرەدا باســی ڕۆمانگەلێک لــەم وڵاتانە کە بــە زمانەکانی دیکە، بۆ نموونە. فەڕەنســی و کێلتی دەنووسرێن ناکەم، ئەگەرچی ئەم باسە دەتوانێت لەســەر ناوەڕۆکــی ئەوانیش هەر ڕاست بێت.

تــا ئــەو جێگایــەی دەگەڕێتەوە ســەر ســەرمایەداریی چــاپ (print capitalism) ئاندێرسن دیاردەی چاپی کتێب لە سەردەمی مۆدێرندا بە ڕێگەخۆشــکەری نەتەوەسازی و گەشــەی نەتەوەیی دەزانێــت. ئەوە بە هاتنە ئارای پیشەســازیی چاپەوەیــە کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی پانزدەهەمەوە ٢٠ میلیۆن کتێب لە ئورووپا چاپ دەکرێت و لە ســەدەی شــانزدەهەمدا ئــەم ژمارەیــە دەبێتە ٢٠٠ میلیۆن. بێگومان ئەم ژمارانە لە ســەدەکانی دواتردا هەر زیاتر و زیاتر دەبن. لێرەدا کتێب دەبێت بە کاڵایەک کە دەفرۆشرێت و ناوەندی بڵاوکردنــەوە قازانجی لــێ دەکات و ئەمەش تایبەتمەندییەکی سیســتمی سەرمایەدارییە. پــرس ئەوەیە لە کۆمەڵگەیەکــی دیاریکراودا پیشەســازیی چاپ چەنــدە ئامادەیی هەیە و چەندە گەشــەی کردووە. لــە نەبوونی ئەم پیشەســازییەدا قســەکردن لــە پێکهێنــان و خەملاندنــی زەینییەتێکــی نەتەوەیــی و ســازکردنی کۆمەڵگەیەکــی خەیاڵــی، زۆر ئەستەم دەبێت. وەک نموونە ئێمە هەموومان باســی بیری نەتەوەیی لای ئەحمەدی خانی لــە ســەدەی حەڤدەهەمدا دەکەیــن و مەم و زین بــە بنەمایەک بۆ ناســنامەی خۆمان دادەنێین. باشە با ئەمە بەراورد بکەین لەگەڵ بیــر و بۆچوونەکانی کالڤین و لۆتەر لەســەر پرۆتســتانتیزم. ئەگەر پیشەســازیی چاپ لە ئارادا نەبوایە و وەرگێڕانەکانی ئینجیل بە زمانە ناوچەییەکانی ئورووپا بە بەربڵاوی نەگەیشتبانە دەســت خوێنــەران، ئەم بــاوەڕە چۆن بڵاو دەبــووەوە. بیر و هــزری ئەحمەدی خانی لە نەبوونــی دەرفەتــی چــاپ و بڵاوبوونەوەیدا دواجار لە زیندانی چەند دەستنووســێکدا لە حوجرەی چەند فەقێ و ماڵی چەند بەگێکدا قەتیــس دەمێنێتــەوە و هەرگیــز نابێت بە ئایدۆلۆژیایەکی بزوێنــەری نەتەوەخوازانە بۆ سازکردنی نەتەوەیەک. ئەوە بە هێچ لەونێک بە هەڵکەوت نییە کە بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامەی کوردســتانی بەدرخانییەکان لە تاراوگەدا بۆ جاری یەکەم بەشــگەلێک لە مەم و زین بڵاو دەبێتەوە و هەروەها ئەمەش بە هیچ لەونێک بــە هەڵکەوت نییــە کە ســەرەتاکانی بزاڤی نەتەوەخوازیی کــوردی گرێدراوی ڕۆژنامەی کوردســتانە لە دوایین ســاڵەکانی ســەدەی نۆزدەهەم و ســەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا. بە باوەڕی من بەسەرهاتی پیشەسازیی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب لە کوردستاندا دەتوانێت لە دوێنــێ و ئەمــڕۆدا پێوەرێکی چاک بێت بۆ هەڵســەنگاندنی تایبەتمەندییەکانی ڕەوت و ئاســت وچارەنووســی بزاڤی نەتەوەخوازیی کورد.

*هــەر لە تێزەکەتانــدا چۆن بەو دەرئەنجامە گەیشــتوون کــە دەتوانن لە نێــوان پێنج ڕۆمانی فارســی و کوردیدا بــەراوردکاری بکەن؟ لــە کاتێکدا ڕۆمانە کوردییەکان هی سێ پارچەی کوردستانن و لە بەرامبەردا ڕۆمانی فارسیمان هەیە؟ ئایــا دەکرا هەر هەمان بــەراوردکاری لە نێوان ئەو پێنج ڕۆمانــە کوردییە لەگەڵ پێنج ڕۆمانی تورکی ئەنجام بدەین؟*



بنەمای تێزی من پێوەندیی نێوان نەتەوە و ڕۆمانە. بۆ ئەم مەبەســتە گریمانــەی مــن بریتی بــووە لە پێوەندیــی ڕۆمــان و نەتــەوە بە پــرۆژەی مۆدێرنیتــەوە. لــە ڕوانگــەی تیۆرییــە

دەکارهاتووەکانی منەوە مۆدێرنیتە لە بوارە جیاوازەکاندا دەرهاویشتەی خۆی هەبووە. لە باری کۆمەڵایەتییەوە ئابووری دەستمایەداری/ کاپیتالیستی/ سەرمایەداری جێگای شێوازەکانی پێشووتری بەرهەمهێنان دەگرێتەوە. نەتەوە دەبێت بە مانیفێستی سیاسیی مۆدێرنیتە. وتار (essay/article) دەبێت بە دەرهاویشتەی نووسینی بابەتییانە. ڕۆمان دەبێت بە مانیفێستی ئەدەبییانەی گێڕانەوە و جێگای ڕۆمانس/حەماسە دەگرێتەوە. لێرەدا پێویست بوو کارتێکەرییەکانی ئەم دەرهاویشتانەی مۆدێرنیتە لەسەر یەکتر بەتاقی بکرێنەوە. بۆ نموونە لەنێوان نەتەوەی خاوەن دەوڵەت و نەتەوەی بێ دەوڵەتدا لێکۆڵینەوە بکرێت کە چ جیاوازییەکی گێڕانەوەیی مۆدێرن، واتە ڕۆمان، هەیە. دەوڵەت نەتەوەی ئێران و ڕۆمانی فارسی چ کارتێکەرییەکیان لەسەر یەکتر هەبووە؟ بێدەوڵەتی لە بەستێنی کۆمەڵگە کوردییەکاندا چ کارتێکەرییەکی لەسەر ڕۆمانی کوردی هەبووە؟ ڕۆمانەکان لە دونیای خەیاڵیی خۆیاندا چەندە لەژێر کارتێکەریی فەزای دەوڵەتداری و بێدەوڵەتیدا بوونە؟ هەر بەم چەشنەش ڕۆمانەکان لە گێڕانەوەکانی خۆیاندا و لە جیهانە خەیاڵییەکانیاندا چەندە ڕەنگدەرەوەی ئەم دیاردانەن و چەندە هاندەری ئەم قەوارە سیاسییانەن؟ ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن لەم دوو بەستێنە جیاوازەدا چەندە کارتێکەریی لەسەر سەرهەڵدانی ئەم ژانرە ئەدەبییە هەبووە؟ ئەمانە و گەلێک پرسیاری دیکە لەم لێکۆڵینەوەیەی مندا خراونەتە بەر باس.

هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئاکادێمیک دەبێ بە پرسیارگەلی دیاریکراو/ کۆنکرێتەوە دەستنیشان بکرێت و بواری وڵام و لێکۆڵینەوەکەش تەواو بەرتەسک و سنووردار بکرێت. هەڵبژاردنی پێنج ڕۆمان لەو دوو زمانانەدا لەم ڕوانگەیەوە دێت. بەڵام بە چ پێوەرێک ئەم ڕۆمانانە هەڵدەبژێری؟ دەبێ تا ئەو جێگایەی دەلوێت ڕۆمانە هەڵبژێردراوەکان نموونەی تیپیکال/نوێنەرانەی (representative) زمان و مێژووی گێڕانەوەی مۆدێرنی ئەو زمانە بن. دەبێ پێوەرەکان دەستنیشان بکرێن و هەڵبژاردنەکان پاساوی تیۆریک و بەرهەستیان هەبێت. ئەوە ڕاستە کە ڕۆمانە کوردییەکان سەر بە سێ پارچەی کوردستانن و لانی کەم دوو دانەیان لە دەرەوەی کوردستان و لە دیاسپۆرای کوردیدا بەرهەم هاتوون. بەڵام ئەمانە هەموویان خۆیان وەک ڕۆمانی کوردی ناساندووە. ڕۆمانە فارسییەکانی بەرهەمهاتوو لە ئەفغانستان و تاجیکستان خۆیان بە ڕۆمانی ئەفغانی و تاجیکی پێناسە دەکەن نەک ڕۆمانی فارسی. ئەمە لە کاتێکدایە وێکچوویی زمانی و زاراوەیی ئەوان لە وێکچوویی زاراوەیی و زمانیی ڕۆمانە کوردییەکان ئەگەر زیاتر نەبێت کەمتر نییە. بەڵام هەبوونی دەوڵەت نەتەوەکانی ئەفغانستان و تاجیکستان و ئێران، پۆلێنکردنی ئەم ڕۆمانانەی خستووەتە بارێکی دیکەوە و فۆڕمی نەتەوەیی جیاوازی پێ بەخشیون.

بێگومان دەکرێت ئەم لێکۆڵینەوەیە لەنێوان ڕۆمانە کوردییەکان و ڕۆمانگەلی تورکی و عەرەبییشدا بکرێت. ڕۆمانی عەرەبی لەم بارەوە زۆر سەرنجڕاکێشە. یەک زمان و بیست و دوو دەوڵەتی عەرەبی! لە هەمووی ئەم وڵاتانەدا عەرەبی زمانی فەرمییە. بەڵام مێژووی ڕۆمانی ئەم وڵاتانە زۆر جیاوازە. ڕۆمانی میسری و جزایری دوو دیرۆکی جیاوازیان هەیە و لەژێر باندۆری دوو گوتاری جیاوازدا نووسراون. ئەمە بۆ هەموو وڵاتانی عەرەبی ڕاستە و گرنگە مرۆڤ ناوەڕۆکی ڕۆمان لەم وڵاتانە سەرەڕای ئەوەی بە یەک زمان نووسراون، هەڵسەنگێنێت. جیاوازییە گوتاری و زمانی و ناوەڕۆکییەکانی ئەم ڕۆمانانە زۆر ڕاستیی کۆمەڵایەتی و سیاسیمان

بۆ روون دەکەنەوە. بەراوردیشیان بۆ نموونە لەگەڵ ڕۆمانی کوردی، هەمدیسان پێوەندیی گێڕانەوە بە بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەرهەمەکان نیشان دەدات.

ئەو لێکۆڵینەوانەی من لەسەر ڕۆمانی تورکی بینیومن زۆر بە جوانی پێوەندیی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاریی سیاسی لەگەڵ سەرهەڵدان و گۆڕانی گێڕانەوەیی نیشان دەدەن. بێگومان بەسەرهاتی ڕۆمانی کوردی لە باکوور و لە وڵاتی تورکیاش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە گوتاری ئەدەبیی گێڕانەوەیی لە چ پێوەندییەکی چڕوپڕدایە لەگەڵ بەستێنی گوتارییانەی خۆیدا. باسکردن لە نەبوونی هیچ دەرفەتێک بۆ سەرهەڵدان و گەشەی ڕۆمانی کوردی لە تورکیا و بە کردەوە بەراوردکردنی چەند ڕۆمانی کوردی لەگەڵ چەند ڕۆمانی تورکی، ئەگەر بەباشی و بە پشتبەستن بە تیۆریگەلی پێوەندیدارەوە بەڕێوەبچێت، دەتوانێت تیشک بخاتە سەر پێوەندیی ئەدەبی گێڕانەوەیی بە سیاسەتەوە و گەشەی زمانی و ئەدەبی بە هەلومەرجی سیاسییەوە. ئەوکات گرنگیی ئەو قسە دانسقەیەی، جودیت فێترلی (Judith Fetterlley)، لێکۆڵەرەوەیەکی ئامریکاییمان، زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەڵێت «سەرتاپای ئەدەبیات سیاسییە.»

لێکۆڵینەوەی لەم چەشنە دەتوانن زۆر لایەنی شاراوەی زەینییەتی تاک و کۆمەڵی کوردیمان بۆ ڕوون بکەنەوە. بۆ نموونە کاراکتەرەکانی ڕۆمانی کوردی چ جۆرە پێوەندییەکیان بە یەکترەوە هەیە و چۆن لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت دەکەن؟ دایکان و باوکان پرسی دەسەڵات لەنێوان خۆیاندا چۆن بەڕێوە دەبەن و مردن لە گێڕانەوە کوردییەکاندا چۆنە؟ بە کورتی دەکارهێنانی تیۆریگەلێک لەسەر گێڕانەوەناسی، دەتوانێت یارمەتیدەری ڕوونکردنەوەی زیاتری گێڕانەوەی کوردی و بەراوردیان لەگەڵ «ئەوانی دیکەی کوردی» بێت. هەلومەرجی دایکی کورد لە ڕۆمانی کوردی و فارسیدا کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی مندا خۆی دەرخست، زۆر سەرنجراکێش بوو. من پێشتر بیرم لەوە نەکردبووەوە و دواتر زانیم کە وەک شتێک لە ناخوداگای گێڕانەوەی کوردیدا، دایکان یان نین، یان نەخۆش و بێدەسەڵاتن. ئەگەر دایک وەک سیمبۆلی نیشتمان سەیر بکەین، ئەوکات دەبینین چۆن گێڕانەوەکان، ئەگەر جوان دارێژرابن، دەتوانن گوزارە لە هەست و نەستی ئێمە بکەن.

**تیشک:** *با لێرەدا بۆ مشتومڕێکی کۆن لە ئەدەبیاتی جیهانیدا بگەڕێینەوە. ئەگەر سەرنج بە نووسەرێکی وەک میلان کۆندرا بدەین کە خەڵکی چێکە و بە فەرەنسی دەنووسێت، ئایا دەتوانین یاشار کەماڵ یا عەلی ئەشرەف دەروێشیان وەک ڕۆماننوسی کورد ئەژمار بکەین؟ زمان چ دەورێک دەبینێت؟*



لە دونیای ئێستادا زۆرن ئەو کەسانەی بە زمانێک جگە لە زمانی زگماکیان دەنووسن. پرسی ئەوەی نووسەرێکی سەر بە نەتەوە و وڵاتێکی دیاریکراو بە زمانێکی دیکە دەنووسێت پرسێکی سرنجراکێشە. کۆندێرای پرسیارەکەی ئێوە لەبەر دەرچوونی لە وڵاتی خۆی و نیشتەجێبوونی لە فەرەنسە دەستی بە نووسین بەم زمانە کرد. بەڵام پێناسەی ئەو وەک نووسەرێکی چێکی، وەک شتێکی نەگۆڕ، هەر مایەوە. ژۆزێف کۆنرادی پۆڵۆنی وەها لە زمانی ئینگلیسیدا قاڵ بووەوە کە بۆ خەڵکانی خوێندەوار و شارەزای بواری ئەدەب نەبێت زەحمەتە مرۆڤ هەست بەوە بکات ئەم نووسەرە ئینگلیسی نییە. کەسانێک کە بیانەوێت ژیاننامەی کۆنراد بنووسن ناتوانن حاشا لە شوێنی لەدایکبوون و سەردەمی

منالّیی ئەو، واتە پۆلۆنیا/لێهستان بکەن. بەڵام دڵـــی تاریکیـــی ئـــەو هـــەر بە ئینگلیســـی دەمێنیتـــەوە و هـــەر دەچێتـــە چوارچێوەی ئەدەبی ئینگلیسی. ئەمین مەئلووفی لوبنانی و نووســـین بە زمانی فەرەنسییش هەر شتێکی لـــەم چەشـــنەیە. کازۆ ئیشـــیگارۆی ژاپۆنی، ســـەلمان ڕوشدیی هیندی و ئەلیف شەفەقی تورکیش سێ نموونەی دیکەی ناسراو و جێی ســـرنجی ئەم جۆرە نووســـەرانەن کە زمانی نووســـین و زمانـــی شـــوێنی لەدایکبوونیان جیاوازە. ڕەوتی خێرا و چڕی جیهانیبوون ئەم دیاردەیـــەی هێنـــدەی دیکە ئاڵـــۆز کردووە. ئیدوارد سەعید لە فەلەستین لەدایک دەبێت و لـــە قاهیرە مەزن دەبێت و دوایە لە ئامریکا دەبێتـــە کەســـایەتییەکی ئاکادێمیکـــی ناوبـــەدەرەوەی جیهانی. ئەو بە ئینگلیســـی دەنووســـێت، بەڵام ســـەرتاپای هاوارەکانی بۆ خەڵکی عەرەبی فەلەســـتینییە. ئیشـــیگارۆی ژاپۆنـــی لە لەنـــدەن مەزن دەبێـــت و دواتر خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات وەردەگرێت و زیاتر بە باتلێری ڕۆمانی پاشماوەی ڕۆژ دەناسرێتەوە هەتـــا بـــە ســـامورایی ژاپۆنـــی. دەکرێ بە نموونەگەلی لەم چەشـــنە، لیستەکەم چەند هێندەی دیکە درێژتر بکەمەوە.

لەبـــەر زۆر هـــۆکاری فەرهەنگـــی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاســـی، زۆر نووسەر بە زمانی زگماکی خۆیان بەرهەمەکانیان بڵاو ناکەنەوە. هێندێکیان هەر نازانن و ناتوانن بە زمانی زگماکی خۆیان بنووســـن. هێندێکیان ناخـــوازن و هێندێکیـــان بۆیـــان گرنگ نییە بـــە چ زمانێک دەنووســـن. ســـەردەمانێک و لـــە قۆناغگەلی بـــەر لە ســـەردەمی مۆدێرندا زمانەکان کارکردی جیـــاوازی کۆمەڵایەتی و پێوەندیگرتن و زانســـتییان هەبوو. لە جیهانی ناســـراو بە جیهانـــی ئیســـلامدا جۆرێک لە دابەشـــبوونی کارکردی زمانی لە سەدەکانی ســـەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژاوای ئاسیادا لەئارادا بوو. لە سەدەی دەهەم و یازدەهەمی زایینیدا زۆر نووســـەری ئێرانی نووســـین بـــە زمانی عەرەبییان بە شانازی دەزانی. ئەوە نووسەرانی ئێرانی بوون کە بە زمانی عەرەبی دەیاننووسی و پەرەیان بە مێژوونووسی و زانستگەلی دیکە دەدا. ڕێزمانـــی عەرەبی و مێـــژووی جیهانی ئیسلام بە دەستی نووسەرانێک دەنووسرا کە عەرەبی زمانی زگماکیان نەبوو. کەسانی وەک سیوتی، تەبەری، غەزالی، فارابی و ئیبنی سینا بە شـــانازییەوە زمانی عەرەبییان دەکار دێنا. لەڕاســـتیدا عەرەبی زمانی زانست بوو. فارسی لە ســـەدەی یازدەهەمەوە بەرەبـــەرە دەبووە زمانی دیوانـــی و دەرباری و پێوەندییەکان لە ڕۆژهەڵاتی جیهانی عەرەبەوە هەتا بەشـــێکی زۆر لـــە ئاســـیای ئەمـــڕۆ. تەنانەت لە ســـێ ســـەدەی پێش کۆلۆنیزەکردنی هیندســـتان لەلایەن بریتانیاییەکانەوە، ئەوە زمانی فارسی بوو کە لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەم وڵاتەدا دەکار دەهات. وەرگێـــڕ و نووســـەرێکی بەناوبانگی ســـوێدی بە ناوی ئێریک هێرمێلین لە سپای ئینگلیســـدا کاری کردووە و لە هیندســـتان فێری فارســـییەکی ئەوتۆ بووە کە لە سەدەی نۆزدەهەمـــدا بە دەیان بەرهەمی کلاســـیکی فارســـی، وەرگێڕاوەتە ســـەر زمانی سوێدی. لە ســـەدەی چواردەهەمەوە تـــا کۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدەهەم ئـــەوە زمانـــی تورکیی عوسمانی بوو کە لە دامودەزگا سەربازییەکاندا دەکار دەهات، بەڵام ســـوڵتانەکانی عوسمانی بە شانازییەوە ســـەر دیوارەکانی کۆشکەکانی خۆیان لە ئیســـتامبول بە شـــیعری فارســـی دەڕازانـــدەوە. هەتـــا ئـــەم دواییانـــەش و لە هێندێک شـــوێن، ئێستاشـــی لەگەڵدا بێت، فەقێ کوردەکان لە مزگەوتەکانی کوردستان گوڵســـتان و بووستانی ســـەعدی دەخوێنن. شاعیرانی کلاســـیکی کورد، بۆ نموونە نالی و مەحوی و شێخ ڕەزا زۆر بە سانایی بە فارسی و تەنانەت تورکییش شیعر دەنووسن.

لە جیهانی ڕۆژاواشدا ڕەوتێکی لەم چەشنە

له ئارادا بووه. سەردەستیی زمانی لاتین بۆ چەندین سەدە ببووە هۆکاری نووسین بەم زمانە لە دەرەوەی ناسنامە ئێتنیکی و زمانییەکاندا. ئەوە لە بەراییەکانی سەردەمی ڕووناککردنەوە (enlightenment)دایە کە وەردەوردە زمانی لاتینی جێی خۆی دەدا بە زمانگەلی ناوچەیی وەک فەڕەنسی و ئینگلیسی و ئالمانی. جگە لە هێندێک ڕیزپەڕی وەک دانتێ و چۆسەر کە بە ئیتالیایی و ئینگلیسییان دەنووسی، ئەوە تەنیا لە سەدەی حەڤدەهەمەوەیە کە ئیتر نووسین بە زمانگەلی ناوچەیی لە ئورووپادا باو دەبێت و سێرڤانتێسی سپانیایی و شێکسپیری ئینگلیسی دەبنە نموونەی بەرزی نووسین بە زمانگەلی ئورووپایی. ئەگەر سەرنج بدەینە دەستپێکی ئەم ڕەوتە لە نیوەی دووهەمی سەدەی پانزدەهەمەوە، دەبینین کە وەرگێڕانی ئینجیل بۆ سەر زمانگەلی ئورووپایی و بیر و باوەڕی چاکەخوازانی وەک مارتین لوتەر (Martin Luther) و جان کالڤین (John Calvin) دەبێتە سەرەتای شۆڕشێکی دەورانسازی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی. لێرەدا دەوری زمان لە ئافراندنی ناسنامە نوێیەکاندا زیاتر لە هەمیشە زەق دەبێتەوە.

لە سەردەمی مۆدێرندا ئەم ڕەوتە کۆتایی پێ دێت و زمان لە چوارچێوەی دەوڵەت نەتەوەکاندا دەبێتە مۆرکی سەرەکیی ناسنامە و هەموو دانیشتوانی وڵاتانی فرە فەرهەنگ و فرەزمان مەجبور دەکرێن بە زمانی سەردەست و فەرمیی دەوڵەت نەتەوە بنووسن و بخوێنن. سەرهەڵدانی چینی مامناوەندی، وەلەو بە لاوازی و کزی، هاوکاتە لەگەڵ بەتۆپزیکردنی زمانگەلی فەرمی لە وڵاتانێک کە کوردەکان تێیاندا دەژین. یاشار کەماڵێکی کوردی باکووری کوردستان و ناوچەی شاری وان، هەرگیز دەرفەتی ئەوەی نابێت لە سەردەمی منداڵیدا بچێتە خوێندنگە و کاتێکیش ئەم دەرفەتەی بۆ دەلوێت، زمانی خوێندنەکەی زمانی تورکییە. ئەو ئەم زمانە وا فێر دەبێت کە دواتر دەبێتە یەک لە نووسەرە هەرە مەزنەکانی زمانی تورکی. مرۆڤ دەتوانێت بە تەواوی لەوە تێ بگات کە هەلومەرجی گەورەبوونی یاشار کەمال و قاچاغبوونی زمانی کوردی لە تورکیا دەبنە هۆکار کە ئەو هیچ بژاردەیەکی جگە لە نووسین بە زمانی تورکی بۆ نەمێنێتەوە. ئەوە زۆر بۆچوونێکی ساکارانە و دوور لە ڕاستی و واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییە کە مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوە بکات یاشار کەمال بە کوردی بنووسێت. ئەو دەیگوت کوردە، بەڵام نەیدەزانی بە کوردی بنووسێت. ئەوە لایەنی زمانییە. بەڵام کە دەگاتە لایەنی تێم و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە، دەبینین کە کۆمەڵگەی کوردی و تاکی کورد هەوێنی سەرەکیی گێڕانەوەکانی ئەون. ئەفسانەی چیای ئاگری و ئینجە مەمەد/ حەمەدۆک/مەمەدی زراڤ شتێک نین جگە لە گێڕانەوەی هەلومەرجی ژیانی مرۆڤی کوردی دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە دەیەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا.

ئەم ڕەوتە لە ئێرانیشدا لەئارادا بووە. محەممەدی قازی و ئیبراهیمی یونسی و عەلی ئەشرەف دەرویشیان، مەنسوری یاقوتی و لاری کرماشانی، زۆریش کورد بوونە و بە کوردییش دواون و کوردیشیان خۆش گەرەک بووە. من لە سوێد و لە کاتی سەردانەکانی عەلی ئەشرەف دەرویشیان، شانس و شانازیی ئەوەم هەبووە چەندین سەعات لەگەڵی دانیشم و قسەی لەگەڵ بکەم. سەرتاپای باسەکانمان لەسەر کورد و ئەدەبیاتی کوردی و ئەدەبیات بە گشتی بووە. لە هەموو گێڕانەوەکانی ئەودا کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکی بەرچاو ئامادەیە. ئەو چیرۆکانەی کە ئەو بە فارسی نووسیونی و دواتر کەسانی وەک مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە وەریانگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی نیشان دەدەن کە ئەوە تەنێ لەبەر ئەوەی بە فارسی نووسراون دەچنە نێو گەنجینەی کتێبخانەی زمانی فارسییەوە،

ئەگینا وەک ناوەڕۆک و تێما تەواو کوردیین. مامۆستا دەرویشیان لەتەنیشت چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا دەستی دایە کۆکردنەوەی ئەفسانە کوردییەکانیش و لە چەندین بەرگدا، هەڵبەت بە فارسی، میراتی زارەکیی گێڕانەوەی کوردیی لە فەوتان ڕزگار کرد.

لە عیراق بە هێندێک جیاوازییەوە ڕەوتێکی کەم و زۆر وێکچوو لەئارادا بوو. محەیدین زەنگەنە نموونەیەکی ئەم دیاردەی نووسین بە عەرەبییە. بەڵام هەلومەرجی سیاسی لەم وڵاتەدا هەرگیز نەبووە ڕێگر لەسەر ئەوەی کەسانی وەک مامۆستا مەسعود محەممەد و مامۆستا برایم ئەحمەد و ئەحمەد موختار جاف و عەلائەددین سەجادی و دەیان و سەدان نووسەری دیکەی کورد بە کوردی بنووسن. لە سوریا نووسەری بەناوبانگی وەک سەلیم بەرەکات کە ئێستا لە وڵاتی سوێد دادەنیشێت بە عەرەبییەکی فاخر دەنووسێت و بەرهەمەکانی وەردەگێڕدرێنەوە سەر زمانگەلی جیاواز و لە سوێد خەڵاتی تۆخۆلسکی وەردەگریت. من دوو لە وەرگێڕانی سوێدیی بەرهەمەکانی سەلیم بەرەکات، واتە پرۆفیسۆر تێتز ڕووکە و دکتۆر جۆناتان مورێن، دەناسم کە هەر دووکیان پسپۆڕی زمانی عەرەبین و کەسایەتیی ئاکادێمیکی ناسراوی وڵاتی سوێدن و لە زمانی ئەوانەوە ئاستی بەرزی زمانی و ئەدەبیی بەرهەمەکانی سەلیم بەرەکات دەبیسم. کە بۆخۆم بەرهەمەکان بە وەرگێڕانی سوێدی دەخوێنمەوە و لە وەرگێڕەکانیش دەبیسمەوە، دەبینم کە هەمدیسان ناوەڕۆک تەواو کوردی و کوردستانییە.

لەسەر ئەم بنەمایە زۆر بە سانایی مرۆڤ دەتوانێ بەرهەمەکانی ئەم نووسەرانە لە بواری ناوەڕۆکەوە بە ئەدەبی کوردی ناوزەد بکات کە بە زمانگەلی دیکە نووسراون. ئەمە ڕاستییەکە کە بۆ زۆربەی نووسەرانی کۆلۆنییەکانی ئافریقاش ڕووی داوە. ئەوان بە ساڵان بەرهەمیان بە زمانی وڵاتانی کۆلۆنیالیست، بۆ نموونە ئینگلیسی و فەرەنسی دەنووسی. بەڵام لە قۆناغێکدا هاواریان لێ بەرز بووەوە و وەک نگوگی وا تیۆنگۆ دوا کتێبی خۆیان بە ئینگلیسی نووسی و ئیتر بۆ سڕینەوەی ئاسەواری کۆلۆنیالیزم لەسەر زەین و زمانیان، دەستیان کرد بە نووسین و بڵاوکردنەوە بە زمانی ناوچەییی ئافریقاییی خۆیان. کتێبی بەناوبانگی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە زەین: سیاسەتی زمان لە ئەدەبی ئاریقاییدا(Decolonizing the mind: The politics of language in African literature) لە نووسینی نگوگی وا تیۆنگۆ دواهەمین بەرهەمی ئەو ئاکادێمیسیەنە ناسراوەی کێنیایە. دوای ئەم کتێبە ئەو بڕیار دەدات بە زمانی خۆی واتا کیکویو بنووسێت. نموونەیەکی دیکە لەنێو نووسەرانی ئەفریقاییدا چینوا ئاچێبێیە. ئەو نووسەری کتێبێکە لە ئاستی جیهانیدا زۆر ناسراو بە ناوی شتەکان هەڵدەوەشێنەوە (Things fall apart). ئەویش دواتر بڕیار دەدات بە زمانی نیجێریایی بنووسێت. لەبیرمان بێت سەرەتا ناوی چینوا، ئالبێرت بووە. ئەو بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی ئینگلیسی، ناوی خۆی دەگۆڕێت بە چینوا ئاچێبێ. مانای ناوەکەی ئەوەیە: «ڕۆحی من دەهانام وەرە!» ئەوە لە سەردەمێکدایە ئاچێبێ لە کاتی کودەتای ساڵی ١٩٥٧ی نیجێریا، لە وڵاتەکەی خۆی دوور دەخرێتەوە. دواتر لە لەندەن تەنانەت بواری خوێندنەکەی لە پزشکییەوە بۆ بواری ئەدەبیات و مێژوو دەگۆڕێت و دواجار دەبێتە پرۆفیسۆرێکی ناوبەدەرەوەی ئەدەبیات و لە زانکۆی بۆستۆنی ئامریکا دەبێتە وانەبێژ و هەر لەوێش سەر دەنێتەوە. کتێبی شتەکان هەڵدەوەشێنەوە، یەک لە شاکارەکانی ئەدەبی پاشکۆلۆنیالیستییە و میلیۆنان نوسخەی لێ فرۆشراوە و وەرگێڕدراوەتەوە سەر زۆر زمانی زیندووی دونیا. ئەمە بڕیارێکی وشیارانەیە و وەک ئەکتێکی شۆڕشگێرانە دەبیندرێت.

ئێستاش لە کوردستان هەن نووسەرانێک کە دەتوانن بە فارسی و تورکی و عەرەبی بنووسن بەڵام ئەم کارە ناکەن و سەرەڕای بێ بازاڕی و دەستکەوتی کەمی ماددی، لەسەر ئەم ڕەوتە بەردەوامن.

وەک دەبینین زمان دەورێکی سەرەکی دەبینێت لە ئافراندنی ئەدەبیدا و ئەگەر نووسەر بواری هەبێت بە زمانی خۆی بنووسێت و یان بڵێین بتوانێت بە زمانی خۆی بنووسێت، ئەوە دوانەی زمان و ناوەڕۆک یەکگرتوو دەبن و بەرهەمەکە مۆرکی زمانێکی دیاریکراو بەخۆیەوە دەگرێت. هەلومەرجی ئێستای هەموو بەشەکانی کوردستان نیشان دەدات کە نووسین بە کوردی بە شێوەیەکی بەرچاو بووەتە بژاردەی ئاگایانە و وشیارانەی نووسەران و شاعیرانی کورد. وێدەچێت ئەگەر فاکتەرە هاندەرە ئابوورییەکانیش بێنە کایەوە، ئەوە ئەم ڕەوتە جێگیرتر و سەرکەوتووتر دەبێت.

*پشک: لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا دەبینین بەشێکی گرنگ لە ڕۆمانی کرمانجی بە سۆرانی کراوە و لە ڕادەیەکی کەمتریشدا پێچەوانەکەی ئەنجام دراوە. ئێوە ئەمە وەک وەرگێڕان دەبینن، یاکوو پێویستییەکی داسەپاوە بە سەر دۆخی زمانی کوردیدا؟ پێتان وا نییە جیاوازیی ئەلفوبێی ئەم دوو زارە هۆکاری سەرەکییە کە خوێندەواران نەتوانن بەدەر لە خودی تێنەگەیشتن لە زارەکان بەرهەمە ئەدەبییەکان بخوێننەوە؟*



لەڕاستیدا پرسی ئەلفبێ خاڵێکی گرنگی جیاوازیی ئەم ڕۆمانانەیە. بەڵام پرسەکە هەر ئەوە نییە. کرمانجیی سەروو و نێوەڕاست و خواروو لە بواری سینتاکس/گرامێریشەوە جیاوازییان هەیە. کارتێکەریی فەرهەنگی باوی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژین، بووەتە هۆکاری هاتنە ئارای کۆمەڵێک وشەی تایبەت بەو فەرهەنگانە. ئەم جیاوازییە لە شقارتە/شەمچە/کبریتەوە بگرە هەتا دەیان و سەدان وشە لە ژیانی ڕۆژانەدا کارێکی وا دەکەن ئاخێوەرانی کورد نەتوانن بە سانایی لێک تێبگەن. لەبیرمان نەچێت کە ئەمە هەر دیاردەیەکی تایبەت بە کورد و زمانی کوردی نییە، بەڵکو بۆ هەموو زمانێک هەر وایە. ئاخێوەرانی دەری/تاجیک و فارسییش هەمان کێشەیان هەیە و پرسی جۆغرافیا و سنوور بووەتە هۆکاری لێکترازانی زیاتری زمانەکەیان کە لە بنەڕەتدا یەک زمانە.

ئەمە دیاردەیەکی زۆر دڵخۆشکەرە کە ڕۆمانگەلی زاراوە کوردییەکان دەگوێزرێنەوە/وەردەگێردرێنەوە سەر یەکتر. ئەم کارە دەبێتە هۆی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانانە و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی لە نێوان ئاخێوەرانی ئەم زاراوانە. وەک ئێوە ئاماژەتان پێ کردووە، پرسی ئەلفبێ پرسێکی گرنگی لێکهەڵاواردنی زاراوە کوردییەکانە. بەڵام ئەگەر ڕاستیت بوێت پرسەکە کەمێک لەمەش ئاڵۆزترە. لە باشووری کوردستان یەک ئەلفبێ دەکار دێت و هەردوو زاراوەی کوردیی نێوەڕاست و کوردیی سەروو بەم ئەلفبێیە چاپ و بڵاو دەبنەوە. لەوێ تەنانەت لانی کەم لە سی ساڵی ڕابردوودا پەروەردەی کوردییش هەر بەم ئەلفبێیە هەبووە. بەڵام ئایا نووسەران و خوێنەرانی کوردی سەر بەم دوو زاراوەیە لە باشوور بە باشی لە کاروباری یەکتر ئاگادارن. من لە دەیان کۆڕ و کۆمەڵی یەکییەتیی نووسەرانی کورد لە باشوور ئامادە بوومە و قسەم کردووە. بەداخەوە زۆر بە دەگمەن تووشی زەینییەتی یەکگرتووی ئەدەبیی ئاخێوەرانی ئەم دوو زاراوەیە بوومە. وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا ئەمە تەنێ پرسێکی زمانی نییە و گرێدراوی زۆر فاکتەری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و بەتایبەت سیاسییە.

لێرەدا دەمەوێت بە خێرایی ئاماژە بە ڕاستییەک بکەم کە من بەهۆی هۆگری و باوەڕم بە مافە دیمۆکراتیکە زمانییەکان ناتوانم لێی بگوزەرێم. ئەویش جیاکردنەوەی پرسی نەتەوەیە لە سیاسەتی یەکزمانی. ئۆلگووی یەک نەتەوە و یەک زمان ئۆلگویەکی هەڵە و مەترسیدارە و ئەو شتەیە کە ڕەزا خان و ئاتاتورک بناغەداڕێژەری بوون لە وڵاتانی ئێران و تورکیا. ئەم سیاسەتە دوای زیاتر لە سەدەیەک نەیتوانیوە لە ئافراندنی نەتەوەیەکی یەکگرتوودا سەرکەوتوو بێت. کوردانیش دەبێ ئاگاداری ئەم ڕاستییە بن و لە داڕشتنی سیاسەتی زمانیدا هەرگیز بیر لە سەپاندنی زاراوەیەک بە سەر زاراوەیەکی دیکەدا نەکەنەوە. پرسی زاراوە کوردییەکان وەک گوتم پرسێکی ئاڵۆز و هەستیارە و تەنێ پرسێکی زمانی نییە. بە باوەڕی من زمانی کوردی لە ئێستادا و بە کردەوە بووەتە زمانێکی جووت ستاندارد. نموونەی ئاوامان لە نۆرویژ و ئەرمەنستان و ئالبانیشدا هەیە و ناتوانێت پێشگیری لە ئافراندنی نەتەوەیەک و پاراستنی مافە زمانی و دیمۆکراتیکەکانی بکات.

هەوڵی ناساندنی ڕۆمانگەلی کوردیی سەروو و کوردیی نێوەڕاست بە یەکتر هەوڵێکی گرنگە و دەبێ بەردەوام بێت. دەستپێشخەریی تاکەکەسیی وەشانخانەکانی ئاراز لە ڕابردوودا و ئەندێشە و ئاڤێستا لە ئێستادا زۆر بەنرخن و هیودارم زیاتر پەرە بستێنێت و بکرێت بە سیاسەتێکی بیرلێکراوی چاپ و پەخش لە کوردستاندا. ڕەخساندنی هەلومەرجی لەباری لێک تێگەیشتنی فەرهەنگی و زمانی و ڕەچاوکردنی ڕێکار و فاکتەرگەلی جیاوازی ڕێخۆشکەری ئەم ئەرکە گرنگە نەتەوەییە، دەتوانێت ببێتە ڕۆژەڤی پلانداڕێژیی زمانی لە ئێستا و سبەینێی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانی کورد.

تایبەتمەندیی هەر زمانێک ئەوەیە کە بەردەوام لە گۆڕاندایە. گۆڕان لە زمانەکاندا تایبەتمەندیی نەگۆڕی هەر زمانێکە. ئەو زمانانەی کە مێژوویەکی درێژی نووسینیان هەیە زۆر بە سانایی ئەم گۆڕانکارییانە دەردەخەن. چاوێک لە زمانی چەوسەری ئینگلیسی لە سەدەی چواردەهەمدا بکە و لەگەڵ زمانی شێکسپیری دوو سەد ساڵ دواتری بەراورد بکە و دواتر وەرە سەر زمانی دیکێنزی سەدەی نۆزدەهەم و دواجار ڤیرجینیا وۆلفی سەدەی بیستەم، ئەم گۆڕانکارییە زمانییانە زۆر بە هاسانی هەست پێ دەکەی.

ئەم پێشەکییەم بۆ ئەوە بوو کە بڵێم جیاوازیی زمان و زاراوە و پێناسەکانی ئەم دوو شێوە زمانییە شتێکی تەنێ زمانی نین و فاکتۆرگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی بڕیاردەری سەرەکیی دەسنیشانکردنی سنوورەکانی زمان و زاراوەن. لە هەمان کاتیشدا زمان دیاردەیەکی چەقبەستووی دەرەوەی گۆڕانکارییە بەردەوامەکان نییە و لە ڕەوتی مێژووییدا بە بەردەوامی و لە هەموو بوارەکانی وشەیی، ڕێزمانی و تەنانەت درکاندن و گۆکردنیشدا، گۆڕانی بەسەردا دێت.

*ئایا دەتوانین ڕۆمانەکانی هونەر سەلیم وەک ئەدەبیاتی تاراوگە دەستنیشان بکەین؟*



وەک دەزانین هونەر سەلیم لەڕاستیدا فیلمسازە و فیلمسازێکی تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتووە و هێندێک لە فیلمەکانی لە ئاستی نێونەتەوەییدا زۆر سەرکەوتوو بوونە. ئەو لە ساڵی ٢٠٠٤ کورتە ڕۆمانێکی بە زمانی فەرەنسی بڵاو کردەوە بە نێوی تفەنگەکەی باوکم. ئەم کورتە ڕۆمانە کە بە جۆرێک ژیاننامەی خودی نووسەرە و سەردەمی زارۆکایەتیی نووسەری تێدا زەق کراوەتەوە

گێڕانەوەیەکی زۆر سرنجڕاکێش و سەمیمییە. ڕۆمانەکە لە کاتی خۆیدا سەرنجی زۆری خوێنەرانی لە ئاستی ئوروپادا بۆ لای خۆی ڕاکێشا و هەر زوو وەرگێڕدرایە سەر نزیکەی بیست و پێنج زمان. من هەر ئەودەم ڕۆمانەکەم خستە نێو پلانی دەرسدانەوەم لە زانکۆ و چەند لە خوێندکارەکانم بابەتی زۆر بەپێزیان لەسەر نووسی. بۆ خۆیشم وتارێکی ئاکادێمیم لەسەر نووسی و لە گۆڤارێکی باشی ئاکادێمیدا بڵاوم کردەوە. باسی سەرەکیی من ئەوە بوو گەلۆ لە نەبوونی ڕۆمانی سەرکەوتووی کوردی بە زمانگەلی بیانی، دەتوانین ئەم ڕۆمانە وەک دەقێکی گێڕانەوەیی دەحیسێب بێنین کە بە خوێنەرانی بڵێت کوردەکان کێن و چیان دەوێت؟ بە لێکدانەوەی وردی گوتارییانە، وەڵامی من بەو پرسیارە ئەرێنی بوو. خاڵی زۆر بەرچاوی ئەم گێڕانەوەیە شێوازی گێڕانەوەکە بوو، گێڕانەوەیەکی تەنزئامێز (satirical)و زمانێک پڕ بە پێستی گێڕانەوەکە و ئەو چەند کاراکتەرەی زۆر بە پوخت و پاراوی و بژاردەیی قسە دەکەن. لەم گێڕانەوەیەدا ئێمە دونیای شێستەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە باشووری کوردستان لە سیلەی چاوی مێرمناڵێکی کوردەوە دەبینین کە باوکی پێشمەرگەیە و لە شۆڕشێکی چەکدارانەی هەمەلایەنەدا بوون و نەبوونی وڵات و نەتەوەکەی ئەزموون دەکات. مێرمناڵێکی کونجکۆڵی بزۆزی عاشق، بە نیگا تیژ و زەینە بەپرسیارەکەی خۆی تیشک دەخاتە سەر هەموو کەلێن و قوژبنی کۆمەڵگەیەک کە بە چنگ و ددان داکۆکی لە بوونی خۆی دەکات. ئێمە لە سۆنگەی بینین و پرسیارەکانی ئەو مێرمناڵەوە کۆڵانەکانی زەین و هزری مرۆڤی کورد و شۆڕشەکەی دەبینین و لەگەڵ پەژارە و شادییەکانی ئەو شارەزا دەبین. ئاواتەکانی ئەم مرۆڤە و هەڵکشان و داکشانی خەون و خولیاکانی وەک فیلمێک بە بەر چاوی خوێنەردا دەخوشن. ئەو مێرمناڵە هەر لەو سەردەمیدا حەزێکی زۆری لە شاشەی تەلەڤیزیۆنە و هەر کاتێکی چاوی بە تەلەڤیزیۆن دەکەوێت لە دڵەو دەڵێت کە ڕۆژێک دیمەنەکانی ئەم تەلەڤیزیۆنە دەکاتە کوردی. شتێک کە بە ڕیتمێکی گێڕانەوەیی جوان چەندین جار دووپات دەبێتەوە و خوێنەر هەتا قوڵاییی ویستی مێرمناڵەکە دەبات. لە هەمان کاتیشدا بەستێنێکی عاشقانە ڕازێنەرەوەی سەرتاپای گێڕانەوەکەیە. مێرمناڵەکەی ئێمە عاشقی کچێکی هاوتەمەنی خۆیەتی و لەو شاخوداخەدا لەوپەڕی ڕۆمانسییەت و ناسکخەیاڵیدا خەریکی ئەڤینداریە. دواجار نسکۆی شۆڕش و تێکشکانی پێشمەرگە و هێزی کوردی و گەڕانەوەی بەعسییەکان و هەر بەمجۆرەش ئاوارەبوونی مێرمناڵەکە و خێزانەکەیان بەرەو سنووری ئێران بە شێوەیەکی زۆر جوان وێنا کراوە و بە ڕستەی کورتی هێمینگوایییانە گێڕدراوەتەوە. دیمەنی شکست و تێکچوونی مۆراڵی باوکی وەگێڕ زۆر کارتێکەریی لەسەر خوێنەر دادەنێت. کاتێک دوای ماوەیەکی کورت بەشێکی زۆر لە پەنابەرەکان بە شوێن لێبوردنی گشتیی ڕژێمی عیراقەوە دەگەڕێنەوە دەروازەی سنووری، مرۆڤ هەستێکی پڕ لە خەم و پەژارە دایدەگرێت و هەست بە غروری شکاوی کوردان دەکات کە لە میانەی گفتوگۆی مێرمناڵەکە لەگەڵ باوکیدا خۆی دەردەخات.

ئایا ئەمە دەتوانێت وەک ئێوە دەپرسن بەرهەمێکی تاراوگەیی کوردی بێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕوانگەیەکەوە ئەرێنییە. ئەگەر ئەدەبی تاراوگە ئەو ئەدەبە بێت کە لەلایەن نووسەرانی سەر بە نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتی خۆیان و لە کاتی ئاوارەییاندا دەنووسرێت، ئەوە بێ شک ئەم بەرهەمە بەرهەمێکی تاراوگەییە. هونەر سەلیم کوردێکی لەدایکبووی ئاکرێیە و سەردەمی منالی و گەنجێتیی لە کوردستان

بووە و دوایــە ڕێی کەوتووەتــە هەندەران و لە فەڕەنســە گیرســاوەتەوە. بەپێی هێندێک پێناسە لە ئەدەبی تاراوگە دەبێت بەرهەمەکە بــە زمانــی نەتەوەییی خودی نووســەرەکە ئافرێندرابێــت. بەم پێیــە ڕۆمانەکەی هونەر سەلیم ناتوانێت بچێتە خانەی ڕۆمانی کوردیی تاراوگــەوە. بەڵام ئەگەر ناوەڕۆکی بەرهەمەکە بە بنەما بگرین ئەوە هیچ گومانمان نامێنێت کە تفەنگەکەی باوکم بەرهەمێکی کوردانەیە و باس لە کۆمەڵگەی کوردی دەکات. دەنگی تەقەی تفەنگەکــەی باوکم بە شــێوەیەکی زۆر ســەرکەوتوانە، هاوارەبەرەی بەسەرهاتی کوردانــە لە دەورەیەک لــە مێژووە پڕ پێچ و خەمەکەی ئەو نەتەوەیەدا.

لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بە ئەو ڕاســتییە تاڵــە بکەم کە ئەم کتێبە هێشــتا بە کوردی بڵاو نەبووەتەوە. کاتی خۆی دکتۆر موحسین عومەر بەشــێک لە کتێبەکــەی بە کوردی لە گۆڤارێکــدا بڵاو کردەوە، بــەڵام دواتر لە بڵاوکردنەوەی وەستا. هۆکارەکان نازانم، بەڵام ئەوەندەی لێرولەوێ پرسیارم کردووە خودی نووسەر نەیویستووە کتێبەکە بە کوردی بڵاو بێتــەوە. ئەمە پرســیارێکە کە حــەز دەکەم کەســێک لە کاک هونەری بــکات و ئەویش وەڵامێکی تێروتەسەلی شیاوی بداتەوە.

*حەز دەکەم بەراوردێک لەســەر دوو ڕۆمــان بکەین کــە بەرێزتان وتاری هەڵســەنگاندنی زۆر باشــتان لەســەر نووسیون. گابۆڕ و گرەوی بەختی هەڵاڵە. هەر دوو ڕۆمانەکە لە لایەن خوێنەرانەوە پێشوازیی باشــیان لێ کراوە. پێتان وایە ســەیدقادر هیدایەتــی و عەتــا نەهایی نوێنەرایەتیی دوو نەسڵی جیاواز دەکەن؟*



سەید قادر و عەتا نەهایی دوو نووســەری توانــا و خــاوەن شــێوازی تایبەتیــی خۆیانن.

ئەوەی کــە ئەوان نوێنەرایەتیــی دوو جیلی جیــاواز دەکەن یــان نا، دەگەڕێتەوە ســەر پێناســەی ئێمە لــە جیل. لــە بۆچوونێکی گشــتیدا تەمەنــی کارا و کاریگەرانەی هەر جیلێــک لە بــاری زەمەنییەوە بە ٢٥ ســاڵ دادەنێــن. واتا جیاوازیی ٢٥ ســاڵ تەمەن و ســەردەم دەکرێــت بنەمایــەک بێــت بــۆ جیاکردنــەوەی دوو جیل لە یەکتر. جیاوازیی تەمەنی ئەم دوو نووسەرە ئەوەندە نییە کە بە هاســانی بە دوو جیل پۆلێنیان بکەین. بەڵام گۆڕانکارییەکانی سەردەمی ئەم دوو نووسەرە دەتوانێــت وەک فاکتەرێکــی جیاکەرەوەی جیلییانەی ئەوان دەستنیشان بکرێت. خاڵێکی وەرچەرخانــی جیاوازیــی جیــل دەتوانێت وەرچەرخانــی گەورەی شــۆڕش بێت. عەتا ئەزموونی بینین و تەنانەت بەشــداربوونی لە شۆڕشــی ١٩٧٩ی ئێراندا هەبووە و یەک لە لاوانــی ئارامانخــوازی ئەو ســەردەمی بووە. ژمارەیەکــی زۆر لە هاوتەمەنەکانی و تەنانەت هاوڕێیانــی نزیکی عەتا چەند ســاڵێک دوای شــۆڕش ڕوویان لە هەنــدەران کردووە. ئەمە دروســت ئەو شتەیە کە سەید قادر ئەزموونی نەکــردووە. ناکرێت ئەمــە تەنێ هەڵکەوتێک بێت کە لە هەر ســێ ڕۆمانی عەتادا جێپێی دەرەوەی وڵات و تاراوگــە بە زەقی دیار بێت. لاسی گوڵی شۆڕان دوای پازدە ساڵ ئاوارەیی دەگەڕێتەوە شــارەکەی خۆی هەتا ســەگی وڵاتەکەی خــۆی پێی بوەڕێــت. مێهرەبانی باڵندەکانی دەم با، هەمدیســان ســاڵانێکی زۆری لە دەرەوەی وڵات تێپەڕ کردووە. چەند لــە کاراکتەرەکانی گــرەوی بەختی هەڵاڵە، ئەگــەر نەڵێین هەموویان، لە فەزای تاراوگەدا هەناسە دەدەن. ئەمە دەکرێت وەک بەشێک لە فــەزای پێگەیشــتن و خەملینی هزری و هەســتیی عەتا ببیندرێت. بەپێچەوانەوە، لە هەر ســێ ڕۆمانەکەی ســەید قــادردا هیچ شــوێنەوارێک لــەم دیاردەیــە نابیندرێت و کەســەکان هەموویــان گرێدراوی شــوێن و

ڕێگەی خۆیان و وەک دەڵێن بە تۆپیش نابزوون.

کاتێک عەتا گوڵی شۆڕانی نووسی ئەوە تەنیا خەون و خولیاکانی ئەو وەک نووسەرێکی دەروەست بوو کە هانی دەدا ئەم کارە بکات. دەرفەتی چاپ و تەنانەت خوازیارانی ڕۆمانی کوردییش ئەوەندە بەرچاو نەبوون کە مرۆڤ کات و توانایی خۆی تەرخانی نووسینی ڕۆمانێک بە زمانی کوردی بکات. عەتا هەر ئەو دەم دەیتوانی بە فارسی بنووسێت و بێگومان ببێتە خاوەن ناوێکیش. بە لەبەرچاوکردنی هەنبانەی وشە و پێشینەی نووسین و بڵاوکردنەوەی کوردی، ڕەنگە ئەو توانیبای لە ئاستی ئێراندا ببێتە خاوەن ناوبانگێکی لانی کەم مامناوەندی. بەڵام ئەو دوای زریکە و تەنگانەکەی، گوڵی شۆڕانەکەی بڵاو دەکاتەوە و لاسە شۆڕەکەی لە سەردەمانی بەیتەکانەوە دێنێتەوە نێو کۆڵانگەلی حەز و ئاواتە بەڕواڵەت نوێ بەڵام بە ناوەڕۆک هێشتا هەر نەریتییەکان. ئەو لە سەردەمێکدا گوڵی شۆڕانەکەی دەنووسێت کە هیواکان وەک هیوای نێو ڕۆمانەکە لەڕولاواز و سست و ناتەواو بوون. ئەو لە زەمەنێکدا هەوڵی ژیاندنەوەی بەیتە کوردییەکان دەدات کە جۆرێک لە سیاسەتی تواندنەوەی سیستمی دەوڵەت نەتەوەیی، دەرفەتێکی زۆر کەمی بۆ خەملێنی نیشانەکانی ناسنامەیەکی کوردی هێشتووەتەوە. سەردەمی لەدایکبوونی لاس، واتا شەڕی یەکەمی جیهانی و هاتنی ڕووسەکان بۆ بانە، لەڕاستیدا، سەرەتای گۆڕانکارییەکی بێ وێنەی ناوچەیی و جیهانییە. سەردەمی کۆتاییهاتنی ئیمپراتۆرییە مەزنەکانی ڕووس و عوسمانی و قاجار. سەردەمی هاتنە ئارای ناسنامەگەلی نوێ کە جێی ناسنامە گشتگیرە ئاینییەکانیان دەگرتەوە. سەردەمی لەدایکبوونی تورک و عەرەب و فارس و چەمکی نەتەوەیە لە ڕۆژاوای ئاسیا و لە ڕۆژهەلاتی ناویندا. سەردەمی قاتوقڕی و فەلاکەتی دانیشتوانی ئەم بەشەی جیهانە. سەردەمی ساڵانی دوای شۆڕشی تورکانی گەنج لە تورکیا و شۆڕشی دەستوری لە ئێران و شۆڕشی دێمۆکراتیک لە ڕووسیایە. جیهان خۆی بۆ قەوارەیەکی دیکەی بوونی خۆی ئامادە دەکات و لاسی ئێمە لەدایک دەبێت. عەتا، نزیکەی حەوت دەیە دوای ئەم ڕووداوانە، بووەتە بەرهەمی ئەم هەلومەرجە پێچەڵپێچە و ئاکامی ئەو هەمووە فاکتەرە دژبەیەکەناوچەیی و جیهانییانە لەگەڵ یەکتر. بوومەلەرزەیەکی بێ پێشینەی جیهانی لەسەر کاولاشی ئیمپراتۆریی ڕووسیا بانگەوازی لەدایکبوونی یەکەم حکومەتی کرێکاری لە جیهاندا دەدات. ئەتاتورک و ڕەزاخان قۆڵ لە دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوەی خۆیان هەڵدەماڵن و بە حاشاکردن لە ناسنامەی زێدەتر لە نیوەی دانیشتوانی جۆغرافیای خۆیان بەردی بناغەی نابەرابەرییەک دادەنێن کە ئێستاش ناڵەناڵی قوربانیانی دوێنێ و ئەمڕۆی کردەوەکانیان گوێی فەلەک کەڕ دەکات. سەدەی بیستەمی ناوچەیەک کە لاسی تێدا لەدایک بوو سەدەی کوشتاری سەدان هەزار مرۆڤە. سەدەی سڕینەوەی ئەرمەن و ئاسوورییەکانە. سەدەی پەتای ئانفولانزایەکە کە سەدان هەزار مرۆڤی کردووەتە قوربانی. لاس دەبێ بچێت گوڵی شۆڕان بێنێت تا بەڵکو دڵی یار، خۆشییەک تام بکات و ژەهری ئەو هەمووە ئازار و دەردە بێ کاریگەر بکاتەوە.

**زمان دەورێکی سەرەکی دەبینێت لە ئافراندنی ئەدەبیدا و ئەگەر نووسەر بواری هەبێت بە زمانی خۆی بنووسێت و یان بلێین بتوانێت بە زمانی خۆی بنووسێت، ئەوە دوانەی زمان و ناوەڕۆک یەکگرتوو دەبن**

عەتا دەبێ ڕیشەکانی خەمی بێناسنامەیی

خۆی بگەڕێنێتەوە دوایە. ئەو دەبێ پەنا بۆ مێژوو بەرێت کە چی بوو و چی ڕووی دا. تێگەیشتن لە ئێستا، لە ڕابردووەوە دەست پێ دەکات. عەتا کەرەسەیەکی ئەوتۆی لەبەردەستدا نییە. عەتا لە درێژەی سامانێکی کولتووریی ئەوتۆی گێڕانەوەییدا ناژێت کە دەستی بە هاسانی قەڵەم بگرێت. من دڵنیام نووسین بەم شێوەیە بۆ ئەو سانا نەبووە. ئەو بە هاوارەبەرە و میرزا و سروە تونییەتیی نەدەشکا. بەڵام لەبیرمان نەچێت گوتاری هەر ئێپیستیمەیەک مەیدانێکی تایبەت بە خۆی هەیە و پرشنگی خۆری نووسین تەنیا لە ئاست و مەودای ئەودا دەدرەوشێتەوە و لە چوارچێوەی سنوورەکانی سەردەمی خۆیدا باڵا دەکات و دەخەملێت.

بەڵام گوڵی شۆڕان مزگێنیی لەدایکبوونی قۆناغێکە کە تێیدا ئەزموونەکانی نوسەرێک خۆیان دەڕازێننەوە و گۆڕەپانی هەڵپەرکێی خوێندنەوەی گێڕانەوەیەک دەکوتنەوە کە پێشتر تۆزوخۆڵی نەریت و بۆشاییە کوشەندەکان، دەرفەتێکیان بۆ هەناسەی کوردانە نەهێشتبووەوە. وردەوردە هەلومەرجی گێڕانەوەی کوردی و پەلوپۆ گوتارییانەکەی دەگۆڕیت. عەتا بە باڵندەکانی دەم با و گرەوی بەختی هەڵاڵەی نیشان دەدات کە تواناکانی لە بڕەودان و هێشتا قسەی ئاخیری نەکردووە. ئەمجارەیان عەتا تەنیا چەند ساڵێک بە کۆڵانی مێژووی شاردا شۆڕ دەبێتەوە و لە بیرەوەریی مێهرەبانەکانی شاردا ڕەنگەکانی دیواری ژیانی ئاوارەیی کەسایەتیی کوردی بەسەر دەکاتەوە. هێشتا دووکەڵی ئاگری شۆڕش بە تەوێڵی مێهرەبانەکانەوە دیارە و پەنجەرەی هۆدەی وەگێڕ هێشتا دووکەڵی تاڵی سیغارکێشێکی هیوارڕووشاوی لێ هەڵدەستێت. دەردی نەریت و نەریتی کوشەندە دەستبەرداری کاراکتەرەکانی عەتا نابن و لە هەیبەتی خەنجەرێکدا کۆڵانەکانی بانە و دوندی چیاکانی سنوور دەبەزێنێت و لە گەڕەکی فلێمینگبەریی ستۆکهۆلمدا دەفری سنگی هەڵاڵە بە خۆشەویستییەکی هەڵە هیلاک دەکات. لەدایکبوونی ناسنامەیەکی تازە بە زەحمەت لە چنگ ساڵانی ئاوارەیی لاس ڕزگاری دەبێت و لەبن پەردووی خانوبەرەی باوانی باڵندەکانی دەم با قوتاری دەبێت و لە زەبری نووکی خەنجەری میرزا حەمە ڕەشید کە بۆ شێرزادی ناردووە، خۆی ڕزگار دەکات. ئەو ناسنامەیە هێشتا لە تەدارەکی لەدایکبووندایە.

> **زمان دیاردەیەکی چەقبەستووی دەرەوەی گۆڕانکارییە بەردەوامەکان نییە و لە ڕەوتی مێژووییدا بە بەردەوامی و لە هەموو بوارەکانی وشەیی، ڕێزمانی و تەنانەت درکاندن و گۆکردنیشدا، گۆڕانی بەسەردا دێت**

سەید قادر لەسەر بەستێنی ئەزموونەکانی عەتا و لە سەردەمانێکی دیکەدا پێشبڕکێی نووسینی خۆی دەست پێ دەکات.کەریم و موتەللیبی گابۆڕ لانی کەم پاڵەوان فسفسێک شک دەبەن کە لێی بگەڕێن و یاریی لاساییکردنەوەی هەژێرانە بکەنەوە. سەیدی گابۆڕ لانی کەم دەتوانێت کەریم و موتەللیب بنێرێتە یاریی تۆپی پێ و غیرەتی ئەوەیان وەبەر بنێت باس لە خەونەکانیان بکەن و شوێنپێی خاڵەکانیان هەڵگرن و لەودیو سنوورەکاندا سۆراغیان بکەن. سەید قادر لانی کەم دەتوانێت سەلاحی تۆقی عەزازیل لە بەرامبەر شۆڕشگێڕەکاندا قوت کاتەوە و بوێریی پرسیارکردنی پێ ببەخشێت. سەید قادر دەتوانێت هەوەسی دۆزینەوەی چلۆنایەتیی ئاخافتنی دەروێشانی شێخانی حەمدونی بکات و بەمجۆرە چەنددەنگییەکی زەمەنییانە بە زمانی کوردی ببەخشێت. ئەو ئیتر دەتوانێت هێندە مەیلی فڕین بکات کە زمانی گۆڕەشار و سەردەمی ئاوێلکەدانی

ئــازاد بدۆزێتەوە تەنانەت ئەو کاتەی زمانی لە گۆ نایەت. دەکرێت لەســەر شێواز و جیهانی گێڕانەوەکانی سەیدقادر و عەتا زۆر قسە بکرێت. لێرەدا لەبەر سنووری پرسیارەکەی ئێوە تەنیا ئاماژە بە چەند خاڵێک لەسەر گرەوی بەختی هەڵاڵە و گابۆڕ دەکەم. لە بواری شــێوازییەوە گرەوی بەختی هەڵاڵە هەڵگــری دیالۆگێکی چــڕی نێــوان کاراکتەــرەکان و هەروەهــا خودی کاراکتەرەکان لەگەڵ یەکترە. وەگێڕی گــرەو ئەگەرچــی هەمــوو کەلێنوقوژبنێکی گێڕانەوەکەی گرتووە و مەجالی سەرکێشــیی لە کاراکتــەرەکان ئەســتاندووەتەوە و ئیزنی تەنانەت هەڵەیەکی ئاخافتنیشیان پێ نادات و لەوپەڕی پوخت و پاراویدا دەدوێت، بەڵام لانی کەم بەشــێک لە فەزای ژینی کاراکتەرەکانی، فەزایەکــی تــەواو نامۆیە بە ژیانــی مرۆڤی کوردەوە. هەڵاڵە و شێرزاد و دکتۆر سەعید لە مەڵبەندی خۆیــان هەڵکەندراون و لە تاراوگە دەژین. وەگێڕی گرەو ڕیسکێکی گەورە دەکات کە کاراکتــەرەکان لە فەزایەکی نەناســراودا دێنێتە گۆ.

وەگێڕی گابۆڕ هەر لە ســەرەتاوە هەســت بــەو مەترســییە دەکات و بــە «گوتم»ەکانی کاراکتــەرەکان غەمــی تێکەڵیــی دەنگەکان دەخوات و بە باوەڕی من تا ڕادەیەکی زۆریش لەم کارەیدا ســەرکەوتوو بــووە. لە گێڕانەوەی عەتــادا برایمۆکــی ڕادیۆ لــە دۆڵ و چیاکانی کوردســتاندا ســەر دەنێتەوە، بەڵام شێرزادی نەریتی دەگەیەندرێتە شەقامەکانی ستۆکهۆلم و بە زەحمەت مەجالــی فێربوونی زمانی نوێ و لەبیربردنــەوەی زمانی کۆنــی پێ دەدرێت. هەڵاڵەش تەنیا بــە هەڵەیەک پێی وایە چوونە زانکۆ لە داوی ئەڤینی باوی کوردەواری، ڕزگاری دەکات و دەتوانێت ڕاهێنانی یاریی هاوڕێیەتی لەگــەڵ دکتۆرێکی کرماشــانی بکات و بەر بە تەقینەوەی حەسرەتە پەنگخواردووەکانی بگرێت. وەگێڕی گرەو دەستی بۆ هێلانە زەرگەتەیەکی مەترســیدار بردووە و لێککردنەوەی ئەو دەنگە ئاڵۆز و ورووژاوانەی خســتووەتە ئەستۆی چەند کاراکتەرێک کە تاراوگە دەرفەتی بیچمگرتنی کەسایەتییەکانی لێ ئەستاندوونەوە.

ســەید قادر هەست بەو مەترسییە دەکات و کەریم لە دەربازکردنی ســنوور پەشــیمان دەکاتــەوە و دەیگێڕێتــەوە زێــدی خــۆی و موتەللیبیش لــە ژینگەی نوێیدا بەجێ دێڵێت و هــەر هەتــا ســواربوونی پاســەکە لەگەڵی دەڕوات. پاســێک کە زۆر خێــرا تێپەڕ دەبێت و کەریم لە تــۆز خۆڵەکەی دوای خۆیدا وەندا دەکات. بە باوەڕی مــن ڕازی تۆکمەیی گابۆڕ، لە بارێکــەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دەســەڵاتی بێ سنووری وەگێڕ بەســەر ئاخێوەرانیدا. خولیای ئاخاوتن و گێڕۆدەییی ســەید قادر بە ڕاوێژی کاراکتەرەکانییــەوە لــە دوورەوە هاوار دەکات. فۆرم و شــێواز لە ســەرووی ماڵــی گێڕانەوە میوانــداری دەکرێــن و وەگێــڕ پــڕ بــە دڵ خزمەتیان دەکات و بەردەوام دەســتی پێیان ڕادەگات. ســەید قــادر هێنــدە دەروەســتی ئاخافتنی کاراکتەرەکانێتی کە تەنانەت لە کاتی نەخۆشــیی کوشەندەشــدا هەر لە شارەکەی خــۆی دەیانخەوێنێــت و بۆخــوی دەبێت بە پەرەستاریان. لە گۆڕەشاردا دەردی گورچکبڕی دیالیــز و گرفتی زمانگرتنیــش ناتوانێت پێش بــە دۆزینەوەی ڕێکارێک بۆ چوونە نێو دونیای ئــازاد بگرێت. هەر بۆیە شــەپۆلی زەینی ئازاد و دونیای بەر لە درکاندنی وشــەکان دەبن بە تاتەبەردی تەنیشــت کانیاوی مێشکی ئاخێوەر و هەموو وشــەکان لەپێش دیدەی خوێنەر وە سەما دەکەون.

عەتا و قــادر دیارییەکی بە وەج و توانای ئەدەبــی کوردییــن و دەیان و بگرە ســەدان خوێندنــەوەی جیــددی هەڵدەگــرن. ئەوان نەک هەر بۆ جیلی ســەردەمی خۆیان، بەڵکو بۆ جیلەکانی داهاتووش دەبنە ســەرمایەیەکی بە نرخی گوتاریانەی ئەدەبی و جوانیناســانە. باســی ئەو خوێندنەوانە و ئەو شرۆڤانە ڕاگرین بۆ زەمەنێک و مەجالێکی دیکە.

”

وتووێژ لەگەڵ

# ڕێبوار سیوەیلی

“

## ژیاننامەیەکی کورت

ڕێبوار سیوەیلی، کوڕی حەمەئەمین ئاغای حەسەن ئاغایە. ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی «باریێ بچووک» لە دەڤەری سیوەیلی شارباژێری سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی تەواوکردووە. چۆتە پەیمانگای هونەرەجوانەکان و بە نیوەچڵی ناچار بە جێهێشتنی کراوە. ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ خانەوادەکەی دەربەدەر بووە و پاش ماوەیەک مانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕێگەی تارانەوە بەرەو دیمەشق و لەوێشەوە بۆ وارشۆ، چووە، لە ساڵی ١٩٨٨ دا لە وڵاتی دانمارک بۆتە پەنابەری مرۆیی و دواجار بۆتە هاووڵاتیی ئەو وڵاتە.. هەر لە دانمارک دەستی بە خوێندنی دواناوەندی کردۆتەوە (١٩٩٤) و لە زانکۆ وەرگیراوە. بەکالۆریۆس(١٩٩٦) و ماستەری(٢٠٠٠) لە بواری فەلسەفەدا لە زانکۆی (Roskilde) وەرگرتووە و هەمان ساڵ گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان و لە زانکۆی سەلاحەددین، لە هەولێر وەک مامۆستای یاریدەدەر دامەزراوە. ساڵی ٢٠٠٥ بۆتە مامۆستا و لە ساڵی ٢٠٠٧ بەشی فەلسەفەی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر، کردۆتەوە و سەرپەرشتیی بڵاوکردنەوەی چەندین بەرهەمی فەلسەفیی کردووە کە دەزگای موکریانی بڵاوی کردوونەتەوە. ساڵی ٢٠١٢ بۆتە پرۆفیسۆری یاریدەدەر. لەسەر داخوازیی خۆی دەستی لە سەرۆکایەتیی بەشی فەلسەفە هەڵگرتووە و لە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی ڕاپەڕین لەسەر داوای ئەو زانکۆیانە، وانەبێژ بووە و لە ساڵی ٢٠١٥وە لە ئەکادیمیای کوردیی کار دەکات و لە(٢٠١٨/٣/٤)وە بە هەڵبژاردن بۆتە ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی. بە زمانەکانی کوردی، فارسی، دانمارکی، عەرەبی و ئینگلیزی بەرهەمی بڵاوکراوەتەوە. لە چەند سەنتەر و دەزگایەکی توێژینەوەیی ئەندام بووە و هەیە. ئێستا ئەندامی بۆردی جێندەرناسیی زانکۆی سلێمانی و بەڕێوەبەری «ڕێکخراوی زەریاب»ـە بۆ چاپ و چالاکیی ڕۆشنبیری و کولتووری و بەرپرسی بۆردی ئەدەبە بۆ ئینسکلۆپیدیای شاری سلێمانی، بە سەپەرشتیی یۆنسکۆ. جگە لەچەندین وتار و لێکۆڵینەوە لە بواری کاری زانکۆییدا، چل و یەک کتێبی لە بوارەکانی، ڕەخنە و هزر و فەلسەفە، بەرهەمی ئەدەبی، گفتوگۆ و هەڤپەیڤیندا بڵاو کردووەتەوە و حەوت کتێبیشی لە زمانەکانی دیکەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

*پەروەردە یەکێک لەو بابەتانەیە کە هەمیشە مایەی گرنگیی پێدان بووە. ڕەوتی «بەمرۆڤبوون» لە ڕەوتی پەروەردەدا دێتەدی، واتە بە پەروەردە مرۆڤ لە «بوونەوەری زیندەناسانە»وە دەبێت بە «بوونەوەری فەرهەنگی».*

بە گشتی دەبێ چۆن پەروەردە *پێناسە بکەین. ئایا ئامانجی پەروەردە، وەدەستهێنانی «فەزیلەت»ە؟ ئەگەر وا بێت دەتوانین بڵێین «سوود» و «کارایی» وەک «فەزیلەت» لەبەرچاو بگرین؟*



لە پێناسەکردنی پەروەردەدا هیچ (دەبێ)یەک لە ئارادا نییە. چونکە ئەگەر مەرجمەندانە پەروەردەمان پێناسەکرد، واتە کۆتوبەندمان کرد و سنوور و ڕێگرمان لەپێشدا قیت کردنەوە و کردمانە ڕەوەندێکی تەمێکردن و بەرزەفتەکردن. لەکاتێکدا بنەما و جەوهەری پەروەردە لەسەر تێگەیشتنێکی تایبەتەوەیە لەسەر ئازادیی بۆ مرۆڤ وەک ئەوەی ئامادە دەکرێت بۆ داهاتووی گەردوون و مرۆڤایەتی. بەم مانایە، فەزیلەتی پەروەردە ئەوەیە کە مرۆڤێک ئامادە بکات بۆ داهاتوو، کە گەردوون بە نیشتمانی خۆی بزانێت و بەدوور بێت لە کۆی ئەو ڕێگرە ئایدیۆلۆژی،

ئایینی، ڕەگەزی و کولتوورییانەی کە مرۆڤ ئاراستە دەکەن بۆ ئەوەی لە یەک چێوەدا جێگیر بکرێت. پەروەردە هەمان ئامانجی ئایدیۆلۆژیا، ئایین و کولتووری نییە و دەیەوێت مرۆڤ، یان تاکەکەس لەو سنووورە دەستوپێگرانە ڕزگار بکات تا بتوانێت بە ئازادانە بیر بکاتەوە. وشەی فەزیلەت لە یۆنانی کۆندا واتە «ئاریتە» یان توانایی. توانایی مرۆڤ لە کوێدا خۆی پێشان دەدات؟ بێگومان لەو شوێنەدا کە مرۆڤ ئازادە و بە ئازادی بیر دەکاتەوە. بۆیە ئەگەر پەروەردەیەکی دروست بتوانێت مرۆڤ بە ئازادی و بە ئازادیی بیرکردنەوە بگەیەنێت، بە مانای ئەوەیە پەروەردە خۆی لە ئایدیۆلۆژیاکان جیا دەکاتەوە و مرۆڤ بە ئاراستەی داهاتوودا دەبات و پۆتێنشێڵ و وزەی هێزەکی(بالقوە) بوونی ئەو مرۆڤە دەکاتە وزەیەکی کردەکی(بالفعل).

لەبەر ئەوە فەزیلەتی پەروەردەیی ئەو بیرۆکە سیاسییەیە کە لە پەروەردە، مرۆڤێکی پاشەڕۆژیانە دروست دەکات و ئەم مرۆڤەش دەبێتە وزەیەکی ناوەکیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. بۆیە پەیوەندییەک لە نێوان تاکە مرۆڤ، پەروەردە و داهاتوودا لە پەروەردەدا دێتە ئاراوە و ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە پەروەردە دابینکەری هەر داهاتوویەکە، کە مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی و مانەوەی خۆی لە ڕێگەیەوە دابین دەکات. وەلێ ئەگەر پەروەردە بەم مانایە بیرۆکەیەکی سیاسی نەبوو، ئەوە پەروەردەکردنیش نابێتە ئایدیالی کۆمەڵگە بۆ مانەوەی خۆی لەسەر بنەمای دروستکردنی مرۆڤی نوێ و پاشەڕۆژیانەوە. بەڵکو دەبێتە ئامرازێکی ڕامکردن و تەمێکردنی کەس، چاوشکاندن و غیرەتشکێنی و دیسیپلینکردنیان بە هۆی میکانیزمە قوتابخانەییەکانەوە، تا لەوێدا کەسبوونی کەس لەبار بخرێت. لەبەر ئەوە بوونی دامەزراوەی پەروەردەیی و قوتابخانە و مامۆستا و تەکنەلۆژیا، هیچیان بەمانای بوونی پەروەردەیەک نایەن، کە ئامانجی بەرجەستەکردنی توانایی مرۆڤ بێت. پەروەردە لەیەک کاتدا بیرۆکەیەکی سیاسیی، ئایدیالێکی کۆمەڵگە و گرتنە بەری ڕێوشوێنگەلێکە، بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین ئازادی بۆ مرۆڤ (تاکەکەس) تاکوو تیایدا بیر بکاتەوە و داهێنان بکات.

*ئایا «پەروەردەی نەتەوەیی»، پەروەردەی نیشتمانی» و «پەروەردەی مەدەنی»، دەکرێ بگوترێ هەر سێکیان لە چوارچێوەی «پەروەردەی سیاسی»دا بگونجێنرێن؟*



بەڵێ ئەوە ڕێک بە تێگەیشتنی من ئامانجی پەروەردەیە وەک بیرۆکەیەکی سیاسی، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ڕێگەی پێکەوە بەستنەوەی ئەو سێ چەمکەوە، مرۆڤێکی خاوەن وابەستەیی یان ئینتیمای نەتەوەیی، مرۆڤێکی خاوەن شوناس و مرۆڤێکی شارستانییانەت بۆ بەرهەم بهێنێت. بەهۆی یەکەمیانەوە خۆی پێناسە دەکات، بەهۆی دووەمیانەوە ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات و بە هۆی سێیەمیشیانەوە خۆی دەکاتە بوونەوەرێکی گەردوونی. ئەگەر پەروەردە بیرۆکەیەکی سیاسی نەبێت و سیاسەت نەتوانێت ئەرکە پەروەردەییەکان پێشنیار بکات، پەروەردەش دەبێتە ئامرازێک بەدەستی ئایدیۆلۆژیا و ئایینەکانەوە و بەو جۆرەی دەیانەوێت مرۆڤەکان بەهۆیەوە ئاراستە دەکەن و بەرەو جەهەندەمێکیان دەبەن، کە خۆیان مەبەستیانە. هەر لەبەر ئەوەش دەبینیت لەپەروەردەدا هیچ مژدەیەک نابەخشرێت؛ هێندەی ئەوەی ڕەوەند و پرۆسەیەک دەخرێتە گەڕ بۆ ئامادەکردنی مرۆڤێکی پاشینەیی و دواڕۆژیانە، لە کاتێکدا مژدە چەپکە دڕکی هەر ئایدیۆلۆژیا و ئایینێکە بۆ داهاتوویەکی پۆتۆپیایی و نەزانراو و نەناسراو.

*کەسانێک لەو باوەڕەدان*

*له جۆره‌كانی په‌روه‌رده‌دا هه‌میشه دژایه‌تییه‌كی «ناوكۆیی»هه‌یه‌. بۆ نموونه‌: ناتوانین ده‌سته‌به‌ری ئه‌وه بكه‌ین كه ڕه‌فتاری نه‌ته‌وه‌یی، به شێوه‌یه‌كی مه‌ده‌نییانه ده‌ربكه‌وێت، ئه‌وه له كاتێكدایه كه په‌روه‌رده‌ی نیشتمانی ده‌توانێ یارمه‌تیده‌ری ڕه‌فتاری مه‌ده‌نییانه بێت، به‌ڵام له سه‌رێكی دیكه‌وه «نه‌ته‌وه‌یی» و «نیشتمانی»ش ڕه‌نگه له باری بنه‌ماییه‌وه له یه‌ك پێوه‌ری ڕه‌فتاریدا كۆ نه‌كرێنه‌وه؛ ئایا له ڕوانگه‌ی به‌ڕێزتانه‌وه ئه‌م به‌ڵگه‌هێنانه‌وه‌یه چه‌ند ڕاسته و بۆ چاره‌سه‌ریش چ ڕێگه‌یه‌ك پێشنیار ده‌كه‌ن؟*



زۆر جار بوونی دژایه‌تی و دژوازی به‌مانای هانده‌ره بۆ ئه‌وه‌ی بیر له شتی نوێ بكه‌ینه‌وه، یان واقیعه‌كه وه‌ك ئه‌وه‌ی كه هه‌یه‌، بناسین. تا ئه‌و شوێنه ڕه‌فتاری نه‌ته‌وه‌یی دژی ڕه‌فتاری مه‌ده‌نیانه‌یه‌، كه ئه‌و ڕه‌فتاره له بنه‌مایه‌كی نه‌ته‌وه‌خوازیی داخراوه‌وه سه‌رچاوه‌ی گرتبێت و ڕه‌فتارێك بێت له‌سه‌ر بنه‌مای حه‌ماسه‌سازی و ڕه‌گه‌زپه‌رستی و ڕقبوونه‌وه له ئه‌وانیتری غه‌یره‌خۆمانه‌وه‌، بینا كرابێت. له دنیای مۆدێرندا هه‌ر یه‌ك له‌و جۆره ڕه‌فتارانه پابه‌ند كراون به شتێك له سه‌رووی میزاجی مرۆڤ و ویسته خۆپه‌رسته‌كانیانه‌وه‌، كه ئه‌ویش یاسایه‌. هه‌ر یه‌ك له ڕه‌فتاری نه‌ته‌وه‌یی، نیشتمانی و مه‌ده‌نیانه له‌به‌رامبه‌ر یاسادا مافی چون یه‌كیان هه‌یه‌. تۆ ده‌توانیت له چوارچێوه‌ی بیركردنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌ییدا، بیر له‌و ڕه‌فتاره بكه‌یته‌وه كه گوزارشته له بیركردنه‌وه‌كه‌ت، بۆ نموونه هه‌ر كه‌سێك كه خۆی به كورد ده‌زانێت، بۆی هه‌یه شانازی به جه‌ژنی نه‌ورۆزه‌وه بكات و به‌و جۆره هه‌ڵسوكه‌وت له‌و بۆنه‌یه‌دا بكات كه تێگه‌یشتنه‌كه‌ی له‌خۆی ده‌سه‌لمێنێت. به‌ڵام ئه‌گه‌ر بیه‌وێت به‌زۆر هه‌مووان، كه تێگه‌یشتنێكی دیكه‌یان له‌سه‌ر خۆیان هه‌یه‌، وه‌ك ئه‌و خۆشحاڵی بنوێنن و ئه‌گه‌ر وایان نه‌كرد، هه‌ڵوێستیان لێ وه‌ربگرێت و به‌چاوی سووك ته‌مه‌شای جه‌ژنه‌كانی ئه‌وانی تر بكات، ئه‌وه ئه‌و به‌و ڕه‌فتاره‌ی نه‌بۆته مایه‌ی شانازیی نه‌ته‌وه‌یی. كه‌وایه ڕه‌فتاری نه‌ته‌وه‌یی، وه‌ك چۆن ئه‌نجامی بیركردنه‌وه‌یه له چوارچێوه‌ی نه‌ته‌وه‌دا، پێویسته هه‌ربه‌وجۆره‌ش ڕه‌فتارێك بێت شكۆی نه‌ته‌وه به‌رز ڕابگرێ و شانازی به‌ده‌ست بهێنێت، نه‌ك ڕقی ئه‌وانی تر بووروژێنێت. من له‌و بڕوایه‌دام له هه‌ناوی هه‌موو ڕه‌فتارێكی نه‌ته‌وه‌ییدا بیركردنه‌وه‌یه‌كی مه‌ده‌نیانه‌ش هه‌یه و ئه‌مه بۆ ڕه‌فتاری نیشتمانیش له ئاست ڕه‌فتاری نه‌ته‌وه‌ییدا هه‌ر ڕاسته‌. ڕه‌فتاری نه‌ته‌وه‌یی له‌سه‌ر بنه‌مای ته‌بایی و توانه‌وه له‌گه‌ڵ یه‌كدا دروست ده‌بێت و ڕه‌فتاری نیشتمانییش له‌سه‌ر بنه‌مای گونجان و ڕێزی به‌رامبه‌ر، له كاتیكدا ڕه‌فتاری مه‌ده‌نیانه یاسامه‌نده و كۆكه‌ره‌وه‌یه‌. بۆیه من له‌گه‌ڵ ئه‌و بۆچوونه‌دا نیم كه ئه‌مانه لێكدابڕ ده‌كات و لێكیان هه‌ڵاوێری. چونكه پێم وایه ده‌كرێت خاڵێكی هاوبه‌ش كۆیان بكاته‌وه‌. دوو هاوسه‌ری نه‌ته‌وه‌جیاواز، له یه‌ك نیشتماندا ده‌توانن له یه‌ك كاتدا ڕه‌فتاری نه‌ته‌وه‌یی و نیشتمانی و مه‌ده‌نیانه له ئاست یه‌كتردا بنوێنن، به‌بێ ئه‌وه‌ی جیاوازیی نه‌ته‌وه‌یی، ببێته هۆكاری ئالۆزی نانه‌وه له نێوانیاندا. هه‌ریه‌كه‌یان ماف و حه‌قی خۆیه‌تی له ڕوانگه‌ی نه‌ته‌وه‌ییی خۆیه‌وه ئه‌و مه‌راسیمانه له ماڵه‌كه‌یاندا ساز بكات كه گوزراشن له تیگه‌یشتنه نه‌ته‌وه‌ییه‌كه‌ی و به‌رامبه‌ریش به هه‌مان شێوه‌. بۆ نموونه هه‌ریه‌كه‌یان زمانی زگماكی خۆی فێری وه‌چه‌كانیان بكه‌ن، ئه‌مه‌ش له كاتێكدا هه‌ردووكیان ببنه سه‌رچاوه‌ی فێركردنی ڕه‌فتاری مه‌ده‌نی به منداڵه‌كه‌یان. گرنگه مرۆڤ تواناییی ئه‌وه‌یه‌ی هه‌بێت، (ئه‌مه‌ش شتێكه په‌روه‌رده تیاماندا ده‌یخه‌مڵێنێت)، كه له‌ده‌ره‌وه‌ی شوناسی نه‌ته‌وه‌ییه‌وه له‌خۆی تێبگات، له‌ده‌ره‌وه‌ی شوناسی نیشتیمانییه‌وه هاونیشتیمانیانه بیر بكاته‌وه و هه‌میشه‌ش خۆی له ئاست یاسادا به یه‌كسان ته‌ماشا بكات. بوونی

یاسای مەدەنی کە بنەوانێکی سیکیوڵارییانەی هەبێت، بەمانــای بوونی گەرەنتییەکە کە مافی هەمووان بە یەکسانی پارێزراوە و ئەمەش ڕێگە دەگرێــت ئەندامانی ئــەم نەتەوەیە خۆیان پێ بەرزتر و پیرۆزتربێت لە ئەوانیتر. بۆیە لە ئاست هەمــوو دژواز و ناکۆکــە نەتەوەیــی، ئایینی و نیشــتیمانییەکان و هەروەهــا بنەچەخوازیی و نەژادباوەڕییەکانــدا، دەکرێت ســیکیوڵاریزم و بــاوەڕی ڕەها بە یاســا لە هــەر پەرگیرییەک ڕزگارمــان بکات، بەبێ ئەوەی کەس ناچار بێت دەســت لە نــەژاد و ئایین و نەتــەوەی خۆی هەڵبگرێــت، یان بتوانێت بە هــۆکاری دین و نەژاد و نەتەوە، خۆی بەسەرئەوانیتردا بسەپێنێت.

*لەم ســەردەمەی ژیانــی فەرهەنگیی نەتــەوە و گەلانــدا چوارچێــوەی خێــزان لە دەستنیشانکردنی نۆرمی ڕەفتاریدا هێندە برشتی نەماوە، تەنانەت دامەزراوەکانی دەوڵەتی مودێرنیش بە کۆمەڵــە نۆرمێکــی دەرەوەی خۆیان گەمارۆ دراون، لەم بارودۆخــەدا ئایا وێژمان(دیسکۆرس) یێکی زاڵی پەروەردەی جیهانی لە دایک دەبێ یان بەپێچەوانەوە بەگشــتی فۆرمەکانــی پەروەردە دەشێوێن؟*



من هەمیشــە لەخۆم دەپرسم ئایا تێگــەی ئێمە لەســەر جیهان، ئەو جیهانەیــە کــە لەمیدیاکانــدا دەبینرێت، یــان جیهان زۆر لــەوە گەورەتر و بەرینترە کە هێشــتا میدیای جیهانی پیشــانی نەداویــن. ئێمــە دەزانین کە ســەدان جۆری کولتووری دیکە هێشــتاکەش درێــژە بە ژیان دەدەن و خێزان تیایاندا لە چەقی بڕیاردانداپە، کــە هێشــتا دەســتی جیهانگەراییــان پێ نەگەیشــتووە. بۆیە لەو بڕوایەدام کە ئەوەی لە جیهانگەراییدا وەک ســەرجەمی جیهان خۆی دەنوێنێت، هەمــوو جیهان نییە. هەر بۆ نموونە یەکەی هەرە سەرەکی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا گونــدە، کە ژیانی ســەدان خێزانی تێدا بەڕێوە دەچێت، کە نەبوونەتە بابەتی هیچ میدیایەک و ئێمە لە فەرهەنگ و شــێوەژیانیان هیچ نازانین. وردە کولتوورگەلێک لە جیهاندا سەردەمســتەن کە بانگەشەی گڵۆباڵیزم نایانگرێتەوە و درێژە بە ژیانی نەریتی دەدەن و هیشتاکەش لەو شوێنانە باوک و نێرینە دەسەڵاتی بڕیاریان لە دەستدایە و بۆ هیچ یاسایەکی جیهانگەرایی پێمل نابن و زنجیــرە ڕەفتــاری تایبــەت بەخۆیــان بەرهەمدەهێننــەوە. ئەوانــە لە گۆشــەگیریی کولتووریــی خۆیانــدا بەســەردەبەن و نۆرم و ڕەفتــاری خۆیــان و جیهانبینیــی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. بۆیە جیهان لە ڕووی تیۆرییەوە هەر تەنیــا ئەو جیهانــە نییە کــە کولتووری جیهانگەرایی دەستی پێی گەیشتبێت. سەبارەت بــە دەوڵەتــەکان شــتێکی دیکەیــە، چونکە دەوڵەتەکان ناچارن لە پەیوەندیدا بن و مانەوە و بەردەوامیــی خۆیان لەو تــۆڕەدا ببیننەوە کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەوە دەیانبەستێت بە دەوڵەتانی ترەوە. بۆیە بە ناچاریش، زۆر جاریش بە درۆ و فێڵ، خۆیــان پابەند بەو پڕۆتۆکۆڵ و یاســا و پەیماننامانەوە دەکەن، کە بڕواشــیان پێیان نییە بەڵام واژۆیان دەکەن بۆ ئەوەی بەو مــاف و جیاووک(ئیمتیاز)انــە بگــەن کە لەو ڕێگەیەوە دەســتیان دەکەوێت. ئەمە بۆ نموونە ژینگەپارێــزی دەگرێتەوە، ڕێزگرتن لە منداڵ و ژن و مافــی مــرۆڤ دەگرێتــەوە، ڕێزگرتن و بەرقەرارکردنی یاســا دەگرێتەوە و کەچی ئەو دەوڵەتانە لە وڵاتەکەی خۆیاندا هیچکام لەمانە جێبەجێ ناکەن و بگرە بە ئاشــکرا و بە نهێنی پێشێلیان دەکەن. کۆماری ئیسلامی و کۆماری تورکیا دوو نموونەی ئەو دەوڵەتانەن کە زۆرترین پەیماننامەی جیهانییان واژۆ کردووە، کەچی لە ڕیزی هەرە پێشــەوەی دەوڵەتە پێشێلکارەکانی جیهانیشن.

لەوەها بارودۆخێکدا وێژمان، یان گوتارێکی پەروەردەیــی زاڵ دەکرێت کە بەشــێک بێت لە کــۆی سیســتەمەکە، نەک پــەروەردە بەو مانایەی بەرهەمێهنــەری مرۆڤێکی دواڕۆژییە.

ئەمەش لەو ئاراستەیەدا دەبینینەوە، کە ڕەوتی تایبەتیکردنی پەروەردە لە جیهان و وڵاتانی تازە ڕێکەوتوو و کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، پەرەی پێ دەدرێت و لەسەر دوو بنەما کاری خۆی دەباتە پێش: یەکەم ئەوەی هەر شتێکی خۆمان دواکەوتووە و تەنیا بە دەستەودامانبوونی کولتووری خۆرئاوا ڕزگارمان دەبێت، دووەمیش بە هۆی بەپیرۆزکردنی زمانی ئینگلیزییەوە. ئەم دوو میکانیزمە کاریگەریی باڵایان هەبووە لە ڕەوتی تایبەتیکردن(پرایڤاتیزەکردن)ی کایەی پەروەردەدا و وەپاشخستنی پەروەردەیەکی خۆماڵی لەسەر بنەمای ئەزموونەوە. لەبەرئەوە، گوتاری زاڵی پەروەردەیی لە ئێستای جیهاندا بریتیە لە گوتارێک، کە بازرگانیسەنتەر و سوودخوازانەیە نەک بەهادروستکەر. ئەوەش بەمانای ئەوەیە کە فۆرمێکی پەروەردەییی جیهانگرەوە لە ڕێگەی میکانیزمەکانی بازاڕی پەروەردەییەوە، جێی بۆ خۆش دەکرێت و چینە باڵاکانی کۆمەڵگەی بۆ دنە دەدرێت تا منداڵەکانیان لە کێبەڕکێی گەیشتنەوە بە ئەوروپا بنێرنە ئەو قوتابخانانە تا زمانە ئایدیالییەکە فێر ببن و هەرچی زووترە داهاتوو بۆخۆیان مسۆگەر بکەن. لە بنەمادا ئەمە دادۆشینیکی دیکەی بازاڕی سەرمایەدارییە کە لە ڕێگەی قوتابخانە تایبەتییەکانەوە توانیویەتی نایەکسانییەکی پەروەردەیی بهێنێتە ئاراوە. لەم ڕێگەیەشەوە فرەپەروەردەیی، کراوەتە قوربانیی یەک فۆرمی پەروەردەکردن کە پێشنموونەکەی ئەوروپایە و زمانە ئایدیالییەکەشی ئینگلیزییە.

*ئەوەی لە هەمبەر کوردەوە گرنگە، بەڕێوەبردنی سێ پرۆسەیە کە بەداخەوە دەکرێ بگوترێ سێ پرۆسەی «وەدرەنگخراو»ن، واتە «پەروەردەی نەتەوەیی»، «پەروەردەی نیشتمانی» و «پەروەردەی مەدەنی». ئایا دەکرێ ئەم سێ پرۆسەیە هاوکات لە بارودۆخێکی سیاسیی ئێستای کورد و کوردستاندا بەڕێوە بچن؟ ڕێکخراو و حزبەکان دەڕۆستی بابەتەکە دێن یان دەبێ وەک هەمیشە دوا بخرێن و دیارە سەدەی بیست و یەک ئاسۆکانی هێندە لێڵن کە ئێمە مەترسییەکانی دواخستن نابینین، لەو بارەوە ڕاتان چۆنە؟*



کێشەکە ئەوەیە کە هەتا ئێستاش بۆ ئێمەی کورد و لە ناو هزری سیاسیی حزبەکان و بگرە حوکوومەتی هەرێمیشدا، مەسەلەی پەروەردە نەبۆتە ئایدیالێکی سیاسی و خەونێکی کۆمەڵگە بۆ دروستکردنی داهاتووی خۆی. جاران لە حەفتا و هەشتاکاندا دروستکردنی قوتابخانەیەک لە پێگەی خەباتی نەتەوایەتیدا بوو، ئەمێستا دروستکردنی مزگەوت شوێنی بە بیناکردنی قوتابخانە چۆڵ کردووە. باڵادەستیی گوتاری ئیسلامی سیاسیی و ملکەچبوونی حزبە کوردییە نائیسلامییەکان بەم گوتارە، وای کردووە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی دەنگدەران هەمان گوتار دووبارە بەرهەم بهێننەوە. نەبوونی گوتارێکی سێکیولار و یاسامەندیش وای کردووە هیچکامێک لەو بنەما پەروەردەییيانە وەک پێویست نەچن بەڕێوە. لە دەیەی پەنجاکانی میلادییەوە، کتێبەکەی ئیبراهیم ئەمین باڵدار بەناوی (ئەلف و بێی نوێی کوردی) وەک سێکیۆلارترین کتێبێک بۆ فێربوونی زمانی کوردی تا دەیەی نەوەدەکان، وای کردبوو هیچ جێگرەوەی نەبێت و سوودێکی زۆر بە فێربوونی زمانی کوردی وەک بەشێک لە خەباتی نەتەوەیی بگەیەنێت. کەچی لەگەڵ زاڵبوونی گوتاری ئیسلامی سیاسیدا و نفوزکردنیان بۆ نێو کایەی پەروەردە، یەکەم کاریان لادانی ئەم کتێبەیە لە سیستەمی پەروەردە. بەم کارەشیان گورزێکی هەرە کوشندە لە زمانی کوردی دەدەن و هیچ کتێبێکی دیکە جێگەی ئەم بەرهەمە ناوازەیە بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە قۆناغی سەرەتاییدا ناگرێتەوە. ئەمە پێمان دەڵێت ئەگەر جاران حکوومەتە نەیارەکانی

کورد بە سیاسەت و پلانێکی دووژمنکارانە ڕێگیرییان لە فێربوونی زمانی کوردی دەکرد، ئێستە هێزە ناوخۆییەکان دەنێو سیستەمی حوکمڕانیی خۆجێییدا ئەوکارە زۆر بە ئاسانی دەکەن. ئەوەش دەیسەلمێنێت، کە پەروەردە نەبۆتە ئایدیالێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی حکوومەتی هەرێم و کۆمەڵگەی کوردستان.

*لە هەرێمی کوردستان و هەر لە ساڵی ١٩٩٢ کە یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەکار بوو، لە یەکەم بڕیارەکاندا باس لەوە کرا کە زمانی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن دەبێ بە کوردی بێ. بەڵام لە ئیستادا دەبینین کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو قوتابخانە ئەهلییانە پەرە دەستێنن کە بانگەشەی خوێندن بە یەکێک لە زمانە بیانییەکان دەکەن. ئێوە چۆن ئەم دۆخە هەڵدەسنگێنن؟*



ئەو بڕیارانەی ئەو کاتە دراون بڕیاری زۆر گرنگن، کە بەداخەوە بەرگەی لێشاوەکانی لەوەدوای تایبەتیکردنی خوێندنیان نەگرت و وەلا نران. تایبەتیکردنی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا لە هەمان کاتیشدا بەبازرگانیکردنی خوێندن و پەروەردە بووە. ئەمە جگە لەوەی سیاسەتی بازاڕی ئازاد، لێدانێکی توندی لە کۆمەڵگەی کوردی دا، کە هەستانەوەی زۆر زەحمەتە. شەپۆلی سەرسوڕمان بە ئەوروپا و زمانی ئینگلیزی، وەک دیۆجامەیەک کۆمەڵگەی ئێمەی ڕاوکرد و دەستەوتوێژێکی ئەوتۆ پەیدابوون کە لە پێناوی دامەزراندنی قوتابخانە تایبەتییەکاندا، باکیان لە سڕینەوە و بەپەراوێزخستنی زمانی کوردی نەبوو. ئەمانە نەشیاندەزانی بە بەرزکردنەوە و بە پیرۆزکردنی زمانە بیانییەکان، چ گورزێک لە شوناسی کوردبوون دەوەشێنن کە پێکهێنەرێکی سەرەکیی ئەو شوناسە لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت. هەموو ئەمە بەرەنجامی سیاسەتی بازاڕی ئازاد و نەبوونی مەرج بوو بۆ ڕێزگرتن لە زمانی کوردی. تەنانەت ئەو هەموو بیانی و کۆمپانیایانەی هاتنە هەرێمەکەشەوە، هیچ مەرجێکی فێربوونی زمانی کوردی وەک پێشینەیەک بۆ دەستبەکاربوونیان دانەندرا. ئەمەش پێچەوانەی یاسای گشت وڵاتانە کە فێربوونی زمان دەکەنە مەرجی هەلی کار و مانەوە لە وڵاتەکەدا. لەگەڵ سەرهەڵدانی چینێکی نوێی کۆمەڵایەتیشدا، کە بەهۆی دەوڵەمەندییەکەیانەوە دەیانویست خۆیان لە باقیی چین و توێژەکانی دی جوێ بکەنەوە، ئەم قوتابخانە تایبەتیانە پەرەیان سەند و ئیتر زمانی کوردی لەچاو زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبییدا، چون ئاوارەیەکی زۆری عەرەبیش ڕوویان لە هەرێم کردبوو، بەتەواوی بێناز بوو. ئێستا نەوەیەک پێگەیشتووە نەک هەر کوردی نازانێت و ناتوانێت پێی بنووسێت و پێی بخوێنێتەوە، بەڵکو لەڕووی دەروونییشەوە ڕووی نایەت لەناو کەشی قوتابخانە و مۆڵەکاندا قسەی پێ بکات. ئەمەش ئاشکرای دەکات کە زمان لە کۆڵۆنیزەکردنەوەی مرۆڤی کورددا چ دەورێکی خراپی هەیە. وەختێ ئەتۆ دێی بەهەر بەڵگەیەک زمانی بیانی بەسەر زمانی نەتەوەییدا زاڵ دەکەیت، ڕۆح و زەین و دەروونی ئەو نەتەوەیە کۆڵۆنیزە دەکەیت. من لە کتێبی (فەلسەفە، ڕەگەزپەرستی، پەروەردە ٢٠١٦) زۆر بە وردی لەسەر ئەم کێشەیە وەستاوم و نامەوێت لێرەدا دووبارەی بکەمەوە. بەڵام هێندە دەڵێم ئەوەی بەناوی بازاڕی ئازاد و خوێندنی تایبەتییەوە، لە نەزانییەوە بە ڕۆڵی کارای پەروەردە، بەسەر کۆمەڵگەی باشووردا سەپێنرا، هیچی کەمتر نەبوو لەوەی بەعس تراژیدیای ئەنفال و دێ سووتانی بەسەر ئەم کۆمەڵگەیە هێنابوو، وەلێ ئەم ئەنفالەیان کاتی دەوێت بۆ ئەوەی زیانە ڕۆحیی و کردەییەکانی ئاشکرا ببن. هەر لە ئێستاشەوە ئەو نەخوێندەوارییە زۆرە دەبینیت کە بەرۆکی ئەم کۆمەڵگەیەی گرتووە. هەژارییەکی زمانی لە ڕووی ڕێنووس، خاڵبەندی و فەرهەنگییەوە ڕووی لە باشوور کردووە، کە

دەیان ساڵی سیاسەتێکی زمانیمان دەوێت تا ئەم هەڵەیەی کردوومانە، ڕاستی بکەینەوە.

*پێشنگ پێتانوایە لە هەرێمی کوردستان باشترە هەموو قوتابخانەکان بەپێی یەک مەنهەجی خوێندن کە شارەزایانی وەزارەتی پەروەردە دایانڕشتووە پەیڕەو بکەن، یا هەر قوتابخانەیەک دەتوانێ مەنهەجی خوێندنی خۆی پەیڕەو بکا؟*



من هەتا قۆناغی زانکۆ، لەگەڵ یەک مەنهەجیی خوێندنم کە تیایدا بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکان ڕەچاو کرابێت. یەک مەنهەجی هەرچەندە بۆنی جۆرێ لە زۆری لێ دێت، بەڵام بۆ بیناکردنی ئەو سێ جۆر پەروەردەیەی لەسەرەتاوە ئاماژەتان پێ دا زۆر گرنگە. پێویستە ئەوەی پەیوەستە بە کوردستانەوە، لە قوتابخانە تایبەتییەکانیشدا پەیڕەو بکرێت و دەرفەت بە هیچ دامەزراوەیەک نەدرێ لە ژێر هەر ناوێکدا و بۆ هەر مەبەستێک لەم ڕێچکەیە لابدات. بۆ نموونە زمان و ئەدەب و مێژووی کوردستان دەبێت تا پێش زانکۆ بخوێنرێت. بۆ بیناکردنەوەی کۆمەڵگە و زەینییەتی کوردستانی، پێویستیمان بە جۆرێک لە «دیکتاتۆرییەتی پەروەردەیی» هەیە، چونکە «پەروەردەی بەناو دیموکراسی، کۆمەڵگەی ئێمەی بە قوڕی «بازرگانیی پەروەردەییدا» بردە خوارەوە و هەرچی هات بەناوی «وڵات» و زمانێکی بیانییەوە قوتابخانەیەکی لە بیچمی دووکانێکی پەروەردەییدا بۆ کردینەوە و کەوتنە فەزڵفرۆشی بەسەر کۆمەڵگەی ئێمەوە و پەروەردەیان کردە ئامرازێک بۆ لە خۆنامۆبوونی مرۆڤی کورد لەناو وڵاتەکەی خۆیدا. بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم «شارەزایانی پەروەردە» ئەم مەنهەجە دابڕێژن، چونکە ئەم بەناو شارەزایانە لە بیست و هەشت ساڵی ڕابردوودا، هەر ئەوانەن کە دۆخی خوێندنیان گەیاندووە بەم ئێستا ماتەمبارە پەروەردەییە. ئەوانە نەک هەر شارەزا نین، بگرە خۆشیان لەو تۆڕانەوە گلاون کە ئیش بۆ ڕەواج پێدانی خوێندنی تایبەت دەکەن و دەستی درێژکراوەی بازرگانە پەروەردەییەکانی نێو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵان و هەریەکەشیان ڕایەڵێکیان لەگەڵ قوتابخانە تایبەتییەکاندا هەیە. بوونی ئەم کەسانە و ئەوەی کە لە شوێنی بڕیاردان، بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە ئەوانە لە بواری پەروەردە و فێرکاریدا شارەزان. ئەمانە بەدەگمەنیان توێژەری پەروەردەیین و زۆربەشیان لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕێگری بکەن لەوەی پەروەردەکارانی ڕاستەقینە وشارەزاکان بێنەوە وڵاتەکە و لەدامەزراوە پەروەردەییەکاندا پێگەی بڕیاردەرانەیان هەبێت. لەبەر ئەوە هەرگیز نامەوێت ئەمانە ئەو مەنهەجە دابڕێژن چونکە نایزانن و میزاجی تایبەت و بڕوای ئایینی و بیروڕای حزبییان تێکەڵ بە مەنهەجەکە دەکەن. ئەوەی دەبێت ئەم کارە بکات مەرجیش نییە خەڵکی باشووری کوردستان بێت. زۆر بەلامەوە ئاساییە و بگرە پێویستیشە لە دانانی وەها مەنهەجێکدا سوود لە کوردانی هەندەران، کوردی باکوور و ڕۆژهەڵات وەربگرین و ئەوان مەنهەجمان بۆ دابنێن چونکە هێشتا بۆ ئەوان مەسەلەی زمان وەک بەردی بناخەی شوناس، بەشێکە لە خەباتی نەتەوەیی و خۆ سەلماندن. ئەوان دەزانن چۆن زمان بکەنە سەنگەری مانەوە و بووژانەوە بە زمانی کوردی بدەن، وەک ئەوەی لە سنە و مەهاباد و مەریوان و سەردەشت و ماردین و دیاربەکر و ستۆکهۆڵم کاریان بۆ کردووە. ئەگەر وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا، بوێریی وەها هەنگاوێکیان هەبێت و دانانی مەنهەج، ڕادەستی شارەزایان و خەمخۆرانی ئەو بەشانەی دیکەی کوردستان و هەندەران بکەن، گەورەترین خزمەت بە نەتەوەی کورد و پرۆسەی پەروەردە و فێربوون لە کورستاندا دەکەن.

**تیشک** *بە ڕای ئێوە لە سیستەمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان (لە پەروەردە و لە خوێندنی باڵا) ئایا دژوازییەک بەم شێوەیە بەدی ناکرێ کە لە کاتێکدا بنەما بە دابینکردنی خوێندنی بێ بەرامبەر وەرگیراوە، بەڵام خوێندنی ئەهلی هەر دێ و زیاتر پەرە دەستێنێت؟ ئەمە لە کاتێکدایە تەنیا توێژێکی بچووک دەتوانن بۆ خوێندن لەم قوتابخانە و زانکۆیانە کەڵک وەرگرن و هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە خوێندنی ئەهلی جیاوازیی چینایەتی بەرهەم دێنێتەوە و دەبێتە هۆی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی.*



خوێندنی تایبەت، یان ئەهلی لە هەرێمی کوردستاندا، جۆرێکە لە خوێندن کە خوێندن تیایدا ئامانج نییە، ئەوەندەی کراوەتە ئامرازی بازرگانی کردن بە خوێندنەوە. ئەوانەی بازرگانی بە خوێندنەوە دەکەن زۆرینەیان لە دەستەبژێری حزبین، یان سەرمایەداری مشەخۆری بێ دەروەست. حکوومەتی هەرێم لە کابینەی چوارەمەوە بە پەیڕەویکردن لە سیاسەتی بازاڕی ئازاد، دەرگای بۆ ئەم جۆرە بازرگانییە نوێیە کردەوە، کە هیچکات خەمی نەتەوەییی نەبووە و بۆی گرنگ نەبووە بەهۆی ئەم بازارە ئازادەوە چۆن خوێندنی حکوومی شکستی پێدەهێنرێت. یەکەم هەنگاوی ئەم سەرمایەدارە مشەخۆرانە لە بواری خوێندنی تایبەتدا بریتی بوو لە بێبەهاکردنی خوێندنی بێ بەرامبەر، یان بە خۆڕایی، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە زەیینییەتی کورد، کە وشەی «خۆڕایی» چەندە لەلای بێبەهایە و بە سوود تەماشای دەکات. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕیکلامەکانی قوتابخانە تایبەتییەکان، کە هەمیشە بە کوردییەکی خراپ و بێ بنەما داڕێژراون، تیایاندا هیچکات وەرگر ناگەڕێنرێتەوە، یان ئیرجاع نادرێ بەوەی ئەو کوردستانییە و مرۆڤی ئەم کۆمەڵگەیەیە. هەمیشە باڵاخوازانە و بە ستایلێکی زۆر بەرز ئەوەی بۆ وێنادەکرێت، کە کۆمەڵگەی خۆی، زمان و کولتوور و ئەزموونی ڕەسەنی خۆی لەبیر بکات و شەرمی لێ بکات. چونکە شتێکی دیکە چاوەڕێی دەکات و بەهەشتێک لە ڕێیدایە کە بەهۆی زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، تورکی، یان ئەڵمانییەوە دێتە دی. نەخێر ئەم تەلیسمەی خوێندنی تایبەت هەر تەنیا توێژێکی بچووکی لە خێزانەکان نەگرتۆتەوە، بەڵکو هەموو کۆمەڵگە خۆی بۆ دەکوتێت تا منداڵەکانی لە خوێندنی تایبەت تۆمار بکات و ببێتە کۆیلەی بازرگانانی پەروەردە و فێرکردن. ئەوەش ڕاستە کە لە ڕێگەی خوێندنی تایبەتەوە، نەک هەر جیاوازیی چینایەتی بەرهەم دەهێنرێتەوە، بەڵکو نایەکسانیی کۆمەڵایەتییش زیادی کردووە و سنۆبیزم و لووتبەرزیی کولتووریشی لێ کەوتۆتەوە. من لە سەردانمدا بۆ قوتابخانە تایبەتییەکان، بە تایبەتی قوتابخانەی شوەیفاتی نێودەوڵەتی و بۆ قوتابخانەی میدیا و بریتیش سکووڵ، بە دەیان دایک و باوکی کوردی ستەمدیدەی ژێر ستەمی ئابووریی کوردستانم بینیوون، کە غرووری ئەوەی منداڵەکانیان لەو قوتابخانەیە دەخوێنن، بۆتە هۆکاری ئەوەی لە ئاست دایکان و باوکانی دیکەدا خۆیان بەگەورەتر بزانن و نەتوانن بە کوردی قسە لەسەر دەردی هاوبەشیان بکەن و بە ئینگلیزییەکی شەق و شڕ، قسە لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن بۆ ئەوەی پێشانی بدەن ئەوانیش لە پەیژەی شارستانییەت و پیرۆزیی زمانی ئینگلیزی سەرکەوتوون و هەست بە کەمایەسی و شکانەوە ناکەن. ئەوە بەدبەختییەکی گەورەیە دایکان و باوکانی هەمان کۆمەڵگە، نەتوانن بە زمانی خۆیان لەناو قوتابخانە تایبەتییەکاندا قسە لەگەڵ یەکتر بکەن و زمانی لێک حاڵی بوون لەگەڵ یەکتر بدۆزنەوە. تەنانەت لە قوتابخانەی بریتش سکووڵ ئەوەم بەدی کرد، کە ئەنجومەنی دایکان و باوکان هەرچەندە سەرۆکەکەی بە هەڵبژاردن کورد بوو، مامۆستای زانکۆ بوو،

کەچی ناچار بوو بە عەرەبی، یان ئینگلیزی لەگەڵ گرووپەکەیان بدوێت و بنووسێت! ئەوەش کارەستانە. چونکە دەستەبژێرێکی عەرەب لە هەرێمی کوردستان هەن، کە نە کوردی دەزانن و نە دەیانەوێت فێریشی ببن، بۆیە کورد ناچار دەکەن هەم قەبووڵی میزاجە ئیسلامییە، سوونییە، شیعییەکانیان بکات و هەم بە زمانی ئەوانیش بدوێت. ئەوە ئەوپەڕی ستەمکاریی زمانییە کە تۆ خۆت لە کۆمەڵگەیەکدا پەنابەر بیت و زمانەکەت بەسەر وڵاتی داڵدەدەردا باڵکێش بکەیت و بیسەپێنیت.

*بەپێی دوایین توێژینەوەکان نزیک بیست هەزار قوتابی و خوێندکاری زانکۆ لە قوتابخانە تورکییەکان و زانکۆی ئیشک(تیشک) درێژە بە خوێندن دەدەن. ئەمە لە کاتێکدایە لە دەیان توێژینەوەدا دەرکەوتووە کە ئەم سیستەمە لەسەر بنەمای فیکری ئیسلامیی تورکی و بەپێی ڕێنماییەکانی بانگخوازی ئیسلامیی تورک، فەتحوڵلا گولەن، بەڕێوە دەچن. ئایا ئەمە کاریگەریی لەسەر نەوەی داهاتووی کوردستان دانانێت؟*



گولەنییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بۆ دوارۆژی نەتەوەکەمان مەترسییەکی گەورەن. ئەوانە بە نموونەهێنانەوە لە سەعید نەورەسی وەک سێمبوولێکی کورد، ئێمە لە ئاست مەرامە ئایدیۆلۆژییە ئیسلامییەکەیان چاوبەست دەکەن. لە ئێستاشدا وەشانخانەیەک لە هەولێر هەیە، کە کتێبی قوتابخانەی گولەنییەکان بە جوانترین شێوە بۆ مندالان چاپ دەکات. کاتێکیش دەوڵەتی فاشیزمی تورک ئەم قوتابخانانەی قەدەغە کردن، ئەم بڕیارە هەرێمی کوردستانی نەگرتەوە. زنجیرەی قوتابخانەکانی ئیشک(تیشک) تا بڵێی بۆ سەر داهاتووی کۆمەڵگەی ئێمە مەترسیدارن، چونکە بەهۆی ئەوەی زمانێکی باشی ئینگلیزی و دیسپلینی زانستی فێری قوتابییەکان دەکەن، ڕەهەندە ئایدیۆلۆژی و پانتورکیزم و شۆڤێنییەکەی خۆیان دادەپۆشن. وتنەوەی وانەی زمانی تورکی بەو چڕییەی لەوێ دەگوترێتەوە، ئامانجی ئامادەکردنی نەوەیەکە بۆ دوارۆژ کە خۆی بە وابەستەی تورکیا بزانێت و باکی بە نیشتیمانی خۆی نەبێت. زمان کلیلی چوونە ناو کۆمەڵگەیەکە، نەک ئامرازی ئەو پرۆسەیە. لەبەر ئەوە وەک ئێوە پێشبینیتان کردووە، کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر نەوەی داهاتووی هەرێمی کوردستان دەبێت. بەتایبەتی لە ئاساییکردنەوەی ئەو تراژیدیا زاڵمانەیەی کە دەوڵەتی تورکیای نیوەی سەدەی بیست و یەکەم بەسەر کوردەکانیدا هێنان. هاوکات بەوەش سەفەری بەردەوام بۆ تورکیا و ئاسانکاری بۆ قوتابیان و بێباکیی دایک و باوکانی ئێمە لەم ڕەهەندە ئایدیۆلۆژییەی زنجیرە قوتابخانەکانی ئیشک، کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر سەرهەڵدانی نەوەیەک کە لەناخەوە خۆی بە تورک بزانێت. هەروەها حکوومەتی تورکیای شۆڤێنی بە زۆر شێوە لە هەوڵدایە ئەوە بخاتە زەینی جیهانەوە کە ئەم بەشەی کوردستانیش بەشێکی جیانەکراوەیە لە دەوڵەتی تورکیا و بۆ ئەمەش پەنا بۆ کەیسی ویلایەتی مووسڵ دەبەن. لەوانەش بترازێت، لە ڕووی کولتوورییەوە، بەتایبەتی لە بواری موزیک و تەلارسازیدا، هەر ئێستا تورکیا دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە کولتووری تورکی بەسەر هەرێمی کوردستاندا باڵادەستە. زۆرینەی مزگەوتەکان و شوێنە گەشتیاری و بگرە قەڵای هەولێریش لەسەر بنەمای تەلارسازیی تورکی نۆژەن کراونەتەوە. ئەمڕۆ کابرای دووکانداری کورد بیەوێت کاڵایەکت لەلا شیرین بکات دەڵێت: تورکییە! بەم جۆرەش نەک هەر تەنیا لە ڕێگەی قوتابخانەی گولەنییەکانەوە، بەڵکو لە ڕێگەی ئابووری و کولتوورییشەوە زەینییەتی کوردی هەرێم زەینییەتێکی داگیر کراو و ئامادەکراوە بۆ فۆرمێکی دیکەی کۆلۆنیالیزم.

# " وەرگێڕان "

# هۆکار و ئاکامەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران: لە گۆشەنیگای کوردییەوە*

مەعروف کەعبی

و: ئیبراهیم ساڵح ڕاد

شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران، ئاکامی مێژووی ئەو ئاڵوگۆڕە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی، فکری و سەنعەتییانەیە، کە وڵاتی ئێران لە چەرخی بیستەمدا و بەتایبەت پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بەتاقیی کردوونەتەوە و بە نێویاندا تێپەڕیوە. شەڕی سارد ڕێگای بۆ زۆربەی ئەو ئاڵوگۆڕانە خۆش کرد و زەمینەی سەرهەڵدان و شکڵگرتنی ئەو بیر و ئیدە و ئەکتەرانەی پێکهێنا کە دەبوو دەوڵەت و کۆمەڵگای ئێران مۆدێرنیزە بکەن. سەرەڕای بەشداریی بەردەوامی مێژوونوسە ئێرانییەکان لە ڕەوتەکەدا، ئێران نەیتوانی، بەوجۆرە کە چاوەڕوانیی لێ دەکرا، لە هەموو فاکتۆر و پێکهاتە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی خۆی بە شێوەیەکی هەموو لایەنە کەڵک وەرگرێ. بە گشتی دەبێ بڵێین کە حەشیمەتی فارس و ئێران لەجیاتی یەکتر بەکار هاتوون. هۆیەکی گرنگی ئەو وەزعە ئەوەیە کە ئێران هەم وەک ئیدە و بیرۆکەیەک و هەم وەک کیانێک دەناسرێ کە لەسەر بناخەی زمان و فەرهەنگی فارسی دامەزراوە و هەر ئەوانەش بۆ پاراستن و مانەوەی بڕیاردەرن.[١] بەو حاڵەش، ئەوە بە هیچ جۆر پاکانە بۆ بەشداری نەکردنی پێکهاتەکانی دیکەی ئێران لەو لێکۆڵینەوانەدا، کە لەسەر شۆڕشی ئێران ئەنجام دراون ناکا. ئەو پێکهاتانەی کە بەبێ ئەوان ئیدەی ئێران نە دەیتوانی هەبێ و نە دەوامیش بێنێ.[٢]

لەبەر ڕووناکاییی ئەو باسەی سەرەوەدا، بەشی یەکەمی ئەو وتارە وەک هۆکارە ڕاستەوخۆ و دەستبەجێکانی سەرهەڵدانی شۆڕش، ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی لە دەیەکانی پێش شۆڕشدا، دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هەروەها، بە پێجەوانەی تێگەیشتنی باو، ئەمەش نیشان دەدا، کە تێکۆشان و چالاکییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لەو دەورەیەدا، نەخەوتوون. بەشی دووهەمی وتارەکە بزووتنەوەی خودموختاریخوازی کورد، کە لەئاکامی گۆڕانکارییە گرنگە سیاسییەکاندا سەری هەڵدا، لێکدەداتەوە. دەبێ بگوترێ کە نەبوونی لێکۆڵینەوەی پێویست، سەرەڕای دەوڵەمەندیی سەرچاوەکان، بۆتە هۆی ئەوە کە تووشی هەڵەی واقعی بین و لێکۆڵینەوەی کەمیشمان لەسەرئەو قۆناخە لەبەردەست دابن.[٣] ئەو وتارە لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی پرۆسە مێژووییەکانەوە، هەردوو لایەنی مەسەلەکە پیکەوە دەبەستێتەوە. گەلێک تیئۆریی جۆراوجۆر، ڕەخنەی کولتووری و لێکۆڵینەوەی مێژوویی، شکڵیان بە چوارچێوە و مانای وتارەکە داوە. ئەمە ئەو دەستە لە تیئۆرییەکانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، کە بە پێچەوانەی تیئۆرییەکانی نوێسازی، کە لە ئاسیا و ئەفریقا، دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، وەک پرۆژەی نەتەوەسازی هاتنە کایەوە، دەگرێتەوە.[٤] جیا لەوە لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە ناسیۆنالیسم، هاوچەشنسازی، ئەسیمیلاسیۆن و دەوڵەت-میللەت، هەروەها مێژووی هاوچەرخی ئێران، بناخەیەکی پتەو بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگییانە بەدەستەوە دەدەن کە لەماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیدا پێکهاتوون.[٥] سەرەڕای ئەوانەش، بۆ تێگەیشتن لەو ئاڵوگۆڕە فەرهەنگییانە کە لەو ماوەیەدا لە ئێراندا هاتوونەتە پێش، بەتایبەتی لە پەیوەندی دەگەڵ بە مێدیایی کردنی کولتووردا، وەک یون تۆماس دەڵێ، لێکۆڵینەوەی کولتوورییش گرینگ و پڕ بایەخن. مەبەست هاتنە کایە و بڵاوبوونەوەی ڕاگەیەنە گشتییەکانی وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ی زایینیدایە. لەسەردەمی شۆڕشی سپیدا ئاڵوگۆڕ لە موناسەباتی دەسەڵات و بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا پێکهات. وەک پییەر بۆرودۆ دەڵێ: کولتوور وەک چوارچیوەیەکی سیمبۆلیک، بناخەی بۆ هێژمۆنیی فەرهەنگ

و زمانی فارسی دامەزراند.[٧] هێژمۆنی تەنیا هەر ئەوە نییە کە ئیدە زاڵەکان دڵخوازانە قەبووڵ بکەین، وەک ئەنتۆنیۆ گرامێشی دەڵێ. بەڵکوو وەک ڕایمۆند ویلیامس ڕوونی دەکاتەوە، بریتییە لە «سیستەمێکی بەرین و کاریگەر لە نرخ و مانا و بایەخە زاڵ و کاریگەرەکان». ئەمە فەرهەنگی ڕوو لە گەشەی کوردی سەرکوت کرد و ژینگەی ئەوی لە چوارچێوەی کۆنەکولتورێکدا تەنگەبەرکردەوە.[٨] ئەوەش ئەو بارودۆخەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لەودەمەوە تا ئێستا کولتوری مۆدێرنی کوردی تێیدا بەسەردەبا. دەبێ بگوترێ کە لە ماوەی بەرۆژئاوایی بوون و مۆدێرنیزەبوونی ئێراندا، گەلێک ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی کولتووری هاتوونەتە گۆڕێ. وەک تیئورییەکان ی نەیتیڤیزم وبوومی گەرایی،[٩] ئەو تیئوریيانەی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە گۆڕانکارییە کولتورییەکان شی دەکەنەوە،[١٠] تیئورییە کۆمەڵایەتییەکان،[١١]. جگەلەوە گەلێک ڕوانگەی کولتووریی دیکەش سەریان هەڵداوە، وەک ئەو ڕوانگانەی کە لە لایەن کەسایەتییە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی وەک سوارەی ئیلخانی زادەوە، نوێنەرایەتی دەکران.

دەبێ بگوترێ کە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندیدار بە جنسییەت واتە جێندەریش، وەک فاکتۆرێکی کاریگەر لەسەر ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی خۆیان لە ئاراستەکردنی ئەو شیکردنەوە مێژووییەدا هەیە.[١٢] سەرەنجام، لە هەڵسەنگاندنی پرۆسەیەکی مێژوویيدا، ناکرێ بەتەنیا هەر سەرنج بدەینە هۆکارەکان. ئاخر ئاکامەکانیش هەر بەو ئەندازەیە پێویستە سەرنجیان بدرێتێ.[١٣] لە پەیوەندی دەگەڵ ئێراندا، ئاکامەکانی شۆڕش لەسەر وەزعی کوردەکان، بۆ تێگەیشتن لەو پرۆسە مێژووییەی کە بوو بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕش، زۆر گرنگ و پڕ بایەخن. هۆیەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش، لەگەڵ ئاکامەکانی تا ڕادەیەکی زۆر لێک نزیکن. ڕاست لەبەر ئەوەشە کە زۆر جار لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئاکامەکانی شۆڕش ئەنجام دراوە. هەرچەند، ئەزموونی پێکهاتەی حەشیمەتی غەیرە فارسی ئێران لەو لێکۆڵینەوانەدا، لەبەرچاونەگیراوە. نەک خودی شۆڕش، بەڵکوو هەمیشە ئەوە ئاکامەکانی شۆڕش بوون، کە مێژوونووسەکانیان توشی دڕدۆنگی وسەرلێشێواوی کردوون. سروشت وچۆنیەتیی ئەو ڕێژیمەی کە بەدوای شۆڕشدا دێتە سەرکار، تاڕادەیەکی زۆر ئەوەش دیاری دەکات کە شۆڕشەکە چۆن دێتە بەرچاو. جا ئەوە چ شۆڕشی فەرانسە بێ، چ هی ڕووسیە یا شۆڕشی ئێران، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. بۆیە گۆشەنیگا یا پێرسپێکتیڤی کوردی، شوێنەواری خۆی لەسەر پێناسەی شۆڕش دادەنێ و زۆر لایەنی دیکەی ئەو پرۆسە مێژووییە دەخاتە بەر ڕووناکایی. لە ڕاستیدا ئەوە ئامانجی سەرەکیی ئەو وتارەیە.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا، لە گەلێک گۆڤار و ژۆرنال، کە ساڵەکانی نێوان ١٩٢٥ تا ١٩٧٨ بڵاو کراونەتەوە، هەروەها لە گەلێک ڕۆژنامەی ئێرانیی سەردەمی شۆڕش و ساڵەکانی دواتر، بە مەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنە، وەک سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاریی دروست و پێویست کەڵک وەگیراوە. هەرچەند لێکۆڵینەوەکە پشت بە زۆر گێڕانەوەی شەفاهی و ئاماری ڕەسمی و غەیرە ڕەسمیش دەبەستێ، بەڵام بۆئەوەی مەیدان بۆ هەڵسەنگاندنی لەحزە و ڕووداوە گرنگەکان ئاوالا بێ ونەکەوێتە داوی تەعەسوب و لایەنگریەوە، خۆی لەباسی وردەکارییەکانی دەورانی شۆڕش و ساڵەکانی پاش شۆڕش، بە دوور ڕادەگرێ.

## ڕیشە و هۆیەکانی سەرهەڵدانی سۆڕش

هۆیەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران، بەدرێژی لەئەدەبیاتی ئەکادمیکدا خراونەتە

بەربــاس. لــەو لێکۆڵینەوانــەدا لــە ڕێگای جۆراوجــۆرەوە هۆکارە بنەڕەتــی و فەوری و مام ناوەندییەکانی شۆڕش شی کراونەتەوە.[١٤] گرنگترینی ئەو بابەتانەی لــەو پەیوەندییەدا خراونەتە بەرباس بریتین لــە تاقیکردنەوەی یەک لایەنە و ناتەواوی مۆدێرنیتە، شکســتی ئیدەئاڵەکانی شۆڕشــی مەشــروتەی ســاڵی ١٩٠٦، دەست تێوەردانی هێزە دەرەکییەکان لــە کاروبــاری نێوخــۆی ئێران، ئیســتعمار و داگیرکــردن و بەتــاڵان بردنی ســەرچاوە سروشــتییەکانی وڵات لەلایەن بێگانەکانەوە، ئیســتبداد و ســەرەڕۆیی دەوڵەتی مۆدێرن، کۆدیتای ڕێکخراوی ســیا بــە دژی دوکتۆر موسەدیق لە ساڵی ١٩٥٣دا کە بە شێوەیەکی دێموکراتیک وەک سەرۆکوەزیر هەڵبژێردرابوو، هەروەها بردنە پێشی خێرای مۆدێرنیزە کردن و بە غەربی کردنی ئێران لە دەورانی شۆڕشی ســپی، لە نێوان ســاڵەکانی هەردوو دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ی زایینیــدا. لەبەر ئەو هۆیانە ڕێژیمی پاشــایەتی کــە بەڕۆژئاوایی کردنی ئێرانــی لەبەرنامە دابوو، مەشــروعییەتی لە دەســت دا. ئەمەش مەیدانی بۆ هاتنە کایەی ململانێی ساســی خۆش کرد کە سەرەنجام بوو بە هۆی ســەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی. لە ڕاســتیدا هۆکارە بنەڕەتییەکانی شــۆڕش دەگەڕێنــەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە ئێران لە ساڵەکانی پێش شۆڕشدا بە نێویدا تێدەپەڕی. شــتێکی دوور لە ڕاســتیمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین ئێران هەر ئــەودەم لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتــی وفەرهەنگییەوە، شۆڕشــی تێدا پێکهاتبوو. بە قەرزوەرگرتن لە ڕ. کۆســێلیک، دەکرێ بڵێین ئیســتا پێویستی بە شۆڕشێکی سیاســی هەبوو کە ئامانجەکەی بریتی بوو لە ڕزگاریی کۆمەڵایەتی.[١٥] لەڕاســتیدا شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران هــەروەک ئێرواند ئابراهامیان دەڵێ، ئاکامی پەرەســەندنێکی ناهاوســەنگ و مۆدێلێــک لــە پێشــکەوتنی ئابــووری و کۆمەڵایەتی و نوێسازی بوو، کە لە سەرەوەڕا بۆ خوارێ داســەپێنرابوو. هەربۆیە، لە قۆناخی شۆڕشی ســپیدا، دەبینین کە هەندێک هێز و لایەنی سیاســی نوێ، لەوانە ئۆپۆزسیۆنی ئیســلامی، پێ دەنێنە مەیدانی تێکۆشــانی سیاسی کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێراندا، ڕووخانــی نیزامی پاشــایەتی و دامەزراندنی حکوومەتێکــی ئیســلامی، وەک ئامانجــی سیاسیی خۆیان دیاری دەکەن.[١٦]

لە ڕاســتیدا، شۆڕشــی سیاســی ساڵی ١٩٧٩ی ئێــران، وەک دیاردەیەکــی فــرە ڕووخسار، کە ئیسلامی سیاسی دەستی باڵای تێدا هەبوو، هاتە کایەوە. هەر ئەووەش سروشت و چۆنیەتیــی دەوڵــەت و ئــەو حکوومەتەی دیاری کرد، کە پاش ســەرکەوتنی شــۆڕش دامــەزرا. یانــی ئیســتبداد و ســەرەڕۆیی دینی. ســەرکەوتنی فراکسیۆنی ئیسلامی، نە ڕووداوێکی مێژوویی و نە ئاکامی سیاســەتی زلهێزەکان بوو کە گوایە یەک شەوە کەسێکی نەناســراویان، بە ناو و ناوبانــگ گەیاند. ئاخر خومەینی لە ئێرانی پێش شۆڕشــدا، لانیکەم بە بەراورد لەگەڵ لینین لە ڕووســیەی پێش شۆڕشــی ئۆکتۆبەردا، باشتر ناســرابوو.[١٧] بە گوێــرەی بیرەوەرییەکانی ســەفیرەکانیان و هەروەها گەلێک بەڵگەنامەی دیکە، ئەمریکا، بریتانیا و ڕووســیە، پێشــبینیی هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕیکی سیاســیی گەورەیان لــە ئێراندا نەکردووە. ئەوە لە حاڵێکدا بووە کە نیشانەکان ئەوەیان دەرخســتوە کە ئاڵوگــۆڕ بەرێوەیە. کەچــی ئەوان شــتێکی ئاوایان بــە خەیاڵدا نەهاتــووە.[١٨] بەوحاڵــەش ناتوانین بڵێین کە شۆڕش تەنیا ئاکامی ڕاستەخۆ و بێ ئەملاولای مۆدێرنیزاسیۆن واتە نوێسازی بوو. بێ گومان گەلێــک ئیحتیمــالات و فاکتــۆرو ڕووداوی دەرەکیــی دیکەش هەن کە لــە گۆڕانکارییە مێژووییەکانــدا، ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیانیان هەیە. بۆیە لە پەیوەندی دەگەڵ ئەو کەیسەدا، بــە قەرزوەرگرتن لــە گرامشــی، «دەورەی فەرهەنگی پێشــوو»، کە بــوو بەهۆی ئەوەی

ئۆپۆزسیۆنی مەزهەبی، هێزمۆنی سیاسی و فەرهەنگیی خۆی بسەپێنێ، بایەخێکی زۆری هەیە.[١٩]

ئاخر ڕێژیمی پاشایەتی واتە حکوومەتی محەمەد ڕەزاشا، بە شێوەیەکی زۆر توند و سەرەڕۆیانە، لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٤١ تا ١٩٧٩دا، هێزە چەپ و سێکۆلارەکانی سەرکوت دەکردن. بەچەشنێک کە ئاسەوارێک لەوان نەمابوو. دەبێ بڵێین کە لێرەدا ناڕوونیەک هەیە کە ئەو لێکۆڵینەوەیە لەبەرداپە بیخاتە بەرباس. لەو شی کرنەوە پڕ بایەخانەدا کە سەبارەت بەو پڕۆسە مێژووییەی کە باسمان کرد ئەنجام دراون، باسێک لە ئەزموونی گەلانی دیکەی ئێران لە شۆڕش و نوێسازیدا نەکراوە. لەوەش زیاتر ئەوان ئەو بۆچوونانەیان بەهێز کردوون کە مەسەلەی میللی و ئیتنیکی لە ئێراندا، پەیوەندییەکی زۆر نزیکی دەگەڵ توندوتیژیدا هەیە.[٢٠] سەبارەت بە وەزعی سیاسیی هەرێمی کوردستان، دوا کتێبی عەبباس مەینەت لە ژێر ناونیشانی ئێران: مێژووی هاوچەرخ، بە هێنانە بەرباسی ڕووداوەکان لە کوردستانی دەورەی شۆڕشدا، لێکۆڵینەوەیەکی جیاواز بەدەستەوە دەدا.[٢١] بەو حاڵەش سەرەڕای ئەو لێکدانەوە بەکەڵکەی کە کتیبەکە دەیخاتە بەردەست، کوردستان لە سەردەمی شۆڕشدا جێگای شایستەی خۆی لەو هەڵسەنگاندنە پڕبایەخەی مێژووی مۆدێرن و هاوچەرخی ئێراندا، پێ نادرێت.[٢٢] باسەکە چونکە ڕوانگەیەکی فارسی محوەر بەسەریدا زاڵە، زاراوەکانی ئێران و کۆمەڵگای فارس لەجیاتی یەکتر بەکاردێنێ. ئەوە لە کاتیکدایە کە ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ئاسایی و بە دوای یەکدا دووپات دەکاتەوە. بە ڕوونی دەردەکەوێ، کە بەهۆی ئەو ڕەوشە میتۆدۆلۆژییەی کە زاڵە، گەلێک سەرچاوەی سەرەتایی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی کوردستان، کە هەمووشیان بە فارسی لەبەر دەستدان، وەک پێویست ناکەونە بەر سەرنجی ئەو کەسانەی کە لێکۆڵینەوەی ئەکادمیک دەکەن.

## مۆدێرنیزە بوونی کوردستان

مۆدێرنیتە لە ئیراندا لە شێوەی پڕۆسەیەکی دوولایەنەی مۆدێرنیزەکردن و هاوچەشنسازیدا چۆتە پێش. هەر لەسەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ، کارکرد و دیالێکتیکی نێوان ئەو دوولایەنەی پڕۆسەکە، شکڵیان بە ئێرانی نوێ وهاوچەرخ داوە.[٢٣] لەهەمان کاتدا، ئەو پاکێجە ئیدئۆلۆژیکییەی مۆدێرنیتە لەگەڵ هەڵاواردنێکی سەرکوتکەرانەی کوردەکان (کە خاوەنی زمان، خاک و نیاکانی هاوبەشن)، لە پڕۆسەی بردنەپێشی میللەتسازیدا، ئاوێتە کراوە. ئەوەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی کوردایەتی. بزووتنەوەیەک کە بۆ وەدستهێنانی مافە فەرهەنگی و سیاسییەکانی کوردەکان خەبات دەکا.[٢٤] ئەو پڕۆسەیە لەسەر بناخەی سەرلەنوێ خۆسازکردنەوەی میللی وگەڕانەوە بۆ مێژوودامەزراوە و بۆ نموونە لە شیعر ومێژوونوسیدا، ڕەنگی داوەتەوە.[٢٥]

پرۆژەی نوێسازی، ئاوێتەبوونی کۆمەڵگای کوردی لە ئێرانی نوێدا خێراترکرد. کەچی سیاسەتی هاوچەشنسازی، مەوقعییەت و شوێنی ئەوی، وەک وردە فەرهەنگ دیاری کرد. ئەو پرۆسێسانە، بە ئاشکرا لەو گۆڕانکارییانەدا کە بە درێژایی چەرخی بیستەم، بەسەر نەزم و سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردستاندا هاتوون، وەبەرچاودەکەن. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، دێ نشینی و ئابووریی دێ نشینی، تایبەتمەندیی هەرە ئاشکرای هەرێمی کوردستان بوون.[٢٦] ئەو سیستەمە لەسەر بناخەی موناسەباتێکی سەرکوتکەرانە و زاڵمانەی ئابووری بنیات نرابوو، کە لەوێدا لەلایەک، چینی ئاغا وخاوەن ملک، لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان، دەسەڵاتی ئابووری و سیاسییان بە دەستەوە بوو و ژیانێکی ئەعیانییان بەسەردەبرد، لە

لایەکی دیکەشـــەوە، وەرزێـــران و باقی چین و توێژە زەحمەتکێشـــەکان، دەچەوسانەوە.[٢٧] هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەو پەیوەندییە ئابووری/کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانە، شـــکڵی سیستەمی جنسیەتیی نێو کۆمەڵگاشیان، کە لەوێدا ژنان لە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی پیاواندا بوون، دەستنیشان دەکرد.

ســـەرەڕای هەموو ئەوانەش، لە ماوەیەکی نـــە زۆر درێژخایەندا، مۆدێرنیزاســـیۆن واتە نوێسازی بە شـــێوەیەکی بنەڕەتی و ڕادیکاڵ، شوێنەواری خۆی لەســـەر ئەو بارودۆخە دانا. بۆنموونە ڕەوتی شارنشینی، بەخێرایی پەرەی ئەســـتاند، دامودەزگا مۆدێرنەکان دامەزران، ئاڵوگـــۆڕ بەســـەر پەیوەندیـــە ئابوورییەکاندا هات، گۆڕانکاری لە ســـتەرکتۆری پەیوەندییە چینایەتی و جنسیەتییەکاندا ڕوویدا. ڕوویەکی دیکەی ئەو پرۆسە دوولایەنەی مۆدێرنیتە لە ئێرانـــدا، بریتی بوو لـــەو گۆڕانکارییە فکری و ڕووناکبیرییەی کە بوو بە هۆی ئەوەی ڕەوتی ڕۆشەنبیریی کوردی شکڵ بگرێ. لەو بوارەدا بـــە شـــێوەیەکی هەموو لایەنە، ئـــەو باس و بابەتانە شـــی دەکرێنەوە. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە ئەو گۆڕانکارییانە لە سەردەمێکدا هاتوونە پێش، کە گەلێک ئاڵوگۆڕی سیاســـی و هـــەردوو شـــەڕەکانی یەکـــەم و دووهەمی جیهانی، بـــەو هەموو ئاوارەیی و کارەســـات و ســـەختی و مەینەتبەشـــییانەوە کە لەگەڵ خۆیاناندا هینابوون، ڕوویان داوە.[٢٨]

شۆڕشـــی مەشـــروتە کوردەکانی دەگەڵ ئیدە و بیرۆکەکانی وەک قانوون، مەجلیس و مەسەلەی نوێنەرایەتیی سیاسی ئاشنا و دەرگیر کرد.[٢٩] ئەوەش گەلێک کەســـی تەشـــویق کرد تا بـــۆ بڵاوکردنەوەی خوێندن وفێربوونی مۆدێرن و دامەزراندنی ڕێکخراوی فەرهەنگی و سیاســـی هەنگاو باوێن.[٣٠] ئەنترۆپۆلۆژی و «خەڵک ناسی»ی مێژوونوسیی کوردەکان لەو دەورەیـــەدا ناتەواوە. ئەوان هاتـــوون بە زیان و لەســـەر حیســـابی مێـــژووی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵـــگای کورد، لایەنگری و تەعەســـوبیان بەرانبەر بە مێژووی خێڵ و عەشیرەت لەخۆیان نیشـــان داوە.[٣١] دەکـــرێ تـــا ڕادەیەک لەوە تێبگەین. چونکە ئەودەم زۆربەی خەڵک لەژێر دەسەڵاتی خێڵ و عەشیرەتەکاندا، کە خاوەنی قەڵەمڕەوی تایبەتی، هێزی نیزامی و سەرچاوە ئابوورییەکان بوون، دەژیـــان.[٣٢] بەو حاڵەش سەرتاسەری کۆمەڵگای کوردی، بە کۆچەری و نیشتەجێوە، بە گوندنشین و شارنشینەوە، بە ڕێگای جۆراو جۆردا، سەرلەنوێ فۆرم و شکڵی تازەیان بەخۆیان دا. بەجۆرێک کە کۆمەڵگای غەیرە عەشـــیرەتی و ناخێڵەکـــی، بەخێرایی پـــەرەی ئەســـتاند. لەلایەکی دیکەشـــەوە لە ئاســـتی ناوچەیی و نێونەتەوەییشـــدا گەلێک ڕووداوی گـــەورە ڕوویانـــدا. وەک لەبەریەک هەڵوەشـــانی ئیمپراتۆرییەکان و دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوە جیاجیاکان لەســـەر بناخەی ئیتنیستیت لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، شۆڕشی ئۆکتۆبەر، گەلێک ڕاپەڕین و شۆڕشی دیکەی ناوچەیی وزۆر گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی دیکە. هەموو ئەوانـــە دەرفەتیان بـــۆ هاتنە کایەی فۆرم و شـــێوەی نوێی تێکۆشـــان و چالاکیی فکری و سیاسی و ڕووناکبیری پێکهێنا. ئەوە بە شـــێوەیەکی بەرین، لە ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی و شیعر و ئەدەبیات و مێژوونوسیی کـــوردەکان، لـــەو دەوڵەتانەدا کـــە ئەوان لە نێوانیاندا دابەش کراون، ڕەنگی داوەتەوە.

شـــەڕی دووهەمـــی جیهانی لە ســـاڵی ١٩٣٩دا دەرفەتێکـــی لەبـــاری بۆ فەرهەنگی کوردی ڕەخســـاند تا دووبارە زیندوو بێتەوە. گەلێـــک ڕێکخـــراوی سیاســـی ســـەرلەنوێ تێکۆشانی خۆیان دەست پێ کردەوە. شایانی باسە کە لە ســـەردەمی حکوومەتی ڕەزاشادا، لـــە نێـــوان ســـاڵەکانی ١٩٢٥ تـــا ١٩٤١دا، هەرچەشنە چالاکییەکی سیاسی و فەرهەنگیی کـــوردی قەدەغـــە بوو و بە توندترین شـــێوە ســـەرکوت دەکرا.[٣٣] ئەم چالاکییە سیاسی و فەرهەنگییە، بە باشـــترین شێوە، لە دامەزران

و تێکۆشانی کۆمەڵەی ژ.ک واتە ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا خۆی نیشان دا. کۆمەڵەی ژ.ک لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٤٠ تا ١٩٤٦دا چالاکی و تێکۆشانی سیاسیی هەبوو. لەو ماوەیەدا کۆمەڵەی ژ. ک گۆڤاری نیشتیمانی وەک زمانحاڵی خۆی چاپ و بڵاو دەکردەوە. بە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا، ئەو کرانەوە سیاسی و فەرهەنگییەی کە لەسەرێ باسمان کرد، گەیشتە پلەی هەرەبەرزی خۆی. پێکهاتنی ئەو وەزعە پێش هەر شتێکی دیکە، بەهۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزییەوە هاتبووە گۆڕێ. حزوور و نفوزی سیاسیی دەوڵەتی ڕووسیە وداگیرکردنی بەشێک لە خاکی ئێران لە لایەن ئەو وڵاتەوە، شوێنەواری خۆی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دانا و لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی خێراتر کرد. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە تەماشا بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە لاوازبوونی دەسەڵاتی مەرکەزی، هەمیشە بۆتە هۆی خولقاندنی فەزا و دەرفەتی لەبار بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازەکان. نەسلە خوێندەوار و شارنشینەکان، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆماری کوردستاندا هەبوو. ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە نوێیە، بە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵەی ژ. ک لەقەڵەم دەدرا. دەبێ بگوترێ کە هەر لەو ساڵەدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، بە شێوەیەکی غەیرە ڕەسمی گۆڕا و بوو بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. هەرچەند عەشیرەتە بە هێزەکان لە ڕێبەرایەتی و هێزی چەکداری کۆماردا، نەخشێکی بەرچاویان هەبوو و هەرئەوەش وەک یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی تێکچوونی کۆمار بەحیساب دێ، چ وەک بێرۆکە و چ وەک پلاتفۆرمی سیاسی، کۆماری کوردستان ناکرێ بە تەنیا وەک بەرهەمی سیاسەتێکی خێڵەکی و عەشیرەتی دابنرێ. ئاخر قازی محەممەد، ئەندامی پێشوی کۆمەڵەی ژ. ک بەهۆی ئەوەی کە پیاوێکی خوێندەوار و خاوەن پێگەیەکی بەرز و قازیی شاری مهاباد بوو، هەروەها سەر بە بنەماڵەیەکی گەورە و شارنشین بوو، وەک سەرکۆمار دیاری کرا.

تێکچوونی کۆمار، لە مێژووی هاوچەرخی کورددا بە کارەسات و لەحزەیەکی چارەنوسساز دادەنرێ. بەڵام دەبێ بگوترێ کە نەوەکانی دواتر، سەرەرای هەموو ئەو کەندوکۆسپ و هەوراز و هەڵدێرانەی سەر ڕێیان، بێ وچان ئامانج و ئیدەئاڵەکانی کۆماری کوردستانیان، بەرەوپێش بردوون.[٣٤] لەوماوەیەدا دەوڵەتی ناوەندییش، پاش تێپەڕین بە قەیرانی دێموکراسیدا، خۆی سەرلەنوێ ڕێکخستەوە. بەجۆریک کە پاش کودیتای ١٩٥٣، ئیستبداد وسەرەڕۆیی پاشایەتی بە شێوەیەکی زۆر توند، دامەزرایەوە.[٣٥] هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەرنامەکانی ڕیفۆرمی ئەرزی و شۆڕشی سپی، کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٣ تا ١٩٧٨دا بەڕێوەچوون، نفوز و دەسەڵاتی سیاسیی خێڵ و عەشیرەتەکانیان کەم کردەوە و لە گوندەکانیشدا، دەسەڵاتی دەوڵەت جێگای دەسەڵاتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی چینی خاوەن مڵکەکانی گرتەوە. دەوڵەت قەت ئەوەی نەدەشاردەوە کە ڕیفۆرمی ئەرزی، لە ڕاستیدا دەرفەتێکی لەباری بۆ خاوەن مڵکەکانی پێشوو خولقاندووە کە بتوانن لە بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی و سەنعەتیدا سەرمایەگوزاری بکەن و لەو ڕێگایەوە یارمەتی بە بە هێزبوونی ڕەوتی گەشەسەندنی پێشەسازی و بەسەنعەتی بوونی وڵات بکەن.[٣٦] هەرچەند گەشەسەندنی ئابووری، لە سەردەمی محەمەدڕەزاشادا، نەبوو بەهۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و بەرچاو لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بناخەکانی دامەزراوە مۆدێرنەکانی وەک خزمەتگۆزارییەکانی پەروەردەو فێرکردن وتەندروستی و لەشساخیی لەو ناوچەیەدا

بنیات نا.

لــە دەیەکانی دواتـــردا گەلێک ئاڵوگۆڕێ بەرچـــاو هاتنە کایـــەوە. بەتایبەتـــی لە دوو دەیەی دواییی دەستەڵاتداریەتیی پاشایەتیدا، کۆمەڵگای کوردی گۆڕانکاریی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بە خۆوە دیتن. شارنشینی بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند و شارەکانیش بـــەرەو گەشـــەی زۆرتر چوون. لـــە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، سەردەمی شۆڕشی سپی بەوە دەناســـرێتەوە کە لەو دەوەرەیەدا، ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن خێراتر دەبێ. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە تـــا کۆتاییەکانی ســـاڵەکانی دەیـــەی ١٩٧٠، گۆڕانکاریی قووڵی  ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاســـی و فەرهەنگی بەســـەر ســـترەکتور و ســـاختاری کۆمەڵگای ئێراندا بێ.[٣٧] لەسەر بناخەی ئەو هەوڵانەی کە پێشتر بـــۆ مۆدێرنیزە کـــردن و نوێکردنەوەی ئێران درابوون، لە ســـاڵی ١٩٥٣ بـــەدواوە، گەلێک پرۆژەی ئابووری و زانســـتی و پێشـــکەوتوو، کـــە ڕێکخـــراوە نوێیەکانی وەک ســـازمانی بەرنامـــە و بودجە سەرپەرشـــتییان دەکردن، جێبەجـــێ کران. بەو حاڵـــەش لە پەیوەندیی دەگەڵ ناوچەی کوردســـتاندا، ئـــەو دەورەیە بە وەختی کۆتایی هاتنـــی بەرنامە ئابوورییە ئازاد ودیســـانترالیزکراوەکان و بە سەردەمی هەوڵدان بۆ وڵام دانەوە بە دواکەوتنی ئابووریی و ناپەرەســـەندوویی ناوچـــەی کوردســـتان دادەنـــرێ. تەنانـــەت ئێســـتاش مەســـەلەی پەرەســـەندن، بە یەکێک لەو بـــاس و بابەتە گـــەرم و ئەکتوێڵانە دەزانرێ کـــە لە ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکانی کوردستانی ئێراندا لە گۆڕێدان. ڕێکخراوی بەرنامە و بودجە، کە ئەبولحەسەنی ئیبتیهاج سەرپەرشتیی دەکرد، هەمیشـــە ئـــەو پێشـــنیار و ئیبتکارانەی ڕەد دەکردنەوە کە لە لایەن ئۆستانە جیاجیاکانی وڵاتـــەوە پێی دەگەیشـــتن. لە ڕاســـتیدا ئەو ڕێکخراوە سەمبولی ســـانترالیزمی ئیداری و دەســـەڵات و ئۆتۆریتەی دەوڵەتی مەرکەزی بوو. هەر بۆیەش لە هەوڵی بردنەپێش و بەئاکام گەیاندنی ئەو بەرنامـــە ئابووریانەدا بوو کە لە دەورانی شۆڕشـــی سپیدا دەست بە جێبەجێ کردنیان کرابـــوو.[٣٨] لە ڕاســـتیدا جێبەجێ بوونی بەرنامەی دووهەمی پەرەســـەندن کە لە ماوەی نێوان ســـاڵەکانی ١٩٥٦ تا١٩٦٢دا جێبەجێ کرا، بە سەرکەوتنی سانترالیزاسیۆن بەسەر ئەو بەرنامە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەدا بە حیســـاب دێت کە دەبوایە بە شـــێوەیەکی ناموتەمەرکز و دیســـانترالیزە پیـــادە کرابان. مەیل بە سانترالیزەکردن، دەورانی ئیبتیهاجی درێـــژ کـــردەوە. ئەمـــەش بوو بەهـــۆی ئەوە کـــە ناوبـــراو بەرنامـــە ئابـــووری و ڕوانگە و ستراتیژییە جۆراوجۆرەکان، بۆخزمەت کردن بـــە دەوڵەتێکـــی ناوەندگەرای تـــا ڕادەیەکی زۆر لەســـەر مۆدێلـــی فەرانســـەوی، بەرێتە پێشـــێ.[٣٩] ئەوەی بە شـــێوەیەکی سەرەکی لـــەو بارودۆخـــەدا قازانجی پێ دەگەیشـــت محەمەد ڕەزا شـــا بوو. ناوبراو توانی بەقازانجی خۆی لە چوونەســـەری مارپێچ ئاسای داهاتی نەوت لە ســـەرەتای دەیەی ١٩٧٠دا، کەڵک وەرگرێ. بەرێوە بردنی جەژنی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشـــاهی لە لایەن ناوبراوەوە لە ســـاڵی ١٩٧١دا، نیشانەیەکی زەقی ئەو ئەبلەخەرجی و بەفیرۆدانە پڕ لە زەرق و بەرقە بێ ســـنوورە بوو کە ئەو گوزەرانی تێدا دەکرد.

محەمەد ڕەزا شـــا، کە گەلاڵەی بنیاتنانی شارســـتانیەتێکی گەورەی بەدەســـتەوە بوو، خەونـــی بـــەوەوە دەدی کـــە ئێـــران بکاتە یەکێک لە پێشکەوتووترین و دەوڵەمەندترین کۆمەڵگاکانـــی دونیـــا. بـــەو پێیـــە دەتوانین بڵێیـــن ئـــەو بەرنامـــە و ڕیفۆرمـــە ئابووری و کۆمەڵایەتییانـــەی، کـــە لـــە ناوچـــە دوور دەست و حاشـــیەییەکاندا، بەرێوە دەچوون، ڕەنگدانەوەیەک لەو ڕەوتە سەرەکییە بوون کە لە ئاســـتی ئێراندا لەگۆڕێدا بوو. ڕەوتێک کە ئەو ناوچـــە دوورەپەرێزانەی کردبووە کلکە و پایانەی پرۆژەی پەرەسەندنی ئابووریی ناوچە

زۆرتر مەرکەزییەکان. چینی مڵکداری کورد، نەیتوانــی چاوەڕوانییەکانــی دەوڵەت وەدی بێنێ و خۆی هەڵکێشــێتە ئاستی بۆرژوازیی ســەنعەتی و بازرگانی. بــەو جۆرە لە حاڵەتی خەویکی قووڵدا مایەوە تا جاریکی تر لە ساڵی ١٩٧٩دا، دیسان وەخەبەر هاتەوە. لە ڕاستیدا ڕادەی پەرەســەندنی سەنعەتی و پیشەسازی لە ناوچەی کوردســتاندا، لە دروســت بوونی چەنــد کارخانەی تەنباکۆ وهەندیک ئاشــی مۆدیــرن بــەولاوە تێنەپــەڕی.[٤١] شــایانی باســە کە پووڵ و تێکنۆلۆژیی پێویســت بۆ بردنەپێشــی پەرەســەندنێکی هاوئاهەنــگ و هەموولایەنــە لــە ئوســتان و ویلایەتــە جۆراوجۆرەکانــی ئێراندا، لەبەردەســتدا بوو. بەڵام تا دەهات تەکیەی زۆرتر دەخرایە سەر ئەو سانتراڵیزاسیۆن و تەمەرکوزگەراییەی کە لە بەرنامە ئابوورییەکانــی حکوومەتدا، وەک پلانی ڕەســمیی دەوڵەت، گەڵاڵە کرابوون. لە لایەکی دیکەشــەوە، تێبینییە سیاسییەکان، ڕەفتارە میلیتاریستی و نیزامییەکانی دەوڵەت و نیشــان نەدانــی هیچ چەشــنە تۆلێرانس (تەحەممول)ێک بەرانبەر بە پرســە ئێتنیکی و قەومییەکان، بە نۆرەی خۆیان کاریگەرییان لەســەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو. ئەگەر پەرەســەندنی شارنشــینی و ئاڵوگۆڕە دێمۆگرافییــەکان، هــۆکاری دابەشــکردنی تەقســیماتی ئیداریــی حکوومەتــی ئێــران بوون، لە ناوچەی کوردســتاندا، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئێران، بــەردەوام تێبینی و هۆکارە سیاسییەکانیش بۆ دابەشکرنێکی لەوچەشنە وەبەرچــاو دەگیــران. هەموو ئــەو فاکتۆرە جۆراوجۆرانــە، زەمینەیان بــۆ ڕێژیمی دواتر خــۆش کرد. بــەو مانەیە کە پاش شــۆڕش، ئوستانی کوردســتان، هەرگیز نوێنەرایەتیی ســنوورە جوگرافــی و فەرهەنگییەکانــی کوردســتانی نەدەکــرد، هەر لەبــەر ئەوەش پێناسەی دیکە پێویســت بوون. بەو حاڵەش کاریگــەری و شــووێنەوارەکانی ســەردەمی شۆڕشی ســپی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان، شۆڕشگێرانە و قووڵ و بەرچاون. دەتوانین لە زۆر بــارەوە بەڵگە بێنینــەوە کە ئەو وەزعەی کۆمەڵــگای کوردســتانی لــە کۆتاییەکانی دەیــەی ١٩٧٠دا تێدابوو، ئاکامی شۆڕشــی ســپی بوو. شارنشــینی، کۆچــی خەڵک لە گوندەکانــەوە بۆ شــارەکان، گەشەســەندنی ئابووری، دامەزرانی بنکەو بنیاتە مۆدێرنەکان و بەڕێوەچوونی ژمارەیەکی زۆر لەو پڕۆژانەی کە وەک پڕۆژەی بنەڕەتی و ژێرخان دادەنرێن، لەباری ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە، ناوچــەی کوردســتانیان تــا ڕادەیەکی زۆر کردبووە کۆمەڵگایەکی شارســتانی و پێکەوە گرێدراوتر.

لەبــاری کۆمەڵایەتیەوە، لــەو دەورەیەدا، لە ئاکامــی خوێندن وفێربوونــی مۆدێرن و گۆڕانکارییە فەرهەنگییەکاندا، نەوەیەکی تازە پێــی نایە مەیدانی ژیان. زانســتگاکان وەک ناوەندی نوێی ڕۆشــنبیری، بوون بە مەکۆی باس و لێکدانەوەی تیئورییەکانی شــۆڕش و شوێنی شــکڵگرتنی هەستە و شانەی حیزبە کوردییەکان. ڕوونە کە دەرکەوتنی ژنان وەک هێزێکی کۆمەڵایەتیی ڕوو لە گەشە، خوێندەوار و ڕێکخراو، ڕاستییەک کە لە بەشداریی ژنان لە شۆڕشــدا خۆی نیشاندا، تەنها بەو هۆیەوە ئیمکانی بۆ ڕەخســابوو. ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی ئاڵوگۆڕی قووڵ لە پێوەندییەکانی نیوان ژن و پیا و و ئەو سیستەمە جنسیەتییەدا کە لــە گۆڕێدا بوو پێک بێ و مۆدێرنیزەی بکات. لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٤١ تا ١٩٤٦دا، لە سەرتاسەری ئوســتانی کوردستاندا، تەنیا پەنجا ناوەنــدی مۆدێرنی خوێندن و فێربوون هەبوون کە چواردە دانەیان لە شــاری سنە، واتــە ناوەندی ئۆســتانی کوردســتاندا بوون. کەچی لە ســاڵی ١٩٧٤دا، بــە تەنیا هەر لە شاری سنەدا، شەست و دوو ناوەندی خوێندن و فێربوون هەبوون کە بیســت وحەوت دانە لەوان لە لایەن ژنانەوە سەرپەرشتی دەکران.

لە ساڵی ١٩٧١ هەشـــتاو دوو مامۆستای ژن لە قوتابخانە ســـەرەتاییەکانی شاری سنەدا، دەرســـیان گوتووەتەوە.[٤٢] شارەکانی دیکەی کوردســـتانیش، بە هەمان پرۆسەدا تێپەڕین. ئـــەوەش دەرفەتـــی کارکرنـــی بۆ ژنـــان لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن، لەشســـاخی و خزمەتگۆزارییەکانی دیکەدا خوڵقاند. ژنانی ســـەر بە چین و توێژە دەســـتکورت و کەمتر مورەففەهەکانیش، هەلی ئەوەیان بۆ هەڵکەوت کە لە بازاڕدا کار بکەن. لەوەش زیاتر بەهۆی دەستڕاگەیشتنی ژنان بە ئیمکاناتی پزیشکی و دەوا و دەرمانی پێویســـت بۆ پێشـــگیری، کە لە لایەن حکوومەتەوە بە شـــێوەی یارانە دابەش دەکرا، بە گشـــتی هەلومەرجی ژیانی ژنانی شارنشـــین تارادەیەکی زۆر بەرەو باشی ڕۆیشت.

خوێنـــدن و فێربوونـــی نـــوێ و خزمەتگوزارییە لەشســـاخی و دەرمانییەکان، گەیشـــتنە گوندەکانیش. بـــەو حاڵەش، لەبەر ئەوەی شۆڕشی ســـپی نەیتوانیبوو بەرنامە و ئامانجەکانی خۆی لە دێیەکاندا وەک پێویست پیـــادە بـــکا، نەشـــیتوانی ژیـــان و گوزەرانی خەڵکـــی ئەو ناوچانە، کە هێشـــتاش هەر لە هەلومەجـــی کۆتاییەکانـــی دەیەی ١٩٧٠دا دەژیان، باشـــتربکات.[٤٣] هەر لەو بارودۆخەدا، گەلێک کەس و لایـــەن و ئەجێنتی دیکەی غەیـــرە دەوڵەتییـــش، لـــە نێو نـــەوەی تازە خوێنـــدەواردا، کە لایەنگـــری ئاڵوگۆڕ بوون، لـــە بڵاوکردنەوەی دامـــەزراوە مۆدێرنەکان و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕەکاندا، بەشدارییان کردووە. پرۆگرامەکانی لەنێوبردنـــی نەخوێندەواری و بڵاوکردنەوەی تەندروســـتی و لەشساخی، کە لە ئەســـڵە ڕاگەیەنراوەکانی شۆڕشـــی شپی بوون، بۆ چوونەپێشی خۆیان، پشتیان بە شوور و شـــەوق وعەزمی نەوەی نـــوێ، کە خاوەنی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە بوون، بەستبوو. بردنە پێشی پێگەی کۆمەڵایەتیی ژنان، مانای ئـــەوە بوو کـــە دەبێ گەلێک کەندوکۆســـپی گـــەورە تەخـــت بکرێـــن. بۆیـــە تەنانەت لە کاتێکدا کە ڕەفتارەکانی دەوڵەت بە ڕەســـمی لە خزمـــەت قازانج و بەرژەوەندییەکانی ژناندا بوون، کارێکی لەو چەشنە پێویستی بە هەوڵ وتێکۆشانێکی زۆر، لە لایەن خودی ژنانیشەوە هەبوو.[٤٤] عەزیـــز عەبدولمەلیک مەعریفەت موعتەمـــدی، کـــە مامۆســـتایەکی کـــوردی خەڵکی ســـنە بوو، بەهۆی دەرس گوتنەوە و دروستکردنی مەدرەســـە بۆکچان، وەک زۆر کەسی دیکەی پێشـــڕەو، لە هاوچەرخەکانی خۆی لە ئێرانـــدا، شـــانازییەکی گەورەی بە نسیبی خۆی کرد.[٤٥]

ئـــەو هـــەر لـــەو کاتـــەدا کـــە ناچاربوو چاوەڕوانییەکانـــی کۆمەڵـــگای پیاوســـالار لەبەرچاو بگرێ، دەبوایە هەوڵ و کۆششەکانی خۆشـــی بۆ لاوازکردنی پەیوەندییەکانی زاڵ بەسەر موناســـەباتی مەوجودی نێوان ژنان و پیاواندا بەرێتە پێش. لەخۆڕا نەبوو کە یەکێک لـــە قوتابخانە تـــازە دروســـتکراوەکانی ناو نا ناموس. هەوڵ و تێکۆشـــانی لەو چەشنە، لە لایەن تاکەکانـــەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی ژنـــان، بایەخێکـــی زۆر و گرنگیـــان هەبوو. ڕاســـتییەکەی ئەوەیەکە پرۆگرام و یاساکانی بنەماڵە، پەروەردە و فێرکرن و لەشســـاخی و خزمەتگوزارییە تەندروســـتییەکانی دیکە، کە شـــانازیی پێوە دەکردن، ئاکامی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشـــانی ژنان و ئـــەو بزووتنەوە جۆراوجۆرانـــەی دیکە بوون کە بۆ بڕەوپێدانی خوێنـــدن و خزمەتگوزارییە تەندروســـتی و لەشساخییەکان لە ئارادابوون.[٤٦]

هەروەها نوێســـازی (مۆدێرنیزاســـیۆن)، بە شـــێوەیەکی بەرچاو شـــوێنەواری لەسەر پەیوەندییـــە چینایەتییەکانـــی کۆمەڵـــگای کوردســـتانیش دانا. ئەو ســـاختارە ئابووری-کۆمەڵایەتییـــەی کـــە لەســـەر ئەساســـی موناســـەباتێکی ســـەرکوتکەرانە و زاڵمانە لە نێوان چینە خاوەن مڵکـــەکان و جوتیاران و وەرزێراندا لە گۆڕێدا بوو، لەبەرانبەر پەیوەندییە

ســـەرمایەدارییەکاندا، کەوتـــە پاشەکشـــە و دارمان. ســـامی زوبەیدە، بە هەڵســـەنگاندنی ڕەخنەگرانەی نەخشی چینە کۆمەڵایەتییەکان، وەک ئەکتەری سیاســـی لە شۆڕشی ئێراندا، شـــوێن ومەقعیەتی هەموو چینەکان، هەرلە بۆرژوازیـــی گـــەورەی خـــاوەن دەســـەڵاتی ئابوورییەوە بگرە تا چین و توێژە هەژارەکان، کـــە بـــە پەیوەندییان لەگەڵ چەپ پێناســـە دەکرێـــن، لێکۆڵینەوەیەکـــی بەرین وپڕبایەخ بەدەستەوە دەدا.[۴۷] بەوحاڵەش دواکەوتوویی و پەرەنەســـتاندوویی کوردســـتان نەیهێشت کـــە پەیوەندییە چینایەتییـــەکان، بەجۆرێک گەشـــەبکەن کە ببنـــە هۆی پێگەیشـــتنی بۆرژوازییەکی بەستراوە یا پێ گرتن و دروست بوونی بۆرژوازیی نیشتیمانی. لە جیاتی ئەوە، بۆرژوازیی بـــازاڕ و ئەو ســـەرمایەدارانەی لە بواری بیناسازیدا ســـەرمایەگوزارییان دەکرد، دەستی باڵایان پەیداکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، بە چوونەسەری ڕادەی پســـپۆڕان و کارمەندانی بەشەکانی پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و لەشســـاخی و ئیدارە دەوڵەتییەکانی دیکە، چینی نێوەنجی لە کوردستاندا سەری هەڵدا. ئەوەش لە گەشەســـەندنی بەرینی ئەوەی بە شێوەیەکی کلاســـیک پێی دەڵێن وردەبۆرژوا و پەیـــدا بوونی ئینتلیجێنســـیا واتە چین یا توێژی ڕۆشـــنبیر و خوێندەواری کوردستاندا، بـــە شـــێوەیەکی گشـــتی خۆی نیشـــان دا. ساختاری ژیانی وەرزێرەکان، بەهۆی ڕیفۆرمی ئـــەرزی، بێ زەوی بـــوون و کۆچکـــردن بۆ شـــارەکان، گۆڕانی قووڵی بەســـەرداهات. بەو جۆرە وەرزێر و جوتیارەکانی پێشـــوو بوون بە چینێکی کریکار کە تا دەهات پتر گەشـــەی دەکرد و ژمارەی زۆرتـــر دەبوو. ئەوانە بریتی بوون، لە کرێکارانی ناوبەناو وەک فرۆشیارانی نێوبازار، کۆڵبەرەکانی نێو عەمبار و بازارەکان، کرێکارانـــی بەنـــدەرگاکان، کریکارانـــی نیمچەشارەزای بەشی خانووبەرە و بیناسازی، کرێکارانی وەرزی، منداڵانی کار، توێژە هەژار و زەحمەتکێشەکانی پەراوێزنشینی شارەکان وهەروەها لۆمپێـــن پرۆلیتاریا. ئاکامی ئەوەش بـــوو بە هۆی ئەوە کە جیاوازییەکی گەورە لە بارەی داهـــات و دەرامەتەوە لە نێوان چین و توێژە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست بێت. بەوجۆرە ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانە بوون بە هۆ ئەوەی کـــە پایەکانی کۆمەڵگای کوردستان بکەونە لەرزەوە.

لەبـــاری فەرهەنگییـــەوە، کۆمەڵـــگای کوردســـتان، بە قووڵی کەوتە بەر کاریگەریی ئەو مۆدێرنیزەبوونە فەرهەنگییەی کە لە ئێران ڕووی دەدا. پەرەگرتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتی وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، دەکەوتە نێو دڵی ئەو گۆڕانکارییانەوە. خوێندن و فێربوونی مۆدێرن بـــە خێرایی لە حاڵی گەشـــەکردندا بوو. بـــەو حاڵەش نەخوێنـــدەواری و لاوازیی دامەزراوە بنەڕەتییە پێویســـتەکان، هێشتاش وەک کۆســـپی ســـەرڕێگای چوونەپێشـــی خوێندن و پەروەردەی نوێ لەقەڵەم دەدران. لە ساڵی ١٩٦٣دا، لە سەرجەمی حەشیمەتی ٢٠ تا ٢١ ملیۆنیی ئێران، هەشـــتا لەسەدیان هێشـــتاش نەخوێندەواربوون.[۴۸] هەرچەند بە بەیانی بۆردۆ، مۆدێرنیزاســـیۆن، ســـەرمایەی فەرهەنگی (کولتوور کەپیتاڵ)، بە شێوەیەکی زۆر ناهاوســـەنگ دابـــەش کردبـــوو، بـــەو حاڵەش، پەیوەندییە کولتوری و بیروبۆچوونە کۆمەڵایەتییـــەکان، لـــە ژێـــر کاریگەریـــی دامەزراوە کولتووری و پەروەردەییەکاندا، کە هەموویان دەوڵەتی و فارســـی میحوەر بوون، گۆڕانکارییـــان بەســـەرداهات.[۴۹] بە گوێرەی ئامارە ڕەســـمییەکامی ڕێکخـــراوی بەرنامە و بودجە، لەســـاڵی ١٩٧٣دا لـــەو ناوچەیە کە لەلایەن دەوڵەتەوە بە ئوســـتانی کوردســـتان دەناسرا، هەشت سینەما دامەزراون. هەروەها هەشـــت کتێبخانەی نوێ هەبـــوون کە پتر لـــە ٢٢٠٠٠ نوســـخە کتێبیـــان تێـــدا بووە. دیـــارە هەزاران کتێبـــی دیکەش هەبوون کە بە شـــێوەی غەیـــرە قانوونی و ژێـــر زەمینی

کەڵکیان لــێ وەردەگیرا. کەچــی لەهەمان ســاڵدا لەتاران ١٣ کتێبخانەی نوێ هەبوون، کــە پتر لە ١٧١٠٠٠ نوســخە کتێبیان تێدا بــووە.[٥٠] بەتایبەتــی بەرهەمهێنانی فیلمی فارســی بەخێرایی گەشــەی کرد. بۆ نموونە فیلمــی گەنجی قاروون، لە ســاڵی ١٩٦٥دا توانی دووملیۆن بینەر بۆ لای خۆی ڕاکێشی و پتــر لە حەوت ملیــۆن و نیو دۆلار داهاتی هەبێت.[٥١]

لەلایەکی دیکەوە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کــوردی بــڵاو نەدەکرایــەوە. گۆڕانکارییــە ئابــووری، کۆمەڵایەتــی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگای کوردســتان بە چەشنێکی دیار لە چاپەمەنییەکاندا نەدەکەوتنە بەرچاو. لە ساڵی ١٩٧٢دا، لە ناوەندی ئوســتانی کوردســتاندا تەنیا یەک ناوەندی تیئاتر و شــانۆی هونەری هەبوو کە لەو ساڵەدا ٣٥٠٠٠ کەس سەردانی کردبوو. ئەو ژمارەیە بۆســاڵی دوایی تا ئاستی ١٥٠٠٠ کــەس هاتبووە خــوار. ئەو ڕەوتە لە سەرتاســەری وڵاتدا هــەروا بوو. تەشــویق و تەئیــدی دەوڵەتی بۆ کاروبــاری هونەری بەگشــتی و بەتایبەتــی بۆ شــانۆی کوردی لەگۆڕێــدا نەبــوو. لاوان و مێرمنــداڵان هان دەدران کە لــە بەرهەمەکانی بنکەیەکی تازە دامەزراو بەناوی کانونی پەروەردەکرنی منداڵان و لاوان، کــە ئیدە و ڕوانگە حکوومەتییەکانی بڵاو دەکردنــەوە، کەڵک وەرگرن. ئەو ڕەفتارە پڕ لە کەمتەرخەمییە، ئەو سیاسەتی پشتگوێ خســتنە، ســەبارەت بە موزیکی کوردییش هــەر بەرێوەدەچــوو. بەو حاڵــەش موزیک وەک ســەنگەری هەرە گەورەی بردنەپێشی کوردایەتی مایەوە. لەوەش زیاتر وەک لایەنی هەرە ســەرکەوتووی کولتوری کوردی خۆی نیشــان دا کە تەنانــەت جێگای خۆی لە نێو کولتوری سەرەکی واتە فارسیشدا کردبووەوە. لە لایەکــی دیکەوە، فەرهەنــگ و کولتوری کوردی، لە کاروتێکۆشــانی خۆیدا، تادەهات پتر لە ڕاگەیەنە گشــتییە نوێییەکان کەڵکی وەردەگــرت. ئەمە لە ڕادیۆی کوردیی ئێراندا، کــە تــازە دامەزرابــوو، خۆی نیشــان دەدا. بەڕیوەبەرانــی ئــەو ڕادیۆیە چەند ســەعاتی دیاریکــراوی بەرنامەکانــی خۆیانیــان بــۆ برەوپێدانــی فەرهەنگ و ناســنامەی کوردی بەکار دەهێنا. لە ســاڵی ١٩٦٨ەوە، شاعیری ناســراوی کــورد، ســوارەی ئێلخانــی زادە (١٩٣٧-١٩٧٦)، بەڕێوەبەرایەتیــی بەشــی کوردیی ڕادیۆ تارانی بە ئەســتۆوە گرت. ئەو هەر لەو کاتەدا کــە نوێنەراتیی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردیی دەکرد، فەرهەنگ و ئەدەبی بەرگری و موخالەفەتیشی لە نێوخۆوە دەبردە پێش. تەنانــەت هەندێک جار ناچاردەبوو ئەو ســنوورانەش، کە لە لایــەن دەوڵەتەوە بۆی دیاری کرابوون، ببەزێنــێ.[٥٣] دەبێ بگوترێ کە ئەودەم سەرتاســەری ئێران بەو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی بەربەرەکانێیە دەورە درابوو.[٥٤]

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە چالاکی و تێکۆشانی سیاسییش بەردەوام بوو. لەوماوەیەدا ناوچەی کوردستان چەند ڕاپەڕینی بەخۆوە دیتن. پاش شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق، جووڵانەوەی کورد لە عێراق، دەرفەتێکی دیکەی بۆ زیندووبوونەوە و خۆڕێکخســتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئێران پێکهێنا. پاش گیران و زیندانی کردنی چالاکانی سیاسی لە ساڵی ١٩٥٠دا، ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشــەرانی سیاسیی کوردی ئێرانی، ڕایــان کردە کوردســتانی عێــراق. هەروەها بزووتنەوەیەک بە پشــتیوانی و ڕێبەرایەتیی ڕێکخــراوی خوێندکارانی کــورد لەتاران، بۆ ســەرلەنوێ ڕێکخســتنەوە و بنیاتنانــەوەی حیزبــی دێموکڕات، ئەو حیزبەی کە کۆماری کوردســتانی دامەزرانــد بــوو، پێکهــات. لە ئاخروئۆخری دەیەی ١٩٦٠دا، بزووتنەوەیەک لە کوردســتانی عێراقەوە، پەلوپۆی خۆی بۆ کوردســتانی ئێران هاویشــت. ئامانجی ئەو جووڵانەوەیە بریتی بــوو لە زیندووکردنەوەی شانە و ڕێکخراوە حیزبییەکان و بڵاوکردنەوەی هۆشــیاری و ئاگاهیــی سیاســی. ئەندامانی

چەکداری ئەو بزووتنەوەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر خاوەنی هیچ بەرنامە و پلانێک بۆ خەباتی چەکداری نەبوون، لە لایەن ئەرتەشەوە تاقیب و سەرکوت کران. هەموو ئەو کەسانە کوژران، یان گیران وپاشان لە مەیدانی پادگان و ناوەندە نیزامییەکانی دیکەدا، لەداردران.[٥٥] بەمجۆرە دەوڵەت تێدەکۆشا جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی هەتاوی، واتە ئەو ڕاپەرینە کە لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٦٧ تا ١٩٦٨ی زاینیدا ڕوویدا، وەک هەوڵێک بۆ خەباتی چەکدارانە بناسێ، لەو ڕێگایەوە پاکانە بۆ ئەو سەرکوت و زەبروزەنگە سیاسی وفەرهەنگییە بکا کە لەبەرانبەر کوردەکاندا بەڕێوەی دەبرد.[٥٦] سەرەڕای ئەوەی کە ئەودەم بیرۆکەی خەباتی چەکداری لایەنگرییەکی زۆری لەنێو خەڵکدا لێ دەکرا، مێژووی زارەکی، بیرەوەری و یادداشتە جۆراوجۆرەکان و گەلێک بەڵگەنامەی دیکە، ئەوە نیشان دەدەن کە لە ڕاستیدا هیچ پلانێک بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی چەکدارانە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەک یا ڕووخاندنی ڕێژیم، لەگۆڕێدا نەبووە. محەممەدی خزری، یەکێک لە تێکۆشەرانی ئەودەم کە گیانی بەدەربردووە، دەگێڕێتەوە کە ڕوانگەی ئیدئۆلۆژیکی ئەو بزووتنەوەیە لە ژێر کاریگەریی ئامانج و ئیدئاڵەکانی چەپدا بووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە پاش ڕووخانی کۆمارەوە، بزووتنەوە فەرهەنگی و سیاسییەکان، چ ئاشکرا و چ نهێنی، هەرگیز مەیدانەکەیان چۆڵ نەکردووە. جا ئەو بزووتنەوانە چ لە شکڵی جووڵانەوی جوتیاری یا درێژەی تیکۆشانی سیاسی و فەرهەنگیدا بووبن، هیچ لەمەسەلە ناگۆڕێ.[٥٨] بۆ نەوەکانی داهاتوو کە مێژوو دەخوڵقێنن، ئەوە ڕاست ئەو هەلومەرجەیە کە مارکس گوتەنی «وەک میرات لەڕابردوو بەجێماوە».

لەباری فکریشەوە، لەو بارودۆخە سیاسییەدا، تیئۆرییەکانی جیهانی سێهەم ونفوزی ڕوو لە گەشەی تیئوریی مارکسیزم، دەرفەتیان بۆ لێکدانەوەی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی سۆسیالیستییەوە، هێنابووە کایەوە.[٥٩] جیاوازییە ئیدئۆلۆژییەکان تا دەهات بەرینتر دەبوونەوە. یەکێکی تر لە تێکۆشەرانی ناوداری کورد، بەناوی ئەحمەد موفتیزادە، بانگەشەی بۆ شێوەیەکی دیکە لە کوردایەتی دەکرد کە زۆرتربە ئاراستەیەکی ئایینیدا دەچووە پێش. لەلایەکی دیکەوە، بە پێچەوانەی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران، کە خەباتی چەکدارانەی هەم بە تاکتیک و هەم بە ستراتیژی دەزانی[٦٠]، ڕێکخراوێکی دیکەی چەپ بە ڕەخنە گرتن لە خەباتی چەکداری و تێکۆشان بۆ شۆڕشێکی بەرینی کۆمەڵایەتی، دامەزرانی خۆی ڕاگەیاند.[٦١] دەتوانین بڵێین کە ئەو مۆدێلە لە کوردایەتی، نوێنەرایەتیی وەتەنییەت یا بوومیگەرایی یانی نەیتیڤیزمی کوردیی دەکرد. هەرچەند ئەو بوومیگەراییە بە بەراورد دەگەڵ ئەوەی کە لەسەرتاسەری ئێراندا هەبوو، زۆر بەرچاو نەبوو. هەستە سەرەتاییەکانی، ئەو ڕێکخراوە چەپە، کە دواتر بە ناوی ڕێکخراوی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران/کۆمەڵە ناسرا، لەو ژینگە و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەدا، سەریان هەڵدا. ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە خۆیان لە حیزبی دێموکراتی ڕیفۆرمخواز، بە دوور ڕادەگرت.

دیالێکتیکی گۆڕانکارییە فکری و کولتورییەکان، بەرگری و زۆرلێکردن، بەردەوام شکڵ بە فەرهەنگ و ئەو فەزایە دەدەن کە کولتوری تێدایە. بۆ نموونە سنوردانانی ئەدەبی و زمانەوانی، دژکردەوەی سیاسی و فەرهەنگیی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەوەش بە نۆرەی خۆی شوێنەوار و کاریگەریی لەسەر ئەو ڕێگایانە هەبوو کە پەیوەندییە زمانی و کولتورییەکانیان پێناسە دەکرد. سیستەمی خوێندنی نوێ، بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لە ماوەیکی ئاوا کورتدا، کەڵکی لە زمانی

فارسی وەک ئامرازێک وەرگرت. ئەوەش مانای ئەوە بوو کە تاک و کۆمەڵگا غەیرە فارسەکان، لە گۆشەنیگا و مەنشووری کولتورێکی دیکەوە لە دونیا تێبگەن. بردنە سەری ئاستی فارسی، لە پێشدا وەک زمانی میللی و پاشانیش وەک زمانی ڕەسمیی ئێران، بە تەنیا هەر بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە بە شێوەیەکی سیتماتیک پشتیوانیی دەوڵەتی هاوچەشنخوازی لە پشت بوو. پەرەپێدان و بردنەپێشی ئەدەبیاتی فارسی بۆ ماوەی چەند دەیە، لە ڕێگای ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەدەبی وەک ئایندە، ئیرانشەهر، تەعلیم و تەربیەت و دواتر ئامووزش و پەروەرش و سوخەن وهەروەها کەسایەتییە بەناوبانگە ئەدەبییەکانی وەک سەعید نەفیسی، کە بە ئوستادی ئەدەبیاتی نوێی فارسی دەزانرێت، زەمینەی بۆ ئەوە خۆش کرد تا زمان و ئەدەبیاتی فارسی هێژمۆنی خۆی وەک زمانی ڕەسمی بسەپێنێ. یا بە واتایەکی تر باڵادەستیی بەسەر فەرهەنگ و کولتوورە غەیرە فارسییەکاندا وەدەست بێنی. هەر ئەو پرۆسەیەش شوێن و پێگەی زمان و ئەدەبیاتەکانی دیکەی غەیرە فارسی کردە ناوچەیی و لۆکاڵ، واتە خستوونیەتە ئاستێکی خوارەوەتر.[٦٢] لەو ڕەوتەدا بەربەرکانێی کوردەکان، فاکتۆرێکی بڕیاردەر بوو. ئاخر زمانی فارسی نەیدەتوانی ببێتە زمانی میللی، لە کاتێکدا بە ئاشکرا زمانی دیکەش هەبوون کە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیان پێناسە دەکرد. لە ڕاستیدا مەبەست لە پێناسە و دیاریکردنی زمانی فارسی لەسەرەتای چەرخی بیستەمدا، وەک زمانی میللی، ئەوەبوو کە یەکیەتیی سیاسیی ئێران دابین و دەستەبەربکات. هەر بەو جۆرەش مەبەست لە دیاری کردنی فارسی وەک زمانی ڕەسمی، ئەوە بوو کە ببێتە ئەڵترناتیو لە بەرانبەر فرەزمانی لە ئێراندا. هەندێک ڕووناکبیری فارس ئیدیعا دەکەن، بە مەبەستی ڕاوەستان و بەربەرەکانێ لەبەرانبەر پەلاماری فەرهەنگیی ڕۆژئاوادا و هەروەها لە پێناو پاراستنی کولتوری ئێرانیدا (فارسی؟)، پێویستە فەرهەنگ و کولتوورەکانی دیکەی ئێران، وەک بەشێک لە ناسنامە و هەویەتی ئێرانی بپارێزرێن. جا با پێگە و شوێنیشیان لە خوارەوەی زمانی فارسییەوە بێ کە بە زمانی میللی دادەنرێ.[٦٣]

ئەو چاوگێرانە گشتییەی سەرەوە، قووڵاییی ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییانەمان بۆ دەردەخا کە کۆمەڵگای کوردی لە دەیەکانی پێش شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی زایینیدا بە نێویدا تێپەڕیوە. لێرە دەگەڵ کۆمەڵگایەک بەرەوڕووین کە لێوانلێوە لە چاوەڕوانی و داخوازی. سەرکوتی فەرهەنگ و ناسنامە و هەویەتی کوردی، لە ڕێگای سنووردار کردن و تەنگەبەرکردنەوەی مەیدانی مۆدێرنیتەی کولتوری کوردی، لەلایەن دیکتاتۆریی شاوە، بوو بە کۆسپێکی گەورە، شتێک کە میراپیسی ناوی دەنێ مۆدێرنیتەی دێموکراتیک.[٦٤] ساواک، دەزگای هەواڵگریی ئێران، بە شێوەیەکی بەردەوام تێکۆشەرانی کوردی ڕەوانەی زیندان دەکرد، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ژمارەیەکی زۆریش لەوان لە دەرەوە، لە ئاوارەیی و تەبعیددا، لە ڕێگای دەرکردنی ڕۆژنامە و دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی پڕۆگرامی ڕادیۆیی، درێژەیان بە کار و چالاکییەکانی خۆیان دەدا.[٦٥] بەو ڕابردووەوە، کوردەکانی ئێران، لە پێناوی وەدەستهێنانی ئازادی و حەقی بەشداری لە کاروباری سیاسی و بەمەبەستی بەشداری و شەریکایەتی لە دەسەڵات و سەرچاوەکانی دیکەدا، چوونە نێو ئەو شۆڕشە سیاسییەی کە لە ساڵی ١٩٧٩دا ڕووی دا. لە هەموو ئەو خۆپێشاندان و ڕێپێوان ڕاپەڕینە جەماوەرییانەدا، کە بوون بە هۆی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، بەشدارییان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، بە مەبەستی جێگیرکرن و بەهێزکردنی دەسکەوتە سیاسی و فەرهەنگییەکانی خۆیان، دەستیان دایە هەوڵدان بۆ بردنە پێشی ئەزموونێکی

دێموکراتیکی تایبەت.

## ئاکامەکانی شۆڕش

شۆڕشـەکان، پێش ئەوەی کە (دەستبەجێ دەگـەڵ حوکمـی ئیجبـار ڕووبەڕووبن) بە پەیامێکی خەیاڵی و ئۆتۆپیاییەوە دەست پێ دەکەن.[۶۶] ئەو گوتەیەی Fred Halliday، بەتەواوی پڕ بە پێستی ئەو دەورانەیە کە شۆڕشی ئێرانی پێدا تێپەڕی.

«ئۆتۆپیا»ی کوردیش، هەر بەو جۆرە زوو خۆی لە بەرانبەر واقعیەتی ئەو ململانێ و کێبەرکێ توندەدا دیتەوە کە لەسەر بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا لەگۆڕێدا بوو. هەرچەند قۆناخی پاش سەرکەوتنی شۆڕش لە مێژووی کوردستانی ئێراندا، بەو توندوتیژییە دەوڵەتییە دەناسرێتەوە کە ناوبەناو حکوومەت بەڕیوەی دەبرد، بەوحاڵەش وەک سەردەمی گەشانەوە و سەرهەڵدانەوە و زیندوبوونەوەی سیاسی و فەرهەنگی دێتە ئەژمار. هەروەک لە درێژەی ئەو وتارەدا باس دەکرێ، کوردستان لەسەردەمی شۆڕشدا، بە نێو هەندێک ساتی چارەنووسسازی ئەوتۆدا تێپەڕی، کە بە شێوەیەکی قووڵ شوێنەواری خۆیان لەسەر مێژووی ئێران لە قۆناخی پاش سەرکەوتنی شۆڕشدا دانا.

ئێران لە هاوینی ۱۹۷۸دا، لە ئاکامی فشارە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا کە ببونە هۆی لاوازیی ئۆتۆریتەی دەوڵەت، بەرەو کرانەوەی سیاسیی زۆرتر ڕۆیشت. ئەو گرنگی و بایەخەی کە مەسەلەی مافی مرۆڤ بە تازەیی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا پەیدای کردبوو، کە لە بنەڕەتڕا ڕووی لە یەکیەتیی سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی بوو، ئۆپۆزسیۆنی لیبراڵی ئێرانی هان دا کە بە ئاشکرا ڕەخنە لە دەوڵەت بگرێ و دەرفەتی ئەوەشی بۆ هێزە شۆڕشگێرەکانی پێشوو، کە تا ڕادەیەک خەوتبوون، خولقاند کە بە شێوەیەکی کارا و کاریگەرتر چالاکی لە خۆیان نیشان بدەن. کەسایەتییە لیبراڵە بەناوبانگەکان، لە نوسراوەکانی خۆیاندا، هەلومەرجی ئەودەم شی دەکەنەوە و سەبارەت بە هاتنە کایەی وەزعێک کە وڵات بەرەو شۆڕش دەبا، پێشوەخت ئاگاداری دەدەن. کەریم سنجابی، داریووش فرووهەر و شاپووربەختیار کە لەڕێبەرانی ئۆپۆزسیۆنی لیبراڵ بوون، لە نامەیەکی سەرئاواڵەدا بۆ شا دەڵێن:

لەو برگە زەمانییەدا کە ئەو نامەیەی تێدا دەنووسین، وڵات لەسەر لێوی هەڵدێراندایە، هەموو هەوڵەکان بە بنبەست گەیشتوون، پێداوێستییە گشتییەکان بە چەشنێکی بەرچاو (...) لەسەریەک کەڵەکە بوون و ئەوەش بۆتە هۆی پێکهاتنی کەموکووڕی(...) گەشەکردنی سەنعەتە نیشتیمانی وسەرچاوە ئینسانییەکان لە قەیراندایە و لەسەر بناخەیەکی لەرزۆک وەستاوە. (...) نەوت ئەو نیعمەتە گەورەی خوا، بە شێوەیەکی زۆر خراپ و نابەجێ کەڵکی لێوەردەگیرێ. ئەو پرۆژە و بەرنامانەی بە مەبەستی ڕیفۆرم لە ژێر ناوی شۆڕشی سپیدا، ڕاگەیەنرابوون، جێبەجێ نەکراون. لە هەمووی خراپتر مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو ناگیردرێن. قانوونی ئەساسی پێشێل دەکرێ، سەرکوت و تیرۆرێکی توند لەگۆڕێدایە، گەندەڵی ڕۆژبەڕۆژ پەرە دەگرێ، دارمانی ڕۆژ لە ڕۆژ زۆرتر و هەروەها ڕیاکاریش، هەموو ئەوانە پێکەوە، مۆراڵ و ڕووحیەی میللییان بە ئاستی هەرەخواری خۆی گەیاندوە.[۶۷]

بەوجۆرە لیبراڵەکان ڕایانگەیاند کە «تەنها ڕێگا بۆ ڕزگاری و هاتنەدەر لەو گیروگرفتانە کە داهاتووی ئێران دەخەنە بەر هەڕەشەوە، بریتییە لە وەلانانی دەسەڵات و حاکمیەتی سەرەڕۆیانە»[۶۸] ڕەنگە زۆر بن ئەوانەی گلەیی لە شا بکەن کە بۆ گوێی بەو وشیارکردنەوانە نەدا، یا لەو بارەیەوە کاتێک وەخۆ کەوت کە

ئیدی درەنگ بووبوو. ئەو وەزعە، هەروەک لەو نامەیەی سەرەوەشدا ئیشارەی پێ کرابوو، ئاکامی چەوت بەڕێوەبەری و ئیدارەی خراپی بەرنامەی نوێسازی و مۆدێرنیزاسیۆن لە لایەن شاوە بوو.[٦٩] بەو حاڵەش ڕەنگە جێبەجێ کردنی ئەو داخوازانەش کە لە لایەن لیبراڵەکانەوە بۆ هاتنەدەر لەو زەلکاوە، خسترابوونە بەردەمی شا، هەر بووبا بە هۆی کۆتایی هاتن بەو ئیستبداد و سەرەڕۆییەی کە بە سروشتی ڕێژیم لە قەڵەم دەدرا. بەو جۆرە، هەلومەرجی شۆڕشگێرانە تادەهات پتر دەهاتە کایەوە و ڕەخنە و چالاکی و ڕووداوە ئەدەبییەکانیش بەرەوە پێشەوەیان دەبرد. لە لایەکی دیکەشەوە وەدرەنگ کەوتنی پێکهێنانی ڕیفۆرم و چاکسازییش، تادەهات ئاکار و ڕەفتارە شۆڕشگێڕییەکانی پتر تەشویق دەکردن. لە وەها بارودۆخێکدا خومەینی بە شێوازێکی ڕاشکاوانەتر قسەی دەکردن. وەدەرنانی ناوبراو لە عێراقەوە بۆ فەڕانسە، سەرنجی بیروڕای گشتیی ڕاکێشا. بلاوکردنەوەی بەرنامەی جۆراوجۆر بە فارسی لە دەرەوە ڕا، یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی شکڵگرتنی بیروڕای گشتی لە نێوخۆی ئێراندا بوو. بەڵام ئەوە بەتەنیا نەیدەتوانی خەڵک بۆ کردەوەی سەربەخۆ و دژکردەوە نیشاندان بەرانبەر بە ڕووداوکان لە ئێراندا هان بدا. لە وەزعێکی ئاوادا، مانگرتن و خۆپێشاندانەکان بەردەوام لە زیادبووندا بوون. هەروەها کۆمەڵێک هێز و دەستە و تاقم پێکهاتن. بەو چەشنە شۆڕشێکی سیاسی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی حکومەتی وەڕێ کەوتبوو. لە پایزی ساڵی١٩٧٨دا ژمارەی مانگرتن و خۆپێشاندان و کۆبوونەوە جەماوەرییەکان، تەنانەت لە کوردستانیشدا، تا دەهات زۆرتر دەبوو. هەر بەو جۆرەش هەوڵ و تێکۆشان بۆ دروستکردن و دامەزراندنی ڕێکخراوە دێموکراتییەکان تا دەهات پتر و زۆرتر دەبوون.[٧٠] ئازادیی زیندانییە سیاسییەکان بوو بە هاندەر و مایەی گوڕوتین بەخشین بۆ ئەنجامدانی چالاکیی شۆڕشگێڕانە و هەروەها یارمەتی بە ڕێکخستنەوە و زیندووکرنەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکان کرد. تا ژانویەی ساڵی ١٩٧٩ کوردستان توانیبووی سەرنجی خومەینی وەک پێویست بۆلای خۆی ڕاکێشێ. ئەوە لەبەر ئەو گرنگیی و بایەخە بوو کە کێشەی کورد بە ڕواڵەت دەیتوانی بۆ حکوومەتی پاش شۆڕش هەیبێ.[٧١] بە دەست پێ کردنی کار و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، کۆمەڵگای کوردی گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆوە دیت. لە پەیوەندی دەگەڵ ئەنجامدانی چالاکی و کردەوەی شۆڕشگێرانەدا، هاوئاهەنگی و هاوپەیوەندی لەگەڵ باقیی ناوچەکانی دیکەی ئێراندا پێکهات. بەوحاڵەش مەیلی ئیسلامیی شۆڕش کە بە دامەزرانی شووڕای ڕێبەرایەتیی ئینقلاب باشتر خۆی نیشان دا، هێشتا لە ناوچەی کوردستان نەیتوانیبوو جێ پێیەکی پتەو بۆخۆی وەدەست بێنێ. حیزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێرەکانی کوردستان، لە بەیاننامە و لێدوانەکانی خۆیاندا، باسێکیان لە بیرۆکە و ئیدەکانی شۆڕشی ئیسلامی نەدەکرد. بە واتایەکی تر لەوێ ئەو جۆرە بیرۆکەیە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێ نەدەکرا. یان تەنیا بە هەندێک شەرت و مەرجەوە قبووڵ دەکرا. ئەوە تەنیا ئەحمەدی موفتیزادە بوو کە لە سنەدا لایەنگرانی خۆی لە پێناو دامەزراندنی چەشنێک لە ئۆتۆنۆمییەکی ئیسلامی لە کوردستاندا ڕێکدەخست و بانگەشەشی بۆ ئەوە دەکرد. بەوجۆرە دەیەویست تێکەڵاوێک (Hybrid) لە داخوازە سەرەکییەکانی کورد و ئەو ڕەوت و مەیلە ئیسلامییەدا دروست بکات، کە لە شوێنەکانی دیکەی ئێراندا لە گۆڕێدا بوو.[٧٢]

سەرکەوتنی شۆڕش لە فیۆریەی ساڵی ١٩٧٩دا، کێشەی کوردی بردە قۆناخێکی نوێ. ئەکتەرە سیاسییەکانی نێوگۆڕەپانەکە، بە شێوەیەکی ئاشکراتر لە ڕابردوو دریژەیان

به ڕۆڵی خۆیان دا.[٧٣] شوڕاکانی شارەکان پێکهاتن و کۆمەڵگای مەدەنی، بەرین بۆوە. لە زۆربەی شارەکانی کوردستان، بە پشتیوانیی هێزە چەپەکان، جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقلاب دامەزرا. ئەو ڕێکخراوەیە توانی بەشێکی زۆر و بەرچاوی خەڵک، بەتایبەتی لاوان، لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆکاتەوە و ڕێکیان بخات. ئەوانە لە هەموو شارەکاندا، نەخشێکی بەرچاویان لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری و ڕێکخستنی خۆپێشاندان و کۆبونەوە جەماوەرییەکان و دابینکردنی ئەمنیەت و ئاسایشدا هەبوو. لە هاوینی ١٩٧٩دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە ناوچەکانی باکووری کوردستانی ئیران و هەروەها ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵک دەگەڵ جەمعیەت، لە ناوچەکانی ناوەند و باشووری کوردستان، بەرەنگاری ئەو خاوەن مڵک و دەرەبەگە دواکەوتووانە بوونەوە، کە بەکەڵک وەرگرتن لە وەزعی تازە، دەیانەویست بەزۆر دەست بەسەر زەوییە لەدەستچووەکانیاندا بگرنەوە و توانیان تێکیان بشکێنن.[٧٤] جگە لە یەکیەتییەکانی جوتیاران، سەندیکا و ڕێکخراوەکانی دیکەی کرێکاران و ژنان لە هەموو شوێنەکان دامەزران و دەستیان کرد بە کار و تێکۆشان. بە هۆی نزیکایەتییەکی ئیدئۆلۆژیک کە لە نێوان ئەندامانی ئەو ڕێکخراوانەدا هەبوو، هاوئاهەنگی و هارمۆنییەکی باشیش لە نێوان ڕێکخراوەکاندا دەبینرا. لەوەش زیاتر گەلێک ئەکتەری دیکەی بە نفوزیش هەبوون. وەک کەسایەتییە ئایینییە بەناوبانگەکان. بۆ نموونە شێخ عیزەدینی حوسەینی، ئەحمەد موفتیزادە و هەروەها ئیمام جومعەکان. بڕوای حیزبی توودە و ڕێکخراوی فیداییەکانی گەلی ئێران بە «خومەینی وەک هێزێکی دژی ئیمپریالیست» چارەنوسی ئەوانی دیاری کرد. سەرەنجام فیداییەکان بەسەر دوو باڵ واتە فراکسیۆنی جیاوازدا دابەش بوون. زۆرایەتی «دژی ئیمپریالیست» بوونی ڕێژیمی قبووڵ کرد، کەمایەتییش لەو جۆرە بیروبۆچوونە دوورکەوتەوە. بەڵام سەبارەت بە کوردەکان، بە تەعەهود و پشتیوانیی خۆیان لە پرەنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووس، وەفادارمانەوە. لە ڕەوتی چوونەپێشی خەبات بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتدا، پاش سەرکەوتنی شۆڕش لە مانگی فێوریەدا، مەهدی بازرگان، یەکێک لەئەندامە قەدیمییەکانی جەبهەی میللی، بە پەسندی خومەینی، دەوڵەتێکی کاتیی دامەزراند. لە هەمانکاتدا، کوردەکان دەرفەتێکی بێ وێنەیان بۆ وەدەستهێنانی پلەیەک لە خودموختاری بۆ ڕەخسا. ناوەندی بزووتنەوەی خودموختاریخوازی زۆرتر دەکەوتە ناوچەی ناوەندی کوردستان کە لە ڕۆژئاوای ئێراندا هەڵدەکەوێ. بەوشێوەیە بارودۆخێکی لەبار بۆ دامەزران و کار و تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد و باقیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێکهات. ئەوەش وەک بەرهەمی پرۆژەی نوێسازی، کەهاوکات بوو لەگەڵ دارشتنەوەی بەردەوامی تەقسیماتی ئیداری لە ئێران و کوردستاندا، بە حیساب دێ.[٧٥] هەرچۆنێک بێت دەتوانین بڵێین کە ناوچەی ناوەند، وەک مەرکەزی جووڵانەوەی کورد بۆ وەدەسهێنانی ئۆتۆنۆمی پێناسە دەکرا. بزووتنەوەی خودموختاریخوازی، لە ڕێگای نوێنەرایەتیی هاوبەشی سیاسی و فۆرمووڵە وداڕشتنی داخوازەکانەوە دەچووە پێش. تا مانگی مارس، لیستێک کە بریتی بوون لە هەشت داخوازی، لەلایەن نوێنەرانی شوڕای شار، ڕێبەرانی حیزبە سیاسییەکان و کەسایەتییە بەرچاوەکانی دیکەوە، لە مهاباد ئامادەکرا و درایە حکوومەتی نوێ.[٧٦] ئەو داخوازانەی لەو لیستەدا هاتبوونە گۆڕێ بریتی بوون لە دەستەبەرکردنی خودموختاری بۆ کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا، داخوازیی ئیدارەکردنی پادگانە نیزامییەکان لە لایەن شوڕاکانی شار و ڕاگەیشتنی زۆرتر

بە وەزعی ئابووریی کوردستان. هەر لەو سەروبەندەدا نوێنەرانی شۆڕای شارەکان و ئیمام جومعەکان، وڵامی ئەو بەیاننامەیەیان دایەوە کە سەبارەت بە بەڕێوەچونی ڕێفراندۆم لەمەڕ کۆماری ئیسلامیەوە ئاراستەیان کرابوو. ئەوان داوایان کردبوو کە لە دارشتنی قانوونی ئەساسیی داهاتوودا، پێویستە نوێنەرانی ڕۆحانییەتی سوننە، سەهمی وەک یەکیان لەگەڵ ڕۆحانییەتی شیعەدا هەبێت. تا لە دارشتنی قانوونەکاندا مافی کەمایەتییە میللی و مەزهەبییەکان دابین بکرێ و لە ڕێگای دارشتن و پەرەسەندنی سیاسەتێکی ئابووریی هاوسەنگەوە کۆتایی بە جیاوازییە چینایەتییەکان و ئەو جیاوازییانە بهێنرێ کە لە نێوان ناوچە جۆراوجۆرەکاندا بەرچاودەکەون.[٧٧] بە داخەوە هیچ وڵامێکی دروست بەو داخوازانە نەدرایەوە، تا ئەو کاتەی کە هەڵگیرسانی شەڕ و پێکدادانی بەردەوام لە نێوان هێز و لایەنە کوردییەکان و خەڵکی مەدەنی لەلایەک و، هێزە ئەمنیەتییەکانی دەوڵەتی تازە لەلایەکی دیکەوە، دەوڵەتی کاتیی ناچارکرد مل بۆ وتووێژ ڕاکێشێ.

لە هەلومەرجی شۆڕشدا، ململانێ و خەبات لەسەر بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، خەبات و ململانێی نێوان دیسکۆرسە جۆراوجۆرەکانیش دەگەڵ خۆی دێنێ. پێ بە پێی چوونەپێشی شۆڕش و ڕووداوەکان، ناکۆکییە سیاسییەکانیش لەسەر ئەو داخوازییە فەرهەنگی و سیاسییانە کە کوردەکان هێنابوویاننە گۆڕێ، ڕوونتر و زەقترخۆیان نیشان دەدا. پاش سەرکەوتنی شۆڕش، بەهۆی ئەوەی کە ڕێژیمی تازە، کوردەکانی بەوە تاوانبار دەکرد کە هەوڵی وەدەستهێنانی سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە ئێراندان، ئەو ناکۆکییانە گۆڕان بۆ ڕەفتار و هەڵوێستی دوژمنکارانە.[٧٨] کۆنتڕۆڵ و دەستبەسەرداگرتنی پادگانی مهاباد، لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، هەفتەیەک پاش ڕاپەڕینی مانگی فێوریە، وەزعەکەی ئاڵۆز و دژوارتر کرد. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە فڕۆکە جەنگییەکان، بە ئاسمانی ناوچەکانی باکووری کوردستاندا، دەستیان بە فڕین و مانۆڕ لێدان کرد.[٧٩] سەرچاوەکانی ئەوکات ئەوە نیشان دەدەن کە دامودەزگاکانی ڕێژیمی تازە و داروودەستەکانی سەر بە ڕێژیمی پێشوو، هاوکات و پێکەوە، شەڕێکی توندی ڕەوانی بەدژی کوردەکان وەرێ دەخەن. وەک ئەوەی کە هەر لە بنەڕەتڕا هیچ شۆڕش و ئاڵوگۆڕێک ڕووی نەدابێت. کوردەکان دەبوایە بەردەوام ئەو تۆمەتانە ڕەد بکەنەوە و حاشا لەوە بکەن کە گوایە ئەوان خەریکی جیابوونەوە و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیین.[٨٠] ئەوە ترسێکی لە ڕادەبەدەری لە نێو زۆرایەتیی حەشیمەتی فارسدا، سەبارەت بە مەسەلەی جوداییخوازی، لە پەیوەندی دەگەڵ کوردەکاندا لێ کەتەوە.

ئەو شەڕە ڕەوانییە، ئەو بێ متمانەییە و ئەو تۆمەت و تاوانبارکردنەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، لە شەڕی سنەدا کە لە حافیزەی بەکۆمەڵی کوردەکاندا، بە ناوی نەورۆزی خوێناوی ناسراوە، گەیشتە پلەی هەرە بەرزی خۆی. چەند ڕۆژ پێش نەورۆز، واتە پێش ساڵی نوێی ئێرانی -کوردی، شاری سنە کە ناوەندی پارێزگاشە، بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ کەوتە نێو شەڕەوە.[٨١] ئەو توندوتیژییە بەهۆی شەڕی نێوان کۆمیتەکانی سەفدەری، نوێنەری خومەینی لە کوردستان و موفتی زادە، لە مانگی مارسدا، هاتە کایەوە. دەگوترا کە سەفدەری دەیەویست دەستی وەچەک و تەقەمەنیی نێو پادگان و گەنم و دانەوێڵەی نێو سیلۆکان ڕابگا.[٨٢] زۆر دەستە و تاقم و گرووپی دیکەش لەو شەڕ و بەربەرکانێیەدا، بە وەرێخستنی ڕێپێوان بۆ بەر پادگان بەشدارییان کرد. ئاخر ئەرتەش بە ئاشکرا هیچ پشتیوانییەکی لە خەڵک نەکرد. بەو حاڵەش دەتوانین بڵێین ئەو شەڕە بە هۆی شەڕی ڕەوانی و ناکۆکیی نێوان ئەوانەوە ڕوویدا کە

دەکەوتنە دەرەوەی چوارچێوەی بزووتنەوەی خودموختاریخوازیی کوردستانەوە. کەیهان، کە راپۆرتی کۆتایی هاتنی شەڕی سنەی چاپ کردوە، ئەو مەسەلەیە پشتڕاست دەکاتەوە و خەبەری ئەوەشی بڵاو کردۆتەوە کە هەردووک کۆمیتە هەڵوەشاوە ڕاگەیەنراون.[۸۳] هەر لەو کاتەدا شوورای شار کە تازە بە شێوەیەکی کاتی پێکهاتبوو، لە بانگەوازێکدا، داوای لە خومەینی و بازرگان، سەرۆک وەزیری دەوڵەتی کاتی کردبوو، کە دەستوور بدەن تا ئەرتەش تۆپبارانی شار رابگرێ. هەر لەو بانگەوازەدا «پشتیوانیی گەلی کورد لە شۆڕش و ڕێبەرایەتیی ئیمام خومەینی»یان تەئید و پشتڕاست کردبۆوە.[۸۴] سەرەنجام ئەو شەڕ و توندوتیژییە، لە ئاکامی وتوویژی نێوان نوێنەرانی کورد و ئایەتوڵڵا تاڵەقانیدا، کە سەرپەرشتیی دەستەی نوێنەرایەتیی دەوڵەتی دەکرد، کۆتایی هات. لە هەمان وەختدا، شوورایەکی کاتیش بۆ ئیدارە و بەڕێوەبردنی کاروباری شار، تا کاتی هەڵبژاردنی شوورای داهاتوو، دیاری کرا.[۸۵] نزیکەی ۲۳۰۰۰ کەس کە حەقی دەنگدانیان هەبوو، ۲۲ کەسیان وەک شوورای شاری سنە هەڵبژارد. دەبێ بگوترێ کە لەنێو ئەندامانی شووڕادا ژنانیش وەبەرچاو دەکەوتن. هەیئەتێکی یەکگرتووتر و گەورەتری کورد، بە ناوی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، داخوازەکانی خەڵکی کوردستانی لە بیست و شەش ماددەدا فۆرمووڵە کرد. لە هەمان کاتدا موفتیزادەش تا دەهات پتر لە ڕێبازی بزووتنەوەی گەلی کورد بۆ خودموختاری دوور دەکەوتەوە و لایدەدا.[۸۷] پێشاندانی وێنەیەک لە کوردستان وەک ناوچەی شەڕ، زەقکردنەوەی هەرەشەی «دژی شۆڕش» هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و لێکدانەوەی نەرێنی و مەنفی سەبارەت بە کوردستان لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا، بوون بە هۆی بەهێزکردنی ئەو تێگەیشتنە لە

دیسکۆرسی ناسیۆنالیزم کە هێنانە گۆڕی هەرچەشنە داخوازێک بۆ لەبەرچاوگرتنی مافە ئیتنیکی و سیاسییەکانی، بە جوداییخوازی لە قەڵەم دەدا. پەیوەندیی ناجێگیر دەگەڵ حکوومەت بەهۆی شەڕێکی کورتخایەن کە لەشاری کورد ـ تورک نشینی نەغەدەدا ڕووی دا، هێندەی دیکەش بەرەو ئاڵۆزی وخراپتر بوون ڕۆیشت. بە وتەی کەریمی حیسامی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش، تا ڕادەیەک بەرپرسایەتیی هەڵگیرسانی ئەو شەڕەی لەسەر شانە. بەو جۆرە هەڕەشەی هێرش و پەلاماری نیزامی ئەو ڕێکەوتن و سازانەیان خستنە ژێرسێبەری خۆیان، کە لە ئاکامی وتوویژدا، وەدەستهاتبوون.[۸۸]

بە پێچەوانەی ئەو تەبلیغاتە بەهێزەی کە لە لایەن دەوڵەت و ڕاگەیەنە گشتییەکانی لایەنگری حکوومەتەوە بڵاودەکرایەوە، کوردستان ناوچەیەکی جەنگی (a war zone) نەبوو. ئاستی بەشداریی خەڵک لە کاروباری سیاسیدا زۆر لەسەرێ بوو.

لەباری فەرهەنگییەوە زیندووبوونەوە و بووژانەوەیەکی بەرچاو لە ئارادابوو. چوونەسەری ڕادەی ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنییەکان، بەشداریی بەرینی خەڵک لە کۆڕ و کۆبوونەوە و میتینگەکان و هەروەها ژمارەی زۆری ئەو پێشانگا و شانۆیانەی بەڕێوە دەچوون، نیشانەی ئەو ڕاستییەن. لەباری ئەدەبییەوە، لەسەرتاسەری ئێراندا، لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، ئاڵوگۆڕێکی گەورە خۆی نیشاندەدا.[۸۹] لەو ماوەیەدا پتر لە دووهەزار کتێب، کە لە لایەن نوسەرانی ئاڵمانی، ڕووسی، ئیتالی وبریتانی و ئەمریکاییەوە، بەرهەم هاتبوون، تەرجومە و بڵاو کرانەوە. بۆ نموونە ۶۰ کتێب لە دۆستۆیۆڤسکی، ۴۰ کتێب لە تۆلستۆی و ۲۵ بەرهەمی چیخۆف.[۹۰] گەلێک کار و بەرهەمی دیکە لە نوسەرانی وەک ڤیکتۆرهۆگۆ، ئێمیل زۆلا، جاک لەندەن، ڕۆمەین ڕۆلاند و ماکسیم گۆرکی

وەرگێردران.[٩١] هەر لەو سەردەمەدا بەرهەمەکانی گرامشی و کتێبی بەناوبانگی پائۆلۆ فریر واتە پێداگۆگی چەوساوەکان تەرجومەکران، کە شوێنەواریان لەسەر ئەو تێما و لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرانە دانا، کە لە دوو دەیەی دواتردا لە پەیوەندی دەگەڵ کولتووری ڕۆژئاواییدا ئەنجام دران.[٩٢] لە کوردستاندا، مامۆستایان و کەسانی شارەزا لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، شوێنەوارێکی بەرچاویان لەسەر پرۆسەی خوێندن و فێربوون دانا. گەلێک دەورە و کۆرسی تایبەت بۆ فێربوونی زمانی کوردی کرانەوە. هەروەها بەهۆی لەبەردەستدا نەبوونی کتێبە دەرسییە پێویست و دڵخوازەکان، خوێندکاران ناچار دەبوون کە لەسەر بابەتە نوێیەکان کار و لێکۆڵینەوە بکەن. باس و بابەتەکانی وەک کۆیلەتی و ئاپارتاید، لە شیعرەکانی ئەحمەد شاملو و شاعیر و نوسەرانی دیکەدا ڕەنگیان دەدایەوە. لە ئاکامی دابارینی ئەو هەموو زانیارییانەدا، ئاستی وشیاریی سیاسیی خەڵک، سەبارەت بە ڕووداوە ساسییەکانی چین، ئەمریکای لاتین، شەڕەکانی یەکەم ودووهەمی جیهانی وسەردەمی ڕۆشنگەری، بەخێرایی و بە چەشنێکی نەدیتراو چووە سەرێ. وەزعێک پێکهاتبوو، کە سیما و کەسایەتییە ناسراوەکانی دونیا، ببونە جێگای باس و خواسی نێو بنەماڵەکان و ئاشنا بۆیان. وا دەهاتە بەرچاو کە ئەو دیوارە ئەستوورەی بەرنامەی نوێسازیی پاشایەتی، بۆ پێشگیری و کۆنترۆڵکردنی وەزعێکی ئاوا دایسەپاند بوو، بە توندی لەحاڵی درزبردن و دارماندایە. توندڕەوەکانی نێو حکوومەت لە تاران، لە هەوڵدا بوون کوردستان وەک ناوچەی شەڕ بناسێنن و شەڕی بەسەردا بسەپێن، تا لەو ڕێگایەوە جارێکی دیکە سەرلەنوێ ئەو دیوارە ڕووخاوە سازکەنەوە.

لە کوردستاندا ئازادیی بەشداری لە کاروباری سیاسیدا دەستەبەر کرابوو. کۆمەڵانی خەڵک لەسەر داخوازی و بانگەوازی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە جۆراوجۆرەکان، ئەو ڕێفراندۆمەیان بایکۆت کرد کە بۆ دەنگدان بە کۆماری ئیسلامی وەڕێخرابوو.[٩٣] لەباری ئیدارییەوە دەوڵەت کاروباری پەروەردە و فیرکردن، خزمەتگوزارییە لەشساخی و بیهداشتییەکان و کاروباری وەزارەتخانەکانی دیکەی هەربە ئەستۆوە بوو. بانکەکان بە بێ هیچ گیروگرفتێک کاروباری خۆیانیان بەڕێوەدەبرد. لەباری نیزامییەوە، حکوومەت لەلایەن ئەرتەشەوە کە لە پادگان، لە دەرەوەی شارەکاندا بوو، هەروەها هێزەکانی پۆلیسی بوومی و مەحەللییەوە، کە لە شارەکاندا بوون، نوێنەرایەتی دەکرا. شایانی باسە کە دواتر لە مانگی گەلاوێژدا، هێزەکانی سپای پاسداران، لە باشووری کوردستان، واتە لە شارەکانی پاوە ومەریواندا جێگیربوون. ئەوەش ناسەقامگیریی بارودۆخی ناوچەی بەدوای خۆیداهێنا. خەڵکی شاری مەریوان، بە مەبەستی دوورخستنەوەی شەڕ لە شارەکەیان، شاریان بەجێ هێشت. هەربۆیە توندو تیژی و پێکدادانیک ڕووی نەدا.[٩٤] لەو پەیوەندییەدا، لە نێوان نوێنەرانی کورد و چەمران، وەزیری بەرگری و فەرماندەی گشتیی هێزەچەکدارەکان، وتووێژێک لە مەریوان بەڕێوەچوو. ناوبراو لەو وتوێژانەدا، هەڵوێستێکی زۆر سەخت و دوور لە سازان و ڕێککەوتنی (Uncompromising) لەخۆی نیشان دا.[٩٥] لە کۆتاییدا، ئەرتەش و سپای پاسداران، مەریوانیان بەجێهێشت وخەڵکەکە گەڕانەوە سەر ماڵ وحاڵ و جێ و ڕێی خۆیان. بەو شێوەیە ئیتر دەستەی نوێنەرایەتیی کورد جێگای دەسەڵات و ئۆتۆریتەی حکوومەتی ناوەندەیی گرتەوە. ئاخر ئەوان لەسەر بردنە پێشی ڕیسالەت و داخوازیی خۆیان بۆ دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمییەکی فەرهەنگیی سنووردار، هەر سوور بوون.[٩٦] گەلێک ئەکتەری سیاسی و شایستەی دیکەش، کە بە درێژاییی دەیەکانی

پێشوو دروست بووبوون، لەمەیداندا دەبینران. شــێخ عیزەدین حوسەینی، بەهۆی لایەنگری لــە مۆدێلێک لــە کوردایەتیی ســیکۆلار و هەڵوێستی شێلگیر بە دژی ڕێبەرانی شۆڕشی ئیســلامی، ببوو بــە کەســایەتییەکی بەنرخ و خۆشەویســتی نێو دەســتەی نوێنەرایەتی. لە لایەکــی دیکــەوە، ئەحمــەد موفتیزادە، نوێنەرایەتیــی کوردایەتییەکــی تێکــەڵاو لەگــەڵ مەزهەبی دەکرد. چەکــەرە کردنی ئەو بیرۆکەیە بۆ ســەردەمی دەســتپێکردنی ڕەوتی بە ڕۆژئاوایــی بوونی (westernizing) دەورانی مۆدێرنیزاسیۆن و ئەو کۆنتێکستە، کە ئیســلامی سیاسی لە نێویدا گەشەی کردبوو، دەگەڕێتەوە. هەڵوێســتی موسالەحەخوزانەی (conciliatory) ناوبــراو بەرانبەر بە دەوڵەت و دوورکەوتنــەوەی لە نوێنەرانی بزووتنەوەی میللی و دێموکراتیک، بەرەبەرە ئەویان دوورە پەرێز خستەوە.[۹۷]

سەرەڕای ئەوەش فەزای سیاسی تا دەهات پتر لە نێوان، ڕێتۆریکــی حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران و کۆمەڵەدا دابەش دەبوو. لە ســەردەمی شۆڕشدا، کۆمەڵە لە ماوەیەکی کورتــدا لە هەســتەیەکی بچکۆڵــەوە بوو بە هێزێکی کۆمەڵایەتیی بەرچاو. بە پێچەوانەی ڕیوایەتــی ڕەســمیی خــودی کۆمەڵــە، بە جەماوەری بوونی ئەو ڕێکخراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەشــکیلاتەی کە لە نێو چین و توێژە خوێنــدەوار و شارنشــینەکاندا، پێکی هێنا و سەرەنجام هەرئەوانەش بوونە بڕبڕەی پشت و بەدەنەی ئەسڵیی ئەو ڕێکخراوەیە. بەم جۆرە، کۆمەڵە بوو بە ئەڵترناتێوێکی گونجاو بەرانبەر حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران. ئاخر ئــەو کات یەکێک لە خۆشەویســترینی ئەو ڕێکخراوە سیاسییانە بوو، کە تا ئەودەم، مێژووی هاوچەرخی کوردســتان بە خۆیەوە دیتبوون. ســەیر ئەوەبوو کە ئەو هەڵدان و گەشەکردنە لــە کاتێکدا بوو کــە کۆمەڵە نــە بەرنامە و پرۆگرامێکــی هەبوو، نە بڵاوکراوەیەکیشــی هەبــوو کە بە ڕێکوپێکی بــڵاو بێتەوە. ئامانج و ئیدەئاڵــە جیهانییەکانی، لایەنگرانی ئەویان هــان دەدا تا لــە شــارە جۆراوجۆرەکاندا، بە ئیلهــام وەرگرتــن لــەو بایەخــە بەرزانە، بۆ چارەســەریی گیروگرفت و کەموکورییەکان تێکۆشن. ئەو وەزعە درێژەی هەبوو تا کۆمەڵە بوو بــە ڕێکخراوێکی زۆرتر خاوەن چوارچێوە و تەشــکیلاتیکی پێناســەکراو. بەو هۆیانەوە لەو کاتەدا کۆمەڵە زۆرتر وەک بزووتنەوەیەک پێناســە دەکرا، تا وەک ڕێکخراوێکی خاوەن چوارچێوەی ڕوون و دیاریکراو. فوئاد مستەفا ســوڵتانی (۱۹۴۸-۱۹۷۹)، کــە یەکێک لە ڕێبەرانــی کۆمەڵە بوو، کەســێک کە بەهۆی دووربینیــی سیاســیی خــۆی، نەیهێشــت مەریوان ببێتــە حەمامی خوێن، پاش ئازادی لە زیندانی ســاواک لە پایزی ساڵی ۱۹۷۸دا، بوو بە ڕێبەرێکی لێوەشاوە.[۹۸] مەرگی ئەو کە لــە ئاکامی پێکدادانێکی تەســادوفی دەگەڵ کاروانێکی نیزامیدا، ڕوویدا، بوو بە هۆی ئەوەی کە خۆشەویســتیی کۆمەڵە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بە چەشــنێکی بەرچاو بەرێتەسەرێ. لــە ئاکامدا کۆمەڵە توانــی خەڵکێکی زۆر لە کرێکاران، ژنان و توێژەکانی خوارەوی چینی نێونجی بۆ لای خۆی ڕاکێشــێ.[۹۹] لە ڕووی جوغرافییەوە تێکۆشــانی کۆمەڵــە، تەنانەت حیزبی دێموکراتیش، بەتەنیا لە کوردستاندا، بەرتەسک نەدە بۆوە. زۆر کەسی غەیرە کورد لــە نێو ڕێبەرایەتــی و ئەندامانــی کۆمەڵەدا دەبینران. ڕوانگەی مارکسیستی سەبارەت بە مەسەلەی جنسیەت، کە فرێدریک ئێنگلس، وەک بەشــێک لــە خەباتــی چینایەتی، لە گوتارە بەناوبانگەکەیدا، بەناوی ســەرچاوەی خێزان، خاوەنداریەتیــی تایبەتی و دەوڵەت، فۆرمۆڵەی کردووە، بوو بە چرای ڕێنیشاندەری کۆمەڵە تا جێگایەکی تایبەت لە تەشــکیلاتی خۆیدا، بۆ ژنــان وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی، تەرخان بکات.[۱۰۰] بەشداریی بێ وێنەی ژنان پاش ســەرکەوتنی شــۆڕش لە بزووتنەوەی

کوردســـتاندا، هاوکاتە لەگەڵ هاتنە مەیدانی ڕێکخراوێک کە خاوەنی وشـــیاریی جنسیەتی و ڕوانگەیەکی بەرین و هەمەلایەنە سەبارەت بە بەشـــداریی ژنان لە کاروباری سیاســـی و کۆمەڵایەتیدایە.[١٠١]

کۆمەڵـــە لـــە کوردســـتاندا نوێنەرایەتیی چەپی دەکرد، بەڵام بـــە پێچەوانەی زۆربەی ڕێکخـــراوە چەپەکان، نەکەوتە داوی ئیدیعای دژی ئیمپریالیست بوونی ڕێژیم. ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە شـــەڕی ئێـــران و عێراق مەحکوم بکا و بە کێشـــەی نێوان بۆرژوازیی ئەو دوو وڵاتەی لەسەر قازانج و بەرژەوەندییە سیاسی وئابوورییەکانیان، لە قەڵەم بدات.[١٠٢] هەروەها دژایەتیی یەکیەتیی سۆڤیەتی دەکرد و بە هێزێکی سۆسیال_ئیمپریالیستی پێناسە دەکـــرد. هەر لەو کاتەشـــدا، وەفاداریی خۆی بەرانبەر بە مارکســـیزم- لینینیزم دەردەبڕی و مائۆئیزمیشـــی ستایش و پەســـند دەکرد. وەک عەبـــاس وەلـــی دەڵێ کۆمەڵـــە لەباری تیئورییەوە خاوەنی بناخەیەکی بەهێز و پتەو نەبوو. هەوڵی دەدا هەم ناسـیۆنالیزمی کورد وهەم سۆســـیالیزمی مارکسیســـتی پێکەوە بەرێتە پێشـــێ.[١٠٣] بەوحاڵەش پێویستە ئەوە بڵێیـــن کە کۆمەڵەش کەڵکی لەو ســـەرچاوە فکری و تیئوریکییە هاوبەشـــانە وەردەگرت، کە هێـــزە چەپەکانی دیکەی سەرانســـەری ئێـــران بەکاریـــان دەهێنـــان. هەربۆیـــەش سەرلێشـــێواویی(ambiguty) کۆمەڵـــە لـــە بـــاری تیئورییـــەوە، هەرتایبەت بـــەو نەبوو. لـــەوەش زیاتـــر، ڕوانگـــە ئیدئۆلۆژیکییەکانی کۆمەڵە، بە شێوەیەکی حەتمی، کردەوەکانی کۆمەڵەیان دیاری نەدەکرد. مەیل و ئاراستەی مائۆئیستیی کۆمەڵە، تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن لێکۆڵەرەکانـــەوە، گەورە کراوەتەوە. ئەگەرچی ڕەوایات و گێرانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستان لە دوای شـــۆڕش، بە شێوەیەکی ئاســـایی زۆرتر ڕۆڵـــی کۆمەڵە زەق نیشـــان دەدەن، بـــەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆڵی ئەکتەرە سیاســـییەکانی دیکـــەش ڕوون دەکەنـــەوە. هەرچەند کۆمەڵە ستایشی ڕاپەڕینی ساڵەکانی دەیەی ١٩٦٠ی دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ڕێکخراوەیە، بـــە بەرهەمی دەورانێکی تازە لە ڕیتۆریکی سیاســـیی خەباتـــی چینایەتی، لە هەلومەرجێکی تازەی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی و کۆنتێکستیکی نوێی فکریدا، بە حیساب دێت. ئەمـــەش بوو بە هۆی ئەوەی کە ســـەرەنجام ئەو ڕێکخراوەیە لە ڕێباز و ســـوننەت و نەریتە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوور کەوێتەوە.

لە لایەکی دیکـــەوە، حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێـــران، لـــە ســـاڵی١٩٧٠، لەهەلومەرجێکی ئارام و لەبارتردا، لە کوردستانی عێراق، لـــە ســـەر بناخـــەی ڕێکخراوەکانی پێشـــوی، بەمەبەســـتی پڕکردنـــەوەی ئـــەو بۆشـــایی و پاشەکشەیەی کە پاش تێکشکانی جوڵانەوەی دەیەی ١٩٦٠، لە کار و تێکۆشانی ئەو حیزبەدا هاتبووە پێش، ســـەرلەنوێ خۆی ڕێکخســـتبۆوە.[١٠٤] عەبدولرەحمان قاسملوو، ســـەمبول و تەجەســـومی ئـــەو ئیدامەکاری و بەردەوامییـــە لە خەبات و تێکۆشـــانی ئەو حیزبەدا بـــوو. کۆمیتەیەکی کاتی بۆ ڕێبەری کردنی حیزب لە بەغـــدا دیاری دەکرێ.[١٠٥] لـــە زۆر بارەوە ئـــەوە بە دەســـتپێکێکی تازە دەژمێـــردرێ. لـــە ماوەی ســـاڵەکانی دەیەی ١٩٧٠دا، حیزبی دێموکرات تێکۆشـــا دەرس لـــە ئەزمـــوون و تاقیکرنەوەکانـــی ڕابـــردوو وەرگـــرێ. لانی کەم لەباری تەشـــکیلاتییەوە خـــۆی لە حیزبی توودە، کـــە زەمانێک وەک پشتیوان دادەنرا، دوور خســـتەوە. بەم جۆرە عەبدولرەحمان قاسملوو، وەک کەسایەتییەکی بەرچاو خۆی نیشـــان دا و لە ساڵی ١٩٧٥ وە تا کاتی تیرۆرکرانی لە ساڵی ١٩٨٩دا، پۆستی ســـکرتێری گشـــتیی حیزبی دێموکراتی بە ئەستۆوە بوو.[١٠٦] ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٠دا، لە بنەماڵەیەکی فیئۆداڵ لە ورمێ، چاوی بە دونیا هەڵێنا. ئەو هەر لەتەمەنی لاوییەوە کێشـــرایە

نێو تێکۆشـــانی سیاسی. لە ڕێکخراوی لاوانی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی توودەدا دەســـتی بە کار و چالاکی کرد. ئـــەودەم حیزبی دێموکرات تا ڕادەیەکی زۆر وەک شاخەی حیزبی توودە لە کوردستان سەیر دەکرا.[١٠٧] ناوبراو بە پشتیوانیی حیزبی توودە چووە ئورووپا و پاشـــان بە بۆرســـیەی خوێندنی دوکتۆرا ڕۆیشـــتە چیکۆســـلۆڤاکیا. هەروەک لە تێزی دوکتۆراکەی ڕا دەردەکەوێ، ئـــەودەم لایەنگرێکـــی شـــێلگیری کۆمۆنیزم بووە.[١٠٨] ئەو ئاشـــنایەتی و شـــارەزاییەکی زۆری لەســـەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبـــە سۆسیالیســـتەکانی هەردوو بەشـــی ئورووپای ڕۆژهـــەڵات و ڕۆژئـــاوا پەیدا کرد. لەوبارەیەوە ئەو لە نێو دۆست و دوژمنەکانیدا لە ئێران کەســـێکی دەگمەن بوو. هەر بۆیە چ لەسەردەمی شـــۆڕش و چ لە ساڵەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشـــدا، وەک کەسایەتییەکی نێونەتەوەیـــی ناســـرا و درەوشـــایەوە. کەســـایەتییەکی دیکەی ئەو قۆناخە بریتییە لە کەریم حیســـامی (١٩٢٦-٢٠٠١). ناوبراو بەرپرسی تەشـــکیلات و دەزگای ئینتشاراتی حیزبـــی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران بوو. بۆ ســـاڵانێکی زۆر بەشـــی کوردیـــی ڕادیۆی پەیکی ئێرانی لە پراگ بەڕێوە دەبرد. هەروەها ئەو لە بواری ڕاکێشـــانی ســـەرنجی بیرورای گشـــتیی نێونەتەوەیی بۆ لای جینایەتەکانی لەشـــکری شـــا لە کۆتاییی دەیەی ١٩٦٠دا، هەڵســـوور و چالاک بوو.[١٠٩] ســـەرەڕای ئەو فشار و پاڵەپەســـتۆیەی کە بەردەوام حیزبی توودە دەیخســـتە ســـەر حیزبی دێموکرات، لەماوەی ســـاڵەکانی دەیەی ١٩٧٠دا، حیزبی دێموکرات لە باری ڕێکخراوەییەوە لە حیزبی توودە دوورکەوتـــەوە و خۆی وەک حیزبێکی سەربەخۆ نیشـــان دا. لەباری ئیدئۆلۆژییەوە، هەربـــەو خێراییە، ئیمکانـــی پچڕانی هەموو پەیوەندییـــەکان لە گۆڕێدا نەبـــوو. ئاخر هەر لە سەردەمی شـــەڕی دووهەمی جیهانییەوە، حیزبی توودە، لەباری ئیدئۆلۆژیک و فکرییەوە، بـــۆ هەمـــوو هێـــزە چەپـــەکان و ڕێکخراوە دێموکراتییەکانـــی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە سەرچاوە دەزانرا و لە سەر شکڵ پێدانی بیروڕای ئیدئۆلۆژیکی کەسایەتییەکان، شـــوێنەواری قووڵی هەبوو. دەبێ بگوترێ کە بە تێپەڕینی کات، خۆ پێناســـەکردنی حیزبی دێموکراتـــی کوردســـتان، بـــە کۆمۆنیـــزم و ڕوانگەی مارکسیســـتی وچینی کرێکار، بەرە بەرە بێڕەنگ بووەوە. لایەنگریی قاسملووش لە کۆمۆنیزم تەواو بوو. ســـەرەنجام سۆسیالیزمی دێموکراتیک، کە تێکەڵاوێک لە دێموکراسی و سۆســـیالیزم بـــوو، وەک مۆدێلی دڵخوازی قاســـملوو، کەوتە نێو جەرگەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.[١١٠] لە باری ســـتراتێژییەوە، وەک کەریمی حیسامی دەگێڕێتـــەوە، ئەوە ئیرەجی ئەســـکەندەری، سکرتێری ئەودەمی حیزبی توودە بووە، کە لە کۆبوونەوەیەکدا لە ساڵی ١٩٧٠دا، پێشنیار بە دوکتۆر قاسملوو دەکات کە لەجیاتی داخوازی ئێرانێکی فیدراڵ، دروشمی سەرەکیی حیزب بکرێتە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردســـتان.[١١١] لە سەردەمی بزووتنەوەی خودموختاریخوازیـــدا، ئەو دروشـــمە، لەبەر ئەوەی ڕوون و سادە بوو، بە چەشنێکی بەرین کەوتە سەر زار و زمانان و بوو بە دروشمێکی جەماوەری. سەرەڕای ئەوەش، وا دێتە بەر چاو کە هۆی ســـەرەکیی دوورکەوتنەوەی حیزبی دێموکرات لە توودە، بـــێ متمانەییی حیزبی دیموکـــرات بـــە حیزبی توودە ســـەبارەت بە مەســـەلەی کەمایەتییە ئێتنیکییەکانی ئێران و هەڵوێســـتی ناڕوونی ئەو حیزبە لەسەر ئەو مەســـەلەیە بووبێ.[١١٢] پێگـــەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات زۆر بەرین و فرەچەشن بوو. هەر بۆیە کاروکـــردەوەی ئەندام و لایەنگرانی ئەو حیزبە، لە ڕەوتی چوونەپێشی بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمیخوازیدا، پێشبینی نەدەکرا. بۆ نموونە لـــە ڕووداوەکانی نەغەدەدا، ئـــەوە دەرکەوت.

پەرەسەندنی هێز و خۆشەویستیی کۆمەڵە بۆ حیزبی دێموکرات، کە کادرەکانی کۆمەڵە بە حیزبێکی کۆنیان لەقەڵەم دەدا، بوو بە مایەی تەعەجوب و سەر سوڕمان. سەرەنجام پێکەوە ژیانی ئەو دووحیزبە بەرەو دژواری ڕۆیشت.

ڕۆژی ١٩ی ئۆگەست، ئایەتوڵڵا خومەینی، فەرمانی بە هێــزە چەکدارەکانی ڕێژیم کرد بەرەو کوردســـان بڕۆن. ئــەو حوکمە وەزعی سیاسیی کوردستانی تێکدا، بارودۆخێکی نوێی هێنایە کایەوە و بێ متمانەییی کوردەکان بە ڕێژیمی تازە بەدەســـەڵات گەیشـــتووی زیاتر کرد. خومەینـــی لە فەرمانی خۆیـــدا ڕوو لە هێـــزە چەکدارەکان (بەهێزی دەریاییشـــەوە، ســـەرەڕای ئەوەی کە کوردســـتان ناکەوێتە سەردەریا) ڕادەگەیەنێ کە:

هـــەواڵ گەیوە کە حیزبـــی دێموکراتی کوردســـتان دەوری ئەرتـــەش و پادگانـــی داوە، ئەگـــەر لە ماوەی نیوســـەعاتدا کۆمەگ و یارمەتییـــان پـــێ نەگا، چەکیـــان دەکەن، هەروەها لە ســـنە، حیزبـــی دێموکرات ژنانی ئێمـــەی لە مزگەوتێدا بـــە بارمتە گرتووە. بە توندی دەستوور بە هەموو هێزە چەکدارەکان دەکەم کە لەشکری پێویست بۆ سنە بنێرن و یاخی بووەکان سەرکوت بکەن.[۱۱۳]

حوکمەکە، لەو توندوتیژی و هەڵوێســـتە توندانـــەوە، کـــە لە پێشـــوودا هەســـتی بێ متمانەییان بەهێزکردبوو، سەرچاوەی دەگرت. دەستپێکردنی شـــەڕ، بە هێرش و پەلاماری ئەرتـــەش و هێزەکانـــی دیکـــەی حکوومەت بۆســـەر خەڵکی مەدەنی و بێ دیفاع، ئاکامی ئـــەو شـــایعە و چاوڕاوە بوو کـــە حکوومەت وەرێـــی خســـتبوو. جیـــا لـــەوەش هەروەک وتمان، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، فکری و سیاســـییەکانی مانگەکانی پێشوو، بە پێچەوانەی ئامانج و مەبەســـتەکانی ڕێژیمی تـــازە، دەچوونە پێش. بەو جـــۆرە ململانێ و شـــەڕی نێوان بەرژەوەندی و دیسکۆرسەکان، بە دەســـتێوەردانی نیزامی، لـــە ئاخروئۆخری مانگی ئۆگەستدا، گەیشتە پلەی هەرە بەرزی خـــۆی. ڕووداوێکی دیکـــەی گرنگ کە پێش فەرمانی خومەینی، ڕووی دابوو، شـــەڕی پاوە بوو. تەشـــەنەکردنی کێشەکان لە هەفتەکانی پێشـــووتردا، بوو بە مایەی سەرهەڵدانی شەڕ و پێکـــدادان لـــەو شـــارەدا.[۱۱۴] ڕۆژی ٢٠ی ئۆگەســـت، ڕۆژنامـــەی ئیتلاعـــات ڕایگەیاند کە ســـادق خەڵخاڵـــی، نوێنـــەری خومەینی بـــۆ جێبەجێکردنـــی حوکمـــی خومەینی لە کوردستان چووە پاوە و دەستبەجێ ٩ کەس لە پسپۆڕەکانی بواری پزیشکی و لەشساخیی لەو شـــارەدا ئیعـــدام کـــرد.[۱۱۵] یەکیک لەو کەســـانە، دوکتـــۆر ئەبولقاســـم ڕەشـــوەند سەرداری، ٢٧ ســـاڵە، خەڵکی تاران، بوو. لە نامەیەکدا کە بەشێک لە پێرسۆنێلی پزیشکی، لـــە پەیوەندی دەگـــەڵ مەحکـــووم کردنی ئیعدامی ناوبراودا بڵاویان کردبۆوە، گوتبوویان کە ناوبـــراو ســـێ ڕۆژ بەر لە ســـەرهەڵدانی توندوتیژییەکان بە هۆکاری بەشەردۆســـتانە، وەک پێشـــتریش لە زۆر مەناسەبەتی دیکەدا ئەوکارەی کردبوو، چووبووە پاوە.[۱۱۶] پاش ئەو حوکمە، کارمەندەکانی نەخۆشخانەکانی سەقز و مهابادیـــش، بە چوونی قازیـــی ئیعدامکەر، بۆ ئەوشـــارانە، لەگەڵ هەمان مەترسی بەرەو ڕووبـــوون.[۱۱۷]. بەوجۆرە لە ژمارەیەکی زۆر لە شارەکاندا، ئیعدامی سەرەڕۆیانەی لەو چەشنە، بـــەدژی کەســـانی «دژی شـــۆڕش» بەڕێـــوە چـــوو.[۱۱۸] خەڵخاڵـــی بەهۆی ئەو چەشـــنە ئیعدامانـــەوە ناوبانگـــی دەرکرد. حوســـەین بروجەردی، ئەندامی پێشووی سپای پاسداران، کە لە کۆتاییەکانی مانگی ئۆگەستدا، لەکاتی داگیرکردنی ســـەقزدا لەوێ حزووری هەبووە دەڵێ:

لەکاتی گیرانەوەی ســـەقزدا، هەندێک کەسی خەڵکی شار کە گیرابوون، هێنرابوونە پـــادگان. خەڵخاڵـــی بـــە هێلیکۆپتێر هات و دابـــەزی. دوو گونییە دەســـتبەندی دەگەڵ خۆی هێنابوون. گومان لێکراوەکانیان هێنانە

بەردەم خاڵخاڵی. حوکمی ئیعدامی ٢٢کەس لەوانی دەرکرد. لە نێو ئەواندا کەسێک هەبوو کە پێشـــتر وەک دیلمانج تەرجومەی بۆ ئێمە کردبوو، گوتم من ئەو کەســـە دەناســـم. ئەوە وەرگێڕە و یارمەتیـــی ئێمەی داوە. خەڵخاڵی لێی پرسی کە چ بیروباوڕێکی سیاسیی هەیە، ئـــەو جوابی دایەوە وتی کـــە پەیڕەوی نە لە حوسەینی و نە لە خومەینی ناکات. هەروەها وتـــی ئـــەو دژی دیکتاتۆرییـــە. گوتی چۆن دژی دیکتاتۆریی شـــا بووم، هەر ئاواش دژی دیکتاتۆریی حوسەینی و خومەینیم. خەڵخاڵی حوکمی ئیعدامی بۆ دەرکرد.[١١٩]

لـــەوەش زیاتـــر، ڕۆژی٢ی ســـێپتامبری ١٩٧٩، لـــە گونـــدی قاڕنێ، لە نزیک شـــنۆ، قەتڵوعـــام ڕوویدا. ئەو کۆمەڵکوژییە بە هاندان و دنەدانی حەســـەنی، ئیمام جومعەی ورمێ، ڕوویـــدا کە ڕۆڵی ماشـــێنی شایعەســـازی و چاووڕاو بڵاوکردنەوەی دەگێڕا.[١٢٠] لەو جۆرە جنایەتانە، لە مانگەکانی دواتردا، لە زۆر دێهاتی دیکەی وەک گوندی قەڵاتان، لە ٢٦ی مارسی ١٩٨٠دا، دووپـــات بوونەوە.[١٢١] ئەو هێرش و پەلامارانە بۆ سەر گوندەکانی قاڕنێ و قەڵاتان، بوون بە هۆی ئەوەی لـــە مانگەکانی دواتردا، لە ناوچەکانی دەوروبەری شـــنۆدا، ئاڵۆزییەکی زۆر تەشەنە بکا و بێ متمانەیی پەرە بستێنێ. هەر لەســـەرەتای بەهارەوە، هەندێک لەو ئاغا و خاوەن مڵکانەی کـــە وەخۆ کەوتبوونەوە تا زەوییە لەدەستچووەکانیان وەدەست بێننەوە، لەگـــەڵ هەندێـــک دارودەســـتەی دیکە، بە پشـــتیوانیی حەســـەنی و ژەنـــەڕاڵ زاهیری، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە تەشەنەپێدانی کێشەکان و ئاژاوە نانەوەدا گێڕا. زاهیری کە فەرماندەی لەشـــکری ٢٦ی ئێران بوو، لە پاشـــماوەکانی ڕێژیمـــی پیشـــوو بەحیســـاب دەهـــات و لە بڵاوکردنـــەوەی درۆ و بوختـــان و شـــایعە بە دژی کوردانـــدا، نەخشـــێکی چالاکی دەگێڕا. ســـەرەڕای ئەوەی کـــە بەڕواڵەت خۆی وەک لایەنگری شۆڕش نیشان دەدا، بە تەجەسومی وەحدەتـــی نێوان ڕێژیمی پێشـــوو و ڕێژیمی تازە، لـــە دژایەتییـــان دەگـــەڵ کوردەکاندا، دادەنـــرا. دەبێ بگوترێ کە لـــە نێو ئەرتەش، تەنانەت لە ڕیزەکانی سەرەوەشدا زۆر کەسی بەرپرس دەبینران، بـــەڵام ڕوانگە و بۆچوونی مامناوەندیی (moderaition) ئەوان لە لایەن ڕێژیمـــەوە لەبەرچاو نەدەگیرا.[١٢٢] بەوحاڵەش ئەو ناسەقامگیرییە سیاسییە کە لەو ماوەیەدا لە ئارادابوو، زۆری نە کێشا.

ڕاوەســـتانی هێرش و پەلاماری ڕێژیم بۆ سەر کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ گەلێک هۆکار. لە لایەک کـــوردەکان بەربەرەکانێیان کرد و لەلایەکی دیکەشـــەوە لە پایزێـــدا مانگرتن، هەمـــوو شـــارەکانی ئێرانی گرتـــەوە. لەوەش زیاتر، دەستبەسەرداگرتنی سەفارەتی ئەمریکا لەمانگی نۆڤێمبەردا، کە بووە هۆی توندتربوونی ململانێ لەســـەر دەسەڵاتی سیاسی لە نێوان لیبراڵەکان و توندڕەوەکاندا، وەزعی سیاســـیی ئێرانی بـــەرەو ئاڵـــۆزی و نائارامییەکی زۆرتر بـــرد.[١٢٣] ســـەرەنجام حکوومـــەت مەیلـــی زۆرتری بۆ وڵامدانەوە بـــە «داخوازە ڕەواکانی هاووڵاتیانـــی کـــورد» لەخـــۆی نیشـــان دا و «هەیئەتێکی تایبەتی» بۆ سەردانی کوردستان دیاری کرد و دەســـتووری بـــە واحیدەکانی ســـپای پاســـداران دا کـــە لـــەو ناوچەیـــە بکشێنەوە.[١٢٤] خومەینیش «پەیامێکی گرنگی بۆ خەڵکی کوردستان» بڵاوکردوە. لەو پەیامەدا ڕایگەیاند کە مافی کوردەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە ناوچەیـــی و نێوخۆییەکانی خۆیان دابیـــن و دەســـتبەر دەکرێـــت.[١٢٥] لەبـــەر ئەوەی کـــە توندڕەوەکان دەبوایـــە بەرانبەر هەڕەشـــە ئیحتیمالییەکانی دەرەوە ڕاوەستن، ناچاربوون کە فشـــار و پاڵەپەســـتۆ لەســـەر موخالیفەکانی خۆیان لە نێوخۆدا کەم کەنەوە. پـــاش ماوەیەکی کەم بـــەدوای دەرچونی ئەو فەرمانەدا، ئەزموونی دێموکراسیی کوردەکان سەرلەنوێ دەســـتی پێ کردوە. ماوەی نێوان پایزی ســـاڵی ١٩٧٩ تا بەهـــاری ١٩٨٠، بە

سەردەمی گەشەکردنی بەشداری لە کاروباری سیاســی و زیادبوونی چالاکی و تێکۆشــانی فەرهەنگی، دەناســرێتەوە. بەهۆی ململانێی نێوان ڕوانگــە و سیاســەتەکانیانەوە، فەزای سیاسی تا دەهات لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردســتانی ئێران و کۆمەڵــەدا پتر دابەش دەبوو. کێشــەی نێوانیان لەسەر ڕێبەرایەتیی بزووتنەوە تەشــەنەی کرد. کۆمەڵە تاقمێکی ئیســلامیی توندڕەوی تازە دامەزراوی بەناوی ســپای ڕزگاری، کە لە ناوچــە دێهاتییەکانی باشــووردا خەریکی پیادەکردنی شــەریعەت بوون، چەک کرد. سەرەڕای هێندێک ڕەخنە، ئەو کردەوەیەی کۆمەڵە، پشــتیوانیی خەڵکی بۆ لای خــۆی ڕاکێشــا.[١٢٦] لەهەمان کاتدا دواکەوتنی حقوقــی کارمەندەکان وئابلۆقەی ئابووریش هەروا بەردەوام بوو.[١٢٧] بەوحاڵەش، بــە بەراورد دەگەڵ ڕابــردوو، ئەو دەورەیە بە ئازادتریــن و ســەقامگرتووترین دەورە لــە مێژووی کــورددا دادەنرێ. لە سەرتاســەری ئێرانەوە خەڵک دەڕژانە شارەکانی کوردستا تا بە چاوی خۆیان ڕەونەق و گەشەی ئەزموونی ئاشــتی ودێموکراســی ببینن. هاوپەیوەندی و هاوکارییەکــی بەرین، کە بە ســەخاوەتەوە پێی لەســەردادەگیرا، لەگــەڵ گەلانی دیکە پێکهاتبــوو. ئــەو ڕووحیە پڕ لــە هاوکاری و هاوپەیوەندییە کە لە نێو کوردەکاندا پێکهاتبوو، ئیلهامی لە کارەساتێکی خەمهێنەر وەردەگرت کە پێشــتر ڕووی دابوو. بەهــاری ١٩٧٩، نۆ کەس لە پێرســونێلی پزشــکی، بە مەبەستی یارمەتیدانی خەڵکی شــەڕلێدراوی تورکمەن ســەحرا لە باکوری ئێران، شــاری ســنەیان بەجێهێشــت. بەداخەوە لــەو مەئموریەتەدا، لە ئاکامــی پێکدادانی ماشــێنەکەیاندا، هەر نۆ کەســیان گیانیان لەدەست دا.[١٢٨] لە نێو ئەو تیمە پزشــکییەدا، ســێ ژن بە ناوەکانی فەریــدە زەکەریایی، فایزە قوتبــی و گوڵڕێز قوبــادی دەبینران، کە نوێنەرایەتیی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە نوێیەیان دەکرد کە لە ئێران و کوردستاندا، پێی نابووە مەیدان. لە ڕێورەسمی بەخاک ســپاردنی ئەواندا، سەد هەزار کەس ئامادە بوون.[١٢٩]

تــا بەهــاری ١٩٨٠، هێــزە ڕادیکاڵــە ئیســلامییەکان لە تاران، بەکەڵک وەرگرتن لە قەیرانی داگیرکردنی ســەفارەتی ئەمریکا، توانیان دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی بەسەر هەمــوو ناوچەکانی ئێراندا بســەپێننەوە. بەم جۆرە کوردســتان میلیتاریزە کرا و کۆتایی بە ســەردەمی خودموختاری و خۆبەڕێوەبەریی دێموکراتیک هات.

لەکۆتاییدا، بەشداریی ئاشکرای خەڵک لە کاروباری سیاســیدا، بەرەبەرە جێی خۆی دا بە خەبات و تێکۆشــانی ژێرزەمینی. خەباتی چەکدارانــە و پێشــمەرگانە بــوو بە شــێوە خەباتێکی جێگای ســەرنج و بەرچاو. لەوەش زیاتر، لێرە بەدواوە خەباتی چەکداری، ئیدی بوو بە شێوەی ســەرەکیی خەبات. ئەزموونی کۆمەڵگای مەدەنی، بە زەبری هێز ســەرکوت کرا و دەورانی تۆقاندن و تیرۆر و زەبر و زەنگی حکوومەت دەستی پێ کردەوە.

لــە ڕوانگــەی حکوومەتــەوە نەدەتوانرا دێموکراسی لە کوردستاندا تەحەممول بکرێ، لــە کاتێکدا لــە باقیی ناوچەکانــی دیکەی ئێراندا، پرۆسەی ئیســلامیزەکردنی دەوڵەت وکۆمەڵــگا، کە شۆڕشــێکی فەرهەنگیشــی بەدوادا هات، دەســتی پێ کردبــوو.[١٣٠] ئەم پرۆسەیە کە ئیسلامیزەکردنی دەزگای قەزایی و دادگوستەری، پەروەردە و فێرکردن، مێدیا و ســەرەنجام بوارەکانی ژیانــی فەرهەنگی و ئابووریشی دەگرتەوە، لە ئاکامی سەرکوتکردنی هێزەکانــی ئۆپۆزیســیۆن، بەتایبــەت هێزە ســێکۆلارو چەپەکاندا، خێراییەکی زۆرتری بەخۆوەگــرت.[١٣١] لە بەهارێدا، شۆڕشــێکی فەرهەنگــی، بــە ڕێبەرایەتیــی بەنیســەدر، ســەرکۆماری ئەودەمی ڕێژیــم و فەرماندەی هێزە چەکــدارەکان، بە دەرکردنی فەرمانێک بەدژی کوردەکان و بۆ داخستنی زانستگاکان،

دەســـتی پـــێ کـــرد.[١٣٢] بەپێـــی وتەکانی بەنیسەدر: مەبەســـت لە شۆڕشی فەرهەنگی ئەوەیە کە ئەگەر ئـــەوان (کوردەکان) ئاگادار کردنەوەکانـــی ئێمـــە بە جـــددی وەرنەگرن ودرێـــژە بـــە دوژمنایەتیی خۆیـــان دەگەڵ میللـــەت بدەن، ســـەرکۆماری ئـــەو خەڵکە دەتوانێ داوا لە ســـی و شەش ملیۆن ئێرانی بکات کە لە کوردســـتان ئامادەبن و بەرگری لە وەحـــدەت و یەکپارچەییی وڵات و ئازادی و ئیستقلالی حکوومەتی ئیسلامی بکەن و بە دوژمنانی نێوخۆیی و دەرەکی نیشـــان بدەن کـــە پیلانەکانی ئەوان ناتوانن عەزمی میللەت تێـــک بشـــکێنن... ئەمـــڕۆ ڕۆژی حاکمیەتی دەوڵەتە. بۆیە وەزیرەکان یا ئەوانەی بەرپرسن دەبێ بزانن کە حوکم و دەستوورەکانی ئەوان لە کارخانەکان، کێڵگەکان و مەدرەســـەکاندا پێویســـتە جێبەجێ بکرێـــن. بەجۆرێک کە ئەگەر لە هەر کلاســـێکی دەرس گوتنەوەدا، ئیرادەی ئەوخەڵکە نەڕواتە پێش، ئێمە داوا لە خەڵک دەکەین لەو شوێنە ئامادەبن.[١٣٣]

لـــە کاتێکدا کـــە پەلامـــاری هێزەکانی حکوومـــەت بـــۆ گرتنـــەوەی شـــارەکانی کوردستان بەردەوام بوو، شۆڕشی فەرهەنگیی بەنیســـەدریش، کە ئیلهام و مەشـــرووعیەتی خـــۆی لە پەیامـــی نەورۆزیـــی خومەینی لە مارســـی ١٩٨٠وەردەگـــرت، بـــوو بەمایەی توندوتیـــژی لە نێـــو زانکۆکانـــی پایتەخت و شارە گەورەکانی دیکەدا.[١٣٤] جێگای سەرنجە کە هەواڵ و ڕاپۆرتی پەیوەندیدار بە شـــەڕی زانســـتگاکان لە سەرانسەری ئێران وهەروەها شەڕی کوردستان، بە شێوەیەکی هاوکات، لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنەکاندا، بڵاوکراوەتەوە.[١٣٥]

بە ڕواڵەت بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی، چەند ڕۆژ پێشـــتر، شۆڕای ئینقلاب، حوکمی داخرانی زانکۆکانی دەرکردبوو. لەو حوکمەدا پـــێ لەســـەر»پێکهێنانی ئاڵوگـــۆڕی قووڵ لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، بە قازانجی بایەخ و جەوهەرە بنەڕەتییەکانی ئیســـلامی شۆڕشگێر» کە وەدیهێنانیان بە «بەرپرسایەتیی هەمـــوو هێزە ئیســـلامییە شۆڕشـــگێڕەکان» دەزانرێ، داگیرابوو.[١٣٦] بە بەهانەی پێشگیری کردن لە بـــێ قانوونی، بەنیســـەدر، فەرمانی دابووکە «لەو لەحزەیەوە پێرسۆنێلی ئەرتەش، تـــا ئەوکاتـــە کـــە ناوچەکە[کوردســـتان] لە یاخی بووەکان پـــاک دەبێتەوە، حەقیان نییە پۆتینەکانیان لە پێ دەربێین»[١٣٧] ئەو قسانەی بەنیســـەدر، بوون بە مایـــەی بەدناوییەک بۆ ناوبراو لە نێو کوردەکان لە ئێراندا و هەرواش دەمێننـــەوە. کەچـــی لـــە هەمـــان کاتدا نە کوردەکان و نە زانســـتگاکان نەیاندەویســـت، بێ خەبات وبەربەرکانێ تەســـلیم بن. خەبات و بەربەرەکانێ شـــتێک نییە کە هەمیشە لە پێشـــدا بەرنامە و پلانی بۆ دابنرێ. هەروەهان نابێ بـــە بەراورد کـــردن لەگـــەڵ ڕابردوودا هەڵســـەنگێنرێ و قەزاوەتی لەسەربکرێ. بەو حاڵەش خەبـــات و بەربەرەکانێی قارەمانانەی خەڵکی شارەکانی کوردستان، لەو بەربەرەکانێ و گیانبازییەدا ڕەنگی دایەوە، کە لە یادەوەریی دەســـتەجەمعیی کورداندا، بە شەڕی بیست و چوار ڕۆژەی سنە ناســـروە. وا دەهاتە بەرچاو کە بۆ بەرگری لـــەو ئەزموونە دیموکراتیکەی کە لە سەرەوە باســـمان کرد، تەنانەت ئەگەر بۆ ســـاتێکیش بێ، ســـەرەڕای هەموو زیان و تەلەفاتە ئینسانییەکان، خەبات وبەربەرەکانێ، بە کارێکی پڕ بایەخ دادەنرێ.

میلیتاریزەکردنی کوردستان و گرتنەوەی شارەکان، بوو بە مایەی هەڵگیرسانی شەڕێکی چەکدارانـــەی درێژخایـــەن و تونـــد، کە لە سەرتاســـەری ســـاڵەکانی دەیـــەی ١٩٨٠دا درێژەی هەبوو. لە١٩٨٠ بە دواوە، میللیتاریزە کرانی کوردستان ئاکامی زۆری لێ کەوتنەوە، وەک: ئیعدامی بـــەردەوام، کە خەبەرەکانیان لـــە ڕۆژنامەکاندا بـــڵاو دەکرانـــەوە، زیندانی درێژخایەن، ئەشکەنجە، وەرگرتنی ئیعترافاتی ئیجباری لە کەسانی دەستبەسەرکراو، تەبعید و دوور خستنەوەی ئەو کەسانەی کە بەچالاک

لەقەڵەم دەدران بۆناوچە ناوەندییەکانی ئێران و تەنانەت بنەماڵەکانیشـیان.[١٣٨] سەیر نییە کە لـەو هەلومەرجەدا، خەباتـی چەکداری دەبێتـە شـێوەی هـەرە سەرنجڕاکێشـی خەبـات و بەربەرەکانێ. بەوجۆرە شۆڕشـی فەرهەنگی بـۆ جارێکی دیکەش حاکمییەتی تیـرۆر و تۆقاندنی خەڵخاڵیی داسـەپاندەوە. سـەیر ئەوەیە کە بەنیسـەدر، بۆخۆی بوو بە قوربانیی ئـەو تیـرۆر و زەبروزەنگەی کە لە بەهـاری ١٩٨٠ وە یارمەتی بە بڵاوبوونەوەی کردبوو. ناوبراو سـاڵی دواتر ڕایکردە فەرانسە و لـەوێ داوای لە کوردەکان کرد کە پێکەوە بۆ وەڕیخسـتنی شۆڕشـێکی نـوێ بە دژی ڕێژیم، هاوپەیمانییەک پێک بێنن. بەو جۆرە دەورانـی تۆقانـدن و سـەرکوت وتیرۆر، کە لەوێدا زیندانیانی سیاسی بە کۆمەڵ و ڕۆژانە بە چەشنێکی دڕندانە ئیعدام دەکران، درێژەی کێشا.[١٣٩]

هەروەها کۆتاییـی کۆمەڵگای مەدەنی بە هۆی میللیتاریزە بوون، شوێنەواری لەسەر ئەو ئاڵوگۆڕانەش دانا کە بەسـەر چۆنیەتیی کار و تێکۆشانی هێزە سیاسـییەکاندا هات. حیزبە سەرەکییەکان، کە ڕۆژبەڕۆژ لەباری نیزامییەوە بەهێز دەبوون، بەرەبەرە ئەوانی دیکەی وەک عزەدینی حوسـەینییان وەلانـا و خۆیان لە بەرانبەر ئەکتەرە سیاسـییە سـەرکییەکانی کـورددا دۆزییـەوە. هەیئەتـی نوێنەرایەتی لێک هەڵوەشـا. تەنانەت موفتیزادە متمانەی ڕێژیمیشـی لەدەسـتدا و کەوتـە زینـدان. سـەرەڕای نیەتپاکیی هەندێک کەسـایەتیی لیـبڕاڵ کە کە هێشـتاش لـە حکوومەتدا، خزمەتیـان دەکرد، هەرلـە فیۆریەی ١٩٧٩ بەدواوە، نیشـانەکان ئەوەیان دەردەخست کە هێزە ڕادیکاڵەکان، هەڵوێسـتیکی توندیان لە بەرانبـەر بزووتنـەوەی خودموختاریخوازی و هەڵوێسـتی نارروونـی دەوڵەتـی کاتیـدا، هەیە. چارەنوسـی موفتیزادە، عەزم و نیەتی ڕێژیمی تازە بەدەسـەڵات گەیشتووی نیشان دا کـە تەنانەت ئامادەییی ئـەوەی تێدا نییە کە خودموختاریی ئیسـلامیش بۆ کوردستان لەبەرچاوبگرێ.[١٤٠] سـەرەڕای ئەوەش دەبێ بڵێین کە ئەزموونی دێموکراسـی و خەبات و بەربەرەکانێ بەرانبەر سـەرکوت و زەبروزەنگ و میلیتاریزاسـیۆن، مەسـەلەی کـوردی بۆ هەمیشە لە ئێراندا، جێگیر کرد.

## ئاکام

لێکۆڵینەوەی ڕیشە و ئاکامەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ لە گۆشـەنیگای کوردەوە سـێ خاڵی گرینگ ڕوون دەکاتەوە. یەکەم، لێکۆڵینەوەکە بە باسـکردن لـەو ئاڵوگـۆڕە کۆمەڵایەتییە قووڵانـەی کە لە کۆمەڵگای کوردسـتان، لە سـەردەمی حکوومەتی محەممەد ڕەزاشـادا، پێکهاتبوون، بایەخ و گرنگیی گۆڕانکارییەکانی دەیەکانـی پێشـوو، بـۆ بەشـداری کردنی کوردەکان لە شۆڕشـدا دەستنیشـان دەکا. بەشـداریی خەڵک لە کاروباری سیاسـیدا، سـەرهەڵدانی هێزە کۆمەڵایەتییـە تازەکان، هاتنە مەیدانی هێزە سیاسییە نوێیەکان، وەک نیشانەی ئەو گۆڕانکارییە ئابووری-کۆمەڵایەتی و فکریانـە دادەنرێن، کە ئـەو دەورەیان پێ دەناسرێتەوە. ئەو شۆڕشـە سیاسییە، ئاکامی حەتمیی گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگـی و کولتـوری و تێکنۆلۆژییەکانی ساڵەکانی پێشوو نەبوو. بەڵام ئەو ئیستبداد و سەرەڕۆییەی کە پاش کودیتای ١٩٥٣هاتە سەرکار، بەردەوام مەیدانی بەشداریی سیاسیی چین و توێـژە خوێندەوارەکانی، کە بەدوای ئامراز و دەرفەتی خـۆ بەیانکردندا دەگەڕان، بەرتەسکتر دەکردەوە.

دووهـەم، ئەکتـەرە سـەرەکییەکان و بەرنامـە و داخوازەکانیان، کە لە بزووتنەوەی خودموختاریخوازیی دوای شۆڕشدا، دەوریان گێڕا، بەرهەمـی قۆناخەکانی پێشـتر بوون. بزووتنـەوەی ئۆتۆنۆمـی، ڕووداوێکی تاقانەی ئەوتۆ نەبـوو کە بەتەنیا هـەر پەیوەندیی بە

کوردەکان، وەک کەمایەتییەکی میللی وئیتنیکییەوە هەبێت. ڕاست بە پێچەوانەوە، نەک هەر ڕیشەی لە گۆڕانکاری و ڕووداوە مێژوییەکانی پێشوودا هەبوو، بەڵکووو پەیوەندیی دوولایەنەی ئەو لەگەڵ ڕەوتی شۆڕش، بە شێوەیەکی کاریگەر شوێنەواری خۆی لەسەر شکڵ و بیچمی ئێرانی پاش شۆڕش، لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانیشدا، دانا. لەوەش زیاتر، ڕێژیمی تازە، مانەوەی خۆی لە فەزایەکی پڕ لە سەرکوت و زەبروزەنگدا، درێژە پێدا، کە لەوێدا هەر دیاردەیەکی دێموکڕاتیک، نائاسایی دەهاتە بەرچاو. ئەوە سەرکوتی ئەزموونی دێموکراتیکی کوردستان و شۆڕشی فەرهەنگی بوون، کە گەشانەوەی فەرهەنگی و فکری وبزووتنەوە هاوچەشنەکانی دیکەی وەک ئەوانیان لە سەرانسەری ئیراندا بۆ دوایە گێڕایەوە و مانەوەیەکی لەو جۆرەیان بۆ ڕێژیم دەستەبەرکرد. مانای ئەو قسانە ئەوەیە کە پڕۆسەی دێموکراتیزاسیۆن لە ئێراندا، تەنیا لە ڕێگای تەعەهود نیشاندان بە فرەچەشنی (diversity) و دابین و دەستەبەرکردنی ئەودا دێتە دی. ئەسڵێک کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بنەماکانی ڕێژیمی تازەدا ناگونجێ. ئاخر لەگۆڕێدابوونی ئەزموونی دێموکڕاتیکی کوردستان، بۆ چوونەپێشی دێموکراسی لە ئێراندا گرنگ بوو. هەر بەو جۆرە لەنێوچوونیشی بۆ هاتنەسەرکاری دیکتاتۆری لە ئێراندا پێویست بوو.

لەکۆتاییدا کە زۆریش گرنگە دەتوانین، باسە مێژووییەکان، سەبارەت بە هۆکار و ئاکامەکانی شۆڕش، لە ڕێگای سەرنجدان بەو پڕۆسەی مێژووییەوە کە ئەزموونە مێژووییەکانی ژمارەیەکی زۆر لە گەلان بگرێتەخۆی، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی مێژوونوسی (historiography) لە پەیوەندی دەگەڵ ڕیشە و ئەکامەکانی شۆڕشدا، سەرلەنوێ پێناسە بکەینەوە. لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندیدار بە پڕۆسە و ڕەوتە مێژووییەکان، چوارچێوەکانی گوتارسازی و دیسکۆرسەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە دەستەڵاتەوە، دەگەڵ ململانێ (challenge) بەرەوڕوو دەکەن. ڕاست بە ڕۆحیەی خولقاندنی ململانێی زۆرتری ئەکادیمیک سەبارەت بە لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی پەیوەندیدار بە پڕۆسەی مێژووەوەیە کە ئەو لێکۆلینەوانە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە، بەردەوام بە پێویست دادەنرێن. دەستنیشانکردنی ئاکامەکانی ئەو قۆناخە مێژووییە، ئەوە دەردەخا کە سروشتی ئەو حکوومەتەی دێتە سەر کار، شوێنەوارێکی قووڵ لەسەر ڕوانگەی سیاسی و لێکدانەوەکانی پەیوەندیدار بە شۆڕشەوە دادەنێ. ئەوە کە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئێران و ڕووخانی خێرای دەسەڵاتێکی گەورە، هەر وا سەرنج و حەزی لیکۆڵەرەوەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە، کە لە زۆربەی کاتەکاندا، ئەوە ئاکامی دوایی حکوومەتی ئیسلامییە، کە زۆرتر وەک کاتالیزاتۆر، بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری کتێبە دریژە مێژووییەکان، نەخشی هەیە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ڕوانگە و پێرسپێکتیڤی کوردی، بۆ تێگەیشتنی ئێمە لە هۆکار وئاکامەکانی شۆڕش، زۆر گرینگ و پڕ بایەخن.

*. Marouf Cabi. «The roots and the consequences of the 1979 Iranian revolution: A Kurdish perspective.» In Middle Eastern Studies (Online 2020). https://doi.org/10.1080/00263206.2020.1722651
Marouf Cabi, PhD from the University of St Andrews, Scotland.

## سەرچاوەکان

1. See A. Amanat, Iran: A Modern History (New Haven, London: Yale University Press, 2017), pp. 1–29; E. Yarshater, Hekmate Tamadoni [Civilisational Wisdom: Ehsan Yarshater's Selected Works] (Toronto: Iran Namag, 2016).
2. A case in point regarding this is Hamid Dabashi's 'cosmopolitan' approach to Iran, and his concept of

7. See P. Bourdieu, Language and Symbolic Power (Cambridge: Polity Press, 1991), Ch. 7.
8. See R. Williams, From Base and Superstructure in Marxist Cultural Theory in Kiernan Ryan (ed. ), New Historicism and Cultural Materialism: A Reader (London: Arnold, 1996), p. 23 and pp. 40–41. Bourdieu's concept of cultural capital is also useful for understanding its intensifying production and unequal distribution if the era in question. For this see P. Bourdieu, The Forms of Capital in John G. Richardson (ed. ), Handbook of Theory and Research for the Sociology of Education (London: Greenwood Press, 1986).
9. On nativism in Iran, see A. Mirsepassi, Political Islam, Iran, and the Enlightenment (Cambridge: Cambridge University Press, 2011); M. Boroujerdi, Iranian Intellectuals and the West: The Tormented Triumph of Nativism (Syracuse: Syracuse University Press, 1996).
10. See R. Barahani, Tarikhe Mozakkar [Masculine History] (Tehran: Nashre Awwal, 1984).
11. See A. Behrangi (ed. ), Majmu'e Assare Samad Behrangi [An Anthology] (Tabriz: Behrangi, 1382 [2005]).
12. See R. Connell, Gender: In World Perspective (Cambridge: Polity, 2009); J. W. Scott, Gender: A Useful Category of Historical Analysis in Sue Morgan (ed. ), The Feminist History Reader (New York: Routledge, 2006).
13. See R. J. Evans, In Defence of History (London: Granta Book, 1997), pp. 135–36; J. Tosh, The Pursuit of History, 4th ed. (Harlow: Pearson, 2006), pp. 149–50.
14. cf. E. Abrahamian, Iran Between Two Revolutions (Princeton: Princeton University Press, 1982); A. Amanat, Iran: A Modern History (New Haven, London: Yale University Press, 2017); S. A. Arjomand, The Turban for the Crown: The Islamic Revolution in Iran (Oxford: Oxford University Press, 1988); N. R. Keddie, Modern Iran: Roots and Results of Revolution (New Haven: Yale University Press, 2003).
15. R. Koselleck, Historical Criteria of the Modern Concept of Revolution in Futures Past: On the Semantics of Historical Time (Cambridge, Mass. : MIT Press, 1985), p. 10.
ڕادیـــۆ و تەلەفیزیۆنی گشـــتی، یەکێک لە دامەزراوە چالاکەکانی ئەو سەردەمەبوو، ئەم کێشـــەیە لە لایەن تێهرانی مۆســـەووەرەوە (تهران مصور) بە ڕوونی ئاماژەی پێ دراوە کە دەڵێت: "ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گشتی، ڕۆڵێکی وێرانکەریان هەبوو و ڕاســـتیی ڕووداوەکانی کوردســـتانیان چەواشە دەکرد" (1979e, p. 22). ڕادیۆ و تەلەفزیۆن وەکوو ماشـــێنێکی پڕوپاگەنـــدا کاریان دەکرد کـــە بوونەهۆی ورووژاندنـــی کـــوردەکان، بـــە جۆرێک کە کوردەکان چەندین جار ئەم هەوڵانەی کاناڵە دژە کوردەکانیان مەحکـــووم کرد. مێدیای دەوڵەتی، زانیاریـــی هەڵەی بڵاودەکردەوە و ئامانجی لەقاڵبدانی کوردەکان بوو لە خانەی دژەشۆڕشـــدا و پێشاندانیان وەک ئامرازێکی دەســـتی ڕۆژئاوا. بۆ وێنە ئـــەوان چیرۆکی درۆیینـــی لەمشـــێوەیان بڵاودەکـــردەوە: "پێشـــمەرگەکان ژنان و کچـــان دەڕفێنن" و "حـــدکا و کۆمەڵە تەواوی مزگەوتەکانیان قەپات کردووە و ڕێگەی خەڵک نادرێت کە لە مزگەوتدا نوێـــژ و تاعاتی خۆیان بکەن" و ئیســـرائیل یارمەتیـــی کوردەکانی ئێران دەدات و چەکیـــان پـــێ دەدات" و "٥٠٠٠ کـــورد لە تورکیاوە ســـنووریان بەزاندووە بۆ یارمەتیدانی کوردانـــی ئێران" (Khoshhali, 2008e, pp. 65-67). لە بەرانبەردا شـــوڕای شـــارە جیاوازەکانی کوردســـتان، داوایان لە خەڵکی کرد لە خۆپێشاندانی جەماوەریدا بۆ لەقاودانی پڕوپاگەندا و سیاسەتی دژە کوردی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، بەشداری بکەن کە لەو ماوەیەدا کوردەکانی نیشـــتەجێی تارانیش بەشـــدارییەکی ئەرێنییان لـــە بزووتنەوەی کوردیـــدا کرد و بۆ وێنە بۆ گفتوگۆ لە نێوان ڕێبەرانی کورد و حکوومەتدا ئاســـانکارییان کـــرد. ناوەندی پارێزەرانـــی ئێرانی لە تاران ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە پشـــتیوانی کردنی کوردەکان. گەلاڵـــەی ٢٦ خاڵی (گەلاڵەی خودموختاری) لە لایەن ڕووناکبیر و پارێزەرە دیارەکانی کورد وەکوو عەزیز ماملێ، عەلی حەســـەنیانی و سارمەدین ســـادق وەزیری (Aliyar, 2019)، کە هەموویان دانیشتووی تـــاران بـــوون، دارێژرابوو. بۆ وێنـــە بێهرووز سولەیمانی، کە کوردێکی دانیشتووی تاران بوو، لـــە کۆبوونەوەیەکی وەزیـــری ناوخۆدا گوتبـــووی: "کوردەکان، بە پشتبەســـتن بە تۆمەتێکی هەڵە هێرشـــیان کراوەتە سەر و بوونەتە قوربانیی ڕاســـتەوخۆی دوژمنکاریی ڕێژیم" (بڕوانـــە: Khoshhali, 2008g, pp. 1-2).

قەمــەری تەوریزی دەڵێــت: هۆکاری توندوتیژبوونی ڕێژیم لە بەرانبەر هەرچەشنە ئۆپۆزیســیۆنێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خومەینی دەیزانی بە یەکیەتی و یەکبوونی خەڵکی، پێگەی ڕێبەریی ئەو لە بزووتنەوەی شورشــدا و لە دوای ســەرکەوتنی شۆڕش وەک خۆی نامێنێتەوە(p. 121 ,2016).

ئەم بەشە لە بزووتنەوە لە ژێر کاریگەریی زنجیرەیەک لە ڕووداوە سیاســییەکان بوو (Thomasson, 2012, pp.702-703)، کــە ئاکامی مشتومڕی نیوان کورد و حکوومەتی ئیسلامی بوو. هەر ئەو جۆرەی تامسۆن دەڵێت: "هێندێک ڕووداوی گەورە و بەشــێکی زۆر لە ڕووداوە بچووکەکان کە خەڵکی بۆ بردنە سەرێی ئاستی خۆیان دەیانکەنە توخمێکی پێکهێنــەر؛ گۆڕینی کاتە هەســتیارەکانی شــۆڕش بەڕێوەدەبــەن واتــە مودیرییەتی دەکــەن(p. 682 ,2012). ڕووداوە دیارەکانی وەک: نــەورۆزی خوێناویی ســنە، کۆچی مێژوویی مەریوان وکاریگەرییەکانیان لەسەر کۆمەڵگای کوردی، ســێبەری خستەســەر پەیوەندییەکانــی نێوان بزووتنەوەی کوردی و دەوڵەتی ناوەندی لە دەیەکانی داهاتوودا. شــۆڕش لەســەرەتادا وەکــوو دەرفەتێک دەبینــرا، هاوکات لە کۆتاییــدا نائومێدی و شــەپۆلێکی نوێی پاوانخوازی و سەرەڕۆییی جێخســتراوی پێکهێنا. ئــەم گۆڕانکارییانە، لەمەڕ سەرزەنشــتکردنی ئەم توندوتیژییەی لــە کوردســتاندا هەبــوو و بەتایبــەت هۆکارەکانی پشــت ڕووداوێکی هاوشێوەی وەک نەورۆزی خوێناوی، لەلای بزووتنەوەی کورد پرسیاری دروســت دەکرد. (Tehran Musavvar, 1979a, p. 13).

## سنە ناوەندی ناکۆکییەکان

ســنە یەکەمین شــار بوو کــە دوابەدوای شۆڕش کەوتە بەر هێرشی ئەرتەشی ئێران. پێگەی ستراتیژیک و سیمبۆلیکی سنە کە وەک پایتەختی ناوچەی کوردستان دەبینرا، هانــدەری حکوومەت بوو بۆ ئەم هێرشــە. نەورۆزی خوێنــاوی لە مــاوەی کەمتر لە پێنج هەفتە دوای شــۆڕش، هاوکات چەند ڕۆژێکیش پێش سەری ساڵی تازەی کوردی و ئێران، لە ١٨ی مارســی ١٩٧٩دا ڕوویدا. هێرشــی ئەرتــەش زیاتر لــە ٢٢٠ کەس قوربانــی و برینداری لێ کەوتەوە (Nesrol-labaegi, 2011). ئەم ڕووداوە ســیگناڵێک بوو لە لایەن حکوومەتەوە تا بە بزووتنەوەی کوردی بڵێت ئەرتەش و ســپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، تاکە هێزێکن کە دەبێت لــە ئێراندا بمێننەوە و هــاوکات دەرخەری ئــەوەش بــوو کــە حکوومەت، ئیــرادەی بەکارهێنانــی توندوتیژی دژ بــە دژبەرانی خــۆی و شکســتدانیانی هەیــە (Tehran Musavvar, 1979a, p. 18).

لە دیدی ڕێژیمەوە، دامەزراندنی شوڕاکانی شــار و داخوازیی ئەوان بــۆ خودموختاری، وەکوو ڕێگرێکی جیدی لە بەردەم پێکهێنانی ڕێژیمێکی ناوەندگەرای دینی پێناسە دەکرا. هــەروەک مۆرە کۆنســێرڤاتیڤەکانی ڕێژیم، چەمران، بەنی سەدر و ڕەفسەنجانی ئاماژەیان پێ دابــوو، حکوومەت بە هیچ شــێوەیەک بارودۆخێکی لەم چەشــنە قەبووڵ ناکات و کوردســتان ڕەفتارێکی جیاواز لە بەشەکانی دیکەی وڵاتــی لەگەڵدا ناکرێــت(Seyedi, 2018). ئەحمەدی موفتیزادە، دامەزرێنەری بزووتنــەوەی مەکتەبی قورئــان[١٤] و عەلی سەفدەری[١٥] مەلای ئایینیی شیعە و نوێنەری خومەینــی لە کوردســتان، گرووپگەلێکیان ڕێبەری دەکرد کە بە ئامانجی چارەســەری کێشــەگەلی کوردســتان، یەکیەتییەکــی کورتماوەیــان پێکهێنــا کــە پەیوەندییان بــە ســەرچاوە نیزامی و ســەربازییەکان و ڕادیــۆ و تەلەفیزیۆنــی ســنەوە هەبوو. ئەم پشــتیوانییە لەناوچــوو و ئاکامەکەی بوو بە کێشە و مشــتومڕ لە نێوانیاندا. دەرکەوتن و

ســـەرهەڵدانی وەها پەیوەندییەک زیاتر بووە هۆی نادڵنیایـــی و بێمتمانەیی ســـەبارەت بە دۆخی هەســـتیار و لەرزۆکی کوردستان (Mohséni, 2018, p. 225; Moradbeigi, 2004, pp. 84-85). پەیوەندیـــی نێـــوان ئەو دوو گرووپە، نارەزاییەتییەکانی شـــۆڕای شار دژ بە بوونـــی ئەرتـــەش و دژایەتی لەگەڵ کۆمیتەی ئینقلابی ئیسلامی لە سنەدا، بوون بە فاکتۆرگەلێکی ســـەرەکی بۆ خراپتربوونی دۆخی شار و لە ئاکامدا بوون بەو ڕووداوەی کە لە قامووســـی بزووتنـــەوەی کوردیدا بە نەورۆزی خوێناوی ناسراوە.

لە وەڵامی هێرشی ڕێژیمدا، خەڵکی سنە، لـــە ژانڤییەی ١٩٨٠دا ســـێ ڕۆژ مانگرتن لە خواردنیان ڕاگەیاند کە بە ڕۆژووی سیاسی ناسرابوو. تاکتیکێک کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا بەکارهێنرابوو. ئەم کردەوەیە تێکەڵێک لـــە دژایەتی و مەحکوومکردن بە ئامانجی چوونەدەری پاسداران و ئەرتەش لە سنە بوو لە ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە ئامرازە ناتوندوتیژەکانـــی وەکوو ڕۆژووی سیاســـی. ئـــاواد، کاتێک بـــاس لە مانگرتـــن وەکوو شـــتێکی بنەڕەتی لە خۆڕاگریی ناتونوتیژدا دەکات دەڵـــێ: "مانگرتنەکان، پێمل نەبوون بـــە هاوکارییە؛ کـــە فەلەســـتینییەکان دژ بە ئیســـرائیل لە غـــەزە و کەناری ڕۆژئاوای چەمی ئۆردۆن بەکاریـــان هێناوە(1984, p. 32). یەکێک لـــە مانگرتووانی ئەم بزاڤە لە ژانڤییـــەی ١٩٨٠دا دەڵێت: "ئێمە ئەندامی هیـــچ حیزبێکی سیاســـی نیـــن و ئامانجی ئێمە لـــە مانگرتن لە خۆراک، بۆ دەرکردنی پاســـدارەکان بـــوو، چونکـــە ئـــەوان لەژێر دەمامکی دابینکردنی نەزم، هاتوون دەنگی ئەهلی ســـەرکوت بکەن" (بڕوانە Khosh-hali, 2008e, pp. 212).

ســـەیدی (٢٠١٨) دەڵێـــت: "ڕێژیمی ئیســـلامی، بزووتنـــەوەی کوردەکانی وەک هۆکارێکی دژبەر دەبینی کە پێویســـت بوو پێش لـــە ڕیفراندۆمی بەرنامـــە بۆ دانراوی ڕێژیم لە ٣٠ مارســـی ١٩٧٩، شکستی پێ بهێنرێت".

بزووتنـــەوەی کـــوردی وازی لـــە داخوازییەکانـــی خـــۆی بـــۆ خودموختاری نەهێنـــا و هـــاوکات بەرزیـــی ئاســـتی بە سیاسیبوونی کۆمەڵگا و توانایی بۆ وەجووڵە خستنی گشتیی کۆمەڵگا، پێگەیەکی دیاری بەرهەڵســـتکارانەی بە کورد لە بەرانبەر بە ڕێژیمی ئیسلامی بەخشی.

ڕەوتـــی ڕووداوەکانـــی ئێران پێشـــانی دا کـــە بردنەپێشـــێی ئۆتۆریتـــە لە ڕێگەی دروستکردنی تەنگەژە و قەیران، مێتۆدێکی بەرنامەبۆدارێـــژراو لە لایـــەن ڕێژیمەوە بوو. ئامانجـــی بنەڕەتیی ڕێژیم لـــە بەکارهێنانی هێزی چەکدار، بۆ کۆتایهێنان بە دووفاقیی هێز لە کوردستاندا و بەهێزکردنی ئۆتۆریتەی خۆی لـــەم ناوچەیەدا، پێـــش ڕیفراندۆمی کۆماری ئیســـلامی بوو. بۆ نموونە مســـتەفا چەمـــران (یەکەمیـــن وەزیـــری بەرگریی ئێران دوای شـــۆڕش) لە گۆشـــەنیگایەکی سەربازییەوە لە مەسەلەی کوردی دەڕوانی و بـــەردەوام پێداگریی لەســـەر ئەوە دەکرد کـــە بـــۆ گەرەنتیکردنی دەســـەڵاتی ڕێژیم لـــە کوردســـتاندا، ناردنی ئەرتـــەش وەک کاریگەرترین چارەســـەر تاکـــە ڕێگەچارەیە (Mostafa Sultani, 2006, pp. 374).

لەگـــەڵ هەموو ئەوانەشـــدا، زیاتربوونی تەنگەژە لە کوردستان و هاوکات بەهێزبوونی بزووتنـــەوەی کـــوردی، ڕێژیمـــی هێنایە ســـەر ئەو قەناعەتەی کە بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشـــتیی کـــوردەکان بـــۆ ڕیفرانـــدۆم، سازشـــێکی کاتی پێکبهێنێت. زنجیرەیەک لە وتوویژ لە نێـــوان کوردەکان و نوێنەرانی حکوومەتی کاتیدا (ناســـراو بە دەســـتەی نیاز پاکی) پێکهـــات (Tehran Musavvar, 1979d, pp. 44-46). هەرچەنـــد ئەمە هیچ ئاکامێکی ئەرێنیی بـــۆ بزووتنەوەی کوردی

نەبوو و لەم ماوەیەدا کوردستان قۆناغێکی ئاڵۆزی نە شەڕ و نە ئاشتیی تێپەڕاند. پاشان حکوومەت بەخێرایی هێزی نیزامیی زۆری بۆ کوردستان ڕەوانە کرد. هاوکات لەگەڵ توندترکردنی کێشمەکێشی نیزامی لە کوردستان، سادق خەڵخاڵی یەکێک لە کەسایەتییە ئایینییە توندئاژۆکان نێردرا بۆ ناوچەکە، تاکوو تۆڵە لە بزووتنەوەی کوردی و خەڵکی کورد لە بەر بەشداری نەکردنیان لە ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی بکاتەوە. خەڵخاڵیش هاوشێوەی دەسەڵاتدارانی تری ڕێژیم پێی وا بوو کە هێزی سەربازی و ئیعدامی بەکۆمەڵ و جەماوەریی نەیاران و دژبەرەکان، تاکە ڕێگەچارەی ئاڵۆزییەکانی کوردستانە. وەحشیگەرییەکانی خەڵخاڵی، بوونە هۆی ئەوەی بە قەسابی کوردستان بناسرێ. لە میانەی ئیعدامە زنجیرەییەکاندا، خاڵخاڵی سەدان خەڵکی سیڤیل و چالاکی سیاسیی کوردی ئیعدام کرد (Amanat, 2017, pp.779-781; Mahbobi, 2017). کوردستان لەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی یەکگرتووانە دەوڵەتی تیرۆری ئەزموون کرد. حکوومەتی ئیسلامی بە دڵخواز و ئیشتیای خۆی ئیعدامی بەکۆمەڵی وەکوو تۆڵەی خواستی خودموختاری و بایکۆتی ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی بەکار هێنا. ١١ کورد (لە نێوانیاندا زیندانیی بریندارێشی تێدا بوو) لە ٢٧ی ئاگۆستی ١٩٧٩ لە فرۆکەخانەی سنە ئیعدامی بەکۆمەڵ کران (IHRDC, 2011). ٤٧ ژن و پیاوی کورد لە سنە لە ڕێکەوتی ٢ی سێپتامبری١٩٧٩ ئیعدام کران ، ٥٩ لاو لە مهاباد لە ڕێکەوتی ٢ی ژوئەنی ١٩٨٣ ئیعدام کران کە حوکمەکەیان لە لایەن فەرمانداری مهاباد، حەمیدرەزا جەلائیپوورەوە، واژۆ کرابوو (Khoshhali, 2008e, p. 154). زیاتر لە سەد کەس لە سەقز ئیعدام کران لە نێویاندا شەهلا و نەسرین کەعبی کە خوشکی یەکتر و هەردووکیان پەرەستاربوون و بەبێ دادگایی کردن حوکمەکانیان جێبەجێ کرا. ئەوانە میناکگەلێک لە ئاکاری دڕندانەی حکوومەتی ئیسلامی لە بەرانبەر کۆمەڵگای کوردستان بوو. یەکەمین شەپۆلی ئیعدامەکانی خەڵخاڵی، لە ئۆگۆستی ١٩٧٩ دەستی پێ کرد. دوابەدوای فەرمانی جیهادی خومەینی کە لە ١٩ی ئۆگۆستی ١٩٧٩ دەریکرد، لەشکرکێشی بۆسەر شاری پاوە کرا. خەڵخاڵی وەکوو تۆقاندنی گەلی کورد زۆرینەی دوکتۆر و پەرەستار و کارمەندانی بوارەکانی تەندروستی و پەروەردەی تەبعیدی دەرەوەی کوردستان کرد و لە وڵامی ئەم دڕەندایەتییانەدا، موفتی زادە لە نامەیەکی کراوەدا نووسی:

"هاووڵاتییانی ئازیز و ئۆمەتی ئیسلامی لە ئێران، ئەو بارودۆخەی برا و خوشکە کوردەکانتان دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا ئەزموونیان کردووە، زۆر جیاوازە لەوەی کە ئێوە لە ڕۆژنامەکاندا دەیخوێننەوە. لە کاتێکدا هەموو ئێران، بەبۆنەی سەرکەوتن بەسەر شادا سەرگەرمی ئاهەنگ گێڕانن، تەنها چەند ڕۆژێک دوای ئەمە پاشماوەکانی ڕێژیم بە بیانووی "شۆڕش و نەزم"، هێرشێکی بەرفراوانیان دژی نەتەوەی کورد دەست پێ کرد. ئێستاش هاووڵاتییانی کورد، بێ هیوایانە سەریان سووڕماوەتەوە و بۆیان پرسیارە کە بۆچی لە کاتێکدا تاوانبارەکان کوردستان وێران دەکەن، ئێوەی هاووڵاتییان بێدەنگن" ( بڕوانە Khoshhali, 2008d, pp. 42-43).

## ڕاگەیاندنی شۆڕاکانی شار

خەڵکی سنە پێداگرییان لەسەر بەهێزکردنی سیستەمی شۆڕاکان دەکرد، بەڵام لە ڕوانگەی حکوومەتەوە شۆڕاکان وەکووهێزێکی هەڤدەم چاویان لێ دەکرا کە بۆ سەر دەسەڵاتی حکوومەت مەترسییە، ئەردەڵان

(٢٠١٥) یەکێک لە ئەندامانی شۆڕای شاری سنە، شۆڕا وەکوو پرۆژەیەکی لە سەرێوە بۆ خوارێ وەسف دەکات کە لە گەڕەکەکانی شاری سنە لە ساڵی ١٩٧٨ دەستی پێ کرد و بۆ پێکهاتن و دامەزراندنی شۆڕای هاوشێوە، بۆ شارەکانی دیکەی کوردستانیش هاندەر بوو. لە کوردستاندا شۆڕش لەلایەن هێزە چەپ و نەتەوەیی و سێکۆلارەکانەوە ڕێبەری دەکرا، لە کاتی شۆڕشدا ئەم لایەنانە بەرپرسیارێتیی هاوبەشیان بۆ جووڵەپێدانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لایەنگرانی ئیدیۆلۆژییەکانی خۆیان هەبوو کە لە دامەزراندنی سیستەمی شۆڕادا ڕەنگدانەوەی هەبوو (Mostafa Sultani & Watandust, 2015, p. 23)!.

لەدوای سەردانی ئایەتووڵڵا مەحموود تاڵەقانی (کەسایەتیی ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی و ئیدیۆلۆژیکی ئێرانی و مەلای پلەبەرزی شیعە) بۆ کوردستان و دیتنی سیستەمی شۆڕاکان، تاڵەقانی داوای دامەزراندنی سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەریی شۆڕایی بۆ تەواوی ئێران دەکرد. هەڵبەت هەر بە پێی ژیاننامەی خۆنووسیی تاڵەقانی، بەشێک لە هێزە ئیسلامییەکانی سنە لەژێر کاریگەریی هێزە کۆنزێرڤاتیڤەکانی تاراندا، شۆڕاکانی ئێستایان قەبووڵ نییە و داوای شۆڕایەکی تەواو ئیسلامی دەکەن (Seyedi, 2018). هەرچەندە کە بەنیسەدر و ڕەفسەنجانی (کە هەردووکیان لە نوێنەرانی حکوومەت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کوردەکان بوون و لە خومەینی نزیک بوون)، پێشنیارەکەی تاڵەقانییان ڕەد کردەوە و ئەوان شۆڕاکانیان وەکوو دامەزراوەیەک دەبینی کە دەسەڵاتی حکوومەتی لاواز دەکرد. خەڵکی خۆجێیی لە شۆڕاکاندا ڕاستەوخۆ بەشداربوون، تەناهیی گەڕەکەکانیان دابین دەکرد و هاوکات لەگەڵ دیاریکردنی نرخی بازاڕ، پێداویستییەکانیشیان وەکوو نەوت و ئارد بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرد.

ئەم مۆدێلەی شارەداری تا شەش مانگ بەردەوام بوو؛ تاوەکووهێزەکانی پێشمەرگە لە شارەکانی کوردستان کشانەوە. کۆلاقۆچی(٢٠١٥) دەڵێت کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی هەوڵیان بۆ بەهێزکردنی شۆڕای شارەکان دەدا وەکوو شێوازێکی بێ هاوتای خۆڕاگری و هۆکاری سەرەکیی تەنگەژەی نێوان کوردەکان و حکوومەت. بەهێزکردنی ڕۆڵی شۆڕاکان، بەشێکی گرینگی داواکارییەکان بە مەبەستی دیموکراتیزەکردنی کوردستان بوو. لە بەشێک لە گەڵاڵەی خودموختاریدا، کوردەکان داوایان دەکرد کە هەموو دامەزراوە ئەمنییەتییەکان لە کوردستاندا، پێویستە لەژێر چاودێریی کۆمیتەیەکی هاوبەشی سەربازییدا (پێکهاتوو لە سەربازانی نیشتمانی و نوێنەرانی کومیتەی شۆڕش) بێت و هەروەها پادگانەکان دەبێت ببرێنە دەرەوەی شارەکان (Mohajer, 2014). بەڵام ئەم داواکارییانەی کوردەکان، لەلایەن دەسەڵاتەوە وەکوو هەوڵی کورد بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی حکوومەت لەبەرچاو گیرا، هەربۆیە حکوومەت هیچ کاتێک لە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانەوە وڵامی داواکاریی کوردی نەداوە (Kolaqochi, 2015).

### میتینگی نەغەدە و پێکدادانی ئێتنیکی

لەپێناو بەهێزکردنی دەسەڵات بە سەر کوردستاندا، حکوومەت بە دروستکردنی قەیران و پەیڕەویکردن لە سیاسەتی ئاژاوە بنێوە و حکوومەت بکە، بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە ئاژاوەنانەوە کەڵکی وەردەگرت (Nikraftar, 2017, p. 32). بە جۆرێک کە ڕێبەرایەتیی کوردەکان، لە دژی پەیڕەویکردن لە سیاسەتێکی لەمجۆرە، چەندین جار هۆشدارییان بە ڕێژیم دا، بۆ نموونە شێخ عێزەدین حسەینی لە نامەیەکدا بۆ بازرگان (یەکەمین سەرۆکوەزیرانی

دوای شۆڕش) دەنووسێت: "گەورەترین هەڵەی حکوومەت، بڵاوکردنەوەی تۆوی دووبەرەکییە لە نێو کوردانـدا"(Tehran Musavvar, 1979b, p. 22).

حکوومەت بە شێوەیەکی سیستەماتیک کاری بۆ پێکهێنانی تاقمگەرایی دەکرد بۆ ئەوەی پێگەی کوردەکان لاواز بکات. بۆ وێنە حکوومەت و ئەرتەشەکەی، چەندین جار لە نێو کۆمەڵگەی ئازەریدا، پاڵپشتییان لە گرووپگەلێکی دیاریکراو دەکرد و هاوکات لە ناوچە کوردییە جیاوازەکاندا کاریان بۆ دروستکردنی ناکۆکیی تاقمگەرایی لە نێوان کورد و تورکدا دەکرد (Mohséni, 2018, p. 226). دەرکەوتنی تەنگەژەی جیددی لە نەغەدە و ورمێ و کۆمەڵکوژیی قارنێ لە ٢ی سێپتامبەری١٩٧٩ کە تێیدا ٤٧ سڤیل گیانیان لەدەست دا، نموونەگەلێکی کۆمەڵکوژی بە پاڵپشتیی ئەرتەشی ئێرانن.

لە ٢٠ی ئاپریلی ١٩٧٩ و لە میانەی میتینگێکی پێکهاتوو لەلایەن حدکاوە و لە شاری نەغەدە کە شارێکە دانیشتوانی کورد و ئازەریی هەیە، ڕووداوێکی کارەساتبار ڕوویدا کە ژمارەیەکی بەرچاوی قوربانی لێ کەوتەوە و هاوکات، بوو بە هۆی جێگۆڕکێکردنی زۆرینەی دانیشتوانی کوردی شارەکە. ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد، ئەرتەشی ئێرانی لە هێرش بۆ سەر کوردەکان لە نەغەدە و ناوچەکانی دەوروبەر بە بەرپرسیار دەزانی، هەربۆیەش ڕێبەریی حدکا "دوکتۆر قاسملوو"، لە سەفەرەکەی بۆ تاراندا گوتی:

"ئێمە دەزانین هەندێک هێز کار بۆ پێکهێنانی ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکانی ئێمە و حکوومەتدا دەکەن. بۆیە ئێمە لێرەین تا هۆشداری بە دەسەڵات بدەین و هەڵەتێگەیشتن لەمەڕ ئەو بابەتە چارەسەر بکەین. هەرچەندە کە ئەزموونی ئێمە دەرخەری ئەوەیە کە حکوومەت گرینگی بەو بابەتانە نادات یان دڵخوازانە ئەو بابەتانەی ووردستان پشتگوێ دەخات" (بڕواننە Khoshhali, 2008a, pp. 19-20).

## کۆچی مێژوویی مەریوان

لەگەڵ چوونە سەرەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کوردەکان و حکوومەت، هاوکات فرەچەشنیی شێوازەکانی خۆڕاگری لەنێو بزووتنەوەی کوردیدا پەرەی ئەستاند. فرەچەشنیی چالاکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان بووە پرسێکی ڕاستەقینە لەبەردەم سەپاندنی دەسەڵات لە کوردستاندا.

یەکێک لە نموونەکانی چالاکیی سیاسیی کۆمەڵگای مەدەنی، بریتی بوون لە چالاکییەکان بۆ ئازاد کردنی زیندانیانی سیاسی لە کوردستان. بۆ وێنە لە مەریوان، "بەخێرهاتنی کردنی زیندانییە سیاسییەکان" و پێکهێنانی ڕێوڕەسمی پێشوازیکردن بۆیان، لە لایەن "فواد مستەفاسوڵتانی"یەوە، یەکێک لە ڕێگە کاریگەرەکان بۆ وەجووڵەخستنی کۆمەڵانی خەڵک بوو (Mostafa Sultani, 2006, p. 181).

ئاواد، کە گرینگی بە خوێندنی خۆڕاگریی ناتوندوتیژیی فەلەستینییەکان لە دژی ئیسرائیل دەدات دەڵێت: مانگرتنی قوتابخانە و بازاڕەکان، واژۆکۆکردنەوە، تێلێگرافەکانی نارەزایەتییانە، تەبلیغات و مەحکوومکردنەکان لە نووسراوە ڕۆژانەکاندا و هەوڵەکان بۆ بایکۆتکردنی شمەکە ئیسرائیلییەکان لەڕاستیدا دەرخەری خۆڕاگریی ناتوندوتیژن (1984, p. 22).

کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان، پشتئەستوور بوو بە چالاکییە جۆراوجۆرە ئاشتیخوازانەکانی وەکوو: مانگرتن، مانگرتن لە خواردن، خۆپێشاندانە هاوبەشییەکان، داخستنی بازاڕ و قوتابخانە و ئۆفیسەکان،

کە وەکـــوو ئامـــرازی بەرگریـــی بەکۆمەڵ پێناســـە دەکرێن. چالاکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنیـــی کوردی، ئـــەو کردەوانـــە بوون کە لە بەرانبـــەر ڕێژیمی تـــازە دامەزراوی ئێراندا دەگیرانەبـــەر(Khoshhali, 2008b, p. 57) . خۆپێشـــاندانی شـــاری ســـنە بۆ ئازادکردنی هەشـــت زیندانیـــی کۆمەڵە لە مەریـــوان (Mostafa Sultani & Watandust, 2015, p. 140)، داخســـتنی بـــازاڕ بۆ چەند حەفتە بۆ چوونەدەرەوەی پاســـداران لە شارەکان و مانگرتنی خەڵکی بانە و پاوە لە خواردن، نموونـــەی بەرچاوی چالاکییە ناتوندوتیژەکانـــی کۆمەڵـــگای کـــوردی لە ماوەی "پاش شـــۆڕش"دان (Mostafa Sultani & Watandust, 2015, p. 26).

مەریـــوان لەگـــەڵ زۆرێـــک لە شـــارە کوردییەکانـــی دیکە، ببـــووە ناوەندی زۆر چالاکی. خەڵکی مەریوان، بەشێکی چالاکیان لە شۆڕشـــدا پێکهێنابوو و ئەمەش مەریوانی کردبوو بە ناوەندی چالاکیی سیاسیی گرووپە جیـــاوازەکان. کۆچـــی مێژوویی مەریوان، یەکێک لـــە گرینگتریـــن ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردســـتان بوو. کردەوەیەکی خۆڕاگرانـــە بوو کـــە شوناســـێکی تایبەتی بە شـــارەکە بەخشـــی و هاوکات پێداگریی کوردەکانی لە داواکردنی ویســـتەکانیان بە ڕێگەی کردەوەی بەکۆمەڵی ئاشتیخوازانەوە پێشان دا. ئەم کۆچە گشتییەی دانیشتوانی مەریوان بڕیارێک بوو کە لە لایەن شـــۆڕای مەریوانـــەوە درابوو و پاڵپشـــتیی زۆرینەی کوردســـتانی ئێرانی لەگەڵ بوو (Mostafa Sultani, 2006, pp. 374-376). ئەم کۆچە چوارده ڕۆژی خایانـــد. لە ٢٣ی جوولایەوە تاکوو ٥ی ئاگۆستی ١٩٧٩ و فوادی مستەفا ســـوڵتانی، ڕۆڵێکی دیاری لە چالاکییەکانی شـــاری مەریوان و ئەم کۆچـــە مێژووییەدا هەبوو.

پێش لـــە کۆچی مێژوویـــی و لە کاتی کـــردەوە نارەزایەتییەکاندا لە ١٤ی ژوئیەی ١٩٧٩، خەڵکـــی مەریـــوان لـــە بەرانبـــەر بـــە مەکتەبـــی قورئـــان لـــەدژی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سیاســـەتەکانی سپا لە شاردا، خۆپێشاندانیان ئەنجام دا، لەو خۆپێشاندانەدا سێ خۆپیشـــاندەر کوژران و زۆر کەسیش برینداربـــوون[١٦] (Mostafa Sultani, 2006, pp. 364-364). هۆکاری ئەم خۆپێشـــاندانە، کـــردەوە هاوشـــێوەکانی پاســـداران بوو لە شـــاردا و بۆیە خەڵـــک داوایان دەکرد هێزە ســـەربازییەکان لە شارەکەیان بچنە دەرەوە و خەڵکـــی مەریـــوان چەندیـــن جـــار بە ڕوونی گوتبوویـــان "ئێمە نامانهەوێ لەگەڵ حکوومـــەت شـــەڕ بکەین و ئێمـــە پێدانی دەســـەڵات بە پاســـداران قەبـــووڵ ناکەین و دەبێت تەناهیی شـــارەکەمان بەدەســـت خەڵکانێکی باوەڕپێکـــراوی خۆجێیی بێت" (Khoshhali, 2008h, pp. 92-93).

لە میانەی دانیشـــتنێکی نێوان چەمران و نوێنەرانـــی خەڵکـــی مەریـــوان، چەمران هەڕەشـــەی ئەوەی لـــە خەڵک کـــرد کە لـــە ئەگـــەری دەســـت هەڵنەگرتنیـــان لە داخوازییەکانیـــان، ئـــەوە ڕووبەڕووی ســـزا دەبنەوە و گوتی کە ئەرتەشی ئێران بۆ شەڕ لێرەیە نەک جەژنگرتن (Mostafa Sultani, 2006, p. 374). فواد مســـتەفا سوڵتانی لە وەڵامی ئـــەودا گوتی: "ئەگـــەر دەتانهەوێت هێـــرش بکەنە ســـەر مەریوان ئێمە شـــار بەجێدەهێڵین ئێوە دەبێت شـــارێکی چۆڵ داگیربکەن" (Khoshhali, 2008h, pp. 92-93). لەگـــەڵ زیاتربوونـــی ناکۆکییەکان لە مەریوان، لایەنی توندئـــاژۆ و کۆنزێرڤاتیڤی ڕێژیم، هاوشێوەی چەمران لە گۆشەنیگایەکی تەواو ســـەربازییەوە بۆ مەسەلەی کوردیان دەڕوانـــی. چەمران پێداگریی لەســـەر ئەوە دەکـــرد کە بەکارهێنانی هێزی نیزامی تاکە گەرەنتیـــی بەهێزکردنی دەســـەڵاتی ڕێژیم لە کوردســـتانە، ئەم هەڵوێستە دڕندانەیەی

چەمران، لەلایەن کاربەدەستانی خودی ڕێژیمیشەوە ڕەخنەی لێ گیرا. بۆ وێنە مەهدی بەهادۆریان، نوێنەری خومەینی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کوردستان لە ڕاپۆرتێکیدا دەڵێت: "بەڵگەکان پێشان دەدەن کە چینی فیۆدال و خاوەن زەویی کوردستان لە ڕێگەی گەلاڵەیەکی نهێنییەوە کە لەلایەن کەسانی وەکوو دکتۆر چەمران و و ژێنێڕاڵ زاهیرینەژادەوە داڕێژرابوو، پڕ چەک دەکرێن تاکوو خەڵکی بێبەشی ووردستان سەرکوت بکەن" (بڕوانە Am-jadi, 2011).

بەشێک لە نارەزایەتییەکانی کورد لە ڕێژیم لە ڕێگەی کۆچە بەکۆمەڵەکانەوە خۆیان پێشان دا. دامەزراوەی سپای پاسداران لە مەریوان و کرداری توندوتیژانەکەیان، ڕۆڵی ڕووخێنەری چینی فیۆدال و ڕێبەرایەتیی کاتیی پارتی دێموکرات (قیادە موقت)، بووە ئاکامی پەرچەکرداری خەڵکی مەریوان کە لە ۆۆچی مێژوویدا ڕەنگی دایەوە (Moštafa Sul-tani, 2006, p. 105). شۆڕای شاری مەریوان کە سیاسەتەکانی نوێنەرایەتیی زۆرینەی شاری دەکرد، ڕێکخەری سەرەکیی ئەم کۆچە بوون. یەکیەتیی جووتیارانی مەریوان و هێزەکانی پێشمەرگەی ئەم یەکیەتییە کە لە ٢٩ی مەی ١٩٧٩ دامەزرابوو، پێش و پاش کۆچەکە، ڕۆڵێکی بەرچاویان لەم ڕووداوەدا هەبوو. ئەم یەکیەتییە و هێزە چەکدارە بچووکەکەی، مەشقی پەروەردەیان بەرێوەدەبرد و هاوکات پشتیوانییان لە چالاکیی بێ زەوییەکان لە دژی خاوەن زەوییەکان لە مەریوان دەکرد. یەکیەتیی جووتیاران لە بردنەسەری بڕوابەخۆییی کۆمەڵگای مەدەنیی مەریوان بەشدار بوو(Moštafa Sultani, 2006, pp. 22-26).

دوابەدوای ڕاگەیاندنی شۆڕای شاری مەریوان، کۆچەکە لە ٢٢ی ژوئیەی ١٩٧٩ دەستی پێ کرد تاوەکوو چوارده ڕۆژ بەردەوام بوو (Moštafa Sultani, 2006, p. 374) و ئەم کۆچە بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە جووڵانەوەی سیاسیی مەریوان لەو سەردەمەدا و هاوکات نارەزایەتییەکی ئاشتیخوازانە و کردەیەکی نافەرمانیی مەدەنی و ستراتیژییەک بۆ ڕێگریکردن لە کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی مەدەنی بەدەستی ئەرتەشی ئێران و سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی بوو. لەمیانەی ئەم کۆچەدا، بە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی مەریوان لە نێوان حەوت بۆ هەشت هەزار لە پازدە هەزارکەس، شاریان بەجێهێشت و لە کانیماران کە ناوچەیەکی دەرەوەی مەریوان بوو، کەمپیان دروست کرد. بەشێکی دیکە لە خەڵک لەگەڵ خزمەکانیان لە دێهاتەکانی دەوروبەر مانەوە. خەڵک لە بەشە جیاوازەکانی کوردستانەوە خۆراک و پێداویستییان بۆ کەمپی کانیماران دابین کرد، کە ئەمە پێشاندەری یەکگرتوویی ئەوان بوو لەگەڵ خەڵکی مەریوان، بەجۆرێک کە لە شارەکانی سنە، کامیاران، سەقز، بانە و بۆکان خەڵک بەرەو مەریوان کەوتنەڕێ و لە دوای چەند ڕۆژ گەیشتنە کەمپی کانیماران (Moštafa Sultani & Watandušt, 2015, p. 405).

ئەم ڕێپێوان و کۆچە فراوانە، لە لایەن بەشێک لە میدیای نەتەوەییەوە پێشان دران. بۆ وێنە تێهران مۆسەووەر، زۆرینەی ڕاپۆرتەکانیان لەسەر ئەم کۆچە و لایەنە جیاوازەکانی ژیانی خەڵک لە کەمپی کانیماران بوو (1979g, pp. 27-37). لایەنە سیاسی و سیمبۆلیکەکانی ئەم کۆچە پێشان دەدات کە کۆمەڵگای کوردی، لەو سەردەمەدا ڕاهێنانی لە بوارێکی فراوانی خۆڕاگریی مەدەنییدا کردووە کە دەرخەری ئاستی بەرزی سیاسیبوونی کۆمەڵگایە. هاوکات هەنگاوە هاوشێوەکانی خەڵکی کوردستان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، پێشان

دەدات کە کوردســـتان توانیویەتی پەرە بە پۆتانسییەلی بەهێزی داخوازییەکانی خۆی بـــدات، کە لە کردەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پەنابردن بە کردەوەی ئاشتیخوازانە ڕەنگی دایــەوە . کۆچی مێژوویی مەریوان، بوو بە ســـەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش بۆ شارەکانی دیکەی کوردســـتان. فواد مستەفا سوڵتانی لە کەمپی کانیماران بە خەڵکی گوت: "ئەم کۆچە خەڵکی یەکگرتوو کردووە و مەریوان بۆتە قـــەڵای ئازادی و ئێمـــە هەموو ئێران دەکەینـــە مەریوان" (بڕوانە Moštafa Sul-tani & Wantandušt, 2015, p. 379). ئـــەم کردەوەیە ســـازکەری ململانێیەک بۆ هێزە ناخەڵکییەکانی وەک پاســـداران، ئەرتەش، مەکتەبـــی قورئانـــی موفتیـــزادە و خاوەن زەوییەکان بوو. شۆڕا کە پێش کۆچی خەڵکی مەریوان لەلایـــەن ڕێژیمەوە بە نایاســـایی دانرابـــوو، دوابەدوای ئەمە بە شـــێوەیەکی فەرمی ناسرا، بە چەشنێک کە ڕێژیم بەڵێنی دا کە هەموو هێزەکان، بنکەکانیان لە شـــار بەجێبهێڵن و تەناهی بدەنەدەســـت پۆلیس و خەڵکی خۆجێیـــی، هەرچەندە کە ڕێژیم ئەم بەڵێنانەی بەجـــێ نەگەیاند (Moštafa Sultani, 2006, pp. 374-389).

### ئاکام

لـــە کاتێکدا شـــۆڕش بـــوو بەهـــۆی گۆڕینی ڕێژیـــم، دامەزراندنـــی مۆدێلـــی نوێـــی پەیوەندیـــی دەوڵەت-خەڵـــک نەبـــوو بەهۆی دێموکراتیزەکردن و پێشـــکەوتنی سیاســـی-کۆمەڵایەتـــی لـــە ئێـــران. تێـــرۆری دژبەران لەلایەن کۆماری ئیســـلامییەوە، ســـەرلەنوێ بـــوو بە هۆی بـــێ هیوایـــی و دابڕانی زیاتری ئێرانییەکان. بە نیسبەت کوردەکانیشەوە، چوار دەیە مشـــتومڕی درێژخایەن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بەرهەمی ئەم بێ هیوایی و دابڕانەیە.

شۆڕشی ١٩٧٩، لەڕووی پێکهاتەوە و بوو بە هۆی ســـەرلەنوێ پێکهێنانەوە و دیســـان دەرکەوتنـــی بزووتنەوەی کـــوردی، هەروەها فرەچەشـــنییەکی زۆر لە ژمـــارەی بکەرەکان و ئایدۆلۆژییە بەشـــدارەکان لە بزووتنەوەکاندا بەدی دەکرا. ئـــەم دەرکەوتنـــە نوێیانە هەم لەگـــەڵ خۆیاندا هەلیان دروســـت کرد، هەم بوونە هۆی دروست کردنی ڕکابەری. زۆربوونی لەناکاوی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێشاندەری ئەوەبوو کە شۆڕش تەنیا هەلی بۆ بزووتنەوەی کـــوردی پێکنەهێناوە، بەڵکوو هەلێکی لەباریشی بۆ نەوەکانی دواتری ڕووناکبیرانی کوردســـتانیش ڕەخســـاندووە، کەســـانێک کە شـــۆڕش هەلی چالاک بوون و بە کردەیی کردنی پۆتانســـێلەکانیانی پێ بەخشین.

بابەتێکـــی دیکە هەڵســـوکەوتی نێوان کوردەکان و حکوومەتـــی ناوەندی لە پاش شۆڕشـــی ١٩٧٩یە، کە لەوێدا ڕێبەرایەتیی بزووتنـــەوەی کوردی ئەوپـــەڕی نەرمییان لەخۆیـــان نوانـــدووە، تاوەکـــوو ڕێگەیەکی ئاشـــتییانە بـــۆ چارەســـەریی دۆزی کورد بدۆزنـــەوە، لـــە کاتێکـــدا حکوومـــەت و دەســـەڵاتداران، هیـــچ شـــتێکیان جگە لە تونـــدی و ڕەتکردنـــەوەی داخوازییەکانیان پێشـــان نـــەداوە، ئـــەوە لـــە کاتێکدایە کە ڕێبەرانـــی کـــورد، نوێنەرایەتیی بەشـــێکی زۆری کۆمەڵگای کوردیان لە ئێران دەکرد. بۆ نموونـــە ڕێبەرانی کـــورد وەکوو دوکتۆر قاســـملوو و شـــێخ عێزەدین، چەندین جار پێداگرییـــان لەســـەر یەکپارچەییی ئێران کردبۆوە و چەندیـــن جاریش، ڕوونکردنەوە و گۆڕانکارییان لە پێکهاتەی خودموختاریدا (خودموختاریـــی سیاســـی، ئابـــووری و کەلتـــووری) کـــە داخوازیـــی ئـــەوان بوو پێکهێنابوو. لە هەمان کاتدا قاسملوو و شێخ عێزەددین تاقمگەرایییـــان ڕەد کردبووەوە. وەک چۆن قاســـملوو گوتبووی: "ئەوەی کە کوردەکان دەیانهەوێت، دەســـتەبەر بوون و گەرەنتی کرانی مافـــە نەتەوەییەکانیانە لە

ێێرانــدا نەک کوردســـتانێکی جیا" (Kho-shhali, 2008a, p. 2). لەگــەڵ هەمـــوو ئەوانەشـــدا، دەرکـــەوت کـــە وەفـــاداری و ئەمەگناسیی کوردەکان بێهوودە بوو، چونکە ڕێژیمی تاران لە سیاسەتە تێکدەرانە و دژە کوردەکانی بەردەوام بوو.

دەرکەوتنـــی پێکدادانـــە ئێتنیکییەکان لە نێوان کـــوردەکان و ئازەرییەکان، دوای تێپەڕینی چوار دەیە، هێشـــتاش یەکێک لە کێشـــەکانی بەردەم بزووتنەوە و کۆمەڵگای کوردییە، بە جۆرێک ئەم بابەتە کوردەکانی خســـتووەتە بیرکردنەوە بۆ ڕێگری کردن لە دووبارەبوونەوەی ئەزموونێکی لەوشـــێوەیە لە ئەگەری پێکهاتنـــی گۆڕانکاری لە ئێران و ناوچـــەی کوردیـــدا و ئازەرییەکان لە نێو کوردەکاندا یان شان بە شانی ئەوان بژین.

بابەتێکی جێگای تێڕامانی دیکە ئەوەیە کە کـــردەوە ناتوندوتیژەکانـــی کوردەکانی ئێـــران لە کۆمەڵـــگا و وڵاتانێکی دیکەوە لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٧٠ بە ئیلهام وەرگیراون.

بـــۆ وێنە ڕانـــداڵ لـــە لێکۆڵینەوەکەیدا سەبارەت بە کرداری ناتوندوتیژ و خۆڕاگریی مەدەنی، باس لەوە دەکات کە لەو ماوەیەدا، پێشـــنیاری جۆرە جیاوازەکانـــی بەرگریی مەدەنـــی لەدژی دیکتاتـــۆرەکان لە وڵاتانی ئەمریکای لاتیـــن، ئێران و فیلیپین دەکات و دەڵێت ئـــەم نموونانەی بەرگریی مەدەنی لـــە دژی حکوومەتی پاوانخوازدا، لە ســـاڵی ١٩٧٩ لە ئێـــران و ١٩٨٦ لە فیلیپین بووە (p. 89 ,1994). خوێندنەوەی شۆڕشی ئێران لە ئاســـتی ناوچەییدا، ئەم ڕاستییە ئاشکرا دەکات کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق، دەرفەتێکی باشـــیان بۆ هەمیشـــان ڕێکخســـتنەوەی خۆیـــان بۆ شـــەڕ لەگەڵ حکوومەتی عێراق وەدەست کەوت. شۆڕشی بارزانی لە ســـاڵی ١٩٧٥ بەهۆی گرێبەستی ئەلجەزایـــەر و نەمانی پشـــتیوانیی ڕێژیمی شـــا بە تەواوی بێکەڵک کەوت (Phillips, 2019, pp. 38-39). دوو حیزبـــی گەورەی کوردستانی عێراق واتە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان ، شۆڕش و گۆڕینی ڕێژیمیان لە ئێران وەکوو دەرفەتێکی زێڕین بۆ دیسان ساز کردنەوەی خۆیـــان دژ بە حکوومەتی عێـــراق دەدیت. حیزبەکانی کوردســـتانی عێراق بۆچوونێکی ئەرێنییـــان لەهەمبەر شۆڕشـــدا هەبوو. بۆ وێنە پارتی هێڵێکی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ حکوومەتی ئێران پێکهێنا و ڕێبەری یەکیەتی جەلال تاڵەبانی، شۆڕشـــی ئێرانی وەکـــوو دیاردەیەکـــی دژەئیمپریالیســـتی دەدیـــت کـــە لـــە بەرژەوەندیـــی گەلانی سەرکوتکراوی ناوچەکەدایە. لە هەمان کاتدا ئایەتوڵڵا خومەینی وەکوو ڕێبەرێکی پێشڕەو و ئاڤانگارد ســـەیر دەکرا. جـــەلال تاڵەبانی چەندین جار و لە چەند نامەی تاکەکەسی و سەر ئاواڵەدا، پشـــتیوانی و یەکگرتوویی خۆی لەگەڵ شـــۆڕش ڕاگەیاندبـــوو (van Bruinessen, 1992, pp. 37-39; Entessar, 1984).

ئـــەوەش پێویســـتە بگوتـــرێ کە دوای تێپەڕ بوونی چوار دەیە بە سەر دامەزراندنی کۆماری ئیســـلامیدا، ســـەرەڕای چەندین هەوڵـــی ڕێبەرایەتیی کورد بۆ چارەســـەری ئاشـــتییانە، بەڵام لەبەر سروشتی نەگۆڕاوی کۆماری ئیسلامی، ئێستاش پەیوەندییەکانی نێوان کـــوردەکان و حکوومەتـــی تاران لە جاران ئاڵۆزترە؛ لەبەر ئەوەی ئاستی سیاسی-کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردەکان، لە کاتی دامەزراندنی ڕێژیمەوە، گەیشتووەتە پلەیەکی بەرچـــاو. لە لایەکـــی دیکـــەوە تێڕوانینی حکوومەتـــی ئێران بۆ ئەم پێشـــکەوتنانەی کۆمەڵـــگا و بزووتنەوەی کـــوردی نەگۆڕاوە و ئێســـتاکەش وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر سیاســـەت و یەکپارچەییـــی ئێـــران لێیان دەڕوانـــێ؛ هۆکاری ئەوەش ئاســـتی بەرزی سیاســـیبوون، توانایی لە وەجووڵە خستن و

پێکهێنانی کردەوەگەلی بەکۆمەڵ و گشتییە.

*. Allan Hassaniyan. “Non-Violent Resistance in Iranian Kurdistan After 1979.” In Journal of Ethnic and Cultural Studies 6 (2019): 98-110 http://dx.doi.org/10.29333/ejecs/266

Allan Hassaniyan, Postdoctoral Researcher at Center for Kurdish Studies, University of Exeter, UK.

## ژێدەرەکان

١. لە دەقی ئەسڵیدا نووسەر کورتکراوەی ئینگلیزیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی هێناوە واتە PDKI، بەهۆی ناسراو بوونی کورتکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران واتە (حدکا) لە ئەدەبیاتی سیاسیی کورددا، ئێمەش هەر کورتکراوی باو واتە حدکامان بەکار هێناوە.

٢. شێخ عێزەددین حسەینی ڕێبەری ئایینیی بزووتنەوەی کوردی لەپاش شۆڕشی گەلانی ئێران بوو و هەروەها سەرۆکی تیمی دانوسانکاری کورد لە کاتی دانووستان لەگەڵ حکومەتی کاتی بووە (Khosravi, Aghapouri, & Hamehmorad, 2016; Mofidi, 2016, pp. 30-31)

٣. دەستەواژەی ژێردەست لە ڕێگەی ئانتۆنیۆ گرامشی، مارکسیستی ئیتالیاییەوە ناسێندراوە تا ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییانە پێناسە بکا کە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتی – ئابوورییەکانی کۆمەڵگادا جێگەیان لێ ئەستێندراوە و دەرهاوێژراون، هەتاکوو حاشا لە دەنگی کۆمەڵایەتی-سیاسی و کەلتووریان بکرێ. دەستەواژەی ژێردەست و موتالعاتی ژێردەست (Subaltern studies) لە ڕێگەی بەرهەمی لێکۆڵەرانی ئاسیای باشوورەوە هاتووەتە نێو خەزێنەی وشەی پاش-کۆلۆنیالیزمەوە و بۆ ئەو گروپە مێژوونووسانەی کە بە ناوی لێکۆڵینەوەی ژێردەستەکان دایانمەزراندبوو هاتە ئاراوە (سەیری Beverley بکە).

٤. دەسەڵاتی کاتیی شۆڕش لە ئێران (١٩٨٠-١٩٧٩) یەکەم حکومەتی دوای شۆڕش لە ئێران بوو. ئەم حکومەتە لە ٤ی فێبریویەری ١٩٧٩ بە دەستووری ئایەتوڵا خومەینی دامەزرا و ئەمە لە کاتێکدا بوو کە شاپور بەختیار (دوایین سەرۆک وەزیرانی شا) ئیدیعای دەسەڵاتی هەبوو (Milani 1994, 143).

٥. کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا بە ڕێبەرایەتیی ڕێبەری نەتەوەیی کورد قازی محەممەد لە شاری مەهاباد دامەزرا.

٦. بەرگی ژمارە ٢٠ی سەرچاوەگەلێکی تایبەت بە کۆمەڵگای کورد و حیزبە سیاسییەکان کە لە لایەن بێهزاد خۆشحاڵییەوە کۆکراوەتەوە و لەم ماڵپەڕەدا لەبەردەستە: https://www.iran-archive.com/start/215

٧. گۆڤاری حەوتوویانەی تهران مصور کە لە تاران چاپ بووە، ڕاپۆرتێکی ڕێکوپێک لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان ئاراستە دەکات. ئەم گۆڤارە زانیاریی پڕ لە وردەکاریی سەبارەت بە پەیوەندی و هەڵسوکەوتی کورد و حکوومەتی ناوەندی لەو سەردەمەدا دەخاتە بەرچاو. سەرچاوەکان بە شێوەیەکی ئەلێکترۆنیکی ئارشیڤ کراون و لە لایەن زانکۆی مانچێستێرەوە لەبەردەستدان: https://luna.manchester.ac.uk/luna/servlet/view/search?q=+musavvar&search=SUBMIT&QuickSearchA=QuickSearchA&sort=title%2CmediafileName%2Cidentifier&pgs=50&res=1&cic=Manchester~18~18

8. McAdam,

9. Tarrow

10. Tilly

١١. نەتەوەخوازیی تاراوگە

١٢. مێژووی پێکهاتنی کۆمەڵە باسێکی بەمشتومڕە. بە پێی گێڕانەوە تاکەکەسییەکان؛ کۆمەڵە پێش لە شۆڕشی ١٩٧٩ گرووپێکی نافەرمی بوو کە تەنیا وەکوو تەشکیلاتێک بوو و لەلایەن کۆمەڵێک لە ڕووناکبیران و خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی تاران و تەورێز لە ساڵانی ١٩٦٨ دا پێکهاتبوو (Mofid, 2016, p. 30).

١٣. Municipality: مانای ئەم وشەیە لە زمانی گشتیی باوادا وەکوو سازمانی ”شهرداری“ بەکاری دەبەن؛ بەڵام لێرەدا مەبەست بەڕێوەبەرایەتیی شارەکانە وەکوو سیستەمێکی سیاسیی نوێ کە چیدیکە هێز بە شێوەیەکی کانگایی نامێنێتەوە، بەڵکوو حەولێکە بۆ بڵاو کردنەوەی هێز لە بەشەکانی دیکەی جوگرافیای ئێران. (وەرگێڕ).

١٤. مەکتەبی قورئان کۆنترین سازمانی ئیدیولۆژیک/ئایینیی سوونی مەزهەبە لە کوردستانی ئێران. لە دەیەی ١٩٦٠دا ئیسلامی سیاسی لە لایەن ئەحمەدی موفتیزادەوە پێشکەش کرا (Khosravi, et al, 2016, p. 59).

١٥. بە پێی وتەی موحسێنی؛ عەلی سەفدەری مەلایەکی شیعە بوو. ”لە لایان حکومەتەوە بۆ کونترۆڵی پادگانی سنە و هێزە سەربازییەکان نێردرابوو (2018, p. 225).

١٦. ڕەئووف کۆنەپۆشی (مامۆستا)، محەممەد دارسەید (کرێکار، چالاکی سیاسی و ئەندامی یەکێتیی کرێکارانی بێکاری مەریوان) و محەموود باڵەکی (پێشمەرگەی یەکێتیی جووتیارانی مەریوان) نێوی ئەو سێ کەسەیە کە لە نارەزایەتییەکانی مەریوان لە ١٤ی جولای ١٩٧٩ لە مەریوان بە دەستی سپا کوژران و گیانیان لە دەست دا (Mostafa Sultani, 2006, pp. 363-364).

## سەرچاوەکان

Abrahamian, E. (1993). Khomeinism: Essays on the Islamic Republic. California, CA: University of California.

Aliyar, T. (2019). “Kurdistan’s oral history of left; An Interview of Mohammad Khaki with Tahir Aliyar” [in Kurdish]. Retrieved from http://m-khaki.com/video3.html

Amanat, A. (2017). Iran: A modern history. Connecticut, CT: Yale University Press.

Amjadi, S. (2011). A Review of the historic protest exodus of the people of Mariwan on

com/F-Album/tarix.y.d.abdol.g.pdf
James, K. (2019). The Stagnation, fall and rise of Singapore's Political Opposition, 1996-2013. American Journal of Qualitative Research, 3(1), 37-56. https://doi.org/10.29333/ajqr/5810
Hassaniyan, A. (2019a). The Kurdish peasant movement (1952–1953): A missing element of the Iranian Kurdish struggle. Asian Journal of Middle Eastern and Islamic Studies, 13(3), 387- 406.
Hassaniyan, A. (2019b). Cross-border Kurdish solidarity: An endangered aspect of Kurdishness. Kurdish Studies, 7(2), 135 – 160, DOI: https://doi.org/10.33182/ks.v7i2.484
Hisami, K. (1971). The martyrs of Iranian Kurdistan [in Kurdish]. Erbil, Iraq: Benkayi Peshewa.
IHRDC. (2011). Haunting memories: Executions of the Kurds by the Islamic Republic in Iran. Retrieved from http://www.iranhrdc.org/english/human-rights-documents/3507-1979-newspapers.html
Kaveh, S. (1996). Looking back in time: Recapture those memories of involvement with the KDPI [in Kurdish]. Stockholm, Sweden: Unspecified Publication.
Keddie, N. (2003). Modern Iran, roots and results of revolution. London, England: Yale University Press.
Khosravi, J., Aghapouri, H., & Hamehmorad, L. (2016). The Islamist Maktab-Quran in Iran and Its Challenges for Kurdish Nationalism. Journal of Ethnic and Cultural Studies, 3(1), 59-73.
Khoshhali, B. (2008a). Doctor Abdulrahman Ghassemlou and Kurdistan [in Persian]. Retrieved from https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_01.pdf
Khoshhali, B. (2008b). Kurdistan democratic party [of Iran] and the revolution [in Persian]. Retrieved from https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_02.pdf
Khoshhali, B. (2008c). Sheikh Ezzedin Hosseini and Kurdistan [in Persian]. Retrieved from https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_04.pdf
Khoshhali, B. (2008d). Allame Ahmad Moftizadeh and Kurdistan [in Persian]. Retrieved from its 33rd Anniversary [in Persian]. Retrieved from http://news.gooya.com/politics/archives/2011/07/125162.php
Ardelan, Y. (2015). "Interview with Yousef Ardelan on the events of the Bloody Newroz of Sanandaj" [in Kurdish]. Retrieved from https://www.youtube.com/watch?v=fVOLU08yUvM
Awad, E. M. (1984). Non-violent resistance: A strategy for the occupied territories. Journal of Palestine Studies, 13(4), 22-36.
BBC HardTalk (2015). "Interview with Sheikh Ezzedin Hosseini" [in Persian]. Retrieved from https://www.youtube.com/watch?v=_o1vu-3jhe5U
Beverley, J. (1999). Subalternity and representation: Arguments in cultural theory. Durham, England: Duke University Press.
Bhat, A. (2019). Islamic Philosophy of Education. Journal of Culture and Values in Education, 2(2), 73-76. Retrieved from https://cultureandvalues.org/index.php/JCV/article/view/20
Elling, R. (2013). Minorities in Iran: Nationalism and ethnicity after Khomeini. London, England: Palgrave MacMillan.
Entessar, N. (1984). The Kurds in post-revolutionary Iran and Iraq. Third World Quarterly, 6(4), 911-933.
Entessar, N. (2009). Kurdish politics in the Middle East. Maryland, MD: Lexington Books.
Entessar, N. (2014). Between a rock and a hard place: The Kurdish dilemma in Iran. In D. Romano & M. Gurses (Eds.), Conflict, democratization, and the Kurds in the Middle East Turkey, Iran, Iraq, and Syria (pp. 211-224). New York, NY: Palgrave Macmillan.
Entessar, N. (1992). Kurdish ethnonationalism. Colorado, CO: Lynne Rienner Publication.
Faltis, C. (2014). Toward a Race Radical Vision of Bilingual Education for Kurdish Users in Turkey: A Commentary. Journal of Ethnic and Cultural Studies, 1(1), 1-5.
Gelawej, A. (1983). Kurdistan's land relation, collapse of the tribal system [in Persian]. Tehran, Iran: Rozbeh Publication.
Ghamari-Tabrizi, B. (2016). Foucault in Iran: Islamic revolution after the enlightenment. Minnesota, MN: University of Minnesota Press.
Golperiyan, A. (2014). History of an era: A review of the political activity in Kurdistan [in Persian]. Retrieved from http://www.azadi-b.

(With a focus on Komala Organization). Journal of Ethnic and Cultural Studies, 3(1), 20-48.
Mohajer, N. (2014). The 18 August 1980 [in Persian]. Retrieved from https://www.radiozamaneh.com/92204
Mohséni, C. (2018). The instrumentalization of ethnic conflict by the state: The Azeri-Kurdish conflict in Iran. In G. Dorronsoro & O. Grojean (Eds.), Identity, conflict and politics in Turkey, Iran and Pakistan (pp. 217-232). London, England: Oxford University Press.
Moradbeigi, H. (2004). Living history: Kurdistan, the left and nationalism [in Persian]. Stockholm, Sweden: Nasim.
Mostafa Sultani, R. (2006). Kak Foad, leader, politician and a political thinker [in Persian]. Selimani, Iraq: Rojhelat Publication.
Mustafa Sultani, M., & Watandust, S. (2015). Kak Foad Mostafa Sultani; Who was he, what was his aim and how did he die? [in Persian]. Sulaimaniya, Iraq: Piramerd.
Nesrollabaegi, A. (2011). The bloody Newroz of Sanandaj [in Persian]. Retrieved from http://komalah.org/Farsi/index.php/didgah/4558.html
Nikraftar, K. (2017). Paweh's five days war [in Persian]. Retrieved from https://kiumarce.com/main/wp-content/uploads/2017/08/jangeh-paveh-v2-2-1.pdf
Phillips, L. D. (2019). The great betrayal: How America abandoned the Kurds and lost the Middle East. London, England: I.B. Tauris.
Randle, M. (1994). Civil resistance. California, CA: Fontana Press.
Roberts, A. (2009). Introduction. In A. Roberts & T. Garton (Eds.), Civil resistance and power politics: The experience of non-violent action from Gandhi to the present (pp. 1–24). Oxford, England: Oxford University Press.
Romano, D. (2006). The Kurdish nationalist movement: Opportunity, mobilization, and identity. Cambridge, England: Cambridge University Press.
Saheb, S. R. (2017). 19 August: The anniversary of the attack of the people of Kurdistan [in Kurdish]. Retrieved from http://www.komala.org/farsy/drejawtar.aspx?NusarID=4&Jmara=7
Seyedi, H. (2018). The bloody Newroz of Sanandaj [in Persian]. Retrieved from https://soundcloud.com/hemn-seyedi/5
hhbjqr4kpqc
https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_05.pdf
Khoshhali, B. (2008e). The provisional government and Kurdistan [in Persian]. Retrieved from https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_08.pdf
Khoshhali, B. (2008f). Qarne and the revolution [in Persian]. Retrieved from https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_09.pdf
Khoshhali, B. (2008g). The Kurds of Centre [Tehran] and the revolution [in Persian]. Retrieved from https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_17.pdf
Khoshhali, B. (2008h). Collection of essays [in Persian]. Retrieved from https://www.iran-archive.com/sites/default/files/sanad/gunagun-ketab-Akhbar_Kurdestan_20.pdf
Khoshpeyam, A. (2019). "Kurdistan's oral history of left, An interview of Mohammad Khaki with Abudallah Khoshpeyam" [in Kurdish]. Retrieved from http://m-khaki.com/video3.html
Khosravi, J., Aghapouri, H., & Hamehmorad, L. (2016). The Islamist Maktab-Quran in Iran and its challenges for Kurdish nationalism. Journal of Ethnic and Cultural Studies, 3(1), 59-73.
Kolaqochi, F. (2015). The history of the city and neighbourhood councils in Sanandaj [in Persian]. Retrieved from http://azadi-b.com/F-Album/Fati_Kolaqochi.html
Kreyenbroek, P. & Sperl, S. (Eds.). (2010). The Kurds: A contemporary overview. London, England: Routledge.
Mahbobi, S. (2017). Me and the butcher of Kurdistan and his daughter Fatema Sadeqhi Kalkhali [in Persian]. Retrieved from https://rowzane.com/content/shiva/article=97950
McAdam, D., McCarthy, J., & Zald, M. (1996). Comparative perspectives on social movements: Political opportunities, mobilizing structures, and cultural framings. Cambridge, England: Cambridge University Press.
Milani, M. M. (1994). The making of Iran's Islamic revolution, From monarchy to Islamic republic. New York, NY: Westview Press.
Mofidi, S. (2016). The left movement and national question: From romanticism to realism

# شوناسی نەتەوەیی و نەتەوەکان
# لەسەردەمی ئینتێرنێت و ڕاگەیەنە کۆمەڵایەتییەکاندا*

ژیار ئاغاپووری
و: ئیبراهیم ساڵح ڕاد

پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیی پەیوەندی و ڕاگەیاندن، کارتێکەرییەکـــی بەرچاوی لەســـەر پێکهاتەی تیئـــوری و پراکتیکیی دیـــاردە کۆمەڵایەتی، سیاســـی، ئابووری و فەرهەنگییـــەکان داناوە. ئێمە لەســـەردەمێکدا دەژین کـــە زانیاری، بە خێراییەکـــی زۆر و لە قەبارەی گەورەگەورەدا دەتوانـــرێ بنێردرێ، وەرگیـــرێ و کاریگەریی هەبێ. لەســـەردەمی پەیدابوونـــی تێکنۆلۆژیی چاپـــەوە، هەرگیـــز وەک ئێســـتا مێـــژوو، ئاوا ئاســـان، بە بەڵگەوە و لە ئاستێکی ئاوا بەریندا، لەبەردەســـتدا نەبـــووە ( Arthur 2011:175) مێدیای ئەلەکترۆنی و ئینتێرنێت نیشانیان داوە کـــە لە پێکهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕە خێرایە، کە لەو بوارەدا هاتۆتەپێش، بـــە دوو ئامرازی کاریگەر لە قەڵەم دەدرێن. ئینتێرنێت، وەک ئامرازێکی خزمەتگـــوزار، توانیویەتی هەمـــوو لایەنەکانی ژیانی ئینسان بخاتە ژێر شوێنەوار و کاریگەریی خـــۆی و تواناکانی ئێمەی بـــۆ پەیوەندیگرتن لە ئاســـتی ناوچەیـــی، نەتەوەیـــی و جیهانیدا بە شـــێوەیەکی بنەڕەتی بەریـــن کردووەتەوە. هەروەها بە قازانجی"دروســـتکرن و پاراستنی شوناســـی نەتەوەیی" گۆڕانی بەســـەر ژینگەی میدیاییدا هێناوە (Saunders 2011: 58).

هـــەروەک کاســـتێلز (22001:) بە کورتی دەڵـــێ: "ئینتێرنێـــت بریتییە لـــە ئامرازیک بۆ پەیوەندیگرتن کـــە بۆ یەکەمجـــارە ئیمکان و دەرفەتـــی ئەوەی پێکهێناوە تـــا خەڵکیکی زۆر دەگـــەڵ خەڵکێکی زۆری دیکە، لە هەرکاتێکدا کە بیانهەوێ، بتوانن لە ئاستی دونیادا پەیوەندی بگرن. " تێکنۆلۆژیی ڕاگەیاندن و پەیوەندیگرتن، بـــۆ بزووتنەوە ئێتنیکی و ناسیۆنالیســـتییەکان، ڕۆڵـــی کاتالیزاتـــۆر دەبینـــێ: "پەرەپێـــدان و بڵاوکردنەوەی کۆمیونیکاسیۆن و پەیوەندیگرتن بە شـــێوەیەکی کاریگەر، شوێنەواری ئاشکرایان لەسەر چوونەســـەری ئاســـتی ئاگاهیی ئەوان هەبـــووە. " (Connor 1994: 39). هەروەهـــا، ئانتۆنـــی ســـمیس (171995 :) دەڵێ، مێدیای ئەلەکترۆنیـــک توانیویەتـــی پەیوەندییـــە نەتەوەییەکانـــی نێـــو گرووپـــە ئێتنیکییەکان چالاک وبەهێزبکا و هانیان بدا تا لەنێو خۆیاندا پەیوەندیی تازەتر دروســـت بکەن، ســـەرلەنوێ دابهێنن یا پێناسە بکەن. ئەو دەڵێ مێدیا توانای ئـــەوەی هەیە کە وەفـــا و هاوپەیوەندیی نێوان ناسنامە و شوناســـی نەتەوەیی و ئێتنیکییەکان لە ئاســـتی نێونەتەوەییـــدا بەهێزبکاتەوە، و ئەو کەلێـــن و قوژبنانە پڕ بکاتـــەوە کە کەوتوونەتە نێوان ئەوان و ئەو کەســـانەی کە بە شـــێوەی ســـیمبۆلیک، بە خوشـــک و بـــرای خۆیانیان دادەنێن. سمیس پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەو پراکتیکە، واتە پراکتیکی میدیاکان، بووەتە هاندەرێکی خەللاق و کارساز بۆ دەستە و تاقمە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بچووکەکان و کۆمەڵگا ئێتنیکی و زمانییەکان، تا ڕایەڵکە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتـــی و کولتوورییە بەهێزەکانی خۆیان دروســـت کـــەن و بیانپارێزن. ئـــەوەش لەگەڵ نفوزی ئەو کولتـــوور و فەرهەنگە لە دژایەتی و ئۆپۆزســـێۆندایە کە لە ئاستی دەوڵەت- نەتەوە و لە ئاســـتی ناوچەیی و گڵۆباڵدا دەستی باڵای هەیە.

هەروەها، سەرهەڵدان و پەیدابونی مێدیای تایبەت بـــە دیاســـپۆرای گرووپـــە ئێتنیکی- نەتەوەییەکان کە بەرنامەکانیان بەرەوناوچە و مەبەستێکی دیاریکراو ئاراستە دەکەن، لەو دوو دەیەیەی دوایدا، بووەتە بەشـــێک لە ڕایەڵکەی مێدیـــای جیهانـــی. هەر لەو ســـەردەمەوە کە چاپەمەنی داهاتووە، نەتـــەوە بێ دەوڵەتەکان، لە هەوڵـــی ئەوەدا بوون کـــە ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنـــی تایبـــەت، بـــۆ پەیوەندیگرتن بە ئەندامانـــی کۆمەڵگاکانیـــان و باســـکردنی ئەو مەسەلانە کە پەیوەندییان بە ناسنامە و هەویەتی خۆیانەوە هەیە، دامەزرێنن. لە نێوەڕاســـتەکانی دەیـــەی ١٩٩٠ی زایینیەوە، ئەو پێشـــکەوتنە تێکنۆلۆژییانـــەی کـــە لە بـــواری ئینترنیت و ڕایەڵکەکانـــی دیکەی ســـەرهێڵدا ڕوویانداوە، هێـــز و توانایـــان داوەتە گرووپە دیاســـپۆرا و پەراوێزخراوەکان، تا بتوانن مەیدانی چالاکی و

تێکۆشانی خۆیان بۆ سەرانسەری دونیا پەرە پێ بدەن (Karim 2003). بەمجۆرە ئەو پێشکەوتنە تێکنۆلۆژییە بە شێوەیەکی ئاشکرا یارمەتیی بە دروست بوونی کۆمەڵگایەکی وێنایی و مەجازی، لە "سەرهێڵ"[1] و لە "فەزا"[2]دا کردووە کە لە ئاستێکی فەرا میللیدا، هەموو دونیای مەجازی و دیجیتـــاڵ دەگرێتـــەوە و دەرفەتی ئەوەی بۆ خەڵک پێکهێناوە کە لەفەزایەکی کۆمەڵایەتیی ســـایبێریدا، بێ وەبەرچاوگرتنی ســـنوورەکان، یەکتـــر ببینـــن و ڕووبـــەڕوو دەگـــەڵ یەکتر قسەبکەن.

هەر بەو شـــێوەیە، پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی لە بـــواری تەلەفۆنـــی مۆبایـــل و پەیوەندییە دیجیتاڵییەکانـــدا، ئیمـــکان و دەرفەتیـــان بـــۆ گەشـــەی داخوازییەکانـــی کەمایەتییـــە نەتەوەییەکان پێکهێنـــاوە. ئەمە بووەتە هۆی سەرلەنوێ دارشتنەوەی کۆنسێپت و زاراوەکانی وەک نەتەوە، نیشتیمان، کۆمەڵگا، خۆ و هتد لە لایەن ئەوانـــەوە. ئینتێرنێت، بۆ کەمایەتییە نەتەوەییـــەکان و ئـــەو دەســـتە و گرووپـــە جۆراوجۆرانەی کە لە دیاســـپۆرادا و بەشێوەی پرش و بڵاو لەیەکتردەژین، زۆر هەل و دەرفەتی ڕەخساندووە. ئەوە بەو مانایەیە کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیی ڕاگەیانـــدن و پەیوەندیگرتن، ئەو ڕێگایانـــەی بەرین کردووەتەوە کـــە زانیارییە ئێتنیکی، کولتووری و ئینســـانییەکان، بەهۆی ئەوانەوە دەپارێزرین و دابەش دەکرێن.

ئەو کۆمەڵـــگا دیاســـپۆرایانەی کە خاوەنی دەوڵەت-نەتەوەی تایبەت بەخۆیان نین، دەتوانن قازانجێکـــی زۆر و بەرچاو لەو هەل و دەرفەتانە وەرگـــرن کـــە ئینتێرنێـــت دەتوانـــێ بیانخاتە بەردەستیان. واتە چالاکی و تێکۆشانی ڕۆژانەی بەکارهێنەرانـــی ئینتێرنێت و سۆســـیالمێدیا و چۆنیەتیی تەعبیری ئەوان لە ناســـنامە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان، دەتوانێ بەشداریی کاریگەری لەسەر گەشەی "ناسیۆنالیسمی ڕۆژانە"[3] لەنێو کۆمەڵگا و نەتەوە بێ دەوڵەتەکان و هەروەها ئەو گرووپانە هەبێ کە لە دیاســـپۆرادا بەسەردەبەن.

(Billig 1995).

لەوەش زیاتـــر ئینتێرنێت بـــە فەزایەکی "ســـەربەخۆ" و "دێموکراتیـــک" دادەنرێ کە خەڵک دەســـتیان وێـــرادەگاو دەتوانن لەوێدا، بێ لەبەرچاوگرتنی کەندوکۆســـپە جۆراوجۆرە چینایەتی، جنســـیەتی، مەزهەبـــی، نەتەوەیی و ئێتنیکییەکان کـــە لە دونیای واقعیدا هەن، بەشـــداری بکەن. ئەو دونیایـــە کە "لە هەموو جێگایـــەک هەیـــە و لە هیـــچ جێگایەکیش نیـــە" (Barlow 1996). لەو فەزا دێموکراتیک و ســـەربەخۆیەدا، گرووپـــە پەراوێزخراوەکان دەرفەتـــی ئەوەیان بۆخۆیـــان دۆزیوەتەوە کە چیرۆک و بەســـەرهاتی خۆیان بگێرنەوە و لە ڕێگایەکی کەمتر ســـنووردارکراوەوە، شـــوێن لەســـەر وەزعی سیاســـی دانێن. ئەمە توانای داوەتە ئەو گرووپانە کـــە لە دونیای مەجازیدا ببنـــە خاوەن دەنگی خۆیان و بە شـــێوەیەکی ئازادانـــە لەگەڵ حەشـــیمەتی نێو ئـــەو دونیا گلۆباڵە سایبێرییەدا، دیالۆگ وگفتوگۆبکەن.

کاستێلز وێڕای ئاماژە بە زاراوەی "کۆمەڵگای ڕایەڵکەیـــی"[4] بـــاس لـــەوە دەکات کە چۆن خەڵک لە "کۆمەڵگا مەجازی"یەکاندا واتە(مانا) بەرهەم دێنن. (۱۹۹۷, ۲۰۱۰). ئەو نیشـــانی دەدا کە چۆن سترەکتورە کۆمەڵاتییەکان و ئەو بزووتنەوانـــەی لەوێدا نوێنەرایەتیی دەکەن، لە دەوری ئـــەو داتا و زانیارییانە پێک دێن کە لە چواچێـــوەی ڕایەڵکەکەدا دێنەکایەوە. بەوجۆرە لـــەو ڕێگایـــەوە کۆمەڵگای مەجـــازی بۆخۆی دەبێتـــە ڕووبارێکی گەورە بۆ وەدەســـتهێنانی دەستەڵات و سەرچاوەکانی دیکە.

لەسەرتاســـەری دونیای مەجازیدا، سنوورە واقعییەکان یا کەم بوونەتەوە یا هەر لەنێو چوون. واتە ئەو کۆمەڵگایانـــەی کە لەباری فیزیکییەوە لێک هەڵبراون، دەتوانن لـــە ڕێگای ئینتێرنێت و سۆســـیال مێدیاوە، پەیوەندی دەگەڵ یەکتر پێک بهێنن و سەبارەت بە کۆمەڵگاکانی خۆیان بیروڕا بگۆڕنەوە و هەواڵ و ڕاپۆرت بڵاوبکەنەوە. لـــە ئاکامدا، دەکـــرێ ژمارەیەکی یەکجار زۆری

خەڵک بە ئاسانی "هەڵخڕێنرێن" واتە لە ماوەی یەک "کلیـــک"دا مۆبیلیزە بکرێن و هان بدرێن (Couldry 2012: 1-3 ).

تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی چاپەمەنی و ڕاگەیەنەکانـــی دیکە و هەروەها ئەو کاریگەری و شـــوێنەوارەی لەسەرناســـنامەی نەتەوەیی هەیانـــە، دەتوانـــرێ لـــە پەیوەنـــدی دەگەڵ مێدیای سەردەمی تازەش، بۆ نموونە سۆسیال مێدیاشـــدا، دەکاربکرێ. ســـەرەڕای ئەوەش، لە ســـەردەمی بەجیهانی بووندا، ئینتێرنێت و سۆســـیال مێدیا، بە بەراوەرد لەگەڵ مێدیای چاپیـــی دوو تا ســـێ ســـەدە لەمەوبـــەر، لە سەردەمی گەشـــەی ناسیۆنالیزم لە ئورووپادا، یا لە کۆتاییەکانی قەرنی نۆزدە و سەرەتاکانی قەرنی بیســـتەم، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـتدا، دەتوانن دەرفەتی بەرینتر، لەســـەر ئاســـتێکی زۆر گەورەتردا، بۆ پێوەندی و ڕاگەیاندن پێک بێنـــن. بێ ئەملاوئـــەولا دەتوانیـــن بڵێین کە خێرایی گواســـتنەوەی زانیاری لەسەردەمی ئینتێرنێتـــدا، لە چاو، ســـەردەمی ڕاگەیەنەرە چاپییەکاندا، زۆر زیاترە. لە ڕێگای دەکارکردنی تایبەتمەندییـــە جۆراوجۆرەکانی ئینتێرنێتەوە، بەتایبەت لە ڕێگای سۆســـیال مێدیاوە، نەتەوە بێ دەوڵەتـــەکان و ئەو گرووپە جۆراوجۆرانەی لـــە ئاوارەیـــی، تاراوگـــە و دیاســـپۆرا دەژین، توانیویانە، بە شێوەیەکی جیاواز لە مێدیاکانی سەردەمی پێشتر، کۆنسێپت و زاراوەی نەتەوە، ســـەرلەنوێ دابڕێژنەوە و جارێکی تر پێناسەی بکەنـــەوە. ئەو نەتـــەوە و کۆمەڵـــگا واقعییانە، لەلایەن خەڵکانێکەوە دروســـت کـــراون و یا پێکدێـــن کە بۆ پەیوەنـــدی پێکهێنان بەدوای کەســـانێکدا دەگەڕێـــن کـــە تایبەتمەندیـــی ئیتنیکی، کولتووری، سیاسی یا ئیدئۆلۆژیکیی هاوبەشیان دەگەڵ ئەوان هەیە.

## شـــوناس و ناســـیۆنالیزمی کوردی لە سەردەمی سۆسیال مێدیادا

ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە کۆکردنەوە و مۆبیلیـــزە کردنی کـــوردەکان، بە تایبەت لە دیاسپۆرادا گێڕاوە. دەتوانین بڵێین کە پەیامی بردنەپێشی پرسی نەتەوەیی کورد هەرگیز ئاوا ســـەرکەوتوو نەدەبوو، ئەگـــەر ئەو جۆرە مێدیا و ئامرازانەی پەیوەندیگرتن و کۆمیونیکاسیۆن، لەبەردەســـتی ئەواندا نەبوایەن. بـــە واتایەکی دیکە، دیاســـپۆرای کورد، کەڵکـــی لە ئازادیی بەیان لەو وڵاتانەی کە ئێستا لێیاندا نیشتەجێیە وەرگرتـــووە و لەوەش زیاتر وڵاتـــە لیبراڵ و دامەزراوە دێموکراتیکەکانی ئەوانی خستووەتە ژێر باڵەپەســـتۆ، تا ئاستی زانیاری وپشتیوانیی خۆیان ســـەبارەت بە پرســـی نەتەوەییی کورد بەرنەسەرێ.

بە ســـەرهەڵدانی ئینتێرنێـــت، لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٩٠ و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا، ئەو ماڵپـــەڕ و بلۆگە کوردییانەی کە لەلایەن کوردەکانی دیاسپۆراوە بەڕێوە دەبران، دەورێکی بنەڕەتییان لە ڕاکێشـــانی سەرنجی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆلای مێژوو، کێشـــە و داخـــوازە نەتەوەییەکانی کورددا، گێڕا. جیا لەوە ئەوان توانیـــان ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک بـــۆ نێو ڕیزەکانـــی بزووتنـــەوەی نەتەوایەتیی کـــورد ڕاکێشـــن. دەتوانین بڵێیـــن کە مێدیا ئەلەکترۆنیکییـــە کوردییـــەکان، بە پێکهێنانی دەرفەت و پانتایەکی گشـــتی و بێ سنوور، بۆ خۆبەیانکردن و خۆنیشاندانی شوناسی کوردی، ئاڵوگۆڕیان بەســـەر دیسکۆرسی ڕۆژانەدا هێنا. "وەک ئـــەوەی کە ئـــەوان لە هەمـــوو جۆرە کۆمەڵگاکانـــدا ســـەرچاوەی ئەزموونکـــردن و تاقیکردنەوەی خۆسازکردن و خۆدروستکردن بـــن، یا ئـــەوە کە بینـــە ســـەرچاوەی ئیلهام بـــۆ بیرلەخـــۆ کردنـــەوە، وەک پرۆژەیەکـــی کۆمەڵایەتیی ڕۆژانە. "

بۆ کورد، ئینتێرنێـــت تەنیا بریتی نییە لە ڕایەڵکەیەکـــی پێکەوە گرێـــدراو لە کۆمەڵێک ســـایت و ماڵپـــەڕ کە بە ئاســـانی دەســـتمان پێیـــان ڕادەگا. بەڵکـــوو بـــە لەبەرچاوگرتنی "ڕوخســـاری دەرەکیی نۆرمە مەوجوودەکانی

نێو کۆمەڵ ونرخ و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان"، بریتییە لە یەکەیەکی سیاسی یا بەواتایەکی دیکە "لەشێکی سیاسی" و "سەرزەمینێکی" نەناسراو(Mutlu: 2010). لەو دوو دەیە و نیوەی دواییدا، ئەگەر میدیاکانی وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە کوردییەکان، زەمینەیان بۆ دەربڕینی هەڵوێستە سیاسی و ئیدئۆلۆژیکییەکان پێکهێناوە، ئینتێرنێت بووەتە ئامرازێکی حاشاهەڵنەگر بۆ بەشداریکردن لە "ژیانی ڕۆژانەی دیاسپۆرای کورد"دا (Aghapouri 2018). ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە مەجازییانە، بوونەتە مایەی خوڵقاندنی گفتوگۆیەکی تازە لە نێوان دیاسپۆرای کورد و هاونیشتمانەکانیان لەسەر خاکی نیشتیماندا و توانای ئەوەیان پێ بەخشیون کە "ژیانی خۆیان سەرلەنوێ پێناسە بکەنەوە و دەوڵەتە دەستەڵاتدارەکانیش دەگەڵ گیروگرفت و تەنگوچەڵەمە بەرەوڕوو بکەن" ( Romano 2002:128). ئەو بۆچوونە پشت بەو ڕاستییە دەبەستێ کە خەڵک دەتوانن، بێ لەبەرچاوگرتنی سنوورە قانونی و حکوومەتییەکان، لەمەڕ ناسنامە و هەست و ئیحساساتی هاوبەشی نێوانیان، دەگەڵ یەکتر پەیوەندی بگرن و پێکەوە باس و گفتوگۆ بکەن. دیاسپۆرای کورد، چ لە نێو کوردەکانی دەرەوەی وڵات و چ لە نێو کوردەکانی نێوخۆی کوردستاندا، لە پەیوەندی لەگەڵ پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی ئینتێرنێتدا، بەشدارییەکی بەرچاوی هەبووە (Aghapouri 2018) . لانی کەم لە ماوەی دە ساڵی دوای ئەوەشدا، ئەوە هێشتا هەر دیاسپۆرای کوردە کە لەو بارەیەوە کاریگەر و شوێندانەرە. ئەوە کە لەدەیەی سەرەتای پەیدابوونی ئینتێرنێتدا، دیاسپۆرای کورد، توانی دەستێکی باڵا لە پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی ئینتێرنێتیدا پەیدا بکا، تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ئەو هۆکارە سیاسی، تێکنیکی و ماددیانە دەگەڕێتەوە کە لە ئاکامی ژیان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دونیادا، بۆی ڕەخسابوو. دیارە دواتر، لە نێوخۆی کوردستاندا، (تەنیا لە کوردستانی عێراق) لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی سەرەکیی لە دامەزراندن و پەرەپێدانی ئینترنێتدا گێڕا. بۆ نموونە لە بنیاتنانی ژێرخانی دامەزراوە بنەڕەتییەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندندا، کە بۆ دامەزران و پەرەپێدانی ئینتێرنێت پێویستن، دەوری سەرکیی گێڕاوە. بە دوای دامەزراندنی خزمەتگوزاریی بەرهەمهێنانی ئینتێرنێت (ISP) لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە سەرەتای ساڵەکانی ٢٠٠٠دا، کە یارمەتیی کرد بە هاتنەکایەی کۆدێکی یەکگرتووی نوسینی کوردی، ژمارەی ماڵپەڕ و بلۆگەکان بە چەشنێکی بەرچاو ڕووی لە زیاد بوون کرد. لەوەش زیاتر، پەرە ئەستاندنی بەرچاوی ژمارەی ئەو سایت و ماڵپەڕانە کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان بەڕێوەیان دەبردن و چوونەسەری حەجمی کار و تێکۆشانی ئەوان لەسەر ئینتێرنێت، ئەوەی دەرخست کە دیاسپۆرای کورد لە " گواستنەوەی بەشێکی گرنگی پرۆژەی نەتەوەسازی و ڕیتۆریکی سیاسی و کارو چالاکی بۆسەر قەڵەمڕەوی ئینتێرنێت"دا، نەخشێکی بنەڕەتیی هەبوو(Sheyholislami 2011: 93).

ئێریکسن(Eriksen 2017) باسی گرنگیی ئینتێرنێت بۆ گرووپە بێ دەوڵەتەکان دەکات و لە باسەکەیدا کەمێک ئاماژە بە کوردەکانیش دەکا کە چۆن لە ئینتێرنێت کەڵک وەردەگرن. ئەو دەڵێ نەتەوەکان لەسەر تۆڕی مێدیایی و فەزای سایبێریی ئینتێرنێتدا گوڵ دەکەن. ئەوە ژوورەکانی چات و گفتوگۆ، سایتەکانی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری، ماڵپەڕەکان، بلۆگەکان، ڕۆژنامەکان، گۆڤارەکان و شتی تری لەو بابەتە دەگرێتەوە. ئەو لەو بڕوایەدایە کە فەزای سایبێریی ئینتێرنێت، بۆ دەرخستنی شوناس و نەتەوەسازی بۆ ئەو نەتەوانەی کە ناوچە و نیشتمانی خۆیانیان لەدەست داوە (بۆ نموونە ئەفریقاییە پەرتەوازەکان) یا

ئەو نەتەوانەی کە بەهۆکاری سیاسی ئاوارە بوون، (وەک تامیلەکانی سریلانکا و خەڵکی کوردستان) یا ئەو نەتەوانەی کە لە ڕادەیەکی بەریندا کۆچیان کردووە بۆ شوێنەکانی دیکە (وەک هیندستان یا خەڵکی دورگەکانی کارائیب)، بە ژینگەیەکی لەبار لە قەڵەم دەدرێ. هەر لەو پەیوەندییەدا، ناوبراو باس لە چوار چەشنە ناسیۆنالیزمی ئینتێرنێتی دەکا. ناسیۆنالیزمێک کە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ (شیلی)، ناسیۆنالیزمی بەدیل و ئەڵترناتیو (ئەفریقاییەکان)، ناسیۆنالیزمی پێش وەدەستهێنانی سەربەخۆیی[۵] (کوردستان) و سەرەنجام ناسیۆنالیزمی فرەکولتووری (مەغریبی-هۆلەندی). بەو جۆرە ئیرێکسن، ئینتێرنێتی کوردی لە ژێر کاتەگۆریی ناسیۆنالیزمی پێش وەدەستهێنانی سەربەخۆییدا، پێناسە دەکا و لەو ڕێگایەوە کوردەکان بە گرووپێکی ئیتنیکی ئەوتۆ بە حیساب دێنێ کە لەحاڵی بردنە پێشی پرۆسەی نەتەوەسازیدان. ئەو دەڵێ "شوناسی نەتەوایەتیی کوردی لە قۆناخی شکڵگرتن و سازبوون دایە". هەر لەو کاتەشدا تیشک دەخاتە سەر ئەو "کەلێنە بەرچاوە" و ئەو دابەش دابەش بوونە زۆرەی کە لەنێو کوردەکاندا هەیە.

هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە باسیان کرا ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ئینتێرنێت توانیویەتی بۆ نەتەوەی بێ دەوڵەتی کورد ببێتە پلاتفۆرمێک و فەزایەکی فەرامیللیی گەورە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕوانگە و هەست و ئیحساساتی کوردەکان سەبارەت بە مێژوو و ناسنامەی هاوبەشی خۆیان. بووەتە مەکۆیەک بۆ هێنانەگۆڕی دیسکۆرسی سیاسی، بەمەبەستی بردنەپێشی ئامانجە سیاسییەکان و بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی و دارشتنەوە و هێنانەوەبەرباسی ئەو هەویەتە. ئەوەش سەرەنجام بووەتە هۆی پەیدابوون و هاتنەکایەی "کۆمەڵگای مەجازی"ی کوردی (Eriksen 2007). هەر بەوچەشنەش، ئینتێرنێت توانای کۆمەڵگا کوردییەکانی لە ئاستی لۆکاڵ و لە نێوخۆی کوردستاندا بۆ پەیوەندی کردن بەرین کردووەتەوە و دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندوون تا بتوانن لە گەڵ شوێن و مەودا جوگرافییە دوورەدەستەکان لە پەیوەندیدا بن. خەبات و تێکۆشانی ئێستای کوردەکان لە سەر ئینتێرنێت و لە فەزای دیجیتاڵدا، مژدەی ئەوە دەدا کە پێشکەوتنێکی تازە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا خەریکە پێکدێ، کە دەتوانین وەک دروستبوونی کوردستانی مەجازی یا "سایبێرکوردستان" ناوی بەرین. (Keles 2016).

## سۆسیال مێدیا وەک پلاتفۆرمێکی جیاواز بۆ پلورالیزم و فرەچەشنی

سۆسیال مێدیا و ئەو مەکۆ و پلاتفۆرمانەی کە ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکان کەڵکیان لێ وەردەگرن، بە تازەترین پێشکەوتن و پەرەسەندن لە بواری پەیوەندی و کۆمیونیکاسیۆنی سەر تۆڕی ئینتێرنێتدا بەحیساب دێن. فەزای سایبێریی سۆسیال مێدیا بووەتە مەیدانی خۆ نیشاندانی گەلێک پرسی تایبەت بە شوناس و هەویەتە ناتەباکان. لە پەیوەندی دەگەڵ ئەو گرووپانەی کە لە دیاسپۆرادا بەسەردەبەن، ئەو فەزا سایبێرییەی کە سۆسیال مێدیا پێکی دێنێ، بۆ نموونە لەسەردەمی بەجیهانیبووندا، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو دەستە و تاقمە جۆراوجۆرانە، دەستیان بە گەلێک مێدیای سەر ئینتێرنێت ڕابگا و دەرفەتی ئەوەشیان بۆ دروست بێ تا بەمەبەستی دامەزراندنی پەیوەندی دەگەڵ گرووپ و کەسانی دیکە، پەیامی خۆیان بنێرن.

ئەم شێوە پەیوەندیگرتن و ڕاگەیاندنە کە لە ڕێگای مەجازییەوە ئەنجام دەدرێ، ئاکام و شوێنەواری بەرچاوی بۆسەر چۆنیەتیی بەرهەمهێنانەوە و دارشتنەوەی شوناسی نەتەوایەتیی کوردی لە داهاتوودا، بەدواوە

دەبێ. دیارە جارێ هەموو ئەو ئاکامانە بە ڕوونی نابینرێن، بەڵام هەر لە ئێستاوە بەشێک لەوان خۆیان نیشان دەدەن. وەک پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندی، لە مۆدێلی یەکێکەوە بۆ زۆران[۶]، بەرەو مۆدێلی پەیوەندیگرتنی زۆران لەگەڵ زۆران[۷]، هەروەها ئاڵوگۆڕ بەرەو پلۆرالیزم، دێموکراتیزاسیۆن و گلۆبالیزم لە ناسنامەی نەتەوەییی کورد لە دیاسپۆرادا.

چاوەدێرییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە بزووتنەوەی نەتەوەیی-سیاسیی کورد خەریکە باس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە شوناسی نەتەوەیی و سیاسی، دەگوازێتەوە بۆ سەرهێڵ و نێو پلاتفۆرم و کاناڵە جۆراوجۆرەکانی سۆسیال مێدیا. ئەو هەموو لاپەڕە و مەکۆ جۆراوجۆرانەی کە لە فەیسبووک، تویتەر، یوتیوب، ئینساگرام وهتد. . . دا کراونەتەوە ئەوە نیشان دەدەن کە گۆڕانێکی بەرچاو بۆ بەشداریکردن و شوێندانان لەسەر نێوەرۆکی پلاتفۆرم و ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی سەرهێڵ بەڕێوەیە. بە کردنەوەی لاپەڕەیەک لەسەر فەیسبووک کوردەکانی دیاسپۆرا، بە ئاسانی پەیوەندی دەگەڵ هاونیشتمانانیان لە نێوخۆی کوردستان و هەروەها کوردەکانی دیکەی نیشتەجێی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دەرەوە، دادەمەزرێنن. بە دابەشکردن و دابەزاندنی فایلە دەنگی و ڤیدیۆییەکان، دەتوانن پەیامی مەجازیی جۆراوجۆر وەرگرن یا بۆ کەسانی دیکەی بنێرن. لە ڕێگای بەرهەمهێنانی پەیامی جۆراوجۆرەوە، هەروەک چاوەدێرییەکان دەری دەخەن، دەتوانن بەشێک لە داستان و مێژووی نەبیستراوی خۆیان بگەیەننە ئەو مێدیا نوێیانە کە ناکەونە چوارچێوەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و چاپەمەنییەکان. لەوەش زیاتر ئەوان توانیویانە ئاڵوگۆڕ بەسەر چەند بەشێک لە کار و چالاکییە سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە سوننەتییەکانی خۆیاندا بێنن.

نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە کە پەیدابوونی سۆسیال میدیا و ئینتێرنێت، دەرفەتی ئەوەی بۆ بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەییی کورد ڕەخساندوە کە لە بەرهەمهێنان و دارشتن و بڵاوکردنەوەی بابەت و نێوەرۆکی پەیامەکانیدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سنوور و کەندوکۆسپانەی کە لەسەر بڵاوکردنەوە لە مێدیاکانی دیکەدا هەن، دەستی تا ڕادەیەکی زۆر ئاوەڵاتر بێت. بەو جۆرە دەردەکەوێ کە ئەگەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی لەگۆڕێدا بێ، ئەوە ئەو چالاکی و تێکۆشانەیە، کە لە بەستێنی خوارەوەی کۆمەڵگاوە لەلایەن ئەندامانی سادەی چالاک لە سۆسیال مێدیادا ئەنجام دەدرێ.

بە پێچەوانەی ئەو پسپۆڕی و ئێلیت تەوەرییەی کە لە مێدیای چاپی و ڕاگەیەنە کوردییەکانی دیکەدا هەیە، سۆسیال مێدیای کوردی، لە لایەن کەسانێکی ئاساییەوە بەڕێوە دەچێ کە ڕەنگە هیچ پسپۆڕییەکیان لە کاری مێدیایی و هیچ زانست و زانیارییەکیان، وەک ڕۆژنامەنووس، چاوەدێر و کۆمێنتاتۆر یا کەسێکی ئەکادیمیک، لەسەر کێشەی کورد نەبێ. ئەو چەشنە شکڵ پێ دان و باسکردنەی ناسنامەی نەتەوایەتی، بووەتە هۆی ئەوەی کە پرسی نەتەوایەتیی کورد گشتگیرتر بێ و بتوانێ خەڵکێکی هەرچی زۆتر لە دەوری خۆی کۆکاتەوە و لە ئاکامدا پتر برواتە پێش.

بە پێچەوانەی مێدیا باوەکان، سۆسیال مێدیا خۆی لەخۆیدا مێدیایەکی هەمە لایەنە واتە مۆڵتی مێدیایە. ئەمەش گەلێک دەرفەت و ئیمکانی جۆراوجۆر بۆ ئەو کەسانە دەخوڵقێنێ کە بەکاری دێنن، وەک ناردن و وەرگرتنی تێکست، فیلم، ڤیدیۆ، پەیامی دەنگی و وێنەی گرافیک و هتد، بە شێوەیەکی هاوکات. ئەو کارکردانەی سۆسیال مێدیا بوونەتە هۆی ئەوەی دیاسپۆرای کورد لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، چالاکتر و هەڵسووڕتر بێ و بەشدارییەکی زۆرتر بکا. ئەوەش بە نۆرەی خۆی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە سۆسیال مێدیا، تواناو لێوەشاوەییی ئەوەی تێدایە کە "وێنە زیندوو

و درەوشـــاوەکان، بگەیەنێتە هەموو جێیەک و خەڵکێکـــی زۆر و لە ژمـــارە نەهاتوو“ (Tettey 2009: 158). بەوجۆرە سۆشـــیال مێدیا دەتونێ لـــە پەیوەندی دەگەڵ هێنانەگۆڕ و پێناســـە و دروستکردنی شوناســـی نەتەوایەتیدا، کێبڕکی دەگەڵ مێدیا سوننەتییەکانی دیکە بکا.

ئەگەر ڕوانگەکانـــی هابرماس وەبیرخۆمان بێنینـــەوە، دەتوانین باشـــتر لە مەســـەلەکە تێبگەیـــن. لە ئورووپای ســـەدەی هـــەژدەدا، قاوەخانەکان،ساڵۆنە گشتییەکان و کۆمەڵەکان لە لایەن بۆرژوازییەوە وەک "پانتاییی گشتی“ بـــەکار دەهێنـــران. لەوێدا خەڵـــک یەکتریان دەدی و بـــە شـــێوەیەکی ئازادانـــە مەســـەلە کۆمەڵایەتییەکانیان شی دەکردنەوە. بەو جۆرە لە ڕێگای باس و گفتوگۆکانیانەوە شوێنەواریان لەسەر کردەوەی سیاسی دادەنا. لێرەدا دەکرێ بڵێیـــن کە ژوورەکانی چات و گفتوگۆ، ڕایەڵکە و پلاتفۆرمە کۆمەڵاتییەکانی ســـەر ئینتێرنێت، هەروەها ئەو گەنگەشـــە و باس و وتووێژانەی کە لە ڕێگای کاناڵە جۆراوجۆرەکانی سۆشـــیال مێدیاوە بەڕێـــوە دەبرێن، بـــە جۆرێکی نوێی "پانتاییی گشـــتی“ لەســـەردەمی ئینتێرنێتدا دادەنرێن.

ئـــەو توخمانەی کە ناســـنامەی نەتەوەی کـــورد پێکدێنـــن و لەڕێـــگای تەلەفزیـــۆن و مێدیاکانـــی دیکـــەوە بـــە نێوخەڵکـــدا بڵاو بوونەتەوە، بەشێوەی جۆراوجۆر، لە سەردەمی ئینتێرنێـــت و پلاتفۆرمـــە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەشدا، هەروا درێژە بەڕۆڵی خۆیان دەدەن. پلاتفۆرمەکانی نێو سۆشـــیال مێدیای کوردی، بـــە پێچەوانـــەی مێدیا ســـوننەتی و زاڵەکان، نوێنەرایەتیـــی دەنگێکی یـــەک لایەنەی نێو بزووتنـــەوەی ناســـنامەخوازیی کوردی ناکەن. ئـــەوان لـــە نەخشـــی "پانتاییی گشـــتی“دا خزمەتیان کردووە کە لەوێدا کوردەکانی وڵات و دیاســـپۆرا لە پرۆسەی دروستکردن و شکڵ پێدانی ناسنامەی نەتەوەییدا بەشداری دەکەن. لەو پانتا گشتییەدا، ناسیۆنالیزمی کوردی نەک هەر لاواز نەبـــووە، بەڵکووچووەتـــە نێو قۆناخ وسەردەمێکەوە کە بۆ دارشتنەوە و بەیانکردنی خۆی، جەماوەرێکی زۆرتری وەدەســـتهێناوە و توانیویشیەتی سروشتێکی فەرامیللی بەخۆیەوە بگرێ. ئەندامێکی دیاسپۆرای کورد کە لەسەر فەیسبووکە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە کوێ دادەنیشێ، لە پرسێکی گشتیدا بەشدارە. سۆشـــیال مێدیاش دەرفەتێکـــی زۆرئازادتر و تەنانەت باشـــتریش، بۆ بەشداریی گەلی کورد دەخوڵقێنێ تا لە ســـەردەمی بەجیهانی بووندا باس لە خـــۆی و داخوازەکانـــی خۆی بکات. هەر بەو جۆرە کە چاپەمەنییەکان ســـەدەیەک لەمەوبەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، توانیان نەخشێکی لەو چەشـــنە بگێڕن. بەڵام ژمارەی زۆر و بەرینی ئەوکەســـانەی کە سۆشـــیال مێدیا بەکاردێنن بۆخۆی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سۆشیال مێدیا تا چ ڕادەیەک جیاوازە.

هەرچەنـــد سۆشـــیال مێدیاجێگایەکـــە بۆ باس و گفتوگۆ لەســـەر ناســـنامەی نەتەوەیی، بەڵام سروشـــتی ئەو بـــاس و گفتوگۆیانەی کە لە سۆشـــیال مێدیادا ســـەبارەت بە شوناســـی نەتەوەیـــی دێنەگـــۆڕێ و مەبەســـتی ئێمەیە، جیاوازیـــی زۆری دەگەڵ ئەو بـــاس و بابەتانە هەیە کە وەک پرســـی شـــوناس لـــە مێدیای چـــاپ و دەنگوڕەنگی و ســـوننەتیدا دینە ئاراوە و بێنێدیکـــت ئەندرســـۆن (Anderson 2006) وەک ئێلیـــت تەوەری باســـیان لێ دەکات. بەو شێوەیەی کە ئەو باس دەکات، ئێلیت، حکومەت وکاربەدەستانی دەوڵەت، تێدەکۆشن لە ڕێگای دەستنیشانکردن و بردنە پێشی ئەجێنداکانەوە، خەڵـــک لە مێدیـــادا کۆنترۆڵ بکـــەن. کەچی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی سۆشیال مێدیای کوردی، دەرفەتیان بۆ گرووپ و کەســـایەتییە جۆراوجۆرەکان، بە پێشـــینەی جیاواز لە باری تەمەن و جنسیەت و کەسایەتیی کۆمەڵایەتییەوە دروست کردووە، تا تێبکۆشن لە بەرهەمهێنانی ناســـنامەی نەتەوەییـــدا بەشـــداری بکەن. لەم

قۆناخـــەدا "ئێمە" و "ئەوان"ی فەرزی لەســـەر ئەساســـی ئەو مۆدێلە لە ڕاگەیاندن دانەمەزراوە کە پەیام لە تاکەوە ڕوو بە زۆران دەنێردرێ. لەو مۆدێلەی ڕاگەیاندندا، پەیـــام لەلایەن ئێلیتەوە بەرهـــەم دێ و بـــۆ خەڵک دەنێـــردرێ. بەڵام لێرەدا ئەوە کەسانی ئاســـایی و ئەندامانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـــی کوردن کە کۆنســـێپتەکان لە فەزای گشـــتیی مەجازیدا دەخەنەبەر باس و گەنگەشـــە و لەئاکامدا دەبنە مایەی خوڵقاندنی "کۆمەڵگای وێناکراو"[٨] کە ئەندرســـۆن پێشتر باسی لێ کردبوو.

## کورتە و ئاکامی لێکۆڵینەوەکە

ئەم وتـــارە، ڕۆڵـــی گرنگـــی ئینتێرنێت، وەک ئامرازێک بۆ بەشـــداریی بروتنەوەی سیاســـی-نەتەوەیی لە دروستکردنی شوناسی نەتەوەییدا دەخاتە بەرباس و پێی وایە مێدیای ســـەرهێڵ، زەمینە وهەل بۆ باس و بەیان کردنی ناسنامەی نەتەوەیـــی بـــە باشـــترین ڕێـــگای مومکیندا دەڕەخســـێنێ. هەروەها، بۆ دیاســـپۆرای کورد، بەکارهێنەرانی ئینتێرنێـــت، پەیوەندیی خۆیان دەگەڵ نیشـــتیمانی یەکەمی خۆیان ڕادەگرن و بـــە شـــێوەیەکی کاریگەریـــش لەکاروباری پەیوەندیـــدار بەودا بەشـــداری دەکـــەن. ئەمە دەکرێ ئەوبیرۆکەیە بگرێتەوە کە ئەندرســـن لە ژێرناوی "کۆمەڵگای وێناکراو" ئاماژەی پێ دەکا.

ئەو وتارە باس لەوە دەکات کەناسیۆنالیزمی کوردی توانیویەتی بە کەڵک وەرگرتن لەو فەزایە کە لـــەو دواییانەدا ئینتێرنێـــت پێکی هێناوە، بەسەر ئەو کەندوکۆســـپ و مەودا فیزیکییانەدا زاڵ بـــێ کە لەنێوان نیشـــتمان و ئەو کۆمەڵگە جۆراوجۆرانـــەی کـــورددا هەیە کە لـــە وڵاتانی دەرەوە دەژیـــن. لەوەش گرینگتر، لێکۆڵینەوەکە ئـــەوەش ڕوون دەکاتـــەوە کـــە تێکنۆلۆژیـــی پەیوەندیگرتن، بـــە تایبەتی مێدیای ئینتێرنێت، دەرفـــەت بۆ نەتـــەوەی بێ دەوڵـــەت وگرووپە پەراوێزخـــراوەکان پێکدێنـــێ، تا دیسکۆرســـی پێوەندیدار بە مەســـەلەی شوناســـی سیاسی و نەتەوەییی خۆیان بۆ سەردەمی تازە بگوازنەوە.

هەرچەند کارێکی دژوارە پەیوەندی لە نێوان سۆســـیال مێدیا و شوناســـە جۆراوجۆرەکاندا بدۆزینـــەوە، بەوحاڵـــەش سۆســـیال مێدیا وا دەبینرێ کە لە جیاتی ئەوەی لەسەر پێکهێنەرە ئیتنیکی، کولتووری، سیاســـی و توخمەکانی دیکەی پێکهێنـــەری ناســـنامەی نەتەوەییی کورد، هەرەشەیەکی ڕووخێنەر بێت، دەرفەت و هەلی بەردەمی ئەوان بەهێزبکات. بەڵام، بێ مەترسی نییە. ئەگەرچی سۆسیال مێدیا هەلی ئەوەی بۆ کوردەکان خوڵقاندووە کەلەوێدا هەم بیروڕای خۆیـــان بە ئاشـــکرا دەرببڕن و هەم بیـــرەوەری و یادگاریی جەمعـــی و بەکۆمەڵ شـــکڵ پێ بدەن؛ بەشداریی بەرینی ئەندامانی ئاســـاییی کۆمەڵـــگای کـــورد لـــە دەربڕین و چالاکیـــی سیاســـی-نەتەوەیی و زمانییەکاندا، کارکردەکەی وەک شمشێرێکی دووسەر بووە لەسەر ڕێگای شوناسی نەتەوایەتیی کوردیدا.

بە مانایەکی دیکە پەیدابون و سەرهەڵدانی گەلێک مەسەلەی گەورە و بچوک، وەک کێشە زمانی و سیاسییەکان، بوونەتە هۆی ئەوەی کە دیسکۆرسی نەتەوەیی و شوناسخوازیی کوردی لەگەڵ گەلێک ســـەختی و ململانێ و هەوراز بەرەوروو بێت. بەو جۆرە، ناسیۆنالیزمی کوردی لە حاڵـــی ئاڵوگۆڕدایـــە تا بتوانـــێ جیاوازییە سیاسی، فەرهەنگی و ئیتنیکی و زمانییەکانی نێو کوردستان و دیاسپۆرای کورد قەبووڵ بکا و لە ئاستێکی بەرینتریشدا، لە نێو بزووتنەوەی شوناســـخوازیی نەتەوەییدا جێیان بۆ بکاتەوە. ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەو جیاوازی و ناتەبایی و ناڵێکیانەی کە پێشـــتر و لە حاڵی حازردا، لە نێو بزووتنەوەی کورددا دەبینرێن، نەک هەر لە لایەن سۆسیال میدیاوە بەرهەم دێنەوە، بەڵکوو لە ڕادەیەکی زۆرتریشدا بەیان و نیشان دەدرێن. ئەمەش ناســـیۆنالیزمی کوردیـــی گوازتۆتەوە بۆ ســـەردەمێکی تازە، کە من بە ســـەردەمی "ناسیۆنالیزمی کوردیی جەماوەریی سەرهێڵ" ناوی دەبەم. واتەسەردەمێک کە ناسیۆنالیزمی

کوردی لەسەر ئینتێرنێت لە ئاستێکی بەرین و هەڵقوڵاوی جەماوەریدا چالاکە. هەرچەند ئەو جیاوازی و فرەچەشنییەی کە لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردیداهەن، بوونەتەهۆی کەم بوونەوەی خێرایی پرۆسەی دروستبوونی کۆمەڵگای وێناکراوی یەکگرتووی کورد، بەڵام ئەو وتارە دیاردەیەکی لەو چەشنە بە نیشانەی هەبوونی پلۆرالیزم و دێموکراسییەکی زۆرتر لە نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا لە قەڵەم دەدا. ئەوەش لە بارودۆخ و کۆنتێکستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، دیاردەیەکی بێ وێنەیە. ئاخرپلۆرالیزم و دیموکراسی، لەسەرتاسەری چەرخی بیستەمدا، لە پرۆژە ناسیۆنالیستی و نەتەوە-دەوڵەت سازییەکانی ئەو ناوچەیەدا، دوو پارچەی ونبوو بوون.

*. ئەم وتارە دەقی کورتکراو و وەرگێڕدراوی وتارێکە کە پێشتر لە ژورناڵی ئاکادیمیی «شوناسە نەتەوەییەکان» لە ساڵی ٢٠٢٠دا بڵاو بووەتەوە. مافی کورتکردنەوە و وەرگێڕانی ئەم بابەتە لەسەر گۆڤاری تیشکە. بۆ سەرچاوەی سەرەکی بڕواننە:
Aghapouri, J. H. (2020) Towards pluralistic and grassroots national identity: a study of national identity representation by the Kurdish diaspora on social media, National Identities, 22:2, 173-192, https://doi. org/10. 1080/14608944. 2019. 1601172

## ژێدەرەکان

1. Online
2. On Air
3. Banal Nationalism
4. Network Society
5. Pre-independence nationalism
6. One-to-many pattern of commucication
7. Many-tomany pattern of communication
 Imagined Community
8. Online grassroots Kurdish nationalism

## سەرچاوەکان


Aghapouri, J. H. (2018). Nationalism and Diaspora in Cyberspace: The case of the Kurdish diaspora on social  social media. PhD thesissubmitted to the departments of Politics & International Relations, The University of Auckland, New Zealand.
Anderson, B. (2006). Imagined communities : reflections on the origin and spread of nationalism. London ; New York Verso.
Arthur, P. L. (2011). Toward a global digital history. In G. Radhika, & C. Rohit (Eds. ), Global Media, Culture, and Identity: Theory, Cases, and Approaches. Routledge.
Barlow, J. P. (1996). A declaration of the independence of cyberspace. Retrieved online,January 2013.
Billig, M. (1995). Banal nationalism. London: Sage.
Castells, M. (2010). The power of identity (2nded. ). Malden, MA : Wiley-Blackwell.
Castells, M. (2011). The rise of the network society (2nd ed. ). Chichester, West Sussex ; Malden, MA : Wiley-Blackwell.
Connor, W. (1994). Ethnonationalism: The quest for understanding. Princeton: Princeton University Press.
Couldry, N. (2012). Media, society, world: Social theory and digital media practice. Cambridge: Polity Press.
Diamandaki, K. (2003). Virtual ethnicity and digital diasporas: Identity construction in cyberspace. Global Media Journal, 2(2).
Eriksen, T. H. (2007). Nationalism and the Internet. Nation and Nationalism, 13(1), 1-17.
Eriksen, T. H. (2010). Ethnicity and nationalism : anthropological perspectives (3rd ed. ). London ; New York : Pluto Press.
Habermas, J. (1989). The structural transformation of the public sphere : an inquiry into a category of bourgeois society; translated by Thomas Burger with the assistance of Frederick Lawrence: Cambridge : Polity, 1989.
Hassanpour, A. (1998). Satellite footprints at national borders: MED-TV and the extraterritoriality of sovereignty. Journal of Muslim Minority Affairs, 18(1), 53-72.
Karim, H. K. (2003). Mapping diasporic mediascapes. In H. K. Karim (Ed. ), The media of diaspora (pp. 1-18). London: Routledge.
Keles, J. Y. (2015). Media, diaspora and conflict : nationalism and identity amongst Turkish and Kurdish migrants in Europe: London : I. B. Tauris.
Mutlu, C. (2010). Kurds in cyberspace: The Kurdish diaspora, the Internet and its impact on the Kurdish question. On Politics, 2(2), 119-137.
Romano, D. (2002). Modern communication technology in ethnic nationalist hands: The case of Kurds. Canadian Journal of Political Science, 35(1), 127-149.
Saunders, R. (2011). Ethnopolitcs in cyberspace: The Internet, minority nationalism and the web of identity: Lexington Books.
Sheyholislami, J. (2011). Kurdish identity, discourse, and new media. New York: Palgrave Macmillan.
Smith, A. D. (1995). Nations and nationalism in a global era: Cambridge Polity Press.
Tettey, J. W. (2009). Transnationalism and the African diaspora, and the deterritorised politics of the Internet In F. M. Banda, F. &Tettey, J. W (Ed. ), African media and the digital public sphere (pp. 143-164). New York: Palgrave Macmillan.

# پەروەردە و کۆلۆنیالیزمی نوێ*

فیلیپ جی. ئاڵتباخ
و: هێما کوردستانی

برێ کەس دەڵێن سەردەمی کۆنی کۆلۆنیایی بەسەرهاتووە. بەڵام بەڵگە چییە؟ ئەو وڵاتانەی پێشتر کۆلۆنی بوون ئێستا سەربەخۆن. بەو حاڵەوە، لەسەر داروپەردووی ئیمپراتۆریای نەریتیی کۆلۆنیالیزم، جۆرێک لە کۆلۆنیالیزم بە شێوازی هەست پێ نەکراو و بگرە بە هەمان رادە کاریگەر و شوێندانەر سەری هەڵداوە.

وڵاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو (ئەمریکا، زۆربەری وڵاتە ئەوروپییەکان و هەروەها یەکێتیی سۆڤییەت و ژاپۆن) درێژە بە کارتێکەریی بەرچاوی خۆیان لەسەر ئەو شوێنانە دەدەن کە ئێستا بە وڵاتانی لە حاڵی گەشە ناسراون. کۆلۆنیالیزمی نەریتی بریتی بوو لە زاڵبوونی سیاسیی راستەوخۆی وڵاتێک بەسەر ئەویتردا و بەو پێیە رەخساندنی بوارێک بۆ هێزی داگیرکەر تا بتوانێ دەسەڵاتی تەواوی لایەنەکانی ژیانی نێوخۆ و دەرەکیی وڵاتی داگیرکراو وەدەستەوە بگرێ. بەرەنجامەکانی کۆلۆنالیزم لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، ئەوەش لە لایەکەوە دەگەرێتەوە بۆ سیاسەتی وڵاتی داگیرکەر و لە لایەکی ترەوە بۆ بارودۆخی وڵاتی داگیرکراو. پێناسەکردنی لیبراڵیزمی نوێ ئاسان نییە و بەو پێیەش شیکردنەوەشی دژوارە.

لەم نامیلکەیەدا لیبراڵیزمی نوێ بە مانای کارتێکردن و شوێندانانی وڵاتانی پێشکەوتوو لەسەر وڵاتانی لە حاڵی گەشەدا دێ؛ بە لەبەرچاوگرتنی سیستەمی پەروەردە و ژیانی فیکریی ئەم وڵاتانە. لە کۆلۆنیالیزمی نوێی مۆدیرندا کە لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی نەریتی جیاوازە، کۆنترۆڵی راستەوخۆی سیاسی و دەست ئاواڵەیی کەمتر بەدی دەکرێ. هەرچەند لەرووی رەهەندەکانی داسەپاندنی دەسەڵاتی وڵاتانی پێشکەوتوو بەسەر وڵاتانی لە حاڵی گەشە، دۆخەکە بە هەمان شێوە ماوەتەوە.

کۆلۆنیالیزمی نوێ تا رادەیەک سیاسەتێکی پلان بۆ دارێژراوی وڵاتانی پێشکەوتووە بۆ درێژەپێدانی دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتانی لە حاڵی گەشەدا، بەڵام هەروەها درێژەی ئوسلووب و شێوازی پێشووی خۆیەتی. کۆلۆنیالیزمی نوێ هەمیشە کارتێکەریی نەرێنی و نێگەتیف نییە وەک چۆن کۆلۆنیالزم خۆی لە چەندین ناوچەدا خاوەن کارتێکردنی ئەرێنی بووە. لێرەدا بە گشتی، بە وردی گرنگی دراوە بە کارتێکردنە نەرێنییەکانی کۆلۆنیالیزمی نوێی پەروەردە، چۆنکە بەرەنجامەکانی لەسەر وڵاتانی وەرگری کۆلۆنیالیزمی نوێ گرینگن و هێشتا بە تەواوی لێکدانەوەیان بۆ نەکراوە.

کۆلۆنیالیزمی نوێ دەتوانێ کراوە و ئاشکرا خۆی دەرخات، وەکوو بەکارهێنانی کتێبی وانەوتنەوەی وڵاتانی بیانیی داگیرکەر لە قوتابخانەکانی وڵاتێکی لە حاڵی گەشەدا. ئەمە بە گشتی کردەوەیەکی بێدەنگە لە هەمان حاڵیشدا بابەتگەلێک وەکوو کەڵک وەرگرتن لە راوێژکارە تەکنیکییە بیانییەکان، لە بواری رێباز و بەردەوامیی مۆدێلەکانی ئیدارەکردن لە لایەن هێزی دەرەکییەوە و سەرچەشنەکانی بەرنامەی دەرسیی قوتابخانەکان دەگرێتەوە. برێک لە وڵاتانی لە حاڵی گەشە، بۆ نموونە لە قوتابخانە ناوەندییەکان و زانکۆکاندا، پشت بە مامۆستا کۆچبەرەکان دەبەستن. بە بێ لەبەرچاوگرتنی دیدگای تاکەکەسیی خۆیان، ئەم مامۆستایانە لە قوتابخانەکاندا هەوڵی راگواستن و فێرکردنی بەها و نۆرم و دیدگا رۆژاواییەکان دەدەن.

زۆربەی وڵاتانی لە حاڵی گەشە، مۆدێلی داگیرکارانەی بەڕیوەبردنی قوتابخانەکانیان پاراستووە و تەنها بە رێژەیەکی کەم گۆرانکارییان بەسەر بەرنامەی دەرسیدا هێناوە، بەم پێیەش ئاراستەی پەروەدەی داگیرکارانەیان پاراستووە (بڕوانە ;Ashby 1967

...(Kazamias and Epstein 1968)

پشت بەستن بە مۆدێلە بیانییەکان تا ڕادەیەک لە لایەن دەوڵەتی داگیرکەرەوە دادەسپەێنرێت. پەروەدەی نیشتمانی چ بە هۆی بەرنامەوە و چ وەکوو ئاکامی نەخوازراوی ئەو سیاسەتانەی پێداویستییە خۆجێییەکان و نەریتەکان پشتگوێ دەخەن و نادیدەیان دەگرن، تێکوپێک دەدرێ و لەناو دەچێ.

بە ئەستەم بینراوە هێزە داگیرکەرەکان، ئامراز و ئیمکاناتی پەروەردە و فێرکردن لە وڵاتانی داگیرکراودا دامەزرێنن و دەستبەجێ دەرفەتەکانی فێرکارییان سنوردار کردووەتەوە و بە واتایەکی دیکە بەربەست و ڕێگر بوون لە بەرانبەر مودێرنیزاسیۆنی ئەم وڵاتانەدا. هەروەها بوونی ئەم ئیمکاناتە، ڕەنگدانەوەی پێویستییەکانی هێزی داگیرکەر بووە نەک پێویستییەکانی جەماوەر و خەڵکی خۆجێیی.

ناتەواویی سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن، ڕەوتە کۆنەکانی بەرنامەی پەروەردە و ئاراستەی قوتابخانەکان لەمەڕ بنیاتنانی کادری ئیداری، لەجیاتی گرنگیدان بە ڕاهێنانی تەکنیکی و بواری هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی کەسانێک کە بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری پێویستن، لە ئەزموونی زۆرێک لە وڵاتانی کۆلۆنی و داگیرکراودا دەبینرێ.

زۆرینەی هێزە داگیرکەرەکان، بە تەواوی گرنگی دەدەنە پەروەردە، لێکۆڵینەوە مرۆییەکان، ڕەوانبێژی و زاڵ بوون بەسەر زمانی وڵاتی داگیرکەر و زانیاری و لێهاتوویی پێویست بۆ پۆستە ئیدارییەکان.

پارێزەران ڕادەهێنرێن بەڵام زانا و بیرمەند و پسپۆڕی کشتوکاڵ و مامۆستای شایستە کەمتر بوونیان دەبێ بۆ کاتی سەربەخۆیی.

گرووپە ئیلیتەکان تا ڕادەیەک وەکوو بەشێک لە پرۆسەی پەروەردەبوونی خۆیان خاوەن ڕوانگەی ڕۆژاواییین. لە بڕێک حاڵەتدا، لە ڕاستیدا تاکەکان بە زمانی نیشتمانیی خۆیان نامۆن. سیاسەتەکانی پەروەردەی کۆلۆنیالی بە گشتی نوخبەگەرایە، لە هیندووستان، پەروەردەی نوخبەگەرایانەی بەریتانیا وەکوو «پاکتاوی مەیلەو خوار» دەناسرێ ـ سیستەمێک کە تێیدا گرووپێکی چکۆڵەی هیندییەکان کە هەڵگری شێوازی پەروەردەی بەریتانین بە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاو بوونەوە (بڕوانە McCully 1943).

سیاسەتی تواندنەوە و ئاسیمیلەکردنی فەڕانسەیش بە هەمان شێوە کاری کردووە. فەرهەنگە خۆجێییەکان کە زۆر جار بە فراوانی گەشەیان کردبوو، لەسەر دەستی سیاسەتی پەروەدەی داگیرکەرەوە نادیدە گیراون و نکۆڵییان لێ کراوە. خواست و ئاراستەی مودێرنیزەبوون زۆر جار لەلایەن پەروەردەی ئەورووپییەوە هان دراوە، کەچی لە هەمان حاڵدا لە لایەن کونترۆڵ و دەسەڵاتی بیانییەوە بە لارێدا براوە. قوتابخانەکان لەسەرخۆ و بەئارامی لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە بنیات نران و تەنانەت گوشار و زەختی ناوخۆیی بۆ پەروەردە نەیتوانی سیستەمێکی گەورە و بەرین و تەواو پێک بێنێت. بڕێک لە هێزە داگیرکەرەکان، وەکوو بەلژیکییەکان، هەستیان بەوە کرد کە ڕاهێنانی جەماوەری خۆجێیی لە ئاستێکی باڵادا سیاسەتێکی هەڵە بووە و بۆیە کاتێک کۆنگۆ لە ساڵی ١٩٦٠دا سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێنا، تەنیا خاوەن ژمارەیەکی کەم دەرچووی زانکۆ بوو. فەڕانسەییەکان بە پشت بەستن بە سیستەمی پەروەدەی خۆیان لەسەر ژمارەیەکی زۆر کەمی کەسانی ئاسیمیلەبوو، تەنها تاقمێکی کەمی دەرچووی زانکۆیان بەرهەمهێنا. لە حاڵێکدا کە سیاسەتی بەریتانیا ڕێی بە چەند هەوڵێک بۆ ئازادی و دەست ئاواڵەیی خۆجێیی دەدا و دەرفەتی زیاتری

بۆ خوێندنـــی ناوەندی و خوێندنی باڵا دەدا، پەروەدەی قۆناغی ســەرەتاییان پشــتگوێ خســتبوو. بە پێچەوانەوە، فەڕانسەییەکان و بەلژیکییەکان وزە و دارایی خۆیان لەســەر پــەروەردەی ســەرەتایی دانــا. ڕێکخراوی کڵێسەش هاوشان، بە ڕاهێنان و پەروەردەی مرۆییــەوە خەریک بــوو. ســەرەڕای ئەم جیاوازییانە، هێزە داگیرکەرەکان لە میانەی پرۆســەی بەڕێوەبردندا هیچ حیسابێکیان بۆ ویســت و ئارەزووی خەڵکــی خۆجێیی ئەم وڵاتانە نەدەکرد.

لــە زۆربــەی وڵاتانی لەحاڵی گەشــەدا ســەربەخۆیی سیاســی بــە ڕێژەیەکی تا ڕادەیەک کەم لەباری پــەروەردەوە، گۆڕانی بەســەردا هاتووە. چەن وڵاتێک، ســەرەڕای خەبــات و بزووتنەوەی ناسیۆناڵیســتی یان هەستی قووڵی دوژمنایەتی بەرانبەر وڵاتانی داگیرکــەری پێشــوو، ڕەوتی پــەروەردەی ڕابردوویان پچڕاندووە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، بۆ نموونە هیندووســتان، پاکستان، بێرمە و ســینگاپوور، سیســتەمی پەروەردە لەڕووی ژمارەوە پەرەی ســەندووە و بــڵاو بووەتەوە، بەڵام لەڕووی بەرنامەی پەروەردە و ئاراستەی خوێندن و ئیدارەکردنەوە نەگۆڕاوە.

لــە ژمارەیەک لە وڵاتانــدا بەتایبەت لە ئەفریقای بەریتانیی پێشــوودا. خوێندنی باڵا لەسەر بنچینە و ئەساسی بەرنامەی پەروەردە و ئاراســتەی ئینگلیزی مایەوە و لە ڕاستیدا لە ســاڵەکانی دوای ســەربەخۆبووندا زۆر بە ئارامی گەشەی کرد. تەنانەت ئەو نەتەوانەی قەت لە لایەن هێزێکی داگیرکەرەوە ئیدارە نەکرابوون، لەوانە تایلەند، لایبێریا و ئیتیۆپیا، چوونە ژێــر هەژمونیی پەروەردەی ڕۆژاوایی، ئــەوەش بەهــۆی پەرەســەندنی یارمەتییە دەرەکییەکان و هاوکارییە تەکنیکییەکانەوە هاتە ئاراوە.

لە زۆرێک لە وڵاتانی لەحاڵی گەشــەدا بەردەوامــی لــە کەڵک وەرگرتــن لە زمانە ئەورووپییــەکان یەکێکە لــە ڕەهەندە هەرە گرنگەکانی کۆلۆنیالیزمی نوێ و کارتێکەریی میراتی داگیرکاری لەســەر وڵاتانی جیهانی ســێهەم. لــە چــەن حاڵەتێکــدا، وەکــوو ئەندۆنیزیا، زمانی داگیرکەر(هۆلەندی) وەلانرا و لە بواری فرەچەشنیی زمانییەوە سیاسەتی نەتەوەیــی ئاراســتەی زمانی نیشــتمانیی گرتەبەر. لە چەن وڵاتێکی لەحاڵی گەشــەدا وەکــوو نایجیریا، غەنا، هیند و پاکســتان و زۆربەی وڵاتانی ئەفریقایی، فەڕانسە-زمان کە زیاتر لە یەک زمانی نیشــتمانی و خۆجێیی بوونی هەبوو، خواســت و ویستێک لە ئارادا بوو کە لە کاروباری ئیداری و برێک جاریش لــە بواری پەروەردەدا زمانــی ناوەند (وڵاتی داگیرکــەر) بەکاربهێنــرێ. ڕەوتی گۆڕینی زمانە ئەورووپییەکان بــۆ میدیای خۆجێیی بــە ئارامی دەچێتــە پێش، بــەڵام خاوەن پرۆســەیەکی ئــارام و دژوار بــووە. بێجگە لەوەش، گۆڕانکاریی زمانی لە قوتابخانەکاندا هەمیشــە گۆڕینی بەنامەی دەرسیی بەدواوە نەبووە.

زمانە ئەورووپییەکان ویســتوویانە دوای ئــەوەی زمانــی قوتابخانــەکان بــۆ زمانی نیشــتمانی گــۆڕا. لە نێوان توێــژی نوخبە دا درێــژە بە بوونی خۆیــان بدەن. لە برێک وڵاتاندا، خوێندنی باڵا بەرەو زمانی داگیرکەر یــان ناوەند ڕادەکێشــرێ، تەنانــەت پاش ئەوەی گۆڕانکاری لە ئاســتەکانی خوارەوەدا وەدی دێ. هەروەهــا، چینی نوخبەی وڵات منداڵەکانی خۆیان لــە قوتابخانە ناحکوومی و تایبەتەکانــدا دەنێنــە بــەر خوێندن کە زمانی خوێندنیــان زمانە ئەورووپییەکانە، بۆ ئەوەی لەو پۆستانەی پێیان دراوە بمێننەوە. هەروەها گرنگی پێدانی بــەردەوام بە زمانە ئەورووپییــەکان لێکەوتــە و بەرەنجامــی دیکەشی هەیە.

پەیوەندیــی پتــەوی فیکــری لەگەڵ ناوەند(داگیرکــەر) بە شــێوەیەکی گشــتی

لەجێی خۆی دەمێنێتەوە و لە ئاکامدا ژیانی فیکریـــی نەتەوەیی و گەشـــەی فەرهەنگی، دەشێ تووشـــی ڕاوەستان بێ یان لانی کەم بە لاڕێدا بڕوات. بۆ نموونە لە هیندووســـتان، لێکۆڵینەوە لەسەر زمانە هندییەکان گەشەی نەکـــردووە، ئەو بابەتەش تا ڕادەیەک بەهۆی گوشـــار بـــۆ بەکارهێنانی زمانـــی ئینگلیزی وەکـــوو ئامرازی دەربڕین و بـــڵاو بوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤـــارەکان بووە. زانایانی ئابووری لـــە هیندووســـتان زۆرتـــر بـــە مۆدێـــل و تیۆرییەکانەوە خەریـــک بوون تا ئەوەی کار لەســـەر کێشـــە ناوخۆییەکانی گەشەکردن بکەن. کۆمەڵناســـە هیندییەکان لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا لەبەر نادیدەگرتنی کێشە ناوخۆییەکان و چوارچێـــوەی کۆمەڵایەتی و گرنگیـــدان بـــەو تیوریە کۆمەڵناســـییانە کـــە ئاراســـتەی ڕۆژاوایی هەبـــوو، کەوتنە بەر ڕەخنـــە و توانج. دەوڵەتە پێشـــکەوتووە ســـەرەکییەکان، بـــە دیاریکـــراوی هێـــزە داگیرکەرەکانی ئینگلیزی زمان و فەڕانسەیی زمـــان، لە ڕێگەی پێدانـــی یارمەتیی دارایی بۆ دابین کردنی کتێبی دەرســـی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە ڕۆڵیان گیـــڕاوە بۆ مانەوەی دۆخـــی پەروەردەیی و زمانـــی لەو وڵاتانەدا. ئەوان بوورســـیەیان بۆخوێنـــدکاران دابین کرد، بـــۆ ئەوەی لە وڵاتانـــی ناوەندا درێژە بە خوێنـــدن بدەن، هەروەها ژمارەیەکی زۆر مامۆســـتا و ڕاوێژکاری تەکنیکییان ڕەوانەی وڵاتانی لەحاڵی گەشە کرد. سەرلەبەری ئەم فاکتەرانە یارمەتیدەربوون بۆ ئاراســـتەکردنی وزە و توانـــای فیکـــری و حەز و خواســـتی وڵاتانـــی لەحاڵـــی گەشـــە، لەبارودۆخـــی خوجێیی خۆیانەوە بەرەو کۆمەڵگەی هزریی نێونەتەوەیی و زانستی.

یارمەتییەکانـــی ئەمریکا بـــۆ زانکۆکانی وڵاتانی دەرەوە، هەوڵێک بوون بۆ سڕینەوەی سیاســـەت لە ڕەهەندەکانـــی خوێندنی باڵا. بنیاتنانـــی زانکۆ تەکنیکییـــەکان لە وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا، گەواهیدەری ئەم ئاراســـتە و هەڵوێستەیە. (بڕوانە Myers 1968).

ئەم ناوەندی فێربوونانە بۆ ڕکابەریی زانکۆ نیشتمانییەکان ســـەریان هەڵداوە. پاساوێک کە بـــۆ پەرەپێدانی ئەم ناوەندە نوێیانە لەبری بردنەســـەری ئاستی زانکۆ نیشـــتمانییەکان خراوەتـــە ڕوو، بریتییە لـــەوەی کە بەرنامەی پـــەروەردە لەســـەر ئەساســـی تەکنیـــک و زانست لە فێرگە کۆنەکاندا جێبەجێ ناکرێ. ئەوەش گرنگـــە کە بزانین زانکـــۆ کۆنەکانی ئەمریـــکای لاتیـــن زۆربـــەی کات لەلایەن کەســـانی چەپگەراوە بەڕیوە بـــراوە و فێرگە نوێترەکان جۆرێک لە هاوسەنگی لە بەرانبەر کاریگەرێتیـــی ڕەوتی چەپ لە ســـەر ژیانی هزری و سیاسی ئەمریکای لاتین پێک دێنن. زانکۆ تەکنیکییەکان بۆ بەشـــی زانســـتەکان، جەختیان لەسەر بوونی بەرنامەی خوێندن و پەروەردەی داهێنەرانەتر دەکردەوە. هەروەها لە زۆر بواریشدا ڕێکخراوەیەکی ئەکادێمیکی ئەمریکاییان پێک هێناوە.

بە مەبەســـتی ئاســـانکاری بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکان و سیاســـەتی ئەمریـــکا، مۆدێلە دیاریکراوەکانـــی خوێندنی بـــاڵا و چەندین بەرنامـــەی جۆراوجۆر لە بـــواری داراییەوە پشتیوانی دەکرێ. ستایلی ئەمریکایی کە بە بەرنامەی خوێندنـــی «کۆلیجەکانی زەمینی بەخشـــراو» ناســـراوە، لـــە چەندیـــن وڵاتی لەحاڵی گەشـــەدا جێبەجێ کراوە، لەوانە لە هیندووســـتان، نایجیریا، ئەندۆنیزیا و چەند وڵاتی ئەمریکای باشوور. ئەم زانکۆیانە لەسەر ئەساســـی پیوەندیی نزیکی نیوان دەوڵەت و زانکۆ و بەرانبەر بە نەریتە ئەکادێمیکییەکانی سەربەخۆمانەوە، لە برێک لە وڵاتانی لەحاڵی گەشـــەدا دامەزراون. هەڵبـــەت لەوانەیە ئەم مۆدێلە لەبار و شـــیاو بێ بۆ وڵاتانی لەحاڵی گەشـــە، هەرچەند لە ڕاســـتیدا سەرکەوتوو بوونـــی ئـــەو زانکۆیانە کە بە پێی ســـتایلی زەمینی بەخشراو لە چەند وڵاتێکدا دامەزراون،

لانیکەم بەهۆی ئەو پارە و یارمەتییە تەکنیکییانەوەیە کە پێشکەشی ئەم ستایلی خوێندنە دەکرێ.

ئاکامی بەرنامە و سیاسەتی ئەمریکایی تا ڕادەیەک لە سیاسەتی کۆلۆنیالی بەریتانی لە سەدەی نۆزدە دەچێ و تێیدا ناوەندەکانی فێرکردن لە وڵاتی ناوەند هەناردەی وڵاتانی لەحاڵی گەشە دەکرێ و زۆربەی کاتەکان لە خوار ئاستی ستانداردە ناوخۆییەکانەوە بووە و بڕێ کاتیش بێ هاوئاهەنگی و گونجان لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆییدا.

وڵاتە پێشکەوتووەکان لە بواری بردنەسەری ئاستی دیاریکراوی نەزم و نەسەقی ئەکادێمێک و پسپۆرییەکاندا و هەروەها لە تەرکیز لەسەر ئەو دیدگا و تێڕوانینەی هاندەری کەسانی بەخشندە و یارمەتیدەرە، چالاکن. ئەنستیتۆیەکی لێکۆڵینەوەی ئەمریکایی لە هیندووستان بە یارمەتییەکانی ئەمریکا دامەزراوە، کە خاوەنی ژۆرناڵێکی زانستییە و تێیدا کەسانی ئەکادێمیکی هیندی بۆیان هەیە لەسەر بابەتگەلی پەیوەست بە ئەمریکا نووسینەکانیان بڵاو بکەنەوە. ئەم ڕێکخراوەیە بێ ئەوەی پەیوەندیی بە مودیڕنیزەکردنی هیندەوە هەبێ، هەوڵی ئەوە دەدا لە درێژماوەدا تاقمێک پسپۆڕی هیندی بەرهەم بێنێ کە دڵخواز و دابینکەری خواست و ئامانجی ئەمریکاییەکان بن و پێدەچێ بە شێوەیەکی پیشەییانە گرێدراوی ئەو خواستەش بن.[۲]

سەیر نییە کە پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو و وڵاتانی لەحاڵی گەشەدا لە زۆر بابەت و زەمینەدا نایەکسانن. کارتێکەریی وڵاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو بەکۆتاییی سەردەمی نەریتیی کۆلۆنیالیزم کۆتایی نایە و یەکێکە لە ڕاستییە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی جیهانیی وڵاتانی لەحاڵی گەشە. سەرەڕای سروشتی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگری ئەم ڕاستییە، زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان کە لەسەر تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی، ئابووری و پەروەردەییەکانی جیهانی سێیەم ئەنجام دراوە، ئەم ڕەهەندە سەرەکییەی بارودۆخەکەیان لەبەرچاو نەگرتووە.

ناکرێ گەشبین بین کە کۆلۆنیالیزمی نوێ لە هەر بوارێکدا دەستبەجێ کۆتایی پێ بێ، بەتایبەت لە ڕووی پەروەردەوە. وەک دەبینین بۆشاییی زانستی و پەروەردەیی نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و لەحاڵی گەشە لە زیادبووندایە...

تەنها کاتێک کە تێگەیشتنێکی تەواو لەمەڕ نیۆکۆلۆنیالیزمی مودیڕن لە زۆربەی لایەنەکاندا وەدی بێ، شێوازی زاڵبوونی ڕۆژاوا بەسەر ڕۆژهەڵاتدا دەگۆڕدرێ بۆ ڕێکخستنێکی دادپەروەرانەتر لە دنیایەکی سەربەخۆدا.

*. Philip G. Altbach. “Education and Neocolonialism.” In The Post-Colonial Studies: Reader. Edited by Bill Ashcroft, Gareth Griffiths and Helen Tiffin. 452-56 (London: Routledge, 1995).
Philip G. Altbach, Former professor at Boston College, and the founding director of the Boston College Center for International Higher Education, USA.

## یادداشتەکان

١. لە سینگاپوور کە زۆربەی نوخبەی حاکمی ئەو وڵاتە لەو چینییانە پێکهاتووە کە بە ستایلی بەریتانی خوێندوویانە، سەرۆکوەزیرانی سەردەمی دوای سەربەخۆیی، لی کوان یو، فەرمانی دەرکرد کە ئەندامانی حکوومەت دەبێ فێری زمانی چینی بن. لی کە خۆی دەرچووی زانکۆیەکی بەریتانییە، خۆی فێری زمانی چینی کرد بۆوەی بتوانێ لەگەڵ خەڵکەکەی پەیوەندی بگرێ.

٢. تەنها ئەمریکاییەکان نەبوون کە لە دەرەوەی وڵات، هەوڵی پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەیان دا لەسەر وڵاتی خۆیان. هەروەها یەکیەتیی سۆڤیەتیش لە دێلهی و وڵاتانی دیکەی لەحاڵی گەشە، پارەی بۆ دامەزراندنی دێپارتمێنتی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووسیا تەرخان کردووە. دەوڵەتانی ئاڵمان و فەڕانسەش یارمەتیی داراییان داوە بۆ بواری پەروەردەی مامۆستا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زمان و فەرهەنگی ئاڵمانی و فەڕەنسەیی و دابین کردنی پارە بۆ سەردانی مامۆستاکان بۆ زانکۆکانی وڵاتانی پێشکەوتوو. هەرچەند ئەم بەرنامانە لەڕووی دیپلۆماسی و سیاسەتەوە گرنگ نین، بەڵام لە وڵاتانی لەحاڵی گەشەدا، کەسانێک بەرهەم دێنێ کە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ وڵاتێکی دیاریکراوی داگیرکەردەبێ.

# به کەمینەکردنی ئەوانی دیکە:

## ستراتێژیی قەومگەرای یەکدەستکردنی دەوڵەتی ئێران*

ئەحمەد محەمەدپور و کەماڵ سلێمانی
و.کەیوان فاتحی

## پوختە

هەرلە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەت نەتەوەی- مۆدێرن لە ئێراندا، دەوڵەت، کوردەکان و خەباتی سیاسیی ئەوان بۆ مانەوەی خۆیانی وەکوو هەڕەشەیەک لەسەر یەکپارچەیی خۆی لەقەڵەم داوە. پاش شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ـ کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی بە چنگەوە گرت ـ دەوڵەت سیاسەتی ئەمنیەتیکردنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (هەروەها کە بە ڕۆژهەڵاتیش دەناسرێ) چڕ و بەربڵاوتر کردووە. بەم پێیە، ئەم وتارە شیکردنەوەیەکە بۆ ستراتیژیی دژەکوردی کۆماری ئیسلامی کە دەستبەجێ پاش شۆڕش دەست پێ دەکات. دەکرێ ئەو سیاسەتانە بە باشترین شێوە بێبەشییە نارەواکان نمایش بکەن و لەخۆبگرن. لەم بیاڤە سیاسییەدا، کوردەکان ڕۆژانە ڕووبەڕووی بەرگری و پاراستنی شوناسی خۆیان بوونەتەوە. ئەم وتارە تیشک دەخاتە سەر بنەمای ستراتیژیی یەکدەستکردنی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە لە ڕێگەی میلیتاریزەکردن، بەکەمینە لەقەڵەمدان، زاڵکردنی فەرهەنگی و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکەوە بنیاد نراوە.

## وشە کلیلییەکان

ڕۆژهەڵات؛ بەکەمینە لەقەڵەمدان، ملیتاریزەکردن؛ کولۆنیالیزمی ناوخۆیی؛ گۆڕینی فەرهەنگی؛ لەدواکەوتوویدا ڕاگرتن؛ ئێران

## پێشەکی

بە ئیلهام وەرگرتن لە ئەزموونی ژیانی خۆمان لە ژێر فەرمانڕەواییی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، (لەمە و بە دواوە IRI) و خستنە ڕووی زانیاریی دەستی یەک و بەربڵاو لەبارەی قەوم ناسییەوە، کە لە ڕێگەی تەکنیکی بینینی بەشداربووان، چاوپێکەوتنەکان و ئارشیڤەوە پێکهاتووە، ئەم لێکۆڵینەوەیە فۆڕمە جیاوازەکانی توندوتیژی نواندن و بە زەبر ئاسیمیلەکردنی کوردەکان بە دەستی دەزگا دەوڵەتییەکانی ئێران، تاوتوێ دەکات. ئێمە هیواداریـن بە ناساندنی ڕاستەخۆی ئەم پرۆسانە، کارتێکەرییەکان و هەروەها ئەو ڕێگایانەی کە کوردەکان وەکوو هەوڵێک بۆ بەرگریکرن لە بەرانبەر ئەواندا لە خۆیان نیشانداوە، بخەینە ڕوو.

ئێمە لەم وتارەدا، کوردەکان وەکوو کۆمەڵگەیەکی کۆلۆنیکراوی ناوخۆیی و ژێردەستە لە لایەن دەوڵەتی فەرمانڕەوای فارسی شیعەوە پێناسە دەکەین.[١] لێکۆڵینەوەکەی ئێمە، سوودی لەو بەرهەم و لێکۆڵینەوانە وەرگرتووە کە لەلایەن بیرمەندانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسییەوە سەرلەنوێ سەرنجیان خستووەتەوە سەر چەمکی حاکمییەت.[٢] کە واتە، لە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەدا، حوکمڕانیی ئێرانییەکان کۆمەڵگەکەی دابەش کردووە بە سەر سەردەستە و ژێردەستەدا، کە کوردەکان لە دەستەبەندیی دووهەمدا جێ دەگرن. ئێمە لەسەر کەیسی ڕۆژهەڵات،[٣] بە هۆکاری ناوەرۆکی هاوبەش، بەڵگە دەخەینەڕوو، کە ڕەهەندێکی نوێ لە باردۆخێکی ناوازە نیشان دەدات کە لەودا یاساکان،[٤] زۆربەی هەرە زۆریان بە هەڵواسراوی ماونەتەوە لە بەر ئەوەی کوردەکان لە ڕووی قەومی و (بەشێکی زۆریشیان لە ڕووی) ئایینەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی فەرمانڕەواییی فارسی ـ شیعیدا، جیاوازن. لە چوار دەیەی ڕابردوودا، ژیان لە ژێر دۆخێکی ناوازەی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و ئابووری لە ڕۆژهەڵاتدا ماوەتەوە، شوێنێک کە ڕێژیمی ئیسلامی، کردوویەتە ناوچە و زۆنێکی ئەمنیەتی. ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوێنگەی هەوڵی بێ وچان بووە بۆ سەربەخۆیی سیاسی لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا.[٥] بەم پێیە، بە هۆکاری جۆراوجۆر، مێژووی سیاسیی ڕۆژهەڵات لە بواری لێکۆڵینەوە لە ئێراندا بە شێوەیەکی

مەبەستدار پشتگوێ خراوە. گرینگترین هۆکار، سیاسەتی چاوەدێریکردنی دەوڵەتە لەسەر هەر چەشنە لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی کۆمەڵگەی کوردی و سزادانی ئەو لێکۆڵەرانەیە کە لەسەر ئەم بابەتە دەنوسن. ڕەنگە هەر لە بەر ئەم هۆکارە بێ کە بوورسی خوێندنی فارسەکان لەسەر کورد لە ڕووی ئامارییەوە لە ڕۆژهەڵات لە لایەن کارمەندانی پێشووی ئەمنیەتییەوە بەرهەم دێ کە ئەمەش بە باشی دەرخەری ڕوانگەیەکی ئەمنیەتییە.

سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێران لە هەمبەر کوردەکان- بە بەراوەرد لەگەڵ سووریە و تورکیە- بە باشترین شێوە لە ستراتێژییەکی نارووندا خۆ دەنوێنێ کە هاوکات ئیعترافیان پێ دەکات، ڕەدیان دەکاتەوە و تێدەکۆشی ئاسیمیلەیان بکات. لەم پلانە تۆکمە سەیروسەمەرەیەدا، کوردەکان وەکوو ئێرانی لەقەڵەم دەدرێن، بەڵام شوناسی دیاریکراوی ئەوان ڕەد کراوەتەوە: ئەمان لە ڕووی یاسای بنەڕەتییەوە لە دەسەڵاتی سیاسی بێبەش کراون، پشکی ئەمانی پشتگوێخراو لە دەسەڵات، لە ناو قەوم-نەتەوەی سەردەستدایە و کراونەتە یەکەم قوربانی بۆ پەرەپێدانی دەوڵەتێکی تاکلایەنەی قەومی-مەزهەبی. ستراتێژیی دەوڵەت بۆ ئاسیمیلەکردنی ڕۆژهەڵات، هاوشێوەی سیاسەتی کۆلۆنیی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانە، کە بە درێژاییی سەپاندنی داگیرکاریی ڕۆژئاوایی لەسەر کۆمەڵگەی دەورەبەر وەکوو خەڵکی خۆجێیی لە ئافریقا و ئامریکای لاتین پەیڕەو کراوە. سیاسەتی ستەمکاری و ئاسیمیلەکردنی دەوڵەت لە هەمبەر نافارسەکان، یەکەمجار لە لایەن خانەدانی پەهلەوی لە ساڵەکانی (١٩٢٥- ١٩٧٩) بەڕێوە براوە. بەڵام، ئێمە لێرە، بە دیاریکراوی فۆکووس دەخەینە سەرقۆناخی پاش شۆڕشی ئێران، جێگایەک کە تێڕوانینی ناسیۆنالیستیی پەهلەوی، لە شیعەی ئیمامی زەمانیدا لە قاڵب دراوە و شێوەیەکی نوێی لە تێگەیشتن و پابەندبوون بە «میللەت» لێ کەوتووەتەوە. لەم ڕووەوە، پاش چاوپێداخشاندنەوەیەکی گشتیی مێژوویی لەسەر ڕەوتە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان لە سەردەمی خانەدانی پەهلەویدا، ئێمە فۆکووس دەخەینە سەر سیاسەتەکانی دەوڵەت لە پاش شۆڕش و چۆنیەتیی کارتێکەریی وەها سیاسەتگەلێک لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی- فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتدا. لەم وتارەدا شیکاری بۆ ملیتاریزە کردنی کوردستان لە ڕێگەی دروستکردنی جاش و ئەو کەلێن و خەسارە قەرەبوو نەکراوە دەستەجەمعییانە دەکەین کە دەوڵەت لە کوردستاندا پێکی هێناوە.[۶]

هەر بەو شێوەیە کە لەم وتارەدا دێتە بەرباس، دەوڵەت و بژاردەی فارس، ئاخێو(دیسکۆرس)ی هێژمونیک لەسەر بنەمای بەهەرەشە زانینی قەوم-نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی وەکوو کورد، پەرەپێدەدەن. ڕاسموس کریستین ئەڵینگ، نووسەری کەمینەکان لە ئێراندا، ئەو هەقیقەتەی خستووەتە ڕوو، «لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ .. بانگەشەی پەیوەندیدار بە شوناسی قەومی و داخوازی مافی کەمینەکان، ڕۆشنبیرانی ئەکادێمیک و بژاردەی سەردەست لە ئێراندا بە ترس و دڵەڕاوکێوە دژکردەوە نیشان دەدەن».[۷] بیروبۆچوونی ئەڵینگ لە لایەن کەمینەیەک لە لێکۆڵەرانی فارسەوە وەکوومستەفا وەزیری[۸]، مێهرداد بروجردی،[۹] عەلیڕەزا ئەسغەرزادە،[۱۰] ڕەزا زیا- ئیبراهیمی،[۱۱] و ئەفشین مەتین عەسگەری پشتڕاست کراوەتەوە.[۱۲] مێهرداد بروجێردی، ڕەخنە لە ڕێڕەوی بنەڕەتیی ئاخێوی ناسیۆنالیزمی ئێرانی دەگرێ و بانگەشە دەکات کە بژاردە و ئێلیتی فکری و سیاسیی ئێران بوونەتەوە قوربانیی پێناسەیەکی مێژوویی لە شوناسی بڕواپێکراوی ئێرانیدا.[۱۳] بە داخەوە، خودی بروجێردیش بووەتە قوربانیی پێناسەکردنی شوناسی فارسی وەکوو

شوناسـێکی جیهانی و لەقەڵەمدانی شوناسە نافارسەکان وەکوو « تایبەتمەندیی خێڵەکی». بروجێردی بە بەردەوامی بەرگری لە تێکدانی دەستەواژەی تایبەتمەندیی خۆبوون لە لایەن ڕەزاشـاوە دەکات. ئـەو وەهـا وێرانکارییەک بە بارودۆخێکی پێویسـت بۆ «چەسـپاندنی یاسـا ونەزم» دەزانێ یان ئەوەی لە ڕوانگەی نافارسـەکانەوە بە زاڵ بوونی کۆلۆنیالی فارس لەقەڵەم دەدرێ.[۱۴]

## لەدایکبوونـی ناسـیۆنالیزمی فـارس و ئەوانی دیکە

بۆ باشتر تێگەیشتن لە بنەمای دینامیکی ئەم یاسـایە کە لەم ڕێگەیەوە ستراتێژیی دەوڵەت بۆ ئاسـیمیلەکردنی ڕۆژهەڵات بەڕێوە دەچێ، پێویسـتە بـە کورتی ئاوڕێک لـەوەی کە لە ئێران پێـی دەگوترێ «سیاسـەتی مۆدێڕن»، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە لایەن دەوڵەتـی پەهلەوییەوە دامەزرا و سـەپێندرا، بدەینەوە.

لە ڕاستییدا سەرچاوەی فکری سیاسەتی مۆدێڕن لە قۆناخی گفتوگۆی ڕۆشـنبیرانە لە ناو ڕۆشنبیرانی فارسدا، بە ئیلهام وەرگرتن لە مەعریفە ومۆدێلی ئورووپای ناوەندی وهەروەها بیرۆکەی سـازکردنی نەتەوە، هاتـە کایەوە. ئامانجی ڕۆشـنبیرانی ئێرانی، گێڕانەوەیەکی خەیاڵییە لە «شکۆمەندیی ڕابردووی ئێران» کە لە ڕواڵەتدا پاش چەند سەدە زاڵبوونی عەرەب/ئیسلام لەکەدار ببوو وهەروەها یەکخستنەوەی وڵاتێکی دەستکرد کە پێشـتر بوونی نەبووە. ڕۆشنبیرانی ئێرانی بە وەرگرتنی کاپیتالیزمی مۆدێڕن، دەستیان دایە دارشتنی سیاسەتێک بۆ سیمبولیزەکردنی زمانی فارسی و نفوزێکی لە ڕادەبەدەری ئیسـلامی شـیعی. گەیشتنی ڕەزاشا بە دەسەڵات بە دروشمی، «یەک نەتەوە، یـەک زمان و یەک وڵات»، بواری سیاسـیی بۆ بەدەسـتهێنانی ئەو شتانەی کە ڕۆشنبیرانی ئێرانی چەندیـن دەیە خەونیان پێوە دەبینی، فەراهەم کـرد. ئاخێوی فەرهەنگیی ڕەزاشـا لەو قۆناغەدا ڕیشەکێشـکردنی شێوازی ژیانی سوننەتی و ئاسیمیلەکردنی قەوم/نەتەوەکانی دیکە بوو. ڕەزاشـا بـۆ پیادەکردنـی نەزم و سیاسـەتە مۆدێڕنەکانـی خۆی، پـەرەی بە ئەرتەشێکی نوێ دا و بروکراسییەکی بەربڵاوی لە سەرتاسـەری ئێراندا، دامەزراند. ڕەزاشـا بـێ بەزەییانە لە ڕێـی کەمپەینی نیزامی و سیاسـییەوە بە زۆرداری خێڵەکانی لەناوبرد، زمانی فارسـیی کردە زمانی فەرمی، پۆشینی جلوبەرگی دیـاری کرد، حیجابـی هەڵگرت و هەر چەشـنە بەرگرییەکیشـی لە هەمبەر فەرمانڕەواییەکەیـدا سـەرکوت کرد. ئەو لە ماوەی کەمتر لە دەیەیەکدا توانی دەسـەڵاتی خۆی بچەسـپێنێ و دەسـەڵاتی دادوەری و هێندێک لە دامەزراوە فێرکارییەکان لە دەستی ڕۆحانییەت دەربێنێ. پرۆژەی ناسیۆنالیستیی پەهلەوی کە لـە بازنەی سـتانداریزەکردنی فەرهەنگ و مێژوودا دەسوڕایەوە، ئامانجەکەی ئەوە بوو کە بە تەواوی شوناسـە نافارسەکان بسـڕێتەوە، یان سـەرلەنوێ بە شـێوەیەک پێناسەی بکاتەوە کە لەگەڵ فارستەوەربوون و «شوناسی میللی»دا یەک بگرێتەوە. بەهەرحاڵ، لە نێوان سـاڵەکانی ۱۹۲۰ تاکوو ۱۹۴۰ ئەم سیاسـەتگەلە، لـە کوردسـتاندا ڕووبەڕووی بەرگریی سیاسـی بوونەوە، بۆ وێنە شۆڕشـی سیاسیی سمایل ئاغای سـمکۆ لە (۱۹۳۰–۱۹۱۹)، مەلا خەلیل[۱۵] (۱۹۲۸) ئەمەر حەمە سـوور[۱۶] (۱۹۳۹) کۆمەڵەی ژیانەوە(۱۹۴۲). کۆمارە کەم تەمەنەکەی کوردستان لە مهاباد لە سـاڵی ۱۹۴۵، پاش ئەو شۆڕشانە، بە هۆی لاوازیـی لە ڕادەبـەدەری دەسـەڵاتی تاران لە سـەردەمی شـەڕی دووهەمی جیهانیدا، دامـەزرا.[۱۷] ئـەم شۆڕشـانە بە مەبەسـتی بەربەرەکانـێ لەگـەڵ زاڵبوونـی ئاخێـوی ناسیۆنالیستیی فارسی و لە پێناو سەرخۆبوونی کوردسـتان و زینـدوو ڕاگرتنـی فەرهەنگ و شوناسـی کـورد، بەڕێوە چـوون. هەروەها

پێویســـته ئاماژەی پێ بکرێ کـــە ئازربایجان و خوزســـتانیش شێوەیەک لە خۆبەڕێوەبەریی دڵخوازی خۆیان وەکوو نموونەیەکی مێژوویی لە خۆ نیشـــان داوە. سیاســـەتە مودێڕنەکانی دەوڵـــەت لـــە ســـەردەمی محەممەدڕەزاشـــا (١٩٤١- ١٩٧٩) کە پێشتر داڕێژرابوو، لەسەر ڕێـــڕەوەی بابی بـــەردەوام بوو بە مەبەســـتی بردنەپێشی ناسیۆنالیزمی پاوانخوازانەی فارس بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناوەندگەرای بەهێز. لووتکەی سیاســـەتەکانی محەممەدڕەزاشا لە شۆڕشی سپی لە ساڵی (١٩٦٣) دەرکەوت کە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی لە ســـەرەوە بۆ خوارەوە پێکهێنـــا، لە هەموان گرینگتر ریفۆرمی زەوی و مافـــی دەنگدانی ژنان بـــوو. ڕیفۆرمی زەوی لە ســـاڵی ١٩٦٣دەســـتی پێ کـــرد و تاکوو ساڵی ١٩٧٨ درێژەی کێشـــا، کە لە ڕواڵەتدا بە مەبەستی مایەپووچ کردنی ئەو گرووپانەی کە دەوڵەت پێی وا بوو بەربەســـتن لە بەردەم گۆڕانکاری لە ئێراندا، بەڕێوە چوو.[١٨] سەرەڕای کەموکۆڕیی جۆراوجۆر لـــە ڕیفۆرمی زەوییدا، لە هێندێک لە ناوچەکاندا گۆڕانکاری بە سەر پەیوەندیـــی کۆمەڵایەتی- ئابووریی پێشـــوو لە نێـــوان توێژی خاوەن موڵکـــە گەورەکان و وەرزێڕانـــدا هێنـــا ئـــاراوە. ڕیفۆرمی زەوی تـــا ڕادەیـــەک ڕەوتـــی دستبەســـەرداگرتنی درێژخایەنی بەرهەمهێنانی، لە ڕێگەی دووبارە دابەشـــکردنەوەی زەوی لـــە نـــاو وەرزێڕاندا، چارەسەر کرد. بەڵام، خۆشبەختانە دەسکەوتی بنەڕەتیی دەوڵـــەت لە ڕیفۆرم، جێخســـتنی هەیمەنـــەی توێـــژی خـــاوەن زەوی لەگەڵ دەوڵـــەت، بـــووە هـــۆکاری شارنشـــینییەکی لەڕادەبەدەر.[١٩]

لە ســـەردەمی پەهلەویدا مۆدێڕنیزەکردن لە ســـەرەوە بۆ خوارەوە، ناوچە گوندییەکانی کوردســـتانی لـــە ڕووی ئابوورییـــەوە لـــە دواکەوتوییدا هێشتەوە، لە کاتێکدا ژیانی شاری بە خێرایی گەشەی دەکرد. کاتێک کە دەوڵەت دەســـەڵاتی خۆی لە کوردستاندا دەچەسپاند، بەرگریی سیاســـیی کورد بووە بیانوویەک بە دەســـتی دەوڵەتەوە، بۆ بێبەشکردنی ناوچەکە و بەڕێوەبردنـــی سیاســـەتی لەدواکەوتوویدا ڕاگرتن. ســـەردەمانیک پێکهاتـــەی ئابووریی کوردستان لە ڕێگەی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە لەســـەر پێی خۆی بوو، بەڵام ئابووریی شـــار لە ئاســـتێکی چووکەتردا جێگـــەی گرتەوە و خەڵکـــی لادێکانیـــش بە ڕادەیەکـــی بەرچاو وابەســـتەی بوون. بە تێکچوونی دوو بنەمای ســـەرەکیی پێکهاتەی ئابووری واتە ئاژەڵداری و کشـــتوکاڵ و نەبوونـــی هیـــچ ئاڵترناتیوێک وەکـــوو بازرگانـــی و پیشەســـازی، ئابووریی کوردستان زیاتر گرێدراوی بەشی پێراگەیشتن (خەدەمـــات) و ئیـــداری بوو. بـــە درێژاییی فەرمانڕەواییی پەهلەوی، خەباتی کوردەکان بۆ مافی فەرهەنگی و سیاسیی خۆیان، بە توندی لەگەڵ دژکردەوەی نیزامی، گۆڕینی فەرهەنگی و لەدواکەوتوویـــدا ڕاگرتنی ئابووری، بەرەوڕوو بووەوە، پرۆســـەیەک کە عەباس وەلی وەکوو» دیالیکتـــی نکۆڵیکـــردن و بەربەرەکانێ» ناوی دەبـــات.[٢٠] ئەو ناســـیۆنالیزمەی کە دەوڵەت سپونسەریی دەکرد، بە پشتیوانیی ڕۆشنبیرانی ئێران، ئاخێـــوی ناوەندگەرایانـــەی دامەزراند و هەرچەشـــنە تێگەیشـــتنێکی لۆکاڵـــی لە شوناســـی وەکوو هەڕەشەیەکی بەربڵاو لەسەر یەکپارچەییی میلیی ئێران لە قەڵەم دەدا. وەها پلەبەندییەک، لەســـەر بنەمای فارس تەوەری بۆ بەرەوپێشـــچوون، پێگەیەکی بنەڕەتیی لە بارەی بابەتی مۆدێڕنیزە کردن و گەشـــەوە لە خۆگرتبـــوو و بە بەربڵاوی لە پاش شۆڕشـــی ١٩٧٩ درێژەی هەبووە. پێچەوانەی خانەدانی پەهلـــەوی لـــە بەرەوپێشـــبردنی پارادایمی ناسیۆنالیســـتی دژی ڕۆحانییـــەت، کۆمـــاری ئیسلامی فۆرمێکی ناسیۆنالیستیی مەزهەبیی نێزیک لە شـــیعیزمی پەیڕەو کرد کە لەگەڵ میراتـــی دەوڵەتی ســـەفەویدا یەکدەگرێتەوە. لەکۆتاییـــی ســـەدەی نۆزدەهـــەم بەمـــلاوە، مۆدێڕنیتـــە ناکۆکیـــی نێوان ناســـیۆنالیزمی

مەزهەبی و ناسیۆنالیزمێکی فارسی (کە تا ڕادەیەک سێکۆلار بوو)ی خستە ڕوو. هەر دوو لا تێکۆشان کە بە شوناسی مۆدێرنی «میللی» بناسرێن. ئاخێوی پاش شۆڕش، بەرنامەی مۆدێرنیزەکردنی پەهلەوی بە گشتی وەکوو بەشێک یان هێرشێکی فەرهەنگی و هێژمونیی ڕۆژئاوایی لەقەڵەم دەدات، کە لەمێژ بوو برەوی بە شێوازی ژیانی ڕۆژئاوایی وەکوو پەروەردەی سێکۆلار، لایەنگری لە خۆشی و سەرگەرمی، خواردنەوە، تێکەڵاویی ڕەگەزەکان و گرینگتر لە هەمووی بێ حیجابیی ژنان داوە.[٢١] لە دەیەی ١٩٦٠، ڕۆشنبیرگەلێکی وەک جەلال ئال ئەحمەد لە لێکدانەوەکانی خۆی لەسەر دژەڕۆژئاوایی بوون، بنەمای وەها تێڕوانینێکی بەرچاوتەنگانە و پیلانگێڕیی لە بارەی ڕۆژئاوایی بوونەوە، خستووەتە ڕوو. دەستەواژەی عیرفانی وەکوو «ئیستکباری جیهانی» و جیهانخۆر، بووە موتیڤێکی دووبارە بەکارهێنراو لە لایەن ئایەتوڵلا خومەینییەوە. دەستەواژەیەکی دیکەی وەکوو، دەسەڵاتی تاغوتی یان بتپەرەستی لە نووسینی عەلی شەریعەتی، ئیدئۆلۆگی شۆڕشی ئیسلامی، بوو بە هاوارێک بۆ نارەزایەتی دەربڕین. ئەو، ڕیشەکێشکردنی تاغووت، لە ناو بردنی زوڵم و زۆر و کۆتایی هێنان بە خۆڕێکخستن لەگەڵ بایەخە ژۆرئاواییەکانی، ڕێکخستەوە. خومەینی بە پشتئەستووری لە میراتی هەزارەی شیعەی ئێرانی، خۆی وەکوو ئیمام (ڕێبەری ئایینی) لەقەڵەم دا. ئەو شای وەکوو دەسەڵاتێکی فیرعەونی و ئیلیتی کۆنی وەکوو بتپەرەست و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاشی وەکوو شەیتانی گەورە، وەک گەورەترین دوژمنی ئایدۆلۆژیی خۆی ناساند.[٢٢] ئەو ئیلهامبەخشی نەسڵێک لە ناسیۆنالیزمی مەزهەبی بوو کە شای بە هۆکاری سیاسەتی فەرهەنگیی خۆی لە ڕاستای ناسیۆنالیسمی ئێرانی و خۆشخزمەتی بە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و نفوزی سیاسی و فەرهەنگیی ئەوان لە وڵاتدا، بردە ژێر پرسیارەوە.[٢٣] لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، ئێران پاش شۆڕش نیشانەی گۆڕینی پارادایمی لە کورشی کەبیرەوە (٥٣٠ پێش زایین) واتە دالی سەرەکیی ئێرانی باستان بۆ ئیمام حوسێن (٦٢٦- ٦٨٠ زایینی) سێهەمین ئیمامی شیعەکان، بە تایبەتی بە هەوڵی ئیدۆلۆگەکانی وەکوو شەریعەتی گۆڕی و بوو بە سیمبولی هاوچەرخی شیعەکان. بەم حاڵەشەوە، ئەم گۆڕانکارییە، تێڕوانینی ناسیۆنالیستانە و بەکارهێنانی دینی لە خزمەتی دەوڵەت- نەتەوەدا، پاراست.[٢٤] لە ڕێگەی دامەزراندنی دامەزراوەیەکی نوێوە، کۆماری ئیسلامی، ئیسلامی بە نەتەوەیی کرد و ئایەتوڵڵا خومەینی پێگەی نوێی ویلایەتی فەقیهی بە دەستەوە گرت. خومەینیش وەکوو پێشینە سێکۆلارە نیزامییەکانی خۆی، جەختی لەسەر پێویستیی یەکانگیریی دەوڵەت-میللەت کردەوە، تەنانەت ئەگەرلە ڕێگەی توندوتیژی نواندن و بەکارهێنانی هێزیشەوە بێ. پاش شۆڕش، ئێران شاهیدی گۆڕینی پارادایمی ناسیۆنالیزمی ئاراستە کراوی سێکۆلار بەرەوە مەزهەبی بوو. نوخبە نوێیە سیاسییەکان، دەستیان دایە لەنێوبردنی هەموو جووڵانەوە و ئەو ڕەخنەگرە سیاسییانەی کە بۆ دابینبوونی مافی قەومی-فەرهەنگیی نافارسەکان تێدەکوشان. کوردەکان کە بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری شۆڕش بوون، لە بەرئەنجامدا لە مافی زمانی، شوناس و ئایینی خۆیان(کوردە سوننەکان) بێبەش کران. پارتە سیاسییە چەپەکان کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە خەباتی سیاسی و نیزامی دژی پەهلەوی گێڕا بە شێوەیەکی هۆڤانییانە لە بیاڤی کۆمەڵایەتی-سیاسی حەزف کران. دامەزراوەی نوێی دامەزراو بە ڕێبەریی مەلاکان، دەستیان دایە پاکسازیکردنی ئەو شتانەی کە پێشتر وەکوو مانەوەی تاغووت، وێنا دەکران. دروشمی نە غەربی و نە شەرقی کە لە لایەن مەزهەبی و شۆڕشییەکانەوە دەگوترایەوە لە سەرتاسەری

ولاتدا بڵاو بووەوە.[٢٥]

## ڕێژیمی نوێ و ڕۆژهەڵات پاش شۆڕش

لە گەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٩٧٩، کوردەکان و هەر دوو پارتە سەرەکییە سیاسییەکەیان: حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران(KDPI)[٢٦] و سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کە وەکوو سازمانی کۆمەڵەش دەناسرێ) تێکۆشان لە ڕێگەی هەیئەتی نوێنەرانی خەڵکی کوردەوە لەگەڵ دەوڵەتی کاتیدا وتوویژ بکەن. بە ڕێبەریی شێخ عێزەدین حوسەینی[٢٧] نوێنەرانی کورد پێکهاتوو لە فیداییانی خەڵق شاخەی کوردستان، ئەحمەد مفتی زادە (ئایینداریکی ناسراوی سوننەی کورد) وێرای چەندین کەسایەتیی ناسراوی دیکە لەگەڵ بوون بۆ وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت.[٢٨] شکەستی وتوویژ لە نێوان دەوڵەتی کاتی و گرووپی نوێنەرانی کورددا، بووە هۆی دەستپێکردنی یەک دەیە نائارامیی کۆمەڵایەتی- سیاسی و شەڕی پارتیزانی لە کوردستاندا لە دژی ڕێژیمی ئیسلامی کە زۆرتر لە لایەن حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە و برێک لە گرووپە چووکەکانی دیکەی کوردەوە بەڕیوە چوو. پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ کە لە سەرەتاوە، موجاهیدینی خەلق وبەشێکی بەرچاو لە چەپی ئێران پشتیوانییان لە خەباتی کورد کرد.[٢٩] ڕەنگە بۆ هێندێکیان تەنیا ڕوانینێکی تاکتیکی بێ کە سەرچاوەکەی بۆ دوژمنایەتیی دوولایەنە لەگەڵ دەوڵەتی نوێ بگەڕێتەوە. لەوانەیە بەشێکی دیکەیان ڕاستگۆیانە باوەڕیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد یان لانیکەم شێوەیەک لە سەربەخۆییی فیدراڵی هەبووبێ. کەمپەینی نیزامیگەری لە دژی کورد لە شەری سنە، ناسراو بە « نەورۆزی خوێناوی» لە سەری ساڵی نوێی ١٣٥٨ ( خاکەلێوە، ئاوریلی ١٩٧٩) لە نێوان هێزەکانی دەوڵەت لە لایەک و خەڵکی سڤیلی کورد لە لایەکی دیکەوە دەستی پێ کرد. لە ٢٣ی مارسی ١٩٧٩، شێخ عێزەدین، ئایینداریکی ناسراوی کورد، بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە کە لەویدا ڕایدەگەیەنێ نوێنەرانی خەڵکی کورد لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت بە ڕێبەریی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی لە بارەی ئاگربەس بۆ کۆتاییهێنان بە «شەڕی ناوخۆیی» ڕێک کەوتوون. لە٢١ی جوولای تاکوو ٤ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٧٩، کۆڕەوی مێژوویی مەریوان ڕوویدا. خەڵکی مەریوان بە ڕێبەریی شووڕای شار، خۆپیشاندانێکان لە دژی شەڕ وەڕێخست و لە ناو شاردا مانیان گرت. ئەم کەمپەینە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە لە شارەکانی وەکوو سنە، سەقز، بۆکان، بانە و مەهەباد، پشتیوانیی لێ کرا و خەڵک بە نیشاندانی هاوخەمی و یەکگرتن بەرەو مەریوان ڕێپێوانیان کرد.[٣٠] لە ١٩ی ئاگوستی ساڵی ١٩٧٩ خومەینی فەتوایەکی دەرکرد (لەرۆژنامەی کەیهاندا بڵاو کراوە) کە سەرکوت کردنی هەمەلایەنەی کوردەکانی ئێرانی لەخۆ گرت، فەرمانێک کە کوردەکانی ڕۆژهەڵات وەکوو» جیهاد لە دژی کوردەکان» ناوی دەبەن. خومەینی مانەوەی ئەرتەشی شای مسۆگەر کرد و سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی، وێڕای گرووپی مەرگ بە ڕێبەریی خەڵخاڵی (مەلای جەللاد، کە وەکوو دادوەری لەسێدارەدانەکانیش دەناسرێ) ڕەوانەی کوردستان کرد.[٣١] خومەینی بە مەحکومکردنی هەموو پارتە سیاسییەکان، بە شایستەی «لەداردانی» لەقەڵەم دان و جارێکی دیکە دروشمی «تەنیا یەک پارت بوونی هەیە، ئەویش پارتی خودایە»ی بۆ شوێنکەوتوانی خۆی - کە لە حەوتووەکانی پێشوتر لە تاراندا، هێرشیان کردبووە سەر گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکان- دووپات کردەوە. لە پاش ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی کوردەکان، سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر کوردستان دەست پێ کرد و

ئەو لەشکرکێشـــییە سێ مانگەیە بە مەبەستی پاکسازیی دژبەرانی کورد، بە تایبەتی لە سەقز و مهاباد و دواتریش پاوە، بانە و سەردەشتیشی لە خۆ گرت.[٣٢]داگیرکردنی مهاباد لە ئاگۆستی ١٩٧٩ نوێنگەی بەربـــڵاوی ئەو هۆڤانییەت و کۆمەڵکوژییە بوو، کاتێک کە ئەرتەش شـــاری گەمارۆ دا و فرۆکەی شەرکەری F-۴ و تانک و تۆپخانـــەی بەکارهێنا. لـــە بەهاری ١٩٨٠، ئەبولحسەن بەنی سەدر، سەرۆککۆماری پێشوو و فەرمانـــدەی گشـــتیی هێـــزە نیزامییەکان، فەرمانی بە ئەرتەش دا تا پاکسازیی کوردستان، پۆتینەکانیـــان لە پێ دانەکەنن. پاش «فەتحی کوردستان» شەڕی چەکداری پەرەی سەند و کوردستان لە ساڵی ١٩٨٠ تاکوو ١٩٨٩ وەکوو تەنیـــا ناوچەیـــەک لە حاڵەتـــی بەرگرییەکی چالاکانەی پارتیزانانەدا، مایەوە. هێرش بۆ سەر کوردســـتان بـــە کۆمەڵکوژیـــی قارنێ لە ٢ی ســـبتامبری ١٩٧٩ و قەڵاتان لە ٢٦ی مارسی ١٩٨٠دا دەستی پێ کرد. ئەم کۆمەڵکوژییانە هەر بەو شـــێوەیە کە لە ڕاپۆرتی بەرپرســـانی فەرمیی دەوڵەت بـــۆ خومەینیدا، ئاماژەی پێ کراوە، بە مەبەســـتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەومی لە نێوان کوردە سوننەکان و تورکە شیعەکان لە ئوستانی ورمێدا ئەنجام دراوە.[٣٣-٣٤] شەڕی ئێران و ئێراق کە لە ساڵی ١٩٨٠ دەستی پێ کرد و تاکوو ١٩٨٨درێژەی کێشـــا، بە نۆرەی خۆی کوردســـتانی کردە یەکێک لە هێڵەکانی پێشـــەوەی ئەو شەڕە. پاش شـــەڕی ئێران و ئێراق، گرووپە کـــوردە دژبەرەکان، بە ناچاری بـــەرەو کوردســـتانی ئێراق پەڕینـــەوە. بوونی دژبەرانی کورد لە ســـنوورەکانی نێوان ئێران و ئێراق، وێڕای عەمەلیاتی نیزامیی جۆراوجۆری ئەوان، بووە پاســـاوهێنانەوەیەک بۆ ڕێژیم کە کوردســـتان زیاتـــر ملیتاریزە بـــکا و هەموو لایەنەکانی ژیـــان بخاتە ژێر چاوەدێرییەوە. بە زۆری چالاکییـــە مەدەنییەکانی کورد وەکوو بابەتێکی ئەمنیەتی ســـەیر دەکرێ و هەروەها سزادانی دەوڵەتی بە دواوەیە. داخرانی فەزای کۆمەڵایەتی- سیاســـی لە نێوان ســـاڵەکانی ١٩٨٠ تاکوو ســـەرەتا یـــان کۆتاییی ١٩٩٧ ڕێـــژەی ئـــەو کوردانەی بەزر کـــردەوە کە بە دڵخـــواز یان لە ڕووی ناچارییەوە پەیوەســـت بوون بە دامودەزگاکانی ڕێژیم لەم ناوچەیە. لە چـــوار دەیـــەی ڕابـــردوودا، هەوڵـــە سیستەماتیکەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی کوردەکان، هەڵگـــری هەندێک تایبەتمەندییە کە پێوندیدارە بە لایەنی سیاسییەوە. قۆناخی پەیوەندیی کوردەکان و دەوڵەت، کە لە ساڵی ١٩٧٩ تاکوو کۆتاییی شـــەڕی ئێران و ئێراق (لـــە جولای ١٩٨٨) درێژەی کێشـــا، دەکرێ فەزایەکی داخراوی سیاســـی و ستەمکاری بە مەبەســـتی لەناوبردنی «دوژمنانی شـــۆڕش» ببیندرێ.[٣٥] پاش مەرگی ئایەتوڵلا خومەینی لە ژوئەنـــی ١٩٨٩، خامەنەیـــی وەکوو وەلی فەقێ دیـــاری کرا و عەلی ئەکبەر هاشـــمی ڕفســـنجانی، بـــووە ســـەرۆککۆماری ئێران و ئەمەش وەکوو جمهوریی دووهەم هاتە بەرچاو. لـــە مـــاوەی ســـەرۆککۆماریی ئـــەودا، کـــە دەوڵەتەکـــەی بـــە دەورەی «بنیاتنانـــەوە و عەمەلگەرایی» ناسێندرا، ڕفسنجانی فۆکووسی کردە ســـەر پەرەپێدانی ئابووریی تاکلایەنەی- قەومـــی- ئایینی و بنیاتنانەوە لە پاش شـــەڕ. کۆمەڵگەی مەدەنی و گەشـــەی کۆمەڵایەتی- سیاسی خەسارێکی لەڕادەبەدەری بەرکەوتبوو. بە پێچەوانەوە، ســـپای پاســـدارانی شۆڕشی ئیســـلامیی ئێران و بە سیجی موستەزعەفان، دوو هێـــزی ســـەرکوتکەری نیزامـــی، بوونە بەرێوەبەرانی بنیاتنانەوەی ئابووری و دەستیان بەســـەر هەر دوو بەشـــی ئابووریی دەوڵەتی و کەرتی تایبەتیدا گرت و دەسەڵاتی خۆیان لە ئێراندا چەســـپاند. بەهەرحاڵ سیاسەتی ڕێژیم لـــە هەمبەر کوردەکان وەکوو خۆی مایەوە. لە ڕاستییدا سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و بەسیجی موستەزعەفان بوونە هێزی حوکمڕان و ڕێکخستنەوەی تێڕوانینی دەوڵەت لە کوردستاندا. هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری بە

ڕۆڵهات ڕیفۆرمیســـت، محەممەد خاتەمی و، ناکۆکیی ئاشـــکرا لە ناو باڵەکانی دەســـەڵاتدا، بـــووە هۆکاری ئەوەی سانســـۆری دەوڵەتی تا ڕادەیەک هەڵگیرێ وفەزایەکی نیمچە کراوە بۆ ڕاگەیەنـــە گشـــتییەکان و هەروەهـــا بـــۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵگە و کەمینە فەرهەنگی و زمانییەکان و تەنانەت ئەدەبیاتی سیاســـیش، برەخســـێ. هەڵبەت، ئەم فەزا نیمچە کراوەیە، لـــە بەرئەنجامی نەخـــوازراوی دابەشـــبوونی ناوخۆیی لـــە پێکهاتەی دەوڵەتدا هاتە کایەوە. ئەگەرچـــی سیاســـەتی دەوڵەت لـــە هەمبەر قەوم- نەتەوە نافارســـەکان بە نەگۆڕی مایەوە. خاتەمی بە دروشمی «دیالۆگی نێوان ژیارەکان» گەیشـــتە دەســـەڵات، کە لە بنەڕەتـــدا ئەم دروشمە بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە تەریک کەوتنەوەی سیاســـیی ئێران هاتە ئاراوە. بەم حاڵەوە، ڕێژیمەکەی ئـــەو، هیچکات پابەندی دیالۆگ لەگەڵ کەمینە قەومی- نەتەوەییەکانی ناوخۆی ئێران نەبوو. بەم شێوەیە جەختکردن لەسەر دیالۆگ لەگەڵ جیهاندا، بە شێوەیەکی نەخـــوازراو فەزایەکـــی نیمچـــە کـــراوەی بۆ بووژانەوەی فەرهەنگە ژێردەســـتەکانی وەکوو کورد، ڕەخســـاند. قۆناخی چوارەمی کۆماری ئیســـلامی لە ســـاڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ گەیشتنە دەسەڵاتی ئەحمەدینژاد، دەستی پێ کرد.[٣٦] دروشـــمی ئەحمەدینژاد لـــە کاتی پێکهێنانی «دەوڵەتی خەمخۆر» لە ڕواڵەتدا لەسەر بنەمای عەدالەت، بەرانبەری و خۆشەویســـتی بوو. لە ماوەی دەوڵەتەکەی ئەحمەدینژاددا، ژێرخانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان کەوتە ژێر هەڕەشـــەی دەوڵەتـــەوە، لـــە بـــەر ئەوەیکە حکومەتێکـــی ڕەوای نیمچـــە ســـەربەخۆ لە باشـــووری کوردستان بووە ئەمرێکی واقع و بە فەرمی ناســـێندرا. پێوانەی نوێـــی ئەمنیەتی دیاری کرا و سیاسەتە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی دەوڵەتەکانی پێشـــوو بە گوروتینێکی زیاترەوە بەرێـــوە بـــرا. لـــە مـــاوەی ســـەرۆککۆماریی ئەحمەدینـــژاددا سیاســـەتی لەدواکەوتوویدا ڕاگرتن بە شـــێوەیەکی سیستەماتیک پەرەی پـــێ درا، ڕێژەی بێکاری بەرز بووەوە و خەڵک ناچار بـــوون لە دامـــەزراوە دەوڵەتییەکاندا بە دوای کاردا بگەڕێن یان کاری وەرزانەی وەکوو کۆڵبەری (کار کردن لەسەر سنوور) بکەن یان لـــە کوورەخانەکانی خشـــت بری لە شـــارە ناوەندییەکانـــی غەیرەکـــورددا، کار بکەن. لە ڕاستیدا، کۆڵبەری لە کوردستاندا کە جیاوازیی هەیـــە لەگـــەڵ قاچاخچیەتیی کلاســـیکدا، بەرهەمی قۆناغـــی ئەحمەدینـــژادە. قۆناخی پێنجەمـــی کۆماری بە هەڵبژاردنی حەســـەن ڕۆحانی[٣٧] ســـەرۆککۆماری ئێستای ئێران لە ســـاڵی ٢٠١٣ دەستی پێ کرد. ڕۆحانی زۆرتر بە هـــۆکاری ئەوە براوە بوو کە لە ســـەرەتاوە وەکوو کەســـێکی میانەڕەو ناســـرا. بەم پێیە، دەوڵەتەکەی ڕۆحانی واتە «دەوڵەتی تەدبیر و ئومێـــد»، فۆکووســـی خســـتووەتە ســـەر چارەســـەرکردنی بنبەســـتی ناوکـــی لەگەڵ کۆمەڵگـــەی نێونەتەوەیـــی و بەرژەوەندیـــی ناوچەییی ئەو وڵاتە پەیڕەو دەکات. ڕۆحانییش وەکـــوو ئەحمەدینژاد، پشـــتیوانیی لە ئێراقی یەکگرتـــوو و یەکپارچـــە کـــرد و لـــە کاتی ڕێفراندۆمی کوردەکان لـــە پاییزی ٢٠١٧دا، فەزایەکی سیاســـیی دژە کوردی وەرێخست. ڕۆحانی نیزامییەکانـــی ئێرانی ڕەوانەی ئێراق کرد و ملیشیا شیعەکانی بۆ هێرش کردنەسەر شـــارە کوردییەکانـــی وەکـــوو کەرکـــووک و دوزخورماتوو، ئاراستە و پۆشتە کرد.

## دروستکردنی جاش وەکوو ستراتێژییەکی داگیرکارانـــە[٣٨] «پارچـــە پارچەکردن و حوکمڕانی»

لە کاتی هاتنە ئارای شۆڕشی ١٩٧٩، ڕێژیمی ئایینیـــی ئێـــران، وەکوو وڵاتانی دراوســـێی، سیاســـەتێکی دەوڵەتیـــی لە سەرتاســـەری کوردســـتاندا بـــۆ چەکدارکردنـــی کوردەکان بـــە زۆرەملـــی، پەیڕەو کرد. بـــەم پێیەش بۆ زاڵبوون بە ســـەر نارەزایەتییەکانی خۆیان لە

هەمبەر دابەشـــکردنی زەوییەکانیان بە سەر وەرزێڕەکانــدا، لەو کاتەدا توێژە خاوەن موڵکە گەورەکان ترسێکی زیاتریان بۆ ‌وەداو کەوتن و پەیوەســتبوون بە دامــەزراوە نیزامییەکانی دەوڵەت وەکوو ســپای پاســدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، بەســیجی موستەزعەفان و دەزگا سیخوڕییەکان، نیشــان دا. سیاسەتی ملیتاریزەکردنــی ڕێژیــم، بــە مەبەســتی جەمســەربەندیی ســتراتێژیی بارودۆخــی سیاســیی کوردســتان و ڕەوایــی دان بــە داگیرکاریــی نیزامیی ڕێژیــم بوو، لە ڕێگەی وەرگرتنی هاودەســتی لۆکاڵی و ســیخوڕەوە کە لە کوردیدا بە جاش ناســراون. ئامانج لە وەرگرتنی کوردەکان لــە لایەن ڕێژیمەوە بۆ پارچەپارچەکردنــی کۆمەڵگــەی کــوردی و دووبارە ڕێکخستنەوەیان و سەرلەنوێ پێناسە کردنــەوەی کــورد وەکوو خێڵ، لــە لایەن دەوڵەتەوە هاتــە ئــاراوە. پارچەپارچەکردنی کورد بۆ ڕێژیم دەتوانێ لە خزمەتی ئامانجێکی سیاســیی گرینــگ و ســتراتێژییەکدا بــێ کــە لە ڕێگەیەوە کــوردەکان بکرێنە خێڵ و قەبووڵکردنی ئــەم نەزمە خێڵەکییە لە لایەن کوردەکانــەوە ســەرلەنوێ بــە شــێوەیەکی سروشــتی لە شــوێنێکدا بەیان بکرێتەوە کە ناوچە کوردییەکان پێشتر بە هۆی سیاسەتی لەدواکەوتوویــدا ڕاگرتنــی ئــەم وڵاتــەوە، چەرمەسەرییان بینیوە. گرینگتر لە هەمووی، بەرگــری کردنــی نەتەوەییــی کــوردەکان بــە هــۆکاری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاســتەخۆ لەگــەڵ هێزە داگیرکــەرەکان و بە یارمەتیی خۆفرۆشە خۆجێییەکان، زەربەیەکی سیاسیی گــەورەی لــێ دان. دەوڵەت بە ئەنقەســت بەرگریــی کوردەکانــی وەکــوو گرێدرواییی دەرەکــی لەقەڵەم دەدا، کــە لەگەڵ «کوردە نیشتمانپەروەرکان» وێڕای هێزەکانی ڕێژیم لە شەڕدان. ڕێژیم لە کاتێکدا خەریکی دنەدانی ناســیۆنالیزمی کورد بــەرەو «خێڵەکی»بوون بــوو، دەیانهەویســت دەســتەواژەی خێــڵ سەرلەنوێ بە قازانجی خۆیان پێناسە بکەنەوە و «ڕۆڵــی شۆڕشــگێڕ و نیشــتمانپەروەری» پێ ببەخشن.[٣٩] وەها دەربڕینێک بە باشترین شێوە لەگەڵ وتە ناســراوەکەی خومەینی لە بارەی «ذخایر انقلاب» (پاشەکەوتی شۆڕش)، «خێڵەکان پاشــەکەوتی شۆڕشن»[٤٠] بۆ ئاماژە کردن بە کۆمەڵگە نافارســەکان بەکارهاتووە. ئەم دەســتەواژەیە ســەرەڕای ئاماژەکردن بە « دواکەوتوویــی» و « خێڵەکی»بوون هەروەها دەریدەخات ئــەوەی دەوڵــەت وەکوو خێڵ دیاریــی کردووە، جۆرێک ســەرمایەگوزارییە کە دەبــێ بۆ خزمەتکردنــی دەوڵەت بە کار بهێنرێت. بە تایبەتی لە موکریان (باشــووری ئوستانی ورمێ) تایفە و خزم و قەوم لە لایەن دامەزراوە ئەمنیەتی و سیخوڕییەکانی ڕێژیمی ئیســلامییەوە خرانــە داوی دوژمنایەتیــی دەســتەجەمعییەوە. هــەر بەم شــێوەیەش، ڕووبەڕووبوونەوەی دەستەجەمعی، پەیوەندیی بەربڵاوی کۆمەڵایەتیی لە ناوچەی هەورامان و دەوروبــەری شــارە کوردییەکانی مەریوان و ســنەش، خســتە مەترســییەوە. ڕێژیم بە قووڵکردنەوەی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان، کە زۆرتر لەسەر زەوی و سەرچاوەی ماددی بوو، بە سەرکەوتوویی توانی تۆوی بێ متمانەیی لە نێوان گرووپە جیاوازەکانی وەکوو وەرزێڕان و خاوەن زەوییەکاندا بچێنێ. بەم شێوەیە ئەوان بۆ ســەلماندنی وەفاداریی خۆیان بە دەوڵەت و بــە دەســتهێنانی دەســەڵاتێکی زیاتر لە حکومەتدا، دەستیان کرد بە کێبەرکێ لەگەڵ یەکتردا.[٤١] ڕێژیم وەها سیاسەتێکی لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا پەیڕەو کرد. ئەم جۆرە کێبەرکێــی دەســتەجەمعییانە کارتێکەریی لەســەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردیی دانا، ئەوانی بەســەر گرووپی بنەماڵەییی جیاوازدا دابەش کرد و بەشــێک لەوان بە شێوەیەکی یــەک لایەنــە لەگــەڵ دامــەزراوە جیاوازە ئەمنیەتی و ســیخوڕییەکاندان. بۆ وێنە، دوو گرووپی گەورەی خزم و قەوم لە سەردەشت

دابەش بوون بە سەر ژمارەیەک بنەماڵە ی لێک هەڵبڕاودا کە هەرکامیان تێکۆشا تاکوو زۆرترین ڕۆڵ و پشکی دەسەڵاتی بە سەر بنەماڵەکانی دیکەوە بە دەست بێنێ. دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ، ئەم کێبەرکێی بەردەوامانە بوونەتە هۆی ئەوە کە خەڵک زۆر جار ئەو چەکانە بەکاربهێنن کە لە لایەن ڕێژیمەوە دابین کراوە. دژکردەوەی ڕێژیم لە هەمبەر ئەم ڕووداوانەدا کەڵکئاژۆی لە ڕادەبەدەر بووە لە کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوەی متمانەیەکی زیاتر بۆ دەزگا دەوڵەتییەکان دەستەبەر بکات. بۆ وێنە، فەرماندەکانی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، وەکوو حاجی هادیفەر و حاجی نوشاد کە ئێستاش لە ڕەدەی باڵای نیزامیدان، وەکوو نێوبژیوان لە ناوچە گوندییەکانی گەورکایەتی لە ناوچەی سەردەشتدا ڕەفتاریان کردووە. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانەی بەشێک لەو کەسە نیزامییانەی دەوڵەت بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکی بەهێز و دروستکردنی هاوبەندییەکی تایبەتی لەگەڵ خەڵکی گوندەکان بوو.

لەدەیەی ١٩٨٠ تاکوو ١٩٩٠ بەشێک لە خاوەن زەوییە گەورەکانی پێشوو، لە ڕێگەی ڕێککەوتنی سیاسی و ئەمنیەتییەوە، لەگەڵ دامەزراوە مەزهەبییە دەوڵەتییەکاندا، بڕێک لە پرستیژ و دەسەڵاتی لەدەستچوویان، وەدەست هێناوە. سەرەڕای دەسکەوتی ماددی کە سەرچاوەکەی بۆ ڕۆڵی ئەوان لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها ئەوان لە بەڕێوەبردنی لادێ و شاردا وەکوو پرۆکسیی ڕێژیم هەڵسوکەوتیان کردووە. ڕێژیم بۆ چەسپاندنی سیاسەتی جاشایەتیکردن، دەستی دایە سەرمایەدانان لەسەر جیاوازیی فەرهەنگی و زمانی لە ناو هەورامی و سۆرانییەکان لە جنووبدا. لە ڕێگەی وەرگرتنی خەڵک لە ناوچەیەکی کوردنشین بە زاراوەی جیاواز لە دەزگا سیخوڕی و ئیدارییەکاندا و بە کەڵک وەرگرتن لە هاوکارییەکانی ئەوان لە ناوچەیەکی دیکە بە زاراوەیەکی جیاوازتر، دەوڵەت تێکۆشا کە تۆی ناکۆکی و دوژمنایەتی لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا بچێنێ. لەم ڕێگەیەوە دەوڵەت لە هەموو ناوچەکاندا تێکۆشا کە خەڵک وا بیر بکەنەوە کە هەموو کۆمەڵەکانی دیکەش بە تەواوی لەگەڵ دەوڵەتن. پرۆسەی بەجاشکردن، بە مەبەستی دابەشکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی- سیاسی بە سەر بەشی دژبەیەکی جاش و باشدا(کوردە نیشتمانپەروەکانی دژی ڕێژیم) لێکەوتەی بەرفراوانی بۆ کوردستان بە دواوە بوو.[٤٢] ئەم دەستەبەندییە، تەنیا کۆمەڵگەی کوردیی دابەش نەکرد، بەڵکوو هەروەها بنەماڵەکان و پەیوەندیی خزمایەتییشی پارچەپارچە کرد. ئەندامانی ژمارەیەکی بەرچاو لە بنەماڵەکان پەیوەست بوون بە ڕێژیم یان شۆڕشی بەرگریی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتەوە. هاوکاریکردنی دەوڵەت هەمیشە لەسەر خواستی تاکەکەسی نەبووە. ئەم کردەوەیە زۆرجار لە ژێر سیاسەتی زۆرەملیی دەوڵەتدا بەڕێوە دەچوو. ئەمە زۆرجار وەکوو سپەرێک بۆ خۆپاراستنی بنەماڵەکان لە هەمبەری ئازار و ئەزیەتی دەوڵەتدا بوو، بەتایبەتی ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکە بەشدار بوایە لە بەرگریی کوردەکاندا. هەروەها لە باشووری کوردستان(ئێراق) لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتیی سەدام حوسێنیشدا بەم شێوەیە بوو. هەڵبەت، نموونەگەلێکیش لە هاوکاریکردنی دەوڵەت تەنیا بۆ قازانجی ماددی لەو شوێنانەدا بوونی هەبووە. هاودەستەکان بۆ ئەوەی وەفاداریی خۆیان بە دەوڵەت نیشان بدەن، تەنانەت دەبوو ڕووبەڕووی ئەندامی بنەماڵەکەی خۆیان لە پەیوەندی لەگەڵ خۆڕاگریی کوردەکاندا ببنەوە. دابینکردنی لایەنی ماڵی بۆ جاشەکان، هێندێک خەڵکی هاندا، ئەمەش سیاسەتی داگیرکارانەی ڕێژیمی ئیسلامی لە کوردستاندا پشتڕاست دەکاتەوە.

بەڵێن بە جاشەکان درا کە مووچەی مانگانە، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کۆپین و خاروبار، مافی هەبوونی چەکی سووکیان بۆ دابین بکرێ و هەروەها تارادەیەکیش پارێزراو بن لە بەدواداچوونی یاسای هەرەمەکیی دەوڵەتدا. سەرەڕای ئەو قازانجانە، جاشەکان دەتوانن لە دەرفەتی سیاسی، دامەزراندن و بارودۆخی فەراهەم کراوی خوێندن لە لایەن دەوڵەتەوە، سوودمەند بن. بۆ وێنە، منداڵەکانیان دەتوانن بۆ ئەنجامدانی خزمەتی سەربازی شوێنی لە دایکبونیان یان ناوچەیەک لە نێزیکی خۆیان هەڵبژێرن، کاری دایمیان هەبێ لە بەشە دەوڵەتییەکاندا و لە پشکی تایبەتی خوێندن بۆ چوونە زانکۆ سوودمەند بن. جگە لەمانە، ئەگەر ئەوان چل مانگ لە هێزی نیزامیدا خزمەتیان کردبێ، یەکێک لە منداڵەکانیان لە سەربازیی زۆرەملێ مەعاف دەبێ. ئەم سیاسەتانەی دەوڵەتی مەزهەبی- قەومیی ئێران بە نۆرەی خۆی ڕۆژهەڵاتی کردە «لابراتوارێک » بۆ تاقیکاریی سیاسی و نیزامی. بە وتەی ڕێژیم زۆربەی فەرماندە پلە بەرزە نیزامییەکانی ئەمرۆ؛ تەنانەت مامۆستای زانستگەش کە لایەنگری دەوڵەتن، « ئیمتیازی» خزمەتکردن بە ڕێژیم لە کوردستان و کوشتاری « دوژمنانی ڕێژیم»یان هەیە.

بە شێوەیەک، پاساو هێنانەوە بۆ جاشایەتی، ڕێخۆشکەر بووە بۆ بوونی ڕێژیم لە کوردستاندا. جاشەکان وەکوو سیخوڕانی خۆجێیی لە خەتی پێشەوەی کەمپەینی نیزامیی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا بە کارهێنراون و زانیاریی وردیان دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی- سیاسیی ناوچەکە لەبەر دەستی ئەوان داناوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هەقیقەتە، وەرزێرێکی کورد بە ئێمەی گوت، «بەدەر لەوەی جاشە کوردەکان ڕێگا بەوان نیشان نەدەن، هێزەکانی ڕێژیم چۆن دەتوانن لە بەرزترین شاخەکانی کوردستاندا سەرکەون؟ جاشەکان ئیزنی بەشداریکردن لە بواری کۆمەڵایەتی- فەرهەنگی و سیستەمی خوێندن، شووڕای شار و ناوەندەکانی لەشساخییان، بۆ دەستەبەربووە. بۆ وێنە، لە سیستەمی خوێندندا، ئەوان لە سازماندانی ڕووداوە سیاسییەکانی وەکوو «ساڵڕۆژی شۆڕشی ئیسلامی» و هاندانی لاوان و خوێندکاران بۆ پەیوەست بوون بە بەسیجی موستەزعەفان لەگەڵ ڕێژیمدا هاوکاری دەکەن. ئەمرۆ جاشایەتی (بەزمانی کوردی: جاش بوون) ڕێک ئاماژەیە بۆ هەر چەشنە هاوکارییەک لەگەڵ ڕێژیمدا. جاشقەڵەم (جاشێک کە خاوەن قەڵەم بێ)[۴۳] دەستەواژەیەکی ناسراوە لە کوردستاندا کە پاش شۆڕشی۱۹۷۹ داهێنرا و بۆ ئەو کەسانە بەکاردەبرێ کە بە قازانجی ڕێژیم دەنووسن یان لێدوان دەدەن.[۴۴]

بەسیجی موستەزعەفان، لقێکی دیکەی نیزامیی دەوڵەتە کە ڕێکخستن و چاوەدێریی ڕێژیمی لە ناوچەکە بەرەوپێش بردووە. بەسیجی موستەزعەفان، « یەکێک لە پێنج هێزەکەی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانە.[۴۵] بەسیجی موستەزعەفان لە ساڵی ۱۹۷۹، بە فەرمانی ئایەتوڵڵا خومەینی دامەزرا، کە لە بنەڕەتدا لە خەڵکی خۆبەخشی نانیزامی پێکهاتبوو و دواتر لە لایەن خومەینییەوە داوایان لێ کرا لە شەڕی ئێران و ئێراقدا بەشداری بکەن. بە وتەی خومەینی، ئەندامێکی بەسیجی موستەزعەفان دەبێ تێبگات کە ئەو سەربازێکی خودایە، بۆ ئەوان دەرئەنجامی ئەم دەرگیرییانە گرینگ نییە، بەڵکوو بەشداریکردنێکی بێ چاوەڕوانییە لەودا بۆ دەستەبەرکردنی سەربەرزی و ڕەزامەندی.[۴۶] ماوەیەکی کورت پاش دامەزراندنی بەسیجی موستەزعەفان لقی سەر بەوان لە سەرتاسەری وڵات و کوردستانیشدا کرایەوە. هەر بەو شێوەیە کە ڕێژیم چاوەڕوانیی هەبوو خەڵک ببێتە جاش، ئەوان هەروەها ناچار بە خۆ تۆمارکردن لە لقەکانی

بەسیجی موستەزعەفاندا بوون. تەنانەت ئەگەرچی بەسیجی موستەزعەفان پشتیوانیی ماڵیی دابین نەدەکرد، بەڵام ئەندامەتی لەودا ڕێگەیەک بوو بۆ دەستبەرکردنی ئەمنیەتی کار لە دەوڵەتدا، بەرەوپێشچوون لە کار یان تەنانەت پێدانی ئیزنی بازرگانیکردنی، بەدواوە بوو. بەسیجی موستەزعەفان بە شێوەیەکی باو زۆرتر سەرقاڵی چالاکییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان لە سیستەمی خوێندن لە خوێندنگەکان (بەسیجی قوتابیان) یان لە زانستگەکاندایە(بەسیجی خوێندکاران). ئەمە لاوەکان و بەتایبەتی خوێندکاران لە هەمبەر کار و قەبووڵکردن بۆ زانستگە فریو دەدات، کە بچن لە نێزیکترین بنکەی بەسیجی موستەزعەفان خۆیان تۆمار بکەن. ئەو خوێندکارانەی کە ڕابردوویەکی بەرچاویان لە بەسیجی موستەزعەفاندا هەبووبێ، بە تەواوی یان لە بەشێک لە سەربازیی زۆرەملی مەعاف دەکرێن یان بە کەڵکوەرگرتن لە پشکی تایبەتی دەتوانن بەشداری لە خوێندنی باڵادا بکەن.[۴۷] سازوکاری ڕێژیم لە پەیوەندی لەگەڵ ژیانی ڕۆژمەرەی کوردەکاندا تەنیا لە بەناچاری ڕوو کردنە بەسیجی موستەزعەفان و جاشایەتیکردندا، کورت نابێتەوە. ژمارەیەکی بەرچاو پایەگای نیزامییان لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون داناوە کە بەشێکی زۆریان لەسەر ئەو تەپۆڵکانەی کە زاڵن بە سەرناوچەکە لە لادێیەکاندا دروست کردووە. ئەم پایەگایانە وەکوو پانوپتیکۆن بە مانای فوکۆڵدیەن، بۆ چاوەدێریکردنی خەڵکی لادێکان، ڕێبواران، هاتوچۆی ڕۆژانە و وەبیرهێنانەوەی کوردەکان لە بوون و ئامادەییی بەردەوامی دەوڵەت، دروست کراون. زۆربەی ئەم پایەگایانە کە دەوروبەریان کراوەتە مەیدانی مین، دەبەسترێنەوە بە مەزرای لادێکانەوە و ئەمەش مەترسیی دروست کردووە لەسەر بەشێک لەو زەوییانە کە کشتوکاڵیان تێدا دەکرێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هیچکات ئەم مەیدانی مینانە پاک نەکرانەوە و هەنووکەش هەڕەشەن لە سەرئەو خەڵکە خۆجێییە کە بەشێکی زۆریان پێشتر بەم هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە یان لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، بە توندی بریندار بوون.

## جێگۆڕکێ پێ کردن و نیشەجێکردن

دەوڵەتی قەوم-تئۆکراتیک بە شێوەیەکی سیستەماتیک و مهەندیسی کراو، درێژەی بە گۆڕینی دیمۆگرافیا داوە تاکوو تایبەتمەندییە ئیتنیکییەکانی کوردستان لاواز بکات. مهەندیسیکردنی دیمۆگرافیا پێویستی بە نیشتەجێکردنی خەڵکی سەر بە حاکمییەتە لە ناوچەی دەرەوەی خۆی و لە جێگای ئەو خەڵکانەی کە سەر بە قەوم/نەتەوەیەکی دیکەن. کەواتە، جێگۆڕکێی قەوم/نەتەوەی سەردەست لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی ئێستای ئێراندا، بۆ ئاسیمیلەکردن و زاڵبوون بە سەر گۆمەڵکەکانی دیکەدایە. تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم چەشنە سیاسەتە لەگەڵ «سیستەمی کۆچ پێ کردنی داگیرکەر»دا ئاوێتە بوون. دەستەواژەیەک کە لە لایەن ئەو کەسانەی کە لە بواری زانستی مرۆییدا کار دەکەن، بۆ شیکردنەوەی کارتێکەریی کۆمەڵایەتیی نیشتەجێبونی داگیرکەر، لەسەر خەڵکی خۆجێیی خراوەتە ڕوو.[۴۸] بە مەبەستی بەدەستهێنانی خاک و سەرچاوەکانی ئەوان بۆ هەتا هەتایە، سیستەمی کۆچ پێ کردنی داگیرکەرانە تێدەکۆشێ کە شێوەژیانی خەڵکی خۆجێیی بسڕێتەوە یان سەرلەنوێ ڕێکی بخاتەوە.[۴۹]

لە بارەی کوردستانەوە، مهەندیسیکردنی دیمۆگرافیا، هاوکات بوو لەگەڵ بوارخۆشکردنێکی بەرچاو لە پێکهاتەی نیزامی و نیشتەجێکردنی ئەندامانی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و بەسیجی موستەزعەفان. لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا، دەوڵەت، بوونی داگیرکەرانەی

خـــۆی لـــە ڕێگـــەی دەستبەســـەرداگرتنی زەوی بـــۆ شـــوێنی نیزامی، دروســـتکردنی دامـــەزراوەی دەوڵەتـــی و هێنانی بەلێشـــاو خەڵکی ناخۆجێیی، پەرە پێ داوە. لە ئێستادا نێزیکەی ٧- ١٠ لەسەد لە شارە کورییەکان، بۆ شوێنە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی دەوڵەت، بە تایبەتی بۆ نیشـــتەجێکردنی هێزەکانیان، تەرخان کراوە. لە شـــارە کوردییەکانی وەکوو بانە، سەردەشت، مەریوان و مهاباد، ئیتلاعات و پێکهاتە نیزامییەکان بەشـــێکی بەرچاو لە فەزای شـــارەکەیان داگیر کردووە. بۆ وێنە لە سەردەشـــت، پایـــەگا نیزامییەکانی جوندوڵڵا (عەرەب/ فارس: ســـەربازانی ڕێـــگای خودا)، پادگانی نیزامیی ســـپا (ســـپای پاســـداران شۆڕشـــی ئیســـلامیی ئێـــران)، بەســـیجی موستەزعەفان و ئیتلاعات (دەزگای ئیتلاعاتی دەوڵەتی)، لە ناوەڕاســـتی شاردا هەڵکەوتوون. لە بەرئەنجامدا، تاکە نەخۆشخانەی ئەم شارە گوازراوەتەوە و نێزیک هەشـــت کیلۆمیتر لە سەنتەری شـــارەوە دوورە. بە تێپەڕینی کات، ڕێژیم سیاسەتێکی تۆکمەتری بۆ ڕێکخستنی دێمۆگرافیای شار و شارۆچکەکانی کوردستان گرتەبەر و خەڵکی غەیرە کوردی شـــیعەی لە جێگای ئەوان نیشەجێی کرد. بۆ بەرێوەبردنی وەها سیاسەتێک بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە، دەوڵـــەت چەندین ســـتراتێژیی پەیڕەو کرد. یەکـــەم، پـــرۆژەی خانووبـــەرەی دەوڵەت لە ڕێگەی ناردن و نیشـــتەجێکردنی بەرپرسان، بەرێوەبـــەران، هێزی نیزامی و پێرســـۆنیلی ئەمنیەتییەوە، بە خێرایی دەســـتیان بە سەر بەشـــێکی بەرچاو لـــە شـــارە کوردییەکانیدا گرت و لـــە ژێر ئەم ناونیشـــانەدا، بە فەرمی نیشـــتەجێبوونی دانیشـــتوانیان بەرێوە برد. ئوســـتانی ســـنە نموونەیەکی بەرچـــاوە لەو پەیوەندییـــەدا. ســـنە وەکوو شـــارێک کە لە ســـاڵی ١٩٧٩ ڕۆڵێکی گرینگـــی لە بەرگریی کوردەکانـــدا گێڕاوە، کرایە یەکێک لە ئامانجە ســـەرەکییەکانی پلانی دیمۆگرافیی دەوڵەت: لەم ناوچەیـــەدا چەندین بەش و ئاپارتمان بۆ نیشـــتەجێبوونی بەرپرسانی شـــیعەی غەیرە کورد، دروســـت کـــراوە. ســـەرەڕای ئەمانە، دەزگا دەوڵەتییـــەکان بـــە ئەرخەیانییـــەوە ناوچەی وایان دروســـت کـــردووە کە تایبەت بـــە غەیرەکوردکانـــە. هاوشـــێوەی ئەمـــە لە هەموو شـــارە کوردییەکاندا ناوچەی وا هەیە (کە بە خانەی ســـازمانی ناســـراون) کە تەنیا لـــە لایـــەن تـــازە هاتووانی شـــیعەی غەیرە کوردەوە پڕ کراوەتەوە. ســـتراتێژیی دووهەم دروســـت کردنی دامەزراوەی پەروەردەیی و مەزهەبی بە مەبەستی دژایەتیکردنی کورد و سوننە لە کوردستاندا بوو. بە لەبەرچاوگرتنی پـــەروەردە و فێرکاری، بـــە دامەزراندنی لقی زانســـتگەی ئازادی ئیســـلامی و زانستگەی پەیامی نوور، دوو سیســـتەمی زانســـتگەیی نیوەئەهلی لـــە ئێراندا، تـــا ڕادەیەک لە هەر شارێکی کوردستاندا وێڕای ڕەوێک لە ستافی نا خۆجێیـــی، ئەندامانی هەیئەتی زانســـتی وخوێندکارانـــی لە خۆ گرتووە. ئەم کارە جگە لەوەی کە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی حەشـــیمەتە ناخۆجێییـــەکان لە شـــارەکانی کوردستاندا، بەڵکوو بە وەڕێخستنی پرۆژەکانی نیشـــتەجێبوونی زانســـتگە، پەیوەندیـــی بنەڕەتیی کۆمەڵگە خۆجێیەکەیشی تێکداوە. ناوچەکانی وەکوو «شـــاهروخی فەرهەنگیان» و «موجتەمەعـــی ئەســـاتید» لە شـــارەکاندا، دروســـتکراون کـــە هەنووکە لـــەو ڕێگەیەوە ناخۆجێییەکان خاوەنی تەیبەتمەندیی خۆیانن لە ناوچەکەدا (بڕوانە شـــکڵی یـــەک و دوو؛ فۆتۆکان لەو گەڕەکانە گیراوە). لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، یەکێکـــی دیکە لە توخمە بەردەوامەکانی مەهەندیســـیکردنی دیمۆگرافیا، گۆڕینی فەزای مێژوویی-ئایینیی کوردستانە. دەوڵەت بە شـــێوەیەکی جیـــددی کاری بۆ جێگۆڕکێ و نیشـــتەجێکردنی شـــیعەکان لە ناو کوردە ســـوننەکاندا کـــردووە، کە ئەمەش بووەتە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافیای بەشـــێک

لە ناوچــەکان (گەڕەکەکان) کــە بەتەواوی شــیعەکان تێیــدا باڵادەســتن. پێچەوانەی دەوڵەتی پەهلەوی، ســتراتیژیی داگیرکاریی ناوخۆییی ڕێژیمی ئیســلامی لە کوردستاندا، لە ڕێگەی ناســیۆنالیزمی دینییەوە ئاراســتە دەکرێ. لەم ڕووەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی دەســتکاریکردنی تایبەتمەندیی مەزهەبــی و ئیدارەدانی داب و نەریتی دینی، کۆمەڵێک دامەزراوەی هاوشێوەی مەزهەبیی دامەزرانــدووە. لە ڕووواڵەتــدا ئەجندای ڕێژیم بۆ دەســتێوەردانی مەزهەبی لە کوردســتاندا بە دامەزراندنی دامــەزراوە مەزهەبییەکان بۆ هەماهەنگی و ئاســانکاریی ئیدارەدانی سوننە مەزهەبەکان لێکدەدرێتەوە. لقەکانی «ناوەندی گەوەری ئیســلامی»[۵۰] لە ســاڵی ۱۹۸۱ لە زۆربەی شارەکانی کوردســتاندا دامەزرا، کە ئەرکی ئاراســتە کردن و ڕێکخستنی ڕووداوە مەزهەبییــەکان، ســازماندانی خوێندکارانی سوننە مەزهەب، (بەخشینی ئێعتبار لە بواری لێکۆڵینەوەی دینیدا) و چاوەدێریکردن بەسەر بایەخە مەزهەبییەکانی لە ئەستۆیە.



**وێنەی ژمارە ۱. کۆمەڵگەی ئاپارتمانی (زیاتر لە ۱۰۰۰ یەکەیە) کە سەر بە ئیتلاعاتە (دەزگای ئیتلاعات) لە شەقامی بلواری سنەیە.**

.Courtesy: B. B




**وێنەی ژمارە ۲. ئاپارتمانەکانی ویلاشار- سنە؛ (زیاتر لە ۱۰۰۰ یەکەیە) سەر بە ئاگاهییە(آگاهی) کە لقێکی دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانە.**

.Courtesy: B. B

بەرپرســی هەر ناوەندێک لە لایەن نوێنەری وەلی فەقیهـ لە ئوســتانەکانی کوردســتاندا دیــاری دەکرێ. بــە گشــتی مەئمورییەتی دیاریکــراوی ئــەم ناوەندانــە فۆکــووس خستنەسەر ئیدارەدانی کاروباری مەزهەبییە. بــەم پێیــە، وەکــوو دەزگا ئەمنیەتییەکانی دیکــەی ڕێژیم، دژبەرانــی مەزهەبی و مەلا ســەربەخۆکان دەخرێنــە ژێــر چاوەدێری و بێدەنــگ دەکرێــن. ســەرەڕای ئەمانە، ئەم سەنتەرانە نفوز و هێزی خۆیان وەگەرخستووە بــۆ گۆڕین و دەســتێوەردان لــە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-سیاســیی سوننە مەزهەبەکان و بەم شێوەیە ئەوان ئیزن بە خەڵکی خۆجێیی نادەن کە مەلای مزگەوتەکانیش دەستنیشان بکەن یان وەلایــان نێن. ئەوان لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکانــدا لــە نێزیکــەوە بەشــدار و هاوکاریــی دەزگای ئیتلاعات دەکەن. ئیمامە کوردە ســوننەکان لــە شــار و لادێکاندا بە شێوەی یەکســان ڕێوشوێنەکانی پەیوەندیدار بە خوتبەکانی خۆیان وەردەگرن (لە ئەساسدا ئەم سیاسەتە کەمالیستییە و بۆ یەکەمین جار لە لایەن دەوڵەتی کەمالیســتی تورکیەوە بە





**وێنەی ژمارە ٣. ئیمامزادەی هاجەرە خاتوون- سنە ( کۆن: چەپ و نوێ: ڕاست)؛ بە وتەی خەڵکی خۆجێیی، ئەم شوێنە شەخسێکی سوننەتیی خەڵکی سوننە مەزهەب بووە (کەسی پیرۆز) کە ئێستا دەوڵەت وەکوو خوشکی ئیمامی هەشتەمی شیعەکان: عەلی ئیبن مووسا ئەلڕەزا ناساندوویەتی.**

موسوڵمانانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ناسێندرا). مەلا سوننەمەزهەبەکان، بە تەواوی ئەرکدار کراون کە هاوکاری و هاوفکریی بەرپرسانی ئەمنیەتی بکەن لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لە هەموو ئاستەکاندا. سەرەڕای ئەمانە، دەبێ ئیمامە سوننەکان پەیوەست بن بە ناوەندی ئیسلامی (کە زۆرتر شیعەکان ڕێبەریی دەکەن) و ئەو کەسانەش کە ڕەدی دەکەنەوە بە « دژە شۆڕش، مەکتەبی»[۵۱] یان وەهابی تاوانبار دەکرێن.[۵۲] لە دەیەی ١٩٩٠، دەوڵەت ژمارەیەک دامەزراوەی بە تەواوی شیعەی لە ناوچە سوننە نشینەکانی کوردستان وەکوو «حەوزەی عیلمییە»[۵۳] «حسێنییە»(مزگەوتی جەماعەتی شیعە)[۵۴] و هەیئەتی لۆکاڵی[۵۵]، دامەزراند. لە ڕواڵەتدا ئەم ناوەندانە بۆ کۆنترۆڵی کاروباری مەزهەبی و ڕێکخستنی ڕووداوەکان بۆ دانیشتوانی شیعەیە، وەکوو تاسوعا و عاشوورا (کە لە ڕۆژەکانی نۆیەم و دەیەمی مانگی موحەڕڕەم لە ساڵرۆژی شەهید بوونی ئیمامی سێهەمی شیعەکان: حسین)دا بەرێوە دەچێ، دامەزراوە. بەم حاڵەوە، لە چل ساڵی ڕابردوودا، ڕێژیم سوننە مەزهەبەکانی لە بوونی تاکە مزگەوتێک لەو ناوچانەی کە سەردەستە (وەکوو تاران) بێبەش کردووە.

ڕەهەندێکی دیکەی پرۆژەکانی دەوڵەت بۆ بەشیعیکردنی فەزای کوردە سوننە مەزهەبەکان لە ڕێگەی گۆڕینی شوێنە پیرۆزە کۆنەکانەوە بۆ شوێنی شیعەکان بەرێوە چووە. چەندین مەقبەرە و شوێنی پیرۆز (کە لە ناو کورداندا بە شەخس ناسراون) لە کوردستان هەیە، کە دەکرێ یادەوەریی دەورەی بەر لە ئیسلام بێ. بەم پێیەش، لە ماوەی چەندین سەدەدا ئەم شوێنە پیرۆزانە لە کوردستاندا ئیسلامی بوون (بەتایبەتی سەر بە سوننە مەزهەبەکان). ڕێژیمی ئیسلامی تێکۆشاوە شوێنە پیرۆزەکانی سوننە مەزهەبەکان وەکوو

هاجەرە خاتوون لە سنە بکاتە شیعی (بڕوانە وێنەی ژمارە ٣). کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگەی بە شیعەکردنی فەزای سوننە مەزهەبەکانەوە، هیوادارە کە دوو ئامانجی سەرەکی بەدەست بهێنێ: (a) جێگۆرکێی دانیشتوانی دەوروبەری سوننە مەزهەبەکان و فەراهەم کردنی ناوچەیەک بۆ نیشتەجێکردنی شیعەکان لە جێگەی ئەوان (b) پێدانی ڕەواییی دینی بە پڕۆژە داگیرکارانەکانی خۆی کە بە جۆرێک هاوشێوەی سیاسەتی نیشتەجێکردنی ئیسرائیلییەکان لە قەڵەمڕەوی داگیرکراوی فەلەستینییەکاندایە. ئەم پڕۆژە سیاسییانەی هەر دوو وڵات، کەڵکئاژۆیە لە مەزهەب بۆ ئیدیعاکردنی خاوەنداریەتیی خاک. بەرئەنجام، دەوڵەت بە بەردەوامی سیاسەتی بیۆدەرمانیی بەرێوەبرد بۆ کاریگەری دانان لەسەر گەشەی حەشیمەتی سوننەکان لەو ناوچانەی کە ئاوێتەیەک بوو لە شیعە و سوننە. بە پێی ڕاپۆرتە نهێنییەکان، ڕێژیم بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی زاوزێ لە ناو ژنانی سوننە لەو ناوچانەی کە سوننەکان تێدا زاڵن بۆ وێنە لە قوروە (شارێک کە لە ئوستانی کوردستانە و دانیشتوانەکانی ئاوێتەیەکن لە سوننە و شیعە)، پلانگەلێکی بەڕێوە بردووە. ڕاپۆرتێک ئاشکرای دەکات کە زۆریەک لە ژنانی کوردی سوننە لە کاتی سەردان کردنیان بۆلای پزیشکەکانی خۆیان، بە مەبەستی کەمکردنەوەی حەشیمەتی سوننە مەزهەبەکان نەزۆک(عقیم) کراون.[٥٦]

## نابەرانبەریی پێکهاتەی کۆلۆنیالی ناوخۆیی

چەمکی کۆلۆنیی ناوخۆیی، دەرخەری نابەرانبەرییە لە پێکهاتەی ئابووری و سیاسی لە ناوچە جیاوازەکان، لە ناو وڵاتێکدا. هەروەها ئەم دەستەواژەیەش کە وەکوو» گەشەی ناهاوسان» ناوی لێ دەبرێ، هەڵاواردن و کەڵکئاژۆ لە کەمینە قەومی-مەزهەبییەکان لە کۆمەڵگەیەکی بەربڵاوتر دەخاتە ڕوو.[٥٧] کوردەکان لە ئێراندا وەکوو میللەتێک کە ڕووبەڕووی سیاسەتی دەوڵەت بۆ ئاسیمیلە کردن و بە کەمینەکردن بوونەتەوە، نموونەیەکی بەرچاون لە کۆلۆنیی ناوخۆیی. لە ژێر فەرمانڕەواییی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا، کوردەکان وەکوو هێزێک لە دەرەوەی ناوەند لەقەڵەم دراون کە یەکانگیریی سیاسی و قەڵەمڕەوی « میللەت» یان خستووەتە مەترسییەوە. سەرەڕای گۆڕانگاری لە ئاخێوی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی ڕێژیمی نوێ، سیاسەتی لەدواکەتوویدا ڕاگرتنی کوردستان، لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە زۆر ناڵەبارتر بووە لە ڕێژیمی پێشووتر. بە درێژاییی شەڕی ئێران و ئێراق (١٩٨٠-١٩٨٨)، شارە کوردییەکان بوونە یەکێک لە هێڵەکانی پێشەوەی شەڕ کە ئەمەش ئابووریی ناوچەکەی، بەتایبەتی ئاژەڵداریی وەکوو کۆڵەکەیەکی ئەسڵی تووشی لاوازی کرد.[٥٨] هاوکات، کشتوکاڵیش وەکوو چالاکییەکی سەرەکیی ئابووریی لادێ، بە ڕادەیەکی بەرچاو دابەزی. دەوڵەت شەڕەکەی وەکوو بیانوویەک بە کارهێنا بۆ قایمترکردنی لایەنی نیزامیی خۆی لە کوردستاندا و لە هەموو لادێکاندا پایەگایەکی نیزامیی دروست کرد. سەرەڕای ئەمانە، زۆربەی ناوچەکان وەکوو لێرەوار، باخ و باخات و بەرزاییەکان کرانە مەیدانی مین.[٥٩] پایەگا نیزامییەکان لە ناوخۆ و نێزیکی لادێکان دروست کران کە ئەمەش بە نۆرەی خۆی بووە هۆی ئەوەی خەڵکی لادێکان بە هاسانی بکەونە بەر هێرشی ئێراقییەکانەوە. دابەزینی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بووە هۆی ئەوەی خەڵکی خۆجێیی ڕێگەچارەیەک جگە لە پەیوەستبوون بە دامەزراوە دەوڵەتییەکان، بەتایبەتی بەسیجی موستەزعەفان و سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی، لە بەردەمدا نەمێنێ. لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٠ تاکوو ٢٠٠٥، کۆماری ئیسلامیی ئێران

ئیزنی دا که بازرگانی لەسەر سنوور بکرێ. شارە سنوورییەکانی وەکوو بانه، سەردەشت و مەریوان بوونه ناوەندی بازرگانیکردن. به خێرایی، ژمارەی بازاڕەکان زیادی کرد. وێڕای سیاسەتی لەدواکەوتووییدا ڕاگرتن، دەوڵەت بەربەست بووە له بەردەم هەر چەشنه پلانێک بۆ گەشەی ئابووری، بەخێرایی زیادبوونی ئەم بازاڕە کاتییه سنووریانه گۆڕانکارییەکی قووڵی به سەر لایەنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی له کوردستاندا هێنا و بووە هۆی زیاتر وێران کردنی ئابووریيه خۆجێییەکەی. ڕێژەی خوێندن و خوێندنی باڵای بە ڕادەیەکی بەرچاو دابەزاند و ژمارەیەکی بەرچاو له منداڵانی سەرقاڵی بازاڕی کار یان تەنانەت کۆڵبەری لەسەر سنوورەکان، کرد. بەم پێیه وتەکانی ئەو گەنجانە کە له درێژەدا دەیبیستن سەرسوڕهێنەر نییە: «من قاترەکەم لەگەڵ بڕوانامەی کارناسی له باشترین زانستگەکانی ئێراندا ناگۆڕمەوە، له بەر ئەوە ئەم قاترە دەتوانێ یارمەتیدەری من بێ بۆ مانەوە، بەڵام تەنانەت به بڕوانانەی دوکتۆراش من به برسیەتی دەمێنمەوە». کەسێکی دیکه ناتوانێ شەوق و هەقیقەتی خۆی بشارێتەوە له بەر ئەوەی «کورەکەی نیوەشەو هەڵدەستێ تا بتوانی شوێنک بۆ خۆی دەستەبەربکات تاکوو کەلوپەلەکانی لەوێ بفرۆشێ». باو بوونی ئەم بازاڕە سنووریانە، بەشێک له ئابووریی سیاسیی دەوڵەته له ڕووی ستراتێژییەوە بۆ لەدواکەتووییدا ڕاگرتنی کوردستان و نابەرانبەریی ئابووری له نێوان ناوچه شارنشین و لادێکاندا خراپتر دەکات. هاوکات ئەم سیاسەته، بووە هاندەرێک که خەڵکەکه خێراتر لادێکان بۆ گەڕان به دوای ژیانێکی باشتر له شارەکاندا، بەجێ بێڵن.

هەر بەوشێوەیه که باس کرا، سیاسەتی پەرەپێدان به بازاڕەکانی سەر سنوور له ڕووی ستراتێژییەوە پلانێک بوو بۆ چۆڵ کردنی لادێکانی کوردستان و به شێوەیەکی له ناکاو لاوانی کورد و کۆمەڵگه له سیاسەت دوور بخەنەوە و زەربەی لێ بدەن. محەممەدڕەزا ڕەحیمی، ئوستانداری ئوستانی کوردستان به بێ هیچ شەرمێک دەڵێ «ئێمه له جیاتی پەروەردە، لاوانمان بەرەوە مەسیری مادەی هۆشبەر پاڵ پێوەنا». ئەو هەروەها دەڵێ: «من یەکێک لەوانه بووم کە ئەوانم بۆ کارکردن لەسەر سنوور فریو دا... توانیم قوتابخانه له لای ئەوان بێ نرخ بکەم. چ کەسێکی [دیکه] دەتوانێ وەها کارێکی گەورە بەرێوە بەرێ؟»[۶۰] سیاسەتی لەدواکەوتووییدا ڕاگرتنی کوردستان له لایەن دەوڵەتەوە، دوو بەشی ئابووریی وەرزانەی دیکەی لێ کەوتەوە: کوورەخانه (کارگەی خشت) و کۆڵبەری.[۶۱] کار کردن له کوورەخانه یان کارگەی خشت برین جۆرە کارێکی سوننەتییە، له ناوەندێکی بەرهەمهێنانی تاقەت پڕووکێن بۆ پێداویستیی سەرەتایی بیناسازی. زۆربەی خاوەن کوورەخانەکان ناکورد و زۆربەی کرێکارەکانیش کوردن. زۆربەی کوورەخانەکان له شارە ناوەندییەکانی ئێرانن وەکوو ئوستانەکانی ئەراک، ئیسفەهان، شیراز و کرمان. له سەرەتاکانی دەیەی ۱۹۸۰، له ماوەی شەڕی نێوان ئێران و ئێراق، کارکردن له کارگەکانی خشت بریندا ڕووی له هەڵکشان کرد، جێگایەک که کرێکارانی ئاوارە شەش بۆ نۆ مانگ له بارودۆخێکی نالەباری بێهداشتی و نائینسانیدا، کاریان دەکرد. بەشێکی بەرچاو له هێزی کاری ئەم کارگانه له شارە کوردییەکان وەکوو سەردەشت، پیرانشار، مهاباد، شنۆ و بۆکان (له ئوستانی ورمێ) دابین دەکرا.

لەماوەی ده ساڵی ڕابردوودا، سیاسەتی لەدواکەوتووییدا ڕاگرتن و ئەمنیەتیکردنی ڕۆژهەلات له لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، دیاردەی کۆڵبەریی لێ کەوتوەتەوە. له ساڵی ۲۰۱۵، زیاتر له هەزار کۆڵبەر له لایەن هێزە کانی دەوڵەتەوە، کوژراون یان بریندا بوون (بڕوانه خشتەی یەک).[۶۲]

**خشتەی ١: کۆڵبەرەکان (دەربازبوون، کریکارانی سەرسنوور)**

| کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران (2015 - 2020) | | | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕووداو | بریندار | ژمارە | 19 | 49 | 148 | 226 | 178 | 16 | 636 |
| | | ڕێژەی ڕووداو | 3.0% | 7.7% | 23.3% | 35.5% | 28.0% | 2.5% | 100.0% |
| | | ڕێژەی ساڵانە | 27.1% | 52.7% | 62.7% | 64.2% | 70.1% | 80.0% | 62.0% |
| | | لە کۆ | 1.9% | 4.8% | 14.4% | 22.0% | 17.4% | 1.6% | 62.0% |
| | کووژراو | ژمارە | 51 | 44 | 88 | 126 | 76 | 4 | 389 |
| | | ڕێژەی ڕووداو | 13.1% | 11.3% | 22.6% | 32.4% | 19.5% | 1.0% | 100.0% |
| | | ڕێژەی ساڵانە | 72.9% | 47.3% | 37.3% | 35.8% | 29.9% | 20.0% | 38.0% |
| | | لە کۆ | 5.0% | 4.3% | 8.6% | 12.3% | 7.4% | 0.4% | 38.0% |
| | کۆ | ژمارە | 70 | 93 | 236 | 352 | 254 | 20 | 1025 |
| | | ڕێژەی ڕووداو | 6.8% | 9.1% | 23.0% | 34.3% | 24.8% | 2.0% | 100.0% |
| | | ڕێژەی ساڵانە | 100.0% | 100.0% | 100.0% | 100.0% | 100.0% | 100.0% | 100.0% |
| | | لە کۆ | 6.8% | 9.1% | 23.0% | 34.3% | 24.8% | 2.0% | 100.0% |

(The header row above the years reads: ساڵ)

## بەرگریکردن لە هەمبەر هەوڵە داگیرکەرانەکاندا

لە پەراوێزخستن و نکۆڵی لێ کردنی فەرهەنگ، شوناس و زمانی کوردی لە سەردەمی پەهلەویدا، لە ژێر فەرمانڕەواییی دەوڵەتی تێئۆ ئێتنۆکراتیکی ئێستای فارسدا، زیاتر و هەمەلایەنگیرتر بوو. بە پەیڕەو کردنی هێندێک سیاسەتی نوێی سەرکوتکەرانە و هەڵاواردن لە ڕووی قەومی-مەزهەبییەوە، دەوڵەتی ناسیۆنالیستی مەزهەبی، ئێستا پلانی هەڵاواردنی پێکهاتەیی و دامەزراوەیی (قەومی، زمانی و فەرهەنگی)ی زاڵ کرد کە لە دەرئەنجامدا بە شێوەی سیستەماتیک و یاسایی کوردەکانی لە ڕۆژهەڵات خستە پەراوێزەوە. بەم حاڵەشەوە، سەرەڕای هەوڵە بەردەوام و سیستەماتیکەکانی دەوڵەت، کوردەکانیش بە بەردەوامی لە ڕێگەی خەباتی سیاسی-فەرهەنگیی خۆیانەوە، ڕووبەڕووی سیاسەتەکانی ڕێژیم بوونەتەوە. جگە لە چالاکیی ئاشکرای سیاسی، بەرگریی کوردەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە هونەر، ئەدەبیات، شێعر و ڕووداوە فەرهەنگییەکانەوە خۆ دەنوێنی: ئەوان، لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا، تارادەیەک لە قەلەمڕەوێکی نایاساییدا، فەزای فەرهەنگی و سیاسی بۆ پێشەوە دەبن. کوردەکان لە ڕۆژهەڵات بە شێوەی جۆراوجۆر دژکردەویان لە هەمبەر سیاسەتی نکۆڵی لێ کردن و ئاسمیلەکردنی دەوڵەت هەبووە و بەرەوڕووی بوونەتەوە. ڕەنگە بەرچاوترین ئەکتی بەرگریکردن لە ڕۆژهەڵات خۆی لەو جۆش و خرۆشە بەربڵاوە لە دیاریکردنی ناوە کوردییەکان بۆ منداڵەکانیان و ئەو شتانەی کە بە هی خۆیانی دەزانن، نیشان بدات. ئەم ڕێژیمە بەربەستگەلی جۆراوجۆری ئیداریی بۆ کەڵک وەرگرتن لە ناوە کوردییەکان، داناوە. ئیدارەی سەرژمێریی ئێران لیستێک لە ناوە جێی پەسەندەکانی، کە زۆرتر ناوی مەزهەبی، شیعی و فارسین فەراهەم کردووە و خەڵک دەبێ لەو ناوانە هەڵبژێرێ. زۆرجار دایک و بابەبەکان لە کاتی تۆمارکردنی ناوی منداڵە ساواکانی خۆیان لەگەڵ ئەو ناوانەی کە ڕێژیم بە ناپەسەندی لە قەڵەم دەدات، تووشی کێشە دەبن. خوێندکارانی کورد بە ڕاشکاوی و ناراستەوخۆ نارەزایەتی دەردەبڕن بە نیسبەت ناوەکانی خۆیانەوە. ئەوان دەزانن کە دەبێ ناوەکانی خۆیان بۆ ناوێکی فارسی بگۆڕن بۆ ئەوەی بتوانن بە دوور لە کێشە و بەربەستە فەرمییەکان درێژە بە خوێندن بدەن یان ئەمنیەتێکی کارییان بۆ دابین ببێ. بەم حاڵەشەوە، زۆربەی کوردەکان چاوپۆشی لەم بابەتە دەکەن و ناوگەلێک هەڵدەبژێرن کە ئاماژەیە بۆ نیشاندانی شوناسی کوردبوونی خۆیان. بە تایبەتی وەها بەرگری کردنێک لە فەزای مەجازییدا بە ڕوونی دەبینرێ: فەیسبووک، تێلگرام، ئێنستاگرام و تۆڕەکانی دیکە، جێگا و هەرێمێکی تاکەکەسییە کە خەڵک دەتوانن چێژ لە خۆبوونی خۆیان( فەردانیەت) وەرگرن. پاش هەڵبژاردنی خاتەمی لە ساڵی ١٩٩٧، دەرفەتێکی کورتخایەن هاتە ئاراوە کە کرانەوەیەکی ڕێژەییی نەخوازراوی کۆمەڵایەتی-سیاسیی لێ کەوتەوە کە بە شێوەیەکی کتوپڕ چەندین ڕێکخراوی ناحکومی و چالاکیی سیاسیی سەریان هەڵدا. هەڵچوونی وزەیەکی سیاسی بەم شێوەیە ڕۆڵیکی بەرچاوی گێڕا لە بەرز کردنەوەی ئاستی وشیاریی گشتیدا و ئازادبوونی وزەی لاوانی کورد بۆ موبیلیزەکردنی سەرچاوە خۆجێییەکان لە کوردستاندا. بەشداربوون لە چالاکییە ژینگەپارێزییەکان، بەڕێوەبردنی گردبوونەوەی لۆکاڵی، دامەزراندنی کتێبخانە لە لادێکان و دانانی کلاسی زمانی کوردی لە ناوچە لادێیەکاندا زۆر پەرەی ئەستاند. کەمتر لە دەیەیەک، بە دەیان گۆوار، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی کوردی بڵاوبوونەوە ( بڕوانە خشتەی ژمارە ٢). هێندێک لەم گۆوار و بڵاوکراوە وەرزیانە (بڕوانە خشتەی ژمارە ٢) دەگرێ گرێدراوی دەزگا دەوڵەتییەکان بن لە بەر ئەوەی دەوڵەت هەوڵی دا ئەو زانیارییانەی کە لە بارەی کوردستانەوە بەرهەمدێن، مودیرییەت بکات.[٦٣]

**خشتەی ژمارە ٢: ژمارەیەک لەو گۆوار و بلاوکراوە / دەورەییانە
کە لە کوردستاندا بلاو دەکرانەوە**

| گۆڤار | دەسپێک | کۆتایی | شار |
|---|---|---|---|
| هەنار | ٢٠١٧ | | سەقز |
| دەنگی کوردستان | ٢٠١٥ | | سنە |
| چیا | ٢٠١٤ | | مەریوان |
| ئاگرین ڕۆژ | ٢٠١١ | | سنە |
| دیار کهن | ٢٠٠٩ | | سنە |
| ژیوار | ٢٠٠٨ | | |
| شار | ٢٠٠٨ | | سنە |
| سۆران | ٢٠٠٨ | | سنە |
| ئارشیە | ٢٠٠٨ | | |
| نیشتمان | ٢٠٠٨ | | |
| ڕووبار | ٢٠٠٧ | | |
| دیدگا | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٩ | سنە |
| کاردئاک | ٢٠٠٦ | | سنە |
| ڕاسان | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٨ | سەقز |
| هاوار | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٧ | سنە |
| کورمانج | ٢٠٠٤ | | خوراسانی |
| ئاوای کوردستان | ٢٠٠٣ | | سەقز |
| ئاشتی | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٨ | سنە ـ تاران |
| ڕۆژهەلات | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٨ | تاران ـ سنە |
| کەرەفتوو | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٧ | سنە |
| گفتار سبز | ٢٠٠٣ | | سنە |
| بدر | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٩ | قوروە |
| ئاسۆ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠٢ | سنە |
| ڕاڤە | ٢٠٠٢ | | تاران |
| ئاراڕات | ٢٠٠١ | چوار ژمارە | سنە |
| مهاباد | ٢٠٠١ | | مهاباد |
| ژیار | ٢٠٠٠ | ٢٠٠٨ | سنە |
| وەرزانەی کوردستان | ١٩٩٩ | ٢٠٠٧ | سنە |
| تیشک | ١٩٩٨ | ٢٠٠٢ | مەریوان |
| سیروان | ١٩٩٨ | بەردەوامە | سنە |
| زرێبار | ١٩٩٧ | ٢٠١٤ | مەریوان |
| ئاویەر | ١٩٩٦ | ٢٠٠٤ | سنە |
| ئاوێنە | ١٩٩٤ | ١٩٩٨ | تاران |

**خشتەی ژمارە ٢: ژمارەیەک لەو گۆوار و بلاوکراوە / دەورەییانە
کە لە کوردستاندا بلاو دەکرانەوە**

| گۆڤار | دەسپێک | کۆتایی | شار |
|---|---|---|---|
| ڕۆژ | ١٩٨٧ | | مهاباد |
| سروە | ١٩٨٥ | ٢٠٠٨ | ورمێ |
| ڕێگای یەکیەتی | ١٩٧١ | | مهاباد |
| ژین | ١٩٦٧ | ١٩٧٠ | سنە ـ تاران |
| ئارێن | ١٩٥٢ | ١٩٥٥ | کرماشان |
| سەدەی کورد | ١٩٥٢ | | سنە |
| ئارێز | ١٩٥١ | ١٩٥٢ | سنە |
| ئینقلابی کاوە | ١٩٥١ | | تاران |
| خۆرنشین | ١٩٥١ | ١٩٥٣ | کرماشان |
| ڕابەری کورد | ١٩٥١ | ١٩٥٢ | سنە |
| پیکار | ١٩٥٠ | ١٩٥١ | سنە |
| سەدەی کوردستان | ١٩۴٦ | ١٩٥٣ | مهاباد |
| ئاوات | ١٩۴٥ | سێ ژمارە | مهاباد |
| کوردستان | ١٩۴٥ | | ورمێ |
| پەیکی کورد | ١٩۴١ | ١٩٧٢ | |
| ڕۆژی کورد | ١٩٢٢ | | زانکۆی تەورێز |
| ڕوانگە | ١٦ ژمارە | | کرماشان |
| ئاریا | ..... | ..... | کرماشان |
| ئاوای غەرب | پاش ١٩٧٩ | | سنە ـ سەقز |
| ئەخبار کوردستان | | | تاران |
| ئامانج | | | ئیلام |
| پەیکی ئیلام | پاش ١٩٧٩ | | کرماشان |
| پەیکی شار | پاش ١٩٧٩ | | زانکۆی مهاباد |
| تریفە | | | کرماشان |
| چاوان | | | زانکۆی |
| ڕۆژنامە | | | تاران |
| زاگرۆس | | | زانکۆی عیلم و سەنعەت ـ تاران |
| کرماشان | | | زانکۆی ڕازی ـ کرماشان |
| ڕۆژنە | | | سنە |
| ندای زاگرۆس | | | تاران |

بەم پێیە، لێکۆڵەرە کوردەکان کەڵک لەم جۆرە پلاتفۆرمانــە وەردەگرن بۆ بەرەوپێشــبردنی فەرهەنگ، مێژوو و شوناسی کوردی. بڵاوکراوە کوردییەکان زۆرتر تەرخــان کراون بۆ بابەتە کۆمەڵایەتی-سیاســییەکان لــە ڕۆژهەڵاتدا. ئەنجومەنە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی ڕۆنان، ڤەژین، ڕۆژیار لە شاری مەریوان، ژینکۆ، بیری زێڕین، ئاسۆ، جووتیاران لە شاری شنۆ، نۆژین و ڤەژین لە شــاری بانــە، چەند نموونەیەکن کــە ڕیوایەتێکی قووڵ و ئاڵۆز لە بواری ژیانی فەرهەنگــی- کۆمەڵایەتی و سیاســیی کورد لە ڕۆژهــەڵات دەخەنــە ڕوو. بەشــێک لەو ئەنجومەنانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا توانیویانە بە شێوەیەکی نافەرمی و دڵخوازانە، ببنە قوتابخانەیــەک کە زمانی کوردی فێری لاوەکان بکــەن. تاکــوو ئــەم دواییانەش، ئەنجومەنــی ڕۆنان، گۆوارێکــی وەرزانەی بە ناوی زرێبار بڵاو دەکردەوە، کە تەرخان کرابوو بۆ ئانالیزکردنی بابەتە جۆراوجۆرەکان لەســەر کوردســتانی گەورە. گۆوارە ناسراوە مانگانە و حەوتووانەکانی وەکوو ژیلوان، هەنار، ئاشــتی، ڕووبەر، ڕاسان، شار، کاردۆک، ئاگرین، ژیوار، چرۆ و هایــا و چەندانی دیکــەش لە لایەن گرووپە چالاکەکانی کوردەوە، بڵاو دەکرێنەوە. گرینگتــر لە هەمــووی، ئــەم بڵاوکراوانە لە ڕووی مادییەوە لە لایەن ئەکادیمسیەنەکانی کورد و خێرخوازە خۆجێیەکانەوە پشــتیوانی دەکرێن.[۶۴]

هەروەها کوردەکان لە هەمبەر کەمپەینی دەوڵەت بۆ لەناوبردنی دارســتان و سەرچاوە سروشــتییەکانی کوردســتان، بەربەرکانــێ دەکەن. دەوڵەت بە قەســتی دارستانەکان لە شارە ســنوورییەکانی وەکوو بانە، سەردەشت، پیرانشــار، مەریوان و ســەولاوا دەســوتێنێ بــە مەبەســتی لەناوبردنــی حەشــارگە سرووشــتییەکانی جووڵانەوەی کورد. هەموو ســاڵێک، هاوکات چەندین شوێن بە یەکەوە دەســوتێنن لە بەر ئەوە کوژانەوەی ئاگرەکان بۆ چالاکانی ژینگە پارێز ناموکین بکەن. ساڵی ۲۰۱۸، تەنیا لــە ڕووداوێکی ئاورکوژاندنەوەدا چــوار کەس لە چالاکانی بواری ژینگەپارێزی لــە کاتی دەســتوپەنجە نەرمکــردن لەگەڵ کوژاندنەوەی ئاوردا گیانی خۆیان لەدەست دا. ئەم کارە بووە هۆی خۆپیشاندانێکی بەربڵاو لە شاری مەریوان و کوردەکان بە گشتی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە مردنی ئەواندا بە تاوانبار دەزانن.[۶۵] (ئێســتا ئەو چالاکانە لە لایەن کوردەکانی ڕۆژهەڵاتەوە وەکوو قارەمان و شــەهید یادیان لێ دەکرێتــەوە). خەڵکی خۆجێیی کورد بە شێوەیەکی ڕێکوپێک تیم بۆ خاوێنکردنەوەی پاشــماوەکان لە شــوێنە گشتییەکانی شار، دەوروبەری شار و هەروەها ئــەو مەســیرە کوێســتانیانەی کە شــەوانە سەردانیان دەکرێ، پێک دێنن.

### بەرئەنجام

کوردەکان لە هەمبەری سیاســەتی دەوڵەتی «فارســیزمدا» بەرنگاری دەکــەن. لە کاتێکدا کــە هەموو هەوڵ و ســەرمایەیەکی دەوڵەت لە کوردستاندا بۆ پەروەردە و فێرکردن، جگە لە فارســیزم، داگیرکاریی زمان و شوناســی کوردی شــتێکی دیکــە نەبــووە، ئاکامێکی نەخوازراوی لــێ کەوتوەتــەوە: ئەمە بووەتە هۆی جموجۆڵێکی بەربــڵاوی کۆمەڵایەتی و جوگرافی لە نــاو کوردەکاندا و بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری و هەستی قەومی/نەتەوەییی ئەوانــی بە دواوە بووە. سیســتەمی مۆدێرنی پــەروەردەی دەوڵــەت، بۆ یەکدەســتکردنی نافارســەکان بە فارس، خۆبەخــۆ بووە هۆی بەزربوونەوەی ئاســتی وشــیاریی گشتی لە بارەی ستراتێژیی ئاســیمیلەکردنی دەوڵەت. خوێندکارانــی کورد کە بــە دوای وەرگرتنی بڕوانامەی زانستگەوەن لە شارە ناوەندییەکاندا زیاتر ڕووبەڕووی زەخت و بێبەشــی دەبنەوە لە لایــەن ئیلیتی سەردەســت و دەزگاکانی دەوڵەتەوە. ئێستا، زۆربەی بنەماڵەکانی کورد،

وا بیردەکەنەوە کە خوێندن ئەبزارێکی بەهێزە بۆ ڕزگاری و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. بـــۆ وێنە، کاتێـــک بەڕێوەبەرێک پرســـیار لە یەکێک لە کرێکارەکانـــی ناوچەی هەورامان دەکات کـــە بۆ ئـــەو خزمەتە باشـــانەی کە کردوویەتی پاداشێک بۆ خۆی هەڵبژێرێ، ئەو خوازیاری قوتابخانەیەک بـــوو بۆ گوندەکەی خۆی و ئەو قوتابخانەیـــەش لەبەر داخوازیی ئەو دروســـت کرا. هەنووکە، گوندێکی دووره دەســـتی (نیزیک ٤٠ بنەماڵەیی) لە ناوچەی شـــاخاویی هەورامان نموونەیەکە لە تێڕوانینی کورد بۆ پەروەردە وفێرکاری وەکوو ئەبزارێک بـــۆ ڕزگاربوون. لە ســـاڵی ٢٠١١، لە یەکێک لەو گوندانـــەدا، خەڵک بـــۆ خوێندکارەکانی خۆیان فێســـتیڤاڵێکی کۆتاییـــی خوێندنیان بەڕێوە برد کـــە ١٣ کەس لەوان بەربژێربوون بۆ پلەی دوکتۆرا. ســـەرەڕای هەوڵە بەردەوام و سیستەماتیکەکانی دەوڵەت بۆ بێبەشکردنی خوێندکارانی کـــورد، ڕێـــژەی خوێندکارانی کورد لە زانســـتگەکاندا زیادی کردووە. ئێستا، بەشـــێکی بەرچاو لە خوێندکاران لە هێندێک لە زانستگە باشەکانی وەکووهەمەدان، کەرەج، تـــاران و تەورێـــز، کـــوردن. لـــە کاتێکدا کە ئەوان ســـەرقاڵی خوێندنی فەرمیی خۆیانن، ژمارەیەکـــی بەرچـــاو لـــەم خوێندکارانە بە شێوەی غەیرە ڕەســـمی خەریکی کارکردنن لەســـەر زمانی کوردی، ئەدەبیات، وەرگێڕان بۆ کوردی و هەروەها پێویســـت بە ئاماژکردن ناکات کە بەشـــێکی بەرچاو لەوان شێوەزاری دووهەمـــی کوردیش فێر بـــوون کە ئەمەش بەتەواوی گەشە و بەرەوپێشچونێکی نوێیە.[٦٦]

## کۆبەند

لەم لێکۆڵینەوەیەدا شـــیکاری بۆ ستراتێژیی دەوڵەتی ئێران بۆ ئاســـیمیلەکردن و زاڵبوون بە ســـەر کوردەکان لە پاش شۆڕشی ئێراندا، دەکـــرێ. ئـــەم وتـــارە بەڵگە دێنێتـــەوە کە ئامانجـــی ئـــەم ســـتراتێژییانە داگیرکاریـــی ناوخۆییـــی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتانە بـــۆ هەتاهەتایە. سەنتەری سیاسەتەکانی کۆماری ئیســـلامی لە گرەوی گۆڕینی تایبەتمەندیی دیاریکراوی قەومی-مەزهەبیە بۆ فارســـاندن و بەشیعەکردنی خەڵک و فەزای کوردستان. دەوڵـــەت تێدەکۆشـــێ تاکـــوو فەرهەنگ و زمانی فارســـی لـــە ڕێگـــەی توندوتیژییەوە جیهانی بکات و ئێرانی بوون هاوواتای فارس بوون لەقەڵەم بدات. ئەم شـــێوە سیاســـەت/ تێڕوانینە بواری قســـەکردنی بۆ نافارســـەکان نەهێشـــتوەتەوە.[٦٧] کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵـــی داوە بـــە کەڵکوەرگرتن لـــە هێزی نیزامی، پشـــتیوانیی ئیلیتی فارس و هەروەها بەرێوە بردنی سیاسەتی پەروەردەیی و دینی بۆ ســـڕینەوەی هەر چەشـــنە جیاوازییەک، دەسەڵاتی ڕەها و» شوناسی تایبەت بە ئێرانی بوون» پـــەرە پێ بدات. کۆماری ئیســـلامیی ئێران ئەمەی دووهەمی بـــە بەردەوامی و بە شـــێوەیەکی سیســـتەماتیک لە کوردستاندا پەیڕەو کردووە.

ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی پرۆسەی فارســـاندن و بەشـــیعە کـــردن و بەردەوامی و بەهێزکردنـــی وەهـــا سیاســـەتێک هەر لە ســـەردەمی فەتحـــی کوردســـتانەوە، واتە لە ســـەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠دا. لەم دوایانەدا، وەزارەتـــی پـــەروەردەی کۆماری ئیســـلامی، بەخشنامەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە، ئەگـــەر منداڵانـــی نافارس (لە نێـــوان ٤- ٦ ســـاڵان) لە تاقیکاریـــی لێهاتوویـــی زمانی فارســـیدا سەرکەتوو نەبن، ئەوان دەبێ وەکوو ئـــەو منداڵانەی کە پێراگەیشـــتنی تایبەتیان دەوێ، هەڵســـوکەوتیان لە گەڵدا بکرێ. ئەمە نیشـــانی دەدا کە کۆماری ئیســـلامیی ئێران، ناشـــارەزایی لە بەکارهێنانی زمانی فارسی بە توانای بایۆلۆژیکیی مرۆڤەکانەوە دەبەستێتەوە. ئەم سیاســـەتە نوێیە، لە ڕووی بایۆلۆژیکییەوە نەسلێک لە نافارســـەکان لەبەر سەرنەکەوتن لە تاقیکاریی شـــارەزاییی زمانی فارســـی، بە

گەشەنەکردوو لەقەڵەم دەدات. ئەم سیاسەتە دەبێ وەکوو فۆرمێکی زمانی/نژادی سەیر بکرێ، کە لە بەشی یەکەمی سەدەی بیستەمدا باو بووە. بەم پێیە، ڕۆشنبیرانی فارس لە ناوخۆی ئێران و دەرەوەدا چ بە ڕاشکاوی یان بە شاراوەیی، بەڵێنیان داوە لەم بوارە کەم وێنەیەدا پشتیوانی لەم سیاسەتەی دەوڵەت بکەن.[٦٨] هەروەها لەم وتارەدا بەرگریکردنی ئەکتەرە کوردە غەیرەدەوڵەتییەکان لە هەمبەر کۆلۆنیالیزمی ئەو وڵاتەدا بەرجەستە کراوەتەوە. ئەو زەختە لەڕادەبەدەری کە ڕێژیم بۆ سنووردارکردنی پارتەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر هەرێمی کوردستانی دێنێ، کاریگەریی زۆری داناوە. بەم حاڵەشەوە، کوردەکان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتدا لە ڕێگەی بەرگریی فەرهەنگییەوە هەر لە بەرهەمهێنانی هونەری کوردی، ئەدەبیات، شێعر، سینەما، میوزیک، جێژنی ساڵانەی نەورۆز و فۆرمە جیاوازەکانی دیکەی بەرگریکردن، بە ڕوونی لە هەمبەر سیاسەتی ئاسیمیلەکردنی فەرهەنگی و سیاسیی ڕێژیمدا، لە خۆبوردووانە ڕاوەستاون. هەروەها لە کۆتاییدا ئەم وتارە هیواخوازە کە نیشان بدات کوردەکان خۆیان وەکوو قەوم/نەتەوەیەکی بێ حاکمییەت لە ئێراندا ببینن، لە بەر ئەوە ئەوان کراونەتە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی سەرکوت و ئاسیمیلەکردنی دەوڵەتی مۆدێرن. کوردەکانیش، وەکوو ماباقیی کۆمەڵگە ژێردەستەکانی دیکە، لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە ئەساسدا بە بێ دووبارە پێناسە کردنەوەی چەمکی «نەتەوە»، سیستەمی کۆلۆنیالی ناوخۆیی دەتوانێ بەرەوپێش بچێ. کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی و سیستەمی سیاسیی تاک لایەنی قەومی-مەزهەبی لە ئێراندا حاکمییەتێکی لە هەمبەر کۆمەڵگە ژێردەستەکاندا، پێکهێناوە. ئەم پەیوەندییە دووفاقییە، بابەتی حاکمییەتی وەکوو پرسی هەبوون لەگەڵ پێکەوەژیانی قەوم/نەتەوەی ئێرانی ڕێکخستووە. لە کاتێکدا ئێلیتی قەوم/نەتەوەی سەردەست (بۆ وێنە فارسەکان) پێداگری لەسەر سیستەمێکی سێکۆلاری دێمۆکراتیک وەکوو چارەسەرێک بۆ هەموو کێشەکان دەکەنەوە، ئەو کەسانەی کە سەربە کۆمەڵگە ژێردەستەکانن لەسەر ئەو بڕوایەن کە سیستەمی دیمۆکراسیی سیکۆلار، بە تەنیا ناتوانێ هاوسانیی پێکهاتەیی، دامەزراوەیی، مێژوویی، فەرهەنگی و سیاسی لەو وڵاتەدا بپارێزێ. لەم ڕووەوە، گرووپی دووهەم پێداگری دەکەن لەسەر زامنکردنی حاکمییەت بۆ هەموان (یان حاکمیەتێکی ڕاستەقینەی خەڵکی) کە دەبێ نیشانەکانی «دێمۆکراسی» و بنەماکانی پێکهێنانی دەسەڵات لە ئێراندا، سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوە. بە بێ ئەم پێناسە کردنەوەیە، سیستەمی داگیرکاریی ناوخۆیی درێژەی دەبێ. سەرەڕای ئەمانە، بە بێ هەڵگرتنی هەنگاوێکی بنەڕەتیی لەم چەشنە، ناهاوسانیی مێژوویی دووبارە بەرهەم دێتەوە. لە بەرئەنجامدا، هەموو قەوم/نەتەوە نافارسەکان لە هەرچەشنە نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینە بێبەش دەبن و لە پێکهێنانی نەزم و یاسای بنەڕەتیدا، بە بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە پێی دەگوترێ سیستەم، دەنگیان کپ دەکرێ. ئەم بابەتە باس لەوە دەکا کە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی حاکمییەت - کە هاوشێوەی بەڵگاندنەکانی ئی.بی.دوبۆیس لە کتێبی ڕەنگ و دێموکراسیدایە - دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ تێگەیشتن لە هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر حاکمییەت کراون و ڕەهەندێکی نوێ بۆ مانای ڕاستەقینەی شارۆمەندێک کە خۆی حاکمە ساز دەکا.[٦٩]

*. Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani. «'Minoritisation' of the other: the Iranian theo-ethnocratic state's assimilatory strategies.» Postcolonial Studies (Online, April 2020) https://doi.org/10.1080/13688790.2020.1746157

Ahmad Mohammadpour, Department of Anthropology, University of Massachusetts, Amherst,

MA, USA
Kamal Soleimani, Centre de Estudios de Asia y Africa, El Colegio de México, Mexico City, Mexico

## تێبینیەکان

١- بڕوانە، کەماڵ سولەیمانی و ئەحمەد موحەممەدپوور، ئایا غەیرە فارسەکان دەتوانن قسە بکەن؟ گێڕانەوەی حاکمیەت لە « ناسنامەی ئێرانی»، قەومەکان، ٢٠١٩، DOI:10.1177/1468796819853059; کەماڵ سولەیمانی و ئەحمەد موحەممەدپوور، ئەمنیەتیکردنی ژیان: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر فەرمانڕەواییی دەوڵەتی فارسی- شیعیدا، وەرزنامەی جیهانی سێهەم ، ٢٠١٩ DOI:10.1080/01436597.2019.1695199; کەماڵ سولەیمانی و ئەحمەد موحەممەدپوور، ژیان و کار لە سەر لێواری داگیرکاریی ناوخۆییدا: ئابووریی سیاسیی کۆڵبەری لە ڕۆژهەڵاتدا، جۆرناڵی کۆمەڵناسیی بریتانیا ، ٢٠٢٠، لاپەڕەی ١- ٢٠ ، DOI:10.1111/1468-4446.12745.

٢- بڕوانە، کارۆلین هامفری، « حاکمیەت» in D Nugent and J Vincent (eds) وێڕای زانستی مرۆیی و سیاسەت، ئاکسفۆرد: Blackwell, 2004, pp 418–436; تۆماس بلۆم هانسن و فین ئیستپیوتات، « پێداچوونەوەی حاکمیەت» پیداچوونەوەی ساڵانەی زانستی مرۆیی ٣٥ ، ٢٠٠٦ ، لاپەڕەی ٢٩٥- ٣١؛ DOI:10.1146/annurev.anthro.35.081705.123317; برندا چاڵفین، سنوورەکانی نئولیبراڵ: قەوم ناسیی و حاکمیەت لە ئافریقای ڕۆژئاوا، شیکاگۆ: زانستگەی شیکاگۆ پرس، ٢٠١٠؛ یاریمار بۆنیلا ، « حاکمیەتی ناسەقامگیر» ئێتنۆگرافی فەرهەنگیی، ٣٢- ٣٣ ، ٢٠١٧ ، لاپەڕەی ٣٣٠ تاکوو ٣٣٩ ، DOI:10.14506/ca32.3.02.

٣- کوردەکان، خۆیان، بەم شێوەیە ئاماژەیە بۆ پارچە جیاکانی کوردستان وەکوو باکوور {باکوور/ لە تورکیە} ، باشوور {لە ئێراق}، ڕۆژئاوا {لە سووریە} و ڕۆژهەڵات {لە ئێران} دەکەن. بە مەبەستی پێشگرتن بۆ لە داوکەوتنی دەوڵەتە ڕەگەزپەرەستە دژەکوردەکان و قەڵەمڕەوی کوردەکان، ئێمە پێڕەویمان لە جوگرافیای تایبەت بە خۆیان کردووە.

٤- بۆ پێناسەی وتەزای «دەوڵەتی ناوازە» بڕوانە ، جۆرجیۆ ئاگامبن، دەوڵەتی ناوازە، کوین ئاتل (trans)، شیکاگۆ: زانستگەی شیکاگۆ پرس . ٢٠٠٥.

٥- لە مهاباد، شوێنی یەکەمین کۆماری کوردە لە ١٩٤٦، کە بە کۆماری کوردستان ناسراوە. هەروەها هەر لەوێش یەکەمین ڕاپەڕینی ناسیۆنالیستیی کورد لە دژی دەوڵەت لە ١٨٨٠ دا دەستی پێ کرد، بڕوانە کەماڵ سولەیمانی، ئیسلام و کێشمەکێشی ناسیۆنالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ١٨٧٦- ١٩٢٦، نیۆیۆرک ، NY: Palgrave, 2016. لە گەڵ پەیدابوونی دەوڵەتی مۆدێڕن لە ئێران وێڕای گەیشتنە دەسەڵاتی موحەممەد ڕەزا شای پەهلەوی لە {١٩٢٥} ڕۆژهەڵات کۆمەڵێک شۆڕشی سیاسیی لە لایەن کوردەکانەوە بە خۆوە بینی. بۆ وێنە، شۆڕشێک بە ڕێبەریی سمایل ئاغای سمکۆ {کە ئەو یەکەمین ڕۆژنامەی بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە {بڕوانە سولەیمانی ٢٠١٧}، مەلا خەلیل {١٩٢٨} ، و ئەمیر حەمە سوور {١٩٣٩، هەروەها بە ئەمیر پاشا ناسراوە} کە ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (KDPI)، خۆش کرد.

٦- جاش لە ڕووی مۆراڵییەوە بە مانای کوڕی کەر دێ، ناولێنانێکە کە کوردەکان بۆ ئەو کەسانە بە کاری دەبەن کە لەگەڵ هێزە نیزامیەکانی ڕێژیمدا هاوکاری دەکەن.

٧- R ئەلینگ کریسشن ، کەمینەکان لە ئێراندا: ناسیۆنالیزم و قەومیەت پاش خومەینی ، نیویۆرک: پاڵگریف ، ٢٠١٣، لاپەڕەی ٤ .

٨- مستەفا وەزیری، ئێران وەکوو وڵاتێکی خەیاڵی: دروستکردنی شوناسی نەتەوەیی ، نیویۆرک: Paragon House، 1993.

٩- مێهرزاد بروجێردی، سازوکارەکانی ناسیۆنالیزم و شوناسی ئێرانی، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٧ {١٢} ، ١٩٩٨ ، لاپەڕەی ٤٣ – ٥٥ ؛ مێهرزاد بروجێردی، «ئێرانی ئیسلامی و کێشمەکێشی فاشیستی مودێرنیتەی ڕۆژئاوا» ، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ئاشتی ٣٤ { ١} ، ١٩٩٧، لاپەڕەی ١- ٥ .

١٠- عەلیڕەزا ئەسغەرزادە، ئێران و پرسی هەمە جۆری: فاندەمێتالیزمی ئیسلامی، ڕەگەزپەرەستی ئاریایی و خەباتی دیمۆکراسی، نیویۆرک، NY: پاڵگریف مەک میلان ، ٢٠٠٧.

١١- ڕەزا زیا – ئیبراهمی، سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی: نیژاد و سیاسەتی جێگۆڕکێ پێکردن، نیویۆرک NY: چاپەمەنی زانستگەی کولۆمبیا، ٢٠١٦.

١٢- ئەفشین مەتین – ئەسغەری ، « بازنەی بەرلین: ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە گەڵ دژە مودێرنیتەی ئاڵمان کۆدەبنەوە» کامران ئاقایی و ئەفشین مەرعەشی A، چاوپێداخشاندنەوە بە ناسیۆنالیزم و مودێرنیتەی ئێراندا، ئاستێن: چاپەمەنیی زانستگەی تەگزاس، ٢٠١٤، لاپەڕەی ٤٩ – ٦٧ ؛ ئەفشین مەتین -ئەسغەری ، هەردوو ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی: مێژووی ڕۆشنبیریی مودێرنیتەی ئێران، چاپەمەنی زانستگەی کەمبریج، ٢٠١٨.

١٣- بروجێردی، سازوکارەکانی ناسیۆنالیزم و شوناسی ئێرانی» ، لاپەڕەی ٤٣ .

١٤- بڕوانە مێهرزاد بروجێردی، « سەرکەوتن و دژوارییەکانی نوێکردنەوەی ئیستبداد لە ئێراندا»، لە ئێستفن کرۆنین(ed), دروستکردنی ئێرانی مۆدێڕن: دەوڵەت و کۆمەڵگە لە ژێر ڕێبەریی ڕەزا شادا، ١٩٢١- ١٩٤١ ، ٢٠٠٣، لاپەڕەی ١٥٣.

١٥- مەلا خەلیل ڕۆشنبیرێکی ئایینی و ڕێبەری کۆمەڵێک بوو کە دەستی دایە ڕێکخستنی کوردەکان لە دەوروبەری سەردەشت و پیرانشار لە دژی سیاسەتە داپڵۆسەرێنەکانی ڕەزاشا، بە تایبەتی پێشڕەوی خەڵکەکە بوو لە دژی جلوبەرگی نوێ وەکوو نیشانەیەک.

١٦- شۆڕشی ئەمیر حەمە سوور لە ساڵی ١٩٣٩، لە قەلەڕەش نێزیک سەردەشت سەریهەڵدا. شۆڕشەکەی ئەو لە دژی سیاسەتی سەربازیی زۆرەملێی ڕەزا شا بوو.

١٧- بڕوانە ، عەباس وەلی، «ساڵە لە بیرکراوەکانی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێراندا، پاڵگریف مەکمیلان، ٢٠١٩.

١٨- بڕوانە ، هوما کاتوزیان، «ریفۆرمی زەوی لە ئێراندا، کەیسی لێکۆڵینەوە لە ئابووریی سیاسی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە ، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی وەرزێڕان، ١ { ٢} ، ١٩٧٤.

١٩- بڕوانە، موحەممەد جی ماجد، « سیاسەتی ڕیفۆرمی زەوی لە ئێراندا»، گۆڤاری ئامریکایی ئابووریی کشتوکاڵ ٦٩ {٤}، ١٩٨٧، لاپەڕەی ٨٤٣- ٨٤٨؛ ئێستفن کرۆنین ، سەرلەنوێ تەفسیرکردنەوەی ئێرانی مۆدێڕن: خێڵ و دەوڵەت لە سەدەی بیستەمدا» ، لێکۆڵینەوەی ئێران ٤٢ {٣} ، ٢٠٠٩، لاپەڕەی ٣٥٧- ٣٨٨.

٢٠- وەلی، عەباس، «کوردەکان و ئەوانی دیکە»: شوناس و سیاسەتی پارچە پارچەکراو» لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی باشووری ئاسیا ، ئافریقا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، ١٩٩٨، دووبارە ولی، لاپەڕەی ٨٣.

٢١- عەباس ئامانات ، ئیسلامی ئاخرزەمانی و شیعیی ئێرانی، لەندەن: I.B. Tauris, ٢٠١٥، لاپەڕەی ٢١١.

٢٢- بڕوانە، ئامانات، ئیسلامی ئاخرزەمانی و شیعیی ئێرانی.

٢٣- Juan Cole, «هەزارەکان لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا»، عەباس ئامانات و مەگنووس برناردسون، (eds)، خەیاڵی بێ کۆتایی: بەرجەوەندە ئاخرزەمانییەکان لە ڕۆژهەڵانی ناوەراستی کەوناراوە تاکوو ئامریکای مۆدێڕن، لەندەن: I.B. تائورێس، ٢٠٢٠، لاپەڕە ٣٢٦.

٢٤- بڕوانــە، کەمــاڵ ســولەیمانی ، ئیســلام و کێشمەکێشــی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، نیویۆرک، پاڵگریڤ مەک لان، ٢٠١٦، لاپەڕە ٣٢- ٤١.

٢٥- بڕوانــە، نیکــی ئار کیــدی و مارک جی جیسیورۆفســکی ، نــە ڕۆژئاوا نە ڕۆژهــەڵات: ئێران، یەکیەتیی ســوڤیەت و ویلایەتە یەگکرتووەکانی ئامریکا ، چاپەمەنی زانستگەی یەل، ١٩٩٠.

٢٦- عەبدولڕەحمــان قاســملوو، ڕێبــەری حیزبــی دێمۆکراتــی کوردســـتان و یەکێک لە دانوســـتانکارەکان. ئەو وەکوو نوێنەری کوردەکان بۆ مەجلســی شــارەزایان هەڵبژێــردرا. بە هەر حاڵ، لە کاتێکــدا کە ئەو بەڕێوە بوو بۆ تــاران، خومەینی ڕایگەیاند، کە ئەو مورتەدە. قاســملوو هیچکات دەرگای وتووێژی بە ڕووی دەوڵەتدا، دانەخست. بەرئەنجام، ئەو لە لایەن هەیئەتی دانوستانکاری ڕێژیمی مەزهەبییەوە لە ســەر مێزی وتووێژ لە ســاڵی ١٩٨٩ لە ئوتریش ، تێرۆر کرا.

٢٧- بە پێی ڕاپۆرتی کۆمەڵە لە ١٣ی نوامبری ١٩٨٩.

٢٨- ئەوان زنجیرە دانیشتنێکیان لە سنە و تاران لە گەڵ ڕێژیم دا، هەبوو. ڕێژیم بەڵینی دابوو کە خودموختاری بە کوردســـتان بدات، پەیمانێک کە هەر زۆر زوو لە لایەن ڕێژیمەوە شکا.

٢٩- لێکەوتەکانــی هێرشــی ڕێژیــم بــۆ ســەر ڕۆژهــەڵات لە لایەنــی پەرپێدانی سیاســی و نیزامییەوە ، هیچــکات لە ڕەوتی مێژوونووســیی ئێراندا ئاماژەی پێ نەکراوە. مێژوونووســانی قەومی سەردەســت نایانهەوێ شوێنیک بۆ ئەم جۆرە ڕووداوانە لە نووسینە مێژووییەکانی خۆیاندا بکەنەوە و لەم ڕووەوە هاودەســتی دەوڵەت بــوون بۆ لــە پەڕاوێزخســتن و تاوانکاری لە هەمبەر شــوناس و فەرهەنگــی کــورد دا. Cf. ئەمیر ئەرجومەنــدی دەڵێ: عەمامە بۆ تاج: شۆڕشی ئیســلامیی ئێران، چاپەمەنیی زانستگەی ئاکسفۆرد، ١٩٨٩، موحســن میلانی، دروستکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران: لە پاشــایەتییەوە تاکوو کۆماری ئیسلامی، چاپەمەنیی وێست ویو، ١٩٩٤؛ ســەعید ڕەهنما و ســۆراب بێهداد، ئێرانی پاش شــۆڕش، قەیرانی وڵاتێکی ئیسلامی، I.B. Tauris, ١٩٩٦؛ میساق پارسا، سەرچاوە کۆمەلایەتییەکانی شۆڕشی ئێران، چاپەمەنیی زانستگەی ڕاتگێرس، ١٩٨٩؛ عەلی قەیســەری و وەلی نەســر، دێمۆکراســی لــە ئێراندا: مێژوو و تێکۆشــان بۆ ئازادی، چاپەمەنیی زانســتگەی ئاکسفۆرد، ٢٠٠٦؛ حەمید دەباشی، ئیلاهیات و نارەزایەتیی، بنەمای اایدیۆلۆژیی شۆڕشی ئیســلامی لە ئێراندا، Transaction Publishers, ٢٠٠٣; عەلی میرسپاسی، دێمۆکراسی لە ئێرانی مۆدێڕن دا، ئیســلام، فەرهەنگ و گۆڕانکاری سیاســی، چاپەمەنی NYU، ٢٠١٠؛ عەلی موحەممەد ئینســاری ، سیاســەتی ناسیۆنالیســتی لە ئێرانــی مۆدێڕنــدا، چاپەمەنیی زانســتگەی کەمبریج، ٢٠١٢؛ عەبــاس ئامانات، ئێــران: مێژوویەکی مۆدێــڕن. New Haven, CT: چاپەمەنیی زانســتگەی یەل، ٢٠١٧؛ ئەســکەندەر سادقی-بروجێردی، شــۆڕش و نارەزایەتییەکانی، فیکری سیاسی و ڕیفۆرم لە ئێراندا، چاپەمەنیی زانستگەی کەیمبریج، ٢٠١٩.

٣٠- بڕوانــە، مەعــروف کەعبــی، « لە پەراوێز خســتنی مێژووی کوردەکان» ، M. Litt. نامەی دوکتورا، زانســتگەی ست ئەندروز، نامەی کارناسیی باڵا کە بڵاو نەکراوەتەوە، ٢٠١٥.

٣١- بۆزیاتــر بڕوانــە: https://www.nytimes.com/2003/11/29/world/sadegh-khalkhali-77-a-judge-iniran-who-executed-hundreds.html {دەستپێڕاگەیشتن ٥ی ژانویەی ٢٠٢٠}.

٣٢- بڕوانــە . کەعبی؛ « لە پەراوێز خســتنی مێژووی کوردەکان» ، ٢٠١٥.

٣٣- هەروەها چیرۆکی نەوتراوی دیکەش لە کوشتار و سێدارەدانی بەربڵاو لەســاڵەکانی سەرەتای شۆڕشــدا بوونی هەیە کە دەتوانین ئاماژە بە گرینگترینیان وەکوو ئێعدامە بەربڵاوەکان لە ســنە، پاوە، سەقز، کرماشــان و مەریوان لە ساڵی {١٩٧٩} بکەین و هەروەها قەتلوعامــەکان لە زۆربــەی گوندەکانی کوردســـتان وەکوو دێمە ســوور، جافرئاوا، مەرجان ئاوا و سەوزی {لە دەوروبەری مەهاباد} دیلانچەرخ، هەڵەبی، کۆخان، کارێزی شێخان، خەلیفان و گۆڕخان، و وێنســیلان { لە دەوروبەری نەغەدە} ، هەڵەقۆشــک و گێچە لە ناوچەی ســۆما لە ورمێ ، چەقەڵ مستەفا؛ دژبرێک ئاوا، گوندەوێڵە و دووئاوان، { شنۆ}.

٣٤- بــۆ زیاتــر بڕوانــە: https://www.youtube.com/watch?v=4pGA11WPqkA {دەستپیڕاگەیشــتن ٥ی ژانویەی ٢٠٢٠}.

٣٥- بڕوانــە، کامــرەوا مێهــران، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاســتی مۆدێڕن: مێژووی سیاســی لە سەردەمی شــەڕی جیهانیی یەکەمدا، چاپی سێهەم، بێرکلی: چاپەمەنی زانستگەی کالیفۆڕنیا ، ٢٠١٣.

٣٦- ئەحمەدینژاد گومانی لە ســەرە کە بەشدار بووبێ لە تێرۆری قاســملوودا. هەروەها ئەو قۆناخی یەکەمی چالاکییەکانی خۆی لە ناوچــەی ئازەری و کوردەکان وەکوو ئەندامێکی ســپا و ئیتلاعات ، تێپەڕانــد. بڕوانــە: https://www.theguardian.com/world/2005/jul/04/iranlukeharding. {دەســت پــێ ڕاگەیشتن ٢٥ی فیوریەی ٢٠٢٠}.

٣٧- ڕۆحانی، عەلی یونســی وەکوو ئاریکاری تایبەتی سەرۆککۆمار بــۆ کاروبــاری کەمینە قەومــی و مەزهەبییەکانی، دەستنیشــان کردووە. هەروەها، لە ســەردەمی سەرۆککۆماریی ئەودا ، زانستگەی کوردســـتان یەکەمین بەشــی زمان و فەرهەنگی کوردی کردەوە. بــە هەر حاڵ، ئــەم چالاکییەش وەکوو چالاکییە هاوشــێوەکانی دیکە بە پشــتیوانی و ڕێنوێنیی ئاخێوی زاڵی فارسی شکڵی گرتوو هەر لەو بازنەیەشــدا مایەوە، لــە جیاتی ئەوەی بەرگری لە کورد و کوردەکان بکات.

٣٨- خەڵک کردنە جاش.

٣٩- بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم چەمکە بڕوانە، ئەحمەد موحەممەدپوور و کەماڵ ســولەیمانی، «بەدواداچوونی خێــڵ: ئاپۆڕای « خێڵەکی» لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناســی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت، چاپەمەنیی کۆمەڵناســیی بریتانیــا، ٢٠١٩، DOI:10.1111/1468-4446.12656 { دەستپێڕاگەیشتن ٢٥ فیوریەی ٢٠٢٠}.

٤٠- خواستەکانی شۆڕش.

٤١- بۆ زیاتر بڕوانە، سولەیمانی و موحەممەدپوور، « ئەمنیەتیکردنی ژیان، لاپەڕەی ٨ – ١٠.

٤٢- لە کوردستاندا باش مانای ’good‘ دەدات.

٤٣- literally واتە جاش قەڵەم.

٤٤- ســولەیمانی و موحەممەدپــوور، « ئەمنیەتیکردنــی ژیــان» لاپەڕەی ١١.

٤٥- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ، ســەعید گوڵکار، Captive Society: بەسیجی ملیشیا و کۆنترۆڵی کۆمەڵگە ، نیویۆرک: چاپەمەنی زانستگەی کەیمبریج ، ٢٠١٥.

٤٦- ڕیچــارد ئێڵ ڕۆبنشــتاین ، جیهاد و جێنۆســاید، ڕۆمەن و چاپەمەنی لیتڵفیڵد ، ٢٠١٠، لاپەڕەی ١٥٣.

٤٧- بــۆ زانیاریــی زیاتر بڕوانە، ســولەیمانی و موحەممەدپوور، « ئەمنیەتیکردنی ژیان» لاپەڕەی ٨- ١٢ .

٤٨- بڕوانە، پیتر ئارئێشــمیت و تۆماس ســی پیترســۆن (eds.) دروستکردنی ئاڵترناتیڤی مێژوویی: نمایشی باستان ناسیی و مێژوو لە ڕێکخســتنی غەیرە ڕۆژئاواییــدا، Santa Fe, NM: چاپەمەنی زانستگەی ئامریکا، ١٩٩٥.

٤٩- بــۆ زانیاریــی زیاتر بڕوانــە، لۆرنزۆ وراســینی، جێکەوتنی کۆڵۆنیاڵیزم: چاوپێداخشــاندنەوەیەکی تیــوری، پاڵگریڤمەکلان، ٢٠١٠؛ ئێــدوارد کاواناگ و لۆرنز وراســینی، کتێبــی ڕێنوینیی مێژووی کۆڵۆنیاڵیزمی Routledge، ٢٠١٦.

٥٠- بڕوانــە وێبســایتەکەیان، http://78.39.231.130/ { دەستپێڕاگەیشتن ، ١٥ی مارسی ٢٠٢٠}.

٥١- شــوێنکەوتووانی ئەحمەد موفتی زادە، ڕۆشنبیرێکی ئایینیی کورد کە دژی ڕێژیم بوو، پاش دە ساڵ بەند کران لە ساڵی ١٩٩٣

لە حەبسی ناومالّ لە ماڵەکەی خۆیدا. مرد. بەشێک لە پێڕەوانی ناسراوی ئەو تووشی زیندانی درێژماوە، دوورخستنەوە{ تبعید} و تێرۆر بوونەوە.

٥٢- شوێنکەوتووانی فیرقەی ئۆرتودۆکسی موسوڵمانی سوننە کە لە لایەن موحەممەد بن عەبدولوەهابەوە لە ساڵی (١٧٠٣–٩٢)؛ ئەم فیرقە هەنووکەش هێزێکی مەزهەبیی زاڵن لە عەرەبستانی سعودی دا.

٥٣- /http://kurd.ismc.ir { دەست پێ ڕاگەیشتن ١٠ی مارسی ٢٠٢٠}.

٥٤- بۆ وێنە بڕوانە، http://old.ido.ir//n.aspx?n=13910209014{ دەست پێ ڕاگەیشتن ١٠ی مارسی ٢٠٢٠}.

٥٥- http://www.irna.ir/fa/News/82676537 { دەست پێ ڕاگەیشتن ١٠یمارسی ٢٠٢٠}.

٥٦- xxxxx چاوپیکەوتن لە گەڵ ژمارەیەک لە بەرپرسانی شاری بانە – ئوستانی کوردستان ، لە هاوینی ٢٠٠٥ دا.

٥٧- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، لیۆ مارگارد، سیاسەتی داگیرکاری لە اافریقای باشوور. Johannesburg:Institute of Race Relations, 1957; پابلۆگونزالز، «کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی و گەشەی نەتەوەیی»، لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری پەرەپێدانی نێونەتەوەیی ١ {٤} ، ١٩٦٥، لاپەڕەی ٢٧- ٣٧؛ ڕابێرت بلۆنێر، « کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی و شۆڕشی گتۆ» کێشە کۆمەلایەتییەکان، ١٦ {٤} ، ١٩٦٩، لاپەڕەی ٣٩٣- ٤٠٨؛ مایکڵ هچتر، کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی: سڵتیک لە گەشەی نەتەوەیی بریتانیا، چاپەمەنی زانستگەی کالیفۆرنیا، ١٩٧٥ ڕابێرت پێکهام ، « کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی» نەتەوە و ناوچەکە لە یونان لە سەدەی نۆزدەیەم، in M Todorova(ed.) شوناسی باڵکان: نەتەوە و یادەوەری، نیویۆرک: چاپەمەنیی زانستگەی نیویۆرک ، ٢٠٠٤، لاپەڕەی ١٥- ٤٣.

٥٨- بەم شێوەیە کە شوانەکانبونە لینکی نێوان خەڵک و بەرگریکارانی کوردبوون، ڕێژیم ئاژەڵداریی قەدەخە کرد.

٥٩- بڕوانە سولەیمانی و موحەممەدپوور، ئەمنیەتیکردنی ژیان».

٦٠- وەرگیراو لە چاوپێکەوتنەکانی ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٩، لە گەڵ بەرپرسانی پلە باڵای سنە/ ئوستانی کوردستان. هەروەها، بڕوانە، https://www.radiozamaneh.com/262340 { دەست پێ ڕاگەیشتن ١٥ی مارسی ٢٠٢٠}.

٦١- . لەکوردیدا، کۆڵبەری ئاماژەیە بۆ (لاو و پیر) کە کاری سەرسنوور دەکەن، واتە ئەوەی کە خەڵک پێی دەڵێن کۆڵبەر، کاڵاکان لە پشتی خۆیان دەنێن و لەم دیوی سنوورەوە بۆ ئەو دیوی سنوورەکانی ئێران، ئێراق و تورکیە دەیگوازنەوە. کۆڵبەری یەکێک لە پڕمەترسیدارترین کارەکانە کە ڕۆژانە لە لایەن هێزە نیزامییەکانی ئێرانەوە تەقەیان لێ دەکرێ، یان بە هۆی بەربوونەوە لە کوێستان و ڕەوەزەبەردەکان، کەوتنەناو مەیدانی مین و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کرێوە وسەرمادا، گیان لەدەست دەدەن.

٦٢- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، سولەیمانی و موحەممەدپوور، « ژیان و کار لەسەر لێواری داگیرکاریی ناوخۆییدا».

٦٣- سەرچاوەکان: بەختیار کەریمی،» شیکردنەوەی فاکتەرەکانی پەیوەندیدار بە چاپەمەنییە لۆکاڵی و خۆجییەکانەوە لە ڕوانگەی چالاکان و کارمەندانی چاپەمەنییەکان لە ئوستانی کوردستان»، زرێبار (٨٣&٨٤), ٢٠١٣، لاثەڕەی ٢٢٢- ٢٢٥ ؛ سەید شەهاب خزری، پێڕستی کتێب و گۆڤار لە کوردستاندا، سیمورغ، ٢٠٠٩، [ بە فارسی ].

٦٤- ئێمە لێرەدا تەنیا پشتمان بە ئیتنۆگرافی { شێوە لێکۆڵینەوەی مەیدانی} خۆمان و دەیتا بەیسەکان لە سەر بنەمای چاوپیکەوتنەکان، بەستووە .

٦٥- https://www.kurdistan24.net/en/news/0de56fbc-6c68-48d6-b0a1-630362546ecd { دەست پێ ڕاگەیشتن ١٥ی مارسی ٢٠٢٠}.

٦٦- هەروەها ئێمە، لێرەدا تەنیا پشتمان بە ئیتنۆگرافی {شێوە لێکۆڵینەوەی مەیدانی} خۆمان و دەیتابەیسەکان لەسەر بنەمای چاوپیکەوتنەکان، بەستووە .

٦٧- سولەیمانی و موحەممەدپوور، ئایا غەیرەفارسەکان دەتوانن قسەبکەن؟

٦٨- بڕوانە، https://www.isna.ir/news/ ورود-تست-بسندگی-زبان-فارسی-به-سنجش-سلامت-نوآموزان-در-دستور/ ٩٨٠٣٠٨٠٣٣٧

٦٩- W E B Du Bois, ڕەنگ و دێمۆکراسی: داگیرکاری و ئاشتی ، هارکۆرت، بریس و Co, ١٩٤٥.

سپاسمەندی

نووسەران سپاسی ورنرهێرتزۆگ ، بنیامین میچلە، ڕۆتفیرێس ئایند، مەعرووف کەعبی، ئێلکساندێر گانووت، بۆ خوێندنەوەی بابەتەکەی ئێمە و دەبڕینی بیرو بۆچوونە بە پێزەکانیان و هەروەها هەمزە موحەممەدی بۆ پێدانی زانیاریی بەنرخ، دەکەن. هەروەها ئێمە سوپاسی ڕەخنەگرانی نەناسراو، و ئێدیتۆرەکان، شەرارە فروزش و ئالئسۆن کادێک، بۆ فیدبەکە سوودمەندەکانیان لە بارەی پێش نووسینەکانی ئەم وتارەوە ، دەکەین.

بەیانی ڕاشکاوانە هیچ دژبەیەکییەکی پەنگراو(بیلقووە) لە لایەن نووسەرانەوە بەدی نەکراوە.

Notes on contributors

ئەحمەد موحەممەد پوور، کۆمەڵناسێکی بواری کۆمەلایەتییە. ئەو دوکتۆرای کۆمەڵناسییەکەی لە زانستگەی شیرازی – ئێران وەرگرتووە. هەروەها ئەو بەربژێری دوکتۆرایە لە بواری زانستی مرۆیی لە زانستگەی ماساچوست- ئەمهێرست و وانەی قۆناخەکانی پێوەندیدار بە ناسیۆنالیزم و ڕووبەڕووبوونەوەی قەومی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا، دەڵێتەوە. بازنەی لێکۆڵینەوەکانی موحەممەد پوور لە بارەی کەمینە قەومی- مەزهەبییەکان و ئابووریی سیاسییە بۆ لە دواکەتوویی ڕاگرتن لە ئێراندا، کە فۆکووسی خستووەتە سەر کوردەکانی ڕۆژهەلات. ناوبراو تاکوو ئێستا هەشت لێکۆڵینەوەی لە بارەی بابەتێکەوە نووسیوە و زیاتر لە ٦٠ وتاری زانستیی بە زمانی ئینگلیزی، کوردی و فارسی بڵاو کردووەتەوە. بەرهەمەکانی موحەممەدپوور بە بەربڵاوی لە بارەی کوردستانەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی مودێلی ئێتنۆگرافی لەسەر بنەمای گراندێدتیۆری لە ئێراندا. وتارەکانی موحەممەدپوور لە ژوورناڵە جۆراوجۆرە نێونەتەوەییەکانی وەکوو گۆڤاری کۆمەڵناسیی بریتانیا، وەرزنامەی جیهانی سێهەم، قەومیەتەکان و چەندایەتی و چۆنایەتی، ژۆرناڵی نێونەتەوەییی مێتۆدناسی، ژۆرناڵی ئینگلیزی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ژۆرناڵی نێونەتەوەییی لێکۆڵینەوە لە بارەی چۆنایەتیی تەندروستی و خۆشبژێوی، بڵاوبووەتەوە.

کەماڵ سولەیمانی شارەزای مێژوو و سیاسەتی ئیسلامییە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. سولەیمانی پلەی دوکتۆراکەی خۆی لە بواری مێژووی ئیسلام لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە زانستگەی کولۆمبیا لە نیویۆرک بە دەستهێنا و لە زانستگە جیاوازەکانی جیهاندا وانەی گوتووەتەوە. سولەیمانی نووسەری چەندین وتاری جیاوازی زانستییە کە لە ژۆرناڵە ئەکادێمیکیەکانی وەکوو گۆڤاری کۆمەڵناسیی بریتانیا، وەرزنامەی جیهانی سێهەم، قەومیەتەکان، لێکۆڵینەوە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامدا، بڵاوبووەتەوە. نووسراوەکانی سولەیمانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمای کوردی { سۆرانی، کورمانجی} فارسی و تورکی. ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا، کێشمەکێشی ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا (Palgrave, ٢٠١٦)، بە جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی بنچینەیی لێک گرێدانی ئیسلام لە سەرهەڵدانی دەوڵەت نەتەوەدا بنچینەکانی مەعریفەناسیی [epistemologies] دەوڵەت نەتەوە دەباتە ژێر پرسیارەوە. ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە ململانێ و دژکردەوەکانی ناسیۆنالیزم و فیکری دینی لە مێژووی مۆدێرنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا چۆن بەڕێوە دەچی.

# سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و خوێندنی باڵا*

شارۆن ستۆن و ڤانێسا دۆ ئۆلیڤێرا ئاندێرۆتی
و: ئاگری باجوەر

## پێشەکی

به سەرنجدان به رۆڵی سەرەکیی زانستگاکان له بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی و له خولقاندن و رەواییدان به زانیاریدا، سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و جێگای ئەو له خوێندنی باڵادا، له هەردوو بواری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و رەخنەی زانستی له هەموو جیهاندا جێگای سەرنجی تایبەته. سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم دەکرێت به شێوەیەکی بەربڵاو وەک چەمکێکی سابات لێی تێبگەین، له پێناو هەوڵه جۆراوجۆرەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوو پێڤاژۆی جیاواز و له هەمان کاتدا پێکەوەگرێدراوی بەکۆلۆنیکردن و بەتۆرەمەییکردنی(racialization)، بۆ گۆڕانکاریکردن و قەرەبووکردنەوە لەپەیوەندی لەگەڵ کاریگەرییە مێژوویی و بەردەوامەکانی ئەم پێڤاژۆگەلەدا و بۆ خولقاندن و زیندووراگرتنی ئەو شێوازگەله له زانین، بوون(being) و پەیوەندی، که ئەم پێڤاژۆگەله هەوڵی بنبڕکردنیان دەدەن. بەکۆلۆنیکردن و بەتۆرەمەییکردن، خاوەنی دوو رەهەندی ماددی و ناسیاریبانەن(epistemic)، که پێکەوە بیچم به پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن و ئەو دەستەبەندییانە (category) بەپیرۆز دەکەن که دواتر بۆ پاساوی ئەمانە بەکار دەبرێن: داگیرکردنی عەردی خۆجێیی؛ لێسەندنەوەی خاوەندارێتی و پرتێچووکردنی ژیانی رەش؛ سیستەمی جێندەریی دوانەی ناباوکسالار (heteropatriarchal)؛ بانگەشەی جیهانیبوونی ئاوەزی (reason) مۆدێرنی رۆژئاوا؛ بەئۆبژەکردن و بەکارهێنانی سروشت؛ پەیوەندییە خاوەندارێتییە سەرمایەدارانەکان و شێوازەکانی بەرهەمهێنان، میلیتاریزم؛ تاکگەراییی پاوانخوازانه (possessive individualism) و چەمکی تۆرەمه (race).

له ژێر چەتری بەربڵاوی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزمدا، ژمارەیەک پێکدژی، ناهاوڕابوون و روانینی جۆراوجۆر بۆ داهاتووی سڕدراوه له کۆلۆنیالیزم و ئامرازه بەردەستەکان بۆ گەیشتن به ئەم داهاتووگەله جیاوازه بوونیان هەیه. ئەم روانینه ناکۆکانه رەنگه تەنیا روانگەی یەک کەسیش بن. هەروەها مشتومڕی بەرچاو هەن لەسەر ئەوەی که ئایا سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لەگەڵ پرۆژەکانی دیکەی یەکسانیدا یەکتر دادەپۆشن، یان دادەشکێت(reducible) بۆ ئەوان و یان نامۆیه پێیان. بەم شێوەیه، هەر هەوڵێک بۆ دەستنیشانکردنی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و خوێندنی باڵا، نەخوازراو لەگەڵ تێگەیشتنه جۆراوجۆرەکان له سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم بۆخۆیدا ناکۆکه. ئەم بابەته بەسەر مەودا گشتییەکانی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزمدا دەچێتەوە و ئەو گریمانه، خواست و بابەته پێکدژانه دەدۆزێتەوه که دەبن به هۆی راڤەی (interpretation) جۆراوجۆر بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم له بەستێنی ئێستای خوێندنی باڵادا.

## هەوڵ و خواستەکانی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم

تەنیا یەک رابردوونامە (genealogy) بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم بوونی نییە، بەتایبەتی ەە بەرهەڵستیکردنی توندوتیژیی تۆرەمەیی (ra-cial) و کۆلۆنیالی لەسەدەی پانزدەهەمەوە و له کاتێکەوە که ئورووپا بۆ یەکەم جار دەستی کرد به پرۆژەی زاڵبوونه جیهانییه نوێکەی و لێسەندنەوەی خاوەندارێتی له رێگای بەکۆیلەکردنی رەش و بەکۆلۆنیکردنی خۆجێییەوه، بوونی هەبووه. بەهەرجۆرێک بێت، زۆرێک چەمکی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم دەگەڕێننەوە بۆ بزووتنەوه دژەکۆلۆنیالییەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم له ئافریقا و ئاسیادا، که بەدوای ئەوەوه بوون قانوونه کۆلۆنیالییەکانی ئورووپا لابەن، و هاوکات دەیگەڕێننەوه بۆ بزووتنەوه کۆمەڵایەتییەکانی مافی چارەنووسی خۆجێیی و دژەتۆرەمەخوازی (antiracist) لەناو کۆلۆنیاله جێگرتووەکان (settler colonial) و نەتەوه ئورووپاییەکاندا بەدرێژەی دەیەکانی ۱۹۶۰ و ۱۹۷۰. ئەگەرچی هەوڵەکای سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم به هێندێک چرکەسات و سەردەمی دیاریکراودا دەناسرێنەوه، بەڵام رەنگه بکرێت زیاتر له رووداو یان کۆمەڵه

ڕووداوێکی جیاواز، وەک کۆمەڵێک پێڤاژۆی بەردەوام و جۆراوجۆریش لێی تێبگەین.

ئەمڕۆکە، ڕەنگە بکرێت خواستە جۆراوجۆرەکان بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە سێ بابەتی سەرەکیدا کورت بکرێتەوە: **١** بەکۆلۆنیکردنی بەردەوامی خەڵکی خۆجێیی لە وڵاتانی کۆلۆنیالیی جێگرتوودا ،هەروەها میراتە بەردەوامەکانی بەکۆلۆنیکردنی ڕەش و چاوەدێریی توندوتیژی سنووری نەتەوەییەکان؛ **٢** کاریگەرییە نەخوازراو و کەڵەکەبووە کۆمەڵایەتی، ئابووری و ناسیارییەکانی سەدەکانی کۆلۆنیالیزم و کۆیلەداری بۆ ئاکنجی(نشتەجێ)یانی هەموو جیهان؛ **٣** بیناکردنی بەردەوامی حوکمداریی جیهانیی کۆلۆنیالی، وەک سیاسەتە قەرزییەکانی سندووقی نێونەتەوەییی پووڵ و بانکی جیهانی، کۆنترۆڵکردنی توندوتۆڵی کۆچ لە ئورووپادا و بانگەشەی بەردەوامی نەتەوەکانی ڕۆژئاوا بۆ مافی چاوەدێریکردنی جیهان (لە بواری نیزامی و ئەوانی ترەوە )، کە هەمووی ئەمانە لە پێناو پاراستنی زاڵبوونی ڕۆژئاوا و پەرەپێدانی سنوورەکانی سەرمایەداریی جیهانیدان.

بەسەریەکەوە، ئەم ڕەخنەگەلە لە سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و ڕەخنەکانی تر، ئاماژە بە ناسینەوەی بەردەوامبوونی سیستەمی جیهانیی مۆدێڕن، سەرمایەداریی کۆلۆنیالی، باوکسالارانەی ڕۆژئاواتەوەر و مەسیحیتەوەر دەدەن. (grosfoguel 2012, p.82) و پێیان وایە پێویستە سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم پرۆژەیەکی جیهانی بێت، تەنانەت ئەگەر لە کات و شوێندا بەڕێگەی جیاواز دەربکەوێت. بۆ وێنە، یەکێک لە پێشکەوتنە بەرچاوەکان لە پەیوەندی لەگەڵ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و خوێندنی باڵا لە ئامریکای لاتیندا گەشەسەندنی ئەو زانستگا نێوفەرهەنگییانە(Intercultural) بووە کە خۆسەر بوون و دەوڵەت پشتی گرتوون پێیان لەسەر ناسیاریناسینی (-epistemol ogy) خۆجێیی و گرینگیی تێکەڵاویی ئاسۆیی لەگەڵ کۆمەڵە ناوچەییەکاندا داگرتووە. بەگشتی،

ئەم بابەتە پێ لەسەر سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و خوێندنی باڵا لە بەستێنی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کانادادا دادەگرێت.

## بەمێژووییکردنی (historicizing) سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و خوێندنی باڵا

لێکۆڵەران زۆر ڕێگایان دەستنیشان کردووە کە تییاندا زانستگا مۆدێرنەکان، لە دەستپێکردنیانەوە، لە بەکۆیلەکردن و بەتۆرەمەییکردندا هاوکار بوون و کەڵکیان لێ وەرگرتووە. لێسەندنەوەی خاوەندارێتیی عەردە خۆجێییەکان(indigenous lands) وەک مەرجێکی ئیمکانیی پێویست بۆ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و کانادادا بووە و هەروەها ماوەتەوە و زۆرێک لە دامەزراوە سەرەتاییەکان لەکاتی دروستکردنی باڵەخانەکانیاندا بەزۆر کاریان بە کۆیلەکان دەکرد و یان بەو سامانە دامەزران و پشتگیریی ماڵی کران کە لەڕێگای کۆیلەداری و کۆلۆنیالیزمەوە کەڵەکە بووبوون (wilder 2013). هەروەها زۆرێک لە دامەزراوە ڕۆژئاواییەکانیش بەقووڵی بەشدار بوون لە پێرستکردنی (-catalogu ing) کۆلۆنیالیستیی زانیارییە نارۆژئاواییەکان و بەرهەمهێنانی زانیاری بۆ پشتیوانی لە تۆرەمەخوازیی (racism) زانستی و جۆرەکانی تری دەستەبەندییە کۆلۆنیالی و تۆرەمەییەکان کە بۆ پاساوی تواندنەوەی(assimilation) زۆرەملێ، داگیرکاریی نیزامی و تەنانەت نەهێشتنی جەماوەری ناسپی بەکاردەهاتن (Said1978;Smith2012). لە ئاکامدا، هێندێک پێیان وابووە کە زاڵ بوونی خێرا و بەیەکجاریی ناسیاریی(شێوازی زانیاری) مۆدێرن، ڕۆژئاوایی، سێکۆلار و بەرواڵەت جیهانی، تەنیا لە بەستێنی پرۆژەکانی ئورووپا بۆ سەرکەوتن و بەکۆیلەکردندا بەئاکام دەگەیشت (Spivak 1988 ;Wynter 2003).

کەوابوو، پێکدژییەکی بنەڕەتی کە لە هەڵچنینی زانیاریی کۆلۆنیالیدا هەیە ڕێگە بە

هەرجۆرە هەوڵێک بۆ سـڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە دامەزراوە هەنووکەییەکاندا دەگرێت : بانگەشەی جیهانیبوونی زانیاریی ڕۆژئاوایی تەنیا لە دژایەتی لەگـەڵ تایبەتبوون و بەشـبوونی(partiality) زانیاریی ناڕۆژئاواییدا دەکرێت بەرگریی لێ بکرێت. ئەمڕۆکە، دامەزراوەکانـی خوێندنی باڵا درێژە بە بەرهەمهێنانـەوەی پلەبەندییەکی (هیرارشـی) ناسیاریناسانە دەدەن کە تێیدا وەها دەردەکەوێت کە زانیارییە ڕۆژئاواییەکان بە شێوەیەکی جیهانی، بابەتییانـە و بەبایەخن، لەکاتێکـدا کە زانیارییە ناڕۆژئاواییەکان یان وەک "فەرهەنگی ناوچەیی" ڕێزیان لێ دەگیرێت کـە بۆ بەرژەوەندیی ڕۆژئاوا بە شـتومەک و... دابین کراون، یان لە بنەڕەتەوە هەر وەک زانیاری ناناسرێنەوە. بەرنامەی وانەکان لەژێر دەستی ناسیاریناسینی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی زانسـت و تێکنۆلۆژیی ڕۆژئاواییدا دەمێنێتەوە و توێژینەوەیـش لەم بوارگەلەدا بـە پارەتیدان و جۆرەکانی تری پشـتیوانی و پشتڕاستکردنەوەی دامەزراوەیی خەڵات دەکرێن.

زاڵبوونی ناسیاریناسانەی ڕۆژئاوا تەنیا لە زانکۆ و زانسـتگاکانی ڕۆژئاوادا ڕووی نەداوە، بەڵکوو لە ناڕۆژئاوایشـدا، واتا لە شـوێنێک کـە دامەزراوە ڕۆژئاواییـەکان بەزۆری وەک وێنـەی ئیدئالی زانسـتگا دەبیندرێـن، بوونی هەیـە. (nandy 2000). ئەمە زۆر کەسـی هێناوتە سـەر ئەوەی کە پێ لەسـەر سـڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە بیردا (decolonizing the mind) (Thiong'o 1986) و چەسپاندنی یەکسانیی ناسینی (cog-nitive justice) لـە توێژینـەوەو و بەرنامـەی ااـنـەکان لە خوێندنی بـاڵادا دابگرن (sousas-antos 2007). کەسـانی تر ئاماژە بە مەترسییە دەرنەکەوتووەکانی(potential) پێداگرتن لەسەر ڕەهەندە ناسارییەکانی سـڕینەوەی کۆلۆنیالیزم تەنانەت بە بەهای پێکدادانی ماددیی زۆرتر لەسەر عـەرد و قەرەبووکردنەوەکانی تر دەکەن (Tuck and Yang 2012). بەگشتی، تەنیا ئەم دوانە نین و داخوازی بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە هەردووی ئـەم ڕوانینانـەدا (perspective) و بەزیادەوە، بە شـێوەیەکی زێدەبوو لەناو شـارە گەورەکانی وڵاتانـی داگیرکەری پێشـوو، نەتـەوە کۆلۆنیالە جێگرتووەکان و وڵاتە پێشـتر بەکۆلۆنیبووەکاندا، لەلایەن خوێندکاران، مامۆسـتایان و چالاکڤانانی هەمـوو جیهان لە هەردوو زانسـتگا ڕۆژئاوایی و زانستگا بەڕۆژئاواییبووەکاندا، دێنە ئاراوە.

ئـەم هەوڵانـەی دوایـی ناتوانرێـت لـە بزووتنەوەکانی پێشووتر لە سـاڵەکانی ١٩٥٠دا، ەە بوو بەهۆی هاوچەشـنکردنی (desegrega-tion) دامەزراوە بەمێژوویی سـپییەکان و دواتر بزووتنەوە خوێندکارییەکان لە ساڵەکانی ١٩٦٠و ١٩٧٠دا کـە داواکاریـی هەبوو بـۆ گۆڕانکاریی دامەزراوەییی بەیەکجاری، لەڕێگای سـڕینەوەی بەڕۆژئاواییکردنـی(de-westernization) بەرنامـەی وانـەکان و بەرهەمهێنانـی زانیاری و دابەشـکردنەوەی بەرچاوتـری سـەرچاوە ماددییەکانـەوە، جیا بکرێتـەوە. بەتایبەتی، ئەم بزووتنەوەگەلـە دژی ئـەوە بوون کـە خەڵکی بەتۆرەمەییبـوو و خۆجێیی وەک ئۆبژەی زانیاری لەبەرچـاو بگیردرێـن و بـەدوای ناسـرانەوەی دامەزراوەیـی و پشـتیوانی لە خۆیانـەوە وەک سـووژەی زانیاری بـوون. بزووتنەوەگەلی ئەوتۆ هەمـوو داخوازییەکانیـان جێبەجـێ نەبـوون، بـەڵام لەزۆر جێـگادا، گەیشـتن بـە ئامانجی بەدامەزراوەییکردنـی بەرنامەکانی خوێندنەوەی ئێتنیکی و ژنان، هەروەها خولقاندنی ناوەندگەلی فەرهەنگیی خوێنـدکاران و بەڕێوەبردنی بەرنامە فەرهەنگییـە تایبەتەکان لە شـوێنە کراوەکاندا (Ferguson 2012). هـەر لەو کاتانەدا، زانکۆ و زانسـتگا کۆنترۆڵکراوە خۆجێییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و کانادادا دامەزران.

بەگشـتی، ئەمڕۆکـە زۆربـەی ئـەم بەش (Department)، بەرنامـە و دامەزراوەگەلـە بـۆ وەرگرتنی پشـتگیریی ماڵیی پێویسـت لە کێبڕکێدان. لە ڕاسـتیدا، داخوازییـە نوێترەکان بۆ سـڕینەوەی کۆلۆنیالیـزم لـە نارازیبوونێکی گەشەسـەندوو لـەو بەڵێنـە لاواز، بێڕێزیکەر و مەرجدارانەوە دێن کە بۆ وەرگرتنی ڕوانین، خەڵک

و شێوازەکانی بەرهەمهێنانی زانیاریی ناسپی/ ڕۆژئاوایی لە دامەزراوە سەرەکییە بەمێژووییی سپی یان ژێر دەسەڵاتی سپییەکاندا درابوون (Ahmed 2012 ; nandy 2000). ئەو ڕاستییەی کە خوێندکار و مامۆستا ناسپییەکان بەگوێرەی پێویست نوێنەریان لە خوێندنی باڵادا و بەتایبەتی لە پێگە و دامەزراوە هەرە ناسراوەکاندا نییە، بێ هیواییەکی زۆرتری بەرهەم هێناوە. هەروەها، ئەم بێ هیواییە بەهۆی بەتایبەتکردنی زێدەتری خوێندنی باڵای گشتی، لاوازکردنی بەڵێنەکانی پشتگیری و هەڵبژاردنی دامەزراوەییی ئەو داخوازیگەلەی کە دەیەکانی پێشووتر بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی پێشکەش کرابوون، قووڵتر بووەتەوە.

## ئیمکانەکانی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە خوێندنی باڵای ئەمڕۆدا

لەم پێکەوەگرێدراوییەی ئێستادا، کۆمەڵێک پرسیار لە پەیوەندی لەگەڵ ئیمکانەکان بۆ گۆڕانکاریی دامەزراوەیی و هەروەها ئاسۆ خوازراوەکانی گۆڕاندا دروست بوون. لەمەدا، ئاڵۆزییەکی بەرچاو هەیە لەسەر سروشتی بەرواڵەت جیهانیی دامەزراوەگەلی وەک زانکۆ و زانستگاکان و داخوازیی تاکە بژاردەکان بۆ وەرگیران لەناو ئەو دامەزراوەگەلەدا، بەجۆرێک کە وەرگیرانەکانیان مەرجدار دەمێنێتەوە بە پلەی جیاوازبوونیان بەپێی پێوەرێکی جیهانی. لە وڵامدا، هێندێک کەس بەرگری لە پێویستیی دیسان بیرکردنەوە لە زانستگا وەک شوێنێکی فرەچەشن(pluri-versity)لەجیاتی شوێنێکی یەکچەشن (uni-versity)، دەکەن (Boidin et al 2012).

بەگشتیتر، پرسیارەکان لەسەر ئەوە دروست بوون کە تا چ ڕادەیەک دەکرێت ئەو دامەزراوەگەلەی کە لەلایەن دەوڵەت-نەتەوە و سەرمایەوە پشتیوانی دەکرێن، لە کۆلۆنیالیزم بسڕدرێنەوە و یان ئەم دامەزراوەگەلە دەتوانن شوێنێک دابین بکەن کە پرۆژەکانی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم تێیدا بیریان لێ بکرێتەوە و دابڕێژرێن. بۆ وێنە، تا چ ڕادەیەک ئەم دامەزراوەگەلە بە بێ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی گەورەتر دەتوانن بگۆڕدرێن؟ لە کاتێکدا کە زانستگاکان بۆ پشتیوانی لە ڕێڕەوێکی زانیاریی کۆلۆنیالی خولقاون و ڕاهاتوون و بەرەو لای بەرهەمهێنانەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیی هەنووکەمان دەڕۆن. ئەگەری هەیە ڕێبازگەلێکی زانیاری نە ڕێڕەوی کۆلۆنیالیی زانیاری بەرهەم بهێننەوە و نە بە کەڵک وەرگرتن لە چەمکە کۆلۆنیالییەکان دژی بوەستنەوە؟ تەنانەت مومکین یان خوازراوە کە زانیارییە جێگرەوەکان(alternative) بە سەرنجدان بەوەی کە ئەوان ڕەنگە بە گوێرەی شێوازە هەنووکەییەکانی بەرهەمهێنانی زانیاری نامۆ بن، لەناو دامەزراوەکانی پەروەردەی هەنووکەدا بەرهەم بهێنرێن؟

درێژەی ئەم بابەتە بە وڵامی ئەم پرسیارانە و پرسیاری تر لە پەیوەندی لەگەڵ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و خوێندنی باڵادا دەچێتەوە، و کورتکراوەی سێ ڕێبازی ڕەخنەگرانەی جیاواز بۆ توندوتیژیی کۆلۆنیالی و تۆڕەمەیی لە بەستێنی زانکۆ و زانستگا هاوچەرخەکاندا دەخاتە بەردەست؛ ئەمە ئەو بۆچوونانە لە خۆ ناگرێت کە ئەم توندوتیژییە بە گرفت نازانن.

## سێ کۆمەڵە وڵام

یەکەم دەستەی وڵامەکان، پێ لەسەر دەستتێوەردانە تاکەکەسی و دامەزراوەییەکان دادەگرێت کە لەسەر بابەتگەلی وەک نوێنەرایەتیی ڕێژەیی، بەرگریکردنی زیاتر لە ژمارەی زێدەبووی خوێندکار و مامۆستای خۆجێیی، بەتۆڕەمەبوو و کەمداهاتەکان و تەواوکەریی بەرنامەی وانەکانی هەنووکە لەگەڵ ڕوانینە ناڕۆژئاواییەکاندا، چڕ دەبێتەوە. لێرەدا لەجیاتی سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم، ئامانج فرەچەشنییەکی زێدەبووە، کە دانپێدانان و لەخۆگرتنێکی ئەوتۆی جیاوازییەکان لەناو دامەزراوە هەنووکەییەکاندا پیشان دەدات، کە بەشێوەیەکی بەرچاو پێوەرە هەنووکەییەکانی

سەرکەوتن و پێکهاتەی دەسەڵات تووشی ئاریشە ناکات. لەناو ئەم پێگەیەدا، پرسەکانی تۆرەمەخوازی و کۆلۆنیالیزم بەزۆری لەئاستی تاکەکەسیدا دەستنیشان دەکرێن. کەوابوو، بایەخ بە نەزانین یان بەرچاوتەنگیی تاکەکانی سەر بە تاقمە دەستڕۆیشتووەکان و هەوڵ بۆ ڕاستکردنەوەیان لە ڕێگای زانیاریدانی زۆرتر و سیاسەتە دامەزراوەییە دروستەکانەوە دەدرێت. هەروەها بۆ تاکەکان لە تاقمە پەراوێزخراوەکان، پێ لەسەر بردنەسەرەوەی توانایی و سامانی کۆمەڵایەتییان دادەگیرێت، بۆئەوەی باشتر تەیار ببن بۆ کێبڕکێی سەرکەوتووانە بۆ جێگۆڕکێی(mobility) لەناو سیستەمی هەنووکەدا. بەهۆی نەبوونی شرۆڤەی پێکهاتەییەوە، پرسی دابەشکردنەوەی نەباشی دەسەڵات، سامان(Wealth) و دەرفەت لە پەراوێزی [چەمکی] تۆرەمەدا دانارێژرێتەوە (problematisation). لەئاکامدا، خواستێک بۆ دابەشکردنەوە بوونی نییە و حەزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای کێبڕکێ لە پێناو سەرچاوە دەگمەنەکاندا بە ئاسایی و بە بێ دردۆنگی دەچێتە پێش. هەروەها، وەرگیران بە زۆری وەک خەڵاتێکی بەخشندانە پێدەزانرێت، بە جۆرێک کە چاوەڕوانی لە تاکە ناسپییەکان هەیە کە پێزانینی خۆیان دەرببڕن و خۆیان لە خۆجیاکردنەوەی زۆرتر بپارێزن. ڕەخنە یان داخوازییە بنەڕەتییەکانی تر ڕەنگە وەک پێنەزانین و خەسارهێنەر و یان نامەدەنی ببیندرێن و بسڕدرێنەوە. بەم شێوەیە، سنوورەکانی دامەزراوەکە و شێوازە دانپێدانراوەکانی بەرهەمهێنانی زانیاری و ڕەخنەدا هێشتا بە توندوتۆڵی لەلایەن پێکهاتەکانی دەسەڵاتی سەرمایەدارانە و سپییەوە چاوەدێری دەکرێت. زۆرینەی کردەوەی دامەزراوەییەکان لەپەیوەندی لەگەڵ کۆلۆنیالیزم و تۆرەمەدا دەکەونە ناو ئەم دەستەیە.

دەستەی دواتری وڵامەکان لەسەر شرۆڤەی سیستەماتیکی خولقاندنی نایەکسانی چڕ دەبێتەوە و بە دۆزینەوەی هێژمۆنیی ناسیاریناسانە لە خوێندنی باڵادا دەناسرێتەوە. ئەم شرۆڤەگەلە، پێ لەسەر ئەو ڕێگایانە دادەگرن کە تێیاندا خەسارەکانی بەکۆلۆنیکردن و بەتۆرەمەییکردن لە ڕێگای پێکهاتە دامەزراوەییەکان و ئەو مەنتقگەلەوە کە بە بەردەوامی هیرارشیی ئابووری و تۆرەمەییی هەنووکە بەرهەم دێننەوە، سەرچاوەکان بەرێگای هەرە خراپ دابەش ەەکەنەوە و بەشێوازی بەکارهێنەرانە (exploit-atively) هێزی کار و سەرچاوە هێماییەکان لە تاقمە پەراوێزخراوەکاندا هەڵدەبژێرن و بۆ کەڵەکەکردنی سامان بۆ ئەوانەی لە دەسەڵاتدان کەڵکیان لێ وەردەگرنەوە، دەردەکەون. ڕەخنەکان لەم ڕوانینەوە بەرەو ئەولا دەچن کە پێ لەسەر یەک یان ڕەنگە دوو ڕەهەندی توندوتیژیی کۆمەڵایەتی، وەک سەرمایەداری، تۆرەمەخوازی (Racism)، باوکسالاری، جیاپێوەری (heter-onormativity) نەتەوەخوازی، یان کۆلۆنیالیزم دابگرن، بەڵام ڕەنگە هەموویان پێکەوە نەبەستنەوە. داخوازی بۆ گۆڕانکاریی دامەزراوەییی بەرچاو، لەسەر دابەشکردنەوەی سەرچاوە ماددی و ناسیارییەکان و زەقکردنەوە و بەهێزکردنی خوێندکار و مامۆستا داپڵۆسراوەکان چڕ دەبێتەوە. هەروەها داخوازیی بەرچاو بۆ قەرەبووکردنەوەی دامەزراوەیی بۆ بەشداریی بەردەوام و مێژوویی لە توندوتیژیدا پێشکەش دەکرێن، بۆوینە، داخوازی بۆ گۆڕینی ناوی ئەو باڵەخانانەی کە لەپاش کۆتاییهاتنی کۆیلەداری ناو نراون، بێبەشکردن لە سووتەمەنییە فۆسیلییەکان، یان لەبەندیخانە کردن، یان بەخشینی بەشەخوێندنی ئازاد بە خوێندکارە خۆجێیی و ڕەشەکان. ڕێچکەگەلی گۆڕان لەم دەستەیەدا ڕەنگە وەک "وتنی ڕاستییەکان بۆ دەسەڵات" لەڕێگای ڕەخنەوە، هاوکات لەگەڵ کردەوەی ڕاستەوخۆ و یان ڕەنگە لێ سەندنەوەی مافی بنەڕەتیی وەرگیران، دەربکەون. هەوڵەکانی ئەم ڕوانگەیە بە شێوەیەکی مێژوویی بوون بە هۆی گۆڕانکاریی دامەزراوەیی بەرچاوی وەک، سڕینەوەی قانوونیی(de jure) جیاوازییەکان و دامەزراندنی بەشی خوێندنەوە ئێتنیکییەکان، ئەگەرچی لەولاوە هەڵبژاردنی

دامەزراوەیـــی بەبەردەوامی هەرەشـــەی تێکدانی داخوازییـــە بنەڕەتییـــەکان دەکات. هەروەهـــا وڵامەکان لەم دەستەیەدا، ڕەنگە لانیکەم هێندێک بەش لەو سیســـتەمەی کـــە ڕەخنەی لێ دەگرن بەرهـــەم بهێنێتـــەوە، چونکە ئاســـتەمە هەموو هۆکارەکانـــی کۆلۆنیالی بە جارێک تێک بدات، بە تایبەتی لەکاتێکدا کە خواســـتێک بۆ تێگەیشتن مابێتـــەوە بۆئـــەوەی کە داخوازەکانی کەســـێک لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بیسترێت.

دواییـــن دەســـتەی وڵامەکان، پێ لەســـەر هێژمۆنیـــی هەبووناســـانە (ontological) دادەگرێت، کە زانســـتگاکانی ئێستا پێکدەهێنێت و ئاراستەیان دەکات و ئەو سیستەمە لەبنەڕەتەوە توندوتیـــژ و هەڵنەکـــەرە دەستنیشـــان دەکات کـــە تێیدا جێی گرتووە. ئـــەم ڕێچکەگەلە پێیان وایـــە کـــە بوونـــی (existence) مۆدێـــرن بۆ بەردەوامبوونی، بەستراوەتەوە بە بەکۆلۆنیکردن و بەتۆرەمەییکردنەوە، کەوابوو بیر لە ســـنوورەکانی ئەوجـــۆرە لە گۆڕانـــکاری دەکاتـــەوە کە "وەک دەزانیـــن " لـــە خوێندنی بـــاڵادا ڕێگەپێدراون، بەتایبەتـــی لەو کاتەوە کە لـــە لایەن دەوڵەت — نەتەوە و سەرمایەوە دامەزراون و داڕێژراون. چونکە قەیرانەکانی ئێستای زانستگاکان، دەبەسترێنەوە بە کۆی ڕابردووی مۆدێرنیتە و مەرجەکانی ئیمکانی کۆلۆنیالـــی و تۆرەمەیـــی ئەوەوە، لـــە کۆتاییدا وادەزانرێت کە چاکسازی مومکین نییە و ئەوەی پێویســـتە بیرکردنەوە و خولقاندنی داهاتووی لە بنەڕەتەوە جیاواز و نەناســـراوە بۆ خوێندنی باڵا و بوارەکانی تر. بەم شـــێوەیە، بۆ وێنە، ئەم پێگەیە ڕەخنە لەو ڕاستییە دەگرێت کە دەستراگەیشتنی بەربڵاوتـــر بە خوێندنـــی باڵا بەســـتراوەتەوە بە خواســـتی لەبەرچاوگرتنی نۆرمـــە دامەزراوەییە هەنووکەیییـــەکان. بـــەڵام هەروەهـــا ئامـــاژە بەوەیش دەدات کە دەستڕاگەیشـــتنی بەربڵاوتر بە سیســـتەمێکی خەسارەومەن (ســـەرمایەدار) مەرج نییە لە خەســـارەکانی ئەو سیستەمە کەم بکاتـــەوە. لێـــرەوە بۆچوونە جیاوازەکان لەســـەر ئەوەی لە کورتخایەندا دەبێت چی بکرێت، ئەمانە لەخۆدەگرێـــت، لابردنی زانســـتگا، کـــە بەواتای دابینکردنی ســـەرچاوەکانی بـــۆ بەکارهێنان لە پـــرۆژە بناژۆییەکاندایە، ئەزموونکردنی شـــێوازە جێگرەوەکانی ڕێکخســـتنی پـــەروەردە، بۆ وێنە، خولقاندنی زانســـتگا ئێکۆلۆژیکە خۆســـەرەکان؛ یان کەڵک وەرگرتن لە شـــوێنی زانستگاکان بە فێربوون لـــە هەڵەکانی ڕابـــردوو و تەیاربوون بۆ گواسترانەوە بۆ داهاتوویەکی جیاوازی سڕدراوە لە کۆلۆنیالیزم. ئەم بۆچوونە پێ لەســـەر پەیوەندییە دوانـــە و هاودەســـتییە پێکـــدژەکان دادەگرێت کە ئاکامی خواســـتە ناکۆکەکان بۆ ســـڕینەوەی کۆلۆنیالیزم و جێبەجێکردنـــی ئەو بەڵێنیگەلەن کە سیســـتەمی کۆلۆنیالی پێشـــنیاریان دەکات. هەروەهـــا ئـــەم بۆچوونـــە دان بە پێویســـتیی هەوڵەکانی کەمکردنەوەی خێرای خەســـار لە ناو خوێندنی باڵادا دەنێت، کە پێشـــتر لەلایەن دوو بۆچوونەکەی ترەوە دیـــاری کرابوون، ئەگەرچی بـــە گشـــتی وا دیارە ئەمانـــە زۆرتـــر ئاماژەکان دەستنیشان بکەن لە جیاتی ڕیشەی خەسارەکان و بۆیە وەک دوایین ئاســـۆی ئیمکانی سڕینەوەی کۆلۆنیالیـــزم نابینرێن. ئەمە لـــە خوارەوەدا ڕوون دەبێتەوە.

بە هیچ پێوەرێکی ئاکادێمیکی ناسراو، ناتوانین بەشـــێوەیەکی هزرمەندانە ڕێگاکەمان لەدەرەوەی بەکۆلۆنیبوونەوە ڕەگاژۆ بکەین. ناتوانین ڕێگاکەمان لەدەرەوەی مۆدێرنیتەوە بـــڵاو بکەینەوە. ناتوانین ڕێگاکەمان لەدەرەوەی هێژمۆنیی ناسیاریناسانەوە بخوێنینەوە (Burman 2012, p 117).

لەکاتێکـــدا ئـــەم ســـێ ڕێبـــازە بـــەزۆری بەشـــێوەیەکی جیـــاواز و نامۆ تیۆریـــزە کراون، بەکـــردەوە خەڵک بەرەولای ئـــەوە دەڕۆن کە بە شێوەیەکی ســـتراتیژیک و بە بێ هۆ، لەم ڕێبازە جیاوازانـــە کەڵـــک وەربگرن، کـــە زۆربەی کات بەســـتراوەتەوە بەوەی کە لە هەر هەلومەرجێکدا چ شـــتێک مومکیـــن و خـــوازراوە. ســـڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە بەستێنی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵای هەنووکەدا پێڤاژۆیەکی بەردەوام، ئاریشـــە، شپرز و زۆربەی کات پێکدژە.

## له کۆتاییدا

سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم زۆربەی کات وەک ڕووداوێکی لێکدابڕان لە پێڤاژۆیەکی تایبەت یان بەکۆلۆنیال زانراو و لەئاکامدا نەخوازراودا دەردەکەوێت. بەهەرجۆرێک بێت، ئەم بەچەمک کردنە (conceptualization) لەسەر بنەمای شرۆڤەیەکی بەتەواوەتی هەڵبژێردراوی کۆلۆنیبوون و بەکۆلۆنیکردن دامەزراوە. وەگەڕخستنێکی (mobilization) جێگرەوە بۆ سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە پەروەردەدا، لەبەرچاوگرتنی هێز، گشتگیربوون و ئاڵۆزیی تێگەیشتن و پەیوەندییە کۆلۆنیالییەکان، ڕەنگە سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم وەک پێڤاژۆیەکی بۆهەمووکات و گشتگیر لێ بکات، کە لێوانلێوە لە ئاریشە، داخوازیی پێکناکۆک و دەرهاویشتەی نادیار. خوێندنی باڵا وەک بەشێک لەم پێڤاژۆیە، ڕەنگە یەکێک لەو زۆر شوێنگەلە بێت کە تێیدا جیهانی مۆدێڕنی کۆلۆنیال بە ناسروشتی دەکرێت، دەست بە سنوورەکانی ئەوەی لەناویدا مومکینە دەگات و شتە بەڕواڵەت نامومکینەکان ئەزموون دەکرێن، بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە وەها کارێک هیچ کات ناتوانێت بێبەش بێت لە هاوبەشی لە خەسارەکانی کۆلۆنیالیدا.

*. Sharon Stein and Vanessa de Oliveira Andreotti. "Decolonization and Higher Education." In Encyclopedia of educational philosophy and theory. Edited by M. Peters (Singapore: Springer Science + Business Media, 2016)

Sharon Stein, University of British Columbia – Vancouver
Vanessa de Oliveira Andreotti, University of British Columbia – Vancouver

## سەرچاوەکان

Ahmed, S. (2012). On being included: Racism and diversity in institutional life. Durham: Duke University Press
Boidin, C., Cohen, J., &Grosfoguel, R. (2012). Introduction: From university to pluriversity: A decolonial approach to the present crisis of western universities. Human Architecture, 10(1), 1–6.
Burman, A. (2012). Places to think with, books to think about: Words, experience and the decolonization of knowledge in the Bolivian Andes. Human Architecture: Journal of the Sociology of Self-Knowledge, 10(1), 101–119.
Ferguson, R. A. (2012). The reorder of things: The university and its pedagogies of minority difference. Minneapolis: University of Minnesota Press.
Grosfoguel, R. (2012). The dilemmas of ethnic studies in the United States: Between liberal multiculturalism, identity politics, disciplinary colonization, and decolonial epistemologies. Human Architecture: Journal of the Sociology of Self-Knowledge, 10(1), 81–90.
Nandy, A. (2000). Recovery of indigenous knowledge and dissenting futures of the university. In S. Inayatullah& J. Gidley (Eds.), The university in transformation: Global perspectives on the futures of the university (pp. 115–123). Westport: Bergin and Harvey.
Said, E. (1978). Orientalism: Western conceptions of the orient. London: Penguin Books.
Smith, L. T. (2012). Decolonizing methodologies: Research and indigenous peoples (2nd ed.). New York: Zed Books.
Sousa Santos, B. D. (2007). Beyond abyssal thinking: From global lines to ecologies of knowledges.
Review (Fernand Braudel Center), 30, 45–89.
Spivak, G. C. (1988). Can the subaltern speak? In C. Nelson & L. Grossberg (Eds.), Marxism and the interpretation of culture (pp. 24–28). Champaign: University of Illinois Press.
Thiong'o, N. W. (1986). Decolonising the mind: The politics of language in African literature. London: J. Currey.
Tuck, E., & Yang, K. W. (2012). Decolonization is not a metaphor. Decolonization: Indigeneity, Education & Society, 1(1), 1–40.
Wilder, C. S. (2013). Ebony and ivy: Race, slavery, and the troubled history of America's universities. New York: Bloomsbury Publishing.
Wynter, S. (2003). Unsettling the coloniality of being/power/truth/freedom: Towards the human, after man, its overrepresentation – An argument. CR: The New Centennial Review, 3(3), 257–337.

# چه زمانی یک ملت وجود دارد؟*

واکر کانر
مترجم: غریب احمدی

### خلاصه

اگرچه منابع بسیاری به‌این سوال که” ملت چیست؟“ پرداخته‌اند اما کمتر توجهی به‌این سوال شده است که: در چه مرحله‌ای از تکامل خود یک ملت به وجود می آید؟ شواهد و مدارکی ارائه شده که حکایت از آن دارد ملل شناخته شده امروزه اروپا، تنها همین اواخر، قرنها بعد از تاریخهایی که به آنها اختصاص یافته، به وجود آمده اند. در برخی موارد مسئله ملت شدن هنوز حادث نشده است. چهار مسئله در تخصیص زمان پیدایش یک ملت دخیل هستند: اول) آگاهی ملی یک پدیده توده‌ایست نه نخبه‌ای و توده‌ها تا همین اواخر که تقریبا بی سواد بودند نسبت به هویت گروهی هیچ احساسی نداشتند؛ دوم) شکل گیری ملت یک فرایند است نه یک رخداد؛ و لحظه‌ای از این فرایند که در آن تعداد کافی هویت ملی را چنان پذیرفته‌اند که باعث شود ملی گرایی به یک نیروی موثر برای بسیج توده‌ها مبدل گردد به طور دقیق قابل محاسبه و پیش بینی نیست؛ سوم) فرایند شکل گیری ملت ترتیبی و از پیش مقرر شده نیست، اما در هر لحظه‌ای قادر به خاتمه هست؛ چهارم) حس تشکیل یک ملیت با نیای مشترک، که برای احساس ملیت بنیادیست، به ندرت با حقیقت تطابق دارد، به طوری که تاریخ مردم نگاری یک قوم اغلب ارتباط ناچیزی به مطالعه شکل گیری ملت دارد.

کمی بیش از یک دهه قبل، اُیگن وبر کتابی با عنوانی خیره کننده نوشت، روستاییان در میان فرانسویها: مدرنیزاسیون فرانسه روستایی، ۱۹۱۴-۱۸۷۰. تز مستند و معتبر کتاب حکایت از آن داشت که اغلب ساکنین روستا و شهرهای کوچک فرانسه، حتی تا ۱۸۷۰ خودشان را عضوی از ملت فرانسه تصور نمیکردند و بسیاری از آنها هنوز هم در اواخر جنگ جهانی اول نتوانسته بودند حس تعلق به ملت فرانسه را داشته باشند. با استثنایی جزئی از مناطق شمال و شرق پاریس، ادغام حومه شهر در سیستم اجتماعی و سیاسی ملت فرانسه تقریبا تخیلی بود. روستای نوعی(تیپیکال) از نظر فیزیکی، سیاسی و فرهنگی ایزوله بود. شبکه معروف جاده‌ای، در واقع شاهراهی بود که شهرهای بزرگ را به پاریس وصل می کرد ولی هیچگونه امکان دسترسی به روستاها را فراهم نمی کرد. سیستم مدرسه هنوز برای اثرگذاری رویای ژاکوبن مبنی بر ملت واحد فرانسوی و تک زبانه کافی نبود.[1] برای توده‌های روستایی ـ و همینطور برای اغلب ساکنین فرانسه ـ جهان معنی دار و هویت، به ندرت به ورای روستا گسترش می یافت. محقق فرانسوی در اواسط قرن ۱۹ زندگی در حومه شهر را اینچنین توصیف می کند(وبر ۱۹۷۶، ص ۴۷) هر وادی هنوز هم برای خود دنیای کوچکیست که از دنیای همسایه متمایز است همچنان که عطارد با اورانوس تفاوت دارد. هر روستا یک قبیله، یک گونه دولت با میهن پرستی خاص خود است.

یافته‌های وبر بسیار حیرت انگیز بودند، چون دانش متداول با ملت فرانسه به عنوان یکی از قدیمی‌ترین ملل در میان ملل قدیمی معاصر اروپا برخورد کرده بود. بسیاری از مورخین برجسته نوشته بودند که ملت فرانسه در دوره قرون وسطی متبلور شده است. به عنوان مثال مارک بلوچ ( ۱۹۶۴، ص.۴۳۶) ادعا کرده بود که: تا آنجایی که به فرانسویها و آلمانیها مربوط شده بود، این آگاهی ملی در حدود سال ۱۱۰۰ بسیار توسعه یافته بوده است. محقق هلندی، یوهان هویزینگا( ۱۹۵۹،ص.۲۱) ناسیونالیسم فرانسوی و انگلیسی را در قرن چهاردهم همچون گل شگفته شده و کامل به شمار می آورد. به گفته محقق بریتانیایی، سیدنی هربرت (۱۹۱۹، ص.۶۶ و ۶۷)، اگر جنگهای صد ساله [۱۴۵۳-۱۳۳۷] میان فرانسه و انگلستان تا

جایی که ممکن است شباهتی به یک جنگ ملی از نوع نژادی نداشته باشد، اما در پایانِ آن، نوعی میهن پرستی حقیقیِ باشکوه وَ غرورآمیز در فرم ژاندارک، ظاهرَ می شود. هنوز هم دیگر مورخان ظهور آگاهی ملی در میان فرانسویها را به عنوان یک تحول بعد قرون وسطایی پذیرفته اند، و توسعه آن را به بوربونها (۱۵۸۹-۱۷۹۷) نسبت می دهند، هرچند اذعان میدارند که این روند توسط لویی چهاردهم کامل شد(۱۶۴۳-۱۷۱۵). این نحوه توصیف گروهی از محققین از اوضاع در زمان سلطنت لویی چهاردهم است (هارت ۱۹۴۳، ص.۱۳۱):[۲]

فرانسه در اواسط قرن هفدهم، رتبه اول را در میان قدرتهای اروپایی داشت... برای مدت زمانی فرانسه به تنهایی در اروپا یک واحد مختلط از نژادها و نهادها بود که روح ملیت را نمایش می داد و نمایندگیها و روشهای یک دولت مدرن بزرگ را به کار می گرفت.

برای تاکید بر واضح بودن، افشاگری وبر مبنی بر اینکه هویت فرانسوی هنوز در میان تودههای روستایی نفوذ نکرده است، صدها سال -در برخی موارد چند صد- بعد از آنکه محققین، ناسیونالیسم فرانسوی را کامل شده فرض کرده بودند، این موضوع به طور بالقوه دربردارنده زوایای متعددی برای مطالعه ی ناسیونالیسم است. آیا تجارب فرانسویها منحصر به فرد است یا خیلی قبل از آنکه فرضیهای اثبات شده باشد، کلا تمایلی فراگیر وجود دارد که فرض کند آگاهی ملی نسبتا به طور کامل در میان این یا آن قوم نفوذ کرده است. متاسفانه بنده از مطالعاتی مشابه مطالعات وبر در مورد دیگر گروههای ملی خبر ندارم. به هرحال، یک منبع از چنین داده هایی که طیف وسیعی از مردم را شامل می شود وجود دارد. بین سالهای ۱۸۴۰ و ۱۹۱۵، مهاجرت گستردهای از مردم اروپا به آمریکا رخ داده است. در بیشتر مواقع این مهاجرین از مناطق روستایی بودند، و سطح تحصیلات آنها یا خیلی کم بود و یا کلا بی سواد بودند. معدود روشنفکران و آنهایی که از شهرهای بزرگ آمده بودند، از عضویتشان در یکی از گروه بندیهای اروپایی که امروزه به عنوان ملت شناخته می شود آگاه بودند.

با اینحال روستاییان، که خیلی بیشتر نمایندگی همه مردم کشورهایی که از آن مهاجرت کرده بودند را میکردند، اصلا چنین نبودند. آنها اغلب خودشان را در بخشهایی از هویت یا هویتهای دیگر معرفی میکردند. دادههای زیر در مورد هویتهای گروهی ۱۴ طیف از اروپایی هایی که در زمان ورودشان بهایالات متحده ابراز شده، از دانشنامه هاروارد از گروههای قومی آمریکا برگرفته شده است(۱۹۸۰):[۳]

**بلاروسیها:** تمایل داشتند خودشان را با عنوان روستا یا منطقهاشان معرفی کنند. تا جایی که وقتی آنها را در گروه بندی ملی دستهبندی کردند، این ملیت روسی یا لهستانی بود. آیتم تعیین کننده در اینجا مذهب بود (اورتودوکس یا کاتولیک). مهاجران عمدتا در میان جوامع روسی، آمریکایی یا لهستانی- آمریکایی جذب شدند. مفهوم آگاهی بلاروسی در آمریکا، تنها بعد از جنگ جهانی دوم و به دنبال موج جدید مهاجران ظاهر شد.

**کارپات-روسی:** مهاجران اولیه تا ۱۹۱۴ حس خیلی کمی نسبت به هویت ملی داشتند. بعدا این اجتماعات در میان آنهایی که خود را روسی، اوکراینی و یا گروهی متمایز می دانستند، تقسیم شدند.

**کرواتها:** خودشان را بر اساس مناطقشان، مثل اسلوونیایی، دالماشی، ایستریایی و بوسنی و هرزگوینی تعیین هویت میکردند.

**چک ها:** قبل از جنگ جهانی اول، اغلب بعد از منطقهای که از آن آمده بودند خودشان را بوهمیایی می نامیدند.

**هلند:** کسانی که در دهه های ۱۸۴۰ و

۱۸۵۰ آمدند یک ســری هویتهای محلی مثل گلدرلندی، زیلاندی و غیره را نشان می دادند که بر هویتی مشترک مثل هلند تقدم داشتند. تنهـا بعـد از اولین نسـل مهاجـران بود که هویتهای محلی برتری خود را از دست دادند.
**ایتالیاییها:** هیچ تصـوری از ایتالیایی بودن تا قبـل از جنگ جهانی اول وجود نداشــت. سیسیلی، کالابری، ناپولی و غیره دسته بندی های اصلی بودند. ایـن گروه ها اغلب قادر به درک زبان یکدیگر نبودند.
**لیتوانیها:** تا قبل از قرن بیســتم یا اصلا هیچ آگاهی از لیتوانیایی بودن وجود نداشت یا خیلی کم بود. هویت به شـدت محلی سـازی شده بود. سابقه‌ی اینکه مهاجران از کجا آمده‌اند به شرح ذیل توصیف شده بود (دانشنامه هاروارد ۱۹۸۰، ص.۶۶۶): " دور تفاوتهـای محلی در گفتـار، الگوهای رفتـاری و حس وفاداری که توسط هر منطقه روستایی ایجاد شده بود خط کشیده شده بود. .. تقریبا یک فرهنگ مردمی در خـود ." آنهایی که درک بالاتری از هویت داشتند خودشان را لهستانی می پنداشتند.
**لوگزامبورگیهـا:** در بیشـتر سـالهای قرن نوزدهم خودشان را یک آلمانی می دانستند .
**مقدونیه‌ایهـا:** حتـی امروزه هـم فرزندان مهاجرین مقدونیه، تمایل دارند خودشان را با پیشــینه بلغاری به شمار بیاورند. تنها در قرن بیســتم بود که تعدادی از روشنفکران شروع کردنـد به‌این ادعا کـه مقدونیاییها یک ملت جداگانه‌ای هستند. تنها یک اقلیت ( شاید ۲۰ درصد ) این نظریه را پذیرفته اند.
**نوروژیها:** مهاجرینی که از یک روسـتا آمده بودنـد یـا آنهایی که با هـم در یک منطقه ساکن شدند تمایل داشــتند تفاوتهای محلی را حفظ کنند. در مورد هویت گسـترده تر، تا اواخر قرن نوزدهم حس اسـکاندیناوی گرایی بسـیار قوی تر از حس نـوروژی بودن نمایان بود. (نوروژ در این دوره، بخشی از سوئد بود).
**لهســتانیها:** تقریبا حسی نســبت به هویت لهستانی وجود نداشــت. خودشان را اغلب به عنوان سیســیلیها، گورالیها یا کاشوبها معرفی میکردند .[۴]
**پرتغالیهــا:** اغلب از جزایر آزور و دیگر جزایر مــی آمدند. معمولا هویــت، حتی یک مجمع الجزایر را هــم در بر نمی گرفت بلکه محدود به یک جزیره خاص بود. تفاوت در لهجه های محلی منطقه‌ای کاملا زیاد و مهم بود و اغلب بین گروههــا خصومت های شــدیدی وجود داشت .
**اسلوواکیها:** خودشان را برا اساس مناطقشان معرفی میکردند مانند ساریسانی و زیمپلیکنی.
**اسلوونیها:** تفاوتهای واضح و عمیق در لهجه و فرهنگ. حداقل تا سال ۱۹۱۸ ساکنین منطقه پرکموریا خودشان را اسلوونیایی نمیدانستند.
**اوکراینیها:** مهاجران اولیه خودشان را روزنی یــا روتنیانی می نامیدند. هیچ تصور روشــنی نداشــتند که اوکرایــن و اوکراینی چه معنی خاصــی دارد. اغلب خودشــان را روســی یا لهستانی به شمار می آوردند.[۵]

بنابرایــن یافته های ما بــه طرز غیر قابل انکاری با یافته های وبر در مورد فرانسه همسو و سازگار هستند. روستاییان که تعدادشان در سرتاســر اروپا غالب بود، تا همین اواخر نمی دانســتند که عضو کدام ملت هستند تا اینکه نویسندگان ملی گرا و خارجیها ملیت را به آنها تخصیص دادند. با توجــه به‌اینکه ملی گرایی مفروض یک پدیده توده‌ایســت نه خاص نخبه ها، می تــوان گفت ملل معاصــر اروپا خیلی دیرتر از آنچه عموما تشــخیص داده شــده به وجود آمده‌اند. در واقع حتی اروپای کنونی هم خالی از افرادی نیســت که حس آگاهی ملی برایشان در هاله‌ای از ابهام مستتر مانده است. یوگســلاوی به تنهایی سه نمونه از این دست دارد: مونتنگروییها، مقدونیه‌ایها و بوســنیاییها. مونتنگروییهایــی وجــود دارنــد و همچنین صربهایی که مونتنگروییها را بخشــی از ملت صرب به شمار می آورند .[۶] مورد مقدونیه‌ایها

حتـــی پیچیده تر هم هســـت. بلغاریها به طور ســـنتی مدعی بوده‌اند که مقدونیه‌ایها بلغاری هستند. یونان ادعا کرده است که حداقل بخش قابل ملاحظه‌ای از آنها یونانی هســـتند. بعد از جنگ جهانی دوم حکومت یوگســـلاوی اصرار کرده است که آنها ملتی جداگانه تشکیل دهند. حداقل تـــا همین اواخر مقدونیه‌ایها اتفاق نظر نداشـــتند. اکثریت با حکومت صوفیه همنظر بودند که مقدونیه‌ایها شـــاخه‌ای از ملت بلغار هســـتند درحالی که بقیه خودشان را صرب یا یونانی می دانســـتند. شواهد کمی وجود دارد مبنی بر اینکه مقدونیه‌ایها اعتقاد داشته باشند که خودشان را ملتی جداگانه به شمار بیاورند. دلیل کمی وجود دارد که موفقیت اخیر دولت بلگراد را در ترغیب ایجاد حس ملتی جداگانه در میان مقدونیه‌ایها زیر ســـوال ببرد، اگرچه داده های سرشـــماری سال ۱۹۸۱ که گزارش از نبـــود تمام و کمال مردمـــی درون مقدونیه که مدعی هویت بلغاری یا یونانی باشـــند، می داد، کاملا جای شـــک دارد، بخصوص با توجه به‌این واقعیت که بیشـــتر مقدونیه‌ایهای ایالات متحـــده همچنان احســـاس می کننـــد که از ریشه‌ی بلغاری هســـتند.[۷] همچنین در مورد مسلمانهای بوسنی و هرزگویین، توسط کرواتها و صربها ادعا شده اند، درحالی که حکومت در حال تبلیغ هویت جداگانه بوســـنیایی در میان مردم بوده است .

در جـــای دیگر اروپا، علیرغـــم اظهار نظر حکومت رومانـــی مبنی بر اینکـــه مولداویها، رومانیایـــی هســـتند و زبان آنهـــا یک لهجه رومانیایـــی اســـت، اتحـــاد جماهیر شـــوروی مولداویها را ملتی جداگانه به شـــمار می آورد و به آنها حکومت جمهوری اعطا کرد. علیرغم ادعاهای حکومت آلبانی، به هیچ وجه مشخص و قطعی نیست که یک آگاهی آلبانیایی واحد، کاملا جِگهای کوهســـتان و توسکهای مناطق جنوبـــی را به هم گره زده باشـــد. تفاوتها در فرهنگ، شـــامل تشـــکیلات اجتماعی رســـما پذیرفته شـــده اســـت، اگرچه درحـــال کمتر شـــدن است. نتیجه گیری بیشتر به سهولت از تفاوتهای بدنی بین دو قوم قابل حصول اســـت (کیـــف و دیگـــران. ۱۹۷۱، ص.۵۳)، یک مانع بـــزرگ برای القای نیای مشـــترک، چیزی که حکومت آنچنان ســـخت برای کاشتن این ایده تلاش می کند.

«خاڵـــی دووەم: لەبـــارەی پێوەندیی نێوان دایکی شـــەرەفخان و خێڵەکانی «بایوندور»ەوە دەتوانیـــن نەتەنیا ئاماژە بە پرســـی پێوەندیی ســـوڵتانی ئاققۆینلوو، ئووزوون حەســـەن (... ١٤٢٥-١٤٧٨ی ز) لەگـــەڵ شـــا ســـمایلی یەکەمی ســـەفەوی بکەین، بەڵکوو ئەمە هەر خۆی ڕەسەنایەتیی نووسەر دەسەلمێنێ. وەک ئیزەدی نووسیویە: شەرەفخان ڕەچەڵەکناسیی پێش ئیسلامی ساسانییەکانی لا پەسەندتر بووە.

هەر چەند ئەگەر شەمســـەددین ئەکاسێریی کوڕی شـــەرەفخان لەو دەستنووســـەدا ناوی هاتبـــێ کە ئیزەدی بەکاری هێناوە، نووســـەر لە شـــوێنی دیکـــەدا جەختـــی کردۆتەوە کە فەرمانڕەواکانـــی ساســـۆن و ڕۆژەکـــی، ڕێک بە ئەکاســـێری یان هەمان ساســـانییەکانەوە بەستراوەتەوە. جا ســـەرباری زۆر و زەوەندیی بەڵگەکان ســـەبارەت بـــە ڕەچەڵەکی بەرەی باوکی، وا دیارە هێندێـــک پێیان وایە دایکی تورکمان بووە».

لێرەدا پێویســـتە وەبیر نووسەرانی پاشکۆ بێنینـــەوە کـــە شـــەرەفخان زۆر بەڕوونـــی گوتوویەتـــی دایکی بایەندوری بـــووە، (نەک بایونـــدوری ئەم هەڵەیە چەنـــد جار لەلایەن وەرگێڕی شـــەرەفنامەش بە سۆرانی دووپات بووەتـــەوە) و دەڵێ: «پاش ئـــەوەی کە باوکی پایەبـــەرزی منـــی ...، بەناچـــاری لـــە زێد و نیشـــتمانی دڵبەندی هەڵپچـــڕاوە و کەوتۆتە عەجەمستان و تەرکەوەتەن بووە، دایکی منی داماوی خواســـتووە کە دەبێتـــە کچی ئەمیر خانـــی مووســـڵوو. ئەمیرخانـــی باپیرم کوڕی گوڵاویبەگ کوڕی میرەبەگە کە ناســـراوە بە تۆقاتی بایوندوری و لە ســـەردەمی پاشایەتی حەســـەنبەگی بایوندوریدا یەکێـــک بووە لە مەزنەمیرانی ئـــەو خانەدانە». (شـــەرەفنامە، ل. ٦٥٨-٦٥٩). بۆیـــە ئیتر پێویســـت ناکات بڵێن هێندێـــک پێیان وایە دایکـــی تورکمان بووە؛ یـــان بڵێن «ئەمـــە هەر خۆی ڕەســـەنایەتیی نووسەر (شـــەرەفخان) دەســـەلمێنێ». ڕەنگە بەپێچەوانەی شـــەرەفخان کە گوایە «ڕەگەزی نێر، لای پێگەیەکـــی بەرزی هەبووە» (براونە برگـــەی: «کـــوڕ و براکانـــی شـــەرەفخان» لە پاشـــکۆی ١دا، لە ژێرەوە)، نووسەرانی پاشکۆ، ڕەگـــەزی مێیان لا پەســـەند بووبێت؛ بۆیە ڕەسەنایەتیی شەرەفخانیان گەڕاندووەتەوە سەر دایکی کە تورکمان بـــووە. هەڵبەت زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤـــەکان (ڕەنگە جگە لە جوو و ئاڵمانی) ئێستاشـــی لەگـــەڵ بێت، ڕەگەزی

خۆیان دەبەنەوە سەر باوک و باپیریان. کەوابوو سرووشتییە شەرەفخان ڕەسەنایەتیی بنەچەی خۆی بە باوکییەوە ببەستێتەوە و ئەویش «بەپێی قسەی باوەڕپێکراوان و دەقی نووسینی ئەوانەی کەوا پشتیان پێ دەبەسترێ» بیگەڕێنێتەوە سەر «ئەکاسرەکان»، واتە ساسانییەکان، وەک لە شەرەفنامە و لە برگەی «باسی ژیان و بەسەرهاتی خێڵی ڕۆژەکی و چۆنیەتیی ناودێرکرنیان»دا، دەڵێ: «... بەکورتی و پوختی، بەپێی قسەی باوەڕپێکراوان و دەقی نووسینی ئەوانەی کەوا پشتیان پێ دەبەسترێ، گۆیا ڕۆژێک لە ڕۆژان ٢٤ تیرەی کوردان لە مەڵبەندی «تاب»ی سەر بە ناوچەی «خویت» کۆبوونەوە و بوونە دوو بەش. دوازدەیان ناویان بوو بە بڵباسی و دوازدەکەی دیکەشان بە قەوالیسی ناودێر کران... و زەوییەکانی ئەو مەڵبەندەیان لە نێوان خۆیاندا دابەشیوە و چونکە هاودەنگ و هاوزمان و هاوبیر بوون میرێکیشیان بۆ خۆیان داناوە و بەرەبەرە هەرێمەکەیان داگیر کردووە... پاش گیرانی بدلیس و حەزۆ و تێپەڕبوونی چەند ساڵێک، سەرکۆماڵی ڕۆژەکی بە وەجاق‌کوێری سەری ناوەتەوە و بێ‌سەرەوبەریی ڕووی تێکردوون»، بۆیە خێڵی ڕۆژەکی لەدوای چارەسەری گەڕاون و لە ئاکامدا وایان پێ باش دەبێ «بچنە لای دوو برا بەناوی عیزەددین و زیائەددین لە شاری ئەخلات کە بە ڕەسەن دەچوونەوە سەر کیسراکان (واتە ساسانییەکان)... و هەرکامیان شیاوی مەزنایەتی بوو، بە سەرۆکی خۆیانی دابنێن ... چەند پیاوماقووڵێک هەستاون و چوونە شاری ئەخلات و تەدارەکیان بۆ ئەو دوو شازادانە گرتووە و هێناویانن بۆ بدلیس. کۆمەڵێک عیزەددینیان لە بدلیس کردۆتە میر و تاقمێکیش زیائەددینیان لە حەزۆ بە حوکمران داناوە. پاشان لە برگەی «باسی بنە و بنەچەکی میرانی بدلیس، کە دەچنەوە سەر کێ»، شەرەفخان دەڵێ: «بەپێی گێڕانەوەی زمانەوزمان ڕوون بۆتەوە و لە چەند دەقێکی دیرۆکیشدا نووسراوە، کە میرانی بدلیس دەچنەوە سەر تۆرەمەی کیسراکان». (شەرەفنامە، ل ٥٥٣-٥٦٠).

لە خاڵێ سێیەمدا، گرینگە سەرنجی ئەم ڕستەیە بدەین: «(شا) پێی دەگوتین پێویستە هێندێک جار بایەخ بە هونەری وێنەکێشانەوە بدەن، چونکە سەلیقە ڕاست و ڕێک دەکا». جا شەرەفخان، بەپێی ئەم ئامۆژگارییەی شاتەهماسبی یەکەم و ئەو تابلۆ بچووک و پڕ واتایانەی وا لە دەسنووەسە کۆنەکەی شەرەفنامە « MS.Or.Elliot 331»دا پێشان دراون، دیارە هونەرمەندیش بووە. بەگوێرەی دەقی شەرەفنامەی کتێبخانەکەش، هەر تابلۆیەک سەبارەتە بە نێوەرۆکی لاپەرەی بەرانبەری، بۆیە دەبێ نووسەر خۆی کێشابنییەوە و پێشانی دابن. هاوکات هێندێک توێژەرەوەی نێوخۆ، شەرەفخانیان بە وێنەکێشێکی توانا لە قەڵەم داوە و بۆ پێداهەڵدانی مینیاتۆرەکانی کەوتوونە زیادەڕۆیی».

بڕواننە ئەم دەربڕینانە نووسەرانی پاشکۆی ١: لە سەرەتادا تابلۆکانی نێو شەرەفنامە بە «پێشاندراو» باس دەکەن، واتە شەرەفخان نەیکێشاونەتەوە، پاشان دەڵێن» «دەبێ خۆی کێشابنییەوە» و لە کۆتاییدا هەڵسەنگاندنەکانی دوو سەرچاوە ئاماژەپێکراوەکە دەشوبهێنن بە: «پێهەڵدانی مینیاتۆرەکانی» کە گوایە «کەوتوونە زیادەڕۆیی»ش. بەمە دەڵێن شێوازی لێکۆڵینەوەی زانستی. هەڵبەت دووەم سەرچاوەی ئاماژەپێکراو بۆ ئەم تێڕوانینەی نووسەرانی پاشکۆی ١ («یووسف ١٩٩١»)، بریتییە لە کتێبێک بەناوی «تابلۆکانی شەرەفنامە، لە نووسینی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥، ٢٧٥ لاپەڕە» کە نووسەرانی پاشکۆ پێیان وایە نووسەر «زیادەڕۆیی»ی کردووە لە «پێهەڵدانی» شەرەفخان، بەڵام ڕێک بەپێچەوانە، ئەم پەڕتووکە لێکۆڵینەوەیەکی گەلێک پڕ نێوەڕۆک، بەنرخ و بێ وێنەیە لە چەشنی خۆی لە بواری توێژینەوەی

شـــێوەکاری- مێژوویــی کوردیـــدا و زۆر بە تێروتەسەلی باسی ٢٠ مینیاتۆری نەخشێندراو لە یەکەم دەستنووسی شەرەفنامە دەکات (کە «بچووک»یش نیین!) و عەبدولرەقیب یوســـف، نووســـەری ئەم بەرهەمە بەنرخە دەیسەلمێنێ کە شەرەفخانی پێنجەم بۆخۆی ئەم تابلۆیانەی کێشاوەتەوە.

لــە خاڵی چوارەمـــدا هاتـــووە: «هەروەها پێویستە تێبینیی ئەوە بکەین کە شەرەفخان لە باسی دەوری خۆیدا، وەک کەسی سەرەکی لە شکست پێ هێنانی خانی گیلاندا، زۆری پێ لێ هەڵێناوە، چونکە ئەو هەرگیز حاکمی گیلان نەبووە، بەڵکوو باشترە بگوترێ فەرمانڕەوایەکی سەفەوی بووە لە «تۆنێکابۆن» کە بەشێک بووە لە گیلان. کاتێکیش لە هەڵمەتەکانی گیلاندا دەوری زۆر بەرچـــاوی گێراوە، ئەمجا کراوەتە شەریکەدەســـەڵاتی ئەڵلاقوڵی سوڵتان، ئیچاق ئۆغلیی ئوســـتاجلوو، ئەسکەندەربەگی ئەفشار، هەمزە بەگی تالیش و زەینەڵبەگی زولقەدر».

لێرەدا هەڵەیەک لەم دەقەدا هەیە، ڕەنگە هەڵەی وەرگێران بێت: «ئەڵلاقوڵی ســـوڵتان، ئیچاق ئۆغلیی ئوســـتاجلوو» دوو کەس نییە، بەڵکـــوو ئەمـــە «ئەڵلا قولی ســـوڵتان ئیجەک ئۆغلیی ئۆســـتاجلوو» سەرکردەیەکی قزڵباشی تایفـــەی ئوســـتاجلوویە کـــە لـــە کێبەرکێی جێنشینیی شاتەهماسب، لە نێوان ئیسماعیل میرزا کە دواتر دەبێتە شا ئیسماعیلی دووەم و حەیدەر میرزای برای، پشتی حەیدەر میرزای گرتبوو. (والتر هینتس. ص. ۵۶).

شـــەرەفخان هەرگیز نەیگوتووە، حاکمی گیلان بووە، بەڵکوو وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد، دەڵێ کاتێک شاتەهماســـب بڕیاری دا هەرێمـــی ژێر دەســـەڵاتی خان ئەحمەدی گیلانی، واتـــە ناوچەی گیلان بگرێ (چونکوو خان ئەحمەدخانی گیلانی خەریکی ڕێککەوتن لەگەڵ عوســـمانییەکان بووە تا هێرش بەرێتە سەر قەزوین و شیروان و لاهیجان) بۆیە: «منی هەژاری لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی قزڵباشان ڕاســـپارد هەتا پێـــی ڕابگەیـــن و بیپارێزین» (شـــەرەفنامە، ل. ۶۶۲). دیارە بەگوێرەی ئاماژەی «ئەسکەندەری مونشـــی» لە «تاریخ عالم آرای عباسی»یشـــدا، دەردەکەوێ کە شـــەرەفخان «حاکمی تۆنێکابۆن بووە» (اســـکند بیگ منشـــی، بەرگی ١، لاپەڕەی ١۴١).

وادیـــارە لـــەم ســـێ ئاماژەیـــەی خودی شـــەرەفخان کە لە ژێرەوە هاتووە، نووسەرانی پاشـــکۆ پێیان وایە شەرەفخان «زۆری پێ لێ هەڵێناوە»:

**١** «... بـــە خۆم و ۴۵٠ کەســـی ســـوارە و پیـــادەوە توانیـــم بەرەنـــگاری کەســـێک ڕاوەستم بەناوی ســـوڵتان هاشم لە تۆرەمەی فەرمانڕەوایانی گیلانـــی کە ... بە هەژدەهەزار سوارە و پیادەوە هاتبوویە سەرم. پاش قەومانی شـــەڕ و ... ســـپای ئەو نەگبەتییەم شـــکاند» (شەرەفنامە، ل. ۶۶۳).

**٢** شـــەرەفخان لـــە لاپـــەڕەی ۹۶٢ی شەرەفنامەشـــدا دەڵێ: «لەم ســـاڵەدا (۹۷۶ی کۆچـــی) جەمـــاوەری گیـــلان کەســـێکیان بەناوی ســـوڵتان هاشـــم... ، بەکۆدەنگی کردە حوکمـــڕان. پاشـــان بە ســـەر ســـەرداران و سەرۆکانی قزڵباشیاندا دا و تاقمێکیان کوشتن و ژمارەیەکیان ڕەپاڵنـــان. دواتر نزیکەی ١٨ هەزار ســـوار و پیادەیان کۆ کردەوە و چوونە زگ حاکمـــی تۆنێکابۆن. حوکمـــڕان بەخۆی و ۵ ســـەد کەس لە ســـەرکردە و غوڵامان و چەکدارانی کورد و دەســـتەیەک لە بەگلەرانی قزڵبـــاش لە قەزوێنـــەوە چووبوونە یاریدەی و لە ســـەر ڕووباری مـــەرز بەرەنگاریان بوونەوە و سپای ســـوڵتان هاشم شکا». نووسەران بەم ڕووداوە کـــە قەوماوە دەڵێـــن، «زۆری پێ لێ هەڵێنـــاوە». هەڵبەت تەنیا خاڵی ناکۆک لێرەدا ئەوەیـــە کە لە ئاماژەی یەکەمدا شـــەرەفخان باسی ۴۵٠ کەس و لە ئاماژەی دووەمدا ئاماژە بە ۵٠٠ کەس دەکات. ڕەنگە دۆزینەوەی ئەم جیاوازییـــە لە ژمارەدا زۆر بەدڵی نووســـەرانی پاشکۆ بێت!

**٣** هەروەها لە لاپەڕەکانی ٩٥٧ ـ ٩٦٠ و لەژێر ڕووداوەکانی ساڵی ٩٧٥دا، شەرەفخان بە تێروتەسەلی باسی کێشەکانی گیلان و ڕووداوی شکستی خانئەحمەدخانی گیلانی دەکات و لە هیچ شوێنێک باسی «دەوری سەرەکیی خۆی» نەکردووە، تەنیا لە کۆتاییی ئەم بەشەدا دەڵێ: «پێنج کەس لە سەرداران لەگەڵ ئەڵلاقولی سوڵتانی لەلە و شازادە سوڵتان مەحموودمیرزای کوڕی پێنجەمی پادشا، بۆ پاراستنی گیلان دیاری کران کە یەکیان خودی خۆم بووم».

**٤** ئەسکەندەری مونشیش بەم شێوەیە باسی ئەم بابەتە دەکات: «شەرەفخان روزکی که از امیرزادەهای بتلیس بود و در خدمت حضرت شاه جنت مکان تربیت یافته معتبر بود و حاکم تنکابن گیلان بود». واتە: شەرەفخانی ڕۆزکی (ڕۆژەکی) کە یەکێک لە میرزادەکانی بتلیس (بدلیس) بوو و لە خزمەتی «شای پایەبەرزی بەهەشتی»دا، پەروەردە ببوو و ناوبانگی هەبوو؛ حاکمی تۆنێکابۆن بوو. (اسکندر بیگ منشی ، ج ١، ص،١٤١).

نووسەرانی پاشکۆی ١، لە خاڵی پێنجەمدا دەڵێن:

«ژیاننامەکە وەها نووسراوە کە جەخت لە پێگەی بێوێنەی شەرەفخان بکاتەوە. ناکۆکییە نێوخۆییەکانی سەردەمی شاسمایلی دووهەم و شامحەمەدی خودابەندە، سەفەوییەکانیان بێهێز کردووە. عوسمانییەکان ئەم دۆخەیان بە هەل زانیوە، تا هەوڵ بدەن سەرۆک خێڵەکانی ڕۆژەکی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن؛ هەر بۆیە دەسەڵاتی عوسمانی پاساوی خۆیان هەبووە بۆ هێنانەوەی شەرەفخان. ساڵی ٩٨٥ی کۆچی، فەرمانێکیان دەرکردووە تا ڕێگە لە پێوەندیی کوردەکان بە شەرەفخانەوە بگرن. دەوڵەتی عوسمانی ترساوە سەرهۆز و تیرە و خێڵات و جەماوەری کورد جارێکی دیکە کۆچ بکەن، چونکە کۆچی کوردان دەسەڵاتی قانوونی و بڕیاردانی ئەوانی لە ناوچە بارناسەکانی سەرسنوور کەم کردۆتەوە».

سەبارەت بەم بڕگەیە:

نووسەران یەک نموونەیان کە گوایە شەرەفخان «جەختی لە پێگەی بێ وێنەی» خۆی کردبێتەوە، پێشان نەداوە.

ناکۆکییە نێوخۆییەکانی سەفەوی نەک لە ساڵی ٩٨٥ی کۆچیدا، بگرە زۆر پێشتر ڕوویداوە و لە دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتی شاتەهماسب (دەوروبەری ساڵی ٩٨٢ی کۆچیدا) دیسان دەست پێ دەکاتەوە. بەگوێرەی شەرەفنامە «قزڵباش لەیەکتر ڕاسان، بارودۆخەکە گۆڕا و دووبەرەکی باڵی ئەنگاوت و شاتەهماسبیش لەبەر پیری هیچی بۆ لەگەڵ نەکران و زۆر وێدەچوو هێندەی پێ نەچێ دە گژ یەکتر ڕاچن و ئاوری ئاژاوەیەکی گەورە بتەنێتەوە» (شەرەفنامە، ل. ٦٦٤). بۆیە شەرەفخان داوا لە پادشا دەکات بینێرێتە «یەکێک لە ناوچە و هەرێمەکانی نێو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی» (شەرەفنامە، هەمان لاپەڕە). لێرەدا شەرەفخان دەکرێتە حاکمی شیروان کە دەبێتە ساڵی ٩٨٣ی کۆچی. دوای ٨ مانگ مانەوە لە شیروان و پاش مردنی شاتەهماسب لە ١٥ی سەفەری ٩٨٤ی کۆچی و هاتنە سەر دەسەڵاتی شاسمایلی دووەم، شەرەفخان دەگەڕێتەوە قەزوێنی پایتەخت. ئێنجا بە فەرمانی شاسمایلی دووەم لە مانگی جەمادی یەکەم یان دووەمی ساڵی ٩٨٤ی کۆچیدا دەبێتە حاکمی نەخجەوان و ٣ یان ٤ مانگ دواتر لە شەوی ١٦ی ڕەمەزانی ٩٨٥دا، پاش کوژرانی شاسمایل، «گەورەکانی قزڵباش» «پادشا کوێرەمووشە (واتە شامحەمەدی خودابەندە) دەکەن بە پادشای هیچکارە. (شەرەفنامە، ل. ٩٧٨). پاشان شەرەفخان دەڵێ، «ساڵێک و چوار مانگ بەسەر ماوەی دەسەڵاتیدا لە نەخجەوان تێپەڕ دەبێ، واتە لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٩٨٦ی کۆچیدا، خوسرەوپاشای مەزنی سەرکردەکانی وان و زەینەڵ بەگی هەکاری و حەسەن بەگی

مەحموودی لە «دەرانەی سوڵتان مرادخان»ەوە مزگێنیی حکوومەتی بدلیسیان بۆ هێناوە و «سێیەم ڕۆژی مانگی شەشەکانی ٩٨٦ی کۆچی، واتە سێی مانگی شەوالی ٩٨٦ وێڕای ... لە نەخجەوان بزووتین» (شەرەفنامە، ل. ٦٦٦).

سەبارەت بە «هێنانەوەی شەرەفخان»، ڕاستتر ئەوەیە کە سوڵتانی عوسمانی، سوڵتان مرادی سێیەم، دەسەڵاتی میرنشینی بدلیسی بۆ خانەدانی شەرەفخان و هۆزی ڕۆژەکی گەڕاندووەتەوە. لەمەشدا دیارە سوڵتانی عوسمانی پاساوی بەهێزتر کردنی دەسەڵاتی خۆی لەبەرامبەر دەسەڵاتی لاوازی سەفەوییەکانی مەبەست بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا وەک سەردەمی شەرەفخانی چوارەم، عوسمانییەکان بۆیان دەرکەوتبوو کە لەم هەلومەرجە ناسکەدا چیتر ناتوانن ویلایەتی بدلیس بە بێ گەڕانەوەی ئەم خانەدانە بۆ سەر دەسەڵات بەڕێوە بەرن. شەرەفخان هەر لە بارەی بەزۆر دەرپەڕاندنی دەسەڵاتدارانی کوردستان لە لایەن «پادشاکانەوە» و لەبەر ناچارییان، دووبارە ڕادەستکردنەوەی دەسەڵات بە حاکمانی کوردستان، لە پێشەکیی شەرەفنامەدا دەڵێ: «... خۆ ئەگەر چەند پادشایەکیش خۆیان لە گرتنی کوردستان هەڵکردووە و لەو پێناوەدا تووشی چەرمەسەری و کوێرەوەرییەکی لەڕادەبەدەر هاتوون. ئاخرییەکەی پەژیوان بوونەوە و بە خاوەنی پێشوویان ئەسپاردۆتەوە. بۆ نموونە ناوچە و هەرێمەکانی گورجستان، شەککی، شیروان، تاڵش، گیلان، ڕۆستەمدار، ئەستەرابادی باکووری ئێران کە بەسەر خاکی کوردستانەوەیە، بارودۆخێکی ئاوایان بەسەردا تێپەڕیوە» (شەرەفنامە. لاپەڕەی ٦٧).

بەڵام سەبارەت بەم بەڵگەنامەیەی عوسمانی کە گوایە سەرچاوەکەی دەبێ MD 32, hkms, 168, 514 بێت کە کورتکراوەی Mühimme Defterlie =MD و hkum=hkm؛ نە بە نیوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامانە و نە بە ڕێکەوتیان و تەنانەت نە بەو کەس و یان بەرپرسە عوسمانییەکەی کە ئەم بەڵگەنامانەیان دەرکردووە، ئاماژەیان نەکردووە. نووسەرانی پاشکۆ تەنیا دەڵێن ساڵی ٩٨٥ی کۆچی دەرچووە. جگە لەمە هیچ لێکدانەوەیەکیشیان نەخستووەتە ڕوو کە ئەم فەرمانە چی لە پشتەوە هەبووە، لە کاتێکدا پاش کەمتر لە ساڵێک، سوڵتان مرادی سێیەم فەرمانی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی ناوچەی بدلیسی بۆ شەرەفخانی پێنجەم دەرکردووە. بەگوێرەی شەرەفنامەش دەزانین کە «لە ماوەی ساڵێکدا تەواوی ماڵ و سامان و نەغدینە و خەزێنەیەکی کە شاتەهماسب وەسەریەکی نابوو، هەموو بە بادا چوو. بارودۆخێکی نالەباری بەرەو تێکچمین، باڵی بە سەر وڵاتی ئێراندا کێشا. هەر لەم ساڵەدا (واتە ٩٨٦ی کۆچی، ساڵی گەڕانەوەی شەرەفخان بۆ بدلیس) سوڵتان مرادخان پێی لەسەر بڕیاری پاری داگرت (واتە ساڵی ٩٨٥ی کۆچی بڕیاری ئەم هێرشەی دابوو) و دەشیزانی هەلومەرجەکە چۆنە. خۆی هەڵکرد و بە هەموو هێز و تواناییەوە تێداچوونی نیشتمانی ئێران و بڕانەوەی بنەماڵەی بەدمەزەبانی ڕەچاو کرد. مستەفاپاشای وەزیری دووەمی کردە سەرکردەی قۆشەنی چەشنی دەریا بەژاوەژاو و ١٥٠ هەزار سوارەی دڕ و خوێنڕێژی وەپێش دا و فەرمان دەرچوو کە سپاسالاران و حاکمانی کوردستان بکەونە تاڵانوبڕۆی ئازەربایجان» (شەرەفنامە، ل. ٩٧٨).

لە درێژەی ئەم خاڵەشدا نووسەرانی پاشکۆی ١، بە ئاماژە دان بەم سەرچاوانە:
MD 39, hkm. 16; MD 40, hkm. 351; MD 47, hkm. 1; MD 60, hkm. 438. MD 60, hkm. 355& MD 49, hkms. 507-509, respectively

دەڵێن:

«چەندین کوردی دیکەش جگە لە شەرەفخان، بوونەتە مەترسی بۆ سەر

عوسمانییەکان. لەبەر ئەوە سوڵتانی عوسمانی، بەگوێرەی «MD 48, 84; Dated 990/1582» بەڵێنی پێگەیەکی شـــایانی بەو میرە کوردانە داوە کـــە بەیعەتیـــان پێ کـــردووە. بە هۆی ئەم سیاسەتەی عوسمانییەکانەوە، بەتایبەتی کاتی هەڵمەتەکانی ڕۆژهەڵات، تەیموور خانی ئەردەڵان، محەمەد خانی لورستان، قوبادبەگی ئامێـــدی و زۆری دیکـــە وڵامـــی ئەرێنیـــی داخوازیی سوڵتانیان داوەتەوە، عەبدولوەهابی فەرمانڕەوای خووزســـتان و سولاق حوسێنی فەرمانڕەوای هەمەدانیـــش داواکەیان قبوول کردووە. پێگەی ئەم هەموو کاربەدەســـتانەش لە شەرەفنامەدا بە درێژی باسی کراوە».

نووســـەرانی پاشکۆ لێرەشـــدا ناونیشانی گەلێـــک بەڵگەنامـــە دێننەوە، بـــەڵام تەنیا بە یەک دێڕ، باســـی نێوەڕۆکـــی ئەو هەمووە بەڵگەیـــە دەکەن: گوایـــە «بەڵێنی پێگەیەکی شایان» بەم «چەندین کوردە» دراوە و هیچی تـــر! ئەم پێگەیە چ بووە و بۆچی ئەم بەڵێنییە دراوە و ئایا پاشان ئەم بەڵێنییە ئەنجام دراوە یان نا؟ بێدەنگیی لێ دەکەن.

لە خاڵی شەشەمدا هاتووە:

«دوابـــەدوای ســـــــــــــــەرکەوتنی لەشکەرکێشییەکەی ســـاڵی ٩٩١ی کۆچی، بۆ ســـەر جۆرجیـــا، مـــووش خراوەتـــە ژێر دەسەڵاتی شەرەفخان، تۆمارەکانی عوسمانی دەریدەخەن کـــە پاش تـــەواو بوونی ڕەوتی بەیعەتەکەی شـــەرەفخان، ســـوڵتان دووبارە خەڵاتی کـــردووە. بەڵگەی ئەرشـــیڤەکانیش ئۆباڵ بۆ زانیارییەکانی ژیاننامەکە دەکێشـــن. ژیاننامەکـــە ئاماژەی نەکـــردووە بەو موڵک و ناوچانـــەی وا بـــۆ شـــەرەفخان گێڕدراوەتەوە بـــەڵام بدلیس خۆی «نفـــس بتلیس» و پێنج گوندی گرینگ، ئووربان، خۆرۆس، پێســـێل، حاجی کەند و ئەکۆچکـــی گوێزراونەتەوە بۆ ســـنووری دەسەڵاتی ئەو. جێی باسە هیچکام لـــەم گوندانە لە شـــەرەفنامەدا ئاماژەیان پێ نەکراوە».

لێرەشدا شـــەرەفخان زۆر بە ڕوونی باسی ئەمـــەی کـــردووە و دەڵێ: «ســـاڵی ٩٩١ی کۆچی، پاش ئەوەی فەرهادپاشـــای سەردار، ئێرەوانـــی گـــرت و قەڵایەکی لێ ســـاز کرد. پادشـــا منی کڵۆڵی لەگەڵ حەسەنپاشـــای مەزنی ســـەرکردەکانی شـــام نـــاردە تفلیس و گورجســـتان هەتا بارخانەی پاشـــەکەوت و خەزێنە بەریـــن. لەو ســـەفەرەدا منی هەژار چەند خزمەتێکم لە چنگ هات و لە چاکەی ئەو کارانە ســـوڵتان ناوچـــەی مووش و چەند گوندێکـــی مڵکی تایبەتی خۆی بۆ خســـتمە سەر بدلیس» (شەرەفنامە. ل. ٤٦٨).

بەڵێ! ئەمەیە خاڵی ناکۆک: شـــەرەفخان، ناوی ئەم «چەند گوندەی» نەهێناوە!

بەڵام ســـەبارەت بە ناوچـــەی «مووش». پێشـــتر پێویستە ئەمە ڕوون بکەینەوە کاتێک ئاماژە بە «بدلیس» دەکرێ، دەبێ ئاگادار بین باسی کام لەمانەیە: «قەڵای بدلیس»، «شاری بدلیس»، «ناوچەی بدلیس» و یان «میرنشینی بدلیس».. شـــەرەفخانیش میرنشینی بدلیسی هـــەر لـــە ســـەرەتای دامەزراندنییـــەوە بـــە ناوچەکانـــی «بدلیس»، «مـــووش» و ... لەگەڵ تەواوی گوندەکانی پێناسە کردووە. ئیتر ئەوە بابەتێکی دیکەیە کە هەمیشـــە سوڵتانەکانی عوســـمانی ئەگەر پێیـــان نەکرابـــێ تەواوی میرنشـــینەکە بخەنە ژێر دەســـەڵاتی خۆیان؛ هەوڵیـــان داوە ناوچەگەلێکـــی میرنشـــینی بدلیـــس دابڕن، بـــەڵام دواتر ناچـــار بوون دیسان بیگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی سەربەخۆی میرنشینەکە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ملنەدانی خێڵ و هۆزە کوردەکانی ناوچەکە و بەتایبەت هۆزی بەهێز و مەزنی ڕۆژەکی وەک پاڵپشتی ســـەرەکیی دەســـەڵاتی خانەدانی مێرەکانی بدلیـــس. هەڵبـــەت ئەم کێشـــە و ململانییە بەردەوام لە نێوان ســـوڵتانەکانی عوسمانی و کاربەدەستانی لە هەموو میرنشینە سەربەخۆ و نیمچەســـەربەخۆکاندا درێژەی هەبووە کە دواتر پتر لەمبارەیەوە دەدوێین.

سەبارەت بە میرنشینی بدلیس پێویستە بڵێین کە ٤٩ ساڵ پاش تەواوبوونی شەرەفنامە، «ئەولیا چەڵەبی» لە ساڵی ١٠٥٦ی کۆچیدا کاتێک سەردانی شار و قەڵای بدلیس و میرنشینی بدلیس دەکات و میوانی «میر ئەبداڵخانی بدلیسی، نەوەی شەرەفخانی نووسەر دەبێ، لە باسی «سنووری ئەیالەتی بدلیس»دا ئاماژە بە ناوچەی مووش دەکات و دەڵێ «بدلیس ئەیالەت و حکوومەتێکی سەربەخۆ»یە. واتە ٤٩ ساڵ پاش تەواوبوونی شەرەفنامە، میرنشینی بدلیس هەر سەربەخۆ بووە و مووشیشی لەگەڵ بووە. ئەولیا چەڵەبی هەروەها دەڵێ: «خان (ئەبداڵخانی بدلیسی) حەفتا هۆز و عەشیرەتی لەژێر دەست دایە. ... هەر سەعاتێ ئارەزوو بکا دەتوانێ حەفتا هەزار شەڕکەر کۆبکاتەوە. (میرنشینی بدلیس) بەپێی قانوون خاوەنی سێ هەزار عەسکەری جبەلەبەرە کە لەژێر فەرمانی خاندا لەگەڵ ئۆردووی وان بۆ شەڕ دەچن... مفتی و نەقیبی شافعی و قەڵادار و باجدار و شابەندەری هەیە کە هەموویان لە لای خانەوە دادەندرێن، تەنیا ئاغای خەرج و سەرداری یەنیچەری لە لایەن سوڵتانەوە دیار دەکرێن» (چەڵەبی ئەولیا، لاپەڕەکانی ١٠٧-١٠٨).

ئەولیا چەڵەبی دواتر بە سەردێڕی: «ئەو حکوومەتانەی لابردنیان بۆ نییە»، ئاماژە بە «نیمچە حکوومەتی هەکاری»، «حکوومەتی بتلیس»، «حکوومەتی مەحموودی»، و «حکوومەتی بنیانش (کە) ئەمانەش هەر مەحموودین» دەکات. (هەمان سەرچاوە. لاپەڕەکانی ٢٠٩-٢١٠).

جگە لەمە، نووسەرانی پاشکۆی ١ لێرەشدا دیسان لەبیریان کردووە کە بۆخۆیان لە پاشکۆی ٢دا چۆن باسی سنووری میرنشینی بدلیس دەکەن: «...(شەرەفخانی پێنجەم) فەرمانڕەوای هەرێمێک بوو کە لە سنوورەکانی ئێرانەوە دەستی پێ دەکرد و تا ناوچەکانی ڕۆژاوای بدلیس پەلی داویشت. ناوچە و مەڵبەندەکانی ژێر فەرمانی بریتی بوون لە: عادلجەواز، مووش، مەلازگرد، ئەخلات، ئەرجیش، تاتوان، گوێزەڵدەرێ، ئۆکان و بەشێک لە گواش» (شەرەفنامە، پاشکۆی ٢، لاپەڕەی ١١٠٠).

دواتر پاشکۆی ١، بە سەردێڕی «ژیاننامە: ڕێگەیەک کە کەمترین ڕێبوار گرتوویانەتە بەر» دەپەڕژێتە سەر ژیانی خێزانیی شەرەفخان و دەڵێ:

«هێشتا زۆر لایەنی ژیانی شەرەفخان روون نەبۆتەوە. ڕێگەیەک بۆ زانینی ئەو بوارانە، نووسینەوەی ژیاننامەیەکە. هێندەی ئێمە بزانین، گەلێک لایەنی گرینگی ژیانی شەرەفخان لە هیچ سەرچاوەیەکی نووسراودا باس نەکراوە. سەرەنجام گەلێک پرسیار بێ وەڵام ماونەتەوە. جا بۆ ئەوەی بتوانین ئەم گرفتانەش چارەسەر بکەین، دوو پێشنیار بۆ توێژینەوەی زیاتر دەکەین: یەکەم ژیانی خێزانی؛ دووهەم، مەرگی شەرەفخان ئەمانەش پەیوەستن بە ژیاننامەکە و ڕووداوەکانی بەشەکانی دیکەی شەرەفنامە».

نووسەران پێمان ناڵێن ئەگەر «ئەم لایەنانەی ژیانی شەرەفخان» لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەنووسراون، چۆنچۆنی و لەسەر چ بنەمایەک ئەم ژیاننامەیە دەنووسنەوە؟ ڕەنگە بەپێی ئەم چەند بەڵگەنامەیە بێ کە یان ڕێکەوتیان پێوە نییە و یان ئەگەر ڕێکەوتەکەی لەگەڵ مەبەستەکەیان یەک نەگرێتەوە، بەهەڵە هەژماری دەکەن و بەحەزی خۆیان دەیگۆڕن! (دواتر باسی ئەم بەڵگەیە و بەڵگەکانی دیکەش دەکەین). لێرەدا نووسەرانی پاشکۆی١، باسی «برا و کوڕەکانی شەرەفخان» بەم چەشنە دەورووژێنن:

«ڕەگەزی نێر لای شەرەفخان پێگەیەکی بەرزی هەبووە، کەچی لە بەشەکانی دیکەی شەرەفنامەدا ئاماژەیەکی بە کوڕەکانی تری نەکردووە، بەڵام ڕەچەڵەکناسی و بنەچەکەی حوکمدارانی کوردی بەرلە ئاوابوونی خۆری

میرنشـــین و تەنانەت کاتـــی تێداچوونی هەر میرنشینێکیشی زۆر بە بایەخەوە باس کردووە، بە جۆرێک کـــە ژمارەی تەواوی برا و کوڕانی هەر حوکمدارێکی هێناوەتەوە».

لێـــرەدا ئێمـــە ناپەرژێینـــە ســـەر واتای نازانستی و نائەکادێمیکی «بەرزبوونی پێگەی ڕەگەزی نێر لای شـــەرەفخان». تەنیا جەخت لەوە دەکەینەوە کە بەڵێ ڕاســـتە شەرەفخانی پێنجەم جگە لە «شەمسەدین» کە دەسەڵاتی میرنشـــینی بدلیسی بۆ جێهێشـــتووە، باسی کوڕەکانی دیکەی خۆی نەکردووە. بەڵام لێرەدا دەبێ پرسیار لە نووسەرانی پاشکۆ بکەین ئێوە وەک «توێژەری مێژوو»، چ گریمانەیەکتان بۆ ئەم کەمایەســـییە هەیە و بـــە ڕوونبوونەوەی ئەمـــەش، چ گرێکوێرەیەکـــی مێژوویی ئەو سەردەمە بۆ ئێمە ڕوون دەبێتەوە؟

پاشان نووســـەرانی پاشکۆ باسەکە دەبەنە ســـەر ناوی کوڕەکانی شـــەرەفخانی پێنجەم و لێرەدا لەژێر ســـەردێڕی «شەمسەدین یان ئەحمەد»، باسـێکی زۆر ئاڵۆز دێننە مەیدان ســـەبارەت بە کوڕێکی شـــەرەفخان کە گوایە ناوی شەمســـەدین یان شەمسەدین‌ئەحمەد بووە و یان نەخێر شەمسەدین و ئەحمەد، دوو کوڕی جیاوازی شەرەفخان بوون و دەڵێن:

«ئەبولمەعالی شەمسەدین‌بەگ، تاقە کوڕی شـــەرەفخانە کە لە شەرەفنامەدا ناوی هاتووە. وا دەردەکەوێ نووســـەر زیاتـــر ئەمی لەچاو کوڕەکانی دیکە، لا پەســـەند بووبێ. هەروەها دەزانین کە شەرەفخان کوڕێکی بووە بەناوی ئەحمەد کە ناوی لە شـــەرەفنامەدا نەهاتووە. ڕێی تێدەچێ ئەحمەد و شەمسەدین هەر یەک کەس بووبن. نووســـەرەکانی عوسمانی کوڕە گەورەی شەرەفخانیان بە شەمسەدین‌ئەحمەد ناو بردووە. ئێمە نەمانتوانی ناوی شەمسەدین لە ئەرشـــیڤەکانی دەوڵەتی عوســـمانیدا ساغ بکەینەوە. لەبەر ئەوە لەوانەیە ئەو کەسانەی کە شـــەرەفخان ناوی هێناون، کەم یا زۆر، ناویان جیاواز بووبێ لەو ناوانەی وا لە بەڵگەنامەکاندا هاتوون».

لێرەدا دیار نییە نووســـەرانی پاشـــکۆی ١ بەپێی چ بەڵگەیەک دەزانن کە شـــەرەفخان کوڕێکـــی دیکەی هەبووە بەنـــاوی ئەحمەد؟ خۆشـــیان باوەڕیان بە بووچوونی خۆیان نییە و دەڵێن ڕەنگە شەمسەددین و ئەحمەد یەک کەس بوون!» تەنانەت دواتر دەڵێن:

«دووریش نییە، ئەحمەد کوڕی دووهەمی شەرەفخان بووبێ و ... بەڵام هۆی ناو نەهێنانی لە شەرەفنامەدا ڕوون نییە».

ســـەیر ئەوەیە نووســـەرانی پاشکۆ هێشتا ڕوونیـــان نەکردووەتە ئایـــا ئەحمەدێک وەک کـــوڕی شـــەرەفخان بوونی هەبـــووە یان نا، دەپەرژێنە ســـەر ناساندنی ئەحمەد و بۆشیان گرینگ نییە ئەحمەد بێت یان شەمسەددین و دەڵێن:

«ئەم پێناســـەیەی وا ئێمە بۆمان پێشنیار کـــردووە ... بێ‌گومـــان دەکـــرێ بـــە هێند وەربگیـــرێ، بـــەڵام دەبێ هێندێک ڕاســـتی لە بـــارەی ئەحمەدەوە بخاتە بەردەســـت. جا ئیتر شەمســـەدین بێ یـــان کوڕێکی دیکەی شـــەرەفخان. ئەحمەد کوڕی شـــەرەفخان لە مێژووی مووشـــدا کەســـایەتییەکی ناســـراو بووە. بدلیـــس وەک «ئۆجاقلیق»ێک و پێگەی میراتگرانـــەی میرنشـــێنێک، دراوەتـــە کوڕە گەورەی، واتە شەمسەدین. بۆیە ئەحمەد پاش و پێش خانەنشین بوونی شەرەفخان، حوکمی دەڤەرێکی سەر بە بدلیسی کردووە».

بەڵێ! نووسەرانی پاشکۆ بەم ژوورە تاریکە دەڵێن توێژینەوە و گەرەکیانە پشیلە ڕەشەی ئەحمەد، و یـــان گرینگ نییە تەنانەت ئەگەر شەمســـەددین و یان خـــود کوڕێکی دیکەی شـــەرەفخانێش بێت، تێیدا بدۆزنەوە! ســـەیر ئەوەیە نووســـەرانی پاشـــکۆ هێشـــتا بوونی ئەحمەدیان بۆ ســـاخ نابێتـــەوە بەڵام خوێنەر دەخەنە گێژاوەیەکی دیکە و یاری بەهێندێک ڕێکـــەوت ســـەبارەت بە ئەحمـــەد دەکەن و دەڵێن:

«ئەحمەد یەکەم جار، ١٨ی قوربانی ٩٨٦ی کۆچی، ناوی وەک سەنجەقبەگی مووش هاتووە. (واتە ٢ مانگ و ١٥ ڕۆژ پاش «بزووتنی» شەرەفخانی پێنجەم لە نەخجەوانەوە بەرەو بدلیس). بەڵام وادیارە لە ساڵی ٩٩٣ی کۆچی، بەدواوە سەنجەقی مووش بە بەدلیسەوە بەستراوە (نەخێر! ساڵی ٩٩١ی کۆچی، پاش شەڕی تفلیس و گورجستان بووە. نووسەرانی پاشکۆ لەبیریان چووە کە بۆخۆیان لەسەرەوە باسیان کردووە پاش ئەم شەڕە مووش دیسان خراوەتەوە ژێر فەرمانی شەرەفخانی پێنجەم، واتە گەڕاوەتەوە بۆ سەر میرنشینی بدلیس). لەو ساڵەدا بە ئەحمەد، گوتراوە میرلیوای شەرەفخان یا وەلەدەی شەرەفخان؛ بەڵام ساڵی ٩٩٦ی کۆچی، پێیان گوتووە سنجەقبەگی مووش (واتە بە ئەحمەد گوتراوە سەنجەقبەگی مووش). مووش ساڵی ٩٧٢ی کۆچی کە لە بدلیس جوێ کراوەتەوە، تا ئەو کاتەی وا ئەحمەد حوکمی گرتۆتە دەست (واتە تا ساڵی ٩٩٦ی کۆچی، یانی لەو ساڵانەدا کە شەرەفخانی پێنجەم لە ئێران بووە و میرنشینی بدلیس داگیر کرابوو)، دوو سنجەقبەگی تریشی هەبوون. ئەوانیش بەهائەدین و قلیچ بوون و ناویان لە لیستەکەی شەرەفنامەدا نییە. دەشێ ئەحمەد ناودارترین میری کوردی ئەو ناوچەیە بووبێ و پێش ساڵی ٩٨٦ی کۆچیش، بەتایبەت ساڵی ٩٧٧ی کۆچی، فەرمانڕەوای هەمان سنجەق بووبێ؛ ساڵی ٩٩٢ی کۆچیش، بەرەسمی سنجەقبەگی مووش بووە (واتە ئەم ئەحمەدە زووتر لە باوکی گەڕاوەتەوە هەرێمی بدلیس و «پێش ساڵی ٩٨٦ی کۆچی، بەتایبەت ساڵی ٩٧٧ی کۆچی» بووەتە ناودارترین میری کوردی ئەم ناوچەیە! لە کاتێکدا شەرەفخانی پێنجەم مانگی شەوالی ٩٨٦ی کۆچی لە نەخجەوانەوە وەرێکەوتووە بەرەو بدلیس! ئێمە دەزانین کە لە ساڵی ٩٤٢ی کۆچییەوە کاتێک سوڵتان سولەیمانی عوسمانی «هەرێمی بدلیس» داگیر دەکات و باوکی شەرەفخانی پێنجەم، واتە «شەمسەدینخان لەوێ «دەردەپەڕێنێ» و ئەویش «لەترسان ڕەوی و ڕووی کردە خاکی عەجەمان» (شەرەفنامە، ل ٥٥٥)، تاکو «سێهەم ڕۆژی مانگی شەشەکان /مانگی شەوال/ی ساڵی ٩٨٦ی کۆچی» (شەرەفنامە، ل. ٦٦٦) کە شەرەفخانی پێنجەم لە نەخجەوانەوە بەرەو بدلیس دەردەچی، واتە لە ماوەی ٤٤ ساڵ «دەربەدەری و لە وڵاتی غەریبایەتی» مانەوەی هۆزی ڕۆژەکیدا، هیچکام لە ئەندامانی ماڵباتی شەرەفخان لە هەرێمی بدلیس نەبوون تا ئەم «ئەحمەدە» یان «ئەحمەد شەمسەدین یان ...»، سەنجەقبەگی مووش بووبێت.

دواتر ئەم گێڕاوە لە پاشکۆی ١ دا، هەر دێ و قوڵتر دەبێ و نووسەران دەڵێن:

«وەک لە سەرەوە ئاماژمان پێ کرد، مووش ساڵی ٩٩١ی کۆچی، دراوەتە شەرەفخان. وا وێدەچێ ئەحمەد بە جیاکردنەوەی مووش ڕازی نەبووبێ. ئەو، بە چەند مەرجێک ناوچەی نەخجەوانی لە هەڵمەتەکانی ساڵی دواتر بەدەست هێناوە. بەگوێرەی«MD»، ئاشکرایە یەکێک لە نیگەرانییەکانی شەرەفخان پرسی «تیمار»ی ئەوانە بووە کە لە هەڵمەتەکەدا بەشدار بوون. تەنانەت داوای «تیمار»ی ئەو کوڕانەشی کردووە کە هەڵاتوون بۆ کۆشکی سەفەوی؛ بۆیە ڕەنگە دەوڵەتی عوسمانی، لە وەڵامی ئەم داخوازییەی شەرەفخاندا، پۆستە نوێیەکەی ئەحمەدی لە نەخجەوان پەسەند کردبێ».

سەرنجڕاکێشە نووسەرانی پاشکۆ چەند لاپەڕە پێشتر ئاماژەیان پێ کردووە کە لە ساڵی ٩٩١ی کۆچی مووش دراوەتەوە شەرەفخانی پێنجەم، بەڵام سەیر ئەوەیە هەر لەم چەند دێری سەرەوەدا دەڵێن، «وادیارە» ساڵی ٩٩٣ی کۆچی «سەنجەقی» مووش بە بدلیس بەستراوەتەوە. واتە پێدانەوەی مووش بە شەرەفخان بەمانای ئەوە نەبووە کە مووش

کەوتووتە ژێر دەسەڵاتی بدلیس!؟
لە لایەکی دیکــەوە، بەپێی چ بەڵگەیەک وا وێدەچــێ ئەحمــەدی کوڕێ شــەرەفخان «بەجیاکردنەوەی مووش ڕازی نەبووبێ» ئەویش لە کاتێکدا بۆخۆیان لەســەرەوە دەڵێن، مووش ساڵی ۹۷۲ی کۆچی لە بدلیس جیا کراوەتەوە. هەڵبەت لەم ســاڵەدا ئەو «ئەحمەد»ە کە گوایە کوڕی شەرەفخانە، ناتوانێ بەهیچ شێوەیەک لە مووش بووبێت، چونکوو لەم ساڵەدا شەرەفخان بەخۆی و ماڵباتییەوە لە «لای عەجەمان بووە»!
لێرەدا نووسەرانی پاشکۆی ١ دەڵێن: «ئەو، بە چەنــد مەرجێک ناوچــەی نەخجەوانی لە هەڵمەتەکانی ســاڵی دواتر بەدەست هێناوە». «ئــەو»، مەبەســت کێیــە؟ شــەرەفخان یان ئەحمــەدی کوڕی؟ لە لایەکی دیکە، «ســاڵی دواتــر»، واتە ســاڵی ۹۹۲ی کۆچی نەک هەر بەپێــی زانیارییەکانــی شــەرەفخان، بەڵکوو بەگوێرەی زانیارییەکانی قەوماو لەم ساڵەدا، لە کتێبەکانی «تاریخی عوسمان پاشا» و «ئێرانی ســەردەمی ســەفەوی» و «تاریخ عباســی یا روزنامە ملا جلال» و «تاریخ عالم آرای عباسی، هیچ شــەڕێک لە لایەن عوســمانییەکانەوە بۆ «وەدەســت هێنانی نەخجەوان» لەم ســاڵەدا ڕووی نەداوە!
پاشــان نووســەرانی پاشــکۆی ١ باسی زیائەددین کوڕێکی دیکەی شەرەفخان دەکەن و دەڵێن، لــەو بەڵگەنامانەی عوســمانیدا کە بڵاویــان کردووەتــەوە و ڕێکەوتــی ١٠٠١ی کۆچیــی پێوەیــە (مەبەســتیان بەڵگەنامەی ٢یــە)، ناوی «زیائەددیــن» هاتووە هەروەها لە تۆمارەکانی سەفەوی ساڵی ١٠١١ی کۆچیشدا ئامــاژە بەوە کراوە کــە «باوکی کۆچی دواییی کردووە یا دەسبەرداری پۆستەکەی بووە. ئەو، ناوی لە شەرەفنامەدا نەهاتووە، کە ئاماژەیەکە بــۆ پێوەندیی لەگــەڵ ســەفەوییەکان». زۆر سەیرە، ئەگەر ناوی لە «تۆمارەکانی سەفەوی»دا هاتبێ، ئەمە ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی زیائەددین لەگەڵ ســەفەوییەکان؛ و گوایە لەبەر ئەمەش دە شەرەفنامەدا ناوی نەهاتووە!؟ سەرنج بدەنە درێژەی ئەم باســە. تۆ بڵێــی چۆن دەبێ لەم ڕستەیە تێبگەین:
«لــە دەرەوەی نیگەرانییە سیاســییەکانی شەرەفخاندا، کە کتێبەکەی بۆ عوسمانییەکان تەرخــان کــردووە، بەگوێــرەی تۆمارێکــی گرینگی ســەفەوییەکانیش، زیائەددین دەوری لــە پێکدادانەکانــی نەخجەوانــدا هەبــووە. هەروەها ســاڵی ١٠١٥ی کۆچی بەیعەتی بە شاعەبباســی یەکەم کردووە». واتە: شەرەفخان «نیگەرانیی سیاسی»ی هەبووە بۆیە کتێبەکەی بــۆ عوســمانییەکان «تەرخــان» کــردووە و بەپێچەوانەی ئەمــەش، زیائەددین «بەگوێرەی تۆمارێکی گرینگی ســەفەوییەکان» دەوری لە پێکدادانەکانی نەخجەوانــدا هەبووە، هەروەها ساڵی ١٠١٥ی کۆچی «بەیعەتی بە شاعەباسی یەکەم» کردووە.
جا ئەم ٣ لێکدانەوەی نووسەرانی پاشکۆی ١ بەیەکــەوە گرێ بدەن، لە کاتێکدا «بەیعەتی زیائەددیــن» ١٠ ســاڵ پــاش تــەواو بوونی نووسینی شەرەفنامە ڕوویداوە.
بەڵام ســەبارەت بە «تۆمــارە گرینگەکەی ســەفەویان» کە باســی بەیعەتــی زیائەدینی کردووە، کتێبی «تاریخ عالم آرای عباســی»یە کــە لــە لاپــەرەی ٧٢١ و لــە ڕووداوەکانی ســاڵی ١٠١٥ی کۆچی و لە باســی شەڕکانی دەوروبەری «نەخجەوان»دا، هاتووە کە گەلێک لە ســەرکردەکانی کــورد و لەوانــەش «میر شــەرەف حاکم جزیرە و ضیاءالدین خان ولد شــەرەفخان حاکم بتلیس»، واتە میر شەرەف، حاکمی جزێرە و زیائەددین کوڕی شەرەفخان حاکمی بدلیس، «بنا بــر اظهار دولتخواهی و انجاح مطالب و مقاصد خود نزد امیر کونەخان (حاکــم ایــروان) آمدە باتفاق بــدرگاە جهان پناە (واتە شــاعەباس) آمدند و بوساطت خان مذکور در حدود نجچوان سعادت بساط بوسی دریافتند» و پاشــان هەرکامیان خەڵات کران و گەڕانەوە شــوێنی فەرمانڕەواییــان. جا ئەم

«بەیعەتەی زیائەددین بە شا عەباس» لە ساڵی ١٠١٥ی کۆچیدا دەتوانێ چ پەیوەندییەکی هەبێ بە شێوازی نووسینی شەرەفنامە کە لە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچیدا تەواو بووە، ئەوەش وەک گەلێک لە تێڕوانینەکانی نووسەرانی پاشکۆ، دیار نییە.

دواتر لە پاشکۆی ١دا، هاتووە:

«بەڵگەنامەی «MD 78, hkm. 1227» دەقێکی تێدایە کە ساڵی ١٠١٨ی کۆچی نووسراوە و تیشک دەخاتە سەر ئەو بەڵگانەی وا لە سەرەوە باسمان کرد. (یانی لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە لە ساڵی ١٠١٨ی کۆچیدا نووسراوە، دەقێکی تێدایە ئاماژە بەوە دەکات کە: بەگوێرەی تۆمارێکی گرینگی سەفەوییەکان، زیائەددین دەوری لە پێکدادانەکانی نەخجەواندا هەبووە و ساڵی ١٠١٥ی کۆچی بەیعەتی بە شاعەباسی یەکەمەوە کردووە. واتە هەمان ئاماژەی «ئەسکەندەری مونشی لە «تاریخ عالم آرای عباسی»دا)». دواتر دەڵێن: «ئەمجا زیائەددین لە لایەن عوسمانییەکانەوە کراوەتە فەرمانڕەوای بدلیس». لێرەدا نووسەرانی پاشکۆی ١، دیاری ناکەن کاتی ئەم «ئەمجا»یە، کەی بووە؟ بەڵام دەڵێن:

«هەروەها ڕیشی تێدەچێ لە نێوەڕاستی ئەو ماوەیەی نێوان شەرەفخان و زیائەددیندا، کە ئێمە دەیزانین، شەمسەدین کرابێتە فەرامانڕەوای بدلیس. زیائەددین، بەگوێرەی بەڵگەنامەکە، ئەو کەسەیە کە وەک فەرمانڕەوای بدلیس ناوی هاتووە و چەندین ساڵ حوکمڕانیی میرنشینەکەی کردووە خۆ ئەگەر شەمسەدین حوکمڕانیی کردبێ، کاتێک کردوویەتی کە شەرەفخان هێشتا ماوە. سەنجەقەکانی دەوروبەری بدلیس هیچ بەڵگەیەکیان لێ چەنگ ناکەوێ تا لە پڕ کردنەوەی ئەم کەلێنەدا یارمەتیمان بدەن. تەنانەت ناشزانین ساڵی ١٠٠٢ی کۆچی، کێ فەرمانڕەوای مووش بووە. هەر بەپێی بەڵگەنامەی نێو پاشکۆکە، دوور نییە زیائەددین ئەو کەسە بووبێ کە دەوروبەری ساڵانی ١٠٠٠ی کۆچییش حوکمڕانیی «مووش»ی کردبێ».

لێرەدا دیار نییە زانینی «فەرمانڕەوای مووش «لە دەوروبەری ساڵی ١٠٠٠ی کۆچیدا»، چ گرینگییەکی بۆ نووسەرانی پاشکۆ هەیە؟ لە کاتێکدا، لە ساڵی ١٠٠١ی کۆچیدا بەگوێرەی هەمان بەڵگەنامەی ٢ کە لە ژێرەوە پتر باسی دەکەین، شەرەفخان داوای «قاپۆ موتەفەریقلیقی» بۆ زیائەددین کردووە و دەڵێ: «ئێستا زەوی «زەعامەت»ی هەیە و لە پایەتەختی ئیمپراتۆرییە بۆ خزمەتی وڵات». هەروەها مەبەستی نووسەرانی پاشکۆ لە «بەڵگەنامەی نێو پاشکۆ»، کامە بەڵگەنامەیە؟ دیار نییە. ئەگەر لەم بەڵگەنامەیەدا کە وەک «شاهید» باسی دەکەن، ئەم ئاماژەیەی هەبێ، ئیتر پێویست ناکات بڵێن: «دوور نییە ...». کەوابوو لەم بەڵگەنامەیەدا کە دیار نییە مەبەستیان کامەیە، ئاماژەیەک کە بیسەلمێنێ: «زیائەددین دەوروبەری ساڵی ١٠٠٠ی کۆچی (نەک ساڵانی ١٠٠٠ی کۆچی!) حوکمڕانیی مووش-ی کردبێ»، بەدی ناکرێ. ئەم شێوازە لە «سەلماندن»، بەگوێرەی فەلسەفی پێی دەگوترێ «سەفسەتە».

پاشکۆی ١، دواتر باسی کوڕێکی دیکەی شەرەفخان بەناوی بەهرام (بارام) دەکات و دەڵێ:

«بارامیش یەکێکی تر بووە لە کوڕانی شەرەفخان، نازاندرێ داخوا بارام ئەو کوڕە ناو نەهێندراوەی خشتەکەی خوارەوەیە یان نا».

مەبەستی نووسەرانی پاشکۆی١ لە خشتەی ناوەکان، بەڵگەنامەکانی ١ و ٢ن کە بەهۆی هەڵە لێ تێگەیشتنییان لەم دوو بەڵگەنامەیە، دوچاری ئەم گێژاوەیە بوون سەبارەت بە بارام. ئەم «کوڕە»، زیائەددینە نەک بەهرام یان بارام. لە دەقی نووسراوەکەی شەرەفخان لە بەڵگەی ٢دا، بەڕوونی ئاماژە بە ناوی زیائەددین کراوە

که داوای «قاپــۆ موتەفەریقەلیغی» بۆ کردووە و بەرپرســـەکەی عوســـمانی لە بەڵگەی ١دا، بە هەڵــە نووســـیوێتی: «بۆ کورێکـــی داوای موتەفەریقەلیقی کـــردووە» و ناوی نەهێناوە و نووســـەرانی پاشکۆ یان لەمە تێنەگەیشتوون و یان خۆیان لێ گێل کردووە و پێیان وایە ئەمە دەبێ بارام بێت کە هەر ناویشـــی نەهێندراوە. لە خوارەوە باســـی جیاوازیی ئـــەم دوو دەقە دەکەین.

نووسەرانی پاشکۆ دواتر سەبارەت بە بارام دەڵێن:

«بـــەڵام زانـــدراوە کە برێک دەســـەڵات و ناوبانگی لـــە ناوچەکەیدا هەبـــووە (دیار نییە لەکوێـــوە «زاندراوە»). تەنیا لـــەوە دڵنیاین کە شـــەرەفخان داوای «موتەفەرریقەلیـــق»ی بۆ کردووە (زۆر ســـەیرە! بەهرام یان بارامێک کە ناوی نەهاتووە، چـــۆن دەکرێ دڵنیا بن داوای «موتەفەریقەلیقـــێ بـــۆ کردبێ؟ لـــە کاتێکدا شـــەرەفخان نەک داوای «موتەفەرریقەلێقی»، بەڵکـــوو «قاپـــوو موتەفەرریقەلیغـــی» کردووە. ئەویش بۆ زیائەددین، نەک بۆ «بەهرام». تەنانەت لەم بەڵگەنامەیەدا، ناوی بەهرام و یان بارام هەر نەهاتووە. سەیرتر ئەوەیە کە نووسەرانی پاشکۆ لێرەدا بە ئاماژە بە بەڵگەنامەیەک دەڵێن: «واش دەردەکەوێ هەوڵی موتەفەرریقەلیقی «وان»ی بۆ دابێ». بریا نووســـەرانی پاشکۆ، وێنەی ئەم بەڵگانەشـــیان بڵاوکردباوە کـــە ئاماژەیان پێ کردووە.

وەک دەرکـــەوت، نووســـەرانی پاشـــکۆ بە پشتبەســـتن بـــە بەڵگەنامەکانـــی ١ و ٢، گێژاوەیەکی زۆر ئاڵۆزتر بۆ خوێنەر ساز دەکەن کـــە ڕوونکردنەوەکەی گەلێـــک دژوارە، بۆیە پێویستە خوێنەر وێنەی بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان و دەقی وەرگێڕدراوەکانی، زۆر بەوردی لەگەڵ ئەم لێکدانەوەی خواروو بەراورد بکات.

ئێمە لەســـەر ئەو بڕوایەین کە بەڵگەنامەی ١، لـــە لایـــەن بەرپرســـێکی عوســـمانییەوە نووسراوە، نەک شەرەفخان، چونکوو:

**١** لەســـەرەتای بەڵگەنامـــەی ١دا، نووسراوە: «تۆماری داخوازییەکانی شەرەفخان، فەرمانڕەوای بدلیس». پاشان هاتووە:

بۆ یەکێک لە کوڕەکانی
بۆ دوو لە کوڕەکانی
بۆ یەکێک لە پیاوەکانی
(نەک کوڕەکەم)
(نەک کوڕەکانم)
(نەک پیاوەکانم)
موتەفەریقەلیق
زەعامەت
چاوشلیق
(١)
(٢)
(٣)
بۆ ١٠ سوار
بۆ ١٣ سەربازی بدلیس
بۆ ٢٤ لە پیاوەکانی(نەک پیاوەکانم)
تەرەقی
سێیەکی زەوییەکی تیمار
ئیبتیدا
(٤)
(٥)
(٦)

لێرەدا زۆر بە ئاشکرا دەبینیین کە بەرپرسێکی عوســـمانی باســـی کەســـێکی ســـێهەم، واتە شـــەرەفخان دەکات و تەنانەت شەرەفخان بە بەندەی نۆکەری سوڵتان ناوزەد دەکات و دەڵێ:

«بەرێـــز ســـوڵتانی بەختـــەوەر، بەنـــدەی نۆکەرتـــان، خان (لێـــرەدا دیـــار نییە بۆچی نووسەرانی پاشکۆ، واتای «خانی کوڕی خان»یان قرتانـــدووە! و تەنیا «خان»یـــان داناوە؟! بەڵام دواتر و لە درێژەی نووسراوەکەیاندا ئاماژەیەکی زۆر نـــاڕوون و ئاڵـــۆز بـــەم واتایە بەشـــێوەی «خان اوغلی خان»، واتـــە «خانی کوڕی خان» دەکەن) لەمێژە ملکەچی پایەبەرزتانە (باســـی

کەســی ســێهەم واتە شــەرەفخان دەکات)، ئێســتاش ئەمەگــدار و گوێڕایەڵــی بــەرەی عوسمانییە (دیسان باسی کەسی سێهەم واتە شــەرەفخان دەکات)، (و) لەگــەڵ خێڵەکەیدا بەشــداری هەڵمەتەکانــی ڕۆژهەڵاتی کردووە (دیسان باسی کەسی سێهەم واتە شەرەفخان دەکات) و جەنگاوەرێکی دڵســۆز بووە (دیسان باســی کەســی ســێهەم واتــە شــەرەفخان دەکات) داخوازییەکانــی (واتە داخوازییەکانی شــەرەفخان) زۆر نین. بریتییــن لە پلەیەکی «موتەفەرریقەلیــق» بۆ یەکێــک لە کوڕەکانی (واتە یەکێک لــە کوڕەکانی، نەک یەکێک لە کوڕەکانم) و پلەی «چاوشلیق» بۆ ئەوانی دیکە (ئەمەش هەڵەیەکە بەرپرســە عوســمانییەکە کردوویە. داخوازیی ئەم پلەیەی بۆ «ئەوانی دیکــە نەکردووە» بەڵکوو بۆ کەســێک بەناوی «محەمەد»ی خەڵکی مــووش کردووە. بڕواننە «داخوازییەکانی بەندە» لــە بەڵگەنامەی ٢دا.) ئەگەر داخوازییەکانی خزمەتکارەکان پێبەپێی ڕەزامەندیی ئیمپراتۆریــی بەڕێزتان بێ. لەبەر خزمەتکارتان گرینگە ڕازی بن. ئەگەر ئێســتا ناکرێ پلەکان ببەخشرێن، دەکرێ دوا بخرێن. (ئەم دوایین ڕەســتەیەش لە بەڵگەنامەی ١دا، نییە).

سەرنجڕاکێشــە کــە هەر ئــەم دەقە لە کتێبی «تابلۆکانی شــەرەفنامە»، لە نووسینی «عەبدولڕەقیب یۆســف» لاپەڕەی ٢٦٩دا، بەم شێوەیەی خوارەوە بەکوردی وەگێڕدراوە:

«پاشــای بەختداری من، بەنــدەی تۆ لە کۆنــدا ناوی هاتــووە کە لایەنگــری ئێوەیە و خانــی کوڕی خان و دڵســۆز و ملکەچی ئێوە بــووە و، بە هەمــوو خێڵەکەیەوە بەشــداریی شــەڕی ڕۆژهەڵاتی کردووە. هیــوای ئەوەیە دیسان پلەی موتەفەریقەیی بدرێتە کوڕێکی و چاوەشی بە یەکێکی تری، ئەرکی بەندایەتیی ئەوەیە کە بە ئۆمێدە جێی ڕەزامەندیی پاشــا بێ. ئەوەی ڕاستی بێ بەخشەندەیی و چاکەی ئێوەی بە فەرمانی پاشای خاوەن مەزنایەتییەوە گری داوە».

لــەم وەرگێڕانــەدا ئیتر بە ڕوونــی دیارە کــە ئەم دەقە لە لایەن کەســێکی دیکە، واتە بەرپرسێکی عوسمانییەوە نووسراوە. بەڵام دیار نییــە بۆ نووســەرانی پاشــکۆ هێندێک واتای دیکەیان لێ زیاد کردووە و چەند وشــەیەکی دیکەیان لێ «قرتاندووە»؟

کەوابوو ئەم بەڵگەنامەیە دەقی نووسراوەی بەرپرســێکی عوســمانییە کــە هاوپێچــی داخوازییەکانی شەرەفخان، واتە «داخوازییەکانی بەنــدە» (بەڵگەنامەی ٢) کراوە و بۆ ســوڵتانی عوسمانی ناردراوە.

جگە لەمانــە؛ تێبینییەکانی ١ تا ٦ (واتە: ١- هیچ خزمەتیکی نەکردووە و کەڵکی نەبووە. ئێســتا دەتوانرێ چی بکــرێ؟ ٢- زەوییەکی زەعامەت بەخشرا، ٣- پلەی چاوشلیق بەخشرا، بەپێی «تەلخیس»ێکی ئەم دواییە، ٤- تەرەقی بەخشــرا، ٥- ســێیەکی زەوییەکــی تیمار بەخشــرا، ٦- ئیبتیدا بەخشرا.)، دەبێ سوڵتان نووســیبێتی، بەڵام ئەم تێبینییانەی ســوڵتان لەسەر بەڵگەنامەی ١دا کە نووسراوەی بەرپرسە عوسمانییەکەیە بۆ سوڵتان، نەنوسراوە؛ بەڵکوو لەسەر خشتەکانی دەقی داخوازییەکانی خودی شەرەفخان (لەسەر خشــتەکانی بەڵگەنامەی ٢دا) نووســراوە. جگــە لەمانــەش ژمــارەی ئەو کەســانەی شــەرەفخان لە خشــتەکەیدا ناوی بــردوون لەگەڵ ئــەو هەژمارکردنانەی بەڵگەنامەی ١دا جیاوازیان هەیە کە لە ژێرەوە و لە خاڵی ٤دا، پتر باسی دەکەین.

**٢** ســەبارەت بــە «داخوازییەکانی بەندە» (بەڵگەنامەی ٢ دەستی ڕاست):

لــە نووســراوەی ئــەم دەقــەدا بەڕوونی دیارە شــەرەفخان لە لایەن خۆیەوە (کەســی یەکەم)، داواکارییەکانی لە ســوڵتان (کەســی دووەم) دەردەبــڕێ و زۆر بە ڕوونی جیاوازیی دەربڕینەکانی ئــەم دوو بەڵگەنامانە دەبینین، هەروەها شــەرەفخان دوو جار داخوازییەکەی خــۆی بەســتووەتەوە بــە واتــای «بەپێــی

یاسای ئیمپراتۆری» و جارێکیش بە واتای «پشتبەستوو بە قانوونی ئیمپراتۆری»، بەڵام نووسەرانی پاشکۆ نەک هەر لە جیاوازیی نێوان ئەم دوو دەقە تێنەگەیشتوون، بەڵکوو خۆیان زەحمەت نەداوە لەم دوو واتایەش بکۆڵنەوە کە پاشخانێکی مێژووییان هەیە.

ئێستا دەڕوانینە داخوازییەکانی شرەفخان لە بەڵگەنامەی ٢دا کە بە سەردێڕی «داخوازییەکانی بەندە» (واتە کەسی یەکەم) دەست پێدەکات.

پاشان شەرەفخان دەڵێ:

داواکارم (کەسی یەکەم)، پلەی «قاپوو موتەفەرریقەلغی» ببەخشن (واتە ئێوەی سوڵتان ببەخشن) بە زیائەددین. کوڕی خزمەتکاری خۆتان (لێرەدا شەرەفخان وەک ڕێزگرتن، خۆی دەکاتە کەسی سێهەم) کە ئێستا زەوی «زەعامەت»ی هەیە و لە پایتەختی ئیمپراتۆرییە بۆ خزمەتی وڵات.

داواکارم (کەسی یەکەم)، بەپێی یاسای ئیمپراتۆری، زەوی «زەعامەت» ببەخشن بە کوڕێکی تری بەندە سەیدی، کە بە هەمان شێوە خزمەت دەکا.

داواکارم (کەسی یەکەم)، بەپێی یاسای ئیمپراتۆری «زەعامەت» و «تیمار» بە کوڕانی برایانی بەندە خەڵەفبەگ، عەلیخان و مستەفا ببەخشن.

دەربارەی محەممەد، کە یەکێکە لە سوارەکانی مووش، هەر «ئوجاقبەگ»ێک بەردەوام یەکێک لە پیاوەکانی، وەک «دەرگا چاوشلیق»، دەنێرێتە پایتەخت. جا لەبەر ئەوەی پیاوەکەی ئێمە، شەهاب چاووش، کۆچی دوایی کردووە. داواکارم (کەسی یەکەم) بفەرموون پلەکەی بەم محەممەدە ببەخشن. (لێرەدا نوسەرانی پاشکۆ لە ژێرنووسێکدا، بە بێ هیچ بەڵگەیەک پێیان وایە ئەم «محەممەد»ە، ڕەنگە هەمان میر محەممەد ناسرەدین بێ کە ئەمەگداری باوک و باپیری شەرەفخان بووە).

**٣** بۆ ئاگاداریی خوێنەران، بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ ڕێکەوتی بەڵگەنامەکان لەسەر گۆشەی هێندێک لەم بەڵگەنامانەدا بە لاتینی، پێشانمان دەدات کە دەبێ بەلانی هەرە زۆر، پاش دامەزرانی «کۆماری تورکیا» و لەساڵی ١٩٢٧ بەم لاوە، کاتێک لە «کۆماری تازە پێکهاتووی تورکیا» ئەلفوبێی لاتینی دەکار کراوە، ئەم ڕێکەوتە لەسەر بەڵگەنامەکاندا نووسرابێ؛ و بەلانی هەرە کەمیش لە ساڵی ١٩٨۴ بەم ولاوە، کاتێک بۆ یەکەمجار ئەرکی «کاروباری ڕێکوپێک کردن و پاراستنی بەڵگەنامەکانی عوسمانی» دراوە بە ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوکاتی تورکیا (دواتر باسی ئەم «ڕێکوپێک کردنە» و لێکەوتەکانیشی دەکەین).

**۴** بە هەڵسەنگاندنی دەقی «تۆماری داخوازییەکانی شەرەفخان، فەرمانڕەوای بدلیس» (کە ئێمە دەبێژین نووسراوەی بەرپرسێکی عوسمانییە) لەگەڵ «داخوازییەکانی بەندە» (کە ئێمە دەبێژین نووسراوەی خۆدی شەرەفخانە) چەند هەڵەیەک بەدی دەکرێن (هەر ئەمەش دیسان دەیسەلمێنی کە ئەم دوو دەقە دوو کەس نووسیویانە):

| بەرپرسی عوسمانی نووسیوێتی | شەرەفخان نووسیوێتی |
|---|---|
| - پلەیەکی «موتەفەرریقەلیق» | - داواکارم، پلەی «قاپوو موتەفەرریقەلغی» بۆ یەکێک لە کوڕەکانی. ببەخشن بە زیائەددین. |
| - پلەی «چاوشلیق» بۆ ئەوانی دیکە. | - «دەرگا چاوشلیق» بۆ محەممەد |
| لە خشتەکەدا:بۆ یەکێک لە پیاوەکانی | |

■ جگە لەم جیاوازییانەی سەرەوە، لە درێژەی بەڵگەنامەی ٢دا و لە خشتەکەیدا بەرپرسی عوسمانی نووسیوێتی، بۆ دوو لە کوڕەکانی (زەوییەکی زەعامەت). لە کاتێکدا ئەم بەرپرسە تێنەگەیشتووە کە شەرەفخان داوای زەوی «زەعامەت»ی بۆ کوڕێکی بەناوی

«ســیدی» و زەوی «زعامــت و تیمار»ی نەک بۆ ٢ لــە کورەکانی خۆی! بەڵکــوو بۆ دوو لە کورەکانی خەڵەفبەگی برای، واتە بۆ «مستەفا» و «عەلیخان»، کردووە و نووسەرانی پاشکۆش ئــەم هەڵەیــان «قۆســتووەتەوە» و دەگەڕێن بــەدوای ئەم دوو کــورەی شــەرەفخاندا. لە کاتێکــدا دواتــر لەســەر بنەمای هــەر ئەم ئاماژەیەی شــەرەفخان، خوێنــەر لە هەبوونی ئەم دوو کوڕەی خەڵەفبەگ ئاگادار دەکەنەوە. بەمە دەڵێن شــێواندنی مێشکی خوێنەر، نەک توێژینەوە.

■ بەرپرســی عوسمانی لە خشــتەکەیدا نووســیویێتی، بۆ ١٠ ســوار (زەوی) «تەرەقی». شــەرەفخان نووســیویێتی، «پشتبەســتوو بە قانوونی ئیمپراتــۆری، داواکارم فەرمان بدەن بە بەخشــینی زەویی تەرەقی بــەم زەعیم و سوارانەی ســەرەوە». کە ناوی ٤ «زەعیم» و ٦ «سپاهی» هێناوە.

■ بەرپرســی عوسمانی نووسیویێتی، بۆ ١٣ ســەربازی بدلیس، یەک لەســەر سێی زەوی تیمار. لە کاتێکدا شــەرەفخان نووسیویێتی، «لە موتەفەرریقــەی تەوریز داواکارم فەرمان بدەن ســێ‌یەکی زەویی ببەخشرێ بەم سەربازانەی ســەرەوە. کە لە خشتەکەیدا ناوی ١٧ سەرباز «عن جماعت غلامان بتلیس» هاتووە. ســەیر ئەوەیە دیار نییە نووسەرانی پاشکۆ واتەی «عن غلامان وان»، «لە سەربازانی وان»یان لەکوێوە هێناوە و خســتوویانەتە ژێر ناوی ٢ سەرباز لەم خشتەیەدا؟ چونکە لە دەقی بەڵگەنامەکەدا هیچ ئاماژەیــەک بە «وان» نابینین. لە وەرگێڕدراوی هەمــان بەڵگەنامــە لــە کتێبــی «تابلۆکانی شــەرەفنامە، عەبدولرەقیب یۆسف»یشدا «وان» نابینین و لەوێشدا ئاماژە بە ١٧ کەس کراوە.

■ بەرپرســی عوســمانی نووســیویێتی، بۆ ٢٤ لە پیاوەکانی «زەوی ئیبتیدا». شــەرەفخان نووســیویێتی، فەرمان بدەن زەویــی «ئیبتیدا» ببەخشــری بەم سەربازانەی ســەرەوە. کە لە خشــتەکەیدا ناوی ٢٥ سەربازی هێناوە، نەک ٢٤.

**٥** بەڵگەنامــەی ١ بــە «بنــدە فرمــان پادشــاهمدر»، واتــە بەنــدە لەژێــر فەرمانی پادشــاکەم دام»، تەواو دەبێــت کە دەربڕینی کارمەند و یان بەرپرســەکەی عوســمانییە و «بەڵگەنامەی ٢»، بە دەربڕینی: «بندە شەرەف» کۆتایی پێدێت.

**٦** شــەرەفخان دوو جــار ئامــاژە بــە «بەپێی یاســای ئیمپراتۆری» و جارێکیش بە «پشتبەستوو بە قانوونی ئیمپراتۆری» دەکات، بەڵام نووسەرانی پاشکۆ باسیان نەکردووە.

**٧** «خەتی» نووسینی بەڵگەنامەی ١ و ٢، جیاوازن.

دواتــر نووســەرانی پاشــکۆی ١، باســی کوڕێکی دیکەی شەرەفخان بەناوی تاتار، بەم شێوەیە دەوروژێنن»

«هێندەی ئێمە ئاگادار بین، ئەرشیڤەکانی دەوڵەتــی عوســمانی نــاوی تاتــاری کوڕی شەرەفخانیان تێدا هاتووە (لەکام «ئەرشیڤ»دا؟ دیسان دیار نییە! جگە لە نامەکەی خەڵەفخاندا نەبێ). رەنگە بچووکترین کوڕی شــەرەفخان بووبێ. چونکە ساڵی ١٠١٠ی کۆچیی تەمەنی هەشــت ساڵ بووە. ئەم بە جیا ناوی نەهاتووە، بەڵکوو خەڵەفی مامی ئیشــارەی پێ کردووە. زانیاریی ئەوتۆش ســەبارەت بە پیشە و ژیانی بەدەســتەوە نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کە ســاڵی (؟) (لێرەدا ساڵەکەی نەنووسراوە! دیارە وشەی «ســاڵی»، لە دەقە کوردییەکەی لێ زیاد کراوە و لە دەقی ئینگلیزی نووسەرانی پاشکۆدا نییە) کاربەدەستێکی سوڵتان محەمەدی سێهەم بە ناوی ئەحمەدپاشــا دەســتگیری کردووە و بە بارمتــە گرتوویەتی. خەڵەف ســاڵی ١٠١٠ی کۆچیی، نامەیەکی بۆ ســوڵتان نووســیوە (لە ژێرەوە پتر باســی ئەحمەدپاشا دەکەین کە لە دوایین ساڵانی دەسەڵاتی سوڵتانی محەممەدی ســێهەمدا لەگەڵ «جەلالییەکان» کەوتووە) و بەرەســمی داوای ئــازاد کردنی کردووە. جێی باســە تاتار وەک خەزێنەداری ئەحمەدپاشــا ٢٤.

ناوی هێندراوە (لەکوێ؟)، بەڵام لەو نامەیەدا زانیاریی سەیر لە بارەی مەرگی شەرەفخانەوە نووسراوە کە پێشتر نەمانزانیوە».
بەڵام سەبارەت بەم بڕگەیەی سەرەوە لە پاشکۆی ١دا:

**یەکەم:** تاتاری ٨ ساڵە چۆن دەتوانێ «خەزێنەداری ئەحمەدپاشا» بووبێت؟ و لەکوێ وەک «خەزێنەداری ئەحمەدپاشا» ناوی هاتووە؟ دیار نییە.

**دووەم:** ئەو ساڵەی ئەحمەدپاشا، تاتاری دەستگیر کردووە دیار نییە؟

**سێهەم:** لەم ساڵەدا کە ئاماژەی پێ نەکراوە، ئەم «کاربەدەستەی سوڵتانی عوسمانی»، واتە «ئەحمەدپاشا»، ئایا گوێڕایەڵی سوڵتان بووە و لە «پۆستەکەی» خۆیدا مابووە، یان دژی سوڵتان ڕاپەڕیبوو و بووەتە «جەلالی»؟ ئەمانە لە ژێرەوە و لە بەسەرهاتی ئەحمەدپاشدا شی دەکەینەوە.

بەڵام سەبارەت بە بەڵگەنامەی ژمارە ٤، واتە نامەی خەڵەفخان:

**یەکەم:** لەم بەڵگەنامەیەدا، وەک دەیبینیین لە گۆشەی دەستی ڕاستدا لە نێو دوو کەواندا بەلاتینی نووسراوە (١٠١٠)، واتە ئەم بەڵگەنامەیەش ڕێکەوتی ڕەسەنی کاتی نووسینەکەی پێوە نییە و لە ژێرەوەشی نووسراوە: Z.F کە ماناکەی دیار نییە.

**دووەم:** دیسان دیار نییە لەسەر چ بنەمایەک لە سەردەمی «کۆماری تورکیا»دا، ئەم ڕێکەوتە بە لاتینی لەسەر بەڵگەنامەکەدا نووسراوە. کەوابوو ئێمە کە دەستمان بەم ئەرشیفخانەیە ناگات، ئاگادار نیین بەپێی چ لێکدانەوەیەک ئەم ڕێکەوتانە لەسەر بەڵگەنامەکاندا نووسراون. بۆیە:

لەسەر ئەو بڕوایەم کە ڕێکەوتی ١٠١٠ی کۆچی، لەسەر ئەم بەڵگەنامەیەدا هەڵەیە و پێویستە لە ڕێکەوتی ڕاستەقینەی ئەم نامەیەی خەڵەفبەگ، بکۆڵدرێتەوە. بۆ ئەم کارەش هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی بەسەرهاتی ئەو کەسانەی کە لە بەڵگەنامەکەدا ناویان هاتوون، لە ڕێکەوتی ڕاستەقینەی بەڵگەنامەی ٤ نزیک بینەوە تاکوو پتر لە نێوەڕۆکی ئەم بەڵگانامەیەش تێبگەین و دەرگایەکیش بکەینەوە بۆ دەرخستنی ڕێکەوتی مردنی شەرەفخانی پێنجەم.

نووسەرانی پاشکۆ دەڵێن کە بەڵگەنامەی ژمارە ٤، بریتییە لە نامەی خەڵەفی برای شەرەفخان بۆ «سوڵتان محەممەدی سێهەم». بەڵام لە هیچ شوێنێکی ئەم نامەیەدا ئاماژە بە بەردەنگی داخوازییەکانی خەڵەفبەگ، واتە بە «سوڵتان محەممەدی سێهەم» نەکراوە. وادیارە نووسەرانی پاشکۆ تەنیا بە پشتبەستن بەم ڕێکەوتە لاتینییەی سەر نامەکە کە ڕەسەن نییە و پاشان لێی زیاد کراوە، پێیان وایە ئەم نامەیە بۆ سوڵتان محەممەدی سێهەم نووسراوە، چونکە دەسەڵاتی سوڵتان محەممەدی سێهەم پاش کۆچی دوایی لە ١٨ی ڕەجەبی ساڵی ١٠١٢ی کۆچیدا، کۆتایی هاتووە و سوڵتان ئەحمەدی یەکەم (لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا) جێگای گرتووەتەوە. کەوابوو ئەمە هەڵەیەکی زەقی نووسەرانی پاشکۆیە کە بە بێ بنەما پێیان وایە ئەم نامەیە بۆ سوڵتان محەممەدی دووەم نووسراوە.

بەڵام «ئەحمەدپاشا» کێ بووە؟

■ بەگوێرەی بابەتێکی نووسەر و لێکۆڵەری کوردستانی باکوور موراد جوان، ئەحمەد پاشا بە «ئالاجائاتلی ئەحمەدپاشا alacaatli ahmet paşa» بەناوبانگە.

■ بەگوێرەی کتێبی «تاریخ عالم آرای عباسی»، ئەحمەدپاشا وەک «ئەحمەدپاشای جەلالی» باسی کراوە. (سەبارەت بە «جەلالییەکان» دواتر ئاماژە بە هێندێک زانیاری دەکەین).

ئەسکەندەری مونشی لە «تاریخ عالم آرای عباسی» لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٠١٢-١٠١٣ی کۆچی و لە لاپەڕەی ٦٦٣دا، کە باسی هێرشی سوپای سەفەوی دەکات بۆ

سەر «ئەحمەدپاشای جەلالی»، دەڵێ: «ئەحمەد پاشا لە کەسە نزیکەکانی جەعفەرپاشای (عوسمانی) حاکمی تەوریز بووە و هەر لەسەر داوای ئەویش، سوڵتان دەیکاتە «حاکمی وان» (دەبێتە بەگلەربەگی وان)، بەڵام پاشان لە فەرمانڕەوایی وان لێدەخرێ و هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی هێز و توانای شاعەباس لە ئازەربایجان ئەویش چیتر گوێ ناداتە فەرمانەکانی سوڵتان و لێی یاخی دەبێ و دەستدەکات بە هێرش بردن بۆ سەر ویلایەتەکانی نزیک و تاکوو نزیک دیاربەکر داگیر دەکات و نزیک بە ١٢ هەزار کەس لەخۆی کۆدەکاتەوە». واتە ئەویش دەکەوێتە ڕیزی «جەلالییە یاخییەکان». ئەم سەرچاوەیە هەر لەم ساڵەشدا ئاماژە بە «هەڵای مەزنی جەلالییەکان» لە دژی سوڵتانی عوسمانی دەکات، هەر بۆیەش بە «ئەحمەدپاشای جەلالی» ناوی هێناوە و دواتریش لە لاپەڕی ٦٦٤دا، دەڵێ: «ئەحمەدپاشا، پاش کۆچی دوایی سوڵتان محەممەدخان پادشای ڕۆم و هاتنە سەر کاری سوڵتان ئەحمەدخان (واتە پاش ١٨ی ڕەجەبی ساڵی ١٠١٢ی کۆچی کە سوڵتان ئەحمەدی یەکەم بووەتە سوڵتانی عوسمانی)، پەشیمان دەبێتەوە و گەلێک درۆ و دەلەسە دەنێرێتە ئیستامبوول و کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی پێیان گونجاو بووە چاوپۆشی لە کارەکانی ڕابردووی بکەن و دیسان دەیکەنەوە بە بەگلەربەگ».

«بەرزبوونەوەی هێز و توانای شاعەباس لە ئازەربایجان»، لە مانگی سێپتەمبەری ١٦٠٣ی ز. (ڕەبیعی یەکەمی ١٠١٢ی کۆچی) واتە ٥ مانگ پێش کۆچی دوایی سوڵتان محەممەدی سێهەم، دەستپێدەکات (بڕوانە: ڕاجر سیوری. ص. ٨٣. ئەگەرچی ئەم کتێبە گەلێک پەروباڵی داوەتە دەسەڵاتی سەفەوییەکان، بەتایبەتیش شاعەباس، بەڵام دەکرێ هێندێک زانیاری لێ هەڵێنجین). پاش ئەم ڕێکەوتە شاعەباس لە یەکەم هەنگاوی هێرشی خۆی بۆ سەر عوسمانییەکاندا، کۆتایی بە دەسەڵاتی عوسمانی لە تەوریز دێنێ و بەرەو نەخجەوان هەڵدەکشێ و هێزەکانی عوسمانی بەرەو یەرەڤان پاشەکشە دەکەن (هەمان سەرچاوە. لاپەڕەی ٨٤).

کەوابوو، دەبێ ئەحمەدپاشا پاش «بەرزبوونەوەی هێز و توانای شاعەباس لە ئازەربایجان لە ڕەبیعی یەکەمی ١٠١٢ی کۆچیدا» (واتە ٥ مانگ پێش مردنی سوڵتان محەممەدی سێهەم) یاخی بووبێ، بۆیە بە «جەلالی» ناوی هاتووە و هەر لەم کاتەشدا دەستیکردووە بە تاڵان و هێرشکردنی ناوچەکان تاکوو نزیک دیاربەکر، و ڕەنگە هێرشی بردبێتە سەر بەدلیسیش و ماڵی شەرەفخانیشی تاڵان کردبێ. بەڵام پاشان دەکەوێتە بەر هێرشی شاعەباس و کاتێک بەرگە ناگرێ، دیسان لار دەبێتەوە بەرەو سوڵتانی تازەی عوسمانی، واتە سوڵتان ئەحمەد و ئەمجارە سوڵتانی تازە دەیکاتە بەگلەربەگی سێواس. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، نامەکەی خەڵەف بۆ سوڵتانی عوسمانی دەبێ لەکاتی «جەلالی»بوونی ئەحمەدپاشادا نووسرابێ، واتە تالانکردنی ماڵی شەرەفخانی پێنجەم و ڕێکەوتی نامەکە دەبێتە پاش «ڕەبیعی یەکەمی ١٠١٢ی کۆچی»، کەوابوو شەرەفخانیش هەر دەبێ پاش ئەم ڕێکەوتە کۆچی دوایی کردبێ و ئیتر ئەو ڕێکەوتەی کە تاکوو ئێستا بۆ مەرگی شەرەفخان زانرابوو، بەتەوای لە جێگەی خۆیدایە و شەرەفخان پاش مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٠١٢ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە زانیارییەکی دیکەش بکەین کە لە نووسراوەکانی نووسەرانی تورکی بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی کۆن دەرکەوتووە.

بەپێی بابەتێک بە سەردێری «سەردەمی عوسمانی Osmanlı Dönemi» زانیارییەکی تازە بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەی ئەرشیفی عوسمانی ئاشکرا بووە (سەرچاوەی ژمارە ١٠).

کەسێک بەناوی «تارەت ئەفەندی Taret Efendi»، قازیی شارۆچکەی «عەرەبگیر» (Arapgir kadısı) لە ناوچەی مەلەتییە لە نزیک سێواس، لە ساڵی ١٦٠٣ی زایینیدا نامەیەکی بۆ سوڵتانی عوسمانی نووسیوە کە بریتییە لە سکاڵا لە دژی «ئالاجائاتلی ئەحمەدپاشا»، بەگلەربەگی سێواس و تێیدا هاتووە؛ چەکدارەکانی ئەحمەدپاشا خەریکی تالان، فڕاندن و کوشتنی خەڵکی ناوچەکەن و داوای لە سوڵتانی عوسمانی کردووە تا خەڵکی ناوچەکە لە «زوڵم و تالانی» ئەحمەدپاشا ڕزگار بکات. لە نامەکەدا هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە ئەحمەدپاشا هێز و هاوکاریی ناردووە بۆ «قەرەیازیچی جەلالی» (ڕێبەری جەلالییەکان لە سەردەمی سوڵتان محەممەددی سێهەم، دواتر باسی دەکەین). جێی ئاماژەیە کە مانگی یەکەمی ساڵی ١٦٠٣ زایینی بەرامبەرە بە ١٩ی ڕەجەبی ١٠١١ی کۆچی و مانگی ١٢ی هەمان ساڵی زایینی بەرامبەرە بە ٢٧ی جەمادی دووەمی ساڵی ١٠١٢ی کۆچی. بەم ڕوونکردنەوەیە و پشتبەستن بە زانیارییەکانی پێشتر، دەردەکەوێ کە ئەحمەدپاشا ڕێک ساڵی ١٠١٢ی کۆچی بووەتە بەگلەربەگی سێواس. (ڕێکەوتی بەگلەربەگبوونی ئەحمەدپاشا لە سێواس بۆیە گرینگە، چونکە لەو بەڵگەنامەیەدا کە نووسەران پاشکۆکانی ١ و ٢، لە بەڵگەنامەی ژمارە ٤ی پاشکۆی ٢دا پێشانیان داوە، سوڵتانی عوسمانی لە نووسراوەیەک بۆ بەگلەربەگی ئەو کاتی وان، مستەفاپاشا، ئاماژەی بە ناوی ئەحمەدپاشا کردووە و وەک «بەگلەربەگی پێشووی وان و بەگلەربەگی ئێستای سێواس» ناوی بردووە و نووسەرانی پاشکۆ دەڵێن ئەم نامەیەی سوڵتان لە ڕێکەوتی «١١ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٠١١ی کۆچی» نووسراوە (بەرامبەر بە ١٦٠٢/٠٨/٢٨ی زایینی) کە ناتوانێ ڕاست بێ و ئەمەش هەڵەیە؛ چونکە لە ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٠١١ی کۆچی، ئەحمەدپاشا بەگلەربەگی سێواس نەبووە، بەڵکوو وەک ئاماژەمان پێ کرد، بەگلەربەگی وان بووە و وەک «جەلالی» ناوی هاتووە و لە دژی سوڵتانی عوسمانی ڕاپەڕیوە و خەریکی تالان و ڕێگری بووە. (هەر لێرەشدا دەردەکەوێ کە پشتبەستن بەو ڕێکەوتانەی کە لەسەر ئەم بەڵگەنامانەدا بە لاتینی نووسراوە، هەڵەیە).

دواتر پاشکۆی١ دەپەرژێتە سەر «خەڵەف» برای شەرەفخان و دەڵێ:

«خەڵەفبەگیش کە کوڕی دووهەمی میر شەمسەدین بووە، لێرەدا ناوی هاتووە (لە کوێ دا؟ لە بەڵگەنامەی ٤دا؟ دیار نییە)، بەڵام شەرەفنامە تەنیا زانیارییەکی سنوورداری لە بارەی ژیان و کار و پیشەیەوە باس کردووە. وەکوو دیارە قۆرچی و دواتریش یووزباشی شاتەهماسبی یەکەم بووە. هەروەها کاربەدستیکی نزیک بووە لە هەمزەمیرزا. دوای کوژرانی هەمزەمیرزاش، ئیتر خەڵەف پێوەندی بە سوڵتان مرادی سێهەمەوە کردووە و بۆتە میری عوسمانی و کراوەتە سنجەقبەگی ئەلەشکورد و مەلازگرد».

بەگوێرەی شەرەفنامە: «خەڵەفبەگ ماوەیەک کەوتبووە ڕیزی پاسەوانانی شاتەهماسب و چەند ساڵێکیش کرابوویە یووزباشی... لە سەردەمی شاسوڵتان محەممەددا گەیشتە پلەی میرایەتی و یەکێک بوو لە یاران و نزیکانی هەمزەمیرزا. دوای کوژرانی هەمزەمیرزا، سەری وەبەر دەرانەی بەرزی ... سوڵتان مرادخان هێنا و شانازیی میرایەتیی ناوچەی ئالشکورد و مەلازگردی پێ برا» (شەرەفنامە. ل. ٦٥٦). هەمزە میرزا لە ٢٥ی زیحەججەی ٩٩٤ی کۆچیدا کوژراوە، کەوابوو ٨ ساڵ پاش گەڕانەوەی شەرەفخان بۆ بدلیس، واتە ساڵی ١٠٠٢ی کۆچی دەبێ خەڵەفبەگ گەڕابێتەوە بدلیس. نووسەرانی پاشکۆی ١ لەدرێژەی ئەم بڕگەیەدا بەم شێوەیە باسی خەڵەف دەکەن:

«خەڵەف، هەرچەندە ناوبانگی بە دەسکەوتەکانی خۆی دەرکردووە، بەردەوام لە

هەردوو ئیمپراتۆریی سەفەوی و عوسمانیدا، لەژێر کاریگەریی شەرەفخاندا بووە».
لێرەشدا نازانین مەبەستی نووسەرانی پاشکۆ لەم دێرە، چییە و دیاریشی ناکەن خەڵەفبەگ چ دەستکەوتێکی هەبووە کە ناوبانگی پێوە دەرکردبوو؟ پاشان دەڵێن:
«بەڵگەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئاشکرای دەکەن کە خەڵەف بەرپرسێکی دەسەڵاتداری بدلیس و لێپرساوی باجی گوندییەکان بووە. بەگوێرەی بەڵگەنامە تازەکەی نێو پاشکۆکە (بەڵگەنامەی ژمارە ١-٢)ش، دوو کوڕی هەبوون بەناوی عەلیخان و مستەفا».
فەرموون! لێرەدا نووسەرانی پاشکۆ تازە بۆیان دەردەکەوێ کە ئەم دوو کوڕە، کوڕانی خەڵەفخان بوون، نەک «دوو کوڕی دیکەی شەرەفخان» کە زۆر هەوڵیان دا بیدۆزنەوە! و دەڵێن:
خاوەن «زەعامەت»ەکانیش هەموو ئەمەگداری شەرەفخان بوون. خەڵەف ساڵی ١٠١٠ی کۆچی هێشتا ماوە، کە شەرەفخانی براشی کۆچیدوایی کردووە، بۆیە کاروباری بدلیسی گرتۆتە دەست».
لێرەدا دیسان دووپاتی دەکەینەوە ئەو ڕێکەوتەی کە لە گۆشەی ڕاستی بەڵگەنامەی ٧دا، بە پیتی لاتینی نووسراوە، جێگای متمانە نییە. بۆیە ئەم بۆچوونە تەواو نییە.
ئینجا نووسەرانی پاشکۆی ١، لە درێژەدا دەچنە سەر بابەتی «شەرەفخان چیی بەسەر هاتووە؟» و دەڵێن:
«شەرەفخان، ساڵی ١٠٠٥ی کۆچی، دەسەڵاتەکانی خۆی بۆ شەمسەدینی کوڕی بەجێهێشتووە، بۆیە بە بۆچوونی توێژەرانی نێوخۆ و دەرەوە کە پشتیان بە زانستنامەکانی تورکان بەستووە، شەرەفخان خانەنشین بووە و تەمەنی خۆی بۆ نووسینی شەرەفنامە تەرخان کردووە و ساڵی ١٠١٢ی کۆچی، کۆچیدوایی کردووە، بەڵام ئێمە ئەم ساڵی مردنەی ڕەت دەکەینەوە».

نووسەرانی پاشکۆی ١، لە پاشکۆی٢دا لە نێوان مردن و کوژرانی شەرەفخاندا، ئاڵۆزییەکی دیکەش ساز دەکەن و لە کۆتاییدا ساخی ناکەنەوە کە ئاخۆ شەرەفخان مردووە و یان کوژراوە!
پاشان دەڵێن:
«ئاراکێلی مێژوونووسی ئەرمەنی لە تەورێز سەبارەت بە سەردار جیغاڵەزادە نووسیویەتی: لە جەنگەی دووهەم پەلاماریدا لە ئەرزرۆم ماوەتەوە و شازادەی هەموو ناوچە کوردنشینەکان و گورجستان و لە نێویاندا میر شەرەفی شازادەی مەزنی کوردی بانگ کردووە. بەپێی ئەم سەرچاوە ئەرمەنییە، میر شەرەفی کورد لە پشتیوانانی دەوڵەتی عوسمانی بووە، بەڵام کاتێک هەستی کردووە بەرەی سەردار لە شەڕەکەدا شکستی هێناوە. دەسبەرداری بەرەکە بووە و ساڵی ١٠١٥ی کۆچی گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی. بۆیە ناکرێ ساڵی ١٠١٢ی کۆچی بۆ مردنی شەرەفخان ساڵێکی دروست بێ. کێشەکە لێرەدا، نەبوونی هیچ ئاماژەیەکە بە ناوی بدلیسەوە. خۆ ڕێی تێدەچی ئاراکێل مەبەستی لە مەزنەمیری کوردان، میر شەرەفی جزیرەی هاوزەمانی شەرەفخان بووبێ، بەڵام هیچ جۆرە پەیوەندییەکیش لەگەڵ جزیرە و گورگێل و ناوچەکانی دیکەی جزیرەدا بەدی ناکرێ. ئەمە سەرباری ئەو ڕاستییەیە کە میر شەرەفی جزیرە هەرگیز هێندەی شەرەفخان بەناوبانگ نەبووە».
نووسەرانی پاشکۆی١، لێرەدا ئاڵۆزی و سەرشێواوی ساز دەکەن و لە زمان نووسەرێکی ئەرمەنییەوە ڕووداوێک دەورووژێنن کە نەک لە ساڵی ١٠١٥ی کۆچیدا ڕووی نەداوە، بەڵکوو هیچ پەیوەندییەکیشی بە شەرەفخانی بدلیسییەوە نییە.
ئەم مێژوونووسە، «ئارکێل تەوریزی (آراکل تبریزی)»یە کە ناوی بەزمانی ئەرمەنی دەبێتە «ئارکێل داورێژتسی» (١٥٩٠ی ز- ١٦٧٠ی ز) قەشەیەکی ئەرمەنی بووە لە شاری تەورێز

و کتێبەکـــەی، «کتاب تاریـــخ»ی لە کۆتاییی ژیانیدا نووســـیوە (واتە پاش تاریخ عالم آرای عباسی کە لە ســـاڵی ١٠٢٥ی ک/ ١٦١٦ی. ز نووســـراوە) و مەبەستیشی لە میر شەرەف، ڕێـــک هەمان «میر شـــەرەفی بوهتـــی» بووە نەک شەرەفخانی بدلیسی و ئەوەشی ڕێک لە کتێبەکەی ئەســـکەندەری مونشی وەرگرتووە، بروانە گێڕانـــەوەی ئەم ڕووداوە لە لایەن دوو مێژوونووســـی ناسراوی سەفەوی، بەتایبەت لە زەمان ئەسکەندەری مونشی کە لەوێدا باسی میر شەرەفی جزیرە دەکات و دەڵێ «بەناوبانگترین میری کورد» بـــووە. کەوابـــوو دەتوانین دڵنیا بین کە مێژوونووسە ئەرمەنەکە ئەم «واتایەی» ڕێک بۆ میر شـــەرەفی جزیـــرە لە کتێبەکەی «ئەسکەندەری مونشی»یەوە وەرگرتووە.

لە «تاریـــخ عالم آرای عباســـی» لاپەڕەی ٧٠٣ و لـــە ڕووداوەکانی ســـاڵی ١٠١٤، نەک ساڵی ١٠١٥ی کۆچیدا، ئەسکەندەری مونشی ڕێک باســـی ئەم ڕووداوە بەم شێوەیە دەکات: «یەکێک لە پیاوانی میرشەرەفی حاکمی جزیرە بەدیل گیرا و هێنایانە «بەر نەزەری ئەشرەف» (واتە لای شـــاعەباس). (میرشەرەف) لەڕووی ژمـــارەی هۆزەکانی لە میرانـــی دیکەی خێڵە کوردەکان، مەزنتر و «تابعی پادشـــای ڕۆم» بوو و لەم هێرشەدا بە ســـوپای خۆی لە جزیرەوە هاتبـــوون و ببووە «ڕەفیقی چغال ئۆغلی» و لە کاتی شـــەڕدا لای ئەو مابووەوە و بەشـــداری شـــەڕ نەببوو. میر شەرەف چەند ساڵێک دەبوو پەیوەندیی لەگەڵ بەرپرســـانی دیوانی مەزنی شـــاهانە (واتە لەگەڵ بەرپرســـانی سەفەوی) هەبـــوو و یەکتریـــان دەناســـی و «ئیزهـــاری خلووسی عەقیدەت و سەفای توربەت»ی هەبوو. «حەزرەتی والا» (واتە شا عەباس سەفەوی) ئەو دیلـــەی ئازاد کرد و لە ڕێگـــەی ئەووەوە چەند دێڕێکی بۆ (میرشـــەرەفی جزیرە) نووســـی». شـــاعەباس لەم نامەیەدا داوا لە میر شـــەرەف دەکات «ئێمە پیاوانی دیلی ئێوەمان نەکوشتووە و هەموویان زیندوون، ئەگەر دەتوانی بگە لای ئێمـــە، ئەگینـــا خۆت لەم هەڵایـــە دوور بگرە و بگەڕێوە جزیرە». پاشـــان لەم سەرچاوەیەدا هاتـــووە کە میر شـــەرەف ســـوارانی خۆی کۆ دەکاتە و بەرەو جزێرە پاشەکشە دەکات.

«مەلا جەلالـــی مۆنەجم»یـــش لە کتێبی «تاریخ عباســـی»دا و دیســـان لە ڕووداوەکانی ســـاڵی ١٠١٤ی کۆچیـــدا و نـــەک ١٠١٥ی کۆچی، باســـی شەڕی شـــا عەباس و «سەردار چیغاڵـــەزادە» لە نزێک تەورێز دەکات و زۆر بە ڕوونی چەند جار ناوی «میر شـــەرەفی بوهتی (واتە میری جزیرە)» دێنێ نەک شـــەرەفخانی بدلیسی. «ملا جلال الدین منجم» دەڵێ، «میر شەرەفی بوهتی» لە سەرەتا لە بەرەی «سەردار چیغاڵـــەزادە» بـــووە بەڵام پاش پاشەکشـــەی هێزەکانی عوسمانی، شـــاعەباس نامەیەک بۆ میر شەرەف دەنووســـێ و فەرمانێکی ئاراستە دەکات. مـــەلا جەلالی مونەججیم ئەم ڕووداوە بەم شـــێوەیە بـــاس دەکات: «پیاوێکی کوردی کەلەبچەکراویان هێنا بەر «نەزەری ئەشرەف»، پـــاش لێکۆڵینەوە، دەرکەوت کـــە پیاوی میر شەرەفی بوهتی‌یە، (شاعەباس) بێ یەک و دوو فەرمانـــی دا ئازادی بکـــەن و «فەرمانێکی» بۆ میر شـــەرەف نووســـی کە تۆ لە ئێمەی و «بە مـــا تعلق داری»، ئاگاداربـــە کە بەیانی هێرش دەبەینە سەر «چغال اوغلی»، نەکا کەسێک لە پیاوانـــی ئێوە وەبەر کەون. ئەگەر بۆت دەکرێ بگـــە لای ئێمە. ئەگینا لە گۆشـــەیەکدا خۆت بشـــارەوە، نەکا کەســـێک لە ئێوە بەر کەوێ» («تاریخ عباسی. ١٣٦٦. ل. ٢٩٣).

دواتر نووسەرانی پاشکۆ دەڵێن:

«هـــۆی دووهەم کـــە وامان لـــێ دەکات ئەو ســـاڵە بە دروســـت نەزانیـــن، ئەوەیە کە دەفتەرەکانی دەوڵەتی عوســـمانی ئاماژە بەوە دەکەن کە شـــەرەفخان ساڵانی ١٠١٣ی یان ١٠١٤ی کۆچـــی، لە ســـەنجەق بـــووە (کام ســـەنجەق؟ دیارنییـــە). «دەفتـــەری تەحریر» (دەفتـــەری خاقانـــی)ی ٧٣٠، کـــە مێژووی ساڵانی سەرەتای سوڵتان ئەحمەدی یەکەم و

«توغرا»ی ئەوی پێوەیــە، دوو جار ئاماژەی بە «حاکمی بدلیس» کردووە».
لێرەدا پێویستە بۆ ئاگاداری بڵێین کە پاش مردنی ســوڵتان محەممەدی سێیەم، لە ١٢ی ڕەجەبــی ســاڵی ١٠١٢ی کۆچیدا، ســوڵتان ئەحمەدی یەکەم دەســتەڵاتی بە دەســتەوە گرتووە. کەوابوو «ســاڵانی ســەرەتای سوڵتان ئەحمەدی یەکەم» بە لانی کەم دەبێ دوو یان سێ ساڵی پاش ئەم ڕێکەوتە بێت. واتە ساڵانی ١٠١٤ یــان ١٠١٥ی کۆچی. بەڵام دیار نییە مادام نووسەرانی پاشکۆ، «دەفتەری تەحریر»یان لەبەر دەستدا بووە و ئەویش ڕێکەوتی پێوەیە، بۆچی ئاماژەیان بە ســاڵەکە نەکردووە و تەنیا دەڵێن «مێژووی ســاڵانی ســەرەتای سوڵتان ئەحمەدی یەکەم و تۆغــرای ئەوی» پێوەیە؟»
پاشان نووسەرانی پاشکۆی ٢ دەڵێن:
«نووســەر (واتــە نووســەری «دەفتەری تەحریــر»)، لــە ژماردنــی «خاص»ەکانــی شەرەفخاندا، سەرەتا شەرەفخانی بە فەرمانڕەوای بدلیس ناو بردووە و کەمێکیش دواتر نووسیویە: بەشــێک لە موڵکەکانی شەرەفخان لە دەستی کوڕە گەورەکەی (واتە شەمســەدین)، حاکمی بدلیســدا بووە. گرینگــە لێرەدا ئامــاژە بەوە بکەین کە شــەرەفخان لەو کاتەدا بە حاکمی بدلیس ناوی نەبردراوە. نووســەری عوسمانی لە دەفتەری «تەحریر ئەمینی»دا پێناسەیەکی ســادەی فەرمانــڕەوای بەناوبانگی بدلیســی کردووە. وا دەردەکەوێ ئاماژەی بۆ کەســێکی زیندوو کردووە کە بڕیاری داوە دەســبەرداری دەوری خۆی ببێ لە حکومەتدا.»
لێرەدا زۆر ســەیرە، دەی دیارە لە «ساڵانی سەرەتای دەســەڵاتی سوڵتان ئەحمەد»دا واتە پاش ١٠١٢ی کۆچی شەرەفخان لە ژیاندا نەماوە و زۆر پێشــتر و لە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچیشدا، دەســەڵاتی خۆی بۆ شەمسەدین جێهێشتووە. کەوابــوو ئەمە هیــچ گرینگایەتییەکی نییە و زۆریش ڕوون و ئاشکرایە.
بریا نووسەرانی پاشکۆ ئەم بەڵگەنامەیەیان بڵاو کردباوە، تاکوو بزانیین مانای «پێناسەیەکی ســادە» بۆ «فەرمانڕەوای بەناوبانگی بدلیس» چ دەگرێتەوە و چۆن چۆنــی زانیویانە «ئاماژە بە کەسێکی زیندوو» دەکات؟
پاشان نووسەرانی پاشکۆی ١ دەڵێن:
«ژێــدەری MD 78, hkm. 1227، کە تاکە بەڵگەی ڕوونە لە بەردەســتماندا، وای پێشان دەدا کە ئەو کوڕە ئاماژە پێکراوە زیائەددینە».
وەک دەبینیــن، گێژاوەکە هەر بەردەوامە! مەبەســت لە «ئەو کوڕە ئاماژەپێکراوە» کێیە؟ و لە کوێ ئامــاژەی پێکراوە؟ ئەم بەڵگەنامەیە ڕێکەوتی ساڵی ١٠١٨ی کۆچیی پێوەیە و وەک پێشــتریش گوتمان بەگوێرەی «ئەسکەندەری مونشیی»، لەساڵی ١٠١٥ی کۆچیدا زیائەددین میری بدلیس بووە. دواتر دەڵێن:
«پاشــان شــەرەفخان بۆ دواجار ســاڵی ١٠٠٢ی کۆچی، لە دەفتەرەکانی عوســمانیدا نــاوی هاتووە. هێنــدەی ئێمە ئــاگادار بین، هیچ ئاماژەیەک بــە فەرمانڕەوایانی بدلیس لە تۆمارەکانی ساڵانی ١٠٠٢ی کۆچی تا ١٠١٨ی کۆچی نەکراوە».
مەگەر لەســەرەوە نەگوتراوە لە «دەفتەری تەحریر»دا و لە «ســاڵانی ســەرەتای سوڵتان ئەحمەدی یەکەم»دا باسی «کوڕە گەورەکەی» شــەرەفخان، واتــە شەمســەددین وەک فەرمانــڕەوای بدلیس کرابێت. کــە وابوو «لە دەفتەرەکانی عوسمانیدا» ئاماژە بە فەرمانڕەوای بدلیس کراوە. لە درێژەی ئەمەدا نووســەرانی پاشکۆی ١، دەڵێن:
«ئەمــەش وامــان لــێ دەکا دوو خــاڵ پێشــنیار بکەین: یەکەم، میرە جێنشینەکانی بدلیس ئاژاوە و نائارامییەکیان لە سەرتاسەری میرنشــیننەکەدا خوڵقانــدووە. دووهــەم، عوســمانییەکان کە بە بڕیاری کاربەدەستانی بدلیــس ڕازی نەبوون، نوێنــەری متمانە پێ کراوی خۆیان لەو ناوچەیە دامەزراندووە».
نووســەرانی پاشــکۆی ١، بەبــێ هیــچ بەڵگەیەکــی مێژوویی ئــەو دوو خاڵە تەنیا بە

«ڕێی تێدەچی» و «دەشێ» پێشنیار دەکەن و دەڵێن:

«بەگوێرەی هێندێک لە زانیاریی بنەتای دەستنووسەکانی ئەرمەنی، ڕەنگە بتوانین بڵێین: شەرەفخان چەند ساڵێک بەرلە ١٠١٢ی کۆچی، یان وردتر لە نێوان ساڵانی ١٠٠٧ یان ١٠٠٩ی کۆچی، کۆچیدواییی کردووە. بێگومانین کە حوکمداری بدلیس، ڕێی تێدەچێ شەرەفخان بووبێ کە لە ساڵی ١٠٠٧ی کۆچی، دژی دەوڵەت ڕاپەڕیوە. خۆی لە ژیاننامەکەدا نووسیویە: ساڵی ١٠٠٥ی کۆچی، دەستی لە حوکمڕانی هەڵگرتووە، بەڵام دەشێ دووبارە دەسەڵاتی گرتبێتەوە دەست».

و هەر لێرەدا دیسان بەبێ هیچ بەڵگەیەک و بێ ناوهێنانی نوێنەرێکی عوسمانی کە گوایە دووجاریش هێرشی کردووەتە سەر بدلیس دەڵێن:

«جێی سەرنجە، نوێنەری عوسمانی لە ناوچەکەدا، لە دووهەم هێرشیدا بۆ سەر بدلیس، دەوروبەری ساڵی ١٠٠٩ی کۆچی حوکمداری بدلیسی کوشتووە هەرچەندە هیچ بەڵگەیەک نییە بەڵام دەشێ شەرەفخان، ئەگەر مەسەلەکە بەم شێوەیە بووبێ، ئەوسا پشتیوانیی ڕاپەڕینەکەی «جەلالی»یەکانی کردبێ. چونکە ئەو زنجیرە سەرهەڵدانانە دەوری ئەو ساڵانە ڕوویان داوە».

ئیتر بەمە دەڵێن توێژینەوەی زانستیانە! چونکوو لەم ساڵەدا جەلالییەکان زنجیرە سەرهەڵدانیان هەبووە، کەوابوو شەرەفخان پشتیوانیی لێ کردوون و ئینجا کەوتووەتە بەر دووەم هێرشی نوێنەرێکی «بێ ناوی» عوسمانی و کوژراوە؛ هەمووشی بە بێ بەڵگە!

لێرەدا پێویستە هێندێک بابەت ڕوون بکەینەوە.

■ یەکەم، سەبارەت بە «جەلالییەکان»:

بەگوێرەی گەلێک سەرچاوەی عوسمانی و تورک، لە ساڵی ٩٢٥ی کۆچی و لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمدا، دەروێشێکی تورکمان بەناوی «شێخ جەلال یوز ئۆغلی» سەرهەڵدانێک لە شاری «توقات» ساز دەکات و خۆی بە «مێهدی» دەناسێنێ. بەڵام «فەرهادپاشا بەگلەربەگی ڕۆم ئیلی» و بەگلەربەگی مەرعەش، سەرکوتی دەکەن و شێخ جەلال لە ڕێگای هەڵاتنی بۆ لای سەفەوییەکان، لە ئەرزرۆم دەگیرێ و لەسێدارە دەدرێ. پاشان لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانوونی و لە نێوان ساڵانی ٩٣٢-٩٣٥ی کۆچیدا، گەلێک دەرویش و سۆفی لەدەوری «سووگلۆن یان سولۆون قۆجە» و کورەکەی کۆدەبنەوە لەدژی سوڵتانی ڕادەپەڕن، ئەم شۆڕشە بەهۆی هاوشێوەبوونی لەگەڵ سەرهەڵدانەکەی شێخ جەلال، بە «سەرهەڵدانی جەلالی» ناوبانگ دەردەکات. ئیتر پاش ئەمە، هەر شۆڕشێک لەدژی عوسمانییەکان ڕوویدەدا بە «شۆڕشی جەلالی» ناودێر کراوە.

سەردەمی ساڵانی ١٠٠٤ تاکوو ١٠١٩ی کۆچی بە سەردەمی «فیترەتی مەزنی جەلالی» و یان «عوسیانی مەزنی جەلالی» لە مێژووی عوسمانیدا بەناوبانگە. جێی ئاماژەیە ئەم «جەلالیانە» هیچ پێوەندییەکیان بە هۆزی کوردی جەلالییەوە نەبووە و نییە. ئەسکەندەری مونشی لە «تاریخ عالم آرای عباسی»دا دەڵێ، پاش مەرگی سوڵتان مراد (سێیەم) و هاتنە سەر دەسەڵاتی کورەکەی، سوڵتان محەممەد خان (مانگی جەمادی یەکەمی ساڵی ١٠٠٣ی کۆچی)، لە «مەملەکەتەکانی ڕۆم خەڵکانێکی ئەوباش و بەدفەڕ لە هەموو چینەکان دەستیان بە شۆڕش و کاری نەشیاو کرد و خۆیان بە جەلالی دەناساند». /اسکندر منشی. ل. ٦٣٥/.

هەروەها دەڵێ: «پاشایان و سەربازانی سەر سنووریش هاوشێوەی جەلالییەکان دەجوڵان»، واتە یەکێک لەوانەش ئەحمەدپاشا بووە. دواتر و لە لاپەڕی ٧٦٦-٧٧٨دا و لەژێر سەردێڕی «باسی سەربردەی جەلالییەکان و شەڕەکانیان لەگەڵ ڕۆمییەکان و هاتنی فەوجێکیان بۆ دەرانەی شای خاوەنشکۆ (واتە بۆ دەرانەی

شـــاعەباس)» دەڵێ: «لە ســـەرەتای دەسەڵاتی ســـوڵتان محەممـــەدی ســـێیەمەوە، یەکـــەم سەرهەڵدانی مەزنی جەلالی لە لایەن کەسێک بەناوی «عەبدولرەحیـــم قەرەیازیچی» لە دژی دەوڵەتی عوســـمانی هەڵگیرسابوو». پاشان زۆر بە تێروتەســـەلی تێکەهەڵچوونەکانیان لەگەڵ سوپای عوسمانی و دواتر هەڵاتنیان و هاتنیان بۆ لای شـــاعەباس و بەشدارییان لە شەڕەکانی کوردستان باس دەکات. جەلالییەکان، بەتایبەت لە شـــەڕی قەڵای «دمدم»یش بەشـــداربوون. ســـەرنجڕاکێش ئەوەیـــە کە هەڵســـەنگاندنی سەرچاوە مێژووییەکانی عوسمانی و سەفەوی بـــۆ جەلالییـــەکان هاوشـــێوەن و هـــەدوولا، جەلالییەکانیان بـــە چەتە و ڕێگر و پیاوکوژ و «یاغـــی و باغی» و تەنانـــەت «کافر و مولحید»، ناوبردووە و میرنشینی بدلیسیش لە تالانکاری و هێرشیان بێ بەهرە نەبووە.

■ دووەم، ســـەبارەت بـــە هاوکاریکردنـــی شەرەفخانی پێنجەم لەگەڵ جەلالییەکان:

نووســـەرانی پاشـــکۆ بۆ ئـــەم بابەتە، هیچ بەڵگەیەکیـــان لەبەر دەســـتدا نییە، بەڵام زۆر ســـەیرە پێداگرانە گەرەکیانە دیسان هێندێک ڕووداوی ئـــەو ســـەردەمە بە بـــێ بەڵگە لێک گـــرێ بدەن و شـــەرفخان تێکـــەڵ بکەن و ســـەرەنجام «بەبێ بەڵگە» بگەنە ئەو ئاکامە کە شـــەرەفخان چونکە لەدژی دەوڵەتی عوسمانی بووە و سەروسەودای لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی هەبـــووە، کەوتووەتـــە بـــەر دووەم هێرشـــی «نوێنەرێکـــی عوســـمانی» و کوژراوە. ســـەیرە نووســـەرانی پاشـــکۆ بۆچی لێـــرەدا بە ڕوونی ئاماژە بە نـــاوی ئەم «نوێنەرەی عوســـمانی» ناکەن؟ خۆ پێشـــتر ئەمەیان ورووژاندبوو. ئەم «نوێنەرەی عوسمانی» هەمان «ئەحمەدپاشا»یە کە پێشـــتر باســـمان کرد کە ببووە «جەلالی». دەی باشـــە ئەمە چۆن دەگونجێ. شەرەفخانی پێنجەم بووەتە هاوپەیمانـــی جەلالییەکان لە دژی عوســـمانی و ئەحمەدپاشـــاش کە ئیتر بووەتە جەلالی و هاوپەیمانی شەرەفخان، چۆن

چۆنی نەک جارێک بەڵکوو دووجاریش! هێرش دەکاتە ســـەر هاوپەیمانەکەی خۆی و تەنانەت دەیکوژێ؟! جگەلەمەش، سەرنجڕاکێشە:

- نووســـەرانی پاشـــکۆ ئـــەم «دوو جـــار هێرش»ەیان لەکوێ هێنـــاوە؟ «جاری یەکەم» کەی بووە و بەپێی کام بەڵگە؟ دیار نییە.

گریمـــان تـــەواوی ئـــەم بۆچوونانـــەی نووســـەرانی پاشکۆ، ڕاســـتیش بن، ئەگەرچی تەنیا گریمانەیەکی بێ بەڵگەن، کەوابوو ساڵی تەنانەت «نەمانی» شەرەفخانیش دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ســـاڵی ١٠١٢ کە تاکوو ئێستا گوتراوە و زانراوە.

دواتر نووسەرانی پاشکۆ دەڵێن:

«دواجـــار پێویســـتە بڵێیـــن: تۆمـــارە ئەرمەنییەکان و دوا ئاماژەی عوســـمانییەکان بـــە زیائەددین، لەگەڵ یـــەک کۆکن؛ کە واتە زیائەددیـــن ســـاڵی ١٦٠٩ی کۆچی/١٠١٧-١٠١٨ی ز، فەرمانـــڕەوای بدلیـــس بـــووە و هـــەر ئەویش میری مـــووش و دوو کوڕەکەی کوشـــتووە. زانیاریی بنەتای دەسنووســـەکانی ئەرمەنـــی، یەکـــەم جار ســـاڵی ١٦٠٣ی ک/ ١٠١١-١٠١٢ی ز، تەنیـــا یەک ســـاڵ دوای ١٠٠٩ی کۆچـــی، کـــە پێمـــان وایە ســـاڵی کوژران یا مردنی شەرەفخان بێ، ئاماژەیان بە زیائەددین کردووە».

لەم دەقەی سەرەوە بە هەڵە دووجار ساڵی کۆچی و زایینـــی جێگۆڕکێی پێ کراوە. دواتر هاتووە:

«تێبینییەکەی ســـەر نامەکەی خەڵەف بۆ سوڵتان محەمەدی ســـێهەم، یارمەتیمان دەدا ئەو مێژووانەی پێشـــوو ساخ بکەینەوە. نامەکە هەر چەند بەڵگەنامەیەکی دیپلۆماتانەی خەڵەفە بۆ ئازاد کردنی تاتار لە چنگی عوسمانییەکان، بەڵام ســـەرنجێکی زۆر ڕوون و پربایەخیشـــی تێدایە. جا لەبەر ئەوەی شـــەرەفخان پێشـــتر کۆچیدوایـــی کردووە، خەڵـــەف لە نامەکەدا نووســـیویە: «مرحـــوم شـــەرەفخان»، واتـــە خوداڵێخۆشـــبوو شەرەفخان. نامەکە کە ساڵی

۱۰۱۰ی کۆچی، نووسراوە، بەداخەوە مانگ و ڕۆژەکەی دیار نیین بەڵام ئیتر دڵنیاین کە شەرەفخان سەرەتای ساڵی ۱۰۱۰ی کۆچی، یان پێشتر نەماوە. ئەمەش تا ڕادەیەک لەگەڵ ساڵی ۱۰۰۹ی کۆچیدا یەک دەگرێتەوە کە پشت بە بەڵگەنامەکانی ئەرمەنی دەبەستێ».

وەک پێشتر ئاماژەی پێ درا، یەکەم: ڕێکەوتی ئەم نامەیە گومانی لەسەرە چونکوو بە لاتین نووسراوە و هی سەردەمی تازەیە و بەڵگەنامەکە هیچ ڕێکەوتی ڕەسەنی پێوە نییە؛ دووەم: لە نامەکەدا ناوی سوڵتان محەمەدی دووەم وەک بەردەنگی پێوە نییە، هەروەها زۆر سەیرە نووسەرانی پاشکۆی ۱، بەزۆر گەرەکیانە سەرەتای ساڵی ۱۰۱۰ی کۆچی بکەن بە ساڵی ۱۰۰۹ی کۆچی تاکو لەو گوایە «بەڵگەنامە ئەرمەنییەکان» کە نە نێوەڕۆکیان و نە سەرچاوەکەیان دیار نییە، نزیکی بکەنەوە! بەڵام بەگوێرەی ئەو ڕوونکردنانەوەی کە لەسەرەوە سەبارەت بە ئەحمەدپاشا باسمان کرد؛ بە ڕوونی ئاشکرا دەبێ کە ڕێکەوتی ئەم نامەیە دەبێ ساڵی ۱۰۱۲ی کۆچی بێت.

دواتر نووسەرانی پاشکۆی ۱، دیسان بە بێ بنەما دەڵێن ئەو نامەیەی خەڵەف بۆ سوڵتان محەمەدی سێهەم نووسراوە و دەڵێن:

«خاڵێکی گرینگی دیکە کە لە نامەکەی خەڵەفدا بۆ سوڵتان محەمەدی سێهەم بەدی دەکرێ، ئەوەیە کە زۆر ڕێی تێدەچێ شەرەفخان لە لایەن عوسمانییەکانەوە کوژرابێ».

وەک پێشتر گوترا، ئەگەرکوو کوژابێش، بەدەست ئەحمەدپاشای جەلالی کوژراوە و لە درێژەدا دەڵێن:

«لە نامەکەدا هاتووە: «تاتاری کوڕە هەشت ساڵانەکەی خودالێخۆشبوو شەرەفخان، لەگەڵ گەنجینەکەی ئەحمەدپاشای زاڵمدا هێنراوە».

لێرەش لە بەڵگەنامەکەدا بەتورکی وشەی «هێنراوە» ڕوون نییە، ڕەنگە «بردراوە» بێت ئەویش نەک بۆ کۆشکی سوڵتانی عوسمانی کە ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵکۆ بۆ وان کە شوێنی دەسەڵاتی ئەحمەدپاشای جەلالی بووە. دواتر دیسان بەبێ بەڵگە دەڵێن:

«جا وا دەردەکەوێ شەرەفخان خۆی لەبەر شمشێری ئەحمەدپاشا نەگرتبێ و سەرەنجام لە لایەن عوسمانییەکانەوە کوژرابێ و کورەکەی بە کۆیلە گیرابێ و برابێتە کۆشکی سوڵتانی عوسمانی».

ئەمەش لێکدانەوەیەکی سەیری دیکەی نووسەرانی پاشکۆی ۱ە، لە ئاماژەی «خودالێخۆشبوو» و «ئەحمەدپاشای زاڵم» لە بەڵگەنامەکەدا ئاشکرای دەکەن کە گوایە شەرەفخان «خۆی لەبەر شمشێری ئەحمەدپاشا ڕانەگرتووە» و «سەرەنجام شەرەفخان» کوژراوە! پاشان دەڵێن:

«دەکرێ لێکدانەوەیەکی تیپۆلۆژی و ڕەمزی بۆ هەردوو وشەی زاڵم و خەزێنەش بکەین و بزانین چی و بۆچی ڕووی داوە. جا بۆ ئەوەی بتوانین بێلایەنانە بەرەورووی ئەم پرسە ببین، پێویستمان بە چەند بەڵگەیەکی وردە بۆ نیشان دانی تێڕوانینی کورد سەبارەت بە نارەزایەتییەکانی خەڵەفبەگ».

واتە، «زاڵم»، یانی بکوژ و هێنانی دەستەواژەی «پارە و زێڕی خەزێنە» بە مانای ئەوەیە کە نارەزایەتیی خەڵەفبەگ بۆ «پارە و خەزێنە» بووە و ئەمەشیان وەک «تێڕوانینی کوردی» زەق کردووەتەوە و لەم ڕێگەیەشدا گوایە خەریکی دۆزینەوەی «بەڵگەی ورد»ترن بۆ سەلماندنی ئەم «لێکدانەوە تیپۆلۆژی و ڕەمزی»یە دەگمەنە. لە درێژەدا دەڵێن:

«ئێستا پێش هەر لێکۆڵینەوەیەکی دیکە یا بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە لەم هەڵسەنگاندنەدا چی بە هێند بگرین، دەبێ ئەم داوایەی خەڵەفبەگ کە تەنیا بەڵگەیە لەبەردەستماندا، باشتر بەکار بهێنین. زانیارییەکانی «باب آصفی، دیوان همایون مهمه قلمی ۹۵/۳»، دەیسەلمێنن کە دەوڵەتی عوسمانی زۆر توند هەوڵەکانی دانپێدانانی ڕەوشی سیاسی بدلیسی داوەتە دواوە؛ بۆیە ژمارەیەک «عولەمای

بدلیس»، کـــه زۆربەیان خاوەن پێگەی ئایینی و هەڵبەت کۆمەڵایەتییش بــوون، نامەکەیان بۆ ســوڵتان نــاردووە و داوایان لــێ کردووە زوڵم و زۆری ســەر خەڵکی بدلیس هەڵبگرێ. نووســیویانە: «امید در کــه رضا الله ایچون بو ظلــم بو ویلایتــە رفع و رحم النــوب.» واتە: چاوەمــان لە بەخشــەندەیی ئێوەیە. هیواداریـن لەبەر خاتری خودا، ئەم زوڵم و زۆرییە لەســەر ویلایەتەکەمان هەڵگرن.

کەواتــە کۆمەڵێــک زانــای موســڵمان هەســتیان کــردووە ئیتــر دەبــێ دۆخەکە بگــۆڕدرێ، بۆیــە داوایان کردووە ئــەو بڕیارە ئیمپراتۆریانــەی وا دوای مردنی شــەرەفخان دەرکراون، هەڵبوەشــێندرێتەوە. کێشە لێرەدا ســاڵەکەیە ٩٨٦ی ک/١٥٧٨ی ز، کە گۆمانی تێدا نییە هەڵەی ئەرشیف کردنی کارمەندێکی «BOA»یە.

نامەکــە، شــەرەفخانی بــە «مرحــوم شــەرەفخان» ناو بردووە، بــەڵام ئەوانەی وا لە بــارەی کار و ژیانــی شــەرەفخانەوە زانیاریی سەرەتاییشــیان هەیە، دەتوانن زۆر ئاســان ئۆباڵ بکێشــن، کە شــرەفخان ساڵی ٩٨٦ی ک، ماوە. ئەمە لە چەندین بەشــی شەرەفنامە و پاشــکۆکەی ئێرەشــدا دەردەکــەوێ و لە خودی بەڵگەنامەکەشدا ئاشکرا دیارە. مامۆستا ئەبووبەکــری مودەریس لە ئیخلاســییە، کە یەکێکە لەو زانا ئیســلامییانەی وا نامەکەیان ئیمزا کــردووە، زۆر بە ڕوونی ســاڵی ٩٨٦ی ک، ڕەت دەکاتەوە، چونکە شــەرەفخان، نەک تەنیا ســاڵی ٩٩٨ی کۆچی، فەرمانی کردووە مەدرەســەی ئیجلاســییە دروســت بکرێ لە بدلیس، بەڵکوو هەر خۆی ئەوســا شەمسەدین مەولانا محەمەد شەرانشبی کردۆتە مامۆستای وانەبێژی ئەم مەدرەسەیە».

لێــرەدا ڕێکەوتی ئــەو زانیارییانەی «باب آصفی» و « دیوان همایون مهمه قلمی ٩٥/٣» کە گوایە «دەیسەلمێنن کە دەوڵەتی عوسمانی زۆر تونــد هەوڵەکانــی دانپێدانانی ڕەوشــی سیاســیی بدلیســی داوەتە دواە»، دیار نییە. بەڵگەنامەی ژمارە ٣ش، نەک «کۆمەڵێک زانای موسڵمان»، بەڵکوو ٤ کەس واژۆیان کردووە و نووسەرانی پاشکۆ لەســەر بنەمای ناوی تەنیا یەکێکیان (واتە، ابوبکر مدرس بالاخلاصیه)، ٣ کەســەکەی دیکەشیان بە «زانایانی موسلمان» هەژمار کردووە و هەوڵی ئاشــکرا کردنی ناو و پێگەی ٣ کەســەکەی دیکەیان نەداوە. (بڕوانە ٤ واژۆی ژێر بەڵگەنامەی ژمارە ٣). نووسەرانی پاشــکۆ هەروەها بە بێ بنەمــا گەرەکیانە ئەم دوو نامەیە لێک گرێ بدەن. بۆیە بۆ گەیشتن بەم مەبەســتەی خۆیان، گومانیان خستووەتە سەر ڕێکەوتی نامەکەی «٤ زانای موسلمان» لە بەڵگەنامەی ژمارە ٣دا و گوایە دەبێ ڕێکەوتی ســاڵی ٩٨٦ی کۆچــی لە لایــەن کارمەندی ڕێکوپێــک کردنی بەڵگەنامەکانی ئەرشــیڤی عوسمانییەوە، بەهەڵە نووسرابێ!

بــەڵام بەپێچەوانە، ســاڵی ٩٨٦ی کۆچی ڕاســتە و ئــەم ڕێکەوتە ڕێک دەبێتە ســاڵی پێــش گەڕانــەوەی شــەرەفخانی پێنجەم لە نەخجەوانــەوە بۆ بدلیس. شــەرەفخان دەڵێ: «ســێهەم ڕۆژی مانگی شەشەکان (شەوال)ی ٩٨٦ی کۆچی، لە نەخجەوانەوە «بەرەو بدلیس بزووتیــن». (شــەرەفنامە، ل. ٦٦١). وادیارە جگە لە «هەوڵ و هەڵســوڕانێکی بێوچانی خوسرەو پاشــا» بۆ گەڕانەوەی شــەرەفخان کە لەگەڵ «ســەرکردەکانی وان و زەینەڵبەگــی میری هەکاری و حەســەنبەگی میری مەحموودی، لەدەرانــەی ســوڵتان مرادخانــەوە مزگێنیی حکوومەتی بدلیســیان» بۆ هێنــا نەخجەوان (بڕوانــە شــەرەفنامە، ل. ٦٦٦)، دەبێ لە ئاســتی کۆمەڵایەتییــش ئــەم چەند کەســەی دیکە (ڕەنگە ٣ کەسەکەی دیکەش «زانای ئایینیی» بووبن. بەڵام تا ئاشــکرا بوونی ناو و پێگەیان، ناکرێ لەمە دڵنیا بین) هەوڵی خۆیان دابێ تا سوڵتانی عوسمانی ئەم «زوڵم و زۆرییە لەسەر ویلایەتەکەیــان»، هەڵگرێ و مەبەستیشــیان لە «خوالێخۆشبوو شــەرەفخان» لەم نامەیەدا،

شــەرەفخانی چوارەم، واتە باپیری شەرەفخانی نووسەرە و داواکارییەکەشــیان بۆ گەڕانەوەی مافی سامان و پێگەی خانەدانی دەسەڵاتداری بدلیس، بۆ شەرەفخانی پێنجەم، واتە نووسەری شــەرەفنامە بووە. لە لایەکــی دیکەوە، وەک لەسەرەوە جەختی لەســەر کراوە، دەبێ «کام بڕیاری ئیمپراتۆری پاش مردنی شــەرەفخان» دەرکرابــێ و نووســەرانی نامەکــە داوای هەڵوەشــاندنەوەیان کــردووە؟ زۆر ڕوونە کە ئەم بڕیارە پاش کوشــتنی شەرەفخانی چوارەم بەدەســت ئۆلمە دەرکراوە کــە بریتی بوو لە ئەســتاندنەوەی میراتگریی میرنشینی بدلیس لــە میراتگرەکەی، واتە شەمســەدین (کوڕی شــەرەفخانی چــوارەم و باوکی شــەرەفخانی پێنجەم لە ساڵی ۹۵۰ی کۆچی لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانوونی) کە فەرمانڕەوایی میرنشینی بدلیس بۆ ماوەی ۴۴ ساڵ هەتاکوو گەڕاندنەوەی میرایەتی بدلیس بۆ شەرەفخانی پێنجەم، لەژێر دەســەڵاتی عوســمانیدا بووە. هەروەها دەزانین کە پاش مردنی شەرەفخانی پێنجەم، هیچ بڕیارێکی ئیمپراتۆری سەبارەت بە میرنشــینی بدلیس دەرنەکــراوە. بۆیە ئەم نامەیە هیچ پێوەندییەکی بە ســاڵی ۱۰۱۰ی کۆچییەوە نییە.

۲- بــەڵام ســەبارەت بــە «مەدرەســەی ئیخلاسییە» لە بدلیس کە «مامۆستا ئەبووبەکر»، «مودەریس»ی ئەم مەدرەســەیە واژۆی لەسەر نامەکە هەیە:

ئــەم مەدرەســەیە لــە ســاڵی ۱۲۱۶ی زایینی، واتە ســاڵی ۶۱۲ی کۆچی بەدەســت ســەلجووقییەکان لە بدلیس ساز کراوە و هەر خانووبەرەکەش شــێوازی ئەوانی پێوە دیارە و شــەرەفخان لە ســاڵی ۹۹۸ی کۆچی نۆژەنی کردووەتەوە. (بڕوانە: سەرچاوەی ژمارە ۱۳) کەوابوو:

■ دەبێ پێش ســاڵی ۹۹۸ی کۆچی، واتە پێش نۆژەنکردنەوەی مەدرەســەی ئیخلاسییە لە لایەن شــەرەفخانی پێنجەمەوە، لە ســاڵی ۹۸۶ی کۆچیدا «ابوبکر» ناوێک، «مودەرِســی» ئەم مەدرەســەیە لــە بدلیــس بووبێت و لە بەرەبــەری گەڕانەوەی شــەرەفخاندا، لەگەڵ چەند کەســی دیکە ئەم نامەیەیان بۆ سوڵتانی عوسمانی (سوڵتان مرادی سێیەم) نووسیوە.

■ «شەمســەدین مەولانــا محەمــەد شەرانشــیبی» کە لە شەرەفنامەدا باسی کراوە، پاش نۆژەنکردنەوەی ئەم مەدرەسەیە لە لایەن شــەرەفخانەوە، وەک مامۆســتای وانەبێــژی ئیخلاســییە دامەزراوە. ئەگەر ئــەم نامەیە لە ساڵی ۱۰۱۰ی کۆچی نووسرابێ، دەبوو واژۆی ئەو زانایەشی پێوە بووبا.

بەگوێرەی ئــەم ڕوونکردنەوەیــە، نامەی خەڵەفبــەگ و نامەی «زانایانی بدلیس» نە لە ڕووی کاتەوە و نــە لە ڕووی نێوەڕۆکەوە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکترەوە نییە.

وەرگێڕانــی ئــەم دوو بەڵگەنامانە، چەندە تــەواون و چ بابەتــی دیکــەی تێدایــە کە نووســەرانی پاشــکۆ خۆیان لێ گێل کردووە، دەیهێڵینەوە بۆ لێکۆڵینەوەی کەسانی پسپۆڕی دەقــە کۆنــەکان و ئاشــکراکردنی نێوەڕۆکی تەواوی نووســراوەکە. تەنیا ئــەوە دەڵێین کە «چاومان لە بەخشەندەییی ئێوەیە» لە نامەکەدا بەدی ناکرێ، بەڵام نووسەرانی پاشکۆی۱، ئەم واتایەیان لێ زیاد کردووە.

پاشان نووسەرانی پاشکۆی ۱، دەڵێن:

«بۆ دوایین سەرنجیش، ئاماژە بە نامەیەکی بڵاو نەکراوەی شەرەفخان دەکەین. شەرەفخان لە تێبینییە ڕەسمییەکەی نامەکەدا «A.DVN 12/85»، پێشــنیاری بە ســوڵتان محەمەدی ســێهەم کردووە تا عەلیبەگ بکاتە سەرۆکی هەردوو خێڵی کوردی بیلان و خەندەقی. ئەم نامەیە ســاڵی ۱۰۱۰ی کۆچی لەسەرە، بەبێ ئەوەی هیــچ ئاماژەیەک بە مانگ و ڕۆژەکەی کرابێ. جا کە خەڵەف ساڵی ۱۰۱۰ی کۆچی، براکــەی بە «مرحــوم شــەرەفخان» ناوبردبێ (پێشــتر دیتمان کە ئــەم ڕێکەوتە هەڵەیە) و هەر ئەو ساڵەش شەرەفخان مابێ، زۆر وێدەچێ

براکەی سـەرەتاکانی ئەو ساڵە، واتە ١٠١٠ی کۆچـی، کوژرابێ یـا کۆچیدوایـی کردبێ. بەگوێـرەی «A. NST 9/26» کۆتایـی ڕەبیعی یەکەمـی ١٠١٠ی کۆچی، خەڵەفبەگ پاش براکەی بۆتە حاکم. بەڵگەنامەکە دەریدەخا کە ئەو ساڵە هەمان بنەماڵە حوکمڕانیی بدلیسیان کـردووە. چونکە لـە بەڵگەنامەکـەدا هاتووە: «داخوازیـی بەندەی نۆکەرتـان خەڵەفخان، فەرمانڕەوای بتلیس.»

مـادام سـەلماندمان کـە ڕێکەوتـی ڕاسـتەقینەی نامەکەی خەڵەفبەگ ١٠١٢ی کۆچییـە، ئیتر ئـەم نامەیەی شـەرەفخانی پێنجەمیش بەتـەواوی ڕوونکردنەوەکانی ئێمە دەسـەلمێنێ و بـە ڕوونی ئاشـکرا دەبێ کە لە سـاڵی ١٠١٠ی کۆچیدا شـەرەفخان هەر زیندووە بووە. بەڵام سەبارەت بە فەرمانڕەوایی میرنشینی بدلیس پاش دەست لەکارکشانەوەی شـەرەفخان (لە سـاڵی ١٠٠٥ی کۆچیدا) و بەتایبەت سـەردەمی میرایەتیی شەمسەدینی کوڕی و ئیتر دواتریش، لانی کەم ئەم پرسـە لـە نێو دەقە مێژووییـەکان و بەڵگەنامەکاندا بزرە و پێویستی بە توێژینەوەی تایبەت هەیە. ئەگەرچی دەزانین کە سـەرەڕای لاوازکردنی دەسـەڵاتیان، مافی میراتگرانـەی خانەدانی دەسەڵاتداری شەرەفخان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە میرنشینی بدلیس هەر بەردەوام بووە.

لێـرەدا، نووسـەرانی پاشـکۆی١، لەژێر سـەردێڕی «پاشـکۆ» کۆتایی بە بابەتەکەیان دێنن و دەڵێن:

«ئـەو بەڵگەنامەیـەی وا لێـرە دەیبینن (بەڵگەنامەکانـی ١ و ٢)، لـە ڕووی «BOA A.NST 1138, fols 5-6»ی سـاڵی ١٠٠١ی کۆچی، وێنەی گیراوەتەوە. وەک بەڵگەنامەیەک کە لە «باب آصفی» هەڵگیراوە. وا دەردەکەوێ لـە کۆشـکی تۆپقاپـی پارێزرابـێ و دواتر گواسترابێتەوە بۆ ئەرشـیفی تازە بنیاتنراوی بابی عالی (پاشا قاپیسی). بەڵگەنامەکە بریتییە لـە دوو پـەڕی دووقەدکـراو. هـەر پەڕێکی دووقەدکراو ٦-١٣ دێـڕی بە خەتی دیوانی و سیاق تێدا نووسراوە. دوایین لاپەڕەش مۆرێکی شەرەفخانی بە سەرەوەیە کە نووسراوە «بەندە شەرەف».

پاشان لەژێر سەردێڕی ناڕوونی «پوختەی بۆچـوون: کارمەندێکی لایەنگـری دەوڵەتی عوسـمانی» و ئاماژە بە بەڵگەنامەکانی ١ و ٢ دەکەن کە دیار نییە مەبەستی نووسەران لەم سـەردێڕە ئەوەیە کە شەرەفخان کارمەندێکی لایەنگـری دەوڵەتـی عوسـمانی بـووە یان بەڵگەنامـەی ژمارە ١ بۆچوونـی کارمەندێکی لایەنگری دەوڵەتی عوسـمانییە؟ دیارە پێشتر بە تێر و تەسەلی باسـی «بەڵگەنامەکانی ١ و ٢»مان کرد و سەلماندمان کە گریمانەی دووەم ڕاستە. واتە بەڵگەنامەی ١ «پوختەی بۆچوونی کارمەندێکی لایەنگری دەوڵەتی عوسمانی»یە و بەڵگەنامەی ٢، داواکاری شەرەفخانە. بەڵام دیار نییە بۆچی نووسەرانی پاشکۆ لێرەدا ڕاستەوخۆ و بە ڕوونی ئەمە نابێژن؟ بەهەرحاڵ نووسەرانی پاشکۆی ١ لە درێژەی ئەم برگەیەدا دەڵێن:

«دیاری کردنی ژمارەی دەستوپێوەندەکانی شـەرەفخان لایەنێکی ڕوونی بەڵگەنامەکەیە. شەرەفخان لێرەدا، سـەرباری نیگەرانییەکانی لە بـارەی گوزەرانی دەسـتوپێوەندەکانییەوە، کە ژمارەیان ٥١ کـەس بووە، ئاماژە بە چەند تەوەرێکـی تری گرینـگ دەکا، کە بێگومان بەکەڵک دەبن و زانیاریی زۆرتر دەخەنە سـەر لایەنە فەرامۆش کراوەکانی ژیاننامەکە».

پاشکۆی ١ لەو ٦ خاڵەی ژێرەوەدا کۆتایی پێ دێت:

«١ سـەرەتای بەڵگەنامەکە ئەوە پێشـان دەدا کە شـەرەفخان ویسـتوویەتی بەردەوام خزمەتـی دەوڵەتـی عوسـمانی بـکا، (ئەمە دەربڕینـی کارمەندەکەیـە لـە بەڵگەنامەی ١دا، نـەک ویسـتی خودی شـەرەفخان لە داخوازییەکانیدا لە بەڵگەنامەی ٢دا) بۆیە هیچ هۆیەک بـۆ ڕەت کردنەوەی داواکانی لە ئارادا نییە. (ئەمەش لێکدانەوەی خودی نووسـەران

و بەرپرسە عوسمانییەکەیە) شەرەفخان دوای هەڵمەتەکانــی ڕۆژهــەڵات، داوای کــردووە هێندێک پلــە و پایە بدرێتــە بنەماڵەکەی و تەواوی ئەو کەســانەش کە لــەو هەڵمەتانەدا بەشداربوون، خەڵات بکرێن. (لە بەڵگەنامەکەدا نەهاتووە دوای ئــەم هەڵمەتانە داوای کردبێ، بەڵکوو کارمەندەکەی عوسمانی دەڵێ «لەگەڵ خێڵەکەی بەشداریی هەڵمەتەکانی ڕۆژهەڵاتی کــردووە و جەنگاوەرێکــی دڵســۆز بــووە». شەرەفخان لە بنەماڵەکەی، تەنیا بۆ دوو کوڕی خۆی و دوو کوڕی خەڵەفبەگی برای داواکاریی هەبووە، ٥٢ کەسەکەی دیکە سوارەکانی بوون) لە وەڵامی ئەم داوایەدا، «تەرەقی»، ســێیەکی «تیمــار» و «ئیبتیدا» بە خــەڵات دراوەتە ئەو سوارە و دەســتوپێوەندانە کە لە هەڵمەتەکەدا لەگەڵی بــوون. نــاوەکان نیشــانەی «ح»یان لەســەر دانراوە، وەک ئاماژەیەک بۆ «بلووک». «بلووک»یــش ناوێکی زۆر کۆنــی تورکییە، بۆ یەکەی ســەربازیی ١٠٠ کەسی بەکار هاتووە کە یووزباشی (نەقیب) سەرکردەیان بووە».

٢ ژمارەیەکی بەرچاوی دەستوپێوەندەکانی شــەرەفخان، بەپێی بەڵگەنامــەی هاوپێچی، خەڵکی دەرەوەی بدلیس بوون. ئەم سەرنجانە دەمانگەیێننــە ئــەو ئەنجامە کە شــەرەفخان دەســەڵاتی هەبوو، نــەک هەر لــە بدلیس، بەڵکوو لە مــووش و وانیش، کورد کۆ بکاتەوە و بیانجووڵێنــێ ئەمەش زۆر جێی بایەخە کە بەڵگەنامەکە باســی پێگەیەکــی گرینگ دەکا بــۆ محەمەدی مووش. بۆیە ئــەم بەڵگەنامەیە ئاماژەیەکیشە کە شەرەفخان بەردەوام بایەخی بە ناوچەکەی خۆی داوە».

نووســەرانی پاشــکۆ لە ســەرەوە دەبێژن «شەرەفخان بۆ ٥١ کەس لە دەستوپێوەندەکانی» داوای چــی و چی کردووە کە هێندێک لەوانە گوایە خەڵکــی «دەرەوەی بدلیس» بوون، واتە بەهۆی ئەم چەند کەســەی دەرەوەی بدلیس بۆ نووســەرانی ئەم پاشــکۆیە دەرکەوتووە کە شــەرەفخان «هەر نەک لــە بدلیس بەڵکوو لە مووش و و وانیش توانیوێتی کورد کۆبکاتەوە و بیانجووڵێنێ»! لێرەشدا دیسان دیار نییە لەکوێی ئەم بەڵگەنامەیەدا دەرکەوتــووە کە هێندێک لەم کەسانە خەڵکی دەرەوەی بدلیس بوون. تازە ئەگەر ئەمەش ڕاســت بێ، وا دیارە نووسەرانی پاشــکۆ هیچ لە ژێرخانی هۆز و هۆزایەتیی ئەو ســەردەم، و هێز و توانــای هۆزەکانی کورد و بەتایبــەت هۆزی ڕۆژەکــی و هاوپەیمانەکانی و دەوری خانەدانە حوکمڕانەکانی کوردســتان نازانــن و یان خۆیان لە گێلی داوە! لە لایەکی دیکە، وەک پێشــتر باســمان کرد، بەگوێرەی بەڵگەنامەی ٢، ژمارەی «دەســتوپێوەندەکانی» شەرەفخان جگە لە زیائەددین و سەیدی و دوو کوڕەکانی خەڵەفبەگ، ٥١ کەس نیین، بەڵکوو ٥٢ کەسن! دیار نییە بۆچی نووسەرانی پاشکۆ خۆیان زەحمەت نــەداوە ئەم دوو بەڵگەنامەیە لەگەڵ یەکتر هەڵســەنگێنن و جیاوازییەکانی ئاشکرا بکەن؟

«٣ ئاشــکرایە زەوییــە دەرەبەگییەکانی عوســمانی دراون بەو کەســانە، کە خزمەتی باشیان لە هەڵمەتە ســەربازییەکاندا کردووە. بەگوێــرەی بەڵگەنامەکــە، زیائەددیــن بەرز کرانــەوەی پلەکــەی بــۆ «موتەفەریقەلیق» ڕەت کراوەتــەوە. هەر ئەمەش وامان لێ دەکا بەڵگەنامەکە بە دروست بزانین. داخوازییەکانی دیکــەی شــەرەفخان دەریدەخــەن (کام داخوازیی دیکە؟) کە عوسمانییەکان هەمیشە «بویرولدی»یان پێشــان داوە. واتە داواکانیان ســەبارەت بــە دەســتوپێوەندەکان قبووڵ کــردوون. (بەپێــی کام بەڵگەنامــەی دیکە «داخوازییەکانی دیکەی» شەرەفخان «هەمیشە بویرولــدی» پێشــاندراوە؟). بــە ڕای وەزیر، زیائەددیــن خزمەتی ســەربازیی نەکردووە و هیــچ ئەرکێکی حکوومەتیشــی نەبووە، بۆیە داوای پلــە بەرز کردنــەوەی دراوەتە دواوە». (کام «وەزیر»؟).

«پلــەی موتەفەریقەلیق، بەپێــی نەریتی ئیداریــی عوســمانی، بەخشــراوەتە کوڕانی

کاربەدەستانی دەوڵەت (بەڵێ ئەمە بۆ «کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی» نەریت بووە، نەک بۆ میرنشینە سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆکانی کورد. لێرەدا یاسای ئیمپراتۆری کە لە سەردەمی سوڵتان سلێمەوە پەیڕەو کراوە، کاریگەریی هەبووە و میراتگری و جێنشینیی میرنشینەکان بەخواستی هۆز و خێڵەکان و هۆزە یەکگرتووەکانی کورد بەڕێوەچووە. دیارە هەرچی میرنشینەکان و پشتیوانیان، واتە هۆز و خێڵ و هۆزە یەکگرتووەکانی کورد لاوازتر بوون و لێکتر هەڵبڕاون جا چ بەهۆی کێشە نێوخۆییەکان و یان پیلانەکانی دەوڵەتەکانی عوسمانی بووبێت، ئەم یاسایە پشتگوێ خراوە و لە کۆتاییشدا لەنێوچوونی میرنشینە سەربەخۆ و نیمچەسەربەخۆکانی کوردی لێ کەوتووەتەوە). کوڕی دەرەبەگەکانیش، بۆ نموونە: خانی نیمچەدورگەی کریمە «قرم»، بەگە کوردەکان، بەگەکانی ئەفلاق، بوغدان و ئەردەڵ، زۆرینەی ئەو پلەدارانەیان پێکهێناوە. بە عوسمانی کردنی ئەم جێنشینە میراتگرانەی وا لە ئیستامبووڵی پایتەختی ئیمپراتۆرییەکەدا گەیبوونە پلەی بەرزی خوێندەواری، ئامانجی سەرەکیی ئیدارەی ناوەندی ئیمپراتۆریی عوسمانی بووە. کۆمەڵێک پلە وپایەی سەرەتاییی ڕەسمیشی هەر لە چوارچێوەی ئەو ئامانجەیدا پێ بەخشیون. بە واتایەکی دیکە، ئەمە دەرفەتێکی گرینگ بووە بۆ کوڕە میرەکان تا ئاشنای کەشوهەوا و کاروباری کۆشک ببن». (ئەگەریش بۆ ئەوان دەرفەتێک بووبێت، مەبەستی عوسمانییەکانیش بووە، بۆ لاوازکردن و دەسەمۆکردنی میرنشینەکان و لەئەنجامدا لەنێوبردنیان).

«ئەم سیستەمە ئیدارییە وەک هەڕەشەیەک لە دژی میرنشینەکانیش کاری پێ کراوە، تا کێبەرکێ لەسەر پێشەنگایەتیی نێو کۆشک بکەن (ئەم ڕستەیە زۆر سەرنجڕاکێشە!؟ نەک «کێبەرکێ لەسەر پێشەنگایەتیی نێو کۆشک»! بەڵکو دەسەمۆکردنی جێنشینەکانی میرانی کورد، وەک کەرەسەیەکی گرینگ لە لایەن عوسمانییەکانەوە بەکار هاتووە بۆ لاوازکردن و گوێڕایەڵکردنی میرنشینەکانی کورد). بەپێی نەریت، کوڕە گەورە بارمتەی قانوونی و جێنشینی پلە و پایە خۆجێیییەکانیش بووە، بەڵام دۆخەکە لە بدلیس، وەک میرنشینێکی «یورتلیق-ئۆجاقلیق» گەلێک جیاواز بووە (بۆ جیاواز بووە؟). وا وێدەچێ میرنشینەکە خۆی هۆکار بووبێ (ئەم هۆکارە چی بووە؟ نووسەران ئەمانە ڕوون ناکەنەوە) تا شەرەفخان داوای پلەی «موتەفەریقەلیق» بۆ زیائەددین، نەک شەمسەددینی کوڕە گەورەی بکا (ئەمە نە بۆ ناردنی کوڕەکەی و بەشداربوون لە کێبەرکێ بووە، بەڵکوو بەهۆی ئەوە بووە کە لەنێو هۆزی ڕۆژەکی و خێڵە هاوپەیمانەکانیدا، «شەمسەددین» شایستەییی میراتگری و جێنشینیی میرنشینەکەی هەبووە. لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە بۆ پێشگرتن لە دووپات بوونەوەی دەستبەسەرداگرتنی بدلیس لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بووبێ، تا لەم حاڵەتەشدا کەسێکی دیکەی ڕۆژەکی لە هەمان خانەدان، واتە «زیائەددین» بکرێ بە میری بدلیس). بەگوێرەی ژیاننامەکە، شەرەفخان بە خواستی خۆی دەسەڵاتی بۆ شەمسەددین بەجێهێشتووە، دەردەکەوێ زۆر مەبەستی بووە کەسێکی دیکە بنێرێ بۆ کۆشک. هەروەها لە دێڕی ۴ی بڕگەیەکی بەڵگەنامەکەی خوارەوەدا، بە ئاماژەیەک نووسراوە: کوڕی خانێکی پێشوو «خان اوغلو خان» (ئەمە هەمان واتای «خانی کوڕی خان»ە کە پێشتر لە بەڵگەنامەی ۲دا دەبا هاتبا بەڵام نووسەرانی پاشکۆ قرتاندبوویان و لێرەدا بۆ یەکەمجارباسی دەکەن، دیارە لەبەر ئەوەی لێرەدا «کاریان پێی هەیە). ئەم بڕگەیە پرسی جێنشینی بدلیس دەردەخا، بۆیە شەرەفخان مافی هەبووە کوڕە گەورەکەی خۆی یان جێنشینی داهاتووی لە ناوچەکە

بهێڵێتەوە».

«هاوکات پێویستە باسی هێندێک حاڵەتی دیکە بکەین. چەمشگەزک، وەک میرنشینێکی «یورتلیق-ئۆجاقلیــق»، دۆخێکــی کەموێنەی هەبووە».

ڕاســتە «دۆخی» میرنشینی چەمشگەزک لەنێو میرنشـــینەکانی دیکەی کورد کەم وێنە بووە، بەڵام دیار نییە بۆ نووسەرانی پاشکۆ باسی ئەم «دۆخە کەموێنە»یــە، بەدێرێکیش ناکەن! شەرەفخان لە «باســی میرانی چەمشکەزک» لــە لاپەڕەکانــی ٣٠٢-٣١٢ی شــەرەفنامەدا باســی ئــەم دۆخــە دەکات. لە ســەردەمی ســوڵتان ســولەیماندا بەهۆی ناکۆکیی نێوان ١٦ کوڕی «پیر حوســێن‌بەگ»، دوایین میری کۆچکردووی ئەم میرنشــینە، میراتگرانی بڕیار دەدەن تا بەشــێک لە داهات و زەوی و زاری میرنشینەکەیان ببێتە «بەش و مڵکی تایبەتی» ســوڵتانی عوســمانی و «ئەوەی دەشمێنێتەوە بکرێ بە دوو ســنجاق و چــاردە زەعامەت و تیمار» و بەم شــێوەیە چارەنووسی میرنشینی چەمشــگەزەک و دیاریکردنی فەرمانڕەوایانی میرنشــینەکە، بەپێچەوانــەی نەریتــی باوی میراتگری لە میرنشینەکانی دیکەی کورد، ئیتر بەکردەوە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ســوڵتانی عوســمانی و ســەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدا.

لە درێژەی خاڵی ٣دا، هاتووە:

«ئاشــکرایە ســوڵتان ســولەیمانی یەکەم (م. ٩٧٤ی کۆچــی) هەمــوو هەوڵێکی خۆی خستۆتە گەڕ تا مافی جێنشینیی میرنشینەکان سنووردار بکا. دواجار دەوروبەری ساڵی ٩٥٠ی کۆچی، توانیویەتی جێنشینی کورد لەسەر کار لابــەرێ و زولقەدر ئۆغڵوو عەلی بەگ لە جێی ئەو بکاتە فەرمانڕەوا». (بەڵێ ئەمە ئەو بڕیارەی ئیمپراتۆرییــە بوو کە لــە نامەکەی «عولەمای بدلیس»دا داوا کرابوو هەڵبوەشێتەوە).

«هەر ئەم هەوڵانەی دەوڵەتی عوسمانییش، یەکێــک بــوون لــەو هۆیانەی کــە تیرەی ڕۆژەکییان ناچار کردووە بدلیس بەجێ بهێڵێ و ڕوو بکاتە وڵاتی ئێران، لە کاتێکدا «مەلاتییە» و «مەرعەش»یــش دراوەتە میر شەمســەدین. ســولەیمان‌بەگ، کە لە خزمانی «ساسۆن»یی دایکی بووە، ئامۆژگاریی کردووە سەرەنجام میر شەمســەدین ناچار کراوە پەنا بۆ وڵاتی ئێران بەرێ».

دیارە نەریتی جێنشـــینی و بەردەوامیی خانەدانە دەســەڵاتدارەکانی کوردســـتان بە فەرمانێک نەگۆڕدراوە و ئەگەریش سوڵتانەکانی عوســمانی ویســـتوویانە بیگۆڕن، وەک زۆر نموونــە کە لە شەرەفنامەشــدا هاتووە، پاش ماوەیەک پاشەکشــەیان کردووە و ملکەچی خواستی خەڵک و هۆزە یەکگرتووەکانی کورد بوون و بەناچاری میراتگرانی میرنشینەکانیان دیســان گەڕاندووەتەوە ســەر دەسەڵات. بۆ نموونە: کاتێک سوڵتان سولەیمان «هەرێمی بدلیســی گرت و شەمســەدینخانی لەوێ دەرپەڕانــد... «خێڵانــی بایەکــی و نۆدەکی و بڵباســی ماوەی ٣ ساڵان ســەریان وەبەر فەرمانــی کاربەدەســتانی نەهێنــا. تەنانەت تەواوی میر و سەرکردەکانی کوردان بە پێی فەرمانی ســولەیمانی، وەکوو دێوەکانی قاف هرووژمیان کردە ســەریان، بەڵام نەیانتوانی بــە چۆکیاندا بێنــن و دەســتەمۆیان کەن. سوڵتان ســولەیمان ... وەختایەک بۆی ڕوون بــووەوە کە بــە زەبروزەنگ چی بــۆ ناکرێ، بەهائەددین‌بەگی میری حەزۆی ڕاســپارد و ئەویــش بە زمانی خۆش جەمــاوەری دۆڵی کیفەندۆر و تیــرە و تایفەکانی بایەکییانی بۆ کــەوی کرد و هێنانییە بەر بــار. لە لایەکی دیکەشــەوە خودی سوڵتان کەوتە لاواندنەوە و دڵدانەوەی برایم‌بەگ و قاسم‌بەگی کوڕانی شــێخەمیری بڵباسی و ئاوا دەسەڵاتی بەسەر بدلیســدا شــکایەوە و بە زەبری زۆر چی بۆ نەکرا». (شەرەفنامە، ل. ٥٥٦).

«**٤** هەڵبەت دژایەتیی زیائەددین بە هۆی سیاسەتێکی عوسمانییەکانەوە سەری هەڵداوە.

ئـــەوان ویســـتوویانە گرفـــت بۆ شـــەرەفخان بخولقێنن (پێشـــتر باســـمان کرد زیائەددین لـــە ســـاڵی ١٠١٥ی کۆچیـــدا، «بەیعەتی بە شاعەباســـەوە» کـــردووە، دیـــارە ئـــەو کاتی شـــەرەفخان کۆچی دوایی کردبوو). وەزیری عوسمانی داوای لە سوڵتان کردووە گومانەکە برەوێنێتەوە. بـــەڵام وەڵامەکەی، کە ڕەنگە لە خولی دواتری کۆشکی پاشادا گفتوگۆی لەسەر کرابـــێ، دیار نییـــە (کام وەزیر و لە کوێ ئەم داوایەی کردووە و چ گومانێکی ڕەواندووەتەوە؟ دیار نییە و نووســـەرانی پاشکۆی ١، تەنیا بە «ڕەنگە» چـــارەی دەکەن، بەڵام لـــە کۆتاییدا دیســـان دەڵێـــن «دیار نییـــە»). زۆر وێدەچێ عوســـمانییەکان داخوازییەکەیـــان نەدابێتـــە دواوە، چونکـــە داوایەکی یاســـایی میرێکی یەکجـــار ئەمەگداری کورد بـــووە. (بێ ئاگایی لە بارودۆخی هۆز و هۆزایەتیی میرنشینەکان، لێکدانـــەوەی وەهـــا لاوازی لـــێ دەکەوێتەوە و نووسەرانی پاشـــکۆی ١، هەموو ڕووداوەکە دەبەســـتنەوە بە «ئەمەگداریی یەکجار زۆری» میرێکی کورد و گەرەکیانە بە «زۆر وێدەچێ» بیسەلمێنن).

خـــۆ دووریش نییـــە، زیائەددیـــن خۆی، نەک باوکی، هۆی گرفتەکە بووبێ. دۆسییەی سیاســـیی پاڵێوراوە کوردەکان لە هی نەیار و ئامـــۆزا و تەنانەت برا و باوکیشـــیان جیا بووە؛ بۆیە وێدەچـــێ وەزیر (دیســـان «وەزیر»، کام وەزیر و لە کوێ؟)، وەک کەسی دەسنیشانکەر، مەبەســـتی بووبێ هێندێک لایەنی ڕابردووی کاری سیاســـیی زیائەددین وەبیـــر بێنێتەوە. ڕەنگـــە زیائەددیـــن هێندێـــک پێوەندیـــی ژێربەژێـــری لەگـــەڵ ئێرانییـــەکان هەبووبێ (دیســـان «وێدەچی» و «ڕەنگـــە» بە بێ بەڵگە! ئـــەم «پێوەندییە ژێربەژێرە» لە ســـاڵی ١٠١٥ بووە و هیچ پێوەندییەکی بە کاتی نووســـینی داخوازییەکەی شەرەفخانەوە لە ساڵی ١٠٠١ی کۆچیدا نییە.)، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد ســـاڵی ١٠١٥ی کۆچـــی، بەیعەتی بە شـــای سەفەوی کردووە. گومانی تێدا نییە، سەرچاوەی زۆرینەی ئاڵۆزییەکانی دوای مردنی زیائەددین (کـــەی زیائەددیـــن مـــردووە و چ ئاڵۆزییەک سازبووە؟ هیچیان دیار نییە)، لەو ئیمپراتۆرییە دەرەکییەوە بووە کە زیائەددین پێشتر جۆرێک پێوەندیی لەگەڵیان بووە (بڕوانن بە «وێدەچێ» و «ڕەنگە» چۆن چۆنی گەرەکیانە ئەم دڵنیاییە بســـەلمێنن، تاکوو ئەم چەنـــد تێڕوانینەی لێ هەڵێنجن:) جا لەبەر ئەوەی شـــەرەفنامە وەک بەشێک لە سیاسەتێکی ڕێک لەگەڵ عوسمانی نووســـراوە، نووسەر ژیرانە هەنگاوی هاوێشتووە و زۆر خۆی لە باســـی زیائەددین نەداوە. دیارە شـــەرەفخان تەواوی هەســـتی بـــە نیگەرانیی عوسمانییەکان کردووە» (پەیوەندی زیائەددین لەگەڵ ســـەفەوییەکان» ساڵی ١٠١٥ی کۆچی بووە و نووســـینی شـــەرەفنامە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچی تەواو بووە).

«**٥** پێویســـتە ســـەرنج بدەینە دوو کوڕی دیکەی شەرەفخان، کە ناویان لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە. سێهەمیان، بەداخەوە ناوی نەهێنراوە. جگە لە «زەعامەت»، هیچ شـــتێکی دیکەی لە بارەیەوە نازانین. بایەخـــی ئەم بەڵگەنامەیە لە ئاماژە کردنیدایە بە کوڕی چوارەمی شەرەفخان کە لە هیچ شـــوێنێکی تردا نـــاوی نەهاتووە. ئێمە تەنیـــا دەزانین ناوی «ســـەیدی» بووە و چ دەورێکی لە کەرتی ســـەربازیی عوســـمانی و ڕێکخســـتنی مڵکداریدا بینیوە، بۆیە گەلێک پرسیار هێشتا بێ وەڵام ماونەتەوە».

ســـەبارەت بەم خاڵە وەک پێشتر باسمان کرد، شـــەرەفخان لە بەڵگەنامـــەی ٢دا، تەنیا باســـی ٢ کوڕی خـــۆی دەکات: «پلەی قاپوو موتەفەرریقەلغی ببەخشـــن بـــە زیائەددین» و «بەپێی یاســـای ئیمپراتۆری، زەوی زەعامەت ببەخشـــن بە کـــوڕی بەندە ســـەیدی». بەڵام ئەوە بەرپرسەکەی عوسمانییە کە لە خشتەی بەڵگـــەی ١دا، هەڵەی کردووە و نووســـەرانی پاشـــکۆ ئـــەم هەڵەیـــان قۆســـتووەتەوە و بە تێکەڵکردنی لەگەڵ بەڵگەی ٢، بەم شـــێوەیە

چوار کوڕیان بۆ شەرەفخانی پێنجەم بژاردووە: «بـۆ یەکێک لە کوڕەکانـی: موتەفەرریقەلیق» (کە ئەمە زیائەددینە) و «بۆ دوو لە کوڕەکانی: زەوی زەعامـەت بەخشـرا» (کـە ئەمانە دوو کوڕی خەڵەفبەگن نەک کوڕانی شەرەفخان)، لەگەڵ کوڕی دووەمی شـەرەفخان، «سەیدی» کە نووسەرانی پاشکۆی ۱، بە کوڕی چوارەمی شـەرەفخان دەیقەبڵێنن و لە خاڵی شەشەمدا دەڵێن:

«۶ گرینگە کەمێک باسـی پلە و پێگەی «چاووشلیق» بکەین. ئەم ناسناوە بۆ فەرمانبەرانی بەشـە جیاجیاکانی کۆشک و پیاوانی پلەنزمی سـەربازیش بەکار هاتـووە، بـەڵام وەک لە نووسراوەکانی شـەرەفخاندا دەردەکەوێ، ئەو کاتە واتایەکی تەکنیکیشـی هەبووە و بۆ ئەو کوردانە بەکار هێنراوە کە لە کۆنەوە لە کۆشک ماونەتەوە (بەپێی چ سـەرچاوەیەک «واتایەکی تەکنیکی!» واتە، ڕواڵەتیـی هەبووە؟ و بەپێی چ بنەمایەک لە نووسـراوەکەی شـەرەفخاندا ئەمـە دەر دەکـەوێ؟) هەر لـە چوارچێوەی ئەم نەریتەشدا شـەهاب چاووش، کە یەکێک بووە لە پیاوانی شـەرەفخان، وەک چاووشـی دەرگا نێردراوەتە کۆشـکی ئیمپراتۆری. دوای مردنیشی شەرەفخان پلەکەی بۆ کەسێکی دی داوا کردووە.

دڵنیا نیین کام میرنشینی کورد توانیویەتی «چاووشـلیق» بنێرێتە کۆشـک. گومان هەن لـەوەی وا هەمـوو میرنشـینە «یورتلیـق-ئوجاقلیـق»ە کوردییەکان، لەو سیسـتەمەدا بووبن. لەبەر ئـەوە چەمکەکە نێوەنێوە بۆ ئەم مەبەسـتە دەکار کراوە». (دیار نییە نووسەرانی پاشکۆی ۱، بەپێی چ بنەمایەک ئەم گومانەیان هەیە، لـە کاتێدا شـەرەفخان بەم شـێوەیە دەریبڕیـوە: «هـەر «ئوجاقبەگ»ێک بەردەوام یەکێک لە پیاوەکانی، وەک «دەرگا چاوشلیق»، دەنێرێتە پایتەخت. بڕواننە بەڵگەی ۲).

لێـرەدا نووسـەرانی پاشـکۆی ۱، لەژێر سەردێڕی «ئاکامی وتار»، بەم شێوەیە کۆتاییان بە پاشکۆی ۱ هێناوە:

«جگـە لـە وردەکاری، زۆر لایەنی ژیانی شەرەفخان هێشـتا نادیارن. هەڵەش دەکەین ئەگەر بمانهەوێ پشـت بە چیرۆکە باوەکەی ژیانی ببەستین، چونکە کاتی ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە سنووردارە و بە ساڵی ۱۰۰۵ی کۆچی، دوایـی دێ. سـەرباری ئەوەی کە هەسـتی خۆی لـە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکـەدا ڕەنگی داوەتەوە، دەکرێ بڵێین سەرجەمی مێژووەکان نەیانتوانیوە ئەو بەرگەی لە بەر دابماڵن و تەواو بابەتیانە بینووسنەوە. مێژوویەکی دووروودرێژی پڕ لە بۆچوونی تایبەتی کەسیمان بۆ بەجێماوە کە هێندە ڕاستیی لە بارەی شەرەفخانەوە تێدا نییە».

واتە «مێـژووە دووروودرێژە»کەش «هێندە ڕاسـتی»ی تێدا نییـە. جوان سـەرنج بدەنە دوایین ڕستەی پاشکۆی۱ کە دەڵێ:

«ناکرێ ئەمە وەبەرچـاو نەگرین کە ئێمە لێرەدا بەرەورووی نموونەیەکی هاڵۆزی کوردی و گـرۆی جیاجیـا و ئامانجـی جۆراجـۆر و ڕوانگەی جیاواز دەبینەوە. دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانـی و ئەرمەنـی، شـەرەفخانیان باش ناسیوە و سەرنجیان خستۆتە سەر ڕووداوەکانی میرنشـینەکەی. سـەرەنجام هێندێـک جار گۆشـەی جیاواز لەمەی خۆمان، لە نووسین و باسەکانیاندا دەبیندرێ».

دەبێ بڵێین نەک هەر ئەو کاتی، ئێستاش دەسەڵاتەکانی تورکیا و ئێران و ئەرمەنی، نەک هێندێک جاریش و نەک بەگۆشـەی جیاواز، بەڵکـوو بـەردەوام و بە بەربڵاویـی خەریکی شـێواندنی ڕووداوەکانـی مێـژووی کورد و کوردستانن. نووسەرانی پاشکۆی۱، لە دوایین دێردا دەڵێن:

«هەر بۆیە گرینگە ئەو باس و لێکۆڵینەوانەی ئـەوان وەبەر چاو بگرین هەتا باشـتر لەگەڵ ژیان و کاری شـەرەفخان ئاشـنا ببین. ئەمە سەرەتایەکە و دەکرێ تێگەیشتنێکی دیکەمان بۆ ڕووداوە گرینگەکان لا دروسـت بکا، بەڵام

زانیارییەکان هێشتا کەمن و بەشی پڕ کردنەوەی کەلێنەکانی ئەم بوارە ناکەن».

واتە دەبێ لەمەوبەدوا چاوەڕوانی «کاری هاوبەش»ی «تاران- ئەنقەرە- یەریڤان» لەم بوارەدا بکەین و ڕەنگە «مۆسکۆ»و هێندێک «پسپۆڕی کورد»یش تێکەڵیان بن و ئەم بابەتەش ببێتە سەرەتایەک بۆ گەلێک «کاری هاوبەشی ئاکادێمیانە!» بۆ شێواندنی مێژووی کورد و کوردستان.

## کۆتایی شیکاریی پاشکۆی ١

بەگوێرەی پێداچوونەکانی نووسەری ئەم دێڕانە، «مستەفا دێهقان» و «فورال گەنج» پاش بڵاوکردنەوەی ئەو دوو پاشکۆیە، خۆیان خەریکی گەلێک بابەتی دیکەی تایبەت بە کورد و مێژووی کوردستان کردووە، بەتایبەت لە دواین بەرهەمیان (٢٠١٩) بەناوی: «١٦th- Kurdish Emirs in the Century Ruus Registers»، «میرانی کورد لە سەدەی ١٦دا ڕئووس دەفتەرلەری» واتە لە «دەفتەرەکانی تۆماری کاربەدەستانی دەوڵەتی»دا، هەموو توانایان بۆ شێواندنی شەرەفنامە و مێژووی کۆنی کورد و کوردستان تەرخان کردووە و بە پشتبەستن بە «ڕئووس دەفتەرلەری» عوسمانییەکان و بەپێی ڕوانگەی باوی مێژوونووسینەوەی چەواشەکارانەی فەرمیی ئێرانی و تورکی، ڕێک بەشی هەرە گرینگی شەرەفنامە، واتە بەشی یەکەمی شەرەفنامە کە باسی کۆمەڵێک لەو میرانەی کوردستان دەکات کە «ئاڵای سەربەستییان هەڵداوە و مێژوونووسان لە ڕیزی پادشایاندا ڕیزیان کردوون»، خستووتە ژێر پرسیار و هەوڵیانداوە خەوشداری بکەن و لە ئاکامیشدا دەڵێن، سەتاسەری ئەم مێژوویە بە هەڵە نووسراوە!

هیوادارم مێژوونووسانی کورد نەکەونە شوێن ئەو هێڵە هەڵەیە کە بە ئەگەرێک، فیتی دوژمنان و داگیرکەرانی خاکەکەمانی لەپشتە.

هەڵبەت گومان لەوەدا نییە کە دەقێکی پتر لە ۴ سەدە کۆن، ناکرێ بەری لە هەڵە بێت. بەڵام ئەمە نابێ ببێتە پاساو و بیانوو بۆ کێشانی هێڵی سوور بەسەر تەواوی ئەو مێژوو و بەسەرهاتانەی کە شەرەفخان لە شەرفنامەدا وەک بەشێک لە مێژووی کورد و کوردستان ئاماژەی پێ کردوون. لێکۆڵینەوە لە دەقە کۆنە مێژووییەکان کاری ئاکادێمیکی زانستیانەیە، بەڵام ئەگەر کەوتە خانەی شێواندنی مێژوو، بەرهەمێکی وەک پاشکۆی ١ و ٢ و نووسراوەکانی دیکەی ئەم دوو کەسەی لێ دەکەوێتەوە.

بۆیە هیوادارم نێوەندەکان و توێژەرانی مێژووی کورد و کوردستان لەهەمبەر ئەم شێواندنانەدا هەست بە بەرپرسیارەتیی خۆیان بکەن و بەرپەرچی زانستییانەی پێویستیان پێ بدەنەوە.

## سەرچاوەکان


١. بدلیسی شەرەفخان، شەرەفنامە. وەرگێڕ سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠١٧.
٢. عەبدالرقیب یوسف، تابلۆکانی شەرەفنامە. بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠۵.
٣. چەڵەبی ئەولیا، سیاحەتنامە. کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا، وەرگێڕ سەعید ناکام، بەغدا، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٩.
۴. ڕاجر سێیڤری، ئێرانی سەردەمی سەفەوی. وەرگێر سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژێن، سلێمان ٢٠٠۶.
۵. ماڵپەڕی موراد جوان. www.muradciwan.com
۶. اسکندر بیگ منشی، تاریخ عالم آرای عباسی، ٣ جلد. ایرج افشار، تهران ١٣۵٠ شمسی.
٧. ملا جلال الدین عباسی (منجم)، تاریخ عباسی (روزنامه ملا جلال). به کوشش سیف‌الله وحیدنیا، تهران ١٣٧٧ شمسی.
٨. راجر سیوری. ایران عصر صفوی. ترجمه کامبیز عزیزی، تهران ١٣٨۵ شمسی.
٩. ابوبکر بن عبدلله، تاریخ عثمان پاشا. ترجمه یونس زیرک، تهران ١٣٨٧ شمسی.
١٠. والتر هینتس. شاه اسماعیل دوم صفوی. ترجمه کیکاوس جهاندار، تهران ١٣٧١،
١١. Osmanlı Dönemi لە ماڵپەڕی:
http://www.malatya.gov.tr/osmanli-donemi?fbclid=IwAR1lnOEXA3BvGgZTir4f8V8h7ak205Yl7ftncDSZDvab5NujiVgjdI4PgMY
١٢. ویکیپێدیا. فارسی، بابەتی «آراکل داوریژتسی».
13. Muhammet Kemaloğlu XI.-XIII. YÜZYIL TÜRKİYE SELÇUKLU DEVLETİNDE EĞİTİ ÖĞRETİM MEDRESELER. s. 99.

## ڕێنمایی نووسین
## مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی وتار

**١** تیشک بە زمانی کوردی بابەت بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر نووسەرێک لەبەر هەندێک هۆکار بیهەوێ پەیامەکەی بە زمانی فارسی بگەیەنێت، دوای پەسندی دەستەی نووسەران وتارەکەی وەردەگیرێت.

**٢** لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشکدا، لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێکی تایبەت دەکرێ؛ بەڵام توێژەران دەتوانن لە دەرەوەی ئەم بابەتەشدا و بە مەرجێک کە وتارەکەیان پەیوەندیی بە پرسی کورد و کوردستانەوە بێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری تیشک بنێرن.

**٣** گۆڤاری تیشک گرنگی بە چوار شێوازی وتارنووسین دەدا و داوا لە نووسەران دەکەین لە یەکێک لەو شێوازانەدا وتارەکەی خۆیان ئامادە بکەن:

- **وتاری هەڵسەنگاندن:** لە نێوان ٨٠٠ تا ١٥٠٠ وشە؛ توێژەران دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کتێب، فیلم، مۆسیقا و شانۆیانە بکەن کە پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە.
- **وتاری شیکاری:** لە نێوان ١٥٠٠ تا ٢٥٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا مەرج نییە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا، بەڵام دەبێ بابەتەکە لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی ڕوون ئامادە کرابێ و دەرەنجامی توێژینەوەکە شی بکرێتەوە.
- **وتاری تیۆری:** لە نێوان ٢٥٠٠ تا ٤٠٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا پێویستە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا و کەڵک لە تیۆرییەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی وەربگرێ. تکایە سەیری سیستەمی سەرچاوەدان بکەن.
- **وەرگێران:** لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک وتاری گرنگ کە لەسەر کوردستان بەرهەم هاتوون، لە زمانی یەکەمەوە، تەرجەمە بکرێنەوە. لە ڕووی زانستییەوە و لەبەر گونجان لەگەڵ فەلسەفەی گۆڤاری تیشک دەبێ وتارەکان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن.

**٤** ئەو توێژەرانەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژین دەتوانن وتارەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بکەنەوە بە مەرجێک کە سەرنووسەر پەسندیان بکات.

**٥** دەستەی نووسەرانی تیشک دوای هەڵسەنگاندنی وتارەکان نووسەران لە شێوازی چاپ و گۆڕانکاریی پێویست ئاگادار دەکاتەوە.

**٦** پێویستە لەگەڵ وتارەکان پوختەیەکی کورت لە نێوان ٥٠ تا ٧٠ وشە ئامادە بکرێ.

## شێوازی سەرچاوەدان

گۆڤاری تیشک کەڵک لە سیستەمی سەرچاوە دانی شیکاگۆ وەردەگرێ. نووسەران لە هەر شوێنێکدا کە پێویستیان بە ئاماژە بە سەرچاوەیەک هەبوو یا دەیانەوێ لە پەراوێزدا شرۆڤەیەکی زیاتری بابەتەکە بکەن، دەبێ هەموویان هەر لە پەراوێزی کۆتاییدا بێنن. نووسەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەبێ بە تەواوی سەرچاوەکە بنووسن و ژمارەی لاپەڕەکان دیار بکەن. لە کۆتاییدا پێویست ناکا لیستی سەرچاوەکان بەجیا دووپات ببێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازی سەرچاوە دان دەکەین:

### ١. کتێب

عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤)، ٣٢٠.

دیوید مکداول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانیذ، ١٣٨٣) ٥-٦.

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Shikh Said Rebellion 1880-1925 (Austin, University of Texas Press, 1989) 83-4.

### ٢. بەشێک لە کتێب

Abbas Vali, “Nationalism and the Question of Origins,” in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali, (Costa Mesa: Mazda Publisher, 2003), 8-9.

### ٣. گۆڤار و ژورناڵ

ئیدریس ئەحمەدی، «شار و ڕاسان،» گۆڤاری تیشک ٤٨ (٢٠١٨): ١٣-١٧.

Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, “Interrogating the tribal: the aporia of ‘tribalism’ in the sociological study of the Middle East,” The British Journal of Sociology (2019 online): 18.

تەوەری ژمارەی داهاتوو:

## ژینگەی کوردستان

۵۵

لە بڵاوکراوەکانی
دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

پێوەندیکردن:
https://govartishk.com
https://t.me/govartishk
https://www.instagram.com/govartishk
https://twitter.com/govartishk
https://www.facebook.com/GovarTishk